حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە



# دڵدار

## شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعرو هزری نەتەوەیی

باسەکانی سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە
یادی سەدساڵەی لە دایکبوونی دڵدار
٢٠١٨-١٩١٨

بەسەرپەرشتی : د. عوسمان دەشتی

٢٧١٨ کوردی
٢٠١٨ زایینی

دیزاین: خەلیل هیدایەت مام شێخ
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

## پێرست


١. وتاری سەرۆکی زانکۆی کۆیە.................................................................٥
٢. وتاری لیژنەی زانستی کۆنفرانسی دڵدار...................................................٧
٣. تەوەرەکانی کۆنفرانس ........................................................................٩
٤. پانێلەکان............................................................................................١١

**ئەی رەقیب**

٥. شاعیرێتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب - پ.د.رەفیق شوانی......................٢٠
٦. ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) ی دڵداری شاعیر-
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر.................................................٣٤
٧. سروودی نیشتیمانی(ئەی ڕەقیب) لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی سروودی وڵاتانی دیکەدا
٨. لەڕووی ناوەرۆکەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە
م.ی.سەنگەر نازم حسێن/ زانکۆی کۆیە پ.ی.د. ڕێزان ساڵح مەولود/ کۆیە..................٥٦

**ڕەنگدانەوەی قوتابخانەی ئەدەبییەکانی لە شیعری دڵداردا**

٩. دڵدار و ڕیالیزم لە شیعری کوردیدا - د. سروشت جوهر حوێز..................................٧٧
١٠. دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا- توێژەر: م.ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە..................١١٥

**جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار**

١١. بونیادودەربڕینی چەمکی کات لەچیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا-د. شیروان حسین .........١٤٤
١٢. ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا- م.محەمەد ئەحمەد حەسەن ....................١٦٠
١٣. کەسایەتی و بژاردەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە-م.ی: ڕێزان عوسمان مستەفا.............١٧٧

**ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار**

١٤. بەشداری دڵدار لە پارت وکۆمەڵە سیاسییە کوردیەکاند١٩٣٦-١٩٤٨-
ئامادە کردنی: د.قارەمان نادر محەمەد..........................................................٢١٠
١٥. ڕۆڵی یوونس رەئووف( دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧
م زانا طیفور عبدالصمد...........................................................................٢٣١

**زمانی شیعریی دڵدار**

١٦. تیرۆرکردنی زمانی کوردی و کاردانەوەی لای دڵداری شاعیر- م. تەلار صباح عمر...........٢٦٢
١٧. شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان
م.ی. چیا عەلی مستەفا - م. بڕوا ڕەسول ئەحمەد................................................٢٧٨

## ناسیونالیزم و ئەدەب

١٨. ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەیی لە شیعری دڵدار و فەرڕوخی یەزدی دا
فەرهاد عەزیز حەسەن.......................................................................٢٩٧
١٩. بەستێنی بوونی "ئەی ڕەقیب" بە مارشی نەتەوەیی، لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا
قادر فەتاح ئەحمەد.......................................................................٣١٢

## دڵدار و پێگەیشتنی هزری سیاسی و نەتەوەیی

٢٠. دڵدار(یونس رەئووف)لە نێوان بیری نەتەوەیی و چەپگەریدا-
د.هیوا حەمید شەریف.......................................................................٣٢٩
٢١. خویندنەوەیەکی شیکاری بۆ هزری نەتەوەیی لە ژیان و بەرهەمەکانی دڵدار دا
د. سالار عەزیز مەحمود.......................................................................٣٥٢

## شیعریەتی دڵدار

٢٢. بنەماکانی شیعریەت لە زمانی شیعری (دڵدار) دا
پ.ی.د.صافیە محەمەد ئەحمەد م.ی. هێرۆ عەبدولرەحمان مستەفا.............................٣٦٨
٢٣. بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانی دڵدار دا پ.ی.د.پەخشان سابیر حەمەد.........................٣٩٠

## لێکۆڵینەوەی فارسی لە بارەی دڵدارەوە

٢٤. مؤلفەهای نوستالژی در اشعار دلدار-پ.ی.د. جیهاد شوکری رشید..................................٤١٤
٢٥. بازتاب مفهوم ناتوراليسم (طبیعتگرایی) در اشعار دلدار
د. فهری اومر سلیمان - م. مسعود خورشید صابر.......................................................٤٣٥
٢٦. بررسی وام گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار
م.ی پخشان محمد محمود- م.ی روژگار محمد صابر.......................................................٤٥٠

## زمان و ئەدەب لای دڵدار

٢٧. بەرپرسیارێتی دڵدار بەرامبەر شیعر و واقیع-م.ی. بێستون عارف عەزیز...........................٤٧٠
٢٨. ڕەنگدانەوەی بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەسروودەکانی دڵداردا
عەبدولواحید ئیدریس شەریف.......................................................................٤٩٤

❑

# وتاری سەرۆکی زانکۆی کۆیە لە کۆنفرانسی زانستی یادی (١٠٠) ساڵەی لە دایك بوونی دڵداری شاعیر

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

## ئامادەبوانی کۆنفرانس
## میوانانی خۆشەویست

بەناوی خۆم و سەرۆکایەتی زانکۆ وە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم. زانکۆی کۆیە ئەمڕۆ خۆ شحاڵە کە بە ئەرکێکی زێدە پێویستی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ. ئەویش بەستنی سێیەم کۆنفرانسی زانستی کەسایەتیەکانی کۆیەیە. بەندە لە زۆر بۆنە و مەراسیم و شوێنی تریش باسی ئەوەم کردوە کە زانکۆی کۆیە ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، ئەویش هەڵسان بە لێکۆڵینەوە و ئاوڕ دانەوە و زیندوو کردنەوەی کار و کردار و ئەدگاری کەڵە پیاو و زانا و شارەزا و هونەرمەند و سیاسەتمەدارانی ئەم سنورەیە کە زانکۆی کۆیەی تیادامەزراوە.

ئەمڕۆ لەم کۆنفرانسە دڵداری شاعیری نەتەوەیی و شاعیری چەو ساوەکان، پیاوی ماف پەروەر و ئازاو ئازاد ئێمەی هەموو کۆکردۆتەوە.

بیرۆکەی ئەم کۆنفرانسە لەلایەن کاك حاکم (پێشرەوی سەید برایم) پێشنیاز کرا بۆمان، پشت و پەنا بەخواو مامۆستایانی زانکۆی کۆیە و زانکۆکانی کوردستان و کەسانی تری دڵدار دۆست و بەتوانا ئەم کۆنفرانسەی بەرهەم هێنا کەتیایدا (٣٧) توێژینەوە پێش کەش دەکرێ، وەك دەزانن دواتر بە ڕێڕەوی زانستی پێویست و ئەکادیمی توێژینەوەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت کە هیوادارین هەموو توێژینەوەکان لە ئاستی زانستی باش و پە سندبن و سەرکەون لە هەڵسەنگاندن و دواتر بڵاو دەکرێنەوە. دڵدار ناوی تەواوی ( یونس رؤوف محمود مەلا سەعیدە ) لە بنەماڵەی (خادم السجادەیە) و لە (١٩١٨/٢/٢٠) لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایك بووە.

خوێندنی سەرەتایی لە ڕانیە و کۆیە و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر و کەرکوك و کۆلێژی مافی لە بەغداد تەواو کردوە. دڵدار خۆی دەڵی یەکەم هۆنراوەم لە ساڵی (١٩٣٥) کە خوێندکاری ناوەندی بووە لە هەولێر بەناوی (ڕووناکی) لە ژمارەی (٢) ی گۆڤاری ڕووناکیدا بڵاو کردۆتەوە. واتە تەنها تەمەنی (١٧) ساڵ بووە، ئەگەر ووردبیینەوە لە بەرهەم و تواناکانی ئەو شاعیرە بەهرەمەندە کە تەنها (٣٠) ساڵ ژیاوە دەردەکەوێت کە ئەو بلیمەتە ئەگەر زیاتر لەسەر شانۆی ژیان بمابوایەوە چی شاکار و کاری مەزنی تری دەبوو. سروشتیە دڵدار لە ژینگەی کۆیە و کوردستان بە شاعیرانی تریش سەرسام بووە وە کاریگەریان هەبووە لەسەری. شعیری ئەم شاعیرانەی خوێندۆتەوە (عەونی ، ڕاجی ، عاسی ، سافی ، وەفایی ، پیرەمێرد و بێ کەس) بەڵام نالی و حاجی قادر زۆرتر کاریگەریان لەسەر داناوە وە من دەتوانم بڵێم حاجی لە هەمووان زیاتر. دڵدار شاعیری چەوساوە و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە، کاری سیاسیشی کردوە لەگەڵ دارکەر و حیزبی هیواو دواتریش حیزبی رزگاری نیشتمانی. بە هەموو پێوەرێك بلیمەتێکی سەردەمی خۆی بووە بەڵام موخابن لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) بەکارەساتی (ژەهراوی بوون) گیان لە دەست دەدات و بەبێ نازی و بێ کەسی لەشاری هەولێر دەنێژرێت، دواتر گلکۆی دڵدار هێنراوەتەوە گۆرستانی کەکۆن لە کۆیە.

# ئامادەبونی کۆنفرانس، مامۆستایان

سەیرکەن دڵداری شاعیر لە چلەکانی سەدەی ڕابردو واتە زیاتر لە (٧٠) ساڵ لەمەوبەر جگە لە شارەزایی تەواوی لە ڕێزمان و زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکیشی ـ زانیوە، ئەمە دەبێ بۆ ئێمە جێگای هەڵوێستە بێ. چونکە بۆ مامۆستا و توێژەر و نوسەر و لێکۆڵەر هەر بەتەنها زانینی یەك زمان بەس نیە، بۆیە لەم بۆنەیەدا داوا تان لێ دەکەم کە چەندی بۆتان دەکرێ هەوڵی فێربوونی زمانەکانی تری گرنگ بدەن وە بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی.

ئێستا لە هەندێك وڵاتانی دونیا جگە لەدەرهێنانی ئاماری ڕێژەی خوێندەوار و نەخوێندەوار و ئاستی بڕوانامەکان ڕێژەی ئەو کەسانەش دەردەهێنن کە لەیەك زمان زیاتر دەزانن. وە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی (International) ی وا کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەکارهێنەرانی لەسەر تاسەری دونیا زیاد دەبێت وە وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆی کۆیەش بە گرنگی لەو بابەتە دەڕوانن و هانی خوێندکاران و مامۆستایانمان دەدەین بۆ خۆفێرکردن و فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

وە ئەو کۆنفرانسەمان هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی زمانی دایك کە بەڕاستی زمانی کوردی پێویستی بەوەیە کە بە دونیا و دەروبەر زیاتر وباشتر بناسرێنرێت. وە سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی ڕادەسپێرین و جەخت لەسەر داوای دوو ساڵ لەمەوبەر دەکەینەوە ئەگەر بەیانی چەند خوێندکارێکی بیانی (ئەوروپا ، ئاسیا ، ئەمریکا) هاتن یان بیانەوێت بێن لێرە لە بەشەکانی زانکۆمان بخوێنن خۆ دەبێ لە زانکۆ و سەنتەری زمانی زانکۆ بەرنامە و پرۆگرام و مامۆستای وا هەبێت کە ئەم کارە ئەنجام بدەن. هەمووتان دەزانن کە خوێندکاری کوردستان (لە بنەڕەت و دواناوەندی) یە وە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنن بەڵام کە دێن بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان ئاستی هەردوو زمانیان زۆر زۆر خراپە.

بۆیە ناکرێت زانکۆکان هەروا تاسەر دەستەوەستان دابنیشن و هیچ نەکەین (چونکە لەلایەك کاتێکی زۆری تیا بەفیڕۆ دەدرێت لەلایەکی تر پارە و خەرجی گشتی تیا بەفیڕۆ دەدرێت). من دەپرسم بۆچی کە سێك دەچێتە ئێران بە (٣-٦) مانگ بەتەواوی فێری زمانی فارسی دەکرێت بۆچی لای ئێمە نا.

کە سێك دەچێتە ڕووسیا - بەریتانیا - ئەڵمانیا لە ماوەی (٦) مانگ تا (١) ساڵ فێری زمانەکانیان دەکرێت، بۆچی لای ئێمە نا. بۆیە داواکارم لەمڕووە دوای ئەم کۆنفرانسە دەبێ کار لەسەر ئەوەبکەین جدی بین لەخۆ فێرکردن بۆ زمانەکانی تر، وە بەپەلە و بە ئاسانترین شێواز بەرنامە و پرۆگرام دابنێین بۆ فێرکردنی خەڵکی تر بە زمانی کوردی (زمانی دایك).

لە کۆتایی وتەکەم دەست خۆشی لە توێژەران و بەشداربوانی کۆنفرانس دەکەم. سوپاسی زۆرم بۆ تەواوی لێژنەکانی کۆنفرانس کە هەوڵ و ماندوو بوونی زۆریان داوە بۆ سەرخستنی ئەم کۆنفرانسە، دووبارە بەخێرهاتنی هەموو لایەك دەکەم و سوپاسی هەموو هاوکاران دەکەم. تکایە لەکەم و کوڕیەکان بمان بەخشن و دەست خۆشی و هاندانتان پشت ئەستورترمان دەکات کە بەردەوام بین و ئاستی زانکۆی کۆیە بەرەو پێشتر بچێت.

ڕێزم بۆ هەموو لایەك

پ.ی.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە
٢٠/٢/٢٠١٨

# وتاری لیژنەی زانستی کۆنفرانسی دڵدار

لەسـەردەمی قەیران و شـەڕوجەنگدا، ناسـنامە، بە کۆی ئەو حەکایەت و سـیمبولانەی ناسـنامەکە پێکدێنن، دەکەوێتە ژێر پر سیارەوە.. هەرچی لە نا سنامەی کوردیش بڕوانێ، دەزانێ 'ئەی ڕەقیبی' دڵدار ڕەگەزێکی دیار و سـیمبولێکی بەرچاویەتی. هەر ئەمەیە وایکردوە دڵدار لە فەزای ئێمەدا فەرامۆش نەکرێ و ڕۆژانە لێرە و لەوێ، بە بۆنە و بێ بۆنە، خۆی بنوێنێ.

ناسـنامەی ناسـیونالیسـتانەی هەر گرۆیەکی نەتەوەیی، بۆ ڕەوایەتی بەخشـین بە هەبوون و بەردەوامبوونی سـەروو زەمەنییانەی خۆی، لەنێو سـیمبولەکانیدا خۆی بەیان دەکات. سرودی نەتەوەییش ڕوونترین گوزارشتێکە لە ناسنامە. لە زۆربەی باردا، تێزە ناسیونالیستەکانی تێدا بەرجەستە دەبێ. ئەمە ڕێك سەرەدەری گوتاری ناسیونالیستی کوردی بووە، لە پرۆسێسی بەسیمبولکردنی ئەی ڕەقیبەکەی دڵدار. پرۆسێسێك، کە نەك تەنیا لە ئاسـتی دەسـتەبژێری سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەوە بووە، بەڵکو لە نێو خەیاڵدانی دەسـتەجەمعیی کوردیشـدا، لە کاتی خۆنواندن لە هەمبەر بە ئەویترەوە. بەو مانایەی ئەی ڕەقیب هەر لە ئاسـتی گوتار نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە بەشـێکی پراکتیزەکردنی گوتارەکەش، لە زەمینەی سـۆسـیۆ - سیاسـی کوردیدا. نەك هەر ئەمە، دەقی ئەی ڕەقیبیش، لەبەر ناوەڕۆکەکەی، هەمیشە گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەوە بکرێ؛ پیرۆزبوون و ناپیرۆزبوون، سنووربەزێن یان نەبەزێن، شۆڤێنیی یان نا، دژە دین یان شرۆڤەی جیاواز بۆ وشەکانی.

ڕەنگە هەر ئەمە وایکردبێ، کە زۆربەی کات دڵدارناسـیی ئێمە لە سـنووری ئەی ڕەقیبدا مابێتەوە. ئەو چڕکردنەوەی ناسـینی ئێمەش بۆ ئەو، مۆدێلی خوێندنەوەی کایەی ڕۆشـنبیری ئێمەیە بۆ کەسـێتییەکەی. لەکاتێکدا ئەو، سـەرباری تەمەنی کورتی، وا بەئاسـانی چڕ ناکرێتەوە. چونکە کەسـێتییەکەی فرەڕەهەندەو خوێندنەوەی ئاوای، بەمانای نەخوێندنەوەو نەبینینیەتی.

لە یەکەم هەنگاوەوە، بینینی دڵدار بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە، مەبەسـتی سـەرەکی پشـت سـازدانی ئەم کۆنفرانسـەیە لە زانکۆماندا؛ کەسـێتی و بنەماڵەکەی، پێگەیشـتنی هزریی و سـیاسـییانەی، پەرەسـەندنی ئەدەبییانەی، پێگەی شیعرییانەی لە دوتوێی نەخشەی ئەدەبی کوردیدا و...هتد.

هەمووومان دەزانین دڵدار ئەی ڕەقیبی نوسـیوە، بەڵام زۆر کەممان دڵدار دەناسـین وەك کە چۆن ژیاوە. لەو کەمەشـمان بەدەگمەن ئاگاداری ئەوەین، کە ئەو کوڕی قۆناغی دابڕانەکانە لە مێژووی کوردیدا؛ دابڕان لە نێو هزری سیاسی لەلایەك و لە نێو ئەدەب و زمانی نوسینی کوردی لەلایەکی دیبەوە.

دابڕان لە هزری سیاسی، تەشەنەکردنی بیری چەپگەرایی بوو، لە دەمی شکستی سەربازییانەی بزوتنەوەی کوردی و بەرفرەبوونی ناسیونالیزمی دەستەبژێرانە، کە حزبێکی وەك هیوا نوێنەرایەتی دەکرد. دڵدار دیارترین نموونەی ناسـیونالیسـتێکی چەپگەر بووە؛ چەپێك ئیش بۆ گریدانی چەوسـاندنەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی کورد دەکات.

لێرەوە ئەو نوێنەرایەتی چەپێکی واقیعی دەکرد نەك خەیاڵی، پێی وابووە گۆڕانی ڕەوشـی باو، پەیوەستە بە گەشـەسـەندنی ئاگاییەوە. وەك چەپە پەڕگیرەکان نەبووە - بۆ نموونە - وا شرۆڤە بکات، کە جوتیاربوون و چەوسـانەوە لە خۆیدا، بەس بێ بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕینی ڕەوشـی باو، ئەو دەیبینی کە جوتیاری کورد نەزان و نەخوندەوارن و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ بە باشـی لەخۆی بگات؛ نامۆبوون ناسـنامەیەتی و ڕێگەی ئەوەی نەداوە گۆڕان لەلاییدا ببێتە بابەت.

بوونی کۆمەڵایەتییانەی تاك جێگەی سـەرنجی ئەوە، کە وا لێی تێگەیشـتووە لە سـەرووی هەبوونی تاك لەخۆیدایە. ئەو ئەم بوونە لەچوارچێوەی خوێندنەوەی بۆ کەسێتی کورد، شرۆڤە دەکات، بەتایبەت سروشـتی کۆمەڵایەتییەنەی کەسێتییەکە: ((هەر فەردێکی لەکورد بیگری زۆر حەز لە "تەسەلوت"و لێ ترسان دەکات. ئەمەش ئاشـکرایە، کە هەر کامێکیان دەسـتی بوو لەم ناحیەوە درێغی ناکات. ئەم خود پەسـندیەی کەباسـم کرد، ئەم ڕەو شتەی کە لەدە شتەکی هێناوەتە وجوود لەدە سەڵاتدارەکان بەغرور وغەدر بەدیار ئەکەوێ، لەبێ دەسـەڵاتەکانیش حەسادەتی پێ بەخشـیون...بەرامبەر بەپیاوێك، کە لێی بترسـن وەیا ئەمەلی شـتێکی لێ بکەن پیاوی زۆر سەخی وچاوتێرن، بۆ باقیتر قابیلی چرووك ودەست قووچاون ))

ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە، دڵداری بە ئاڕاسـتەی قوتابخانەی ریالیزم بردوە؛ سـەرسـامییەکانی مرۆڤ و مەینەتییەکانی دەبنە بابەتی شـیعریی، لە قالبێکی نوێی ئەدەبیدا دایڕشـتۆتەوە. بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە ئاڕاستەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و خەمەکانیان بووە و گوزارەی لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دەوروبەرەکەی کردوە. ئەم گۆڕانی ناوەڕۆکەش گۆڕانی بونیادی شـیعری لەگەڵدا هاتوە و زمانی شـیعریشـی بە ئاقارێکی جیاوازدا بردووە.

توێژینەوەکانی ئەم کۆنفرانسـە، ئەم بوارانە و بواری دی هەمە چەشـن لەخۆ دەگرن، لە ژیان و ڕۆڵی سـیاسـی دڵدارەوە بگرە، تا بەرهەمی ئەدەبی و شارەزایی لە کایە ئەدەبییەکان و مەسەلەی شیعرییەت. ئەمە سەرباری ئەی ڕەقیبەکەی و بە سیمبولبوونی..

بەداخەوە هێندێک بواری کاری دڵدار لای بەلادا نەکراوەتەوە، بەپێی سـەرچاوەکان بێ دڵدار ئابوریناس و ئایینناس و تەنانەت هزرڤانیش بووە. ئەوەی لەمانەش گرنگتر بوو لەم کۆنفرانسـەدا قسـەی لەبارەوە بکرێ بینینی دڵدار بوو لە خۆیدا؛ سـایکۆلۆژیای دڵدار و دەرکەوتەی لە کۆی کار و چالاکی و بەرهەمەکانیدا. مەبەسـتم ئەو ڕەهەندەی دڵدارە، کە کەسێکی وەک مەسعوود محەمەدیشـی سەرسام کردووە و نەیتوانیوە باش تێی بگات. بە ووتەی ئەو؛ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی ئەو ژێرزەمینە، کە کەسـێتی دڵدار بوو، کارێکی ئەستەم بووە. کەسێتییەک، کە لەوەدەچێ هەمیشە هەوڵی شاردنەوەی حەقیقەتی خۆی دابێ. بۆیە دەشێ لێکۆڵینەوەی وورد لە نوسینەکانی و گرێدانی دەق بە خودی نوسەر بەهانامانەوە بێ، بۆ تێگەیشتنی باشتری یونسی مەلا ڕەئوفە فەندی خادیمولسوجادە، ناسراو بە دڵدار.

# تەوەرەکانی کۆنفرانس

**١-ژیان و ڕۆڵی سیاسی دڵدار**

- دڵدار، وەکو ڕابەر و پێشەنگی ژیانی پارتایەتی لەکوردستاندا.
- ڕۆڵی دڵدار لەدامەزراندن و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی (دارکەر) و حیزبی (هیوا)دا.
- دڵدار...وەکو پێشەنگی بیری سیاسی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

**٢- جیهانی شیعری دڵدار**

- دڵدار...لەمەیدانی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا.
- ڕەنگدانەوەی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەشیعری دڵداردا.
- شیعر و ئەدەبی دڵدار لەئاست ڕێبازە ئەدەبییەکانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزمدا.

**٣- زمان وەکو ناسنامەی نەتەوە لەهزرو بیرو بەرهەمی دڵدار**

- هەڵویستی دڵدار لەئاست ئەدەب و زمان و نوسینی کوردیدا.
- بایەخدان بەوەرگێڕان و وتارنووسی و پەخشانی کوردی.

**٤- هەر بابەتێکیتری پەیوەندیدار بە ناونیشانی کۆنفرانسەکە.**

بەڕێوەبەری کۆنفرانس : سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەری لیژنەی زانستی : پ.ی.د.حەیدەر لەشکری

بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی : پ.ی.د.ڕۆستەم سەلام عەزیز

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن : حازم عەلی ڕەمەزان

**لیژنەی باڵای کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.وەلی مەحمود حەمەد | سەرۆکی لیژنە |
| پ.ی.د.حەیدەر لەشکری | ئەندام |
| پ.د.سەعید ساڵح حمدامین | ئەندام |
| پ.ی.د.عوسمان دەشتی | ئەندام |
| پ.ی.هیوا حەمید شەریف | ئەندام |
| پێشڕەو سەید برایم | ئەندام |
| حازم عەلی ڕەمەزان | ئەندام |

**لیژنەی زانستیی کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.حەیدەر لەشکری | سەرۆکی لیژنە |
| پ.د.عوسمان دەشتی | ئەندام |
| پ.ی.د.جەمال فەتحوڵا | ئەندام |
| د.نەوزاد عومەر | ئەندام |
| پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم | ئەندام |

**لیژنەی کارگێڕی و دارایی**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.رۆستەم سەلام عەزیز | سەرۆکی لیژنە |
| دەروێش ڕەمەزان | ئەندام |
| بەندی محەمەد حسێن | ئەندام |

**لیژنەی ڕاگەیاندن**

| | |
|---|---|
| حازم عەلی ڕەمەزان | سەرۆکی لیژنە |
| سامان فاتح مەجید | ئەندام |
| محەمەد مەغدید عەبدولا | ئەندام |
| دڵشاد کاکەڕەش | ئەندام |
| کاردۆ محەمەد عبدالوهاب | ئەندام |
| سەیران حوسێن فەتاح | ئەندام |
| بەندی لوقمان نادر | ئەندام |

**لیژنەی دڵنیایی جۆری**

| | |
|---|---|
| م.ی.محەمەد سەید گوڵ | سەرۆکی لیژنە |
| بەسیدە حەیدەر ئەنوەر | ئەندام |
| سۆران عومەر ڕەشید | ئەندام |

**لیژنەی پێشوازی کۆنفرانس**

| | |
|---|---|
| پ.ی.د.نالی جەواد حەمەد | سەرۆکی لیژنە |
| د.پێشڕەو صمد تۆفیق | ئەندام |
| د.یارا قادر حەمەد | ئەندام |
| م.ی.ئامانج سەلام | ئەندام |
| م.ی.بەهات عبدالرزاق | ئەندام |

هەواڵنامەی کتێب


KOYA
UNIVERSITY
کۆنفرانسی سێیەمی ناودارانی کۆیە
کۆنفرانسی زانستیی یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی دڵدار ١٩١٨ - ٢٠١٨
بە ناونیشانی ،دڵدار؛ شاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعرو هزری نەتەوەیی
- پرۆگرامی کۆنفرانس -

## ڕۆژی یەکەم

سێ شەممە ٢/٢٠

## کردنەوەی کۆنفرانس

## مەراسیمی کردنەوەی کۆنفرانس
## هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ

کات : ١٠ - ١٢:٣٠ خولەک

- کردنەوەی کۆنفرانس بە سروودی ئەی ڕەقیب
- وتاری بەڕێز سەرۆکی زانکۆ: پ.ی.د.وەلی مەحمود حەمەد
- وتاری بەڕێز وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
- وتاری لیژنەی زانستی کۆنفرانس: پ.ی.د.حەیدەر لەشکری
- وتاری بنەماڵەی دڵداری شاعیر
- فیلمێکی دۆکیومێنتی لەبارەی دڵدارەوە
- عەبدوڵا زەنگەنە: جێ پەنجەی دڵدار و خانەوادەکەی لەسەر گۆڤاری گەلاوێژدا

## قسەکەرە سەرەکییەکانی کۆنفرانس

**بەڕێوبەر: پ.د.عوسمان دەشتی - زانکۆی کۆیە**

**کات: ٢:٣٠ - ٤:٤٥ خولەک**

- مومتاز حەیدەری : ئەی ڕەقیب، مانیفێستی نەتەوەیی
- د.کەمال غەمبار : ڕەسەنایەتیی دڵدار لە بواری زمانی شیعرو هزری نەتەوایەتییدا
- پێشڕەوی سەید برایم : ژیانی سیاسی دڵدار
- فەرەیدون سامان : دیالێکتیکە کوردییەکان و کێشەکانی زمانی ستاندارد

هەولێرنامەی کتێب

# ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

# پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم: ئەی ڕەقیبی دڵدار

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
پ.ی.د.عەلی تاهیر بەرزنجی،
زانکۆی سلێمانی

*پ.د.ڕەفیق محەمەد شوانی، زانکۆی سەلاحەددین
شاعیریێتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب.
*پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، زانکۆی سلێمانی
ڕەهەندە مێژووییەکانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار.
*پ.ی.د.ڕێزان سالح مەولود ، م.ی.سەنگەر نازم حسێن، زانکۆی کۆیە
سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار لە ئاست سرودی وڵاتانی بیانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:

## ڕەنگدانەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە شیعری دڵداردا

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوبەری پانێڵ: پ.ی.د.شنۆ محمد محمود

*پ.ی.د.هاوژین صلیوە عیسا، زانکۆی کۆیە
نوێگەریی کێش و سەروا لە شیعرەکانی دڵداردا.
*د.سروشت جەوهەر حەویز، زانکۆی کۆیە
ریالیزم لە شیعرەکانی دڵداردا.
*م.ی.ئەڤین ئاسۆس حەمە، زانکۆی ڕاپەڕین
دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا

## ڕۆژی دووەم
چوار شەممە ٢/٢١

## پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار

شوێن: هۆڵی ژمارە ٢
کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم
زانکۆی کۆیە

*د.شێروان حسێن حمد، زانکۆی ڕاپەڕین
بونیاد و دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا
*م.محەمەد ئەحمەد حەسەن ( حەمە مەنتک )، زانکۆی سەلاحەدین
ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا
*م.ی.ڕێزان عوسمان مستەفا، زانکۆی سەلاحەدین
کەسایەتی و بژاردەی کەسیی لە دیدی دڵدارەوە

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:
## پانێڵی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار

شوێن: هۆڵی ژمارە ٣
کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ: پ.ی.د.جەماڵ فەتحوڵا تەیب، زانکۆی کۆیە

*د.قارەمان نادر محەممەد، زانکۆی کۆیە
بەشداریی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا
*م.ئامانج سەلام حەمەدئەمین، زانکۆی کۆیە
چەند وێستگەیەک لە ژیانی دڵدار لە بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەممەددا
*م.ی.زانا تەیفور عبد الصمد، زانکۆی کۆیە
ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەردا

رۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

# پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم: ئەی ڕەقیبی دڵدار

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
پ.ی.د.عەلی تاهیر بەرزنجی،
زانکۆی سلێمانی

*پ.د.رەفیق محەمەد شوانی، زانکۆی سەلاحەددین
شاعیریتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی رەقیب.

*پ.ی.د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، زانکۆی سلێمانی
ڕەهەندە مێژووییەکانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار.

*پ.ی.د.ڕێزان سالح مەولود ، م.ی.سەنگەر نازم حسێن، زانکۆی کۆیە
سرودی ئەی رەقیبی دڵدار لە ئاست سرودی وڵاتانی بیانی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:
## ڕەنگدانەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکان لە شیعری دڵداردا

شوێن: هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوبەری پانێڵ: پ.ی.د.شنۆ محمد محمود

*پ.ی.د.هاوژین صلیوە عیسا، زانکۆی کۆیە
نوێگەریی کێش و سەروا لە شیعرەکانی دڵداردا.

*د.سروشت جەوهەر حەویز، زانکۆی کۆیە
ڕیالیزم لە شیعرەکانی دڵداردا.

*م.ی.ئەڤین ئاسۆس حەمە، زانکۆی ڕاپەڕین
دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبیەکاندا

## ڕۆژی دووەم

چوار شەممە ٢/٢١

## پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## جیهانبینی ئەدەبیانەی دڵدار

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢**
**کات : ٩-١٠:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێڵ:**
**پ.ی.د.عومەر مەحمود کەریم**
**زانکۆی کۆیە**

* د.شێروان حسێن حمد، زانکۆی ڕاپەڕین
بونیاد و دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵدارد
* م.محەمەد ئەحمەد حەسەن (حەمە مەنتک)، زانکۆی سەلاحەدین
ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا
* م.ی.ڕێزان عوسمان مستەفا، زانکۆی سەلاحەدین
کەسایەتی و بژاردەی کەسیی لە دیدی دڵدارەوە

پشوو ١٠:٣٠-١١

## پانێڵی دووەم:
## پانێڵی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی دڵدار

**شوێن: هۆڵی ژمارە ٢**
**کات : ١١-١٢:٣٠ خولەک**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: پ.ی.د.جەمال فەتحوڵا تەیب، زانکۆی کۆیە**

* د.قارەمان نادر محەممەد، زانکۆی کۆیە
بەشداریی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا
* م.ئامانج سەلام حەمەدئەمین، زانکۆی کۆیە
چەند وێستگەیەک لە ژیانی دڵدار لە بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەممەدد
* م.ی.زانا تەیفور عبد الصمد، زانکۆی کۆیە
ڕۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەردا

# ڕۆژی سێیەم

پێنج شەممە ٢/٢٢

# پانێڵەکان

## پانێڵی یەکەم:
## لێکۆڵینەوەی فارسی لە بارەی دڵدارەوە

شوێن: هۆڵی ژمارە ٢
کات ٩:٠٠ - ١٠:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ:
د.هاوکار باپیر بەکر
زانکۆی کۆیە

*پ.ی.د.جیهاد شکری ڕەشید، زانکۆی سەلاحەددین
مولفه‌های نوستالژی در اشعار دلدار

*د.فهری اومر سلێمان و م.مەسعود خورشید، زانکۆی سەلاحەدین
بازتاب مفهوم ناتورالیسم (طبیعتگرایی ) در اشعار دلدار

*م.ی.ڕۆژگار محەممەد ، زانکۆی کۆیە و م.ی.پەخشان محەممەد زانکۆی سەلاحەدین
ڕۆڵی وشەی فارسی لە شیعرەکانی دڵداردا

پشوو ١٠:٣٠-١١:٠٠

## پانێڵی دووەم : زمان و ئەدەب لای دڵدار

شوێن: هۆڵی ژمارە ٢ کات : ١١:٠٠-١٢:٣٠ خولەک

بەڕێوەبەری پانێڵ: پ.ی.د.فؤاد ڕشید احمد، زانکۆی سەلاحەدین

*د.هێمن عەبدولحەمید شەمس، زانکۆی کۆیە
پەیوەندی نێوان زمان و ئەدەب لە دیدی دڵداردا

*د.ڕۆژان نووری عەبدوڵا و د.یارا قادر حەمد، زانکۆی کۆیە
زمانی پەروەردەیی لە شیعرەکانی دڵداردا

*م.بێستون عارف عەزیز، زانکۆی سلێمانی
بەرپرسیارێتی دڵدار بەرامبەر شێعر و واقیع

*د.عەبدولواحید ئیدریس شەریف ، زانکۆی کۆیە
ڕەنگدانەوەی بیری ناسیونالیستی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە سرودەکانی دڵداردا

مەراسیمی کۆتایی کۆنفرانس

هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ
کات: ٢:٣٠ - ٤:٣٠خولەک

وتاری لێژنەکانی هەڵسەنگاندن:
پ.د. عوسمان دەشتی

- ڕۆژانی کۆنفرانس چالاکیی هەمەجۆر ئامادەکراوە.
- ڕۆژانی کۆنفرانس، پێشانگای شێوەکاری لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ کراوەیە.

# ئەی ڕەقیبی دڵدار

# شاعیرێتی دڵدار و لێکدانەوەی سرودی ئەی ڕەقیب

**پ.د.ڕەفیق شوانی**

**پلانی لێکۆڵینەوە :**

ئەم وتارە تایبەتە بە ڕونکردنەوەی چۆنێتی کەسایەتی دڵداری شاعیر , چ وەکو ڕۆشنبیرێکی کورد بە گشتی و، وەکو شاعیرێکیش بەتایبەتی. تا بزانرێت تا چ ڕادەیەک کەسایەتی ڕۆشنبیری شاعیر گونجاوە لەگەڵ باس و بابەت و ناوەڕۆکی شیعرەکانی.

لێرەدا، لە وتارەکەدا گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە بیروباوەڕی شاعیر ڕێکەوتووە لەگەڵ بابەتە جیاوازەکانی شیعرەکانیدا، بەوەی شاعیرێکی نیشتمانی و نەتەوەییە.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە :**

گرنگییەکە لەوەدایە، کە لەم ساڵانەی سەردەمی حکومەتی هەرێمدا، دەنگێکی ناڕەزایی دەربارەی نەگونجانی سرودەکە بەرزبۆتەوە، کە نەشیاوە ئەم سرودە ببێت و بکرێتە سرودی نەتەوەیی و نیشتیمانی. بەوەی بیری دژ بە ئایینی تێدایە.

ئەم وتارە بە بەڵگەی خودی ناوەڕۆکی سرودەکە، بەتەواوی وشە و دێڕەکانییەوە، بەتایبەتی ئەو دێڕانەی، کە بەلای ئەو دەنگانەوە نەشازن، بە پەنابردنەبەر فەرهەنگە کوردییەکان و بۆچوونی خۆمیش نەشازبوونی سرودەکە ڕەتدەکاتەوە، بەوەی سرودێکی تەواو گونجاوە، لەڕووی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتیشەوە. سرودێکە بەرگری کورد لە مێژوودا بەرانبەر دوژمنانی نیشانداوە، بەوەی گەلێکی زیندوە، بە بەرگری خۆی ماوەتەوە.

**تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە :**

بەپێی پێویستبوونی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی سرودەکە، کە (ئەی ڕەقیب) بابەتی وتارەکەیە، دابەشکراوەتە سەر چەند تەوەرێک. تا بتوانرێت ڕێکەوتنێکی فکری لەنێوان کەسایەتی شاعیر و چۆنیەتی بیروباوەڕ و بابەتی شیعرەکانی ڕوونبکرێتەوە. بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە، پەنا براوەتە بەر مێژووی کۆنی کورد، بۆ دیاریکردنی ئەو ڕاستییە مێژووییانەی، کە لە سرودەکەدا ناویان هاتووە، وەکو ماد و کەیخەسرەو.

**بەڵگەی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی سرودەکە :**

فەرهەنگە کوردییەکان بۆ لێکدانەوەی وشەکان لەگەڵ سەرچاوەی مێژووی کۆن بۆ ناسینی ماد و کەیخوسرەو. بێجگە لە فەرهەنگ و المورد العربی والمنج و فەرهەنگی فارسی – کوردی لەگەڵ موردی ئینگلیزی – عربی.

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە سرودی ئەی ڕەقیب لەڕووی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەوە، گونجاوترین سرودە بۆئەوەی بکرێتە سرودی نیشتمانی و نەتەوەیی. بەوەی سرودەکە زیندوویی نەتەوەیی کورد بەدرێژایی مێژووی نیشانداوە، کە لە تێکۆشاندایە.

**دڵدار چۆن شاعیرێک بووە ؟**

دڵدار شاعیرێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوو خوازبووە، لەناو بنەماڵەیەکی خوێندەوار و ژینگەی جیاوازدا پەروەردە بووە. هەستی بە نەهامەتی میللەت و ناگوزاروی کۆمەڵەکەی کردووە لە چەوسانەوەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی. بوونی ئابوری نیشتیمانی بەلایەوە گرنگبووە [١]. ئاگاداری مێژووی وڵاتەکەی لە کۆنەوە بۆ سەردەمی خۆی بووە.

شاعیرێکی بە ئاگای نەتەوەیی بووە، نرخی زمان و ئەدەبیاتی کوردی زانیوە [٢] و لەسەریانی نووسیوە. ئاگاداری شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بووە.

کاریگەری شاعیرانی وەکو ڕاجی، عاسی، حوسێنی، هیرانی، وەفایی، بێکەس و زیوەر و پیرەمێرد پێوە دیاربووە [٣] لەڕووی بیر و شیعرەکانیانەوە، جوانی سروشتی کوردستانەکەی ئیلهام بەخشی شیعرەکانی بووە. هەموو ئەم تایبەتییانە وا دەکات دڵدار شاعیرێکی بە ئاگای نەتەوەپەروەر و ڕۆشنبیرێکی تێکۆشەر بووە. ناوەڕۆک و بابەتی بەرهەمەکانی ڕەنگادنەوەی کەسایەتی شاعیری دەرخستووە.

**سەردەمی سەرهەڵدانی سرودی ئەی ڕەقیب**

دانانی سرودی ئەی ڕەقیبی دڵدار، ڕەنگدانەوەی بەرهەمی بنەماکانی فراوانبونی هەست و هوشیاری نەتەوەییە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەما. سەرەتای فراوانبونی هەست و هوشیاری نەتەوەی لای کورد دەچێتەوە سەرەتای سەدەی نۆزدە، بۆ سەردەمی پەیدابونی و سەرهەڵدانی ئەم هەستە لای گەلانی ڕۆژهەلات. وەکو تورک دەسیان کردووە بە بەرزڕاگرتنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی تورک. سرودی ئەی ڕەقیب وەکو گەیاندنی دەنگی ڕەوای هەبوونی نەتەوەی کورد،وەڵامێکی توندە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێت کورد لەناو بەرن و بەگەلێکی مردویان داناوە. لەم سەردەمەدا لەساڵی ١٩٠٨دا بژاردەی ناسیونالیزمی تورک بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار هەنگاوی ناوە،یەکێک لە بەرنامەکانی نەهێشتنی نەتەوەکانی غەیرە تورکە،کە لە بن دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیا بون. وەکو ئەرمەن،کورد و چەرکەس و لاز، لەڕاستیشا بەرنامەکەیان بەقڕکردنی ئەرمەن و دواتریش کورد لەساڵی ١٩١٥ دەستیپێکرد. لە ١٩٢٠ سیاسەتی یەک نەتەوە،یەک زمان و یەک ئاڵا لە تورکیا یا بە پێشڕەوی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن – الاتحاد و الرقی) سەپاند (د.محسن احمد،رەگ و ڕیشەی ناسیونالیزم،ل١٤).

---

[١] – دیوانی دڵدار ، چاپخانەی کوردستان ، چ٢ ، زنجیرە (٤٨) ، هەولێر ، ١٩٧١ ، ل٦ .

[٢] – دیوانی دڵدار ، هەمان سەرچاوە ، ل٦ ، هەروەها بڕوانە د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی (٥) ، بڵاوکراوەی ئاراس ، ژمارە ٣٦٥ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٥٦٢ .

[٣] – دیوانی دڵدار ، ل ٥ .

٤–دیوانی دڵدار ، ساڵی ١٩٧١ ، ل ٤ ،م.مارف خەزنەدار ،مێژووی ئەدەبی کوردی ،ل ٥٣٨

٥–حامد محمود عیسی ، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط ، ١٩٩٢، ص٣١٠

سەرەتای پەیدابونی ناسیونالیزمی و هەستی نەتەوایەتی لەنێوان سەدەی شانزەوە بۆ نۆزدە،ی‌نێوان سالّی (١٥٠٠-١٨٠٠)ز سەری هەڵدا و لەناو گەلانی ئەوروپایا بلاوبۆوە. لەم سەردەمەدا دین و دەولّەت واتە بەرێوبردنی ولات و دەسەلاتی ئاینی کلّێسا لەیەکترجیابونەوە. میللەتانی ئەوروپا گەرانەوە بۆ بەرزراگرتنی بنەما نەتەوەییەکانی وەک :زمان،خاک،مێژوو،چارەنوسی هاوبەش. بێجگە لەمانە دانانی زمانی ستاندارد، دیاریکردنی هێما و نیشانەی نەتەوەیی و بەرزراگرتنی خەبات و قوربانی دان و نەمری نەتەوە،لە ئالای ولات و سرودی نەتەوەیی وەکو مارسیلیای فەرەنسایی لە ئەنجامی شۆرشی فەرەنسادا.

لەئەنجامی ئەم رفتارە رەگەزپەرستییەی تورکە کەمالیستەکانا، لەداوی سالّی ١٩٠٨ەوە گۆرانی گەورە روەدەدات. کوردە نیشتمانپەروەرەکان راستەوخۆ لە عوسمانیەتی نوێوە چونەوە بەرەو ناسنامەی کوردی و زمانی کوردی و مێژوی کوردی (د. محسن، ل ١٥). هەر لێرەوە کوردە نیستمانپەروەرەکان دەستیانکرد بەدانانی کتێبی رێزمانی کوردی،مێژووی کورد و کوردستان،مێژووی ئەدەبی کوردی،سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی،دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوەیی، دانانی سرودی نیشتمانی و نەتەوەیی وەکو ئەی رەقیب لە ١٩٤١ و نەورۆزی پیرەمێرد لە ١٩٤٩ و دیاریکردنی هێما و نیشانەی نەتەوەیی وەکو ئالای کوردستان لە کۆماری کوردستان لەسالّی ١٩٤٦.

لێرەدا دەردەکەوێت سرودی ئەی رەقیبی دلّدار،پێویستییەکی مێژویی و سەردەمی نەتەوەی کورد بووە،لە کاتی خۆیا وەکو هەموو پێویستییە نەتەوەییەکانی تر هاتوتە کایەوە.

محمد ئەمین بەگ شاعیری تورک لە ١٨٩٧ شیعرێکی نەتەوەیی داناوە و پێی ناودار بووە. کەبە ناونیشانی (شیعر تورکییەکان- تورکچە شعرلەر) بلاوکردەوە کە دەلّێ (من تورکم،دین و نەتەوەم تورکی بالایە،دلّم پرە لە ئاگر). (د.محسن،ل ٧٥)، ئەمجا ئەم شیعرە تورکییە لەگەلّ دێرە شیعرەکەی ئەی رەقیبی دلّدار یەکدەگرێتەوە کە دەلّێ (دینمان ئایینمانە نیشتیمان)،ئەم لێکچوونە بە رێکەوت بێ یا بە ئاگایی دلّدار بوو بێت لەو شیعرە تورکییە، کە رەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتین.

بەپێی ئەوەی دلّداری شاعیر، لە شاری کەرکوک خوێندنی ئامادەیی لە ١٩٣٧ – ١٩٤١ تەواوکردووە [٤] سرودی ئەی رەقیبی نووسیوە.

سەردەمی خەباتی نهێنی بووە، لەو سەردەمەدا دوو رێکخراوی کورد وەکو (دارکەر لە ١٩٣٧) و هیوا لە ١٩٣٩ لەو شارەدا دامەزراوە. سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بوو. سەردەمی ململانێی نێوان بەرەی فاشیزم و بەرەی دیموکراسی بووە. دلّدار خۆی لەناو بەرە دیموکراسییەکەدا، وەکو کەس و رۆشنبیرێکی پێشکەوتووخواز دیوەتەوە. سەردەمی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بووە، لە دژی حکومەتی پاشایەتی ئێراقدا. بەگشتی لەم سەردەمەدا، بزوتنەوەی نیشتمانی کورد چالاکبوە، بیروباوەری نوێ دەربارەی سەربەستی و مافی چارەنوسی بلاوبۆوە و بیری نەتەوایەتی گەشەی سەندووە [٥].

[٤] – دیوانی دلّدار ، سالّی ١٩٧١ ، ل٤ ، هەروەها د . مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، ب٥ ، ل٥٣٨ .

[٥] – د . حامد محمود عیسی ، المشکله الکوردیه في الشرق الأوسط ، ١٩٩٢ ، ص ٣١٠ .

نیشتمانپەروەران و ڕوناکبیران تووشی بەندیخانە و دوورخستنەوەبوونە، واتە سەردەمەکە سەردەمی پڕ لە کێشە و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی بەرپابووە. ئەمە بێجگە لە بارودۆخی تایبەتی شاری کەرکوک، لەو سەردەمە و لە هەموو سەردەمەکانیدا بەپێی ئەوەی شوێنێکی ستراتیژی و ئابوری دەوڵەمەند و نەوتێکی زۆری هەیە، نەتەوە و پیکهاتەی جیاوازی لێیە، کێشەی نەتەوایەتی لەو شارەدا زەق و دیاربووە. دڵدار ئەمانەی ڕۆژانە بە چاوی خۆی دیوە، لەوانەشە گوێی لە پەلار و توانجی نارەوا بووە لەلایەنی خەڵکی نەیاری کوردەوە، بەوەی کورد بوونی نییە، مردووە، دەسەڵاتی نییە. دڵداریش بە شیعری (ئەی ڕەقیب) وەڵامی سەردەم و نەیار و دوژمنانی نەتەوەکەی ئەداتەوە، سەردەمی واش بەرهەمی پڕتین و تاوو و پڕجۆش و خرۆشی هاندانی خەبات و بەرگریکردن دەهینێتەکایەوە. باشترین نموونەیی پیرەمێرد دوای سێ ساڵ لە شیعرەکەی دڵدار شیعری (نەورۆز) ی لە ١٩٤٩ [٦] بڵاوئەکاتەوە. کە ئەم دوو سرووده تەواوکەری یەکترین یەکەمیان گشتیەو دووەمیان (نەورۆز) ی بۆنەیەکی تایبەتییە.

**سرودی ئەی ڕەقیب چۆن سرودێکە ؟**

دڵدار بەشێوەیەکی خیتابی وەڵامی دوژمنان بە شیعری ئەی ڕەقیب دەداتەوە. سروودەکە پڕ لە جۆش و خرۆشی خەبات و تیکۆشان، وەڵامێکە بۆ دوژمنانی کورد، مان و بوون و مەوجودییەتی نەتەوەی کوردیانی نیشانداوە. هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بەرز تێدایە.

خەباتی ئێستا و ڕابردووی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی، لەسەردەمی میدییەکانەوە بە بەردەوامی گرێداوە. بەردەوامی شۆڕشەکەی، بە قوربانیدانی لاوانی کورد بەرپابووە. سروودەکە پێماندەڵێ، هەرگیز کورد نەمردووە، میللەتێکی زیندووە، لاوانمان هەردەم ئامادەی گیانفیدایی و تێکۆشانن، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاڵای مانەوەی نەتەوەکەمان، مادام شۆڕش بەردەوامە، کوردیش زیندووە، بۆیە ئاڵاکەی هەرگیز نانەوێت.

ئەم سوردە بە نرخترین و نایابترین هۆنراوەی نیشتمانی دڵدارە. بەسەرهاتی خوێناوی میللەتی کورد دەخاتەڕوو [٧]. ئەی ڕەقیب سرودێکی نیشتمانی شۆڕشگێرییە، بۆتە هێماو ڕەمزی بوونی نەتەوایەتی، سەرلەبەری واتاکەی لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی دەسوڕێتەوە [٨]. بۆتە مارسیلیای نەتەوایەتی کورد بە وینەی مارسیلیای فەڕەنسایی.

کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە فەرمی کردبووی بە سروودی فەرمی نەتەوەیی [٩]. ئێستاش لە سەرانسەری کوردستان، وەکو سرودێکی هەست بزوێن بۆتە مارشێکی نەتەوەیی شۆڕشەکانی. مارشێکی لاوچاکی و حەماسییە و بە گەورەترین چونە مەیدان و هێرشبردن قانگدراوە و گیانی زەبر و زەنگی بەرامبەر دوژمن گرتۆتەخۆی [١٠].

**نرخ و پایەی سرودی ئەی ڕەقیب لە ناو کوردا**

---

[٦] – دیوانی پیرەمێرد،محمد رسول هاوار ، ل

[٧] – دیوانی دڵدار ، ل ١١ .

[٨] – مارف خەزنەدار ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤٤ .

[٩] – هەمان سەرچاوە و لاپەرە .

[١٠] – مارف خەزنەدار ، هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤٤ .

سرودی ئەی ڕەقیب پایەیەکی بڵندە نرخێکی بەرز، ئاستێکی بڵند و دیاری نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە. بۆتە کەلتوری دیاری فەرهەنگی خەبات و شۆرشی کورد، مورالێکی بەرزی هێما و سونبولی نەتەوەییمانە، ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی شۆڕش و تێکۆشانی ڕۆڵەی کوردە، لە مێژووی ئێستا و ڕابردووی دێرینی سەرانسەری نیشتیمان و نەتەوەی کورد. لە سەردەمی میدیەکانەوە تا ئێستا.

لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بۆتە مارشێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی واتە سروودێکی مارسیلیای کوردە. پڕە لە هەستی نەتەوەیی و سۆزی بەرزی نیشتمانی.

**لێکدانەوەی ناوەڕۆکی سرودی ئەی ڕەقیب**

لەم تەوەرەدا بۆ ڕەواندنەوەی گومان، لەسەر ناشایستەبوونی دوو دێری سرودەکە، لەڕووی ئایینەوە، گوایە نابەجێ و نیشانەی گوێنەدان بە ئایین و تاڕادەیەک بە کوفر و بێ ئیمانی لەلایەن کەسانی توندی ئایینی کوردەوە دانراوە. تەواوی سرودەکە، بە وشە و دێرەکانیەوە، بەپێی فەرهەنگە کوردییەکان و واتا و مەبەستیان لەڕووی یەکێتی بابەتی سرودەکەوە، کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە لێکدەدەینەوە.

تا ئەو بێ ئاگایی و نەزانین و دوو دڵییە، چ لە وشەی ئەو دوو دێرەو چ لەبارەی مێژووی ڕابردووی دێرینی کورد و، زانینی کەسایەتی کەیخوسرەوی پاشای سێیەمی مادەکانەوە، کە پێشینان و باوباپیرانی کوردن بەڕاستی مێژوویی ڕوونبکەینەوە.

ئەوکاتە دەرئەکەوێ کە سرودی ئەی ڕەقیب، سرودێکە بەهیچ جۆرێک نیشانە و واتای بێ ئیمانی و بێڕێزی ئایینی تێدانییە و لەڕووی ئایینەوە وەکو ڕووەکانی تری کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و نەتەوەیی و کلتوری کوردەواریشەوە [11] گونجاو و بەجێ و شایستەیە. تێکڕای بەجۆشی سرودەکە وەڵامێکی دروستە بۆ دوژمنانی کورد بە ئێستاشەوە کە میللەتی کورد بە مردوو و ناشارستانی دائەنێن.

**سرودی ئەی ڕەقیب** [12]
**ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان**
**نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**
**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سور و شۆڕشین**
**سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومان**
**ئێمەی ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**
**دینمان ئاییمانە نیشتمان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان**
**چەند هەزار لاوانی کوردی نەرڕەشێر**
**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**

[11] – ڕەفیق شوانی ، ئەی ڕەقیب سرودی نەتەوەییمانە ، ... ، هەواڵ ژمارە (٥٤٧) ، ل ٦ .
[12] – دیوانی دڵدار ، ل١٧ ، م . خەزنەدار ، ل ٥٤٤ – ٥٤٥ .

لاوی ئێستاش حازر و ئامادیە (لاوی کورد ئێستاش...)
گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفیدان (جانفیدان)
لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر
سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان

**لێکدانەوەی واتای وشە و دێڕەکانی شیعری ئەی ڕەقیب**

بۆ لێکدانەوەی واتای وشـــەکان، تەنیا وشـــەکانی کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن و بۆ ئەم وتارە جێگەی مەبەستن و تارادەیەک ڕوونتین لێکدەدەینەوە. ئەمە بێجگە لە واتای دێرەکان بە گشتی.

**بەیتی یەکەم : ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان**

نایرمێنێ (نایشکێنێ) دانەیی تۆپی زەمان

ئەی ڕەقیب : واتە ئەی دوژمن، ئەی نەیار و ناحەز، ڕەقیب : هاوچاو، بەربەرەکانێکەر، هاڕک، ململانێکەر، کەسێک دوی کەسێک بکا (فرهنگ فارسی – کردی، ماجد مردوخ، دانشگاه کردستان، جلداول، سنندج، ١٣٨٥، ل١١٨٣)، ئەی : ئامرازی بانگکردن و ئاگادارکردنە، لێرەدا بۆ وریاکردنەوەی دوژمنانی کوردە. نایرمێنی : نایشکێنێ، نایبەزێنێ، نایروخێنێ.

دانەیی : لە چاوگی (دانان) دوە وەرگیراوە، بریتییە لە ڕەگی چاوگەکە (دانێ)، پاشـــگری (ە) دەبێتەهۆی لادانی (ێ) + ناوبەندی نیمچەبزوێنی (ی) بۆ جیاکردنەوەی هەردوو بزوێنی (ە)، (ی) ئامرازی پەیوەندی ناوی بکەر پێکهاتووە.

ئەوەی شتێک دروست دەکات یا شتێک دادەهێنێ، لە وێنەی وشـەی ناوی بکەر و بەرکاری تر دروســتبووە، وەک : ســوتان، ســوتێ، ســوتە، ناڵە لە ناڵین، کردە، بردە، کەوتە. کورد دەڵێ کردەی منە، بردەی شەماڵە، یا سوتە دڵ واتە دڵسوتاو. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دانەیی بۆتە (دانەری)، چونکە پاشگری (ەر) ی ناوی بکەری، بەزۆری یەکدوو وشەی کۆنی لێدەربچێت زۆرکەم لە نووسینی کۆن و ئەو ڕۆژگارەی دڵدار بەکارهاتووە. تەنها لە یەکدوو وشـــەی ناوی لێکدراوا بەکارهاتووە، وەک : نانکەر، ڕاوکەر ئەگینا لە وشە داڕێژراوەکاندا زۆر دەگمەنبووە. دواتر وشەی نووسەر، دانەر،.... هتد بەکارهێنراون.

ئەمجا وشـەی (دانەیی) واتە دانەر، داهێنەر، دروسـتکەر، ئەو کەسـەی کە توانای دانان و داهێنان و دروســـتکردنی شـــتی هەیە. کە لەچاوگی (دانان، داهێنان، دروســـتکردن) دوە وەرگیراون. بڕوانە نموونەی تری وەک : دانایی، زانایی، ئاقڵی، ئاگاداری، توانایی یا دانا، زانا، زانیار، دانیار، زۆرزان. بڕوانە فەرهەنگی فارســـی – کوردی، ماجد مردوخ، ل ١٠٤٥، هەروەها فەرهەنگی تەقی، کورد – کوردی، ٢٠٠٩، ل ٢٨٧).

تۆپی زەمان : واتە تۆپ و چەکی ســـەردەم و زەمان. تۆپ : چەکی دوور هاوێژ، زەمان : ناوی گشـتی کاتە واتە سـەردەم، ڕۆژگار، چاخ، زەمانە. ڕەگەزدۆزیەکی ناتەواوی لەگەڵ وشـەی کورد زمان پێکهێناوە، لێکچونێکیش لە نێوان وشـــەی ڕەقیب و دانەیی پێکهاتووە. هـەروەها لـەنێوان (کوردزمان و تۆپی زەمان) یشدا کە دووەمیان ڕەگەزدۆزییە.

واتای تەواوی دێڕە شیعرییەکە : ئەی دوژمنی ناحەز، نەتەوەی کوردی زمان هەرماوە و هەرگیز نامرێ، بەچەک و تۆپی دروســـتکراوی دەســـتی دانەر و داهێنران لە هیچ زەمان و ســـەردەمێکدا ناشکێ و نارِوخێ و هەر دەمێنێ (رەفیق شوانی، ئەی رەقیب، هەواڵ (٥٤٧)، ل٦.

با وەکو گریمانە بۆ بیانووی ئەوانەی نیوە دێڕی (نایرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان) بە دژی ئایین و بە حەرام دەزانن و دەڵێن :

دانەیی : مەبەســـتە لە پەروەردگارە، واتە خوا، بابڵێنی وایە، ئایە بۆ دەبێ و دەشـــێت دوای ئەو هەموو واتا فەرهەنگییەی وشـــەکە مەبەســـت لە دانەر، پەروەردگار و خوابێت، ئەمجا بۆ دەبێ خوا دوژمنی میللەتی کوردی پەروەردەی خۆی بێت، دیســـان بۆ دەبێت لەســـەر ئەوەی لیکچواندنێکی رەوانێژی لەنێوان (رەقیب و دانەیی) هەیە خوا هاوکاری دوژمنانی کوردبێت، کە حەز لە ناوبردنی دەکەن. ئەوانەی واتای ئەم دێرە بەوجۆرە لیکدەدەنەوە، گوناهباری دەکەن کفر بە خوا دەکەن. چونکە هیچ کاتێک خوای پەروەردگار، دوژمنی خەلقندە و پەروەردەیی خۆی نابێت.، مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو میللەتە، لەخوا هەڵگەرِابێتەوە و تووشـــی خراپەکاری و بەدرەوشـــتی و لەرێدەرچوون بووبێت. ئەوکاتە وەکو چۆن غەزەبی لە قەومی نوح گرت خوا تۆفانی بەسەریاندا هێنا و فەوتبوون.

لەراستیشدا (ئەفراندن) سیفەتی خودایە، نەک دانەری ئاوەڵناوی بکەری، کە سیفەتی مرۆڤە، واتە دانەر، دروســـتکەر، داهێنەر،... ئەمانە تاوانی مرۆڤن، زیاتر خواش لەســـەرووی هەمووانەوەیە کە (ئەفرێنەر) ە واتە الخالق، خالق الکون والبشـــر، خالق الســـموات والأرض. ناوترێ مبدع الســـموات والأرض یا مبدع الکون والبشر.

تۆپی زەمان : هەروەکو رونمانکردەوە، واتا فەرهەنگییەکەی چەک و تفاقی سەردەمییە. یا گریمان (تۆپ) مەبەســـت لە گۆی زەوی بێت، هیچ پەیوەندییەکی واتای لەنێوان گۆی زەوی و زەمان و سەردەمدا نییە بەپێی یەکێتی بابەتی تێکرای سرودەکە. کەواتە گۆی زەوی کە شوێنی سروشتییە دیســـان بۆ دەبێ لە دژی کوردابێت، ئەمە لەرووی واتاوە نەگونجاوە، بۆ نموونە ئەگەر کارەســـاتی سـروشـتی کە لە گۆی زەویدا روودەدات وەکو : عەرد لەرزین، لافاو و زریان ئەوا تووشـی هەموو وڵات و میللەتێک دەبێت نەک هەر کورد. ئەمجا ئەم دیاردانەش لە وڵاتی کوردستان هەندێکیان زۆر دەگمەن روودەدەن، وەکو ئەوەی لە وڵاتانی تردا روودەدات.

**بەیتی دووەم : ئێمە رۆڵەی رەنگی سوور و شۆرشین**

سەیریکە خوێناوییە رابردوومـــان

رەنگی ســوور : هێما و نیشـانەیە بۆ بەردەوامی خەبات و شـۆرش. مەبەسـت لە رەنگی خوێنە کە سوورە.

خوێناوی : واتە ئاوێتەی خوێن، تێکەڵبوو بە خوێن، خڵتانی خوێن.

رابردوومان : واتە مێژووی دێرینمان، مێژووی رابردوو، رابردووی لە مێژینەمان.

سەیریکە : بنوارە، بنورە، ئەی دوژمن سەیرمانبکە.

ئێمە کە کوردین و رۆڵەی راهاتووی بەردەوامی خەبات و شۆرشین، بۆیە مێژووی رابردوومان بەهۆی تێکۆشانی رۆڵەی نەتەوەکەمانەوە، بۆتە خڵتانی خوێن واتە مێژوومان سووربووە بە خوێن. دڵدار لەم دێرەدا، کە تەواوکەری دێری یەکەمە، بە دوژمنانی کورد ئەڵێ هۆی مانەوەی نەتەوەکەمان شۆرش و خەباتمانە بۆیە هەر ماوین.

**بەیتی سێیەم : ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین**

دینمـــان ئاییـنمـــانە نیشتیمـــان

ئێمە : واتە ئێمەی کورد، ڕۆڵە : مەبەســـــت لە کوڕ و کچە واتە ڕۆڵەی دایک و باوک، میدیا : نەتەوەیەکی کۆنی ڕەگەز ئارین، لە ســـاڵی (١١٠٠ پ.ز) هوە هاتنیان لە ئاریانەوە بۆ ڕۆژهەڵات و باکور و باشـوری کوردســتان (د.أحمد الخلیل، عباقرة کوردســتان، في القیادة والسـیاسـة، دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩، ص١٦).

میدیەکان : باوباپیران و پێشـــینانی کوردی ئەمڕۆن، پایتەختەکەیان (هەمەدان) بووە، میدیەکان لە چەند میللەت و هۆزی تری باوباپیرانی کوردی نیشـــتەجێی بناری چیای زاگرۆز پێکهاتوون، وەک : گوتی، کاسی، لۆلۆیی، ئۆرارتۆیی، ئیلاهی، سۆبارتۆیی.. هتد (رفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، ٢٠٠٨، ل١٤٧). کەیخوسـرەوی نەوەی دیاکۆی پاشـای یەکەمی میدیەکان، توانی هەموو ئەم هۆزانە لەناو میدیادا یەکبخات. (أحمد الخلیل، عباقرة کوردستان، ل١٨).

بۆ ئاگاداری و زانینی ئەوانەی کەوا کەیخوسـرەو بە فارس دەزانن، دەوڵەتی میدیا لەلایەن فارسەکانەوە واتە هەخامەنشینەکانەوە لە ساڵی (٥٥٨ یا ٥٥٠ پ.ز) ڕوخاند. (احمد الخلیل، ل٢٣) ئەم مێژوونووسە لەبارەی کەیخوسرەوە دەڵێت هەموو کوردستانی، بۆیەکەمجار لە بندەسەڵاتی وڵاتانی تر و لەکۆیلایەتی ڕزگارکردووە، کە تا ئێســتاش نەتەوەی کورد چاوەڕوانی دامەزراندنی کوردستانێکن بەناوی خۆیەوە، هەروەها تا ئێستاش کورد چاوەڕوانی سەرکردەیەکی بلیمەتی تاکی وەکو کەیخوسرەون کە ئەم هیوایە بهێنێتەدی. (أحمد الخلیل، ل٢٤). ئێستا کوردبوونی کەیخوسرەو بەهۆی سەرچاوەی مێژووییەوە ڕۆنبۆوە کە میدیە و فارس نییە بەڵکو دوژمنی یەکتربوونە.

واتای نیوە دێڕەکە : دلدار دەڵێت ئێمە کوردین ڕۆڵەی نەتەوەی میدی و کەیخوسـرەوین لە ڕابردوودا خاوەن دەوڵەتی گەورە و ســـەرکردەیەکی لێهاتوو بلیمەت بووینە کە باوباپیران و پێشینانی کوردن.

نیوە دێڕی دووەم : دینمان ئاییمانە نیشتیمان

واتەی وشـــەی ئایین لە فەرهەنگەکاندا : ئایین، مەزەب، ڕەوشـــت، دین، ئاین و دین (هەژار، هەبنانەبۆرینە، تهران، ١٣٨٣، ل٢١٧)، دین : ١- خواپەرستی ، ٢- شێت – لیوە، ٣- زان، منالبون، ٤- چاوپێکەوتن – دیتن دین، ئایین (هەژار، هەنبانەبۆرینە، ل٣٣٤)، لە فەرهەنگی کوچک سـخن : ١- دین : کۆمەڵە بیروباوەڕێک، پەروەردە و دەســتوری ئیش و کارێک کە بەهۆیەکی کەسـییەوە بەتایبەتی لەلایەن پێغەمبەرانەوەیە، باوەڕپێکراوانی پێڕەوی دەکەن. (فرهنگ کوچک سـخن، دلێر حسـن أنوری، تهران، ١٣٨٣، ل٤٩٣). لە فەرهەنگی (مەرگ وژی، مەلا خەلیل مشـەختی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٤، ئاین : ڕێ، زێ، ڕێبازگە، دین، ئاین و ئۆین : چەپ و چۆڕ و حیلە و تەڵەکەبازی. دین : ئایین، ئۆڵ و ڕێبازگە لە ئاویســتایا (دینا – دەئینی) وشـەیەکە بنچینەکەی ئێرانی ئاریان و ئارانە، بەواتای شێت، پەند. (مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، ل٢١٩). لە فەرهەنگی فارسی – کوردی، ماجد مەردۆخدا ١٣٨٥، ل١١٨٣، دین (سـامی/ ایرانی) اسـم، دین، : ئایین ١- کۆمەڵە ئامۆژگارییەک، ٢- کۆمەڵە هۆکارە، بڕواوکردەوەی کەسـێک بۆ دامەزراندین پەیوەندیەکی باش لەگەڵ هێزگەلی ژوورە سروشتی و ڕاکێشانی یارمەتی و سەرنجیان.

له فەرهەنگی تر ئایین : ناوە ١- ئاکار، رەوشت، ئاکاری جوامێری، ئاکاری پاڵەوانی، ٢- دین : ئایین، ئاین، رەوشت، ئۆل، ٣- شێواز : زێ، رەوشتی کار، شێوازی نووسین، شێوازی سوارکاری. ٤- رێ و رەسم، ئاهەنگ : رێ و رەسمی حەج (ماجد مردوخ، فرهنگی فارسی – کوردی، ل١٠٣).

له فەرهەنگی کوردی – کوردیدا ئایین واتە : ١- هەست و پەیرەوی رەوانی و دەروونی کە مرۆڤ لەبیروباوەڕە و کردەوەی چەوت دووردەخاتەوە دەیخاتە سەر رێبازی مرۆڤایەتی و خواپەرستی. ٢- داب و نەریتی چەسپاو و پەیرەوکراو له دەروونا، ٣- دیمەنی هەڵگیر و جوانی مرۆڤ، بەتایبەتی ئافرەت کە هەست و سەرەنج رابکێشێ. لەم رووەوە مەلای جزیری دەڵێ :

**لازم بخوە ئایینەکی (روح القدس)**

***لەو کەس نەویەن حوری بقی ئایینێ***

٤- ئایین : تەدارەک و رازاندنەوەی هەر شوێنێک بە چراو چراخان. **ئەحمەدی خانی** دەڵێ:

تەزیین کوبو تەمام ل بووکان

ئایین کە تە حارس و سووکان

فەرهەنگی تەقی، کوردی – کوردی، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٢٦.

دەربارەی وشەی ئایین له فەرهەنگی ناهیتا، ئایین : ناوە واتە هیک، ئەدهەن، ئاڤێستا : دەینا، ئەزەن، ئەدەن، ئەدڤەن، له پەهلەوی ئادڤێن : دەستور، دەستوەر، داڵنگ، کانون، یاسا، داب و نەریت. (فەرهەنگی ئەناهیتا، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢١٧، ٢١٨).

له (المنجد فی اللغة والاعلام) وشەی دین : ١- تاعەت، ملکەچبون، ناوێکە بۆ هەموو ئەوانەی بۆ عیبادەتی خوای پێدەکەن، ٢- دین : رێباز، رەوت، داب، تاعەت، حاڵەت، پایە، رقبون، زالبون، ملکەچی بە واتای ژێردەستی. ٣- الدین : ادیان کۆی ناوی دینە واتە سزا و پاداشت، دادوەری، خاوەنداریتی، دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوایی، تەکبیرکردن، لێپێچینەوە. (المنجد في اللغة والاعلام، ٢٠٠٨، ط٤٣، دار المشرق الأرشفيه، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٣١).

له زۆربەی فەرهەنگەکاندا واتای وشەی دین بە واتای بیروباوەڕ، بڕوا، کۆمەڵە ئامۆژگاری، کۆمەڵە بیروباوەڕێک، ئایین، دەستوری ئیش و کار، ئۆل، رێبازگە، سەرپێبوون، بڕوا و کردەوەی کەسێک، کۆمەڵە هۆکار، دڵسۆزی، متمانەی تەواو، پابەندبوون بە پەیمان و بەڵێن، تاعەت، رێباز، رەوت، داب، پایە، دێن. ئەم واتایانە واتای گشتین بۆ دین و بەزۆری له فەرهەنگەکاندا بەم واتا و شێوانە لیکدراوەتەوە.

وشەی ئایینیش : له زۆربەی فەرهەنگەکاندا بە گشتی ئەم واتایانەیان بۆ وشەی ئایین دیاریکردووە وەک : ئایین، مەزهەب، رەوشت، بڕواپێبوون، دین، رێ، رێبازگە، ئایین و ئۆین، ئاکار، رەوشت، ئاکاری جوامێری و پاڵەوانی، ئۆل، شێواز، رێ و رەسم، هەست و پەیرەو، داب و نەریت، دەستور، کانون (قانون)، یاسا.

له بنەڕەتدا وشەی ئایین له ئاڤێستاوە هاتووە له وشەی ئەدهەن و ئاڤێستاوە، وشەی دینیش له وشەی (دەینا، ئەذەن، له پەهلەویش دەئینە بووە. (فەرهەنگی ئەناهیتا، بەرگی ١، بەشی دووەم، ل٢١٣، ل٢١٧).

واتای گشتی نیوە دێڕی : دینمان ئایینمانە نیشتیمان

واتە بیروباوەڕ و کردەوەمان رێباز و دەستورمانە له پێناوی نیشتمانا.

لێکدانەوەی تەواوی بەیتەکە : ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین

**دینمان ئایینمانە نیشتیمان**

ئێمە کە ڕۆڵەی کوردین نەوەی میدییەکان و کەیخوسرەوین، بیروباوەڕ و کردەوەمان بۆتە ڕێباز و دەستور لە پێناوی بەرزی نیشتیمانا. بیروباوەڕە لە پێناوی پاراستنی نیشتیمانا کارێکی پیرۆزە، چونکە خۆشەویستی نیشتمان لە باوەڕەوەیە. لەم دێڕەدا دین و ئیمان دوو وشەن واتای گشتیان هەیە مەبەست لە باوەڕ و ڕێبازی نیشتیمانین، چونکە وشە بە پێی بەکارهێنانیان لێرەدا مەبەست لە هیچ ئایین و دینیک نییە، دیارینەکراون کام ئایین و کام دین، وشەکان واتایان بەپێی یەکێتی بابەتەکە کە لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی و نیشتیماندا دەسوڕێتەوە، مەبەست لە ئاین نین، ناوێکی گشتییە. جێگای خۆیەتی ئەم دێرە شیعرەی سرودەکەی دڵدار، لەگەڵ شیعرێکی دیوانی شاعیری تورک محمد ئەمین بەگ،کە لە کاتی جەنگی تورک و یونانییەکان زۆر ناودار بووە پێی. شیعرە تورکییەکان – تورکچە شیعرلەر) لە ساڵی ١٨٩٧ز بڵاوکرایەوە، دەڵێ : من تورکم، دین و نەتەوەم تورکی باڵایە، دلم پڕە لە ئاگر (د.محسن عمرل ٧٥)، لەگەڵ دێرە شیعرەکەی دڵدارا (ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین – دینمان ئایینمانە نیشتمان) یەکدەگرێتەوە، هەمان بیرۆکەی نەتەوایەتیە ئەو تورک و ئەم کوردە و ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوە،کە تورک شانازی پێوە دەکا و هەندیک کوردیش شیعرەکەی دڵدار بە کوفر و دژە ئایینی ناو دەبەن و بێ ڕێزی پێیدەکەن. دڵداریش بەم شیعرە ناوی دەرکردووە.

**دێڕی چوارەم : کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**

زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

نانەوێ : ناکەوێ، نزم نابێتەوە، نایەتەخوارەوە.

واتای دێڕەکە : ئێمەی کورد کە خاوەن ڕابردوویەکی مێژووین، هیچ کەس و دوژمنێک بۆی نییە بڵێت میللەتی کورد مردووە، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی زیندووە بۆیە هەرگیز ئاڵای نەتەوە و خەباتمان ناکەوێ و هەردەم شەکاوەیە.

**دێڕی پێنجەم : چەند هەزار لاوانی کوردی نەبەرەشێر**

بوون بە قوربان و هەموویان نێژران

هۆی مانەوەی میللەت و ئاڵاکەمان بەدرێژایی مێژوو ئەوەیە بە هەزاران لاوی کوردی شۆڕشگێر و ئازا لە پێناوی نیشتیمانەکەماندا بونە قوربان و هەموو بە خاکی نیشتیمان سپێردران.

**دێڕی شەشەم : لاوی ئێستاش حازر و ئامادەیە**

گیانفیدایە، گیانفیدایە، گیانفدان

ئێمە کە لە ڕابردوودا لاوەکانمان ئامادەی قوربانیدان بوونە، نەوەی ئێستای ئەوان کە لاوانی ئەمڕۆن هەردەم ئامادەن بۆ گیانبەخشین.

**دێڕی حەوتەم : لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر**

سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان

دلێر : ئازا، چاونەترس، قارەمان، نەقشی ئەکەن : ڕەنگی ئەکەن، ئەینەخشێنن، ئەیرەنگێنن. تاجی ژیان : تاجی سەرکەوتن، ڕۆڵەی میللەتێک کە ئامادەی گیانبەخشین بن، هەردەم ئازا و دلێرانە

ڕاوەستان و لەسەرپێن بەرانبەر دوژمنان، ئەم لاوانە تاجی سەرکەوتن بەخوێنی خۆیان ئەنەخشێنن و بەرز ڕایئەگرن.

### شیکردنەوە نادروستییەکەی سرودی ئەی ڕەقیب

سرودەکە وەلامێکی بە ئاگاهێنە بەرانبەر دوژمنانی کورد، کە کوردیان بە مردوو داناوە. دلدار لە سرودەکەدا، بە بەردەوامی خەبات و تیکۆشانی ڕۆلەکانی کورد، وەلامی نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەی داوەتەوە، کە کورد لە ئێستا و ڕابردوودا نەمردووە و هەردەم زیندووە.

سرودەکە توندوتیژی تیانییە، بەرانبەر میللەتیکی یا ولاتێکی دیاریکراو، یا ڕەوشتی مرۆڤایەتی بەزاندبێت. یا ئایین و دینو مەزەب و پیرۆزی ئایین و دینەکانی بە سوک زانیبێت و هێرشی کردبێتە سەریان و تەنانەت لە دوور و نزیکەوە، لە وشەیەکەوە تا ڕستەیەکی سرودەکە لایەنی کفر و ڕەتکردنەوەی پەروەردگاری تیا بەدی کرابێت.

ئەوەی هەیە نەزانین و نا تێگەیشتنە، دژ بە سرودەکە و دژ بە کەسایەتی دلداری شاعیر دەکرێت. سەرتاپای سرودەکە ناوەڕۆکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پڕ لە جۆش و خرۆشی خەبات و تیکۆشانە. خەبات و تێکۆشانیش بە گیانبازی و گیانفیدایی و خوێنڕشتنی ڕۆلەی نەتەوەکان ئەنجام دەدرێت، نەک بە نەرم و نیانی.

سرودی نەتەوەیی، دەبێت خەبات و قوربانیدان و ڕابردووی دێرینی پڕ شانازی و شارستانێتی باوباپیرانی لەبەرچاو بگرێت، ئەگینا هەرگیز بە سرودی نەتەوەیی دانانرێت.

بۆ وەلامدانەوەی نا دروستی دژ بە دوو دێڕی سرودەکە، لێرەدا بە بۆچوونی ئایینانەی ئەوانەوە، ئەو دوو دێڕە لێکدەدەینەوە بەپێی واتای دروستی وشە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی ئەو دوو دێڕە کە دەوترێت کفر و ئیلحادە : بڕوانە واتە وشە و زاراوەیی دین و ئایین لە ئاییندا مەبەست لە پەرستنە، ئەمجا پەرستنی هەر شت و دیاردە و هێز و بەهایەکی زەوی و ئاسمانی بێت، بۆ نموونە :

پەرستنی بت و تابلۆ، یا خۆر و مانگ... یا پەرستنی ئاینی زەردەشتی، یا ئاینی جولەکە و مەسیحی ، یا ڕێبازی کۆنفوشیوسی، یا بودایی، کاکەیی و عەلەوی و ئێزدی و ئیسلام... هتد.

مەبەستەکە ڕوونە دین، ئایین لەڕێزماندا ناوی گشتین، واتاکەیان بەپێی زانستی واتاسازی (سیمانتیک) فراوانبوونەتەوە، واتە تەنیا یەک واتا ناگرنە خۆیان، بەپێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان واتایان دەگۆڕێت. ئەمجا واتای ئاینی بێت یا واتای تاعەت و تێکۆشان بێت، یا بیروباوەڕ و بڕوای نیشتمانی و نەتەوەیی یا کەسایەتی پیرۆزی ئاینی و مەزەبی یا نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتی بێت. کە تا ئێستا لە ناو کوردا هەیە و بۆتە کلتورێکی ئاینی نیشتیمانی و نەتەوەیی یا کۆمەلایەتی. ئەمجا بۆ دەبێ واتاکەی لای دلداری شاعیر نابەجێ و کفر و دژ بە خوا و ئایین بێت، کەواشنین.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر وشەی (نان) پێخۆرێکە لە ئارد و ئاو دروست دەکرێ، واتای فراوانبۆتەوە بۆ نانخواردن (الأكل والطعام) وەک : نان حازرە، نانبڕاو، واتە بژێویت دەبڕم، نانی شەوی نییە، نانی کەوتوتە ڕۆنەوە واتە : (بەختی هەستاوە، بەختی باشبووە )، نانی شەوی نییە

واتە جەمە خواردنی شـــەوی نییە. نانپەیداکردن : واتە کاســبی کردن، بژیوی پەیداکردن، ڕزق پەیداکردن، وشەی (شار) : واتە شوێنی پڕ و قەرەبالغ و زۆر، شارە مێرولە، شارە زەردەواڵە، شار.
وشەی زەمان : واتە سەردەم، زەمانە، چاخ، دنیا، چەرخ. کەڵ : واتە نێر، ئازا، کەڵەپیاو، کەڵەشاخ، کەڵەشێر، کەڵە ئاسک، مانگا بە کەڵ . ئاوایی : واتە دێ، ئاوەدانی، بینا و ساختمان.
دین : واتە بیرو باوەڕ، بڕوا، بڕوای نیشتیمانی، بڕوای نەتەوەیی، تێکۆشان. ئایین : دین مەزەب، ڕێگا، ڕێباز، یاسا، دەستور، عەقیدە و باوەڕ.
لێرەدا جێگای خۆیەتی هیمابکەین بۆ واتای (دینمان ئایینمانە نیشـتیمان) ئەم نیوە دێڕە پارسـتەیە واتاکەی بەندە بە تێکڕای واتا و مەبەسـت و ناوەڕۆکی سـرودی ئەی ڕەقیبی دڵداری شـاعیر کە مەبەست لە واتای خەبات، تێکۆشان، بیروباوەڕ و بڕوا ڕێبازێکە یا ڕێبازمانە لە پێناوی نیشتیمانا.
پێویسـتە لێرەدا و جێگای خۆیەتی لە سـەردەمی ڕاپەڕین و شـۆڕشـی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ بە سـەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسـم، سـرودی (أنشـودة، نشـید تموز) پەیدابوو بەسـەردەمی ئێراقییەکانەوە بوو. ئەمە یەکدوو دێڕی سـرودەکەیە کە جێگای مەبەسـتە لەگەڵ ئەم دوو دێڕەی ئەی ڕەقیبدا، هەرچەند پێچەوانەی یەکتریشن :

كل شيء بعد تموز جديد
السما والأرض والفجر الوليد
وغناء الطير في الحقل المديد

بە کوردی واتە : هەموو شتێک دوای تەمموز تازەیە
ئاسمان و زەوی و کازیوەی (بەرە بەیانی) لەدایکبوو
جریوەی باڵندەکانیش لە کێڵگە.

ئایە وشـەکانی (ئاسـمان / السـما، الفجر) بەپێی ئایین، کە دروسـتکراوی خوان، چۆن لەلایەن مرۆڤەوە تازە دەبنەوە، کەچی تا ئێسـتاش کەسـێک یا ئایین پەروەرێکی عارەبیش دەنگی لێ بەرزنەبۆوە بۆ ئەوەی ئەم سرودە، بە نا ئایینی لە قەڵەم بدرێت. یا شیعرەکانی سەردەمی (الجاهلي) عارەبیدا کە پڕە لە بەدرەوشتی و گەندڵی کۆمەڵایەتی کەچی مێژووی عارەب شانازی پێوە ئەکات. هەروا بۆ نموونە شـیعرەکانی (أبی نواس) پڕە لە باسـی نێربازی و غیلمان. تا ئێسـتا لە ڕەخنەی عەرەبیدا دەنگی بەو شـێوە لێبەرزنەبۆتەوە ؟! دیارە نەخێر، بۆیە تەنیا کوردە دژی خۆمان ئەوەستینی و کلتوری خۆمان لا هیچە !!.

### ئەنجام

١- سرودی ئەی ڕەقیب وەڵامێکی خیتابی توند و بەجۆشە، بۆ دوژمنانی کورد بە گشتی، بەوەی کورد میللەتیکی زیندووە لە ئێستا و ڕابردوودا نەمردووە.
٢- یەکێتی بابەت لە نێوان تێکڕای شیعری سرودەکە لە چوارچێوەی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی هەیە.

٣- شـــاعیر لە ســـرودەکەدا، بەدیاریکراوی دوژنی هیچ نەتەوە و وڵاتیکی دیاریکراونییە، ئەمەش ڕەوشتێکی بەرز و شێوازیکی دروستی شیعر و شاعیرەکەیەتی.

٤- هەردوو بەیتی ســـرودەکە، واتە دێڕی یەکەم و ســـێیەمی، بە پێی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی وشـــەکانی، بەهیچ جۆرێک پەیوەندی واتاییان، بە کفر و دژ بە خواو و هیچ دین و ئایینێکەوە نییە. بە پێچەوانەوە لیکدانەوەی پێچەواەی ئەو دوو دێڕە گوایە دژە ئایینە، تەواو دەبێتە کفر و ئیلحاد و دژە ئایین. چونکە خوای پەروەردگار دوژمنی میللەتی خەلقندەی خۆی نییە.

٥- دانەیی : وشەیەکە لە ڕێزماندا ناوی بکەرە، مەبەست لە دانەر، داهێنەر، دروستکەرە لە چاوگی (دانان) ەوە وەرگیراوە. واتە بەو کەسەی کە تۆپ و چەکی سەردەمیانە لە دژی کورد دروست دەکات نارِوخێت، تۆپی زەمان نایشکێنێ.

٦- بەڵگەی مانەوەی نەتەوەی کورد لە مێژوودا، خەبات و تێکۆشـــانی بەردەوامیتی لەســـەردەمی مادەکانەو کە پێشـــینان و باوباپیرانی کوردن بەســـەرکردایەتی کەیخوســـرەو، کەنەک هەر پاشـایەکی فارس نییە، بەڵکو فارسـەکان دوژمنیانن و دەوڵەتی ماد و ئاسـتیاک پاشا کە کوڕی کەیخوسرەوی میدییە لەلایەن فارسە هەخامەنشییەکانەوە، ڕوخان و کۆتاییان پێهات.

٧- دین و ئیمان دوو وشەی کۆنی کوردی ڕەسەنن و لە ئاوێستاوە، لە وشەی ئەدهۆن و ئەدۆن و ئەذەن، ئەدەن و دەئینە و دەئیناوە هاتووە. دوو ناوی گشتیی بە تێکڕایی فەرهەنگە عارەبی و ئینگلیزی و کوردییەکان بە واتای باوەڕ، بڕوا، بیروباوەڕ، مەزەب، ڕێباز، دەســـتور، تاعەت، تێکۆشان... هاتووە. مەبەست لە هیچ ئایینێک نین.

٨- هەردوو وشـــەکە لە ســـروودەکەدا، کە ناوەڕۆکێکی نیشـــتیمانی و نەتەوەییمان لە هەر حەوت دێڕە شیعرەکەدا هەیە، بە تەنیا و لەشـیعرەکەشـدا بەپێی پەیوەندی و یەکێتی بابەت دین واتای بیروباوەڕ، بڕوایە و ئیمانیش بە واتای ڕێباز و ڕێگا هاتووە.

٩- ئێســـتا دەڵێین ســـرودی ئەی ڕەقیب، لە ڕووی نیشـــتیمانی، نەتوەیی، ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە، لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بکرێتە سرودی نیشتیمانی و نەتەوەیی.

## سەرچاوەکان


١. د.أحمد الخلیل ، عباقرة کردستان في القیادة والسیاسة، مؤسسة موکریاني، أربیل، ٢٠٠٩.
٢. انوری، حسن، فرهنگ کوچک سخن، بە سرپرشتی دکتر حسن انوری، تهران، ١٣٨٣.
٣. فەرهەنگی ئەناهیتا، کۆکردنەوە و دارِشـــتنەوەی یوســـف ڕەشـید، بەرگی یەکەم، بەشـی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
٤. فەرهەنگی تەقی، کوردی – کوردی، دانای لیژنەیەک، سلیمانی، ٢٠٠٩.
٥. د. حامد محمود عیسی، المشکلة الکوردیة فی الشرق الاوسط،١٩٩٢.
٦. مەلا خلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
٧. دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٧١.
٨. د.رفیق شـــوانی، ئەی ڕەقیب، ســـرودێکی نەتەوەییمانە، نیشـــانەی خەباتی ڕابردوومانە، ڕۆژنامەی هەواڵ، بەشـــی یەکەم، ژمارە ٥٤٥، کەرکوک، بەرواری ٢٠١٣/١١/١٦. بەشـــی

دووەم، ژمارە ٥٤٦، کەرکوک ، بەرواری ٢٠١٣/١١/٢٣، بەشـــی ســێیەم و کۆتایی ژمارە ٥٤٧، کەرکوک، بەرواری ٢٠١٣/١١/٣٠.
٩. د. روحی البعلبكی، المورد المیســر، قـاموس عربی – انگلیزی، دار العلم للملایین، ط٣، بیروت – لبنان، ١٩٩٧.
١٠. د. قیس جواد العزاوی، ڕەگ و ڕیشـەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی، وەرگێڕانی لە فەڕەنسی و پێشەکی د.محسن احمد عمر، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧
١١. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٢. منیر البعلبكی، المورد، قاموس انگلیزی – عربی، طبعة جدیدة، ملونة، دار العلم للملایین، الطبعة الحادیة عشر، بیروت، ١٩٩٧.
١٣. منیر البعلبكی، د. روحی البعلبكی، المورد القریب، مزدوج : قاموس عربی انگلیزی، انگلیزی – عربی، دار العلم للملایین، الطبعة الثانیة عشر، بیروت، ٢٠٠٣.
١٤. ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ فارسی – کوردی، دانشگاه کردستان (سەجلدی)، جلد اول أ–ش، به سرپرشتی ماجد مردوخ، چ١، سنندج، ٢٠٠٦.
١٥. المختار الصـــحاح، من صـــحاح اللغة، کتبه محمد محي الدین عبدالحمید، محمد عبداللطیف السبكی.
١٦. المورد القریب، انگلیزی – عربی، عربی – انگلیزی، دار العلم للملایین، مؤســـســـة ثقافیة للتألیف والترجمة والنشر، بیروت – لبنان، ٢٠٠٣.
١٧. هەژیر عەبدوڵڵا، فەرهەنگی هەژیر، فارســـی- کوردی، (أ- ژ)، بەرگی یەکەم، وەرگیران و ئامادەکردنی هەژیر عەبدوڵڵا، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٨. هەژار، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، چ٣، تهران، ١٣٨٣.

❑

# ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) ی دڵداری شاعیر

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**
**بەشی مێژوو-زانکۆی سلێمانی**
Dr.kaiwan@yahoo.com

**پێشەکی**

یەکێک لە شـــێوازەکانی نووســـینەوەی مێژوو بە ڕووکارە ئەدەبییەکەی بریتییە لە تۆماری ڕووداوەکان بە شێوازی دارشتنی هۆنراوە، کە بە دەربڕینی هەستی شاعیرانەی شاعیرە، سا ئەو هەست و حەزە، ویستی شاعیر بووبێ بۆ ڕابردووی خۆی، یان ڕابردووی خێزان و بنەماڵە و خێڵ و تیرە و هۆز و کۆمەڵگا و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکەی. لە هەر دوو شـــێوەکەشـــدا هەوڵدراوە چەندین زانیاری بەدەســـتهاتوو تۆمار بکرێت. بەو پێیەشـــی کارەکەی ئێمە لەســـەر (ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی ئەی ڕەقیب)ی شـــاعیری ناســـراوی کورد (دڵدار)ە، کە ناســـراوترین و دیارترین هۆنراوەکانی نەتەوەییەی کوردە . لەو هۆنراوەیەشـــدا (دڵدار) هەوڵیداوە لە مێژووەوە بۆ ڕیشەی کورد و خاکی کوردستان بڕوانێت و چەند تۆمارێکی مێژوویی لەچەندین لایەنی سیاسی و دەوڵەتداری و ئایینی تێکەڵ بەدەقەکانی هۆنراوەکەی کردووە، تاهاونەتەوەو هاونیشـــتمانییەکانی بە ڕابردووی خۆیان ئاشنا بکات. وەک ئەوەی باسـی (مێژووی دەوڵەتی ماد) و دەسـەڵاتداریتی (کەی ئەخســـار)ی ســـێیەمین پادشـــای ئەو دەوڵەتەی کردووە، کە دەوڵەتەک ســـەردەمێکی شـــکۆمەندی کوردســـتان و پادشـــاکەش بەهێزترین پادشـــای ئەو دەوڵەتە بووە. لەلایەکی دیکەوە باســـی لەوە کردووە، کە ئایین و باوەڕ لای کورد، خاک و نیشـتمانەکەی بووە و زۆرترین قوربانی لەو پێناوەدا داوە، بەهۆی ئەو ستەمە زۆرەی لە مێژەوە لە کورد و خاک و نیشتمانەکەی کراوە.

لـەو پێودانگـەوە هـەوڵـدراوە ڕەهـەنـدە مێژوویـیـەکـانی ئـەو هۆنراوە لـەنێو دەق و تۆمـارە مێژووییەکان شـــەن و کەو بکەین و بگەینە ئەوەی، کە تا چەند دڵداری شـــاعیر لە هۆنینەوەی هۆنراوەکەیدا ســـەرکەوتوو بووەو تا چەند توانیوویەتی لایەنێکی مێژووی نەتەوە و خاکەکەی لە هۆنراوەیەکدا بەرجەستە بکات.

**تەوەری یەکەم**

**(دڵدار) کێییە؟ هۆنراوەکە چۆن و کەی و بۆ نووسراوە؟**

١-دڵدار کێیە؟ (دڵدار) نازناوی شـــیعری (یونس کوڕی مەلا ڕەئوفی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا سـەعد خادم ئەلسـجادیە)[1]. دایکیشـی (زوهرە کچی خورشید)و لە بنەماڵەی زەهاوی بووە، کە بەهۆی دۆخێکی تایبەتی خۆیانەوە کۆچیان بۆ ناوچەی کۆیە کردووەو لەگەڵ (مەلا ڕەئوف)ی باوکی ژیانی خێزانیان پێکهێناوە[2]. (دڵدار) ســـێیەمین منداڵی خێزانەکەیان بووە، لەدوای هەردوو

براکەی (جەواد و ئاســـەف)[٣]، کە لە (٢٠ی شـــوباتی١٩١٨ز) لەشـــاری (کۆیە) لەدایکبووە[٤]. سەرەتاکانی ژیانیشی لەو شارە دەستپێکردووە. لەتەمەنی (چوار) ساڵیدا، دووچاری نەخۆشییەک بووە، کە بەهۆیەوە ئەوی بۆ ماوەی یەک ساڵ لەسەر جێگا هێشتۆتەوە. دواتر بەهۆی خراپی باری گوزەرانی خێزانەکەیان، ناچاربوون بچنە گوندی (بێســـتانە)ی نزیک کۆیە، تا لەوێ لەســـەر زەوی کشـــتوکاڵی خزمێکیان بژین و بمێننەوەو باری گوزەرانیان باشـــتر بکات. دوای (دوو) ســـاڵ مانەوەشـــیان لەو گوندە، بەهۆی کێشـــەیەکی کۆمەڵایەتی خێزانەکەیان و کۆچی برا گەورەکەی (جەواد) لەسەر ڕێگای (بێستانە-کۆیە) ناچار بوون بگەڕێنەوە (کۆیە)[٥]. کاتێک تەمەنی (نۆ) ساڵان بووە، واتە لەســـاڵی (١٩٢٧ز)دا نراوەتە بەر خوێندن[٦]. دیارە لەگەڵ ئەوەی هەر لەســـاڵی (١٩٢٠ز) لەشـــاری کۆیە، یەکەمین خوێندنگای ســـەرەتایی کراوەتەوە[٧]، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی بەســـەر ژیانی خێزانیاندا هاتووە، نەیتوانیووە لەکاتی خۆیدا دەســـت بەخوێندن بکات. تەنانەت ئەم دەســـپێکەشـــی بۆ خوێندن بەردەوام نەبووە، کاتێک بەهۆی تێچکوونی پەیوەندی باوکی لەگەڵ (قایمقامی کۆیە) لەســـاڵی (١٩٢٨ز)دا، ڕاژەی باوکی گوازراوەتەوە بۆ شـــاری (ڕانیە)، بۆیە ئەمیش ناچار بووە دەســـت لە خوێندن هەڵبگرێت و لەگەڵ خێزانەکەی ڕووبکاتە (ڕانیە)[٨]. ئەو کاتە (دڵدار) تەمەنی تەنیا (دە) ســـاڵان بووەو هەر لەوێ قۆناغی یەکەم و دووەمی ســـەرەتایی تەواو کردووە. ســـاڵی (١٩٣٠ز) گەڕاوەتەوە (کۆیە)[٩]. ســـاڵی دواتر لەشـــاری (کۆیە) پەیوەندی بە (کۆمەڵەی منەوەران)[١٠] کردووە، کە لەســـەر دەستی کۆمەڵێک خوێنەوار و کەسایەتی شـــارەکە دامەزراوە. بەهۆی ئەوەشـــی تەمەنی (دوانزە) ساڵ بووە، وەک بچوکترین ئەندامی ئەو ڕێکخراوە ڕۆشـــنبیرییە وەرگیراوە[١١]. ســـاڵی (١٩٣٣ز) کەوتۆتە ژێر کاریگەری دیوانی شـــاعیرانی وەک (حاجی قادری کۆیە/١٨١٧-١٨٩٧ز)و (مەحزوون/١٨٣٦-١٩٣٦ز)و (ســـافی/١٨٧٣-١٩٤٢ز)و کتێبە مێژووییەکانی (کورد و کوردســـتان)ی موحەممەد ئەمین زەکی بەگ و (مێژووی اســـتقبال)ی جەلال نوری ناودار. ئەوەش هۆکاری دەرکەوتن و گەشەکردنی بیری کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی دڵدار بووە[١٢]. لەم بوارەدا (دڵدار) لە تۆمارێکی بیرەوەرییەکانیدا نووســـوویەتی "بەیانییەک لە مەکتەب بایی ســـێ ئانە قەزوانی ســـوێرم کڕی، دواتر بەســـەر ســـێ چوار برادەرم دابەشـــم کرد و پێم وتن: ئێمە کوردین و بەچە شـــێرین، با بگەڕێین ئەوەی نەبێتە بەچە شـــێر بەچە ڕێویەو لێ ئەدەین"[١٣]. ئەوەش دەریدەخات، کە هەر لە دوا قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، هەستی کوردایەتی و داکۆکیکردن لێی کاری تێکردووەو ئامانجی لێدان و شکاندنی هەموو ئەوانە بووە، کە خۆیان بە کورد نەزانیووە، یان ئەوانەی کوردبوونیان کردۆتە قوربانی، پۆست و پلە و داهات. لەساڵی (١٩٣٥ز) کاتێک دوا قۆناغی خوێندنی ســـەرەتایی تێپەڕ دەکات[١٤]، مامۆســـتایانی شـــاری کۆیە داوا بەرپرســـانی حکومەت لە شـــارەکەیان دەکەن، خوێندن لە خوێندنگاکانی شـــارەکەیان بکەنە کوردی و چیتر بە زمانی عەرەبی وانە بە خوێندکاران نەڵێنەوە، بەڵام ئەو بڕیارە ڕەتدەکرێتەوە، بۆیە وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر داوای ئەو مامۆستایانە بڕیاردرا، بەشێکیان بۆ شار و شارۆچکەکانی تری سنوری لیوای سلێمانی بگوازرێنەوە[١٥]. ئەوەش جارێکی تر کاریگەری خراپ لەسەر هەستی نەتەوەیی و دەروونی (دڵدار) بەجێ دەهێڵێت، کە بۆچی دەســـەڵاتدارانی عێراق مافی خوێندنیان بە زمانی دایک لێ قەدەغە دەکەن؟ هەربۆیە ئەو هەستەی بە یەکەمین ئەزموونی شیعری خۆی دەردەبڕێت، کە زیاتر هەستی نەتەوەیی و ستەمکردن لە نەتەوەکەی باڵ بەســـەر ناوەرۆکی شـــیعرەکەیدا کێشـــاوە[١٦]. دوای ئەو ڕووداوەو

بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە قۆناغی ناوەندی، ڕوودەکاتە شاری (هەولێر)و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات[١٧]. دوای (دوو) ساڵ مانەوە لە (هەولێر) ڕوودەکاتە شاری (کەرکوک) و لەوێ قۆناغەکانی سێیەمی ناوەندی تەواو دەکات[١٨]. لەساڵی (١٩٣٧ز) یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵی دارکەر)[١٩]، کە لەو شارە دامەزرا[٢٠]. تەنانەت وتاری دامەزراندن لەلایەن خودی (دڵدار)ەوە دەخوێندرێتەوە، کە تێدا باسی لە مێژووی خوێناوی کورد دەکات، کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ قوربانی لەپێناو سەربەخۆیی خۆی داوە. هەروەها باسی لە هەڵوێستی وڵاتانی ئەورووپاش دەکات بەرامبەر بە کێشەی کورد. کۆتایی وتارەکەشی بەوە دوایی دەهێنێ، کە لێرە بەدواوە (کۆمەڵەی دارکەر) دوای ئەوەی یەکەمین کۆنگرەی لەساڵی (١٩٣٨ز) لە باخچەی (دوو بەهاری) شاری (کەرکوک) بەست، جێگای (کۆمەڵەی ئازادی)[٢١] دەگرێتەوەو درێژە بە کارەکانی خۆی دەدا[٢٢]. هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا، کە لەماڵی (بورهانی حامید بەگی جاف) لە گەڕەکی (بەکرلەر)ی کەرکوک بەڕێوەدەچێت[٢٣]، (دڵدار) دەکرێتە سەرۆکی لقی کۆمەڵەکە لەشاری کۆیە[٢٤]. دیارە ئەگەرچی تۆمارێکی مێژوویش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە هەر بۆ (دڵدار)ی شاعیر و هەندێک لە هاوڕێکانە بەناوەکانی (نورەددین بەهادین، مستەفا عوزێری، فەتاح عەبدولجبار، موسا سەمەد، ڕۆستەم عەبدولجەبار) دەگێڕێتەوە، بۆ شاری (هەولێر)[٢٥]، بەڵام دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لە هەولێر بووبێت یان لە کەرکوک، هیچیان لە ڕۆڵی (دڵدار)ی شاعیر کەم نەکردۆتەوە، کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی و هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی کردووە، لەلایەن ڕژێمی پادشایەتییەوە[٢٦]. بەهۆی ئەندامبوون و دیاریکردنی بە سەرۆکی لقی کۆیەی کۆمەڵەی دارکەر، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لەشاری (کەرکوک) دەستگیردەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە[٢٧]. لە زیندانیشدا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) دەنووسێت[٢٨]، کە دواتر بووە سروودێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردی. دوای ئازادکردنیشی لە زیندان لە (نیسانی١٩٣٩ز)دا، ناوی کۆمەڵەکە بۆ (پارتی هیوا) دەگۆڕێت و دەستەی ناوەندی هەڵبژێردرا[٢٩]و (دڵدار) کرایە سکرتێری پارتەکە[٣٠]. ساڵی(١٩٤٠ز)و دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی لە کۆلیجی مافی (زانکۆی بەغداد) وەردەگیرێت. دوای (چوار) ساڵ خوێندنی زانکۆیش لەساڵی (١٩٤٥ز) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ماف بەدەست دەهێنێ و دەست دەداتە کاری پارێزەری لەشاری (کۆیە)[٣١]. هەر ئەو ساڵەشی دەست دەداتە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ژیانی و خۆی و بنەماڵەکەی. تەنانەت یەکەمین شاعیری کوردیش بووە، بەو وردەکارییە مێژووی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی نووسیووەتەوەو تێدا بایەخێکی تایبەتی داوە بە دایکی و بە وردی پێناسەی بنەماڵەکەی و کەسایەتی و شێوە و ڕووخساری کردووە[٣٢]. ئەوەش ئاستی کرانەوە و پێشکەوتن و تێگەیشتنی ئەو نیشان دەدات بۆ ڕەگەزی مێینە، کە لەو دۆخە دواکەوتووەی کۆمەڵگای کوردیدا باس لە ژیان و کەسایەتی دایکی بکات. کاتێکیش (حیزبی ڕزگاری کورد) لە مانگی (شوباتی ١٩٤٦ز) دامەزرا[٣٣]، (دڵدار) پەیوەندی پێوە کرد و بووە ئەندامی ئەو پارتە[٣٤]. دوای (سێ) ساڵ تەمەن و لە سەردانێکدا بۆ شاری (هەولێر) لە (١١ی تشرینی دووەمی١٩٤٨ز) دووچاری نەخۆشییەک دەبێت و بۆ ڕۆژی دواتر واتە (١٢ی تشرینی دووەم) بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان و کوردستانەکەی دەکات و لەشاری کۆیە بەخاک دەسپێردرێت[٣٥].

لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە (دڵدار) لە ژینگەیەکی فەرهەنگی وەک شاری (کۆیە)، کە زێدی شاعیر و زانا و بیرمەندانی وەک (حاجی قادر کۆیی و مەلای گەورە) بووە لەدایک و پەروەردەو

گەورە بووە[٣٦]. ئەمەو لە ماوەی (٣٠)ی ســـاڵی ژیانی، کە تەمەنێکی تەواو کورت بووە، چەندین وێــستگەی ســیاســی و دەربڕینی هەڵوێســتی نەتەوەیی تێپەڕێنێت. تەنانەت ســاڵێک لە مێژووی (دڵدار)ی شـــاعیردا نییە، بەشـــدارێکی کارای ڕووداوێک و کۆمەڵە و ڕێکخراوێک نەبووبێ[٣٧]، تا ئەوەی لەزیندانیشدا بەرهەمی هەبووە، کە هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)ە[٣٨].

٢-هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)، چۆن کەی نووسرا؟ (ئەی ڕەقیب) ئەو هۆنراوەیە، کە (دڵدار)ی لای هەر تاکێکی کورد گەیاندە لووتکە، بە بۆچوونی (د. کوردســـتان موکریانی) ''بەنرخترین و نایابترین هۆنراوەی نیشـــتمانیی دڵدارە، کە بەســـەرهاتی میللەتی کوردی خوێناوی دەخاتەڕوو''[٣٩]. دیارە هۆنراوەکە کاریگەر ئەو ژینگەیەی بەســەرەوە بووە، کە (دڵدار)ی تێدا ژیاوە. ژینگەیەک، کە شــاری (کۆیە)ی زێدی خۆی وەک ناوچەکانی تری کوردســـتان، لەنێوان (دوو) توێژی زەحمەتکێش و خاوەن موڵک لە ململانێدا بوون[٤٠]. ســەرباری هەستکردنی بە ستەمی نەتەوەیی، کە لە نەتەوەکەی بە گشتی و توێژی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگاکەی دەکرێت، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پادشایەتی، هۆنراوەکەی نووسی[٤١]. کاتێکیش کۆماری کوردستان لە (٢٢ی کانوونی دووەمی١٩٤٦ز) لە شاری (مەهاباد)ی پایتەخت دامەزرا[٤٢]، ئەم هۆنراوەی کرایە ســـروودی نیشـــتمانی کۆمارەکە و لەپاڵ مەراســیمەکانی هەڵکردنی ئاڵای کوردســتان، لە شــار و شــارۆچکە و گوندەکانی ســەر بە کۆمار، بە ئاوازێکی حەماسیەوە وترایەوە[٤٣]. واتە ڕێک (هەشت) ساڵ دوای دانانی لەلایەن (دڵدار) ەوە.

٣-دەقی هۆنراوەکە: هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)، کە دواتر بە هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) ناســـرا، لە (هەشت) کۆپلەی شیعری پێکهاتووە، کە (دوو) کۆپلەیان دووبارە بۆتەوە، ئەویش:

''کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە............زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان''[٤٤]

کۆی هۆنراوەکەشـــی لە شـــێوەی دواندنێکی پڕ لە هەســـت و بوێریدا بەرامبەر دوژمنان و نەیارانی کورد هۆنراوەتەوە. ئەو دواندنەش بە شێوەی ڕەسەنایەتی کورد و دێرینی مێژووەکەی و چەند ســـەروەرییەکی مێژوویی کورد دارێژراوە، کە تۆمارە مێژووییەکانی ڕەســـەن و بەنرخن. (دڵدار) لەو هۆنراوەدا بەم شێوەیە هزر و ناخی خۆی خستۆتەڕوو:

ئەی ڕقیب هەر ماوە قەومی زوبان.................نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین.....سەیریکە خوێناوییە ڕابوردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا وکەی خوسرەوین...........................دینمان ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە........زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوی کوردی نەڕەشێر......بوون بەقوربانی و هەموویان نێژران
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە................................گیانفیدایە گیانفیدایە گانفیدان
لاوی کورد هەڵسایە سەرپێ وەک دلێر...سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە............زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان[٤٥]

**تەوەری دووەم**

**مێژوو لە هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)دا**

بەمەبەســتی خەســـتنەڕووی ئەو لایەنانەی هۆنراوەکە ڕەهەندی مێژووییان هەیە، کە کرۆکی توێژینەوەکە، بەراوردێکی تێکســـتەکانی نێو هۆنراوەکە بە ڕووداو و تۆمارە مێژووییەکانەوە دەکەین:

**١- کورد و ناسنامەی نەتەوەیی و زیندووبوون و مانەوەی: (دڵدار) لە دەسپێکی هۆنراوەکەیدا دەڵێ:**

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان"

لە نێو دێڕی یەکەمی ئەم هۆنراوەیەدا، لایەنێکی مێژوویی تێدایە، کوردی وەک (قەوم) واتە (نەتەوە) پێناسە کردووە، چونکە بنەما پێکهێنەرەکانی نەتەوەیان لە (خاک و زمان و مێژوو و دابونەریت و کەلتووری هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشیان) تێدابووە، بەوەی لە بنەما سەرەکییەکانی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بووە[٤٦]. زاراوەی (قوم) بە عەرەبی و (نەتەوە)ش لە زاراوەی (Ethnos)ی یۆنانی کۆن وەرگیراوە، بەمانای کۆمەڵە خەڵکێک، کە لەسەر خاکێک جێگیر بووبن و خاوەنی چەندین تایبەتمەندی هاوبەش بووبن لە خاک و زمان و مێژوو و فەرهەنگ و بنەمای ئابووری و تەنانەت لایەنی سایکۆلۆجیش[٤٧]. بەو پێیەشی (کورد) بەدرێژایی هەزاران ساڵ لە دەرکەوتنی لەسەر خاکی خۆی (کوردستان) ژیاوەو خودی ناوەکەش لە (دوو) بڕگەی (کورد) واتە نەتەوەی کورد و (ستان) واتە مەڵبەند و وڵات پێکهاتووەو بە هەردوو بڕگەکەش واتای (مەڵبەندی کوردان) یان (وڵاتی کوردان)ی گەیاندووە[٤٨]، بۆیە کورد وەک نەتەوە خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆی بووەو لە سەردەمانێکی کۆنی مێژووییەوە لەسەر ئەو خاکە ژیاوە[٤٩]. سەبارەت بە (زمانی کوردی)ش، کە (دڵدار) وەک زمانی نەتەوەی کورد ئاماژەی پێداوە، بە هەر (چوار) شێوە دیالێکتەکەی (کرمانجی ژوورو، کرمانجی ناوەڕاست، لوڕی، گۆرانی) زمانێکی سەربەخۆو یەکێک بووە لە زنجیرە زمانەکانی (هیندۆئارییایی)، کە ئەویش لە زنجیرەی زمانەکانی (هیندوئەوروپییەکان) بووە[٥٠]. بە بڕوای توێژەرانی زمانیش سەرجەم دیالێکتەکانی زمانی کوردی ئێستا بۆ زمانی میدییەکان دەگەڕێنەوە، کە ئەویش زمانی (زەردەشت کوڕی پورشاسپ)ی پەیامبەری ئایینی زەردەشتی و زەردەشتییەکان بووە[٥١]. لێرەوەش (دڵدار) زۆر جوان و مێژوویانە بۆ ئەوە چووە، کە سەرباری ئاماژەدان بە نەتەوەبوونی کورد، هاوبەشییەکیشی لەنێوان (میدییەکان و کورد)دا دروستکردووە، بەوەی کورد نەوەی میدییەکانن، کە دواتر تیشکی دەخەینەسەر.

**٢- دەوڵەتی ماد وەک دەوڵەتێکی مێژووی بەهێزی کوردستانی کۆن: کاتێک بۆ ئەو بەشەی هۆنراوەکە دەڕوانین، کە باس لە (دەوڵەتی ماد) دەکات و لە نێو دێڕی سێیەمی هۆنراوەکەیدا دەڵێت:**

"ئێمە ڕۆڵەی میدیا وکەی خوسرەوین"

دەگەینە ئەوەی، کە (دڵدار) زۆر جوان ناوی یەکێک لە دەوڵەتەکانی مێژووی کوردستانی کۆنی خستۆتە نێو ئەو هۆنراوەیەوە، (دەوڵەتی ماد) یان (میدییەکان)ە. بە پێیەی ئەو توێژینەوانەشی دەرکەوتوون، کە میدییەکان باپیرە گەورەی کوردەکانن و کوردەکانی ئێمڕۆش نەوەی مادەکانن[٥٢]، ئەوا ئاسایی دەکرێ ئەو دەوڵەتە وەک یەکێک لە دەوڵەتە کوردی و هەروەها کوردستانییەکان ناوزەد بکەین. دیارە سەرباری ئەوەی ئەم دەوڵەتە ناوبانگێکی مێژوویی هەبووە، بڕواش وایە ساڵنامەی کوردی لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە هاتبێت، چونکە مێژووی دەرکەوتنی ئەو ساڵنامەیە هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لە سەرەتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایین[٥٣]. ئەوەش دوای پشتبەستن بەو ڕاستییەی، کە بەشێکی ساڵنامەکانی مێژوو بەرهەمی دروستبوون و دەرکەوتنی دەوڵەتێک بوون. وەک (ساڵنامەی کۆچی)، بە کۆچی پەیامبەری یسلام (د.خ) لە شاری (مەککە)وە بۆ شاری (یەسرب)و گۆڕینی ناوی شارەکە بەو کۆچە بۆ (مەدینە)، سەرەتاکانی دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتێک بوو بە ناوی (دەوڵەتی مەدینە) هاتەدی[٥٤]. هەروەها

جووەکانیش وەک پەیڕەوانێکی ئایینی ئاسمانی، ساڵنامەکەی خۆیان کەناوی (ساڵنامەی عیبری) بۆ دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتیان لەساڵی (٣٧٦٠پ.ز) لەسەر خاکی فەلەستین دەگەڕێنەوە. تەنانەت لەکاتی دامەزراندنی (دەوڵەتی ئیسرائیل) لەساڵی (١٩٤٨ز)، ئاماژە بەساڵی (٥٧٠٨عیبری) کراوە، وەک مێژووی دەرکەوتنی ساڵنامەکە لەساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە مێژوودا[٥٥]. ئەوەش ڕاست بێت یان، باوەڕ و قەناعەتی ئەوانە و مێژووی ساڵنامەکەیان لەسەر بنیاتناوە.

کاتێکیش دێنەسەر مێژوو و ناوی مادەکان، تا بەهۆیەوە لە گەورەیی (دڵدار) تێبگەین، کە بۆ ناوی ئەو دەوڵەتەی خستۆتە نیو دێڕێکی هۆنراوەکەیدا، دەگەینە ئەوەی، کە بۆ یەکەمین جار ناوی (میدیا یان ماد) لەناوی (ئامادای-Amadai) لەساڵنامەی ئاشوورییەکان و لە سەردەمی (شەلمانسەری سێیەم)و لەساڵی (٨٣٦پ.ز)دا هاتووە[٥٦]. کاتێکیش (شمشی ئەددی پێنجەم/٨٢١-٨١٠پ.ز)[٥٧] شوێنی (شەلمانسەری سێیەم)ی گرتەوە، (ماد) بووە ناوی یەکەمین کۆنفدراسیۆنی خێڵەکی بوو لە هەرێمی ماننای خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆری ئاشووری، کە دواتر دەوڵەتی مادی لەسەر بنیاتنرا[٥٨].

(دەوڵەتی ماد) لەسەر دەستی (دیاکۆ-دیۆکس/٧٠٠-٦٧٥پ.ز) دامەزرا[٥٩]. ئەو لەنێو کۆمەڵگای ماد هێزێکی سیاسی بە کوردەکان بەخشی[٦٠]، لەژێر کاریگەری (فراورتیس/٦٧٥-٦٥٣پ.ز)[٦١]ی کوڕی لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی پێش زایین توانی بناغەی دەوڵەتی ماد دابمەزرێنێت. پایتەختی ئەو دەوڵەتەش (هەنگماتانا-Hangmatama) بوو، کە بەمانای (شوێن یان شاری بەیەکگەیشتن) ناوبرا، چونکە سەرە ڕێگایەکی بازرگاری ئاوریشم بوو[٦٢]. دوای کۆچی دوایی کردنیشی کوڕەکەی (هووخشترە-کەی ئاکسار-Cyaxares) شوێنی گرتەوە[٦٣].

(کەی ئەکسار) سێیەمین پادشای دەوڵەتی ماد بووە، کە (دڵدار) لە هرنراوەکەیدا پێگەیەکی شیاوی تایبەت بە خۆی پێداوەو بە (کەی خسرەو) ناوی هێناوە[٦٤]. ئەم پادشایەش وەک پێشینەکانی خۆی بەچەندین دەربڕینی جیاواز هاتووە لەوانە (هوخشتر، کیاکسار، هوواکساتار، کەی ئاکسار، کەی خەسرەو)[٦٥]. ئەو کوڕی (فراورتیس) بوو[٦٦]. مێژوونووسی ئێرانی (عەبدولحسێن زەرین کوب)یش ئەو بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی ماد و ئیمپراتۆریای گەورەی خاکی ئێرانی داناوە[٦٧]، کاتێک توانی بەهۆی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ پادشای کلدانی (نەبوبلاسەر-Nabopolasser) توانی کۆتایی بە ئیمپراتۆریی ئاشووری بهێنێ. ئەوەش دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی (٦١٢پ.ز) شاری (نەینەوا)ی پایتەختی ئیمپراتۆریی ئاشووری داگیربکەن[٦٨]. دوو ساڵ دواتریش (ئاشوور ئۆبەڵەت) دوایەمین پادشای ئاشووری لە شاری (حەڕان) کۆتایی بە ژیانی بێت. لێرەوەش (کەی ئەکسار) وەک دیارترین پادشای میدییەکان ناسرا، چونکە توانی دەوڵەتی ماد، بگەیەنێتە زێڕینترین سەردەمی خۆی[٦٩].

لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەوەش نادیدە بگرین، کە مەبەست لەو پادشایە (کەیخسرەوەی ساسانی) نییە، وەک هەندێک بۆی چوون. یان بەهۆی ئەوەی (دڵدار) بە (کەیخسرەو) ناوی هێناوە، بەڵکو مەبەستی (کەی ئەکسار) بووە، کە بە (کەیخسرەو)یش ناسراوە. (کەیخەسرەوەی ساسانی)ش، کە نازناوی (ئەنوشیروان) بوو، لە نێوان ساڵانی (٥٣٢-٥٧٩ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە، نەوەک لە سەردەمی دەوڵەتی ماد. واتە لە بنەماڵەی ساسانی بووە، نەوەک ماد[٧٠]. جیاواز

لەوانەش هەر لەسەردەمی ئەم دەوڵەتەدا (زەردەشتی کوڕی پورشاسپ) دەرکەوت و ئاینی زەردەشتی بڵاوکردەوە[٧١].

**٣- ئایینی کورد: (دڵدار) لە نیو دێڕی دووەمی دێڕی سێیەم وتوویەتی:**

**"دینمان ئاینمانە نیشتمان"**

دیارە مەبەستی ئەو لەو دەربڕینە، کە ئایین و باوەڕی کورد نیشتمان بێ، ئەوە نییە، کە کورد ئایین و باوەڕی نەبێت، بەڵکو مەبەست لەوە بووە، کە کورد خۆی قوربانی خاکەکەی کردووە، چونکە بەدرێژایی مێژوو (کورد) لەسەر ئایین دژایەتی نەکراوە، بەڵکو وەک کورد لێدراوە. ئەمەو کاتێکیش لەو هۆنراوەیەدا (دین و ئایین) هاتووە، دوو زاراوە بوون بۆ یەک مەبەست. (دین) لە دەربڕینە عەرەبییەکەیدا و (ئایین)ی وەک دەبڕێنێکی کوردی. (دین)یش وەک چەمک و وەک زاراوە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ئەوە هاتووە کە کەسێک قەرزداری یەکێک بێ واتە (مەدیون) بێ. هەروەها بەمانای (دانە یدینە و دینا)[٧٢]. هەندێکیش ئایینیان بە ڕێزگرتن و پابەندبوون بە بنەما شەرعییەکان پێناسە کردووە[٧٣]. لە دەقە پیرۆزەکانیشدا مانای جیاوازی بەخۆوە گرتووە، وەک ئەوەی لە (تەورات)ی کتێبی پیرۆزی ئایینی جوودا ئایین بە گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئایینی جوو دانراوە[٧٤]. لە (ئاڤێستا)ی کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتیشدا بەمانای پابەندبوون بە ئاڤێستا و ئایینی زەردشتی هاتووە، کە باشترین باوەڕداران شوێنکەوتووانی منن. ئەوانەی، کە پابەندی ئایینەکەن. خراپترینیشیان ئەوانەن، کە هەوادارانی ئایینەکە نیین"[٧٥]. لە (ئینجیل)ی کتێبی پیرۆزی ئایینی مەسیحیشدا بە گەڕانەوە بۆ ئایینی مەسیحی هاتووە وەک ئەم دەقە "ئەوەی پێشوازی لە من دەکات پێشوازی لە من ناکات، بەڵکو پێشوازی لەوە دەکات، کە ناردوومی"[٧٦]. لە قورئانیشدا بە پابەند بوون بە ئایینی ئیسلامەوە هاتووە. وەک ئەم دەقە قورئانییە "أن الدین عند الله الاسلام"[٧٧].پەیامبەری ئیسلام (موحەممەد کوڕی عەبدوللا/د.خ) فەرموویەتی (الایمان بضع و ستون شعبە والحیاء شعبە من الایمان)[٧٨]. ئەوەش بە واتای ئەوەی باوەڕ لە ئایینی ئیسلام و لەسەر زاری پەیامبەرەکەی (د.خ)، چەند لق و بەشی هەیە، کە بە هەموویان باوەڕی ئایینی تەواو دەکەن و دەکرێ یەکێک لەوان خاک و نیشتمان بێت. واتە کەسێک خاک یان نیشتمانی نەبێت باوەڕیشی تەواو نییە، بۆیە مردن لەپێناو خاک و نیشتماندا بەهێزی باوەڕ بووە، نەک لاوازی.

لە کۆی ئەو دەق و دەربڕینانە دەگەینە ئەوەی، کە لای هەر ئایین و باوەڕ لای هەر کتێب و دەقێکی پیرۆز، پابەند بووە بە دەق و ئەو فرمانەی لەو ئایینەدا هاتوون و جگە لە پابەندبوون بەو ئایینە هیچ دەق و پەیام و ئایینێکی تر قبوڵ نەکراوە. ئەم حاڵەتەش لای ئایینناسان و بیرمەندان، هەر وابووەو پەیوەست بووە بە باوەڕ و قەناعەتی خودی ئاییناس و زانا و بیرمەند و مێژوونووس و توێژەرەکە. وەک ئەوەی لای (ئەلبەغدادی) وەک زانایەکی ئایینزای سوونە، ئایینی بە پابەند بوون بە ئایینی ئیسلام بەپێی ئایینزای سوننە زانیووە[٧٩]. ئەمەش ڕای سەرجەم زانایانی ئیسلام بووە لەو ئایینزایەدا، وەک (ئەلماوەردی)[٨٠]و (موحەممەد ئەلغەزالی)[٨١]و (ئیبنولجەوزی)[٨٢]و ئەوانی دیکە.

ڕای بیرمەند و خۆرهەڵاتناسەکانی ئەورووپاش جیاواز بووە، ئەوان پێیان وابووە "ئایینی بە پێویستییەکی ژیانی مرۆڤەکان زانیووەو پێی وابووە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا خێڵێک نەبووە ئایینی نەبووبێت، بۆیە مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا ئایینی بوون و ئایینین"[٨٣].

لەم پێودانگەشەوە باوەڕ و تێگەیشتن و تێڕوانین بۆ ئایین لای هەر زانا و بیرمەند و توێژەرێک، لە خودی باوەڕی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە لە مێژوودا پێناسەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ بۆ ئایین نابینین. هەر بۆیە ئاسایش بووە شاعیرێکی وەک (دڵدار) دین و ئایینی کورد بە نیشتمانەکەی پێناسە بکات.

**٤-ئاڵای کوردستان: لە نیو دێڕی دووەمی دێڕی چوارەمدا ئاماژەی بە (ئاڵا) کردووە بۆ نەتەوەکەی، بەم شێوەیە:**

**"زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان"**

مەبەستی (دڵدار) لە بوونی ئاڵا بۆ کورد بەو مانایە بووە، کە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو بەدرێژایی مێژوویی خۆی، خاوەنی ئاڵای خۆی بووە. واتە ئاڵای هێز و لایەن و دەوڵەتانی دیکە بە هی خۆی نەزانیووە. ئەوەش هۆکاری زیندووبوون و بەهێزی کورد بووە، وەک (دڵدار) بۆی چووە، بەوەی ئەو ئاڵایە هیچ نانەوێ. واتە سەرباری ئەو هەموو ستەم و چەساندنەوەو داگیرکارییەی بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە، کەچی کورد هەر ماوەتەوە و لەناونەچووەو ئاڵاکەشی هەرماوە[٨٤]، چونکە ئاڵا شوناسی بوون و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بووە. وەک ئەوەی ئاڵای حکومەتی کوردستانی باشوور) بە ڕێبەرایەتی (مەلیک مەحموود) لەنێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٤)، لە ڕووتەختێکی سەوز پێکهاتووە، کە بازنەیەکی خڕی لەناودا بووەو لەناو بازنە خڕەکەش مانگێکی (هیلالی) تێدابووە[٨٥].

لەلایەکی ترەوە کوردی بە خاوەن مێژووییەکی خوێناوی و و قوربانیدەر پێناسە کردووە، کە لە ڕووی مێژووییەوە سەراپای مێژووی کورد خەبات و قوربانیدان و کۆڵنەدان بووە. لەم بوارەشدا ئەگەر بە تۆمار و ڕووداوەکانی مێژووی کوردا ڕۆبچین دەگەینە ئەوەی، کە سەراپای مێژووی کورد بۆ ڕزگاری و ئازادی و سەرفرازی خاکەکەی بووە[٨٦]. هەربۆیە بە درێژایی مێژوویی خۆی لە خەبات بەردەوام بووە و کۆڵی نەداوە و مێژووییەکی دوور و درێژی لەگەڵ ململانێ و خەبات و قوربانیدان، تا سەردەمی (دڵدار)ی شاعیر و تەنانەت دواتر و بۆ ئێستاش درێژە پێداوە. هەر ئەو خۆڕاگرییەش بووە کوردیان وەک نەتەوە گەیاندۆتە ئێستا و ئایندەش.

**ئەنجام**

**لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** (دڵدار) وەک یەکێک لە شاعیرە هاوچەرخەکانی کورد، تەنیا لەماوەی (سی) ساڵی تەمەنیدا (١٩١٨-١٩٤٨ز) بە هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) بووە یەکێک لە ناسراوترین شاعیرانی کورد، بەتایبەت شاعیرانی هاوچەرخی کورد، چونکە ئەو هۆنراوەیەی دواجار کرایە سروودێکی نەتەوەیی.

**دووەم:** (ئەی ڕەقیب) لە یەکەمین ئەزموونی حکومڕانی کورد بە سیستەمی کۆماری لەساڵی (١٩٤٦ز) بووە سروودی نیشتمانیی کۆماری کوردستان لە (مەهاباد)و بۆ ماوەی (یانزە) مانگ سروودی نەتەوەیی کۆمار بوو. دواتریش وەک سروودی نەتەوەیی کورد تا ئێمرۆ مایەوە.

**سێیەم:** (دڵدار) لەهۆنراوەکەیدا پشتی بە چەندین تۆماری مێژوویی بەستووە بۆ پشت ئەستوورکردنی دەقەکانی و لەو کارەشیدا زۆر جوان و بە کورتترین دەربڕین، چەند دەقی مێژوویی بۆ هۆنراوەکەی هەڵبژاردووە، وەک گەڕانەوەی ڕیشەی کورد و سەروەرییەکانی بۆ دەوڵەتی ماد و پادشا بەناوبانگەکەی (کەی ئەکسار). سەرباری ئاماژەدان بە ئاڵا وەک ناسنامەی

شــــکۆی نـەتـەوەیی کورد و کۆبوونـەوەی ئـایین و بـاوەڕی کورد لـە قوربـانیـدان بۆ خـاک و نیشتمانەکەی (کوردستان) بووە.

**چوارەم:** لە کۆی دێڕەکانی هۆنراوەکە (کورد)ی بە نەتەوەیەکی زیندووی کۆڵنەدەری خەباتگێر پێناســـە کردووە. هەروەها ئەوەشـــی خســـتۆتەڕوو، کە بەرامبەر کۆســـپەکانی ژیان و دڕەندەیی و دلڕەقی نەیارانی کورد و داگیرکەرانی خاکەکەی کۆڵی نەداوە و لە خەبات و قوربانیدان بەردەوام بووە. هەر ئەوەش هۆکاری مانەوەی کورد بووە لە مێژوودا، کە تائێستاش درێژە بە ژیان دەدات.

**پێنجەم:** ئەم هۆنراوەیە بە یەکێک لە دیارترین ئەو هۆنراوە کوردییانە دادەنرێت، کە (مێژووی کورد) بە سەراپای هۆنراوەکەدا دیارە و هێزێکی بە هۆنراوەکانەوە دیارە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

١. دڵدار: دیوانی دڵدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردســـــتان-هەولێر، عێراق، ١٩٧١ز، ل٣، کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام-بەغداد، عێراق، ١٩٨٠ز، ل٩٩، عبدالخالق علاءالدین-دلدار شـاعیری شـۆڕشـگێری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی الافاق العربیە-بغداد، عێراق، ١٩٨٥ز، ل١٣.

٢. دڵدار: س.پ، ل٣.

٣. دڵدار: ه.س، لل(٤، ٦٠)، عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل١٧.

٤. کاکەی فەلاح، س.پ، ل٩٩، عبدالخالق علاءالدین: ه.س، ل١٣.

٥. دڵدار: س.پ، ل٤، عبدالخالق علاءالدین: ه.س، لل١٥-١٦.

٦. دڵدار: ه.س، ل٤.

٧. جەمال فەتحوڵلا تەیب: شـاری کۆیە-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سـیاسـی و کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٦ز، ل١٢٥.

٨. دڵدار: س.پ، ل٤, کاکەی فەلاح: س.پ، ل٩٩، عبدالخالق علاءالدین: س.پ، لل(١٩، ٢٢).

٩. کاکەی فەلاح: ه.س، لل٩٩.

١٠. کۆمەڵەی منەوەران: ئەم کۆمەڵەیە، کە خەڵکی کۆیە پێیان دەووت (کۆمەڵەی ڕۆشـنبیرانی کۆیە) لەساڵی (١٩٣١ز) لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی و مامۆستاو خوێنەوارانی شارەکە لە (کۆیە) دامەزرا، بەمەبەسـتی کۆکردنەوەی زۆرترین توێژی خوێنەوار لە دەوری خۆیان بۆ خزمەتکردنی شـارەکە و بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد لەو قۆناغەدا. لەو کەسایەتی و مامۆسـتاو خوێنەوارانی شاری (کۆیە) لە دەوری ئەو کۆمەڵەیە کۆبوونەوە، (کاکە زیاد، زەکی ئەحمەد هەناری، تاهیر توفیق، ســـابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، عوسمان عەونی، جەواد حەمە بەگ، سامی عەودال، ئەحمەدی حەمەی مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان)و چەندین کەســـایەتی تر. بۆ ئەم مەبەســـتە، بڕوانە: (کریم شـــارەزا: لمحة عن تاریخ کویســـنجق و أنحائها/ مجلة زاکروس، العدد (٣)، اربیل، أقلیم کردســـتان العراق-العراق، ١٩٩٧م، ص٤٣، جەمال فەتحوڵلا تەیب، س.پ، لل ١١٠-١١٢).

١١. جەمال فەتحوڵلا تەیب: س.پ، ل١١٢.

١٢. دڵدار: س.پ، ل٥.

١٣ . عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل٣٣.

١٤. دڵدار: س.پ، ل٤، عبدالخالق علاءالدين: ه.س، ل٤١.
١٥. جەمال فەتحوڵلا تەيب: س.پ، ل١٢٩.
١٦. کاکەی فەلاح: س.پ، ل١٠٠.
١٧. ه.س، لل(٩٩-١٠١).
١٨. دڵدار: س.پ، ل٦٢.
١٩. موکەڕەم تاڵەبانی: کۆمەڵەی دارکەر و حیزبی هیوا چۆن دامەزرا؟، گۆڤاری رەنگین، ژمارە (٥٢)، بەغداد، عێراق، ١٩٩٣ز، ل٢٠، نوری شـاویس: من مذکراتی، الطبعة الاولی، منشـورات الحزب الديموقراطي الكردســتانی، اربیل، أقليم كردســتان العراق، العراق، ٢٠٠١م، ص١٨، صــالح الحيدری: مختارات من مذکرات صــالح الحيدری، الطبعة الاولی، الســليمانيه، أقليم کردســتان العراق، ٢٠٠٤م، ص١٩، جەمال فەتحوڵلا تەيب: س.پ، لل١١١-١١٢، نەجاتی عەبدوڵلا: جیزبی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥) دو رەوت و يەک کۆتايی، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە (٢٦)، ستۆکهۆڵم- سويد، ١٩٩٩ز، ل٥٩.
٢٠. د. عبدالســتار طاهر شـريف: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الکردية في نصـف قرن(١٩٠٨-١٩٥٨م)، الطبعة الثانية، دار سـردم للطباعة و النشـر-الســليمانيه، أقليم کردســتان العراق، العراق، ٢٠٠٧م، ص١٣٨، جەمال فەتحوڵلا تەيب: س.پ، ل١١٢، هيلين محمد أمين المزوری: حزب هيوا-الامل (١٩٣٩-١٩٤٦)-دراسة تاريخية سياسية، الطبعة الاولی، مطبعة حاجی هاشم-أربيل، أقليم کردستان العراق، العراق، ٢٠٠٨م، ص٥٢، محەمەد فاتيح: حزب و ڕێکخراوە سـياسـييە عێراقييەکان (١٩١٠-٢٠١٠)، چاپی يەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئاکاديميای هۆشياری و پێگەياندنی کاديران-سلێمانی، عێراق، ٢٠١٢ز، ل٩٩.
٢١. کۆمەڵەيەکی کوردی بوو، کە لە کۆتايی بيستەکانی سەدەی بيستەم لەلايەن کۆمەڵێک کەسايەتی کوردەوە دامەزرا، لەوانە (جەمال بابان، موحەممەد ئاغا عەبدولڕەحمان ئاغا، موحەممەد بەگ جاف، شـێخ جەمال تاڵەبانی، ئيسـماعيل بەگی ڕەواندوزی، حوسـێن حوزنی موکريانی، مەعروف چياوک، عارف چياوەک حازم شەمدين ئاغا)و چەندين کەسێکی تر دامەزرا، کە هيواو خواستی ئازادی کورد و کوردستان بوو. بۆ ئەم مەبەسـتە، بڕوانە: ((احمد محمد امين: ڕەواندوز-توێژينەوەيەکی مێژوويی سياسييە، چاپی يەکەم، سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٨ز، لل(١٢٨-١٣٠)، محمد فاتيح: س.پ، ل٩٤)).
٢٢. شاويس: م.س، ص١٨.
٢٣. المزروي: م.س، ص٥٢.
٢٤. د. مکرم جمال طالبانی: حزب هيوا، الطبعة الاولی، مرکز خاک للنشـر و الاعلام-الســليمانية، العراق، أقليم کردستان العراق، العراق، ٢٠٠٢م، صص(٤٣، ٤٩).
٢٥. ارکان حمه امين زرداوی: نشأة و تطور الجمعيات و الاحزاب و التيارات السياسية الکورديه فی العراق، الطبعة الاولی، السليمانية، أقليم کردستان العراق، العراق، ٢٠٠١م، ص٢٣.
٢٦. شـێرزاد عبدالرحمن: دڵدار شـيعر و هەڵوێسـت، چاپی يەکەم، دەزگای ڕۆشـنبيری و بڵاوکردنەوەی کوردی-بەغداد، عێراق، ١٩٨٦ز، ل١٧.
٢٧. دڵدار: س.پ، ل٦٢.
٢٨. ه.س، ل١٧.

٢٩. د. عەزیزی شـەمزینی: جوڵانەوەی رزگاری نیشـتمانی کوردسـتان، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: فەرید ئەسـەسـەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شـەهید ئیبراهیم عەزۆ، ئەیلول، ١٩٨٤ز، (٣/٢٠-٢٣)، مەوجود سـامان: دڵزار لە دیمانەیەکی تایبەتدا، گۆڤاری هەرێم، ژمارە (٣٠٧)، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٤ز، ل١٤.

٣٠. عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل٨٨، د. کاوس قفطان: الانتفاضـات البارزانیة، الطبعة الثانیة، مطبعة وزارة التربیة-اربیل، أقلیم کردستان العراق، العراق، ٢٠٠٣م، ص٦٥.

٣١. عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل٧٤.

٣٢. جەبار جەمال غەریب: دڵدار خۆرێک بە ئاسـمانی ئەدەبەوە، هەفتەنامەی باس، ژمارە (٣٦٦)، ڕۆژی (سێشەممە)، بەرواری (٢٠١٨/١/١٦)، ل٢٠.

٣٣. د. عبدالستار طاهر شریف: م.س ، صص١٦٢-١٦٣.

٣٤. عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل٨٨.

٣٥. کاکەی فەلاح: س.پ، لل(٩٩-١٠١)، عبدالخالق علاءالدین: ه.س، ل٧٦.

٣٦. جەمال فەتحوڵلا: س.پ، لل(١٩٤-١٩٧).

٣٧. کاکەی فەلاح: س.پ، لل(٩٩-١٠٧)، عبدالخالق علاءالدین: س.پ، لل(١٣-٧٦)، جەمال فەتحوڵلا: س.پ، لل(١١١، ١٩٣-١٩٧).

٣٨. دڵدار: س.پ، ل١٧.

٣٩. ه. س، ل١١.

٤٠. جەمال فەتحوڵلا تەیب: س.پ، لل(١٩٧-١٩٩).

٤١. دلدار: س.پ، ل١٧، شـێرزاد عبدالرحمن: س.پ، لل(١٦-١٨)، جەمال فەتحوڵلا تەیب: س.پ، لل١٩٧-١٩٨.

٤٢. ابالاس ادگار: جنبش کردها، ترجمە: اسـماعیل فتاح قاچی، چاپ اول، انتشـارات نگاه-تهران، ایران، ١٣٧٧ه.ش، ص٦٠، حمید رضـا فیروزی: جمهوری کردسـتان-گذری بر چگونگی پیدایش و چرایی فروپاشی، چاپ دوم، انتشارات نوای دانش-سنندج-ایران، ١٣٨٨ه.ش، ص٨٤.

٤٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، لل(٩٦-١٠١)، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی: بیرەوەرییەکانم لەساڵانی (١٩٤٣-١٩٧٧ز)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٢ز.

٤٤. دڵدار: س.پ، ل١٧.

٤٥. ه.س، ل١٢.

٤٦. کاکەی فەلاح: س.پ، ل١٠٧.

٤٧. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا-سلێمانی، عێراق، ٢٠١٣ز، لل٥٠-٥١.

٤٨. ئەکرەمی میهرداد: ناسـیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، چاپی یەکەم، سـلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٦ز، لل٤١-٤٢.

٤٩. جەمیل ڕۆژبەیانی: سولطان سەنجەری سەلجوقی سلێمان شاه بوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٨)، بەغداد، عێراق، ١٩٨٨ز، ل٢٣، د. جمال رشـید احمد و د. فوزی رشـید: تاریخ الکرد القدیم، الطبعة الاولی، مطابع دار الحکمە-أربیل، العراق، ١٩٩٠م، ص١٣، د. زرار صـدیق توفیق:

کردستان فی القرن الثامن الهجري-دراسة في تاريخها السياسى و الحضاري، الطبعة الاولى، مطبعة وزارهة الثقافه-أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠١م، ص٣٧، د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: س.پ، ل١٥.

٥٠. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (د. جمال رشيد احمد و د. فوزى رشيد: ە.س، صص(١٢-١٢٢).

٥١. طه باقر و فؤاد سفر: المرشد الى مواطن و الاثار، الطبعة الرابعة، بغداد، العراق، ١٩٦٥م، صص٢٠-٢١، زبير بلال اسماعيل: مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی: یوسف رووف علی، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة-بغداد، عێراق، ١٩٨٤ز، ل٨٩ ڤیلچیڤسکی: نەژادی کورد-ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات-دهۆک، عێراق، ٢٠٠٠ز، لل(٧٠-٧٧) د. فؤاد حمه خورشيد: أصل الكورد و اللغة الكورديه، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة و النشر-السليمانية، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠١١م، صص(٨٢-٨٤).

٥٢. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (عبدالرحمن زەبیجی: قاموسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، انتشاراتی صلاح الدينى ايوبى-مهاباد، ئێران، ١٣٦٧ه.ش، ل٢٦، زبیر بلال اسماعیل: س.پ، لل(٣٣، ٤٩، ٨٩)، محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق، ١٩٩٠ز، ل٢٤، د. رفیق شوانی: زمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی-دهۆک، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل١٢٨).

٥٣. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ڤلادیمیر مینۆرسکی: بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی حمدی-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٧ز، لل(٢٩-٤٢)، د. جمال رشید احمد: الكورد و ظهورم فى التاريخ، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة و النشر و التوزيع-اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٣م، ٢/١٨٠-١٨١، کەریم شارەزا و نازم حەویزی و عوسمان مستەفا خۆشناو و مەجید ئاسنگەر: کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر، ٢٠٠٩ز، ل٣٧)).

٥٤. بۆ ئەم مەبەستە و بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: (کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویی دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٤ز، لل(١٣-٢٤)، کورد و مێژوو و جەژنی نەورۆز، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر-سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا-سلێمانی، عێراق، ٢٠١٤ز، ل١٠).

٥٥. د. حسن ابراهيم حسن: س.پ، ٨٥/١، د. عبدالعزيز الدوري: مقدمة فى تاريخ صدر الاسلام، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م، صص٤٦-٤٧).

٥٦. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((حمید احمدی: ریشەهای بحران در خاورمیانه، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٧١ه.ش، صص(٤٧٦-٤٧٨) )).

٥٧. مینۆرسکی: س.پ، ل٣٦، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی: کورد و ڕەگەزی ئاری-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و زمانەوانی و کەلتوورییە، ئامادەکردنی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراپخا-کەرکوک، عێراق، ٢٠٠٥ز، ل٤٤، قادری ئەحمەدی: کورد و مێژوو-کورتە باسێکە لەسەر ئایین و مێژووی کورد لە٣٦٠٠پێش زایین تا سەرهەڵدانی قاجارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی قانع-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٥ز، ل١٥٥.

٥٨. وليام لانجز: موسوعه تاريخ العالم، اشرف على الترجمه: د. محمد مصطفى زيادة، الطبعة الاولى، مكتبه النهضة المصرية–القاهرة، مصر، ١٩٥٩م، ٩٣/١.

٥٩ . ڤیلچیڤسکی: س.پ، ل١١٨–١١٩.

٦٠. د. ئەحمەد مەحمود ئەلخەلیل: مەملەکەتی ماد، وەرگێڕانی: حەمەسەعید کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان–هەولێر، عێراق، ٢٠١٣ز، ل٣٧.

٦١. عبدالحسین زرین کوب: تاریخ مردم ایران– ایران قبل از اسلام– کشمکش باقدرتها، چاپ أول، مؤسسه أنتشارات امیر کبیر–چاپخانه سپهر، تهران، ایران، ١٣٧٤ه.ش، ٨٥,/١.

٦٢. د. جمال رشيد احمد و د. فوزى رشيد: تاريخ الكرد القديم، صص١١٢–١١٣، ئەلخەلیل: س.پ، ل (٥٩، ٦٣).

٦٣. د. عبدالحميد زايد: الشرق الخالد–مقدمة فى تاريخ الحضارات الشرق الادنى من أقدم العصور حتى عام ٣٢٣ق.م، الطبعة الاولى، دار النهضة المصرية–القاهرة، ١٩٦٧م، ص٥٧١، ایگور میخائیلوویچ دیاکونوف: تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، چاپ ششم، شرکت انتشارات علمى و فرهنگى–تهران، ایران، ١٣٨٠ه.ش، ص١٧١، زرین کوب: تاریخ، ٨٥/١.

٦٤. هرودوت: تاریخ هرودوت، تلخیص و تنظیم: جیمس الن استوارت اونز، ترجمه به انگلیسی: جرج راولینسن، ترجمه به فارسی: وحید مازندرانی، چاپ چهارم، شرکت انتشارات علمى فرهنگى–تهران، ایران، ١٣٤٣ه.ش، ص٨١

٦٥. بڕوانە هۆنراوەکە، نیوەی دووەمی دێڕی سێیەم، کە دەڵێ: (ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی خوسرەوین).

٦٦. دۆن ناردۆ: ئیمپراتۆریەتی ئاشور: وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب، چاپی یەکەم، دەزگا و پەخشی سەردەم–سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل١٣٧، ئەحمەدی: کورد، ل,١٦٢

٦٧. ڕۆژبەیانی: کورد، ل٥٣–٥٤، ئەحمەدی: کورد، ل١٥٥.

٦٨. : تاريخ مردم ايران، ٩٤/١، چاپلد: م.س، ص٦٠.

٦٩. دیاکونوف: م.س، ص٢٧١، ناردۆ: س.پ، ل١٣٩، ڕۆژبەیانی: کورد، ل٥٥، ئەلخەلیل: س.پ، ل٨٤ هەروەها:

Qutoed in Inckenbill: Anicent records of Assyia and Babylion, Vol 2, First Type, London, U.G, PP419–420.

٧٠. دیاکونوف: م.س، ص٢٧١، ناردۆ: س.پ، ل١٣٧، زبیر بلال اسماعیل: س.پ، ل١٩، ئەلخەلیل: س.پ، ل٧٣، د. فۆاد حمه خورشید: م.س، ص٣٨.

٧١. المسعودى: مروج الذهب و معادن الجوهر، عني به: د.محمد هشام النعسان و عبدالمجيد طعمه حلبي، الطبعة الاولى، دار المعرفة للطباعة و النشر و التورزيع–بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م، ٢٣٧/١، الخواجه نظام الملك الطوسي: سياست نامه–سير الملوك، ترجمه: يوسف حسين بكار، الطبعة الاولى، دار القدس–بيروت، لبنان، بلا، ص٦٠.

٧٢. دیاکونوف: م.س، ص٣٩، زبیر بلال اسماعیل: س.پ، ل(٣٣، ٤٩، ٨٩)، میهرداد، س.پ، ل٤٤–٤٥.

٧٣. الرازى: مختار الصحاح، صنعه: نديم مرعشلي، اسامه مرعشلي، عادل مرعشلي، قدم له: د. وهبه الزحيلى، الطبعة الاولى، دار البشائر للطباعه والنشر والتوزيع–دمشق، سوريه، ١٩٩٧م، ص١٤٣،

فیروز ابادی: القاموس المحیط، رتبه و وثقه: خلیل مامؤن شیحا، الطبعة الثانیة، دار المعرفه– بیروت، لبنان، ٢٠٠٧م، صص ٤٦١-٤٦٢.

٧٤. الراغب الاصفهانی: معجم مفردات الفاظ القران، تحقیق: ندیم مرعشلي، الطبعة الاولی، دار الکاتب العربي–بیروت، لبنان، ١٩٧٢م، ص١٧٧، أبن منظور: لسان العرب، تحقیق: عبدالله علی الکبیر، الطبعة الاولی، دار المعارف–القاهرة، مصر، بلا، ١٤٦٩/٢.

٧٥ . العهد القدیم، سفر التکوین، ١٢: ٣.

٧٦ . یسنا، هات، ٣٠: ٤.

٧٧ . ئینجیل، مەرقۆس، ٣٧:٩.

٧٨ . سوورەتی (ال عمران)، ئایەتی (١٩). مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە ''ئایین لە لای خودا ئیسلام''.

٧٩. مانای فەرموودەکەش بەم شێوەیە ''باوەڕ نزیک بە حەفتا بەشە، ڕێز و حورمەتیش بەشێکە لە باوەڕ''. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (البخاری: صحیح البخاری، ضبط النص: محمود محمد محمود حسن النصار، الطبعة الثالثة، دار الکتب العلمیة–بیروت، لبنان، ٢٠٠٣م، کتاب الایمان (٢)، باب امور الایمان (٣)، صص١٧-١٨، النسائی: سنن السنائی، الطبعة الاولی، دار ابن حزم–بیروت، لبنان، ١٩٩٩م، کتاب الایمان و شرائعه، رقم الحدیث (١٦)، ص٧١٥).

٨٠ . بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: ((عبدالقاهر بن طاهر بن محمد البغدادي: اصول الدین، الطبعة الاولی، مطبعة الدولة–مدرسه الالهیات بدار الفنون الترکیة– اسطنبول، ترکیا، ١٩٢٨م، صص(١٥٣-٢٠٨) )).

٨١ . : الاحکام السلطانیه و الولایات الدینیة، الطبعة الاولی، مطبعة عیسی الباب الحلبی و شرکائه فی مصر– القاهرة، مصر، ١٩٥٤م، ص٤٠.

٨٢ . ابو حامد محمد بن محمد بن محمود: فیصل التفرقة بین الاسلام و الزندقة، تحقیق: سلیمان دنیا، الطبعة الاولی، دار الاحیاو الکتب– القاهرة، مصر، ١٩٦١م، ص١٩٢.

٨٣ : تبلیس ابلیس، الطبعة الخامسة، مؤسسة الکتب العلمیة–بیروت، لبنان، بلا، صص(٥-١٢).

٨٤ . بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (رابرت.ا. هیوم: ادیان زنده جهان، ترجمه: دکتر محمد عبدالرحیم گواهی و با ورقی فصل مربوط به اسلام استاد محمد تقی فرامرزی، چاپ ششم، دفتر نشر فرهنگی اسلامی– تهران، ایران، ١٣٧٦ه.ش، صص١٧-١٨، جورج ویلهام فردریک هیجل: موسوعة العلوم الفلسفیة، ترجمه: امام عبدالفتاح امام، الطبعة الاولی، دار التنویر– بیروت، لبنان، ١٩٨٣م، صص٤٧-٤٨).

٨٥ بۆ ئەم مەبەستە و زانیاری لەسەر بوونی ئاڵا لە چەند شۆڕشێکی هاوسەردەمی دڵداری شاعیر، بڕوانە: ((کریس کۆچێرا: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٤ز، لل(٧٧، ١١٦)، فاخر حەسەن گولی: سمکۆیێ شکاک و شۆڕەشاوی د بەڵگەنامەیێن ئێرانی دا، وەرگێران و پێداچوون: نزار ئەیوب گولی، چاپ ئێکی، چاپخانە سپیریز– دهۆک، عێراق، ٢٠١٠ز، لل(٣٠-٣٧) )).

٨٦ کۆچێرا: س.پ، ل٧٧,

٨٧ بۆ ئەم لایەنە سەرچاوە گەلێک زۆرن، بۆ مەبەستە، بڕوانە: شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێرانی: هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٢ز، محەمەد محەمەد

ئەمین زەكی: خولاصـــەیەكی تاریخی كورد و كوردســـتان، چاپی یەكەم، چاپخانەی دار الســـلام-بەغداد، عێراق، ١٩٣١ز).

**سەرچاوەكان**

**یەكەم: كتێبە پیرۆزەكان:**

١.ئاڤێستا: كتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی.
٢.ئینجیل: كتێبی پیرۆزی ئایینی مەسیحی.
٣.تەورات: كتێبی پیرۆزی ئایینی جوو.
٤.قورئان: كتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام.

دووەم: بەزمانی عەرەبی:

**١.سەرچاوە كۆنەكان:**

الراغب الاصفهانی، هو الحسین بن محمد بن المفضل الراغب/(٥٠٢هـ/١١٠٨م)
٥. معجم مفردات الفاظ القران، تحقیق: ندیم مرعشلی، الطبعه الاولی، دار الكاتب العربی-بیروت، لبنان، ١٩٧٢م.
البخاری، ابی عبدالله محمد بن اسماعیل بن ابراهیم بن المغیره بن بردزیه الجعفی/(ت٢٥٦هـ/٨٦٩م)
٦. صـــحیح البخاری، ضـــبط النص: محمود محمد محمود حســـن النصـــار، الطبعه الثالثه، دار الكتب العلمیه-بیروت، لبنان، ٢٠٠٣م.
البغدادی، عبدالقاهر بن طاهر بن محمد/(٤٢٩هـ – ١٠٣٧م)
٧. اصول الدین، الطبعه الاولی، مطبعه الدوله–مدرسه الالهیات بدار الفنون التركیه– اسطنبول، تركیا، ١٩٢٨م.
ابوبكر الرازی، محمد بن ابی بكر بن عبدالقادر/(٦٦٦هـ/١٢٦٧م)
٨. مختار الصحاح، صنعه: ندیم مرعشلی، اسامه مرعشلی، عادل مرعشلی، قدم له: د. وهبه الزحیلی، الطبعه الأولی، دار البشائر للطباعه و النشر و التوزیع-دمشق، سوریه، ١٩٩٧م.
أبن الجوزی، جمال الدین ابی الفرج عبدالرحمن البغدادی/(٥٩٧هـ/١٢٠٠م)
٩. تبلیس ابلیس، الطبعه الخامسة، مؤسسه الكتب العلمیه-بیروت، لبنان، بلا.
الغزالی، ابو حامد محمد بن محمد بن محمود/(٥٠٥هـ/١١١١م)
١٠. فیصـــل التفرقة بین الاســـلام و الزندقة، تحقیق: ســـلیمان دنیا، الطبعه الاولی، دار الاحیاء الكتب-القاهرة،مصر، ١٩٦١م.
الگبری، ابی جعفر محمد بن جریر/(٣١٠هـ/٩٣٢م)
١١. تاریخ الطبری، تحقیق: مصـــطفی الســـید و طارق الســـید، الطبعه الاولی، مكتبه التوفیقیة-القاهرة، مصر، بلا.
الطوسی، الخواجه نظام الملك/(٤٨٥هـ/١٠٩٢م)
١٢. سیاست نامه-سیر الملوك، ترجمه: یوسف حسین بكار، الطبعه الاولی، دار القدس-بیروت، لبنان، بلا.
الفیروز ابادی، مجدالدین محمد بن یعقوب/(٨١٧هـ/١٤١٤م)

١٣. القاموس المحيط، رتبه و وثقه: خليل مامؤن شـــيحا، الطبعه الثانيه، دار المعرفة– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧م.
الماوردى، أبو الحسن على بن محمد بن حبيب البصرى/(٤٥٠ھ/١٠٥٨ م)
١٤. الاحكام الســلطانيه و الولايات الدينية، الطبعه الاولى، مطبعه عيســى الباب الحلبى و شـركائه فى مصر– القاهرة، مصر، ١٩٥٤م.
المسعودى، ابى الحسن على بن الحسين/(٣٤٥ھ/٩٥٦م)
١٥. مروج الذهب و معادن الجوهر، عنى به: د.محمد هشـام النعسـان و عبدالمجيد طعمه حلبى، الطبعه الاولى، دار المعرفه للطباعه و النشر و التوزيع–بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م.
أبن منظور، محمد بن مكرم بن على أبو الفضل جمال الدين/(٧١١ھ/١٣١١م)
١٦. لسان العرب، تحقيق: عبدالله على الكبير، الطبعه الاولى، دار المعارف–القاهرة، مصر، بلا.
النسائى، ابى عبدالرحمن احمد بن شعيب ابن على بن سنان بن دينار/(ت٣٠٣ھ/٩١٥م)
١٧. سنن السنائى، الطبعه الاولى، دار ابن حزم–بيروت، لبنان، ١٩٩٩م
ب.سەرچاوە نوێیەكان:
د. جمال رشيد احمد و د. فوزى رشيد/
١٨. تاريخ الكرد القديم، الطبعه الاولى، مطابع دار الحكمه–أربيل، العراق، ١٩٩٠م.
١٩. الكورد و ظهورهم فى التاريخ، الطبعه الاولى، دار اراس للطباعة والنشـــر والتوزيع–اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٣م،
د. حسن ابراهيم حسن/
٢٠. تاريخ الاسلام العام، الطبعه الخامسه عشر، مكتبه النهضة المصرية–القاهرة، ٢٠٠١م.
الحيدرى، صالح/
٢١. مختارات من مذكرات صالح الحيدرى، الطبعة الاولى، السليمانية، أقليم كردستان العراق، ٢٠٠٤م.
الدورى، د. عبدالعزيز/
٢٢. مقدمه فى تاريخ صدر الاسلام، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م.
زايد، د. عبدالحميد/
٢٣. الشـرق الخالد–مقدمة فى تاريخ الحضـارات الشـرق الادنى من أقدم العصـور حتى عام ٣٢٣ق.م، الطبعة الاولى، دار النهضة المصرية–القاهرة، ١٩٦٧م.
د. زرار صديق توفيق/
٢٤. كردســتان فى القرن الثامن الهجرى–دراســة في تاريخها الســياســى والحضــاري، الطبعة الاولى، مطبعه وزارة الثقافة–أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠١م.
زرداوى، اركان حمه امين/
٢٥. نشـــاه وتطور الجمعيات والاحزاب والتيارات الســـياســـية الكوردية في العراق، الطبعة الاولى، السليمانيه، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠١م.
السحمرانى، د. سعد/
٢٦. ترجمان الاديان، الطبعة الاولى، دار النفائس للطباعه والنشر والتوزيع–بيروت، لبنان، ٢٠٠٩م.
شاويس، نورى/

٢٧. من مذكراتى، الطبعة الاولى، منشورات الحزب الديموقراطي الكردستاني، اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠١م.
طالبانى، د. مكرم جمال/
٢٨. حزب هيوا، الطبعة الاولى، مركز خاك للنشر والاعلام-السليمانية، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٢م.
طه باقر و فؤاد سفر/
٢٩. المرشد الى مواطن و الاثار، الطبعة الرابعة، بغداد، العراق، ١٩٦٥م.
د. عبدالستار طاهر شريف/
٣٠. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن(١٩٠٨-١٩٥٨م)، الطبعة الثانية، دار سردم للطباعة والنشر-السليمانية، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٧م.
ا.د. فؤاد حمه خورشيد/
٣١. أصل الكورد واللغة الكوردية، الطبعة الاولى، دار سردم للطباعة والنشر-السليمانيه، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠١١م.
قفطان، د. كاوس/
٣٢. الانتفاضات البارزانية، الطبعة الثانيه، مطبعة وزارة التربية-اربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٣م.
لانجز، وليام/
٣٣. موسوعة تاريخ العالم، اشرف على الترجمة: د. محمد مصطفى زيادة، الطبعة الاولى، مكتبه النهضه المصرية-القاهرة، مصر، ١٩٥٩م.
المزورى، هلين محمد أمين/
٣٤. حزب هيوا-الامل (١٩٣٩-١٩٤٦)-دراسة تاريخية سياسية، الطبعة الاولى، مطبعة حاجى هاشم-أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٨م.
هاول، ويلسون ناثانيل/
٣٥. الكرد و الاتحاد السوفياتى، ترجمه: ضياء الدين المرعب، مراجعة: د. فؤاد حمه خورشيد و فائزهة رشيد جمعة، الطبعة الاولى، مطبعة ايلاف-بغداد، العراق، ٢٠٠٦م.
هيغل، جورج ويلهام فردريك/
٣٦. موسوعة العلوم الفلسفية، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، الطبعة الاولى، دار التنوير- بيروت، لبنان، ١٩٨٣م.
سيوسيولوجيا الفكر الاسلامى، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجديدة- القاهرة، مصر، بلا.
سێیەم: بەزمانی کوردی:
احمد محمد امین/
٣٧. ڕەواندوز-توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٨ز.
بەدلیسی، شەرەفخان/
٣٨. شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێرانی: هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٢ز.

ئەحمەدی، قادر/
٣٩. کورد و مێژوو-کورتە باسێکە لەسەر ئایین و مێژووی کورد لە٣٦٠٠پێش زایین تا سەرهەڵدانی قاجارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانە وئۆفسێتی قانع-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٥ز.
ئەلخەلیل، د. ئەحمەد مەحمود /
٤٠. مەملەکەتی ماد، وەرگێڕانی: حمەسەعید کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان-هەولێر، عێراق، ٢٠١٣ز.
جەمال فەتحوللا تەیب/
٤١. شاری کۆیە-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسی وکۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٦ز.
دڵدار/
٤٢. دیوانی دڵدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان-هەولێر، عێراق، ١٩٧١ز
ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل/
٤٣. کورد و ڕەگەزی ئاری-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و زمانەوانی و کەلتوورییە، ئامادەکردنی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراپخا-کەرکوک، عێراق، ٢٠٠٥ز.
شارەزا، کەریم و نازم حەویزی و عوسمان مستەفا خۆشناو و مەجید ئاسنگەر/
٤٤. کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر، عێراق، ٢٠٠٩ز.
زبیر بلال اسماعیل/
٤٥. مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: یوسف رووف علی، چاپی یەکەم، دار الحریة للطباعه-بغداد، عێراق، ١٩٨٤ز.
زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی/
٤٦. بیرەوەرییەکانم لەسالانی (١٩٤٣-١٩٧٧ز)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٢ز.
زەبیحی، عبدالرحمن/
٤٧. قاموسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، انتشاراتی صلاح الدینی ایوبی-مهاباد، ئێران، ١٣٦٧ه.ش.
شەمزینی، د. عەزیز/
٤٨. جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: فەرید ئەسەسەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ئەیلول، ١٩٨٤ز.
شێرزاد عبدالرحمن/
٤٩. دڵدار شیعر و هەڵوێست، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی-بەغداد، عێراق، ١٩٨٦ز.
شوانی، د. رفیق/
٥٠. زمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی-دهۆک، عێراق، ٢٠٠٨ز.
عبدالخالق علاءالدین/
٥١. دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی الافاق العربیة-بغداد، عێراق، ١٩٨٥ز.

کاکەی فەلاح، حەمە حەمە ئەمین قادر/
٥٢. کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام-بەغداد، عێراق، ١٩٨٠ز.
کەیوان ئازاد ئەنوەر/
٥٣. چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا-سلێمانی، عێراق، ٢٠١٣ز.
٥٤. کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویی دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٤ز.
٥٥. کورد و مێژوو و جەژنی نەورۆز، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر-سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا-سلێمانی، ٢٠١٤ز، عێراق.
محەمەد محەمەد ئەمین زەکی/
٥٦. خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار السلام-بەغداد، عێراق، ١٩٣١ز
حەمەد فاتیح/
٥٧. حزب و ڕێکخراوە سیاسییە عێراقییەکان (١٩١٠-٢٠١٠)، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران-سلێمانی، عێراق، ٢٠١٢ز
مینۆرسکی، ڤلادیمیر/
٥٨. بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٧ز.
میهرداد، ئەکرەم/
٥٩. ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، چاپی یەکەم، سلێمانی، عێراق، ٢٠٠٦ز.
نەوشیروان مستەفا ئەمین/
٦٠. حکومەتی کوردستان- کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا، چاپی دووەم، هەولێر، عێراق، ١٩٩٣ز.
هەورامانی، محەمەد ئەمین/
٦١. مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەغداد، عێراق، ١٩٩٠ز، ل٢٤،
چوارەم: بەزمانی فارسی:
ا.سەرچاوە کۆنەکان:
هرودوت/
٦٢. تاریخ هرودوت، تلخیص و تنظیم: جیمس الن استوارت اونز، ترجمه به انگلیسی: جرج راولینسن، ترجمه به فارسی: وحید مازندرانی، چاپ چهارم، شرکت انتشارات علمی فرهنگی-تهران، ایران، ١٣٤٣ه.ش.

**ب. سەرچاوە نوێیەکان:**
احمدی، حمید/
٦٣. ریشەهای بحران در خاورمیانە، چاپ اول، تهران، ایران، ١٣٧١ه.ش.
ادگار، ابالاس/
٦٤. جنبش کردها، ترجمه: اسماعیل فتاح قاضی، چاپ اول، انتشارات نگاه-تهران، ایران، ١٣٧٧ه.ش.

رضا فیروزی، حمید/
٦٥. جمهوری کردستان-گذری بر چگونگی پیدایش و چراپی فروپاشی، چاپ دوم، انتشارات نوای دانش-سنندج-ایران، ١٣٨٨ه.ش.
دیاکونوف، ایگور میخائیلوویچ/
٦٦. تاریخ ماد، ترجمه: کریم کشاورز، چاپ ششم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی-تهران، ایران، ١٣٨٠ه.ش.
هیوم، رابرت.ا/
٦٧. ادیان زنده جهان، ترجمه: دکتر محمد عبدالرحیم گواهی و با ورقی فصل مربوط به اسلام استاد محمد تقی فرامرزی، چاپ ششم، دفتر نشر فرهنگی اسلامی- تهران، ایران، ١٣٧٦ه.ش.
پێنجەم: بە زمانی ئینگلیزی:
68.Qutoed in Inckenbill: Anicent records of Assyia and Babylion, Vol 2, First Type, London, U.G.
**شەشەم: بڵاوکراوەکان:**
**ا.بەزمانی کوردی:**
تاڵەبانی، موکەڕەم/
٦٩. کۆمەڵەی دارکەر و حیزبی هیوا چۆن دامەزرا؟، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (٥٢)، بەغداد، عێراق، ١٩٩٣ز.
جەبار جەمال غەریب/
٧٠. دڵدار خۆرێک بە ئاسمانی ئەدەبەوە، هەفتەنامەی باس، ژمارە (٣٦٦)، ڕۆژی (سێشەممە)، بەرواری (٢٠١٨/١/١٦).
ڕۆژبەیانی، جەمیل/
٧١. سولطان سەنجەری سەلجوقی سلێمان شاە بوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٨)، بەغداد، عێراق، ١٩٨٨ز.
مەوجود سامان/
٧٢. دڵزار لە دیمانەیەکی تایبەتدا، گۆڤاری هەرێم، ژمارە (٣٠٧)، هەولێر، عێراق، ٢٠٠٤ز.
نەجاتی عەبدوڵلا/
٧٣. حیزبی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥) دو ڕەوت و یەک کۆتایی، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە (٢٦)، ستۆکهۆڵم-سوید، ١٩٩٩ز.
**ب. بە زمانی عەرەبی:**
شارەزا، کریم/
٧٤. لمحة عن تاريخ كويسنجق و أنحائها/ مجلة زاكروس، العدد (٣)، اربيل، أقليم كردستان العراق-العراق، ١٩٩٧م.

## ملخص البحث باللغة العربية

يعد (دلدار) من أشهر الشعراء الكرد في التاريخ الكرد المعاصر،الذى برز دوره بعد كتابه شعره (اى رقيب)، والتي أصبحت فيما بعد نشيدا قوميا و وطنيا للكرد. واستند (دلدار) في شعره الى بعض حقائق تاريخية، لكى يثبت قوة وأصالة الكرد في التاريخ. من هنا قمنا باعداد بحثنا هذا تحت عنوان (الجوانب التاريخيه للشعر اى رقيب)، المقدم الى المؤتمر العلمى الثالث لجامعة كوية، وذلك تقديرا لذكرى المئوية لميلاد الشاعر دلدار. ولغرض هذا قمنا بتقسيم البحث الى مبحثين. في المبحث الاول أشرنا الى حياة الشاعر وكيفية كتابة شعره مع مكان و زمان كتابة شعره. اما في المبحث الثاني أشرنا الى الأبعاد التاريخية لهذا الشعر. فى الختام اشرنا الى عدة النتائج الذى وصل اليه الباحث. هذا واَتمنى أن يكون بحثنا هذا يرضى و قبول المؤتمر ومن الله التوفيق.

## Abstract

Dildar is one of the most famous Kurdish poets in literature and poetry and in contemporary history, which appeared after his poetry writing (Ay Raqeb), which later became a national and national anthem of the Kurdish. One of the famous features (Ay Raqeb), based on the poet to some historical facts, to prove the strength and authenticity of the Kurds in history. From here we have prepared this research under the title (Historical aspects of the anthem, Ay Raqeb), Presented to the third scientific conference of the University of Koya, in recognition of the centenary of the birth of the poet Dildar. For this purpose we divided the research into two subjects. In the first part we pointed to the life of the poet and how to write poetry and the place and time of writting the poet. In the second section we refer to the historical aspects of this poetry. In conclusion, we referred to several findings reached by the researcher. This is where I hope that this research is the satisfaction of the conference and the academic side and God is .reconciled

## پوختەی توێژینەوە

(دڵدار) بەیەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی نێو بواری ئەدەب و شیعری کوردی دادەنرێت. ناسرانەکەشی بەهۆی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) بووە، کە دواتر بووە سروودێکی نەتەوەیی بۆ کورد. لایەنێکی بەرزی هۆنراوەکەشی بۆ چەند زانیارییەکی مێژوویی دەگەڕێتەوە، کە باس لە شکۆمەندی کورد دەکات لە قۆناغێکی مێژوو و مانەوەی بە زیندوویی تا ئێستا، بۆیەکردمانە تەوەری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییە. لێرەوەش ناونیشانی توێژینەکەمان لەسەر (ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی ئەی ڕەقیب) دارشت، تا پێشکەشی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی کۆیەی بکەین، کە ئەم کۆنفرانسەیان تایبەت کراوە بە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی (دڵدار)ی شاعیر. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان بۆ (دوو) تەوەر دابەشکردووە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەند وێستگەیەکی ژیانی شاعیر و هۆنراوەکە و هۆکار و شوێن و کاتی دانانی هۆنراوەکە کراوە، تا ئەو کاتەی کراوەتە سروودێکی نەتەوەیی. تەوەری دووەمیش تایبەت کراوە بە ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)و ئەو ڕاستییە مێژووییانەی شاعیر وەک بەڵگەی مێژوویی هۆنراوەکەی پێ پشت ئەستوور کردووە. لەکۆتاییدا ئەنجامی ئەم توێژینەوە خراوەتەڕوو . دواتر ئەو سەرچاوانەمان خستوتەڕوو، کە بۆ ئەو کارە پشتمان پێ بەستووە. هیواخوازین لە ئاست گەورەیی ئەو شاعیرەی کورد و ئەرکە زانستییەکەی ئەم توێژینەوەیە و کۆنفرانسەکەدا بووبین.

# دڵدار و ڕیالیزم لە شیعری کوردیدا

د. سروشت جوهر حوێز
مامۆستا لە زانکۆی کۆیە \ کۆلێژی پەروەردە - بەشی کوردی

**پێشەکی**

ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی لە نێو ڕەگەزەکانی ئەدەبدا ڕەنگیداوەتەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، وەکو یەکێک لە ڕێبازەسەرەکییەکانی ئەدەب ئەرکەکەی بە جوانی ڕادەپەڕێنێت، ئاوڕ لە شتە بینراو و پەی پێبراوەکانی مرۆڤ و سروشت دەداتەوە، واقیعی کۆمەڵ و کێشە و خەمی باشترکردنی واقیعی ئادەمیزاد لە ئەستۆ دەگرێ، سەر لەنوێ وێنەیەکی هونەری واقیع پێشکەش دەکات و کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر چێژی پەیام وەرگرانی، جۆرەکانی ڕیالیزم لە چوارچێوەی هونەر و ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا، نرخ و بەهایەکی هونەری بەرزیان بەدەق بەخشیوە، یەکێک لە قۆناغ و سیما نوێ و گرینگەکانی شیعری پێکهێناوە لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەتی لە سەدەی ڕابردوودا، چونکە ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمە دەرفەتێکی باشی بۆ درەوشانەوەی ڕیالیزم و بەتایبەتی جۆری ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێرانە و ... ڕەخساندوە، ئەم زەمینە سازیەش بۆ پێکهاتەی سروشتی ڕیالیزم لە شیعردا دەگەڕێتەوە . (دڵدارو ڕیالیزم لە شیعری کوردیدا) هەوڵێکە بۆ باسکردنی چەند جۆرێکی ڕیالیزم و ڕاڤەکردنی دەقە شیعریە ڕیالیزمیەکانی دڵدار بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی زۆری ڕیالیزم بە شیعرەکانی و بەو قۆناغ و سەردەمەی، کە (دڵدار) تیایدا ژیاوە، ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەکردن و چەسپاندنی لە شیعرەکانیدا هەبووە . لەم توێژینەوەیەدا لەبەر تیشکی ڕێبازی تیۆری و شیکاری و پراکتیکی بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی کاردەکەین . توێژینەوەکەمان لەم پێشەکییە و دووبەش و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە: بەشی یەکەم چەند تەوەرەیەک دەگرێتەخۆ لەوانە : چەمک و زاراوەی ڕیالیزم، کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم، سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، ئەزموونی شیعری دڵدار، هۆکارەکانی وابەستەبوونی (دڵدار) بە چەشنە جیاوازەکانی ڕیالیزم. بەشی دووەمیش چەند تەوەرەیەک دەگرێتەخۆ ئەویش : ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی ڕیالیزمە لە شیعرەکانی دڵدار دا لەوانە ڕیالیزمی فۆتۆگرافی، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە، ڕیالیزمی سۆشیالیستی، ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی

**بەشی یەکەم**

**١\١ ) چەمک و زاراوەی ڕیالیزم**

زاراوەی ڕیاڵیزم (Realism) لە دوو بەش پێک هاتووە (Real) واتای (حەقیقەت،واقیع) دێت(isme) بە واتای ڕەوشی ڕاستەقینە دێت، واتە هەردووکیان بەسەریەکەوە واتای (بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە، ڕەوشتی ڕاستەقینە) دەگەیەنێت. (فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبیەکان،ل٩٦). (Realisme) لە ووشەی (واقیع – Real) داتاشراوەو سیفەتی(واقیعی – Really) لێ

دروستکراوە، هەرچەندە ووشەی( Really) لە زمانی ئینگلیزی واتای (بە ڕاستی ) یشی هەیە، واتا ئەوەی  بە ڕاستی لە سروشت و مرۆڤدا هەیە .( عادل مجید گرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، ل٤٢)،، (ڕیالیزم واتا ئەو واقیعەی، کە وەکو ڕاستیەک لە بونی سروشت ومرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، واقیعیش دووجۆرە : ڕاستەقینە و هونەری، یەکەمیان : ئەگەرمرۆڤ وەسفی کرد ڕاستگۆ دەبێت و پارێزگاری ئەوەی، کە هەیە دەکات لە وەسفەکەیدا کۆپییەکی واقیع هەروەک وێنەیەکی فۆتۆکۆپی دەبێت. دووەمیان ئەوەی، کە ئەدەب پشتی پێ دەبەستێ، لەسەر بنەمای داهێنانیی بۆ واقیع ڕادەوەستێ مەرج نیە دەقاودەق بێت، ڕاستە بنەماکان لەواقیعی ڕاستەقینەوە وەردەگرێت، بەڵام دەستکاری دەکات وسەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە تا واقیعێک پێشکەش بکات کۆپیکردنی واقیعی ڕاستەقینە نەبێت بەڵکولاسایکراوەیە ولەتوانای مەزندەکردنە، چونکە لەچوارچێوەی دادەخولێتەوە و پابەندی مەرجەکانی دەبێت) (عبدالرزاق الاصفر، المذاهب الادبیە لدی الغرب، ص١٣٣)  کەواتە زاراوەی ریالیزم بە واتای ئەوەی لەواقیعەوە هەڵقوڵاوە دەگەیەنێت، جەخت لە ڕاستی و ڕاستەقینە و حەقیقەت دەکاتەوە، ئەمانەش لە خودی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و ... تاد ڕەنگدەداتەوە ، بەشێوەیەکی گشتی ریالیزم لەدەوری (واقع )یان (حەقیقەت )دادەخولێتەوەو بۆیە کاتێک ئەوزاراوەمان بەرگوێ دەکەوێت یەکسەر بیرمان بۆلای (واقیع )دەچێت . ئەمە واتای وشەکەیە وەک  زاراوەیەک بۆ ناولێنانی ڕێبازێکی ئەدەبی . ریالیزم وەک چەمکێکی ئەدەبی چەندان چەشنی هەیە، بۆیە لە کاتی پێناسە کردن بۆ چەمکی ریالیزم ئەوا توشی چەند جۆر پێناسە دەبین، تەنانەت (دیمین گرانت)لە کتێبی ریالیزم سی و سێ جۆر ریالیزمی دەست نیشان کردووە . (ڕیالیزم لە ئەدەبدا ئەوەیە هەموشتێک چۆن دێتەبەرچاو، لە چ بارو وێنەیەکدابن بەو جۆرە دەربخرێ، بەبێ ئەوەی لەدەریای ئایدیالیزم و ئەندێشەدا بخنکێنرێ ) (کریم شارەزا، دڵدار وشیعری ریالیزم، ل٩) د.هیمداد حسین دەڵێت ((لەبواری ئەدەبدا ڕیالیزم بەو واتایەدێت هەموو بابەتێکی فکری چارەسەرێکی بابەتیانەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤ بکات، ئەم چارەسەریە وێنەیەکی وردو قوڵی و دیاری وای تێدابێت، نوسەر خۆی لەدەرەوەی بابەتدا بدۆزێتەوە)) (هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل ١١٥). واتە واقیع دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤ و بەشێکە لەو شتە هەستپێکراوانەی کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە درکیان پێ دەکات و چارەسەرێکی بابەتیانە بۆ کێشەکان دەکات . کەواتە ریالیزم ئەوەی لە واقیعەوە هەڵقوڵابێ بە مەبەستی تۆمارکردن و دەرخستن و بەرجەستەکردنی حاڵەتێک لە نێو ئەو واقیعە لە بەرهەمەکەدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دۆخە واقیعییەکان دەگەیەنێ لە نێو بەرهەمی نوسەراندا .  ئەم چەمکە وەکو(جۆرج لۆکاس) ئاماژەی بۆدەکات ( ئاوێنەی ڕاستەقینەی واقیعەودەبێتە ڕاستگۆترین ئاوێنە ئەگەر ناکۆکیەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی پیشاندا ) (ڕێزان ڕحمان خدر، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لەئەدەبدا ) ل ١١٤) . کەواتە ڕیالیزم مانای وێنەگرتنی واقیعەو ئاشکراکردنی نهێنیەکانی و دەرخستنی شتە شاراوەکان و ڕاڤەکردنیانە و خولقاندنەوەی سەرلەنوێ واقیعە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی واقیع بەخۆیەوە دەگرێت .لێرەوەدەتوانین بڵێن ڕیالیزم خاسەتێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە وێنەیەکی تەواوی لەبارەی کۆمەڵ و سروشت و مرۆڤەوە دەخاتەڕوو، لە بەرهەمە ئەدەبیەکەدا، واتە ریالیزم ڕەنگدانەوەی ژینگەو ژیانە گوزارشتکردنە لە لایەنە جوانەکانی ژیان و ڕووداو و کارەساتەکانی، بۆیە هەر نوسەرە بەجۆرێک لێکدانەوە بۆ واقیع دەکات و دەربرینی لێ دەکات . ریالیزم وەک ( قوتابخانەیەکی

ئەدەبی و هونەریی واقیع وەکوخۆی پێشکەش دەکات، بێ ئەوەی بیکاتە نمونەیی ) (فەرهاد پیربال، ڕێبازەئەدەبییەکان، ل٩٦) کەواتە بەگوێرەی ئەم بۆچونانەی لەســەرەوە باسکراوە دەگەینە ئەوەی بڵێن، ڕیالیزم ڕێبازێکی ئـەدەبییـە، ڕەنگدانـەوەی ڕۆژەگـارە کـەیـەتی ڕەتکردنـەوەی گشـــت بیروبۆچونێکی خەیاڵە وەک ئەوەی لە ڕۆمانتیک هەبوو، بەتایبەتی بارە خەون وخەیاڵیەکەی، واتە نوســەر لە بەرهەمەکەیدا خۆی بەدووربگرێت یان چارەســەرێکی زانســتیانە بۆکێشــەکان بکات، بۆیەدەتوانین بڵێن ڕیالیزم بەباشـترین و گونجاوترین ڕێبازی ئەدەبی دادەنرێت بۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ.

.

**١\٢ ) کورتەیەک لە مێـژووی سەرهەڵدانی ڕیـالیزم**

ڕیالیزم هەر لە ســـەرەتاوە کاردانەوەیەک بوو لەدژی (هونەربۆهونەر) هاتەکایەوە . ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی مێژووی ســـەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی نۆزدە، وەک پەرچە کردارێک بەرامبەر ڕۆمانتیکیەت هاتە ئاراوە، بەپێچەوانەی دەســتورو یاســاکانی ڕۆمانتیکیەت خۆی ڕاگەیاند، چونکە ڕۆمانتیکیەت کۆمەڵیان پشتگوێ خستبو بابەتەکانیان لەخزمەت چینی بۆرژاو ئەرستۆکراتی بوو، بەڵام سـەرهەڵدانی ڕیالیزم وەڵامدانەوەی خواستەکانی جەماوەر و چینی ژێردەستەبوو(کامیل محمود، غـەزوی ڕۆشـــنبیری وڕێبـازەئـەدەبیـەکـانی ڕۆژئـاوا، ل٧٠)، جگـە لـەوەش بـەهۆی ئـەو گۆڕانکاریانەی کە لە ســـەدەی هەژدەو نۆزدەدا ڕویدا بارودۆخێکی وا ســـەریهەڵدا پ ٙویســـتی بە گۆڕان بوو، ڕیالیزمیش ڕەنگدانەوەی سروشـتی سـەردەم و پێویستییە ڕۆشنبیرییەکانە، زۆرشت هەبوون ببونە پێویســتی ســەردەم، کە ڕۆمانتیکییەکان گرینگیان پێنەدەدا(د.طارق العذاری، المسرح التعبیری،ص٧٠)، بۆیە نوســەران خوازیاری گۆڕینی ســیســتەمی کۆمەڵایەتی بوون، بانگەشـــەی ئەوەیان دەکرد پێویســـتە دەوڵەت هەوڵی بەدیهێنانی دادپەروەری بدات، ئازاراو مەینەتی و کێشـــەو گرفتەکانی کۆمەڵیان دەخستە ڕوو.

ڕیالیزم وەک خســتنەڕوی واقیع کەم و زۆر لە ســەدەکانی پێش ســەردەمی ڕێنســانیش، لەئەدەبی گریکیدا هەبوو، لە خوێندنەوەی شیعر و شانۆی سەردەمی گریکەکان چ لە بواری مەرگەسات یا بەزمەســـات جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی واقیعی ئەوســـەردەمەی بەرچاودەکەوێت.(هێرۆعبدالرحمن، ڕیالیزم لە شـــیعری ئەحمەد دلزار دا،ل ٩). دواتر ڕێنســـانس شـــۆڕشـــێک بوو بۆ ڕزگاربوون لەدەســەڵاتی ســەدەکانی ناوەڕاســت کە ســیســتەمی دەرەبەگایەتی و کڵێســە بوون . ڕێنســانس بزۆێنەرێکی فراوانی ئەدەبی و هونەری و شـــارســـتانیەتی بوو لە ماوەکانی ســـەدەی (١٥- ١٦) ســەرەتا لەئیتاڵیا دواتر هەموو ئەورووپاشی گرتەوە . نوسـەرانی سـەردەمی ڕێنسـانس گرینگیەکی زۆریان داوە بـەکێشـــەکـانی مرۆڤ ، هـەموو هـەوڵێکیـان دەدا بۆ ڕزگـاربوون لـە دەســـت یاساودەستورەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە پێوەیان دەناڵاند(سامان عوسمان عومەر، ڕیالیزم لە شیعری بێکەس دا،ل٢١) . سەرەتایەک بوو بۆ گرنگی دان بەئازادی تاکەکەس و زەمینەی خۆشکەر بووە بۆ ســـەرهەڵدانی ڕیالیزم . (د. فرهادپیربال، ڕێبازەئەدەبیەکان، ل٨) لەبواری ئابوریشـــدا ڕێنسانس توانی هەنگاوێکی سـەرکەوتوانە بنێت تا لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە خۆی ڕزگاربکات و پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوە کە قۆناغی ســـەرمایەداریە، ئیتر لەم قۆناغە بەدواوە کارگەکان وخاوەن ســـەرمایەکان دەرکەوتن وچینی کرێکار ســـەریان هەڵدا، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریەدا ئەدەبێکیش

سـەری هەڵدا  کە ڕەنگدانەوەی ژیان وگ وزەرانی سـەردەمەکە بوو، زۆرترین دەسـتکەوتەکانی ڕیالیزم لەبواری ئەدەبی وهونەریدا لەسـەردەمی ڕێنسـانس دابەدەسـت هات(د. هیمداد حوسـێن، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل٦٥). دواتریش دەرکەوتنی بزوتنەوەڕۆشـنگەریەی لە سـەدەی هەژدەدا، کە خەباتێکی ئایدۆلۆژی چینی ناوەڕاسـت بوو، دژی دەرەبەگایەتی، هەوڵی دەدا مرۆڤ لە کۆت و بەندی ترس ڕزگار بکات . (سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٥) . بیرمەندانی ڕۆشـنگەری وەکو( ڤۆڵتێر و مۆنتیسکیو و ڕۆسۆ ) لە پێناو ئەوە تێدەکۆشـان، کە عەقڵ لە دابونەریتەکانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و پاشـایەتی ڕەهادا پلۆسـێت و ڕزگاری بکەن، هەوڵی بەکارهێنانی ڕاسـتەوخۆی عەقڵیان دەدا، لە هەوڵی  ئەوەدابون  وا لە مرۆڤ بکەن عەقل بکاتە ڕابەری خۆی وخۆی ڕزگار بکات لە هەموو لێکدانەوەیەکی ناعەقڵیانە بۆ دیاردەکان(د.فرهادپیربال، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل ٨٨). ئەو پێشکەوتنانەی کە لەو قۆناغەدا ڕوویاندا، گۆڕانێکی بەرچاویان لە واتا کۆمەڵایەتی و هزری و هونەرییەکاندا کرد، هاندەرێکی گەورە بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕیالیزم.

دواتر بەکارهێنانی ڕیالیزم وەک زاراوەیەک لە بواری ئەدەبدا ((بۆ یەکەمجار ئەڵمانیەکان ئەم زاراوەیان بەکارهێنا لە ئەدەبدا، شـیللەر ئەم زاراوەی بەکارهێنا لە سـاڵی ١٧٩٨ لەو نوسـینانەی دەربارەی ئەدیبانی فەرەنسا، وەسفیان دەکات کەوا (ریالیزمین زیاتر لەوەی میسالی بن )) (د.صلاح فضـل، منهج الواقعیە فی الابداع الادبی، ص١٢) . دواتر بیروبۆچوونی ریالیزم لە بەرهەمی هەندێک لە نوسـەران ڕەنگیداوەتەوە پێش ئەوەی وەک ڕێبازێک سـەرهەڵبدات، لە فەرەنسـا شـاکارەکانی سـتاندال لە ڕۆمانی (سـور و ڕەش)و (شـەڕی واتەرلۆ)و .... لە ١٩٣٠ بە ئەڵقەیەکی گرنگ دەژمێردرێت لە پەرینەوەی ڕۆمانسیزم بەرەو ریالیزم بە تایبەتی لە ڕۆمانی (سورو ڕەش) کەباس لە ململانێی نێوان جوتیار و خاوەن زەوی دەکات (مهند طابور، الواقعیە فی المسـرح، مطبعە الامە، ص٧٥) . کۆمەڵی لە ئەدیبانی ئەوسـەردەمە لە ئەوروپا( شـارل دیکنز، گۆگۆل، موپاسـان و فلوبیر ئلیکسـندەرو بەلزاک و سـانت بیڤ وتین وکانت ).....هتد  بانگەوازیان بۆدەکردو بابەتەکانیان بەشـێوەیەک دادەڕشـت کە لەگەڵ بارودۆخی واقیع بگونجێت و ناوەڕۆکی داهێنانەکانیان لە ڕووداوی ڕۆژانە و بەڵگەنامە مێژوویی وێنەی کەسـایەتیە ئاساییەکانەوە وەردەگرت، بەوشـێوەی جەماوەر بەڕاسـت و وەریان بگرێت، چونکە خەڵکی لە ڕۆمانسـیەت و ڕۆچوونی لە فەردیەت و سـۆزی ئەندێشـەبێ سـنورەکەی بێزاربون، نوسـەرێکی وەک (بەلزاک)بەرهەکەی خۆی بەناوی(کۆمیدیامرۆڤایەتی )لەوکاتانەدا بڵاو کردەوە بووە پێشەنگی سەرجەم ریالیستەکانی فرنسا، گرینگی نوسـینەکانی بەلزاک لەوەدابوو، بەبێ گوێ دانە ئەوەی ئەمە چاکەو ئەمە خراپە، یان ئەمە هەژارە و ئەمە دەوڵەمەندە، کۆمەڵی فرنسـی وەک خۆی پیشـاندەدات، ڕاسـتی هەموو چینەکانی کۆمەڵی دەخستەڕوو، وێنەی کۆمەڵی فەرەنسی بەشـێوەیەکی واقیعی دەکێشاو تاوان باری دیاری دەکرد، بەمەش خۆی لەشـاهیدەوەدەکرد دەکرد بە دادوەر (د. سـالم احمد الحمدان، مذاهب الادب الغربی و مضـاهرها فی للادب العربی الحدیث، ص١٥٩).  لەو ناوەندەدا بانگەواز بۆ ئەدەبێکی نوێ سـەری هەڵدا کە پێویستی واقیعی سـەردەمی تێدا ڕەنگبداتەوە ئەویش ڕێبازی ریالیزم بوو. (کامیل محمود، غەزوی ڕۆشنبیری ورێبازە ئەدەبیەکانی ڕۆژئاوا، ٧٠).

لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی فەلسـەفەی مارکسـیزم و نوسـراوەکانی (کارل مارکس) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەرەوپێش چوونی ڕێبازی ڕیالیزم، لە سـەدەی نۆزدەدا  نوسـراوەکانی (کارل مارکس)

بوو بە پاڵپشتێکی باشی ریالیزم، چونکە بیروباوەڕە بنەڕەتیەکانی مارکیسزم بریتی بوو لە بەرگری کردن لەچینی پرۆلیتاریا و هەوڵدان بۆ بەدەســـت هێنانی دادپەروەری کۆمەلآیەتی و نەهێشـــتنی چەوســـاندنەوەی چینایەتی، ئەم بیروباوەڕەش لەگەڵ بیروباوەڕی نوســـەرانی تری ڕیالیزمدا یەکیان دەگرتەوە . بۆیەکاتێ کە شـــۆڕشـــی پرۆلیتاریای لە یەکیەتی ســـۆڤیەتدا بەرپا بوو ڕێبازی ریالیزم ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لە بەرهەمی نوســـەراندا . ســـەر هەڵدانی فەلســـەفەی مارکســـیزم ڕۆڵی خۆی هەبوو لە ســـەرهەڵدان و بەرەوپێش چوونی ڕیالیزم . دواتر ریالیزم وەکو رێبازێک لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەدا ســـەرەتا لە فەرەنســـا ســـەری هەڵدا و ناوی ریالیزم و یاســـاکانی قوتابخانەی ریالیزم یەکەم جار (شامفلۆری) لە بەیاننامەیەکدا بەناوی (مانفێستی ریالیزم)ی ڕاگەیەند و چەند پرنســـیپێک و بنەما ســـەرەتایەکانی ریالیزمی دیاریکرد (د.فەرهاد پیرباڵ، ریالیزم، ل ٩٦ ). دواتر لە بەریتانیاو ئەلمانیا و ئیتالیا بڵاو بۆوە، دواتریش لە لە ئەدەبی ئەمریکیدا دەرکەوت . لێرەدادەتوانین بڵێین ڕیالیزم کە لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەدا ســـەری هەڵدا وەک کاردانەوەیەک بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری و بۆرژوا لە ئەوروپا، تەنیا لە چوارچێوەی وێنەگرتنی واقیعی یا لاسایکردنەوەی نەمایەوە یا وەک ئەوەی لە سەدەکانی کۆندا هەبوو، بەرهەڵستی جوانی میســـالی لە ڕۆمانتیکیەتدا دەکرد، هەروەها هەوڵی دەدا پەردە لەســـەر شـــتە شـــاراوەکانی کۆمەڵ لابدات و دەچوونە نێو کێشـــە هەســـتپێکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی یەوە، تاکیان وەک بونەوەرێکی کۆمەلآیەتی ســـەیردەکرد و تاکایەتیان ڕەتدەکردەوە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی چەند خاسیەتێکی ڕێبازی ڕیالیزم دیاری کەین:

١- ریالیزم مرۆڤ وەک تاکێکی کۆمەلآیەتی وەردەگرێت و لێی دەڕوانێت، مرۆڤ و ژیانی پێکەوە گرێداوە، واتە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ پێکەوەی بەســـتون، لە ڕووی جوانکاریشـــەوە هەریەکەیانی بەوەی ترەوە دەبەستێتەوە.

٢- پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵی لە ڕێگەی هۆکارە کۆمەلآیەتی و ئابوریەکان دیاری دەکات، چونکە لە گرنگترین ئەوهۆکارانەن، کاری لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەکرد، بۆیە بەلای لێکدانەوەی خەیاڵ ئامێزی نەدەچوون، بۆنمونە لە کێشـــە کۆمەلآیەتییەکان جیاوازیە چینایەتیەکانیان بە هۆکاری گەورەی زۆربەی کێشە کۆمەلآیەتیەکان دادەنا.(فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل ١٠٢).

٣- ڕیالیزم ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی و ســـەردەمەکەی وەردەگرت، ســـەیری ڕۆژگاری ئەمرۆی دەکرد و لە کێشـــەکانی ورد دەبۆوە، چونکە هەموو ســـەردەمێک کێشـــەی خۆی هەیە و ڕیالیزمیش لەگەڵ ئەو کێشانەدا خۆی زیندو دەکاتەوەو هەموو کات بەزیندوویی دەمێنێتەوە، بۆیە هەموو کات بابەتەکانی زیندوون (سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢). بۆیە ڕیالیستیەکان جوانیشیان لەوەدا دەدۆزیەوە، کاتێک نوسەر توانیبێتی کێشە جەوهەریەکانی ناو کۆمەڵ بخاتەڕوو.

٤- ڕیالیزم پشـــت بە خەو و خەیاڵ نابەســـتێت،دژی وێنە گرتنێکی ڕۆمانســـیانەی ســـروشـــتە، بۆیە دژی بەرزڕاگرتنی خودە.

٥- ڕیالیســـتەکان وردبونەوەیەکی زۆریان هەبوو بۆ دیاردەکان، واتە چەند گرینگیان بە بابەتێتی بدایە، جوانیش ئەوەندە گرینگی خۆی هەبوو، گرینگیدان بە ناوەڕۆک واتای وەلانانی ڕوخســـاری

ناگەیەنێ، هەردوکیانیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنا، سـەرەتا ناوەڕۆک مەبەسـت وئامانجە ئینجا شێوە فۆرم.

٦- ریالیستەکان زمانێکیان بەکاردەهێنا لە نوسـینی بەرهەمەکانیان کە لە زمانی گشـتی خەڵکەوە نزیـک بوو، بۆ ئـەوەی زۆرینـەی خـەڵـک لـەو کێشـەو گیروگرفتـانـە تێبگـەن کـەدەیـان خستەڕوو.

٧- لە ڕیالیزمدا بێ لایەنی نوسـەر گرینگی خۆی هەیە، نوسـەرکاتێک باس لە بابەتێک دەکات ئەوا بەشێوەیەکی بابەتی و دوور لە هەست و سۆز و بیروباوەڕی خۆی لەبارەیەوە دەردەبڕیت . واتە پیشاندان و ڕەنگپێدانەوەی ئەو واقیعە وەکو خۆی، بەشێوەیەکی بابەتیانەو ڕاستگۆیانە.

**١ \ ٣ ) سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا :**

دەرکەوتن و سـەرهەڵدانی هەر ڕێبازو بابەتێک پەیوەسـتە بە بارودۆخی واقیعی ئەو سـەردەمە، کە تێیدا دێتە کایەوە . سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە لە ئەدەبی کوردیدا وابەستەیە بەو بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەی گەلی کوردەوە، چونکە ئەو بارودۆخەی کوردستان سـەدەی بیست تیایدا ژیاوە، تارادەیەک پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسیەی گەلی کورد و کێشـەو گرفتە کۆمەلایەتیەکان و بوونی جیاوازی ئاستی ژیانی چینەکان و دەسـەڵاتی ستەمکارو نایەکسـانی و کێشـەی ململانێیەکان لەو قۆناغەدا فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ هاتنە ئارای ڕێبازی ڕیالیزم، یەکێ لە سـیما هەرە دیارەکانی شـیعری کوردی لەوقۆناغە بەدواوە تێکەڵ بونیەتی لەگەڵ خەمی مرۆڤی کورد، ڕێبازی ڕیالیزمیش یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەی کە تێکەڵ بونیەتی لەگەڵ خەمی مرۆڤ و واقع وەکو خۆی پێشکەش دەکات واتە بینینی واقع بەو شێوەیەی کە هەیە . (د. پەرێزسـابیر) دەڵێت: ((بەپێی ئەو بارودۆخەی میللەت تێدادەژی لە هەرسـەردەمێکدا ڕێباز یا قوتابخانەیەکی ئەدەبی دیاریکراو سـەرهەڵدەدات، دەیەوێت تەعبیر لەو ناوەڕۆکە بکات، کە بارودۆخی ئەو سـەردەمە دروسـتی کردووە، بۆیە لە هەر قوتابخانەیەکی ئەدەبیدا تەعبیر لە ناوەڕۆکێکی دیاریکراو کراوە، کە جیاوازە لە ناوەڕۆکی قوتابخانە ئەدەبیەکەی پێش خۆی)) (د.پەرێز سـابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسـەلەکانی نوێکردنەوەی شـیعر، ل٢٧٣)، بۆیە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵ گۆڕانیش لەڕێرەوە ئەدەبیەکاندا سـەر هەڵدەدا، لە ئەدەبی کوردیشـدا ڕێبازێکی تری جیا لە ڕۆمانتیک لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیک قوتابخانەی ڕیالیزم سـەری هەڵدا، کە زیاتر دوورکەوتنەوەبوو لە میسـالیەت و ڕووکردنە ڕاستیەکان بوو، باسکردن بوو لە بابەتە کۆمەلایەتی وسـیاسـییەکان، وەک ڕەنگدانەوەیەکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، کاتێک شـاعیران ڕووبەڕووی ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەم ودووەمی جیهانی وئەنجامەکانی بونەوە، هۆشیاری سیاسی بە جۆرێکی تر لەسەریان دەرکەوت، خاسیەتەکانی ڕیالیزم لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیدایەوە . بۆیە ڕەگەزەکانی واقیعەت بەسـەر ناوەڕۆکی بەرهەمی نوسـەراندا زاڵ بوو، بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایانەی بەسـەر بارودۆخی کۆمەڵی کورد داهات پێویسـتی قۆناغەکە وایکرد شـاعیران خۆیان لە بـاوەشـی واقیعی ژیانی میللـەتـەکـەیـاندا ببیننـەوەو تـەعبیر لـەو واقیعـە بکـەن، کـە بـارودۆخی سـەردەمەکەیانی دروسـت کردبوو.(سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٥٥). لە ئەدەبی کوردیدا پاش جەنگی

یەکەمی جیهانی جۆرەکانی ڕیالیزم بە تایبەتی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی و ڕامیاری و زیاتر لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتوە، دواتر ( پاش جەنگی دووەمی جیهانی ڕیالیزم وەکو قوتابخانەیەکی خاوەن تایبەتێتی خۆی جێگیربوو، لەو قۆناغەدا سـەرکەوتنی بەرەی سـۆشـیالیزم و بڵاوبونەوەی پرەنسـیپەکانی یەکسـانی وبرایەتی ودادپەروەری بەشـێوەیەکی گشـتی لەجیهان و لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و میللەتەکانی ژێردەسـت) (د.هیمداد حوسـێن، ڕێبازەئەدەبیەکان، ل ١٦٩)، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە شاعیران و نوسەرانی کورد ڕووبکەنە ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردی و سەرچاوەی بابەتەکانیان لەو واقیعەهەڵێنجن.

لەم قۆناغەدا پاش ڕەنگدانەوەی ((کاریگەریەکانی شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر لای زۆربەی نەتەوە چەوسـاوەکانی جیهان لای نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی چەوسـاوەی خاک داگیرکراو لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بەزەقی دەرکەوت)) (عەباس محمد قادر، ریالیزم لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، ل ٦٠)، ڕیالیزمی سۆشیالیستی بەشێوەیەکی فراوان گەشەی کرد لە لایەن شـاعیرانەوە پەیرەو دەکرا، دواتر هاتنە ئارای بیری مارکسـی لەم قۆناغەدا و دامەزراندنی حیزبی شـیوعی، ئەو زەمینە ئایدۆلۆژی و ڕۆشـنبیریەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە، بووە هۆی بڵاوبونەوەی ئەدەبیاتیکی ڕیالیسـتانە، هەروەها دامەزراندنی(حیزبی هیوا) لەلایەن شـاعیری لاو (دڵدار) کە وەک شـاعیری جوتیاران دەردەکەوێت ، بوونی ئەو ئاراسـتە چەپە لە ناو(هیوا)دا ئەمانە خاوەن بیرکردنەوەو تێڕوانینێکی مارکسـیانەبوون، بوونی ئەوتێڕوانینانەو چەندین شـاعیر لەو ڕێکخراوانەدا زەمینەیەکی باشـی سـەرهەڵدانی ئەدەبی ڕیالیزمی بووە (سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٢-٦٣)، (د.محمد دلێر) دەڵێت: ((ڕۆژنامەنوسـی و ڕێکخراوە حیزبیەکان هەمیشـە لە پێشـەوەی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەی و ڕووناکبیرییەکان بوون، بەنهێنی وئاشکرا خزمەتی زۆریان بەگەشەی بیرو ئایدیاو ئەدەب و زمانی کوردی کردووە، لە باشـوری کوردوسـتان بێگومان لەوئایدیاو ئەدەبەش بەشـی شـێر بەر سـۆسـیالیزم و ڕێبازی ڕیالیزم کەوتووە)) (د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، دەنگی ئەدەبی نوێی کوردی لە گۆڤاری ڕزگاری دا ١٩٦٩- ١٩٧٠،ل ١٣٧)، دەتوانین بڵێن کۆمەڵێ هۆکاری وەکو ئایدۆلۆژی و ڕۆشـنبیری و سـیاسـی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و ئابوری ودامەزراندنی ڕێکخراو و پارتە سـیاسـیەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هتد. کاریگەریان هەبووەبۆ سـەرهەڵدانی ڕیالیزم بەتایبەتی لە باشـوری کوردسـتاندا . جونکە وەک ئاشکرایە شـاعیرانی کوردمان بەتایبەتی لە باشـوری کوردسـتاندا ئەندامی حیزب بوون و ئەدەبەکەیان لە خزمەتی کێشـە جینایەتیەکان و بیری سۆسـیالیسـتی دابوو، بۆ نمونە (دڵدار)ی شـاعیر ڕیالیزمانە لە کێشـەکانی ڕوانیوەو جیاوازییە چینایەتیەکان وچەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەی بەشێکی گرینگی شیعرەکانی ئەم شاعیرەمان پێک دەهێنێت (عبدالخالق علاءالدین، دیوانی دڵدار ل٢١١ و ل ١٨٤)، هەروەها لە شاعیرانی تریشمان ئەندامی حیزب بوون و ئەدەبەکەیان لە خزمەتی کێشـە جینایەتیەکان و بیری سـۆسـیالیسـتی دابوو، وەک(گۆران و دلزار و کاکەی فەلاح و هەردی و) چەندانی تر، کە شـیعرەکانیان بەپێی ڕێبازی ڕیالیزم نوسـیوە، (گۆران)ی شـاعیر پاش لایەن گیری بیری مارکسـیەت و پابەندبوونی لەڕیزەکانی حیزبی شیوعی، هەرچەندە گۆران لە سەرەتادا بە ڕۆمانتیک دەستی پێکرد بەڵام ئەوەندە لە باوەشی ڕۆمانتیک دانەمایەوەو هەنگاوی بەرەو ڕیالیزم ناوەو بوێرانە واقیعی کۆمەڵی کوردی خستۆتە ڕوو.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی چەند فاکتەرێک دیاری بکەین، کە ڕۆڵیان هەبووە لە پێشـخسـتنی ریالیزم لە شـیعری کوردیدا : لەوانە ١- بیرو ئایدۆلۆژیای شـاعیر بۆ کۆمەڵ و خزمەتکردنی، چونکە ئایدۆلۆجیا نوێنەری بیرو هزرێکی تایبەتە کەوا نوسەر بە هونەرەکەی پێش کەشی دەکات بەو بیرو ئایدۆلۆجیەتەوە دەیخاتە ژێربالی تەنگ پێ هەڵچنینەوە . بۆیە شـاعیران و هونەرمەندان بیرو ئایدۆلۆجیەتیان بە پێی پێویسـتی واقیع بۆ بەرژەوەندی و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی پەیرەو دەکرد . ئەم ئایۆلۆجیایەش بەپێی سـەردەم و پێویسـتی قۆناغەکانی ژیانی نەتەوە دەگۆرێ و یەکێک لە ئایدیاکان خۆی دەسـەپێنێت وەک بیری سیاسی یا نەتەوەیی یا سۆسیالیستی یا ئاینی، وەک لای هەر گروپ و پارت و نەتەوەیەک سـەرهەڵدەدات . بۆ نموونە کاتێک کە بیرو ئایدۆلۆجیای مارکس بوو بە بەرنامەی پارتێکی سیاسی وەک شیوعی چەند لە شاعیرانمان لە ریزەکانی ئەو پارتە کاریان کردووە بە پێی بیرو ئایدۆلۆجی مارکس کە ئەدەبێکی پابەندو پەیامداریان پێکهێناوە، ئەدەبێک لە خزمەتی چینی هەژارو کرێکار بۆ بەدیهێنانی بیری سۆسیالیستی کە هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بە کێشـە چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵ و تەنانەت هاوتەبا بێت لەگەڵ کێشـەکانی گەلانی جیهانیش . ٢- بۆیە لێرەدا هۆکارێکی ترمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش هاوبەشـی خەباتی گەلانە، چونکە نالاندنی گەلانی چەوساوە بەدەست داگیرکەری لێکچوو، وایکرد شاعیرانی کورد هەست بەخەم وئازارەکانی نەتەوەکانی تر بکەن وەکو بابەتێکی مرۆڤ دۆستی لە بەرهەمە شیعریەکانیاندا ڕەنگبداتەوە، چەند ین شـاعیریش هەن لە شـیعرەکانیاندا پاڵپشـتی کورد بۆخەباتی کورد دەردەبڕن ولە ئازارو مەینەتیەکانیانداهاوبەشـیانن، چونکە ((دوژمنی هاوبەش وادەکات کە گەلانی جیهان کۆببنەوە لە ژێر یەک ئاڵای تێکۆشـاندا)) (د.عزالدین مصـطفی رسـول، الواقیعە فی الادب الکردی، ص١٧٣ ) واتە نالاندنی زۆربەی گەلانی چەوساوە بەدەست داگیر کەرە لێکچووەکانەوە، لە پێناو ئامانجی هاوبەش تێدەکۆشن، هەستکردنی شاعیرانی کوردیش بەخەم و ئازارەکانی نەتەوەکانی دیکە کەلە هەستێکی مرۆڤ دۆستانەوەیەتی. لە لایەکی ترەوە کارەساتەکانی شەری یەکەم ودووەمی جیهانی کاریگەری زۆری لەسەرجیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبوو، (ئەو ڕووداوەسیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم و سـەرکەوتنی شـۆرشـی چواردەی تەموز، ئەدەبیانی بەرەو ڕیالیزم برد و کاریگەرییەکی زۆریان بەسـەردەروون و بیرکردنەوەو هۆشـیاری شـاعیر و نوسـەرانەوە هەبوو، بۆیە هەڵبژاردنی بابەتەسـەرکیەکانی ژیان وموعانات و ژانی چینی زەحمەتکێش بوونە تەوەری سـەرەکی شـیعرەکان، بونە ئاوێنەیەکی بێگەردی خەباتی هەژاران وکۆڵنەدەران...) (هیمداد حسـین بکر، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشـخسـتنی ئەدەبی کوردیدا، ل ٤٩)، هەروەها ٣- خاڵێکی تر کە پێویسـتە هێمای بۆ بکەین ئەویش ئەوزەمینە بوو، کە بۆ ڕاگەیاندنی نوسـراوی کوردی سـەری هەڵداو بارودۆخێکی سـیاسی لەبار هاتە ئاراوە بووە هۆی دەرچوونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار، بوونە کەناڵێکی گەورەی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی، لە باشـوری کوردسـتاندا . ٤- لە لایەکی ترەوە (شـیعری ریالیزمی ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی گەشـەکردنی ژیانی مرۆڤە، بۆیە لەگەڵ بەرەوپێشـچوونی پیشـەسـازی ودروسـت بوونی چینی بورجوازی دواتر سـەرمایەداری و لەگەڵیشـیدا شـاری گەورەی پیشـەسـازی بێگومان، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی لەسـەر بیروهزری شـاعیران دەبێت ) (عبدولا تاهیر بەرزنجی، شـارو نوێگەری شـیعرمان، ل ١٠)

کەواتە پێشکەوتنی پیشەسازی و دروست بوونی شار، هۆکار بووە پێشخستن و گەشەسەندنی ریالیزم لە شیعری کوردیدا.

**٤\١ ) ئەزموونی شیعری دڵدار[١٣] :**

سەرەتای ئەزموونی شیعری دڵدار دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، ئەم قۆناغەش گواستنەوەی ئەدەبی کوردییە لە کۆنەوە بۆ نوێ، جگە لەوەش ململانێی ڕێبازە ئەدەبییەکانی (کلاسیک و ڕۆمانتیک و ڕیالیزم)ە لە ئەدەبی کوردیدا، سەرەتای ئەزموونە شیعرییەکەی دڵداریش هاوکاتە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئەدەبی کوردی، هەر بۆیە ڕەنگی ئەو سێ ڕێبازە بە شیعرەکانییەوە دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە وەکو شاعیرێکی نوێخواز دەرکەوت . دڵدار لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی شیعریدا بەهرە شیعریەکەی بە کاریگەری شاعیرانی کلاسیک بەتایبەتی (نالی و حاجی قادری کۆیی و مەحوی و...) کلاسیکییانە مامەڵە لەگەڵ تاقیکردنەوەی شیعریدا دەکات و تاقیکردنەوەی شیعری خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، هەر وەکو خۆی دەڵێت: (لەڕێی خوێندنەوەی دیوانی شاعیرەکان تێکەڵاو بەدنیای ئەدەب بووم و حەزو خولیام بە ئاراستەی ئەدەب گەشە دەکات، لە قۆناغی پێنجەمی سەرەتایی لەم ساڵەدا مەجرای ژیانم گۆڕا لەدەوری منداڵی هاتمە دەورێکی تر، کە ئیتیزانێکم پێ وەرگرتبوو لەم ساڵەدا دەستم پێکرد بەوردی دیوانی حاجی قادر موتالەعە بکەم، بەڵکو شیعرەکانیم ئەغلەب لەبەر کردبوو، ..... لەم ساڵەدا بەرەبەرە هەستم بەخۆ دەکرد لەزەت لەشیعر وەر ئەگرم بەڵکو زۆرم لا خۆش)) (عبدالخالق علاءالدین،دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٤٣ ) . ((جگەلەوەش دیمەنی جوانی سروشتی کوردستان بەتایبەتی سروشتە جوانەکانی کۆیە و ڕانیە، کە بۆ ماوەیەک بووبووە مەڵبەندی یادگاری قۆناغی منداڵی شاعیر، ئەمەش کاریگەری دەبێت و دیمەنی ئەو سروشتەش

١٣. (دڵدار) ناوی یونس کوڕی ڕەئووف کوڕی مەحموود کوڕی مەلا سەعد لە بنەماڵەی (خادم السجادە) یە، لە ٢٠ی شوباتی ١٩١٨) (عبدالخالق علاء الدین ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، ل١٣ ) ، لەگەڕەکی (بەفری قەندی ) لەکۆیە هاتۆتە دنیاوە . سەبارەت بەهەڵبژاردنی نازناوی دڵداریش ، وەک کاکەی فەلاح ئاماژەی پێکردووە(( وادیارە بەهۆی ناسۆری ژیانی و ئاسۆی ڕۆشنبیری و خۆشەویستی نیشتیمان و گەل و لەسایەی بیری نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازییەوە دڵداری نیشتیمان و گەلی کورد بووە)) (کاکەی فەلاح ، کاروانی شیعری نوێ ی کوردی، ل١٠٢). لە ساڵی(١٩٤٥) کۆلێژی حقوق لە بەغداد تەواودەکات ، لەو ماوەیەشدا لە پاڵ خوێندنەکەی خەریکی کاری سیاسی بووە ، بەشداری زۆربەی ئەو چالاکی و خۆ پیشاندانانەی ئەو کاتەی کردووە ، داوای پشتگیری کردنی بۆ کرێکاران کردووە ، دوای تەواوکردنی کۆلێژی دەگەڕێتەوە کۆیەو دەست بە کاری پارێزەری دەکات ، بۆ داکۆکیکردن لە مافی جووتیاران و هەژاران . پاش سێ ساڵ لەکاری پارێزەری شەوی( ١١ــــ١٩٤٨/١١/١٢) بەهۆی خواردنێکی پیسەوە ، لە یانەی فەرمانبەران لەهەولێر ژەهراوی دەبێت وگیانی لەدەستدەدا هەرلەوێش بەخاک سپێررا(عبدالخالق علاء الدین ، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، ل٤٧ ).، بەم دواییەش لەساڵی (٢٠٠٥) تەرمەکەی گەڕێنرایەوە بۆ گۆڕستانی کەکۆن لە کۆیە.

دەبێتە بەشـــێک لە تاقیکردنەوە شـــیعرییەکانی))(هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، دڵدارو نوێکردنەوەی شیعری کوردی، ل ٤٠) هەروەها دەوڵەمەندی لە سەرچاوە رۆشنبیرییەکەی بە تایبەتی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و ئەو سەرچاوە خۆماڵییانەی کە لە بەردەستی شاعیردا بوون و کاریگەرییان هەبووە بۆ دەوڵەمەند کردنی بیری شـــاعیر، ئەدەبیاتی بێگانەش، بۆتە ســـەرچاوەیەکی باش بۆ شـــاعیر لە ئەزموونە شیعریەکەی، کە بوونە هەوێنی داڕشتنی دەقە شیعرییەکانی ؛ بۆیە بە مەبەستی شوێن پێکردنەوەی خۆی، لەناو ئەو گروپە شـــاعیرییەی کەزیاتر پەیوەندی پێوە هەبوون لە ســـەردەمی خۆی، وەک ((عەونیو جاهید و ...) کە ئەوانیش دەقەکانیان لەناو بازنەی کلاسـیکدا بوون هەر ئەو پەیوەندیەشـی لەگەڵ شـاعیران دڵداری پەلکێشـی تاقیکردنەوەیەکی نوێ کرد، ئەویش بەرهەمهێنانی چەند دەقێکی شـــیعرییە لەگەڵ (عەونیو جاهید) لە ســـەرتانو پۆی کلاســـیک)) (هیرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، دڵدار و نوێکردنەوەی شـــیعری کوردی، ل٣٢) .وەک لەگەڵ (جاهید)دا ئەو پارچە شیعرەی نوسیووە، غەزەلێکە لە ژێر ناوی (شەهبازی یا شەهێنی) دەڵێت:

شەهبازی یا شەهێنی شـاهی یا شـەهلاری تۆ
بێ دڵو بێ مروەتی عاشق کوژی خوێنخواری تۆ
.........................................
قەت نەکەی (جاهید) مەدەد لەم شۆخی وا کەچ مذهبە
چونـکە (دڵدار)م ئـەزانم نایــەتـــەهـاواری تـۆ

دیوانی دڵدار ل٢١

لێرەدا شاعیر جوانکاریانە مامەڵەی لەگەڵ بەهرەو توانای شیعری خویدا کردووە.
واتە دڵدار وەکو هەموو شـاعیرانی قۆناغەکەی لە سـەرەتادا بەلاسـایی کردنەوەی ئەدەبی کلاسـیک دەستی پێکردووە .

دواترلەو قۆناغەی دڵدار دا لەماوەی هەردوو جەنگی جیهانی بابەتی شـــیعری خۆشـــەویســـتی تاڕادەیەک بەرەو کزبوون و کەمی دەڕۆیشت و لە جێی ئەو زیاتر شیعری نیشتمانی و سیاسی بوو، کە بریتی بوو لە هاندان و وریاکردنەوەی میللەت، کە ئەمەش لەگەڵ واقیعی ئەو ســـەردەمەدا دەگونجاو ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە بوو. بۆیە ڕەنگدانەوەی شـــیعری نیشـــتمانی و کۆمەڵایەتی لای (دڵدار) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەســـتە نیشـتمانییەی کە هەر لە منداڵییەوە پێی گۆش کرابوو، هەسـتی خۆی لەگەڵ خەمەکانی نیشـتمان تێکەڵ کرد و بەگیانی بەرەنگاری و شـۆڕشـگێڕییەوە هاتە مەیدانی خەباتکردن، لەوکاتەشـــدا (دڵدار) دەگاتە لووتکەی خوێن گەرمی و لاوییەتی و کامڵ بوونی هۆش و بیری ؛ بۆیە زیاتر لە ئێشو ئازاری نەتەوەکەی قوڵ دەبێتەوە، خۆی لە شـیعری خۆشـەویسـتی دوور دەخاتەوە.

بەسیـەتی دڵدار زەمانی شیعری بێ مەعنـا نەمـا
هەڵسە چارەی دەردەکەت کە بی تفکر جێگە رەوت.

دیوانی دڵدار ل٤٦

شاعیر دوای ئەو قۆناغە شیعریەی لە سالآنی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٨ دواتر لە سالّی (١٩٤٠) بەدواوە وردە وردە بەهرەو داهێنانی خۆی بە خوێندنەوەو کاریگەری ئەو واقیع و بارودۆخەی تیایدا دەژی ئاستی ڕۆشنبیری زیاتر بەرز کردۆتەوە، سیماو خەسڵەتەکانی ڕێچکە نوێیەکەی شیعری کوردی گرتۆتەبەر، کە بە ڕوخسارو ناوەرۆکی دەقەکانییەوە دەبینرێت. هەروەک مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە دەڵێت: "دڵدار نموونەی تاقیکردنەوەی شیعری تازەی کوردییە بە هەموو لقەکانیەوە، ئەم شاعیرە لەسەردەمێکدا خۆی ناسی کە (شیعری نوێ)ی کوردی لە ناوەوە بوو، ئەو جۆرە خوێندەوارییە تازەیە تێیدا دەژیا وای لێ کردبوون لە کۆن دوور بکەوێتەوەو لە تازە نزیک بێ ماوەیەک لەمەوبەر لەبابەت دڵدارەوە ئەوەم نووسیوە لێرەدا من لە ڕاستی دەرناچم ئەگەر دڵدار بەیەکێک لە سەرۆکەکانی قۆتابخانەی داهێنان (ڕۆمانتیک)و قوتابخانەی ڕیالیزم دابنێم لە ئەدەبی کوردی" دا (مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ل٥٣٩).

دڵدار یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانەی سەردەمی خۆی کەسەرجەم ئەو هۆکارانەی باسکران کاردانەوەی لەسەر زەمینەی تاقیکردنەوەی شیعری هەبووە و بوونەتە هۆی گەشەکردنی هزری و ئاسۆی بیری فراوان کردووە، ئەمە جگە لە هەوڵدانی بەردەوامی خۆی، لەم بارەیەوە دەڵێت:"هەرنوسراوم بدیبایە ئەم خوێندەوەو ئەمتوانی بەکوردییەکی زۆر جوان بنوسم "(عبدالخالق علاءالدین،دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٢٣ ). ئەدەبی عەرەبی یەکێکە لەو ئەدەبیاتە بیانیانەی کە دڵدار وەک سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری سوودی لێ بینیوون، بە تایبەتی قوتابخانە نوێخوازەکانی وەک (مەهجەر) کەهەر لەقۆناغی ناوەندی کەوتووەتە خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە میسرو لوبنان دەردەچوون (دڵدار تەمەنێکی کورت و ئەزمونێکی زیندوو، ل٢٩) ، لە لایەکی تریشەوە ئەو شیعرو چیرۆکە وەرگێڕاوانەی کە لەڕوپەری گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو دەکرانەوە سەرچاوەیەکی تری ناساندنی ئەدەبی بێگانە بوو، لە پاڵ ئەو سەرچاوانەدا ئەدەبی فارسی سەرچاوەیەکی تری بەردەستی شاعیر بووە بەتایبەتی بەرهەمی شاعیرە کلاسیکییەکانی وەک (خەییام، حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی)، دڵدار پەرۆشی بۆ فێر بوونی زمانی فارسی هەبووە . هەروەها ئەدەبی تورکی سەرچاوەیەکی تری دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری شاعیر بووە، دڵدار دەڵێت:"حەقیقەت من لە منداڵییەوە هەندێک تورکیم ئەزانی وە لە گەورەیشدا بە موتالەعە ئیتیلاعاتێکی زۆرم لەتورکی پەیدا کرد"(عبدالخالق علاءالدین، دڵدارشاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٥٦).

کاریگەربوونی دڵدار بە ئەدەبیاتی بێگانەو بەتایبەتی ئەدەبیاتی تورکییەوە وای لە دڵدار کرد، زوو درک بەو ڕەوتە نوێیەی شیعر بکات و خۆی تێدا تاقی بکاتەوە . هەر وەک لە شیعرێکیدا لەژێر کاریگەری دەقی (بهاردە)ی تۆفیق (فیکرەت)ی شاعیری تورک دەقی بۆ (ئەو کەسەی کە) بەرهەم دێنێت، ئەوەی بە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقەکەوە دەبینرێت بەبەراورد بەو دەقانەی کەلەسەرەتای تەمەنە شیعرییەکەی دڵدار لەژێر کاریگەری ڕێبازی کلاسیک، هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە . وەک دەڵێت:

لە بن سایەی چەمەن زاری بەهاری
با پێکەوەبین یەک دڵو ڕوو خۆش
دڵ ڕوونو خرۆش باڕاوێ بکەین سا

هەڵبــەستە مــنو تۆ دڵــی پڕ جــۆش .........

دیوانی دڵدار ل٥٤

لەلایەکی ترەوە باوەش کردنەوەی دڵدار بۆ ئەدەبی خۆماڵی و هەروەها خوێندەوەی بۆ ئەدەبی بیانی، ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەســــەر دڵدار بۆ پێشــــەوەهەنگاونانی لە تاقیکردنەوە شیعرییەکەی.

دڵدار لەو قۆناغەیدا لەئاکامی دامەزراندنی حزبی (هیوا) و بوونی دڵدار بەســــکرتێری حزبێکی نەتەوەیی لەو تەمەنەیدا کەمەیدا، کە دەگاتە لووتکەی خوێن گەرمی و لاوێیەتی و کامڵ بوونی هۆش و بیری ؛ بۆیە چەند دەقێک لە ژێر باڵی بیرو باوەڕی نەتەوەیی پێشــــکەوتوو خواز لەدایک بوون، هەر وەک لەدەقی (ئەی ڕەقیب) دا دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نــای ڕمێنی دانەیی تــۆپی زەمــان
ئێـمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سەیـری کـە خوێناویە رابردوومـان

دیوانی دڵدار ل٣٤

شاعیر گەشبینە بۆیە هانی لاوان دەدەت و راپەڕن و هەڵسنە سەرپێ شۆڕشێک بەرپا بکەن تاجی ژیانو سەربەخۆیی بۆ کورد دەستەبەر بکەن.

هەروەها ســـروشـــتی جوانی کوردســـتان دەبێتە خەســـڵەتێکی دیار لای دڵدار و تاقیکردنەوە شـیعریەکانی لەدەوردا دەسـوڕێتەوە، بە جۆرێک لەناو سـروشـتو جوانییەکانی سـروشـتدا شـۆڕ دەبێتەوە، هەروەک دەڵێت:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆقیبلـە گاهــی منی بێ گومـان
چــاوم پشکوتووی شاخەکـــانتە
فێـری ژیانــی باخـەکــــانتە

دیوانی دڵدار ل٤٥

دڵدار عەشــق جوانی و خۆشــەویســتی ئافرەت لە شــیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، وەک لە(خەندەکەی بایی) دا، سـۆزی راسـتەقینەی شـاعیرو لە ناو تەمی نائومێدیدا دەسـتی خۆشـەویسـتی دەگرێتو لە ئامێزی سروشت دا یار دەدوێنێو بە سەرچاوەی بەخشینی ئومێدی دادەنێت . وەک دەڵێت:

لــە ئافاقی ژیـانی ناهومێـدیم خەنــدەکەی بایی
فــریشتەی پاکــی هیوامــی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوانی ئەمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزێ هــاتە نێـو کـونجی دڵـی تـاریکی پڕ خوێنم
دەسادەی مصدری هەستی
دەخێـرا لادەری پەسـتی

وەرە تــا من بــەرازی تــۆ نەمــامی شادی بڕوێنم

دیوانی دڵدار ل٣٧

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا کوردستان لە ژێر باری ڕژێمی دەرەبەگیدا دەینالاند، چەوسانەوەی چینایەتی بەئاشکرا هەستی پێکرا، لەناوچەرگەی ئەم بارە نالەبارەدا دڵدار وەک شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست، چەندین تێکستی شیعری ئەفراندووە. هەر لەسەرەتای تاقیکردنەوە شیعرییەکەی ژیانی سادەی چینی زەحمەتکێش لە بیرو ویژدانی ڕەنگی داوەتەوە. وەک دەڵێت:

ئەی خودایەحاڵی عالەم حەقی شایانی نییە
میحنەتو ادباری زۆرو شەهدی بێ ژانی نییە

...............................

ئیش ئەکات و ڕەنج ئەداتو ڕوت وقوت و زگ بەتاڵ
ئــاخری بێ سوود ئەمێنێ ســاڵ کــەبــارانی نییە

دیوانی دڵدار ل٤٣

لە ناوەڕاستی چلەکاندا زیاتر ڕۆدەچێتە ناو کێشەی جوتیارانەوە ڕاستەوخۆ کێشەکان دەخاتە ڕوو زوڵمو زۆری (ئاغا) دەســت نیشــان دەکات، ئەویش بەهۆی کاری پارێزەری بوو لەناوچەی کۆیەو هەولێر ، لە ڕێی داوای جوتیارانەوە زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ گرفتەکانی جوتیاراندا پەیدا کرد، دەڵێت:

ڕۆژێکــی پــایز لــەپێــش نیوەڕۆ
لالــەبــاســـم دی زەوی ئــەداتـۆ
ڕووت و زگ والا پــیر و تێکشــکاو
پشتی چەمــاوە لووت لەســەر ئەژنۆ .......

دیوانی دڵدار ل٥٦

((دڵدار وەکو هەموو قوتابیەکی قوتابخانەی ژیان، پەیتا پەیتا گۆڕاوە، پلەی زانیاری و زانســتی بەرزتر بووە، لەپلەیەکی جیاواز بۆ پلەیەکی تر هەنگاوی ناوە تا چوتە پاڵ قوتابخانەی ڕیالیزم بڕوای بەبیروڕای مارکســیزم هێناوە، بەمارکســی مردووە)) (مومتاز حەیدەری، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ل١٣٠) هــەروەک لــە شــیعری توتنــەوان دا دەردەکــەوێت کــە ((ڕێبــازی واقعی لەسەردەستی دڵدار چەند کەسێکی دیکە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە .... توتنەوان و لالە باسی دڵدار نموونەیەکی ڕچە شــکێن و پێشــکەوتووی ڕێبازەکەن لەئەدەبی کوردیدا )) (دڵدار تەمەنێکی کورتو ئەزمونێکی زیندوو، ل٣٢)

دڵدار لە ئەزموونە شــیعرییەکەیدا خۆی لە شــیعری منداڵانیشــدا تاقیکردۆتەوە، کە کۆمەڵێک پەیامی زانستی و پەروەردەیی و .. ئاراستەی ئەو توێژەی کۆمەڵ کردووە. یەکەم دەقی منداڵانی لە (١٩٣٨ –١٩٣٩) نوسیوە ئەویش دەقی (قەلو ڕێوی)ی شــاعیری فەرەنســی (لاڤۆنتین)ی وەرگێڕاوەتە ســەر زمانی کوردی، شـــاعیر لەم دەقەدا بەزمانی گیاندارەوە دەدوێت لەشـــێوەی چیرۆکە شـــیعردایەو هۆشی منداڵان بۆ لای هونەری شیعر ڕادەکێشیو چێژییان پێ دەبەخشێ . (حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ل١٤١).

دڵدار دەڵێت:

ڕۆژێ لە ڕۆژانا قەلێ        وەستا لەسەرکۆلکەچلێ

سەلکێ پەنیری لەدەنووک ویستی کە بیخوا لەهەلێ
ڕێوی بەلایدا تێ پەڕی چاوی بەقەل کەوتو مەلێ

دیوانی دڵدار ل ١٩٠

دڵدار لە دەقی (ڕۆڵەی تازە ) وەکو منداڵێکی وشـــیار قســـە دەکات و ئاگاداری منداڵان دەکاتەوە بۆ گرنگی دان بە زانینو خوێندەواری بۆ سەرکەوتنی نیشتمان . دەڵێت:

من ڕۆڵەی کوردستانم تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وولات سەرکەوێ فیدایە ڕۆح و گیـانم
پێویـــستم بە زانییە زانین بنـاغـەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێ گەر زیندووشبێ مردینە

دیوانی دڵدار ل١٩٩

لێرەدا شـــاعیر (کورد) وەکو نەتەوە (کوردســـتان)یش وەکو شـــوێن وڵاتی کوردان بە منداڵان دەناسێنێت، هانی ڕۆڵەی گەلەکەی دەدا بۆ هەوڵدان و گەیشتن بە زانست و زانیاری و خۆفیداکردن لە پێناو نیشـتمان، شـاعیر دەیەوێت منداڵێک پەروەردە بکات، کە بە ئاگاو وشـیار بێت بەرامبەر بە گەلەکەی، تۆوی نیشتمان پەروەری لە ناخیاندا دەچێنێ بۆ بەرگری لەخاکەکەیان.

**١\٥ ) هۆکارەکانی وابەستەبوونی (دڵدار) بە چەشنە جیاوازەکانی ڕیالیزم**

هەر لە ســـــەرەتاوە ئەو کەشـــــە خێزانییەی، کە دڵدار تێدا پەروەردە ببوو، هەر لەمنداڵییەوە لە بارودۆخێکی خێزانی ناجێگیردا ژیاوە، چونکە لەو ســـاڵانەی ســـــەردەمی (دڵدار)دا بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە نەهامەتی ڕووی لەناوچەکە کردبوو، ســــەرجەم لایەنەکانی ژیانی گرتبووەوە، هەر بۆیە خانەوادەکەی ((تووشـــی دەر بەدەری ئەم شـــارو شـــار بووە، دڵدار لەناو جەرگەی ئەو وەزعە ناخۆشــــەی خێزان و گەلەکەی گەورەو پەروەردە بووە)) (مومتاز حەیدەری، دەفتەری کوردەواری،بەرگی دووەم،ل ١٣٢). کە گۆڕانێکی بنەڕەتی هێنایە ناو ژیانی دڵدارەوە، کاریگەری بەرچاوی هەبوو بۆســـەر چەکەرەکردنی هەســـتی نەتەوایەتی بیروڕای ســـیاســـی دڵدار، بەتایبەتی ئاســـەفی برای،وەک خۆی دەڵێت : (( کاکەئاســـەف لێی پرســـیم : یونس تۆ چیت؟ جوابم دایە : من یونسم،چ بم ئینسـانم مرازم ئەمە نییە یەعنی تۆ خۆت بە کورد یان بەتورکی یان بەئینگلیز دائەنێیت یان نا؟ پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە هیچی لێ تێنەگەیشـتم، بەڵام یەک شـتێ لە عەقیدەو ئیدیعا گۆڕیم کە ئەویش لێیان پرســـیم تۆ چیت ؟ بڵێم من کوردم)) (عبدالخالق علاءالدین، دڵدارشـــــاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٢٥ ). پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:" لەپاش ئەم حادیسەیەش هەر وەکو شـــتێکی تازەم دۆزیبێتەوە شـــعورم بەخۆم دەکرد کەمن یونســـەکەی جاران نیم من کوردم وەوام حەز دەکرد کە باز بدەم و بەکۆڵانەکاندا ڕاکەم و هاوار بکەم : من کوردم، من کوردم ئەم ئینقیلابە غرورێک و غیرەتێکی دامێ کە نازانم وەصـفی بکەم " (ســـەرچاوەی پێشـــوو، ل٢٦) ئەمەو هاوکات ئەو هەل و مەرجە ســـیاســـییەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی دەوڵەتی عوســـمانی هێنایە کایەوە بارو دۆخێکی نوێی خوڵقاند، هەموو نەتەوەکان هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆییان دەدا، لەم ناوەشـــدا میللەتی کورد بەهەڵگیرســـاندنی شـــۆڕشـــە یەک لەدوایەکەکانی شـــێخ مەحمود

لەباشوری کوردستان و ...، کە ئامانجیان پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو لەناوچەکە، بەڵام دامرکاندنەوەی شۆڕشەکان لەلایەن دوژمنانی گەلی کورد لەلایەک و، لەلایەکی تریشـــەوە( جێ بەجێنەکردنی بەندەکانی ( ٦٢ -٦٣ – ٦٤ ) پەیماننامەی ســیڤەر (١٩٢٠ ) کەتایبەت بوو بەکورد بۆ دەســـت هێنانی مافی ئۆتۆنۆمی) (عبدالســـتار طاهر شـــریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیە فی نصف القرن ١٩٠٨ –١٩٥٨، ص ٨٧). بووە هۆی دروست بوونی چەندین گروپ و ڕێکخراوی سیاسی، کە هەریەک لەو کۆمەڵانە بەنهێنی کاریان دەکرد، هەر بۆیە لەســالی (١٩٣٧)کۆمەڵێک لە خوێندکارە کوردەکان لەشـــاری کەرکوک کۆبوونەوە، بۆ گۆڕینەوەی بیرو ڕاو یەکخســـتنی بیرو ئایدیایان لەژێر ناوی کۆمەڵەیەکدا، لەم کۆمەڵە لاوە (دڵدار)یش یەکێک بوو لەوان کەبەمەبەســـتی تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی ئامادەیی ڕوویان لەشـــاری کەرکوک کردبوو . بۆ ئەم مەبەســـتە(هەندێک لەو خوێندکارە کوردانەی کەلەقۆناغی دواناوەندی دەیان خوێند بیریان لەپێکهێنانی کۆمەڵەیەکی نهێنی کردەوە) (د. مکرم الطالبانی، حزب هیوا، ص٤١ ). لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێکهێنانی کۆمەڵەیەک درا بەناوی ( دارکەر  کەدەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیەش بریتی بوون لەیونس ڕەئوف دڵدار، نوری شاوەیس، مکرم طالبانی ...) (سەرچاوەی پێشـــوو، ص٤١ ). (دڵدار جەختی لەســـەر ئەوە کردەوە کە پێویســـتە ڕۆشـــنبیران هەوڵ بدەن بۆیەکخســـتنی ڕیزەکانی گەل ونەتەوە، هەروەک چۆن هەرێمەکانی ئەڵمانیاو ئیتالیا یەکیان گرت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەم پێیە دڵدار پێشـــنیاری کۆمەڵەیەکی نهێنی کرد بەناوی کۆمەڵەی (دارکەر ) (سـەرچاوەی پێشـوو، ص٤٤ ). هەرخۆشـی بوو بەسـکرتێری کۆمەڵەکە، پاشـان لە سـاڵی (١٩٣٨ ) ئەم کۆمەڵەیە دەبێت بە حزبێک، لەبەر تەمەن بچوکی (دڵدار) و بۆ ئەوەی بتوانن زۆر لە ئەفسـەران و کەسـایەتی ناسراوی کورد ڕێک بخەن پێویستیان بە سـەرۆکێکی بە تەمەن و ناسـراو هەبوو بۆیە (ڕەفیق حیلمی) دەبێت بە ســـەرۆکی حزبەکە ودڵداریش ســـکرتێری گشـــتی حزبەکە دەبێت، ناوەکەشــی دەگۆڕێت و دەکرێت بەحیزبی هیوا . (ئەحمەد دڵزار، پاشـکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشـی یەکەم،ل٤٦ ). شـایانی باسـە دڵدار لەحزبی هیوا ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە و وەکو کەســـێتییەکی دەرکەوتووی حزب و زۆربەی کارو چالاکییەکانی گرتبووە ئەســـتۆ . دواتر لەســـالی(١٩٤٣ ) ململانێ و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی حزبەکە لە ڕووی بیرو ئایدیاوە حزبەکە دەبن بەدوو باڵ،  باڵی ڕاســـت و باڵی چەپ (بۆچۆنی جیاواز لەنێوان هەردوو باڵەکە لەبارەی پرۆگرام و پلان و شـێواز و دروشـم و ئاراسـتە سـیاسـییەکانی حزبەکە هاتە ئاراوە) (د. مکرم الطالبانی، حزب هیوا ، ص١٠٢ ).  لـەم ناوەدا دڵدار مـەیلی بـەلای چەپەکاندا چوو، وەکو ســـکرتێری حزبەکە مایەوە تاتوانەوەی لەســـالی (١٩٤٥)دا، دواتر پاش نەمانی حزبی هیوا، دوای سـالێک چووە ناو حزبی (التحرر الوطنی) کە رووکارێکی حزبی شـیوعی عێراقی بوو، بووە ئەندامی کارا لەشـانە نهێنییەکانی ئەو حزبەدا. (ئەحمەد دڵزار، پاشـکۆی بیرەوەرییەکانم، ل٤٧). ((دڵدار وەکو هەموو قوتابییەکی قوتابخانەی ژیان، پەیتا پەیتا گۆڕاوە، پلەی زانیاری و زانســـتی بەرزتر بووە، لەپلەیەکی جیاواز بۆ پلەیەکی تر هەنگاوی ناوە تا چۆتە پاڵ قوتابخانەی ڕیالیزم بڕوای بەبیروڕای مارکسـیزم هێناوە، بەمارکسـی مردووە)) (مومتاز حەیدەری، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، ل١٣٠ ) هەروەک لە شـــیعری توتنەوان دا دەردەکەوێت کە ((ڕێبازی واقعی لەســـەردەســـتی دڵدار چەند کەســـێکی دیکە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە .... توتنەوان و لالە باســـی دڵدار نموونەیەکی ڕچە





شکێن و پێشکەوتووی ڕێبازەکەن لەئەدەبی کوردیدا )) (دڵدار تەمەنێکی کورتو ئەزمونێکی زیندوو، ل٣٢) دڵدار بەشداری زۆربەی ئەو چالاکی و خۆ پیشاندانانەی ئەو سەردەمەی کردووە، دژ بەحکومەتی ئەوسای عێراق، داوای پشتگیری کردنی بۆ کرێکاران و ئازادی خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی کردووە(سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧). دڵدار تا دوا ساتەکانی ژیانی لە حزبێکی وەکو حزبی تحریردا مایەوە، بێگومان بیروباوەڕی نەتەوەیی لەم حیزبانە بیروباوەڕی مرۆڤایەتی تاقیکردنەوەی شیعری ریالیزمی شاعیریان دەوڵەمەندترکرد. هەموو ئەمانەش هۆکار بوون بۆ وابەستەبوونی (دڵدار) بە ڕێبازی ڕیالیزم.

لە لایەکی ترەوە، لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا کوردستان لە ژێر باری ڕژێمی دەرەبەگیدا دەینالاند، چەوسانەوەی چینایەتی بەئاشکرا هەستی پێکرا، لەناوجەرگەی ئەم بارە نالەبارەدا دڵدار وەک شاعیرێکی خاوەن هەڵوێست خۆی بە بەرپرسیار زانیوە ؛ بۆیە چەندین تێکستی شیعری ئەفراندووە. هەر لەسەرەتای تاقیکردنەوە شیعرییەکەی ژیانی سادەی چینی زەحمەتکێش لە بیرو ویژدانی ڕەنگی داوەتەوە. لە ناوەڕاستی چلەکاندا زیاتر ڕۆدەچێتە ناو کێشەی جوتیارانەوە ڕاستەوخۆ کێشەکان دەخاتە ڕوو زوڵمو زۆری (ئاغا) دەست نیشان دەکات، ئەویش بەهۆی کاری پارێزەری بوو لەناوچەی کۆیەو هەولێر ، بۆیە لێرەدا هۆکارێکی تری وابەستەبوونی (دڵدار) بە چەشنە جیاوازەکانی ڕێبازی ڕیالیزمان بۆ دەردەکەوەت، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەی لەم قۆناغەدا بەهۆی هەر دوو جەنگی جیهانییەوەو بوونی ئەو نایەکسانی و زوڵم و ستەمەی لە چینی هەژاران و چەوساوە، بوونی (دڵدار)ە بە پارێزەر، کە لە ساڵی(١٩٤٠) دەچێتە کۆلێژی حقوق لەبەغداد(عبدالخالق علاءالدین، دڵدارشاعیری شۆڕشگێری کورد، ل٤٦ )، کۆلێژ تەواودەکات و دەبێتە پارێزەر، بۆ ئەوەی بە هۆیەوە هەموو هەوڵ توانای خۆی لەم پێناوەدا بخاتە گەڕ بۆ بەرگری کردن و داکۆکی کردن لە مافە زەوتکراوەکانی جووتیاران و هەژاران، بۆ خزمەت کردنی ئەو چینەی میللەتەکەی . هەموو ئەمانەش هۆکار بوون بۆ وابەستەبوونی (دڵدار) بە چەشنە جیاوازەکانی ڕیالیزم و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا.

**بەشی دووەم**

**ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی ڕیالیزم لە شیعرەکانی دڵداردا**

ڕیالیزم لەو واقیعە دەدوێت، کە کۆمەڵ تێیدا دەژی، دیارە ئەمەش بوارێکی فراوان لە خۆدەگرێت و چەندین جۆر لە خۆدەگرێت کە هەرجۆرەو تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، هەرچەندە هەندێ جار تێکەڵ بوونێک لە نێوانیاندا پێکدێت، وەک ئەوەی کە هەندێ جار لە نێوان دووجۆری ڕیالیزمی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕیدا بەدی دەکرێت . هەندێ لەوجۆرانەی ڕیالیزم لەبەرهەمە شیعریەکانی دڵداردا کە بەرجەستەکراون و ڕەنگیانداوەتەوە، هەوڵدەدەین لەم بەشەدا سەبارەت بەو جۆرانە بدوێن لەگەڵ هێنانەوەی نمونەی شیعری بۆیان.

**٢ \ ١ ) ڕیالیزمی فۆتۆگرافی**

ریالیزمی فۆتۆگرافی وەک لە ناوەکیدا دیارە مەبەستی وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافیانەی واقیعە، بەشێوەیەک واقیع وەکو خۆی پیشان دەدات، واتە نوسەر بەدوای هۆکارەکان و گۆڕانکاری لە واقیعدا ناگەڕێت . ریالیزمی فۆتۆگرافی (مەبەستی دەنگدانەوەی واقیع بوونە بەبێ دەستکاری و

گۆڕین، بۆیە پەیڕەوکەرانی بەو پەڕی ئەمانەتەوە واقیع وەکو خۆی بە زمانێکی سادەو ئاسان تۆماردەکەن و دەیخەنەڕوو) (د. کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو پەیڕەوکردن، ل٦٨). بۆئەوەی خەڵکی بەئاسانی بتوانن لێیان تێبگەن، چونکە بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵیان نوسیوە، بەمەش پەیوەست بوونی نوسەرمان بە چینەکانی خوارەوە بۆ دەردەکەوێت و خۆیان بە تاکێکی ئەو چینە داناوەو ئەدەبەکەشیان بۆ ئەوان بووە . وەک لە شیعری لالەباس و تونەوان پێشتریش ئاماژەمان پێداوە وەک فۆتۆگرافمانێک وێنە و دیمەنی ژیانی ناهەمواری جوتیارێکمان بۆ دەگرێت لەچوار چێوەی چیرۆکێکی شیعریدا هەر وەک دەڵێت:

ڕۆژێکی پایز لەپێش نیوەڕۆ
لالەباسم دی زەوی ئەداتۆ
ڕووت و زگ واڵا پیر و تێکشکاو
پشتی چەماوە لووت لەسەر ئەژنۆ
گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نوسابوو بە هەی هەی و هۆ هۆ
..............................
ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی
بڵێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ

دیوانی دڵدار ل٥٦

دڵدار لە شیعری (کوردستان)دا وێنەو دیمەنی خۆش و جوانی سروشتی کوردستانمان لە تابلۆیەکدا بە وشە بۆ دەنەخشێنێت، بە شێوەیەک پیشانمان دەدات وەک ئەوەی لە ڕۆیشتن بە شاخەکانی کوردستاندا وەک دەڵێت:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان     تۆ قیبلە گاهی منی بێگومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە     فێری سەیرانی باغەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت     زریق و باقی جوانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت     خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت

دیوانی دڵدار ل٣٨

شاعیر وەسفی کوردستانی جوان و سروشتی دەکات کە لە ئەزموونی خۆشەویستی نیشتمان، خۆشەویستی ئەم سروشتەمان بۆ دەخاتەڕوو.

لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە ئاکامی ئەو بارودۆخە سیاسی و نەهامەتییەی کە گەلی کورد تێی کەوتبوو، دڵدار وەکو شاعیرێکی خاوەن هەڵویست، بەهیوایەو گەشبینە بە ئومێدەوە وێنەی ڕۆڵەی هیوای گەلەکەی دەکێشێت و بانگەشەی ڕۆڵەکەی دەکات و پێیان دەڵێت مژدەی دڵشادین و نەغمەی ئازادی لێدەدەن، شاعیر لە وەسفی وێنەی ڕۆڵەی هیوای گەلەکەی، زۆر جوان دیمەنی ئەو ڕۆڵەیەمان بۆ دەنەخشێنێت کە هیوای گەلەکەی پێیەتی و گەشبینە پێی، بۆ گەیشتن بە

ئازادی و سـەربەخۆی، شـاعیر وەکو فۆتۆگرافەرێک ئەو دیمەنانەمان پیشـاندەدات، کە لە هیوای گەلەکەیدا دەیبینێت و نەغمەی ئازادییمان بۆ دەکێشێت کە چاوەڕوانی دەکات و دەڵێت:

منداڵی هیوا، کوولەکەی دڵان — تازە خونچەکەی نێو باغی گوڵان
هەرچەندە سەیری نێو چاوت دەکەم — نابینم گەردێ نەزۆر و نەکەم
ڕوونی چارەی تۆ وەک ئاسمانی ساو — وەختێ لێی دابێ پرشنگی هەتاو
تیشکی ئومێدی سەر دڵی تاری — لە ئاسمانی ڕووت ئەدا دیاری.
سیوەیلی چاوی بریقەدارت — ڕووناکی پاکی وێنەی ڕوخسارت
خەندەی بێ فێڵی لێوە ئاڵەکەت — نەشئەی دووچاوی مەست و کاڵەکەت
بێ شک پێشەنگی موژدەی دڵشادین — یا نەغمەخوانی باخی ئازادین

دیوانی دڵدار ل٣٩

**٢\٢ ) ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە**

ئەو جۆرە ڕیالیزمە لە سـەدەی نۆزدە دا سـەری هەڵدا و لە سـەدەی بیسـتەم زیاتر گەشـەی بە خۆوەبینی، ڕیالیزمی ڕەخنەیی لایەنی خراپ و نادروستەکانی نێو کۆمەڵ دەست نیشان دەکات، ئەو ڕەخنانەشی، کە ئاراستەیان دەکات، بە مەبەستی گۆڕینی واقیعە بۆ باشتر بوونی گوزەرانی کۆمەڵ. (عادل مەجید گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، ل٧٧). واتە: ڕیالیزمی ڕەخنەی لە ڕێی ڕەخنەگرتنەوە هەوڵدەدات گۆڕانێک بەسـەر ئەو بارودۆخە خراپە بهێنێتە دی . ڕیالیزمی ڕەخنەیی ((هەوڵدانیەتی بۆ وێنەگرتنی واقیعی کۆمەڵ و دەرخسـتنی ناکۆکیەکانی ئەو واقیعە لە ڕێی تیشک ئاڕاسـتە کردن بەسـەر چەند لایەنێک لە کەم و کورتییەکانی ژیان و گوزەرانی نێو کۆمەڵ و ئاڕاسـتە کردنی ڕەخنەی کاریگەری بەرامبەر بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ)) (سـەرچاوەی پێشـوو، ل٧٧). لێرەدا کاریگەری ریالیزمی ڕەخنەیی دەردەکەوێت لە خسـتنەکاری بەرهەمی ئەدەبی بۆ خزمەتی پێشـخسـتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی . ئەمەش لە ئەنجامی تێگەیشـتنی ڕاست و قووڵی نوسـەر لە واقیعی سـەردەمەکی سـەرهەڵدەدات، ئامانجی ڕەخنەگرتنەکەشـی تەنیا ڕەخنە گرتن نییە بەڵکو باشـترکردن و چاککردنی بارودۆخەکەیە بۆ بارێکی باشـتر. نوسـەر لەم لایەنەوە هەوڵدەدات ڕەخنە لە ڕەوشـتی ناپەسـندو خوی خراپ و نابەجێی کۆمەڵ بگرێت، بەمەبەستی سەرزەنشت کردنی ئەو دیاردە خراپانە، واتە شاعیر ڕەخنە لە هەموو ئەو شتانەدەگرێت کە پێویسـتیان بە ڕەخنەگرتنە جا ئەو بابەتە هەر بابەتێک بێت کۆمەلایەتی یا ئاینی ...هتد، بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن و ئاگایان لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی سەردەم دەبێت . ڕیالیزمی ڕەخنەیی جەخت لە ڕاسـتگۆیی کەسـێتی نوسـەر دەکاتەوە، بە تایبەتی لە پیشـاندانی دژیەکەکانی کۆمەڵ و بوێری نوسـەرەکە بۆ دەرخسـتنی دیاردە دژەکانی نێو کۆمەڵ. (عەباس محمد قادر، ریالیزم لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦ – ١٩٧٠)، ل١٤). لە بارەی پەیوەندییەکۆمەلایەتییەکانی نوسـەریشـەوە پەیوەندییەکی هەمەلایەنەو باشـی هەیە بە تایبەتی لەگەڵ چینەکانی خوارەوە هەمیشـە لەبەرەی گەل و زۆرلێکراواندایە و داکۆکی لە مافەکانی دەکات . بۆیە نوسـەران لەم پێناوەدا تووشـی ئازارو

مەینەتی بوونە قوربانی دەدا لە پێناو ئەو بیرو باوەڕانەدا، لە پێناو چەسپاندنی مافی زوڵملێکراوان.
دڵداری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەم بوارەدا دەستێکی باڵای هەیە، ڕەخنەی خۆی ئاراستەی دەسەڵاتی چینی چەوسێنەر و ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە ناشیرنانەی بوونەتە هۆی کێشەی کۆمەڵایتی و خێزانی لە نێو کۆمەڵدا، (دڵدار) لە شیعری (لالەباس) ڕەخنەیەکی توند لە دەسەڵاتی ئاغا و مامەڵەیان لەگەڵ جوتیاران دەگرێت، لەلایەکی ترەوە هیوای هۆشیاری نەکردنی جوتیاران، ئەوەندەی تری دڵداری پەلکێشی ناو گیرو گرفتەکانی ئەم چینە کرد و شیعری کردە پێناوێک بۆ پاڵپشت کردنی جوتیاران، وێنەگرتنی دیمەنی ژیانی ناهەمواریيان لەچوار چێوەی چیرۆکێکی شیعریدا بەمەبەستی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئاغا و مامەڵەیان لەگەڵ جوتیاران دەگرێت و دەڵێت:

ڕۆژێکی پایز لەپێش نیوەڕۆ
لالەباسم دی زەوی ئەداتۆ
ڕووت و زگ واڵا پیر و تێکشکاو
پشتی چەماوە لووت لەسەر ئەژنۆ
گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نوساوبوو بە هی هی و هۆ هۆ
..............................
بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم
مالیان دامە بەر شیلینگی برنۆ
سێ مانگام هەبوو بەتاڵانی برد
منالی هێشتم بەبێ ماست و دۆ .......
دیوانی دڵدار ل٥٦
شاعیر دێتە سەر باسی (ئاغا) و ئەو ناحەقیەی، کە بەرامبەر ئەوچینە دەکرێت زەوی و زاریان داگیردەکەن و ماڵیان بە تاڵان دەبەنو لەسەر مافی ڕەوای خۆیان بێ بەشیان دەکەن دەڵێت:
وتی لە هاوین کوێخا کاکە سور
هاتە ماڵەوە پێی وتم لالۆ
شایەدی بدەزەوی زێرین دۆڵ
گەواهی بدە و قورئانیش بخۆ
دیوانی دڵدار ل٥٧
شاعیر سەرکەوتوانە لە چینەکانی ناو کۆمەڵ گەیشتوە، هەوڵی دەرخستنی چینی چەوساوە دەدات، بۆ بەرگری کردن لە مافی ڕەوایان، هەروەکو (مارکسی لینین)یش دەریخستوە، کە ئەم چینە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ لە کاتی خەباتدا، چونکە خاوەنی هیچی خۆیان و ڕەنج دەدەن و بەرهەمی ڕەنج و ئارەقیان لەلایەن دەرەبەگەوە دەمژرێ، شاعیر ئەوەی خستوتەڕوو ئەم چینە چۆن هەوڵ و کۆششی دەدەن، لەولاشەوە دەرەبەگ و ئاغا و کێخواو داروودەستەکەیان بەزەبری دەسەڵات و

نوکی تفەنگ لێیان زەوت دەکەن و لە مافی ڕەوای خۆیان بێ بەشـــیان دەکەن، لە ئەنجامی ئەم کارەش چ جۆرە ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە کولەمەرگی و ناهەمواری ژیان دەبەنەســـەرو چ جۆرە تاڵاویەک دەچێژن.

پاڵپشـــتکردنی کاربەدەســـتانی حکومەت، بۆ ئاغاو دەرەبەگ لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا رواڵەتێکی بەرچاوی هەبوو، نەدەتوانرا چاوی لێ بپۆشـرێ، دڵدار زۆر جار لە لایەن دەسـەڵاتداری حکومەتەوە شـــوێن (منصـــب) ی بەرزیان داوەتێ بەڵام ڕەتی کردووەتەوە، هەروەک (عبدالخالق علاءالدین) لەمبارەیەوەدەڵێت:(( لام وایە تاک تاکە ڕۆڵەی وەک دڵدار هەڵدەکەوێت، کە ســـەروەت و سامانو پایە بەرزی لە ژیاندا مەبەست نەبێ و هەمووی بە قوربانی بەرژەوەندی گشتی نەوەکەی بکات، وە دەســـتکەوتنی ئەمانەش بۆ پارێزەرێکی ڕۆشـنبیری بەتوانا لە هەموو ســـەردەمێکا ئەرکی زۆری ناوێ، بێگومان باوەڕو جاهو ماڵی دونیاش سـوڵتانێکە هەموو کەس ناتوانێ لێی لابدا، مەگەر پیاوێکی خاوەن بڕواو دڵسۆزی وەک دڵدار نەبێ)) (عبدالخالق علاءالدین، دڵدار شاعیرو شۆڕشگێڕی کورد، ل٨٩) . بۆیە دڵدار ڕاشـــکاوانە پشـــتگیری کردنی کاربەدەســـتانی لە ئاغا و دەرەبەگەکان خستووەتە ڕوو ڕەخنە لەو دیاردەیە دەگرێت و دەڵێت:

لە کۆیـە چوومـە لای ضابط ووتم
ئەفەندی عومرم گەییە حەفتاو نۆ
بێجگە لەم کوڕە وەجاغم کوێرە
بەمنی ببەخشە مەمکە ڕەنجەڕۆ
چابگ تورە بوو هەڵسایە سەرپێ
فڕێ ی دامە دەر بەپاڵە پەستۆ

دیوانی دڵدار ل٥٨

دڵدار لە زمانی لالە باسـەوە واقیعە تاڵەکەی خسـتووەتە ڕوو، بەرجەسـتەی ئەو واقیعە تاڵەی کورد دەکات، کە بەری ڕەنجی ژیانیان بۆ خۆیان نییە .
دەڵێت:

ئـەوا چل ســاڵە زەوی ئەکێڵم
فەللاحی ئەکەم هەتـاکو ئیمڕۆ
نرخی عارەقەی ڕوونی ماندوێتیم
تیکـە نانێکـە چ نان، نانە جۆ
ئەویش بە بێ دۆ
ئەویش بە بێ دۆ

دیوانی دڵدار ل٥٨

شـــیعری (توتنەوان)یش چیرۆکە شـــیعرێکی درێژە لەحەوت پارچە پێک هاتووە دیالۆگی نێوان (جوتیار وئاغا) یە، (دڵدار) ڕاســـتەوخۆ ئاڕاســـتەی جوتیار دەکا و دەرگای گفتوگۆ لەنێوان خۆی

وجوتیار و ئاغا دا دەخاتە سەر پشت، واتە لە دوورەوە باس لەکێشەکە ناکات، بەڵکو وەک کەسێکی بەئاگا دەیەوێت جوتیار بەخەبەر بێنێتەوە لەو زوڵمو زۆرەی، کە بەرامبەری دەکرێت، هەروەک دەڵێت: "ئەگەر دەشتەکی ترسیان نەبێو توجیە بکرێن، هەردەم بۆ موحافەزەی خۆیان فەعالترین دەستن"(سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ ). (دڵدار) دیمەنی ڕووداوەکانی بەرجەستە کردووە و ئەندێشەو هەست و سۆزی شاعیر دادەچۆڕێتە ناودەقەکە و وێنە و دیمەنی جوتیار و توتنەوان واقعیانە و بێ ڕتوش باس دەکات، هاوخەمی خۆی بۆجوتیار زوڵملێکراو دەردەبڕێت شێوەی (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە) بەخۆوە دەگرێت.

دڵدار بە توندی ڕەخنە لە نایەکسانی و نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەگرێ و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەخاتەڕوو ، کە چۆن جوتکاری لە ڕووی شارستانێتییەوە دواکەوتوون، کەچی ئاغاو دەرەبەگ لە کۆشک و خانووی پڕ لە کەرەستەی پێویست ژیان بەڕێ دەکەن، ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ناهاوسەنگی نایەکسانی لە کۆمەڵگا وەک دەڵێت:

ناو ماڵی ئاودێر هەرزاڵەیێ چووک
دوو پارچە بەڕی شڕ و هەڵزراو
جەرکەیێکی کۆن، سێ گۆزەی کەرخیو
چەند هامانی ڕەش، جامێکی قوپاو

دیوانی دڵدار ل٦٦

لێرەدا شاعیر گوزارشت لە کێشە و گرفتی ئەو چینە هەژارو نەدارەی کۆمەڵگاکەی دەکات، لە دیدی ئەو چینە بۆ ژیان و زمانی ناڕازیبوون و قبووڵنەکردنی ئەو واقیعە بە زۆر سەپاوە بکات.

دڵدار لە شیعری (ئەی خودایە)دا هەمان هەستی هەیە و ڕەخنە لەو نادادپەروەرییەی واقیع دەگرێت و ڕوو لە ئاسمان دەکات و بەبڕوای خۆی سەرچاوەی نەهامەتییەکانی چینی هەژارانە بەوەی، کە سەروەت و سامانی وەک یەک دابەش نەکردووە . وەک دەڵێت :

ئەی خودایە حاڵی عالەم حەقی شایانی نیە
میحنەت و ئیدباری زۆرو شەهدی بێ ژانی نیە
سائەزانی بۆچ ئەمن وا معرەچی شەکوا ئەکەم
تابزانی قودرەتی تۆ حەددی ویجدانی نییە

.......................

ڕێگەی بەشکردنی ڕزقت لە دونیا شاهدن
هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نییە

دیوانی دڵدار ل ٢٤

لەگەڵ ئەو جیاوازیانەی، کە لە ژیانی مۆڤەکاندا هەیە، کەچی هەرچەند جوتیاران هەوڵدەدەن و خۆیان ماندوو دەکەن و وەک لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە (ليس للانسان الا ما سعى) مرۆڤ ئەوەندەی هەوڵدانی خۆی ئەنجام بەدەست دەهێنێت، بەڵام جوتیاران بەبەراورد لەگەڵ ماندوبونیاندا

هیچ بەدەست ناهێنن، بەتایبەتی ساڵێکیش گەر باران نەبارێت و وشکە ساڵی بێت ئەوا حاڵیان زۆر خراپ دەبێت . وەک دەڵێت:

ڕۆژێ فەرمووت(لیس للانسان الا ما سعی(
هیچ کەسێکیش هێندەی فەللاح ئیش و کێڵانی نییە
ئیش ئەکات و ڕەنج ئەدات و ڕوت و قووت و زگ بەتاڵ
ئاخر بێ سود ئەمێنێ ساڵ کەبارانی نیە

دیوانی دڵدار ل٢٤

هەر ئەم هۆکارەشـــــە بەلای شـــــاعیرەوە، کە ئەبێتە هۆی ڕوودانی چەندین کاری خراپ لە ڕووی کـۆمـەڵایـەتـیـەوە، وەک دزیـکـردن بـەنـاچـاری، کـە هـۆکـارەکـەشـــــی دیـارە، وەک دەڵێت:

سا لە ڕێگەی ژین دزینی مەڕ ئەکا گیسک ئەبا
چونکە برسی و بێ نەوایە مانعی نیە

دیوانی دڵدار ل ٢٤

لەو کاتەشدا دڵدار ڕەخنە لە ساویلکەیی ئەو چینەی کۆمەڵ دەگرێت، بەهۆی باوەڕبوونیان بەو مەلا و شـێخانەی، کە ژێر پەردەی ئایینی خەڵکیان چەوسـاندۆتەوە بۆیە (دڵدار) ڕوو لە کۆمەڵ دەکات و پێیان دەڵێت ئەو وتانەی بۆ بەرژەوەندی جوتیاران و هەژارانە، پێویسـت ناکات بەقسـەی ئەو پیاوە ئاینیانە بکەن، کە پێیان وایە دڵدار کافرەو کوشتنی حەڵاڵە . وەک دەڵێت :

ڕەنگە کەمدیدەو مەلایان هانی خەڵکی وابدەن
کوشتنی دڵدار حەڵاڵە چونکە ئیمانی نیە

دیوانی دڵدار ل ٢٥

دڵدار لە شـــیعری (کۆترە باریکە)دا لە زمانی بڵندەیەکەوە ڕەخنە لە دواکەوتوویی و تەمبەڵی کۆمەڵ دەگرێت، بەمەبەستی هاندان و هەستانەوە و تێکۆشان، پێیان دەڵێت نائومێد مەبن لە سەختی ژیان، چونکە ژیان بریتییە لە کۆڵنەدان . دەڵێت:

بەسیە نوستن خەواڵو — چاو هەڵهێنە هەستە زوو
هەلی ژینت لە دەست چوو — ککو...ککو....ککو...ککو

............

لەلای عالەم نیوەڕۆ — هێشتا شەوە لەلای تۆ
بێ ڕەنج کێ ژیوە ئاخۆ — نوستن و تەمبەڵی بۆ

دیوانی دڵدار ل٤٤

شـاعیر پێی وایە کۆمەڵ بێ کێشـە نابێت لە کاتی هەبوونیدا پێویسـتە چاوی لێ نەپۆشـرێت، بەڵکو چارەسـەری بۆ بدۆزرێتەوە، هەر بەم هەسـتەوە دەقەکانی خسـتە پێناو دەرخسـتنی گرفتەکان و دەڵێت :" پەشـمە – عەیبە بۆ ئەو کەسـە نیە، کە بزانێ لە ناگزوریدایە بەڵکو هەموو پەشـمەیەک بۆ ئەو کەسـەیە، کە ناگزوری هەبێ و چاوی لێ بپۆشـێ وە یا حاشـای لێ بکات، وەدیسـان دانیشتنی

کاولانە بەرامبەر ناگزوری گەلایەتی قابیلی پەشـــمە ئامێزە"(یونس رەئوف، ناگزوری گەلایەتیمان، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ مارە ٧، ل٥٧).

لەنیوەی یەکەمی سـەدەی بیست ئەو نەهامەتیانەی، کە ڕووبەڕووی کومەڵی کوردی بووەوە، لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەی ڕیزەکانی کۆمەڵ بوو، بە هۆی نیفاق ململانێی یەکتری و دووبەرەکی، ببووە دیاردەیەکی نەشیاوی کۆمەڵ، ئەمەش سەرنجی شاعیرانی ئەو قۆناغەی ڕاکێشا، نەدەکرا فەرامۆش بکرێت . دڵداریش بەوپەڕی لێپرســـراویەتییەوە ڕەخنە لەو دیاردە نەشـــیاوەی کۆمەڵ دەگرێت و داوای یەک ڕیزیو تەبایی ڕۆڵەکانی گەل دەکات و ڕێگای داهاتوویان بۆ ڕووناک دەکاتەوە دەڵێت :

کەمەر بەستن لە نێو گەلدا بناغەو پەیرەوی ژینە
بە تیری کینەیە ئەمڕۆ لەژینـا فەوتو کوژراوی
دەسا هەڵسەبەهۆشیاری نەفەوتاوی بەیەکجاری
لەنێوبەندی معذب دا ئەمینی ی قوربەسەر ماوی

دیوانی دڵدار ل٢٠

تویژی لاوان ئەوگەنجینە دەوڵەمەندەی کۆمەڵن، کە دڵدار بە ڕوح و ژیانی میللەت دەیانداتە قەڵەم و بەردەوام لە شـیعرەکانیدا ئامادەن و پەیامیان ئاراسـتە دەکات و لە هەر لادانێک و خۆ ون کردنێک ئاگاداریان دەکاتەوە، وەک لە دەقی (لاوی کوردان) دا لاو ئەدوێنێ و ڕەخنە ئاراســـتەی ئەو توێژە دەکات، کە گیرۆدەی بادە و مەی و کۆڕی شەوانە بوون نیشتمانیش لە ژێر باڵی ڕەشی میحنەتدایە دەڵێت:

تۆ ئەزانی ئــەی وەتەن ئیـمرۆکـە بۆچی بێبەشی
بۆچی دەســـتی شەو نیشـانی تۆ ئەدا نامەی ڕەشی
پێـت بڵێم ئەسبـابی گەورەی زیلەتو چارە ڕەشــی
گەنجی کوردان هەر لە دەوری مەی ئەکەن غیرەت کەشی

دیوانی دڵدار ل٢٦

لێرەشدا ئەو ڕاستییە فەرامۆش ناکەین، کە تێڕوانینی دڵدار بۆ دوور کەوتنەوە لە بەکار هێنانی مەی لە ڕوانگەی ئاینی ئیســـلامەوە نییە، بەڵکو وەکو عیللەتێکی ناو کۆمەڵ تەماشـــای دەکات، کە کار دەکاتە سەر تەندروستی کۆمەڵانی خەڵک، هەروەک دەڵێت :

مەی لە بەردەم بێ کە ئەمڕۆ عادەتێکی جاریە
عادەتی چی، موئنیسی چی پیشەی بێکاری یە
جامی یەکەم فرێئەکەیتو هەستی دڵشادی دەکەیت
شادو نۆشــی چی بێ یـاران عیلەتێکی ساری یە
.........................................
قەت نەکەی گیانە بنۆشی ئەم ئەداتەی موخەریبە
چونکە ناوی خۆش و کـاری عەینی ژاری مارییە

دیوانی دڵدار ل٢٥

شاعیر بە بیرێکی ڕیالیزمی ڕەخنە گرانە لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە واقیع و ڕەخنە لە ڕەوشـــتی نابەجێی ناو کۆمەڵ دەگرێت و ڕاســـتی پێشـــاندەدات و خەڵکەکەی هۆشـــیار دەکاتەوەو داوادەکات بەدوای ڕاســـتی بگەڕێن و ئاگایان لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی سەردەم هەبێت، هەوڵدەدات چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە.

(دڵدار) وەک مرۆڤێکی ڕۆشـــنبیرو خەمخۆری گەلـەکەی، بە بیرێکی ڕەخنە گرانـەوە باس لە نادادپەروەری و ناحەقی دەســـەلاتدار دەکات بەرامبەر بە چینی زوڵملێکراو، کە چۆن لە پێناو پارە واز لە هەموو ڕەوشتێکی مرۆڤایەتی کۆمەڵایەتی دێنن و بوونی خۆیان بە پارە بەستوتەوە، (دڵدار) ڕەخنە لەودیاردانە دەگرێت و بۆتە هۆی ناهەمواری و چەوســـاندنەوەی کۆمەڵ . بۆیە هەوڵی چارەســـەرکردنی کێشـــەکانیان و گۆڕینی ژیان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گەل دەکات بە ڕەتکردنەوەی هەر کارێکی چەوساندنەوە . ڕاستگۆیانە چووە بەگژ ئەو مەلایانەدا، کە بە هۆکاری دواکەوتوویی و دوور لە ژیانی شارستانی دادەنێت، جا کاتێ کارو کردەوەی کۆلکە مەلا دەبینێ ، کە لە ژێر پەردەی ئایینی خەڵکی چۆن دەچەوسێننەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، دژیان دەوەستێت و خەڵکەکەی هۆشـــیاردەکاتەوە و ئامۆژگاریان دەکات دوورکەونەوە لەو جۆرە کەســـانە دەڵێت:

توتنەوان ووتی بۆم بکەن حساو    بزانم وا زوو چۆن پارەم تەواو

..........................

مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەرکرد    دەفتەر چ دەفتەر پەڕپوت و گەچلاو
ئەرقامی زل زل خەتی خوارو خێچ    ئیملا فارسی بە کوردی نوسراو
نەمدی پەڕێکی بێ فێڵ نوسراو بێ    نەم دی ووشەیێک ساغ و نەڕنراو

دیوانی دڵدار ل٦٧

لێرەدا هاوپەیمانیەتی دەرەبەگ و مەلای کۆنەپەرستمان بۆ دەخاتەڕوو، کە پشتگیری لە ئاغا دەکات و ڕاســـتیان بـە درۆ دەخوارد و بۆئـەوەی ئـاغا پـاداشـــتیان بـداتێ و لـە ئـاغا نزیک ببنەوە.

شـــاعیر دژی هەموو بیروباوەڕێکی نەرێنی و کۆنەپەرســـتانەیە، بۆ هۆشـــیارکردنەوەی گەلەکەی هەنگاوی ناوە بۆیە ڕەخنە لە خۆی و ڕۆشـــنبیران و نوســـەرانی ســـەردەمەکەی دەگرێت، چونکە هەڵوێســـتیان لە کێشـــە و ڕووداوەکانی ســـەردەم نییە و بێدەنگ بوونە لە ئاســـت کەموکوری و کێشەکانی کۆمەڵ بۆیە هەموو ئەمانە وایان لە شاعیر کردووە دەنگی ناڕەزایی لە خۆی هەڵبڕێت و تا لەو ڕێگەیەوە ئاراستەی نوسەرانی تری بکات.

بەسیـەتی دڵدار زەمانی شیعری بێ مەعنـا نەمـا
هەڵسە چارەی دەردەکەت کە بێ تفکر جێگە ڕەوت.

دیوانی دڵدار ل١٩

**٢ \ ٣ ) ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە**

لە ڕیالیزمی شـــۆڕشـــگێڕانە بیری نەتەوەیی و کێشـــەنەتەوایەتییەکان تێکەڵ دەبن و شـــاعیر داوای گۆڕان و هێنانە کایەی بارودۆخێکی تازە دەکات، بە بیروباوەڕێکی شـــۆڕشـــگێرانەوە هەوڵی

گۆڕانکاری پەرەســـەندن دەدات . هانی کۆمەڵ جەماوەر دەدات بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژیان بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، واتە بایەخ بە ژیانی شۆڕشگێڕی مرۆڤ دەدات لە هەوڵدانی بۆ گۆڕین و ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە نالەبارەی لە واقیعدا هەیە. ((ئەو ئەدەبە .. شـــۆڕشـــگێرە خۆی لە ڕەتکردنەوەی ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی ژیانی مۆڤدا دەبینێت، کە لەگەڵ ســـروشـــتی ژیانی ســـەردەمە نوێیەکەیدا ناگونجێت)) (کەمال مەمەند میراودەلی، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، ل٦٦). ڕیالیزمی شـۆڕشـگێڕانە هەوڵی گۆڕانکاری و بنیاتنانی شتی باشتر دەدات، هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی باردۆخی سیاسی و نالەباری وولآت ڕوودەدات، نوسـەرانیش لە دەقەکانیاندا هۆشیاری شۆڕش بەرپادەکەن و بەو ئاراستەیە دەنوسن و بۆ هاندانی کۆمەڵ بۆئەوەی دژی ئەو واقیعە ڕاپەڕن و بیگۆڕن . نوســـەر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا ڕاســـتگۆیە دەقەکەی لە هەســـتێکی هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەوە سەرچاوەدەگرێت، بەرامبەر هەموو دیاردە چەوت و ناهەموارەکانی کۆمەڵ هەڵویست وەردەگرێت، کە بوونەتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ.

ئەوەتا دڵدار لە دەقی (ئەی ڕەقیب) دا بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە ئەو هەستەی دەردەبڕێت و داوای مافی نەتەوەیی و دروســـت بوونی دەوڵەتێک بۆ گەلەکەی دەکات، بە شـــێوەکی ناڕاســـتەوخۆ پەیامەکەی ئاڕاســـتەی دوژمن دەکات و لە هەموو ســـاتەوەختێکدا و لەو بارودۆخە ســیاســیەی، کە (دڵدار) تێیدا ژیاوە ئامادەبوونی هەبووە و ڕێگر بووە لە بەردەم هەر کۆســـپ و ڕێگرییەک لە هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوە. وەک دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نـای ڕمێنی دانەیی تـۆپی زەمـان
ئێـمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سەیـری کـە خوێناویە رابردوومـان
ئێمە ڕۆڵەی میدیـاو کەیخوسرەویـن
دینـمــان ئایـنـمان نیـشتیمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زینـدووە هیـچ نانـەوێ ئاڵاکەمان

دیوانی دڵدار ل١٧

شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەقەکە ئاڕاستەی دوژمنی دەکا، لە سەرەتاوە شاعیر شوناسی نەتەوەی کوردی بەرجەستە کردووە، کە زمانە بوونی زمانیش مانای بەزیندوو هێشتنەوەی نەتەوە دەگەیەنێت، (دڵدار)یش دەیەوێت بەرجەســـتەی ئەو حاڵەی زمان بکات، کەهیچ تۆپێکی زەمانە ناتوانێت نەتەوەی کورد بڕوخێنێت، لە کاتێکدا لەژێر باڵی زوڵم و زۆرو چەوســـانـدنەوەدا و لەسەردەمێکی کۆنەوە هەوڵی سڕینەوەی دراوە. لە خوێندنەوەی دەقەکەدا ڕاستەوخۆ بەرجەستەی ئەو بارە ناهەمواری کورد و ئەومەترســـیانەی کەڕووبەڕووی بووەتەوە لە لایەن (دوژمن)ەوە دەکات، شـــاعیر بارودۆخی گەلی کورد بۆ دوژمنان ڕووندەکاتەوە، وەک هەر ماوە قەومی کورد زوبان، کورد زیندووە، ڕۆڵەی ڕەنگی ســـوورو شـــۆڕشـــین، خوێناوی ڕابردوومان، هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان، دینمانە ئاینمانە نیشـــتیمان، دەردەکەوێت، جیهانبینی دڵدار لەم دەقەدا دروســـتکردنی

دەوڵەتێکی کوردییە، ئەم دەوڵەتە خاوەن (نەتەوە+ زمان + نیشـــتمان+ مێژوو + ئاڵا+لایەنگیری – ئینتما)یە هەموو ئەمانە نەمری بۆ نەتەوە دەخولقێنن.
پاشـان لە خەیاڵی شـاعیردا لاوان ڕاپەڕیونو هەڵسـاونەتە سـەرپێ (لاوی کورد هەڵسـانە سـەرپێ وەک دلێر) ئەمەش گەشـبینی دڵدار پیشـاندەدت و زۆر بە گەشـبینیەوە ڕوانیویەتە ئامانجەکانی، کە خەباتی بۆ دەکرد، چونکە هەروەک کاتی کردار لە دێرە شـیعرەکەدا (سـا بە خوێن، نەقشـی ئەکەن (ئەکەن) کاتی ڕانەبردووە، واتە دەیانەوێت لە ئایندە دا ڕاپەڕنو شۆڕشێک بەرپا بکەن تاجی ژیانو سەروەری بۆ کورد دەستەبەر بکەن، ئەم سروودە بوو بە مارشی نەتەوەی کورد و بۆ یەکەم جار لەژێر سـایەی هەڵکردنی ئاڵای کوردسـتان لە کۆماری کوردسـتان لە مهاباد لە سـاڵی (١٩٤٦) وترایەوە.

شاعیر بەو هەستە نیشتمانییەی شیعر دەدوێنێ و لە ڕێیەوە خۆشەویستی خۆی بۆ خاکو نەتەوە دووپات دەکاتەوە، شـیعرەکانی دەکاتە پردێک لە نێوان ویژدانی خۆی و کۆمەڵ . بۆیە لە هەموو ڕووداوێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەکو کەسێکی شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێست دێتە مەیدانەوە بە بیروباوەڕێکی پێشـکەوتوانە واقعی نالەباری کۆمەڵی دواکەوتوو پیشـان دەدات و تا کاریگەری لە هەستی نیشتیمانیو ئاکاری کۆمەڵەکەی بکات وەک لە( دەقی ئەی کورد) دا دەڵێت:

ئەری ئەی کورد لە نێو گەلدا هەتـا کەی ماتو دامـاوی
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەسا بیری لە حاڵـی خۆت بکەو هەسـتێ بە زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکـەر بووی ئێستاکـە بۆخـۆت ڕاوی

دیوانی دڵدار ل٢٠

(دڵدار) ئەو بارودۆخە دواکەوتویی و تەمبەڵی و داماوی و زیللەتیەی گەلی کورد دەداتە بەر ڕەخنە و، ڕەخنە لەو بارودۆخە دەگرێت و بە هەڵوێسـتـەوە دێتە مەیدانەوە، تا کاریگەری لە هەسـتی نیشتیمانی ئاکاری کۆمەڵەکەی بکات.

(دڵدار) لە دەقی (بڵێ سـەربەسـتی (ئەی لاو)دا ڕوو لە لاوان دەکات و ئەوان بە هۆکاری سـەرەکی ڕزگاری گەل و نیشتمان دەزانێت . بۆیە بەئاگان دێنێتەوە و باوەڕیان بەخۆیان بێت و داوای خەبات و تێکۆشانیان لێدەکات، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان و گەیشتن بە سەربەستی دەڵێت:

لەسـاتێـکی وەها تەنگ و لـەکـاتێـکی وەها پەستی
کەعالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لەخەو هەستی
بە چاوی ڕاستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستا نا ژێر دەستی
لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

دیوانی دڵدار ل٣٩

لێرەدا شاعیر خاڵەکانی بزواندنی لاوان بۆ شۆڕشکردن دەخاتەڕوو، بەم پێیە چارەنووسی نەتەوەی کورد پرسی سەرەکی ئایدیای شاعیرە، بڵێسەی ئاگرێکی هەمیشەیی بوو لەدڵ و ناخیدا تاوی دەسەند.

شاعیر لەو بارودۆخە سیاسی و نالەبارەدا بە ئومێدەوە لە داهاتووی نەتەوەکەی دەڕوانێت و گەشبینە . بۆیە بە گڕوتینێکی شۆڕشگێرانەوە، کە لاوانی بۆ ئەم مەبەستە کردۆتە ئامانج و پەیامی مژدەی هەڵهاتنی ڕۆژی سەربەستیی دەگەیێنێت و دەڵێت:

مژدەبێ وەتەن خاکت ڕووناک بوو
بەسایەی شەوقی لاوت چالاک بوو

دیوانی دڵدار ل٢٨

دڵدار بە گیانێکی شۆڕشگێرانەوە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی داوای تێکۆشان و خەبات دەکات، لاوان دەبزوێنێت بۆ شۆڕشکردن و خەباتی نەتەوەیی، خۆیان فیدابکەن لە پێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی و سەرکەوتنی گەل . وەک دەڵێت:

تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە ..........

دیوانی دڵدار ل٣٩

شاعیر لەگەڵ بڕوابوونی بەو ئایدۆلۆجیایەی، کێشە نەتەوەییەکەی هەردەم لا گرینگ بووە و سەربەستی گەلەکەی لا مەبەستبووە، بۆگەیشتن بە هەڵهاتنی ڕۆژی ئازادی بە هیوایە، گیان فیدا دەکات و گڕوتینێکی شۆڕشگێڕانە دەداتە لاوانی هیوا لەم پێناوەدا.

دڵدار لە شیعری (ئومێد)دا پەیامی بەدەست هێنانی خەونو ئاواتەکانی و خواستە جەماوەرییەکانی میللەتی کورد دەگەیەنێت، چونکە خەمی بە دەست خستنی سەربەخۆیی وڵات بوو ؛ بۆیە بەدوای دەرکەوتنی ئەستێرەی هیوای نەتەوەکەی دا دەگەڕێت و چاوەڕێی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕووناکە، شاعیر لە بارێکی ناجێگیر و نا ئارامدایە لە کاتی شەودا ئەستێرە و لە ڕۆژیشدا ڕووناکی نابینێت، ئەمەش ئاکامی ئەو بارە ناهەموارو دۆزە سیاسییەی گەلی کورد بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دا ؛ هەربۆیە ئەو ئەستێرەیەی، کە دنیای شاعیر ڕووناک دەکاتەوە و بەدوایدا وێڵە و دەرنەکەوتووە لە نادیاردایە ؛ بۆیە بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە دەڵێت:

چاوەکانم لێڵ و وێڵ بوون کوا ستارەم دەرنەکەوت
دڵ لە تاوی دەردی گڵپەی سەند وەکو ئاورو نەوت
ڕۆژ هەڵات زیندەگی دا گشتی عالەم کەوتە ئیش
چاوەنۆڕی افقی دوورم ڕۆژی من کوا دەرنەکەوت

دیوانی دڵدار ل١٨

شاعیر زیاتر لە ئێش و ئازاری نەتەوەکەی قووڵ دەبێتەوە دەیەوێت ئاڵای شۆڕشی ئازادی هەڵبکات و شیعریش دەکاتە پێناوێک بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە و، خۆی لە شیعری خۆشەویستی و دواندنی یار دوور دەخاتەوە دەڵێت:

بەسیـەتی دڵدار زەمانی شیعری بێ مەعنـا نەمـا
هەڵسە چارەی دەردەکەت کە بی تفکر جێگە رەوت.

دیوانی دڵدار ل١٩

**ریالیزمی سۆشیالیستی ٢\٤ )**
ئەم جۆرە ڕیالیزمە هەر لە زاراوەکەیەوە بەواتای واســـتەبوون بە کۆمەڵگاوە یا ئەدەبی چینی هەژاران بۆ بەکارهاتووە (هێرۆ عبدالرحمن مســـتەفا، ریالیزم لە شـــیعری ئەحمەد دلزاردا، ل١٠٤)، واتە کۆمەڵ دەورێکی ســـەرەکی دەبینێت لە ڕەنگدانەوەی ریالیزمی ســـۆشـــیالیســـتی، ریالیزمی سۆشیالیستی (وێنە کێشی واقیع دەکات بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە لەمەودایەکی مێژوویی سنوردار، کە تیایدا پەروەردەی چینی زەحمەت کێش بەپەروەردەیەکی شـۆڕشـگێڕانە سـۆشـیالیسـتی دەکات) (هیمداد حسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل١٤٩) واتە ڕیالیزمی سۆشیالیستی ((پێڕەوی بنەڕەتی ئیبداعی هونەرییە نەخشــە کێشــانی ڕاســتگۆیانە و مێژووی کۆنکرێتی واقیعی لە کۆڕی بەرەو پێش چوونی شـــۆڕشـــگێڕانەدا لە هونەرمەندان دەوێت، هەروەک پەروەردە کردنێکی کاریگەرانەی بەگیانی سـۆسـیالیزمی لێ دەوێت)) (عزەددین مسـتەفا رەسـول، ڕیالیزمی نوێ وئەدەبیاتی کوردی،ل ١٠٧) ئەم جۆرەی ڕیالیزم ئەدەبێکە بەوپەڕی چالاکی و هۆشـاریەوە تێدەکۆشـێ (نواندنێکی مێژوویی بۆ واقیع پێشـکەش دەکات، بە شـێوەیەکی شـۆڕشـگێڕانە گەشـەی کردووە) (د.سـعید علوش، معجم مصطلحات الادبیە المعاصـرە، ص٢٣٣) واتە ریالیزمی سـۆشـیالیسـتی ئەدەبێکی خاوەن هەڵوێسـتە بەرامبەر هەر ڕووداوێکی واقیعی کۆمەڵ، هەوڵی بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵدا دەدات، زیاتریش بەلایەنی سـیاسـیدا هەنگاو دەنێت، بۆیە دەیەوێت شـۆڕشـێک بەرپابکات لە پێناو گۆڕینی کۆمەڵ بۆ باشترکردنی واقیع و کۆمەڵێکی باشتر.
شۆڕشی چینی کرێکارو ڕەنجبەری جوتیاری بەرهەمهێن کە لە ژێرخاندایە، دژی ستەمکارو زۆردار و سـەرمایەدارە، بۆ گۆڕانکاری و بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و ڕزگاربوونی لەو ژێردەسـتەیی و دیلیەتی و چەوســاندنەوەیەی لە لایەن ڕژێمی ســەرمایەدارو زۆردارەوە . ئەوەتا دڵدار لە دەقی (ئیش)شـدا تیشـک دەخاتە سـەر ئەو لایەنە و لاواز بوونی ئاسـتی ئابووری، کە لە ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتەوە، زۆربەی کۆمەڵانی خەڵک دەیان ناڵاند بەدەسـت بێکارییەوە، شـاعیر لەو دەقەیدا ئەم ناوەرۆکەی بەرجەسـتە کردووە و ڕەخنە لەو دیاردەی لاوانی کورد دەگرێت و هانیان دەدات و داوا دەکات واز لەو سستی و بیرە کۆن و دواکەوتوانە بێنن و مەوستن هەوڵبدەن و ئیش بکەن، هەموو هەوڵ و ماندووبوونێک بخەنەگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، وەک دەڵێت:

دڵ بە دوو ئەفسانە کەوتو وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دنیا ڕەنجی پێ ناوی بۆ خۆی کۆتا ئەبێ
..............................
لەفزی نـابێ نابـێ بیزانێ کە لاوی کوردی تۆ
هەر بەکۆشـش دێتە بەربـاغی ئەمەل ئیحیائەبێ

دیوانی دڵدار ل٣١

شاعیر بەگەشبینییەوە هانی کارگەران دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدان دژ بە دەسەڵاتی سەرمایەدارو رووخانی ستەمکار بۆ سەربەخۆیی و ژیانێکی بەختیاری گەلی برسی و هەژار ؛ بۆیە داوای ئەو ئیش کردنە دەکات، کە ژێرخانی ئابووری پێ بەرز دەبێتەوە دەبێت مایەی خۆشگوزەرانی بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمان و دەڵێت:

مردنە ژینت بە بێ کاری لەسستی لابدە
هەر بە ڕەنجی وەک تۆ نیشتمان ئاوا ئەبێ
............................
ئەی برا لادەلەفکری کۆن و زوو ساراپەرە
کارەکەت چارێک بخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ

دیوانی دڵدار ل٣١

لێرەدا شاعیر پەیرەوی کێشی خۆماڵی کردووەو بەپێی پێویستی بابەتەکە بە زمانێکی سادەو ئاوزاێکی خۆشی داوە بە شیعرەکەو مەبەستەکەی دەگەیێنێت . شاعیر پشت ئەستورە بە بیروباوەڕی سۆشیالیستی و بەو کەسانەی کە هەڵگری ئەم بیروباوەڕەن و گەشبینانە لە داهاتوو دەڕوانێت ؛ بۆیە ئاماژە بە چینی لاوان دەدات وەک هێزێکی کاریگەر بە جەنگاوەرێکی ڕەنجبەرو تێکۆشەریان دەناسێنێت ؛ بۆیە ئاگاداریان دەکاتەوە، هێرش بەنە قەڵای سەرمایەدار، ڕۆڵەکانی قارەمانی شۆڕشن و بە نەمری دەیان هێڵێتەوە و ژیانی هەمیشەییان پێدەبەخشێت و سەرنجام ئازادی بەدەست دێنن.

شاعیر لە ژیانی واقیعی کۆمەڵ ململانێی چینی سەرمایەدار ک کە دەرەبەگە و چینی پرۆلیتارو کرێکارو جوتیارو دەخاتەڕوو، کە هەردەم چینی سەرمایەدار چینی جوتیارو ڕەنجدەری بەرهەمهێن دەچەوسێنێتەوە، تواناکانی بۆخۆی ئیستغلال کردووە و وەکو ئالەتێک بەکاری دێنێ ؛ بۆیە شاعیر هەڵوێست دەنوێنێت و ئەو وێنەیە دەخاتەڕوو بە مەبەستی گۆڕینی ئەو واقیعە و گروتینێک دەداتە کۆمەڵ و دەیەوێ شۆڕش بەرپاکات دژی هەموو ئەو زوڵم و زۆردارییە و هەنگاو دەنێت بۆ سەربەستی و ئازادی لە پێناو رزگاربوون لە ژێر دەستی و دەستخستنی ژیانێکی بەختیار:

گەلێ ماندوو بێ ئارەق برێژی
ئەم دەردو ئیشە یەک یەک بچێژی
لە ڕێی سەرکەوتن ئەبێ پێشکەوی
هەتا بکەوی زیاتر سەرکەوی

دیوانی دڵدار ل٣٨

(دڵدار) بە بیرێکی سۆسیالیستانەوە واقیعی زەحمەتکێش هەژارو کرێکاری کۆمەڵگای کوردیمان پیشان دەدات و لە دەست ئەو نایەکسانی و زوڵمە زۆرەی کە دەرهەق بەو چینە دەکرێت، کە لە پێناو بژێوی ژیانیان پشتیان بە هێزی جەستەی بەستوە بۆ کارکردن ؛ بۆیە ئەمە وادەکات وەکو کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەلایەن ئەوکەسانەی بەکاری دێنن . ئەمەش کاریگەری خراپی لە دەروونی و جەستە و کەسایەتی ئەو مرۆڤانە جێدێڵن و بێ دەسەڵات و شکست دێنن، لەلایەکی ترەوە بە هۆی نەزانی و نەبوونی هۆشیاریەکی وا ئەوەندەی تر دەچەوسێنرانەوە.

وەک دەڵێت :

ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم
فەللاحی ئەکەم هەتاکو ئیمڕۆ
نرخی عارەقەی ڕوونی ماندوییم
تیکە نانێکە چە نان ؟ نانە جۆ ......

دیوانی دڵدار ل٥٦

شـــاعیر دوای دەرخســـتنی ئەو دیمەنە کۆمەڵەکەی لەو بارودۆخە ئاگادار دەکاتەوەو داوای دۆزینەوەی ڕێگە چارە دەکات و تاکو چیتر نەبنە قوربانی بەرژەوەندی چینی ســـەرمایەدارو دەسەڵات، هانیان دەدات لەو بارودۆخە یاخی بن بۆ دەربازبوون لەو زوڵم و ستەمەی دەرهەق بەو چینە دەکرێ، هەوڵی ڕووخانی ئەو ڕژێمە بدەن، لە پێناو دادوەری و یەکســانی و ســـەربەخۆیی و گەیشتن بە مافەرەواکانیان، گەشبینانە دەڕوانێتە چرۆی مرۆڤایەتی و دەڵێت:

بیرو هۆشی خۆت بەکار بهێنە
ئەم دانەو داوە یەک یەک بپسێنە

دیوانی دڵدار ل٣٨

یا لە شوێنێکی تردا
دەڵێت:

میللی یەت یەعنی لە زرەی تۆق و زنجیر ڕاپەری
تەوقی یەخسیری لە ئەستۆی خۆت و میللەت لابەری .........

دیوانی دڵدار ل ٢٦

شـاعیر بە بنیاتێکی هونەری بەرز و بە زمانێکی ســادە و ڕوون و مۆســیقا و شــێوازی دارشــتنی بەســـتنەوەی بە ڕەنگی چینـایـەتی و هـەڵبژاردنی ووشـــەی ئـاوازدار مـەبـەســـتـەکـەی دەربڕیوە.

**٢ \ ٥ ) ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی**

ئەمەش جۆرێکی تری ڕیالیزمە، کە باس لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و دیاردە و دزێو و کێشـە و گیرو گرفتەکانی کۆمەڵ دەردەخات . نوســەر پێویســتە لە دەربڕینی دەقەکەیدا شـێوازێکی ڕوونی هەبێت و لە دارشـــتنیدا بە دیقەت بێت و بابەتەکەی لەواقیعی ژیان هەڵقووڵاوبێت و کارەکەی بکاتە ئامرازێک پەیوەندی بە جەماوەر و ژیانیانەوە هەبێت و کێشەکانیان چارەسەربکات . کەواتە نوســەری ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی دەبێت هەوڵبدات بۆ ڕاســتی دەرخســتن و ئاشــکراکردنی دیاردە ناشــیرین و کێشــە وگیروگرفتەکانی کۆمەڵ، بەڕوونی گوزارشــتیان لێ بکات، بە تایبەت ئەوانەی بوونەتە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵ، لە پێناو دۆزینەوەی چارەســـەر بۆیان . کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان بوارێکی فراوانیان هەیە، نوسەران دەتوانن سوود لەو کێشانە وەربگرن و بیانکەنە بابەتی دەقەکانیان و بە شـــێوەیەکی واقیعیانە بیانخەنەڕوو، بەم هۆیەوەش دەقەکانیان لە جەماوەر نزیک دەبنەوە و لەگەڵ خەم و ئازارەکانیان یەکانگیر دەبن . بەمەش نوسەر ئامانجەکەی دەپێکێت و

ســـــەرنجی وەرگرو خوێنەریش بۆخۆی ڕادەکێشـــــێ و کاری تێدەکات و نەمریش بۆ دەقەکەی بەدەســـــت دێنێ. نوســـــەران گرینگی بە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان دەدەن و کەرەســـــتەی تاقیکردنەوەکانیان لە واقیعی چینی هەژارو ڕەش و ڕووتەکانەوە وەردەگرن و لە ڕوانگەی مەینەتی ئەوانەوە باس لە دەردە کۆمەلایەتییەکانی دەکات و بۆئەوەی لەو نەهامەتیانە وریایان بکاتەوە.

(دڵدار)یش خۆی بە خەمخۆری کۆمەلەکەی دەزانێت و هەســـــت بە ئێش و ئازارەکانی دەکات، زیرەکانە پەنجەی خســـــتۆتە ســـــەر دەردە کۆمەلایەتییەکان، ئەوەتا لە (چەندوچوون)دا باس لە جیاوازی چینایەتی لە ڕووی دەوڵەمەندی و هەژاری و نەزانی و لایەنی ڕەوشـــــتی و مرۆڤایەتی دەکات و ژیانی چینی فەقیرو هەژار، کە چۆن لە کەلاوەیەکی لارو کۆم دا لە ژێر کەپرێکدا ڕووت و برسی ژیان بەسەر دەبەن، هەمیشە هاوڕێی ئازارو مەینەتیەکانیانە ، شاعیر لێرەدا دەیەوێت دەست بخاتە ســـــەر ئەو برینەی جەســـــتەی کۆمەڵ . تێدەکۆشـــــێت هێنانەدی کۆمەڵگایەکی یەکســـــانی و دادپەروەری و سەربەستی و ئازادی تێدابێت . وەک دەڵێت :

کەپرێکی دارگەز، نارێک دامەزراو
بە پوش و گەلای چروو سەرگیراو
بۆ پارێزگاری خۆرە تاوو تۆز
بە چیخێکی شڕ سێ دەوری دراو ..........

دیوانی دڵدار ل٦٨

لێرەدا شـــاعیر گوزارشـــت لە کێشـــە و گرفتی ئەو چینە هەژار و نەدارەی کۆمەڵگاکەی دەکات، لە دیدی ئەو چینە بۆ ژیان و زەمانی ناڕازیبوون و قبووڵنەکردنی ئەو واقیعە بە زۆر ســـــەپاوە بکات . شـــاعیر بە زمانێکی ســـادە و ڕەوان و کێش وســـەروای خۆماڵی مەبەســـتەکەی گەیاندووە، چونکە ئەوەی شـاعیر دەری دەبڕێ فۆرم بە دوای ناوەڕۆک دەکەوێ ناوەڕۆکیش ئەو مەبەسـت و جۆری بیرکردنەوەیە دیاری دەکا، کە شاعیر لە بەرهەمەکانی دەری دەبڕێ.

(دڵدار) لە دەقی (گوڵی ســـــوردا) لە پاڵ تاقیکردنەوە دڵداریەکەی دەیەوێ باری جیاوازی چینایەتی بخاتەڕوو، شـــــاعیر بە بیرێکی پێشـــــکەوتوخوازانەوە ئافرەتی بە هاوڕێی ژیانی داناوە نەک بۆ ڕابواردن و چەوســـانەوە، چونکە لە ڕژێمی ســـەرمایەداری هەموو بەها ئینســـانیەکان بە خودی مرۆڤیشـەوە دەبن بە کالا بۆ کڕین و فرۆشتن و چەوساندنەوە، (دڵدار) پیرۆزی مرۆڤ دەردەخات و دەڵێت:

گوڵی سوری ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین
لـــە بۆیـــەک دەفعـــە بۆن کردن بەناکـــامی ئەتـــۆی هێنا
ئەو یستاکەش بە ژاکاوی
وەها بێ قەدرو تـــۆزاوی
لەسەر ڕێگا فڕێ ی داوی
لـــە جەورو زوڵمی ئەو دەستـــە پەری زادەی بەیـــان لە رزین
لە دەوری ئەم چڵـــەی لێ ی بووی پەپولـــەی زەردو سور گریا ........

دیوانی دڵدار ل٥٩

گوڵ لەم دەقەی (دڵدار)دا ڕەمزی کچێکی کوردە، کە لە باخی ژیاندا ڕووبەڕووی دوو گرفت بووەتەوە، یەکەمیان کۆمەڵگاو داب و نەریتی سەپاندوویەتی، گرفتی دووەمیان پیاو خوڵقاندوویەتی، کە بۆ ساتێک بۆنکردن و خاڵی کردنەوەی ئارەزووەکانی چێژی لێ وەردەگرێ و جوانییەکەی دەژاکێنێ و فڕێی دەداو وازی لێ دێنێ، بەم ڕەفتارەش شۆخی غەمگین ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵگا دەبێتەوە، کە بە چاوێکی کەم بایەخ تەماشا دەکرێت . (دڵدار) ئافرەت لەو خەمەدا بەتەنها جێ ناهێڵێ، بەڵکو دڵە پڕ شکستەکەی خۆی، کە لە لایەن شۆخێکی دولبەرو شیرین ڕەگ و ڕیشەی لە بن دەرهێنراوە و خراوەتە ژێر پێ، دەیکاتە هاوەڵی دڵی پڕ خەمی کیژێک، کە هەردووکیان بێ ئومێد بوون لە دڵداری.

لێرەدا (دڵدار) دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵ دەردەخات و بۆ چارەنوسی کۆمەڵ لە ململانێی لەگەڵ واقیع، باس لە ئافرەت دەکات وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، دەیەوێ ڕۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵدا بەرزکاتەوە و دەیانهێنێتە مەیدانی هەوڵ و تێکۆشان، لە داب و نەرتە دواکەوتوەکانی کۆمەڵ ڕزگاریان دەکات هەڵوێستی خۆی دەنوێنێت.
(دڵدار) لەو دەقانەیدا دیمەنەکانی بەرجەستە کردووە و ئەندێشە و هەست و سۆزی شاعیر دادەچۆڕێتە ناودەقەکە و هاوخەمی خۆی بۆ کۆمەڵەکەی دەردەبڕێت، ئەویش بەدەرخستنی نەخۆشی و دەردەدارییەکانی کۆمەڵ و دەڵێت:

ئافرەتێک لەولا لاڵ و پاڵ کەوتوو
بێ هۆش لەبەرتا، لەبرسا ژاکاو
منداڵێکی لەڕ عومری شەش ساڵان
لەپەو ڕوو کەوتوو بێ مل پەشۆکاو
منداڵێکی تر ساوا و بێ پەروا
بەڕو پارچە جل لەم لا داپۆشراو
وژەی بای گەرم و گژەی پۆلی مێش
تێکەڵ بووە لەگەڵ دەنگی باو و ئاو

دیوانی دڵدار ل٦٦

خستنە ڕووی (موعاناتی)ماڵی هەژارێک بەو شێوەیەی، کە لە دەقی سەرەوە باسکراوە کام ویژدان ناهەژێنێت، لێرەدا دەبێت ئەو وتەیەی (دڵدار) خۆی بەهەند وەربگرین، کە دەربارەی داڕشتنی ئەو دەقانەی، کە هەڵگری خەمەکانی کۆمەڵگان و دەڵێت: "چ نوسەر چ شاعیر لە ئەدەبی ئیجتیماعیشدا گەر ڕووتو بێ بۆن و بەهارات بنوسێ وەیا شیعر دابنێ چ تام و بۆنێکی نییە، گەر گریمان مکسیم غورکی لەداستانی دایک (الام) دا گەر بە ڕووتی لە کرێکارەکە بدوا با قیمەتی نە ئەبوو، بەڵام ئەم داستانە بۆیە بە دڵی هەموو کەسێکدا چوو، چونکە گەلێک تەحلیلاتی نەفسی و هەستی بەرزو ئەفکاری وردی تێدا کۆکردوەتەوە"(عبدالخالق علاءالدین، دڵدارشاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل١١٠-١١١).
شاعیر هێندە ئاوێتەی خەمەکانی ئەوخێزانە هەژارە دەبێت، کە نموونەی هەموو خێزانە هەژارەکانی دونیایە تادەچێتەوە ناو ئەندێشە و خەیاڵ و بیر لە مرۆڤ دەکاتەوە، کە بۆ پەیدا کردنی قووتی

ژیانیان تووشــی چەندەها دەردەســەری ونەهامەتی بوونەتەوە ؛ بۆیە دەســتی یارمەتییان بۆ درێژ دەکات و لە دیمەنێکی تر دا دەڵێت:

حاڵی ئەم ماڵەی هـەژارو نەخۆش

ئەرکی سەرشـانی ئاودێری تەنها
منیان هاویشتە گێژی سەرنج دان
لە کـــاروبـــاری نـارێکی دنیا
ئەم هەمووئەرکەو ئەم هەموو ڕەنجە
گۆیـــا لوقمەیەک نـانی جۆ ئەخوا

دیوانی دڵدار ل٦٧

نەخوێندەواری لە گرفتە هەرە گەورەکانی کۆمەڵ بوو، کە بوو بووە لەمپەرێک لە بەردەم گەشەسەندنی وڵات و تەنانەت پرۆسەی سیاسیشدا، (دڵدار)یش وەکو کەسێکی بە ئاگا گرنگی بەم لایەنە دەدات و ڕەخنە لەو دیاردەیە دەگرێت و بانگەشـــەی فێربوون و داماڵین لە نەزانین دەکات و گرنگی دان بەزانین لە چارەســـەرکردن و کەم کردنەوەی خەم و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەی دەردەخات و دەڵێت:

لە نێوگەلدا ئەبێ اعلانی جەنگی کەی لەگەڵ جەهـلا
علم چەک بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بێ

دیوانی دڵدار ل١٨

شـاعیر بەبیرێکی پێشکەوتوخوازانە پابەندی واقیعی سـەردەمەکەیەتی و کێشـەکانی گەلەکەی بۆتە بە شـێکی زیندو و لە خودی و تادوا هەناسەی ژیانی دەست بەرداری نەبووە و لێی جیانەبۆتەوە ؛ بۆیە هەڵوێستی دیاری دەنوێنێت لە ئاست دەردەکانی کۆمەڵ، هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات ؛ بۆیە لە ئەنجامی شـــۆڕبوونەوەی بە ناخی واقیعە ئاڵۆزەکەی، دواکەوتووی ژیانی کۆمەلایەتی میللەتی کورد دیار دەکات ئەویش بەدەرخستنی نەزانی و دواکەوتوویی، کە ڕیشـەی هەموو دەردو بەلایەکە، دەبێتە هۆی دواکەوتن، هەوڵی داوە ڕۆلەکانی گەلەکەی هۆشـــیارکاتەوە و ئامۆژگاریان دەکات و هانیان دەدات، کە ڕوو لە مەیدانی خوێندن و تێکۆشـــان بکەن لە پێناو دەربازبوون لە خەوی بێ ئاگایی و نەزانی، ڕەخنە لە نەریتی کۆن و دواکەوتووی کۆمەڵ دەگرێت و ئامۆژگاریان دەکات لە خەبات و تێکۆشـانداب‌ن بۆ بەرگری لە نیشــتمان و نەتەوەکەی تا لە ژیان ســەرکەون بۆ کاروانی پێشــکەوتن و شـارســتانی، خوێندن بکەنە چەکی بەرگری بۆ ڕزگاربوونیان لە نەزانی بۆ بەرگری و پاراستنی وڵات لە چنگی دوژمنان، دەیکاتە ڕووناکی وڵات بۆ پێشکەوتن.

لە ڕێی سەرکەوتن ئەبێ پێشکەوێ   هەتا بکەوی زیاتر سەرکەوی
نیشانی تیرەی خۆت بدەی ڕێگا   کە ڕێز ببەستن بڕۆن بە شوێنیا
تۆ ئەبێ چرای زانستی هەڵکەی   دەستم داوێنت ڕێگا ون نەکەی
بیرو هۆشی خۆت بەکار بهێنە   ئەم دانەو داوە یەک یەک بپسێنە
تاکو دەرکەوی لە هەموو دنیا   چەندیان کرد بمرێ کەچی کورد هەر نەما

دیوانی دڵدار ل٣٩

یا لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

من ڕۆڵەی کوردستانم	تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وولات سەرکەوێ	فیدایە ڕۆح و گیـانم
پێویـستم بە زانییە	زانین بنـاغـەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێ	گەر زیندووشبێ مردینە

دیوانی دڵدار ل٣٦

شـــاعیر دەیەوێت ڕۆڵەی گەلەکەی بارگاوی بکات بە زانســـت و زانیاری و دەرچوون لەبازنەی نەخوێندەواری، ئەمەش یەکێک بووە لە خواستەکانی شاعیر، هەر بۆیە دەیەوێت نەوەیەک پەروەردە بکات بەئاگاو وشیار بێت بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ژیان، ژیانیش پێویستی بە تێکۆشان هەیە وەک دەڵێت:

ئیمە بەیانی گەنجین	لەم خاکەدا لەرەنجین
ڕەنجدان نیشانەی گەنجە	ئێمەش خولقاوی ڕەنجین
وەتەن باخی جینانە	موحتاجی بازوو شانە

دیوانی دڵدار ل٣٦

شاعیر لە شیعری (قەل و ڕێوی)دا وێنەی دیاردەی دزێو و فێڵ و تەڵەکەبازی سروشتی کەسایەتی خراپی کۆمەڵ دەکێشـــێت، کە گیانلەبەران ڕۆڵی تیا دەبینن کاراکتەری ڕێوی ئاماژەیە بۆ کەســـی زۆردارو فێڵباز، قەل یان چۆلەکە ئاماژەیە بۆ ساویلکەیی و بێ دەستەڵاتی، بەواتایەکی تر لە پشتی ئەم دەقەوە دووانەی زاڵم و زوڵملێکراو بەرهەم دێت، کەواقعی ئەوسـای کۆمەڵی کوردی ڕێژەیەکی زۆری لەم دوانانەی لەخۆگرتبوو؛ بۆیە شاعیر زۆر بە وریایی بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات.

ڕۆژێ لە ڕۆژانا قەلێ	وەستا لەسەرکۆلکەچلێ
سەلکێ پەنیری لەدەنووک	ویستی کە بیخوا لەهەلێ
ڕێوی بەلایدا تێ پەڕی	چاوی بەقەل کەوتو مەلێ

دیوانی دڵدار ل٣٤

لێرەدا شـاعیر بەزمانی گیاندارەوە دەدوێت لەشـێوەی چیرۆکە شـیعردایە، بەشـێوەیەک پەیامەکانی دەربڕیوە منداڵان بەتەنیا گوێگرتنیان، ئەو مەبەسـتانەی، کە شـاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت ڕاسـتەوخۆ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن دەرژێتە ناو هۆشو سۆزیانەوە.

بەم پێیە دەگەینە ئەوەی شـــاعیر ئەرکی کۆمەڵایەتی خســـتۆتە ئەرکی شـــانی و وشـــیارانە وەکو پێویستیەکی بارودۆخەکە توانیویەتی هەست و خواست و پێویستیەکانی کۆمەڵ دەرببڕێت، ئەمەش دەمان گەێنێتە ئەو ڕاسـتیەی، کە شـیعر دەبێ لە کانگای سـروشـتی خۆیەوە هەڵبقوڵێ نەک بە زۆری لێ کردن و ئاوێتەی کێشەکانی کۆمەڵەکەی بێت و بێ ئاگاو دوورە پەرێز نەوەست.

مامەڵەکردنی شـــاعیر لە شـــیعرەکانیدا بەکارهێنانی زمان بە زمانێکی ســـادە و ڕەوان و بنیاتی هونەری ووشـەکانی و شـێوازی دەربڕینیان لە مۆسـیقای ووشـەکان لە کێش و سـەروای دەرەوەو

ناوەوەو وێنەی هونەری لەتەک بابەتەکانی لە بازنەی جۆرەکانی ڕیالیزمدا بۆ تێگەیشتنە لە سروشتی دەربڕینی شیعر و کرداری داهێنانە تیایدا بە گوێرەی کاریگەری واتاکانی، چونکە واتای ووشەکان لە بابەتەکان کۆدەکاتەوە، واتە بە پێی پێویستی روخسارە، کە بۆ ناوەرۆکەکە دادەڕێژرێت و دەبنە تەواوکەری یەکتری و هاوسەنگ دەبن . لێرەدا شاعیر بە هەڵوێستە هزریەکانیەوە لە ڕێگە شێوازە هونەریەکەی لە زمان و ئاوازەکەی کاریگەری دەبێت و ئامانجەکان دەهێنێتە دی، شاعیر دەبێتە دەنگی گەلەکەی و خزمەتی مرۆڤایەتی دەکا، ئەمەش هەڵوێستی شاعیرە لە هزریدا لە چوار چێوەی شارستانیەتدا لە کاریگەری هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و......هتد لە واقیعد.

**ئەنجام**

١- هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بارودۆخی سیاسی و واقیعی کۆمەڵی کوردی و ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستن و بڵاوبوونەوەی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا.

٢- زۆربەی شیعرەکانی دڵدار ڕەنگدانەوەی ئەو واقیع و بارودۆخە پڕ لە ڕووداو و کارەساتانەی سەردەمەکەی بووە، کە لە کوردستاندا ڕوویانداوە، خراپی ڕەوشی ژیانی گەلەکەی بوونەتە هۆی ئەوەی تووی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی لە ناخیدا چەکەرەبکات و هەمیشە لە خەمی نیشتمان و نەتەوەکەی دابووە، لە بیرکردنەوەیەکی تاکەکسییەوە چووەتە نێو بیرکردنەوەیەکی بە کۆمەڵەوە ، چۆتە نێو کێشەکانی کۆمەڵەوە بۆتە بەشێک لە چارەسەر.

٣- ڕیالیزم پەیوەندییەکی پتەوی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵی کوردییەوە هەبووە ؛ بۆیە زۆرینەی شیعرەکانی دڵدار دەچنە ناو خانەی جۆرەکانی ڕیالیزمەوە، بەپلەی یەکەمیش ڕیالیزمی ڕەخنەیی، ئەویش لە ڕووی بارودۆخی سیاسی کۆمەڵەکەیەوە بێت، یان لە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا، واقیعی ژیانی سەردەمەکەی خستۆتەڕوو . ڕاستەوخۆ پەیامەکەی دەگەیێنێتە خوێنەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی شاعیر بە خستنەڕووی ئایدیۆلۆجیای لە نێو شیعرەکانیدا.

٤- لە ڕووی زمانەوە شاعیر زمانێکی سادەو ساکاری بەکارهێناوە، لە نوسینی شیعرەکانیدا، بۆئەوەی زۆرینەی خەڵک لە شیعرەکانی بگات و پەیامەکەی بگەیەنێت، ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕێبازی ڕیالیزم.

٥- دڵدار لە ڕێی ڕیالیستی فۆتۆگرافییەوە وێنەی واقیعی دیاردەکانی ناو کۆمەڵی کێشاوە زۆر لە دەردەکۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی خستۆتەڕوو لەوانە هەژاری، دواکەوتوویی کۆمەڵ.

٦- لە ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا دڵدار ئومێدی خۆی دەربڕیوە بۆ گەیشتنی کۆمەڵی کوردەواری بەسیستەمی سۆشیالیستی.

## سەرچاوەکان


**کتێب : بەزمانی کوردی**

ئەحمەد دلزار، پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٨. –

– پەرێز سابیر د.، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٥. –

ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی – بەرگی دووەم، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٨. –

شێرزاد عبدالرحمن، دلدار شیعرو هەلوێست، مطبعەدار الرسالە،بەغداد، ١٩٨٦. –

–عەباس محمد قادر، ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٤٦-١٩٧٠، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلیمانی، ٢٠١٠.

–عبد الخالق علاء الدین، دلدار شاعیری شۆرش گێری کورد، چاپخانەی دار أفاق عربیە للصحافەوالنشر، بغداد،١٩٨٥.

– عزەددین مستەفا رەسول، ڕیالیزمی نوێ وئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی کۆمپیتەری ڤان، سلیمانی، ٢٠٠٨ .

د. فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤. –

کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێ ی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد، ١٩٨٧. –

– د. کامل حسن عزیز البصیر، ڕەخنەسازی مێژوو پەیرەوکردن، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق،بەغداد،١٩٨٣.

کامیل محمود، غەزوی ڕۆشنبیری وریبازەئەدەبیەکانی ڕۆژئاوا،چاپخانەی دلێر، هەولێر، ١٩٩٨. –

– کەمال مەمەند میراودەلی،چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨١.

کوردستان موکریانی، دیوانی دلدار، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،١٩٧١ –

– مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ . –

هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبیەکان، دەزکای توێژینەوەوبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ئاراس، هەولیر،٢٠٠٦.

**کتێب : بەزمانی عەربی**

– د. سالم احمد الحمدان، مذاهب الادب الغربی و مضاهرها فی للادب العربی الحدیث، مطبعە التعلیم العالی، الموصل، ١٩٨٩.

د.سعید علوش، معجم مصطلحات الادبیە المعاصرە، دار الکتاب اللبنانی، بیروت، ١٩٨٥. –

د.صلاح فضل، منهج الواقعیە فی الابداع الادبی، الهیئە المصریە العامە للکتاب، مصر، ١٩٧٨. –

د.طارق العذاری، المسرح التعبیری، دار الکندی للنشر واتوزیع، ١٩٩٦. –

– عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیە فی نصف القرن ١٩٠٨ -١٩٥٨، بغداد.

– د.عزالدین مصطفی رسول، الواقیعیە فی الادب الکردی، المکتبە العصریە، بیروت،١٩٦٦.

عبدالرزاق الاصفر، المذاهب الادبیە لدی الغرب، اتحاد الکتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩. –

د. مکرم الطالبانی، حزب هیوا، مطبعە خاک، سلیمانیە، ٢٠٠٢. –

مهند طابور، الواقعیە فی المسرح، مطبعە الامە، بغداد، ١٩٩٠. –

**نامەی ماستەرو دکتۆرا**
– سامان عوسمان عومەر، ڕیالیزم لە شیعری بێکەس دا،نامەی ماستەر،زانکۆی .سلێمانی، کۆلیژی زمان، ٢٠١٠.
– عادل مجید گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ابن روشد – زانکۆی بەغداد، ١٩٩٦.
– هیمداد حسین بکر، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا،نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر،١٩٩٥.
– هێرۆ ئەحمەد حەمەغەریب، دڵدارو نوێکردنەوەی شیعری کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٠.
– هێرۆعبدالرحمن، ڕیالیزم لە شیعری ئەحمەد دلزار دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، ٢٠٠٩.
گۆڤار
- مومتاز حەیدەری، دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٧٠.
– د.محەمەد دلێر، دەنگی ئەدەبی نوێی کوردی لە گۆڤاری ڕزگاری دا ١٩٦٩– ١٩٧٠، زانکۆی سلیمانی، بەشی، ژمارە ٢٠، بەشی ب، ٢٠٠٧ .
– دڵدار تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی زیندوو، ڕۆڤار، ژمارە ١٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
– فەرهاد پیربال، ڕیالیزم، ڕامان، ژمارە ٨٢ – ٨٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٥.
– ڕێزان ڕەحمان خدر، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لەئەدەبدا، ڕامان، ژمارە١١٤، چابخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
– عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، شارو نوێگەری شیعرمان، ڕامان، ژمارە ٣، چابخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٦.
– یونس رؤوف (دڵدار)، ناگزوری گەلایەتیمان، گەلاوێژ، ژ مارە ٧، ١٩٤٣.
– کەریم شارەزا، دڵدار وشعری ڕیالیزم، نوسەری کورد، ژمارە ١٢، ١٩٨٣.

## ملخص البحث

### الواقعيه فى أشعار دلدار

الواقعيه مذهب من المذاهب الأدبيه التى توءدى عملها بشكل جيد فى خدمه المجتمع بحيث يدرس الأشياء المرئيه الطبيعيه للأنسان، يدرس واقع المجتمع و عمق المشاكل التى تواجهه، وكل هذا فى إطار أدبى بحت، و تعطى للنص سمه شعريه أساسيه فى إطار الأدب . ظهر هذا النوع من المذاهب الأدبيه فى الأدب الكوردى مع بدايه القرن العشرين و ذلک لأن المجتمع كان يمر بوضع اقتصادى و اجتماعى سىء، مما أدى لظهور هذا النوع من المذاهب بقوه لتعبر عن المعاناه التى كانت تعانى منها المجتمع، و من الشعراء الذين برزوا فى هذه الفتره (دلدار) فأشعاره كانت مرآة للأوضاع التى كانت سائده فى المجتمع آنذاک، و فى هذا البحث سلطنا الضوء على جانبى العملى و النظرى النقدى لأعماله الشعريه الواقعيه.

بحثنا يتضمن مبحثين و أهم النتائج و قائمه المصادر و المراجع، و خلاصه البحث باللغه العربيه و الإنجليزيه.

جاو المبحث الأول عن شرح مفصل للواقعيه و تاريخ ظهوره، و ظهوره فى الأدب الكوردى، و حياه دلدار و تجربته السياسيه الشعريه . أما المبحث الثانى فهو يتضمن مجموعه من الفقرات منها، انعكاس أنواع الواقعيه فى أشعار دلدار منها الفوتوغرافى، و الواقعيه النقديه، و الواقعيه الثوريه، و الاجتماعيه.

## Abstract

### Realism in the poems of Deldar

Realism is a doctrine of literary doctrines that perform well in the service of society to study the natural visual things of human, study the reality of society and the depth of the problems facing it, all in a purely literary framework, and give the text a poetic characteristic essential in the framework of literature. This type of literary doctrines emerged in Kurdish literature at the beginning of the twentieth century because the society was going through a bad economic and social situation, which led to the emergence of this type of doctrines strongly to express the suffering suffered by the community, and the poets who emerged in this period (Daldar s poetry ), his poetry was a mirror of the prevailing conditions in society at the time, and this research including , practical and theoretical aspects of his critical poetic work.

Our research consists of two main major , a list of sources and references, and a summary of the research in Arabic and English.

The first topic is a detailed explanation of the realism and history of its appearance, its appearance in Kurdish literature, the life of Doldar and his political and poetic experience.

The second section includes a number of paragraphs, reflecting the types of realism in the poems of Dildar including photography, monetary realism, revolutionary realism, and social.

# دڵدار لە کایەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا

توێژەر: م.ی. ئەڤین ئاسۆس حەمە
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی کوردی

**پێشەکی :**

ڕێبازە ئەدەبیەکان وەک بابەتێکی هونەری و لقێکی ئەدەبی لەلایەن نوسەران و بیرمەندانی ئەورووپا سەریان هەڵداوە و لەلایەن ئەوانیشەوە پۆلێن کراون، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی ئەدەبیات و گۆڕانکارییە مێژووییەکان ئەم ڕێبازانە سنوری وڵاتانی تریان گرتۆتەوە،شاعیر و نووسەرانی کوردیش یەکێک بوون لەوانەی هەر زوو پەیڕەویان لەو ڕێبازانە کردووە، ئەگەرچی تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و دەقەکانیان ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی هەڵگرتووە،هەر قۆناغێکیش ڕەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخە بووە، کە ڕێبازەکە تێیدا هاتۆتە ئاراوە، لە هەر قۆناغێکیشدا کۆمەڵێ شاعیرو نووسەری بەتوانا دەرکەوتوون و بوونەتە سەرمەشقی ئەو تازەگەریەی لەو کاتەدا پەیدابوون.

دڵدار؛ یەکێکە لەو شاعیرو نووسەرانەی توانیویەتی بە نووکی خامە و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەسپی خۆی لە مەیدانی شیعرنووسیندا تاو بدات و ناوێکی نەمر بۆخۆی تۆماربکات. دڵدار ئاماژەی بە کۆمەڵێک هۆکارێک کردووە، کە وایان لیکردووە پەیڕەوی چەند ڕێبازێکی جیاجیا بکات، هەر وەک دەبینین سەرەتای شیعر نووسینی بە کلاسیک دەست پێدەکات، دواتریش بەرەو ڕۆمانسیزم و واقیعەت و مەسەلەی چینایەتی چووە، لەکاتێکدا بارودۆخی ژیانیشی بەو قۆناغانەدا ڕەت بووە، کە هێشتا بۆنی کلاسیک مابوو، لە دواتریشدا ڕۆمانسیزم و ریالیزم لەئەدەبیاتی کوردی برەو دەسێنن و دەچەسپێن. بەلەبەرچاوگرتنی ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو ریبازە لەبەرهەمەکانیدا بە پێویستمان زانی ئەوتوێژینەوەیە ئامادەبکەین . توێژینەوەکە پێک دێت لە پێشەکی و دوو بەش، بەشی یەکەم دابەش کراوە بۆسەر چەند تەوەرەیەک، چەمکو سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان لەئەوروپا، هەروەها ڕێبازە ئەدەبیەکان لەئەدەبی کوردی دا، بەکورتی باسی ئەو ڕێبازانەمان کردووە، کە لە شیعرەکانی دڵدار ڕەنگیان داوتەوە ، بەشی دووەمیشی تایبەت کراوە بە ڕەنگدانەوەی ڕێبازەکان لەناو بەرهەمە شیعرییەکانی دڵدار دا، لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێک خراوەتە بەردەست .

**چەمکی ڕێبازە ئەدەبییەکان :**

**١-١ چەمک و پێناسە:**

لە هەر سەردەمێکدا تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ دیاریدە سروشتی و کۆمەلایەتی و مێژووییەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باری ڕۆشنبیری و سیاسی و فەلسەفی و کۆمەلایەتی ،.... ئەو سەردەمەوە هەیە، لیکۆڵینەوە لەو دیاریدانەش لە ڕێی بیرمەندان و نووسەران

و رۆشـــنبیرانەوە بووە، بێگومان بە جیاوازی ئەو ســـەردەم و ئەو بیرمەند و نووســـەرانەش، لێکۆڵینەوەکانیش جیاواز دەبن و دەرئەنجامی جیاوازیش دەدەن بە دەســـتەوە. ڕێبازە ئەدەبییەکان وەک دیاریدەیەکی ئەدەبی جیهانی، هەڵقوڵاوی بیری مرۆڤایەتی و بیری بیرمەندان و نووســـەرانن، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەوروپا و جیهانی دا بە پێی بارودۆخ و ســـەردەمە جیاوازەکان هاتوونەتە ئارا، دوای ســـەرهەڵدان و گەشـــەکردنی ئەو ڕێبازانە بە وڵاتانی تردا بڵاو بوونەتەوە و شوێنی خۆیان گرتووە.

لە زمانی کوردی دا وشـــەی " ڕێباز یا قوتابخانە " بەرامبەر وشـــە یا زاراوەی " المذاهب " دێـت، وەکو بنەڕەتی زاراوەکەش لە (( Ecole ی لاتینی و فەرەنســـی وەرگیراوە)) ( ڕێبـازە ئەدەبییەکان ، فەرهاد پیربال، ل: ٨)، ئەم زاراوەیە ڕوویەکی گشـــتگیری هەیە و چەندین بواری جیا جیا دەگرێتەوە هەروەک لە بواری ئایین ، فیکری ، فەلسەفی ، ئەدەبی ... هەربۆیە ئەو پێناسانەشی بۆی کراوە زیاتر بە شـــێوەیەکی گشـــتگیر خراوەتە ڕوو، دەبینین لە ســـادەترین پێناســـەی دا دەوتـــرێـــت((ئەو بـــیـــرو بـــاوەڕەیە کە پەی پـــێـــدەبـــرێـــت))( http://www.diwanalarab.com/spip.php?article٢٣٣٥٩)) ، هەروەها لە فەرهەنگی عەرەبی" معجم المصـــطلحات العربیة " بەم شـــێوەیە پێناســـە کراوە(( کۆمەڵێک بیرو رای پێکەوە گرێدراو و ڕێکخراون لە لایەن بیرمەندێک یا قوتابخانەیەک دێنە ئاراوە، لەوانەش قوتابخانە ئایینییەکان یا قوتابخانە ئەدەبییەکان یا فەلســـەفییەکان )) (معجم المصـــطلحات العربیة، ٣٤٦)بەو واتایەی وەک کۆمەڵێک بیروڕای پێکەوە ڕێکخراو دێت، کە لەسەر دەستی بیرمەندێک یا وەک قوتابخانەیەک خۆی دەردەخات و ســـەرهەڵدەدات. هەروەها لە فەرهەنگی لاروسی فەرەنســـی دا بەو شـــێوەیە پێناســـەی کراوە(( سەرجەم ئەو لایەنگیرانەی، کە سەر بە یەک کۆمەڵە بنەمای فەلسەفی یا ئەدەبی یا هونەرین، یا هەموو ئەو نووسەر یا هونەرمەندانەی، کە خاوەن یەک جۆر تێگەیشتنی جوانیناسین)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهـاد پیربـاڵ، ٨)، لێرەدا ڕێباز وەک ڕێگە و ڕێچکەیەک دەردەکەوێت، کە کۆمەڵە نووســـەرێک یا رۆشـــنبیرێک یا فەیلەســـوفێک یا زانایەک لەســـەری دەڕۆن. خودی ئەو ڕێچکەیەش لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەڕێوە دەبرێن، چونکە بەرهەمی بیری مرۆڤایەتین، جا بەپێی تـایبەتمەندی بیری ئەو کەســـانەی پەیڕەوی لەو ڕێچکەیە یا ڕێگایە دەکەن، جۆری ڕیبازەکەش دەگۆڕێت، هەر بۆیە ڕێبازەکان بەپێی تێپەڕبوونی قۆناغەکان چەندین جۆر ڕێبازی جیاجیا هاتوونەتەکایەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەســـتمانە ئەو ڕێگا و ڕێبازەیە، کە کۆمەڵە نووســـەرێک لە بواری ئەدەبیات دا پەیڕەوییان لێکردووە، ئەمەش بە " ڕێبازە ئەدەبییەکان ــ المذاهب الادبیە " ناسراوە . ئەو ڕێگەیەی نووسەرانی بواری ئەدەبیـاتیش لەســـەری ڕۆیشـــتوون خەســـڵەت و تـایبەمەندی خۆی هەیە بەوەی، کە ڕەنگدەرەوەی بیر و قۆنـاغە مێژوویی و بابەتە هونەرییەکانن، (( ئەدەب و ڕێبـازەکـانی پێکهاتەی کۆمەڵێک تـایبەتمەندی و پرەنســـیپ و ئـایدیا و جوانین لە زەمەنێکی دیـاری کراوی مێژووییدا گەشەیان کردووە و تاکو ئێستاش تاکو ئێستاش جێگای سەرنجن)) ( ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی ـ کوردی، عبدالقادر حەمە امین محمد، ٣)، کەواتە هەر یەک لەو ڕێبازە ئەدەبییانەش خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندیین، کە لەیەکیان جیادەکاتەوە، کە لە دواتردا بەپێی ئەو خەسڵەتانە جۆریەتی خۆیان وەرگرتووە، ئەمەش لە چۆنیەتی ئەو جیاوزییەدا دەردەکەوێت بەجۆرێک(( جیاوزی نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی هونەر، لە قۆناغەکانی مێژووییدا، لە بنەڕەتدا بریتییە لە جیۆازی دەربارەی

چۆنیەتی عەکس کردنەوەی واقیع لە هونەردا، یا وردتر بڵێین لە فۆرمی هونەریدا))(فەلسەفەی جوانی و هونەر، کەمال مەمەند میراودەلی، ٢٥٥)، بەو جۆرە رەنگدانەوەی واقیع لەناو هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی و فۆرمە جیاجیاکانی ئەدەب دا دەبێتە یەکێک لە بنەماکانی ئەو ڕیبازە ئەدەبییە جۆربەجۆرانە. بۆ سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبی یا فیکری ئەوا پێویست بە بوونی سێ رەگەزی سەرەکی دەکات ، ئەوانیش بریتین لە:

١- کەسێتی : نووسەران یا بیرمەندان یا ئەو کەسانە دەگریتەوە، کە رابەرایەتی و جێبەجێ کاری ئەو ڕێبازە دەبن .

٢- بارودۆخ : هەموو ڕیبازێک یا جوڵانەوەیەک یا قوتابخانەیەک پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی ئەو ڕیبازەی تێدا سەرهەڵبدات و دواتریش ئەگەر بارودۆخ لەبار بێت ئەوا گەشەدەکات و پەرە دەسێنێت و بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بارودۆخ لەبار نەبێت ئەوا یا هەر زوو دەپوکێتەوە یا ناوبانگێکی ئەوتۆ پەیدا ناکات، کە مەودایەکی درێژ بخایەنێت، یا زۆرجار ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ڕیبازێکی گونجاوتر.

٣- بیر وەک ئایدیایەک : هەر ڕیبازێک خۆی لە خۆی دا بیرۆکەیەکی بچوکە و دواتر لە زەینی کەسایەتییەکاندا پەرەدەسێنێت و دەبێتە کۆمەڵە بیرورایەکی رێکخراو و پێکەوە گرێدراو، کەلەلایەن کەسێک یا چەند کەسێکەوە پەیرەوی لێدەکرێت و دواجاریش بڵاودەبێتەوە، هەر سێ رەگەزەکەش پەیوەستن بەیەکەوە و پێکەوە رەوت یا ڕیبازێک پێک دەهێنن((هەموو چالاکییەکی رۆشنبیری پەیوەستە بەسەردەمە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکەی وە گشت چالاکیەک لە تیۆری ئەدەبدا بەهەمان شێوە پەیوەستدارە بە باری مێژووی و ئەدەبی، کە پشتی پێ بەستراوە لەوەدەست هێنانی بیروڕاکان))( تیۆری ئەدەب، د.شکری عەزیز ماضی، ١٣)، چونکە هەموو ئەو چالاکیانە پەیوەستن بە خودی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤایەتیش شایەدی ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر چوون، ئەم کۆمەڵە تیۆر و بۆچوونانەش لە کۆتایدا رەوت و ڕیبازێکی ئەدەبی یا فکری یا زانستی ... پێکدەهێنن.بەم شێوەیە زاراوەی ڕیباز وەکو رەوت و قوتابخانەیەک خۆی چەسپاند، کە بەجیاوازی بیری سەرەکی ناو ڕیبازەکە جۆری ڕیبازەکەش جیاواز دەبێت، هەروەک((بێگومان مرۆڤ دروستکەری شارستانیەتە، ناکرێ شتێ دروست بکات و بیهێنێتە ئاراوە، کەبیر لە خۆی و پێویستییەکانی و هۆکاری بوونی نەکاتەوە لەو جیهانەدا))( المذاهب الادبیە،د. شکری محمد العیاد، ١٣٧) بۆیە ڕیبازە ئەدەبییەکان دەرهاویشتەی بیری مرۆڤایەتین و پێویستییەکانی ژیانی ئەدەبی و رۆشنبیری وای کردووە بێنە ئاراوە. لە پێناسەیەکی تردا بەو شێوەیە هاتووە(( ڕیبازە ئەدەبییەکان چەند حاڵەتێکی دەروونی گشتی یا چەند حاڵەتێکی ناوەوەی مرۆڤە، لە رێی رووداوە مێژوویی و قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە چەرخە جیاجیاکاندا هاتوونەتەبوون،لەو ڕێگەیەشەوە شاعیران و نووسەران و رەخنەگران دەربڕی ئەو حاڵەتانە بوون و چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکیان بەبەردا بڕیوون، کە بەکۆی هەموو ئەوانە ڕیبازێکیان دیاری کردووە، بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانیش لەگەڵ پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی گۆڕانیان بەسەردا کردووە و ڕیبازێکی تری نوێ هاتۆتە ئاراوە))( المذاهب الادبیە، د.شکری محمد العیاد، ١٣٦) بەپێیەو پێناسەیە بێت کۆی بارە دەروونیەکانی نووسەران و رۆشنبیرانیش زۆر جار دەبنە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدان و هاتنە ناوەوەی ڕیبازێکی نوێ، چونکە مەرج نیە هەموو ڕیبازێکی ئەدەبی

دەرهاویشـــتەی بارە دەروونیەکانی نووســـەران و شـــاعیران بێت، بەڵکو پەیوەندی بەو لایەنە هۆشەکیەشەوە هەیە، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیرێکی نوێ و دواتریش دەبێتە خاوەن بەرنامە و مانیفێســتێکی دیاری کراو. کەواتە دەکرێ بڵێین؛ ڕێبازە ئەدەبییەکان ئەو ڕەوت و ڕێچکەیەیە، کە دەرئەنجامی بیری نووسـەران و شـاعیران و ڕۆشـنبیرانن و خاوەن بەرنامە و مانیفێسـتێکی دیاری کراون لە چوارچێوەی کۆمەڵە بیروباوەڕێکی ڕێکخراو و پێکەوە گرێدراو، لە دواتریشـــدا وەکو ڕێبازێک پەیڕەوی لێدەکرێت . بوونی ئەو ڕێبازە جیاجیانە هۆکارێکی باشـــە بۆ خوێنەر بۆئەوەی جیاکاریەک لە نێوان بیری نووســـەران و شـــاعیران دا بکات و هەروەها بەپێی ســـەردەمەکانیش ڕێبازەکان جیابکاتەوە، چونکە هەر ڕێبازێک دەرئەنجامی بارودۆخی ســـەردەمی لە دایک بوونیەتی، هەر یەکەشـــیان جۆرێک لە شـــیعریەت و چێژ و ئەندێشـــە و ســـیمای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش مانای ئەوە نیە هەر یەک لەو ڕێبازانە خۆی بەســـەر خوێنەردا بســـەپێنێت و لە چوارچێوەی چەند یاساو تایبەتمەندییەکدا بخولێنەوە چونکە(( ئەدەب بە سروشـتی خۆی ڕوحێکی زیندووە و ناخزێتە ژێر باری هیچ یاساو دەستورێکی لە قاڵبدراو)) ( المذاهب الأدبيه، نبيل راغب،٦). بەم شێوە ئەدەب لە چوارچێوەی ڕێبازە ئەدەبییەکاندا زیاتر مامەڵە لەگەڵ بیری نووســـەران و ئەو قۆناغەی تێیدا دێتەکایەوە و ئەو ســـیما و تایبەتمەندییەی دەق هەڵیدەگرێت ،دەکات، کەئەمەش دەبێتە لقێک لە لقە دیار و کاریگەرەکانی ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی .

## ٢-١ / سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێبازە ئەدەبییەکان :

شـارسـتانیەتی ڕۆژئاوا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، هەر لە ســـەردەمی شـارسـتانیەتی یۆنان و ڕۆمانیەکانەوە، خاوەن داهێنانن لە سـەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دا، بەتایبەتیش لە بواری هونەر و بابەتە ئەدەبیەکاندا، چونکە بیرمەند و فەیلەســـوفە ڕۆژئاواییەکان ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویان هەبووە لەسەر هەڵدان و گەشەکردنی ئەدەبیات و داهێنانە ئەدەبییەکاندا.

ئەدەب پەیوەنـدییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ کێشـــە جۆربەجۆرکـانی کۆمەڵ. گۆڕانکـارییە مێژووییەکانیش فاکتەرێکی گونجاون بۆ گۆڕانکاری لە بیر و ئایدۆلۆجیا و ســـەرهەڵدانی بیری نوێ، جا لە بواری ســیاســـی یا کۆمەڵایەتی یا ڕۆشـنبیری یا ئەدەب... ڕێبازەکان بەشـێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییەن، کە دەبنە دەربڕی ئیسـتاتیکای ئەو واقیعە، هەر بۆیە قسـە کردن لەســـەر ئەو ڕێبازە ئەدەبیانە قســـەکردنە لەســـەر لایەنی هونەری و ئســـتاتیکی و داهێنانی ئەدەبی لای پەیڕەوکەرانی هەریەک لەو ڕێبـازانە. ڕێبـازە ئەدەبییەکـانیش وەک یەکێـک لە بەرهەمە بیرییەکـانی مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتای دەرکەوتن و پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر و بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان، هەروەها جیاکردنەوە وناونانیشـــیان هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی داهێنەرانەی ئەوان(( بۆ یەکەمین جار تۆژەرە ڕۆژئاواییەکان ، واتە ئەدەبناس و هونەرناسە ئەوروپاییەکان بوون کە هاتن ئەو ڕێبازە ئەدەبی و ئەو قوتابخانە هونەریانەیان ـــــ هەریەکەیان بەپێی بنەما فەلســـەفی و فیکرییەکانیان و خاسـیەتە تایبەتیەکانی خۆیان ـــــ لە یەکتر جودا کردەوە و پۆلێنیان کردن)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ، ٨)، هەڵبەت ســـەرەتای باس کردن لە هونەر و ئەدەب بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە ســـەردەمی شـارســـتانیەتی یۆنان و ڕۆمانەکانەوە بووە، لەو بوارەشـــدا هەریەک لە " ئەفلاتون ، ئەرسـتۆ، هۆراس ..." بە پێشـــەنگ دادەنرێن.لەســـەدەکانی ناوەڕاســـت بەدواوە لەلایەن بیرمەند و

فەیلەسـەف و شـاعیرکانی " ئیتالیا ، فەرەنسـا ، ئەلمانیا ، ئینگلتەرا..." زیاتر بایەخیان پێدرا و چەندین تیۆری جیا جیا و ڕێبازی یەک لە دوای یەک هاتنە ئاراوە.

لێکۆڵینەوە لە ڕێبازە ئەدەبییەکان و باس کردن لەسـەریان ڕاستەوخۆ لە دوای سـەرهەڵدانیانەوە نەبووە، بەڵکو بەشـێکیان ماوەیەکی زۆر دوای خۆیان لێیان کۆڵراوەتەوە و بنەماکانیان دیاری کراون و ناو نراون، هەروەک ڕێبازی کلاسـیزم چەند سـەدەیەک دوای بڵاوبوونەوەی بەو ناوەوە ناونرا(( زاراوەی کلاسیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨١٨ لە ئیتالیا بەکارهات و لەفەرەنسـا لە سـاڵی ١٨٢٢ )) ( المذاهب الأدبیة، د. شـکری محمد عیاد، ١٣٨)، هەروەک چۆن کلاسـیزم و ڕۆمانسـیزم زۆر جیاوازن لەیەکتر لە ڕووی تایبەتمەندی و بیرەوە بەهەمان شـێوە لە ڕووی مێژوویشـەوە لەیەکتر جیاوازن، ڕۆمانسـییەکان زۆرتر ئاگاداری بارودۆخی سـەرهەلدانی ڕێبازەکە بوون، بە ئاگاییەوە بەرەو ڕێبازێکی تر هەنگاویان ناوە، کە بەتەواوی جیاوز بێت لە کلاسـیزم، لە لایەکی ترەوە هەندێ ڕێبازی تر لەگەڵ پەیدابوونیان ناو و تایبەتمەندی ڕێبازەکە لەلایەن نووسەران و بیرمەندانەوە دیاری کراوە(( ڕێبازە ناودارەکانی وەک ڕیالیزم و پەرناسیزم و ڕەمزییەت و سـوریالیزم، بەو ناوەوە هاتوونەتە بوونەوە))( هەمان سـەرچاوە، ١٣٩)، کەواتە لێکۆڵینەوە و ناونانی ڕێبازە ئەدەبیەکانیش هەر لەلایەن خودی ڕۆژئاواییەکانەوە بووە، دوای گەشەکردنیشیان بە هۆکاری جۆراوجۆر بە وڵاتانی تردا بڵاوبوونەتەوە .

سـەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان و گرنگی دان بە ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ دوای سـەدەکانی ناوەڕاسـت، بەپێی زۆر بەی ئەو سـەرچاوانەی باسـیان کردووە، دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی "ڕێنسانس"(( ڕێنسانس بە واتای ژیانەوە دێت، لە کۆتایی سـەدەی چواردە لە ئیتالیا وەکو بزوتنەوەیەکی فیکری و ڕۆشـنبیری سـەریهەڵدا))( A glossary of literary terms, M.A.ABRAMS.264)، ئەم بزوتنەوە فیکری یە سـەرەتایەک بوو بۆ گۆرانکاری لە بیری کۆمەلگای ئەورووپی دا، هەروەک لە پێناسـەیەکی تردا هاتووە(( لە دایکبوونەوەیەکی نوێی کۆمەڵگای ئەورووپی بوو لەناو جەرگەی سـەدە تاریکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، هەروەها پەی بردن بە زانسـتی نوێ و دۆزینەوەی نوێ لە بواری مرۆڤایەتی و فیکری و ئاینی و هونەری)) ( هەمان سەرچاوە، ٢٦٤) . سـەدەکانی ناوەڕاست بەسـەرەتایەک دادەنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیات و سـەرهەڵدانی بیری نەتەوەی و سـەرەتای گۆرانکاری لە بیری مرۆڤایەتی دا، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەدەبیات و زۆربەی دیاریدە مرۆڤایەتیەکان وەک سـەرچاوەیەک بۆ داهێنان کاری بە شـێوەیەکی گشـتی لە شـوێنی خۆیاندا وەسـتا بوون، ئەمەش بە هۆی ئەوەی سـیسـتەمی دەسـەلاتدارانی پیاوانی ئایینی و سـیسـتەمی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگایان بە جۆرێک لەجۆرەکان خسـتبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کە زۆربەی بوارکانی ژیانی گرتبۆوە، (( سـیسـتەمی کۆمەلایەتی و ئابووری سـەدەکانی ناوەڕاسـت لەسـەر پایەی فیودالیزم ڕۆنرابوو))( ڕیالیزم و دژە ڕیالیزم لەئەدەبدا، و. حەمەکاریم عارف، ٧) ئەم دوو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریەش پایەیەکی سـەرەکی کۆمەڵگان و زۆربەی گۆرانکارییەکان لەوێوە سـەرچاوە دەگرن، هەربۆیە سـیسـتەمی دەرەبەگایەتی پەکی بە زۆر بوار خسـتبوو، هەروەها پیاوانی ئایینی دەسـەڵاتی ئایینیان بۆ ئامانج و





مەبەســـتە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاردەهێنا، بۆیە لەو ســـەردەمەدا ئەرکی بیرمەندانی ڕێنســـانس چاکســـازی کردن بوو لە تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵگادا. ســـەرەتای دەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرمەندانی ئیتاڵیا(( ئیتالیا لە کۆتایی ســـەدەکانی ناوەند ا رابەرایەتی ڕێنســـانســـی کردووە، خۆشـــی وەک مەڵبەندێکی فکری گەورە بەتایبەت شـــارەکانی لشـــبونە، ڕۆما، ڤینســـیا، کاریگەری گەورەیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی هەستی مرۆڤایەتی ))( ئەدەب وریبازەکانی ئەرویی-کوردی، عبدالقادر حمە امین، ١٨)، هەروەها ئیتالیا مەلبەندی ســـەرهەڵدانی شـــارســـتانیەت و ڕۆشـــنبیری بوو، لە ڕووی ئابووری و پیشـــەســـازییەوە پێشـــکەوتووبوو، هەربۆیە بیرمەندانی ڕێنسانس لەوێوە هەولی گۆرانکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی دەســـەلاتی ئەو ســـەردەمەبوونەوە، کە لەدواتردا گەشەی کرد بۆ وڵاتانی تری وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا ....

هەر لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا ئەدەب بەشـــێوەیەکی گشـــتی، کەوتبووە ژێر دەســـەلاتی کڵێســـا، پیاوانی ئاینی بەجۆرێک هونەریان ئاراســـتە دەکرد، کەلەگەڵ بیروبوەڕی خۆیان بگونجێ و خزمەت بە مانەوەی دەســـەلاتیان بکات، بەمەش تەنها چینی ســـەروو هەروەها چینی خوێندەواری کۆمەڵگا لێی سودمەند بوون، چونکە نووسەر و بیرمەندەکانیش هەر ئەوانە بوون، کە لە کڵێسا و دێرەکانەوە پێدەگەیشتن،بەشـــێک لە فەیلەســـوف و نووســـەرەکان پێیان وایە (( ڕێنســـانس بەســـەر ســـەدەکانی ناوەڕاســـت و بیروڕای کڵێســـە، هەوڵدانێکی مەزن بووە بۆرزگارکردنی ئادەمیزاد لەو کۆت و پێوەندانەی ئیســـتاتیکای دەرەبەگایەتی، کە لە دەســـت وپێی هونەرمەندان بەســـترا بوو)) ( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٢٢) هەربۆیە لە قۆناغی یەکەمی ڕێنسانس وردە وردە پەردە لەســـەر ئەو بیرو باوەڕە کۆنانە هەڵماڵرا، بەتایبەت لەســـەردەمی دەرکەوتنی هیومانیســـتەکان، کە ئامانجیان گەڕانەوە بوو بۆ ئەدەبیـــات و کلتوری کۆن و زینـــدووکردنەوەی ئەو کلتورە، بەم شـــێوەیە بە دەرکەوتنی ڕێنسانس و گۆرانی ڕەوتی کۆمەڵگا، ئەدەبیش گۆڕا.

یەکێک لە دیارترین دەســـتکەوتەکانی ڕێنســـانس دەرکەتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان بوو، کۆنترین ڕێبازێکیش، کە لەو کاتەدا سەری هەڵدا، " کلاسیزم " بوو.

کاتێ ســـەیری مێژووی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەورووپا بکەین دەبینین(( کلاســـیزم بەیەکەم و کۆنترین ڕێبازی ئەدەبی دادەنرێت، کە لە ئەورووپا ســـەری هەڵداوە لە دوای دەرکەوتنی بزوتنەوەی لێکۆڵینەوەی زانســـتی، کە لەســـەدەی پانزەی زایینی یەوە دەســـتی پیکردبوو،ئـامـانجی ئەو بزووتنەوەیەش گەڕان وپشـــکنین بوو بە دوای لایەنی ڕۆشـــنبیری و ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان))( ألمذاهب الأدبیة، محمد مندور، ٤٥)، هەڵبەت دەرکەوتنی ئەو ڕێبازە لەســـەردەســـتی بیرمەند و نووسەرەکانی ڕێنسانس و هەروەها دەرکەوتنی بزوتنەوەی هیومانستی لەسەردەستی ( ڕۆنسار و دۆبیلێ ...) کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازە، ئەوانە بە پێوستییان زانی کە ڕێبازێکی شـــیعری هەبێت بۆ ئەوەی نووســـەران و شـــاعیران پەیرەوی لێ بکەن (( لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە، نووسەران هەوڵەکانیان ڕێکخست بۆ هێنانە ئارای ڕێبازێکی ئەدەبی، ئەم ڕێبازەش کۆمەڵێ بنەما وپرەنسیپی لەخۆگرتبوو، کە تا کۆتاییەکانی ســـەدەی هەژدە پەیرەوی لێکرا))( المذاهب الأدبیة الکبری، فان تیغم، ١٩). لەبەر بوونی ئەو بنەما و پرەنســـیپانە زۆر جار لە فەرهەنگدا بەتایبەت فەرهەنگە ئینگلیزییەکان بەو شێوەیە پێناسەی کلاسیزم دەکرێت(( لە سادەترین

پێناسـەیدا کلاسـیزم ئەو شـێوازەیە، کەلەسـەر بنەمای دەسـتور، مۆد، لاسـاییکردنەوەی پێشـینان، بەرزنرخاندنی بەرهەمی نووسەرە ناودارکانی کلاسیک، دامەزراوە))( LITERARY TERMS & LITRARY THEORY. J. A. Cuddon, 139)، هەروەها سـەبارەت بە وشـەی "کلاسـیک" چەندین رای جیاواز هەیە، هەروەک دەبینین(( لەسـەدەی دووەمی زاینی دا بۆ یەکەم جار " ئولوس جلیوس" ی رۆمانی نووسـەرانی بەسـەر دوو گرووپدا دابەش کرد، " نووسـەرانی کلاسـیک" و " نووسـەرانی عەوام" ، بەو نووسـەرانەی دەگووت کلاسـیک، کە بەرهەمەکانی شـیاوی موتاڵا و خوێندنەوەی چینە باڵاکانی کۆمەڵ بێت))( رێبازە ئەدەبییەکان، و. رەزا سـەید حوسـێنی،١٨) لە دواتریشـدا وەکو سـیفەتێک بۆ پۆلی خوێندن بەکارهاتووە، یا ئەو بەرهەمانەی، پێگەیەکی ئەدەبی بەرزیان هەبووایە و سیفەتێکی نەمری وەرگرتبا دەچووە خانەی ئەدەبی کلاسیکیەوە، بەپێی گۆرانی بارودۆز و دەرکەوتنی نووسەرانی تازە و پەیرەوی کاری ئەم جۆرە ئەدەب(( لەسەدەی "هەژدە" لە رێگەی کۆمەڵێ نووسەری وەک ڤۆڵتێر و هەروەها نووسەرانی سەدەی" نۆزدە" و ئەو نووسەرانەی دژی رۆمانسیزم بوون، ئاوەڵناوی"کلاسیک" بەنووسەرانی فەرەنسی سەردەمی لویسی سێزدەهەم و لویسی چواردەهەم بەکارهێنرا))(پێشـەکیەک بۆ رێبازی کلاسیک، و. رەسول سولتانی، ٤٩ ) بەم شـێوەیە زاراوەی کلاسـیزم چەندین قۆناغی بڕیوە تا ئەوەی وەکو رێبازێکی ئەدەبی ناسـراوە و بنەماو سیفاتەکانی چەسپیون.

گرنگی دان بە بەرهەمی یۆنانیەکان و رۆمانیەکان هەر لە کۆنەوە جێگای بایەخ بووە، هەربۆیە زۆربەی ئەو نووسـەرانەی پێناسـەی ئەم رێبازەیان کردوە، لاسـایی کردنەوە یا گرنگی دان بە ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی دەکەن خاڵێکی دیاری پێناسەکردنی ئەو رێبازە، بۆ وێنە(( کلاسیک بریتی یە لە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی کۆنی یۆنانی و رۆمانی))( المذاهب الادبیة، نبیل راغب، ١٤)، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە تێڕوانینی نووسـەران و شـاعیرانی ئەو قۆناغە ئەو بەرهەمانەی ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی رۆمانییەکان بەرهەم و شـاکارێکی نەمرن، هەروەها بەرهەمەکانی " ئەفلاتون و ئەرسـتۆ و هۆراس"، کە لەبارەی شیعرەوەن کران بەسەرچاوەی شیعری و ئەدەبی ئەو سەردەمە.

بەم شـێوەیە کلاسـیزم بوو بەسـەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی رێبازە ئەدەبیەکان لە نێوان سـەدەی پانزە و شـازدەی زاینی لە ئەوروپا سـەری هەڵدا، تا سـەدەی هەژدە کاریگەری هەر مابوو . لەو چەند سـەدەیەشـدا چەندین گۆرانکاری بەسـەر بیری نووسـەران و بیرمەندانی ئەوروپا داهات، کە وای کرد جۆرە رێبازێکی تر بهێتە ئاراوە و وردە وردە بنەماکانی کلاسیزم کاڵ ببنەوە .

سـەدەی " هەژدە " بە سـەردەمی گۆڕانکاری گەورە دادەنرێت لە مێژووی ئەوروپا، سـەدەیەکە ناودەبرێت بە(( سەردەمی فەلسەفە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە بەردەوام بوو تا شۆڕشی گەورەی فەرەنسـا))( المذاهب الأدبیة، محمد مندور، ٥٤) ، هەروەها سـەردەمی گۆڕانکاری گرنگ و خێرا بوو، سـەردەمی گۆڕانکاری بوو لە پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگا، هەروەک پەیدابوونی چینی بورجوازی، کە ئەدەب رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە هۆشـیارکردنەوەی ئەو چینە و هەروەها تێکۆشـان لەپێناو دابین کردنی خواسـتی گەل،(( لەگەل پەیدابوونی چینی بورجوازی لەسـەدەی هەژدە، نووسـەران خوێنەری تازەیان بۆ پەیدابوو، کە بەرهەمەکانیان دەخوێندنەوە و هیوایان پێ بوون، هەروەها بەهیوای ئەوەبوون، کە مافەکانیان لەو رێیەوە بەدەسـت بهێنن))( الرومناتیکیە ، محمد غنیمی هلال، ٢٧) . ئەم گۆڕانکاریانە لە مێژووی ئەوروپا قۆناغێکی نوێی ئەدەبی هێنایە کایەوە،

ئەویش ڕێبازێکی نوێی ئەدەبی ناوی( ڕۆمانسیزم) بوو،(( شۆڕشی فەرەنسا لە "١٧٨٩" و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ، هاوزەمانی ئەمانەش شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئینگلستان، پێش ئەمانەش ئەو بزاڤە فیکرییەی، کە بەسەردەمی " ڕۆشنگەری" ناسراوە لە ئەوروپای سەدەی هەژدەهەمدا کاریگەرییەکای زۆریان هەبوو بەسەر گۆڕانی ژیانی ئەوروپا و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی ڕۆمانسیانە و لە کۆتاییدا دامەزراندنی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ))( ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال ، ٥٢)، ئەم بارودۆخە مێژووییە بووە هۆی گۆڕانی بیری مرۆڤایەتی و نووسەران و شاعیران بە جۆرێکی تر و بیرکردنەوەی نوێوە بۆ ئەدەبیان دەڕوانی، کە جیاواز بوو لە پێشووتر. ڕۆمانسیزم شۆڕشێکی نوێ بوو بەرامبەر کلاسیزم بەواتایەکی تر(( ڕۆمانسیزم لە بنەڕەت و ناوەڕۆکی دا شۆڕشێک بوو بۆ ئازادکردنی ئەدەب لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانییەکان، ئازادکردنی لە تەواوی ئەو دەستور و بنەمایانەی ئەدەبی وەک ئینجیل پیشان دەدا )) ( المداهب الادبیة، محمد مندور،٥٩) .

ڕۆمانسیزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە هاتە بوون، (( بنەڕەتی وشەکە لە وشەی" romance " ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە بەواتای چیرۆکی خەیاڵی هاتووە، دواتر لەئەدەبیاتی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەدا بەو بەرهەمانە وتراوە، کە لەسەر بنەمای سۆز و خەیاڵ داڕێژراون، ئەمەش جۆرێک بووە لە بەکەم سەیرکردنی ئەو جۆرە ئەدەبە، بەڵام لەسەدەی هەژدە تێڕوانینی خەڵک گۆڕا و بە چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکرد، ئەمەش لەبەر ئەوەی جۆرێک لە تێڕامان لە ژیان و ورد بوونەوە لە ماناکانی جوانی و بیرێکی فەلسەفی قوڵی بەخۆوە گرت))(المذاهب الادبیه، نبیل راغب،٢٤). ڕۆمانسیزم پێناسەی زۆر و جۆراوجۆری بۆ کراوە، زۆر بەی نووسەران بەشێوازی جیاجیا پێناسەیان کردووە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین(( ڕۆمانسیزم بریتی یە لەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەی لە دوای چاکسازییە سیاسیەکان، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا سەریهەڵدا، یاخیبوو لە بنەماکانی کلاسیزم و لە سای فەلسەفە و تێڕوانینێکی ئازاد و سۆز و ئامێز و خەیاڵاوی، بە مادەی نوێ گوزارشتی لەشتی سەردەم و نوێ کرد ))( قۆناغی پێش شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی، ئیدریس عەبدوڵا، ٦٦) .

ڕۆمانسیزم ڕێبازێکی نوێ بوو دژ بە بنەما و خاسیەتەکانی ئەدەبیاتی کلاسیزم و بیری کۆنەخوازی سەریهەڵدا، دژی ئەو بنەما عەقڵیە بوو، کە سالآنێک بوو دەستی بەسەر ئەدەبیات دا گرتبوو، هەربۆیە نووسەرانی ئەو سەردەمە دەیان ویست ئەدەب ئازادبکەن و لە کۆت و بەندی باوی کۆمەڵگا ڕزگاری بکەن . ئەم ڕێبازە بنەما فیکرییەکانی سەرەتا لە فەرەنسا چەکەرەی کرد، بەڵام وەک ڕێبازێکی ئەدەبی سەرەتا لە ئینگلتەرا دەرکەوت(( ڕۆمانسیزم لە ئینگلتەرا بەبڵاوبوونەوەی هۆنراوە لیریکیەکانی هەردوو شاعیر " ۆردز ۆرس و کۆلریدج " لەساڵی ١٧٩٨ دەست پێدەکات ))( هەمان سەرچاوە، ٦٧)، لەساڵانی دواتردا بەتایبەت لەسەرەتای سەدەی نۆزدە شاعیرانی تر پەرەیان بەم جۆرە ڕێبازە دا(( لە ساڵی ١٨١٠-١٨٢٥ بەرهەمەکانی بایرۆن و شیللی ئەم ڕێبازەیان گەیاندە لوتکە))( ڕێبازە ئەدەبییەکان، هیمداد حسێن، ٨٢) . هاوکاتی ئینگلتەرا لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی "برایانی شلیگڵ" ڕۆمانسیزم پەرەی سەند، لەفەرەنساش لە ژێر کاریگەری بەرهەمی شاعیرانی ئینگلیزی و ئەڵمانی گەشەی کرد، دوای ئەوەی " شاتوبریان"

بەرهەمەناودارەکانی ئینگلیزی وەرگێڕایە سەرزمانی فەرەنسی و هەروەها " مادام دی ستایل" بەرهەمی ئەڵمانیەکانی وەرگێڕایە سەرزمانی فەرەنسی، بەمەش ڕێبازی ڕۆمانسیزم گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و لە دواتریشدا بە وڵاتانی تردا بڵاو بۆوە . سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم وەک پەرچە کردارییەک وابوو بەرامبەر بە خاسیەت و بنەماکانی کلاسیزم و لەدواجاریشدا لە ڕێی بەرهەمەکانی نووسەرانەوە و ئەو تایبەتمەندییەی بە بەرهەمی نووسەرانەوە دەرکەوت، کۆمەڵێ خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی وەرگرت، کە وەک ڕێباز و ڕەوتێک نووسەرانی دواتر لەسەری ڕۆیشتن .

سەدەی نۆزدە سەردەمی گۆڕانکاری نوێ بوو، سەردەمی سەرهەڵدانی بیر و فەلسەفەی نوێ بوو، هەروەک فەلسەفەی " سودگەرایی" و سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا بوو، (( نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، سەردەمی بیری سودگەرایی و بیری زانستی بوو، کە تەنها جەختیان لەسەر شیکردنەوەی واقیعیانە دەکردەوە، ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی ریالیزم بوو))( تأريخ الادب الاوروپي، ت. موريس جلال، ٥)بۆیە دەبینین ئەو گۆڕانکاریانە لەناو ئەدەبیشدا ڕەنگی دایەوە و سەردەمی ڕەشبینی و ڕۆچوون بەناو خەیاڵی ڕۆمانتیکیانە بەسەرچوو، هەربۆیە لەهەناوی ئەو گۆڕانکاریانەدا دوو ڕێبازی تر هاتنە ئارا، ئەوانیش ڕێبازی " پەرناسیزم و ریالیزم " بوون، کە هەریەکەیان جۆرێک لە تێڕوانینی نوێی هەبوو بۆ شیعر و گوزارشت کردن لە بۆچوونە نوێیەکان. زۆرێک لەو نووسەرانەی باسی ڕێبازە ئەدەبییەکان دەکەن، پێیان وایە ڕۆمانسیزم سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ گۆڕانکاری لە بەرهەم و بیر و دیدی نووسەران سەبارەت بە نوێکردنەوەی شیعر و مەسەلەکانی جوانی و ئەرک و ئامانجی ئەدەب بەگشتی، چونکە ئەو ڕێبازانەی دواتر لە ئەنجامی ئەو دنیابینیەی نووسەرانی ڕۆمانسیزمەوە پەیدابوو، هەروەها دژی ئەو ڕەشبینی و خەیاڵ فراوانیەی ڕۆمانسی بوون، کە دووری خستبوونەوە لە ڕاستی و حەقیقەتی جوانییەکان(( ئیعتیرازی نامەتیقانەی ڕۆمانتیکەکان لە سیستەمی نوێی کۆمەڵایەتی، ڕێچکە و ڕێبازگەلێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیان، ڕەوتی کۆمەڵایەتی گرتەبەر، کە شەقڵ و لایەنی خەیاڵی و نامێژوویی گرتەبەر))( ریالیزم و دژە ریالیزم لەئەدەبدا، و. حەمەکەریم عارف، ١٠٢) . بەو شێوەیە سەدەی پانزە سەرەتای گۆڕانێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەوروپا ئەوەش بەدەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکان پەیرەو و بنەمایەک بۆ ئەدەب دیاری کرا، کە کۆمەڵە نووسەر و شاعیرێک لەچوارچێوەی هەمان بیروبۆچوون لێیان کۆبوونەوە، یەکەم ڕێبازیش کلاسیزم بوو، لە دواتردا ڕۆمانسیزم و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە چەند ڕێبازێکی تری وەک ریالیزم و پەرناسیزم و سیمبولیزم و سوریالیزم ... پەیدابوون، کەهەریەکەیان سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوی تریان جیادەکاتەوە .

### ١-٣/ ململانێی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان :

ململانێ پەیوەستە بەژیانەوە و یەکێکە لەو چەمکانەی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە هەبووە، لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانیەت وژیاری گەشەی کردووە و زیاتر لەناو کۆمەڵگادا ڕەنگی داوەتەوە. زاراوەی ململانێ(conflict)( لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیەو لە(confligere) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە مانای دۆخێکی گرفتاوی دەگەیەنێت، کە بەهۆی دوو تێڕوانینی ناکۆک یا

دوو بەرژەوەندی دژ بەیەک یا دوو ئامانجی لێک جیاواز لە لای مرۆڤێک یا دوو مرۆڤدا دروست دەبێت)( سەرکەوت عومەر، ململانێی کەسێتیەکان،٨)

ئەم چەمکە یەکێکە لەچەمکە سەرەکیەکانی کۆمەڵناسی و زیاتر لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاو پەیدابوونی هەستی تاکایەتی ئەمیش زیاتر خۆی چەسپاندووە و دواتر بووە بەبابەتی لێکۆڵینەوە ئەگەر نا وەک دیاردەیەک هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووە هەروەک ململانێی(هابیل )و(قابیل)یان ململانێی هێزی چاکە و خراپە، هەروەها لەناو ئەفسانەی یۆنانیشدا لەنیوان خواوەندەکاندا ململانێ هەبووە . کۆمەڵگاش بەردەوام لە ململانێ دایە بۆمنەوە و پاراستنی بەهاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، دەشێ ئەو ململانێیەش لە ئەنجامی ئامانج و بەرژەوەندییە جیاوازەکانەوە سەرهەڵبدات لە نێوان بیروبۆچوونەکانی خودی مرۆڤ خۆیدا، کە ئەمە بە "ململانێی ناوەکی" ناودەبرێت و یا لە نێوان دوو مرۆڤ یا یا دوو لایەنی جیاواز دروست دەبێت، ئەمەش بە" ململانێی دەرەکی" ناودەبرێت. ململانێ تەنها پەیوەست نیە بە مرۆڤ بەڵکو لە نێو گیانداارانیش هەستی پێدەکرێت، یا زۆر جار لە نێوان رەوت ریبازە ئایینی و مێژووی و ئەدەبییەکانیش دا دروست دەبێت. " کارل مانهایم" پێی وایە (( ململانێی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی گۆرانی کۆمەڵگا و بابەتی کۆمەڵایەتییەوە دەسورێتەوە، ئەم گۆرانکارییەش لە ئەنجامی کێشمەکێشم و ململانێکانەوە لە نێوان چینە جیاوازەکان ونەوە یەک لەدوای یەکەکان و لایەنەسیاسی و هەروەها رەوتە دینییەکان روودەدات))( العولمه فی ضوء نظرية الصراع الاجتماعی، امير خداكرم،٢٢). ململانێ وەک دیاریدەیەکی مرۆڤایەتی پەیوەستە بە ژیان و ئەو گۆرانکاریانەی لە کۆمەڵدا روودەدەن، ریبازە ئەدەبییەکانیش وەک دیاریدەیەکی هونەری و ئەدەبی دەستکەوتی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتین، هەر ریبازێک، کە دێتە ئاراوە لە سەرەتادا لە ئەنجامی ئەو جیاوازیەوەیە، کە لەنێوان بیرورای نووسەران و شاعیران پەیدا دەبێت، دواتر سەردەکێشێت بۆ بۆچوونی جیاوازتر و گۆڕان و هاتنە ناوەوەی بیری نوێ، زۆرجاریش سەردەکێشێت بۆ داهێنانی ئەدەبی .

یەکەم ریبازی ئەدەبی کە بەناوی "کلاسیک" دامەزرا لەسەر چەند بنەما و بۆچوونێک بوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی ئەو ریبازەی تێدا پەیدابوو، هەر لە سەرەتای سەدەی " پانزە" تا سەرەتای سەدەی "نۆزدە" ش قسەی زۆری لەسەر دەکرا و نووسەران بەشێوەی جیاجیا بە پێی سەردەم بابەت و بیری نوێیان بۆ زیاد دەکرد، واتە کلاسیزم هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە لەسەر کۆمەڵێ بنەما وپرنسیپ دامەزرابوو، کە تا قۆناغێکی دوورو درێژ جێگای مشتومڕی نووسەران بوو، بەتایبەت لە مەسەلەی ( جوانی و چێژی شیعری و حەقیقەت ولاسایی کردنەوەی سروشت و لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی پێشینان) ئەمانە بابەت گەلێکن، کە لە دواتردا زۆربەی ریبازەکان لە ئەنجامی ناکۆک بوون لەسەر هەر یەک لەوانە پەیدابوون، لێرەدا بەکورتی باس لەو بابەتانە دەکەین .

لە ئەدەبیاتی کلاسیک دا " عەقڵ " رەگەزێکی بنچینەییە بۆ گەیشتن بە راستی، هەروەها لەسەر بنەمای فەلسەفەی " عەقڵگەرایی" دامەزرابوو، کە" دیکارت " و فەیلەسوفانی رێنسانس دایانهێنا، ئەوان پێینا وایە(( عەقڵ بناغەی فەلسەفەی جوانییە، لە داهێنانی کلاسیک دا، چونکە لای ئەوان عەقڵ

تیشکدانەوەی راستییە، راستیش لەهەموو سەردەمێکدا نەگۆڕو یەکسانە و بەردەوام دەمێنێتەوە))( رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ٣١)، ئەم بۆچونەی کلاســـیکیەکان تا ماوەیەک بەردەوام بوو، نوسەرانی کلاسیک بەردەوام بەرگرییان لێ دەکرد، بەتایبەت " بوالۆ" رەخنەگری فەرەنسی لە کتێبی " هونەری شیعر" دا باس لە گرنگی دان بە هۆش دەکات و دەڵێت((هەمیشـە بەتەنگ هۆشـەوە بن ، با تەنها لەئەوەوە هەرچی جوانییە وەری بگرن))( هەمان ســەرچاوە، ٤١) گرنگی دان بە عەقڵ وەک بنەمایەکی کلاسیکی و بەستنەوەی بەجوانی و چێژی شیعری تا سەرهەڵدانی بیرە فەلسەفییەکانیی " کانت" بەردەوام بوو، چونکە "کانت" کۆمەڵێ بیروڕای نوێی هێنایە کایەوە، کە بۆ ســـەدەی هەژدە شتێکی نوێ بوو، ئەو پێی وابوو(( جوانی ئەو شتەیە، کە بەبێ تێگەیشتنی عەقڵی پێمان خۆش بێت، بۆ سەلماندنی جوانی پێویست ناکا پەنا ببەینە بەر بەڵگەی عەقڵی، چونکە حوکمی چەشە پەیوەندی بەدەســتور و یاســای عەقڵییەوە نیە)) ( هەمان ســەرچاوە، ٥٤) لێرەوە عەقڵگەرایی رەتکرایەوە و گرنگی درا بە هەسـت و سـۆزی تاکەکەسـی، بەلای کلاسـیکەکانەوە هۆش سـەرچاوەی ئیلهامی شـیعری بوو، بەڵام رۆمانسـیەکان جڵەویان دایە دەسـت هەسـت و سـۆز، پێیان وابوو(( دڵ سەرچاوەی ئیلهامی شیعرە))( رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، ٢٢) . هەروەها کلاسیکەکان بۆیە پشـتیان بەعەقڵ و مەنتیق دەبەسـت چونکە لە حەقیقەتدا جوانییەکی نەگۆڕ و چەسـپاو هەیە، لەکاتێکدا بەگۆڕانی قۆناغ تاکەکانی کۆمەڵگاش دەگۆڕێن، بەڵام رۆمانسیزمەکان بە پێچەوانەی ئەوان مەسەلەی جوانیان بەستەوە بە چێژی تاکەکەس،بەلای رۆمانسییەکانەوە(( دەبێت حەقیقەت سۆزی مرۆڤایەتی تێدا بێت))( ئیسـتاتیکای دەقی شـیعری کوردی، جەبار ئەحمەد حسـین، ٦١) بۆیە رۆمانسیەکان مەسەلەی جوانیان وەک بەهایەکی رێژەیی دەرخست، ئەم بیروراجیاییە لەمەسەلەی "جوانی ، عەقڵ ، چێژ " وای کرد رۆمانسـیزم وەک رێبازێکی سـەربەخۆ و جیاواز لە کلاسـیزم دەربکەوێت. دوا بەدوای چەسپانی رۆمانسیزم، لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدە بەهۆی پێشـکەوتنی زانسـت و سـەرهەڵدانی بیری رەخنەیی نوێ، جۆرێکی تر لە تێڕوانین بۆ چەمکی شـیعر و ئەدەب هاتەکایەوە، لە دوای روخانی ناپلیۆن لە فەرەنسـا، بارودۆخێکی نەخوازراو لە فەرەنسـا سـەری هەڵدا،نووسـەرانیش لە رێی ئەدەبەوە دەیان ویسـت کۆتایی پێبهێنن و گۆڕانکاری لە وڵاتدا بکەن، بەتـایبەتیش ئەو نووسـەرانەی هەڵگری بیروبـاوەرێکی کۆمەڵایەتی بوون، روویـان لە کێشـەکۆمەڵایەتییەکانی خەڵک کرد و لەبەرهەمەکانیاندا رەنگی دایەوە، هەروەک بەشـێکی زۆری نووسـەرانی رۆماننسـیزم، لەخەو و خەیاڵدا دەژیان و لە خەڵکی ئاسـایی دوور کەوتبوونەوە، بۆیە لەو قۆناغەدا(( ریالیزم وەک پەرچەکردارێکی رۆمانسـیەت هاتە ئاراوە))(ریالیزم لە شـیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر، ١٣)، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بیروبۆچونە نوێیانەوە بوو، کە وردە وردە دەکەوتنە بەرباس، ئەمەش پێچەوانەی بیروڕاکانی رۆمانسیزم بوون، هەروەک(( ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و رەوشـتی ریالیزم ، بە پێچەوانەی ناوەرۆکی رۆمانسـیزمەوە بوو. واتە رەفزی هەڵاتنی لەدەسـت واقیع دەکرد بەرەو ناوخۆیی و ناکەسـێتی دەچوو. لە خرۆش دوور دەکەوێتەوەو رێی ئیجابیەتی دەگرتە بەر. تەنها بەوە وازی نەدەهێنا، کە واقیع بناسـێت، بەڵکو دەیویسـت واقیع بگۆڕێت))(فەلسـەفەی جوانی و هونەر، کەمال میراودەلی،٢٧٦)، کەواتە ریالیزم ئەگەرچی واقیعی وەک خۆی پیشـان دەدا، لەهەمان کاتدا هەوڵی گۆڕانکاری ئەو واقیعەشـی دەدا. ریالیزم ئەدەبی بارگاوی کرد، بەوەی ئەدەب ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیشـی وەرگرت،بەوەی

ئەدەبێت هەڵگری پەیام بێت، بۆ ئەوەی سود بگەیەنێت. ریالیزمەکان تێروانینیان بۆ مەسەلەی جوانی جیاواز بوو، دژی رۆمانتیکەکان بوون، ئەوان جوانیان دەبەستەوە بە کۆمەڵەوە، بەلای ئەوانەوە (( مرۆڤ یەکەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو وای لێ دەڕوانی ، کە مرۆڤ و ژیان پێکەوە بەستراون و هەریەکەیان بە ئەوی تر دەبەسترێنەوە، لە رووی جوانکارییەوە مرۆڤ وەک تاک وەرناگرێت، بەڵکو وەک تاکێکی ناو کۆمەڵ لێی دەروانێت))( ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردی، عەباس محەمەد قادر، ٢١)بۆیە دژی ئەو تاکگەراییە وەستایەوە، کە رۆمانسیزمی لەسەر بنیات نرابوو.

ئەم ململانێی نێوان رێبازەکان لە لایەک بووە هۆی دەرکەوتنی رێبازی ئەدەبی نوێ، لە لایەکی تر بووە هۆی دەوڵەمەند کردنی بیری نووسەران و داهێنانی ئەدەبی، ئەمەش بەپێی قۆناغە جیاوازەکان دەرکەوتەی ئەرێنی زیاتری لێکەوتۆتەوە، هەروەک دەرکەوتنی پەرناسیزم و دواتر سیمبولیزم و سوریالیزم و چەندین رێبازی تری رەخنەیی، کە لێرەدا بەو ململانێی نێوان ئەو سێ رێبازە کۆتایی پێ دەهێنین.

**٤-١// ئەدەبی کوردی و رێبازە ئەدەبییەکان :**

ئەدەبی نووسراوی کوردی جیاواز لە میللەتانی تر، گەلێک قۆناغ و سەردەمی جیاجیای بڕیوە، کە وای کردووە، تایبەتمەندی و مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیار بێت. ئەدەبی کوردیش وەک زۆربەی میللەتانی تر بە شیعر دەستی پێکردووە، لەلایەکی تر مێژووی زمان و ئەدەبی کوردی بەهۆی دابەش بوونی سنوری جوگرافی و دەسەڵاتی سیاسی و ئەو بارودۆخە مێژووییەی پێیدا تێپەڕیوە، لە چوارچێوەی دیالێکتەکاندا گەلێک گەشەسەندن و سستی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان بەجێهێشتووە، بەتایبەت لە بواری ئەدەبیاتدا، هەربۆیە ئەدەبیاتی کوردی خاوەن ئەدەبێکی مەزن و چەندین شاکاری ئەدەبی و نمونەی بەرزی نووسەر و شاعیرە، کە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەدەبی کۆنی نووسراوی کوردی بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دایە بە بەرهەمەکانی " باباتاهیری هەمەدانی" دەست پێدەکات(( باباتاهیری هەمەدانی ٩٣٥-١٠١٠ کۆنترین شاعیری کوردە، کە شیعری پتەوی لەسەر رێبازێکی تایبەت بەخۆی نووسیوە))( شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی، محمد نوری عومەر کاکی، ٤١). لەئەدەبیاتی کوردی دا بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دان، ئەدەبی کلاسیزمی کوردی بە پێی گەشەسەندن و دەرکەوتنی دیالێکتە کوردییەکان پەرەی سەندووە، چونکە لەهەر سەردەمێکدا هەر دیالێکتێک بە پێی گەشەسەندنی میرنشینە کوردییەکان پەرەیان سەندووە و هەر میرنشینێکیش دیالێکتێک بۆتە زمانی فەرمی و ئەدەبی ئەو میرنشینە، بۆیە ئەدەبیاتەکەشی بەو دیالێکتە پەرەی سەندووە و نمونەی بەرزی پێ تۆمارکراوە(( شیعری بابا تایەر و بە کوردی نووسینی ئەو سەردەمە هەوڵ و کۆششی ئەو میرنشینانەیە، کە پاش دەوڵەتی یەکگرتوی مسوڵمانان پەیدابوون و هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە زمانە کۆنەکەی خۆیان بکەنەوە بە زمانی ئەدەبیات و زمانی رەسمی نووسین و کاروبار. لە پاش بابە تاهیر بەچەند سەدەیەک هەندێ شاعیری کوردی بەناوبانگ لە ناوچەی سەروردا سەریان هەڵدا، دیالێکتی کرمانجی سەروو، بەشە دیالێکتی بۆتانیان کرد بە زمانی شیعری خۆیان، لەو شاعیرانەی بەم دیالێکتە شیعریان نووسیوە؛ مەلای جزیری، عەلی حەریری، فەقێ تەیران، ئەمانە لەسەدەی پانزە هاتوونەتە ناوەوە، ئینجا ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەهەم بە "مەم وزین

" وەکەی لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی ڕەنگین کرد))( هەمان ســـەرچاوە، ٤١). هەروەها جگە لە دیالێکتی کرمانجی ســەروو، هەر لەســەدەی حەڤدە بەدیالێکتی " گۆران" یش چەندین نمونەی دیارو بەرچاومان هەیەلەوانە" بێســـارانی ، خانای قوبادی ، مەولەوی...." چەندین نمونەی تر، لەســـەدەی هەژدە دا ڕەوتێکی نوێی ئەدەبی پەیدابوو، ئەویش بە قوتابخانەی شیعری "بابان" ناودەبرێت، لەسەر دەستی " نالی و سالم و کوردی" کە تا ساڵانی بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم کاریگەری هەر مابوو(( کلاســیزمی کوردی لەســەدەی نۆزدەدا ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت و وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی خاوەن ڕێبــــازی ناســـرا))(ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەورووپی-کوردی،عبدالقادر حمە امین، ٣٨) هەر بۆیە بەشــێک لە نووســەران و لێکۆڵەران ئەدەبیاتی کلاســیزمی کوردی بەو جۆرە پێناســـە دەکەن: ئەدەبیاتی کلاسیزم بەو بەرهەمانە دەوترێت، کەلەســەرەتای ئەدەبی نووسـراوی کوردی دەست پێدەکات و تاسەرەتای سەدەی بیست دەخایەنێت . ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە جیای دەکاتەوە لە ئەدەبی کلاسـیکی جیهانی و ئەدەبی کلاسیکی وڵاتانی دراوسـی، هەروەک بەکارهێنانی کێشـی عەروزی عەرەبی، یەکیەتی سـەروا، بوونی قاڵبی جیاوازی شیعری وەک "غەزەل، قەسیدە، چوارخشتەکی....". گرنگی دان بەبابەتەکانی ڕەوانبێژی، بەکارهێنانی وشــەی بێگانە بەتایبەت فارســی و عەرەبی و تورکی.. ئەمانە دیارترین ئەو سـیمایانەی شـیعری کلاسیکی کوردین .

لە کۆتایی ســەدەی نۆزدە و ســەرەتای ســەدەی بیســت بارودۆخی مێژوویی و جوگرافی و ســیاســی و ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕوی گۆڕانکاری گەورە ببوونەوە، بەتایبەت کوردســـتان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دابەشـــی چوار پارچە کرا، کە کاریگەری زۆری هەبوولەســـەر گۆڕانی ڕەوتی کۆمەڵگا، هەروەها بووە هۆی ئەوەی کورد جارێکی تر لە ژێر دەســـەڵاتی بێگانە تووشـــی چەوســـانەوە بێت و لەمافەکانی خۆی بێبەش بێت(( نەتەوەی کورد لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم دا دووچاری دوو دەردی کوشـنده ببوو، یەکەمیان وەک زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر ڕژێمی چینایەتی و دەرەبەگایەتی دا دەچەوسـایەوە، دووەم لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێبەش کرابوو))(ڕیبازی ڕۆمانتیکی کوردی، خورشید ڕەشید، ٥٤)، ئەم بارودۆخە مێژوویی و سیاسی یە جەوێکی وای دروست کردبوو، هەستی نیشتیمان پەروەری و دڵســـۆزی شـــاعیرانی کورد بجوڵێت و بەرهەمە ئەدەبیەکـانیشـــیـان ڕەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخەبوون، بەمەش خەڵکیـان هۆشـــیـاردەکردەوە و هەروەهـا لایەنێکی گرنگی ئەو قۆنـاغە ئەوەبوو لە ژێر ڕۆشـــانیی ئەو گۆڕانکاریانەدا جۆرە ئەدەبێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە تاراددەیەک جیاواز بوو لە قۆناغەکانی پێشـووتر، ئەم قۆناغەش ناونرا" ڕۆمانسـیزم". دیارترین شـاعیرانی ئەو قۆناغەش بریتی بوون لە" پیرەمێرد، شـێخ نوری شـێخ سـالح، گۆران ، زێوەر.... . شـاعیرانی ئەو قۆناغە داوایان دەکرد شـاعیران واز لە کێشـی شـیعری کلاسـیکی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ کێشـی پەنجەی خۆماڵی، هەروەها دەرکەوتنی ژانری ئەدەبی نوێ وەک وتار، چیرۆک..... .

ســـەدەی بیســـت لە مێژووی ئەدەبیـاتی کوردی دا، مێژووی دەرکەوتنی زۆربەی ڕێبـازە ئەدەبیەکانە، جگە لە کلاسـیزم، کە تەنها ئەو ڕێبازە لە پێش سـەدەی بیسـت سـەری هەڵداوە و بەهاتنی کۆتایی هاتووە . لە دوای ڕۆمانسـیزم لە ئەدەبی کوردی دا ڕێبازێکی تر سـەرهەڵدەدات ئەویش" ریالیزم" ە . لە دوای سـاڵانی سـیەکانی سـەدەی بیسـت و لەدوای سـەرهەڵدانی جەنگی

دووەمی جیهانی کۆمەڵی گۆرانکاری خێرا و دیار روویان دا، کە ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە، ئەم بارودۆخە لەناو ئەدەبیاتیشـــدا رەنگی دایەوە، بەتایبەت لەناو چیرۆکەکانی ئەو قۆناغەدا، کە ناوەرۆکێکی ریالیزمیانەی لەخۆگرتبوو، بەشێک لە لێکۆڵەران چیرۆکەکانی ساڵانی بیستەکان دەکەنە ســـەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی ریالیزم، هەروەک پێیان وایە((چیرۆکەکانی ســـاڵانی بیســـتەکان، کە بەســـاڵانی دەســـتپێکردنی چیرۆکی هونەری دادەنرێت، باشـــترین بەڵگەیە، ناوەرۆکی ئەو چیرۆکانە ناوەرۆکێکی ریالیزمییانە بووە، لە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان دواون، کەموکورتییەکانی ناو کۆمەڵیان خســـتۆتە روو، بەگژ دەســـەڵات دا چوونەتەوە و رەخنەیان لێگرتووە، ئەمانە ســـەرەتایەک بوون لە لەدایک بوونی چیرۆکی هونەری کوردی و ســـەرهەڵدانی زۆرتری ریالیزمی فۆتۆگرافی و رێبازی ریالیزمیش لەئەدەبی کوردی دا، بەتایبەت ریالیزمی رەخنەگرانە، کە دواتر لە شـــیعریشـــدا رەنگی دایەوە))( ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر، ٦٠) .

بەم جۆرە بەهۆی ئەو گۆرانکارییە یەک لەدوای یەکانەی لەناوچەکانی کوردســـتان دا روویان دا، هەروەها پێشـــکەوتنی کۆمەڵگای کوردی لە رووی خوێندەواری و هۆشـــیاری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و داهاتنی چاپ و چاپخانە و بڵاوبوونەوەی گۆڤار و رۆژنامە و کتێبی نووســـەران و دیوانی شاعیران و پێشکەوتنی رەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی و هەروەها کرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو رووی گۆڕانکارییە جیهانی و ناوخۆییەکان....ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی شـــاعیران و نووســـەرانی کوردیش هەریەک لەو رێبازانە لەناو ئەدەبی کوردی دا رەنگ پێبدەنەوە و ســـیماو تایبەتمەندی ئەدەبەکەش بپارێزن، هەروەک پەرناسیزم و سیمبولیزم و سوریالیزم....

**دڵدار لە کایەی رێبازە ئەدەبییەکان :**

**٢-١// دڵدار لەمەیدانی ئەدەب دا**

لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـت دا لەگەڵ دەرکەوتنی بیری نوێگەری و ئەو گۆڕانکاریانەی بەســـەر بارودۆخی کوردســـتان دا هاتن، ئەدەبیش وەک بوارێک لە بوارەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هات، لەو شێوە باوەیدا نەمایەوە، هەروەها هەر لەو قۆناغەشدا چەندین شاعیری دیار و بە ئەزموون، لە نێوەندی ئەو گۆڕانکاریانەدا هەڵکەوتن، یەکێک لەو شـــاعیر و نووســـەرانەش " یونسی کوڕی مەلا رەئوفی کوڕی مەلامەحمود ئەفەندی کوڕی مەلاسەعیدی خادیمولسەجادە"، لە ســـاڵی ١٩١٨ لەدایک بووە، بە " دڵدار"ناســـراوە( دڵدار شـــاعیری شـــۆڕشـــگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدین، ١٣) .شـــاعیر لە بواری رۆشـــنبیری و فیکری رۆڵێکی چالاک و کاریگەری هەبووە، ئاگاداری ئەو جموجۆڵ و چالاکیانەبووە، کە لەو ســـەردەمەدا هەبوون، ئەمەش بەهەوڵی خۆی بووە بۆئەوەی ئاگاداری بارودۆخ بێت و لە رووداوەکانی رۆژ دانەبڕێت(( شاعیر زۆری دەخوێندەوە، لەو رۆشـــنبیرانە بوو، کە خۆیان خۆیانیان فێردەکرد، چونکە لەو ســـەردەمەدا دامودەزگای ئەدەبی لە وڵات دا نەبوو، پیشـــەی پارێزەریش بۆ دڵدار هۆیەکی گەورە بووە، کە بچێتە ناو بنج و بناوانی ژیانی هەرانەوە))( مێژووی ئەدەبی کوردی،د.مارف خەزنەدار، ٥٣٨) لەبەر ئەوە دڵدار تەنها شـــاعیر نەبووە، بەڵکو پارێزەریش بووە، هەروەک چۆن بەشـــێک لە شـــاعیرانی کۆن مەلا بوون،بەڵام لەو قۆنـاغەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بوونی قوتـابخـانە، هۆکارێکی کاریگەر بوون بۆ بڵاوبوونەوەی رۆشـنبیری و هۆشـیاری لەنێو تاکی کوردی دا، ئەمەش وای کرد بیری گۆڕانکاری

پەرەبســـەنێت و خیراتر بڵاوببێتەوە و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش بگرێتەوە، دڵدار هەر لەســـەرەتای تەمەنییەوە ئارەزووی خوێندن و خوێندەواری لە مێشـــکی دا دەچەســـپیت،هەر زوو دەچێتە بەر خوێندن، هەروەک خۆی لە ژیاننامەکەیدا ئاماژەی پێکردوە و دەڵیت(( مەحمودی ئامۆزام لە مەکتەب بوو وە بۆی ئەگێرامەوە، مەکتەب چەند خۆشـــە، چۆن یاری ئەکەن و تەعلیم دەکەن- ریازە- بەڕاســـتی زۆر شـــەوقم چووە ســـەرخوێندن، کە مەکتەب کرایەوە دەســـتم کرد بە گریان کە لازمە بچم بۆ مەکتەب، دایکم دەستی گرتم و بردمییە مالی" عبدالخالق قوتب" ......لە سالی ١٩٢٧ لە عومری ٩ سالاندا بووم کە لە دوای عبدالخالق ئەفەندی دەرۆشتم وە لە حەوشەی مەکتەب دەســـتی گرتم بردمییە لای مودیر ناوی"عبدالرحمن ئەفەندی" بە تەلەبەیی قەیدی کردم ))(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٩)لە تەواوی ژیاننامەکەشی دا باس لە چۆنیەتی خوێندن و سەرەتای خویندنەوە و رۆشـــنبیر بوونی دەکات، ئەو رووداوانەشـــی کە لەدەوروبەریدا روویان داوە زۆرتر چاوی شـاعیرانەیان کردۆتەوە، هەر لەبەر ئەمەشـە لە تەمەنێکی زووەوە دەستی بەشیعر نووسین کردووە، لەســـەرەتای ســـییەکاندا بیری دڵدار گۆڕانی بەســـەرداديت و دەچێتە قۆناغێکی نوێی ژیانییەوە، کە لە رووی مەعریفی و رۆشـــنبیری یەوە زیاتر پەرەدەســـێنێت، هەروەک خۆی باســـی دەکات(( ئێســـتا من لە ســـالی ١٩٣٣م ســـنفی پێنجی ئیپتیدائیم، لەم ســـاڵەدا مەجرای ژیانم گۆڕا، لە دەوری منداڵی هاتمە دەورێکی تر کە ئیتزانێکم پێ وەرگرتبوو لەم ســـاڵەدا دەســـتم پێکرد بە وردی دیوانی حاجی قادری کۆیی موتالەعە بکەم بەڵکو شـیعرەکانیم ئەغلەب لەبەرکردبوو، دیسـان مام کە زۆر بە وردی گویلە گوێ لە شـیعرو قەسـائیدی شـاعیرانی کۆی وەکو" عەونی ، راجی ، عاسـی ، حسێنی" رابگرم و لەبەریان بکەم، بەمەش ئیکتیفام نەدەکرد هەر شیعرێکی کوردیم بکەوتایە بەرچاو ئەمنوســـی یەوەو لەبەرم دەکرد تا ئەغلەب شـــیعرەکانی "وەفایی، بێ کەس ، زێوەر ، پیرەمێرد" م لەبەرکرد، زۆرم لاخۆش بوو، کە بەیادیان حەمە رەش و غەریب موســـتەفا لە مەکتەب ئەهاتنە دەرەوەو بەحەماسەوە شیعری " ئەی وەتەن مەفتونی تۆم" ی بێ کەسیان ئەخوێندەوە لەم ساڵەدا بەرە بەرە هەستم بە خۆم دەکرد لەزەت لە شیعر وەرئەگرم بەڵکو زۆرم لا خۆشە))( دڵدار شاعیری شـۆڕشـگێڕی کورد،٤٣) . بەم شـێوەیە ژیانی خوێندەواری دڵدار گەشـەدەکات و بەرەو هەڵکشـان دەچێت، بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە لە رێی خوێندنەوە و هاورییەتی ونزیکی لەو کەســـانەی تینوی بیری کوردایەتی بوون پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، تا ئەوەی لە رێی بزاوتنی هەســـتی نیشتمانی و سیاسی یەوە وردە وردە بەشداری پارت و رێکخراوەکانی سەردەمەکەی خۆی دەکات، دیارترینیان "حیزبی هیوا، حزب التحرر الوطنی " بوو، کە دڵدار رۆڵێکی چالاکی تیدا گێڕا . دڵدار لە ژیانی رۆشنبیری و نەتەوایەتی خۆی دا لە رێی شیعرەکانیەوە هەوڵی دا کۆمەڵ هۆشیاربکاتەوە لە پێناو بەدیهێنانی خواستەکانیان، هەروەک(( لە سییەکاندا وەکو هەڵبەستەوانێکی شۆڕشگێڕ هەوڵی هۆشیارکردنەوەی لاوان و خەڵکی کوردستانی داوە پاڵی پێوەناون بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراســـی گەلی))( ئەدەبیاتی کلاســـیکی و نوێخوازی کوردی، د.کەمال مەعروف، ٢١٨) . دڵدار هەر لەســـەرتای لاوێتیەوە دەســـت بە شـــیعر لەبەرکردن دەکات و لەویوە چێژی شیعری لەلا دەبزوێت، هەر ئەمەش وای لێدەکات دەست بە نووسینی شیعر بکات و ئەسپی خۆی لەو مەیدانەدا تاوبدات، یەکەم بەرهەمی شـیعریشـی لە گۆڤارەکانی ئەوکاتەدا بڵاو دەکاتەوە و لەویوە تێکەڵ بەدنیای رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو قۆناغە ئاشـنا دەبێت(( دڵدار یەکەمین شـیعری

له ساڵی ١٩٣٥ داناوه و له ژماره ٢ی گۆڤاری رووناکی لەشاری هەولێربڵاوکردۆتەوه))( کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح، ١٠٠) بەوپێیەش بێت دڵدار هێشتا لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بووه دەستی به شیعر نووسین کردوه، له دوای ئەوەش به دەرچوونی گۆڤاری " گەلاوێژ " رۆڵێکی باش دەبینێت له بڵاوکردنەوەی بابەت و شیعرەکانی، که کاریگەری له دوای خۆی بەجێ دەمێنێت .

دڵدار لەمەیدانی شیعرنووسین دا لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی کورت ژیا، بەڵام خاوەن ئەزموونێکی شیعری دیاره، " د. مارف خەزنەدار" لەبارەی شیعرەکانیەوه دەڵێت(( دڵدار نمونەی تاقیکردنەوەی شیعری تازەی کوردی یه، بەهەموو لقەکانییەوه،ئەم شاعیره لەسەردەمێکدا خۆی ناسی، که" شیعری نوێ" ی کوردی لەناوەوه بوو))( مێژووی ئەدەبی کوردی، دمارف خەزنەدار، ٥٣٩) . هەروەها " رەفیق حیلمی" لەبارەی شیعرەکانی دڵدار بەو جۆره دەدوێت(( دڵدار به لای ئێمەوه شاعیرێکه زۆر باڵا، ئەگەر له هەندێ شیعریا ناپوختەیی هەبێ، بەهای شاعیریەتی پێ ناشکێ))( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، ١٢٣)، هەر له روانگەی ئەو شیعرانەی که نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوه، هەستێکی بەرزی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری و دنیا بینی و جیهان بینی شاعیر دەردەکەون. هەروەها له سەرەتا دا سروشت سەرچاوه و ئیلهام بەخشی شیعرەکانی بووه، هەروەک(( یەکەم جار له " رانیه" له بەرامبەر سەرچاوەی پیرۆزی رەنگی ئاوی " قوله" روحی شاعیریەتی بزووتووه))( هەمان سەرچاوه، ١٢٣)، هەروەها بەو پێیەی له یاداشتەکانی ژیانی دا ئاماژەی پێکردووه، " رانیه" و سەرچاوەی ئاوی" قوله" دیمەنێکی دڵرفێن و خۆشی به دڵداربەخشیوه و سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانی بووه، هەربۆیه وەک زۆربەی شاعیرەکانی تر ، وەسفی سروشتی کوردستان و دیمەنی جوانی کوردستان به جوانی به شیعرەکانیەوه دیاره،که ئەمەش لەرێی ئەو کاریگەریەوه بووه، که کاری له شاعیر کردووه، هەروەک له شیعری" کوردستان" دیمەنی جوانی کوردستان تیکەڵ بەهەستی نیشتمانی و کوردایەتی خۆی دەکات و دەڵێت :

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی ، منی بێ گومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانته
فێری سەیرانی باغەکانته

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ١٨٢)

ئەم شیعره هەر لەسەرتاوه تا کۆتایی لەپاڵ وەسفی سروشت و کەش و هەوای کوردستان بۆنی نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵگرتووه و شاعیر بەو پەری شانازییەوه نیشتمان دەکاته مەنزڵی کوردایەتی و جوان پەرستی .

بەرهەمه شیعریەکانی دڵدار له چوارچێوەی بیری خۆشەویستی کوردستان و نیشتمان پەروەری و هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد بەماف و خواستەکانی و مەسەلەی چینایەتی و ئامۆژگاری و ئەو جۆره بابەتانەدا خۆی دەبینێتەوه، هەروەها شاعیر لەبەر ئەوەی شاعیری دوای قۆناغی " حاجی قادری کۆیی" بوو، هەروەها له بەر زۆر کاریگەربوونی به حاجی ، تارادەیەک له شیعرەکانی دا رەنگ دەداتەوه و هەروەها شاعیر زۆرتر مەبەستی گەیاندنی بیر و پەیامی کوردانەی بووه بۆیه کەمتر خۆی به رازاندنەوەی شیعرەکانی و وشەکاری کردوه، بەشێوەیەکی گشتیش ئەرکی شیعر

لەو قۆناغەدا پەیامداری بووە، جا پەیامی نیشتیمانی یا کۆمەڵایەتی یا هۆشیار کردنەوە.... بووبێت((ئاشکرایە لە داوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەدواوە شاعیرانی کورد پەیامدارانە و وشیارانە روویان لە چەند بابەتێکی شیعری کردووە تا ئەرکێکی دیاری کراویان پێ ببینن وەک ئەرکی سیاسی و نیشتمانی وکۆمەڵایەتی و ئایینی...))( ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردی دا، نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ١٠٩) دڵادریش لەبەرامبەر ئەو ئەرک و پەیامانەدا دڵسۆزانە بە ئەرکی خۆی هەستاوە و رۆڵی خۆی تاو داوە .

لە شیعرەکانی دڵدار و ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە، قۆناغێکی گواستنەوە بووە لەنێوان رێبازی کلاسیکی و رۆمانتیکی و دواتریش بەرەو ریالیزم، هەربۆیە کۆی بەرهەمە شیعریەکانی بۆنی هەر یەک لە سێ رێبازەی بەخۆی هەڵگرتووە، کە لە هەریەکێکیان دا تایبەتمەندی خۆی پاراستووە و جۆرێک لە بیر وردی و دەست رەنگینی خۆی پیوە دیارە، چونکە نەکەوتۆتە بەر لاسایی کردنەوەی شاعیرانی پێش خۆیی و تایبەتمەندییانەی بەشێوەیەکی گشتی ئەو رێبازانە لە خۆیی گرتوون(( دڵدار شاعیری ماوەی تاقیکردنەوە و گواستنەوە بوو لە ئەدەبی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لە قۆناغێکی گەلێک ئاڵۆز وپڕ لە تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی کوردا ژیاوە، ئەم ئاڵۆزییە رەنگی لە بەرهەمی شاعیر داوەتەوە. خەبات و زۆرانبازییەکی تیژ لە نێوان قوتابخانەی کلاسیکی تەقلیدی کۆن و بزووتنەوەی شیعری نوێ" رۆمانتیزم" لە ناوەوە بوو))( مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، ٥٣٩) هەر لەبەر ئەوە ئەزموونی شیعری بەر هەریەک لەو رێبازە ئەدبییانە دەکەوێت و لەهەریەکێکیاندا جێ دەستێکی دیاری جێ هێشتووە، کە ببێتە هۆی ناسنامەی کەسایەتی دڵدار و ئەو قۆناغەی تێیدا ژیاوە . لێرەدا لەسەر هەریەک لەو رێبازانە ورد دەبینەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە توانای شاعیریەتی دڵدار شارەزببین و بزانین چۆن خۆی لەو مەیدانەدا دۆزیوەتەوە لە رێی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە .

**٢-٢// دڵدار و رێبازی کلاسیزم :**

سەرەتای ئەدەبی کوردی بە رێبازی کلاسیک دەستی پێکردووە، لەو بوارەشدا ئەدەبی کوردی خاوەن بەرهەمێکی زۆرە و سامانێکی گەورەی ئەدەبەکەمان پێک دەهێنێت، هەروەها خاوەن چەندین نمونەی شاعیری دیارو بەرچاوی کلاسیزمین، کە شاکاری مەزنیان تۆمارکردووە، کلاسیزمی کوردی هەر لە سەدەی "دە و یازدە" ی زایینیەوە تا سەرەتاکانی سەدەی "بیست" بەردەوام بووە، لەوکاتەشەوە چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەکی بڕیو. شاعیرانیش لەهەر قۆناغێکدابوو‌بێت کەوتوونەتە ژێرکاریگەری یەکتر و لەو رێیەوە هاتوونەتە ناو کاروانی مێژووی ئەدەبی کوردی و لە دواتردا نمونەیەکی دیاریان بۆخۆیان تۆمارکردووە. دڵداریش یەکێکە لەو شاعیرانەی لەرێی کاریگەربوون بە شیعری کلاسیکی و شاعیرانی ئەو رێبازە هەوڵی خۆی لەو مەیدانەدا تاقیکردۆتەوە، هەروەک لە بەشێکی یاداشتەکانی دا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت(( لەم تەئریخەدا بوو، کە دیوانی نالیم زۆر بە وردی خوێندەوە، شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر لەمێشکمدا لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەڕیان بوو، لەم شەڕە شتێکیان بەمن بەخشی، ئەویش بۆ شیعرو ئەدەبیات رواندمیان، زۆر خەیاڵی وام لەمیشکدا بوو، کەدەمویست لەناو خەڵکیدا بەرپایان بکەم))( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، عبدالخالق علاءالدين، ٥٠) دڵدار

لەو یاداشـــتەی دا باس لە ســـاڵی ١٩٣٥ دەکات، کە چۆن لەو کاتەدا "نالی و حاجی" کاریگەریان هەبووە لەســەری، لەلایەک غەزەل و قەســیدە دڵداری و ســەرنج ڕاکێشــەکانی نالی، لەلایەکی تر شــیعرە نیشــتمانی و نەتەوایەتیەکانی حاجی جۆشــی شــیعریان گرداوە، ئەگەرچیش زۆر بە نالی کاریگەر بووەو چیژی زۆری لە شیعرەکانی وەرگرتووە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و بیروباوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر بەلای حاجی دا بردووە، بە واتایەکی تر ئەوەندەی گرنگی بە ناوەرۆک داوە ، کەمتر گرنگی بەروخســار و ڕازاندنەوەی شــیعر داوە، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شــیعری کلاســیکی گرنگی دان بووە بە روخســار و وشــەکاری . ئەگەرچی دڵدار چەند نمونەیەکی کەمی دەکەونە بەر کلاســیزم، بەڵام لەهەمان کاتدا توانیویەتی لەو بوارەدا هەوڵی خۆی بدات و لەهەمان کاتیشــدا جۆرێک لە گۆران لە قاڵب و ســیمای کلاســیکیەتدا بکات(( بەپێی ئەو شــیعرانەی لە دیوانەکەیدا چاپ کراون، لەسەر پێی دانی شیعری کلاسکی شیعری داناوە، وە بەشێوەیەکی سوک و ئاسـان شــیعرەکانی دەربڕیوە، ئەگەرچی لەســەر پەیڕەوی ئەدەبی کلاســیکی ڕۆیشــتووە لەبەکارهێنـانی عەروز و قافیەدا، بەڵام وەک ئەوان خۆی خەریک نەکردووە، بە روخســـاری شیعرییەوە))( ڕێبازی ڕۆمانتیکی کوردی، خورشید رەشید، ٢٤٢)، جا ئەو خۆ پێوە خەریک نەکردن و گرنگی نەدانەی لەبەر ئەوە بووبێت زۆرتە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بووبێت یا ئەوەتا لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا شێوازی ئەو جۆرە شیعرانە تاڕاددەیەک کەمتر بێوە، ئەمەش کاریگەری نەک هەر لەسەر دڵدار بەڵکو لەسەر زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە هەبووە .

چەند نمونەیەک لەو شـیعرانەی دەکەونە بەر شـیعری کلاسـیکی، دڵدار لە شـیعری (ئومێد) دا، کەپارچە غەزەلێکە و لە ساڵی ١٩٣٥ نووسیویەتی، شێوازیکی کلاسیکی بە روخساری شیعرەکەوە دیارە، ئەگەرچی لەناوەرۆکی شــیعرەکەیدا زیاتر ناوەرۆکێکی تازە بەخۆ دەگرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشــدا لە رووی کێشــەوە پەیرەوی کێشــی عەروزی کردوە، هەروەها ســەروای یەکگرتوی بەکارهێناوە، لەســەرەتای غەزەلەکەوە تا کۆتایی یەک ســەروای هەیە و جۆرێک لە وشــەکاری تێدا کردووە، هەروەک دەڵێت:

چاوەکانم لێڵ و وێڵ بوو کوا ستارەم دەرنەکەوت
دڵ لە تاوی دەردی گڵپەی سەند وەکو ئاورو نەوت
ڕۆژهەڵات و زیندەگی دا گشتی عالەم کەوتە ئیش
چاوەنۆڕی ئوفقی دوورم ڕۆژی من کوا دەرنەکەوت

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ١٧٨)

لەم شیعرەدا کێشی (رەمەلی هەشتی مەقسور)ی بەکارهێناوە.

هەروەها لە شــیعری "دڵ" کە لەگەڵ " عەونی" بەیەکەوە نووســیویانە ، بەهەمان شــێوە ســیمای کلاســیکی پێوە دیارە و کێشــی" رەمەلی هەشــتی مەحزوف" ی بەکارهێناوە، ســەروای یەکگرتوی بەکارهێناوە، ئەو جۆرە وشەکارییەی بەکارهێناوە، کە " نالی" پێ دەناسریتەوە، لەم شیعرەدا هەست بە کاریگەری زمانە ئەدەبییەکەی نالی دەکرێت لە شیعرەکەیدا، هەروەک دەڵێت:

دڵ لەبەینی تەڵعەتی روو زوڵفەکەی دەیجوورتە
گاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهێ مەیلی نوورتە

بەحری عوسمانی سروشکم وا بەدەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٨٠)

لە پارچە غەزەلی "نائومێدی" بەهەمان شـــێوە کێشـــی" هەزەجی هەشـــتی تەواو" ی بەکارهێناوە، هەروەها سەروای یەکگرتوو و
ئەو جۆرە وشەکارییەی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی دا باوبووە ، هەروەها جۆرێک لە ناوەڕۆکی دڵداری و ئەڤینی لە خۆگرتوە ، کە لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیشدا رەنگی داوەتەوە، هەروەک دەڵێت:

زەدەی تیـری نیگاهـی فیتنە پەردازی نیگارێکم
گیرۆدەی داوی زوڵفی مشکباری گوڵ عوزارێکم
ئەوی نـەیـدیبێ نیشێ دڵ و یـا ئـازاری دڵـداری
چوزانێ من لە ئێشانی چە سووتان و فگارێکم

(دڵدار شاحیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١٠)

لە شـیعری " لاوی کوردان"، کە لەســەر شـێوەی شـیعرەکانی "حاجی " هۆنیویەتیەوە، بە رواڵەت پەیرەوی سـیماکانی کلاسـیکی کردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سـیمایەکی نەتەوایەتی پێوە دیارە، ئەم پارچەیە شـــیعرێکی دوورو درێژە و پێک هاتووە لە٢٠ کۆپلەی چوارینەیی، لە قۆناغی ناوەندی نووسـیویەتی، هەروەک لە دیوانەکەیدا ئاماژەی پێکراوە،لە شـیعرەکەیدا پەیڕەوی کێشـی عەروزی کردووە و ســەروای یەکگرتووی شــێوە قالبی چوارینەی بەکارهێناوە، هەروەها زمانی دەربڕینی شیعرەکەی ئەو شێوە زمانەیە، کە حاجی بەشێکی زۆری شیعرەکانی پێ دەربڕیوە، هەروەک دەڵێت :

تـۆ ئـەزانی ئەی وەتـەن ئـیمرۆکـە بــۆچی بـێ بـەشی
بــۆچی دەســتی شــەو نـیشانـی تـۆ ئــەدا نـامەی رەشی
پێت بـڵـێم ئــەسـبابی گــــەورەی زیللەت وچــارە رەشـی
"گەنجی کوردان هەر لەدەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی"

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،٢٠٢)

دکتۆر مارف خەزنەدار ئەم شـیعرەی ناوناوە شـیعری" سـیاسـی" چونکە پێی وایە دەرخەری بیرو باوەڕێکی سـیاسـی یەو هانی لاوەکان دەدات، کەچیتر باوی قسـەی بێ کردار نەماوە، بەڵکو دەبێت هەموو هەوڵبدەن لەپێناو گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی .
بەم شێوەیە ژمارەی شیعرە کلاسیکیەکانی زۆر کەمن و زیاتر لە قۆناغێکی ئەزموونی دا دەبینرێن، بەو مانایەی شـاعیر لە قۆناغی ئەزموونی شـیعر نووسـینی دا ئەم شـێوازە شـیعریەی بەکارهێناوە، ئەگەرچی توانیویەتی ئەزموونی خۆی تێدا تاقی بکاتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشـــدا جۆرێک لە لێزانی و دەست رەنگینی دڵداری تێدا دەردەکەوێت.

**٢-٣//دڵدار و رۆمانسیزم :**

قۆناغی شـــیعر نووســـینی دڵدار لە کلاســـیزم زۆر نەمایەوە، بەخێرایی رووی کردە رێبازی رۆمانسیزم، چونکە هەر لەو سەردەمەی دڵدار تێیدا دەژیا قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و هاتنە کایەی رۆمانسـیزم بوو، ئەمەش وای کرد هەر زوو رێچکەی شـیعری بگۆڕێت وبەرەو سـیما

و روخساری ئەم ریبازە هەنگاو بنێت.(( دڵدار بە قۆناغی دوای گۆران و پیرەمێرد دەژمێردرێت، لە بەردەوام بوونیدا لەسەر ڕێبازی رۆمانتیک، ئەم قۆناغی گواستنەوەیشی بەرەو ڕێبازی رۆمانتیک و شێوەی تازەگەری دیارە چ لە روخسار و چ لە ناوەرکدا))( ڕێبازی رۆمانتیکی کوردی، خورشید رەشید، ٢٤٧)، دڵدار لەشیعرەکانی دا بە قۆناغی نوێکردنەوەدا تێپەڕبووە، بەجۆرێک لەگەل ئەو سیما تازەگەریەدا هاوتابووە، کە لەو سەردەمەدا شیعری پێ نووسراوە، هەروەک شاعیران بەتەواوی دەستیان لە کێشی عەروز و بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و زمانەکانی تری دراوسێ هەڵنەگرتبوو، دیارترین شیعری ئەو قۆناغەشی " خەندەکەی بایی، گوڵی سور"ە کە بەتێکەڵ کردنی کێشی عەروز و کێشی خۆماڵی سیمایەکی نوێی بە شیعرەکە بەخشیوە، هەروەک لە " خەندەکەی بایی " دەڵێت:

لە ئافاقی ژیانی نائومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کەبیدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بەسۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لادەرە پەستی

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،١٩٦)

لەم شیعرەدا هەستێکی نائومێدی و رەشبینی بە شیعرەکەوە دیارە، کە ئەمەش خاسیەتێکی رۆمانتیکەکان بوو، کە بەجۆرێکی رەشبینی و بێهیوایی بۆ ژیانیان دەڕوانی، هەروەها گەڕانەوە بۆ خەون و خەیاڵ و دوورکەوتنەوە لەو واقیعەی تێیدا دەژین، لەهەمان کاتدا، کێشی هەزەج و کێشی پەنجەی خۆماڵی ٨ برگەیی بەکارهێناوە، بەجۆرێک چوار نیوە دێری یەکەم کێشی عەروزی یەو، دوو نیوە دێری ناوەراست کێشی خۆماڵی یە، کەئەم جۆرە تێکەڵ کردنە لە شیعری کلاسیکی دا نەبووە.

لە شیعری" کوردستان" بە وەسفی سروشتی کوردستان دەست پیدەکات و وەسفی دیمەنە جوانەکانی کوردستان دەنەخشێنێت، کە چۆن وەک پیرۆزییەک تەماشای دەکات و لای شاعیر رەمزی قیبلە و قودسیەت دەردەخات، هەروەها کێشی عەروزی و جوت سەروای بەکارهێناوە

کوردستانی خۆش ، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان
چاوم پشکتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ١٨٢)

لەشیعری " ئەی بادی شەماڵ" شاعیر وێنەیەکی رۆمانتیکیانە دەنەخشێنێت، بەجۆرێک لەگەڵ " با " دا دەکەویتە گفتو گۆ و هەواڵی خۆی بە با دا بۆ یار دەنێریت، لێرەدا شاعیر وێنەیەکی دڵداری دەخاتە روو، کە وا چۆن سەرمەستی هەواڵی یارەکەیەتی و دەیەوێ دەردە دڵی خۆی لەگەڵ دا بکات، بەجۆرێک یار دڵی بردووە و دەیەوێ شەکوای حاڵی بگەیەنێتە یار، هەروەک دەڵێ :

ئەی بادی شەماڵ ، ئەی بادی شەماڵ
پـۆستەی هـەوایی دڵەی پر زوخـاڵ
دەســتم دامـەنت ئـەچی بۆ کویندەر؟
نـاچی بـۆ کۆیێ مـەئوای دولبەر...؟
وەک عارەب دەخیل گەر چووی بۆ ئەولا
مـەوەستە تـاکو بـەردەمـی لـەیلا
مـەوەستە تـاکو لای شـۆخێ کە وا
تـیری نیـم نیگای لـــە دڵـــدا روا

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ٢٠٠)

ئەگەرچی لەزۆربەی سـەرچاوەکاندا باسـی لایەنی خۆشـەویسـتی و دڵداری لای شـاعیر نەکراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وێنەیەکی جوانی سـۆزداری نیشـــان داوە، بەجۆرێک کە وەک خەیاڵێک بەدی دەکرێت لای .

لە شـــیعری " زوڵف و ئەگریجەی یار " دا وەســـفێکی روخســـاری یارەکەی دەکات، بەجۆرێک وێنەیەکی رۆمانتیکیانە و بەزمانێکی سادە و کێشی خۆماڵی هۆنیویەتییەوە، دەڵێت :

زوڵف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە
وێنەی جەماڵی یار لە دڵی من دایـە
شا بۆی گەدایە
گەداش فیدایە
روح بۆی نەمایە
هەر بێ وەفایە
چونکە مەشرەبی یا جەورو جەفایە

( دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ٢١٨)

ئەگەر سـەیری بکەین شـێوازی رێکخسـتنی سـەروا و ئەو کێشـەی بەکاری هێناوە، لەو سـیماو تایبەتمەندیانەی شیعری رۆمانتیک دەژمێردرێت، کە شاعیر هەوڵی خۆی تێدا بەگەڕخستوون . بەم شـێوەیە لە شـیعرە رۆمانکیەکانی دا زیاتر کێشـی خۆماڵی بەکارهێناوە و هەندێ جاریش کێشـی عەروزو خۆماڵی تێکەڵ کردوە.

**٢-٤// دڵدار و ریالیزم :**

رێبازی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردی دا مێژوویەکی درێژی نەخایاند، بەڵکو بەگۆڕانی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فکری، رەوتی ئەدەب و لایەنی رۆشـــنبیریش گۆڕانی بەســـەردا هات، بەواتایەکی دەتوانین بڵێین ریبازی رۆمانسـیزم بەشـێوەیەکی گشـتی قۆناغیکی راگوزەری بووە لە کلاسیکەوە بۆ ریالیزم، هەربۆیە بەنوێکردنەوەی شیعری کوردی و چەسپاندنی بنەماکانی نوێگەری لەشـــیعری کوردی و ســـەرهەڵدانی جۆرە ئەدەبییە نوێکان، قۆناغێکی نوێ لە ئەدەب هاتە کایەوە، ئەویش رێبازی ریالیزم بوو. دڵدار لەم مەیدانەدا توانیویەتی زۆربەی هەوڵەکانی خۆی چڕبکاتەوە و

هەوالنامەی کتێب

وێنەیەکی جوانی هۆنراوەکانی بخاتە بەردەست، چونکە ئاگاداری تەواوی ئەو بارودۆخەی ئەوسا بوو، هەروەها بەهۆی خوێندنی لە زانکۆ و بەشداری کردنی لە بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان و بیرورا فەلسەفیەکانی ئەوروپا، کە لەو کاتەدا گوازرابوونەوە کوردستان و رۆشنبیران کورد لە ژێر کاریگەری ئەو بیرانەی ئەوروپا زۆر گۆرانیان لە بیروباوەری فکری خۆیان کرد، هەروەها بوونی پارت و رێکخراوەکان کاریگەرییان هەبوو لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی و هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش" دڵدار"، کە خۆی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی "حیزبی هیوا" (( دڵدار کاتێ دەچێتە حیزبەکەوە ئیتر وەک شـاعیری کرێکاران و جوتیاران دەردەکەوێت و هێندەش بروای بەخەباتی چینایەتی دەبێت، کە پێی وایە؛ بەبێ تێکەڵکردنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ناگاتە ئامانج))(ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردی دا، عەباس محەمەد قادر،٦٣) هەربۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی تایبەتن بە دەرخستنی مەسەلەی چینایەتی و کێشەی نێوان جوتیار و دەرەبەگ ، بەتایبەت لە رووی ناوەرۆکی شیعرەکانیەوە بەردەوام هانی تاکەکانی دەدا بۆ خەبات کردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان، لەلایەک ، لەلایەکی تریش دیمەنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی دەخاتە روو، رەخنە لەناتەواویەکانی دەگرێت و زۆرجاریش بەدوای چارەسەرێکی گونجاودا دەگەرێت. لێرەدا ئەو نموونانە دەخەینە بەردەست، کە دەکەونە چوارچێوەی ریالیزمی بەهەموو ئەو جۆرانەی، کە لە نمونە شیعریەکانیدا بەرچاو دەکەون:

- ریالیزمی فۆتۆگرافی : ئەو جۆرە ریالیزمەیە، کە واقیعی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی وەک چۆن خۆی هەیە، ئاوا پیشانی دەدات، واتا وێنەیەکی واقیعی و فۆتۆگرافیانەی دەخاتە ڕوو، بەجۆرێک وەک لایەنێکی راستەقینەی خۆی بە باش و خراپیەوە. دڵدار لە شیعری" توتنەوان" دا وێنەی ژیانی جوتیار و کرێکاری لادێکانی کوردستان پیشان دەدات، بەوێنەی ریالیزمی فۆتۆگرافەری دیمەنێکی ژیانی ئەو سەردەمە دەردەخات، هەروەک دەڵێ :

رۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما
ئاودێرێکی رووت تووتنی ئاوئەدا
زەرد ولاواز و نـەخـۆش
ماڵ وێران پەرپووت بەدەم لەرزوتا
لە چوار سەرخێزان خۆی و منداڵی
هەر ئەویان هەبوو، هەڵسابوو گۆیا
سـەپکەیێ بکا ، گۆزە ئـاو بێنێ
توتن ئاو بدا ، منداڵ بەخێو بکا

(دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١٩)

لەم شیعرەدا دیمەنێکی واقیعی بەرجەستە دەکات، باسی جوتیارێکی توتنەوان دەکات، چۆن بە گەرمی هاوین و نەخۆشی و سەختی ژیانەوە، خەریکی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی خۆی و خێزانەکەیەتی. هەروەها لەشیعری " لالە باس " یش دا وێنەیەکی واقیعی ژیانی جوتیاران دەردەخات و بەهەمان شێوە، ئەو واقیعە خراپە چۆنە ئاوا دیمەنکانی دەگوازێتەوە بۆمان و دەڵێت:

رۆژێکـی پــایز لـــه پێش نیــوەڕۆ
لالە بــاسم دی زەوی ئـــەدا تـــــۆ
رووت و زگ والا پیـــــرووتێکـشــــاو
پشتـی چــەمــاوە لوت لـەســەر ئـەژنــۆ
گۆچانی دەسی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووسابوو بـەهــێ هــێ هــۆهــۆ
(دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١١)

بەنیشاندانی ئەم چەشنەی ژیانی "لالە بایز" دەست پێدەکات و وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژیان وماندوێتی پیرە پیاوێک دەســـت پێدەکات و وێنەی ژیانی چینی هەژاران پیشـــان دەدات، ئەگەرچی لە کۆتایی دێڕە شیعرەکەیدا بەرەو ریالیزمی رەخنە گرانە هەنگاو دەنێت و رەخنە لەو واقیعە نالەبارە دەگرێت، کە ژیانی دابەش کردووە بۆ دوو چینی جیاوازی کۆمەڵگا.

●ریـالیزمی رەخنەگرانە : ئەو جۆرە ریـالیزمەیە یـا ئەو لقەی ریـالیزمە، کە واقیع بە جۆرێکی رەخنەگرانە دەردەخات و رەخنە لە ناتەواویەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و لایەنی ناشـــیرنی مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤایەتی دەردەخەن بەجۆرێک هەندێک جار رێگەجارەیەکی گوجاویش دەخەنە روو بۆ ئەوەی لەو ناشیرنی و لایەنی خراپەیە دەربچن و کۆمەڵگایەکی تەندروست و خۆشگوزەران دەستـبەر بکەن . لە شـیعرەکانی "دلدار" دا لەم چەشـنە ریالیزمییە بوونی هەیە و تەنانەت زۆر جار بە داکۆکیکاری ســەرســەختی ژیانی جوتیاران لەقەڵەم دەدرێت. "دلدار" لە شــیعرەکانی " توتنەوان، کەپری ئاودێر " بە شـــێوەی ریالیزمی فۆتۆگرافی دەســـت پێدەکات و لە دواتردا بەرەو ریالیزمی رەخنەگرانە هەنگاو دەنێت، ئەمەش لە شـیعرەکانی وەک " دوو سـوار، چەندووچوون، ماڵ وێرانی، حساو، حساوکردن" کە چەند پارچە شیعرێکی یەک لەدوای یەکن و تەواوکاری یەکترن، رەخنە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییە دەگرێت، کە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردییە، چۆن ئاغا و کەسانی کاربەدەســـت کۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن و ژیان و خۆشـــگوزەرانی هەر بۆ ئەوانە و چینی هەژار و ماندووی کۆمەڵگاش بەشـیان هەر مەینەت کارکردن بێت، ئەمەش لەناو دیمەنەکانی شـیعری " لالە بایز" دا بەتەواوی دەرخراوە، هەروەک دەڵێت :

وتی لەهاوین کێخوا "کاکەسور"
هـاتە مـاڵـەوە پێی وتم لالۆ
شایەدی بدە زەوی" زێڕین دۆڵ"
کە وا هین منە قـورئانیش بخۆ
وتم کاکە سور بەو سەرو ریشە
ئۆباڵی خەڵکی ناخەمە ئـەستۆ
وتی هەرووەهـا بەسـەری ئـاغـا
ئەتکەمە پوری بەر جەنگی هەڵۆ
( دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢١٢)

لەم چەند دێڕەدا دیمەنێکی واقیعی و رەخنەگرانەی خســـتۆتە بەرچاو، کە چۆن ئاغاکان بەربوونەتە سەرماڵی جوتیاران و زەوی و موڵکیان لێ داگیرکردوون .

هەروەها لە شـیعری " حسـاو" دا وێنەیەکی تری ناشـیرنی کۆمەڵگای کوردەواری پیشـان دەدات، چۆن مەلاکان لە پێناوی پارە و دەسـەڵات فتواکانیان لە بەرژەوەندی خەڵکانی بەرپرس و ئاغاکان بەکارهێناوە و دژی جوتیار و هەژاران وەستاونەتەوە و ئەڵقە لەگوێی ئاغاکان بوون و دەڵێت :

ئا مەلا سەعید دەفتەرت دەرکە'
سەیری بۆ عەولا چی هاتوتەناو
کابرای لەگەڵ ئەم تومەز مەلا بوو
مەلایەکی گەنج تازە ریش تاشراو
هەرزەو دڵداری لە رووی ئەباری
سمێڵی بـاریکی چاو کل تێ کراو
مـەلا دەفتەری لـە باغەڵ دەرکرد
دەفتەر چ دەفتەر پەرپوت وگەچلاو
ئەرقامی زل زل خەتی خواروخێچ
ئیملای فارسی بە کوردی نووسراو
نەم دی پەرێکی بێ فێڵ نووسراو بێ
نەم دی وشەییک ساغ و نەرنراو بێ
( دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ٢٢٤)

بەم شێوەیە مەلاکان لەو سەردەمەدا  سەرچاوەی بەشێکی مەینتەییەکانی چینی هەژاران.
لە شیعری " ئیش" دا ئەگەرچی ناتەواویەکانی کۆمەڵ پیشان دەدات لەهەمان کاتدا رێگە چارەیەکیش دەخاتە روو، هەروەک دەڵێ :

دڵ بە دووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دنیا رەنجی پێ نـاوێ بـە خۆی کۆتـا ئـەبێ
نـەی دەزانی ئەو بەئـارەق  داری ئـومێد ئـاو بـدا
گەر بەخوێن پەینی بکا ئەوجا سەمەر پەیدا ئـەبێ
لەفزی "نابێ" نابێ بیزانی کـە لاوی کوردی تــۆ
هەر بەکۆشش دێتە بەر باغی ئەمەل ئیحیا ئـەبێ

لێرەدا بـاس لە لاوی کورد دەکات و رەخنەی ئەوەی لێ دەگرێ بە دوای خەون و خەیاڵەوەن ، هەروەها خاوەن و قسـەی بێ کردارن، بۆیە داوا دەکات ئەگەر دەیانەوێ ژیانێکی خۆش و کامەران بژین، دەبێ هەوڵ و کۆشش بکەن و قوربانی بدات لەو پێناوەدا .

●ریالیزمی شۆڕشگێڕانە :

یەکێکی تری لقەکانی یا رێچکەیەکی تری ریالیزمە(( ئەم رێبازە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە حاڵەتی پەرەسەندن و گۆڕانکاریدا وێنە دەکێشا، باوەرێکی شۆڕشگێڕانە و پتەوی بە گۆڕانی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبووە لە خراپەوە بەرەو باش و لە باشـــەوە بۆ باشـتر))( رێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، ١٠٨)، هەر بۆیە شـــاعیری ریالیزم بەرەو واقیعێکی خۆشــتر و لەبارتر هەنگاو دەنێت، بەو هیوایەی ئامانجەکانیان بێتە دی . دڵداریش یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شۆڕشگێڕی ناسراوە ،ئەمەش لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی " مارکســیزم و لینینزم" و هەروەها ئەو بارودۆخە ســیاســی و

نەتەوایەتییەی لەو قۆناغەدا لە ئارا دابوو . دلدار لە شیعری " رۆلەی تازە" دا ئەو دیمەنەی بەرجەستە کردووە و دەلێت :

من رۆلەی کوردستانم     تازە رۆلەی کوردانم
تاکو ولات سەرکەوێ     فیدایە روح و گیانم

لە کۆتای شیعرەکەیدا دەلێت :

وەتەن موحتاجی تۆیە     رێگاکەت جوست وجۆیە
میللەتێ سست بژیتن     لە مەیدان وەکو گۆیە

ژینسازی و باشتر ژیان یەکێکە لە ئامانجەکانی هەوڵەکانی دلدار بۆ سەربەخۆیی و پێشکەوتنی کۆمەلگای کوردی بۆیە هانی لاوەکان دەدات بەردەوام بن لەهەوڵ وکۆششەکانیان، چونکە وەتەن پێویستی بەهەوڵ و ماندوو بوون و قوربانی دانی ئەوان و بەئەوانیشەوە پێش دەکەوێت.
هەروەها لە شیعری" بڵێ سەربەستی یا ئەی لاو" داوای سەربەستی و ئازادی دەکات بەجۆرێک تا میللەت سەربەست و ئازاد نەبێت ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگات، بۆیە یەکەم ئامانجیان بەدەست هێنانی سەربەستی یەو لە وێشەوە بۆ ئامانجی گەورەتر هەنگاو بنێن ، دەلێت :

لە ساتێکی وەها تەنگاو و لەکاتێکی وەها پەستی
کە عالەم گشت هەستاون ئەبێ کەی تۆش لەخەو هەستی
بەچاوی راستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەستی
لەگەل لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

(دلدار شاعیری شۆرشگێری کورد،١٩٤)
کەواتە سەربەستی ئاواتی شاعیر و گەلی کوردیشە، بۆ ئەوەی لە ژێر دەستەیی و نەزانی و دواکەوتوویی رزگاریان ببێت و هاوشێوەی گەلانی دونیا سەربەست بژین. هەروەها لە شیعری" ئەی رەقیب" یش بەهەمان شێوە بیری شۆرشگێرانە بەدی دەکرێت و لە چوارچێوەی بیرە نەتەوەییەکەدا داڕشتووە.

بەو جۆرە " دلدار" توانیویەتی لە مەیدانی شیعری ریالیزمی دا وێنەیەکی جوان تۆمار بکات و ناوەرۆکێکی کۆمەلایەتی و چینایەتی و نەتەوەیی بخاتە روو. هەروەها لە رووی روخساری شیعرەکانیشیەوە لەو قۆناغەدا پەیرەوی ئەو تایبەتمەندییانەیان کردووە، کەلەو قۆناغەدا باوبوون(( زۆربەی ئەو شیعرانەی بلاودەکرانەوە لە رووی کێشەوە عەروزی بوون ، بەلام شاعیران زیاتر ئەو کێش و قالبانەیان بەکاردەهێنا، کە زیاتر لەگەل لایەنی دەنگسازی و زمانی کوردیدا دەگونجان، کە ئەوانیش کێشەکانی "هەزەج و رەمەل و موزاریع و هەندێ لەقالبەکانی تر بوون))( سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، یادگار رەسول باڵەکی، ١٤٨) "دلدار"یش بەهەمان شێوە لەو جۆرە کێشانەی بەکارهێناوە، ئەگەرچی بە روخسار و ناوەرۆک شیعری نوێ یا ریالیزمین، بەلام لەهەمان کاتدا لە رووی کێشەوە کێشی عەروزی یا خۆماڵی بەکارهێناوە، هەروەها لە بەشێک لەشیعرەکانیشی زۆر خۆی بە کێشەوە خەریک نەکردووە، چونکە زۆرتر مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بووە، بەتایبەت لە شیعرەکانی کۆتایی دا، واتە گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی وەک

پێویستییەکی لێ هاتووە لای شاعیر، لەرووی سەرواشەوە سەروای ستوونی بەکارهێناوە و کەمتر سەروای شیعرەکانی گۆڕیوە.

بەم شێوەیە دەبینین " دڵدار" لەماوەی کەمی ئەزموونی شیعر نووسینی دا سەرچاوەیەکی بە پێزی بەرهەم و دەقەکانی بۆ بەجێهێشـــتووین، کە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە مێژووییەیە کە پێیدا تێپەڕ بووە، لە شیعری کلاسیکی یەوە دەستی پێکردووە بەرەوە رۆمانتیک و لەوێشەوە بۆ ریالیزم، لەم نێوەندەشدا دەتوانین بڵێین لە مەیدانی شیعری ریالیزمی دا توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بیری نەوایەتی و شـۆڕشـگێڕی بەتەواوی بەشـیعرەکانیەوە لە رێی زمانێکی شـیعری سـادەو تۆکمەوە بگەیەنێت .

## ئەنجام :

●رێبازە ئەدەبییەکان سەرەتا لە ئەوروپا لەسەردەستی نووسەرو بیرمەندانی ئەوروپا هاتنە کایەوە، لە دواتردا بە تێپەڕبوونی قۆناغە جیاجیاکان، گواســـتراونەتەوە بۆ ناو میللەتانی تر، کوردیش لەم بابەتە بێ بەش نەبووە و ئەو جۆرە دابەشکردنەی ئەدەبیات بەپێی رێبازەکان تێیدا رەنگدەدەنەوە .

●دڵدار لەسەرەتای شیعر نووسینی دا بەسیمایەکی کلاسیکی و ناوەرۆکێکی تازە گەریانە دەستی پێکردووە، لەدواتردا بەرەو رێبـازی رۆمـانتیـک هەنگـاوی نـاوە و لە رێبـازی ریـالیزمـدا دواین بەرهەمەکانی نووسیوە.

●دڵدار شـــاعیرێکی قۆناغی نوێگەری بووە، لە شـــیعرە کلاســـیکیەکانی دا زیاتر کاریگەری حاجی قادری کۆیی پێوە دیارە، لە قۆناغەکانی کۆتایی شـــیعر نووســـینیشـــیدا لە شـــێوەی ریالیزمی شۆڕشگێڕانەو ناوەرۆکی مەسەلەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی گیرساوەتەوە.

● لە رووی روخساری شیعرەکانییەوە زۆری خۆی خەریک نەکردووە بە روخسار و رازاندنەوەی شـیعری ، هەروەها ئەو کێشـانەی عەروزی بەکارهێناوە، کەلەگەڵ زمانە شـیعریەکەیدا بگونجێت، کێشی خۆماڵیشی بەکارهێناوە، لە رووی سەرواشەوە سەروای ستوونی بەکارهێناوە .

## سەرچاوەکان :

**کوردییەکان :**

١-ئیدریس عەبدولا، قۆناغی پێش رۆمانسیزمی شیعری کوردی،چ١، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦ .

٢-جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی،چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣-حەمە حەمەئەمین قادر، کاروانی شیعری نوێی کوردی،چ٢، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧

٤-خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی کوردی، مطبعە جاحظ، بغداد، ١٩٨٩.

٥-رەزا سـەید حسـێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و. حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٦ .

٦-رەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠ .

٧-سیروس پرهام، ریالیزم و دژە ریالیزم، و. حەمەکەریم عارف، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک،٢٠٠٤.

٨-شکری عزیزماضی، تیۆری ئەدەب، سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٠ .

٩-عبدالقادرحمەامین محمد، ئەدەب وریبازەکانی ئەروپی- کوردی، زانکۆی سـلێمانی، سـلێمانی، ٢٠١١ .

١٠-عبدلخالق علاءالدین، دلدار، شاعیری شۆرشگێری کورد،دار افاق، بغداد، ١٩٨٥ .

١١- عەباس محەمەد قادر، ریالیزم لە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠ .

١٢-فەرهاد پیربال، رێبازە ئەدەبییەکان، چ٣، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٣-کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٤- کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی،١٩٧٩.

١٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥،چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٥.

١٦- نەسـرین رەئووف ئیسـماعیل، ئەرکی شـیعر لەئەدەبی کوردیدا، چ١، دەزگای موکریان، هەولێر،٢٠٠٩.

١٧- هیمداد حسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، چ١، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٨- یادگار رەسـول باڵەکی، سـیماکانی تازەکردنەوەی شـیعری کوردی، چ١،چاپخانەی سـپیرێز، دهۆک،٢٠٠٥.

**گۆڤاری کوردی :**

١٩- رەزا سەید حسێنی، پێشەکیەک بۆ رێبازی کلاسیک، و. رەسوڵ سوڵتانی، گۆڤاری واتە،سالی یەکەم،ژ.٤، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨ .

**کتێبی عەرەبی :**

٢٠- شكرى محمد العياد، المذاهب الادبيه والنقديه عند العرب و الغربيين،؟ ،؟ ، كويت،١٩٩٣ .
٢١- فيليب فان تيغم، المذاهب الادبيه الكبرى فى فرنســـا، ت، فريد انطونيوس، منشـــورات عويدات، بيروت، ١٩٨٣ .
٢٢- مجدى وهبه، كامل المهندس، معجم المصـــطلحات العربيه فى اللغة والادب، مكتبه لبنان، بيروت، ١٩٨٤ .
٢٣- محمد مندور، الادب و مذاهبه،مطبعه نهضة مصر،القاهيره، ؟ ؟
٢٤- محمد غنيمى الهلال، الرومناتيكيه، مطبعة نهضة مصر، القاهيره،؟ ؟
٢٥- نبيل راغب، المذاهب الادبيه من الكلاسيكيه الى العبثيه،مكتبة الثقافه، القاهيره، ١٩٧٧.

**كتێبى ئینگلیزى :**

26- J.A.Cuddon, LITERARY TERMS & LITERARY THEORY,PENGUIN REFERENCE, ENGLAND,1999.
27- 1999،A.ABRAMS, A Glossary of literary terms, 7,united state of Aamerica

**الخلاصة :**

المذاهب الادبية، كفرع من فروع الفن ولأدب نشـــأ عند مفكرى و كتاب الاوروبيين، و قامو بتصـــنيفيهن، لكن مع تطور الأدب و حركة التأريخ تجاوزت هده المذاهب حدود الأوطان و البلاد، و وصـــلت الى البلاد الاخرى، و الشـــعراء الكورد اخذوا هذه المذاهب و تمذهبوا به مع الحفاظ على خصوصياتيهم القومية، و انعكست هذه نصوصهم الشعرية و تأثروا بمرحلتهم.
وفى كل المرحلة من المراحل برز مجموعة من الشعراء و تسلمو ريادة التجديد فى زمنهيم.
دلدار أحد الشعراء الذين استطاع ان يثبت نفسه ويكون ذا صيت بأعماله الادبية المختلفة، و كما نرى أنه بدأ كتاباته و أشعاره بالمذهب الكلاسيكى، وبعدها الى المذهب الرومانسية و الرياليزمية و الطبقية، و هو بنفســه فى حياته الشـخصـية مر بكل هذه المراحل ولانعكاس كل هذه المداهب فى أشـعاره و كتاباته ، اردنا ان نكتب فى هذه البحث الدى يتكون من مقدمة و قسمين، القسم الاول يتضمن مفاهم المذاهب الادبية و تأريخ نشـــأة المذاهب الادبية بشـــكل عام فى الادب الأوروبى و الادب الكردى، والقســم الثانى يتضـمن دلدار و كيفية الأداء هذه المذاهب فى تجربة الشـعريه. وفى النهاية عرضـنـا نتيجة البحث و قائيمة المصادر .

# Abstract

Literary movements were first initiated and later developed by European writers and philosophers as part of the literary canon. With time, however, these movements crossed borders and were further developed by non-European theoreticians. Kurdish poets and writers soon began to observe those movements and practiced them. Nonetheless, they kept their cultural originality and their works mirrored their national circumstances. Each era in Kurdish literature has reflected the situation in which a literary movement came to being. In addition, in each period, the emerging movements were pioneered by some new writers and poets.

Dildar is considered an influencing icon in the history of Kurdish poetry. Dildar himself has pointed to some reasons as to why he wrote the way he did and why he favored one literary movement to the other. Obviously, he began with classicism and later moved to Romanticism and Realism, the latter of which focused on the society and social classes. While he was alive, Kurdish literature saw developments in all the three movements mentioned above. This paper aims to comb through the reflections of each of those movements in Dildar's oeuvre. The present paper is made up of an introduction and two chapters. Chapter one covers literary movements as a literary concept and chapter two unravels the embodiment and implications of these literary movements in Dildar's works. This paper concludes with a summary of findings and directions for future research.

# جیهانی ئەدەبیاتی دڵدار

# بونیادو دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا

د. شیروان حسین حمد
زانکۆی ڕاپەڕین

**پێشەکی:**

**٠-١: ناونیشان و بواری توێژینەوە:**

ئەمە توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بونیادو دەربڕینی چەمکی کات لە چیرۆکە شیعرییەکانی دڵداردا). توێژینەوەیەکی زمانناسییە لە دوو دەقە شیعریی (لالەباس و توتنەوان)ی دڵداردا. ئەم دوو دەقە هونەرێکی تایبەتی شیعرین و دەچنە خانەی (چیرۆکە شیعر)ەوە و هەموو بونیادە هونەرییەکانی وەک هەر چیرۆکێکی تری تێدا بەرجەستەکراوە. کاتیش وەک ڕەگەز و بنەمایەکی سەرەکی چیرۆک و ڕۆمان، لەم دقە شیعرییەدا هەم وەک بونیادێکی هونەری و هەم وەک بەرجەستەکردنێکی زمانیی ڕەنگی داوەتەوە. لەپێناو شیکردنەوەیەکی وردی زمانی شیعر ئەم بابەتە کراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە.

**٠-٢: گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا کات وەک کەرەستەیەکی زمانیی و بونیادێکی هونەری چ پەیوەندی و بەندیوارییەکیان هەیە، بەتایبەتی لە بۆتەی هونەری جۆرێکی نوێ لە قاڵبی شیعریی چیرۆکە شیعردا. بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای گریمانەی ئەوە کاردەکات کە هەر چیرۆکە شیعرێک پێویستە هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکی هونەری تێدابێت، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە ئەم دوو دەقە شیدەکەینەوە تا ڕەگەزی کات و بونیادی ئەم ڕەگەزە دیاری بکەین.

**٠-٣: گرینگی توێژینەوەکە:**

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە هەڵوەستە لەسەر پەیوەندی نێوان زمانناسی و ئەدەبیاتناسی دەکات و ئەم دوو زانستە ئاوێتەی یەکتر دەکات و ئەو سنورە بەهێزەی لەنێوانیاندا کێشراوە، کاڵ دەکاتەوە.

**٠-٤: ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی زمانناسی دەقی شیعری ئەنجام دراوە. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش تەنیا ئەم دوو پارچە هۆنراوەیەن، کە ئاماژەیان بۆ کراوە.

**٠-٥: ناوەڕۆکی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە دابەشی دوو بەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا وەک کەرەستەیەکی ئەدەبی هەڵوەستە لەسەر چەمکی چیرۆکە شیعرو کات کراوە. کە تێیدا بونیادی هونەری کات لە هەردوو دەقە شیعرییەکەدا شرۆڤەکراوەو ڕەهەندەکانی خراونەتەڕوو. هەروەها باسی جۆرەکانی کات و بەکارهێنانەکانی لە دوو دەقەکەدا کراوە. لەبەشی دووەمدا چەمکی کات و ڕێگاکانی دەربڕینی لە

زماندا خراونەتەڕوو، هەر لەم بەشـــەدا شـــوناســـێکی وردی هەردوو تێکســـتەکە لەڕووی ســـیما ئەدەبییەکانیەوە پیشان دراوە، دواتر بە پراکتیک و ئامار لە هەردوو دەقەکەدا کەرەستە زمانییەکانی کات گەیەن پیشاندراون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشــــدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کە لە ئاکامی شـــیکردنەوەکانەوە پێی گەیشتووین، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم: تیۆرو بنەما**

**١-١: چیرۆکە شیعر:**

ئەگەر ژانرە ئەدەبییەکان قاڵبێکی دیاریکراوبن بۆ گەیاندنی مەبەســـتێک، ئەوا دەتوانێرێت مەبەستی نێرەر لە هەر قاڵبێکدا بێت بە گوێرەی خولیاو سەلیقە و سروشتی پەیام، بگەیەنرێت بە گوێگر. هەمو ژانرەکانیش دەشێت پەیوەندییەکی ناوکۆییان پێکەوە هەبێت و هەموویان لەپێناو یەک ئامانجدا کاردەکەن، ئەویش هەڵگرتنی پەیامێکە. لە دیارترین ئەو قاڵبانەش شـــیعرو پەخشـــانە، کە دەلوێ هەریەکێکیان ببێتە کەناڵێک بۆ گەیاندنی هەمان مەبەســـت، وەلێ بە فۆرم و بنەماکانی خۆیەوە. لەمێژە قســـە لەهەمبەر ئەوە دەکرێت، کە کامیان لە پێش کامیان بوەتە هۆکاری گەیاندن، بەڵام ئەمەش ساغ و یەکالانەکرایەوە، چون یەکلاکردنەوەشی وەها خزمەتێکی ئەدەبیاتناسی ناکات. بەڵام لەولاوەش ڕەخنەگران و ئەدەبیاتناسان بنەماو شەنگەسەتەکانی هەریەکێکیان جیاکردوەتەوەو وەک دوو قاڵبی تەواو جیاواز لەدوور یەکترییەوە دایناناون.

چیرۆک وەک ژانرێک لە خانەی پەخشاندا، جێکراوەتەوەــ هەمیشە بەنموونەی باڵای پەخشان هێنراوەتەوە، هەموو ئەو ڕەگەزە هونەرییانەشی کە تییدا دیاریکراون، هاوشان لەگەڵ ڕۆماندا، وەکو (گێڕانەوە، شـــوێن، کات، وەســـف، کارەکتەر...) بونەتە شـــوناســـی ئەم ژانرە ئەدەبییە. بەڵام ئەم سنوربەندییەش وەها بە تۆکمەیی نابینرێت، چونکە کاتێک تەماشای مێژووی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان دەکەین، هەر لەســـەردەمی یۆنانەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، بنەماو ڕەگەزەکانی ئەم دوو ژانەرە تێکەڵاوی یەکتری بوون، بەنموونە کۆمیدیای ئیلاهی دانتێ کە شاکارێکی گەورەی جیهانییە لە قاڵبی شـــیعری و بە ڕەگەزەکانی چیرۆک و ڕۆمانەوە هاتوتە بون، لێرەدا تەنیا نمونەیەک وەردەگرین، ئەویش دێڕەکانی سەرەتای بەرگی یەکەمی کۆمیدیا (دۆزەخ)یە، کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

لەنیوەی ڕێگەی ژیانماندا
خۆم لەناو لێڕێکی تاریک دۆزییەوە
ڕێی ڕاستم بزرکردبوو
ئای چەند قورس و ناخۆشە!
باسی ئەو لێڕە چڕو سەخت و هەڵەتەیە،
کە ترس لە مێشکدا دەورژێنێ
ئەوەندە تاڵە، بەئەستەم مردن لەوە تاڵترە. (دانتی ئەلیگییری٢٠١٥:ب١: ١٩)

ئەگەر تەنیا لەم چەند دێڕە بڕوانین، کە لە ســـاڵی ١٣١٤ز بڵاوکراوەنەتەوە، بەقاڵبی شـــیعری بەڵام بەهەموو ڕەگەزەکانی چیرۆک و داستانەوە، وەک (گێڕانەوە، کات، شـوێن، ڕوداو، کارەکتەر) دەبینرێن. بەم پێیەش بێت چیرۆک و شـــیعر پەیوەندییەکی کۆنینەیان هەیە، (لە ســـەردەمی یۆنانی پێش زاینەوە، شـــیعر لێبڕاوە(توانیویەتی) دەقی شـــانۆیی بگێڕێتەوە، دواتر چەندین حیکایەت و

چیرۆکی شیعری، لەلایەن نووسەرانی خۆمان و گەلانی دەوروبەرمانەوە نووسراوە. هەروەک چۆن شیعر بۆی هەیە چیرۆک بگێڕێتەوە، چیرۆکیش دەکارێت سوود لە ڕەگەزەکانی شیعر و شیعرایەتی ببینێت.)(محەمەد فەریق حەســـەن٢٠١٢: ٨٦) بەم پێیەش ژانرەی نوێ لەدایک دەبێت، کە نەتەواو شـــیعرە و نەتەواو چیرۆکە. بۆیە زۆرجار (ژانرەکان لەڕێگەی تێکهەڵکێش و چوونە پاڵیەکترییەوە، ژانری نوێتر دروست دەکەن، کە هەڵگری یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی دەبێت، لێرەشدا ژانرەکان بەشێک لە خەسڵەت و سیفاتەکانیان واز لێدەهێنن و بەشێکیش لەو خەسڵەت و سیفاتانەیان بۆ ژانرە نوێیەکە دەگوازنەوە، بەو واتایەی ژانرە نوێیەکە بەشێوەیەکی یەکسان هەڵگری خەسڵەت و سیماکانی ئەو دوو ژانرە دەبێت، کە دەبنە بنچینەی پێکهاتنی. ناوەکەش بەهەمان شێوە یەکسان دەبێت و لەناوی دوو ژانرەکە پێک دێت وەکو ڕۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر....) (عەبدولا ڕەحمان٢٠١٢: ٣٠). ئەم تێکەڵاوکردن و لەدایکبوونەوەیەش جگەلەوەی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بوارەکانی گەیاندن و هۆکارێکیشە بۆ گەیاندنی باشتری واتاو مەبەست لە لایەن نێرەرەوە.

بەم پێیە چیرۆکە شیعر (ڕێگەیەکە، کە شاعیر مەبەستەکانی خۆی پێ دەگەیەنێت، هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا، بۆ پیشاندانی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی، ئەم جۆرە شیعرە ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی بەرهەڵستی جەماوەری دژی دەستەڵات، هەڵگەڕانەوە لێی.) (خالدة عثمان فتاح: ٣) چیرۆکە شیعر لە ڕوانگەی جیاجیاوە پۆلێن کراون، لەوانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، کە یان بابەتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئەڤینی...... دەکرێتە بابەتی چیرۆکە شیعر، کە ئەمەش پەیوەستە بە ناوەڕۆک و ڕووداوی چیرۆکەکە. جۆرێکی تری دابەشبوونی بۆ چیرۆکە شیعر هەیە، کە ئەویش پەیوەستە بە پاڵنەری ڕووداوەکان ئەو کاتە خایەنراوەی کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوو دەدەن. (گێڕانەوەی حیکایەت و ڕووداوەکان و باسی کردنی پاڵەوان و کردەوە و تێڕوانینە کەسایەتییەکان بە شێوازی شیعری چێژدار، بەمەبەستێکی ئامانجدارو دونیابینییەکی تایبەت بە کۆتادەگات. دەکرێن بە سێ جۆر چیرۆکە شیعری داستانی، چیرۆکە شیعری درێژ، کورتە چیرۆکی شیعری.) (مسعدبن عید العطوی٢٠٠٩: ١٢٢) لەڕووی ناوەڕۆکەوە، هەردوو چیرۆکە شیعرەکەی دڵدار دەچنە خانەی چیرۆکی شیعریی کۆمەڵایەتی، کە هەردوکیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە لێک نزیکن و باسی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووی جوتیاری کورد لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستان و نەهامەتییەکانی دەکات، بەدەست ئاغا و دەربەگەکانەوە.

چیرۆکە شیعر لە ڕەهەندی جیاوازی دەتوانێت بیرو بۆچوونی جیاجیا دەببرێت، شاعیر دەتوانێت لە ڕێگەیەوە وێنای فرەڕەهەند، لەڕووی دەبڕین و زمانەوە وشەو دەستەواژەی ڕوون هەڵدەبژێرێت، ڕووداوەکان بەدوای یەکتریدا، ڕیزدەکات. (نوری حمودی القیسی١٩٨٠: ٥) بەم پێیە ڕەهەندیکی تێکەڵاوە لەنێوان چیرۆک و شیعردا، بۆ گەیاندنی هەمان پەیام. بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە (تەنیا بەکارهێنانی زمانی شیعر لە چیرۆکدا، یان نوسینەوەی چیرۆکێک بە زمانی شیعر، ئەم دوو ژانرە تێکەڵ ناکەن.) (سابیر ڕەشید٢٠١٦: ١٠٢) بەڵکو پێویستە ڕەگەز و بنەماکانی هەردوو ژانر لەیەک ژانردا کۆبکرێتەوە. بەواتایەکی تر لەڕووی زمان و قاڵبەوە دەبێت شیعر بێت و هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکیشی تێدا بەرجەستە کرابێت، هەر لە (ڕووداو و کات و شوێن و کاراکتەر و گێڕانەوە)وە بگرە تا دەگاتە زمان و ڕەهەندەکانی تری چیرۆک.

**١-٢: کات چییە؟**

مرۆڤ هەر لەو کاتەوە کە دێتە دونیاوە، بە گوزەری کاتدا ڕێدەکات، چەمکێک کە بەردەوام سەرنجی مرۆڤی کێش کردووە، ئەو پرسیارە بووە، کە (کات) چییە؟ بۆیە زۆرێک لە فەیلەسوفان و بیریاران هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەو پرســـیارەیان داوە. بەڵام وەڵامێکی قەناعەتپێکەر نەبووە، ئایا کات لە چ خاڵێک دەســـت پێدەکات لە کوێ کۆتایی دێت؟ یان تەنانەت دەگوترێت کات ســـەرەتاو کۆتایی هەیە؟! هەر ئەمەش وای کردووە لە بیروباوەڕە ئاســـمانی و زەمینییەکانیش ڕەنگدانەوەی هەبێت، زۆرێک لە کتێبە ئاسمانییەکان ئاماژەیان بەکات کردووە، وەلێ هەر بە نادیاری و چەمکێکی لێڵ ماوەتەوە. لای هەندێ ئایین زۆر بەپیرۆز سەیرکراوە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە سـوێندی پێخواردووە و دەفەرمێت: (والعصر)(سـورة العصـر:١)   ئەمە و لای فەیلەسـوفانیش زۆر جێگەی سەرنج تێرامان بووە، هەر ئەم گرینگیەشی وای کردووە، کە لە تەواوی بەرهەمەکانی بیری مرۆڤایەتیدا ڕەنگ بداتەوە، بە جۆرێک (لە هەموو کلتورو کۆمەڵگاکاندا کات بووەتە بەشـێکی گرنگ لە وێناکردنەکانی‌و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی لە جیهاندا نییە، بیری لەکات نەکردبێتەوە، بیرکردنەوە لەکات بەشـێکی گرنگە لە پێکهاتن‌و وشـیاری مرۆڤ و ئەمەش لە بەرهەمە ئەفسـانەیی‌و، شـیعری‌و، ئەدەبی‌و، فەلســـەفییەکاندا بەرجەســـتەکراوە)(ڕێبوار ســـیوەیلی٢٠٠٤: ١١). مرۆڤ لە بەرهەمەکانی بیری خۆیدا، کە زۆربەیان لە چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییەکان و فکرو ئەفســـانە دەبڕیوە، کاتی بەکارهێناوە. ئەم کاتە چ وەک ڕاستەقینە یان کاتێکی وێناکراو. بۆیە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ، بۆیەش لە بەرهەمەکانیدا ئامادەگییەکی بەردەوامی هەیە، بەتایبەتی لە بەرهەمی ئەدەبیدا.

لەنێو توێژینەوەی ئەدەبیدا، زیاتر چەمکی کات لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆکدا، دەهێنرێت، بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ســروشــتی کارکردن و زەقکردنەوەی ڕەگەزەکان لەلایەن توێژەرانەوە، ئەگینا شـــیعریش خاڵی نییە لە کات، چونکە بەهەمان کەرەســـتەی زمانی دەردەبڕدرێت، بەشـــێکیش لە لە کەرەســـتە زمانییەکان کاتگەیەنن، بەتایبەتی هەردوو بەشـــە ئاخاوتنی (کردار و ئاوڵکرداری کاتی). بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا دەوترێت (ناتوانرێت کات لەکاری ئەدەبییدا بەتایبەتی لە چیرۆکو ڕۆماندا ناتوانرێت لەدەق داببڕێنرێت.)(ســـابیر ڕەشـــید٢٠١٦: ١١٩). بۆیە لە نێو چیرۆک و ڕۆماندا دید و تێڕوانینی تـایبەت بۆ چەمکی کـات هەیە، بە زۆر شـــێوە دەردەبڕدرێت (ئەو کـاتە ڕێژەییەیە کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان‌و جووڵانەوەی کەســـیەتییەکان لە ئێســـتاو ڕابردوو و ئایندەدا بەگوێرەی شـــێوازی گێڕانەوەی تێکســـتەکە ڕێکدەخات‌و بەگونجاوترین شـــێوە گوزارشـــت لەباری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و فکری ئەوان لە هەڵوێســـتە جیاوازەکاندا دەکات‌و فەلســـەفەی ژیانیان لەســـەرەتاوە تا کۆتای پیشـــان دەدات.)(نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی٢٠٠٤: ٥٤). بەم پێیە هەموو ڕووداوەکان لە کاتێکی دیاریکراو ڕوودەدەن، هەروەها هەموو کەســـایەتییەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕووداوەکان هەڵدەسوڕێنن، لەگەڵ شوێنیشدا هەمیشە پێویستە کات هەبێت، چونکە لە هەموو شوێنێکدا کات ئامادەگی خۆی دەنوێنێت، لە هەمبەر گێڕانەوەشەوە هەموو خاڵێکی گێڕانەوە لە کاتێک دەست پێدەکات و لە کاتێکی تردا بە دوماهیک دەگات، بۆیە کات ڕەگەزێکە هەموو ئەوانی تری بەخۆیەوە بەســـتوەتەوە، بەتایبەت لە چیرۆک و ڕۆمان و بەگشـــتیش لە ژیاندا. بەتایبەتی پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لەنێوان کات و شـــوێندا هەیە، نەک هەر تەنیا لە بواری ئەدەبدا بەڵکو

لە ژیان بەگشـــتی، بەڵام کات بەگرنگتر دێتە پێش چاو تەنانەت لای فەیلەســـوفان و بیرمەندانیش، چونکە دەوترێت (شـــوێن ڕوانگەیەکی دیاریکراوە، بەڵام کات لایەنێکە کە نە ســـەرەتاو نە کۆتایی دیارنییە.)(یمنی طریف الخولی٢٠١٤: ٢٦) هەر لەم ڕوانگەیەشـــەوە ئەم پەیوەندییە لەنێو ئەدەبیشـــدا هەمان تۆکمەییان هەیە.

**١-٣: شوناسی تێکستەکان**

ئەم دوو تێکستە هەردووکیان لە ڕووی زەمەنی نووسینەوە لەیەکترییەوە نزیکن، هەردوکیان لە چلەکانی ســـەدەی ڕابردوو نوســـراون، تێکســـتی (لالەباس) لە ســـاڵی ١٩٤٥ لە بەغداو تێکســـتی (توتنەوان) لە ســـاڵانی (١٩٤٧و ١٩٤٨) لە کۆیە نوســـراون. (عبدالخالق علاءالدین١٩٨٥: ٢١١و ٢١٩) لەڕووی ڕووخســـارەوە هەردوو بە زمانێکی ســـادە و بە کێشـــی خۆماڵی (پەنجەیی) دە برگەیی نووســـراون، کە کێشـــێکی کۆنی کوردییەو بۆ هەر لەتێک دە برگەیە، کە بە شـــێوەی (دوو پێی پێنج برگەیی دابەش بووە، واتە دە برگە، ئەم کێشـــە لە هەموو کێشـــە ژمارەییەکانی کوردی باوترەو لە هەموویان زیاتر لە شیعری ستوونی بەکارهاتووە، نزیکەی هەر هەموو شـــیعری گۆران‌و زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییەکان‌و شیعری میللی بەم کێشە نووسراون بۆیە ئەم کێشە بە (کێشی نەتەوایەتی کوردی) دادەنرێ.) (عەزیز گەردی٢٠١٤: ٢٤٧). ئەم دوو چیرۆکە شـــیعریەش دەچنە ئەم خانەیەوە، کە پێدەچێت بۆ هۆکاری ئاســـانی کێشـــەکە یان باوی و زۆر ئەم کێشـــە لە ئەدەبی میللیدا بگەڕێتەوە، یان دەشـــێ پەیوەســـت بێ بە ڕەســـەنی نەتەوەیی بوونی، کە لای شـــاعیریش هەر ئەمە پاڵنەری بەکارهێنانی بێت. لەڕووی ســـەرواشـــەوە شـــاعیر لە هەردوو دەقەکەدا ڕەچاوی ســـەروای یەکگرتوی کردووە، ئەو ســـەروایەی کە زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردی پێ نوسراوە، واتە دوو نیوە دێری یەکەم وەکو یەکن، نیوەدێری دووەمی هەموو دێرەکان هەمان ســـەروایان هەیە، بۆ نموونە شاعیر لە دەقی (لالەباس)دا دەنگی {ۆ}ی کردووە، بەســـەروا. کە دەنگێکی ڕەســـەن و تایبەت بە زمانی کوردییە و نەلە عەرەبی و نەلە فارسیشدا نییە. بەڵام لەدەقی (توتنەوان)دا شاعیر چیرۆکە شـــیعرەکەی دابەشـــکردووە بەســـەر حەوت پارچە شـــیعردا و هەر پارچەیەکی لەڕووی ژمارەی دێرەکانەوە بەیەکســـانی داناوە، کە دە دێرە و بەهەمووی حەفتا دێر دەکات، هەمان کێشـــی بەکارهێناوە، بەڵام هەمان ســـەروای بەکارنەهێناوە، لە هەر پارچەیەکدا پیتێکی کردووە بەســـەروا لەوانە {ا، و، ن} ئەوەی ســـەرنج ڕادەکێشـــێ ئەوەیە جارجار چاوی لەســـەروا پۆشـــیوە و خۆی بە سەرواوە نەبەستۆتەوە، بەرەو سەروای ئازاد ڕۆیشتووە، (ئەو سەروایەیە کە شاعیر خۆی بە هیچ قاڵبێکی دابەشـــبوونی ســـەروا نابەســـتێتەوە. کەی بیەوێ و لە کوێ ماناو هەســـتی ناو شـــیعرەکە بخوازێ، دەیهێنێتەوە.)(عەزیز گەردی٢٠١٦: ١٠٧) زۆرتر لای شـــاعیر مانا و پەیام گرنگ بووە، نەوەک قاڵب و کۆتبەندی ڕووخسار.

وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێدا، لەڕووی مەوداوە هەروەک چیرۆک، چیرۆکە شـــیعریش هەمان پۆلێنبەندی بۆکراوە، بۆ (چیرۆکی درێژی شیعری، کە پێشـــی دەوترێت داستانە شیعر کە ژمارەی دێرەکانی دەگاتە هەزار دێر و زیاتریش تێکەڵ لە خەیاڵ و واقیعە، یان ڕۆمانە شـــیعر، هەروەها بەپلەی دووەم چیرۆکە شـــیعر دێت، کە لە پلەی ناوەڕاســـت دایە، نە زۆر درێژ نە زۆر کورت. جۆرێکی تریان کورتە چیرۆکی شـــعیرییە کە زۆرجار بە چیرۆکی شـــانۆی ناســـراوە، زۆر نوێیە،

هەوڵدەدات چیرۆکێک یان ڕووداوێک زۆر بە کورتی بگێڕێتەوە، بەڵام بابەتەکانی جۆراوجۆن.) (مسعد بن عید العطوی٢٠٠٩: ١٢٢) بەم پێیە بێت ئەم دوو دەقە هەردوکیان دەچنە خانەی کورتە چیرۆکی شیعریی، چونکە هەریەکەیان چەند ڕووداوێکی دیاریکراو و تایبەت دەگێڕێتەوە، دەقی لالەباس لە (٢٦) دێڕە، و توتنەوانیش (٧٠) دێڕە، هەروەها زۆر لە شانۆوە نزیکە کە دەشێ هەریەکەیان لە چەند پەردەیەکدا بکرێنە شانۆ و لەسەر تەخت نمایش بکرێن. نموونەکانی تریش لە ئەدەبی کوردیدا بەرچاودەکەون.

لەڕووی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبیەکانەوە، ئەم دوو دەقە لەچوارچێوەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی دانراون. (ئەمە جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە لە کۆمەڵدا، لای ئێمە لە کۆمەڵێکی دەرەبەگیی دواکەوتوودا لەسەر زمانی خوێندەوارە پێشکەوتووەکان خۆی دەنوێنێ، بریتییە لە پیشاندانی ناگزووری و دواکەوتوویی کۆمەڵ بەشێوەییکی ساکاری سەرپییانە، ئەم جۆرە شیعرە لێکدانەوە و شیکردنەوەی سایکۆلۆجی تێدا نییە، بیری تیژو خوێندەواری و ڕۆشنبیریی بەرز و قووڵی ناوێ، چونکە بەزمانێک دەبێژرێ زمانی خەڵکە، بەڵام خوێندەوارو نەخوێندەوار دەجووڵێنێ و دەوری خۆی لە گۆڕانی کۆمەڵدا دەبینێ. لای دڵدار دوو نموونەی بەرزی ئەم جۆرە شیعرە هەیە (لالەباس) و (توتنەوان)، هەردوکیان ڕەنجبەر و زەحمەتکێش و جوتیاری ڕوش و ڕووتی ئەو کوردستانەن، ئیشی زۆر و ژیانی سەخت. شاعیر سوودێکی زۆری لە فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی کوردی وەرگرتووە، و وەستایانە توانیوەتی بەزمانێک و شێوازێک نالەباری جووتیاری کورد بگێڕێتەوە کە بۆ هەرگیز پارێزگاری ڕێچکەی ئەدەبی فۆلکلۆری و ئەدەبی هونەریی نووسراوی کوردی بکا.)(مارف خەزنەدار٢٠٠٥: ٥٤٧) ئەمەش ئاوێتەکردنی هەردوو ئەدەبی فۆلکلۆرو نووسراوە، لەسەر دەستی دڵدار و داهێنانی لقەژانەرێکیشە لەنێو ئەدەبی کوردی و دلەڕوانگەی ڕێبازە ئەدەبییەکانیش نموونەیەکی دەگمەنی جۆرێک لە ڕیالیزمی هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی.

**بەشی دووەم: پراکتیک و شیکردنەوە**

**٢-١: کات وەک فیزیک لە تێکستەکاندا**

لەهەردوو تێکستەکەدا کاتی فیزیکی کە پەیوەندی بە کاتی ڕاستەقینەوە هەیە، دەبینرێت، بەجۆرێک لە دەستپێکدا شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکات:

ڕۆژێکی پاییز لە پێش نیوەڕۆ
لالەباسم بینی زەوی دەدا تۆ(٢١١)

لێرەدا هێنانی هەردوو گرێیی ئاوڵکاری کاتی (ڕۆژێکی پاییز) و (لەپێش نیوەڕۆ) لەڕووی بونیادی هونەرییەوە پێی دەوترێت کاتی دەرەکی کە (ئەو کاتەیە بەراوردی کاتی ڕووداوی چیرۆک بەکاتی دەرەوەی ڕاستەقینەیی دەگەیەنێت. یاخود ئەو کاتەیە کە سەرەتاو کۆتایی چیرۆک دەردەخات، واتە بەکاتی مێژوویی بەستراوەتەوە،)(نوزت ئەحمەد عوسمان: ١١٢) سەرەتاکەی کاتێکی دیاریکراوە کە چیرۆکەکە تێدا دەست پێدەکات، دواتر بە هونەری فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەک، بەڵام زۆر دوورنا لەسەر زاری لالەباس دەڵێت:

وتی: لەهاوین کێخوا کاکە سور
هاتە ماڵمان پێی وتم لالۆ(٢١١)

لێرەشـــدا گرێی ئاوڵکاری کاتی (لە هاویندا) کاتێکی فیزیکییە کە کارەکتەر دەیەوێت ڕووداوەکان لەڕووی زەمەنەوە ڕیزبکات بەدوای یەکتریدا.
لە دەقی (توتنەوان)یشـدا بەهەمان شـێوە دەسـت پێدەکات بەکاتێکی دیاریکراوی دەرەکی، کە خاڵی دەسپێکی چیرۆکەکەیە، و شاعیر دەڵێت:
ڕۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما
ئاودێرێکی ڕووت توتنی ئاوئەدا(٢١٩)
گرێی ئـاوڵـکاری کـاتی (ڕۆژێکی هـاویندا) کـاتێکی فیزیکییە و شـــاعیر دەیەوێت ڕیزبەندی ڕووداوەکان بەوردی دیارییکات، هەروەها لە شـــوێنێکی تر کاتی دیاریکراو بەکاردەهێنێت کە ڕۆژێکی تایبەتە لەنێوان دوو کارەکتەر چیرۆکەکەدا ئەوانیش کێخوا و توتنەوانن، و دەڵێ:
توتنەوان وتی (ڕۆژی شاییەکە)
نەهاتمە لات و ناردمتە ئاسیاو (٢٢٢)
ئەم جۆرە کاتانە بەســتراونەتەوە بە کاتێکی دیاریکراوی فیزیکییەوە، کە لە چیرۆک و حیکایەتی فۆلکلۆریدا زۆر دەبینرێت. (کاتی حیکایەت ئەو کاتە مێژووییە فیزیکییە دەگرێتەوە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوویداوەو، هەسـتی مرۆڤ دەتوانێ پێوانەی بکات بە بەردەوامی لە سـەر هێڵێکی ڕاسـت لە ڕابردووەوە بەرەو داهاتوو دەڕوات)، کە چیرۆکنووس بە پێوەرەکانی سـەعات ورۆژو مانگ وساڵ دیاری دەکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری ئەو جۆرە کاتە. هەروەها هەندێ نوســەر تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو جۆرە کاتە دیاری دەکەن بەوەی، کە (ئەم جۆرە کاتە ســروشــتێکی موجەرەدی هەیەو لەشــارەزایی تایبەتییەوە ترازاوە، چونکە بوونێکی مادی ڕووتی لەســروشـــتو گەردووندا هەیەو تێکەڵ بەخودی تایبەتی نابێ، بەڵکو لەدەرەوە دەبینرێتو وەک بەراورد بەپێوەری تایبەتی (کاتژمێر) (ڕۆژمێر) دەپێورێت). ئەم جۆرە کاتە زیاتر لەڕۆمانی تەقلیدیدا بەدی دەکرێت، چونکە لەچیرۆکو ڕۆمانی کۆندا کات وەکو زنجیرەیەکی نەپچڕاو بەدوای یەکتردا ڕیزدەکرێن ئەمەش هۆکارەکەی لەوەوە ســەرچاوە دەگرێت، کە ڕووداوەکان دووچاری لێکترازانو پچرپچر بوون ناکرێنو ڕێچکەیەکی ســروشـــتیو بەردەوامی خۆی وەردەگرێت، لێرەوەش کاتە دەرەکـییەکە دەبـێـتە تـۆمـارکەری ئەو مـێـژووە دیـارەی کە ڕووداوەکـان لەچـوارچـێـوە دەگرێت.)(ســـەرکەوت عومەر ئیبراهیم٢٠١٣: ٣٩) ئەم دیاریکردنەی کات گێڕانەوەکەی ئاســـانتر دەکات، و وەرگر بەبێ لێکدانەوەیەکی ورد دەتوانێت ڕووداوەکان بەیەکەوە ببەســتێتەوە و مێشـک ماندوو ناکات، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە نێرەر دەوێت پەیامەکەی بەئاســـانی بگاتە هەموو کەسێک.

### ٢-٢: کات وەک بونیادی هونەری لە تێکستەکاندا

یەکێک لە بونیادە هونەرییەکان لە حیکایەت و ئەفسانەوە بگرە تا دەگاتە ڕۆمان و شێوە نوێییەکانی چیرۆک، کاتە. کە بەزۆری کاتێکی دوور لە فیزیکە، و زۆرجاریش بە کاتی ناوەکی ناســـراوە، (ئەو کاتەیە کە ناپێورێت بەوە دەناســـرێتەوە، کە ناتوانرێت بخرێتە ژێر هێڵی پێوانە کراو)، بەمەش کات لەڕۆماندا شێوازێکی ڕێژەیی وەردەگرێتو ڕۆماننووس بەپێی شێوازی ڕێزکردنی ڕووداوەکان ئەو کاتە ناوەکییە ڕێک دەخات. بەم شـــێوەیە لەئەنجامی ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەســـێتییەکان





لەجیهانی ڕۆماندا کاتی ناوەکیش کاریگەری زیاتر دەرکەوت، ئەمەش پێویستیەک بوو دەبوو ڕۆماننووسان بایەخی پێبدەن، چونکە باری سایکۆلۆژی کەسێتییەکان پێویستی بەو جۆرە کاتە بوو کە بەکاتی ناوەکی ناسرا.) (سەرچاوەی پێشوو: ٤١) ئەمەش لە هەردوو چیرۆکە شیعرییەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت چونکە شاعیر تێکەڵ بەباری دەروونی کارەکتەرەکان دەبێت و کاتەکەی لە ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕکردووە، ڕابردوو و ڕانەبردوو و ئێستای تێکەڵ کردووە، بەنموونە لە دەقی (توتنەوان)دا دەڵێ:

لەچوار سەر خێزان خۆی و منداڵی
هەر ئەویان هەبوو هەڵسابوو گۆیا
سەپکەیێ بکا، گۆزە ئاو بێنێ
توتن ئاوبدا، منداڵ بەخێو بکا(ل٢١٩)

لەم دێڕەی سەرەوەدا ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕابردوو دایە، بەڵام شاعیر لەسەر ئەم ڕاستەهێڵە بەردەوام نابێت، و دەگەڕێتەوە بۆ ڕانەبردوو، ئەویش بە باسکردنی بارێکی ژیانی پاڵەوان کە لەداهاتوودا و لە ئێستاشدا کاری بووە، بە هێنانی کارەکانی (بکا، بێنێ، ئاوبدا، بەخێوبکا) کە هەموویان لەڕووی کاتەوە ڕانەبروون، بە شێوازی دانانیش هاتوون، کە (ئەم شێوازە بۆ گەیاندنی چەمکی هیوا و خۆزگە بەکاردێت.)(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٤: ٢١٦) بەکارهێنانی ئەم شێوازە لای شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ هیوا و ئاوات و خۆزگەیەکی پەنگ خواردوو، یان گومانێک کە پاڵەوان بتوانێت ئەوە هەموو کارە بکات.

لە تێکستی (لالە باس)یشدا، هەمان دیاردە دەبینرێت، واتە شاعیر لەبەکارهێنانی کارە ڕابردووەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕانەبردوو. دەنووسێت:

ڕەسوولەی کوڕت ڕەنجبەری چاکە
زەلامی مل هوڕ، لاوی جوست و جۆ
کوا بۆچی جووتت لەباتی ناکا
بۆچی تۆ نادا، بۆچی نابڕێ شۆ
هێندێ پێکەنی، سەیرێکی کردم (ل٢١١)

لێرەشدا بەهەمان شێوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕابردووەوە بۆ ڕانەبردوو و دواتر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەمەش دەچێتە خانەی ئاوێتەکردنی کات. (گەلێک جاران شاعیر دەتوانێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەیانەی کات، تێکەڵ کردنی دەمکاتەکات شیعریەتی دەقەکە زیاتر بکات و بەرزی و نزمی زیاتر لە دەقەکەیدا دەبینرێت.)(شیروان حوسێن خۆشناو٢٠١٢: ٣٢) دڵدار لە تێکەڵکردنی کات و دەمکاتەکانیش بەشێوەیەکی زۆر هونەری ئاڕاستەی ڕەوتی ڕووداوەکان دەجوڵێنێ. لەم نموونەی سەرەوەدا، ئاوێتەکردنی هەردوو کاتی ڕابردوو و ڕانەبردووە، کە دوو زەمەنی جیاواز دوور مەودا لەیەکترین، بەڵام شاعیر بەیەکتریان دەگەیەنێت.

بە شێوەکی گشتی سروشتی کات لە واقیعدا خۆی بەجۆرێکە کە لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستاو داهاتوو دەڕوات، بەڵام لەجیهانی چیرۆکو ڕۆماندا بەهۆی بوونی جۆرەکانی کاتەوە ئەم سیستەمە بەدوایەکدا هاتووە لەو شێوازە سروشتیەی خۆی لادەدات، چونکە سروشتی گێڕانەوە وادەخوازێت،

کە زۆرجار گێڕەرەوە لەئێســـتاوە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ئینجا بەرەو ئاییندە بڕوات. کەواتە مەرج نییە کات خۆی بەم هێڵە ڕاستو سروشـتییە ببەسـتێتەوەو هەمیشـە لە ڕابردووەوە بۆ ئێسـتاو داهـاتوو پەیڕەوی بەدوایەکدا هـاتنی خۆی بکـات، بەڵکو لەجیهـانی ئەدەبدا بەهۆی تەکنیکەکـانی گێڕانەوەو زۆرجار ئەم سیسـتەمەی کات تێک دەشـکێنرێت بەمەبەسـتی بەخشـینی چێژێکی زیاتر بەخوێنەر دیارە ئەمەش بوارێکی فراوان دەڕەخســـێنێت بۆ چیرۆکنووس بۆئەوەی توانای ئەوەی هەبێت یاری بە بەشـــەکانی کات بکاتو پێشو پاشـــیان بخاتو ڕایان بگرێت، پەرەیان پێبداتو لەڕێگای ئەم بەکارهێنانەوەش کە خۆی لادانی هێڵە ڕاســـتیەکەی کاتدا دەنوێنێت گۆڕانکاری زیاتر بەســەر دارشـتنی بینای ڕووداوەکاندا بهێنێتو چەند مەبەسـتێکی ئێسـتاتیکی بایەخدار لەکارەکەیدا وەدەســـت بهێنێت.)(ســـەرکەوت عومەر ئیبراهیم٢٠١٣: ٤١). ئەمەش بەتەواوی لەم دوو چیرۆکە شـعرییەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە بەشـێکی بۆ مەبەسـتی ئێسـتاتیکا و بەشـێکی تری بۆ سـروشـتی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە، بەنموونە:

لەو ڕۆژەوە هـــەتاکو ئێستا
نەداوم دیت نە ڕەحمەتی خوا

من داوم نەبێ کرێ داو نەگـــــــرم
چوار داخ لە کوێ بوو؟ لە کوێ بێنم سا

ئینسافت هەبێ سەیری حاڵم کە
ڕەوشتت چۆنە چۆنت من هێنا

هەتا ئیقناعت کردم بە ئاودێـــر
خۆت کردە نۆکەر من بووم بەئاغا

کە هاتم زگم کەوتە سەر زەوی
توتنم چاند و ڕەنجی شانم دا

ئەڵێم دار بکرە، ئەڵێم داو بێنە
ئەڵێم برسیمە، ئەڵێی پارە کوا

من بەبێ پارەو منداڵم برسی
لە کوێ قوربێنم بیکەم بەسەرما

کێخواکە ووتی (عەولا گوێ گرە
پیاو ئەمەتا شت لەیاد ناکـا)

(ل٢٢٣)

لەم گفتوگۆیەی نێوان توتنەوان و ئاغادا، شـــاعیر چەند جارێک لە کاتێکەوە بازی داوەتەوە ناو کاتێکی تر، بەنموونە لە ڕابردووەوە بۆ کاتی ئێســـتا، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ داهاتوو، دوای ئەو بۆ کاتی ئێســـتا. هەموو ئەم ئاوێتەکردن و تێکەڵاوکردنی کاتەکان یان لە ڕێگەی ڕێژە کارەکان یان بەهۆی ئاوڵکارەکانی کاتگەیەنەوە دروست کراوە.

**٢-٣: کەرەستە زمانییەکانی کاتگەیەن لە تێکستەکاندا.**

کات هەروەک چۆن لە سروشتدا، بوونێکی حەتمی هەیە، بەهەمان شێوەش لە زماندا بوونێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی هەیە، چونکە هەر رستەیەک کە دەوترێت پێویستە کاتێکی دیاریکراوی تێدابێت، (کاتی ڕێزمانی وەک یەکێک لە فۆرمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعیی مەوزووعیی هەبوونی کات لە زماندا خۆی دەنوێنێ. ئێمە هەر هەواڵێک لە ڕووی پەیوەندی بەکاتەوە وردببینەوە، هەمیشە کەڵک لە مەودای جیابوونەوە وەردەگرین. لە ڕێزماندا ئەو مەودای جیابوونەوەیە بریتییە لە دەمی ئاخاوتن بەپێی ئەو بۆچوونە دەشێ بڵێین کاتی ڕێزمانی بەندە بەهۆش و ئاگای ئاخێوەرەوە. کاتی ئێستا وەک یەک کەوتن لەگەڵ دەمی ئاخاوتن تەماشا دەکرێ، کاتی ڕابردوو وەک پێش ئەو دەمە، کاتی ئایندەش وەک دوای)(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٤: ٢٨٩) ئەم کاتە لەڕووی وشەسازییەوە بە دوو بەشی ئاخاوتن دەردەبڕدرێت، یەکێکیان ئاوڵکردارە، ئەوەی تریان کردارە. کردار، جگە لە چەمکی کات چەمکی ڕوودان و کەسیش هەمیشە لەخۆ دەگرێت. کات چەمکێکی هەمیشییە لە کاردا و پێویستە هەبێت، ئەمەیش لەڕێگەی مۆرفیمی کاتەوە دەردەبڕدرێت. کە (بۆیە چەمکی کات پتر بە مۆرفیمی بەندی کورت دەربەبڕێ و ئەگەر پێویست بوو بە ئاوڵکار پتر ورد و نزیک ئەکرێتەوە.) (عەبدوڵا حوسێن ڕەسوڵ١٩٩٦: ٩٦) بەم پێیە مۆرفیمەکانی کات لە ئاوڵکردار گرنگترن، چونکە ئەگەر ئاوڵکردارەکانیش بێن، پێویستە مۆرفیمەکانی کات بوونیان هەر هەبێت، بەڵام مەرج نییە کە مۆرفیمەکانی کات هاتن ئاوڵکرداریان لەگەڵ بێت.

هەرچی ئاوڵکرداری کاتییە، (پەنجە بۆ دەمی بەجێهێنانی کارێک ڕادەکێشێ و وەڵامی پرسیاری (کەی؟ کەنگێ؟ لە کەیەوە؟ چ وەختێ؟ .......) دەداتەوە. بەشێک لەوانەی دەبنە ئاوڵکرداری کاتی لە بنەڕەتدا ناوی کاتن و دەمێک دەبنە ئاوڵکردار کە ڕوودانی کردارەکە نیشان بدەن.)(ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٤: ٣٠ و ٣١). هەر کاتێک ئەم دوو کەرەستە کاتگەیەنە پێکەوە هاتن، هەمیشە ڕێکەوتن لەنێوانیان دا، دەبێت. واتە ئەگەر ئاوڵکردار ئێستا بوو، پێویستە مۆرفیمی کاتی ئێستاش بەکاربێت.

لە دیارترین ئەو ئاوڵکردارە کاتیانەی کە لە هەردوو تێکستدا، بەکارهاتوون، ئەمانەن:

ڕۆژێکی هاوین: وەک فرێزێکی ئاوڵکاری کاتی بەکارهاتووە، لە دوو ناو، کە بەهەردووکیان گرێی ئاوڵکرداری کاتی دروست دەکەن، شاعیر دەڵێت:

ڕۆژێکی هاوین، لە قرچەی گەرما<br>
ئاودێرێکی ڕووت توتنی ئاوئەدا (٢١٩)<br>
وتی: لە هاوین کیخوا (کاکە سوور)<br>
هاتەماڵەوە پێی وتم لالۆ (٢١١)

لەم دوو دێڕەدا شاعیر ناوی وەرزی (هاوین)ی وەکو ئاوڵکرداری کاتی بەکارهێناوە و گرێی ئاوڵکرداری لێ دروست کردوون، ئەمەش بۆ دیاریکردنێکی وردی کاتە، لەنێو کاتە ڕابردووەکان. هەر لەم دێڕەدا دەستەواژەی (لەقرچەی گەرما)دا، دەستەواژەیەکی کات گەیەنە، کە مەبەست لێی کاتێکی دیاریکراوی ڕۆژەو کاتی نیوەڕۆیە. وردکردنەوەی کاتە بۆ زەمەنێکی زۆر دیاریکراو.

ئێستا: یەکێکە لەو ئاوڵکردارانەی کە لە هەردوو تێکستەکەدا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، و لە ڕووی کاتیشـــەوە کاتی ئێســـتا دەگەیەنێت. هەرچەندە شـــاعیر باس لە ڕووداوێکی ڕابردوو دەکات، بەڵام بەکارهێنانی کاتی ئێستا لەسەر زمانی کارەکتەرەکانەوە، بۆ زیندوێتی ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە.

ئێستاش چە هەقی جوێندانت هەیە
قسوری خۆتە! من چی بکەم؟ پیاو!! (٢٢٢)
لەو ڕۆژەوە تا هەتاکو ئێستـــا
نەداوم دیت و نەڕەحمەتی خوا (٢٢٣)
ئێستاش بەڕۆکم ئەگری بۆ پـــارە
پارەی چی کوڕە؟ خواردادشت نەما (٢٢٣)
ئێستاش چ حەقت لای من نەماوە
خواردادشت وەرگرت گەلێکیش زیا (٢٢٥)

ڕۆژ شـــاییەکە: هێما کاتگەیەنەکان، زۆرن، کە هەندێکیان وەک نیشـــانەی پراگماتیکی بەکاردێن، کە پێویســـتە لە دەوروبەری تایبەتدا لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەنموونە بەکارهێنانی دەســـتەواژی (ڕۆژی شاییەکە) نیشانەیەکە کە تەنیا لەنێوان ئەو دوو کارەکتەرە ڕوونە کە گفتوگۆ دەکەن:

توتنەوان وتی (ڕۆژی شاییەکـە
نەهاتمە لات و ناردمتە ئاسیاو) (٢٢٢)

لەوڕۆژەوە: جۆرێک لە کات، دیاریکردنی مەودایە، بەو واتـایە کە ســـەرەتـا و کۆتـایی کاتەکە دیاریدەکرێت، واتە خاڵی دەستپێک و دوماهیک ئاماژەی پێدەدرێت، جا چ بەشێوەیەکی ورد بێت یان بەشێوەیەکی گشتی. بەنمونە شاعیر دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە تا هەتاکو ئێستـــا
نەداوم دیت و نەڕەحمەتی خوا (٢٢٣)

لێرەدا شـــاعیر (لەو ڕۆژەوە) دەکاتە ســـەرەتای کاتەکە، کە دیســـان نیشـــانەیەکی پراگماتیکییە چونکە تەنیا قسەکەر و گوێر دەزانن کە مەبەست لێی کام ڕۆژە، وەلێ خاڵی کۆتایی (ئێستا)یە، کە مەبەست لێی کاتی قسەکردنە.

پاش دەمێک: ئەم دەســـتەواژە کاتگەیەنە، بۆ دەربڕینی کاتی زینجیرەی بەدوایەکدا هاتووی کات، بەکاردێت، وەک شاعیر دەڵێت:

سەری هەڵبڕی پاش دەمێک مـــەلا
ئێمەش لەگەڵ ئەو گوێ قوڵاغ ئینجا (٢٢٥)

لێرەدا، زنجیرەی ڕووداوەکان بە ئاراســـتەی خۆیـاندا دەڕۆن، بەڵام لەکاتی گێڕانەوەدا ئەم دەستەواژانە بۆ پێکەوە بەستنی کاتەکان بەکاردێت.

ڕۆژێکی پایز: ئەم گرێیە کە لە دوو نـاوی (ڕۆژ) و (پـایز) پێکهـاتوون، هەردوکیـان ڕۆژێک لەنـاو ڕۆژەکانی ساڵ دیاریدەکات، وەک لە دێڕێکدا هاتووە:

ڕۆژێکی پایز لە پێش نیوەڕۆ

لالەباسم دیت زەوی ئەدا تۆ (٢١١)

هەر لەم دێڕەدا، کاتەکە ورد دەکرێتەوە بۆ دیاریکردنی بەشـەکانی ڕۆژێکیش، واتە وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ســاڵ دیاریکراوە، بەشــێکیش لەو ڕۆژە دیاریکراوە، ئەویش هەر بەهۆی فرێزێکی ئاوڵکاری کاتییەوە کە (لەپێش نیوەڕۆ)یە.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە شاعیر هەریەک لەم ئاوڵکردار و گرێ ئاوڵکردارییانەی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی چەمکی کات لە هەردوو تێکستەکەدا، کە هەموویان لەڕابردووەوە بۆ ئێستا درێژدەبنەوە و ناگەن بەڕانەبردوو، چونکە سروشتی چیرۆکەکان لە کاتی ئێستا، بە گوێرەی ڕوودانیان کۆتایی دێت.

کەرەستەیەکی تری کات گەیەن لە زماندا مۆرفیمەکانی کاتن، کە پێویستە لە هەموو کردارێکدا هەبن، بەواتایەکی تر هیچ کردارێک نییە مۆرفیمی کاتی لەگەڵدا نەبێت، چونکە هەموو کاتێک دەبێت کردار چەمکی ڕوودان و کاتی تێدابێت. بۆیە ئەو کردارانەی کە لە شیعریشدا بەکاردێن، مۆرفیمی کـاتیان تێدایە. لەڕووی زمانناسـییەوە پۆلێنێکی ورد بۆ مۆرفیمەکـانی کـات کراوە، تەنانەت دەمکاتەکانیش هەر بە مۆرفیم جیاکراونەتەوە. لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

لالە باسم دیت زەوی ئەدا تۆ. (٢١١)

مۆرفیمی (-ی) لە کـاری (دیـت) مۆرفیمی کـاتی ڕابردووە، (ئە-) مۆرفیمی دەمکـاتی ڕابردووی بەردەوامە، کە شـاعیر بە مەبەسـتی پیشـاندانی کاتێکی بەردەوامی لەناو کاتی ڕابردوو بە فۆرمی دەمکاتی ڕابردووی بەردەوام دەگەیەنرێت.

گۆچانی دەسی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووسابوو بەهێ هێ و هۆ هۆ (٢١١)

بەکارهێنانی مۆرفیمی (بوو)، دوو جار، جارێک وەک مۆرفیمی سـەربەخۆ بۆ کاتی ڕابردوو و جارێکی تریش وەک مۆرفیمی بەند بۆ دەمکاتی ڕابردووی دوور، مەبەسـت لێی پیشـاندانی کاتێکی دوورە لەناو کاتی ڕابردوودا، کە مەودای ڕوودانی دوورترە.

دیاردەیەکی تر لە گێڕانەوەدا بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی کاتی ڕانەبردووە، لە ڕووی فۆرمەوە، بەڵام بەپێی مەبەست و لێکەوتەکاتی هەر کاتی ڕابردوو دەگەیەنێت، بەنموونە:

گەر پارەت دەوێ توتن سەلەم کە
لەسەر بەشی خۆت هەرچەندی بکا (٢٢٥)

لەم دێڕەدا هەردوو کرداری (دەوێ)، (بکـا) ڕانەبردوون، مۆرفیمەکـانی (دە-) و (ب-) کـاتی ڕانەبردوو پیشـان دەدەن. بەڵام مەبەسـت لێی ڕانەبردوویەکە بە گوێرەی کاتی ئاخاوتن لەنێوان قسـەکەر و گوێگردا، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویسـتە کاتی ئاخاوتن بکەینە چەق بۆ دیاریکردنی ڕابردوو و ڕانەبردوو نەوەک کات لەئێسـتا چونکە لە گێڕانەوەدا کـاتی ئـاخاوتن دەبێتە چەقی ڕوودان، و کات و دەمکاتەکانی تر لەو خاڵەوە دیاریدەکرێن.

لە دێڕێکی تردا شاعیر چەند مۆرفیمێکی تری ڕانەبردوو بەکاردێنێت:

(ئەی) کێخوا وتی چۆن پێم ئـەوەڕێ
چۆن خۆی گێڤ ئەکات، لێم دێتە جواو(٢٢٢)

هەریەک لەکارەکانی (ئەوەڕێ)، (خۆی گیڤ ئەکات)، (لێم دێتە جواو) لەڕووی فۆڕمەوە هەموویان کاری ڕانەبردوون، مۆرفیمی (ئە-) (دێتە) ئەم چەمکە دەگەیەنن، کە مەبەست لێی کاتی ئێستایە لەناو کاتی داهاتوودا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لای شاعیر بەکارهێنانی مۆرفیمی (ئە)یە لە بری (دە) بۆ هەردوو کاتی ڕانەبردوو و ڕابردووی بەردەوام، کە شاعیر بۆ خۆی خەڵکی ناوچەکانی شێوەزاری سۆرانە، بەڵام ئەم مۆرفیمە زیاتر لە شێوەزاری سلێمانی بەکارهاتووە. لە دێرێکی تردا دەڵێت:

ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵــم
فەللاحی ئەکەم هەتاکو ئەمرۆ

لێرەشدا شاعیر هەردوو کاری (ئەکێڵم)، (ئەکەم) بەکاردێنێ، کە لەڕووی فۆڕمەوە ڕانەبردوون، بەڵام لەچەمکدا بۆ گەیاندنی ڕەوتی ڕووداوێکە لە ڕابردووەوە بۆ کاتی ئێستا.

فۆڕمێکی تری کاتگەیەن، کارە داخوازییەکانن، کە لەڕووی کاتەوە زیاتر وابەســـتەن بە کاتی ئێستاوە، شاعیر چەند فۆڕمێکی لەم چەشنەشی بەکارهێناوە، وەکو:

بێجگە لەم کورە ووجاغ کوێــرە
بەمنی ببەخشە مەمکە ڕەنجەڕۆ (٢١٢)

هەردوو کرداری (ببەخشە)، (مەمکە) بۆ کاتی ئێستان، و لە فۆرمی داخوازیدا بەکارهاتوون، کە لێکەوتەکەیان بۆ کاتی داهاتوو دەبێت. هەروەها لەدێرێکی تردا هاتووە:

شایەدی بدە زەوی (زێڕین دۆڵ)
کەوا هین منە قورئانیش بخۆ (٢١١)

لەم دێڕەش کارەکانی (بدە) و (ـە) و (بخۆ) لەڕووی شێوازەوە داخوازین، بەڵام لەڕووی کاتەوە بۆ کاتی ڕانەبردوو، و دەمکاتی ئێستا بەکاردێت.

بەشـــێوەکی گشـــتی شـــاعیر هەموو مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردووی بەکارهێناوە، لەگەڵ هەریەک لە دەمکاتەکانیان. بە هەموو شـــێوازە جیاجیاکانەوە، زۆرجاریش هەریەک لە کات و دەمکاتەکان تێکەڵ دەبن. ئەمەش پەیوەستە بە سروشتی گێڕانەوەوە، هەرچەندە وا هەست دەکرێت کە گێڕانەوە تەنیا لە کاتی ڕابردوودا بێت، بەڵام لەڕاستیدا کاتی گشتی دەکەوێتە ڕابردووەوە، ئەگینا لەڕووی فۆڕمەوە هەموو فۆڕمەکانی کات دەبینرێن. لەبەر سنورداری مەودای توێژینەوەکە ناتوانین نموونەی زیاتر بهێنینەوە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

١- چیرۆکە شـیعر ڕەگێکی لەمێژینەی لەنێو ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیشـدا هەیە، کە بە شـێوەکی گشـتی خۆی لە داسـتانە شـعیردا، بینیوەتەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی نوێشـدا پێگەو گرینگی خۆی لەدەســـت نەداوە، لەگەڵ پەیدابوونی هونەرەکانی کورتە چیروک، بگرە پێشـــتریش کورتە چیرۆکی شیعری لە ئەدەبیاتی کوردیدا سەریهەڵداوە.

٢- ئەم دوو چیرۆکە شیعرییەی دڵدار، وەک سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی شیعریی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی، دادەنرێت، کە لەڕووی ڕووخسارەوە بە کێشێکی خۆماڵی نووسراون و بە

سـەروایەکی یەکگرتوو هۆنراونەتەوە. لەڕووی ناوەڕۆکیشـەوە لە خانەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی و دەشی وەک شیعری درامیش بکرێنە کەرەستەی شیعری شانۆی.

٣- زمانی چیرۆکە شیعرییەکانی دڵدار زۆر سادەن وەلێ لە هەمان کاتدا زۆر سەرنج کێشن، هەر ئەمەش وای کردووە، کە ببنە جێگەی تێرامان لەلایەن وەرگرێکی ئاسایی یان شارەزاو پسپۆڕانی ئەدەبیاتناسـی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە هەڵگری پەیامێکی فرەڕەهەندن، بە گوێرەی وەرگرەکان.

٤- هەموو بونیادە هونەرییەکانی چیرۆک لەم دوو دەقەدا دەبینرێن، لەگەڵ بوونی هەموو بنەماو شەنگەستەکانی شیعر. بەم پێیەش لەڕوانگەی گێڕانەوە و کات و شوێن و ڕووداو و کارەکتەرەوە چیرۆکە، بەڵام لە قاڵب و زماندا شیعرن.

٥- کات وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە چیرۆکدا، لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکی زمانیدا، دەگەیەنرێت، ئەمەش دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمان لەلایەکەوە و وابەستەبوونی ئەم دوو زانستە لەلایەکی ترەوە. وەک بونیادی هونەری لەم دوو دەقەدا کاتی فیزیکی و کاتی ناوەکی بەڕوونی دەبینرێن.

٦- کەرەستـە کاتگەیەنەکان لە زمانـدا، ئـاوڵکردار یـان کردار خۆیەتی، کە ئـاوڵکردار وەک کەرەستەیەکی لاوەکی و کردار وەک کەرەستەیەکی سـەرەکی ئەم چەمکە دەگەیەنن، لە چیرۆکە شـیعرییەکانیشـدا هەردوو کەرەسـتەکان بەکارهاتوون، لە ئاوڵکردارەکان بەزۆری ئاوڵکرداری ڕابردوو و ئێسـتا بەکـارهـاتوون. بەڵام مۆرفیمە کـاتگەیەنەکـان، مۆرفیمی کـاتی ڕابردوو بە دەمکاتەکانیەوە، لەگەڵ مۆرفیمی ڕانەبردویش بەکارهاتوون.


**سەرچاوە:**

**- القرآن الكريم**

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

– ئەوڕەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

– دانتی ئەلیگییری(٢٠١٥) کۆمیدیـا، بەرگی یەکەم (دۆزەخ)، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، دەزگـای سەردەم، چاپخانەی تاران.

– ڕێبوار سیوەلی(٢٠٠٤)، هاوکاتی و هاوشوناسی، سپیرێز، دهۆک.

– عەبدوڵڵا ڕەحمان(٢٠١٢) ڕۆمانە شیعر (مێژوو و سەرهەڵدان)، چاپی یەکەم، یەکیەتی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتی(٢٨)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

– سـابیر ڕەشـید (٢٠١٦) چیرۆکی کوردی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە(٣١٧)، هەولێر.

– سـەرکەوت عومەر ئیبراهیم (٢٠١٣)، بونیـاتی هونەری لە ڕۆمـانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٩٨- ٢٠٠٨)، نامەی دکتۆرا، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

– شـێروان حوسـێن خۆشـناو(٢٠١٢) ئاوێتەکردنی کات لە دەقی شـیعرییدا، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٩٦)، کەرکوک

- عبدالخالق علاءالدين(١٩٨٥)، دڵدار (شـــاعیری شـــۆڕشـــگێڕی کورد)، چاپخانەی دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بەغدا.
- عەبدوڵا حوســـێن ڕەســـوڵ(١٩٩٦) مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد.
- عەزیز گەردی(٢٠١٤)، کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، نارین، هەولێر.
- عەزیز گەردی(٢٠١٦)، فەرهەنگی کێشناسیی، چاپی یەکەم، نارین، هەولێر.
- مـارف خەزنەدار(٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چـاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە(٣٦٥)، چاپخانەی وەزارتی پەروەردە، هەولێر
- محەمەد فەریق حەســەن(٢٠١٢) ئەزموونی چیرۆکنووســین، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی (٢٠٠٤) بینای کات لە سێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**
- خالدة عثمان فتاح، القصة فی شعر جميل صدقی الزهاوی (دراسة فنية موضوعية) مجلة الجامعة االإسلامية، عدد ٣٤.
- مســعد بن عيد العطوی(٢٠٠٩) الأدب العربی الحديث، الطبعة الأولی، تابع الجديد والحصــری علی شبكة الالوكةnet.aluah.www
- نوری حمودی القيسی(١٩٨٠) لمحات من الشعر القصصی فی الادب العربی، الموسوعة الصغيرة، منشورات دار الجاحض للنشر، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.
- يمنی طريف الخولی(٢٠١٤) الزمان فی الفلسفة والعلم، مؤسسة هنداوی، جمهورية مصر العربية.

**الملخص**

إن هذه الدراسـة الموسـومة (بناء مفهوم الزمن والتعبير عنه فی القصـص الشـعرية لدی دلدار)، عبارة عن دراسة لغوية حول النصين الشعريين (لاەباس و توتنەوان) للشاعر دلدار.

تنقسم الدراسة علی مبحثين: فی المبحث الأول تم الوقوف علی مفهوم الزمن كعنصر أدبی، وفيه فسر البناء الفنی للزمن فی كلا النصـين الشـعريين. و فی المبحث الثانی تم عرض مفهوم الزمن و طرق التعبير عنه فی اللغة. ثم عرضت العناصر اللغوية الدالة علی الزمن بصورة تطبيقية و علی شكل أرقام.

إن هذه الدراسة أنجزت وفق المنهج التحليلی اللغوی للنصـوص الشـعرية، وانحصـرت فی القصـيدتين المشار إليهما آنفا. وتعتمد فرضيه الدراسة علی ماهية العلاقة بين الزمن كعامل لغوی، والبناء الفنی. تظهر أهمية هذه الدراســـة فی وقوفها علی العلاقة الموجودة بين علم اللغة من جهة والعلوم الأدبية من جهة أخری، مع محاولة الاندماج بينهما و تبهيت الحدود القوية المرسومة بينهما.

وفی خاتمة الدراســة تم عرض النتائج التی توصـلنا إليها فی تحاليلنا باالإضـافة إلی ملخص الدراسـة باللغتين العربية و الانجليزية.

## Abstract

This study entitled at " Structure and expressions of concept of time in Dlder's poetical story ."It is a linguistic research in Dlder's two texts (Lalebas w Twtnewan). This study divided into two overt parts, the first part concentrated on the concept of time as a literary material which showed and analysed the technical structure of time in both of the texts. The second part revealed the concept of time and expression ways in language, then practically showed the statistic of time intimation of language materials. This research prepared according to linguistic analysis in verse texts.

The materials of the analysis were just these two stanzas which have mentioned before, so taken into consideration that this study revealed time as a linguistic materials and technical structure and what was their connection. So the crucial point in this study was that it showed the connection between linguistics and literature and mixed these two brunches of science and abolished the strong bounds that separated them. Furthermore, at the end of this study the result showed that gained and summarised the study by both Kurdish and Arabic languages.

# ناسنامەی لاو لە جیهانبینی شیعری دڵداردا

م.محەمەد ئەحمەد حەسەن (حەمە مەنتک)
زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە- بەشی زمانی کوردی
Mohammed.hasan@su.edu.krd

**پێشەکی**

هەموو شاعیرێک لە شیعرەکانیدا جیهانبینییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو جیهانبینییە داڕێژەری بیرکردنەوەی شاعیرەکەیە لەبارەی کۆمەڵێ چەمک. بەڵام دەزانین زمانی شیعر جودایە لە زمانی هەر نووسینێکی دیکە. بۆیەیش دەبێ مامەڵەمان لەگەڵ جیهانی شیعر بۆ کارکردن لەبارەی هەر چەمکێکەوە جیاواز بێت. (دڵدار)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شێوەیەکی قووڵ لەبارەی کۆمەڵێ چەمکەوە لە شیعرەکانیدا کاری کردووە. چەمکی (لاو) وەکو بوونێک بە شێوەیەکی فەلسەفیانە لە شیعرەکانیدا کاری لەبارەوە کراوە. ئەو شاعیرە لە شیعرەکانیدا هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەی لاوی داوە، بەڵام ناسنامەیەک دەبێتە پێشمەرجی بووناسانەی لاو. ئەم توێژینەوەیەمان هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی لاو وەکو بوونێک لە جیهانبینی (دڵدار)ی شاعیر. توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێک دێت.

بەشی یەکەممان بۆ قسەکردنە لەبارەی چەمکی (لاو). بە شێوەیەکی تیۆری هەوڵی دیاریکردنی چەمکی (لاو) لەڕووە فەلسەفی و بووناسییەکەیەوە داوە. بەوەی (لاو) چییە؟ کێیە؟ ئەرکی چییە؟ تێڕوانینی شۆڕشەکان بۆ لاو چییە؟ پاشان هاتووین هەوڵی دیاریکردنی چەمکی (لاو)مان لە کۆمەڵگەی کوردیدا داوە. بەوەی کۆمەڵگەی کوردی چۆن لە (لاو) دەڕوانێت؟ بەوەی هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی وەکو بوونێکی کەم عەقڵ لە (لاو)ی ڕوانیوە.

هەرچی بەشی دووەمە، بەشێکی پراکتیکییە، بەناوی (جیهانبینی دڵدار بۆ ناسنامەی لاو). لەڕێی شیعرەکانەوە هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەیەک و بوونێک بۆ (لاو) دەدات. بەمەیش کارمان لەبارەی چەند ڕەهەندێکەوە کردووە. بۆ نموونە (دڵدار) ناسنامەی لاوێکمان بۆ دیاری دەکات، کە ناومان ناوە (لاوی پیر)، لاوێکە وزەیەکی مردووی تێدایە، لاوێکە ناسنامەی لاوێتی خۆی بزرکردووە. هاوکات (دڵدار) ناسنامەی لاوێکی دیکەمان بۆ دیاری دەکات، کە ئێمە بە (خەونی لاو) ناومان هێناوە. لاوێکە پڕە لە خەون، پڕە لە وزەی ژیان. هاوکات (دڵدار) بەراوردی نێوان لاوی ئێمە و ئەورووپا دەکات ئەمەشمان بە بەڵگەی شیعری دیاری کردووە. لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەمان دیاریکردووە، پاشان لیستی سەرچاوەکانمان بە سیستەمی هارڤارد کردووە.

## بەشی یەکەم: سەرەتایەک لەبارەی چەمکی لاو

### یەکەم: چەمکی لاو

چەمکی لاو چەمکێکی فرەڕەهەندە، واتە ڕەهەندی کۆمەڵناسی و دەروونناسی هەیە، تەنانەت لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە لاوان بە بزوێنەری کۆمەڵ دادەنرێن، چونکە پرۆژەی تاک بوون لە لاوەوە دەست پێ دەکات. تەنانەت لاو پێوەرە بۆ پێشکەوتن، یان دواکەوتنی هەر کۆمەڵێک. ئەوە لاوە دەتوانێ پرۆژەی مەعریفی و جەستەیی هەبێت، هەر لاویشە دەتوانێ کۆمەڵ سڕ بکات. کاتێک دەڵێین لاو، یەکسەر وزەی زۆر و نوێمان بە مێشکدا دێت. وزە و شێوازی بیرکردنەوەی لاو، وزە و شێوازێکە پڕە لە خەیاڵ بۆ داهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار. بۆیەیش هەموو شۆڕشەکان ئومێدێکی گەورە لەسەر تواناکانی لاو هەڵدەچن. هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی کوشتن و ئیفلیج کردنی تواناکانی لاوان دەدەن. هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن لاو بە ڕابردووەوە پێوەست بکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا لاو پێوەستە بە ئێستا و داهاتوو، چونکە لە لای لاوان ئێستا پردێکە بۆ پەڕینەوە بەرەو ئایندە. کەواتە ناتوانین بەبێ پەیڤین لەبارەی چەمکی ئاییندەوە باس لە چەمکی لاو بکەین. لاو یەکسانە بە ئومێد و پرۆژەی مەعریفی. بۆیەیش هەر چەپاندنێک لە حەز و ئارەزووی لاو بکرێت، ئەوا ئەو کۆمەڵە پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت. کەواتە ((بەرهەڵدانی ئارەزووکان و حەزە کەپتکراوەکان دەبنە مایەی پێشکەوتن و ئارامی و ئاسوودەیی و داهێنان.)) [پیربال، ٢٠٠٦، ل١٦٤] ڕێگری لە هێز و توانای لاو ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵ دەبێت.

لاو خاوەن عەقڵی نوێگەرییە، چونکە هەمیشە وزەیەکی نوێی تێدایە. ئەم وزە نوێیە لە ڕێی هێندی فاکتەرەوە دەتواندرێ بە گەڕ بخرێت. یەکێک لە فاکتەرەکان بوونی هوشیارییە لە لای گەنج. هوشیاریی بەرانبەر خودی خۆی و کۆمەڵەکەی، بەرانبەر دیاردە و کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵ. لەم ڕێیەوە هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات، بیری گۆڕانکاری لە زەیندا بۆ دروست دەبێت. فاکتەرێکی دیکە ئەوەیە لاوان ببنە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیانە بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانکاری گەورە دروست بکەن، بۆ ئەمەیش پێویستە شوناسی خۆیان بدۆزنەوە، یان دیاری بکەن. دەمەوێ بڵێم لاوان کۆمەڵێ تایبەتمەندی و خاسیەت هەیە بۆ خۆیانی دیاری بکەن، تاکوو لە ڕێیەوە بناسرێنەوە. شوناسی خۆیان لە دەرەوەی حیزب، ئایدیۆلۆژیا، نەتەوە...تاد دیاری بکەن. بە دیاری کردنی شوناس لەلایەن لاوەوە، لاو لە ((بوونەوەرێکی پاشکۆوە دەبێتە بووەنەوەرێکی سەربەخۆ.)) [قانع، ٢٠٠٣، ل١٩١] بەم هۆیەوە لاو دەتوانێ گەشە بە خۆی بدات لە ڕێی فیکرەوە. واتە دەتوانێ خاوەن پرۆژەی مەعریفی گەورە بێت.

لاوان داینەمۆی هەموو گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانن، بۆیەیش زۆربەی قۆناغەکانی مێژوو لە مێژووی هەر میللەتێکدا بە کار و پرۆژەی کۆمەڵێ گەنج دەناسرێتەوە. بۆیەیش هەر قۆناغێکی مێژوو دەبینین هەم لاو داینەمۆی گۆڕناکری بووە و هەمیش قوربانی. بۆ نموونە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لاوان دەبنە بزووێنەری شۆڕشی حەڤدەی ئۆکتۆبەر لە یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام هاوکات بە هەزاران گەنج دەبنە قوربانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە و ئایدیۆلۆژیای ناسیناليزم، کە دوو جەنگی گەورەی جیهانی لێ دەکەوێتەوە. ڕەنگە هیچ شۆڕشێک هێندەی شۆڕشی خوێندکارانی ١٩٦٨ لە فەرەنسادا گەنج بزووێنەری نەبن. ئەم شۆڕشە تەواو گەنجانە بوو. ئەم شۆڕشە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمەکەی (دیگۆل)، لەم سەردەمەی ئێستایشدا ئەو ڕاپەڕینانەی بە ناوی

بەهاری عەرەبییەوە دروست بوون لاوان سەرمەشق و بزووێنەری بوون. بۆ ئیفلیج کردن و سڕکردنی ئەو وزە و توانایەی لاوان دەسەڵات چەندین ڕێ دەگرێتەبەر. بۆ نموونە ((دەوڵەت ئارەزوو دەکات گەنج بۆ ماوەی دەساڵ یان زیاتر لە کەمپی ماڵیکردن و دەستەمۆکردنی خۆیدا بمێنێتەوە (لە قوتابخانەوە تاکو زانکۆ)، بە پاساوی فێرکردنی زانست.)) [النفیسی، ١٩٨٦، ل٢٨-٢٩] کەواتە چەند لاو پڕۆژەی هەبێت بۆ گۆڕانکاری، دەسەلاتیش دوو هێندە لە هەوڵی بەگەڕخستنی فاکتەرەکانی ئیفلیج کردن و دامرکاندنەوەی وزەی لاوە. هەمیشە هانی لاوان دەدات خۆیان لە سیاسەت دوور بگرن. بۆیەیش هەمیشە دەسەڵات سەرۆک و ئایدیۆلۆژیاکانی حیزب بە پیرۆز دادەنێت، دەیانخاتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە. هەموومان کاتێک خوێندکاری سەرەتایی بووین بەتایبەت نەوەی پێش ڕاپەڕین بیرمانە چۆن وێنەری دیکتاتۆرێکی وەکو (سەدام) و بنەماکانی حیزبی بەعس لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا وەکوو شتی پیرۆز دەخرانە ناو مێشکی خوێندکارانەوە. بە داخەوە دوای ڕاپەڕینیش هەمان پرۆژە بۆ بە پیرۆزکردنی حیزب و سەرکردە بەردەوامی هەبوو.

هەمیشە گەورەکان لە کۆمەڵە دواکەوتووەکان و ترادیسیۆنەکان ترسێکی زۆریان لە لاوان هەیە. تەنانەت لەو جۆرە کۆمەڵانەدا لاوان هێندە قێزیان لە سیاسەت دەبێتەوە، نایانەوێت تخوونی سیاسەت بکەون. بە واتایەکی دیکە نایانەوێت بچنە ناو هیچ حیزبێکی سیاسییەوە. بۆ؟ بە بڕوای ئێمە کۆمەڵی ترادسیۆنی کار لەسەر کوشتن و کپکردنی وزەی گەنجان دەکات، بەوەی نایەوێ لاوان خاوەن بیرکردنەوە و پڕۆژەی خۆیان بن. لەلایەکی دیکە لاوان هەوڵی دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران دەدەن. بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەمیشە ئەو پەیامە فڕێ دەدرێتە ناو چینی لاوان، ئەوەی تووخنی سیاسەت بکەوێت، ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. بۆیەیش ئەو لاوانەی ملکەچ دەبن بە لای عاقڵ و چاکەکار ناو دەبرێن و ئەوانەیشی یاخی دەبن بە ئاژاوەگێڕ و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هەژمار دەکرێن. نموونەی ئەو لاوانەمان زۆرن، کە نەچوونەتە ژێر باری دەسەڵات، بۆیەیش لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە سیناریۆیان بۆ دروستکراوە و تووشی ئەشکەنجە و کوشتن بوونەتەوە.

لە هەموو ئەو قسانەی سەرەوەدا دەتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ لاو بکەین، کە لاو بناغەی هەموو کۆمەڵێکە، بە گەڕخەری هەموو گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە. کەواتە لاوان هەمیشە سەردەستەی شۆڕشە کلتووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانن. بۆیەیش ئامانجی زۆرێک لە شۆڕشەکان قڵپکردنەوەی تێڕوانین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تازەتر و ڕادیکاڵانەتر دایبڕێژێتەوە. بزووتنەوەی خوێندکاری شەستەکان لە فەرەنسا، کە دواتر بە (ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی شەستەکان) ناسرا، دەبێتە نەریتێکی ڕۆشنگەری سیاسی، کە دواتر لە زۆربەی وڵاتان چاوی لێ دەکرێت. دەبێتە مێژوویەک بۆ گۆڕانکاری گەورە. ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە، لاوان بزووێنەری بوون. ئەم بزووتنەوەیە ((بابەتێکی سەرەکی، کە لە پێش چاوی دانابوو، مەسەلەی زانکۆکان و ڕیفۆرمی زانکۆیی بوو. زۆربەی ڕاپەڕینە خوێندکارییەکان لە شەستەکان ئامانجی هاوشێوەی هەبوو.)) [چەند نووسەرێک، ٢٠١١، ل٢٥٦] ئەوەی لاوان لە توانایاندایە بیکەن، گۆڕانکاری ڕیشەییە. ئەمەیش پاتەکردنەوەی ئەو دیدەی "هێربەرت مارکۆزە"یە بۆ ڕۆڵی لاوان لە شۆڕشدا. بەوەی ئەم چینە جودا لەوەی ڕۆڵی گەورەیان لە هوشیارکردنەوەی

تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەیە، دەبێ لە کاتی شۆڕشدا هەماهەنگی لەگەڵ چینە ستەم لێکراوەکانی نا کۆمەڵ بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بکەن.

**دووەم: دیدی کۆمەڵی کوردی بۆ لاو**

لێرەدا دەبێت لە دیدێکی سۆسیۆلۆجییەوە لە چەمکی لاو لە تێڕوانینی کۆمەڵی کوردەواریدا بڕوانین. کۆمەڵی کوردی، یەکێ لەو کۆمەڵانەیە هەوڵی دابەشکردنی چینەکانی ناوی بەسەر چەند تەمەنێکدا دەدات. واتە تەمەن دەبێتە پێوەر دیاریکردنی چینەکانی ناو کۆمەڵ. ئەم دابەشکارییە بۆ ئەوەیە بتوانین چۆن ئەم چینانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بۆ نموونە هەمیشە لە کۆمەڵی ترادیسیۆنیدا وەها تەماشای لاو دەکرێت، کە هێشتا عەقڵی تەواو گەشەی نەکردووە، کەسێکە ناتوانێت بە تەواوی بڕیار بدات. سنووری نێوان لاو و هەرزەکار تێکەڵ بە یەکدی دەکرێت. لاوەکان بە کەسانێکی هەڵەشە و پێنەگەیشتوو دادەنرێن. ((ئەم کائینە کەسێکی سەرەڕۆیە و لە چوارچێوەی ئەو داب و دەستوورە کۆمەڵایەتیانە لای داوە، کە ئیستا بە لای زۆربەمانەوە پەسەندن و ماقووڵن.)) [سیوەیلی، ٢٠٠٨، ل٣٢١] ئەمەیش ڕاستەوخۆ بێ بایەخ کردن و کوشتنی وزەی لاوێتییە. دەبینین لە کۆمەڵی مۆدێرندا لاو کەسێکە خاوەن پرۆژە، تەمەنی تێکەڵ بە تەمەنی هەرزەکاری ناکرێت، بەڵکو پتر بایەخ بە تەمەنی دەدرێت و درێژ دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە خەونی جێبەجێ کردنی خەونەکانی هەبێت. ئەم بێ بایەخ کردنەی لاوان وەکو سامانێکی نەتەوەیی هەوڵێکە بۆ پەراوێزکردنیان. لە بەرانبەر ئەو تێڕوانینەی، کە گەنج و لاو کەسێکی ناکامڵە، حیسابێکی زۆرتر بۆ پیاوی سەروڕیش سپی و پیاوی ماقووڵ و ناو دیوەخان دەکرێت. ڕاستە ئەمە بە پێوەری ئەزموونی ژیانکردن دەپێورێت، بەڵام هیچ تێزێکی زانستی لە دواوە نییە. مەرج نییە هەموو پیرێک و بە تەمەنداچوویەک خاوەن بیرکردنەوەیەکی لۆژیکانە و عەقڵانیانە بێت. کەواتە لاو لە کۆمەڵی کوردیدا وەکو بوونێکی ناکامڵ و پێوەست بە بوونی کەسانی دیکەوە هەژمار دەکرێن. واتە وەکو کەسێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. ئەمەیش هەوڵێکە بۆ بزرکردنی لاوان لە خودی خۆیان، نایەڵن لاوەکان فەنتازیا و خەون و خەیاڵەکانی خۆیان بەگەڕ بخەن و هەوڵی پراکتیزەکردنی بدەن. بۆیەیش ((گەنج دەبێ بەندەی گەورەکانی بێت و جوامێری لەوەدا بۆ حساب دەکرێ کە دابی پێشینان دووبارە بکاتەوە و پیر دەبێ دەستەوستان چاوەڕوانی مەرگ بکات. لەو سیستەمەدا پەروەردەی کۆمەڵایەتی کاری خۆی دەکات و تاک لەناو باوەڕ و دابە داخراو و قەدەغەکاندا دەبەستێتەوە. بەستنەوە توانایی مرۆڤ دەپرۆکێنی و پەکی دەخات.)) [قادر، ماڵپەڕ] لێرەدا هەر هەوڵیک هەبێت بۆ هوشیارکردنەوە و گەشەپیدانی توانای لاوان بە هەوڵی فاسکردن هەژمار دەکرێن. ئەوە دەزانین چۆن دادوەرەکان لە یۆنانی کۆن سوکرات بە تاوانی فاسدکردنی گەنجەکان ڕووبەڕووی مەرگ دەکەنەوە. هاوکات ئەوەیش دەزانین چۆن ئەفلاتوون شاعیرەکان لە کۆمارەکەی بە بیانووی تێکدانی مێشکی گەنجەکان دەردەکات. بۆیەیش لە هەر جووڵانەوەیەکی مۆدێرندا لەناو کۆمەڵێکی ترادیسیۆنی وەکو کۆمەڵی کوردیدا لاوەکان بە ئاژاوەگێڕ و کاڵفام لە قەڵەم دەدەن. لێرەوە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەک بۆ لاو بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بکەین: ئەوا لاو بوونێکی ناکامڵە، ناتوانێت خۆی بڕیار لەسەر شتەکان بدات، ئەزموونی ژیانی نییە. بەڵام بەپێی تێڕوانینە نوێیەکانی سۆسیۆلۆجیا لاوەکان بەپێی تەمەنیان و ئیمکانیاتی بایلۆجی و پێکهاتە

سەرەکییەکانی ناوەوە و دەرەوەی جەستەیان بەردەوام خەون و خواستەکانیان نوێ دەکەنەوە و گەشە دەکەن.

لەم سەردەمەی ئێستادا بەپێی تێروانینی "ئالان بادیۆ" لاوەکان لەنێوان دوو شتدا دێ و دەچن، یان ئەوەتا ڕابردوو و دابونەریت زیندوو بکەنەوە و پێڕەوی لێ بکەن، یان هەوڵی دەستخستنی جێیەک لەنێو ململانێ و کێبڕکێی سیستەمدا بدەن. ئەویش لەپێناو مانەوەی خۆیان. بۆیەیش ئەم سۆسیۆلۆجییە چارەسەی ئەمە دادەنێت. ((ئەو شتەی من دەمەوێ بە چاولێکەری لە ڕامبۆ، پێی دەڵێم: ژیانی ڕاستەقینە. جۆرێکە لە ڕێگای سێیەم: نە گەڕانەوە بۆ نەریتە بەسەرچووەکان و نە خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕیساکانی سەرمایەداریی بە جیهانبوویشدا، کە وێرای ڕواڵەتە شارستانیەتەکەی کەچی لە واقیعدا دڕندە و نا ئینسانییە. ئەو ژیانە ڕاستەقینەیە ئەوەیە نە خۆی بداتە دەستی گوێڕایەڵییەوە نە تێرکردنی غەریزە و بزوێنەرە سەرەتاییەکانیش. ژیانێک کە سوبێکت خۆی وەکو سوبێکتێک تیا دروست دەکات.)) [بادیۆ، سایتی نێگەتیڤ] کێشەی لاوەکانمان لە ئێستادا ئەوەیە نە دەتوانن خۆیان لە نەریتە بەسەرچووەکان ڕزگار بکەن، چونکە هێشتا ئەوان لە چوارچێوەی خێزاندا دەژین، هێشتا ئەگەر ڕۆژانە دایکی، یان باوەکی پارەی پێنەدا پارەی پێ نییە، هێشتا ناتوانێ وەکو لاوێکی ئەورووپی لە دوای تەمەنی هەژدە ساڵییەوە لە شوقە،یان خانوویەکی سەربەخۆدا بژی. هاوکات نە دەتوانێ خۆی لەگەڵ ڕەوتی تازەگەری و شتە تازەکانی سەردەم بگونجێنێ.

لاوەکان لە کۆمەڵی کوردیدا هێشتا دەرفەتی ئەوەیا نەبووە، هەموو ڕێیەکانی ژیان تاقی بکەنەوە. هەمیشە کەسانێک بوونە لەناو شەڕ و ململانێی حیزبی گیریان خواردووە. بە بەرنامە خزێندراونەتە ناو ململانێیەکی ناشرینی حیزبایەتی، شەڕی کۆمەڵێ شتیان پێ کردوون، کە شەڕی ئەوان نییە. دەمەوێ بڵێم شەڕێک بووە نابێ وزەی ئەوانی تێدا خەرج بکرێت. لاو هەمیشە لە وەها کۆمەڵێکدا هەست دەکات پانتایی بۆ کارکردن و هێنانەدی خەونەکانی هێندە تەسک بۆتەوە ناتوانێ بجوولێتەوە، بۆیەیش بیر لە ڕێیەکی دیکە دەکاتەوە، بۆ نموونە کۆچکردن. ئەمەیش بەو واتایە نایەت لاوەکانی ئێمە دۆڕاو بن، نەخێر هەر ئەم کۆچکردنانە نیشانەی ئەوەن، لاوەکانمان هێشتا وزەی ژیاندۆستی و ئاشتیانەیان تێدا ماوە. بۆیەیش بە دوای پانتاییەکی دیکەدا بۆ ژیان دەگەڕێن، چونکە کلتووری کوردی ناتوانێت بە تەنیا هەموو ئاواتەکانی لاو بهێنێتە دی. ((کلتووری کوردی ناتوانێت دەروازە بێت بۆ تێگەیشتن لە جیهان. بە پێچەوانەوە ئەو سامانە فیکرییەی لە دەرەوەیە دەتوانێت زەمینە بێت بۆ تێگەیشتنمان لە ماناکانی کوردبوونمان.)) [عەلی، ٢٠٢٣، ل٢٤٩] کەواتە کۆچکردنی گەنجان بە بڕوای من دیاردەیەکی باش و ئاساییە، چونکە لێرە سیاسەت باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە لاو نابێ نزیکی سیاسەت بکەوێت. نەخێر بەڵکو سیاسەت دەیەوێ لاوەکانمان بکاتە هی خۆی، بە ڕۆبۆتیان بکات. بۆ نموونە سیاسەت و حیزب لە کۆمەڵی کوردیدا بە لاوەکانمان دەڵێت، ببە حیزبی دادەمەزرێی، کارت دەست دەکەوێ...تاد، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا بە لاوەکانمان دەڵێت، ئەوە ئێمەین خەونەکانت دیار دەکەین، ئەوەی ئێمەین دەتجوولێنین.

ئەوەی وا دەکات لاوەکانمان هەست بە دوورە پەرێزی بکەن، هەست بکەن لە کۆی کایەکانی ژیان بەتایبەتی کایەی سیاسەت پەراوێز خراون، ئەوەیە لاوەکان دوور دەخرێنەوە. هەر ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، دەڵێن ڕاستە لاو کەسێکە پڕ لە وزەیە، بەڵام هەڵەشەیە، ئەزموونی کەمە، بۆیەیش بۆ ناو دامودەزگای حکوومی نابێت. لێرەدا دەزانین تێڕوانین بۆ لاو بەپێوەری تەمەن دەپێورێت، کە

پێوەرێکی گردەبڕ و نەگۆڕە، بەبێ ئەوەی پێوەری پێگەیشتنی لاو چ لەرووی جەستەیی و چ لە رووی فیکرییەوە هەبێت. ئەوان وەک ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی تەماشای لاو ناکەن، هاوکات سیاسەتێکی تایبەت بە لاوەکانیان نییە. بۆیەیش دەبینین لە کۆی ئەو حکوومەت و کۆمارانەی بە درێژایی مێژووی کورد دروست بوون، لاوە بەهرەمەند و خاوەن تواناکان کەمترین ڕۆڵیان پێدراوە. تۆ تەماشای کۆماری مهاباد بکە، چەند شێخ و سەید هەبوون پلەی باڵا و وەزیریان پێ درابوو، بەڵام لاوانی خاوەن بەهرە کەمترین پشکیان هەبووە. حکوومەتەکەی شێخ مەحموود هەمان شێوە. دوای ڕاپەڕین لە کۆی کابینەکانی حکوومەتی هەرێم، هەرچی پیری ناپسپۆڕ هەبوو کرا بە وەزیر و ئەندام پەرلەمان، بۆ؟ چونکە ئەوانە خاوەن خەباتن. ئەمە ڕاستەو بەڵام تاکوتەرایان نەبێت، هیچ پسپۆڕیەکیان نەبوو. دەیان لاوی خاوەن پسپۆڕی و بە توانا هەبوون بەڵام پەراویزخرابوون. هەموو ئەو سیاسەتانە بە شێوەیەک کار لەبارەی لاوان دەکەن، کە ببێتە هۆی کوشتنی تواناکانیان.

بابەتێکی دیکە لە کۆمەڵی کورددا سەبارەت بە لاوان زانکۆیە. هەمیشە ئەو تێڕوانینە لەناو لاوەکان هەیە، کە زانکۆ شوێنێکە بۆ پیاسەکردن و خۆدەرخستن، نەک شوێنی زانست. چەند هۆکارێک بۆ دروستبوونی ئەم تێڕوانینە هەیە. یەکێک لە هۆکارەکان بۆ خودی بەرنامەی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ دەگەڕێتەوە، چونکە ناتوانن بەرنامەیەکی مێتۆدیانە بۆ پێشکەشکردنی زانست دابڕێژن. زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆ لە رووی زانستی و پسپۆڕییەوە ئاستێکی نزمیان هەیە، بۆیەیش ناتوانن وێنەیەکی مۆدێرنی زانکۆ نیشان بدەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانینە لەناو گەنجان باوە، کە زانکۆ شوێنێکە بۆ خۆدەرخستن. ئەگەر تەماشای زانکۆکانمان بکەین وەکو شوێنێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەبیندرێت. خوێندکاران هەوڵدەدەن بۆ هاتنە زانکۆ جوانترین جلوبەرگ بپۆشن. دەیانەوێت ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیان بۆ یەکتری نمایش بکەن. بەڵام هەموو ئەمانە بە زمانی جەستە و جلوبەرگ دەکرێت. دەمەوێ بڵێم خوێندکاری زانکۆ ئامادە نییە لە ڕێی زمانی ئاخاوتن و نووسینەوە گوزارشت لە خۆی بکات، گوزارشت لە هەست و خەونی خۆی بکات، بەڵکو دێت لە ڕێی جلوبەرگ، ترۆمبێل، ستایلی قژ و شتی دیکە گوزارشت لە خۆی دەکات. تەنانەت بەرانبەر ڕەگەزی بەرانبەری شەرم دایدەگرێت. ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت، لاوی کورد زانکۆ وەکو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت، بەڵام پێوەندی کۆمەڵایەتی تیدا دروست نابێت، چونکە ئەو لەناو خێزانەوە هاتووە، لەناو خێزانیشدا لاو بەرانبەر دەسەڵاتی باوک، براگەورە دەستەوەستانە. بۆیەیش هەمیشە لاوەکانمان ناتوانن چێژ لە تەمەنی لاوێتی خۆیان وەربگرن. هەر زوو دەکرێنە خزمەتکاری باوک، ئایدیۆلۆجیای حیزب...تاد.

**بەشی دووەم: جیهانبینی دڵدار بۆ ناسنامەی لاو**

کاتێک دەمانەوێت توێژینەوە لەبارەی شیعری دڵدار بکەین، دەبێ ئەو پنتەمان لەبەر چاو بێت، هێندەی دەمانەوێت پەیامی شیعر بەرباس بدەین، هێندە خەریکی لایەنی تەکنیک و ئێستاتیکای شیعر نابین. کەواتە سەرلەهەوڵ ئێمە مامەڵە لەگەڵ شیعر وەک پەیام دەکەین. ئەوەی ناوی دەنرێت لایەنی نوێکردنەوە لە شیعری کورددا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، تەنێ خۆی لە چەند لایەنێکی فۆرمیدا بینییەوە. بۆ نموونە وازهێنان لە کێشی عەرووز، بە کارهێنانی وشەی پەتی کوردی، هێندێ

بابەتی دیکەی ڕۆمانسی. ئەمە هەمووی هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کات. دەقی شیعری دڵدار بەر هەمان گۆڕانکاری دەکەوێت. لە کاتێکدا زۆربەی شاعیرەکان لەو سەردەمە بە هۆی پەیدابوونی هەستی ناسیونالیستی و چوونە ناو حیزبەکانی ئەو کات، دەقی شیعرەکانیان بۆ خزمەتی پەیامی ناسیونالیستی و نەتەوەیی دادەنا. کەواتە ئەم توێژینەوە لەو ڕوانگەیەوە لە دەقی شیعری دڵدار دەکۆڵێتەوە، شیعر وەکو پەیام دەبینێت.

**یەکەم: لاوی پیر**

کاتێک دڵداری شاعیر بەراوردی نێوان تاکی وڵاتانی پێشکەوتوو و تاکی وڵاتی خۆمان دەکات، دەبینێت بەر دوو وێنەی زۆر جودا دەکەوێت. بە حوکمی ئەوەی سەردەمی شاعیر، سەردەمی بە ئاگاهاتنەوەی نەتەوەکانە، سەردەمی مافی نەتەوەییە، بۆیەیش هەموو نووسەران و شاعیران شیعر دەکەنە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەستی تاک و نەتەوەیی لەلای لاوەکان زیندوو بکەنەوە. کەواتە جودا لەوەی شیعر لێرەدا ئەرکێکی ئەدەبی هەیە، هاوکات ئەرکێکی نیشتمانیشی دەبێت. کەواتە شیعر لێرەدا دەبێت ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی بێت و لە خزمەت ئاریشە و دیاردەکانی سەردەم بێت. ((ئەو پەیوەندییەی شیعر بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە، کە لایەنێکی گرینگی کێشەی هەڵوێستە لە قۆناغەکانی گۆران و پەرەسەندنی شیعردا، چەند بۆچوونێک دروست بووە، یەکێکیان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەوە دەڕوانێتە شیعر کە پێویستە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی بێت، خاوەنی ئەو بیروڕایەش لەو تیۆرەدا خۆیان دەدیەوە کە شیعریان بە ژیانەوە دەبەستەوە.)) [عەزیز، ٢٠٠٢ ، ل٢٢] کەواتە دەگەینە ئەو بروایەی یەکێک لە گرفتەکانی ئەو سەردەم لە کۆمەڵدا لە دیدی (دڵدار)دا، گرفتی نائاگایی و هەست بە بەرپرسیاریەتی نەکردنی لاوەکانە. کاتێک شیعری (لاوی کوردان) دەخوێنینەوە، ئەو بۆچوونەمان پشت ڕاست دەکاتەوە. لە تێڕوانینی (دڵدار)دا بەشێکی زۆری لاوی کورد خەریکی کۆمەڵێ کاری دیکەیە، کە ئەرکی ئەو نییە.

ئەسلەحەی هەر میللەتێ سا دەست و بازوی گەنجیەتی
ڕۆژی شوعلە بەخشی ئومێد فکر و کاری گەنجیەتی
مەرهەمی زاموبرینی کردەوە و هەم ڕەنجیەتی
لاوی ئێمەش هەر لە دەوری مەی ئەکەن غیرەتکەشی [دڵدار، ٢٥٧٣، ل٢٦]

یەکێک لە ئاریشەکانی لاوی کورد ئەو کات، خوگرتنی بووە بە مەی، دیارە ئەمەیش لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە دەلاکەتی خۆی هەیە. مەی دەلالەتی بوونی خەم و بێ ئومێدیە. کەسانێک بە هۆی بوونی خەم و ئازارێکی دەروونی زۆرەوە پەنا بۆ مەی خواردنەوە دەبەن. دەبینین شاعیر مەی وەک بەشێک لە کولتووری کوردی تەماشا ناکات، نەک لەبەرئەوەی حەرام بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی لاوەکانمان لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ نیشتمان بە دوور دەخاتەوە. لاوەکانمان بێ ئاگا دەکات. ئەو گلەی ئەوە لە لاوەکان دەکات، خوویان بە مەی خواردنەوە گرتووە، کەچی لەناو کۆی میللەتانی دیکە هێز و بازووی پێشکەوتن و بەرگی لە نیشتمان هێزی لاوە، چونکە ئەوە لاوەکانن دەتوانن ببن بە چرا و نیشتمان ڕووناک بکەنەوە. شاعیر شیعر و بابەتەکانی شیعری دەخاتە خزمەت دیاریکردنی کێشەی لاو. ئەویش خووگرتنی لاوەکانە بە مەی خواردنەوە. خۆ تەریککردن لە کونجێکی مەیخانە

دەلالەتی بێ دەسەڵتی لاوی کوردە. شاعیر دەیەوێ لەو ڕوانگەیەوە لە خووگرتنی لاوان بە مەی بڕوانێت، کە ئەمە وزەی لاوان و گەنجان بە هەدەر دەدات و کاریگەری دەبێت لەسەر خاوکردنەوەی ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ. ئەمە ئەو جیهانبینیەیە، کە شاعیر بەرانبەر جۆرێک لە لاو، فۆرمێک لە لاو هەیەتی. لاوێکە، عەقڵێکی پیری هەیە، لاوێکە وزەیەکی پیری لە خۆیدا هەڵگرتووە. لاوێکە هەستی نیشتمانپەروەری لە ناخیدا هێندە لاوازە، گوێ بە خەمەکانی نیشتیمان نادات. شاعیر بانگەوازی لاوی کورد دەکات، کە واز لەو خووە بهێنێت. لەوێشەوە ((ئەندێشەی شاعیر بەرەو بانگەوازی میللەتی کورد دەڕوات، وێنەی ئازادی و نیشتمانی هاوشانە بە وێنەی پێشکەوتن لە لایەنی زانستی و هونەریی و ئەدەبییەوە، چونکە ئەگەر میللەتێک هوشیار نەبوو ئەوا بێگومان ناتوانێ سەربەخۆیی بە دەست بهێنێ.)) [مەولود، ٢٠٠٩، ل١٣١] ئیشکردن لەسەر ئەو چینە گرینگەی کۆمەڵ هەولێکە بۆ دەرخستنی، یان بەراوردکردنی لاوانی ئێمە و ئەوان.

میللەتێ گەر گەنجی سست بێ مردوە میللەت نیە
تاکو مابێ نێو دەرروونی بێ جەفا و عیللەت نیە
شادمانی تەختی ژین و تاجەکەی عزەت نیە
لاوی کوردان هەر لە دەوری مەی ئەکەن غیرەتکەشی   [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٣]

دروستکردنی پێوەندی، یان بەستنەوەی هێزی لاو بە مانی میللەت هەولێکە بۆ نیشاندانی ئەو وێنەیەی لاوان بزووێنەری کۆمەڵن. هەر میللەتێک لاوەکانی خەون و تێکۆشانایان نەبێت، ئەوا ئەو میللەتە مردووە. کەواتە بەستنەوەی بێ هێزی میللەت بە بی هێزی لاوەکان، خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەیە، چونکە لاو چینێکی بەهێزی ناو کۆمەڵە، گری شۆڕشە. کەواتە بوونی میللەت بە بوونی لاوەکانەوە بەستراوەتەوە. پێشمەرجی بوونی میللەت بوونی لاوەکانە، چالاکبوونی لاوەکان وزە و داهێنان بە میللەت دەبەخشێت. بۆ ئەوەی میللەت وێنەیەکی زیندوو بە دەرەوە بدات، دەبێت لاوەکان خاوەن پڕۆژە بن. وەکو لاو نەک پیر ڕەفتار بکەن. سستبوونی لاو وەکو نەخۆشییەکە لە هەناوی میللەتەوە بێت، دەبێت ئەو نەخۆشییە ڕێگری لێ بکرێت، دەنا میللەت لەناو دەبات. شاعیر ئەو پەیامە بە گوێی خوێنەردا دەدات، لاوەکانمان کەسانێکن بە هوشیاری و ڕۆشنبیرییەوە هەوڵی تێکۆشان نادەن. بەڵکو کەسانێکن خۆیان بە کۆمەڵێ شتی کات بەسەربردن خەریک کردووە. ئەو کات سەردەمی هەستانەوەی میللەتان بوو، سەردەمی هەوڵدان بوو بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری. بە بڕوای شاعیر وەکو تێزێک ئەمە ئەرکی لاوە، نەک کەسانێکی دیکە، چونکە کاتێک تەماشا دەکات لاوی هەموو میللەتان خەریکی تێکۆشانن. بۆ نموونە شۆڕشەکانی لیبیا، جەزائیر...تاد. سەردەمی ئەوەیە میللەتان بە ڕووی داگیرکەراندا تێکۆشان بکەن.

سەیری ئەحواڵی وەتەن کەن چۆن زەبوون و مردووە
سەیری کاری دوژمنان کەن چی بە حاڵی کردووە
سەیری ڕەشماڵی زەلالەت ئاسمانی گرتووە
ئێوە تاکەی هەر لە دەرەی مەی ئەکەن غیرەتکەشی   [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٤]

کاتێک لاوانی هەر میللەتێک بێ پرۆژەی مەعریفین، بێ خەونن، خەمی نیشتمان و نەتەوەیان نییە، میللەت زەرەرمەندی یەکەمە. نیشتمان دەبێتە قوربانی یەکەم. دەبینین ئەو هەستە ڕۆمانسیەی، کە دەگوترێت لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەسەر شیعری کوردیدا زاڵ دەبێت، لە لای (دڵدار) ئەم هەستە ڕۆمانسییە لە شیعرە نیشتمانییەکانیدا زۆر کاڵ دەبێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوەیش شاعیر هەوڵدەدا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە حیزبی هیوا دامەزرێنن. بە بڕوای من شاعیر لەم قۆناغەدا گەیشتووە بەو بڕوایەی چیدی دەستەوەستان نەوەستین و تەنێ بە هەست و دەروون هانی خەڵک بۆ تێکۆشان بدەین، بەڵکو دەبێ بە کردار و لەناو خەڵک بین. ((لەگەڵ بوونی حیزبی شیوعی عێراقدا، حیزبێکی تر هەبوو کە کاریگەری زۆری بەجێهێشتبوو لەسەر بیرکردنەوە و خەباتکردنی کورد، بەتیابەتی کە پارتێکی کوردستانی بوو ئەویش (حیزبی هیوا)یە، کۆمەڵەی (دارکەر) بە سەرۆکایەتی شاعیری لاو (دڵدار) دامەزراوە و دواتر بۆتە بناغەی دامەزراندنی (حیزبی هیوا) کە لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە و (ڕەفیق حیلمی) بە سەرۆکی حیزبکە دانراوە، دڵدار کاتێک دەچێتە حیزبکەوە ئیتر وەک شاعیری کرێکاران و جووتیاران دەردەکەوێت و بڕوای بە خەباتی چینایەتی دەبێت.)) [قادر، ٢٠١٠، ل٦١] کەواتە شاعیر چیدی باوەڕی بە خەباتی ڕۆمانسیانە و کرووزانەوە نابێت، بەڵکو بە کردار دەچێتە ناو خەباتی تێکۆشان بۆ ئەوەی لەگەڵ چینەکانی نا کۆمەڵ هەوڵی هێنانەدی خەونەکانی نیشتمان بدات. کەسێک بووە زۆر پێداگری لەسەر خەباتی چینایەتی کردۆتەوە، بۆیەیش بەردەوام لە شیعرەکانیدا چینەکانی وەکو: لاوان، کرێکاران، جووتیاران دەردەکەون و بە شیعر دیالۆگیان لەگەڵ دەکات. ئەو خەبات دەگوازێتەوە ناو خەڵک. ئەو شیعر دەکاتە ڕەنگدانەوەی حەز و خولیا و ئازارەکانی خەڵک. بۆیەیش کاتێک وێنەیەکی ڕیالیزمیانەمان لەبارەی لاوانەوە بۆ دەکێشێت، ئیمەی خوێنەر دەزانین یەکێک لە ئازارەکانی میللەتی کورد کەمتەرخەمی لاوەکانی بووە. ئەو هانی لاوان دەدات خۆیان بۆ خەباتی چینایەتی ئامادە بکەن، دوور بکەونەوە لە کات بەسەربردن. شاعیر وێنەیەکی واقیعی لاوانمان نیشان دەدات، بۆ ئەوەی ئەرکی لاومان بۆ دەستنیشان بکات. بە بڕوای ئەو نەگەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی بۆ سستبوونی لاوەکان لە خەبات دەگەڕێتەوە. لە ئەنجامدا ئەرکی لاو لە شیعرەکەدا دیاری دەکات.

میللییەت یەعنی لە زرەی تۆق و زنجیر ڕاپەڕی
تەوقی یەخسیری لە ئەستۆی خۆت و میللەت لابەری
بێ یە سەرخۆت و بزانی تۆ لە ڕێگا لادەری
هەڵسی ئینجا بەس لە دەوری مەی نەکەی غیرەتکەشی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٥]

دانیشتن لە کونجی ژوورێکی تاریک و خۆتەریککردن و چاوەنۆڕی هاتنی فریادڕەس و ئیلهام نابێتە جێگرەوەی واقیع. دەمەوێ بڵێم شاعیر چیدی خۆی بەو هەستە ڕۆمانسییەوە خەریک ناکات. دانیشتنی لاوان بە دیار پێکێک عەرەقەوە، بە دیار مۆمێکەوە لە ژوورێکی تاریک، ناتوانی ئەو واقیعەی هەیە بگۆڕێت. بۆیەیش دەبێت لاوان هوشیاربنەوە. شاعیر هۆکاری ئەو نائاگایی و ناهوشیارییە بە گوێی لاواندا دەدات. ئەوەی جێی سەرنجە شاعیر خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی بە تاکە ئەرکی لاوان دادەنێت. بەڵام کاتێک دەبینێت لاوان ئەو ئەرکەی خۆیان جێبەجێ ناکەن. دێت هۆکاری پیربوونی هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی لاوانمان بۆ باس دەکات. لاوی پیر لاوێکە نائاگایە لەوەی

وەکو کۆیلەیەک زنجیری کراوەتە مل، ئەگەر ئەو لاوە خۆی بە نەتەوەیی دادەنێ دەبێت ئەو زنجیرە بپسێنێت. ئەوە ئەرکی لاوە ئەو تەوقە لە ملی خۆی میللەتەکەی بشکێنێ. ئەوە ڕێ ڕاست و درووستەکەیە. ئەگەر نا خۆ خزاندنە کونجی مەیخانە و دانیشتن بە دیار شوشەی عەرەقەوە زیادتر مرۆڤ زەلیل و کۆیلە دەکات. لیرەدا شاعیر ئەو پەیامە بە لاوان دەدات، کە ئەرکی ئەوان هەوڵ و تێکۆشانە، دۆزینەوەی ڕێی خەباتە، کە دروستترین ڕێیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری نیشتمانی.

**دووەم: خەونی لاو**

کاتێک باسی خەونی لاو دەکەین، مەبەستمان لە خەون بە واتا ڕۆمانسییەکەی نییە، مەبەستمان بوونی ئاوات و بەرنامەیەکە بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا بکات. کاتێک دەڵێین میللەتێک خەونی ڕزگاری یەکجاری و سەربەخۆیی هەیە، بەو واتایە دێت، کە ئەو میللەتە ئامانجێکی هەیە و لە ئێستادا خەباتی بۆ دەکات. تاکە شوێن بۆ هێنانەدی ئەو خەونە مەیدانی تێکۆشانە، کۆڕی خەباتە. شاعیر پەیامێک بۆ لاوان دەنێرێت، بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆشش بدەن و خەونیان هەبێت. شاعیر وەکو کەسێکی نەتەوەیی تاکە خەون خەونی ڕزگارییە لە ڕێی خەبات و تێکۆشانەوە. ئەویش چاو لە کۆی نەتەوەکانی دیکە دەکات، کە لە ڕێی خەباتەوە دەیانەوێت بە ئامانجیان بگەن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە لای من، لە هێندێ شیعردا (دلدار) باسی چینایەتی و پاڵپشتی چینی جووتیار و دژ بە دەرەبەگ دەوەستێ، کەچی لە هێندێ شیعری دیکەدا وەکو کەسێکی نەتەوەیی و ناسیونالیست دەردەکەوێت. ئەم دوو هەڵوێستە لەگەڵ یەکدی نایەنەوە.

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیووسی ژینت بێ
دەبێ هەردەم عەزم دار و دەوای دەرد و برینت بێ
لە مەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت فکر و علم و ئاوزینگ و زینت بێ [علاءالدین، ١٩٨٥، ل١٧٥]

کاتێک باس لە هەڵوێستی نەتەوەیی دەکەین، هاوکات باس لە ئەدەبی نەتەوەییش دەکەین. واتە ئەدەب دەخرێتە خزمەتی نەتەوەوە، بە پێچەوانەی ڕەوتی سۆشیالیزمەوە، کە بە شێوەیەکی گشتگیر تەماشای ئەدەبی گەلان دەکات. شاعیر ڕووی پەیامی لە لاوانە، ئاراستەیان دەکات بۆ خەبات و تێکۆشان لە مەیدانی ژیاندا، بۆ ئەوەی وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەیش نەتەوەی کورد پێشبکەوێت. بۆیەیش داوایان لێ دەکات هەرگیز نائومێد نەبن. بۆ ئەوەی بگەن ئاستی نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیا دەبێ لە بواری فیکر و زانستدا خۆیان تەیار و دەوڵەمەند بکەن. ئەم بۆچوونەی شاعیر لەوێوە هەڵقووڵاوە، کە دەبینێت لاوان وڵات زۆر نائومێدن، ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییە کاریگەری لەسەر پرۆسێسەی داهێنانی شاعیر دەبێت و شیعر دەنووسێت. ئەو نایەت وەکو شاعیرانی دیکە خۆی دوور بخاتەوە و خۆی لاتەریک بکات. بەڵکو لە هەناوی کۆمەڵ و خەڵکی خۆیەوە دەژیت. لەگەڵ ئازار و کێشەکانیان تێکەڵ دەبێت. ((خۆتەریک کردن و دوورەپەرێزی بە بیانووی بە دەستهێنانی ژیانێکی ئاسوودە و کامەران، گیانی داهێنان لای شاعیران و نووسەران دەکوژێت و دووچاری دەردی کورت بینیان دەکات، بە شێوەیەک ناتوانن واقیع بینانە ژینگەی خۆیان بخوێننەوە، کاتێک داهێنەر و وردبینانە لە دیاردەکانی دەورووبەر دەڕوانێت.)) [ساڵح، ٢٠١٢، ل١٢٩] شاعیر بۆ ئەوەی بتوانێت جیهانبینی

دەقی شیعری بەرانبەر نەتەوە و دیاردەکانی ناو کۆمەڵ دابڕێژێت دەبێت لەناو کۆمەڵدا بژیەت. بۆ ئەوەی هەست ئازارەکانیان بکات، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستی وێنەیەکی شیعری پێشکەش بکات، بە هونەریترین شێوە و کاریگەرترین شێوە پێشکەشی بکات. هێندەی من لە شێعرەکانی ئەم شاعیرە راماوم، زۆرترین فۆکسی لەسەر چینی لاوە، شێعری لە مەسەلەی چینی کرێکار و جووتیار هەیە، بەڵام ئەوەی بەردەوام لە شێعرەکانی جەختی لەسەر دەکاتەوە لاوە.

بە گوڕ تۆ بێیە مەیدان و حقوقی گشتی داواکەی
بە یادی نەوجەوانانی شەهیدان گیانی بەرپاکەی
بە تیشکی حەق خوراوی کورد دڵی تایکی ڕووناکەی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل١٩٤]

شاعیر ئەرکێک دەخاتە ئەستۆی لاوان، ئەویش هاتنە مەیدان و سەندنەوەی مافی گشتییە لە دەسەڵات، لە داگیرکەر. یەکێک لەو خەونانەی شاعیر دەیەوێت لە مێشک و دڵی لاوان بیچەسپێنێت، خەونی شەهیدبوونە. بۆیەیش ئەو شەهیدبوونە بە پیرۆز دەکات، چونکە لەپێناو خاک و میللەتدایە. هەوڵێکە بۆ وورووژاندنی لاوان. ئەگەر هاتوو لاوان بە گوڕ بێنە مەیدان ئەوا دەتوانن گۆڕانکاری گەورە دروست بکەن. ئەم هاتنە مەیدانە هەوڵێکە بۆ شکۆمەندبوون. چونکە تاکو لەژێر دەستەییدا بن، ئەوا ناتوانن پرۆسیسەی ئازادییەکانیان بکەن. ئەوەی هێزی تێپەڕاندنی واقیعی داگیرکاری هەیە، ئەوا هێزی لاوانە. بۆ ئەوەی بە سەندنەوەی مافی گشتی و خەڵک، دڵی میلەت خۆش بکات. ئەو تاریکییە بڕەوێنێتەوە، کە باڵی بەسەر دڵی داگیرکراوی کورددا کێشاوە. شاعیر دەیەوێت گیانی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری نیشتمان لە گیانی لاوان بچێنێت. هەر لە ڕێی ئەم شیعرەوە دەتوانین واقیعی کۆمەڵایەتی ئەوکاتی کورد بخوێنینەوە. لێرەوە دەزانین شاعیرانمان چەندە تێکۆشاون بۆ ئەوەی لاوان هوشیاربکەنەوە. بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو هێزەی ناوی لاوە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی بگۆڕن. دیارە سەندنەوەی مافی گشتی و میللەت بی قوربانیدان نابێت.

لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان [علاءالدین، ١٩٨٥، ل١٧٤]

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتبوویەوە. باری ژیان زۆر خەراپ بوو، بەتایبەتی لە بەتاڵان بردنی سامان و کوشتنی خەڵک لەلایەن سووپای عوسمانی ڕووس، کە بە ساڵی گرانییەکە ناسرابوو. ئیدی بەرە بەرە شاعیران و نووسەران هەوڵی هاندان و هوشیارکردنەوەی میللەتی کورد بوون. بە شیعرەکانیان هەست و خەم و پەژاری خۆیان بۆ نەتەوە و نیشتمان دەردەبڕی. ئەم شیعرە ئەرکی بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و هاندانی لاوی کوردە بۆ ڕاپەڕین. بۆ ئەوەی لە دەست ستەم و داگیرکاری ڕزگاری بێت. هاوکات خەمی شاعیر بەرانبەر وڵات و نیشتمان نیشان دەدات. ئەو دێت ئەو خەونە لە کن لاوەکان دروست دەکات، دەبێ ئەوان لە تێکۆشان بۆ نیشتمان و خاک بەردەوام بن. لێرەوەیە لە ڕووی هەستی نیشتمانییەوە شاعیر بە ناو ناخی کۆمەڵەکەیدا شۆڕدەبێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵ بگرێت. شاعیر هەموو ئەمانە ((لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆجییەتی پێشکەوتوو دایە بۆ چاککردنی باری ژیانی کورد وەکو نەتەوەیێکی دەسەڵاتی لە دەس

خۆی نییە.)) [خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل٥٤٠] هاندانی لاوان بۆ خەبات، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لەناو چینێکی گەورەی وەکو لاوان هەیە. بۆیەیش بەردەوام ڕووی پەیامی ئاراستەی لاوانە، بۆ ئەوەی لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە چیان لەسەر شانە ئەنجامی بدەن. نەک خۆیان بە کاری مەینۆشی خەریک بکەن. بە لاوی ئەوەوە ئەمە کارێکی خراپە. هەوڵی شاعیر بۆ ئەوەیە بتوانێت هانی لاوان بدات بۆ ئەوەی خەونی گۆڕانکاریان تێدا دروست بکات. خەونێک بەرەو دواڕۆژێکی پڕشنگداریان ببات. هەوڵ بدات هەستی خۆشویستنی نیشتمان و نەتەوەیان لە لا دروست بکات. بۆیەیش لە زۆربەی شیعرەکاندا شاعیر شانازی بە لاوانەوە دەکات. ڕووی پەیامی شاعیر لە لاوانە بۆ ئەوەی شیعر ببێتە پێشەوای لاوان و جەماوەر.

ئەی برا لادە لە فکری کۆن و زوو سا ڕاپەڕە
کارەکەت چارێک بخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ
مردنە ژینت بەبێ کاری، لە سستی لابدە
هەر بە ڕەنجی لاوی وەک تۆ، نیشتمان ئاوا ئەبێ [علاءالدین، ١٩٨٥، ل١٧٦]

نوێکردنەوەی لاوان لە ڕووی فیکر و ئایدیۆلۆجییەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عەقڵەیەتی لاوان دروست بکەن. شاعیر دەیەوێ سەرلەهەوەڵ لە ڕووی تیۆرییەوە لاوانمان ئامادە بکات. ئەویش بە دەرچوون لە عەقڵیەت و باری دواکەوتوویی سەردەم. چونکە تاکو لاوان لەژێر کاریگەری باری دواکەوتوویی دابونەریت و بنەما کۆنەکانی کۆمەڵدا بن، ناتوانن لەو قاڵبەی کۆن دەرچن. بۆیەیش شاعیر وەکو پەیامدارێک هەستی بە باری دواکەوتوویی لاوان کردووە، بۆیەیش دەیەوێت خەڵکی و لاوان بە ناوەڕۆکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هان بدات. ئەویش پێویستە لاوان کار بکەن، ڕەنج بۆ ژیان خەرج بکەن. بۆیەیش سیماکانی شیعرە نیشتمانییەکانی (دڵدار) تایبەتە، چونکە ئەو کەسێک بووە، چەندین قۆناغی خوێندنی بڕیوە، هاوکات بە نووسینەکانیدا دیارە ڕۆشنبیرییەکی فراوانی هەبووە و ئاگەداری ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە بووە. کاتێک ئەو بەراوردەی کردووە لەنێوان لاوانی کورد و نەتەوەکانی دیکە. بەو ئەنجامە گەیشتووە، ئەنجامی باری دواکەوتوویی میللەتی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی لاوانی کورد. لێرەدا شاعیرا داوا لە لاوان دەکات، ڕەنج و تێکۆشان بدەن، مەبەستی ئەوەیە بە هەوڵ و کۆشش و ڕەنجی شانیان دەتوانن نیشتمان ئاوەدا بکەنەوە. نیشتمان لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕزگاری دەبێت. کەواتە لاوان دوو ئەرکیان لەسەر شانە. یەکیان ئەوەیە خەتاب و تێکۆشان لە ڕووی سیاسی و شۆڕشگێڕییەوە بکەن بۆ ئەوەی خاک و وڵات لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا ڕزگار بکەن، تاکو ئازادی سیاسی و نەتەوەیی دەست بخەن. لەلایەکی دیکەوە دوای هەر خەبات و تێکۆشانێک نیشتمان پێویستی بە ئاوەدان کردنەوەیە. شاعیر هەردوو خەباتەکە وەکو یەک دادەنێت، پێیوایە هەردووکیان هێندەی یەکدی گرینگن، چونکە هەردووکیان خزمەت بە نیشتمان دەکەن و یەکدی تەواو دەکەن. هەموو ئەمانە هەوڵێک بوون بۆ ((کارکردن لەپێناو بە جێ گەیاندنی ئاواتەکانی میللەتی کورد و بە دەستهێنانی سەربەخۆیی، دەربڕینی خۆشەویستی بۆ نیشتمان.)) [باڵەکی، ٢٠٠٥، ل٢٥٩] دەبینین خەباتکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات چی لە خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی وڵات کەمتر نییە. کارکردن لە هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیان، هەوڵێکە بۆ خزمەتکردن بە وڵات و نەتەوە.

لاوان لە ئەنجامی پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی خەونی خزمەتکردن بە نیشتمان و وڵاتیان هەبێت لەلایەن شاعیر و نووسەرانەوە دەبێ هان بدرێن. (دڵدار) وەکو شاعیرێک لە سەردەمی خۆی هەستی بە کێماسی ئەو لایەنە کردووە، بۆیەیش بەردەوام لە ڕێی شیعرەکانییەوە پەیامی خزمەتکردنی بە نیشتمان بە دوو ئاراستە و جۆر دەربڕیوە. یەکیان خەباتکردن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لەژێر داگیرکاری، دووەمیان خزمەتکردنی نیشتمان لە ڕێی کارکردن. ئەمەیش هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ئەو هوشیاریەی شاعیر هەوڵی بۆ دەدات، بۆ ئەوەی لاوان بەردەوام بە کارکردن خزمەت بکەن.

**سێیەم: لاوانی ئێمە و ئەوان**

(دڵدار) شاعیر و ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بوو. کەسێک بوو ئاگەداری ڕۆشنبیری میللەتانی دەورووبەر و جیهانی بوو. بە بەڵگەی ئەوەی ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە شایەدی ئەو راستیە دەدەن. خوێنەرێکی هوشیار بووە. لە زۆربەی نووسینەکانیدا دەردەکەوێت پشتی تەواوی بە سەرچاوی زانستی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی بەستووە. بە پشتبەستن بەو ڕۆشنبیرییە فراوانەی شاعیر لە ڕێی شیعرەکانییەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، شاعیر بۆ ڕوونکردنەوە و پەیڤین لەبارەی چەمکی لاوەوە دوو جیهانبینیمان پێشکەش دەکات. ئەو دێت لە ڕێی بەراوردی لاوانی نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیا بە لاوانی کورد، جیهانبینی خۆیمان بۆ چەمکی لاو دیاری دەکات. ئەم بەراوردە بۆیە بۆ ئەوەی پتر هوشیاری لە کن تاکی کورد دروست بکات.

سەیری ناکەن لاوی غەیرە گشتی بازووی قوەتن
گشتی سوودبەخشی ووڵات و مەرکەزی سەد هیمەتن
بۆ بەجێ هێنانی کاری چۆن لە ڕێگەی میحنەتن
عەیبە چیتر بەس لە دەورەی مەی مەکەن غیرەتکەشی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٤]

لەم پارچەیەدا بەر چەند وشەیەک دەکەوین، ئەو وشانە دەبنە شادەماری بەراوردەکە. (بازووی قوەت) یان هێزی بازوو چەمکێکی ئایدیۆلۆجییە. مەبەست لێی بازووی کرێکارە. واتە ئەم چەمکە چەمکێکە مەبەستێکی چینایەتی لە پشتە، لێرە دەزانین شاعیر چۆن بە ناراستەوخۆ ئایدیۆلۆجیای خۆی دەخزێنێتە ناو ئەو پەیامەی دەیەوێ بە لاوانی بگەیەنێت. هێزی بازوو هێزێکە دەبێت سوودی بۆ هەمووان هەبێت، نەک بۆ چینێکی دیاریکراو. دەبینین شۆڕشی کرێکاران لە ڕووسیا و پێشتریش تێزەکانی مارکس هەر لەوبارەیەوە بوون، کە نابێت هێزی کرێکار تەنێ بۆ بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو بێت، بەڵکو دەبێت هەمووان سوودی لێ وەرگرن. هەموو هێزەکە بۆ خزمەتکردنی نیشتمانە، بۆ خزمەتکردنی هەموو چین و تێژەکانی ناو کۆمەڵە. لێرەدایە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ پتر ڕوون دەبێتەوە. کەواتە ((ئەدیب ڕۆڵی گەیەنەرێک دەبینێت.)) [سالح، ٢٠١٢، ل٦٠] شاعیر خۆی ناخاتە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵ، بەڵکو هەوڵدەدا لە ڕێی ئەدەبەکەیەوە سوود بە لاوان بگەیەنێت. ئەو وێنەیە نیشانی لاوانی کورد بدات، کە لاوانی دنیا چۆن لە ڕێی هێزی بازوویانەوە دەتوانن گۆڕانکاری گەورە دروست بکەن. وشەکانی (مەرکەزی سەد هیمەتن) لاوان ناوەندی هەول و تێکۆشانن، واتە خەبات بە لاوانەوە دەبەستێتەوە. کەواتە پێشکەوتنی ولات لەسەر هێز و توانای ئەوان وەستاوە.

سەیری ناکەن چەند بەتینە دەستی لاوی غیرە وا
بێت و قینی هەلسێ و کولە مشتی لێ بدا
وا لە ترسانا ئەلەرزن گاوی گەردون و سەما
لاوی کوردان بەس لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەتکەشی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٤]

شۆڕش و گۆڕانکاری لەسەر دەستی لاوان دەبێت. شاعیر نموونەی لاوانی جیهانمان بۆ دەهێنێتەوە و بەراوردی بە لاوانی کورد دەکات. پێمان دەڵێت تەماشا بکەن لاوانی دنیا بە هۆی شۆڕش و خەباتیان توانیویانە چەندین گۆڕانکاری سیاسی و ڕۆشنبیریی گەورە لە وڵاتەکانیان دروست بکەن. دیارە شاعیر پتر مەبەستی ئەو وڵاتانەیە، کە ئایدیۆلۆجیای چەپ و پرۆلیتاریای تێدا زاڵە. شاعیر داوای ڕاپەڕین و شۆڕش لە لاوانی کورد دەکات. وێنەی لاوانی جیهان بە خوێنەر نیشان دەدات، هاوکات وێنەی لاوانی کوردمان نیشان دەدات، کە بە دیار شووشەی عەرەقەوە دەستوپێ سپی دانیشتووە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ((دەبینین کە خاڵەکانی بزواندنی لاوان بۆ شۆڕشکردن زیاتر فاکتەرە چینایەتییەکانە نەک فاکتەرە نەتەوایەتییەکان.)) [قادر، ٢٠١٠، ل١٤٤] هەرچەندە خاڵی بزواندنەکە لەنێوان هەستی نەتەوایەتی و چینایەتیدا تێکەڵاوە، بەڵام لە کۆی فەزای شیعرەکەدا فاکتەرەکانی بزواندنی لاوان فاکتەرە چینایەتییەکەیە. ئەوەی من لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا تێبینی دەکەم، ئەو بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیای چەپ و بابەتی کرێکاری بۆ خزمەتی بابەتەی نەتەوەیی بە کار دەهێنێت. ئەو نایەت نەتەوە و بابەتە نەتەوایەتییەکان بکاتە قوربانی ئایدیۆلۆجیا. واتە شاعیر ئایدیۆلۆجیا دەخاتە خزمەت بابەت و کێشە نەتەوایەتییەکان.

لاوی غەیرە دێنە سەرخۆ جانفیداکاری ئەکەن
بۆ ژیانی نیشتمانیان گشتی خوێنکاری ئەکەن
جا لە بۆ فەوتانی دوژمن ڕاوی ئەغیاری ئەکەن
عەیبە ئێوەش هەر لە دەورەی مەی مەکەن غیرەتکەشی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٤]

لەم پارچەیەدا پتر ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، خۆکردنە قوربانی خاک و نیشتمان بێگومان. خستنەخزمەتی ئایدیۆلۆجیا بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی لەو کاتدا شتێکی تازە بووە. هێندەی من ئاگەدار بم و خوێندبێتمەوە قۆناغی دوای دڵدار کۆی شاعیرە چەپەکان، ئەمەیان ڕەت کردۆتەوە و کاریان بۆ نەکردووە. بەراوردی دڵدرا بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت، خەمی خاک و نەتەوە دەبێ لە پێش هەموو خەمێک بێت. هەموو خەمی شاعیر ئەوەیە لاوان تەیار و ئامادە بکات، بۆ ئەوەی مافی نەتەوەیی بە دەست بهێنن. بۆ یەیش زۆر جار نموونەی لاوانی دنیامان بۆ دەهێنێتەوە. بە لاوانی کورد دەڵێت، لاوانی دنیا ئامادەن خۆیان بکەنە قوربانی خاک و نیشتمان، بۆ ئەوەی دوژمن لە خاک و وڵاتیان دەربکەن، ئامادەن هەموویان بکوژن، ئەی لاوی کورد تۆ تاکەی بە دیار خۆتەوە دادەنیشیت. ئەو پەیامەیش دەدات، کاتێک حاڵی لاوەکانمان وەها بێت، ئەوا:

سەیری ئەحواڵی وەتەن کەن چۆن زەبوون و مردووە
سەیری کاری دوژمنان کەن چی بە حاڵی کردووە
سەیری ڕەشماڵی زەلالەت ئاسمانی گرتووە

ئێوە تاکەی هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەتکەشی [علاءالدین، ١٩٨٥، ل٢٠٤]

کاتێک لاوانی کورد خەریکی مەینۆشین، ئەوا شاعیر وێنە و دیمەنی نیشتمانمان نیشان دەدات. ئەو نایەت وێنە و حاڵی چینەکانی ناو کۆمەڵمان نیشان بدات، هەرچەندە کۆمەڵێ شیعری هەن، کە باس لە ئازار و مەینەتی چینی جووتیار دەکەن، وەکو شیعری (لالەباس، تووتنەوان)، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، هەوڵێکە بۆ خەمێکی گەورەتر لە خەمی چینایەتی، ئەویش خەمی وڵاتە، خەمی خاک و نیشتمانە. بۆیەیش داگیرکاری نیشتمان و خاک دەخاتە ئەستۆی لاوەکان، چونکە ئەوان خەمی خاکیان نییە. بۆیەیش دوژمنان دەتوانن بە ئاسانی خاک داگیر بکەن. مافی گشتی پێشێل بکەن و ئەو میللەتە ببێت بە کۆیلەی داگیرکەران.

### ئەنجام:

١. لاو بناغەی هەموو کۆمەڵێکە، بە گەڕخەری هەموو گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانە. کەواتە لاوان هەمیشە سەردەستەی شۆڕشە کلتووری و سیاسی و رۆشنبیرییەکانن. بۆیەیش ئامانجی زۆرێک لە شۆڕشەکان قڵپکردنەوەی تێروانین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تازەتر و رادیکاڵانەتر دابڕێژێتەوە.

٢. هەمیشە لە کۆمەڵی ترادیسیۆنیدا وەها تەماشای لاو دەکرێت، کە هێشتا عەقڵی تەواو گەشەی نەکردووە، کەسێکە ناتوانێت بە تەواوی بڕیار بدات. سنووری نێوان لاو و هەرزەکار تێکەڵ بە یەکدی دەکرێت. لاوەکان بە کەسانێکی هەڵەشە و پێنەگەیشتوو دادەنرێن.

٣. جیهانبینی دڵدار بۆ چەمکی لاو فرەڕەهەندە، لە ڕێی کۆمەڵێ ڕەهەندەوە ناسنامەی لاوی کوردانمان بۆ دیاری دەکات. ناسنامەی لاوێکمان نیشنا دەدات، بە تەمەن لاوە، بەڵام بێ پرۆژەیە. ناتوانێ سوود لە وزەی لاوێتی وەرگرێت و هوشیاریی بەرانبەر دیاردەکانی کۆمەڵ نییە، بۆیەیش بە لاوی پیر دەستنیشانمان کرد.

٤. یەکێک لەو ئەرکانەی شاعیر لە ڕێی شیعرەکانییەوە جێبەجێی دەکات، دروستکردنی خەونە لە کن لاوەکان. لاوەکان بۆ خەبات و تێکۆشان هان دەدات. هوشیاری ئایدیۆلۆجی و نەتەوەیی پێشکەش دەکات.

٥. دڵداری شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی بۆ هاندانی لاوان بۆ شۆڕش فاکتەرە چینایەتی و ئایدیۆلۆجییەکان لەگەڵ فاکتەرە نەتەوایەتییەکان تێکەڵاو دەکات، هەرچەند هەست بەزاڵبوونی فاکتەرە چینایەتییەکان دەکەین، بەڵام بابەتە نەتەوایەتییەکان ناکاتە قوربانی ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوەی چینایەتی خۆی.

### سەرچاوەکان:

#### کتێبی کوردی:


١. باڵەکی (یادگار ڕەسووڵ)، ٢٠٠٥، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (١٨٩٨- ١٩٣٢)، وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر.

٢. پیربال (د.فەرهاد)، ٢٠٠٦، زمانی حەیزەران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣. چەند نووسەرێک، ٢٠١١، چەند تێکستێکی وەرگێڕاو، و:ڕێبین هەردی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

٤. خەزنەدار (د.مارف)، ٢٠٠٥، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥. دڵدار، دیوانی دڵدار، ٢٥٧٣ کوردی، کۆکردنەوەی: گیوی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

٦. ساڵح (ئاوارە کەمال)، ٢٠١٢، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٧. سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠٠٨، نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، هەولێر.
٨. عەلی (بەختیار)، وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، چاپخانەی قانع، سلێمانی.
٩. علاءالدين (عبدالخالق)، ١٩٨٥، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، مطبعه دار آفاق العربيه، بغداد.
١٠. عەزیز (قومری سەعید)، ٢٠٠٢، هەڵوێست لە شیعری کوردیدا (١٨٠٠- ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
١١. قانع (مەریوان وریا)، ٢٠٠٣، بەختەوەری و بێدەنگی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٢. قادر (عەباس محەمەد)، ٢٠١٠، ریالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦–١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
١٣. مەولود (ڕێزان ساڵح)، ٢٠٠٩، ئەندێشەی شیعریی لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووودا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر.
١٤. النفيسى (عبدالله فهد)، ١٩٨٦، ڕۆڵی خوێندکار لە کاری سیاسیدا، و:ناجی ئەفراسیاو: ئەم وتارە لە کتێبی: گەنج وەک سوبێکتێکی سیاسی، پڕۆژەی گرووپی نێگەتیڤ وەرگیراوە.

**سایتی ئینتەرنێت:**
١٥. بادیۆ(ئالان)، ٢٠١٦، ئالان بادیۆ: فاسدکردنی گەنجان، و: وەلید عومەر، سایتی نێگەتیڤ.
١٦. قادر (سەرۆ)، تاک-کەسایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان، ماڵپەڕی سەرۆ قادر: http://www.seroqadir.com/read.php?id=255

**ملخص البحث**

إن الشاعر (دلدار) من أحد الشعراء الذين عملوا بشكل عميق حول بعض المفاهيم في أشعاره. إنه عمل بشكل فلسفي ووجودي حول مفهوم (الشباب) في أشعاره. و حاول أن يحدد هوية (الشباب)، هويةً تكون بدءا لهوية (الشباب .(إن دراستنا هذه؛ تتكون من فصلين، ففي الفصل الأول؛ نتحدث عن مفهوم(الشباب)، ونحاول أن نحدد مفهوم (الشباب) فلسفيا ووجوديا،حيث ماهو مفهوم(الشباب)؟.. ومن هو؟.. وماهي وظيفته؟.. وماهي تصور الثورات له؟.. ومن ثم حاولنا أن نحدد مفهوم (الشباب) في المجتمع الكورديِّ، وكيف يتصور المجتمع الكورديُّ إلى (الشباب)، من حيث أن المجتمع الكوردي يرى إليه بأنه قليل العقل والتجربة .أما الفصل الثاني؛ فهو الجزء التطبيقي المعنون بـ(رؤية دلدار إلى الشباب)، إذ إنه من خلال أشعاره يحاول أن يحدد هوية للشباب ووجودا له، ومن هذا المنطلق عملنا على جوانب عدة، وعلى سبيل المثال إن (دلدار) يحدد لنا هوية شاب ما، وسميناه بـ ( الشاب العجوز)، وهو شاب فيه طاقة ميتة، وهو فقد هويته، ويحدد (دلدار) هوية شاب آخر لنا أيضا، وأشرنا إليها بـ (حلم الشباب)، وهو شاب مليء بالحلم، مليء بالطاقة الحيوية في الحياة. فإن (دلدار)؛ يقارن بين شابنا

وشباب أوروبا، و حددنا ذلک بالشواهد الشعرية .وفي الخاتمة لخصنا نتيجة الدراسة هذه؛ من خلال مجموعة من النقاط. وثبتنا قائمة المصادر والمراجع وفق نظام هارفرد.


## Abstract

*The poet (Dildar) is one of the poets who have worked deeply on some of the concepts in his poems. He worked philosophically and existentially on the concept of "youth" in his poems. He tried to identify the identity of the youth, an identity that would begin with the identity of the youth.*

*This study consists of two chapters. In the first chapter, we talk about the concept of youth. We try to define the concept of youth philosophically and logically. What is the concept of youth and who is it? What is its function? What is the concept? Revolutions? .. And then we tried to define the concept (young) in the Kurdish society, and how the Kurdish society to (young), in terms of the Kurdish society sees him as a little mind and experience.*

The second part is the practical part of Deldar's vision of youth. Through his poems, he tries to identify young people and his children, and in this sense we have worked on many aspects. For example, Dildar identifies us with the identity of a young man, the old man, who is a young man with dead energy, is losing his identity. Dildar also identifies another young man as a young man with a dream full of vital energy in life. (Deldar) compares the youth and youth of Europe, and we have identified this with poetic evidence.

In conclusion we summed up the result of this study; through a set of points. We have established a list of sources and references according to the Harvard system.

# کەسایەتی و بژاردەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە


لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکاری ڕەخنەیە

م.ی: ڕێزان عوسمان مستەفا

بەشی شێوەکاری/کولیژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین


**پێشەکی**

ناونیشانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە (کەسایەتی وبژدارەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە)توێژینەوەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکاری ڕەخنەیە، سەبارەت بەشیکردنەوەو لێکدانەوەی کەسایەتی لەڕووی تیوری کەسایەتی و پێکهاتەو و سروشتی کەسایەتی. هەروەها لەڕووی پراکتیکیشەوە لێکدانەوەی کەسایەتیە بۆ دڵدار لەلایەک و لەلایەکی ترەوە لێکدانەوەی کەسایەتی کوردی لەدیدی دڵدارەوە کراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

پێداویستی سەردەم وهەنووکەیی لەئاست ئاوڕدانەوە لەم جۆرە بابەتانە لەکۆمەڵگادا گەڕانە بەدوایی مۆرکی ڕەسەنایەتی کەسایەتیە کوردییەکان.

هۆکاری هەڵبژاردن: کەمی توێژینەوە لەلێکدانەوەی کەسایەتی کوردی لەدیدی رۆشنبیرو بیرمەندانی کوردەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: لەدوو تەوەر خراوەتەڕوو، تەوەری یەکەم لەژێرناوی بنیاتی کەسایەتی لەروویپێکهاتەو بنەماکانیەوە) تیایدا ئاماژەمان بەهەندێ پێناسەی کەسایەتی کردووە لەڕوانگەی پسپۆرانەوە لەلقەکانی تردا ئاماژەمان بە کەسایەتی لەرووی بنەما و جۆر و پێکاتەوە کردووە. لەتەوەری دووەمیشدا ڕاڤەی کەسایەتی وبژاردەی کەسیەکان لەچواچێوەی ژیاننامەی دڵدارەوە کراوە، لەلایەن لێکدانەوەی کەسایەتی دڵدارو لێکدانەوەی کەسایەتی لەدیدی دڵدارەوە.. لەکۆتاییدا ئەنجام و کورتەی بابەتەکە خراوەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: بنیاتی کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەو بنەماکانی.**

- **ناسینی کەسایەتی.**

باس وخواسی کەسایەتی باسێکی کۆنە، ئەگەر لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا جێ بایەخێکی زۆر نەبووبێت، ئەوە لای بیرمەندەکانی دواتر تایبەتمەندی خۆی هەبووەو بەڵکو پێداگیری وململانێ ومشتومڕی زۆریان لەپێناویداکردووە. بەڵام لەگەڵ بەرەپێشچوون وپەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و "جیاکردنەوەی دەروونناسیی و فەلسەفە لەیەکتری لەلایەک ومنهەجیەتی زانستی دەروونناسی گشتی و زانستی کەسایەتی لەلایەکی تر" تەشەنەکردن وئاڵۆزبوونی کێشەکان و سەرهەڵدانی ئاراستە

ی بیری جوداخوازی ڕێگەخۆشکەربوون بۆ بایەخدان وگرنگیدان بەتاک و تێگەیشتن لەکەسایەتی، چونکە ئەوەی گرنگە لەتوێژینەوەی کەسایەتی ئەوەیە: باشترین دەروازەیە بۆ سەرجەم توێژینەوە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکان، بەو واتایەی ناسینی کەسایەتی لەڕووی دیاردەو مەوداکانی بەگوێرەی هەر پرۆگرامێک هەنگاوی بنەڕەتیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاستەنگە دەروونییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ وپێشکەوتنی، کەواتە دەکرێ بڵێین توێژینەوە لەکەسایەتی جیایە لەتوێژینەوە لەبوارە دەروونییەکانی تر، لەبەرئەوەی وردبوونەوە لەکەسایەتی پشت بەشیکاری دەروونی دەبەستێت کە لەکەسێکەوە تاکەسێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەگەر لەپێناسەی کەسایەتی وردبینەوە جیاوازیەکان دەبینین، کەزۆرینەیان پێ لەسەر ئەم بۆچوونانەی خوارەوە دادەگرن، لەوانە:

وارن و کارمیکل دەڵێن:(کەسایەتی ڕێکخستنێکی عەقڵی وگەشەکردنی تەواوی مرۆڤە لەقۆناغێکی دیاریکراو لەقۆناغەکان لەسەرجەم بوارەکاندا: دەروونی، عەقڵی، مەزاجی، لێهاتوویی، ئەخلاق، ئاراستە، کە لەژیانی بنیاتی ناوە.)(د.محمد عمادالدین:١٩٥٩: ٨) بەواتایەی کەسایەتی لەڕووی ناوەکییەوە کۆکراوەی کۆمەڵێ پێکهاتەیە کەوا بنیاتی تاک دیاریدەکات.

واتسن تەئکید لەسەر لایەنی فۆرم دەکاتەوە لەناساندن وخستنەڕووی کەسایەتییەوە کەدەڵێت: (کەسایەتی کۆی جۆرەکانی چالاکیەکە، کە لەلای تاکدا لەڕێی کردەی دەرەکییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ تێبینی دەکرێت.)(هەمان سەرچاوە:٧).

هەروەها کاتل دیاردەی کاریگەری و وەڵامدانەوەوە کەسایەتی لەڕووی هەڵویست و ڕۆڵەوە لێکداوەتەوە کەدەڵێت: (کەسایەتی ئەو پێشبینیانەیە دەتوانین دركی پێبکەین، کە کەسێک ئەنجامیدەدات کاتێک دەخرێتە هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە.)(بدر محمد:١٩٩٩: ١٨)

هەندێ لەپسپۆرانیش لەڕووی گونجانی کۆمەڵایەتییەوە دەڕواننە بنیاتی سروشتی تاکەکان لەم بارەیەوە ئالپۆرت دەڵێت: ( کەسایەتی کۆی سەرجەم ئەو کاریگەرییە دەرەکیانەی تاکە، لەڕێی کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵ دەیهێنێتەکایەوە.. یاخود؛ ئەو دابو نەریتە یان کردارانەی کە کاریگەری سەرکەوتوویان دەبێت لەسەر دەوروبەردا.)(د.سید محمد غنیم:١٩٧٥: ٤٥). کەواتە هەر زانایەک یا پسپۆڕێک بەگوێرەی ئەو بوارەی گرنگی وبایەخ وبەدواداچوونی بۆ دەکات پێناسەی کردووە، بەو واتایەی پێناسەکردنی کەسایەتی پرۆسەیەکی سانانییە وناکرێت گشتگیری بۆ بکرێت، بەڵکو هەر کەسێک لەسۆنگەیەکەوە باسی لێوەدەکات. کەواتە لەخستنەڕووی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا، دەکرێ بڵێین؛ کەسایەتی پێکهاتەیەکی سایکوفسیۆلۆژی ڕێژەییە، جیوە ئاسا بەردەوام لەجوڵەیەکی بەردەوام لەلایەک وگۆڕان لەلایەکی ترەوەیە.

جگە لەوەی ئەوەی پێویستە لەزاراوەی کەسایەتیدا ئاماژەی پێبکرێت؛ کۆمەڵێ زاراوەی تێکچرژاوەو تێکەڵاوی یەکتری بوونە لەوانە" مرۆڤ ـ تاک ـ خودی دانسقە ـ کەسایەتی" هەریەک لەم زاراوانە هەڵگری واتایەکە، لەوانە:

(مرۆڤ: بوونەوەرێکی زیندووی پۆلە شیردەرەکانە، خاوەن تایبەتمەندی بایۆلۆژیەو لەسەرجەم مرۆڤەکاندا هاوبەشە، واتە تەنیا پەیوەست نییە بەمرۆڤێک.

تاک: کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆژی وبایۆلۆژییە جگە لەوەی تایبەتمەندی کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە،و جیایەی دەکاتەوە لەتاکەکانی تر... هەروەها هەندێ تایبەتمەندی گشتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە لەگەڵ خەڵکانی تردا.

خود یان خودی دانسقە: چەمکێکی ئاڵۆز وتەنگە لەناوەڕۆکدا، کەتایبەتمەندی تایبەتی بەمرۆڤ دەبەخشێت، کەجیای دەکاتەوە لەوانی تر، لەوەی هاوەشێوەی نییە.

کەسایەتی: کەسایەتی پێکدێت لەتوانا، مۆرک، پەیوەندی، ڕووکارە ئیرادەیەکان، هەڵچوون، پاڵنەرو پێگەی کۆمەڵایەتی.) (د.محمدبنی یونس:٢٠٠٤: ٢١٧-٢١٨)، بەو واتایەی هەر یەک لەو زاراوەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانە تایبەتمەندی خۆیان لەپێکهاتەی بوونەوەردا هەیە لەخستنەڕووی لایەن وپێکهاتەی کەسەکە، کەدەکری بڵێین ڕۆژ بەڕۆژ لەوردبوونەوەی لەخوێ شتی سەیروسەمەرە" جوان، ناشیرین، بەها، دزێویی، بێزرح...هتد" لەخوێدا دەدۆزێتەوە، بەڵام تاچەند دەتوانێت شەن وکەوی بکات.

- **جۆرەکانی کەسایەتی.**

پۆلینکردنی کەسایەتی بەگوێرەی بیردۆزو لێکۆڵینەوەکان فرە بوارو جیاوازە، بۆیە ناکرێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنوردار بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە کۆمەڵە جۆرێکی کەسایەتی لەلای زۆرینە دووبارەدەبێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەخاتەڕوو کەوا بەدرێژایی مێژوو جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان کەسایەتی سەردەمە کۆنەکان وئێستادا نەبووەو نییە، بەڵکو کۆمەڵێ تایبەتمەندی و ڕووکاری...هتد هاوبەش وجیاواز لەنێوانیاندا هاوبەشە، بۆیە کاتێک قسەوباس لەسەر کەسایەتی لەڕووی جیاوازییەوە دەکرێت مەبەست (ئەو جیاوازیەیە، کە لەچەندییەتی یاخود پلەی دەرکەوتنی ئەو نیشانەو مۆرک وحاڵەتانەدا هەیە، چونکە پلەکان جیاوازییان هەیە لەڕووی زۆر بەرز، بەرز، ناوەند، لاواز، زۆر لاواز، بەواتایەی چ مۆرکێک یاڕووکارێک لەڕووکارەکانی کەسایەتی فەتاوە یاخود بوونی هەیە یا نییە.)(د. محمد بنی یونس:٢٠٠٤: ٢٤٣)، کەواتە جۆرەکان تێکەڵەیەکن لەتاکێکدا، بەڵام دەکرێ بەدراسەی حاڵەت و ئامارو وپێوەر بزانرێت چ جۆرە کەسایەتیەک باڵادەستە، بەو واتایەی تواناو ئاراستەو خوو، وئاکار،،، هتد پلە بەندی لەبوونی تاکەکاندا هەیە،و بەمەبەستی جیاکردنەوەیان لەیەکتری لەوانە، د.سالح حەسەن جۆرەکانی کەسایەتی بەم شێوەیە پۆلینکردووە:

١- (کەسایەتی چەوسێنەر. .
٢- کەسایەتی هستیری (حەزیان لەسەرنجراکێشانە).
٣- کەسایەتی خۆپارێز(دووردەکەوێتەوە لەخەڵک لەترسی ئەوەی پێشوازی لێنەکرێت).
٤- کەسایەتی نەرێنی ـ شەڕانگێز
٥- کەسایەتی نرگسی.
٦- کەسایەتی سایکۆباسی ـ تاوانکاری.
٧- کەسایەتی ماسۆکی ـ زیانبەخش
٨- کەسایەتی ڕاڕا.
٩- کەسایەتی گۆشەگیر.
١٠- کەسایەتی ڕووتینی ـ دەق پێوەگرتوو.
١١- کەسایەتی هەڵچوو.
١٢- کەسایەتی پشت بەخۆبەستوو.) ( د.صالح حسن:٢٠٠٥: ٩٧-٩٩).

**هەروەها د. محمد بنی بەم شێوەیە پۆلینیکردووە،**

١- کەسایەتی سروشتی.
٢- کەسایەتی گۆشەگیر ـ گەشبین.
٣- کەسایەتی شیزی.
٤- کەسایەتی خەمۆکی،
٥- کەسایەتی هەڵگەڕاوە،
٦- کەسایەتی دڵەڕاوکێ.
٧- کەسایەتی ڕاڕا ـ گوماناوی.
٨- کەسایەتی زاڵبوو.
٩- کەسایەتی تاوانکاری،
١٠- کەسایەتی هستیری،
١١- کەسایەتی بەرهەڵستکار.
١٢- کەسایەتی جێگیر.
١٣- کەسایەتی سارد.
١٤- کەسایەتی ناتەواو ـ نیوەچڵ.
١٥- کەسایەتی هەڵچوو،
١٦- کەسایەتی تەقاوە.
١٧- کەسایەتی سۆزداری،
١٨- کەسایەتی نەرێنی.
١٩- کەسایەتی دەروون پێکداڕاو،
٢٠- کەسایەتی داهێنەر.) (د. محمد بنی: ٢٠٠٤: ٢٤٤)،

ئەوەی جێگەی ڕامانە کۆی جۆرەکانی کەسایەتی وەکو ئاماژەی پێکراوە، دەکرێ لەڕووی مۆرک، ڕووکاری کەسایەتی، ڕووکاری جەستەیی، هەڵچوون" یاخود پێوانە" زیرەکی، هێمنی، شڵەژان، جەربەزەیی وتوانای تاک وگشتی و خێرایی ئاراستە، بەئاگایی و وردەیی، ژیری وبەهرە...هتد خاڵی جیاکاری لەنێوان خودی کەسێک خۆی یان کەسێک وکەسێکی تر یان کۆمەڵێک وکۆمەڵێکی تردا و هەمووشیان پەیوەستن بەفێربوون و ڕاهێنانەوە، بەو واتایەی تاک تاچەند پەیوەستە بەکارکردن لەسەر خۆیەتی خۆی، تاوەکو بتوانێت کەسایەتیەکی گونجاو بنیات بنێت. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین لەو کۆمەڵگایانەی لە ململانێ و کێشەوشەڕو کێشمە کێشمی جەنگی بەردەوامدا دەژین و گوزەردەکەن، زیاتر کەسایەتی ڕاڕاودڵەڕاوکێ و زیان بەخۆگەیەنەر و گوماناوی و چەوسێنەرو تاوانکار لەزیربەندی پلەی یەکەمدان و تا ئەو ڕادەیی لەوانەیە ئەگەر چەند ڕۆژێک بێ گیروگرفت و کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە بگوزەرێنن، ئەوا خۆی گومان دەخولقێنێت بۆچی گەشبینە یاخود کێشەی نییە. کەواتە ئەو ژینگەی تاک ودەوروبەرەی تیایدا دەگوزەرێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەو کاردانەوەی کەسەکە لەبەرانبەر خۆیی و بەرانبەردا هەیە، جا ئەمە لەئاستی ژینگەی خێزان، کار، کۆمەڵدا بێت. سەبارەت بەکەسایەتی نووسەر دەکرێ بڵێین کەسایەتیەکی سروشتی پشت بەخۆبەستوویی داهێنەری هەبووە لەپاڵ کۆمەڵێ ڕووکاری تر کە لەدرێژەی توێژینەوەکە باسی لێوەکراوە.

- **کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە.**

هەر بوونێک، بوونەوەرێک، دیاردەیەک، ڕووداوێک، ململانێیەک...هتد خاوەنی پێکهاتەی خۆیەتی کەتایبەتمەندی ئەو پێکهاتەیە دەخاتەڕوو، و ڕوونیدەکاتەوە، هەروەها هەندێ جار دەکرێ ئامانج ومەبەستیش دەس نیشان بکات.

سەبارەت بەکەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە تێکەڵەی کۆمەڵێ ڕەگەزە، کەیەکیان گرتووەو کاریگەری وکارلێکیان هاوشێوەی هاوکێشەیەکی کیمیایی" یەکگرتن، ئاوێتەبوون، شیکردنەوە"





لەیەکتری کردووەو کەسایەتی هێناوەتەکایەوە، چونکە هەر ڕەگەزەو خاوەنی خەسڵەت و بنەمای خۆیەتی، بەڵام ڕازی تێکچرژاوی ڕەگەزەکان تەنیا دەکرێت لەڕووی تیورییەوە لەیەکتری جیابکرێنەوە ئەگینا زۆر بەیەکداچوونە، کەلەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:(

١- پێکهاتەی جەستەیی: ڕوخساری گشتی، خێراییو دواکەوتنی گەشەی جەستەیی، تەندروستی، ساغی وکەموکوڕی هەستەوەرەکان، گوروتین وخاوخلیسکی.
٢- پێکهاتەی عەقڵی: زیرەکی، بەهرە، توانای ڕۆشنبیری گشتی وتایبەتی.
٣- پێکهاتەی هەڵچوونی: هەڵچوونی دڵخۆشکەر وەک شادمانی، ئازار بەخش"خەم"، هەڵچوونی سادە، ئاڵۆز" تورەیی و ئیرەیی" سۆز ، کەس، نیشتمان.
٤- پێکهاتەی ئاکاری: دەستپاکی وراستگۆیی، ڕاشکاوی، گەشبینی، دەربازبوون لەدەمارگیری ولایەنگیری، خاکەڕایی لەبەرانبەر لووتبەرزی، ئازایەتی لەبەرانبەر ترسنۆکی و دوورەپەرێزی، ئاراستەکردنی ژیان بەرەو شتەبەسوودەکان لەباتبەر ڕاکردن بەدوایی لایەنە هەستیەکان، گیانی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر گۆشەگیری، گونجان و هەماهەنگی لەبەرانبەر بەرەڵلایی و داڕووخانی ڕەفتار...هتد.)(د. مەحمود موحەمەد:٢٠١٢: ٥١-٨٥).

هەر لەبارەی دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتیەوە محمد ظاظا بەم شێوەیە دابەشیکردووە.(
١- خەسڵەتی جەستەیی: باڵا، هێز ، تەندروستی، هەست.... هتد.
٢- خەسڵەتی جموجۆڵ: خێرایی و سستی، کۆڵەدان وبەردەوامی، داهێنان... هتد.
٣- خەسڵەتی عەقڵی: شیکارو دۆزینەوەی چارەسەر، وەبیرهاتنەوە، خەیاڵکردن، بڕیاری دروست،،،هتد.
٤- خەسڵەتی خورەوشت: هەڵچوونی زۆر، کاریگەری سۆزداری، جۆری خورەوشت.
٥- خەسڵەتی گوزارشتکردن لەخود: دەسەڵات و ملکەچی، شادمانی وگۆشەگیری.
٦- خەسەڵەتی کۆمەڵایەتی: کاریگەربوون بەکۆمەڵ، پەیوەندییەکان، بەشداریکردن لەچالاکی.)(محمدظاظا: بدون سنة الطبع: ٢٤٦). کەواتە پێکهاتەی کەسایەتی بەهەردوو ڕووکاری دەرەکی وناوەکی پەیوەستە بەچەند لایەن وخەسڵەت وتایبەتمەندییەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی لێوردبوونەوەیە لەم پێکهاتەیە؛ ئەوەیە کاریگەری و ڕۆڵی پێکهاتەیەک گرنگی لەدیاریکردنی وێنەی گشتی کەسایەتی تاکدا هەیە، لەوانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بنچینەیی لەسەرجەم پێکهاتەکانی تردا دەگێڕێت جا ئەم کاریگەرییە ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆبێت، دەکرێ بڵێین "چۆنیەتی پۆشین، کلتوری کۆمەڵایەتی، حاڵەتی دەروونی، هەڵچوون...هتد" ، کەواتە ڕۆڵی هەر یەک لەپێکهاتەکان دەبنە بنەما بۆ وەسف و پێوانەکردنی ئەرکەکانی کەسایەتی لەنێوان ئەرێنی و نەرێنی، پەرەسێن و پەرەنەسێندا.

- **بنەماکانی کەسایەتی.**

بنیاتی کەسایەتی فرەلایەنە، بنیاتێکی وردوقوڵ لەچنین، ئاڵۆز هاوشێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە، ناسک وێنەی شوشە، پتەو وێنەی ئەڵماس لەڕووی تێکهەڵکێشی بنەماو پێکهاتەوە، بۆیە ئەستەمە پێکهاتەیەک یاخود بنەمایەک بکرێتە کرۆکی بنچینەیی بنیاتی کەسایەتی، کەواتە کەموکوڕی

یازیدەرۆیی لەبنەمایەکی لاوەکی کەسایەتی ناکرێت بەمۆرکێک یاخەسڵەتێکی کەسایەتی دابنرێت، بەڵکو دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت کەوا هۆکار وهاتنەکایەی یان دروستبوونی ئەم خەسڵەتە چییە؟ بۆیە زانایان و پسپۆرانی بواری دەروونناسی کۆمەڵی بنەمای دیاریکەریان سەبارەت بەبنەماکانی کەسایەتی داناوەو زۆرینەیان لەسەر ئەم چوار بنەما دیاریکراوە سەرەکییە کۆکن: (

١- دیاریکراوەی بایۆلۆژی: سوود وەردەگرێت لە بایۆفسیۆلۆژی، لەوانە: جیاکاری تاکی، بۆماوەیی، خوو" میزاج، ترس، دوژمنکاری" ، ئارەزووی بەشداریکردن لەدەستە، لێکۆڵینەوە لەئامرازە ئەندامییەکان، پەیوەندی وەزیفی بە شێوازی کەسایەتیەوە، ڕژێنەکان.

٢- دیاریکراوەی ئەندامە دەستییەکان(الجماعة): لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی مرۆڤ؛ توانای لەگۆرانکاریدا" ڕۆشنبیری گشتی وتایبەتی، شارستانیەت"، کەسایەتی وکەسایەتی بنچینەیی، خێزان وەکو ژینگەی فێرکاری، خێزان وپێداویستی منداڵ، شێوەی مامەڵەو شێوازی کەسایەتی، کاریگەری قۆناغی منداڵی" ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ- ڕێکخستن-گەشەی مۆرکایەتی-گەشەی بیری خۆیەتی- لەلای منداڵ".

٣- دیاریکراوەی کەسییەتی: ئەو ڕۆڵەی تاک پێ هەڵدەستێت" پێشبینی کردنی ڕۆڵ، وێنای ڕۆڵ، وەرگرتنی ڕۆڵ، بەجێهێنان یان جێبەجێکردنی ڕۆڵ"، منداڵ چۆن ڕۆڵ وەردەگرێت لەژیان" ڕێکخستن-گەشەی مۆرکایەتی-گەشەی بیری خۆیەتی".

٤- دیاریکراوەی هەڵوێست: هاوسەنگی گونجانی تواناکانی تاک لەگەڵ هێزی دەوروبەر دیاریدەکات، ناکرێت بڵێین هەرشتێک یان دیاردەیەک خودییە یاخود کەسییە، ئەگەر لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی ژینگەی مادی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد وهەڵوێستەکانی مرۆڤ پێداتێپەڕ نەبێت، هەروەها هاوسەنگی یەک بە یەکی دیاریکراوەییەکان لەوانە "پەیوەندی دیاری لایەنی بایۆلۆژی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی"، دیاریکراوەی خێزان، دیاریکراوەیەکانی دەرەوەی خێزان: قوتابخانە، مامۆستا، هاوڕێ پۆل، دەستەی هاوڕێیان،هاوکاری ڕاگەیاندن، کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە، تیڤی و سینەماو ڕادیۆ.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ٥٨-١٤٩)

کەواتە بنیاتی کەسایەتی پەیوەستە بەکۆمەڵێ ڕەهەندی ناوەکی ودەرەکی تاک کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، تاوەکو لەکۆتاییداکەسایەتیەکی ساغ بێتەکایەوە، چونکە دیاریکراوەیەکان پەیوەندییان بەڕەفتارەوە هەیەو هاوشێوەی کرداری کارو کاردانەوەی فیزیایی، کە پاڵنەرێک یان هاندەرێک پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی ئەو وریاکەرەوە ناوەکی یا دەرەکییەی پاڵی پێوەدەنێت هەڵوێستێک بنوێنێت.

بۆیە ئەم پرسیارەی لێرەدا دێتە ئاراوە سەبارەت بەپاڵنەر، ئایا کەسایەتی ناوەوەیە یاخود کەسایەتی-فۆرم- ڕواڵەت ڕۆڵەکان دەگێرێت. لەو بارەیەوە مان دەڵێت: (کەسایەتی ناوەوە مەرجی بنچینەیی تاکە سەبارەت بەپێشرەوایەتی وسەرکردایەتی، ژێرەکان زیاتر ئارەزوودەکەن پێشەوایەتی کۆمەڵێک بکەن.... هەروەها سەبارەت بەهەڵویستیش لەوانەیە ئەو هەڵوێستەی کە تاک تیایدایە ڕۆڵێکی گرنگی لەڕەفتاری تاکەکە هەبێت، لەوانیە کەسێک لەهەڵوێستێک پێشەوا بێت لەهەڵوێستێکی تردا شوێن کەوتەبێت.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ١٤٠-١٤١)، بۆیە ناکرێت تەنیا هۆکارێک بۆ کاردانەوەکان بکەین بەبنچینە، بەڵکو مرۆڤ تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی ڕێژەییە لەنێوان کاریگەرییە ناوەکی ودەرەکییەکان،

که لەوانەیە کەسێک لەدوو ڕووداوی هاوشێوە هەمان هەڵوێستی نەبێت، ئنجا ئایا ئەمە لەژێرکاریگەری دیاردە دەروونییەکانە، ژینگە، ئەزموون، تەمەن...هتد. بڵێین ئەمانە کەسایەتی دەهێنێتەکایەوە، ئەریکسۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: (پێکهاتە نوێیەکانی کەسایەتی لەبۆشاییەوە دەرناکەون، بەڵکو لەقۆناغێکی پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوەو دەردەکەوێت، بۆیە پێکهاتەو بنیاتی باش لەکەسایەتی دەکرێ لەحاڵەتی هەبوونی بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و ڕەفتاری گونجاو دەربکەوێت وجێگیر بێت.)(د.محمد بنی:٢٠٠٤: ٢٣٤).

**تەوەری دووەم: ڕاڤەی کەسایەتی و بژاردە کەسیەکان لەچوارچێوەی ژیاننامەی دڵدارەوە.**

چەمک وبواری کەسایەتی بەیەکێک لەبوارو چەمکە ئاڵۆزو شاراوەکان دادەنرێت، چونکە بوونێکە لەکۆمەڵێک دیاردەو بنەمای تایبەت ومیسالی وفریودراو. ئەمەش وایکردووە و هانی بیرمەندانی داوە بۆ شیکردنەوەی ئەو مەتەڵە، کەتاوەکو ئێستاش بەشاراوەیی ماوەتەوە بۆیە دەکرێ بڵێین بەکارهێنان وبەردەوامیەتی چەمکی دەمامک لەفەلسەفەی ئەفلاتون باوەڕی وایە کەسایەتی(تەنیا ڕووکارێکەو پێویستە لەپشتەوەی ناوەڕۆکێک هەبێت.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ٤٢) کەواتە دەکرێ بەپێشت بەستن بەم پێناسەیە ئەم زاراوانە بخەینە ڕوو لەپێکهاتەی کەسیەتییدا، لەڕووی دەرکەوتەوە:

١- کەسایەتی هەتاویی: کەسایەتی پێشکەوتوو.

٢- کەسایەتی سێبەری: تێگەیشتوو، لەسێبەرەوە ڕووناکی درووینە بکات.

هەروەها لەڕووی پێکهاتەوەیش دەکرێ بڵێین:

١- کەسایەتی هەواڵی: تەنیا بڵاوکەرەوەی هەواڵ شوێن پەنجەی لەبڕیاردا لاوازە، تەنیا جێبەجێکارە.

٢- کەسایەتی شیکەرەوە: ئەو کەسانەن کە تێگەیشتوونو خاوەن فەزیلەتن.

٣- کەسایەتی دارێژەر: ئەو کەسایەتیانەن توانای دارشتنیان هەیە.

٤- کەسایەتی جێبەجێکار. بەکارهاتوو.

ئەمانەی ئاماژەمان پێکردووە پاڵپشت بەجۆرەکانی کەسایەتی وپێکهاتەو بنەماکان هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر کەسایەتی دڵدار چونکە شیکاریی دەروونی (پاڵنەراوە بەهیچ پاڵنەرێک بۆ بەپەلەدارکردن یان پیسکردنی ئەوەی پاکە، یاخود ڕاکێشانی ئەوەی ژهراوییەو بیخەتە خوڵەوە...هیچ تێربوونێک لەنەخێشتنی مەودای نێوان کەمالی ناوبانگ وبێ بەهایی شتە ئاساییەکان نادۆزێتەوە. بەڵام هیچ فیلێک لەدۆزینەوەی هەر شتێک کەشایانی تێگەیشتنە لەچوارچێوەی ئەو نموونانەی دەکرێ درکی پێبکرێت نادۆزێتەوە، هەروەها باوەڕیبەوە هەیە لەوەی کەسایەتیەکان چەندە گەورەبن شەرم نییە ببنە بابەتی یاساکان کەکردار وپرۆسەی ساغ وناساغ بەهەمان وردبینی بڕیاری لەسەر دەدات.)(سیغموند فروید: ١٩٧٥: ٦).

- **کەسایەتی دڵدار لەنێوان تیرۆژ و نسێدا.**

باس وخواس دەربارەی دڵدار کارێکی سانانییە، بەڵکو پێویستی بەڕامانێکی وردەو توێژەر وێنای سروەیەکی بێ ڕەنگ ودەنگی لیدێت لەئاست تاقگەیەکی ناوازە لەجوانی، بەهێز لەشەپۆل، سەرنجڕاکێش و ورد بەبەراورد لەگەڵ کەسایەتیەکانی سەردەمی خۆی، کەهێندە بەبوێری باسی

لەكۆمەڵی بابەتی كۆمەڵایەتی ودەروونی وكۆمەڵناسی...هتد كردووە، دەكرێ بڵێین نووسەران تارادەیەک لەكۆتاییەكانی سەدەی بیستەم توانیبێتیان بەم جەربەزەییەوە باسی لێوەبكەن. لەوانە:

- تایبەتمەندی دڵدار لەگێرانەوەی خۆیەتی خۆیدا لەوە دایە زۆر بەوردی وسەلیقەووریایی وئەمانەتەوە باسی
- لەخۆیكردووە، وەكو خۆی دەڵێت: ((ئەتوانم وەكو شەخسێكی ئەجنەبی سەیری یونس رەئووف بكەم و زۆر بەئەمینی موزەكەراتی بنووسمەوە...

رێگەی عاتیفە نەدەم كەیاری بەقەڵەمم بكات...زۆر هەوڵی ئەوە ئەدەم كە بەتەرتیب ئەم موزەكەراتە تەسجیل بكەم تابتوانم عیللەتی گەلێ شتی پێ تەفسیربكەم.))( ل١٢). ئەمە سیمای كەسەئازادەكانە، كەخاوەن ناسنامەی خۆیانن وتوانای دەربڕینیان هەیەو دەتوانن خاڵ لەسەر پیت دابنێن، چونكە ئازایی وئازادی دەربڕین كاریگەری هەیە( لەوەی خەڵک هۆگری ئاخاوتنەكەی بێت لەوشە نەترسن...ئازادی لەبیر وكار و ڕەفتار وادەكات هەر تاكێک ڕێز لەبیروبۆچوونی بەرانبەر بگرێت و لەكارو و ڕەفتاری ڕابیت، بەبێ ئەوەی شوێنكەوتەی بێت...ئازادی سەرچاوەی فراوانی بیرو دەروونە.. ڕێگەیە بەرەو هێز..سەركەوتنی مرۆڤە بەسەر دەروونی خۆی وسەرجەم لاوازی و ناپەسەندی مرۆڤایەتی...چارەسەری هەموو شتێكە.)(توفیق الحكیم:٢٠٠٥: ٥٠). بەو واتایەی لەگەڵ بەرانبەر بێت نا بەكاری بهێنێت و سڵ لەكەموكوڕییەكانی نەكاتەوە، بەڵكو ڕووبەڕووی هەموو شتەكان بێتەوە بەبێ ترس و شەرم، چونكە (ئەو تاكانەی لەئاستی پایەبەرز بیردەكەنەوە ڕازین لەخودی خۆیان، پێیان نەنگییە ڕەتكەرەوەو ناڕازی بن، یاخود لە ونبووە گاڵتەچیەكان بن، چونكە ئەوان بت شكێنەكانن، چاریان نییە، لەم وەرزشە خۆشی وچێژوەردەگرن.)(ارمست دمنیە:١٩٦٧: ٤٤).

بۆیە لەسەرە داوی گێرانەوەی یادەكانی دەڵێت: ((من لەسەر ئەم قەناعەتە پەروەدەكراوم، لەجیاتی شیرینی ژیان تاڵاوی فەقیریم چەشتووە))(ل١٦)، مرۆڤ ئەم سیفەت وسیمایانە لەڕێی پەروەردەو پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتیەوە هاوشێوەی ڕسكێكی چنراو وبەدوایەكهاتوو لەوانە خێزان(خانەوادە)، دەزگای پەروەردەیی، هاوڕێ وشوێنی پەرستن و ژینگەی دەوروبەر... بەدەست دەهێنێت. بەو واتایەی پەروەردە وگونجاندنی كۆمەڵایەتییە وا لە تاک دەكات چۆن حەز و ڕەفتار و هەڵچوونەكانی بەشێوەیەكی زیندو بنیاتبنێت، تاوەكو تاكێكی پێگەیشتووی لێوە پێبگات، كەدەڵێت: ((جار جار ئەچوینەقەسری مەلا ئەفەندی لەوێندەر حەلەویات و شەكریان بۆ ئەهێنام نەک وەری نەگرم بەڵكو تەماشاشم نەدەكردن لەبەر ئەوەی گۆیا نەمزانیبێ ئەمانە خۆشن و من لێی مەحرومم وەیا حەزم لێ نەبووبێ، بەڵكو وام چووبووە مێشكەوە كە لەماڵی خەڵق تەماشای شتی خەلق كردن خراپە، ئەگەر بێت و وابكەم فاتمە سیدیم(*) لێ عێجز دەبێ..))(١٧). بەو واتایەی نووسەر لەو كاتەوە توانیویەتی هاوسەنگی دابونەریت وداواكارییە خودییەكانی لەنێوان هەبوون ونەبوون یەكلابكاتەوە، كەدەڵێت: ((ئێستاش لەسەر عەینی خوو ماوم یەعنی ئەتوانم زۆر بەسەهلی لەگەڵ زروفی ژیانی خۆم، خۆم ڕێک بخەم، هێشتاكە بەفیكرم دانایێت بەتایبەتی حەزم چووبێتە چ نەوعە خواردنێک ئیستنكافم كردبێ..)) (١٧)، جگە لەوەی چۆن خۆی لەبارودۆخی هەبوون و نەبوونی و كاریگەریەكانی كۆنترۆڵ كردووە تا ئەو ڕادەیەی بۆتە بەشێک لەبنیاتی كەسێتی ئەودا.

* - فاتمە سیدی داینی دڵدار بووەو زۆری خۆشەوستووە.

دڵدار لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکەی کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتووە، ئەمە وایکردوو دایکی ناهێڵێت زۆر بچێتە کۆڵان تێکەڵی منداڵان ببێت بۆیە بەشێوازی پەروەردی تایبەت و تێچوویی مادی گرتۆتەبەر "کەلەو کاتەدا خانەوادەی دڵدار باری داراییان زۆر باشیش نەبووە، بەڵام دایکی زۆر وشیارانە مامەڵەی لەئاستدا کردووە"، تەنیا لەبەر ئەوەی منداڵەکەی ئاسودەبێت وهەست بەکەمایەتی نەکات، کەدەڵێت: ((دایکم نەیهێشتووە کەبچمە "کۆڵان" لەگەڵ منداڵان یاری بکەم یۆ ئەوەی لە ماڵەوە عاجز نەبم...ئەغلەب یاریمان عیبارەت بوو لە تەمسیلی ئاغا ونۆکەر منیان ئەکردە ئاغا خوشیان ئەبوونە نۆکەر ئیتر ئەمرم دەکرد ئەوانیش بەقسەیان دەکردم بەمە تەحەکومێکی زاتیم لەگەڵ خوێندا تێکەڵ بووە یەک لەخەسائیسی ئەسلیم کە چەندی ئەکەم ناتوانم بێی ئەو تەحەکومە بژیم.)) (١٧)، لێرەدا کۆمەڵێ تایبەتمەندی دەست نیشان دەکرێت لەوانە تاوەکو هەست بەپەککەوتەیی و کەموکوڕی نەکات، بەڵکو زۆر بەئاسایی ژیان بەسەر بەرێت وهەست بەبوون ورۆڵی خۆی بکات کە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیەکی تر لێرەدا دەکەوێتە ڕوو ئەویش نهێنیەکە لەوەدایە هەرچەندە ژمارەی منداڵەکان دیاریکراوەو بەردەوام دووبارە بوونەتەوە بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی وهەستی لادان، شەڕانگێزی، خۆ بەگەورە زانینی دەسەڵاتداری لێبکەوێتەوە بەڵکو هەر لەو ساتەوە ڕایهێناوە لەسەر خاکەڕایی"تواضع" وچۆنیەتی بەرێوەبردنی ئەرک و ماف وفەرمانکردن وبڕیاردان، هەموو بەدیهێنانی ئەو سیفەتانە لەسێبەری دایکێکی وشیارەوە دێت تا چەند سەرکەتوو بووە لەوەی بەشێوازێکی زۆر سەرکەوتوو،و زانستیانەی سەردەم وتایبەت پەروەردەی بکات.

هەرچەندە دڵدار بەشێوەیەکی زۆر خانەدان وئورۆستوکراتی پەروەردەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ خەسڵەت و پاڵنەر هەن کە نووسەر خۆی لێیان دەدوێت کە لەقۆناغی منداڵیدا هەیبووەو چۆن کاردانەوەی لەلایەنێکی تری کەسایەتیدا هەبووە؛ لەوانە خەمۆکی، دایکی زۆرینەی کات چاوەکانی بەفرمێسکە چونکە خاڵێکی دڵدار لەسێدارە دراوە، هەروەهالەبەر ئەو دەستکورتی وهەژارییە لەناکاوەی ڕووبەڕوویان بۆتەوەو جگە لەهەڵویستی باوکیشی لەدژی ئینگلیزەکان هۆکارن بۆ ئەوەی لەکەشێکی پڕ لەغەم ونەهامەتی گەشەبکات، کەدەڵێت: (( لەناو موحیتێکی غەم وئەندۆ پەروەدە دەکرام شێوەییکی" کەئابەت"و ماتێکی تەبیعیم وەرگرت، کەدایکم ئەگریا زۆر پێ تێک ئەچووم، خێرا فاتمە سیدی وە یەک لەخوشکەکانم منیان ئەبردە لاێیکی ترەوە ئەیان غافلاندم حیکایەتی خۆش خۆشیان بۆ ئەکردم.))(١٨). دەکرێ بڵێین زۆر متووی دایکی بووەو کاریگەری زۆری لەسەری هەبووە، بەڵام دڵدار وەکو خۆی دەڵیت بەشکۆ وسەربەرزییەوە پەروەردەکراوە" ناهەرفێرکرابێت بەڵکو ڕاهێنانیشی پێکراوە" دەکرێ بڵێین هەژاری و سەربەرزییەکەی بەشێکە لەخەمۆکییەکەی، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشکەرییە لە ماوەی ئەو قۆناغ وهەڵوێستەدا، هەڵوێستی فاتمە سیدی دایەنی وخوشکەکانیەتی کەوا بوونەتە دەروازەیەک لەلایەک لەئاگالێبوونیان و لەلایەکی تربۆ سەرهەڵدانی مەلەکەی خەیاڵ لەڕێی ئەو حیکایەت وهەبوو نەبووانەی بۆیان دەگێڕایەوە کەببووە هۆی هێنانەکایەی خەیاڵێکی ئاسودە، کەدەڵێت: ((تاوام لێ ئەهات زۆر جاران بە تەنها لەگەڵ خۆم ئەدوام بەمە لێم ئەترسان کەنەک شێت بم ئێستا لەگەڵخۆ دوانم نەماوە.))(١٨)، هەڵبەت ئەم دیاردەی خۆدواندنی منداڵ(مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خۆیدا دیاردەیەکی ئاساییەکە بەدەنگی گەورە قسە لەگەڵ خۆی دەکات.

یاخود دیاردەیەکی تر لەکەسایەتی نووسەر تەنیاییە، زۆر حەزی لەتەنیایی بووە تارادەی چێژی لێوەرگرتن، تاوەکو سەرنجە وردەکانی بهۆنێتەوە، کەدەڵێت: (( عەرزم کردن کە زۆر حەز لەبە تەنهایی دەکەم وە زۆریش ئاسودە بەخەیالات پەیدا دەکەم ئەمە خاسیەتێکی منداڵیمە، من ئەم خاسیەتەم زۆر چاک لە قولە بەکاردەهێناسعاتەها لەسە ئەستیورە زەلامەکانی دەوری قولە دائەنیشتم سەیری شەپۆڵە وردیلەکانی قولە دەمیک و سەیری وێنەی "چیای رەش" کە لەئاوەکەوە دیاربوو دەمێکی ترم دەکردو هەزاران چەشنە خەیالاتی ئەوساکە کە دەسەلاتم بەسەردا ئەشکا بەمێشکم دا ئەهات ئەمانە وردە وردە جوانی تەبیعەتیان لەدڵ چەسپاندم چاویان بەرەونەقی خۆیان گەلاوێژ دەکردم.)) (٢٢). تەنیایی نووسەر لەخۆدوورخستنەوەو ڕاڕایی و دڵتەنگی...هتد نەهاتووە بەڵکو خۆی تەفسیری هەست وزەینی خۆی دەکات کەوا بۆتە بنەمای چەکەری بیرو چێژ لێوەرگرتن، چونکە لەبواری دەروونناسییەوە ئەم حاڵەتە ڕوون و ئاشکرایە کەوا منداڵان لەخوار تەمەنی "٩-١٠" ساڵییەوە (شاعیر وفەیلەسوفن، دەڵێین کەوا لەگەڵمان دەژین، بەڵام لەواقیعدا ئەوان هاوشێوەی پیشلەلەنێو خودی خۆیان گۆشەگیرن، بەردەوام لەنێو خۆشیەکی سیحری ئامێز کە لەنێو ناخی خۆیاندا دەیبینن دەژین، سامانی زەین وعەقڵیان لەسەرووی ئاسایی وباوەوەیە، ناتوانن بریک لە بیرۆکە وبیرو بۆچوون وسامانە بە بەهاکەیان ببەخشن، تەنیا هونەرمەند ونووسەر و داهێنەرە بەناوبانگەکان نەبن.)(ارنست دمنیە:١٩٦٧: ٥٠). کەواتە ژینگەی ناوەوەو چۆنیەتی تێروانینی تاک لەخۆیەتی خۆی کاکڵی بنچینەیی بنیاتی کەسایەتی مرۆڤەکانە لەچونیەتی گونجانی کەسی وکۆمەڵایەتی" ژینگە" چونکە ڕامانەکانی تاک لەشێوەی کرداری خۆی" فۆرم" و لەوێنای شێوەی لەقوڵایی خۆیەتی خۆیدا دەبنە نموونەی باڵا وئاراستە وبەها وپێش بینیکردن وئامانج کە مەبەستیەتی بیان هێنێتەدی، ئەمەش هەموو خودێک هەوڵی هێنانەکایەی دەدات.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە چەندە تاک سەرکەوتووبێت لە هاوسەنگی وهەماهەنگی لەنێوان ئەم دوو ڕامانە" خەمۆکی و تەنیایی" لەهێندی حاڵەتدا "هاوشێوەی دڵدار و کەسایەتیە داهێنەرەکان" دەبێتە هۆکاری ئەوەی پاڵنەری گەشەی ئەرێنی لێ بێتە کایەوە، چونکە ئەم جۆرە کەسایەتیانە کە چینی کەمینەن نایانەوێت خەڵکیش بەهەمان ناخۆشیەکاندا تێپەڕێت، بۆیە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان پلان و پرۆژەو بیرۆکەی نوێی بهێننەکایەوە.

ژیان لەدیاردەو حاڵەتی نەخوازراو بێبەش نابێت بەڵکو لەهەر سات و کاتێکدا دیاردەکان ڕوودەدەن لەوانە هەندێ بنەماڵە یان کەسایەتی لەهێندی حاڵەتدا هەڵوێستێکی نادیار یان پرسیارێکی نامۆ لەکەسێک دەکەن بەبێ ئەوەی پێشوەختە سەرە داوێکی دابێتە دەست، جگە لەوەی تەمەنی کەسەکەی لەبەرچاو گرتبێت، ئایا لەئاست ئەم پرسیارە وەڵام وکاردانەوەی چۆن دەبێت، دڵدار یەکێکە لەو کەسانەی لەهەڵوێستێکی قورس ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵوێستە چاوەڕواننەکراوانە بۆتەوە، کاتێک ئاسەفی برای بانگی لێوە دەکات و لێدەپرسێت: ((یونس تو چیت؟ جوابم دایەوە: "من یونسم چ بم" ئینسانم ووتی مرازم ئەمە نیە یەعنی تۆ خۆت بە کورد یان تورک یان ئینگلیز دائەنێت یان نا؟ پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە هیچی لێ تێنەگەیشتم بەڵام یەک شتی لەعەقیدەو ئیدیعا گۆریم کەئەویش لێیان پرسیم تو چیت بڵێم کوردم.. دوو سێ سەعات لەژێر تەئسیری ئەم وتارانە مامەوە لەنیهایەتدا قەرارمدا کەرقم لەهەمووی ببێتەوە.))(ل٢٥) وێنەی گۆمێکی شڵقاوی لێهاتووە کە بەردێکی گەورەی تێگیراوەو لەرینەوەیەکی گەورەتری دروستکردووەو لە وەی چاوەڕوانکراوە، دەبێ ئەوەمان لەبیر

بێت قورسی بەردەکە وایکردووە زۆر زوو بکەوێتە ژێر ئاوەکەو لەبەرچاوان وونبێت، کەدەڵێت: ((ئەمە دەرسی یەکەمی نیشتمان پەروەری بوو کە وەرمگرت وبەم چەشنەش لەدڵمدا جێگیرنەبوو.))(ل٢٦). واتە کاردانەوەکان لەو حاڵەتانەدا ڕاستەوخۆنییە بەڵکو پێویستی بەکات هەیە تاوەک شەن وکەوی بکات. چونکە تاکەکان ئەگەر لەنێو ڕەگەز پەرستی وکاری جیاخوازی نەتەوەیی ونەژادی نەژین ئەوا هەست بەجیاوازی ناکەن، بۆیە دەڵێت بڕیارمدا ڕقم لەهەموویان بێتەوە، هەڵبەت ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە تاک بەبێ ئەوەی تێبگات شتەکان ڕەتبکاتەوە، جگە لەوەی دەکرێ بڵێین لەلایەکی تر ناوشیاری وگوێ پێنەدان ورەگەزپەرستی خەباتکارێک دەخاتەروو، کە نابێت کەسانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ تۆی جیاکاری و ڕقوکینە و دووبەرەکی ورەتکردنەوەی تاکەکان لەجێ ناسنامەو قبوولکردن لە زەین و هەستی نەوەکاندا بچێنن، لەم بارەیەوە تۆفیق حەکیم دەڵێت: (گەلە لاوازەکان بەردەوام لەو گومان ودڵەڕاوکێیەدا دەژین، کەوا بیروباوەڕی سەربەستی ونەتەوایەتی بە وشەیەک یا پۆشینی جلوبەرگێک دادەماڵرێت و دەڕوات، بۆیە لەتەنیا وشەیەک دەربڕینێک هەڵدەچێت ودەترسێت...ئەم هەناسە سواریەش دیاردەیەکە لەژیانی هەموو میللەتاندا باوە، بەگوێرەی ڕەچەڵەکی لەڕووی سەربەخۆیی و شارستانیەت وهێزەوە. )(توفیق الحکیم:٢٠٠٥: ٤٩-٥٠). کەواتە چۆنیەتی گەیاندنی پەیام بە بەرانبەر کارێکی سانا نییە، نابێت توندوتیژی تیایدابێت تاوەکو نەبێتە مایەی ڕق لێبوونەوەو ڕەتکردنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و خۆشحاڵییە تایبەتمەندی کەسایەتی دڵدار لەوەدایە کەوا دیاردەو خەسڵەتی ڕق لێبوونەوەی نییە" ئەم خەسڵەتە دایکی ودایەنەکەی ڕایانهێنابوو، کە دەبێت سەربەرزبێت"، بەڵکو خاوەنی پەیامێکی مرۆڤ دۆستانەیە، بەو واتایەی کەسایەتی هەر کەسێک لەئەنجامی (کارلێکی هۆکارە بایۆلۆژیەکان وکۆمەڵایەتیەکانەوە پێکدێت وکاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت چەندەها ئامادەیی بۆماوەیی جەستەیی ودەماری و دەروونی وەک زیرەکی و بەهرە و هەستیاریی هەڵچوون وپلەی گوڕوتاو و تەنبەڵی وتوانای بەرگەگرتنی دەروونی لەهەمبەر فشارەکانی ژینگەدا لەگەڵ خۆی دەهێنێت.)(مەحمود محەمەد:٢٠١٢: ٤٤).

لەو ڕووەوە دڵدار پێشەنگە لەگەڵ ئەوەی نەخۆشی زمانیشی هەیە، کەچی کەسایەتیەکی پێشەنگە؛ ئەو سووربوون لەسەر سەرکەوتن وتێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی لەوەدایە، هەر لەمنداڵیەوە بیروبۆچوونی پڕوپووچی ڕەتکردۆتەوە، کەتەنیا بەکریمانەیەک لاوازبێت وگومان لەهەست وزەینی چەکەرەبکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێداگیری لەسەر تواناکانی خۆی کردووە؛ کاتێک مامۆستا زەکی لە دوارۆژەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، کەبەرەو تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەچن پێیان دەڵێت فاڵتان بۆ دەگرمەوە، کەچەند دەنکە برنجێکی دانابوو، دەبوو چاویان بنوقێنن وچەند دانە برنجێک هەڵگرن دواتر یەک دانە بژمێرن بەپێ ژمارەکە ڕستەیەکیان بۆ دەخوێنێتەوە، بەدڵدار دەڵێت: (("لا یمکن ان تنجح فی الحیاة لانك تقتل عصفورین بحجر واحد، فیطیران منك وترجع بخفی حنین" بەمە ڕەفیقەکانم لە پێکەنینیاندا، من چاوم پڕبوو لە ئاو.. قورئانێکم هێنا زۆر بەتەهەورەوە سوێندم خوارد کە مومکین نییە ئەبێ من هەر ناجح بم وە لەحەیات سەربکەوم.))(ل٤٦). لەڕووی دەروونناسییەوە ئەم جۆرە کات بەسەر بردنە بۆخۆشی وگاڵتەش بێت نابێت لەکاتی واهەستیاردا ئەنجام بدرێت، چونکە لەو کاتەدا خۆی شڵەژاوەو لەدڵەڕاوکێدا دەژیەت، جگە لەوەی لەقۆناغی هەرزەکارییدایە، کەدەبێت پەروەردەکار یارمەتیدەرێکی ئەرێنی بێت وتاک لەسەر ڕێنمایی و ڕاهێنان ڕابهێنرێت، تاوەکو کەسایەتیەکی پتەوی لێ بهێنرێتەکایەوە نا بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی

ڕامانە؛ پەروەردەی خانەوادەیی دڵدار کاریگەری هەبووە لەوەی چۆنفێری پێداگیری و ڕاهێنان وبڕیاردان بێت و بەسانایی دەستبەرداری شتەکانی خۆی نەبێت وتەسلیمی بەرانبەری بکات.

- دڵدار و خوێندن... دڵدار هەر لەمنداڵییەوە خولیاو متووی خوێندن وفێربوون بوو؛ بەجۆرێک حەزی لەخوێندن بووە

تاڕادەی ئیرەیی بردن بەوقوتابییانەی بەیانیان بەبەردەمی پەنجەرەکەی تێپەڕئەبوون، کەدەڵێت: (( ئەمین زۆر پاک وخاوێن وبە ئەدەب بوو هەموو ڕۆژێک بەپێش پەنجەرەی مالی ئێمەدا رائەبورد گەلێکم حەسوودی پێ ئەبرد چونکە ئەچووە مەکتەب.))(ل١٩). لامان ڕوونە ئیرەیی هەڵچوونێکی لێکدراوە لەنێوان کۆمەڵە هەڵچوونێکی غەم وپەرۆشی وتوڕەیی ودڵەڕاوکێ ورقوکینە...هتد دا. جیاوازی ئیرەیی لەوەدایە کەوا دیاردەیەکی دەروونی درێژخایەنە بەبەراورد لەگەڵ هەڵچوونەکانی تردا کە کاتییە وقۆناغ بەقۆناغ بەرەو پووکانەوە دەچێت، بەڵام سەبارەت بەئیرەیی دڵدار ئیرەیی زانستە، کەنایەوێت لەو بەخششە گەردوونییە بێبەش بێت بەڵکو دەیەوێت تاوەکو زووە بگاتە ئەم کاروانە بەچێژە، بۆیە پێداگیری دەکات ودەڵێت: ((کە مەکتەب کرایەوە دەستم بەگریان کرد کەلازمە بچم بۆ مەکتەب.))(ل١٩) واتە ئیرەیەکی زانستی پیرۆزە لەپێناو پێشکەوتن وناسین و وردبوونەوەیە لەدەورووبەر.

منداڵی دڵدار قۆناغێکی لەباربووە بۆ پێگەیاندنی لەڕووی ئەو پێشهاتانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، کاتێک لەڕانیە بوونە، لەیەکەمین ساتە وەختی چوونی بۆ قوتابخانەی عوسمان ناوێک هەڕەشەی لێدەکات کەوا چاوی دەردێنێت، ئەویش کەپێ دەڵێت بابزانم عوسمان پەنجە دەکاتە چاوی. دڵدار سەبارەت بەو ڕووداوە دەڵێت: ((لە پاش ئەو حادیسەیە من و ئەو کوڕە بووینە برادەرێکی زۆر مەتین. ئیعتمادم زۆر لەسەری دەکرد زۆریشی ئیعتماد لەسەر دەکردم وە لەعەینی وەختا ئینقلابێکی فرێدایە ناو ژیانمەوە ئەویش هاویشتمیە ناو جوولانەوەو ڕانەوەستان بەتەبیعەتی حاڵ فێری تۆپێنی وقاشەوانی و سێ باز لەئەم چەشنە یاریە عەنیفانە بووم لەم ڕووەوە زۆر قەرزاری "عوسمان"م.))(ل٢٣). کەواتە لێرەوە ڕادێت چۆن لەڕووبەڕووبوونەوەو ململانێ وتوندوتیژی ڕابێت، جگە لەوەی نابێت ڕاوەستێت و تەنیا بینەر بێت، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی هەبێت وببێتە کەسێکی شارەزاو لێهاتوو، کەئەمەیش لەڕێی کۆمەڵێ ڕەگەزی ( * ئەقڵی" مەعریفی": بریتییە لەپێوەرەکانی ئایدیۆلۆژی و زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر سۆزو عاتیفەدا، * ڕەگەزی ویژدانی" سۆزداری": بریتییە لەرەگەزە دەروونییەکان کە بۆ هاندانی دەروونی مرۆڤ درێژدەبێتەوە، * ڕەگەزەکانی ڕەوشت" هەڵسەنگاندن": بریتییە لەتێبینیکردن لەسەر پەیوەندییەکان وهاوسەنگی لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان.)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ١٣٦)، بەو واتایەی ئەگەر تاک دەستەوەستان بوەستێت دەبێتە کەسێکی پەرەنەسێن.

کاریگەری هاوڕێیەتی عوسمان دەبێتە بناغەیەک بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت وبڕیاری خۆی هەبێت بەتایبەتی کاتێک ئەحمەدی خواجە ئەفەندی کەهاوڕێ ئاسەفی برایەتی دێتە ماڵیان و وێنەیەکی شێخ مەحمودی نەمری دەداتێ؛ کەدەڵێت: ((زۆر کەیفم پێخۆش بوو کە ڕەسمی مەلیکی کوردوستانم لابێ، بەڵام کوردوستان کوێندەرە؟ ئەمەم نەئەزانی لەکەسیشم سوئال نەدەکرد پاش دوو ڕۆژ موجەلەیێکی میسریم شەق وپەق کرد ڕەسمەکانیم دەرهێنا وەک شریت بەسەمغ بەیەکترمەوە نوساندن" ڕەسمی مەلیکی کوردستانیشم لەگەڵ وان تێکم بەست ئەو سەر شریتەکەم



لەدارێک خست وسەرەکەی تریشم لەدارێکیتر خست ...لە محەلەکە سەیری مندالانم ئەدا، کەدەگەیشتمە سەر شێخ مەحموود ئەمووت:" ئەمە شێری شێرانە مەلیکی کوردوستانە" بەم سورەتە شێری شێران ومەلیکی کوردوستانم نیشانی مندالان ئەدا.))(ل٣٥)، کەواتە لێرەوە چەکەرەبوونی کەسایەتی دڵدار وەکو دارێژەرێک وجێبەجێ کارێک چەکەرەدەکات، کەخاوەن بیرۆکەی خۆیەتی ئەمە ش پێت و ڕازی کەسایەتیە خۆیەتیە دانسقەکانە.

بەردەوامی جێگیرنەبوون و گوازە گوازی دڵدار لەشوێنیک تاشوێنیکی تر کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەوەی لەجوغزێکی داخراو نەمێنێتەوەو بەڵکو لەبازنەیەکی کراوەدا بژیت ولەگەڵ توێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵ تێکەڵاوی پەیدابکات ولێهاتوویی وبەئاگایی خۆشی یارمەتیدەری بووە لەوەی چۆن مامەڵە بکات بەتایبەتی لەساڵی ١٩٣٦، کەوا لەگەڵ شەش هاوڕێ نوسراوێک ئاراستەی پارێزگار"لیوا"ی هەولێر بکەن وەکو نارەزاییەک لەبەرانبەر ئەو سووکایەتەی بەزمانی کوردی دەکرێت، کەدەگاتە ئەو ڕادەی لێپێچینەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی دوایی بڵاوبوونەوەی بریاری "عصبة الامم" کەدانی بەمافی زمانی کەمینە نەتەوەیەکان داوە، دڵدارو هاورێییەکانی نوسراوەکە پێشکەشدەکەن، وەکو دەڵێت: ((فیعلەن نووسراو رەوانەکرا. بەڵام نەتیجەی مەحسوسمان نەکەوتە دەست... تەنیا لە زوبانی پیاوێکە گەورەوە بۆیان گێراینەوە کە بەسورەتی واسری شتی واحەیەوی زەرەرە، هەر کەسێکی کەئەمانەی نووسیوە وە یاهەر جەماعەتێک کەئەمەی کردووە بێن ئیدیعابکەن ئێمە تا ئاخیر نەفەس بەگەلیانین خێرا تێگەیشتین حکومەت...ئەیەوێ بەم سورەتە نیقاب لەسەر ئەم جەماعەتە لابدات، تەبیعی ئەم نووسینانە کەوتە بەرچاوی هەموو کەسێکی لێوەشاوە بەراستی ئیستیفادەیەکی زۆری لەلایەن ئینتیباهی قەومی یەوە بەخشی.))(ل٥٨-٥٩). کەواتە دڵدار و هاورێییەکانی نەک هەر خاوەنی زمانێکی قەناعەت پێهێنەربن، بەڵکو توانیویانە کاریگەریی وپێداچوونەوە لەسەر ڕای گشتیش بهێنەکایەوەو هێزێکی جووڵێنەربن، ئەمە ئیرادەی ئەو کۆمەڵە گەنجەمان بۆدەخاتەڕوو تاچەند خۆیان پەیوەستکردووە بەکێشەی نەتەوەکەیان وئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوون، کەواتە ئیرادە ـ ویست ـ (وا لەمرۆڤ دەکات خۆی پەیوەستی ئەو شتە بکات، کەحەزی لێدەکات، تەنانەت پێیوایە مەسەلەکە بەگشتی یەک شتە وخۆیشی بەشێکە لەو گشتەو ئەو شتەش، کەخۆشی دەوێ بەشێکی دیکەی گشتەکەیە.)(رێنی دیکارت:٢٠١٠: ٦٥-٦٦).

- لایەنی کۆمەڵایەتی. بوونی دڵدارلەنێو خانەوادەیەکی گەورەو ڕۆشنبیر کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە بەئاگایی و

وریایی لەدروێنەی دەوروبەرەکەیدا، لەوانە سەبارەت بەدایکی دەڵێت: ((دایکم ئافرەتێکی دڵ نەرمی جارجار زۆر تورەی، سەخی، بەتەدبیرە، بێجگە لەمەش زۆر مەتەحەمیلەیە، وەعیزەتێکی نەفسی زۆر نادری هەیە.))(ل١٣). بەو واتایەی لەباوەشێکی هاوسەنگ و دوور لەزێدەڕۆیی گەورەبووە، کەبەردەوام دەبێت ودەڵێت: ((هەروەکو عەرزم کردن کە بۆ من تەسادوفی دەوری فەقیری ودەربەدەری فامیلیای ئێمەی کردووە هەر لەو فەقیریەش گەورەبووم، خێزانێکیزۆری وەک ماڵی ئێمە لەهەولێر بەکلاودروەتی وموساعەدەی مەلا ئەفەندی بەرێوە دەچوو. لەگەڵ ئەمەشدا عیزەتی نەفسی عائیلەوی وخۆبەکەم دانانمان هەر موحافەزەکردووە...من لەسەر ئەو قەناعەتە پەروەردەکراوم.)) (ل١٦). ناجێگیری وناسەقامگیری وشڵەژاوی وباری دەروونی وخراپی باری

ئابوری خانەوادەکەیان دەخاتەڕوو، ئافرەتەکانیش کاریان کردووە "لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر خاڵێک بکرێت، ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەت بووایەو ئەو بزوتنەوە رووناکبیریەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەکورستاندا، هاتەکایەوە لەوانەیە ئەم شێوازی دەستی کارە کاریگەری هەبووایە لەچەکەرەکردنی چینی ناوەند و پێشکەوتنی کلتوری کۆمەڵایەتی،،،بەڵام خلیسکانی چینی رۆشنبیران بۆ نێو زەلکاوی سیاسیەتی کرچ وکاڵ، کەش وهەوای کۆمەڵایەتیشی بەر لەگەشەکردنی فەوتاند". ئەمەش سەرەداوێکی تر دەخاتە دەستی نووسەرەوە، کەوا هەر کەسێک دەبێت لەڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکانی ژیاندا پشت بەخۆی ببەستێت، نەک وێنەی کەسێکی یۆتۆپی مامەڵەبکات وخۆی بخواتەوە، بەڵکو دەبێت وەکو دایکی بێت کەدەڵێت: ((دایکم نەیهێشتووە کەبچمە کۆڵان لەگەڵ منداڵن یاری بکەم بۆ ئەوەی کە لەماڵەوە عاجز نەبم دایکم ئافرەتێکی بەخێودەکرد دوو کوڕی پارچەلەی هەبوو.))(ل١٧).

ئەمە ڕەسەنایەتی و ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خانەوادە دەخاتەڕوو تاچەند خانمێکی وشیار بووە لەپەروەردەکردنی تایبەتی دڵداردا بۆ ئەوەی هەست بەکەموکوڕی نەکات، چونکە هەر کەسێک ئەگەر بێتو سەرجەم بوارەکانی ئابوری، رۆشنبیری و سیاسی...هتد ژیانی بۆ دابینبکرێت، ئەگەر لایەنی کۆمەڵایەتی ساغ ودروست نەبێت ئەوا کەسێکی ناساغی لێ دەردەچێت، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی گوێەک سەرجەم تەوەرەکانی بەدەوردا دەسوڕێتەوە، کەواتە خێزان (یەکەمین دەزگای کۆمەڵایەتیە کەهەڵدەستێ بەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵێکی گەورەشی تێدادەبینێ...فرۆید پێوابوو پێگەیاندن لەقۆناغی هەرزەکاری دێتە تەواوبوون، جا چ سەرکەوتووبێت لەخۆ گونجاندنی وەک تاک لەگەڵ کۆمەڵگا، چ تواناى گونجانی نەبێت وبەرەو لادان مل بنێ،)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ٤٢)، دەکرێ بڵێین دڵدار لەچوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لەژینگەیەکی تایبەت بەهەموو خۆشی وناخۆشیەکانیەوە گەشەیکردووەو ئەو تایبەتمەندی خانەوادە بنچینەییە یارمەتیدەری بووە بۆ ناسینی خۆی ودەوروبەری لەنێوان ئەرک ومافدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دڵدار لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی خانەوادەیی زۆر بەهێزبووە، لەوانە دایکی هەر وەک ئاماژەمان پێکرد هەروەها کاک سەعدی برا گەورەیی وئاسەف و زەینەب خانی خوشکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕێگری نەکردووە لەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت، جگە لەوەی یەکلابێتەوە لەزۆر دیاردەو خەسڵەتی تاکەکاندا لەوانە:

کاتێ خانەوادەکەی دڵدار هەست بەلێهاتوویی بەتوانایی دڵدار دەکەن ونایانەوێت ئەو توانایەی بفەوتێت، بۆیە کاک سەعدی برا گەورەی داوا لەباوکی دەکات لەگەڵ خۆی بیباتەوە هەولێرو لەوێ درێژە بەخوێندنی بدات ئەگینا مانەوەی لەڕانیە دەیفەوتێنێت. بۆیە کەدەچێتە ماڵی کاکی زۆر ڕاشکاوانە باس لەحاڵی نەگونجان وناجێگیری دەروونی خۆی دەکات، کەدەڵێت: ((ئەکەر لەهەولێر لەلایەن هیچ شتێکەوە نوقسانیم نەبوو.. بەڵکو وەکو مەلێکی کەفیری دەشت بووبێ لەناو قەفەس دابنرێ بەم جۆرە دڵم لێی ئەگوشرا خاسەتەن قیرە قیری براژنم کەجاران خاڵۆژنم بوو.))(ل٢٤)، لەبەر ئەوەی دڵدار لەماڵێکی ئارامەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژینگەیەکی پڕ لەگلەیی وتوڕەیی ورەتکردنەوە کەسیفەتی براژنی بووەو کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر نیگەرانی وبێزاری دڵدار، چونکە لەچەند گێڕانەوەیەکی تردا ئاماژەی پێکردووە لەوانە، کەدەڵێت: ((لەسەر هەموو شتێک شەڕێکی دەکرد من

رقم لەماڵەکە ئەبۆوە، یەکەم ئیشتیاقی رانیە دووەم بێزاریم لەهەولێر.))(ل٢٤). کەواتە ڕق وشەڕ وتوڕەیی لەبەرانبەر ئارامی ونەرمی دایکی تەنگی پێهەڵچنیوە.

سەبارەت بەگلەیش کاتێک کاکی ماڵیان دەگوازنەوە بۆ خانوویەکی کۆنە دەڵێت: (( خانوەکە زیکرەیاتی کۆنی براژانمی هێنابووە جۆشش ودەمو سەعات بەدەم شەڕەوە باسی خۆشی خانوی خۆیانی دەکرد منەتێکی دوور ودرێژی بەسەر خوادا دەکرد بەم حاڵە رازبە.))(ل٢٩). ئەو گلەییانە وایکردبوو مشتومڕیشی لێبکەوێتەوە لەنێوان برا وبراژنی کەبەیانییەک لە دەنگە دەنگی ئەوان خەبەری دەبێتەوەو دواتر کەلەنامەیەک ڕووداوەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوەو باوکی توانج لەکاکی دەدات، بۆیە کاکی زۆر تورە دەبێت و((زللەیەکی لەبنا گوێ دام وسوێندیشی خوارد کە لەنێو پاش بەزللە قسە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات براژنم ووتی: لەگەڵ منیش؟ ووتی کێ لەگەڵ تۆیەتی!!))(ل٣٢). بەڵام کاتێک کاکی ئیجازەی پارێزەری بەدەست دێنێت داوا لەخێزانەکەی دەکات کەوا چیتر نابێت کاری بەرگدووریی بکات، دڵدار دەڵێت: ((شەڕێکی زۆر گەورە لەبەینی ئەم و ژنەکەی قەوما، شەرەکەش لەسەر ئەمەبوو کە نابێ براژنم خەیاتی بکات ئەویش رازی نەدەبوو، ئاخیری موەفەق بوو بەشەرو قیرە قیر پێی سەلماند، ئەمە وابزانم یەکەم"ئینتیسار" بوو کە لەحەیاتی ژن ومێردایەتی ئەودا رووی دابوو.))(ل٣٣). کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم سەرنج و ڕامانە وردیلانە کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی دڵدار هەبوو کەوا ژیان لەنێوان دەسەڵات ودزێویی لەهەڵکشان وداکشان، ئارامی وناجێگیری دایە، جگە لەوەی دەبێ نهێنی پارێز بێت و هەروەها هاوتەریبی سەرپەرشتیکردن دەسەڵات لەدەستی کەسە دەسەڵاتدارە هەڵچووەکان چۆنە؟ کەدەبن بەخاوەن دەسەڵاتێکی ئیداری.

سەبارەت بەکاک ئاسەفیش، لەو کاتەی بەسەردان دەچێتە ماڵی ئەوان لەمەخمور، ئاسەف لەگەڵ خۆی دەیباتە شوێنی کارەکەی وفێری تایپکردن دەبێت ونامەیەک بۆ باوکی بەتایپ دەنووسێت. ئاسەفیش بڕیاردەدات کەوا دیارییەکی پێببەخشێت لەبەر لێهاتووییەکەی، کەدەڵێت: ((ئاسەف سەعاتێکی زێرو لیرەیێکی" موکافاتی" دامێ، بەڵام لەپاش دوو رۆژ سعاتەکەی لێ سەندمەوە بەحوجەتی ئەمەی یەکێکی چاترم بۆ لەموسڵ جەلب دەکا وە لیرەکەشم لای براژنم دانا کە گەرامەوە هەولێر بمداتەوە، بەڵام کە گەرامەوە هەولێر نەسەعاتم پێ بوو نەلیرە.. سەعات هێشتا نەگەیشتبووە جێ لیرەش بەقەرز خەرج کرابوو.))(ل٢٥)، کەدەڵێت لێسەندمەوە" سەندنەوە واتە دەسەڵات، چونکە ناڵێت لێوەرگرتمەوە"، واتا پاشگەزبوونەوە لەبڕیارەکەی، ئەمە یەکلایدەکاتەوە کەسەکان لەبڕیاردان جیاوازن لەنێوان پابەندبوون ونەبوونی جێگیرییان، بەو واتایەی (هەڵچوون ئاراستەکەری ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی مرۆڤەکانە، تا ئەو ڕادەیەی بیرو بۆچوون وباوەڕیان لەسەر بنەمای هەڵچوون بنیاتنراوە، کەمینەیەکی کەم عەقڵ ڕابەر ورێ نیشاندەریانە.)(د.علی الامیر:٢٠٠٢: ١٩٩).

لەگەڵ ئەوەشدا دڵدار ئاماژەی بەمامەڵەی براکانی لەئاست مامەڵیان لەئاستیدا کردووە، کاتێک کە لەماڵەوە" ماڵی کاکە سەعدی" کەلە چۆنیەتی بازاڕکردنی ڕازینین و کاکی لێ ئاگادارەدەکەنەوە، کەوا لەقسەیان دەردەچێت و دەڵێت: ((کاکەم سەعدی بەشکایەتی ئەوان وەک بورکانێک بەسەر سەری مندا ئەتەقی بەڵام زۆر جاران ئاسەف موحافەزەی دەکردم و بەنەرمی دڵی ئەدامەوە کە کاکە سەعدی برا گەورەیە نابێ لەقسەکانی عاجزبم...ئەم لەئاسەف چاکتر سەیری نەواقیسی دەکردم، بەڵام من لەدڵدا ئاسەفم لەئەو زیاتر خۆش دەویست وزیاتر مەیلی ئاسەف بووم.))(ل٣٢). جارێکی تر جەخت لەسەر گرنگی وتایبەتمەندی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکەینەوە لەڕووی گرنگی

وتایبەتمەندییەوە (پشت بەفێرکردن وتێگەیاندن ولاساییکردنەوە دەبەستێت ویەکیان دەخات لەگەڵ شێوەکانی ئەقڵ وئاکار وسۆز لای منداڵ ومێردمنداڵ، ئەم پرۆسەیە ئامانجی تێکەڵبوونی رەگەزەکانی روشنبیرییە لەیەکبوونی" نەسق" کەسایەتی، کەپرۆسەیەکی بەردەوامەو کۆتایی نایە.)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ٤٦).

دەربارەی زەینەب خانی خوشکی، کاریگەرییەکی بەتینی لەژیانی دڵداردا هەبووە، کەواتە (پەیوەندییەکی توندوتۆڵ اەنێوانیان هەبووە، کاتێ لاویەتی کە لەهەولێر بووە زۆرینەی کاتەکانی لەماڵی ئەوان بەسەر بردووەو بیرو بۆچوونیان سەبارەت بەئەدەب و بواری زانستیش گۆڕیوەتەوە، چونکە زەینەب خان لەشیعرەکانیدا ئاماژەی بەبابەتی زانستی کەونی و کێشکردن ومادە کردووە.)(حکمت حمید: چاوپێکەوتن:٢٠١٧).

زەینەب خان دڵداری زۆر خۆشویستوە، پۆپەی هەستیشی لەو شیعرەی کە لەدوایی کۆچی دوایی دڵدار نووسیویەتی، ئازار و کۆستلێکەوتوویی و دابڕانی ئەوی خستۆتە ڕوو، لە (شیوەنی دڵداردا دەڵێت:

شەهسواری عەرشی کوردو یونسی دڵدارم ڕۆ
قەڵەمی عیلم و ئەدەب وشکۆفەی بەهارم ڕۆ
سورەتی قەومی خۆی کێشا بۆ ئەجیالی پاشی خۆی
دڵ بەڕەحم ومیهرەبان و سوارچاکی نازدارم ڕۆ
لەحەسرەتی جەهالەت ولەقەهری بێ دەوڵەتی کورد
سەحەت ورۆحی خۆی دانا یونسی گوڵعوزارم ڕۆ
فەخرە بۆ ئەو غەرقی حوببی نیشتمانی خۆی ببوو
حب الوطن من الایمان مەقامی پایەدارم ڕۆ
پێم مەڵێن (زەینەب) ناشکورەو شینی دڵدار بۆ دەکا
رەسمی ئیخلاسی دەکێشم برای تاقە سوارم ڕۆ
جەرگ وقەلبی کون کون کردم جەفای تیری هیجرانی ئەو
هەر بەقسەو گوفتار خۆشە بڵێم خەونی هەزارم ڕۆ.)(حکمت حمید: چاوپێکەوتن:٢٠١٧).

زەینەب خان لەم دەقەدا زۆر بەووردی کەسایەتی دڵدارمان بۆ دەخاتەڕوو لەڕووی پیشەوایەتی، لاو ورۆشنبیر، دارێژەر و پلاندانەر، سەربەرز و خاکەڕا" متواضع"، نیشتمانپەروەرو کەسایەتیەکی تێگەیشتوو، دواتر باس لەوە دەکات کەس گلەیی و لۆمەی لێنەکات لەبەر ئەوەی ئەم هاوڕێ و برایەکی گەنج و سوارچاکی فیکری لەدەستداوە.

کەواتە دڵدار لەنێو ژینگەیەکی تێرو دەوڵەمەند لەخۆشەویستی ورۆشنبیری و بژێو لەزەین گەشەی کردووەو پێگەیووە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی بەدوایی بژاردەی سێیەم بگەڕێت.

- نیشتمانی و سیاسی. کەشی پەیوەندی خانەوادەی دڵدار کاریگەری هەبووە لەچۆنیەتی ئاراستەو پاڵنەری سیاسی





ونیشتمانی، چونکە (ماڵی دڵدار مەرکەزێکی ڕۆشنبیری زۆر موهیم بووە، ناوەندێکی کۆکەرەوە بووە لەنێوان کۆیەو هەولێر وسلێمانی...خانەوادەیان پەیوەندی لەگەڵ بابان وسوڵتان عبدالحمیدو هەروەها پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ پیرەمێرد و بێکەس وگۆراندا هەبووە، ئەو جارانەی پیرەمێرد هاتۆتە کۆیە لەماڵی ئەواندا میوانداری لێکراوە.)(حکمت حمید: چاوپێکەوتن:٢٠١٧). کەواتە دڵدار لەنێو خانەوادەیەکی بەهەڵویست چاوی هەڵێناوەو پشکوتووە، کەدەڵێت: ((وولاتی ئێمە بەهودنە ئیحتیلال کرا، مەئمورینی ئەویش قبوڵی حوکمی ئینگلیزیان کرد، مایەوە ئەوەی قبوڵ نەکرد پەراگەندە بوو، ئێمە یەک لەو پەراگەندانە بووین باوکم بەتەنها فیراری کردبوو لەرانیە نەمابوو.))(ل١٤)، باوکی دڵدار هاو هەڵویستی عوسمانییەکان بووە ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە یەک ناگرێتەوە، کەدەڵێت: (دڵدار هەر لەمنداڵیەوە لەباروودۆخێکی ناجێگیردا ژیاوە، چونکە باوکی فەرمانبەرێکی میری سەردەمی عوسمانی بووە، بۆ دەست خستنی ژیان وگوزەران بەناچاری دوای کارەکەی کەوتووە.)(هێرۆ عبداللطیف: ٢٠٠٨: ١٥)، گوایە باوکی دڵدار لەگەڵ قائمقامی کۆیە دەمە قاڵیان بووەو لەسەر بابەتێک تێک نەگەیشتوون، بۆیە دوورخراوەتەوە، بەڵام وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لەسەر هەڵوێست بووە، چونکە دڵدار لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت: ((باوکم وای چووبووە عەقڵەوە کە مادامەکی حکومەتی ئیحتیلال متەوەقفی سەر" ئیستفتایە" هەر حکومەتی عوسمانی دێتەوە...بەڵام لەلایەکی تریشەوە حیسی ئەمەی ئەکرد کە ئەگەر لەکۆیە بێ تووشی زەرەر ئەبێ لەبەر ئەمە لەپێش گەڕانەوەی ماڵی ئێمە بۆ کۆیە ئەو چوو بووە هەولێر.))(ل١٤)، کەواتە ئەمە نەک هەڵوێست، لایەنگیرییە چونکە  ئەوان یەکلان لەو فەلسەفەی باوەڕیان پێ هەیە.

کەواتە هاوتەریبی لایەنی کۆمەڵایەتی لەم بواریشدا بنەما وبنەچە هەن کەوا کاریگەری نەستییان لەدڵداردا هەبووە، لەوانە ئاسەفی برای کەباسی کوردایەتی وکوردبوونی بۆ دەکات و وەکو خۆی دەڵێت هەرچەندە تێ نەگەیشتووە لەوەی دەیڵێن، دەڵێت : ((من یونسەکەی جاران نیم من...نیم کوردم،وە وام حەزدەکرد کەباز بدەم و بەکۆڵاناندا راکەم وهاوار بکەم:"من کوردم، من کوردم" ئەم ئینقیلابە غرورێک وغیرەتێکی دامێ کەنازانم وەسفی بکەم.))(ل٢٦)، یاخود کاتێک سەعدی جەلالی هاوڕێ ئاسەفی برای لەباسی کوردایەتیەوە پرسیار لەدڵدار دەکات سەبارەت بەکوردبوونیەتی، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت ئاسەف شایەتمە، ئیتر سەعدی جەلال زاراوەی (بەچە شێری) فێردەکات، لەم بارەیەوە دڵدار دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((ووتی گوێگرە هەموو رۆژێ لەمەکتەب لەگەڵ برادەرەکانت یەکتر بگرن بەخۆتان بڵێن" بەچە شێر" وە ئەوەی ووتی من کورد نیم لێی بدەن، ووتم باشە.))(ل٣٣)، ئەمە وا لەدڵدار دەکات بۆ رۆژی دواتر لەقوتابخانە بیرۆکەی بەچە شێربەنێو هاوەڵەکانی بڵاوبکاتەوەو زۆریان لاخۆش بێت، کەدەڵێت: (( گەراین سێ چوار کەسی تریشمان بەزەبری مشتەکۆلەو دەنکە قەزوان کردە" بەچە شێر" هەفتەیێکی پێ نەچوو کە مەکتەب زۆرترینی ببوونە بەچە شێر.))(ل٣٣)، ئەم ڕووداوە بووە هۆی هێنانە کایەی توندوتیژی وسوکایەتی رەگەزی لەنێوان قوتابییان بۆیە بەرێوەبەری قوتابخانە کۆتایی بەم ململانێیە دەهێنێت تاوەکو ڕووبەڕووبوونەوەی توندی لەنێوان قوتابییەکان لێ نەکەوێتەوە دڵدار دەڵێت: (( ئەم مناوەریەی سەعدی جەلال بەم دوو کەلیمە قسە نیهایەتی هات بەڵام پاشی شەش ساڵ تەئسیری خۆی بەخشی.))(ل٣٤)، مەبەستی دڵدار لەو کاتەیە کە پۆلی سێیەمی ناوەندین و لەو ساڵەدا لیژنەی وتار لەقوتابخانە پێکدەهێنرێت بەمەبەستی

بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان لەزمانی عەرەبی، بەڵام ململانێ لێدەکەویتەوە، کە لە لێکدانەوەی تایبەتمەندی دڵدار لەلاپەڕەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکردووە.

ئەوەی مەبەستمانە لەڕووی کەسایەتیەوە ئاماژەی پێبکەین دڵدار لەگەڵ ئەوەی لەمنداڵیەوە فشاری کوردایەتی وکوردبوونی لەسەربووە "مەبەستمان ئەوەیە لەتەمەنێک خزێنراوەتە نێو ئەم جیهانەوە کەتەمەنی ئەو نەبووە" لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ جۆرێک نەبۆتە هۆی ئەوەی خۆبەگەورە زانینی هەبووبێت کەباسی غروری کردووە یان ببێتە شوێنکەوتە یاخود کەسایەتیەکی هەواڵی یان ڕووبەڕووی زێدەڕووی یان توندوتیژی ببێتەوە. کەواتە تایبەتمەندی دڵدار لێرەدا ڕووندەبێتەوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی پێسپێردراوە وەکو ئاماژەمان پێکرد بەرەو زێدەڕۆیی و ڕەهایی نەخلیسکاوە، بەڵکو بەرەو ڕێژەیی و وردەکاری و ڕامانی بردووە، چونکە دڵدار لەڕووی هەستی نیشتمانی بژاردەی ڕەهای پێدراوە بەتایبەتیش کاتێک ئاسەفی برای لەو تەمەنە بچکۆلانەی لەگەڵ یەکێک لەهاوڕێیەکانی بۆ کردەیەکی نهێنی دەنێرێت تاوەکو ڕاسپاردەیەک بگەیەنێتە ماڵی ئەفسەری ئیستخباراتی ئینگلیزو لەکارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت دڵدار دەڵێت: ((کە هاتمەوە ئاسەف دانیشتبوو ئینتیزاری ئەکردم...وتی ماندونەبی، ووتم دەستت ماچ دەکەم ئیتر هەنارێکی دامێ و ووتی ئەمەی ئیمشەو بەکەس نەڵێیت: ووتم باشە.))(ل٣٤-٣٥)، ئەمە وایکرد زیاتر لەڕازی پاراستنی نهێنی تێبگات.

ئەم هۆکارو شێوازە هاندەر وڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی لەقۆناغی دواناوەندی بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراو بدات و لەدوایشدا بەرەو بیرۆکەی حیزبی ببات، بەڵام لەبەر تەمەن بچووکی پەنا بۆ ڕەفیق حیلمی ببات" چونکە دەزانێت کە (پیاوێکی پاک بوو، خوێندەواربوو، ڕەشیدبوو، کەسێکی بەوەفاو بەحقوق بوو)(وریا ئەحمەد:٢٠٠٧: ١٧٦) بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی حیزب چونکە ئەم لەبەر تەمەن بچووکی ناکرێت ئەم پۆستە وەربگرێت. کەواتە دەکرێ بڵێین دڵدار خاوەن کەسایەتیەکی ساغ ودروست بووەو سوودی لەهەموو دیاردەو بەسەرهاتی ئەرێنی ونەرێنی وەرگرتوە بۆ بنیاتی کەسایەتی وخۆیەتی خۆی، سەبارەت بە پێکهاتەی کەسایەتی ساغ (لاندزمان) پشتی بەدوو جۆر شارەزایی بەستۆتەوە لەوانە (شارەزایی ئەرێنی: ئەو شارەزایانەی کەواتای خۆشی وگەرمووگوڕی وگونجان... دەگرێتەوە، شارەزایی نەرێنیش کە سەرزەنشتکردن یاپەوکردنی خودی لێدێتەکایەوە، یاخود باشتر لەخۆی تێبگات.)(سدنی م، تید لاندزمن: ١٩٨٨: ٧٧).

- بواری ڕۆشنبیری. دڵدار جگەلەوەی کەسایەتیەکی دیاری سەردەمەکەی خۆی بووە، بەڵام توانی پەنجە مۆری خۆی

لەئەی ڕەقیبەوە بەمیرات بۆ نەوەکانی دوایی خۆی جێ بهێڵێت. ڕۆشنبیری دڵدار هەروەکو خۆی باسی لێوەدەکات زیاتر بەرەو لایەنی کۆمەڵایەتی ونیشتمانی خزاوە، لەو بارەیەوە دڵدار دەڵێت: ((ئایا بۆچی قەسیدەیەکم لەسە تیلابی چاوی کچێکی جوان دانەنا؟ ئایا ئیحساسم نەبوو؟ یان گەنج نەبووم..؟ بەڵێ هەم ئیحساس وهەم گەنجایەتیم هەبوو، بەڵام موتالەعاتی تەئریخم وموحیتە ئاگرینەکەم ونەفسیەتی بۆ خزمەت تێنوم ئەمانە هەرسێکیان منیان بەلای "حاجی" دادا.))(ل٥٥)، لێرەدا گرنگی زانستی مێژوومان بۆ ڕووندەبێتەوە چەندە گرنگە ورۆڵی هەیە لەپەروەردەکردنی تاک و ڕاهێنانی لەسەر شیکردنەوەو لێکدانەوەو سوود وەرگرتن لەئەزموونەکانی. بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرسامە بەجاهید" کەهاوڕی چاپخانەی بووە"، کەدەڵێت: ((زۆرم حەز دەکرد سعاتەها لەگەڵ جاهید پێکەو

دابنیشین باس لەشیعر وئەدەبیات بکەین.))(ل٤٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی جاهید کەسێکی دنیایەی ویست و حەزی بەلەزەت وسەفاهەتبوو، کەچی ئەو دیاردانە هیچ کاریگەری لەسەر دڵدار ناکات، بەڵکو دەڵێت: ((زۆر جاران نەسیحەتم ئەکرد کەجەوهەری ئەدەبی خۆی بەم سەفاهەتە نەکوژێنێتەوە، ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نیە، رووبداتە خوێندن.))(ل٤٩)، بۆیە دڵدار لەو کفتوگۆ و کۆڕی دانشتنانەی لەگەڵ هاوڕێیەکانی بۆی ڕووندەبێتەوە کەوا ((خوێندنی مەکتەب و دەرسەکانی زانینەکەی لەوانە نیە موجادەلەیکی پێ بەریەوە لەبەر ئەمە زۆر بەحەماسەتەوە لەکتێبخانەی کاکەم سەعدی دەستم پێ کردکە موتالەعات بکەم.))(ل٥٠) ڕوودەکاتە خوێندنەوەی مێژوو لەوانە" شۆڕشی فەرەنسا، یۆنان، دواتر سێ بەرگی مێژووی ئیستقبالی جەلال نوری، مێژووی کورد وکوردستانی ئەمین زەکی، مێژووی بابان - سۆران - موکریانی حوزنی موکریانی خوێندەوە، کەدەڵێت: ((ئەمانە هەمووی دروشمی رابردوویان هێنامە بەرچاو، لەگەڵ خۆم زۆر موجادەلەم ئەکرد، مام بەرەبەرە مێشکم بکەمەو، تەقدیری تەئریخ وتەنفیذی بکەم.)) (ل٥٠)  کەواتە ئەمە دەروازەیەکی نوێی لەبەردەم دڵدار کردۆتەوە، لەوەی شارەزایی مێژووی وڵاتەکان ببێت، کە خاوەن سەروەری دەوڵەتن بەبەراورد بەمێژووی گەلەکان کەخاوەنی سەروەری دەوڵەت نین پەیدا بکات، وە دەبێت چۆن مامەڵەبکەن، کەواتە تایبەتمەندی ئەو لەوە دایە نەیخوێندۆتەوە تەنیا لەپێناوی خوێندنەوەو وەکو خۆی دەڵێت، بەڵکو لەپێناوی شەن وکەوی کردن ولێکدانەوەو مۆرکی ڕاستی بابەت وشتەکان بووە،

بۆیە کاتێک" تەئریخی کفاحی پۆلۆنیا" لەسەید عەزیزی هاوڕێ وەردەگرێت" ئیدیعای فیکری شۆڕشگێری دەکات" . دڵدار لەخوێندنەوەی ئەو کتێبەوە بەراوردی کێشەی پۆلۆنیا و کێشەی کورد کردووە، تا چ ڕادەیەک لەیەکتری نزیکن، هەروەها لەکتێبی" بلچ شێرکۆ" بەکارەساتی کوردان لەدەستی تورکەکان ئاشنادەبێت، بەڵام ئەوەی سەرنجی دڵداری ڕاکێشاوە لەسەید فەتاح، کەدەڵێت: ((دیعایەی چەشنێک وتەکلیفی چەشنێکیتر بوو، دیعایەتی سەوری دەکردو تەکلیفی جەمعیاتی تەعاونی وئیقتیسادی دەهێنایە بەرو هەردووکی بەبۆیاغێکی حەماسەت بۆ بۆیاغ دەکردم ئەمانە سەریان لێشێواندم لەپێش ئەمەی کەبۆم ساغ بێتەوە مرازی چیە وەیا بەراستی بۆ چ چەشنە ئیشێک ئامادەیە.))(ل٥٦)، لێرەدا وردی دڵدارمان بۆ ڕووندەبێتەوە چەند بەسەلیقەو وردەکاری وشیکارییەوە لەدەربڕینەکان دەڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت بەرانبەرەکەی چی مەبەستە، بەو واتایەی دەکرێ بڵێین هەڵچوونی هەندێ کەس هاوشێوەی (ئاژەڵی کێوییە، حەز لەدیارییکردن ناکات وئەگەر بخرێتە قەفەسی بەندە کۆمەڵایەتیەکانەوە تورەدەبێت، پرۆسەی ماڵیکردن وراهێنان کارێکی سانا نابێت بەڵکو پێویستی بەچاودێری دەبێت. بەهیوای زاڵبوون بەسەری کەوا تایبەتمەندی مرۆڤایەتی وەربگرێت وانیشاند بدات کەوا ماڵیبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زوو بەبێ هیچ پاساو بەربەستێک بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵبگەڕێتەوەو بگۆڕێت، ئەگەر خاوەنەکەی عەقڵ ومەنتیقی جڵەو نەکات. چونکە کەمتەرخەمی وپشتگوێی خستن لەتوندوتۆڵی جڵەو دەبێتە هۆکاری هاتنەکایەی پەشێوی.)(د.علی الامیر:٢٠٠٢: ١٩٩)، کەواتە دڵدار زۆر بەئاگاو وریابووە لەهەڵسوکەوت وهەڵوێستی کەسەکانی دەورووبەریدا.

**کەسایەتی دڵدار لەدیدی کەسایەتی و نووسەرانەوە.**

باس ووەسف وشیکاری کەسایەتی لەدیدی کەسێک تا کەسێکی تر جیاوازە، جگە لەوەی ئەمانەتێکەو ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەو کارە لەچ ڕوانگەیەکەوە باسی لێوەدەکات، چونکە وەکو لەو پارانەی پێشوو ئاماژەمان پێکردەوە کەوا ڕەهەندی کەسایەتی زۆر فراوانەو لەچ لایەنێکەوە توێژەر یاقسەکەر باس وخواسی لێدەکات، بەڵام مسعود محمد زۆر وردبینانە وەسفی دڵدارمان بۆ دەکات، کەدەڵێت: ((هەر کەسە گۆێز لەهەمبانەی خۆیدا دەژمێری، منیش دەمەوێ گوێزی دڵدار بەوەکالەتی ئەو، لەهەنبانەی خۆیدا بژمێرم نەک لەخەرمانی تێکڕای گوێزی عالەم...من لەوەزعی دڵدارا بوومایە خوێندم بۆ تەواو دەکرا؟ تەنگانەی دەستکورتی ولەمپەری زمان.))(ل٧٠)، خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوەو دەڵێ نەخێر کەواتە دڵدار کەسێکی پڕ لەئومێد وخۆزگەو باوەڕ بەخۆبووە هەروەک لەلێکدانەوەی کەسایەتی ئاماژەمان پێکردووە.

بەم جۆرە کاک مسعود دێتە سەر باس و وەسفی دڵدار ودەڵێت: ((دڵدار قوتابیەکی دل زیندووی هۆشیاری مێشک کراوەبوو. ڕەنگە گومان لەوەدا نەبێ کەلەمپەری"لاڵی" لەبەرایی ئاخاوتنیدا، وەک بناوانێکی پەنگاو بەئاو بداتەوە، هەموو گوتە نەبێژراوەکانی وبیروباوەڕە ئاشکراو نەکراوەکانی وهەست وسرکەو کورکە خەفەبووەکانی دابێتەوە دەروونی ولەناخی گیانی وهۆشی ونی دا بووبێتەوە...لەو بارانەی کەهێزی خەفەکراوی ئاخاوتنی ڕەهادەبوو تۆڵەی ئەو جارانەشی بۆ دەستانهدەوە کە بەزەحمەت ماملەتی پاکەتە جگەرەیەکی تێداکردووە.))(ل٦٢)، کەواتە لەیەکەمین دیدارەوە لای یەقین دەبێت کەوا گەنجێکی وشیارەو خاوەن کەسایەتی خۆیەتی.

سەبارەت بەپەیوەندی هاوڕێیەتی ونزیکبوونەوەیان لەپۆلی دووەمی کۆلیژەوە بووەو دەڵێت: ((هەندێ خەسڵەتی دڵدارم لەو ساڵەدا بۆ ڕوون بۆوە، تێ گەیشتم دڵدار گەنجێکی ئازایە.))(ل٦٣)، لەنەرانبەر هەژاری وگرفتی نەخۆشیە زمانییەکەی. کەواتە ئازایەتی دڵدار وەکو ئاماژەمان پێکردووە کەوا پاڵنەری تەحەکوم وخۆزەبتکردنی چون دەستەبەرکردووەو نەیتوانیوە دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین (ئەو نێوەندەی کەتاک تیایداپێدەگات ولەگەڵی تێکەڵ دەبێت وتیایدا دەجوڵێتەوە، چەندین بژاردەی دەخاتە بەردەم تاکو لەگەڵی بگونجێت. ئەم بژاردە وپێداویستیە لاوەکیانە بەوە جیادەکرێنەوە کەپاڵنەری ئاڵۆزن، ڕازی ئەو ئاڵۆزیەش لەوەدایە کەوا لەباروردۆخی جیا جیای تاک دێتەکایەوە، هەروەها ژینگەو دەوروبەر، کە داب ونەریت وبیرو بۆچوون ویاسا بەسەری زاڵ دەبن، بەپێچەوانەی نێوەندە بنەڕەتیەکان لەسروشتی پێکهاتەیان سادەن.)(د.مصطفى فهمي:بدون سنه الطبع: ١٣١)، بۆیە زۆر ئاسایی بوو قسە بەخۆی وهاوڕێیە زمانگیرەکانی هاوشێوەی خۆی بڵێت، کاک مسعود لەو بارەیەوە دەڵێت: ((جارێکیان برادەرێکی هەردووکمان کە ئەویش لاڵ بوو پێمان گەیشت وڕووی لەدڵدار کرد گوتی" ها..لاڵە پەتە..." دڵدار قسەکەی لێ قۆستەوەو گوتی" ها...قەل بە فەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێ...))(ل٦٤)، ئەمە ئازایی کەسە باوەڕ بەخۆبووەکان دەسەلمێنێت کەهیچ لەمپەرێک نابێتە بەربەست، تەنیا مرۆڤ خۆی دەیهێنێتەکایەوە. بۆیە کاک مسعود درێژە بەقسەکانی دەدات و

دەڵێت: ((بارەها لەگەڵ خۆمدا لێکدانەوەی ئەوەم کردووە ئایا ئەگەر من لەوەزعی دڵدار بوومایە خوێندنم بۆ تەواودەکرا؟ تەنگانەی دەستکورتی ولەمپەری زمان...سەد جار نەخێر.))(ل٧٠).

هەژاری لای دڵدار زۆر ئاسایی بووە، چونکە ئەو زەینیەت ومەعریفەتەی هەیبووە، هەروەها پەروەردەی خانەوادەیی بەتایبەتی دایکی وفاتمە سیدی دایەنی کەلەسەری ڕایان هێنابوو، وایکردبوو لە ململانێکانی ژیان ڕابێت و بەسانایی ژیان بەرێتە سەرو خۆی بگونجێنێت. کاک مسعود دەڵێت: ((دڵدار لەئاست هەژاریدا دوو هەڵوەستی پێچەوانەی هەبوو...یەکیان ئەوەبوو کەوا نەک هەر شەرمی لێ نەدەهاتەوە بگرە گاڵتەشی پێدەکرد وەک گاڵتەی بەسامانی ساماندارێش دەکرد دووەمیان ئەوەبوو کە لەخۆوە دەستی بۆ کەس پان نەدەکردەوە تا ئەگەر لەبرسانیش مردبایە.))(ل٦٧)، لەوانە جارێکیان لەسەردەمی کۆلێژ دڵدار شەو ڕۆژێک لەوان دادەبرێت بەهۆی کاری حیزبیەوە ((ئینجا کە ڕۆژی دوایی بەدەوری مێزی چێشتخانەوە کۆبووینەتەوە تێی گەیاندووین کە لەدوێنێوە هیچی نەخواردوە چونکە دوایین فلسی لەپێریوە خەرج کردووە، بەکەسیشی نەگوتوە برسیەو پارەشی پێ نییە. لەو بارانەدا گلەیی دونیاو قیامەتمان لێکرد...بەڵام هەرگیز نەمانهێنا سەر ئەو بارەی لەخۆوە ئیعلانی ئیفلاسیمان بۆبکات.))(ل٦٨).

سەبارەت بەهاوڕێیەتی، هاوڕێیەتی وهەڵسوکەوت وهەڵوێست ومامەڵەلەئاست هاوڕێدا بەهایە. جۆرە پیرۆزیی وتایبەتمەندیەکی ناوەزای هەبووە، چونکە ئەو ئەم پەیوەندییەی بە پەیوەندیکی گەردوونی داناوە تا ئەو ڕادەیەی ((هەستی ئامادەبوون بۆ خۆ لەبیرکردن لەپێناو برادەر هەمیشە دەیهێنا سەر ئەو باوەڕە کەڕەت کردنوەی یارمەتی برادەر دەکێشێتەوە بۆ گومان لەخۆکردن و بەخۆدا ڕانەپەرمون لەمەیدانی تۆڵە بۆکردنەوەدا.))(ل٦٩-٧٠)، کەواتە هەستێکی مرۆڤخوازانەی هەبووە لەبەرانبەر ئەم چەمکەداو یارمەتیدانی هاوڕێیەکانی وەکو پێداویستیەکی سەرشانی خۆی سەیرکردووە، وەکو ئەوەی خۆی شتێک بۆ خۆی بکات. لەوانە جارێکیان لەگەڵ قوتابییەک کە تازە یەکتریان ناسیوەو لەتەنگانەدایەو داوای یارمەتی لەدڵدار کردبوو، دڵداریش پێ وتبوو ((زەحمەت نەبێ بچۆ ژوورەکەم وسەیری گیرفانەکانم بکە...چەندی هەیە دەتوانیت بیبەیت.))(ل٧٠)، بەتەنگەوەهاتن ویارمەتیدانی کەسەکان سیفەتێک وتایبەتمەندییکە دڵدار لەگەشت و شوێن گۆڕینی ماڵیان لەناوچەیەک تا ناوچەیەکی تر لێ ڕاهاتووە، کەوا لەچۆنیەتی دەستگرتنی خەڵکی چۆن لەسەر بەخشندەیی ڕادێن، ئەمە سیفەتێکە لەکۆمەڵگا دواکەوتوو، و هەژارەکان زۆر کەم ودانسقەیە.

سەبارەت بەڕەتنەکردنەوەی بەرانبەر، دڵدار کاتێک یەکێک لەهاوڕێیەکانی قاپوتی برا جوانە مەرگەکەی بۆ دێنێت زۆر بەئاسایی وەریدەگرێت ولەبەری دەکات، دەکرێ بڵێین لەبەردووهۆیە؛ یەکەم: پێویستی پێبووە، دووەم: ڕەتنەکردنەوەی بەرانبەر لەبەر ئەوەی دوایی دوو ساڵ بەسەرکۆچی براکەی داویەتیە دڵدار، دەکری پاڵنەرێکی دەروونی وایکردووە ئەو هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بیدات بەئەو، چونکە ((بەلای ئەوەوە بوونی دۆستایەتی ونەبوونی منەتباری تەنها شتێکە لەو تەرزە بارەدا حیسابی بۆ بکرێ، ڕاستییشی بۆ چووبوو هەرچەندە ڕەنگ بوو من هێندەی ئەو ئازا نەبم وشەرمی بێ جێ

وبێ لزوم بمگرێ.))(ل٦٩)، کەواتە وەکو ئاماژەمان پێکرد ژیان لای ئەو لەچەمکی دوو جەمسەری دەرچووەو لای ئەو چەمکی نێوانەیی لە نێوان ڕەش و سپی بوونێکی هەبووی هەیە.

دڵدار هاورێکانیشی ڕادەهێنێت چۆن لەکاتی تەنگانە خاوەن هەڵوێست بن. لەم بارەیەوە، کاتێک لەپۆلی چوارەمی کۆلێژدایەو کرێی خوێندنی نەداوە، کاک مسعود دەڵێت لێم پرسی: ((کاکە یونس ئەگەر من لەجێگەی تۆبامایەو تۆ لەجێگەی من چیت بۆ دەکردم؟ گوتی باخەڵبڕیشم بۆ کردبایت پارەکەم بۆ پەیدادەکردیت...گوتم ئێنجا بۆچی هێندە خۆت لەبرادەری خۆت پیاوتر دەزانیی؟ پارەکەم پەیدا کرد بزەیەکی هاتی...بەرێکەوت خاڵوانم هات...بەعادەتی خۆیان خەرجییەکی تێرو پڕیان دامێ.))(ل٦٩). لێرەدا گرنگی ورۆڵی بەهامان بۆڕووندەبێتەوە لەوەی ( مرۆڤ لەماوەی گەشتی ژیانیدا بەهاکان بەدەست دەهێنێت، بەو واتایەی لەکاتی لەدایکبوونی خاوەن وهەڵگری هیچ بەهایەکی دیاریکراو نییە...بەڵکو ئەو یەکبوونە" نسق" لەرێی خانەوادە، دەزگاکان" ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری..هتد"، خوێندنەوە بەدەست دەهێنێت.)(د.عزیز داود:١٩٩٠: ٢٥٦)، دەکرێ بڵێین ئەگەر تاک نەتوانێت لەبەهای بەها تێبگات ئەوا بەرەو شڵەژاوی وپەرۆشی" غیرة" وخۆبەکەمزانین دەچێت، کەوا لەدیاردەی لەخۆڕازیبوون و لووتبەرزی دەیخاتەروو.

سەبارەت بە ڕێچکەی فەلسەفەی دڵدار دەڵێت: ((لەلایەنی فکرەو فەلسەفەی سەر بەکۆمەڵایەتییەوە، دڵدار، لەو ساڵانەدا بەلای تەقدیسی بێ مانەندەکانەوە دەچوو تائەوەی جارێکیان لەوتووێژدا پێمی گوت گەل وەکو ئەو ئۆتۆمۆبیلەیە کەبێ لێخوڕ نابزوێت لەوەرامدا پێم گوتەوە گەل ئەگەر کەسیشی سەرۆک نەبێت بەگوزەرانەوە هەر خەریک دەبێت...بەجۆرێک لەجۆران دەجوڵێت..ڕادەبوێرێت..زاوزێدەکات...لێمی نەسەلماندو هەر لەو قسانەدا چۆوە بۆ باوەڕی کارلایل.))(ل٦٧)، دەکرێ بڵێین بۆچوونی هەردووکیان ڕاست ودروستە سەبارەت بەمسعود محمد: ئەگەر گەل لەچوارچێوەی دەوڵەتدا بێت ئەوا دەوڵەت دەوڵەتی دەزگایەو دەزگا بەڕێوەی دەبات، بەڵام لەچوارچێوەی قۆناغی پێش دەوڵەتداری گەل پێویستی بەسەرکردە هەیە، تاوەکو دەیگەیێنێتە قۆناغی دەوڵەتداری، چونکە وەکو خەمخۆر وبڕیاردەرێک دەتوانێت بیگەیێنێتە لێواری جێگیر و سەقامگیری.

سەبارەت بەبواری ڕۆشنبیری وڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ ودەستە، دڵدار لەکاتی بۆنەی چلەی ماتەمینی مەلای گەورەی کۆیە لەیانەی سەرکەوتن لەبەغدا وتارێکی بۆ یادەکە نووسیوە، بەڵام کاتێک نورەی دێت بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی زمانی دەگیرێت کاک مسعود دەڵێت: ((لەسەرە خۆ کاغەزەکانی پێچایەوەو بەڕەوانی و بێ گرفت عوزر خوازی لەخەڵقەکەکرد وگوتی نەخۆشی زمانیم هەیە وائێستا گرتمیەوەو لێ ناگەڕێ گوتارەکەم بخوێنمەوە ببەخشن.))(ل٧١)، درێژە بەگێڕانەوەکە دەدات ودەڵێت: ((زاڵبوونی دڵدار لەو دەمەدا بەسەر شەرم وبەخۆدا شکانەوەی زمان نەگەڕانی دەمی...من لەجیاتی دڵدار موچرکێکم پێداهات.))(ل٧١)، چونکە دڵدار زۆر بەتوانا بوو لەوەی ڕاستەوخۆ قسە بو ئامادەبووان بکات بەڵام نووسینی وتارەکە وەکو کاک مسعود دەڵێت گەروەیی باوکی ئەوانی لا مەبەستبووە وەکو کەسایەتیەکی کۆمەڵی کوردی وعێراقی.. کەواتە دەکرێ بڵێین خۆیەتی دانسقەیی

دڵدار لەم هەڵوێستەو لەهەڵوێستە ئاماژە بۆ کراوەکانی تردا ئەوە دەسەلمێنێت (هاوسەنگی سازانێک وڕاهاتنێک بهێنێتەکایەوە بۆ ڕێکخستنی ژیان وچارەسەری ململانێیەکانی لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیانی لەڕووی تێرکردن ونائومێدی وتێکشکان، تاگەیشتن بەو زاراوەی پێدەوترێت دروستی دەروونی، ساغی، ڕێکەوتن، بەیەکەوەبوون" گونجان" لەگەڵ خود وخانەوادەو ئەوانی تردا" ژینگەی دەوروبەر".)(د.عزیز حنا:١٩٩٠: ٢٧٤).

ماوە بڵێین دڵدار جگە لەو کۆمەڵە سیفەت وخەسڵەتانەی ئاماژەمان پێکردووە لەدیدی کەسایەتیەکانەوە، عبدالخالق علاءالدین لەبابەتی خوو ڕەوشتی دڵدارەوە دەڵێت: ((زمانی عەرەبی وتورکی وفارسی وئینگلیزی زۆر باش وکەمێکیش فەرەنسی زانیوە، لەنووسینی لاتینی شارەزابوە دڵدار جگەرەی زۆر دەکێشا،لەگەڵ خواردنەوەشدا مەگەر جاروبار دەنا ئاشنایەتی زۆر نەبووە... هەروەهائارەزووی نیشان شکێنی و ڕاووشکارو چوونە دەشت و دەرو سەیرانی هەبووە، لەهونەری وێنەکێشانیشا بەتوانابووەو حەزی پێ کردووە، ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری بەتایبەتی لاوک وحەیرانی زۆر پێ خۆش بووە..))(ل٨٢)، بەو واتایەی زانینی زمان "واتە کلتور وزەین" و خوێندنەوەی مێژوو کە لەسەرەتا ئاماژەمان پێکرد یارمەتیدەر بووە لەوەی شارەزایی بەربڵاو بەدەست بهێنێت لەئەزمونی گەلان، جگە لەوەی شیکەرەوەیەکی لێهاتووە بوو، شایەتی ئەمەش لەوە دایە کەوا ئارەزووی نیشان شکێنی و ڕاوی هەبووە، هەردوو ئارەزووش پێویستی بەمێشک ساردی وهێمنی و خۆڕاگری وتەرکیز وپلاندارشتن هەیە، لەلێکدانەوەی کەسایەتی ئەوان بەڕوونی دیارەو خستوومانەتەڕوو، هەروەها توانای لەتێکەڵاو کردنی ڕەنگ وبیر لەڕێگەی هونەری شێوەکارییەوەو جگە لەوەی لەسەرووی هەموویانەوە گوێگرێکی باش " تەفسیرکەر" بووە، لەو کاتە درکی بە گرنگی وتایبەتمەندی هونەری ڕەسەنی خۆماڵی کردووە، کەوا موزیکی هەر گەلێک بەشێکە لەداهێنانی بیری ئەو گەلەو لاوک وحەیرانیش کە دوو هونەری ڕەسەنی کوردن و تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردی دەخەنەڕوو لەڕووی پێکهاتەو ڕۆڵ زمان و....هتد. کەواتە دڵدار کەسایەتیەکی خاکەڕا" متواضع" و تایبەت بووە، بەو واتایەی کەسە مەزن وبەخشندەکان (واڕاهاتوون بێ فیزترین کەسیش بن، خاکەڕایی باش تەنیا پشت بەو بیرکردنەوەیە دەبەستێ، کە لەسەر لاوازی سروشتمانەوە هەمانە. هەروەها لەبارەی ئەو هەڵانەوە، کە لەڕابردوودا کردوومانە یان دەتوانین ئەنجامی بدەین، کە کەمتر نییە لەو هەڵانەی دەشێ ئەوانی تر ئەنجامی بدەن. ئەمەشە وامان لێدەکات خۆمان بەگەورەتر بەسەر کەس نەزانین. ئێمە پێمانوایە ئەوانەی دیکەش و ئەوانەی وەکو ئێمە خاوەنی ئازادی هەڵبژاردنن، دەتوانن ئەو ئازادییە بەباشی بەکار بهێنن.)(ڕینێ دیکارت:٢٠١٠: ١٢٢).

## ڕاڤەی کەسایەتی لەدیدی دڵدارەوە.

دڵدار لەدرێژەی گێڕانەوەی ئەو ماوەیەی ژیانی، زۆربەووردی ولێهاتووانە تیشکی ڕامانەکانی لەکەسایەتی کۆمەڵەکەی داوەو شارەزایانە خاڵبەندی پیتەکانی کردووە، ئەمەش زۆر زوو لەوەسف

وتایبەتمەندی کەسایەتی هاوپۆل وهاوڕێیەکانی خستۆیەتیە ڕوو؛ لەوانە "بورهان محەمەد" جاهیدی هاوڕێ قۆناغی ناوەندی، جگەلەوەی هاوڕێ قوتابخانەی بووە؛ هاوڕێ چایخانەش بوون وگفتوگۆی ئەدەبی کۆیدەکردنەوە، بەڵام دڵدار هەر زوو هەست بەنیگەرانی وبێتاقەتی دەکات لەوەی جاهید کەهێندە زیرەک و وریا ولێهاتوو بووە لەبواری ئەدەبیاتدا، بەڵام خۆی خۆیی پشتگوێی خستووەو بەها وجوانی ئەدەبی خۆی لەدەستدەداوە لەبەر دنیا ویستی، بۆیە دەڵێت: ((زۆر جاران نەسحەتم ئەکرد...کە ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نیە...زۆر ئوم وتارانەی من لا مەرغوب نەبوو بەڵکو ئەیوت حەیات فورسەتێکە زۆر بەقیمەتە بەخەفەت ومێشک مەشغوولکردن لەدەست خۆمانی بدەین جارێکتر ئەم حەیاتەمان بۆناگەڕێتەوە.))(ل٤٩)،واتە ئەوان بەدوو رەوتی جیا لەیەکتر بیریاندەکردەوەو لەژیانیان دەڕوانی بۆیە ئەم ڕوودەکاتە ئەو شتەی کەخۆی باوەڕی پی هەبووە ئەویش خوێندنەوە، هەروەکو هاوڕێیەکەی بۆی هاندەدا.

تایبەتمەندی دڵدار لەوەدایە کەوا لەتەمەنی حەڤدە ساڵیەوە، توانایی شیکاریی هەبووە، کاتێک سەردانی گوندی" تیمار"ی کردووەو زۆر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ جوتیارەکان پەیداکردووەو پەیوەندییەکی دۆستانەی توندو تۆڵ لەنێوانیان هاتۆتەکایەوە، بەڵام سەبارەت بەکەسایەتی ئەوان دەڵێت: (( فەلاح ـ کرمانجەتی ـ وەکو منداڵێک وایە هەر کەسێکی کە بەڕوویزۆر پێ بکەنی و بیلاوینیتەوە خۆی بەئاسودەیی ئەهاوێتە باوەش وبەسەهلی کلیلی دڵی خۆیت ئەداتێ.))(ل٥١-٥٢)، بەو واتایەی زۆر سادەو ساوێلکەن لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتیانەوە، چونکە لەو سەردەمەدا هۆکاری پەیوەندیکرن هەتا لەشارەکانیش کەم ودواکەوتو بوو، چ جای گوندەکان لەبازنەیەکی داخراودا دەگوزەران، بۆیە دەکرێ بڵێین دابڕابوون، ((چونکە نەخوێندەوارو هیچ نەزانن لەژیاندا هێشتا لەدەوری زراعیدا ئەژین وزۆر مەربووتی زەویو خرافات وزگی خۆیانن هیچ وەختێک ئەمەلی وەعی لێ ناکرێت.)) (ل٥٢). واتە لەنێوان بیرو بۆچوونی پروپوچ و سادەو ساوێلکە و ناجێگیر و تاڕادەی کۆیلەیەتی ژیان بەسەردەبەن، ، چونکە ئەوان لەژێر ترس وزەبروزەنگ و هەڕەشەی ئاغاو دەرەبەگدا بوونەو ئەگەر ((هەر ڕێگەیەکی کەبۆ ئازادی ولەم کۆتە رزکاربوونت کەنیشاندا خێرا سەرت بۆ ئەلەقێنێ و بەقسەت ناکات.))(ل٥٢) واتە ترسنۆکن وهەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن وناتوانن ڕووبەڕووی بەرانبەر ببنەوە، بەڵکو چاوەڕێی فریا ڕەسێکن یارمەتیان بدات" ئەمە وەک میراتی بۆ ماوەیی لەکەسایەتی دەستە جەمعی کوردی بوونی هەیە بەردەوام پشت بەیەکێک دەبەستێت و تەئیکد لەتوانای خۆی ناکات چونکە باوەڕی بەخۆی نییە" ، لەبەر ئەوەشە هەرکاتێک مرۆڤ درکی بەدڵەڕاوکی کرد نابێتە هۆکاری ئەوەی (پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا نەمێنێت، بەڵکو چالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆی ئەنجامدەدات و بەئاگایشە لەنامەنتقیەتی هەڵسووکەوتەکانی، تاک لەوە حاڵەتانەدا هەوڵدەدات زۆرینەی کاتەکانی تەرخانبکات بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ترسەی کەهەیەتی زاڵبێت، بەڵام بێسوودە.)(أ.د.صالح حسن:٢٠٠٥: ٣٢٨). بەردەوام دەبێت ودەڵێت: ((زۆر لەئاغا دەترسن زراویان لەمەلا چووە.))(ل٥٢)، بەو واتایەی لەنێوان دەسەلاتی ئێرە" دنیایی" ودەسەلاتی ئەوێ" ئەو دنیا"

دەكەونە نێوان دوو بەرداش، بۆیە ئاغاكان ومەلاكان لەكۆنەوە سوودیان لەیەكتری وەرگرتووەو بەپەیوەندی كۆمەلایەتی كۆمەڵیان پاوانكردووەو خەڵكیان قۆرغكردووە لەو نێوەندەدا.

دڵدار كە لەگوندی تیمار دەبێت دەگێڕێتەوە كەوا لەگەڵ مەلا هەمزە ناوێك كەموختاری گوندەكەیە باس وخواسی گوندنیشنانیان كردووەو دەڵێ هەستم دەكرد هەر ئەو لەقسەكانم بگات، بەڵام ئەوەی سەرنجی دڵداری لەو كاتەوە ڕاكێشاوەو لێوردبۆتەوە، لەنێوان خۆیان یەككرتوو نەبوونە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مەلا هەمزە... ئەمەندە بێ باوەر بوو، كەپشتی بەبرای خۆی نەئەبەست وە بەسێبەری خۆی بروا نەئەكرد كەسێبەرە، ئەم بێ باوەڕیە خاسیەتێكە كە لەناو میللەتی جاهیلدا گەورەترین میكرۆبە لەلەشدا، لەخوێنی ئەم لەشەدا ئەژی.))(ل٥٢)، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە تاكانە بەردەوام لەپەروەردەیەكی خانەوادەیی و ژینگەیەكی ناجێگیر دەژین، بۆیە ئەو جۆرە ( دەوروبەرەی تیایدا دەژین دەستور ویاسای مەنتیقی و پلانی داڕێژراو وجێگیری نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە دەوروبەرێكە كە پاشماوەی مێژوویێكی لێواولێو لەگرژی وململانیی و دیاردەی دژ بەیەكە، بۆ نموونە هێندێ یاسای پەروەردەیی هەیە كە بۆماوەیی مێژووەو وێنای مێژوویەكی درێژی ململانێ دەكات وهەروەها گوزارشت لەكۆمەڵێ بۆچوون دەكات كە بۆ ماوەیەكی زۆر بەرگری كردووە لەپاڵ ئەو زیادكردن وهاتنە سەرە نوێیانەی دەخرێتە سەری وتاوەكو ئێستاش بواری ڕۆشنبیریش نەیتوانیوە هەڵی بمژێت.)(د.محمد عمادالدین:١٩٥٩: ١٥١). كەواتە گوزەران كردن لەگۆمەڵگای هاوچەشن بەرنامەیەكی زانستی و تۆكمەی داڕێژراوی دەوێت بۆ ئەوەی بەپێ پلانێكی كاتی كاری لێوە بكرێت.

دڵدار لەشیكردنەوەی كەسایەتی گوندنشین بەردەوام دەبێت، كەدەڵێت: ((بەچاوی مەسلەحەی عامە سەیری هیچ شتێك ناكەن، بێجگە لەتەهدید نەبێ لەهیچیتر ناترسێن بەڵكو تەهدیدی بێ تەنفید لەنەزەر دەشتەكیدا چەشنە درۆیەک وخۆهەڵكێشانێكە كە پیاوی زوو پێ سووک دەبێ و زوو لەپێش چاو ئەكەوێت.))(ل٥٢-٥٣). بەو واتایەی بڕاردەیان نییەو شوێن كەوتەن وخاوەن كەسایەتی وبڕیاری خۆیانی نین. دەكرێ بڵێین خاوەن كەسایەتیەكی ماسوشین لەئاستی دەستە جەمعیدا، ئاغاش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت دەبێت هەڕەشەكاربێت، كەدەڵێت: ((ئاغا...بۆ ئەوەی نفوزی لەناو دەشتەكیدا بەقووەت بێ ئەبێ هەردەم لێدەر بێ پیاو خراپ بێ بەكوشتن ماڵسووتاندن، مەڕوماڵات لێ دزین، هەتک پێكردن، لێت بترسن.))(ل٥٣)، كەواتە دەسەڵاتدار ئەو سیفەتەی لەبەر پاراستن وبەرژەوەندی خۆی وموڵک ومیراتی بەكاردەهێنێت و لەپاڵ ئەوەشدا بۆتە میراتێک، چونكە سوودی لێوەگرتووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی و لەهەمان كاتیشدا زاڵ بێت بەسەر ئەوانی ترو بیان چەوسێنێتەوە. كەدەڵێت: ((هەر فەردێكی لەكورد بیگری زۆر حەز لە "تەسەلوت"و لێ ترسان دەكات. ئەمەش ئاشكرایە كەهەر كامێكیان دەستی بوو لەم ناحیەوە درێغی ناكات ئەم خود پەسندیەی كەباسم كرد. ئەم ڕەوشتەی كە لەدەشتەكی هێناوەتە وجوود لەدەسەلاتدارەكان بەغرور وغەدر بەدیار ئەكەوێ، لەبێ دەسەلاتەكانیش حەسادەتی پێ بەخشیون...بەرامبەر بەپیاوێک كەلێی بترسن وەیا ئەمەلی شتێكی لێ بكەن پیاوی زۆر سەخی وچاوتێرن،بۆ باقیتر قابیلی چرووک ودەست

قووچاون.))(ل٥٣). لێرەدا دڵدار شیکاری پێکهاتەی کەسایەتی کورد دەکات،لەڕێی گوندنشینەوە. کەوا لەئاستی تاکدا سادییە ئارەزووی ئازاردانی بەرانبەر  دەکات لەدەستەجەمعیدا ئاماژەمان پێکردوە ماسوشیەو چێژ لەچەوساندنەوە وەردەگرێت وبەردەوام حەزدەکات بەچاوی زەلیلیەوە لێ بڕوانرێت، جگە لەوەی بەرژەوەندی تایبەت لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە بۆ ئەوان، چونکە ئەگەر یەکێک دەسەڵاتدار بێت ئەوا مەیلی هاوەڵایەتی دەکەن، ئەگینا بەپێچەوانەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە کەوا نەتوانن پێشبکەون و بگەنە ئەو ئامانج وئەنجامەی مەبەستیانە، لەم بارەیەوە توفیق حەکیم دەڵێت: (تەنیا وشە ڕاست وبیرە مەزن وبنەما بەناوبانگەکان پێشڕەوایەتی مرۆڤ لەهەموو سەردەمەکاندا دەکەن و بنیاتی نەتەوەو گەلەکان بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو ناوە... هیچ بزوتنەکەیەکی نیشتمانی ونەتەوەیی ومرۆڤایەتی بەبێ بوونی ئەم بنەمایانە نەهاتۆتەکایەوە، بەڵام کەزێر بەبریقانەوەو لەرینەوەوە دەردەکەوێت، دارمان دێتەکایەوەو ئەم بریقانەوە تیرۆژە سیحراویەکەی بنەماکان دەتوێنێتەوەو لەرینەوەکانیش گوێیەکان کەڕدەکات.)(توفیق الحکیم:٢٠٠٥: ٥٤-٥٥).

ئەمەو دڵدار زۆر هەست بەبێزاری ونیگەرانی دەکات لەئاست کۆمەڵی کوردی کەوا بۆچی لەنێو ئەو دووبەرەکی وناکۆکیە دەژین وناتوانن ئەم قۆناغە بپەڕین وبەرەو یەکگرتوویی وپێشکەوتن هەنگاو بنێنن، کەدەڵێت: ((لەو وەختە وەرگیراوە کەدراوسێیەکانی کورد تەخت وتاجی کەیانییان لەناوبردوە بەتەحریزو هاندانی روئەسای عەشایر لەزد یەک جامی ئیتیحادی لێ شکاندوون، تەبیعی سیاسەتی" فرق تسد" لەزەمانێکی زۆر دوورەوە لەکوردستان تەتبیق کراوە، کەتەفرەقەو خودپەسندی بەدەرەجەیەک" ترکزی" کردووە، کەئەتوانم بڵێم هەڵکێشانی مومکین نیە.))(ل٥٣). کەواتە ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵی کوردی بەچەندین ڕاپەڕین وشۆڕش تێپەڕی، بەڵام نەیتوانی لەم جوغز وبیرە داخراوەدا دەربچێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەنەیتوانیوە لەبواری کۆمەڵایەتی بەرەو پێش بچێت وگۆڕانکاری تیادا بکات، کەئەمەش هۆکاری زۆرە لەوانە" سیاسی، ئابوری، کلتوری"، کەلەئێستایی کۆمەڵی کوردی لەبەژەوەندی دایە لەم جوغزە داخراوە خۆی بهێڵێتەوە.

بنیاتی کەسایەتی و گرنگی بوونی ئەم کەسایەتیە لای دڵدار پەیوەست نییە بەکۆمەڵ وگەل ودەوڵەت، بەڵکو پەیوەستە بەهەست وعەقڵ و وشیارییەوە، چونکە تاک هەر تاکێک بێت و لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت خاوەنی بوونی خۆیەتی و لەنێوان بوونەکانیشدا هیچ جیاوازییەک نییە، تەنیا لەو چەمکە ئاماژە بۆ کراوانە نەبێت. "بیرۆکەی دڵدار لەچۆنیەتی کەسایەتی جیهانبینیە"، کە لەسەرتاەی وتاری زوبانی کوردی و ئەدەبیات ئاماژەی پێکردووە لەو لایەنەوە. ئەو دەورەبەرەی مرۆڤ تیایدا دەژیت کاریگەری دەروونی لەسەر جێدەهێڵێت ودەیخاتە ئەو بازنەی ئایا؟ دەتوانێت بەسەریدا زاڵبێت. هەروەها باس لە بەهاو چێژدەکات لەڕووی یەکانگیرییەوە لەگەڵ یەکێک لەهەستەکان یان زیاتر لەهەستێک و چ جۆرە ئاسودەیی وخۆشی ولەزەتێک بەتاک دەبەخشێت.

هاوتەریبی ئەمانەش کۆمەڵە شتێکی تر کە((موجتەمەعت هیناویەتەدی یاری بەدل وعاتیفەت دەکەن بناغەی باوەڕێک وهەستی بەپیرۆزییکی بەرزت لەمێشکدا دائەمەزرێنن کە ئویش وەکو" دین" عەنعەناتی قەومی وعاداتە ئەمانەو گەلێکی تریش کە ناتوانم بیانژمێرم وەکوپەروەردەی ماڵەوت وچۆنی ژیانت و رێوجێت لەپایەدا.))(ل١٠١)، بەو واتایەی تا چەند ژینگەی دەوروبەر "خانەوادە ـ کۆمەڵ ـ" و هەروەها خودی تاک خۆی لەبارە بۆ بنیاتی ئەم پرۆسەی کەسایەتیە، چونکە ئەم جۆرە پەروەردە بنیاتنانە لەڕووی پێگەیاندن وڕاهێنان و (شارەزایی وکارامەییەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو ڕاهێنانی ئەم خانەو ئەندامانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم یاری و ڕاهێنان و ماوەو مەوداو یاسای ڕاهێنان وماوەی حەسانەوەو جۆری خواردن، کە بەگوێرەی بەرنامەیەکی کاتی وتەمەنێکی دیاریکراو دێتەکایەوە، تاوەکو تاک بگاتە ئاستی پوختی و وردبینی. وە کۆی ئەم شارەزایی و چالاکیانەیەش عەقڵ پێهەڵدەستێت.) (د.عزیز حنا:١٩٩٠: ٢٥٨).

دڵدار ئەم جۆرە ڕاهێنان وگەیشتن بەئاستی تێگەیشتن وچەمکی یەکبوون وئاشتەوایی لەکەسێکی جیهانبین و خاکەڕا، لەیادی نەورۆزدا[*] باسی لێوەکردووە، کەوا جەژنی نەورۆز جەژنێکی هاوبەشەو لای هەر میللەتێک هێماو ئیماژی دیاردەو یادێکە. بەڵام ئەو ئەم یادەی قۆزیوەتەوە بۆ یەکسختنەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کەجیهان لەنائارامییەکی بەسام وترس ونائومێدی دەگوزرا. ئەو نەورۆز دەکاتە هێمای یەکبوونەوەی مرۆڤایەتی، کەدەڵێت: ((ئەم چەژنە هەر سەر بەکورد نیە بەلکو جەژنی هەموو گیاندارێکە بریا لەنێو ئەم گیاندارانەدا ئادەمیزاد بەرامبەر بەمەرحەمەتی تەبیعەت هەستیان بە بەهەشتی ژیانیان دەکرد کە ئەم زەمینەو ئەم ژیانە خودا بۆ بەختیاری داناوەو بەهرەی ئادەمیزادی بۆچاکە پێ بەخشیوە...نەک هەر ژیان بەویتر تاڵ بکات.))(ل١١٩). چونکە لەکاتی جەنگ وشەڕەکاندا هیچ دەستور ویاسایەک بەهای نامێنێت، بەڵکو دەفەوتێت، بۆیە ئەگەر (مرۆڤ هەست بەلاوازی و بێ وەریی بکات. هەروەها سوودی ئازادی هەڵبژاردن نازانێت، ناتوانێت ڕێگە لەخۆی بگرێت تاکارێک نەکات کەدەزانێت دواتر لێ پەشیمان دەبێتەوە. هەروەک ئەو کەسانەی نامەردن یان بێ فیزێکی بێبایەخن و ناتوانن لەبوونی خودی خۆیان بەردەوام بن وناشتوانن دەستبەرداری ئەو کۆمەڵە شتەبن، کە بەدەستهێنانیان پشت بەکەسانی تر دەبەستێت. بەو شێوەیە نامەردی ڕێک پێچەوانەی جوامێرییە.) (ڕێنێ دیکارت:٢٠١٠: ١٢٥). کەواتە زۆر گرنگە تاک خاوەنی پێگەی کەسایەتی وئازادی وبڕیاری خۆی بێت وبزانێت چۆن لەو کاتانەدا پارێزگاری لەهەبوونی خۆی دەکات.

سەبارەت بەلایەنی کۆمەڵایەتی. دڵدار لەم بوارێشدا زۆر بەنەرمی ووشیارانەوە ڕامان وبۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، لەڕێی ئەو نامەی کەبۆ نەسرینی برازای ناردووە، کۆمەڵی تێبینی کۆمەڵایەتی ودەروونی بۆ هەرزەکاران نووسیوە، چونکە لەکۆمەڵە دواکەوتووەکان هەر کەتاک

---

[*] - ئەم وتارە ساڵی نووسینەکەی دیار نییە، چونکە بەشێک لەوتارەکە فەوتاوە، بەڵام لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی نووسراوە.

گەیشتە قۆناغی هەرزەکاری هاوشێوەی پێگەیشتوویک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و زۆر ئاساییە پرۆسەی هاوژینیش پێک بهێنێت، بەپێچەوانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان خانەوادە هاوشان ویارمەتیدەری دەبێت، تاوەک ڕابهێنرێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەو هەڵسوکەوتکردندا، چونکە قۆناغی هەرزەکاری قۆناغی پێگەیاندنی کەسایەتی هەرزەکارە، کە دەڵێت: ((جاران پارێزگاریت شتێک بوو کەتوانای هەموو دایک وباوکێکدا هەبوو، چونکە منداڵیکی بچوک بوویت بەڵام ئێستا پارێزگاریت شتێکی ترە، بێجگە لەخۆت لەتوانای کەسدا نییە. مرازم...پارێستنی رووحیتە مێشک خاوێن کردنەوە - خوورەوشت بالاکردن خۆت لەنەخۆشی گەلایەتی پاراستنە...لەکتێبدا نووسراوە لەبابەت خۆشەویستی وحەز لێکردە پێی باوەڕ نەکەی وا من ئەمەی کە خوشەویستیت بۆ بەیان بکەم پەلاماری چەند باسێک دەدەم کە لەباسی ئێمە بەدوورەو پێویستیشە...خۆشەویستی مەلەکەیێکی چاکەیە کە لەمنداڵییەوە لەو شەخسەدا مەوجودە...خاوەنەکەی ئەباتە جێ بلندی کەماڵەوە شورەت وشانێکی زۆر گەورەی بۆپێکەوە ئەنێ.))(ل١٣٨)، زۆر لێهاتوو،و سەرکەوتووانە ئامۆژگاری دەکات کەوا ژیان بریتییە لەکۆمەڵێ بوار ولایەن وبژاردەو ...هتد کە دەکرێت تاک تەنیا خۆی پەیوەست نەکات بەئامانجێک یاهەستێک کە لەچوارچێوەی کتێبدا دەیخوێنێتەوە، چونکە ئەوەی دەیخوێنێتەوە بەشێکی زۆر کەم وبچووکەبە بەراورد لەوەی کەلەمێژووی شارستانی مرۆڤایەتیدا تۆمارکراوە، یان لەوەی کەلەژیانی واقیعدا هەیە بەڵکو تەنیا مشتێکە لەخەروارێک، بۆیە پێ دەڵێت: ((ئەم نامە بگرە دەستت، بچۆرە بەر ئاوێنە گەورەکەی ماڵەوە سەیری خۆت بکە. خۆت ئەبینی؟))(ل١٣٨). بوونی مرۆڤ لەلای دڵدار هەبوویەکی مەزنەو شکاندنی ئەو مەزنی وشکۆ وبەهایە بەبەهای کەسایەتی کەسەکان لای ئەو باجەکەی قورسە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم بۆچوونەی دڵدار یەکانگیرە لەگەڵ بۆچوونی سینیکا، کەدەڵێت: (لەژێر دەسەلاتی مەلیک نین، دەبێت بەرپرس بین لەخودی خۆمان وسوود لەشێوازی بیرکردنەوەی یەکێک وەربگرین...بەڵام نابێت وەسیەتەکانیشەفێربین، بەڵام پێویستە بتوانی بەکاری بهێنیت بەشێوازی خۆت...ئەوەی گوتراوە مولکی ئەو کەسە نییە کە بۆ یەکەم جار وتوویەتی، زیاتر لەوەی دەیڵێتەوە.)(د.محمد ناصر:١٩٧٣: ٤٥٧). دڵدار سەر پشکی دەکات لەوەی هەیەو بەڵام دەبێت ئاگایی لەخۆی بێت، چونکە لەئێستا بەدواوە ئەمانەتێکە لەدەستی خۆی، بەڵام سوود لەچی وەردەگرێت ئەوە کەسەکە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات.

سەبارەت بەبواری فیکرو زەینی کۆمەڵ لەڕووی ڕامانیان لەژیان و کۆمەڵدا، لەوتاری" ناگزوری گەلایەتیمان-١٩٤٣". تیرۆژی خستوتە دیاردەو چەمکێکی هەستیاری کۆمەڵی کوردی، کەچۆن وتارە کۆمەڵایەتیەکان لەو کاتەدا لەلایەن چینی ڕۆشنبیرانیشەوە هیچ گرنگی ودەنگدانەوەی لێ نەکەوتۆتەوە، کەدەڵێت: ((ئەو بۆمبایەی کەهەردووکمان چاوەڕێی تەقینمان دەکرد بەچرووووک دەرچوو.))(ل١٤٩) دڵدار لەو کاتەدا لەگەڵ هاوبیرێکی بەناوی هوشیار کە وتارێکی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو کاردانەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد نەیبووە. ئەم دیاردەییە لەکۆمەڵی دواکەوتوو دیاردەییەکی ئاساییە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە: پشتگوێی خستنی بیری ڕەخنەگرانەو

چارەسەرکردن، نەبوونی وشیاری لەئاست ئەو بابەتەی دەخریتەڕوو، خۆهەڵواسین بەبابەتی باوی ڕۆژ، ئیرەیی. جگەلەوەی ئەو ڕاستیەشمان بۆدەردەخات کەوا بوارە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن نووسەرو ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم هێندەی سیاسەت باویان نەبووە. قۆناغی ئەو کات هەر بەمەسەلەی باوی سەردەم، مەسەلەی ڕۆژ ژیاون، کەئەویش جەنگ وسەرەتاکانی دروستبوونی حیزبەکانە لەکوردستاندا. سەرسامی دڵدار لەوەوە دێت، کە لەگەڵ کۆمەڵە هاوبیرێکی گفتوگۆی هەڵگیرسانی جەنگ وهۆکارەکانی دەکەن، کەدەڵێت: (( زۆرم سەرم سورما کە ئەم لاوانە وەکو سیاسێکی ئینگلیز وەیا گەل پەرستێکی ئەلمان وەیا جانفیدائیکی رووسیا لەناگزوررێ سیاسی وئیقتیسادی تەوازونی دەولی شارەزابوون... وەکو پیغمبەرێک پاشەرۆژی ئەم جەنگەو نەتائیجی سیایی وئیقتیسادی بۆ ئاشکرا دەکردین.بەڵام داخم ناچی لەمودەی چوار سەعاتدا...ساتێک خۆمان نەکەوتە یادو ئەمەمان نەهاتەوە بیر کەئێمە کوردین وپێویستە کە لەپێش ئەوەی لە لاییدە ورد دەبینەوە لەخۆمان ورد بینەوە...پێویستە ئینسان ئاگایی لەدەوران دەوری خۆی بێت.))(ل١٤٩-١٥٠). ئەم حاڵەتە ترسناکە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەرۆک ویەخەی تاکی کوردی بەرنەداوەو، بەڵکو شانازیشی پێوەدەکەن کەوا شیکەرەوەی لێهاتوون وئاگایان لەڕووداوی جیهان هەیە.کەچی بێ خەبەرن لەوەی  باس نەکردن ولەبیرچوونەوەی خۆیان لە بێ متمانەیی ونەبوونی وشیاری و ڕووبەڕووبوونەوەو ترسنۆکی لەبڕیاردان و بەڕێوەبردنەوە دێت، لەوەی ناتوانن دان بەکەموکوڕییەکانی خۆیاندا بنێن، چونکە (ئەوانەی ناتوانن دان بەتوڕەییان دابنێن، یاخود دەترسن کاتێ شتێکیان پێدەسپێردرێت یان بکەوێتە ئەستۆ، بابەتەکە بەگاڵتەجاری وەردەگرن و ئەگەر ئەم جۆرە کارانە بەشێوەیەکی درێژخایەنیش ئەنجامبدەن، ڕێگە دەدەن ئەم جۆرە هەڵوێستانە دووبارەببێتەوە، لەکاتێکدا دەتوانن کەوا بژاردەی باش بخەنەڕوو، ئەگەر گاڵتەجارییەکە بەلاوە بنێن، مەبەستیشیان لەپەنابردن بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرگریکردنە لەخودی خۆیان.)(سدنی م.جورارد:١٩٨٨: ١٦٠).

دڵدار لەدرێژەی وتارەکەی ئیماژی بۆ خاکرایی" انتماء" کردووەو بەبۆچوونی ئەو دەبوو لەو قۆناغەدا هەستی خاکەڕاییان هەبێت وبزانن لە چ بارودۆخێکدان وپێداویستیەکانیان چین، کەدەڵێت: ((ئادەمیزاد بە ووتاری عاتیفی زیاتر لە ووتاری ئەندێشە ئامێز دێتە بەرهەم ولێ خورین.))(ل١٥٠)، واتە کارو کردەوەو کاردانەوەیان چۆن بێت لەئاست ئەو ناوەندی تیایدان لەوەی ((میللەتی کورد خاک و زوبانی هەیە بەلام لەگەڵ ئەمەش بەنەبوو دانراوە.میللەتی کورد مەوجودە بەلام نەخۆشە.))(ل١٥٠). یەکەم دەوڵەتی نییە بۆیە دان بەزمانیشی دانانرێت بەشێوەی فەرمی، چونکە تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە بەها وسەروەری زمان یەکلابکرێتەوە لەنێو کۆمەڵەکەیان لەبەر هۆکاری دووەم کە ململانێ ناوەخۆیە لەسەر دەسەلاتداری. ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دوژمنانی خاڵی لاوازی لەدووخاڵی جەوهەری پێشکەش بکات، تاوەکو کار بۆ لەناوبردنی ناسنامەی بکەن ، چونکە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانرێت کەوا گەلی کورد گەلێکی زمانییە ولەئێستادا ناسنامەی زمانیشی بەرەو هەڵتەکان

چووەو سنوری جوگرافیاشی دیارنییەو بەش بەشکراوە. بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((بۆیە هەرکەسێک لەم حالەی کە ئەم نەخۆش تیدایەتی داوای ئیش وکار و راپەرین وجولانەوەی لێ بکات بێشک مرازی لەکوشتن زیاتر چیترنیە.))(ل١٥١).

بەردەوامیەتی پێدەدات لەوەسفی کێشەکان ودەڵێت هەر کاتێک سەرە داوی کێشەکان دۆزرایەوە، رێگەچارەش ئاسان دەبێت و نەخۆشەکەش لەقۆناغی" نەقاهەدا" دەبێت، بۆیە لەوکاتەدا متمانەو وریایی وبەئاگایی گرنگە هەبێت بۆ لە نەلەباربردنی بارودۆخەکە لە چ کات وساتێکدا بڕیاردەدەن وچیدەکەن، چونکە بچوکترین دەستکەوتەکان دەدۆرێنرێت، کەدەلێت: ((هەر ئەوە بۆ چاک کردنەوەی نەخۆش بەس نیە بەلکو پیویستە کە ءەم کەسانەی خواردن ئەدەنە نەخۆش بزانن کە چ دەکەن وزۆر بەدیقەت میقداری خواردن ودەم وجەمی بۆ رەچاوبکەن.هەر کامێکیان لەکاری خۆیاندا درێغیان کردوبایە بەهەلە چوونی بێشک ئەم نەخۆشە لەپاش چاک بوونەوە ئەکوژن وەیا دووبارەکی تووشی نەخۆشییەکەی حارانی وەیا نەخۆشیکی لەهین جارانی گرانتر دەکەنەوە.))(ل١٥١)، بەو واتایەی پاراستنی دەستکەوتەکان شەونخونی وکاری پلاندارێژراوی دەوێت و دەبێت تاکەکان توانای رووبەڕووبوونەوەیان هەبێت وسل لەبەرانبەر نەکەنەوە لەکاتی هەڵویست وەرگرتندا، ئەگینا لەچاو تروکانێکدا دەستکەوتەکانیان بەبادا دەچێت، یان لەناودەچن ودەفەوتێن. بۆیە تەئکید لەسەر چارەسەر دەکاتەوەو دەڵێت: ((ژیانی میللەتێک وەکو ژیانی فەرد وایە هیچ فەرقی نیە. هەر چونیکی ئەو بەنەخۆش دەکەوێ ئەویش بەنەخۆش دەکەوێ. وە بۆچاک کردنەوەی دکتۆری دەوێ. دەرمانی گەرەکە.))(ل١٥١). بەو واتایەی بوونی سەرکردەو دەستور ویاسا پێویستەو دەبێت هەبێت، بۆ ئەوەی لەقۆناغی بێ دەوڵەتیەوە کەسێک هەبێت و بیگوێزێتەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتداری، کە ئەوە خەونی دڵدار بوو.

## ئەنجام

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١- کەسایەتی پێکهاتەیکی ئاڵۆزو شاراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەپێشکەوتن وگەشە وگۆڕاندایە جا بەهەر ئاراستەو بوارێکدا بێت (ئەرێنی ـ نەرێنی، بەهێز ـ لاواز... هید).

٢- دڵدار خاوەن کەسایەتیەکی شیکەرەوەو ڕەخنەگر و پلان دارێژەر بووە.

٣- بەپێی خالبەندی نووسەر کەسێکی هەناسە درێژ لەدەربڕین، وێنەی مێرووله وورد لەلێکدانەوەو شەیدای بیرکردنەوە بووە.

٤- کەسایەتیەکی بەخشندەیە و خۆڕاگر و خاکەڕابووە.

٥- دیاردە دەروونییە نەرێنیەکان کاردانەوەی ئەرێنی لای ئەو خولقاندوە.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان:

١- ڕێنێ دیکارت. (٢٠١٠)، هەڵچوونەکانی دەروون، و: ئارام ئەمین شوانی، هەولێر: چاپخانەی دهۆک.
٢- فوئاد سدیق. (٢٠١٥)، دەروونزانی کۆمەڵایەتی، هەولێر.
٣- مەحمود موحەمەد ئەلزەینی. (٢٠١٢)، سایکۆلۆژیای کەسێتی لەنێوان بیردۆزو پیادەکردندا، و:سەلاح سەعدی، نارین: چاپی یەکەم.
٤- وریا ئەحمەد. (٢٠٠٧)، مێژووی گۆرانی وموزیکی ناوچەی کۆیە، گۆڤاری ڕامان: ژ.١١٨.
٥- هێرۆ عبداللطیف یونس مەحمود. (٢٠٠٨)، دڵدار ونوێبوونەوەی شیعری کوردی، کولیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- بدر محمد الانصاری. (١٩٩٩)، مقدمة لدراسة الشخصية، الكويت: منشورات السلاسل، الطبعة الاولى.
٢- د.سيد محمد غنيم. (١٩٧٥)، سيكولوجية الشخصية-محدداتها-قياسها-نظرياتها، القاهره: دار الغريب للطباعة.
٣- سدنی م.جورارد و تيد لندزمن. (١٩٨٨)، الشخصية السليمة، ت: د.حمد دلی الكربولی ود.موفق الحمدانی، بغداد: مطبعه التعليم العالی.
٤- سيغموند فرويد. (١٩٧٩)، التحليل النفسی للفن" دافنشی-دوستويفسيكی"، ت:سمير كرم، بيروت: دار الطليعة للطباعة والنشر.
٥- أ.د.صالح حسن الداهری. (٢٠٠٥)، مبادئ الصحة النفسية، عمان-اردن: دار وائل للنسر.
٦- د.عزيز حنا داود و د.ناظم هاشم العبيدی. (١٩٩٠)، علم النفس الشخصية، جامعة بغداد.
٧- د.علی الامير. (٢٠٠٢)، فساجة النفس، بغداد: دار الشؤن الثقافية العامة.
٨- د.محمد عمادالدين اسماعيل. (١٩٥٩)، السخصية والعلاج النفسی، القاهرة: مكتبه النهضة، الطبعة الاولی.
٩- د.محمد ناصر. (١٩٧٣)، قراءات فی الفكر التربوی، الكويت، وكالة المطبوعات، الطبعة الاولی.
١٠- محمد حسن ظاظا. (بدون سنة الطبع)، علم النفس العام، بدون مكان الطبع.
١١- د.محمد بنی يونس. (٢٠٠٤)، مبادئ علم النفس، دار الشروق للنشر والطبع، الطبعه الاولی.

### چاوپێکەوتن:

- حكمت حميد. (٢٠١٧/١٢/١)، هەولێر.

## ملخص البحث

هذا البحث, بحث نقدي نفسي تطبيقي (حول الشخصية وانواعها من وجهة نظر الكاتب دلدار). نحاول من خلالها نسلط الضوء على التحليل النفسي لشخصية دلدار من خلال سيرته الذاتية وتفسيره من وجهة نظر مسعود محمد والمصادر الميدانية, ومن جانب اخر تعتبر بحث محاولة لتحليل الشخصية الكردية من منظور الكاتب دلدار.

يتكون البحث من محورين وعدة فروع. حيث تناولنا فى المحور الاول مفهوم الشخصية من جانب النظري من حيث كيفية بنائها وانواعها ومحدداتها. فيما يخص المحور الثاني, خصصناها لتطبيق من حيث تحليلنا لشخصية دلدار وكذلك تحليل لشخصية الكردية من قبل دلدار, معتمدين على نصوص من السيرة الذاتية لدلدار وكذلك مقالات سيد دلدار.

## Abstract

This research, applied monetary research about (Personal personal types of seeing the hair Dildar). We attempt to shed light on tge psychological analysis of Deldares personality through his autobiography and his interpretation through the view of Massoud Mohammed, on the other hand, research is an attempt to analyze the Kurdish personality from the perspective of Deldar.

The research consists of two axes and several branches. Where we discussed in the first axis the concept of personality by theoretical of the constrcuction, types and determinants.

With regard to the second axis we have devoted the application of our analysis of the personality of Deldar as well as analisis of the Kurdish character by Deldar, based on the texts of the biography of the author of Delder.

# ڕۆڵی سیاسی و
# مێژوویی دڵدار

# بەشداری دڵدار لە پارت وکۆمەڵە سیاسییە کوردیەکاندا

## ١٩٤٨-١٩٣٦

## توێژینەوەیەکي مێژوویی سیاسیە

ئامادە کردنی: د.قارەمان نادر محەمەد
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە- بەشی مێژوو

**پوختەیەک لە توێژینەوەکە:**

دڵدار لە ناوەراستی سییەکانی سەدەی رابردوودا تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، سەرەتا لە ڕێکخراوە چەپەکانەوە دەست پێدەکات، دواتر بە ئاراستەی ناسیۆنالیستی نەتەوەی کوردی هەنگاو دەنێت، لەو سەروبەندەدا کە ژمارەیەک شاعیری نەتەوەیی و پارت و ڕێکخراوی سیاسی کوردی لە پانتایی کوردیدا بە دەرکەوتن، کە هەستی ناسیونالیستی کوردیش بزوێنەری ئەو پارت ڕێکخراوانە بوون، ئەمەش بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ گۆڕانکاری لە هزری دڵداردا ئەژمار دەکرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنە سیاسییەکانی ژیانی دلداری شاعیرە، لە کاتێکدا لە نێو پانتای کوردیدا بە شاعیرێکی نەتەوەیی ناسراوە نەک کاراکتەرێکی سیاسی، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە دلدار قۆناغی ئەدەبی تێپەڕاندووە و تێکەڵ بە کایە سیاسییەکانیش بووە ورۆڵی دیاری لە قۆناغەکەدا هەبووە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە و پشت بە میتۆدی لێکۆلینەوەی زانستی مێژوویی دەبەستێت، پاڵپشت بە سەرچاوەکان، لۆژیکانە شرۆڤەی ڕوداوەکان دەکات و سەرەداوی ڕاستیەکان دەدۆزێتەوە.

دڵدار زیاتر لەوەی شاعیرێک و ئەدیبێک بێت کەسێکی سیاسي بووە و ئایدۆلۆژیەتی چەپرەوی نەیتوانیوە لە ناسیۆنالیستی کوردی دابڕێنێت.

**پێشەکی**

ناوەڕاستی سیەکانی سەدەی ڕابردوو سیمایەکی نوێ لە بوژانەوەی جولانەوەی نەتەوەی کوردی دەرکەوت، کە دەرئەنجامی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد کە بە شۆڕشی شێخەکان ناسرا پەیدا بوون، وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠-١٨٨١، جوڵانەوە شێخ مەحمودی حەفید لە باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣١، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ و چەندانی تر.

ئەمەش دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەی لە وڵاتی عێراق دەگوزەرا و مافەکانی کورد چەقی بەست بوو یاخود لە پاشەکشەدا بوو، لە ئاستی باڵاتریشدا ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ کوژانەوەی چرای جولانەوە نەتەوەی کورد بەرجەستە ببوون، ڕێکەوتنامەی سەعد ئاباد ١٩٣٧ لە نێوان عێراق و ئێران

و تورکیا و ئەفغانستان نمونەیەکی دیاری ئەو هەولآنە بوو. کە لەو ڕێکەوتنامەیەدا ڕێگری و بەرەنگار بوونەوەی ئاشکرای جولانەوە سیاسیە کوردیەکان لە پەیمانەکەدا هاتبوو.

لەم توێژینەویەدا میتۆدی زانستی مێژووییمان پیادە کردووە، دەمانەوێت لە ڕێگەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە بگەینە ڕاستی ڕوداوەکان، بۆ ئەو مەبەستەش بەراوردی بەشێک لە سەرچاوەکانمان کردووە.

هەڵبەتە توێژینەوەکە مقۆمقۆی سیاسی و کێبرکێی کاراکتەرە کوردیەکان و جولانەوە نیمچە نەتەوەییەکان ڕوون دەکاتەوە، ئامانجیەتی بگاتە ئەو ڕاستیەی کە ڕۆڵی دڵدار لە نێو ئەو پارت و ڕێکخراو سیاسییانەدا چی بووە و لە چ ئاستێکدا شوێنی گرتووە.

توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێک دێت، تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ ژیاننامەی دڵدار و قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی دڵدارو قۆناغەکانی خوێندن و ڕونکردنەوەی ئاستەنگەکانی ژیانی، کە چۆن لە کێشەو چەکمە حەسارییەکانی ژیاندا تلاوەتەوە.

تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی سیاسی دڵدار تەرخان کراوە، بە پێی ئەم قۆناغە مێژوویە هەڵسەنگاندن بۆ هەر یەکە لەو پارت و ڕێکخراوانە کراوە، کە بە کۆمەڵەی منەوەران دەست پێدەکات و بە کۆمەڵەی دارکەرو حزبی هیوا و حزبی رزگاری نیشتمانی کۆتای هاتووە.

توێژینەوەکە پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە، ڕەنگە بەرهەمەکانی موکەرەم تاڵەبانی گۆشەی گرنگی ئەم توێژینەوەییەیان گرت بێت، چونکە لە گەڵ لۆژیک و بارودۆخی ڕوداوەکاندا گونجاو تر بوون، بۆیە بە ساناى کەوتمە ژێر کاریگەریانەوە و زانیارییەکانی بوونە کۆلەگەی توێژینەوەکە. بە تایبەت پەرتوکی (حزبی هیوا في قيادة الحركة القومية الكردية ١٩٣٧-١٩٤٥)، عەلائەدین عەبدولخالق بە پەرتوکی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد) پلەی دووەمی گرتبێت بە تایبەت لە بواری ژیانی دڵدار، چونکە یاداشنامەی دڵداریش لە دوو توێی کتێبەکەی عەبدولخالقدا بڵآوکراوەتەوە، فەیسەڵ دەباغ بە پەرتوکی حزبی"هیواو" شۆرشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان و عەبدوستار تاهیر شەریف بە پەرتوکی الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨ لە پلەی سێیەمدا دێن. ئەم سەرچاوانە و ئەوانی تریش لە گێرانەوەی ڕوداوەکاندا یەک هەڵویست نین، بەلآم لە سەر ڕۆڵی دڵدار و ڕاگرتنی پایە و هەیبەتی لە نێو پارت و کۆمەڵەکاندا کۆکن.

لە کۆتایدا هیوادەخوازم ئەم توێژینەوەیە زانستیە ببێتە دەروازەیەکی تر بۆ ڕۆشنکردنەوەی زانیاریە ناڕونەکان و وەلآمێکیش بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی مێژووی قۆناغەکە.

**تەوەری یەکەم: ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی یونس ڕەئوف(دڵدار)**

یونس کوڕی مەلا ڕەئوف کوڕی مەلا مەحمود کوڕی مەلا سەعدي خادم سجادەیە[١٤]، لە ٢٠ شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیە، گەڕەکی بەفری قەندی لە دایک بووە(مەمەند، ٢٠١٣: ١٧؛ کەریم

---

[١٤] خادم سجادە: یەکێکن لە بنەماڵە ناسراوەکانی شاری کەرکوک، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کۆیەوە بۆ ئەم شارە کۆچییان کردووە، بنەماڵەی خادم سجادە خۆیان دەگێڕنەوە بۆ عوسمانی کوڕی عەفانی خەلیفەی سێیەمی ڕاشدین، گوایە بەرماڵێک کە

شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، دایکی ناوی (زەهوە کچی خورشید ئەفندی)[١٥]یەو لە ساڵی ١٩٥٩ کۆچی دوای کردووە، لە بنەماڵەیەکی مەلازادەیە[١٦] کە لە ناوچەکانی زەهاوەوە بۆ کەنارەکانی زێی بچوک کۆچیان کردووە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥). بارودۆخی ئابوری خێزانەکەیان خراپ بووە، بە هۆی ئەوەی سوپای عوسمانی چاڵە گەنمەکانی[١٧] ماڵی مەلا ڕەئوفیان دۆزیوەتەوە و تاڵانیان کردووە، بۆیە گوزەرانییان لە خراپەوە بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە[١٨]، باوکی دڵدار فەرمانبەری میری بووە، بە هۆی کێشەیەک لە گەڵ قائمقامی شاری کۆیە، مەلا ڕەئوف بۆ شاری ڕانیە گوازراوەتەوە (کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، لەوێ بارودۆخییان کەمێک باشتر بووە، دڵدار لە گەڵ نەخۆشی هاوەڵی بەردەوام بووە، بە هۆی کاریگەری نەخۆشیەوە توشی زمان گیران بووە (دڵدار، ١٩٧١: ٦).

سەرکەوتنی بەریتانیەکان و شکستی عوسمانیەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بارودۆخێکی نالەباری بۆ خانەوادەی مەلا ڕەئوف دروست کردووە، نەیاریی بۆ بەریتانیەکان و دۆستایەتی بۆ عوسمانیەکان، مەلا ڕەئوفیان ناچار کردووە شاری ڕانیە بەجێ بهێڵێت و بەرەو شاری کۆیە، دواتر بەرەو شاری هەولێر کۆچییان کردووە، لەوێ مەلا فەندی، کە دەکاتە خاڵۆزای مەلا ڕەئوف، گوندی بێستانەی پێداون، بۆ ئەوەی کشتوکاڵی تێدا ئەنجام بدەن و بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن(دڵدار، ١٩٧١: ٤)، هەرچەندە ڕەنگە تەنها بەشێک یان پارچە زەویەکی لەو گوندە پێبەخشی بێتن، یاخود

---

پێغمبەر(س) بە دیاری بەخشیویەتی بە عوسمان و بە زنجیرەی بنەماڵەی گەیشتۆتە ئەم بنەماڵەیە(مودەریس، ١٣٨٩هەتاوی: ٤٦٧-٤٦٨).

[١٥] عبدالخالق علاءالدین لای وایە ڕەنگە نێوی دایکی دڵدار زهرە بوو بێت بە هۆی هەڵەی نوسینەوە بو بێت بە زەهوە(١٩٨٥: ١٣)، هەڵبەتە بنەماڵەکەیان لە زەهاوەوە بۆ دەڤەرەکە کۆچییان کردووە، بۆیە ڕەنگە زەهوە دروستتر بێت، ئەگەر وای دابنێین کە بۆ ناوی زەهاو دەگەڕێتەوە(توێژەر).

[١٦]ئەم بنەماڵەیە بنەچەیان بۆ جومعە دەربەندی دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم لە زەهاوەوە بۆ دەڤەری زێی بچوک کۆچییان کردووە، ئێستا چەند گوندێکیان هەیە و بە شێوەزارێکی تایبەتی ئاخاوتن دەکەن(ئیلنجاغی، ٢٠١٤: ٢٥-٢٦).

[١٧] بە مەبەستی پاراستن و لە ترسی بە تاڵان بردنی دانەوێڵەکانیان لە لایەن سوپای عوسمانیەوە خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ژێر زەوییدا چاڵی گەنمییان لێ دەدا و دەییانشاردەوە، سەربازە عوسمانیەکان بە دەنگی پێی ئاژەڵەکانییان یان لە ڕێگەی چەقاندنی شیشەوە چاڵەکانییان دەدۆزییەوە، یاخود بە سود وەرگرتن لە ئاژەڵی ماڵەکان خۆڵیان لێ بارکردن بۆ ئەوەی بزانن ئاژەڵەکان بەرەوچ ئاراستەیە دەچوون و چاڵەگەنمەکانییان پێ دەدۆزینەوە(عائشە محی دین، چاوپێکەوتن، کەرکوک: ٢٠١٨/١/٢(عائشە محی دینحوسێن لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی عەمدۆن، ناحیەی شوان لە دایک بووە، ئێستا لە شاری کەرکوک نیشتەجێیە).

[١٨] دڵدار ئاماژە بە وتەی براکەی دەڵێت گوایە ئەو ڕۆژەی من لە دایک بوومە، چاڵە گەنمەکانمانیان بە تاڵان بردووە، واتە ڕێکەوتی ٢٠شوباتی١٩١٨، بۆیە ناچار بوین نێو ماڵمان بفرۆشین بۆ ئەوەی بژێوی ژیانمان پەیدا بکەین(علائەدین،١٩٨٥: ١٤).

سەرپەرشتیاری کارەکنی مەلا فەندی لە گوندەکە کرد بێت، نەک تەواوی گوندەکەی پێدابێتن. دواتر بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە گوندەکەی لێ وەرگیراوەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ شاری کۆیە، پاشان مەلا ڕەئوف دەبێتە فەرمانبەری ژمێریاری لە ڕانیە (علائەدین،١٥:١٩٨٥).

دڵدار لە تەمەنی نۆ ساڵیدا ١٩٢٧ لە شاری کۆیە خوێندنی دەستپێکردووە(کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، تا بە هاری ساڵی ١٩٢٨ بەردەوام بووە و کۆمەڵێک زانیاری سود بەخشی وەرگرتووە، هەرچەندە بەر لە چوونی بۆ خوێندنی فەرمی، قورئانی خوێندووە(١٩)، بەڵآم بەر لە تەواو کردنی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە هۆی دەوامی باوکیانەوە ماڵییان بۆ ڕانیە گواستۆتەوە، تا پۆلی دووەمی سەرەتای لە ڕانیە بەردەوام بووە و سەرەڕای نەخۆشی کە بەرۆکی بەرنەداوە، بەڵآم دڵخۆش بووەو ژیانی ڕانیەی پێخۆش بووە، لە سەرداوای برا گەورەکەی (سەعدی) لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ شاری هەولێر گواستراوەتەوە، لە شاری هەولێر نیگەران بووە، تەنانەت لای وایە وەکو مەلێک وابووە کە لە نێو قەفەسدا بێت (علاءالدین: ٢٤:١٩٨٥). بەهۆی خوێندنەوە شاروشارۆچکەی زۆر گەڕاوە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥)، ئەمەش تێکەڵی لە گەڵ چین و توێژی جیاوازدا بۆ دروست کردووە(ئیبراهیم،١٩٩٨: ١٧).

پاش تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی لە شاری هەولێر بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن بۆ شاری کەرکوک دەگوازێتەوە(کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، چونکە لەو سەردەمەدا شاری هەولێر قۆناغی خوێندنی دواناوەندی لێنەبووە، خوێندکاران لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە بۆ تەواوکردنی دواناوەندی ڕویان لەو شاری کەرکوک کردووە(کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)و لە تەکیەی خادم سوجادە ژیاوە(طالبانی، ٢٠٠٨: ٣٤). قۆناغی خوێندنی لە شاری کەرکوک هەوێنی پێگەیشتن و گەشە کردنی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی دڵدار بووە(کەریم شارەزا، ٢٠١٣: ٩٧)، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە هەردوو هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب) و (لاوی کوردان)ن کە لەو شارە دایناون(علاءالدین: ٥٠:١٩٨٥). ژیانی خوێندەواری دڵدار لە بزووتنەوە و جوڵە بووە، ئەوەی بە وردی یاداشتەکەی بخوێنێتەوە ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە دڵدار ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕانکاری بووە.

دڵدار گەنجێکی سورو سپی موو زەردی باڵآ بەرز بووە، لاوێکی زرنگ و توندوتۆڵ و خاوەن بیرێکی ژیرانە و تێڕوانینێکی دوور بینانە بووە، گیانێکی لە خۆبردوانە و هەستێکی بەرزی هەبووە(علاءالدین: ١٩٨٥: ٨٢)، بە هۆی سەختی ژیان و زۆری زەمان گیانی بەرگری لە ناخیدا ڕواوە، بە هۆی کەمی تەمەنەوە بەرهەمی نوسراوی کەم بووە(حلمی، ١٩٨٨: ٨-٩)، کەسێکی واقیع بین بووە لە یاداشتەکەیدا کە عەبدولخالق علائەدین کۆیکردۆتەوە دەڵێت "دەمەوێت وەکو بیانیەک تەماشای خۆم بکەم، بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر عاتیفەی خۆم و تەندروست زانیاریەکان بنوسمەوە و ڕوداوێک کە ڕوینەدابێت نەیکەمە ڕوداو..."(١٩٨٥: ١٢).

(١٩)خوێندنی ئاینی لای مەلا برایم ناوێک بووە لە خانەقای شێخ جەمیل ئەفەندی، لە هاویندا وانەی ئاینی و لە زستانیشدا وانەی لەخوێندنگای فەرمی خوێندووە، زیاتر ئارەزووی لە خوێندنگا فەرمیەکان بووە،(علائەدین،٢٨:١٩٨٥).

دڵدار ئارەزووی هونەرو وێنەکێشانی هەبووە، سەرەڕای زمانگیرانی لە وتاربێژیدا بە توانا بووە، کاتێک دەکەوتە ئاخاوتن درک بە زمان گیرانەکەی نەدەکرا، زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی، کەمێکیش فەرەنسي زانیووە، نوسینی لاتینی زانیووە و خەتی خۆش بووە(علاءالدین: ١٩٨٥: ٨٢). شیعر دۆست بووە، لە سەرەتاییدا دیوانی حاجی قادری لە بەر کردووە، هەڵبەستی هەر شاعیرێکی دەست بکەوتایە لە بەری دەکرد، دیوانی نالی لە پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندۆتەوە، کەوتۆتە ژێر کاریگەری دیدی شاعیرە ناسراوە کوردەکانی کورد وەکو حاجی قادر و وەفایی و بێکەس و پیرەمێردو عەونی و ڕاجی و زێوەر و...هتد. دڵدار لە دەوری منداڵییدا ئەگەر شانازی بەووە کردبێت کە لە نەوەی خادم سجادە ئەوانیش خۆییان بە نەوەی عوسمانی کوڕی عەفان دەزانن، بەلآم لە دواییدا بیروباوەڕی پێچەوانەی ئەو جۆرە بۆچوونە بۆتەوە(خەزنەدار، ١٩٨٤، ٨١).

بەشێک لە سیماکانی شیعری دڵدار بریتین لە هاندانی لاوان بۆ خەبات و کۆڵنەدان و کۆشش کردن بۆ ڕزگار بوون لەو دواکەوتووییە نەتەوەییەی کە بەرۆکی گرتووە، سەرەڕای فەرامۆش نەکردنی لایەنی کۆمەلایەتی(ئەحمەد،١٩٨٩: ٢٤٠). دڵدار زۆری دەخوێندەوە، لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە خۆییان خۆییانیان فێر دەرکرد، چونکە لەو سەردەمە دام ودەزگای ئەدەبی لە ولآتدا نەبوو، شۆڕشە گەورەکانی جیهان کاریگەرییان لە سەر دڵدار هەبووە، بە تایبەت یەکێتی ئیتاڵیا و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، ئەگەر چی ڕاستەوخۆ لە هۆنراوەکاندا باسی ئەو شۆڕشانەی نەکردووە، گیانی دیموکراتی و هاندانی کۆمەڵ بۆ خوێندەواری و ئامۆژگاری کردنی لە ڕێگەیەکی شۆڕشگێڕیەوە ڕوون و ئاشکران لە بەرهەمەکانیدا(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٠).

هۆنراوەی (ئەرێ ئەی لاو) نمونەیەکە لەو هاندانانەی کە لەو پێناوی وشیارکردنەوەی لاواندا پێشکەش کراوە:

لە نێو گەلدا دەبێ ئیعلانی جەنگ کەی لە گەل جەهلا
علم و چەک بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگەي کەمینت بێ(دڵدار، ١٩٧١: ١٨).

لە سەرەتای چلەکانەوە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفی و مێژوو سیاسیەکان(ئەحمەد، ١٩٨٩:٩٧)، ژیانی دڵدار لە بزاوتندا بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشە کردندا بووە، ماوەیەک سەرقاڵی خوێندنەوەی سەرچاوەکانی ئاینی بەهائی بووە، ماوەی ژیانی لە شاری بەغداد گرنگ بووە و ئاشنایەتی لە گەڵ ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران پەیدا کرد و ئاسۆی ژیانی گەشەی خێرای بە خۆییەوە بینیوە، ناسینی ستافی گۆڤاری گەلاوێژ یەکێک لەو نمونانە بوو(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٥٩-٦٠).

هەڵبەتە دڵدار بەر لە چوونی بۆ شاری بەغداد کاری ئەدەبی و بابەت بلاوکردنەوەی ئەنجام داوە، یەکەمین هۆنراوەی لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٣٥ی کۆڤاری ڕوناکیدا بلآوکردۆتەوە(هەلەبجەی، ٢٠١٧: ٥٥).

دڵدار زێدی خۆی خۆش ویستووە و دیمەنی جوانی شاخ و باغ و دەشت و دۆڵەکان کاریگەرییان هەبووە و ئامادەی خۆ بەخت کردن لە پێناوی نیشتمان بووە و ڕۆڵەکانیش بۆ ئەو بابەتە هاندەدات، وەکو لە پارچەیەک لە هۆنراوەدا دەڵێت:

من ڕۆڵەی کوردستانم تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو ولآت سەرکەوێ فیدایە ڕوح و گیانم(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٢١).

ئەم هۆنراوەیە و چەندین هۆنراوەی تر بەڵگەی نیشتمانی بوونی دڵدار پیشان دەدەن، ئەوەی دەنگدانەوەی گرنگی لە سەر دەکەوتنی ناوبانگی دڵدار لە سەردەمی ژیانیدا هۆنراوەی (ئەی رەقیب) بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی دەبێتە مارشی نیشتمانی کۆماری کوردستان لە مهاباددا.

لە رِوی فکریشەوە دڵدار هەڵگری بیری چەپ بووە و لەو رِوانگەیەوە دەیوست مافی نەتەوەکەی بە دەست بهێنێت، دۆستایەتی لە گەڵ ئایندا نەبووە، نوێژو رِۆژووی ئەنجام نەداوە (تالبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)، کێشەی لە گەڵ وجودیەتدا هەبووە، جاروبار سەردانی مزگەوتی کردووە و لە گەڵ فەقێکاندا کەوتۆتە گفتوگۆ و بە مولحید ناوزەندییان کردووە(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٤٥)، ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە رەنگە بۆ ئەو تەوژمە رەوتە چەپە بگەرِێتەوە، کە لە سیەکانی سەدەی رابردودا بیری مارکسی لە نێو رِۆشنبیرانی کوردا گەشەی خێرای کردووە(الطالبانی، ١٩٩٦: ٤٤).

دڵدار بواری سۆزداری فەرامۆش نەکردووە و باس لەوە کراوە کە جۆرێک لە خۆشەویستی یەکلایەنەی بۆ (بەهیە فەرەجوڵلاَ زەکی بەهایی) هەبووە(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٦٥)، کە کچە کوردێکی بەهای بووە و لە ساڵی ١٩١٧ لە قاهیرە لە دایک بووە و دواتر هاتۆتە شاری بەغداد بۆتە مامۆستا. عەبدولخالق عەلائەدین باس لەوە دەکات کە هۆمەری دزەیی لەم سلاَنەی دوایی سەردانی بەهیە خانی کردووە و باسی لە خۆشەویستی دڵداری بۆ ئەو کردووە، بەلاَم بەهیە فەرەجوڵلاَ بێئاگای خۆی لە دڵدار دەربرِیوە(چاوپێکەوتن، هەولێر: ٢٠١٨/١/٨).

لە ساڵی ١٩٤٥ دا دڵدار کۆلێژی مافی تەواو کردووە و لە شاری کۆیە نیشتەجێ بووە و بە کاری پارێزەرەیەوە سەرقاڵ بووە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥)، لە شارەکانی کۆیە و هەولێر و رانیە و قەلادزێ کاریکردووە و لە نوسین و خوێندنەوەش دانەبرِاوە. لە بەهاری ١٩٤٨دا کاربەدەستانی میری داوایان لێکردووە کە ببێتە بەرِێوبەری ناحیەی سەنگەسەر و بە وەکالەت کاروباری قایمقامیەتی رانیەش بەرِێوە ببات، هەرچەندە ئەو پۆستە بۆ ئەو سەردەمە شایستەی بایەخ پێدان و گرنگ بووە بەلاَم دڵدار پێشنیارەکە رِتدەکاتەوە(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٤). هۆکاری ئەو رەتکردنەوەیە روون نیە، رەنگە پەیوەندی بەو هەستە نیشتمانیەوە هەبوو بێت کە ناخی دڵداری پێ بارگاوی کرا بوو، لە گەڵ ژینگە و مامەڵەی کاربەدەستانی میری نەدەگونجا. یاخود سەرقاڵی بە کاروباری رِۆژانە بوبێت.

مەلاَ رەئوفی باوکی دڵدار لە ساڵی ١٩٤٦ کۆچي دوایی کردووە و ئاسفی براگەورەی کە شوێنی باوکی بۆ گرتبۆوە لە ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە، کۆچی دوایی ئاسف کاریگەری زۆری کردۆتە سەر لایەنی دەرونی دڵدار(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٤).

دڵدار نەخۆشی رِۆماتیزم و ئاوسانی دڵی هەبووە، لە ١٩٤٨/١١/١٢ لە نێو بازاری شاری هەولێر لە ئاست هوتێل شیمال بە هۆی ژەهراوی بوونی گەدەوە دەکەوێت و بارودۆخی تەندروستی تێک دەچێت، خەڵکی دەڤەرەکە هیچ جۆرە هاوکاریەک پێشکەش بە دڵدار ناکەن و بە سەرخۆشی تێ دەگەن، بە تایبەت زمانی تەواو نەبووە و لایان وا بووە بە هۆی مەی خواردنەوەوە ئەو بارودۆخەی بە سەر هاتووە، پاش ماوەیەک بە عارەبانەی حەمباڵی لە بری نەخۆشخانە دەیگوازنەوە بۆ پۆلیسخانە، ئێشکگری پۆلیسخانە بۆ یاری کردن، چۆتە دەرەوەی بنکەکەو ئامادە نابێت بگەرِێتەوە بۆ ناوەندەکەی، مانەوەی دڵدار لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستی و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٨-٧٩؛ خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦).

عەبدولخالق عەلائەدین لە بەدواداچونی بۆ ئەو ڕوداوە نوسیویەتی" دەرئەنجامی توێژینەوەی پۆلیس دەری خستووە کە خواردنگەی یانەی فەرمانبەران هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبووە، بەلآم دڵدار هەمان ڕۆژ بەو سەرما و سۆڵەیەدا چەند کاتژمێرێک لە کۆیەوە تا هەولێر بەرێوە بووە و سەختی زۆری کێشاوە"(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٩). ڕەنگە ئەوە هۆکاری ژەهراوی بونەکەی بوویێت، سەرەڕای ماندوبوونێکی زۆر ئەو ژەمە میمبەری سورەوەکراوی خواردووە، کە چەوریەکی زۆری تێدایە و هەرس کردنی سەختە (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٧٩).

**تەوەری دووەم: ژیانی سیاسی دڵدار**

ژیانی سیاسی دڵدار بە چەند قۆناغێکدا تیَ دەپەڕێت و هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەوڵدەدەین چەند وێستگەیەک لە ژیانی سیاسی دڵدار لە نێو کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکاندا شەن و کەو بکەین:-

**یەکەم: کارکردنی دڵدار لە نێو بەچە شێران:-**

کارە سیاسییەکانی دڵدار لە ناوەندییەوە دەستی پێکردووە، دەکریَ وای دابنێین کە ئەو پەروەردە سیاسیەش بۆ پەروەردەی خانەوادە و کاریگەری ژینگەیەکەی دەوروبەری بگەڕێتەوە، کە دڵدار لە گەڵ ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکانیدا گەورە بووە و درکی بەو دابڕان و بەشخوراوییە نەتەوەییە کردووە، کە لە سەر دەستی حکومەتی عێراق بە سەر نەتەوەکەیدا هاتووە، جگە لەوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵە و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دامەزران و بەشێکییان مۆرکی سیاسییان پێوە دیار بوو، وەک کۆمەڵەی زانستی ١٩٢٦، کۆمەڵەی برایەتی ١٩٢٧، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان لە ساڵی ١٩٣٠، یانەی سەرکەوتن لە ساڵی ١٩٣٠...هتد(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە فاتیح، ٢٠١٢: ٩٢-٩٧)، ڕەنگە ئەمانەش پاڵنەرێکی تر بوبێت بۆ گەشەسەندنی بیری سیاسی دڵدار.

دڵدار لە شاری هەولێر لە خوێندنگاکەیدا بەچە شێرانی دروست کردووە، لەیاداشتەکەیدا هاتووە کە ئاسفی برای کە بە سەرەتای کورد بوونی ئاشنا کردووە، ئاسف داوای لێکردووە لە گەڵ هاوڕێکانی بە هاوڕێکانی بڵێن تۆ چیت، ئەگەر وتی من کوردم، ئەوا پیێ بڵێن بەچە شێر، ئەگەر نەیوت من کوردم ئەوا پیێ بلێن بەچە ڕێوی و هێرشی بکەنە سەرو لیێ بدەن، بۆ ڕۆژی دوایی بە مەبەستی خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو کارەی ئاسف پیێ ڕاسپاردم سیَ نانەقەزوانی سوێرم کڕی و بە سەرچوار برادەردا دابەشم کرد، پێم وتن بە قوتابیەکان بڵێن تۆ چیت ئەگەر وتی کوردم، ئەوە بە بەچە شێر بانگیان بکەن، ئەگەر وای نەوت، پیێ بڵێن بەچە ڕێوی و لیێ بدەن، لە ماوەی یەک هەفتەدا کاتێک زەنگی پشو لیَ دەدرا، دەنگی بەچە شێر لە خوێندگاکەدا بەرز دەبووەوە، کە کوردەکان بەچە شێرن (بەچە شێر بەچە شێر بەرز دەبوەوە)، ڕاوی بەچە ڕێوییەکانییان دەنا، سکاڵآ گەیشتە بەرێوبەر، بە هۆی فشاری بەرێوبەرەکەوە ڕێگە لە کار کردنی گیراوە و زوو خامۆش کرایەوە، بەرێوبەر وتی هەر کەسێک بلیَ بەچە شێر سەری دەشکێنم و هەرکەس بلێت بەچە ڕێوی قاچی دەشکێنم، هەموتان کورد و کوڕی پیاون، (عەلائەدین، ١٩٨٥: ٢٧ )، هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بەو بابەتە نەکراوە، بەلآم دەتوانین بڵێین ئەم باسە بازنەیەکی بچوکی قوتابیان بووە و مۆرکێکی

نەتەوەییانەی هەبووە، چونکە کەسانی ڕۆشنبیری ئەو قۆناغە دەرخەری هوشیاری وبە ئاگایی ئەون وجیاواز بووە لە هاوڕێکانی.

**دووەم: کارکردنی لە کۆمەڵەی منەوەران:-**

دەکرێ سەرەتای کاری سیاسی دڵدار بۆ شاری کۆیە و زێدی باوک و باپیرانی بگێڕینەوە، کۆیە وەکو نێوچەیەکی دیاری باشووری کوردستان کە دانیشتووانەکەی هەڵگری جۆرێک لە هەستی نیشتمانی و جولەی نەتەوەیی بوونە، پشکی دیاریان لە جولانەوە سیاسیی و ڕوناکبیریەکانی سەدەی بیستەمدا هەبووە، زۆر جار ڕۆڵی ڕابەرایەتییان لەو بوارەدا گێڕاوە، دڵدار یەکێک لەو کەسایەتییانەی ئەو بوارە بووە، کە لە گەڵ ژمارەیەک لە ڕوناکبیرو هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە شاری کۆیە، خولیای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون(فاتیح، ٢٠١٢: ١٠٥) کە بتوانن لەو چوارچێوەیەدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی خۆیان بدەن، دوای بیروڕا گۆڕینەوە و گفتوگۆ کردن لە ساڵی ١٩٣١دا (کۆمەڵەی منەوەران)یان لە شاری کۆیە دامەزراند، لە نێو خەڵکی شارەکەدا بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە ناوبانگی دەرکرد(تەیب، ٢٠٠٨: ١١٧). ڕەنگە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە ناوە بۆ ئەو ئاستەنگانەی دەبونە ڕێگر بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی، چونکە هەموو جۆرە کاری سیاسیەک لە دەرەوەی یاسا و بێ مۆڵەت قەدەغە بوو، مۆڵەت وەرگرتن بۆ کارکردن لە کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکانیش ئەستەم بووم، چونکە دەروازەکان بە ڕووی جولانەوە سیاسی و نیشتمانیەکان داخرا بوو(الطالبانی، ٢٠١٠، ١٧٢)، لە بەرئەوە دەکرێ کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی کۆیە تەنها تێروانینی خەڵکی شارەکە بۆ ئەو نوخبە ڕۆشنبیرانەی شارەکە کە کۆمەڵەکەیان هەڵسوڕاندووە، دیارترینی ئەو کەسایەتیانەش بریتی بوون لە: کاکە زیادی کۆیە، زەکی ئەحمەد هەناری، تایەر توفیق، سابیر ئیسماعیل، سەید ئەحمەد مەلا وەلی، عوسمان عەونی، سامی عەودال، ئەحمەد مەلا، ئەحمەد ئاغای باخچە چی، مام وەیسی باخچەوان، عوسمان مام عبدالله، حەمەد بەگی موختار،... یونس ڕەئوف کە بچوکترین ئەندامی کۆمەڵەکە بووە(تەیب، ٢٠٠٨، ١١٨)، دواتر ئەم کۆمەڵەیە (منەوەران) بوو بە بەشێک لە کۆمەڵەی لاوان[٢٠] کە بنکەکەی لە شاری بەغداد بوو(زامدار، ٢٠٠٤: ٧٤).

**سێیەم: کارکردنی دڵدار لە کۆمەڵەی دارکەر**

لە کاتێکدا تەوژمی بیری نەتەوەیی جیهانی هاندەری قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بووە، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک تا لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەیەوە مافەڕەواکانی گەلی کوردستان بە دەست بهێنن، بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی لە لایەن دڵدارەوە پێشنیار کراو خرایە بەر باس، دوای تاوتوێکردن و بیروڕا گۆڕینەوە، لە لایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی دواناوەندی مەرکەزی شاری کەرکوک لە نیوەی یەکەمی مانگی ئەیلولی ١٩٣٧ بڕیار درا کۆمەڵەیەک

---

[٢٠] ئەم کۆمەڵەیە لە ١٩٣٠ لە شاری بەغداد دامەزراوە، گرنگترین چالاکیەکانییان برەودان بە بواری ڕۆشنبیری و کەلتوری بووە، دیاترین کاراکتەرەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە : ئیبراهیم ئەحمەد، حامد فەرەج، شاکر فەتاح، فتزل تاڵەبانی، حاجی قادر، گۆرانی شاعیر( فاتیح، ٢٠١٢: ٩٦).

بە ناوی دارکەر لە شاری کەرکوک دابمەزرێت(طالبانی، ١٩٩٦، ٣٢؛ شریف، ١٩٨٩: ٩٤؛ شاوێس، ١٩٨٥: ١١). موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە تەنها من لە ژیاندا ماوم، منیش ئەمە بە هەل نازانم کە بڵێم من ئەو کۆمەڵەیەم دامەزراندووە، بیرەوەری ئەو لاوە دڵسۆزە، کە ئەو بیرەی خستە دەروونی ئێمەوە و کۆمانی کردەوە بۆ دامەزراندنی بناغەی کۆمەڵەکە زیندوی بکەمەوە و سەری ڕێزیشی بۆ دادەنوێنم، لە پێچ و پەنایی خۆهەڵکێشاندا بەشخۆر نەبێت و مافی ڕەوای خۆی پێ بدرێت، من چۆن ئەوە لە بیر بکەم کە دڵدار منی ڕاکێشایە پەنا دیواری خوێندنگاکە و داوای لێکردم کە ئێوارە سەعات چوار لە گەڕەکی بەگەلەری قۆریە لە مالی بورهان جاف ئاماد بم بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن : سلێمانی، ٢٠١٨/١/٨ ؛ دەباغ، ١٩٩٧: ٩).

ئامادە بوانی کۆبونەوەی مالی بورهان جاف(١٩٨٣ مردووە)، کە یەکەمین کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوو بریتی بوون لە یونس ڕەئوف(دڵدار)، بورهان جاف، کاکە حەمەی خانەقا(١٩١٨-١٩٦٣)، موکەرم تاڵەبانی(١٩٢٣ لە دایک بووە)، جەلال قادر لە کۆبونەوەکەدا دڵدار وتارێکی پێشکەش کرد و باسی لەو کارەساتانە کرد کە بە سەر کوردا هاتووە و چۆنێتی دابەشکردنی کوردستانی گەورە بە سەر چوار پارچەدا، (طالباني، ١٩٩٦، ٣٢). ئەم تەرزە وتارە نەتەوەییانە لە تێکرای ژیانی سیاسی دڵداردا ڕەنگی داوەتەوە، لە هەر کۆمەڵەو حزب و ڕێکخراوێکیش کاری کرد بێت، دید وتارو دروشمی نەتەوەییانە بە سیمای ئەو شوێنانەوە دیار بووە، ئەمەش بۆ کاریگەری دڵدار دەگەڕێتەوە کە توانای شوێنکردنەوەی هزری خۆی هەبووە و پاشکۆی بیرکردنەوە جیاوازەکان نەبووە.

فەیسەڵ دەباغ ئاماژەی بەو ڕەخنانە کردووە کە موکەڕەم تاڵەبانی ئاراستەی زانیارییەکانی عەبدوستار تاهیر شەریفی دەکات، دەباغ ئەو ڕەخنانەی تاڵەبانی لە مستەفا عوزێرییەوە(١٩١٨-١٩٨٥) گواستۆتەوە، بە ناڕاستی داوەتە قەڵەم دەڵێت ئەو کەسانەی عەبدوستار بە دامەزرێنەری دارکەریان دەزانێت ئەوانە تەنها دامەزرێنەری لقی هەولێری دارکەرن، کۆمەڵەکەش لە کەرکوک دامەزراوە نەک لە هەولێر(دەباغ، ١٩٩٧: ٧؛ بابان، ٢٠١٢: ٤٧٥). ماکداولێش هەمان بۆچونی پێشکەش کردووە، کە کۆمەڵەکە لە شاری کەرکوک دامەزراوە(ماکداوڵ، ٢٠٠٥: ٤٧٤).

دەباغ شرۆڤەی بۆچونە جیاوازەکانی کردووە، بەڵام پشتیوانی لە بۆچونی مستەفا عوزێری دەکات کە دەڵێت دارکەر لە هەولێر لە لایەن یونس ڕەئوف و مستەفا عوزێری و جەلال قادر و موسا عەبدوسەمەد و ئیحسان حاجی ئەحمەد باخچەچی و ڕۆستەم عەبدولجەبارەوە دامەزراوە، هێرش دەکاتە سەر موکەڕەم تاڵەبانی و دەڵێت ئەو تەنها ئەندامی لقی کەرکوک بووە و ئاگاداری دامەزراندنە کۆمەڵەکە نەبووە (١٩٩٧: ١٠-١١).

چەند بۆچونێکی تریش هەیە هەمان زانیاری پشت ڕاست دەکەنەوە، کە کۆمەڵەکە لە لایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی دڵدار دامەزراوە(شاوێس،١٩٨٥: ١١؛ حیدری، ٢٠٠٤: ٢٤؛ ڕەسوڵ، ٢٠٠٥: ١٤)، لە کاتێکدا ئەو خوێندکارانە تێکڕایان لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوون(دەباغ، ١٩٩٧: ١٢).

ئەم بۆچونانە ڕەتدەکەینەوە، پاساویشمان بۆ نەیاری ئەو بۆچونانە بریتیە لە:

1. قۆناغی ناوەندی زۆر زووە بۆ دامەزراندی ڕێکخراو کۆمەڵەی سیاسی کە بتوانێت کاریگەری هەبێت و بەو شێوەیە بڵاو بێتەوە.



2. قۆناغی خوێندنی دواناوەندی تەنها لە شاری کەرکوک هەبووە، لە تێکرای دەڤەرەکانی تری کوردستانەوە خوێندکاران ڕوویان لەو شارە کردووە، ئەمەش تێکەڵەیەک لە بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست کردووە، کە دەبێتە هۆی لە دایک بوونە جوڵانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری(خەزنەدار، ١٩٧٧: ٨).

3. جگە لەوەی کەرکوک تاکو ١٨٦٩ سەنتەری حکومڕانی عوسمانیەکان بوو کە بە ویلایەتی شارەزوور ناسراوە، ئەمەش کاریگەری لە سەر لایەنە جیاوازەکانی شارەکە هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە دامەزراندنی کۆمەڵەی سیاسی و یانەی ڕۆشنبیری و بوونی چەندین تەکیە و خانەقا و خوێندنگای ئاینی خانەقای سەید ئەحمەدی خانەقا و تەکیەی تاڵەبانی و خوێندنگای سوڵتانیە و روشدیە، خوێندگای مەلا عومەر گومبەتی، بڵاوبونەوەی تەریقەتەکان.

ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگە تێکڕای توێژەران و نوسەران جەخت لە ڕۆڵی دڵدار دەکەنەوە، کە دانیەمۆی کۆمەڵەکە و سەرۆکی یەکەم و دوا سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە، هەرچەندە تەمەنی کۆمەڵەکە درێژ نەبووە، بەڵام بەراورد بە تەمەنی دامەزرێنەران و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کارێکی قورسیان کەوتۆتە ئەستۆ.

سەبارەت بە هۆکاری ناونانی کۆمەڵەکەش دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکردنی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتاڵی کە لە ساڵی ١٨٧٠ بە مەبەستی هەوڵدان بۆ دروست کردنی یەکێتی ئیتاڵیا دروست بووە(عەبدولا، ١٩٩٩: ٥٩)، هاتنە پێشەوەی وا ناوێک دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی وانەی مێژووی ئەوروپا لە دواناوەندی مەرکەزی کەرکوک و بە تایبەت خوێندنی چۆنێتی دروست بوونی یەکێتی ئەلمانیا و یەکێتی ئیتاڵیا، موکەرەم تالەبانی دەڵێت: مامۆستای مێژوومان کە لە نەتەوەی عەرەب بوو سەرسام بوو بە یەکێتی ئەلمانیا، هەمیشە باسی لەو یەکێتیە دەکرد، لای وابوو پێویستە هەوڵ بدرێت کە ئەو هەولآنە لە جیهانی عەرەبیشدا جێ بەجێ بکرێت[٢١]، یەکێتی وڵاتانی عەرەبی دروست بکرێت(تاڵەبانی: چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٨/١/٨). بۆچونێکی تر هەیە کە دارکەر بۆناوی داریکەلی گوندەکەی شێخ مەحمودی حەفید(١٨٨١-١٩٥٦) دەگەڕێنێتەوە(دەباغ، ١٩٩٧: ٩). گوایە وەکو خۆشەویستیەک بۆ خەبات و ماندوبوونی شێخ مەحمود ئەم ناوەیان لە کۆمەڵەکە ناوە، بەڵآم ئەم بۆچونە لاوازە و دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە زۆرینەی سەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دارکەر بۆ کاربۆناری ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە(طالبانی، ١٩٩٦ ؛ دەباغ، ١٩٩٧: ٧ ؛ شریف، ١٩٨٩: ٩٤). جگە لەوەی لەو سەردەمەدا هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان شێخ مەحمود و بزوتنەوە کوردیەکاندا نەبووە،

---

[٢١] محمد شـــوقێر مامۆســـتای وانەی مێژوو بوو، مەکەرەمپارچ تاڵەبانی دەڵێت ڕۆژێک پرســـیارێکی هێنا بووەوە (باس لە یەکێتی ئەڵمانیا بکە و ئایا دەکرێت لە وڵآتانی عەرەبی جێبەجێ بکرێت)، منیش لە وڵآمدا نوسیبووم ناتوانرێت لە وڵآتانی عەرەبی جێبەجێ بکرێت، کاتێک وڵآمەکەی منی بینی بوو تورە بوو هات لام، وتی بۆچی شتی وات نوسیووە، منیش پێم وت لام وایە نـاتوانرێـت، یەکێتی ئەڵمـانی بە ســـەر یەکێتی عەرەبیـدا جێ بەجێ بکرێت(چاوپێکەوتن:٢٠١٨/١/٨).

تەنانەت لە سەردەمی حکومداری شێخ مەحمودیشدا پەیوەندی لە نێوان شاری کەرکوک و حکومەتی شێخ مەحمود پتەو نەبووە.

ئەو کۆمەڵە خوێندکارەی کە دارکەریان دامەزراند هاوشێوەی مامۆستاکەیان کەوتبونە ژێر کاریگەری بیرو هزری رۆژئاواییەکان و بیریان لە یەکێتی نێوان پارچەکانی کوردستان دەکردەوە، بەڵام یەکێتی ئیتالیایان کردە نمونە بۆ جێبەجێ کردنی پەیامەکەییان(رەسول، ٢٠٠٥ : ١٣٤؛ هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٥٧). لاسایی کردنەوەی ئەو رێکخراوە لە دروشم و تارەکانی دڵداردا رەنگی داوەتەوە کە بریتی بوو لە: رزگاری بۆ کوردستان و یەکگرتنی پارچەکانی تری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، بە دروشمی بژی کورد و کوردستان دەستییان بە کارەکانیان کرد بوو(طالباني، ١٩٩٦: ٣٦). هەرچەندە پەیرەو و پرۆگرامی نوسراوییان نەبوو، بەڵام کۆمەڵەکە شەقڵێکی نەتەوەیی هەبووە و هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانی داوە، گەڵاڵەنامەی ئەو دروشمانەش بەرهەمی هزر و بیری سیاسی دڵدار بوون (الطالباني، ١٩٩٣: ٢١).

دارکەر بۆ رێکخستنی کارەکانی لە حوزەیرانی ١٩٣٨ کۆنگرەی یەکەم و کۆتایی خۆی بەستا، کاتێک کە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران لە ناوچە جیاوازەکانەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆری سەردانی کەرکوکیان کرد بوو، دوای تەواو کردنی تاقیکردنەوەکان، کۆمەڵەکە بە ئامادە بوونی ٦٠ خوێندکار لە باخچەی ئوم ئەل رەبیعەین(أم الربعين) کۆنگرەکە بەرێوەچوو(الطالبانی، ٢٠١٠، ١٧٥؛ دەباغ، ١٩٩٧: ٨). کۆنگرە وەرچەرخان بوو بۆ کۆمەڵەکە و تا دەهات ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بە خێرایی زیادی دەکرد، زۆرینەی چین و توێژەکان بە تایبەت خوێندکارانی کورد کە لە کەرکوک دەیانخوێند بوونە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا(فەیزی، ٢٠٠٦، ١٨)، ئەم گەشەکردنەش بۆ لێهاتوویی دڵدار دەگەرێتەوە، کە بە شێوەیەکی چالاک کارەکانی بەرێوە بردووە(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨). پاش ماوەیەکی کورت خەڵکی جیاواز لە ناوچەی جیاوازەوە لە کۆمەڵەکە کۆبۆتەوە و لقی لە شارەکان کردۆتەوە، بە تایبەت کەرکوک، سلێمانی، کۆیە، شەقڵاوە، چەمچەماڵ، بەغداد، خانەقین(هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٥٩؛ دەباغ، ١٩٩٧، ١٦).

دیارترین ئەو کەسانەی لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە : دڵدار(یونس رەئوف)، کاکە حەمەی خانەقا، حامد جاف، نوری شاویس، موسا عەبدوسەمەد، مستەفا عوزێری، رۆستەم عەبدوجەبار، عوسمان میران، معروف بەرزنجی، حسین بەرزنجی، فەخرەدین پشدەری، فازل تاڵەبانی، رەشید باجەلان، نورالدین بەهائەدین، فەتاح عەبدەلجەبار، رۆستەم عەبدولجەبار...لە کۆنگرەیەدا داوا کرا کۆمەڵەکە بکرێت بە پارتی سیاسی و چەند کەسایەتیەک خرانە بەر باس بۆ ئەوەی ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو پارتە بگرنە ئەستۆ و کارەکان راپەرێنن[٢٢]، چونکە کۆمەڵە کە

[٢٢] هۆکاری ئەو بریارەش بۆ دوو مەبەست دەگەرێتەوە:

1. ئەندامانی کۆمەڵەکە خوێندکار بوون و تەمەنێکی کەمییان هەبوو، قورس بوو کە ئەرکی سەرۆکایەتی بگرنە ئەستۆ.
2. رەفیق حلمی بەرێوبەری خوێندگای مەرکەزی کەرکوک بووە، پەیوەندی تۆکمەی لە گەڵ خوێندکاراندا هەبووە و بە هۆی ملمڵانێیەکی نەتەوەیەوە سـزا درا بوو بۆ

پرۆژەی دروست کردنی پارتی دارشتبوو هیچ کەسێکی بۆ سەرۆکایەتی هەڵنەبژارد، بەڵکو پێشنیار کرا کە لە دەرەوەی کۆنگرە و ئەندامانی کۆمەڵە کەسێکی بەهێز و خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی دیاری بکرێت بۆ ئەو ئەرکە، دیارترین ئەو کەسانەش کە پێشنیار کران بۆ سەرۆکایەتی بریتی بوون لە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ(١٨٨٠-١٩٤٨)، تۆفیق وەهبی(١٨٨٩-١٩٨٤)، جەمال بابان(١٨٩٣-١٩٦٦)، معروف جیاوک(١٨٨٥-١٩٥٨)، ماجد مستەفا(١٨٩٦-١٩٧٤)، ڕەفیق حلمی(١٨٩٨-١٩٦٠)، پاش گفتو گۆ بڕیار درا کە لە گەڵ ڕەفیق حلمی ئاخاوتن بکرێت و داوای لێ بکرێت بۆ ئەو کارە، چونکە زۆربەی دامەزرێنەران گەنج بوون و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناسراوییان نەبوو و پێویستییان بە کەسێکی دیار هەبوو بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکان(دەباغ، ١٩٩٧، ١١)، ڕەفیق حلمی، کە کەسێکی ناسراو لێهاتوو بوو، پێشتریش بەرێوبەری دواناوەندیەکە بووەو پەیوەندیەکی گیانی لە گەڵ خوێندکارەکاندا هەبووە، ئەمەش تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەکەی قورس تر کرد بوو(دەباغ، ١٩٩٧: ٨-٩)، دوای ئەوەی بابەتەکە لە گەڵ ڕەفیق حلمی باس کرا، کە ببێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە ئەویش قبولی پێشنیارەکەی کرد(طالبانی، ١٩٩٦، ٣٩-٤١؛ شریف، ١٩٨٩: ٩٨). لە سەردانێکی ڕەفیق حلمی لە پایزی ١٩٣٨ دا بۆ شاری کەرکوک و کۆبونەوەییان لە مالی مامی دڵدار لە گەڕەکی بولاق قسە کرا لە سەر گۆڕینی ناوی کۆمەڵەکە بە هەمان ئامانج و هەمان ستافەوە(طالبانی، ١٩٩٦، ٣٩-٤١). کۆمەڵەکە بە تەمەنێکی بچوک و ستافێکی تەمەن بچوکەوە دوای یەک ساڵ بوو بە ناوکی لە دایک بوونی پارتێکی نوێ بە ناوی حزبی هیوا.

**چوارەم: کارکردنی دڵدار لە حزبی هیوا**(٢٣)

لە کۆنگرەی یەکەمی دارکەردا، کە لە شاری کەرکوک باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین (أم الربعين) ئەنجامدرا، شرۆڤەی دروست کردنی پارتێکی سیاسی کرا، تا لە بوارێکی فراوانتردا کارەکانی کۆمەڵە ئەنجام بدرێت، لەو کۆنگرەیەدا دڵداری دامەزرێنەر وتاری کۆنگرەکەی پێشکەش کردووە و داینەمۆی کۆبونەوەکە بووە(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨)، پاکیزە ڕەفیق حلمی لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٢٢٨٩ی ڕەخنە ئاراستەی ئەو بۆچونە دەکات کە دڵدار بە دامەزرێنەر بزانرێت و ئاماژەی بەوە کردووە، کە دڵدار تەنها قوتابیەکی تەمەن١٤-١٥، ساڵانێک بووە، لای وایە ناکرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە لەو تەمەندا کاری وا گەورە ئەنجام بدرێت(١٩٩٥: ٦)، موکەڕەم تاڵەبانی لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاریدا(٢٣١٢ و ٢٣٨١)دا بە ناونیشانی دەمەتەقییەک لە گەڵ پرۆفیسۆر د.پاکیزە ڕەفیق حلمی و هەندێک ڕاستی دی سەبارەت بە چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخ وڵامی داوەتەوە و ئەو زانیارییانەی کە پاکیزە بلاَوی کردۆتەوە بە هەڵەی دەزانێت(١٩٩٥: ٧؛ ١٩٩٦: ٨).

---

شاری بەغداد دوور خرا بووەوە، ئەمەش جۆرێک لە هاوسۆزی بۆ خوێنکارەکان دروست کرد بوو(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨).

(٢٣) ڕەفیق حلمی کە لە سەر پێشنیاری دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر پێشنیار کرا بکرێتە سەرۆک، داوای کرد حزبە تازە دامەزراوەکە نێو بنرێت هیوا، وەکو وەفایەک بۆ کۆمەڵەی هێڤی کە پێشتر لە ئەستنبول دروست ببوو، ڕەفیق حلمیش ئەندام بوو تێیدا(دەباغ، ١٩٩٧: ٩).

دوای ئەوەی دڵدار و کاکە حەمەی خانەقا پەیوەندییان بە ڕەفیق حلمیەوە کرد و سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەی قبول کرد، پاش چەند مانگێک سەردانی شاری هەولێری کردووە و لە باخچەی جەمیل میران[٢٤] لە شەقلاوە کۆبونەوەیەکی لە گەڵ ئەندامانی دارکەر ئەنجامدا، کە بە کۆنگرەی دووەمی دارکەر ئەژمار کراوە و تاوتوێی چەندین بابەتی تایبەت بە برەودان بە حزبی هیوا کراوە(الطالبانی، ٢٠٠٢: ٤٣؛ کاکە سور، ٢٠٠٠ : ٩٧).

بۆچوونی مێژوونوسان سەبارەت بە دروست بوونی حزبێکی نوێ کە دواتر بە حزبی هیوا ناسرا جیاوازە، کاوس قەفتان لای وایە لە کۆتایی ١٩٣٨ پارتی هیوا دروست بووە(١٩٩٨: ٢٦). موکەڕەم تاڵەبانی لە کتێبەکانی خۆیدا سەبارەت بە حزبی هیوا ئاماژەی بە ساڵی ١٩٣٩ کردووە، بەڵام لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ٢٠١٨/١/٨ لە شاری سلێمانی ئەنجامماندا، وتی لە کۆتای ١٩٣٨ هیوامان دامەزراندووە، عەبدوستار تاهیر شەریف لای وایە لە ١٩٣٧ دامەزراوە(١٩٧٨: ١٦-١٧)، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان ئاماژەییان بە ساڵی ١٩٣٩ کردووە(شاویس،١٩٨٥ : ٢٠-٢١؛ میسری: ٢٠٠٤، ١٠؛ المزوری، ٢٠٠٨، ٥٩-٦٠؛ الطالباني، ١٩٩٧، ٤١). بەشێوەی گشتی بەرواری دامەزراندنی حزبی هیوا نادیارە، پێدەچێت کۆبونەوەی کە لە نێوان ڕەفیق حلمی و دڵدار لە کۆتایی ١٩٣٨ لە شاری کەرکوک ئەنجام درا، دەتوانرێت بە بەرواری دامەزراندنی حزبی هیوا ئەژمار بکرێت، چونکە دڵدار و ڕەفیق حلمی کۆڵکەی پارتەکە بوون و بڕیارەکان لەو کاتەدا لە لایەن دڵدارەوە دەدرا.

چونکە پارتی هیوا کە بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی و سکرتێری دڵدار دەست بە کار بوو، لە کاتێکدا دڵدار لە تەمەنێکی بچوکدا بووە (بەراورد لە گەڵ تەمەنی ئەندامانی تر)، لەو کاتەدا پۆلی پێنجەمی دواناوەندی بووە(ڕەسوڵ، ٢٠٠٦، ١٢٢-١٢٣؛ ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٠٥). ئەمەش بۆ ژیری و لێهاتووی دڵدار دەگەڕێتەوە، چونکە سەختە ئەگەر لۆژیکانە بە بارودۆخی ئێستای بەراورد بکەین، بتوانین قەناعەت بە خۆمان بهێنین کە لەو تەمەنەدا داینەمۆی بەڕێوە بردنی کۆمەڵەیەک و دواتر دروست کردنی حزبێک بکات، حیزب بە خێرایی پەرەی بە ڕێکخستنەکانی داو چین و توێژی جیاوازی کۆکردەوە وەک(مامۆستایان و خوێندکاران، پارێزەران و ئەفسەران و پزیشک و سەرۆک هۆزەکان...)(هۆمەر، ٢٠٠٦: ١٦٠)، ئەندامانییان بە خەنجەری کوردی و قورئان و گوڵە گەنم سوێند دەدا تا خیانەت لە گەل و نیشتمان نەکەن و لە پرنسیپەکانی حزب لا نەدەن و نهێنی نەدرکێنن و بۆ مافەکانی کورد تێبکۆشن(تەیب، ٢٠٠٨، ١٢١-١٢٢). هەرچەندە حزب پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆی نوسراوی نەبووە، لە ترسی ئەوەی نەک بکەوێتە بەردەستی کاربەستانی حکومەت و کێشە دروست بکات، تەنها لە ڕێگەی زارەکیەوە کاروبارەکان ڕێکدەخران(فاتیح، ٢٠١٢: ٩٩).

دڵدار چەقی کارکردنی خستبووە، نێو شاری هەولێر بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی، لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠دا دڵداری سکرتێری هیوا و چەند ئەندامێکی تری هیوا سەردانی شاری کۆیەییان

---

[٢٤] جەمیل میران کوڕی ڕەشید کوڕی مستەفا میرانە لە ساڵی ١٩٢٢ لە شەقڵاوە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە تەواو کردووە، دواین قۆناغی خوێندنی کۆلێژی ماف بووە لە زانکۆی بەغداد، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی هیوا، لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری هەولێر کۆچی دوای کردووە(عەبدوڵا، ١٩٩٩: ١٥٩).

کردووە، بەشێک لە قوتابیانی خوێندنگای دووەمی سەرەتای کۆکردەوە، کە ئارەزویان دەکرد ببنە ئەندام لە حیزبی هیوادا، پاش سوێند خوارد بوونەتە ئەندام لەو حیزبەدا(جامباز، ٢٠٠٥: ٦٧)، زۆربەی جار بە مەبەستی کۆبونەوە دەچونە دەرەوەی شار، هەندێک جار قەبرسان و هەندێک جاریش بە ناوی سەیرانەوە چوونەتە نێو باخەکان(جامباز، ٢٠٠٥: ٦٩)، بە مەبەستی ئەنجامدانی بدەین.

حزبی هیوا بووە چەترێک کە هەموو گروپە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو قۆناغەی بەشێکی کوردستانی باشور لە سایەیدا کۆبونەتەوە، کە بە پەیوەندی بە شارستانەکان و بەشێک لە دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکانەوە هەبووە(شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٤)، ئەمەش بۆتە هۆی لە دەستدانی سۆزی جوتیاران و شکست هێنانی لە ڕاکێشانی سەرنجی جوتیاراندا(الطالباني، ٢٠١٠، ١٧٥)، لە کاتێکدا جوتیاران سوتەمەنی شۆڕش بوون لە زۆرینەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا.

دڵدار لە سەرەتای هیوادا هەڵپەی دەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری نیشتمانی ونەتەوەی هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ یەککگرتن و دۆزینەوەی کاراکتەرە گرینگەکانی بەرەی نیشتمانی کوردی، ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە دواتر بووە سەرچاوەی کێشە بۆ کارەکانی دڵدار و هاوبیرەکانی، نەک نەیانتوانی ئامانجەکانییان بپێکن، بەڵکو لە کارەکانییان سڕ کران و سزا دران و دوور خرانەوە(الطالباني، ١٩٩٦: ٤٥؛ تاڵەبانی، چاپپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨). ئەگەر ڕەفیق حلمی سەرکەوتوو بوو لە دوور خستنەوەی دڵداردا، بەڵام بیروباوەڕی دڵدار لە تێکڕای سێکتەرەکاندا دەردەکەونەوە. چونکە سڕ کردنی دڵدارلە کاری سیاسی و چالاکی پارتایەتی دوور نەخستۆتەوە، لە زۆرێک لە دەڤەرەکاندا لە کارکردن و کۆبونەوەی لە گەڵ ئەندامان و هەواداران بەردەوام بووە، هەوڵیشی داوە بە زمانێکی کوردی پەتی کاریگەر ڕێگای خەباتیان بۆ ڕون بکاتەوە و بە دەستەواژە نیشتمانیەکان ئاشنایان بکات، لەو بارەیەوە کەریم شارەزا دەڵێت" لە پایزی ١٩٤٢دا قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتای بووم، بەڕێوبەری خوێندنگاکەمان مامۆستایەکی نیشتمان پەروەری کورد بوو، جگە لە بەڕێوەبردن وانەی پەروەردەی نیشتمانی پێدەوتین، ڕۆژێکییان لاوێکی کەڵەگەتی سورکەڵەی لە گەڵ خۆیدا هێنایە پۆلەکەمان و گوتی: لە بەر ئەوەی من ئەم ماوەیە پڕ ئیشم، ئەم مامۆستا تێگەیشتووە، کە ناوی یونس ڕەئوف (دڵدار)ە و لەو لاوە نیشتمان پەروەرەکانی شارەکەمانە لە جیاتی من وانەتان پێ دەڵێت، ئیدی بەڕێوبەر چووە دەرەوە، مامۆستای میوان لە سەر کورسیەکەی بەردەمی پۆلەکە دانیشت، دوای ئەوەی کە ڕەنگی پتر سور هەڵگەڕاو ویستی بۆمان بدوێ، کەمێک زمانی گیرا، بلآم زوو کرایەوە و بۆمان بووە زمانپاراوێکی ڕەوانبێژ، ئەوەی بە سەر زاریدا دەهات نەی دەگوتەوە و لەو وانەیدا بۆ یەکەم جار گوێمان لە هەندێک وشەی تازە بوو، کە زوو زوو دوبارەی دەکردەوە، وەک هیوا، هیوای دواڕۆژی کورد ، نیشتمان، ئازادی، ڕزگاری، سەربەستی، ئاوات...هتد، زۆرمان پێخۆش بوو کە دەیوت ئێوە قوتابی گەورە و سەرداری دوا ڕۆژی میللەتی کوردن، یاخود ئێوە منداڵی هیوای کورد و کوردستانن، هەندێک جاریش دەیوت گەر هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد یەکبگرن کوردستان ئازاد دەکەن، میللەتی کورد لە دەست بە سەری و ژێر دەستی ڕزگار دەکەن، کورد پێویستی بە خەبات و ڕاپەڕینە، بەم وتە بە نرخانە ماوەی مانگێک ئەو مامۆستا زانایە مێشکی بە بیروباوەری نیشتمان پەروەری و کوردایەتی ئاودایين(١٩٧٦: ٤).

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کێشە نێوخۆییەکان دڵداری لە کار کردن سارد نەکردۆتەوە، کە لە ساڵی ١٩٤٢ کێشە نێو خۆییەکان برەوی دەساند کە بریتین لە دوو جۆر کێشەی سەرەکی:

١.کێشەی دروست کردنی ئەلبومی وێنەی کە ئاراستەی سەرۆک بکرێت و لە سەری بنوسرێت (مهداة الی الرئیس المقدس العظیم)، لە کاتێکدا حزب بە شێوەی نهێنی کارەکانی بەڕێوە دەچوو، بەشێک لە ئەندامەکانی حزب ئەفسەر بوون، قەدەغە بوو لایەنگیری هیچ پارتێکی سیاسی بن، ئەمەش نیگەرانی دروست کرد.

٢.لە کۆبونەوەی لێژنەی ناوچەی کەرکوک داواکرا لایەنی ئابوری ڕوون بکرێتەوە و ئابوری بخرێتە ژێر دەستی لێژنەیەکی سێ کەسیەوە، ڕەفیق حلمی ڕەتی کردەوە و ژمارەیەک ئەندامی لێژنەکەی دوور خستەوە، دڵدارو هاوبیرەکان ئامادە نەبوون ئەو تاکڕەویەی ڕەفیق حلمی قبول بکەن، بۆیە کێشەکان تا دەهات زیاتر دەبوون( الطالبانی، ١٩٩٦: ٤٧).

عەبدوستار تاهیر شەریف نەیارە لە گەڵ ئەوەی وەکو پارتێکی نەتەوەیی پوخت تەماشای حزبی هیوا بکرێت و لای وایە" تا ڕادەیەک بۆچوونی نەتەوەی لە نێوئەو خوێندکارانەدا ئاشکرا نەبوو و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کارەکانییان بەڕێووە چووە، بەلآم دڵدار مافی یەکێتی کوردان و ڕەتکردنەوەی دابەشکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ڕزگار بوون لە ژێر دەستی تورک، عەرەب، فارس و هەمە ئاهەنگی لە گەڵ شۆڕشگێرانی جیهانیدا بە مافی ڕەوای گەلی کوردی زانیووە، لەو پێناوەشدا کاریان کردووە، بۆتە پەیامی حیزبی هیواش(١٩٨٩: ٩٨-٩٩).

بەلآم کۆچێرا دەڵێت حزبی هیوا هەموو تێکۆشەرە نەتەوەیەکانی کۆکردبۆوە، وەک ڕۆشنبیران و خوێندەواران و قوتابیان و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەرو ئەفسەران کەرۆڵی بەرچاوییان هەبووە، بارەگای سەرەکییان لە بەغداد بووە و لقی لە کەرکوک و هەولێرو سلێمانی هەبووە(کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٧٨؛ المتولي، د.س: ٢٠). لە هەلآتنی مەلا مستەفا بارزانیدا لە شاری سلێمانی سالی ١٩٤٣ و دروست بوونی جولانەوەی بارزاندا ١٩٤٣-١٩٤٥ حیزبی هیوا هاوکارییان پێشکەش جلانەوەکەی بارزانی کردووە و ئازوقەو خۆراکیان بۆ پەیدا کردوون، هەرچەندە بارزانی لە بوونی پەیوەندی بە هیوا وە پارێزی کردووە و لە سەرەتادا ئامادە نەبووە ڕەزامەندی بدات کە نوێنەرییان لە بارزان هەبێت، دواتر لە ١٩٤٤ ڕەزامەندی پیشان دەدات و حزبی هیواش هەریەکە لە(ئەفسەر عزت عەبدولعەزیز و ماجید مستەفاو عەقید ئەمین ڕەواندزی و ڕائید عەبدولعەزیز گەیلانی کوڕی سەیید عوبەیدولآ، میرحاج ئەحمەد و فواد عارف و مستەفا خۆشناو و ماجد عەلی دەنێرێت( کۆچێرا، ٢٠٠٣: ١٩٦)

ئەوەی شایەنی باس بێت لەو ماوەیەدا دڵدار کەمتر لە سەر شانۆی ڕوداوەکاندا دەرکەوتووە، ڕەنگە بە هۆی ئەو کێشانەوە بێت کە لە نێو حیزبدا دروست ببون، کە دەرئەنجام کێشەکانی باڵی چەپ و باڵی ڕاستڕەو گەیشتە لوتکە(شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٤)، پەراوێز خستنی دڵدار و بەشێک لە هاودیدیەکانی لە لایەن ڕەفیق حلمییەوە یەکێکی تر لە هۆکارەکان بووە، بەتایبەت دوای گواستنەوەی ڕەفیق حلمی لە بەغداوە بۆ شاری سلێمانی، چونکە ڕەفیق حلمی بە چاوی خوێندکارەکانی سەردەمی پێشوی خۆی تەماشای دڵدار و بەشێک لە هاوڕێکانی دەکرد و لە بڕیارەکانیدا ئامادە نەبووە پرس بە دڵدارو هاوبیرەکانی بکات، جگە لەوەی ڕەفیق حلمی لاسایی هیتلەری لە کارەکانی کردۆتەوە و ناوی سەرکردەی بالآی لە خۆی ناوە(المزوری، ٢٠٠٨: ٥٧؛ تاڵەبانی، چاوپێکەوتن:٢٠٠٨/١/٨)، و دڵدارو بەشێک لە هاوڕێکانی وەک بورهان جاف و کاکە حەمەی خانەقا لە حیزب دەرکردووە(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨).

دڵدار لایەنگری بیری کۆمۆنستی بووە(ئەحمەد، ١٩٨٩: ٩٦؛ ئەفرەع، ٢٠٠٧: ١٩٠). ڕەنگە سەخت بوبێت ئەو جۆرە ئایدۆلۆژییە لە نێوپارتە ڕاسترەوەکان جێگای بێتەوە، کە زیاتر هێزی هۆزگەری بە سەریدا زاڵ بووە، چونکە دوای هەڵوەشانەوەی حزبی هیواش ئامادە نەبووە لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا کار بکات، تەنانەت لە کۆبونەوەی کەلاریشدا کە بۆ بابەتی پشتیوانی و هەڵوێستی جولانەوەی بارزان ساز کرا بوو، دڵدار بەشداری تێدا نەکردووە(شریف، ١٩٨٩: ٩٥). سەرەڕای ئەوەی باڵی چەپی هیوا داواییان دەکرد کە پشتیوانی لە جولانەوەی بارزان بکرێت.

لە شوباتی ١٩٤٤ لە شاری کەرکوک کۆنفرانسی حیزب بەسترا، لەم کۆنفرانسە کێشەی هەردوو باڵەکە تەقیەوە، باڵی چەپ هێرشی سەر بەریتانیەکانی کرد، داوای دەکرد بۆ چارسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەی پێویستە پشت بە کامپی سۆسیالیزمی(یەکێتی سۆڤیەت) ببەسترێت و داوای هاوکاری لێبکرێت، داواشییان دەکرد چالاکانە بە ئەو پەری تواناوە پشتیوانی لە جولانەوەی بارزان بکرێت(شریف، ١٩٨٩، ١٠٣)، بەڵام ڕەفیق حلمی لە هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی لە گەڵ بەریتانیەکان بوو، لە کاتێکدا بەریتانیا هەولی کلۆرکردن و لێکترازانی ریزەکانی حیزب داوە و داوای دەکرد کە لە جولانەوەی بارزاندا بێ لایەنی هەڵبژێرن(شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٦٦؛ شریف، ١٩٨٩: ١٠٣). موکرەم تاڵەبانی دەڵێت ئەو هەوڵانە لە ڕێگەی نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانەوە ئەو کاتە ئەنجام دەدرا (تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨).

ململآنێ نێوخۆییەکانی حزبی هیوا کارەکانی حزبی پەکخست بوو، چەند جارێک داوای هەڵویست نواند و چالاکییان لێکرا بەڵام هیچ چالاکیەک ئەنجام نەدرا(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨). هەڵبەتە دەکرێت تەنگژەکانی نێو حزب بوبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی دڵدار لە کاروچالاکی حیزب، ئەگینا دڵدار کاراکتەرێکی بزۆک بووە، جولەی سیاسی بەردەوامی هەبووە، باس لەوەش دەکرێ ، کۆمەڵەی شوان کە لە ١٩٤٥ دامەزراوە داوایان لە دڵدار کردووە، کارییان لە گەڵدا بکات، سەرەتا ڕەزامەندی پیشانداوە، بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوە(تاڵەبانی، چاوپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٨).

### دڵدار و حزبی ڕزگاری نیشتمانی

لە ساڵی ١٩٤٥دا هەموو لایەنەکان لە سەر پرسی کۆکردنەوەی هەموو هێزە نیشتمانی و گروپە سیاسیە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عێراق لە یەک بەرەی نیشتمانیی دا یەک دەنگ بوون، ئامانجی ئەو بەرەیە بریتی بوو لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی مافی چارەنوسی و ڕزگاری کوردستان، بە هاوبەشی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکی عێراقدا کە گروپ و هێزە نیشتمانیەکان نوێنەریانن(شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٧٠). گروپە چەپەکان و لاینە پێشکەوتنخوازەکانی حزبی هەڵوەشاوەی هیوا ئەرکی دامەزراندنی بەرەیەکییان گرتە ئەستۆ، بە ناوی حزبی ڕزگاری نیشتمانی کوردەوە(شەمزینی، ٢٠٠٦: ٢٧٠).

دوای هەڵوەشانەوەی حزبی هیوا و دروست بوونی پارتی ڕزگاری نیشتمانی کورد، دڵدار پەیوەندی پێوە کردن و بوو بە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی پارتەکە، کە پارتەکە باڵێکی نیمچە ئاشکرای حزبی کۆمۆنیستی عێراق بووە(دەباغ، ١٩٩٧: ٩٦). دڵدار لە گەڵ ئەوەدا نەبووە کار لە گەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا بکات، بەڵکو پشتوانی لە پارتێکی هاوشێوەی حزبی شیوعی عێراقی ، بەڵام

بە ناسنامەی کوردستانی کردووە، کە لە حزبی رزگاریدا بەرجەستە کرا(عەلائەدین، چاپێکەوتن: ٢٠١٨/١/٣).

چالاکی حزبی ڕزگاری تا ناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٤٦ درێژەی کێشا، لە سەرەتای مانگی ئابدا کۆنفرانسی پارتەکە بەسترا و بناغەی بۆ دامەزراندنی پارتێکی نوێ دانا، هەر لە سەرەتای مانگی ئابدا حزبی شیوعی کوردستانی عێراق (شۆڕش) بڕیاری هەڵوەشانەوەی خۆی داو ئەندامانی سەرپشک کرد لەوەی لە نێو حزبدا دەمینێتەوە یان دەڕۆن، بەشی زۆری ئەندامانی پارتی ڕزگاری ئامادە بوون بچنە نێو پارتی دیموکراتی کورد بە مەرجێک لە هەمان ئامانج بڕوات، دواتر لە ١٦ ئابدا پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا(شریف، ١٩٩٢: ٤١).

بەڵام دڵدار لە گەڵ ڕزگاریشدا ساردی کەوتوتە نێوانییان و بێئومێدی باڵی بە سەردا کێشاوە، تێگەیشتووە لەوەی ناتوانێت ئەرکە نەتەویەکانی لە نێو ئەو پارتەدا بهێنێتەدی(عەلائەدین، ١٩٨٥: ٨٩). سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد لە هاوبیرەکانی دڵدار بوون، بەڵام دڵدار لەو گۆڕانکاریانەدا بەشداری نەکردووە. لە دوای دامەزراندی پارتیەوە دڵدار دوورە پەرێزی هەڵبژاردووە و بە کاری پارێزەریەوە سەرقاڵ بووە، تا کۆچی دوای نەیتوانیوە لە ئامانجەکانی نزیک بێتەوە.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ڕۆڵی دڵدار لە پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا ئەنجام درا، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: دڵدار لە نێو خانەوادەیەکی خوێندەوار متوربە کراوە بە پەروەردەی نیشتمانی و ڕوناکبیری گەورە بووە، ئەمە سەرەتای ئاشنا بوونی بە بیرو هزری نەتەوەی ئەو بووە، بەڵام خراپی گوزەران و سەختی ژیان کاریگەری لە سەر دڵدار داناوە، نەخۆشی بە درێژای تەمەنی بەرۆکی بەر نەداوە.

دووەم: کوردستان لە سیەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆشایی جوڵانەوەی سیاسی تێدا بووە، دڵدار لە تەمەنێکی کورتدا درکی بەو بۆشاییە سیاسیە کردووە و لە قۆناغی ناوەندیدا هەوڵی پڕکردنەوە و دروست کردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی بە شێوەی نهێنی داوە، سەرەڕای مەترسیەکان کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە، تا کۆمەڵەی دارکەری لە ١٩٣٧ دروست کردووە، بەڵام بە هۆی تەمەن بچوکیەوە کۆمەڵەکەی بۆ خۆی قۆرغ نەکردووە، ئامادە بووە، کەسانی گونجاو بۆ ئەو ئەرکە پێشنیار بکات، بەڵکو کارەکان حزبەکە هەڵسوڕێنن.

سێیەم: دڵدار بەرهەمی خەباتی خۆی و هاوڕێیەکانی پێشکەش بە ڕەفیق حلمی کردووە، بەڵام ڕەفیق حلمی هەموو دەسەڵات و بڕیارەکانی لای خۆی کۆکردۆتەوە، بێئەوەی گوێ بەوە بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک بۆتە سەرۆکی ئەو حزبە، کە بناغەکەی لە لایەن دڵدارەوە دانراوە، ئەمەش بووە هۆیەکی گرنگ بۆ پوکانەوەی حزبی هیوا لە دواییدا، هەلبەتە ناکرێت ململانێ ئایدۆلۆجیەکە فەرامۆش بکرێت کە لە نێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاستڕەودا دروست ببون. بەڵام دڵدار لە نێو ئەو گێچەل و تەنگژانەدا ڕۆڵی گرینگی نەبووە و تاڕادەیک نادریارە لە دەست نیشانکردن و لایەنگری

هەولێرنامەی کتێب

کردنی لایەنێک، سەرەڕای ئەوەی لە نێو پارت و کۆمەڵەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام جوڵەی تێکدان و هەڵوەشانەوە نەبوو، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ناوەهێنانی بێ لە دوو توێی ڕوداوەکاندا.

چوارەم: دڵدار پشت بە ئایدۆلۆجیەتی چەپ ڕەو لە نێو پارتە چەپەکاندا خۆی بینیوەتەوە، لەو دەروازەیەوە ویستویەتی خزمەت بە کەیسی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان بکات.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێبە کوردییەکان


١. بەسری: میر. (٢٠٠٩)، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، هەولێر، چاپخانەی منارە.

٢. تەیب: جەمال فەتحولآ. (٢٠٠٨)، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، لێکۆلینەوەیەکی مێژووی سیاسیە، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

٣. حلمی: رفیق. (١٩٨٨.)، شعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بغداد.

٤. خەزنەدار: مارف. (١٩٨٤)، لە بابەتی مێژووی ئەدەبی کوردیەوە، بەغداد، چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة.

٥. خەزنەدار: مارف. (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩١٤-١٩٤٥، بەرگە پێنجەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی ئاراس.

٦. دڵدار: یونس رەئوف. (١٩٧١)، دیوانی دڵدار، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی عبدالخالق علاءالدین: هەولێر، چاپخانەی دڵدار.

٧. دەباغ: فەسەڵ. (١٩٩٧)، حزبی هیوا و شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان، هەولێر، دەزگای ڕاگەیاندنی گولان.

٨. ڕەواندزی: ئەحمەد حەمەد ئەمین. (٢٠٠٦)، ڕەواندز لێکۆلینەوەیەکی مێژویی سیاسیە ١٩١٨-١٩٣٩، سلێمانی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان.

٩. شارەزا: کەریم. (٢٠١٣)، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی یەکەم، کۆیە.

١٠. شەمزینی: عەزیز. (٢٠٠٦)، جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی.

١١. عەلائەدین: عەبدولخالق. (١٩٨٥)، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بغداد، مطابع دار افاق عربية للصحافة والنشر.

١٢. فاتیح: محەمەد. (٢٠١٢)، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقییەکان ١٩١٠-٢٠١٠، سلێمانی، بلآوکردنەوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

١٣. فەیزی: گوران سۆران. (٢٠٠٦)، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.

١٤. کاکە سور: محمد عەبدوڵلآ. (٢٠٠٠)، ڕۆڵی سیاسی و کەلتوری ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردستانی باشوردا، هەلێر. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس

١٥. کۆچێرا: کریس. (٢٠٠٤) کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی شڤان.
١٦. گەوهەری: حامید.(٢٠٠٤)، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی ئاراس.
١٧. ماکداول: دیڤید. (٢٠٠٤)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبو بەکر خۆشناو، چ٢، سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
١٨. مودەڕیس: عەبدولکەریمی. (١٣٨٩)، بنەماڵەی زانیاران، تهران، ١٣٨٩.
١٩. میسری: محەمەد ئەمین. (٢٠٠٤)، ڕۆلی گۆڤاری گەلاوێژ " گولاویژ لە ١٩٣٩-١٩٤٩" لە گەشەسەندنی پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، سلێمانی.
٢٠. مەمەند: تاریق حسێن.(٢٠١٣)، بەراوردی ژیانی ئەدەبی هەردوو شاعیر دڵدارو شابی، هەولێر، چاپخانەی یاد.
٢١. هەڵەبجەیی: سامان. (٢٠١٧)، گوڵستانی ژیانی ناوداران و شاعیران، چاپی دووەم، هەڵەبجە.
٢٢. ئەحمەد: خورشید ڕەشید. (١٩٨٩)، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغداد، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاَوکردنەوەی کوردی.
٢٣. ئەرفەع: حەسەن. (٢٠٠٧)، کوردەکان، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، هەولێر، چاپخانەی منارە.

**کتێبە عەرەبییەکان:**

٢٤. بابان: جمال. (٢٠١٢)، اعلام الكرد، اربيل، دار آراس للطباعة والنشر.
٢٥. حيدري: صالح. (٢٠٠٤)، مختارات من مذكرات صالح حيدري، السليمانية.
٢٦. رسول: اسماعيل شكر. (٢٠٠٥)، اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى والسياسى (١٩٣٩-١٩٥٨)، السليمانية، مطبعة بينايى.
٢٧. شاويس: نورى. (١٩٨٥)، من مذكرات المناضل الراحل نورى شاويس، بغداد.
٢٨. شريف: عبدالستار طاهر. (١٩٧٨)، تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، بغداد.
٢٩. شريف: عبدالستار طاهر. (١٩٨٩)، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، بغداد، نشر وتوزيع شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحددة.
٣٠. الطالباني: مكرم. (٢٠٠٢)، حزب هيوا، السليمانية، مطبعة خال.
٣١. الطالباني: مكرم. (٢٠١٠)، مراجل تطور الحركة القومية الكردية، مراجعة و تصحيح: عثمان محمد هورامى، السليمانية، منشورات مؤسسة حمدى للطباعة والنشر.
٣٢. طالباني: مكرم. (مخطوطة غير منشورة)، حزب هيوا في قيادة الحركة القومية الكردية ١٩٣٧-١٩٤٥.
٣٣. المتولي: محسن محمد. (د.س)، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، بغداد.
٣٤. المزوري: هلبين محمد امين. (٢٠٠٨)، حزب هيوا-أمل ١٩٣٩-١٩٤٦، اربيل، مطبعة حاجى هاشم.

**گۆڤارەکان**

**٣٥.** تاڵەبانی: مکرم. (١٩٩٣)، کۆمەڵەی دارکەر و پارتی هیوا چۆن دامەزرا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (٥٢).

٣٦. زامدار: ئازاد عبدالواحید مەحمود. (٢٠٠٤)، چاوپێکەوتن لە گەڵ (کەریم شارەزا)ی نوسەرو لێکۆڵەر، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٨٩)، هەولێر.

٣٧. شریف: عبدالستار طاهر. (١٩٩٢)، کۆمەڵە و ڕێکخراوو حزبە کوردیەکان لە کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٩).

٣٨. ئیبراهیم: ئیسماعیل. (١٩٩٨)، دلدار شاعیری دلسۆزی گەل و کۆمەڵی کوردەواری، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە(١١٨).

**چاوپێکەوتنەکان**

٣٩. چاوپێکەوتن لە گەڵ عائشە محیَ دین، کەرکوک، ٢٠١٨/١/٢.

٤٠. چاوپێکەوتن لە گەڵ عەبدولخالق عەلائەدین، هەولێر، ٢٠١٨/١/٣

٤١. چاوپێکەوتن لە گەڵ موکەڕەم تالەبانی، سلێمانی، ٢٠١٨/١/٨

## ملخص البحث

**يحمل البحث عنوان(مشاركه دلدار في الاحزاب والجمعيات السياسيه الكرديه(١٩٣٦-١٩٤٨)**


يونس رؤوف هو الشاعر الثوري الكردي الملقب بدلدار، اكمل دراسته الابتدائية فى مدينتي كويسنجق ورانية، و اكمل الدراستين المتوسطة والاعدادية في مدينتى اربيل وكركوك، وحصل على شهادة الحقوق من جامعة بغداد عام ١٩٤٥ وعمل محاميا لسنوات.

عرف عن دلدار متانة شعره و سبك معاني قصائده، و لعّل من أهم نتاجاته الادبية الشعرية قصيدة (اي رقيب)، التي أصبحت النشيد القومي للشعب الكردي في انحاء كوردستان كلها. لم تقتصر حياة دلدار على الدراسة والكتابة وقرض الشعر بل فضلاً عما تقدّم كان دلدار مساهمات سياسية، إڑ كان واحدا من النشاط الذين أسسوا جمعية داركر عام ١٩٣٧ في مدينة كركوك، واصبح فيما بعد سكرتيرا للجمعية، على الرغم من صغرسنه، وقد عرف بنشاطه الدؤوب في الجمعية.

عقدت جمعية داركر مؤتمرها الأول في مدينة كركوك عام ١٩٣٨، اقترح في المؤتمر تحويل الجمعية الى حزب سياسي، وقدتم ذلك و اثر ذلك تأسس حزب بعنوان حزب هيوا، وقد كان الحزب هذا امتداداً و مكملاً لرسالة الجمعية التي تم حلّها.

انتشر حزب هيوا بسرعة فائقة و انتمى إليه الألوف، كان دلدار يحمل فكراً يسارياً ومن وجهة النظر هذه نظر الى قضية شعبه و بحث عن علاج لها. بعد حزب هيوا انتمى دلدار لحزب التحرير الّذي كان بمثابة جناح للحزب الشيوعي العراقي، توفي الشاعر والسياسي الكردي دلدار في ١٩٤٨/١١/١٢ في مدينة اربيل.


## Abstract


This study deals with the political role of Dldar, a Kurdish poet, on Kurdish political parties and organizations which will be presented in Koya University conference in the comming February.

Dldar's real name is "Yunis Rauf" born in Koya town in 1918. He completed his early studies in Koya and Rania then completed his secondary school in Kirkuk before going to the College of Law at Baghdad university. After that he became a lawyer. Not only was busy with studying, he was one of the founders of Darkara Association which was formed in Kirkuk in 1937 and he served as the head of the association. Despite living short, but he did a lot and wrote many poems one of them was Ay Raqib poem which is considered as the national anthem. The association held its first and last conference in Kirkuk in 1938, in the conference the participants demanded that the association turn into a political party. After changing the association to a political party named Hiwa Party with the same staff and goals, it was growing fast and their followers increased day by day.

Dldar was a leftist and saw the solution to the Kurdish conundrum through this perspective. After disbanding Hiwa Party, Dldar joined Rizgary Party as he was the communist wing in that party till he died aged thirty in 18th of November, 1948.

# ڕۆڵی یوونس ڕەئووف( دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧
# (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

**م. زانا طيفور عبدالصمد**
**زانکۆی کۆیە-فاکەڵتی پەروەردە-بەشی مێژوو**

**پێشەکی**

کۆیە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان، ئەم شارە خاوەن کلتوورێکی شارستانی مرۆڤایەتییە، لە هەموو سەردەمەکاندا مەیدانی گەلێک ڕووداوی سیاسی ومێژوویی بووە، لە سیەکانی سەدەی رابردودا وەک شارێکی دیاری باشووری کوردستان دانیشتوانەکەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، ئەویش لە ژێر کاریگەریی هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی(١٨١٦-١٨٩٧)، هەر زوو خۆیان لە شێوەی دەستەو کۆمەڵەو پارتی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕێکخست. لەوکاتەدا یوونس رەئووف (دڵدار)ی(١٩١٨-١٩٤٨)شاعیریش، یەکێک بوو لەو کەسایەتییە روناکبیرانەی کۆیە، هەوڵیدا لە بواری خەباتی نەتەوەییدا پێشەنگ بێت، لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ خوێندن روو لەشاری کەرکووک دەکات، دوای ماوەیەک مانەوەو یەکترناسی لەگەڵ هاورێکانی هەوڵدەدات بیرۆکەیەک دابنێت، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست دەکات بەناوی ( دارکەر- الحطاب)، خۆشی وەک یەکەم سەرۆکی ئەم کۆمەڵەکەیە دەست نیشانکرا، لە سالانی( ١٩٣٧-١٩٣٨) بە هاوکاری هاوڕێ گەنجەکانی و کۆمەڵێک کەسایەتی ڕووناکبیرو خاوەن ئەزموونی سیاسی پەرە بە کۆمەڵەکە دەدەن و لقیان لەشارەکانی دیکەی کوردستان کردەوەو کاریگەریی زۆریان لەسەر هەست و سۆزی لاوانی گەلی کورد هەبوو. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٨، یەکەمین کۆنگرەی بەستاو پاش زۆربوونی ژمارەی ئەندامەکانی و ناوەکەی بۆ حیزبی (هیوا- الامل) ١٩٣٩ گۆڕدرا، دواتر رەفیق حیلمی کرا بە سەرۆکی پارتەکەو دڵداریش وەک سکرتێری دیاریکرا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەو سێ تەوەری سەرەکي پێکدێت: لە دەروازەدا باسی بارودۆخی کوردستان دەکەین لە ماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر دەخەینەڕوو.

تەوەری یەکەم: باس لە مێژووی ژیانی سیاسی دڵدار دەکەین، هەر لە دایک بوونییەوە، تا مردنی، هەروەها بوارەکانی ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و شۆڕشگێری دەخەینەڕوو.

تەوەری دووەم: رۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەرو وەک یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکە دەخەینە ڕوو، هەروەها باس لە بەرنامەو شێوازی رێکخستن و ئامانجی کومەڵەکە دەکەین.

تەوەر سێیەم: رۆڵی یوونس رەئووف (دڵدار) لە فراوانبوونی کۆمەڵەی دارکەرو گۆڕینی بۆ پارتێکی سیاسی بەناوی حیزبی (هیوا- الأمل)،دیاریکردنی رەفیق حلیمی وەک سەرۆک، دڵداریش وەک

سکرتێر، هەروەها زۆربوونی ژمارەی ئەندامەکان و کردنەوەی لقی دیکەی پارتی هیوا لەشارەکانی تری کوردستان و دواتریش کۆتایی هاتنی پارتەکە دەخەینەڕوو.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمان داوە ڕێبازێکی مێژوویی زانستیانە بخەیەنە ڕوو، کە خۆی لە خستنە ڕووی شیکردنەوەو هەڵهێنجانی ڕاستییەکان دەبینێتەوە، لە ڕێگەی تێڕامان و وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا.

ئامانج لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکە ئەوەبوو، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیران و شاعیرانی کۆیە، ئەوکات هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوون، خولیایی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی و نەتەوەییان هەبوو، کە بتوانن لەو چوارچێوەیەدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی بدەن.

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی دەخەینەڕوو، کەسوودمان لێ بینیوە وەک:ئەرشیفی (حیکمەت حەمید) و چاوپێکەوتنم لەگەڵ بنەماڵەکەی، هەروەها یاداشتەکەی دڵدار لە نووسینی (عبدالخالق علاءالدین) یاداشتەکەی نوری شاوەیس و چاوپێکەوتن لەگەل دکتۆر موکەرەم تالەبانی و ئەحمەد دڵزاری شاعیر.

**دەروازە:**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، دەرکەوتنی پاشماوەکانی جەنگ بەسەر وولاتان، بارودۆخی سیاسی کوردستان جۆرێک بەرەو پێش چوونی بەخۆیەوە دیت، بەتایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دوای جەنگ دەچێتە قۆناغێکی تازەوە، هەروەها ئەو کوردانەی لە قوتابخانەو کۆلیژەکانی وڵاتانی ئەورووپاو ئەستەنبوڵ دەیان خوێند، پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، ڕۆڵیان بینی لە دەرکردنی چەندین ڕۆژنامەی کوردی وەک (پێشکەوتن و بانگی کوردستان و بانگی حەق و ڕۆژی کوردستان) هەروەها پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان و دروستبوونی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٢، وایکرد گیانی نیشتمان پەروەری لای ڕوناکبیرو شاعیرو نوسەران و پیاوانی ئاینی بەرزبێتەوەو ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی قوڵتر بێتەوە (لازاریف، ٢٠١٣: ١٢-١٣؛ فاتیح،٢٠١٤: ٧٢-٧٥)، بۆیە بیری نەتەوایەتی ودامەزراندنی چەندین کۆمەڵەو پارتی سیاسی نهێنی ناو ئەو دەوڵەتانە بەدەرکەوت، کە کوردیان بەسەر دابەشکرابوو، دواتر چەندین لقیان لە چەندین شاری باشووری کوردستان کردەوە، یەکێک لەو کۆمەڵانە کۆمەڵەی (خۆیبون)[٢٥] بوو، کە لقێکی لە ساڵی ١٩٣٠ لەشاری کۆیە کرایەوە، لەلایەن (ئاسفی مەلا ڕەئووف)، برا گەورەی دڵدار سەرپەرشتی دەکرا، ئەم لقە توانیبووی کاریگەری لەسەر هەست وبیری نەتەوەیی لەناو لاوانی کورد پەرە پێبدات. ( تەیب، ٢٠٠٨: ١١٥-١١٦).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازنەی کورد لەباشووری کوردستان پەرەی سەند بە ئاراستەی جۆراوجۆر، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو

---

[٢٥]خۆیبوون:کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردیە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە بەیروت دامەزرا، یەکەم کۆبونەوەی لە هاوینەهەواری (بحمدون) بەسترا، جەلادەت بەدرخان(١٨٩٢-١٩٥١) یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکەبوو، ئامانجیان ئازادی بوو بۆ کورد بەتایبەتی لەوکاتەدا دەوڵەتی تورک زۆر ئازاری کوردەکانی دەدا، دواتر ئەم کۆمەڵەیە لقی لەشارەکانی کوردستانی باشوور کردەوە(کۆچیرا، ٢٠٠٣: ١١٩-١٢٠؛ لازاریف،٢٠١٣: ١٨٤).

ڕاپەڕینی بەردەرکی سەراو شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و شۆڕشی سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاپەڕینی ئاگری داخ لە باکورو هەموو ئەمانە نموونەی خەباتی چەکداری و سیمای هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەیی بوون بۆ ڕزگاربوون لەژێر چنگی داگیرکەرە هەرێمییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش خەباتی ڕۆشنبیری گوزارشت کردن بوو لە گۆرانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کەسێتی تاکی کوردی، لەوکاتەدا چینێکی خوێندەوارو هەڵگری بیری نەتەوایەتی پێشکەوتن خواز لە شارەکان دەرکەوتن و تێکەڵ بە چالاکی ساسی بوون و ڕۆڵیان بینی لە دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوو پارتە نهێنیەکانی ناو شارەکان کە لایەنێکی درەوشاوەی ئاراستەی ناسیۆنالیستی کوردی بوون (سعید،٢٠٠٦: ٤٠-٤٢). لە لایەکی دیکەوە بەر لەسەر هەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥) ململانێیەکی بەهێز لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان لەناوچەکەدا هەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان هەبوو، بۆ مەبەستەش هەموو ئەو کۆمەڵەو پارتە سیاسیانەی کە لە کوردستان وعێراق هەبوون، ببوونە مەڵبەندێک بۆ کاری سیاسی و جەماوەر لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستان، جگە لەوەی کە هیچ ڕێکخراوێک بە ئاشکرا نەیدەتوانی کاری خۆی بکات (قەزاز، ١٩٧١: ١١٦-١١٨). بەڵام ئەگەر بێتوو لە ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان وردبینەوە، دەبینین شێوازو پێکهاتەی ڕێکخستنی ڕێکخراوو پارتە نهێنییەکان لە ڕووی ئابوروی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری دەرهاویشتەی کۆمەڵگای کوردی بوون، دابەش ببوون بەسەرچەند ڕەوتێک، لەوانە ڕەوتی "کۆمەنیستی ونەتەوەیی و ڕەوتی سەرمایەداری". لەوکاتەدا چینی ڕۆشنبیران و کرێکاران و جوتیاران و زانایان ئامانجیان خەبات وتێکۆشان بوو لە پێناو سەربەخۆیی و ڕزگاریی نەتەوەیی و چینایەتی.

شاری کۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە بزووتنەوە سیاسیی و نەتەوەیی و کلتووری لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، کاتێک کە ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠ مۆرکرا، هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافە ڕەواکانی گەلی کورد تیانەبوو، بەم هۆیەوە ژمارەیەک لە لاوانی کورد لە شاری کۆیەوە ڕوویان لە شاری سلێمانی کرد، بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا (صالح، ٢٠٠٨: ١٧-١٨) لەلایەکی دیکەوە گەنجانی کۆیە بەردەوام بوون لە خەبات کردن دژ بە بە بارودۆخی سەخت و ئاڵۆزی ئەوکاتە، دەستیان کرد بە درێژە پێدانی خەباتی سیاسی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش، جگە لە کۆمەڵەی خۆیبوون، خەڵکی کۆیە بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی دیکە کردەوە بەناوی( کۆمەڵەی منەوەران- ڕۆشنبیران) کە لە ساڵی ١٩٣١ دامەزرا، ژمارەیەک کەسایەتی و نیشتیمان پەروەری ئەو شارە بەشداریان کرد لەوانە: (محەمد تۆفیق وردی، سامی عەوداڵ، ئەحمەد حەمەمەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، مام وەیسی باخچەوان، عومەر مام عەبدوڵڵا،حەمەد بەگی موختار، هەروەها دڵداری شاعیریش بچووکترین ئەندامی ئەو کۆمەڵە بووە. (تەیب، ٢٠٠٨: ١١٨ ؛ صالح،٢٠٠٨: ١٨-١٩).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر کۆمەڵێک پارت و کۆمەڵەی نهێنی لەشارەکانی کوردستان و بەغدا دروستبوون کە بەکورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:-

کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان یەکەم کۆمەڵەی نهێنی کوردی بوو لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی دامەزرا کۆمەڵەی بەرزی کوردستان: لە ساڵی ١٩٢١ لە سلێمانی لەلایەن ( جەمال

عیرفان)وە دامەزرا ، کۆمەڵەی کوردستان: ئەم کۆمەڵەیە پاش هاتنەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی بەرگری کردن لە نیشتیمان: لە ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن خانەقای شێخ خالیدی نەقشبەندی لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی پێشکەوتن: لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی زانستی کوردستان: ئەم کۆمەڵەیە لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی هۆشیاری: ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی رۆشنبیری رەواندز لە هاوینی ساڵی ١٩٢٦ دامەزرا، کۆمەڵەی پشتیوانی: کۆمەڵێک لە رۆشنبیرانی کوردی بەغدا لە ماڵی ئەحمەد خواجە لەمانگی تەمووزی ١٩٢٧ دامەزرا، کۆمەڵەی هەڵسان و بڵندی کوردستان: دوای سەرنەکەوتنی جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لەساڵی ١٩٢٧ دامەزرا، کۆمەڵەی زانستی ژنان: ئەم کۆمەڵەیە لە ماڵی حەپسەخانی نەقیب لە سلێمانی دامەزرا. یانەی هەولێر: لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ لە شاری هەولێر دامەزرا، یانەی سەرکەوتنی کوردان: لەسەرەتای سیەکاندا لە شاری بەغدا دامەزرا، یانەی سمکۆی شکاک، لە مانگی ئاداری ١٩٣٥ حکومەتی عیراقی مۆڵەتی بەو یانە رۆشنبیرییەدا، کۆمەڵەی فیدایی نیشتیمان: بریتیبوو لە کۆمەڵەیەکی نهێنی لە ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی برووسک: ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری دواناوەندی بە نهێنی لە ساڵی ١٩٣٥ لە موسڵ دامەزرا، کۆمەڵەی ئازادی کورد: بە سەرۆکایەتی مەحمود ئازادی دامەزرا، کۆمەڵەی برایەتی: ئەم کۆمەڵەیە لە ١١ ئاداری ١٩٣٧ لەسەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتی شاری سلێمانی لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید دامەزرا (شریف،١٩٨٩: ٨٩-٩٢ ؛ المزوري،٢٠٠٨: ٢٣-٣١؛ الجادري،٢٠١٧:٣٣-٤١ ؛ توفیق،٢٠٠٧: ٢١٣-٢١٤). هەموو ئەو کۆمەڵەو پارت و رێکخراوانە، ئامانجێکی نەتەوەییان هەبووەو دژ بە سیاسەتی خۆسەپێنی دەوڵەتی عیراق و پارچە پارچە بوونی کوردستان دروست بوونەو کەسایەتی دیارو رۆشنبیرەکانیی ی شارەکان بەشداریان کردووە.

**تەوەری یەکەم: ژیانی سیاسیی یوونس رەئووف (دڵدار):-**

دڵدار نازناوێکی پێشکەوتنخوازی کوردیە، ناوی تەواوی یوونس مەلا رەئووف مەلا مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادم السجادەیە[٢٦]، لە رۆژی ٢٠ ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایک بووە، دایکی ناوی ( زوهوە)کچی خورشید ئەفەندییە (حیلمی، ٢٠١٠: ١٢١ ؛ شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، دڵدار لە یاداشتەکەی خۆی دەنووسێت: بنەماڵەی دایکم عالەم زادەن و لە زەهاوەوە هاتونەتە قەراغ زێی کۆیە، حاجی قادری کۆیش یەکێکە لەو بنەماڵەیە، ئێستاش ئەم تیرەیە لە ناوچەکانی ( کانی لەلەو سێگردکان و سێ کانی و ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن، کە بە دەربەندی دەناسرێن و زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، نزیکە لە باجەلانی، جگە لەوە گەلێ خزم و ئامۆزای دایکم لە کانی لەلە هەیەو جار جار دەهاتنە ماڵمان، دایکم زۆر بە چاوێکی سۆزەوە

[٢٦] خادم السجادە:مەبەست لەو بەرماڵەیە کە پێغەمبەر(د.خ) دایی بە خەلیفە عوسمان، دواتر نەوە بە نەوە ئەم بەرماڵە پارێزراوە، دڵداریش خۆی بە یەکێک لە نەوەی ئەو بنەماڵەیە دەزانی، هەروەها باس لە چۆنیەتی ئەم بەرماڵە دەکات، پێی وایە نازناوی خادم السجادەی بنەماڵەکەیان لەوە سەرچاوەی گرتووە (دەباغ، ٢٠٠٠:٦٦-٦٧).

سەیریان دەکاو خۆی پێیان هەڵدەداتەوە. (علاء الدين،١٩٨٥: ١٣) هەروەها حیکمەت حەمید(٢٧) ئاماژە بەوە دەکات: باوکی دڵدار حەوت کوڕو دوو کچی هەبوو بەناوەکانی (عەونی،جەواد،مەجید، سەعدی، ئاسەف،یونس،حەمید، فاتیمە، زەینەب)، دیارە ئەرکی پەروەردە کردنی دڵدار کەوتۆتە ئەستۆی براکانی و (زەینەب)ی(٢٨) خوشکی، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە براکانی لە تەمەنێکی بچووکدا مردوون، وەک عەونی و جەوادو ئاسەف، دواتر دڵدار لە سەرەتای منداڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە تووشی زمانگیران بووە، بۆیە زۆربەی کات لە کاتی قسەکردندا دەوەستا (مەمەند، ٢٠١٣: ١٧).

دڵدار قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیەو ڕانیەو ناوەندی لەهەولێر تەواو کردووە، هەروەها لە یاداشتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات: کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بوو لەشاری کۆیە چوێتە بەر خوێندن، دواتر لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ تاقیکردنەوەی بە کەلۆری پۆلی شەشەم ڕوو دەکاتە هەولێرو خوێندنی ناوەندی لە هەولێرو ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواو دەکات، چونکە لەسیەکانی سەدەی ڕابردودا قوتابخانەی ئامادەیی تەنها لە شارەکانی (کەرکوک و موسڵ و بەغدا) هەبوو، شارەکانی کوردستان تەنها قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لێ بو، و(علاء الدين،١٩٨٥: ٢٧؛ عبدالرحمن،١٩٨٦: ٥-٦). پاشان بەهۆی نزیکی شاری کەرکووک لە شاری کۆیە، بۆیە ڕوو دەکاتە ئەم شارە، دواتر دەستیکرد بە خوێندن و چاوی بە ژمارەیەک قوتابی شارەکانی هەولێرو سلێمانی وکۆیە دەکەوێت و لە پاڵ خوێندنەکەیدا کەوتە کاری چالاکی سیاسی و ڕێکخستنی نهێنی لەگەڵ هاوڕێکانی و کۆمەڵەی دارکەریان لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراند، پاشان لە ساڵی ١٩٤٠ دەچێتە بەغدا لە کۆلیجی یاسا وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٤٥خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە پارێزەرو دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە تا ڕۆژی مردنی(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٠ ؛ شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، هەروەها هێشتا دڵدار لە ژیاندا بووە، ڕۆشنبیرێکی وەک ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) بە نووسین باسی لێوە کردووە (حیلمی،١٩٤٣: ٣-٩

---

(٢٧) حیکمەت حەمید: کوڕی حەمید کوڕی مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم سوجادەیە، ئەم کەسایەتییە یەکێکە لە برازاکانی دڵدار لە ساڵی ١٩٤١ لەشاری بەغدا لە دایکبووە، باوکی هەم براو هەم ئاوەڵزاوای ئاسەف بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیەو ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٥ کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. دواجار لە ١٨ /١٢ / ٢٠١٧ بە جەڵدەی دەماغ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. (حەمید، ٢٠١٧)

(٢٨) زەینەب: کچی مەلا ڕەئووف ئەفەندی کوڕی مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادم سوجادەیە، لە ڕۆژی ٢١/ ٣/ ١٩٠٠، لە گەڕەکی بە فری قەندی لە شاری کۆیە لە دایکبووە، خوشکی گەورەی دڵدار بووە، لە ساڵی ١٩٠٦ دەچێتە بەر خویندن لە قوتابخانەی روشدییەی کچان لە بەغدا، تا پولی شەشەمی سەرەتایی تهواو دەکات و دە گەڕێتەوە، زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و عیبری و تورکی زانیووە) لە دوای ئەوەی مالیان دەچێتە هە ولێرو هاوسەرگیری لەگەڵ سەعید ئاغا دەکات، ژنێکی زور تیگەیشتوو کەسایەتیەکی بەهیزی هەبووە). دواجار لە ١٩٦٣/١/١٨ بەهۆیی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد (خادم سوجادە،٢٠١٨: ٣٥-٣٦).

؛ خەزنەدار،١٩٧٧: ٥)، پاشان دڵدار یەکێک بوو لەو شاعیرو رووناکبیرانەی سەردەمی خۆی کە توانیبووی پەرە بە زمانەکانی دیکەی بیانی بدا، وەک زمانەکانی (فارسی،عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی،لاتینی، فەرەنسی، عیبری... هتد) (علاء الدین،١٩٨٥: ٨٢)، ئەو راستیەمان زیاتر بۆ دەرکەوت، کاتێک سەردانی ماڵی برازاکەی دڵدارمان کرد، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و ئەرشیفانەی لە دوای خۆی جێی هێشتوون، بە زمانە بیانییەکان بوون، کە تا ئێستاش لە ماڵی برازاکەیدا پارێزراون.

لە راستیدا شاعیر ژیانێکی سەختی بە رێکردووە، لە شارێک بۆ شارێک عەودالّی خوێندن بووە، سەرەڕای ئەوەی کە بنەماڵەکەیان بەردەوام ماڵیان دەگواستەوە لە کۆیەوە بۆ رانیەوهەولێر، چونکە مەلا رەئووفی باوکی فەرمانبەر ی میری بووە، لەوکاتەدا بەردەوام لەلایەن دەسەلاتەوە لە شارێک بۆ شارێکی تر دەگوازرایەوە، ئەم هاتووچۆیانەی بنەماڵەکەیان کاریگەریی لەسەر ژیانی دڵداری شاعیر هەبووە، لەرووی تێکەڵاو بوون و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیانی شارەکانی دیکەی کوردستان، دواتر ئەمانە بیری دڵداریان فراوان کرد، زیاتر بوونە هاندەر کە لە بزووتنەوەی شۆرشگێری و گیانی دیموکراتیدا پێشەنگ بێت (ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٤٢ ؛ خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦ ؛ حیلمی،٢٠١٠ : ١٢٢)، لەلایەکی دیکەوە شاعیر زۆر خەریکی خوێندنەوە بوو، لەو رۆشنبیرانە بوو کە توانیان لە رێگەی خوێندنەوەی زۆرەوە خۆیان پێبگەیەنن، هەر وەک لە یاداشتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات: لە ساڵی ١٩٣٣ قوتابی سەرەتایی بووم دەستم کرد بە خوێندنەوەی دیوانی حاجی قادرو زۆربەی هۆنراوەکانیم لەبەرکرد، پاشان گوێم بۆ هۆنراوەکانی شاعیرانی کۆیە وەک (عەونی،راجی، عاسی،هیرانی، حوسێنی)ی گرت و هەموویانم لەبەرکرد، بەم جۆرە هەر هۆنراوەیەک بکەوتایە بەرچاوم دەمنووسیەوەو لەبەرم دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی هۆنراوەکانی ( نالی، وەفایی، کوردی، بێ کەس، زێوەر، پیرەمێرد)م لەبەر کرد، جگە لەوەی کاتێک لە قوتابخانە دەهاتینەوە بە گرووتینەوە هۆنراوەی ( ئەی وەتە مەفتوونی تۆم)ی بێکەسمان دەخوێندەوە، لەم ساڵەدا بەرە بەرە هەستم بەخۆم دەکرد کە لەزەت لە هۆنراوە وەرئەگرم و زۆر لام خۆشە) (علاء الدین،١٩٨٥: ٤١- ٤٣؛ ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٤١ ).

لەلایەکی ترەوە دڵدار لە رووی سیاسییەوە زۆر کاریگەر بووە بە رووداوە مێژوویییە جیهانیەکان وەک"مێژووی شۆرشی فەرەنسی١٧٨٩ و شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، مێژووی ئیستقبالی جەلال نوری بە تورکی و مێژووی دەوڵەتی یۆنان وتورکیاو پۆلۆنیای خوێندووەتەوە"، هەروەها بارودۆخی پۆلۆنیایی‌وەک بارودۆخی کوردستان لێکداتەوە، دواتر دەستیکردووە بە خوێندنەوەی مێژووی کورد لە کتێبی (مێژووی کوردو کوردستان)ی ئەمین زەکی بەگ، (مێژووی بابان وسۆرانی)ی حوسین حوزنی موکریانی، (القضیة الکردیة) بلەچ شیرکۆی خوێندۆتەوە، لەمەوە ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بوو (بیمار،٢٠١٧ :١٧١)، هەر وەک خۆی دەڵێت:" کاتێک ئەمانەم خوێندەوە دروشمی رابردووی کوردیان هێنایە بەرچاوم وایان لێکردم بەرە بەرە مێشکم بکەمەوەو دواتر هۆنراوەکانی حاجی قادریش پاڵیان پێوە دەنام بۆ نیشتیمان پەروەری" (علاء الدین،١٩٨٥: ٥٠- ٥٥ ؛ قادر:١٩٧٨، ١٠٠؛ مەمەند، ٢٠١٣: ٢٠؛). لێرەدا دەردەکەوێت کە هۆنراوەکانی حاجی قادر بوونەتە هەوێنی شۆرشگێری و گیانی نیشتیمانپەروەری لای دڵدار، لەبەر ئەوە زۆر کاریگەر بووە بە بیری حاجی قادرەوە، هەر بۆیە حەماسەتی بۆ هۆنراوەکانی هەبووەو وایکردووە کە بیری حاجی بگوازێتەوە بۆ هۆنراوەکانی خۆشی .

بەم جۆرە دڵدار بەشـــێکی زۆر لە ژیانی لە پێناوی نیشـــتیمان وخەڵک و بەرگری و بەرانبەر ستەم و چەوساندنەوە بووە، بە تایبەتی لە بواری خەباتی نەتەوایەتییدا، هەمیشە هەستی بە ئازارو مەینەتی نەتەوەکەی کردووە، ئەویش بە خوێندنەوە لە مێژوو رابردووی نەتەوەی کورد. (مەمەند،٢٠١٣ : ٣٧؛ قادر١٩٧٨: ١٠٣) لەلایەکی ترەوە هەروەک خۆی دەڵێت": یەکەم کەس کە فێری کوردبوونی کردم ئاســەفی برام بوو، چونکە ئاســەف زۆر کاریگەر بوو بە هەســتی نیشــتیمان پەروەرییەوە، هەتا رۆژێک ئاسف بانگی کردم بە پێکەنینەوە ووتی قسـەک بکەم بە قسـەم دەکەی؟ وتم بەڵێ" ووتی هەموو رۆژێ لە قوتابخانە لەگەڵ هـاورێکـانت یەکتر بگرن و بە خۆتـان بڵێن "بەچەشـێر" ئەوەی ووتی کوردنیم لێی بدەن، منیش وتم باشـە، دواتر رۆژێک هاورییەکی ئاسـەف بەناوی (ئەحمەد خواجە ئەفندی)هات بۆ ماڵمان وتی: یوونس تۆ کوردیت؟ وتم بەڵێ" ووتی کوا شـاهیدت وتم "ئاسـەف شـاهیدمە" ووتی ئاسـەف بە شـاهید ناشـێت، ئیتر نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، لە پاشـان ووتی من شـتێکت پێدەدەم بەوە دەزانن کە تۆ کوردیت، دەسـتی خسـتە گیرفانیەوە وێنەیەکی شـێخ مەحمودی دامێ، ووتی ئەوە مەلیکی کوردسـتانە، منیش وێنەکەم وەرگرت و زۆر دڵم پێخۆشـبوو کە وێنەی مەلیکی کوردسـتانم لابێ، بەڵام نەمدەزانی کوردستان کوێیە؟ پرسـیاریشـم لەکەس نەکرد، شـریتێکم هێناو رسـمی مەلیکی کوردسـتانم بە سـەمغ لێداو سـەرەکەی تریشـم لە دارێک خسـت، لە کوڵان سـورامەوە لەناو منداڵان گوتم:" ئەمە شـێری شـێرانە مەلیکی کوردسـتانە") (علاء الدین،١٩٨٥ : ٣٣-٣٥). ئەمانە ئەوە دەردەخەن کەوا شـاعیر گیانی کوردایەتی و نیشـتیمانپەروەری تێدا بەرجەسـتە بووە، بۆیە لەمنداڵییەوە دەکەوێتە کارو چالاکی سـیاسـی لە زۆربەی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی ئەوکاتە دەبێتە ئەندام، وەک لایەنگرێکی دلسـۆزی (حیزبی رزگاری نیشتیمانی) کە باڵێکی نیمچە ئاشکرای حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بوو، بەشداری چالاکی و رێکخسـتەکانی کرد، پاشـان بە یارمەتی هاوبیرەکانی توانی خزمەتێکی گەورە بە دۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی وکێشـەی نەتەوەیی و نیشـتیمان پەروەری بکات (مەمەند، ٢٠١٣: ١٩ ؛ شـارەزا،٢٠١٣: ٩٦). لێرەدا دەردەکەوێت کە رووناکبیرێکی شـۆرشـگێرو رۆشـنبیرێکی چەپخوازبووە. لەلایەکی ترەوە مـارف خەزنەدار پێی وایە:" دڵـدار وەکو زۆربەی لاوەکـانی ئەو رۆژگارە لە بیری مارکسـییەوە نزیک بووەو بە ئومێدی ئەوەی لە ئەنجامی خەباتی ئەم رێبازەوە کورد مافی نەتەوەیی دەسـت کەوێت و باری ژیانی چاک بکات و وەک نەتەوەیەک دەسـەڵاتی دەربکەوێت) (٢٠١٠: ٥٦٧-٥٦٨).

دڵدار زۆر تامەزرۆی ئەدەب و هونەری کلاسـیک بووە، جگە لە هۆنراوەی نیشـتیمانی، هۆنراوەی (دڵداری و خۆشەویستی)شی نووسیووە، هەروەها هۆنراوەکانی تایبەت بووە بە لایەنی کۆمەلایەتی وئابووری و سیاسی و شۆرشگێری کۆمەڵگەی کوردی، لەو رێگایانەوە دەستیکردووە بەهاندانی لاوانی کورد بۆ خەبات وکۆڵنەدان و بەبێ وچان کۆشـش کردن بۆ پڕکردنەوەی ئەو دواکەوتووییەی کە نەتەوەی کورد گرفتاری بووە ( موکریـانی،١٩٧١: ٢٠ ؛ مەمەنـد، ٢٠١٣: ٤٠) هەروەک لە هۆنراوەی ( ئەی کورد)دا دەڵێت:"

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلاندا هەتاکەی مات و داماوی؟

کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی... (عبدالرحمن، ١٩٨٦: ١١)

پاشــان دڵدار لە کۆی زام و ئازارو تاڵیەکانی نەتەوەکەی و خۆڕاگری لەبەرامبەر ناحەزان ودوژمنانی گەلی کورد، کەوتە دانانی سروودێکی نیشتیمانی بۆ کوردستان بەناوی سروودی (ئەی ڕەقیب)، کە بە نرخترین هۆنراوەی نیشـــتیمانی دڵدارە، تێیدا بەســـەرهاتی مێژووی گەلی کوردی خوێناوی دەخاتەڕوو، دواتر ئەم ســرووده بووه هێمای بوونی نەتەوایەتی و بیری ناسـیۆنالیستی کوردی، پاشـان لە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦ لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردی لە کۆماری کوردستان، (ئەی رەقیب) لەسـەردەمی پێشـەوا قازی محەمەد(١٩٠٠-١٩٤٧) وەک سروودو مارشی فەرمی نەتەوەی کورد دەناسرێت:-

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان... نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووه...زیندووەو قەد نانەوێ ئاڵاکەمان. (موکریانی،١٩٧١: ١١ ؛ ئیبراهیم، ١٩٩٨: ٧ ).

لە نێوان ســـاڵانی ١٩٤٠-١٩٤٥ لەوکاتەدا دڵدار لە بەغدا بوو، ئاســـۆی بیری فراوان کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشـــنایەتی لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٩-١٩٤٩) پەیدا کردو لەســـەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بابەتی بڵاو دەکردەوە، هەوڵیدا بیروبـاوەری ئەدەبی وهونەری تێکەڵ بە بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات (خەزنەدار، ١٩٨٤: ٥٩)، پاشان لە ساڵی ١٩٤٥ دڵدار کەوتە کاری پارێزەری داواکاری هەژاران دەگرێتە ئەســتۆ بەبێ بەرامبەر، چونکە لەو کاتەدا ئاغاو دەرەبەگەکان حوکمی کۆمەڵگـایـان دەکرد، کوردســـتـان و نـاوچەکـانی دیکەی ڕۆژهەڵات هێشـــتـا قۆنـاغی دەربەگایەتیان تێنەپەراندبوو، دڵداریش هەولیداوە کۆمەڵگا رزگار بکات، بۆ گۆمەڵگایەکی پێشەسازی خوێندەواری پێشـــکەوتوو، ئەمەش بووەتە مایەی ڕەخنەو ڕەتکردنەوەی لەلایەن دەربەگەکانەوە، بۆیە زۆربەی کـات هەوڵیـانـداوە بیکوژن، بەڵام ئەو گوێی پێ نەداون، بەقەد تـاڵە موویەک لەو هەڵوێستە بە جەرگەی خۆی لای نەداوە، پاشان خەباتی دەکرد لە پێناوی ئەوەی جیهانی کۆن تازە بکاتەوە (خەزنەدار،١٩٧٧: ١٣ ؛ شارەزا،٢٠١٣: ٩٦).

**تەوەری دووەم: ڕۆڵی یوونس ڕەئووف (دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی( دارکەر- الحطاب) [٢٩] ١٩٣٧:-**

ڕەوشی سیاسی باشوری کوردستان لە دوای ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و بەریتا چەند پەرەسەندێکی سیاسی بەخۆوە دیت، کە دەربارەی سیاسەتی حکومەتی عێراق بووە لە دژی مافە نەتەوەیەکانی کورد، یەکێک لە پەرەســـەندنە گرنگەکانی ســـاڵانی ســـیەکانی ســـەدەی بیســـتەم دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بووە. ســـەبارەت بە ڕۆڵی ناوبراو لەم کۆمەڵەیە، جێگای ئاماژەیە لەوکاتەدا بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی کۆمەڵێک لە قوتابیانی شـــارەکانی دیکەی کوردســـتان ڕوویان لە لیوای کەرکوک کرد، بۆ تەواوکردنی خوێندن، یوونس ڕەئووف (دڵدار)یش

---

[٢٩] دارکەر الحطـاب دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر لە ژێر کـاریگەری نـاوی کۆمەڵەی کاربۆناری(ڕەژوکەران) ئیتالی ئەم ناوەیان لە کۆمەڵەکە نا، لە نیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدەهەم، لە ئیتالیا دامەزرابوو، کاریان بۆ رزگاری کردنی ئیتالیا لە دژی داگیرکەر دەکرد، دڵدارو هاورێکانی مێژووی ئەم کۆمەڵەیان خوێندبۆوەو کەوتبونە ســـەر بیری ئەوەی بە شێوەی ئەوان کوردستان رزگار بکەن (ئۆمەر، ٢٠٠٥: ٧٨ ؛ بیمار،٢٠١٧: ١٤٢)

وەک یەکێک لەو قوتابیانە لە ساڵی ١٩٣٧ ڕوو لەم شارە دەکات و پاشان چاوی بە کۆمەڵێک قوتابی دەکەوێت، دوای یەکترناسین، هەوڵیدا تەقەلاکانی خۆی لە بواری خەباتی نەتەوەیی بخاتە گەڕ (تەیب، ٢٠٠٨: ١١٨؛ بیمار،٢٠١٧: ١٤٢)، دواتر بیر لە بیرۆکەیەک دەکاتەوە کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت، دواتر دەستپێشخەریەک دەخاتە ڕوو بانگهێشتی ئەو قوتابیانە دەکات کە لێیەوە نزیک بوون پێیان دەڵێت: ئێوارە لە خانووی (شاکر بەگ جەلالی)کە لەلایەن ( بورهان جاف)ەوە بە کرێگیرابوو، لە گەڕەکی (بەگلەر)ی ( قۆریە)ی کەرکوک ئامادەبن، بۆ بڕیاردان لەسەر کارێک. (الطالبانی،٢٠١٠: ١٧٤) دواتر هەریەکە لە (بورهان حامید[٣٠]، کاکە حەمەی خانەقا[٣١]، موکەرەم تالەبانی[٣٢]، جەلال قادر) لە شوێنی دیاریکراو ئامادە دەبن، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە ئێوارەی نیوەی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٧ بەسەرپەرشتی یونس ڕەئوف(دڵدار) کۆبونەوەکە ئەنجامدرا. ( تالەبانی، ٢٠١٨/١/٨:کات ١٠)،سەرەتای کۆبوونەوەکە بە وتارێکی دڵدار دەستی پێکرد، کە باسی لە ژیانی ناخۆشی خەڵکی کورستان وبارودۆخی نالەباری کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیاو ئێران پێشکەش کردو تێیدا ئەو پەیمان و بەڵێنە ناڕاستانەی کە وڵاتە ئەوروپییەکان لە (کۆمەڵەی

---

[٣٠] بورهان حامید: یەکێکە لە سەرۆکەکانی هۆزی جاف، لەناوچەی هەڵەبجە نیشتەجێ بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەڵەبجەو ناوەندیی لە سلێمانی و ئامادەیی لەکەرکووک تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی ماف،چەندین پۆستی لە بەشی یەکە ئیدارییەکان وەرگرتووە، دواجار لە ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی کەوتنەوەی موشەکێک کە دەبێتە هۆی بریندار بوون و گیان لەدەستدانی (الطالباني، ١٩٩٦: ٣٣).

[٣١] کاکە حەمەی خانەقا:کوڕی سەید ئەحمدی خانەقایە، لە ساڵی ١٩١٨ لە گوندی تەل عەلی سەر بە ناحیەی مەلحەی پارێزگای کەرکوک لە دایک بووە، یەکێکە لەگەورە پیاوانی بەرزنجی،خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شاری کەرکوک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە کۆلێژی ماف دەرچووە، پاشان کاری پارێزەری کردووە، دواتر وەک نوێنەری کەرکوک لە پەرلەمانی عێراق تا ساڵی ١٩٥٨ کاریکردووە، بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد (الطالباني، ١٩٩٦: ٣٣).

[٣٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی لە ١٨ /٢٠١٨/١، سلێمانی: کوڕی شێخ جەمالی کوری شێخ محەمەدی عەلی تالەبانییە، لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکووک لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە کەرکوک تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی ماف، لە ساڵی ١٩٤٦ کاری پارێزەری کردووە، لەساڵی١٩٣٧یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر، دواتریش لە گۆڕینی دارکەر بۆ هیوا هەر لەناو پارتی هیوا ماوەتەوە تا هەڵوەشانەوەی، پاشان پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراقی لقی کوردستان کردووە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ گیراوە تا ساڵی ١٩٥٨، لە ساڵی ١٩٧٢ بووە بە وە زیری ئاودێری و گواستنەوە، لە ساڵی ١٩٧٣بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانیاری ئابووری وەرگرتووە، لە دوای ڕووخانی حکومەتی عێراق لە ٢٠٠٣/٣/٩وە خانە نشین بووە، لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، تا ئێستا لە ژیاندایە.

گەلان- عصبة الأمم)، داویانە بە کوردو ئەو ناپاکییانەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە خستە ڕوو، بە مەبەستی دوورخستنەوەی گەلی کورد لە نیشتیمانەکەی و سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشانەی کە داوای سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد، کە تییدا هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی تێدا بەشدار نەبووە، هاوکات نەبوونی کۆمەڵەیەکی سیاسی کە شۆڕشەکان بەڕێوە بەرێت، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ڕۆشنبیران هەوڵ بدەن بۆ یەکخستنی ریزەکانی نەتەوەیی، هەروەک چۆن ئەڵمانیاو ئیتالیا یەکیان گرت بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی یەکگرتوو، بەم پێیە دڵداریش پێشنیاری کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی (دارکەر) دەکات، دوای بیروڕا گۆڕینەوە لە نێوان تەواوی ئەندامەکانی ئامادەبوو ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی (الطالباني،١٩٩٦: ش٣٢؛ شریف،١٩٩١: ٢٤). هەروەها هەلبین مزوری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" سەرەتای کۆبونەوەکە قسەکانی دڵدار زۆر کاریگەربوون دەربارەی باسی ژیانی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی ولاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە کێشەی کورد، پاشان بڕیاریاندا کە کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست بکەن بەناوی دارکەر کە شوێنی (کۆمەڵەی ئازادی) بگرێتەوە (٢٠٠٨: ٥٢).

سەبارەت بە شوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بیروڕای جیاوازی دژ بەیەک هەیە، هەریەکە لە (موکەڕەم تاڵەبانی و نوری شاوەیس و ڕەشید باجەلان)[٣٣] ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری ئامادەیی لە کەرکوک دامەزراوە، لەسەر پێشنیاری (یوونس رئووف) بووە، بیرۆکەکەش هەر خۆی بووە. (الطالەبانی ، ١٩٩٦: ٣٤؛ شاویس، ١٩٨٥: ١٨ ). لەلایەکی ترەوە هەریەکە لە فەیسەڵ دەباغ و سالح حەیدەری پێیان وایە: لەشاری هەولێر ئەم کۆمەڵەیە دامەزراوە، ئەویش پشت بەستن بە یاداشتەکەی سالح حەیدەری و موستەفا عوزێری، کە دەڵێت" موستەفا عوزێر یەکێ بوو لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر کە کۆمەڵێک قوتابی هەولێر لە ناوەندی و ئامادەیی کە پێک هاتبوون لە (موستەفاعوزێری،یوونس رئووف، جەلال قادر، موسا سەمەد ، ئیحسان حاجی ئەحمەد، باقچەچی و ئەوانی تر) (حیدری،٢٠٠٤: ٩ ؛ دەباغ، ١٩٩٧٢: ١٢ ). لە ڕاستیدا زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە ئەم کۆمەڵەیە لە کەرکوک دامەزرا، هەروەها بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە، لەوکاتەدا خوێندنی ئامادەیی تەنها لەکەرکوک هەبوو، بۆ تاقیکردنەوەی وەزاریش ژمارەیەکی زۆری قوتابی ڕووی لەم شارە دەکرد، هەروەها دڵدار خۆشی لەیاداشتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات تا ساڵی ١٩٣٦ لەشاری هەولێر بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ

---

[٣٣] ڕەشید باجەلان: ڕەشید کوڕی ئیسماعیل کوری عەزیز باجەلان، لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی تازەشار لە ناحیەی قورەتو لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٤٠ چۆتە کۆلێژی ماف لە بەغداو دواتر لە ١٩٤٤ خوێندنی تەواو کردووە، بۆتە پارێزەر لەشارەکانی شارەبان و بەعقوبە حییلەو بەغدا، لە ساڵی ١٩٤٣ سەفەری بەیروتی کردووە، پەیوەندی بەکامەران بەدرخانەوە کردووە، هەوڵیداوە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان جولانەوەی رزگاریخوازی کورد دروست بکات، لەپارچەکانی عێراق و سوریاو لوبنان، دواتر بۆتە سەرپەرشتیاری دادگا تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە ساڵی ١٩٩٢ خانە نشین بووە، لە شوباتی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردوە. ( نەریمان،١٩٩٣: ٦-٨).





تەواو کردنی خوێندنەکەی ڕوو لەشــــاری کەرکووک دەکات، هەروەها ئەحمەد دلزاری[٣٤] هاوڕێی دلدار دەڵێت" ئەم کۆمەڵەیە لەشاری کەرکووک دامەزراوە (دلزار،٢٠١٧/١٢/٢٧: ١٢ی نیوەرۆ)، دواتر موکرەم تاڵەبانیش هەمان ڕای هەبوو کە ئێستا لەژیان دایە (تاڵەبانی، ٢٠١٨/١/٨: ١٠ی بەیانی).

نوری شــاوەیس[٣٥] لە یاداشــتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووەو نوســیویەتی" لە شــاری کەرکووک دامەزراوە، پاشان دەڵێت" لە پایزی سـالی ١٩٣٨ بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومە کەرکوک، دوای ئەوەی لاوانی کۆیە وهەولێر چاومان بەیەکتر کەوت و دوای یەکترناسـین، لەم سـەروبەندەدا تازە (کۆمەڵە ئازادی ) کۆتایی بە چالاکییەکانی هاتبوو، بۆ بەردەوام بوون بە چالاکییە سیاسییەکان و چارەســەرکردنی کێشــەی کورد بیرمان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەک کردەوە کە هەریەکە لە (من وعەبدوولا توفیق جەوهەر، جەلال حامید بەگ، یوونس ڕەئووف )پێکهاتبوون، دوای ماوەیەک لە هاوڕێیەتی وخۆشـەویسـتی لە نێوانمان کۆمەڵەی (دارکەر)مان دروسـتکرد، لەوکاتەدا لە خوێندنی ئامادەیی بووین، مێژووی ئەورووپامان دەخوێند کە باسی یەکیەتی ئیتالیاو یەکیەتی ئەلمانیای دەکرد، ئێمەش کاریگەر بووین بەو بیرەوە، بۆیە داوای دەوڵەتێکی سـەربەخۆمان بۆ کوردسـتان دەکرد، هەروەها پێوستمان بە کەسێکی وەک (گاری بالدی)[٣٦] هەبوو بۆ یەکخستنی کوردستان، پاشان لە

[٣٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار لە ٢٠١٧/١٢/٢٧، لە هەولێر. ناوبراو لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠ لە شــاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی ســەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، لەســەر دەســتی دلدار بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی دارکەرو هیوا، پاشــان ئەندامێکی کارای حیزبی شــیوعی عێراقی بووە، زۆرجار لەلایەن حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق زیندانی کراوە، هەروەها بەشـداری شـۆڕشـی ڕزگاریخوازی کوردی کردووە، تا ئێستا لە ژیاندایە.

[٣٥] نوری شــاوەیس: نوری کوڕی ســدیق شــاوەیس لە ســاڵی ١٩٢٢ لە ســلێمانی لە بنەماڵەیەکی نیشــتیمانپەروەر لە دایکبووە، لە ســاڵی ١٩٣٥وەک کەســێکی بەشــدارو دامەزرێنەری (کۆمەڵەی ئازادی ) دادەنرێت، پاشــان دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی دارکەرو پارتی هیواو حیزبی شـۆڕش ورزگاری، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالی ١٩٤٦ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی دیاری دەکرێت، تا ســاڵی ١٩٧٩، هەروەها بەشــداری لە زۆربەی چالاکییە ســیاســییەکانی کورد کردووە، ئەندامێکی کارای پارتی بووەو دواجار لە ڕۆژی ١٥ تشــرینی دووەمی ١٩٨٣ لەشاری لیڤەرپولی بەریتانیا کۆچی دوای کرد. (شاوەیس، ١٩٨٥: ٣-٦).

[٣٦] گاری باڵدی: لە ســاڵی ١٨٠٧ لە دایکبووە، ســەربازو ســیاســەتمەدارێکی ئیتاڵی بووە، دواتر پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی گەنجانی ئیتاڵیاوە کردووە، لە ناخەوە بڕوای بە ڕزگارکردنی نەتەوەکەی بووە، هەردەم دەیووت": مردن لە ژیانی کۆیلایەتی باشترە"، هەر لە منداڵیەوە هۆگری بیری ئازادی بووە، لەســاڵی ١٨٤٨گەڕاوەتەوە بۆ ئیتاڵیای وڵاتی خۆی کە ئەوکاتە ڕووبەڕووی جەنگێکی نیشتیمانی مەزن بۆتەوە لەگەڵ نەمسادا، لەساڵی ١٨٥٤

مانگی تشـــرینی دووەمی ١٩٣٨ دوای ماوەیەک من و (دلدار) عەبدووڵا توفیق جەوهەرمان بەهۆی ئەوەی کە لە پارتی برایەتی ئەندام بوو دەرکرد، چونکە هەوڵماندا ئەم کۆمەڵەیە زۆر بەنهێنی بێت، پاشـــان ( جەلال بورهـان وحـامید بەگ) هـاتنە نـاو کۆمەڵەکەوە (١٩٨٥: ١٨-١٩). هەروەهـا رۆژنامەنووس (کریس کۆچێرا )هەمان بیرو ڕای شاویسی هەیە پێی وایە " دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر لەهەریەکە لە (نوری شـــاوەیس، یوونس رەئووفی شـــاعیر،عەبدووڵا تۆفیق جەوهەر) پێکهاتبوو، لە شـاری کەرکوک دایان مەزراند (٢٠١١: ١٧٨). ئەوەی لێرەدا گرنگە دەمەوێ ڕاســتی بکەمەوە کۆمەڵەی دارکەر لەمانگی ئەیلوولی سـاڵی ١٩٣٧ دامەزراوە نەک سـاڵی ١٩٣٨، کە نوری شـاوەیس لە یاداشـتەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها نوری شـاوەیس ئاماژە بۆ ناوەکانی تری دەسـتەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە ناکات،هەر خۆی و عەبدووڵا جەوهەرو ( دڵدار )ی باس کردووە، بەڵام هەریەکە لە (بورهان حامید جاف، حەمەی خانەقا، موکەڕەم تاڵەبانیش) بەشداربوون، بەڵام لە راسـتیدا نوری شـاوەیس سـاڵی ١٩٣٨ بۆتە ئەندام لەم کۆمەڵەیە، دوای کرانەوەی لقەکانی هەولێرو سـولێمانی، هەروەها راسـتییەکی تریش هەیە کریس کۆچێرا هەمان قسـەکانی نوری شـاوەیسـی گێڕاوەتەوە،ئەویش چونکە پشتی بە نوری شاوەیس بەستووە.

لەلایەکی دیکەوە هەلبین مزوری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی بڵاو نەکراوەی حکومەت کە تایبەت بوو بە وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم کۆمەڵەیە لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێک رۆشـنبیری هەولێر لە نیوەی سییەکان دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە(یوونس رەئووف، موسـتەفا عوزێری، عەونی یوسـف، جەلیل هۆشـیار، جەمیل رەشـید میران، عەبدولفەتاح جەباری، رۆستەم جەباری، موسی ئەحمەد،عەزیزشاڵی، نورەدین بەهادین، ئەوانی تر)، لە کۆتایدا بە گوێرەی ئەو بەڵگە نامەیە دڵنیایی دەدا کە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن قوتابیانی ناوەندی هەولێر لەشـاری هەولێر دامەزراوە، کە ئەندامە کاراکانی لە (موسـتەفا عوزێری وموسـی عەبدولسـەمەد) بوو، دواتر لەسـەر دەسـتی گەنجانی هەولێر لەسـەر پێشـنیاری یوونس رەئووف (دڵدار) لە هەولێر دامەزراوە، پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ لقی تریان لە شارەکانی کەرکوک و سولێمانی کردەوە (٢٠٠٨: ٥٢-٥٣). ئەوەی لێرەدا گرنگە بیخەمەڕوو ئەوەیە ئەم زانیارییەی (هەلبین مزوری) ئاماژەی پێداوە، پشـتی بە یاداشـتەکەی (سـالح حەیدەری بەسـتووە)، هەرخۆشـی لە لاپەڕەی پێشـووتر لە زاری موکەڕەم تاڵەبانییەوە، ئاماژەی بۆ شـــاری کەرکووک کردووە، دواتر ئەم ڕایەشـــی باس کردووە، بەڵام ئێمە دوای بە دواداچونمان بۆ ئەو بابەتە، ســـەردانی موکەڕەم تاڵەبانیمان کرد کە هێشـــتا لە ژیاندا ماوە، خۆی دەســـتەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بووە، ئاماژەی بەوە کرد: ئەو کۆمەڵەیە لە سـەر پێشـنیاری دڵدار دروسـتبوو خۆی خاوەن بیرۆکەکە بوو، لەو کاتەشـدا دڵدار لە قوتابخانەی ئامادەیی لەگەڵمان بوو، ئێمەی کۆکردەوە لە ماڵی بورهان جاف لە کەرکووک، ئەم کۆمەڵەیەمان دروستکرد، دواتر لە کۆبوونەوەی (ئوم ئەلرەبیعەین) لە ساڵی ١٩٣٨،بڕیارماندا لقی تر لە شارەکانی (هەولێر و سولێمانی و ڕەواندز و شەقلاوەو کۆیەو... هتد) بکەینەوە. (تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨: کات ١٠ی بەیانی).

---

لەجەنگی سـەربەخۆیی ئیتاڵیادا وەکو جەنگاوەرێکی بەجەرگ بەشـداری کردووە. دواجار لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە (نوارو نعنی،٢٠١٢: ٢٣٠-٢٣٥).

شـــایەنی باســـە ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوو، چالاکی فروانترو لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە پێشـــکەوتوو ترو ئامانج ڕوونتر بوو لەوانەی پێش خۆی و یوونس ڕەئووف(دڵدار) وەک سەرۆکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەکە دیاریکرا، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ڕزگارکردنی کوردستان و یەکخســـتن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ســـەربەخۆ بوو (تەیب، ٢٠٠٨: ١٢٠)، هۆکاری دروســـتبوونی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بۆشـــایی کاری ڕێکخراوەیی و ســـیاســـی لە کوردســـتان بەتایبەتی و تەوژمی بیری نەتەوەیی جیهانی بە گشـــتی کە هاندەری قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک تا لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەوە مافە ڕەواکانی گەلی کوردســـتان بە دەســـت بهێنن، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا قوتابیانی کورد لە قۆناغەکانی خوێندندا مێژووی ئەوروپایـان دەخوێندو کەوتبوونە ژێر کـاریگەریی نـاوەڕۆکە ئەم وانەیە، بۆیە ئەوانیش کەوتنە خۆئامادەکردن تا بەشـــێوەیەکی ئەوروپییانە بتوانن لە ڕێگای کاری ڕێکخراوەیی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو دابمەزرێنن (ئۆمەر،٢٠٠٥: ٧٨). هەروەهـا جگە لەدڵـدار هەریەک لە زەینەبی خوشکی و ئاسەفی براشی، کە دوو ئەندامی کارای دارکەر بوون، لە بنەماڵەکەیان کە کارو چالاکیان ئەنجام دەدا لە ناو شـارەکانی کۆیەو هەولێر، هەتا لە خۆشـەویستیان بۆ ئەم کۆمەڵەیە زەینەب ئەم هۆنراوەی نوسیوەو دەڵێت:-

دارکەر

دارکەرین، دارکەرین... دارکەرین، تێکۆشەرین،
کچ و کوڕی کوردستان... هەموومان کوردپەروەرین
دارکەرە، دەنگی دلێر.... دەنگی ئازای، نەڕەی شێر
ئەوەی دارکەر بناسێ... دارکەرە، نرکەی بوێر
لەدارکەر، تێ دەکۆشم... دێم ئازادی دەپۆشم
ئەگەر دارکەر نەبێ... چرایەکی خامۆشم
دارکەر بیروباوەڕە... بۆنی گوڵی شەش پەڕە
بە بارانی دارکەرە... وەرزی بەهارمان تەڕە
(حەمید،٢٠١٧:٧ی ئێوارە)

ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری بیری نەتەوەییانە بوو، لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە پێشـــکەوتوو ترو ئامانج رونتر بوو، بەڵام پەیرەوێکی ناوخۆی تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵکو هەموو ئەندامەکان لە چوارچێوەی یەک بیروڕاو یەک ئامانج کۆبوونەوە، ئەویش بریتیبوو لەوەی کوردســـتان پارچە پارچە کراوە، دەیان ووت: پێوســـتە خەبات بکەین، لە پێناو نەتەوەی کورد، بۆ بەدەســـهێنانی ئازادی تەواو). (المزوری، ٢٠٠٨،٥٤ )، هەروەهـا ڕێکخســـتنەکـانی بەشـــێوەیەکی نهێنی بوو، زۆربەی ئەندامەکانی گەنج و قوتابی زانکۆ بوون، کاتێک دەبوونە ئەندام لەو کۆمەڵەیە، دەبوایە ســـوێند بە خوداو قورئانی پیرۆزو خەنجەری کوردی بخۆن، کە دڵســـۆز بن بۆ گەلی کوردو فیداکاری لە پێناوی نیشـــتیمانی گەورە بکەن (الطالبانی، ١٩٩٦: ٣٦ ؛ کەریم، ٢٠١٣: ٢٩١) هەروەها موکەڕەم تالەبانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت" بەرنامەو شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵەی دارکەر پەیرەوەی شانەی بچووکی دەکرد کەهەر شانەیەک لە پێنج ئەندام پێکهاتبوو، پاشان سەرۆکی شانە دادەنراو نازناوی بۆ هەر ئەندامێک دادەنا، کۆمەڵەکە ســەرۆک و دەســتەی دامەزرێنەری هەبوو، شـێوازێکی

تایبەتی هەبوو لە کۆکردنەوەی ئەندامەکان و پێکهاتەی شـــانەکان، هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامە نوێیەکان ســـەرۆک شـانەکان دەهاتن و ئەندامە نوێیەکەیان تاقی دەکردەوە بزانن تا چەند کاری ڕێکخراوەیی نهێنی دەپارێزێت، پاشـــان دەیان خســـتە ئەڵقەیەکەوە بە نازناوێکی ترەوە، ســـوێندیان دەدان بەناوی نەتەوەیی وئاینییەوە بڵێت":( ســـوێند بە خودای گەورە بە قورئانی کریم، بەخەنجەری کوردی، کە دڵســـۆزی نەتەوەی کوردی بێت وخۆی بەخت بکات لە پێناو نیشـــتیمانی کوردســـتانی گەورە)، پاشـــان لە بارەی ئابوونەشـــەوە قوتابیان کەم توانا بوون، تەنها هەندێ جار پەنجا فلسیان دەدا (١٩٩٦: ٣٧).

لەلایەکی ترەوە کریس کۆچیرا دەڵێت"کۆمەڵەی دارکەر لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە، تەنها گەنجی خوێندەواری بە ئەندام وەردەگرت، پەیرەو بەرنامەکەی نەتەوەیی بێ غەل و غەش بوو، خەباتیان لە پێناو ئۆتۆنۆمی کوردســـتانی عێراق و ســـەربەخۆیی هەموو کوردســـتان بوو، هەروەها مۆرکێکی هەبوو کە پتر ڕەنگدانەوەی کاریگەری و دەســـەڵاتی حیزبی کۆمۆنیســـتی عێراق بوو، هەروەها ئایدۆلۆژیایی ئەم کۆمەڵەیە زۆر ڕوون نەبوو، دەیان ووت:" ئێمە دژی فاشیزم و هیتلەرین لایەنگری دیموکراســـی و نەیاری ئیمپریالیزم، بە تـایبەتی نەیـاری ئینگلیزەکـانین" (٢٠١١: ١٧٨)، هەروەها دیڤید مەکداول پێی وایە:" دارکەر پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی شـیوعی عێراق هەبوو بەتایبەتی لقە کوردیەکەی بەناوی گۆڤارەکەی (ڕۆژنامەکەی و.ک)ناســـرابوو. داواکاری ئازادی بۆ کوردو عەرەب هەبوو، هەروەها دارکەر لە مەیدانی ئایدۆلۆژیایدا، زۆرتر ڕەنگی ناســـیۆنالیزمی بە خۆووە گرتبوو، پاشان ئەم کۆمەڵەیە ئەندامەکانی فروانبوو لقیان لە شـارەکانی (موسڵ و بەغدا)ش کردەوە (٢٠٠٥: ٤٧٤).

لە ڕاســـتیدا ناوهێنانی ئەم کۆمەڵەیە بەناوی (دارکەر– ڕەژەووکەران) کۆمەڵێک بیرورا هەیە لەسەری، لەوکاتەدا لە خوێندنی ئامادەییدا، مامۆستاکانی وانەی مێژووی ئەورووپایان دەگوتەوە کاریگەر بوون بە هەستی نیشتیمان پەروەری و عەرەب چیەتی پێیان وابوو مەلیک غازی کەسێکی لێهاتووە لە بواری نەتەوەییدا، بۆیە کۆمەڵێک مامۆســـتای عەرەبی شـــۆڤینی لە دەرەوەی عێراق هاتبوون، کە کاریگەربوون بە مێژووی ئەورووپاوە، هەوڵیان دەدا تا مەلیک غازیش بتوانێت هەموو دەوڵەتـانی عەرەبی کۆبکاتەوەو دواتر یەک بگرن وەک یەکیەتی ئیتالیاو یەکیەتی ئەلمانیا، پێیان وابوو باروودۆخی دەوڵەتانی عەرەبیش وەک ئەورووپا پێوســـتی بە یەکگرتن هەیە، ئەم کۆمەڵەیەش خاوەنی هەمان بیرۆکە بوو کە هەوڵیدەدا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنێ، بۆیە کەوتە کاری نهێنی و چالاکی کردن لەشـــارەکان، هەوڵیدا ئەندام و لایەنگری چینی ڕۆشـــنبیر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵەیە لەســـەر هەمان ڕێبازی (کاربۆناری– الفحامین) ڕۆیشـــت کە چۆن لەگەڵ(گاری باڵدی) یەکیان گرت بۆ دروستبوونی یەکیەتی ئیتالیا، بۆیە دەستەواژەی (دارکەر– الحطاب) نزیک بوو لە کۆمەڵەکەیان، هەر بۆیە نـاویـان نـا کۆمەڵەی دارکەر(الطالبانی،١٩٩٦: ٣٤ ؛ دلزار،١٩٩٨: ٤٥). لەلایەکی ترەوە فەیســـەڵ دەباغ لە زاری موستەفا عوزێریەوە ئاماژە بەوە دەکات کە وشـــەی (دارکەر) دەباتەوە ســـەر (دارکەلی) واتە ئەو دێیەی کە شـــێخ مەحموودی حەفید لێی لە دایک بووە (١٩٩٧: ١٠). بەڵام ئەم ڕایە دوورە لە ڕاســـتییەوە، ڕای یەکەم ڕاســـترەو هەروەک لە پێشووتر سەرچاوە ڕسەنەکان ئاماژەیان پێداوە.

ئامانجی کۆمەڵەی دارکەر، بریتیبوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردو داواکردنی مافی کورد، لەوکاتەدا نەتەوەی کورد دابەش کرابوو، بەسەر دەوڵەتانی (عێراق، تورکیا، ئێران، سوریا)، لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی ئیمپریالیزمی لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاوا لەناوچەکە پەیرەو دەکرا، زۆربەی رۆشنبیران کاریگەر بوون بە بیری پێشکەوتن و دیموکراسی، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٦ دوو کەسایەتی بەناوەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا) کە هەڵگری بیری مارکسی بوون، هەستان بە بڵاو کردنەوەی پەنامیلکەیەک بەناوی (العرب والاکراد) بە زمانی عەرەبی، ئاماژەیان بەوە کردبوو کە عەرەب و کورد پێکەوە یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە، ئەویش کە خۆی لە ئازادی و دیموکراسی و مافی چارەنووس خۆنووسین دەبینییەوە، پاشان ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر ئامانجیان رزگار کردنی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ کوردان بوو، بۆیە دروشمیان بریتیبوو لە ( بژی کوردو کوردستان- عاش الكرد و كردستان)، یەکێکی تر لەئامانجەکانیان کردنەوەی لقی زیاتر لە شارەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی لەوکاتەدا بۆشایی سیاسی و شکستەکانی شۆڕشی کوردی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە هەلێک دەگەڕان کە پارتێک یاخود کۆمەڵەیەک هەبێت بتوانێت هەموو کورد کۆبکاتەوەو یەک بگرن بۆ رزگارکردنی کوردستان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ (الطالباني، ٢٠١١: ٢/ ١٧٤). هەروەها نوری شاوەیس لە یاداشتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" ئامانجمان لە کۆمەڵەی دارکەر بریتیبوو لە دروستبوونی بەڕێوەبەراتیەک لە ناوچەکانی کوردستان، کە زمانی قسە کردن و خوێندن بە زمانی کوردی بێت، پاشان کردنەوەی نەخۆشخانەو قوتابخانەو چاکردنی ریگاوبان و دروستکردنی ریگە بۆناوچە دورەکانی کوردستان، هەروەها کشانەوەی ئینگلیز لە عێراق و دروستبوونی یاسایەک کە لەدام و دەزگاکانی کوردستان زمانی کوردی بکاتە زمانی رەسمی لە خوێندن و دام و دەزگاکانی حکومەت، دورکەوتنەوە لە نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان کوردان) (١٩٨٥: ٢١). هەرچەندە تەمەنی کۆمەڵەکە درێژ نەبووە، بەڵام بەراورد بە تەمەنی دامەزرێنەران و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کارێکی قورسیان گرتۆتە ئەستۆ.

**تەوەری سێیەم: رۆڵی یوونس رەئووف (دڵدار) لە فراوانبوونی کۆمەڵەی دارکەرو گۆڕینی بۆ حیزبی (هیوا- الأمل)[٣٧]:-**

کۆمەڵەی دارکەر لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٧- ١٩٣٨ ژمارەی ئەندامەکانی زیادی کرد، بەهۆی هاتنە ناوەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی رۆشنبیری هەولێرو کۆیەو سولێمانی و شارەکانی تری کوردستان، کاریگەربوونیان بەو درووشمانەی کە دارکەر بەرزی کردبۆوە،

[٣٧]حیزبی هیوا- الأمل: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی هێڤی کە لە ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوون لە عومەر جەمیل پاشا و زەکی بەگ و رەفیق حیلمی، ئەم کۆمەڵەیە لە پێشووتر رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چالاکی سیاسی ، دواتریش لەسەر پێشنیاری رەفیق حیلمی ناوی کۆمەڵەکە گۆردرا بۆ هیوا بۆ زیندووکردنەوەی کۆمەڵەکەی پێشووتر، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە داخرابوو (الطالباني، ١٩٩٦: ٤١ ؛ دلزار،١٩٩٨: ٤٦).

لەبارەی یەکێتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی مافی گەلی کورد، هەنگاوێکی گرنگی نابوو لەبەرەو پێش چوون و ڕێکخستن و تێکۆشانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی یەکجار تەواوی لەسەر بیرو هزری ڕۆشنبیران ڕێکخست بوو (فەیزی،٢٠٠٦: ١٨)، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی دارکەر ئەندامانی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو، کە زۆربەیان لە قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەییەکان پێکهاتبوون، یوونس ڕەئووف (دلدار) کەسێکی چالاک و ڕۆڵێکی کاریگەریی لە بڵاوکردنەوەی بیری دارکەر لەناو شاری کۆیە بینی. ئەو ئەندامانەی کە لە ڕێکخستنەکانی کوردستان کاریان کردووە، لقی هەولێر (موستەفا عوزێری، ڕەشید عەبدولقادر، حوسێن حوزنی موکریانی و براکەی گیو موکریانی،عوسمان قۆجە قەساب، بەکر ئیسماعیل،شێخ موحەمەد(شێخە شەل)، عەزیز موحەمەد، ڕۆستەم جەبارو فەتاح جەبار، عەزەدین فەیزی، ئەنوەر عەبدوڵا، ئەوانی تر) ( رسول، ٢٠٠٥: ١٣٨-١٣٩ ؛ فەیزی، ٢٠٠٦: ١٧) لقی کۆیە (سابیر ئیسماعیل، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، سامی عەودال، عوسمان عەونی، تاهیر ئەحمەد حەوێزی،یونس خۆشی، ئەوانی تر) (تەیب،٢٠٠٨: ١٢٠). لقی کەرکووکیش پێکهاتبوو لە ( کاکە حەمەی خانەقا، نورەدین بەهائەدین،فازل تاڵەبانی، شێخ مارف بەرزنجی،شێخ حوسێن بەرزنجی، موکەڕەم تاڵەبانی، چەندانی تر)، ژمارەیەک ئەفسەرو سەربازانی سوپای دووی عێراق بەشداری بوێرانەیان لەچالاکی و ڕێکخستنی فیکریی ی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن کرد (عەبدورەحمان، ٢٠٠٦: ٨٣)، لقی (کفری وچەمچەماڵ )یش کەوتنە هەوڵی ڕێکخستن و پێگەیاندنی لاوانی کوردو ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان کە پێکهاتبوون لە ( شێخ عەتا جەمال تاڵەبانی، موحەمەد قەرداخی) (عەبدورەحمان، ٢٠٠٦: ٨٤)، هەروەها دیڤید مەکداوڵیش دەڵێت لەشارە کوردنشینەکانی( موسڵ و بەغدا)ش کرایەوە بەڵام ئاماژە بۆ ناوی کەس ناکات (٢٠٠٥ : ٤٧٤)، نوری شاوەیس لە یاداشتەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ودەڵێت": پەیوەندیمان بە هەریەکە لە قوتابیان جمیل ڕەشید میرن لەناوچەی خۆشناوەتی و ڕەشید باجەلان لەخانەقین و موحەمەد ئەمین زەکی لەکولیەی سەربازی بەغداو دواتر پەیوەندیمان بە هەندێ کەسی دیکەوە کرد، کە پێشتر لە کۆمەڵەی ئازادی بووون لە سولێمانی، وەک (نوری مەلا ئیسماعیل،نوری ئەحمەد تەهاو براکەی مەهدی ئەحمەد، مەهدی حاجی موحەمەد) کە بازرگانی خوێ بوون، لەو ساڵەدا پۆلی سێیەمی ناوەندی بوون و خوێندنیان جێهێشتبوو"(١٩٨٥ : ١٩). هەموو ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان دەریدەخەن کە ئەم کۆمەڵەیە کارو چالاکییە سیاسییەکانی فروانبوو، بەهۆی کارایی ئەندامەکانی گەشە کردنێکی تەواوی بەخۆیەوە بینیبوو.

لە ساڵی خوێندنی١٩٣٧- ١٩٣٨ی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان کۆتاییان هات و قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ڕوویان لە شاری کەرکوک کرد، لە دوای یەکترناسی و هاوڕێیەتی ژمارەکیان بوونە ئەندام لە دارکەرو پاش فروانبوونی کۆمەڵەکە ناچاربوون بیر لە بەستنی کۆنگرەیەک بکەنەوە، بۆیە بڕیارپاندا لە ئێوارەی کۆتایی ڕۆژی تاقیکردنەوەی بە کەلۆریا، پێش گەڕانەوەیان قوتابیان کۆببنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش شەست ئەندام ئامادەبوون تیایدا، یەکەم کۆنگرەی دارکەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لە باخچەی ( ئوم ئەلرەبیعەیین) لەشاری کەرکووک بەسترا (باوەر،٢٠٠٠: ٩٣-٩٤؛ تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨)، نوێنەری هەریەکە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و بەغداو کۆیە و شەقلاوە تێیدا ئامادەبوون، کەسایەتییەکان بریتیبوون لە (موسی عەبدولقادر، موستەفا عوزێری، ڕوستەم جەبار،عوسمان میران، مەعروف بەرزنجی، حوسێن

بەرزنجی،فەخرەدین پشدەری)، پاشان یوونس رئووف(دڵدار) وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە یەکەم وتاری خوێندەوە، تێیدا باسی چۆنیەتی دامەزراندنی دارکەرو چالاکییەکانی خوێندنی لەنێوان ساڵی١٩٣٧ بۆ ١٩٣٨ خستۆتەڕوو، باسی فروانبوونی کۆمەڵەکەی کردووە، کە چۆن پەرەی سەندووەو لەشارەکانی کوردستان لقیان کردۆتەوە، پاشان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر هەریەکە بەرنامەی خۆی خستۆتەروو، لەوانە (کاکە حەمەی خانەقا) ئاماژەی بەوەکردوە کە ئەوان خاوەن هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نین، بەڵکو تەنها ئەوە نەبێت هەندێ لە وئەندامان و لایەنگران کەمێک پارە دەبەخشن، دوای گفتوگۆیەکی زۆر، دڵدار ئەوە دەخاتەڕوو کە:" ئەم کۆمەڵەیە فروان بووە پێویستە بکرێتە پارتێکی سیاسی چونکە لەتوانای ئێمەدا نەماوە بەڕێوەی ببەین، کەس هەیە لە ئێوە بتوانت سەرپەرشتی بکات)[٣٨] دواجار بە کۆی دەنگی ئەندامەکان، پێشنیاری چەند کەسایەتییەکی کوردیەوە کرا، کە وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە دیاری بکرێن، ئەوانیش بریتیبوون لە (موحەمەد ئەمین زەکی بەگ، توفیق وردی، جەمال بابان، مەعرووف جیاووک، رەفیق حیلمی، ماجید موستەفا). (الطالبانی، ١٩٩٦: ٣٨؛ دەباغ،١٩٩٧: ٨ ). دەکرێ بڵێین پێشنیارکردنی ئەو کەسایەتیانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانێکی دیارو ناسراوو خاوەن ئەزموونن لە بواری سیاسی و رۆشنبیریەوە، بۆیە هەر یەکێک لەوانە دەتوانێت ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخراوێکی فروانی وەکو کۆمەڵەی دارکەر لە ئەستۆ بگرێت.

پاش هەڵسەنگاندنێکی تەواو لەسەر پێگەو ژیانی کەسێتی هەریەکە لەم کەسایەتیانەی پێشنیاریان کردبوو، دواجار بریاردرا کە رەفیق حیلمی وەک سەرۆک دیاری بکرێت، چونکە رەفیق حیلمی پێشتر بەرێوەبەرو مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوو، بەهۆی بیری کوردایەتی گواستبویانەوە، لەلایەکی ترەوە قوتابیەکان پشتگیری زۆریانکرد، پێیان وابوو ئەم باشترین کەسە بۆ ئەم پۆستە، بۆیە لیژنەیەک لە هەریەکە لە (یوونس رەئووف (دڵدار)ی سەرۆک و کاکە حەمەی خانەقا ) پێکهات کە سەردانی بکەن، لەوکاتەدا رەفیف حیلمی لە بەغدا (سەرپەرشتیاری پسپۆری بوو لە وەزارەتی مەعارف)، دوای ئەوەی لیژنەکە لە بەغدا سەردانی رەفیق حیلمی کرد، ئەم پێشنیارەیان خستە بەردەمی ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پەسندی کرد، پاشان لەگەڵ ئەوەدابوو کۆمەڵەی دارکەر ببێتە حیزبێکی سیاسی گەورەو پەرە بە رێکخستنەکانی بدات (الطالبانی، ١٩٩٦: ٤١)، بۆ ئەم مەبەستە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان رەفیق حیلمی و دەستەی دامەزرێنەرانی دارکەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لە کەرکووک لە مالی کورە مامی (یوونس توفیق ئەمان)بەسترا، باسیان لە گۆرینی کۆمەڵەکە کرد بۆ حیزبێکی سیاسی بەناوی (هیوا)، کە هەموو گەلی کورد کۆبکاتەوەو بتوانێت مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد دابین بکات و دەولەتێکی یەکگرتووی کوردی دروست بکات، دواتر رەفیق حیلمی هەوڵیدا دەستەیەکی نوێ دابنێت لە قوتابیان بۆ بەرێوەبردنی کۆمەلەکە)

---

(٣٨) پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە بۆچی کەسیان نەیان توانی سەرپەرشتی کۆمەڵەکە بکەن، چونکە زۆربەیان خوێندکارو کەم تەمەن بوون و توانای بەرێوەبردنی رێکخراوێکی سیاسی و رۆشنبیری ئاوا گەورەیان نەبوو، سەرەرای کەم دەرامەتی و نەبوونی هیچ ئیمکانیەتێکی ماددی، هەروەها کەسانی ناسراوو خاوەن ئەزموونی ئەوتۆ نەبوون، کە بتوانن ئەرکێکی قورسی لەم جۆرە بگرنە ئەستۆ (تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨: کات ١٠ بەیانی).

(الطـالبـانی، ١٩٩٦ : ٤٢). لەلایەکی ترەوە (ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر ئـامـاژە بەوە دەدات:" کە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی دارکەر بە ئامادەبوون ڕەفیق حیلمی لە هاوینە هەواری شـــەقڵاوە لە باخچەی (جەمیل رەشـید میران)[٣٩] دا بەسـتراو بڕیارڕدرا کە پەرە بە کارەکانیان بدەن و کۆمەڵەی( دارکەر)یش بۆ پـارتی هیوا بگۆرن) (٢٠٠٥:٧٩ ). لێرەدا دەمەوێ ئـامـاژە بەوە بکەم گۆرینی نـاوی دارکەربۆ هیوا لە زۆربەی ســـەرچاوەکان ئاماژە بۆ ١٩٣٩ دەکەن، بەڵام یەکەم کۆنگرەی دارکەر لەمانگی حوزەیرانی ١٩٣٨ بەسـتـرا هەر لەم کۆنگرەیەش بریار لەســـەر دانانی رەفیق حیلمی دراو دوای قبول کردنی و هەر لەو ساڵەشدا لە کۆتا مانگدا دەگۆرردرێ بۆ پارتی هیوا. (الطالبانی، ١٩٩٦ : ٤٢-٤٣).

سـنوری چالاکی حیزبی هیوا فراوان بوو، سـنوری عێراقی تێپەر کرد، گەیشـتە ئێران و تورکیا، پەیوەندی لەگەڵ گروپ و لایەنە سیاسیەکانی کورد لەو ناوچانە رێکخست،هەروەها حیزبی هیوا ژمارەی ئەندامەکانی زۆربوو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابی و کاسـبکارو ئەفسـەرانی ناوسـوپاو ،ئەندازیاران و پارێزەران، لە هەموو چین توێژەکانی لە خۆ دەگرت،لەو ئەفســـەرانەی لەناو حیزبی هیوا بوون وەک(عزت عەبدولعەزیز،میرحاج موستەفا، شەهید موستەفا خۆشناو، رەشید جەودەت) پاشـان کۆمیتەی ناوەندی حیزبی هیوا پێکهاتبوو لە:(رەفیق حیلمی:سـەرۆک،نوری شـاویس:جێگری سەرۆک، یونس دڵدار:سکرتێر) (٢٠٠٤: ٩-١٢)

لەلایەکی دیکەوە نوری شـــاوەیس لە یاداشـــتەکەی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" بەهۆی زۆربونی ژمارەی ئەندامەکان و فروان بوونی کۆمەڵەکەمان، داوای بەســـتنی کۆنگرەمان کرد بۆ گۆرینی کۆمەڵەکە بۆ پارتی هیوا، ئامانجی ئێمە دووربینی و ســـتراتیژیەت بوو بۆ داهاتوو، بۆیە لە مانگی نیســـانی ســـاڵی ١٩٣٩ لەکاتی پشـــووی نیوەی ســـاڵ، بە ئامادەبوونی ئەندامانی (بەغدا ،کەرکووک، کۆیە، سـولێمانی) لە ئوتێلێکی کەرکووک کە نزیک رووباری خاسە، هەریەکە لە ( من و یوونس دلدار،کاکەحەمەی خانەقا،فازل تـاڵەبـانی، نورەدین بەهـادین)و هـاتووەکانیش بریتیبوون لە(رەشید باجەلان و موستەفا عوزێری بە نوێنەری بەغدا، روستەم جەبارو فەتاح جوبار لە هەولێر، هەروەها ئەفســـەرێک بەناوی زەکی ســـەربە هەولێر بوو، موســـی ئەحمەدیش هەر خەڵکی هەولێر بوو تێیدا ئامادەبوون، لە ناوچەی بادینان کەس نەهاتبوو، ئامانجیشمان نیشـتمانی و نەتەوەیی بوو، کە خۆی لە یەکگرتنی کوردســـتانێکی ســـەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد دەبینیەوە،(١٩٨٥: ٢٠-٢٢)، هەروەها ئامانجیشمان هەمان ئامانجی (کۆمەڵەی ئازادی کورد) [٤٠] ی بوو.

---

[٣٩] جەمیل رەشـــید میران: کوڕی رەشـــید کوری موســـتەفا میرانە و لە ســـاڵی ١٩٢٢ لە شـــەقلاوە لەدایکبووە، خوێندنی ســـەرەتایی لە شـــەقلاوەو ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێرو کەرکووک تەواو کردووە، لە ســــاڵی ١٩٤٥کۆلێژی مـافی تەواو کردووە، دواتر دەبێتە بەرێوەبەری ناحیە وقایمقامی ناوچەکە، لە سالی ١٩٦٣ خانەنشین کراوە، یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی دارکەر، دەستەی دامەزرێنەری پارتی هیوا لەشارەکانی هەولێر بووە، دواجار لەمانگی ئەیلوولی ١٩٩٥ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە( ئۆمەر، ٢٠٠٥ :٧٩).

[٤٠] کۆمەڵەی ئازادی کورد: ئەم کۆمەڵەیە بە سـەرۆکایەتی مەحمود ئازادی دامەزرا، یەکەی کارگێری ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوو لە (حەمە تابور، مەجول خەیات،ئەحمەد ســـەعید، نوری





جێی ئاماژەیە ودڵدار لە حیزبی هیوا رۆڵی بەرچاوو کاریگەریی بینیوە وەک کەسێکی دەرکەوتووی حیزب و زۆربەی کارو چالاکیەکانی گرتبووە ئەستۆ، بەتایبەتی کاتێک کە قوتابی کۆلیژی یاسا بووە لە بەغدا، یەکێک لەو چالاکییانەی بزواندنی هەستی نەتەوەیی لەناو لاوان و خوێندکارە تازە پێگەیشتووەکانی ناوچەی کۆیەو هەولێر بووە، هەروەکو کەریم شارەزا دەڵێت": دەتوانم بڵێم دڵداری شاعیری نیشتیمانپەروەر یەکەم کەس بووە، کە مەشقی خەباتی نیشتیمانی و کوردایەتی بۆ داداوم هەموو جارێ بە تاسەو ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێمان لە وتە بە نرخەکانی ڕادەگرت و زۆر حەزمان بە ووشە نوێیەکانی دەکرد کە بەکاری دەهێنان وەک" هیوا، نیشتیمان، رزگاری، ئازادی و سەربەست... هتد"( شارەزا، ١٩٧٦: ٤-١٠).

لە بەهاری سالی ١٩٣٩ کاتێک حیزبی هیوا راگەیاندرا، هەڵگری هەمان ستراتیژی نەتەوەیی بوو، رەفیق حیلمی وەک سەرۆکی پارت و دڵداریش وەک سکرتێری حیزب دەستنیشان کرا (مەمەند، ٢٠١٣: ١٩ ؛ شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا لە کۆیە زوو گەشەیان سەندو بە خێرایی فراوان بوو، ئەویش بەهۆی چالاکی (دڵدار)ەوە بوو کە زۆربەی کاتی خۆی لەگەل لاوانی شارەکەدا بەسەر دەبردو بەردەوام دیدو تێروانینی پارتی هیوای بۆ روون دەکردنەوەو داوای لێ دەکردن بێنە ریزی ئەم پارتە نەتەوەییە، لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە کەسایەتی ناوداری کۆیە چوونە ریزەکانیەوە لەوانە (عەبدولکریم توفیق،عەلی عەبدولا، کاکە زیاد ئاغای غەفوری، مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیم (دلاوەر)، عوسمان عەونی ،ئەحمەد محەمەدمەلا) (شارەزا،١٩٩٧ : ٤٥-٤٦ ؛ تەیب، ٢٠٠٨: ١٢١).

تارق جامباز سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی پارتی هیوا لە کۆیە لە زاری مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزییەوە دەڵێت:" ئەوەی من ئاگام لێبێ لە سالی ١٩٣٩ هیوا لە کۆیە دامەزرا، کە هەریەکە لە (یوونس رەئووف (دڵدار)و محەمەد نافیع عەبدولفەتاح حەوێزی)ی کە بەرۆستەم ناسراوە، بەندەکانیان دانا ( ٢٠٠٥: ٦٦)، لەلایەکی دیکەوە جەمال فەتحوڵلا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:"کە هەریەکە لە (محەمەد توفیق وردی، سامی عەودال، سەید برایم بەرزنجی، ئیسماعیل سابیر، تاهیر سەعید، حەمەدەمین مەعرووف، رۆستەم حەوێزی، سەید ئەنوەر بەرزنجی) ئەندامی چالاکی حیزبی هیوا بوون (٢٠٠٨: ١٢١)، کۆبوونەوەیان لە ماڵی نامیق ئاغای عەبدوڵلا ئاغای حەوێزی دەکرد،هەر ئەندامێکی نوێ وەربگیرایە، بە وێنەی سەرۆک و تیخی خەنجەر)و دروشمی کوردستان سوێند دەدران، هەندێ جاریش لە دەرەوەی شار لە قەبرستان و باغەکان کۆبوونەوەیان دەکرد، لە هاوینێکی زۆر گەرمدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆیە لە باغی حەمامۆک بەناوی سەیران

---

شاوەیس، نوری مەلا سەعید)، ئەم کۆمەڵەیە رۆڵی گێرا لە بۆنەکانی نەورۆز، ئامانجی یەکگرتنی پارچەکانی تری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆو زمانی خوێندن کوردی بێت، ئەم کۆمەڵەیە تا ١٩٣٨ بەردەوام بوو، زۆربەی ئەندامەکانی لە کەرکوک بوون. (المزوري،٢٠٠٨: ٣٢-٣٣).

کۆبونەوە، کەسێک بەناوی (عەلی عەبدوڵڵا )[41]، هەستا وتارێکی خوێندەوە گووتی: ئێمە شەخس پەرست نین ئیتر لەمەودوا زۆربەی قوتابیان لە هیوا سارد بوونەوە (جامباز، ٢٠٠٥: ٦٧).

ئەحمەد دلزاری شاعیریش ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" ئێمە زۆربەی قوتابیانی تاکە خوێندنگە ناوەندییەکەی کۆیە، لە هاوینی ١٩٤٠ بانگهێشت کراین بۆ قوتابخانەی دووەمی سەرەتای کۆیە، کە لە گەڕەکی قەلات بوو، لەوێ یەکە یەکە چووینە ژوورێک کە یوونس رەئووف (دڵدار)ی سکرتێری حیزبی هیواو ئەندامان نامیق عەبدوڵلای حەویزی و عەبدولڕەحمان مەلا سادق و چەند ئەندمێکی دی دانیشتبوون، لەوێ سوێندیان داین بە نەخشەی کوردستان و بە قورئان و بە خەنجەری کوردی، کە هەرگیز خیانەت لە نەتەوەی کورد نەکەین، نهێنییەکان نەدرکێنین و تێبکۆشین بۆ گەیاندنی گەلی کورد بە مافە رەواکانی، بەم جۆرە بووین بە ئەندامی حیزبی هیوا ( جامباز، ٢٠٠٥ : ٦٧ ؛ سامان، ٢٠٠٤ : ١٥-١٦ ؛ تەیب،٢٠٠٨: ١٢٢)، لە ساڵی ١٩٣٩ زینەب خانی خوشکی دڵدار وەک ژنێکی کۆیە دەستی کرد بە رێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامە ژنەکانی کۆیەو هەولێر، چونکە لەوکاتەدا ئەم ژنە لەبەرئەوەی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی دڵداری گرتبووە ئەستۆی، زۆر کاریگەر بوو بە بیری دڵدارەوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی هیواش بووەتە ئەندام و کاری سیاسی ورێکخستنی شان بەشانی براکانی کردووە، هەر لە خۆشەویستی بۆ ئەم پارتەش ئەم هۆنراوەیەیی بەسەر گووتووە و دەڵێت:-

پارتی هیوا

قوڵینگی فەرهادمان پییە...پارتمان، پارتی هیوایە

بە باوەڕمان، دەیڕوخێنین هەر کۆسپێک لە ڕێگایە

ساڵەهایە،خوێنی ئێمە، لە گۆزە، دەخورێتەوە

ئاگردانی ئیرادەمان، مەشخەڵی ناکوژێتەوە

خوشک و برا، پاڵەو جوتیار، هەڤاڵی ڕێی خەباتین

یەک دەنگ، یەک ڕەنگ،تێکۆشەری وڵاتین

پارتی ئێمە، پارتی خەڵکەو پارتمان، پارتی هیوایە

هیوا، شەوەزەنگ نایەڵێ، ڕووناکییەو بڕوایە

(حەمید،٢٠١٧/١١/٢٠:کات ١١:٥ی ئێوارە)

---

[41]عەلی عەبدوڵڵا ئەمین: لە ساڵی ١٩٢٦ لە کۆیە لە دایک بووە، دەرچووی بەشی پەیمانگای ئەندازیاری بەغدایە، لە ساڵی ١٩٤٣ یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی میللەت بووەو لە ساڵی ١٩٤٤ ئەندامی یەکێتی تێکۆشین بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٥١ لەبەر خەباتی سیاسی بۆ ماوەیەک دوورخراوەتەوە بۆ شاری موسڵ، دواتر لە ( ٣ / ٢ / ١٩٧١ تا ١ / ٣ / ١٩٧٤ )بۆتە پارێزگاری سلێمانی، لە ١٩٧٩/١٠/٤ وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، لە کۆنگرەی یازدەی ساڵی ١٩٩٣ وەک جێگری سەرۆکی پارتی دیاریکرا، بەڵام لە کانوونی یەکەمی ٢٠١١ دەستی لەو پۆستە کێشایەوە، دواجار لە رۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. (اسعد غفوری و عبدالحمید،٢٠١٨: ٢٨-٢٩).





حیزبی هیوا رەنگدانەوەی وویست و ئارەزوی بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کوردبوو لەوانە، قوتابی و مامۆستاو دەوڵەمەندەکان و سەربازو ئەفسەری سوپاو مووچەخۆری میری و مەلاو شێخ و سەرۆک هۆزو زۆرانی دیکە، لەوکاتەدا، رۆشنبیرانی هەولێر رۆڵێکی بەرچاوو سەرەکی و گرنگیان بینی لە دامەزراندن و بەرەو پێشچوونی ئەم حیزبە، لقی هەولێری حیزبی هیوا چالاکترین لقەکانی ئەو حیزبە بوو، بەتایبەتی لە چەسپاندنی بیروبۆچوونەکانی حزب و تا ماوەیەک ئەم لقە رۆڵێکی دیارو گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوایەتی و رۆشنبیری لەناو خەڵکی شاری هاولێر بەگشتی و لاوان بەتایبەتی، مامۆستا ئەحمەد دلزار دەڵێت:" لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو زۆربەی هەرە زۆری لاوانی رۆشنبیری هەولێرو کۆیە لەناو حیزبی هیوا بوون (دلزار، ٢٠١٧/١٢/٢٧،کات ١٢ی نیوەرۆ)، حیکمەت حەمیدیش ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" حیزبی هیوا لەماڵی (سەعید ئاغا)[٤٢]ی کۆبونەوەیان دەکرد، پاشان پلکم زەینەبیش وەک خێزانی سەعید ئاغا بووە ئەندامی کاراو چالاک لە حیزبی هیوادا، سەعید ئاغاش لەگەل دڵدار بە تەواوی پشتیوانی ئابوو جری حیزبی هیوای دەکرد، هەمووکات دڵدار دەیوت" خەبات کردن لەپێناوی نیشتیمان مایەیی شانازییە" (حەمید، ٢٠١٧: ٧ی ئێوارە) چونکە دڵدار ئەوەندە هەستی نیشتیمانی وشۆڕشگێری تێدا بەرز ببۆوە بەردەوام لەکاتی ئامۆژگاریی کردنی قوتابیان دەستەواژەی ئەوەی دووپات دەکردەوەو دەیووت": ئێوە هیوای دوارۆژی گەلی کوردن، ئێوەن لاوە بچکۆلەکانی ئەمرۆو پیاوی گەورەو ناوداری پاشەرۆژی ئەم وڵاتە خۆشەویستەو کوردستان دەبن، لەسەر دەستی ئێوە رزگاردەبێت (مەمەند، ٢٠١٣: ٢٠)، لەوکاتەدا زۆربەی ئەندامانی حیزبی هیوا لە شاری هەولێر لەماڵانی قەڵاتێ کۆبوونەوەیان ئەنجام دەداو بابەتی رۆشنبیری جیاجیان تاوتوێ دەکردو باسی شیعرو شاعیرانی نیشتیمانی و نیشتیمانپەروەرو باسی ئەدەب بە گشتی دەکرا، لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤١ مامۆستا (عیزەدین فەیزی) وەک بەرپرسی یەکەمی ئەو حیزبە بوو لەشاری هەولێر، پاشان ئەندامانی هەولێر کەوتنە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی نهێنی بەناوی (دەنگی کورد) بەدەست و

---

[٤٢]سەعید ئاغا: کوڕی سەید عومەر ئاغای کوڕی عەباس ئاغایە، لەبنەماڵەی (ئال سەید ئەحمەد)یە لە ساڵی ١٩٠٠ لە گەرەگی قەڵاتی هەولێر لە دایک بووە. لەسەردەمی فەرمانڕوایی عوسمانیەکان باوکی سەعید ئاغا حاکمی شاری هەولێر بووە، لە میراتی باپیری گوندی تیماری بەرکەوتووە، هەروەها ئەندامێکی کاراو چالاکی حیزبی هیوا بووەو هەندێ کات یارمەتی ئابوورشی پێشکەش بەو حیزبە کردووە، لە سەرەتای شۆڕشی بارزان هاوکاری ئابوری شۆڕشی کردووە، دواجار لە ساڵی ١٨/١/ ١٩٦٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.(شارەزا، ٢٠٠٥).

خەتی خۆیان نووسیویانە کە قەبارەیەکی بچووک وچوار لاپەرە بوو، پاشان هەفتەنامەیەکی نهێنیان دەرچواندووە بەناوی (گۆڤار)[٤٣]. (فەیزی، ٢٠٠٦: ٢١-٢٢؛ جامباز،٢٠٠٥: ٣٠-٣٣).

پارتی هیوا ڕۆڵێکی مێژوویی بینی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە ١٦ ئابی ١٩٤٢ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات،لە کۆبوونەوەکەی (ژ.ک)دا ئەفسەرێکی کوردی باشوری کورستان بەناوی (نەقیب میرحاج) وەک نوێنەری پارتی هیوا ئامادە بوو، هەروەها پارتی هیوا هاورکارو پشتیوانی ڕاپەرینی بارزانی( ١٩٤٣-١٩٤٥ ) بوو، پاشان ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەرزکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەری خەڵکی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان (رسول،٢٠٠٥: ١٤٠-١٤٢، شەمزینی،٢٠٠٦: ٢٦٣)، لە ساڵی ١٩٤٣ململانێ و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی حیزبەکە لە ڕووی بیرو بۆچوونەوە حزبەکە دەبێت بە دوو باڵ، باڵی ڕاست و باڵی چەپ" بۆچوونی جیاواز لە نێوان هەردوو باڵەکە لەبارەی پرۆگرام و پلان و شێوازو دروشم وئاراستە سیاسییەکانی حیزبەکە هاتەئاراوە" لەم ناوەدا دڵدار مەیلی بەلای چەپەکاندا چوو، وەک سکرتێری حیزبەکە مایەوە تا توانەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ بە نەمانی حیزبی هیوا(مەحمود، ٢٠٠٨: ٢٢). پاش ساڵێک، واتە لە ساڵی ١٩٤٦ چووە ناو (حیزبی رزگاری نیشتیمان- التحرر الوطنی)[٤٤].

لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٤٣ بە دواوە دوو بەرەکی و جیاوازی بیروبۆچوون کەوتە ناو حیزبەوە لە کۆتاییشدا لە ساڵی ١٩٤٤بەرەو نەمان چوو لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:-

---

[٤٣] هەفتەنامەی گۆڤار: هەفتەنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردییە یەک دانە ژمارەی لێ دۆزراوەتەوەو لە کتێبێکدا لەلایەن (تاریق جامباز) بڵاوکراوەتەوە، کە ئەویش ژمارە (T) ئەو گۆڤارەیە، وا دیارە ئەم ژمارەیە ژمارە (٢٠) ئەم گۆڤارە بێت، بەپێی زنجیرەی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی ریزبەندکراوە، گەنجانی هەولێر یارمەتی دەر بوونە لە نوسین و بڵاوکردنەوەی، ئەم گۆڤارە ساڵی دەرچوونی لەسەر نیە، تەنها لەلای ڕاستی نوسراوە ساڵی یەکەم، لەلای چەپیشەوە هێمای پیتی (T) دانراوەو ئاڵای کوردستان بە قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەری نەخشاوە، هەموو نووسینەکانی هەفتەنامەکە بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە. (فەیزی،٢٠٠٦: ٢٢).

[٤٤] حیزبی ڕزگاری نیشتمانی: ئەم پارتە لە ساڵی١٩٤٥ لە دوایی هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا دامەزرا، دەستەی دامەزرێنەران لە (ساڵح حەیدەری، نافیع یونس، تەها محێدین مەعرووف، نوری شاوەیس، فەتاح شالی، نوری محەمەدئەمین، ڕەشید باجەلان،جەعفەر محەمەد کەریم)بوون، ئەم پارتە لە گرووپە چەپەکان و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان پێکهاتبوو، ڕۆژنامەی (ڕزگاریان) وەکو ئۆرگانی حیزبەکە دەرچواند، ئامانجیان بریتیبوو لە خەبات کردن لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی مافی چارەنووس و رزگاری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٦ دڵدار پەیوەندی پێوە کردن و بووە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی پارتەکە. (شاوەیس،١٩٨٥: ٣٥ )

١. لەگەڵ دەستپێکی دروست بوونی پارتی هیوادا ناکۆکیەکی توندوتیژ کەوتە نێوان سەرۆکی پارت و لیژنەی ناوەندییەوە، کە بووە هۆی دەرکردنی زۆربەی ئەندامانی لیژنە، لەوانە یوونس رەئووف و کاکەحەمەی خانەقاو لە جێگایان ئەندامانی تر لەلایەن سـەرۆکەوە دانران.

٢. رەفیق حیلمی هەر بەچاوی مامۆستاو قوتابی تەماشای لێپرسراوانی پارتی هیوای دەکرد، سـەرەڕای ئەوەش ناوی لە خۆی نابوو (سـەرۆکی موقەدەسـی بالا) پێی وابوو سـەرۆکایەتی پارت پیرۆزییەکی وای هەیە کەس ئەو مافەی نییە، بەرپەرچی سـەرۆک بداتەوە، گوێی بۆ رەخنەش نەگرێت.

٣. بەپێی رێکخسـتنەکانی هیوا کە رێکخراوانی ئەفسـەران و مامۆسـتایان و قوتابیان و کاسـبکاران و سـەرۆک خێڵەکان، بە جیا جیا رێک دەخران و کۆبوونەوەیان دەکرد، لێپرسـراوانی ئەفسـەران گەورەترین نیشـاندەرو لێپرسـروانی قوتابیان لە بەرزترین پلەی خوێندن لێپرسراوی سەرۆک خیلەکان و دەمڕاستی ئەوان بوون.

٤. لەپاش گواستنەوەی رەفیق حیلمی بۆ سولێمانی، ئیتر کاروباری لیژنەی ناوەندی لە بەغدا بەرەو کزی رۆیشـت، کۆبوونەوەکان تەنیا لەکاتی سـەردانی بۆ بەغدا دەکران، هەندێ لەسـەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەوکاتەی کە رەفیق حیلمی لە سولێمانی بوو تەنیا بایەخی بە سـولێمانی دەدا، دواتر رەفیق حیلمی بڕیاری رێکخسـتنی( ئەلبوم)یدا،دەیووت" پێویستە هەموو ئەندامێک وێنەی خۆی بنێرێت بۆسەرۆک و لەسەری بنوسێت پێشکەشە بۆ سـەرۆکی (موقدەسـی بالا)"، ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوونی قوتابیان و یاخی بوونی لیژنەی لقی کەرکووک لەماڵی یەکێک لە ئەفسـەرانی سوپا بوو، کە ژمارەیان بیست کەس دەبوو تەنها (موکەڕەم تاڵەبانی و مارف بەرزنجی) کەسـی ئاسـای بوون، دەنا ئەوانی تر هەموو سـەرباز بوون وتیان" بۆچی رەفیق حیلمی ئەلبوومی رێکخسـتوە، پاشـان سـامانی حیزبی هیوا چۆن سەرف دەکرێ و بەکار دەهێنرێ" (تاڵەبانی، ١٩٩٤: ژ١٣٣٠/ ٩).

٥. بەهێزبوونی بیری مارکسـی لەوکاتەدا، بەشـێکی زۆری رۆشـنبیرانی ئەو سـەردەمە لەگەڵ رێکخراوە مارکسییەکان بوون، بە خاڵێکی سەرەکی دادەنرێت لە لاوازبوونی هیواو پاشان نەمانیشی.

٦. لەبارەی یارمەتیدانی بزووتنەوەی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ دوو بۆچوون لەناو حیزبدا هەبوو، یەکێکیـان بەهەموو توانـایەکەوە لەگەڵ یـارمەتیـدانی بزووتنەوەکە بوو، ئەمـانە زیـاتر نەتەوەیەکـانی حیزبی هیوابوون، ئەوانی تر لەو رایە بوون کە حیزبی هیوا پێویسـتە هەڵوێستێکی بێ لایەنی هەبێت.

٧. ئینگلیزەکان لەرێگەی بەکرێگیراوانیان توانیان دووبەرەکی و ناخۆشی بخەنە ناو ریزەکانی حیزبی هیواوە (فەیزی،٢٠٠٦: ٢٤-٢٥)

٨. یەکێ لە خاڵەکانی دیکە ئەوەبوو حیزبی هیوا هیچ ئەندامێکی جوتیارو هەژاری تێدانەبوو، بەڵکو، ئەفسەری پلەدارو ئاغاکانی هۆزەکان بەرزترین پلەیان هەبوو لە ناو ئەو حیزبەدا،لەوکاتەدا چینی موڵکدار نەیدەهێشت ئەندام لە ریزی جوتیاران وەربگیرێت، چونکە پێیان وابوو جوتیاری ئاسایی ناتوانێ زمان و دەربڕینی (هیوا ) لەگەڵ دنیا تایبەتی و بەرتەسکەکەی خۆی پەیوەست بکات، ئەمەش بووە هۆی لاوازکردنی ئەو حیزبە. (مەکداول،٢٠٠٥: ٤٧٤؛ شریف،١٩٩١: ٢٥).

شاعیر مەرگ ماوەی پێ نەداوە لە ئێوارەی رۆژی ١٢ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ هاورێیەکی بەناوی( عومەر حەبیب) بۆ هەندێ کاروباری خۆی دەچێتە هەولێر، دواتر بۆ نان خواردن دەچنە یانەی فەرمانبەران و پاشان بۆ سینەمای (حەمرا) لە گەرانەوەیاندا لە نزیک ئوتێل( فەرەح) برادەرکەی لادەدات و دڵداریش بەرێ دەکەوێت بەرەو ماڵی براکەی بچێت لە رێگا دەکەوێت ودەرشێتەوە، خەڵک بە سەرخۆشی دەزانن، بەهۆی لاڵبوونی زمانی نەیتوانیووە قسە بکات، دواتر بە عەرەبانەیەک دەیبەنە حەپسخانە بەهۆی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەری زیندان شەو تابەیانی دەمێنێتەوە، دواجار دڵی لەلێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، لە گۆرستانی گەورەی هەولێر دەنێژرێ (علاء الدین،١٩٨٥: ٧٦ ؛ شارەزا، ٢٠١٣،٩٧؛ بیمار،٢٠١٧:). زۆر بیروڕا هەیە لەسەر مردنەکەی هەندێک پێیان وایە کە ئەو خواردنەی خواردوویەتی ژەهراوی بووەو بەسەر چووە، هەروەها رایەکی دیکە پێی وایە نەخۆشی رۆماتیزم و ئاوسانی دڵی هەبووە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرگری لەشی هەبووە، دواتریش لە زیندان تا بەیانی ماوەتەوە، بە هۆی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەرو هیچ جۆرە دەرمانێکی نەدراوەتێ بۆ چارەسەرکردنی و جگە لەوەی ئەوەی ئەم شەوە زۆر سەرمای بووە، سەرەرای تێکچوونی گەدەو ژەهراوی بوونی بەم خواردنە هیچ جۆرە چارەسەریکیان نەداوەتێ، هەروەک لە یاداشتەکەی خۆشی ئاماژە بەوە کراوە سەرمای بووە، کاتێک کە لەگەڵ هاورێکەی چوار تا پێنج سەعات بەرێگاوە بوونە بۆ هەولێر ئەمەش ماندوی کردووە سەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە.

**دەرئەنجام**

لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١. لە سییەکانی سەدەی رابردوودا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوە نهێنیانەی کە لەماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان دروستبوون، شێوازی خەباتیان گۆری لە خەباتی شۆرشگێرییەوە بۆ خەباتی سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیری، هەوڵیاندا شێوازی دەسەلات لە تاکرەوییەوە بۆ دەستە جەمعی بگۆرن .

٢. کەسایەتییە ناودارەکانی کۆیە، هەمیشە دەست پێشخەرو رێچکە شکێن بوون، لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، لە سییەکاندا دڵداری شاعیر بە یارمەتی هاوبیرەکانی توانی خزمەتێکی گەورە

بە دۆزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکات، وەک رووناکبیریکی شۆڕشگێڕو رۆشنبیریکی چەپخواز دەربکەوێ.

٣. دروستبوونی کۆمەڵەی دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووک، رۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە کۆکردنەوەی قوتابیانی شارەکانی یدیکە کوردستان و جوڵاندنیان بە ئاراستەی نیشتیمانپەروەری و جێ پەنجەیان دیاربوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی باشوور .

٤. دڵدار ئەوەندە هەستی نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی تێیدا بەرزبۆوە، بە رادەیەک کە توانیبووی هەموو کەسانی چوار دەوری خۆی لە ڕێکخراوێکی نهێنی کۆبکاتەوە، لە دارکەر وەک سەرۆک و لە هیواش وەک سکرتێر بناسێندرێ، پاشان لە ماوەیەکی کورتدا توانیبووی لە مەیدانی خوێندن و رۆشنبیری و سیاسەت و کۆمەلایەتیدا بەهیمەت بێت و خاوەن کەسێتی خۆی و سەرکەوتوو و پێشەکەوتوو بێت.

٥. لە ساڵی ١٩٣٩ گۆرینی کۆمەڵەی دارکەر بۆ پارتی هیواو وایکرد ئەم پارتە پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات وببێتە هەوێنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردی پشتگیری تەواوی کردوون و هەروەک لە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان دەرکەوت.

٦. زۆربەی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی لەو سەردەمە هەبوون، خاوەنی پەیرەو پرۆگرامێکی نووسراوو نەبوون، تەنها بە زارەکی چالاکیەکانیان ئەنجام دەدا، ئەم کۆمەڵەیەش لەم کێشە بەدەر نەبووە، بۆیە تا ئێستا نوسراووێک لەبەر داست دانیە، لەسەرەتادا کۆمەڵەکە کاریان بە نهێنی ئەنجامداوەو سنووری چالاکییەکانی بەر تەسک بووەو نارێکی بەرێکخستنەکانیانەوە دیاربووە، جگە لەوەی کورد کێشەی هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای هەبووە کە نەیتوانیوە هەموو کورد لە ژێر چەتری یەک ئاڵا کۆبکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم:ئەرشیفە بڵاو نەکراوەکان:-**


١. حەمید:حیکمەت.٢٠١٧، ئەرشیفە تۆمار کراوەکانی زەینەب خان و حیکمەت،هەولێر.

**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:-**

٢. ئەحمەد: خورشید ڕەشید.١٩٨٩،ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردی دا،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

٣. بیمار: عەبدولرەزاق.٢٠١٧،لە سێبەری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا،چاپخانەی ناوەندی ڕینوێن،کۆیە.

٤. تۆفیق:علی تتر.٢٠٠٧.ژیانی سیاسیی لە کوردستان١٩٠٨-١٩٢٧،وە:تحسین ابراهیم الدوسکی،دهۆک.

٥. تەیب: جەمال فەتحوڵا.٢٠٠٨، کۆیە١٩١٨ ١٩٥٨-لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسییە،چ٢،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٦. جامباز:طارق.٢٠٠٥،حزبی هیوا لە لیوای هەولێر،بڵاوکراوەی گۆڤاری یاسا،هەولێر.

٧. حیلمی: رفیق.٢٠١٠، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

٨. خادم سوجادە:حیکمەت حەمید مەلا ڕئووفەفەندی، ٢٠١٨، دیوانی زەینەب خان- کچە کورد ١٩٠٠-١٩٦٣،پێشەکی و پێداچوونەوەو ڕێکخستن عەبدوڵلا زەنگەنە،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر.

٩. خەزنەدار:مارف.١٩٨٤،لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە،چاپخانەی المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة،بەغدا.

١٠. خەزنەدار:مارف.٢٠١٠،مێژووی ئەدەبی کوردی-نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم ١٩١٤-١٩٤٥،ب٥،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

١١. دڵزار:ئەحمەد.١٩٩٨، پاشکۆی بیرەوەرییەکانم،وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.

١٢. دەباغ: فەیسەڵ.١٩٩٧، حزبی هیواو شۆرشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان،دەزگای ڕاگەیاندنی گولان،هەولێر.

١٣. دەباغ:فەیسەڵ.٢٠٠٠، یاداشتەکانی یونس ڕەئووف (دڵدار) بە پێنوسی خۆی،گۆڤاری هەولێر،ژ٧، هاوین،هەولێر.

١٤. سعید:هیوا عزیز.٢٠٠٦،کۆمەڵەی خۆیبوون-پارتی هیوا-کۆمەڵەی ژێکاف، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

١٥. شارەزا:کەریم.٢٠١٣،کۆیەو شاعیرانی،ب٢،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.

١٦. شەمزینی:عەزیز.٢٠٠٦،جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان،وە:فەرید ئەسەسەرد،چ٤،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.

١٧. عبدالرحمن.شێرزاد،١٩٨٦، دڵدار شیعرو هەڵویست،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،هەولێر.

١٨. فاتح:محمد.٢٠١٤، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشور،چاپخانە زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٩. فاتيح:محەمەد.٢٠١٢،حزب و رێکخراوە سياسييەعێراقيەکان ١٩١٠-٢٠١٠،بڵاوکراوەکانی ئەکاديميای هۆشياری پێگەياندنی کاديران،سلێمانی.
٢٠. فەيزی: گۆران سۆران.٢٠٠٦، باری ئەدەبيی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢١. قادر:حەمە حەمە ئەمين- کاکەی فەلاح.١٩٧٨، کاروانی شيعری نوێی کوردی،چاپخانەی کۆری زانياری کورد،بەغدا.
٢٢. قەزاز:رەمزی.١٩٧١،کورد لە کۆتاي فبق٥ی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەراستی چەرخی بيست،چاپخانەی ژين، سلێمانی.
٢٣. کۆچێرا: کريس.٢٠٠٣، کورد لە سەدەی نۆزدەوبيستەمدا،وە:حەمە کەريم عارف،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.
٢٤. کەريم: عەبدولخاليد سابير.٢٠١٣، بيری نەتەوەيی لە پەيرەوو ئامانجەکانی جەمعيەت و حيزبە کورديەکان،چاپخانەی کەمال،سلێمانی.
٢٥. لازاريف:م.س،٢٠١٣،کێشەی کورد ١٩٢٣-١٩٤٥- خەبات و سەرنەکەوتن،وە:احمد محمد اسماعيل،چاپخانەو بڵاوکراوەی ئاوێر،هەولێر.
٢٦. مەکداول:ديڤيد.٢٠٠٥، مێژووی هاوچەرخی کورد، وە:ئەبوبەکر خۆشناو،چ٢،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
٢٧. مەمەند:تاريق حوسێن.٢٠١٣، بەراوردی ژيانی ئەدەبی هەردوو شاعير (دڵدار) و (شابی)، سەنتەری رۆشنبيری ميرزا مەنگوری،چاپخانەی ياد،سليمانی.
٢٨. نوارو نعنعی:عبدالعزيزسليمان و عبدالعزيز، .٢٠١٣، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا-لە شۆرشی فەرەنسييەوە تا جەنگی دووەمی جيهان،وە:خالد هەرکی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.


**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:-**


٢٩. رسول: اسماعيل شكر.٢٠٠٥، أربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨،ط٢، مطبعة بينايي، منشورات المركز الثقافي، السليمانية.
٣٠. شريف: عبد الستار طاهر.١٩٨٩، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨،شركة المعرفة للنشر والتوزيع-بغداد.
٣١. الطالباني:مكرم.١٩٩٦، حزب هيوا في قيادة الحركة القومية الكردية ١٩٣٧-١٩٤٥، بدون مكان نشر،بغداد.
٣٢. الطالباني:مكرم.٢٠١٠،مراحل تطور الحركة القوميةالكردية، مراجعة وتصحيح: عثمان محمد هورامي، مج٢، منشورات مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السلمانية.
٣٣. المزوري:هلبين محمد احمد،حزب هيوا- الأمل ١٩٣٩-١٩٤٦، مطبعة حاجى هاشم،اربيل.


**چوارەم: یاداشتە بڵاو کراوەکان بە زمانی کوردی:-**


٣٤. علاءالدين: عبدالخالق.١٩٨٥،دڵدار-شاعيری شۆڕشگێری کورد،چاپخانەی دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد.
٣٥. موکريانی: گيو.١٩٧١، ديوانی دڵدار،چ٢، چاپخانەی کوردستان،هەولێر.

**پێنجەم: یاداشتە بڵاوکراوەکان بە زمانی عەرەبی:-**

٣٦. شاويس: نورى.١٩٨٥، من مذكراتي المناضل الراحل نوري شاويس،من منشورات حزب الشعب الديمقراطى الكردستانى، د.م.

٣٧. حيدرى:صالح .٢٠٠٤،مختارات من مذكرات صالح حيدرى،ط٢، مطبعة رنج،سليمانى.

**شەشەم: نامە زانکۆییەکان:**

٣٨. ئۆمەر:ئەحمەد حەمەد ئەمین.٢٠٠٥، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسییە١٩١٨-١٩٢٩،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

٣٩. ساڵح:ئازاد عوبێد.٢٠٠٨، ڕۆڵی سیاسیی وکارگێڕیی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨، نامەی دکتورا،کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٠. صالح: شیلان تاهیر.٢٠٠٨، کۆیە لە نێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥-توێژینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی،نامەی ماستەر،کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٤١. عەبدوڕڕەحمان: دلشاد مەحموود.٢٠٠٦، کەرکوک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ١٩٢٢-١٩٥٨، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٢. مەحمود:هێرۆ عەبدولەتیف یونس.٢٠٠٨، دڵدارو نوێکردنەوەی شیعری کوردی،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**حەوتەم: گۆڤارەکان بەزمانی کوردی:-**

٤٣. ئیبراهیم: ئیسماعیل.١٩٩٨، دڵداری شاعیر دڵسۆزی گەل و کۆمەڵی کوردەواری،گۆڤاری ڕەنگین،ژ١١٨، ١٤ تشرینی دووەهەم،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

٤٤. باوەر:أحمد.٢٠٠٠،پارتی هیوا لە دروستبوونییەوە لە شاری کەرکوک تا هەڵوەشانەوە لە کۆنفرانسی کەلاردا١٩٣٧-١٩٤٤،گۆڤاری کەرکووک،ژ١ ، ساڵی دووەم، کەرکووک.

٤٥. تالەبانی: موکەڕەم.١٩٩٤،چەند لاپەرەیەک لە تێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژ١٣٣٠،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

٤٦. حیلمی: رفیق.١٩٤٣، یوونس رئووف (دڵدار)، گۆڤاری گەلاوێژ،ژ٩ ساڵی چوارەم، مانگی ئەیلول، بەغدا.

٤٧. سامان:مەوجود.٢٠٠٤، دلزار لە دیمانەیەکی تایبەتیدا،گۆڤاری هەرێم،ژ٣٠٧،هەولێر.

٤٨. شریف: عبدالستار طاهر.١٩٩١،کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردییەکان لە نیو سەدەدا ١٩٠٨-١٩٥٨،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و بەیان،ژ١٢٧ وەرزی زستان.

٤٩. نەریمان:مستەفا.١٩٩٣،چاوپێکەوتن لەگەل رەشید باجەلان، گۆڤاری رەنگین، ژ٦٠، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

**هەشتەم: گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:-**

٥٠. الجادري: كافي سلمان مراد.٢٠١٧، الجمعيات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٢١-١٩٤٧،مجلة الأستاذ،العدد ٢٢١ ،مج٢، الجامعة المستنصرية،كلية التربية الاساسية،بغداد.

**نۆیەم:گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:-**

٥١. اسعد غفوری و عبدالحمید:حاجی محی الدین- عبدالخالق،٢٠١٨، عەلی عەبدوڵڵا- تێکۆشەرێکی گەورەی ئاشتەوایی و یەکرێزی ١٩٢٢-٢٠١٧، گۆڤاری کەکۆن،ژ٥٣، ئایار،کۆیە.

**دەیەم: ڕۆژنامەکان:-**

٥٢. شــارەزا:کەریم.١٩٧٦،یەکەم بیرەوەریم لەگەڵ دڵداری شــاعیری تێکۆشــەریدا، ڕۆژنامەی هاوکاری،ژ٣٠٥، هەولێر.

**یازدەهەم: چاوپێکەوتنەکان:-**

٥٣. حەمید: حیکمەت.٢٠١٧/١١/٢٠،بینینی چاو پێکەوتنی حیکمەت حەمید، کات ١١:٥ ی شــەو، هەولێر.

٥٤. دڵزار: ئەحمەد.٢٠١٧/١٢/٢٧، چاوپێکەوتن لەگەل شــاعیر ئەحمەد دڵزار،کات ١٢ی نیوەرۆ، هەولێر.

٥٥. تاڵەبانی:موکەرەم:٢٠١٨/١/٨، چاوپێکەوتن لەگەل موکەڕەم تاڵەبانی،کات ١٠ ی بەیانی،سلێمانی.

**٥٦.** شارەزا: کەریم،٦/٢٣/ ٢٠٠٥، چاوپێکەوتن لگەڵ ڕەمزی سەعید ئاغا، هەولێر.کات ٤ی ئێوارە.

## خلاصة البحث

يعد دلدار الشـــاعر الثورى الكوردي الكبير، الذي اهتم طول حياته بالعدالة والمســـاواة في الجوانب الإجتماعية كافة بين أبناء المجتمع الكوردي، إذ عاش مع مشـــاكل الناس وهمومهم، وكان من المهتمين بالحرية والمساواة الاجتماعية، وهو صاحب النشيد الوطني المشهور (اى رقيب) عند الشـــعب الكوردي وحكومة اقليم كوردســـتان. وقد أثبت الشـــاعر وجوده في الثلاثينات من القرن العشرين في الميادين السياسية والثقافية كأحد رواد الحركة الشعرية الكوردية الحديثة، ثم بمساعدة مجموعة من أصدقائه في أثناء دراسته الأعدادية في مدينة كركوك، قام بتأسيس جمعية سياسية باســـم جمعية (داركر)، التي كانت تحمل أفكار جمعية الفحامين الإيطالية، وفي عام ١٩٣٧ اختير رئيســاً لهذه الجمعية، وفيما بعد اصبحت هذه الجمعية ذات جماهير كبيرة تضـم توجهات معظم طبقات المجتمع الكوردي، ثم توســـعت فيما بعد إلى أن اصـــبحت كياناً في عام ١٩٣٩ عرف باسم(حزب الأمل).

لقد قدم دلدار بمســـاعدة مجموعة من المفكرين الكورد دعماً كبيراً للحركة التحررية الكوردية، وكانت لهذه الجمعية من قبل والحزب بعد ذلك اهدافاً وأفكاراً توحيدية تتمثل في استقلال كوردستان، وهي كانت تناضل في سبيل اتحاد جميع أجزاء كوردستان المقسمة، لكي يتمتع الشعب الكوردي بحق تقرير المصير مثل بقية الشعوب الأخرى، تم توسع حزب الأمل، وتم اختيار (رفيق حيلمي) رئيســـاً جديداً له ودلدار نائباً له، وذلك في عام ١٩٤٠، وبعد هذا العام انتقل دلدار إلى مدينة بغداد لأكمال درســـته هناك، ثم توســـعت القاعدة الجماهيرية لحزب الأمل، و انتشـرت في جميع مدن الكردســتان، فأصـبح له فروع في جميع المدن الكوردســتانية، ثم بعد ذلك حدثت خلافات الحادة بين العضـاء الحزب، وذلك بسـب الاختلافات في الأفكار والأراء السـياسـية،

وعلى اثر تلك الخلافات تلاشــت حركة الأمل ولم يعد لها وجود في الســاحة الســياســية، وتوفي الشاعر دلدار في مساء ١٩٤٨/١١/١٢في أربيل.


## Abstract

The great Kurdish poet Dildar is considered as one of the revolutionary person who cared a lot in his life for the social aspects, justice and equality among its own people. He lived within their problems and dreams he was interested in getting liberty and social equality. He is the writer of the famous patriotic poem of (Ay Raqib) for Kurds.

In 1930s of the last century that poet was proved to have existence in the political and cultural aspects as one of the leaders of new Kurdish poetic movement, after that by the help of a group of his friends at the preparatory school in Kirkuk he established a political group namely (the group of lumbermen) which held the same idea of the Italian Charcoal makers group. In 1937 he was elected as the head of that group, then after, that group had got great members from all the other social ranks, that group became greater eventually, became a political entity known as (The Hope party) in 1939.

Dildar by the help of other Kurdish thinkers has supported the Kurdish question of liberty movement. They had aims and unified thoughts representing Kurdistan independence and unifying the other parts of Kurdistan, they were asking for the necessity of independent right for the Kurdish people. After expanding the hope party and the election of 'Rafiq Hilmy' for the head of the party and Dildar was assigned as his assistance in 1940. Then Dildar went to Baghdad for finishing his study there, he spread the basic fan for the party in every city and town of Kurdistan. The party had got branches in all the cities and towns, but because of some differences in the thoughts and ideas, differences had happened among the members of the party, and caused the hope movement destruction and had no existence in the political field. After that on November 12, 1948 the poet Dildar passed away in the afternoon.

# زمانی شیعریی دڵدار

# تیرۆرکردنی زمانی کوردی و کاردانەوەی لای دڵداری شاعیر

م. تەلار صباح عمر
زانکۆی کۆیە
فاکەلتی پەروەردە/بەشی کوردی

**پێشەکی**

دیاردەی تیرۆر دیاردەیەکی جیهانییە، بەدرێژایی مێژوو تاکو ئەمڕۆ بوونی هەبووە و هەیە، بەڵام بە شێوازی جیاجیا، بوونی ئەم دیاردەیەش بۆ نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروست و خراپ بەکارهێنانی ئاین و ئازادی تاک وسیاسەت و زمان دەگەڕێتەوە، زمان پێناسە و ناسنامەی نەتەوایەتییە. هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستە ئەگەر زمانەکەی لەدەست نەدابێت, ئەوا دەتوانێت لە ڕێگای زمانەکەیەوە جارێکیتر هەڵسێتەوە و پارێزگاری لە زمان و نەتەوەکەی خۆی بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت. کورد تاکو ئێستاش خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی خۆی نییە، بۆیە بەردەوام لەبەردەم هێرشی داگیرکەراندا بووە، داگیرکەرانیش هەوڵی لەناوبردن و تیرۆرکردنیان داوە.

شاعیرانیش وەک چینێکی بەرزی کۆمەڵ، لەڕێگای شیعرەکانیانەوە، هەوڵیانداوە هاوزمانان وشیاربکەنەوە لە هەوڵی داگیرکەران و داوایان لێبکەن، کە زمانەکەیان بپارێزن و قوربانی بۆ بدەن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لێکۆڵینەوەکەمان ناوناوە( تیرۆرکردنی زمانی کوردی و کاردانەوەی لای دڵداری شاعیر) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستن و گرنگی زمان و هەوڵەکانی تیرۆرکردنی و نەبوونی هۆشیاری تاک لەئاست زمانی دایک، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیش ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیرەوکراوە. سنوری لێکۆڵینەوەکەش لە چوارچێوەی زمانی کوردیدایە.

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم: باس لە تیرۆرکردنی زمانی کوردی و هۆکارەکانی و جۆرەکانی تیرۆر دەکەین. بەشی دووەم: بۆ کاردانەوەی دڵداری شاعیر تەرخانکراوە کەتیایدا باس لە ڕەهەندی دەروونی و زمانی شیعری و شیکردنەوەی شیعرەکانی دڵدار دەکەین. لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

**١-١تیرۆر**

تیرۆر دیاردەیەکی کۆنە, مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی شارستانی دەگەڕێتەوە. مرۆڤ کە حەزی کۆنترۆڵکردن و ژێردەستەکردنی مرۆڤ و ترساندنی هەبووە، بە مەبەستی گەیشتن بە ویستەکانی، بەدرێژایی مێژووش گۆڕان بەسەر شێواز و ئامانجەکانیدا هاتووە. تیرۆر تازەترین شێوەی توندو تیژییە، کە بواری ژیان بۆ بەرامبەرەکەی ناهێڵێتەوە و دەیسڕێتەوە. ئەو شێوازە دژایەتییەش لەنێوان نەیارانی فکری سیاسی و ئاینی و بەرژەوەندی ئابوری و دەروونی ڕوودەدات،

بۆیە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کردەوەی کوشتن بۆ ئامانجی تۆڵەکردنەوە، یان سزادانی یاسایی، یان مەبەستی مافیایی بە بەراورد لەگەڵ تیرۆردا هەیە. (قادر، ٢٠٠٨، ٩٨). دەتوانین بڵێین تیرۆر, توندو تیژییەکی ئەنقەستە, بە پاڵنەری سیاسی پاڵپشتی دەکرێت، هەروەها ئامرازێکە تاک و کۆمەڵ بەکاریدەهێنن, دژی حکومەتەکان، هەندێکجاریش حکومەتەکان لە دژی چەند کۆمەڵێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت.

**١-٢ تیرۆر لە زماندا**

چەمکی تیرۆرکردنی زمان، هەرچەندە لە ڕووی کاتەوە لە ئەدەبیاتی کوردییەوە نزیکە، بەڵام ڕەگی ئەم دیاردەیە زۆر کۆنە، لەڕاستیدا تیرۆرکردنی زمان زۆر نزیکە لە کوشتنی زمان. تیرۆر کاتێک دێتە ئاراوە کە مرۆڤ تووشی بەشخوراوی و سەرکوتکردنی بەهێز دەبێتەوە. زمان هەر لەسەرەتاوە تا دەگاتە ئەمڕۆش، سەرچاوەی هێز بووە، زمان وەک چەکێک بەکارهاتووە بۆ ستەم و تۆقاندن و کاری تیرۆرستی، هاوکات لەم سەردەمەشدا دەبینین، کە زلهێزەکانی جیهان زمان بۆ هەڕەشەو دانوساندن بەکاردێنن.( کالفي، ٢٠٠٨، ٥٩). تیرۆرزمی زمان پرۆسەیەکە کورد لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر هەستی پێدەکات، چونکە خۆی لە هەناوی ئەو پرۆسەیەدا دەژیت. داگیرکردنی کوردستان وایکردووە گەلانی داگیرکەری تورک و عەرەب و فارس زمانی خۆی وەک بکوژی زمانی کوردی لەپەروەردە هەتا لە پۆشاکیش بسەپێنێت. داگیرکەران هەوڵیانداوە بەتوندوتیژی، یان بە ئاشتی زمانی کوردی تیرۆر بکەن.( ناوخۆش,٢٠١٤, ٣١٧).

**١-٣ هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر: چەند هۆکارێک هەیە بۆ دروستبوونی تیرۆر:**

١ــــ هۆکاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری: پەروەردە و فێرکردن بنەمای خۆرسکی دروستبوونی مرۆڤن، بەواتا پەروەردەییەکە، هەر لادانێک، یان کەموکووڕیەک لە پەروەردە سەرەتای لادانە لەسەر ڕێگای مرۆڤایەتی، بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی تیرۆر، بارگرانی کەوتوتە سەر ئەو دامەزراوانەی کە تاک پەروەردە و ڕۆشنبیر دەکەن، جا ئەم دامەزراوانە بەرپرسیاریەتیی ڕاستەوخۆیان هەبێ، وەک پەروەردە و خوێندنی باڵا، یاخود بەرپرسیاریەتیی ناڕاستەوخۆیان هەبێ، وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە.http://www.abouna.org/content /

٢ــــ هۆکاری کۆمەڵایەتی: کۆمەڵ ئەو ژینگەیەیە، کە تاک تیایدا گەشە دەکات، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ زمان بوونی نییە، هیچ زمانێکیش بەبێ کۆمەڵ بوونی نییە، هەر کۆمەڵگایەکیش خاوەن ژمارەیەک سیستەمی گشتیی کۆمەڵایەتییە، خەڵکی پەیرەوی دەکەن و پابەندن پێوەی، دەبێتە دەستورێک بۆ ڕێکخستنی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم سیستەمە گشتییە، بەرهەمی کۆی ئەندامانی کۆمەڵە، لادان لەم سیستەمی گشتیانەی کۆمەڵ تاک دەخاتە بەردەم سزادان و بەرەنگار بوونەوە.( عەلی ــــ حەمەئەمین، ٢٠٠٦، ٣٠)، هەر تێکچوونێک لە توخمەکانی کۆمەڵگا وەک برسیەتی و نەخوێندەواری، مافی مرۆڤ... هتد، ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دەبێت.

٣ــــ هۆکاری ئابووری: بنەمای ئابووری بەدرێژایی مێژوو یەکەم هۆکار بووە، جیاوازیی خستۆتە نێوان دەسەڵاتی مرۆڤەکان(عوسمان ،٢٠٠٩، ٧١)، بەجۆرێک بۆتە هۆی دروستبوونی سەقامگیریی دەروونی لەلای مرۆڤ، تاکو داهاتی تاک بەشی پێداویستییەکانی خۆی و خێزانەکەی بکات، ئەوا سەقامگیریی ئابووری جێگیرتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی ڕازینەبوون و ڕق وکینە

بەرانبەر کۆمەڵگاکەی بەتایبەتی ئەگەر بینی جیاوازیی چینایەتی هەیە بەبێ بوونی هیچ هۆکارێک، (Ben Ammar, 2009,40) هەروەها دابەزینی ئاستی ژیان و خوێندن و تەندروستی و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێویستییەکان و شکستهێنانی دەوڵەت لە دابینکردنی ئەو پێویستییانەدا دەبێتە هۆی گەندەڵی لەزمانی دادپەروەریی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەمەش ئینتیمای نیشتمانپەروەری نامێنێ و هەستی تۆڵەسەندنەوە لەلای دروست دەبێت.http://www.abouna.org/content /

٤ــــ هۆکاری سیاسی: دەسەڵاتی سیاسی کاریگەریی هەیە لەسەر بڕیاری تاکەکان, بوونی سەقامگیریی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتی داگیرکەر و بەکارهێنانی هێز دژی دەوڵەتی لاواز و ڕوونیی ڕێبازی سیاسی و سەقامگیرییەکەی و کارکردن بەگوێرەی پێوەرەکان لە چوارچێوەی دیاریکراو متمانە لای تاک دروست دەکات، بەمەش سەقامگیریی مەعنەوی لەلای هاووڵاتی دروست دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.( Ben Ammar, 2009,40 )

٥ــــ هۆکارە دەروونی و کەسییەکان: سروشتی مرۆڤ وایە هەندێکیان بە لای چاکەدان و هەندێکیان بەلای خراپەدان.

١-٤ جۆرەکانی تیرۆر:

**١-٤-١ تیرۆری کوێر(تیرۆری ناوەکی)،** مەبەست لێی ئەو ڕێکخراوانەیە کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو جا چ سیاسی، یان ئابووری و ئاینی و ڕەگەزی بێت، پەنا بۆ کوشتن و تۆقاندن دەبەن.(قادر، ٢٠٠٨، ٩٩)، دەکرێ ئەمەش لە چەند خاڵێک کورتبکەینەوە:

١/ تیرۆری هۆشەکی: ترسناکترین جۆری تیرۆرە، چونکە هۆش و بیر کوێر دەکات، هەروەها ئەو تیرۆرە خوێناویەی کە ڕۆژانە دەیبینین لە خوێنرشتن و تێکدانی ژینگە، سەرچاوەی هەموویان تیرۆری هۆشەکییە، ئەم تیرۆرەش لەهەموو کۆمەڵگایەک بوونی هەیە، بەڵام ڕێژەکەی جیاوازە. http://www.abouna.org/content تیرۆری هۆشەکی، پێشکاری تیرۆرستیی و کاری توندو تیژییە، کە چەند جۆرێکی هەیە وەک،

ـ ڕەگەزپەرستی: یەکێکە لە قێزەونترین جۆرەکانی تیرۆری هۆشەکی وەک ڕێگریکردن لە هەندێ لە شارستانییەکان و هەژمارکردنی هەندێ لە هاووڵاتیان، کەسەر بە ڕەگەزێکی دیاریکراون، کە بە هاووڵاتی پلە دوو دادەنرێن، وەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتەکانی ئەمەریکا و باشووری ئەفریقیا ڕوویدا لە پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی، لە عێراقیش پاکتاوی کوردەکان بە بیانووی جیاوازیی ئاین و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی.

ــــــ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ: لە دێر زەمانەوە چەندەها جۆری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هەبووە، وەک بازرگانیکردن بە کۆیلە و ڕێزنەگرتن لە مافی بەندکراوانی جەنگ، کە ئەمەش لە تیرۆری هۆشەکییەوە دەیگوڕێت بۆ کاری توندوتیژی، هەروەها پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت بڵاوترین جۆرە لە تیرۆری هۆشەکی، نموونەی ئەم جۆرە تیرۆرە ڕێگریکردنە لە خۆپاڵاوتنی ئافرەت، یاخود لێسەندنەوەی مافی دەنگدان، یاخود لێسەندنەوەی مافی کارکردن و خوێندن.

ـــ فەرمانڕەوایی (داپڵۆسینەر): حکومەتە دیکتاتۆرەکان چەندەها جۆری تیرۆر دەگرنەبەر، لە پێناو مانەوەیان لەسەر کورسیی دەسەڵات، یەکێکیش لە ئامرازەکانیان بریتییە لە تیرۆری هۆشەکی لەوانە دەڵێن خواوەند، یان پێویستیی سەردەم ئەو مافەی پێداوین، بەمەش ئۆپۆزسیۆن لەناودەبەن، یاخود تەنها ڕێگا بە پارتێک، یان چەند پارتێکی سیاسی دەدەن لە وڵاتدا هەبێ.

٢ــــ فەرامۆشکردنی زمانی ستاندارد : یەکێک لەو سیمایانەی کە میللەتی پێدەناسرێت زمانەکەیەتی، ئەو زمانەش لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنێت و لەپەیوەندیی دەرەکی و ناوەکیدا سودی لێوەردەگیرێت. زمانی ستاندارد (فەرمی):ـ بریتییە لەو زارەی کە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا کاری پێدەکرێت و نوسین و چاپەمەنی بەم زارە دەبێت. لە زۆربەی کاتەکاندا بەگشتی و لە قۆناغە کانی خوێندندا وانەی پێدەوترێتەوە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر بە زمانی حکومەت, یان دەوڵەت دادەنرێت.( عەلی ـ حەمەئەمین ، ٢٠٠٦، ١٥).

بەپێی تاقیکردنەوەی نەتەوەکانی تر، لە مێژوودا چەند هۆیەکی گشتی هەیە، بۆ هەر نەتەوەیەک ئەو هۆیانە, یان یەک دوو لەو هۆیانە، بونەتە هۆی پەیدابوون و هاتنەکایەی زمانی ستاندارد لەمێژووی نەتەوە جیاجیاکاندا وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنســــی، عەرەبی, ئەم هۆیانەش بریتین لە هۆکار ئاینی, هۆکاری ئابوری و بازرگانی، هۆکاری ڕۆشنبیری، هۆکاری سیاسی. هۆکاری ڕۆشنبیری تاکە هۆکارە بۆ زمانی کوردی کە زاری کرمانجیی ناوەراستی بەرەو ستانداردی بردووە. بە پێی دەستوریش زمانی کوردی زمانی رەسمییە لە عێراق, بەڵام بەردەوام هەوڵی فەرامۆشکردنی دراوە. ئەوەی جێگای سەرنجە تاکو ئێستاش فەرامۆشکردنی زمانی کوردی بەدیدەکرێت هەرچەندە ماوەی بیست و شەش ساڵە حکومەتی سەربەخۆی کوردیمان هەیە. لەرۆژگاری ئەمرۆدا ئەوەی دەیبینین هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوەراســـت و دیالێکتی کرمانجیی ژووروو لە ململانێ دان و هەوڵی جووت ستانداردی دەدرێ، جووت ستانداردی پرۆژەیەکە (پڕ لەتۆقاندن) دەرحەق بەزمانی کوردی، چونکە ئەو وڵاتانەی کە دوو ستانداردی تێدا بەکاردێت دوو زمانی فەرمین، نەک دوو زار، بۆنمونە کەنەدا کە دووزمانی (ئینگلیزی و فەرەنســـی) تێدا بەکاردێت.(تۆفیق، ٢٠٠٧، ٣٧). بەردەوامبوون لە سـەر جووت سـتانداردی، زمانی کوردی بەرەو هەرەشـــەی دوولەتبوون دەبات، چونکە لەڕووی زانستییەوە تێکەڵکردنی دوو زار پەسـەند نییە، لەبەرئەوەی زمان لە چەند ئاستێکی جیاواز پێکدێت، هەرچەندە لەڕووی دەنگســـازییەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە، جگە لە دەربرینی دەنگی( و) بە (ڤ) نەبوونی دەنگی(ڵ) لە زاری کرمانجیی ژووروودا، بەڵام لەئاستی ڕێزماندا کێشەکە بەدیاردەکەوێت، چونکە ڕیزمان بە کرۆکی زمان دادەنرێت، کە لە مۆرفۆلۆجی و ســـینتاکس پێکدێت، لە ئاســـتی مۆرفۆلۆجیدا هەندێ مۆرفیم لە زاری کرمانجیی ناوەراســـتد بوونی نییە، بەڵام لە زاری کرمانجیی ژووروودا بوونی هەیە لەکاتی تێکەڵکردنی ئەرکی قوتابی قورس دەکات قســـەپێکەران تووشـــی ســـەرلێشـــێواندن دەبن. هەر کاتێکیش ڕێزمانی دوو زار تێکەڵبکرێت ئەوا زمانێکی تر بەرهەم دیت.( تۆفیق، ٢٠٠٧، ٥٢).

٣ــــ فەرامۆشکردنی زمانی کوردی لەخوێندن: گومانی تێدانییە کە سیستەمی پەروەردە کە لە لایەن حکومەتەوە دانراوە کارەکەی بریتییە لە پەروەردەکردن. قوتابخانە هەڵدەســـتێ بە پراکتیزەکردنی پرۆســـەی کۆمەڵایەتی، هیچ قوتابخانەیەک بێ مامۆســـتا وقوتابی نییە، ئەوان پێکهێنەرن. مامۆســـتا جەمســـەری ســـیاســـەتی فێرکردنە، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتەکان گرنگی دەدەن بەئامادەکردنی مامۆستا، چونکە مامۆستا یەکە زانیاری و شارەزاییەکان بۆ قوتابی دەگوازێتەوە.

لە ڕێگای پەروەردەوە دەتوانرێت تواناکانی تاک بەرزبکرێتەوە بە ئامادەکردنی هۆشی بۆ کارکردن، هەروەک چۆن زەوی بۆ ناشتنی ڕووەک ئامادە دەکرێت. ئەفلاتونیش پێناسـەی پەروەردەی کردووە بە(( بەخشـــینی جوانی و تەواوەتی بە جەســـتە و ڕوح))(رشـــوان، ٢٠١٠، ٤) دڵداری شـــاعیر لە

لێدوانێکی پەروەردەییدا باس لە گرنگیی مووچەخۆر و مامۆستایان دەکات و پێیوایە مووچەخۆران، کە کارگێری وڵاتن، ئەو چینەی تریش کە مامۆستایە پێگەیەنەر و پەروەردەکاری ڕۆڵە و نەوەی دوارۆژی کوردن، دەبێ هۆی گوزەران و موچە و بەراتیان لەگەڵ ئەرکی سەرشانیان بگونجێ، ئەوانیش لە کار و کردەوەی ڕۆژانەیان دەبێ دڵسۆز و قەدرزانی نیشتمان و نەتەوەکەیان بن.(علاءالدین، ١٩٨٥، ٩٩)

پەیوەندیی نێوان پەروەردە و سیاسەت پەیوەندییەکی ڕوونە بوونی سیستەمێکی سیاسی لە وڵاتدا زامنی مانەوە و بەردەوامبوونی لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنە. وڵاتان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاراستەکردنی نەوەکانی داهاتوو دەبەستن بە ڕوونکردنەوەی بیر و هۆشیان لە ڕێگای پەروەردە و قوتابخانەوە، سیستەمی سیاسی سیاسەتی خۆی لە خوێندندا وێنا دەکات (رشوان، ٢٠١٠، ١٩٥) لەڕێگای ئەمەشەوە هێزە سیاسییەکان دەتوانن چەند ئامانجێک بەدیبهێنن، لەوانەش کێشەی نەتەوەیی، ئامانجی گەورەی هەر دەوڵەتێک لە بوونیادنانی سیاسەتەکانی بریتییە لە دروستکردنی یەکێتییەک لە بیرکردنەوە و هەست و کارکردن لە نێوان هەموو ئەندامەکانیدا، ئەم یەکگرتنەش لەڕێگای زمانەوە بەهێز دەکرێ و پەرەی پێدەدرێت. هەر لەبەر گرنگیی زمان دەبینین میللەتانی دنیا گرنگی بە زمانیان دەدەن، چونکە پاراستنی زمانی دایک بەشێکە پاراستنی ئاسایشی نەتەوە.

سیاسەتی زمان بە دەوڵەتەوە بەندە(کالفي، ٢٠٠٨، ٢٢١)، ئامانجی گەورەی هەر دەوڵەتێک لە بونیادنانی سیاسەتەکانی بریتییە لە دروستکردنی یەکێتییەک لە نێوان هەموو ئەندامەکانی لە بیرکردنەوە و هەستەکان و کارکردن ئەم یەکگرتنەش لە ڕێگای زمانەوە بەهێز دەکرێت و پەرەی پێدەدرێت. هەبوونی دەسەڵات دەبێتە هۆی بەهێزبوون و بەرەوپێشبردنی زمان، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە دەبینین هەریەکە لە نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەب... توانیویانە پەرە بە زمانەکەیان بدەن(عەلی، ٢٠١٤، )، بەڵام زمانی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیوە وەک پێویست پەرە بەزمانی کوردی بدات، هەر بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی زمانی هەبێ، چونکە زمان ڕوحی نەتەوەیە حکومەتی هەریمی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە سیاسەتێکی پڕ لە هەڵە پەیڕەودەکات بە بڕیارەکانی، یەکێک لە بریارە هەڵەکان بڕیاری بە ئینگلیزی کردنی بابەتی زانستەکان و بیرکاری بوو لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، کە ئەمەش ئەنجامێکی خراپی هەیە، چونکە زۆرێک لەو مامۆستایانەی کە بابەتەکە دەڵێنەوە زمانی ئینگلیزی باش نازانن، یان دەیزانن بەڵام لە ڕووی گۆکردنەوە هەڵەی تێدا دەکەن، ئاشکرایە زۆر لە وشەکانی زمانی ئینگلیزی بەهۆی جیاوازیی گۆکردنەوە واتای وشەکەش جیاوازە ئەمە لە لایەک، لەلایەکی تر ئەمە کاریگەری خراپی لە سەر زمانی کوردی هەیە، چونکە وشەو زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی زیاتر دێتە ناو فەرهەنگی زمان و زمانی کوردی بەرەو لاوازی و نەمان دەبات دواتر نەوەیەک سەرهەڵدەدات کە ئەم زانست و زاراوانە بەکوردی نازانێت.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەبێ ڕوانین لە داهاتووی زمانی کوردی، بڕیاری ئارەزوومەندانەی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی زمانی کوردی دەردەکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەت بێئاگایە لەوەی بەم هەنگاوەی زمانی کوردی لەناو زمانە بیانییەکان بەگشتی و بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزیدا دەتوێتەوە، بەمەش ئەو ئامانجەی کە داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان

بۆ دەدات، کە تیرۆرکردن و لەناوبردن و توانەوەی گەلی کورد بوو، ئەوا بۆیان جێبەجێدەبێت، چونکە بەلەناوچوونی زمان نەتەوەش لەناو دەچێت.

٤ـــــــ کۆچکردنی کوردان بۆ تاراوگە، نەوەیەکی بێئاگا، یان نەزان لە زمانی کوردی بەرهەم دێت. هۆکارەکانی کۆچکردن زۆرن زۆرجار لە بەر هۆکاری ئابووری، سـیاسـی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، بۆ باری ئەمنی، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ژمارەیەکی زۆر لە هاونیشـتمانییان کۆچدەکەن و وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو لە وڵاتانی تر دەکەن. کۆچکردن هۆکارێکی گرنگی بەریەککەوتنی زمانەکانە، کۆچکەران ناتوانن لە ژینگەی نوێیان پەرە بە زمانی دایکیان بدەن و بەکاریبهێنن، زمانی دووەم شـوێنی زمانی یەکەم، یاخود زمانی دایک لە هەموو ئەرکەکانیاندا دەگرێتەوە. کۆچکردنی زۆری کوردەکان لەسـەدەی ڕابردوو بۆ ئەوروپا، هۆکارێک بوو بۆ بەریەککەوتنی زمانی دایکیان و زمانی ئەو وڵاتەی کە تازە لێی نیشـتەجێبوینە، چونکە کوردەکان درکیان بەو ڕاستییە کردووە، کە پێویسـتە زمانی هەواری تازەیان فێربن، چونکە زمان هۆکارێکە بۆ تێگەیشـتن و پێشـکەوتنی باری ئابوری کۆمەڵایەتییان وادەخوازێت، تەنانەت پەیداکردنی کاریش بەندە بە فێربونی زمانی تازەوە. (فتاح، ٢٠١٠، ١٤٨)، بەمەش گرنگی بە زمانی کوردی نادەن، هەوڵ دەدەن زمانی ئەو وڵاتەی کە لێی نیشـتەجێن زیاتر بەکاربهێنن و لای منداڵەکانیان بچەسـپێ، واتە منداڵەکانیان فێری زمانی کوردی ناکەن، بەمەش نەوەیەکی بێئاگا لە زمانی کوردی بەرهەم دێت و پاش دوو نەوەی تر زمانی کوردی لەلایان شـتێکی نامۆ دەبێت، هیچ شـتێک دەربارەی زمانی دایکیان نازانن، بۆیە پێویسـتە لەسـەر دایک و باوکان لە تاراوگە گرنگی بە زمانی کوردی بدەن، وەک ئەرکێکی نەتەوایەتی و هەوڵبدەن منداڵەکانیان لەماڵەوە فێری زمانی کوردی بکەن.

٥ــ ئاستی ڕۆشنبیری: ڕۆشنبیری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، ڕۆشـنبیری کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسـەر دابو نەریت و کلتورەکان، هەر لە ڕێگای ڕۆشـنبیرییەوە کار لە هزری تاکەکانی کۆمەڵگا دەکرێت. بایەخدان بە فەرهەنگ لە ئەنجامی پەیداکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتی و پێشـخستنی ڕۆشـنبیریەکەییەتی، ئەگەر هاتوو ڕۆشـنبیریی کۆمەڵگایەک بەتایبەتی بیر و زانیاری و دابونەریتی بەرز و باڵا بێت بێگومان فەرهەنگەکەشی باڵا دەبێت. تاچەند سنوری ڕۆشنبیری نەتەوایەتی تاک فراوان و پێشکەوتوو بێت ئەوەندەش سـنوری زمانەکەی گەشـەسـەندوو و پەرەپێدراو دەبێت. لە ئەنجامی قوڵبوونەوەی هەسـتی نەتەوایەتی کە یەکێک لە بەرهەمەکانی ڕۆشـنبیری گرنگەکان بریتی بوو لە بایەخپێدانی خوێندەوارانی کورد خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان. (حاجی مارف,١٩٨٧، ٩٩ ) دڵدار لە (نوسـینی کوردی) ئاماژە بەوە دەکات لەگەڵ دەرکەوتنی گۆڤاری گەلاوێژ پێویستە نوسەران و ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران هەنگاو بنێن بۆ دانانی فەرهەنگێکی کوردی لەشـوێنی هەر وشـەیەکی عەرەبی و فارسـی و تورکی کە لەکوردیدا بەکاردەهێنرێ وشـەیەکی کوردی بۆ بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی تاکی کورد پێویسـتی بە فەرهەنگی ئەم زمانانە نەبێت, واتە فەرهەنگی عەرەبی و فارسـی و تورکی, بەڵکو پێویسـتە پەرە بە نوسـینی کوردی بدات و خاوێنی بکاتەوە لە وشەی بێگانە. (علاءالدین، ١٩٨٥، ١١٤) هاندەری سەرەکیی ڕۆشنبیرانی کورد لە نوسینی فەرهەنگدا پاراسـتنی زمانەکەیان بوو، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە نوسـین و لەشـێوەزاری ناوچەیی و هەنگاونان بەرەو زمانێکی یەکگرتوو.

٦ـــــ تیرۆری جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیا: جیهانگەرایی و تەکنەلۆژیا هۆکارێکی ســـەرەکییە بۆ تێکەڵبوونی زمانەکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیا وەک پێویستییەکی سەردەم لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلگادا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی ئەو کەســـانەی کەئاســـتی خوێندەواریان بەرزە، زمانی دووەم و سێیەم بە باشی دەزانن، لای ئەو کەسانە وشەی بیانی بەتایبەتی ئینگلیزی بەدیدەکرێت تەنانەت لە بەکارهێنانی ڕۆژانەشـــدا، چونکە زمانی تەکنەلۆژیا زمانی بێگانەیە، نەک زمانی کوردی ئەمەش کار لە لاوازکردنی زمانی کوردی دەکات. لەهەمان کاتیشدا کەسانێک هەن، کە نەخوێندەوارن، یان لە ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی ئەوەی کەمتر تێکەڵاویان لەگەڵ تەکنەلۆژیا و زمانەکانی تر هەیە لە زمانی ڕەســـەنی خۆیان دورناکەونەوە و دەیپارێزن. هەر لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە خەلکی هەولی بەدەســـتهێنانی زانســـتی ســـەردەمە، کە خەلکی لەڕێگای ئەکادیمی و ڕاهێنان هەولدەدا کە زانســـت و زانیاری وەرگرێت لە هەموو بوارەکانی ژیان وەک پێویســـتییەکی سەردەم.

**١ـ٤ـ٢ تیرۆری ڕێکخراو**

دووەم جۆری تیرۆر پێی دەڵێن تیرۆری ڕێکخراو (نێودەوڵەتی): بریتییە لەو جۆرەی تیرۆر کە تاکە دەوڵەتێک، یان چەند دەوڵەتێک ئەنجامی دەدەن لە ڕێگای بەکارهێنانی توانا دیبلۆماســـی و ســـەربازییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، یاخود دەستبەسەرداگرتنی سامانی ولاتانی تر. http://www.abouna.org/content بەواتایەکی تر ئەو دەوڵەتانەی توندوتیژی لەســـەر هاوولاتییە نەیارەکانی خۆیان بەکاردەهێنن.( قادر، ٢٠٠٨، ٩٩)، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی کوردستان بۆ جاری دووەم بەسەر ولاتانی ناوچەکە دابەشکرایەوە، بەشـــی هەرە گەورەی کوردســـتان بەر ولاتی تورکیای تازە دروســـتبوو کەوت، بەشـــێکی تریشـــی خرایە ســـەر ســـوریا و بەشـــەکەی تریشـــی کە بریتیی بوو لەویلایەتی موصـل خرایە ســـەر عێراق بەشـــی ڕۆژهەلاتیش بەر ئێران کەوت.(فتح الله،٢٠١٤، ٣٠٣)، واتە کورد لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەک نەتەوە بەزۆر لەنێوان چەند دەوڵەتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســـت دابەشـــکراوە، لەو دەوڵەتانەش بە ژمارە کەمینە پێکدەهێنن.(ئەندرسن ـــــ ڕەشیدیان،١٩٩١، ٥٣)، سیاسەتی دەسەلاتی تورک و فارس و عەرەب گەورەترین تۆقاندنیان دژ بە زمانی کوردی ئەنجامداوە.

دلدار شـــاعیرێکی باشـــوری کوردســـتانە، باشـــوری کوردســـتانیش کەوتۆتە خاکی عێراق بۆیە تیشـکی سـەرنجمان دەخەینە سـەر سـیاسـەتی زمانی و دەسـەلاتی عەرەب لەسـەر زمانی کوردی، ئەمەش مانای وانییە کە ســـیاســـەتی تورک و فارس بێبەشـــبوونە لە هەولدان بۆ لەناوبردن و تیرۆرکردنی زمانی کوردی، بەلکو زۆر زیاتر لە ســـیاســـەتی عەرەبی هەولی لەناوبردن و تیرۆرکردنی زمانی کوردییان داوە، بە دروشـــمی یەک ئالا یەک زمان یەک نەتەوە. داگیرکەرانی کوردستان لەسەر زۆر کێشە ناکۆکن، بەلام دژی کورد یەکن. زۆر لە مێژیشە هەستیان بەمەترسیی خوێندن و نوســـین بە زمانی نەتەوەیی و بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی کردوە، بۆیە هەر لەکۆنەوە بەهەموو شـــێوەیەک و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردســـتانی گەورەدا ئاخاوتن بە زمانی کوردی قەدەغەکردووە ڕێگا نەدەن لەخوێندنگاکاندا بەکوردی بخوێندرێ، دژایەتیی خوێندن و نووســـین بە زمانی نەتەوەیی دەکەن لەبەر ئەوەی ڕۆڵەی نەتەوەی کورد هەر لە منداڵییەوە بە زمانە جیاوازەکانی داگیرکەران بخوێنێ و فێری ئەو زمانانەش بن.(عەزیز، ٢٠٠٥، ٥٥٣).

**٥.١ ڕۆڵی سیاسەتی عەرەب لە تیرۆرکردنی زمانی کوردیدا**

زمانی عەرەبی بە هەردوو چەشـــنی ئاین و دەســـەڵات, کاریگەریی لەســـەر زمانی کوردی هەبووە. ئاین یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بڵاوبوونەوەی زمان و بەریەککەوتنی زمانەکانە، هەر کاتێک زمانی ئاین و زمانی نەتەوە جیاوازبن، ئەوا بەریەککەوتن زیاتر ڕوودەدات. ئاینی ئیســـلام نموونەیەکی زیندوی بەریەککەوتنی زمانی عەرەبییە لەگەڵ زمانەکانی تردا، زۆر میللەت هەن لە پێناو ئایندا دەســـتبەرداری زمانی زگماکی خۆیان دەبن، بۆ نموونە، ئارامییەکانی بیابانی شـــام لـەمـاوەیـەکی پێوانـەیی بـە قـازانجی زمـانی عـەرەبی دەسـتبـەرداری زمـانی ئـارامی بوون( هەرشـــەمی،٢٠٠٩، ٥٧)، لە دوای فتوحاتی ئیســـلامی و بڵاوبوونەوەی بەناو نەتەوە ناعەرەبەکان بەریەککەوتنی بەهێز لەنێوان زمانەکان دەســـتپێکرد، واتە لە نێوان زمانی دایک و زمانی عەرەبی. زمانی عەرەبی، بەهۆی ئاینەوە، توانی بۆماوەی چەندین ســـەدە کاریگەریی لەســـەر زمانی نەتەوە نـاعـەرەبـەکـان هـەبێت، بۆنموونە، کورد و تورک و فـارس، تورک و فـارس  توانیویـانە لـەپاڵ خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام، ئیسلام بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی نەتەوەی خۆیان بەکاربهێنن، ئەم بەکارهێنانەش دژایەتی لەگەڵ ئاینی ئیســـلام نییە، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیســـلام هیچ کاتێک ڕێگر نەبووە لە خۆشـویسـتنی خاک و نەتەوە، بەڵام ئێمەی کورد دەسـەڵات و سـەرکردەیەکی بەتوانای وامان نەبووە، کە تاکی کورد وەک موسڵمانێکی کورد پەروەردە بکات، بەڵکو ئێمە واتێگەیشتوین کە بوین بە ئیســـلام واتە نەتەوەکەمان لەبیربکەین.( عەلی،٢٠١٤، ٣٣)، چونکە زمانی ئاین وەک زمانێکی پیرۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیڕەوکەرانی هەبووە، گەلی کوردیش وەکو گەلانیتر بێبەش نەبوو لەم کاریگەرییە، بەهۆی ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمەش وایکرد کە خەڵکی هەوڵبدەن خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن بۆئەوەی شـــارەزای ئەم ئایینە نوێیەبن. هەر لەژێر کاریگەریی قورئانی پیرۆزدا، چەندەها وشـەی ئاینی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانی کوردیان لە بواری ئایینیدا دەوڵەمەند کردووە، وەک حەج، عومرە، عەرەفە، سـەفا و مەروا. هەرچەندە زمانی عەرەبی زمانی قورئانە، بەڵام بوونی دەسـەڵات وایکردووە کە ئەم پێشـــکەوتنەی ئێســـتای بەخۆیەوە ببینێ، چونکە هەریەک لە وڵاتە عەرەبیانەی کە کەوتوونەتە ژێر چەپۆکی داگیرکەران وەک جەزائیر، تونس... کاریگەریی زمانی داگیرکەریان زۆر پێوە دیارە چەندین وشەو زاراوەی فەرەنسی لەناو زمانی ناوچەکەدا دەبینرێت.( سەرچاوەی پێشوو ، ٢٥).

سەبارەت بە دەسەڵاتی زمانی عەرەبی، لە دوو پارچەی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان باڵادەست بووە، ئەم باڵادەســـتییە هۆکار بووە بۆپەیڕەوکردنی ســـیاســـەتی لەناوبردنی زمانی کوردی، چونکە هۆکاری ســـەرەکی بەریەککەوتنی زمانەکان جولانی خەڵکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. زۆر جـار حکومـەت سـیـاسـەتی لـەنـاوبردنی زمـانی کـەمینـەکـان پـەیڕەودەکـات، بۆ نموونـە، لـە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە سـەدەی نۆزدە و سـەدەی بیستەم  منداڵیان لە زمانی دایکی خێزانە ئەمەریکییە ڕەسـەنەکان دوور دەخسـتەوەو دەیان نارد بۆ ئەو قوتابخانانەی کە بەشـی ناوخۆیان هەیە لەوێش ناچاریان دەکردن  فێری زمانی ئینگلیزی ببن و لەمەوە منداڵانی چەندین خێڵی جیاواز کۆکرانەوە و ئینگلیزی بوو بەتاکە زمانی ئاخاوتنیان و زمانی دایکیان هەرەسـی هێنا.(کەمرێ و هاوەڵەکانی،٢٠٠٧، ١٠٣)

لە باشووری کوردستان، دوای ئەوەی حوکمی زاتی درا بە کورد، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو، ئەم ئازادییەش کە درا بە کورد بە ناچاری بووە، ئەگەر نا زمانی عەرەبی دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووە و باڵادەست بووە، لە زۆر بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە بەکارهاتووە، شەڕی زمانی بەرامبەر کوردەکان کردووە، کە هیچی کەمتر نەبووە لە شەڕی چەکداری. ئایدۆلۆژیای ئاینی و شارستانی و دەسەڵات ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە داگیرساندنی شەڕی زمانی، چونکە جیاوازی و پاشکۆیەتی دەکەوێتە نێوان زمانەکان و ئەم شەڕەش شەڕی تیۆرییە، شەڕێکە بە چەندین ئاراستە پەرەدەسێنت لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتیشەوە بەکاردەهێنرێت. ئەم شەڕەش بەندە بە خودی فرە زمانییەوە، چونکە مرۆڤ بەناچاری نەبێ کێشەی جیاوازیی زمانی قبوڵ ناکات.(کالفي،٢٠٠٨، ١٢٠) بێگومان ئەمەش کاردانەوەی لای تاکەکانی کۆمەڵ دروستکردووە بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەتیش لای شاعیران، چونکە شاعیران زیاتر لەکەسانی ئاسایی هەست بە ژیانی نالەباری و دۆخی سەخت و دژواری گەلەکەیان دەکەن.

**١. ٦ پاکتاوکردن**

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، کورد وەکو نەتەوەی کەمینە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن بەبەرنامەڕێژی جێبەجێکراوە. ئەم سیاسەتەش ڕێگایەک بوو بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کورد، کە بە دوو ئاراستەی هزری کاریان کردووە:

١ــ گۆڕینی ناوی شوێنە کوردییەکان و ناونانیان بەناوی عەرەبی، هەروەها دەرکردنی کورد لە زێدی باوباپیرانی و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگایاندا. بە سەدان هەزار کورد لە کەرکوک و خانەقین و شەنگار بۆ ناوەند و باشووری عێراق ڕاگوێزراون، عەرەبی ملکەچی خۆیان خستە شوێنی کارمەندانی کورد و کوردستان، تەنانەت ناوی زۆر شارو گوندی کوردستانیان گۆڕی و ناوی عەرەبیان لێنان. سووریاش بەهەمان شێوەی عێراق سیستەمی بەعەرەبکردنی پیادەدەکرد نەیدەویست دان بە مافی کوردەکان بنێ وەک کەمە نەتەوە. لەساڵی ١٩٦٢ بڕیاریدا پشتێنی عەرەبی لە نزیک سنوری باکوری کوردستان دروست بکات ئەمە بۆ دورخستنەوەی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب بوو لەو شوێنانە بەشێکی نەخشەکە جێبەجێکراو کوردێکی زۆر ئاوارەی تورکیا و لوبنان کران.(ئەندرسن ـ ڕەشیدیان، ٧٢،١٩٩١).

٢ـ کارکردن بۆ گۆڕین و شێواندنی مێژووی نەتەوەی کورد و شوێنە دێرینەکانی.

**١. ٧ بەجیهانیکردنی زمانی کوردی:**

هۆکارەکان و پشتگیری کردن لە بەکوردیکردنی وشەو زاراوە بیانییەکان

١/ بەکوردیکردن پێویستییەکی نەتەوەییە: شتێکی قبوڵکراو نییە، کە بابەتێک یاخود زانستێک لە کوردستان بە زمانی بیانی بخوێندرێ، بەهۆی ئەوەی کاریگەریی زمانە بیانییەکان بۆ سەر زمانەکەمان بە کەمزانین و لاوازکردنی زمانی کوردیە لە نێو خەڵکی، ئەمەش لە کۆتایدا دەبێتە هۆی کەشێکی زانستی شێواو دروست بکات، کە ئینتیمای بۆ زمانە بێگانە هەبێ، دەبێتە هۆی ئەوەی ناسنامەی نیشتمانی لەناوبچێت، ئەمەش لەناوچونی نەتەوە و دارمانی هۆشەکی بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

٢/ بەکوردیکردن پێویستییەکی زانستییە: مەزراندنی زمانی کوردی لەناو زانستەکان ڕێگەخۆشکەرە بۆ خوێندکار و توێژەر بۆ فێربوون و فێرکردن و یارمەتی دەدا لە خێرایی تێگەیشتن و دەسکەوتنی

ئەنجامەكان. ئەگەر هاتوو خوێندكارێك زمانی دایكی لاواز بوو گومانی تێدانییە، كە زمانی بیانییەكەی لاوازترە، ئەگەر هاتوو توانای ئەوەی نەبوو كە مامەڵە لەگەڵ زمانی دایكی بكات ئەوا لەگەڵ زمانی بیانی زۆر بێتواناتر دەبێ، لۆژیكی شتەكان وایە هەرچەند كەسێك زمانی دووەمی بەهێز بێ ئەوا بەو شێوەی كە دەتوانی بەكاریبهێنێ و مامەڵەی لەگەڵ بكات وەك زمانی دایكی نییە. كلود دەڵێت:(( خوێندن بەزمانی بیانی ئەو سودەت پێناگەیەنێ كە مەبەستە، هەروەها زانست بەهێز ناكات و سودەكەی بڵاوناكاتەوە)) (بشر،١٩٩٨ ، ٣١٦-٣١٧).

٣/ بەكوردیكردن پێویستییەكی زمانییە: بەكوردیكردن دەرفەتێكی ئاڵتونیی بە زمانەكەمان دەبەخشێ، بۆ كارلێكی زیندەگی و وزەكانی، هەروەها دەرفەتێك بە زمانی كوردی دەبەخشێت كە لە ژینگەی زانستیدا كارلێك دروست بكات و سامانەكانی زیاد بكات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ توێژەران بیری لێبكاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نوسینەكانیان بەكوردی بنوسن و مامەڵەی لەگەڵدا بكەن بەمەش لاوازبوونی نامێنێ و تاوانباركردنی بە بێتوانایی لە گەیشتن بە زانستەكانی سەردەم نامێنێ(سەرچاوەی پێشوو، ٣١٧). دڵداری شاعیر لە وتارێكی بە ناوی (زوبانی كوردی و ئەدەبیات) زۆر بە روونی باسی ئەمە دەكات و بەرپەرچی ئەو بیرورا كۆنانە دەداتەوە، كە گوایا زمانی ئەدەبی كوردی ساوایە وناتوانێ لەگەڵ چەرخی ئێستا بگونجێت، ئەم بیرورا چەوتانە بۆ باری نالەباری رابردووی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینیی كوردستان دەگەڕێتەوە.(عەلاءالدین، ١٩٨٥، ٩٥)

٤/ بەكوردیكردن پێویستییەكی كۆمەڵایەتییە: جەختكردنەوە لەسەر بەكارهێنانی زمانی بیانی بەڵگەیە بۆ ئەوەی زمانە بیانییەكە زمانی گەلانێكی پێشكەوتوون و شایانی ئەوەیە كە لاسایی بكرێتەوە لە هەموو بوارەكانی ژیاندا بەشێوەیەكی گشتی و لە بواری زانستەكان بەشێوەیەكی تایبەتی. لە ڕوكەشدا ئەم بۆچوونە بەڕاست دەچێ، بەڵام دوو ڕووی تری هەیە، كە ئەمانیش هەڵە و ترسناكییە، ڕووی یەكەمیان: كەهەڵەیە دەبێتە هۆی لەرزاندنی ڕەفتاری كۆمەڵایەتی، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێك لە ڕۆشنبیران ئەم ڕێگا هەڵەیان گرتۆتەبەر بەمەبەست، یا بێ مەبەست بەكاریدەهێنن و هەوڵدەدەن بەبەكارهێنانی ئەم وشە بیانیانە واخۆیان دەربخەن كە چینێكی تایبەتن، یاخود سەر بەچینە باڵاكانی كۆمەڵگان، زۆربەی زۆری ئەو كەسانەی كە ئەو وشە بیانیانە بەكاردەهێنن وشەكان بەشێوەیەكی شێوێندراو، یاخود هەڵە بەكاردەهێنن نهێنی بەكارهێنانی ئەم وشە بیانییانەش هەوڵدانە بۆ هێشتنەوەی ئەرستۆكراتیەت و خۆبەزلزانی لە پێگەی كۆمەڵایەتییەكاندا. ڕووی دووەمیان: ترسناكییە، یاخود مەترسییە هەر ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی سەرچاوەكەی یاخود شێوازەكەی هەرچییەك بێت زوو، یاخود درەنگ دەبێتە خوو و لاسایكردنەوە و بەكارهێنان و دووبارەكردنەوەی وشە بیانیانەكان دەبێتە مەترسی لەسەر ئێنتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی، لە ئێستادا جۆرێك لەشێوە و ڕەنگدانەوەی ئەو مەترسییە لەسەر كۆمەڵی كوردەواریدا ڕەنگیداوەتەوە و بەدیدەكرێت.

لەپاڵ ئەمانەشدا كەسانێك هەن كە پشتگیری بەكارهێنانی وشەو زاراوەی بیانی دەكەن بەڵگەشیان بۆ ڕاكەیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١/ كەموكورتی لە زمانی كوردی و بێتوانایی لە دەربڕینەكان: ئەو كەسانە دەڵێن كە زمانی كوردی زمانێكی چەق بەستوو پێشنەكەووتووە، نابێتە هاوشان لەگەڵ زانستی سەردەم.

٢/ بەلاوەنانی زمانی بیانی دەبێتە هۆی دابڕان لە ڕێچکەی پێشکەوتنی زانست. پشگیریکەرانی بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بە کوردیکردن واتا بە لاوەنانی زمانەبیانییەکان و دورخستنەوەی لە زانست و ڕۆشبیری، لە کاتێکدا ئەم زمانە بیانییانە ئامرازی سەرەکی و کاران لە چالاکیی زانستی، بەڵام سەرەرای ئەمانە ڕاستە ئەو کەسانەی دەڵێن زمانی بیانی بەکاربێ پاساوی خۆیان هەیە و پاساوەکانیشیان تاڕادەیەک لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەمە نابێتە واتای ئەوەبێ کە بە یەکجاری زمانی کوردی بەلاوە بنرێ و بەکارنەهێنرێت، بەڵکو دەتوانرێت هاوشان لەگەڵ زمانی کوردیدا زمانی بیانیش بەکاربێ، بەڵام بەو مەرجەی کەبەکارهێنانی زمانە بیانییەکان نەبێتە هۆی لەناوبردنی زمانی کوردی، هەروەها زمانی بیانیش تەنها لەو حاڵەتانە بەکاربێ کە وشەو زاراوەمان بۆ بابەتەکە نەبێ. (بشر،٣٢٠، ١٩٩٨،٣٢٠- ٣٢٢ )

**بەشی دووەم / کاردانەوەی دڵداری شاعیر**

**١.٢ ڕەهەندی دەروونی لە زماندا**

زمان، گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤ کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بەجۆرێک پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵ دیاری دەکات، چونکە بەبێ زمان کۆمەڵگە نایەتەکایەوە بەبێ بەکارهێنانی زمان هاریکاری و هەرەوەزی، کە بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، پێکنایەت. (دی سوسور) دەڵێت:(( زمان بەرهەمی کۆمەلایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە کۆمەڵ دایهێناوە بۆ ئەوەی لەبەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات(دی سوسور، ١٩٨٥، ٢٧)، ئەم پێناسەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە زمان جگە لەوەی بەرهەمی تاکەکانی کۆمەڵە ئەرکێکی گرنگیشی هەیە ئەویش هاوکاریکردن و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانن لە ڕێگای دەربرینی هەست و سۆز و گەیاندنی ئەو مەبەست و بیرانەی کە لە قسەکەرەوە دەردەچێت بۆ گوێگر. قسەکەر پەیام دەنێرێت و کاردانەوە لای وەرگر بەدیدەکرێت، نەریتە کۆمەلایەتییەکان و کەلتوری کۆمەڵگا کاریگەریان لەسەر قسەکەر هەیە، کە چ پەیامێک ئاراستەی وەرگر دەکات، هەروەها وەرگریش چ کاردانەوەیەکی دەبێت(عوسمان، ٢٠٠٩، ٢٨)، چونکە ڕەفتاری تاکەکان دەوەستێتە سەر چۆنییەتی درکپێکردن و ئاگاییمان لەو شت و کەس و ڕووداو و سیستەمە کۆمەلایەتییانەی کە لە دەوروبەرماندان.( دزەیی، ٢٠١٤، ٧٩).

دڵدار ئاماژەی بە پەیوەندیی نێوان زمان و دەروونی مرۆڤ کردووە و دەڵێت: (( زوبان کارێکی تریشی هەیە کە زانستی ئادەمیزاد لەشت و ماخولیای دەروونی خۆی ئاشکرا دەکات _ سەیر بفەرموون زوبان نەبوایە چۆن ئەمتوانی کە ئەم وتارانەتان عەرز بکەم کە لە مێشکدا کۆببوونەوە وە دەروونمی داگیرکردبوو.))(عەلاءالدین، ١٩٨٥، ١٠٢)، واتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەروونی مرۆڤ و زمان داهەیە، ئەم پەیوەندییەش بۆ سروشتی زمان دەگەڕێتەوە، چونکە بەهۆی زمانەوە دەتوانین باری دەروونی تاک بزانرێت، هەر لە ڕێگای زمانەوە خۆشی و ناخۆشی و حەز و ئارەزوو مەبەست و ویست و ئاوات و هەڵچوونەوکانمان دەردەبڕین و بە خەڵکانی دەوروبەرمان دەگەیەنین. ڤندریس دەڵێت(( هەموو کردەیەکی گوتن کاریگەریەکی دەروونیی هەیە) گوتن ڕەنگدانەوەی بیرە.(ڕەسول، ٢٠٠٨،١٢٠)، بەواتایەکی تر شێوازی دەربڕین و قسەکردنی مرۆڤ بیر و هەستی کەسی ئاخێوەر دیاریدەکات.(دزەیی، ٢٠١٤، ١٥). مرۆڤ بەچەند ڕێگایەکی جیاواز پاڵە پەستۆ دەروونییە پەنگخواردووەکانی خۆی خاڵی دەکاتەوە وەک، زەردەخەنە، پێکەنین، گریان،

خوێندنەوەی شـــیعر، نوســـینی شـــیعر... هتد. زمان جگە لەو ئەرکە جۆربەجۆرانەی کە دەیبینێ یەکێکیشە لە پێکهێنەرەکانی بونیادی شیعر، شاعیر لەڕێگای زمانەوە ناخی خۆی دەردەبڕێت.

**٢.٢ زمانی شیعر**

شیعر سامانێکی دێرینە، کۆنە بە کۆنیی زمان و کۆمەڵگا. لە کۆنەوە مرۆڤ هەستی دەروونی خۆی لە ڕێگای شـــیعرەوە دەربڕیووە، زمان پەیوەندییەکی بەتینی بە مرۆڤ و ژینگەکەیەوە هەیە، زمان ڕاســـتیی کۆمەڵگای مرۆڤ دەخاتە ڕوو، زمانی شـــیعر زمانێکی بەرفراوان و قوڵ و بەرز و کاریگەرە، چونکە زمان بناغەی دامەزراندنی شـیعرە، شـاعیریش مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکات تا بتوانێت بەرهەمی کاریگەرو سەرنج ڕاکێش بەرهەمبێنێت، شاعیریش ئەو کاتە دەتوانێت بەرهەمی جوان پێشـــکەش بکات، کە توانایەکی بەرزی لە بەکارهێنانی زماندا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو مەبەسـتەی  کە لە ناخیدا هەیەتی بەشـێوەیەکی سـەرنجراکێش بەگوێگری بگەیەنێ، چونکە شـاعیر زیاتر لە کەسـانی ئاسـایی هەسـت بە ژیان و دۆخی خۆشـیی و ناخۆشـی نەتەوەکەی کردووە، هەستیان بە ناعەدالەتی و زوڵم و چەوساندنەوە کردووە کە بەرامبەر گەلەکەیان دەکرێ.

دڵدار تەنها بۆ بابەتی ناسـکی و جوانیی سـروشـت و ئافرەت شـیعری دانەناوە، بەڵکو بیرو باوەری نیشـــتمانپەروەری و کوردایەتی  لە شـــیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە. ئەم بیرو باوەڕانەشـــی بیروباوەڕی سـەربەسـتی و سـەربەرزی و ئازادیی میللەت و سـەربەخۆبون لە خاک و دور لە چەوساندنەوە ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ دەسەڵات و وشیارکردنەوەی تاکی کوردە. ئەگەرچی شـــیعرە نەتەوایەتییەکانی دڵدار، بەژمارە تارادەیەک کەمیش بەرچاو دەکەون، دیارە ئەمەش بۆ کورتی تەمەنی دڵدار دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو شـاعیرێکی شـۆڕشـگێری کورد گڕو گڵپەی سـۆز و خۆشەویستیی ڕاستگۆیانە لەچەند پارچە شیعرێکی جواندا دەردەبڕێت ئەو ژمارە کەمەش ئەوپەڕی دلسۆزی و خۆشەویستیی ڕاستەقینەی شاعیر و پەیوەندیی بە نەتەوە و نیشتمان دەنوێنێت.

دڵدار لە یاداشتەکەیدا باس لەوە دەکات، کە زۆر بەحەماسەتەوە لەکتێبخانەی کاکە سەعدی دەستی بە خوێندنەوی کتێب کرد بەتایبەتی کتێبە مێژووییەکانی شـــۆرشـــی فەرەنســـاو مێژووی یۆنان بەتورکی، لەپاشـــان مێژووی ئیســـتیقبالی جەلال نوری مەشـــهوورم هەرســـێ جوزء تەدقیق و خوێندنەوەو مێژووی کورد و کوردســـتانی ئەمین زەکی بەک و  مێژووی بابان و ســـۆران و موکریانی ســـەید حســـین حوزنیم بەکوردی خوێندەوە، ئەمانە هەموویان دروشـــمی ڕابردوویان هێناوەتە بەرچاو لەهەمان کاتیشدا شـیعرە نیشـتمانییەکانی حاجی قادری کۆیی و شـیعرە جوان و ناسکەکانی نالی هۆیەکی گرنگ و کاریگەر بوون لەسـەر هەست و هۆش و بیر و خەیالم و بمخاتە دونیای شـــیعرو ئەدەبیاتی کوردی، هەروەها ئاماژە بەوەدەکات هەرچەندە نالی بۆ دڵداری ڕایدەکێشـام و حاجیش بۆ نیشـتمان پەروەری، بەڵام بەهۆی کاریگەریە مێژوویەکەی بەلای حاجی داڕۆیشتوە، یەکەم شیعریشی کە نوسیوە قەسیدەیەکی پانزە بەیتیی بوو کەتەسەوری دایکێکی تێدا کردوە بۆ ڕۆڵە لە سەورە کوژراوەکەی چۆن دەگریا.(علاءالدین،١٩٨٥، ٥٠) واتە شیعرەکانی حاجی و ئەو هەموو زوڵم و ســـتەمەی کە بە درێژایی مێژوو بەســـەر گەلی کورددا هاتوە، وای لە دڵدار کردوە، کە یەکەم شـیعری شـیعرێک بێت، کە شـیوەنی دایکێکە بۆ نەمان و لەدەسـتدانی ڕۆڵەیەکی کوردە.

لەشیعری (ئەی رەقیب)دا بیری خەستی دڵدار دەردەکەوێ، بەنرخترین شیعری نیشتمانییە، ئەم شیعرە بەسەرهاتی خوێناویی میللەتی کورد نیشان دەدا، بە دڵێکی پڕ لە هەستی نەتەوەپەرستی چاوی بڕیوەتەوە ئاسۆی ڕوونی دواڕۆژی گەلی کورد. ئەم شیعرە بۆتە سرودێکی نەتەوەیی لەهەموو پارچەکانی کوردستان، سرودێکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕییە بووە ڕەمزی نەتەوایەتی لای هەموو کوردێک.

**((ئەی رەقیب**

ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان
نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سەیریکە خوێناویە ڕابردوومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیاوکەی خوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕرەشێر
بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران
لاوی ئێستاش حازروئامادەنە..
جانفیرانە جانفیدانە جانفیدانە
لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر
سابەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان)) (علاءالدین،١٩٨٥، ١٧٤)

زمان ناسنامەی نەتەوەیە، بۆیە دڵدار زمانی بە بنەمای نەتەوە دادەنێت و ڕووی لە دوژمنانی کورد دەکات، کە مەبەستی عەرەب و تورک و فارسە بەگشتی و بەتایبەتیش عەرەب، پێیان دەڵێت کە کورد نەتەوەیەکی زیندووە هەر ماوە و بە هیچ چەکێک لەناو ناچێ و زمانی کوردی هەردەمێنێت. زمانی کوردی لەڕێگای بەکارهێنانی جۆری دووەمی تیرۆر، کە تیرۆری نێو دەوڵەتییە، هەروەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، هەوڵی تیرۆکردن و لەناوبردنی دراوە. دڵداریش وەک شاعیرێکی هۆشیار زمانی شیعری وەک بابەتێکی وەسفی بەکارهێناوە و وەسفی مێژووی کورد دەکات بە دوژمن دەڵێت ئێمە ڕۆڵەی نەوەی گەلێکین مێژووی خوێناوی و خاوەنی شۆڕشین لە ڕابردوودا، پارێزگاری لە بوونمان دەکەین، هەرچەندە دوژمنانمان هەوڵی تیرۆرکردن و لەناوبردنی بدەن، بەڵام ئێمە ئامادەین بەرگری لە خاک و زمان و نەتەوەکەمان بکەین وەک نەتەوەیەک بێپەروا بوین لە خوێنڕژان و گیانبەخشین، پێیان دەڵێت، کە ئێمە نەوەی دەوڵەتی میدیا و سەرکردەی وەک (کەیخوسرەو) ین، نیشتمان لامان پیرۆزە، بۆیە دڵنیابن کە ئێمە نامرین هەمیشە زیندووین و ئاڵاشمان دەشەکێتەوە دوێنێ و ئەمڕۆ لاوەکانمان لە گۆڕەپانی بەرگری لە کورد گیانیان بەخشیوە، هەموو کاتێ گیانمان فیدایە و لە مەرگ ناگەڕێینەوە و تاجی ژیان بەخوێن دەینەخشێنین.

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆڵی زمان هەر تەنها گەیاندن نییە، بەڵکو ڕۆڵی زمان لە شیعردا بۆ بەکارهێنانێکی تر دەگۆڕێت ئەویش بەکارهێنانی هونەرییە. شاعیر لە ڕێگای زمانەوە ڕۆڵێکی کاریگەر بە وشەکان دەبەخشێت. دڵدارلەم نیوە دێرەدا ((گەر گەلێ بێ زانین بێ گەر زیندوش بن مردینە)) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەهەر گەلێک ئەگەر هۆشیاری نەتەوەی بەرز نەبێت ئەوا تیرۆرکردنی زمانەکەی کارێکی ئاسان دەبێت، چونکە زمان پێناسە و ناسنامەی نەتەوەیە بە نەمانی زمان نەتەوەش نامێنێت. هەرچەندە تاکی کورد زیندوو بێت، بەڵام زمانەکەی بەکارنەهێنێت و زمانی بێگانە بەکاربهێنێت، ئەوا میللەتێکی نازیندوو دەبێت. زۆرجار تاک هەوڵدەدات زمانی دایک کە زمانی کوردیە بەکاری نەهێنێ زمانێکی تر بەکاربهێنێ لە شوێنی زمانی دایک، بەواتایەکی تر ئەگەر هۆشیاری تاک لە ئاست بەکارهێنانی زمانی دایک بەرز نەبێت ئەوا زمانەکەی لەناودەچێت بە لەناوچوونی زمانیش نەتەوەش لەناودەچێت، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی تیرۆر کە تیرۆری هۆشەکییەو ترسناکترینیانە بۆیە پێویستە لەسەر گشت تاکەکانی کۆمەڵ هەوڵبدەن زمانی دایک بەکاربهێن و هەوڵی پاراستنی بدەن بۆ ئەوەی لەتیرۆرکردن و لەناوچوون بیپارێزن.

**(( ڕۆڵەی تازە**

من ڕۆڵەی کوردستانم تازە رۆڵەی کوردانم
تاکو وولات سەرکەوێ فیدایە روح و گیانم
پێویستی مە زانینە زانین بناغەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێ گەر زیندوش بن مردینە
ئیمە بەیانی گەنجین لەم خاکەدا لە رەنجین
ڕەنجدان نیشانەی گەنجە ئیمەش خوڵقاوی رەنجین
وەتەن باغی جینانە محتاجی بازووو شانە
هەرکەسێ کۆشش کەر بێ لەم باغە باغەوانە)) (علاءالدین،١٩٨٥، ١٩٩)

لەمێژووی کۆن و نوێ کەم میللەت هەیە نەکەوتبێتە ژێر چەپۆکی داگیرکەران، بەڵام هەوڵی تاکەکانی بۆ دروستبون دەسەلات وایکردووە کەجارێکی تر هەستنەوە خۆیان لە چنگی داگیرکەران رزگاربکەن و نەوەکانیان وا پەروەردە بکەن کەبیر لەوە نەکەنەوە کە ژێردەستەبژین. ئەم جۆرە پەروەردەکردنە پەروەردەیەکی دروستە دورە لە تیرۆر، چونکە پەروەردە بەرپرسیاری راستەوخۆی هەیە لە لادانی تاک و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تیرۆرکردن و لەناوبردنی زمان بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی زمانەکەی بەزیندووی بمێنێتەوە لەتیرۆرکردن و لەناوچوون بیپارێزێت زمان دەکاتە بنەمایەک بۆ بەئاگاهێنانەوە و هۆشیارکردنەوە، ئەم هۆشیارکردنەوەش بەزمانێکی سادەو ساکارە، بێگومان شاعیر بەمەبەست ئەم زمانە سادەیەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەم زمانە سادەیەوە مەبەستە سیاسیەکانی بگەیەنێتە جەماوەر و خوێنەرەکانی.
دڵدار بە شیعرە ڕەخنەییەکانی لە کۆمەڵگا و خستنە ڕووی بارە نالەبارەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەمیشە هەوڵی داوە خۆشی و بەختەوەری بۆ میللەتەکە بهێنێتە دی، چونکە زۆر هیوای بەدوارۆژی نەتەوەکەی هەبووە هەمیشە ئاواتەخوازی بەختیاری گەل و ئازادی نیشتمان بووە. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە شیعرەکانی دڵدار کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیری ناوداری کورد حاجی قادری کۆیی، کە شێوازی ڕاستەوخۆی ئامۆژگاریکردن و ڕێنیشاندان و

چاوکردنەوەی پێوە دیارە. دڵدار شیعری وەک چەکێکی دەستی بۆ مەبەستی بیرو ڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی دەربڕیوە، لەشــیعری ئەی کورد ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەوەی ئەم شــیعرە لەشــیعرەکانی تری جیادەکاتەوە هەردوو جۆری تیرۆری باس کردوە جۆری یەکەمیان کە تیرۆری هۆشەکییە

((دەمی (بیور) عەدوی (دارە) بەڵام کلکی ئەویش دارە

بەهۆی کوردە ئەتو غافڵ کەوا ئیمرۆ شکانراوی)) ئاماژە بەوە دەکات کە تاکی کورد خۆی هۆکاری تیرۆرکردن و لــەنــاوبردنییــەتی. جۆری دووەمی تیرۆر تیرۆری ڕێکخراوە بــەهۆی دەوڵــەتــانی داگیرکەرەوە ئەنجامدەدرێ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی یاخود دەست بەسەرداگرتنی سامانی وڵات هەوڵی تیرۆرکردنی گەلی کورد دەری لە بەکارهێنانی زمان و کلتور، ئەمەش جۆری دوەمی تیرۆرە.

## ئەی کورد

ئەرێ ئەی کورد لەنێوگەلدا هەتاکەی مات و داماوی؟
کەعالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەسابیرێ لەحاڵی خۆت بکەو هەستێ بە زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بەخۆت ڕاوی
کەمەر بەستن لە نێو گەلدا بناغە و پێشڕەوی ژینە
بەتیری کینەیە ئیمرۆ لە ژینا فەوت و کوژراوی
دەسا هەڵسە بەهۆشیاری نەفەوتاوی بەیەکجاری
لەنێوبەندی (معذبدا) ئەمێنی ی قوربەسەرماوی
زەمان ئێمەی بە شیشی غەم لەسەر ئاور ئەپرژێنێ
سەری سورما لە جەهلی تۆ هەتاکەی هەر نەبرژاوی
دەمی (بیور) عەدوی (دارە) بەڵام کلکی ئەویش دارە
بەهۆی کوردە ئەتو غافڵ کەوا ئیمرۆ شکانراوی
دەسا غیرەت کە مەهومی لەبەهرەی ژینا مەحرومی
دریغ و حەیفە مەزلوومی ، کە زیندوی پەشمە فەوتاوی
جیهان گیران هاوتیرەت کە دوێنێ هەروەکو تۆ بوون
ئەوا وان پێگەیشتوون و ئەتۆش هەر کاڵ و هەر خاوی (علاءالدین،١٩٨٥، ١٩١)

شـــاعیر ڕەخنە لە گەلەکەی دەگرێ پێی ڕادەگەیەنی، کە هەموو میللەتانی دونیا ســـەربەخۆییان وەرگرت، بەڵام گەلی کوردە هەر دیل و ژێردەســـتەیە، بۆچی بیرناکەیەوە خۆت ڕزگاربکەی لەو زوڵم و چەوســـاندنەوەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بناغەی ســـەرکەوتنە، داوای لێدەکات، کە بەهۆشـــیارییەوە هەڵســـێتەوە، چونکە تاکو ئێســـتا ماوە بەیەکجاری نەفەوتاوە هەرچەندە توندو تیژیەکی زۆری بەرامبەر کراوە، هەنێکجاریش هەر بەهۆی کوردەوە توشـــی زوڵم ســـتەم بۆتەوە، واتە هۆشیاری تاکی کورد لە ئاستی پێویست دانەبوە و بە پاڵپشتی داگیرکەران کورد خۆی کوردی لەناو بردووە و شـــکاندویەتی هەر بۆیە گەلانی وەک تۆ هەموو پێشـــکەوتن و ئازادیان بەدەســـتهێنا، بەڵام تۆ هەروەک خۆتی.

هەڵاڵەی کتێب

هەر سەبارەت بە رەخنەگرتن و ئامۆژگاریکردنی نەتەوەکەی دەڵێت:

((سەیری ئەحواڵی وەتەن کەن چۆن زەبوون و مردووە

سەیری کاری دوژمنان کەن چی بە حاڵی کردووە

سەیری رەشماڵی زەلالەت ئاسمانی گرتووە

ئێوە تاکەی هەر لەدەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی)) (علاءالدین،١٩٨٥، ٢٠٤)

دڵدار رەخنە لە گەلەکەی دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات کە نیشـــتمان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران دایە و دوژمنانی کورد هەموو جۆرە توندوتیژیەکیان بەرامبەر کورد بەکارهێناوە بۆ ســـرینەوە و لەناوبردن و تیرۆرکردنی، کەچی تاکی کورد هەر لەدەوری مەین هەر بیر لە رابواردن و خۆشـــی کاتی خۆیان دەکەنەوە.

## ئەنجام

١ـــــ هۆکارەکانی تیرۆرکردنی زمان زۆرن، وەک هۆکاری پەروەردەی و رۆشـنیری و سـیاسـی و دەروونی و کۆمەلایەتی، بەلام هۆکاری سـیاسـی یەکێکە لە هۆکارە سـەرەکییەکان بۆ تیرۆرکردنی زمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی،

٢ــ دڵدارجگە لە زمان هیچی تر شک نابات بۆ ئەوەی رووبەرووی دوژمن ببێتەوە، هەر بۆیە وەک کاردانەوەیەک زمانی شـیعری وەک بابەتێکی وەسـفی لە شـیعری ئەی رەقیبدا بەکارهێناوە، بیرو باوەری نیشـتمانپەروەری و کوردایەتی لە شـیعرەکانی رەنگیداوەتەوە ئەم بیرو باوەرانەشـی بیرو باوەری سـەربەسـتی و سـەربەرزی و ئازادی میللەت و سـەربەخۆبون لە خاک و دور لە چەوسـاندنەوەیە ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ دەسـەلات و وشـیارکردنەوەی ئامۆژگاریکردن و رێنیشاندانی تاکی کوردە.

٣ـ لە شیعری (ئەی کورد) کە بیروڕای سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی دەربریوە ئەوەی خستۆتە روو، کە کورد هەردوو جۆری تیرۆر تێدایە لەلایەکەوە بەهۆی سـیاسـەتی ولاتانەوە داگیرکراوەو هەوڵی تیرۆرکردنی دەدەن کە تیرۆری رێکخراوە، جۆری دوەمی تیرۆرە، لەلایەکی تریشـــەوە بەهۆی ناوشـیاری تاکی کورد شـکسـت دەهێنێت لە سـەربەخۆیی، ئەمەش تیرۆری هۆشـەکییە، جۆری یەکەمی تیرۆرە.

٤ـــــ کورد خۆی بێئەوەی هەسـت بکات تیرۆی زمانی دژی زمانەکەی خۆی بەکارهێناوە. ئەویش بەهۆی ناهۆشـیارییەوە, تیرۆری کوێری بەسـەر زمانەکەی داهێناوە، هەرچەندە بە پێی دەسـتوری عێراق زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە عێراق, بەلام بەردەوام هەوڵی فەرامۆشکردنی دراوە.

٥ـ بەکارهێنانی زمانی بیانی بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە زمانە بیانییەکان زمانی گەلانێکی پێشکەوتوون و شـایانی ئەوەیە کەلاسـای بکرێتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشـێوەیەکی گشـتی و لە بواری زانسـتەکان بەشـێوەیەکی تایبەتی. بۆیە نابێ زمانی بیانی بەلاوەبنرێ لەبەرانبەردا دەبێ گرنگی بە زمانی کوردی بدەین، هاوشـــان لەگەڵ زمانی کوردیدا زمانی بیانیش بەکاربێ، بەلام بەو مەرجەی کەبەکارهێنانی زمانە بیانییەکان نەبێتە هۆی لەناوبردن وتیرۆرکردن و توانەوەی زمانی کوردی، چونکە لاسـایکردنەوە و بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی وشـە بیانیانەکان دەبێتە مەترسـی لەسـەر

ئینتیمای نیشتمانی، لە ئێستادا جۆرێک لەشێوە و ڕەنگدانەوەی ئەو مەترسییە لەسەر کۆمەڵی کوردەواریدا ڕەنگیداوەتەوە و بەدیدەکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١ــ تۆفیق،قەیس کاکل، (٢٠٠٧)،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان،چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس،هەولێر

٢- حاجی مارف, ئەورەحمانی, (١٩٨٧), لەبواری فەرهەنگ نووسیی وشەی زمانی کوردیدا, بەغدا.

٣- دزەیی, عبدولواحید موشیر (٢٠١٤), زمانەوانیی دەروونی، چاپی یەکەم, هەولێر.

٤- ڕەسووڵ، خەسرۆ ئەحمەد،٢٠٠٨، هەندێک لایەنی زمانەوانی دەروونی، گۆڤاری رامان، ژ. ١٣٥

٥- علاءالدین، عبدالخالق،١٩٨٥ ، دلدار، طبع فی مطابع دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد

٦ـ عەزیز, حوسێن محەمەد,(٢٠٠٥), سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی, چاپی دووەم, چاپخانەی کارۆ, سلێمانی

٧ــ عەلی، بکر عومەر ــ حەمە ئەمین، شێرکۆ، ٢٠٠٦ ، زارو شێوەزار چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا

٨ـ عەلی، کازم عەباس،٢٠١٤، پەیوەندی چاوگەکان لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر

٩ـ عوسمان، شیلان،٢٠٠٩، کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر

١٠ـ فتاح، محەمەد مەعروف،(٢٠١٠) لێکۆلینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناو- شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

١١ــ فتح اللە، سەفین جلال، ٢٠١٤، بنچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، نارین، چاپی یەکەم، هەولێر

١٢- قادر، سەرۆ ، ٢٠٠٨، کۆمەڵگا دین توندوتیژی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک

١٣- کەمری, بێرنارد - دایەمەند, جێرید - واڵن دەوگ - هاریس ک.دەیڤید،(٢٠٠٧)، زمان، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە کامیل محەمەد قەرەداغی، چاپی یەکەم

١٤- ناوخۆش, سەلام ، (٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم ، چاپخانەی هێڤی .

١٥ــ هەرشەمی, شاسوار ،(٢٠٠٩)، هەندێک زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

١٦ــ و. ئەندرسن،د.ئەون ــ ە.رەشیدیان د.خەلیل، ١٩٩١، عێراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەراست، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، فوئادی تاهیر سادق، چاپخانەی ڕوون


هەولێرنامەی کتێب

**سەرچاوە بیانییەکان**

١ـ بشر، كمال، ١٩٨٨، دراسات فى علم اللغه, دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع, قاهرة

٢ـ دى سوسور، فرديناد، ١٩٨٥، علم اللغة العام، ترجمه يوئيل يوسف عزيز، بغداد

٣ـ رشوان، حسين عبدالحميد أحمد، ٢٠١٠، التربيه والمجتمع،دراسة فى علم اجتماعى التربية، مؤسسة شباب الجامعه، اسكندرية

٤ــ كالفي،لويس جان(٢٠٠٨)، الحرب اللغات والسياسات الغوية, ترجمة د. حسن حمزة, طبعة الاولى, بيروت

5- http://www.abouna.org/content /

6- Taoufik, 2009, THE LANGUAGE OF TERRORISM,و Ben Ammar Washington, DC, AL-JAZEERAND THE FRAMING OF TERRORISM DISCOURSE ,

## الملخص

ظاهرة الارهاب ظاهرة عالمية ، له وجود على طول التأريخ لحد الان، ولكن بصـــور مختلفة، و وجود هذه الظاهرة يعود إلى عدم وجود تربية صحية و استعمال الدين بصورة خاطئة و عدم وجود الحرية الشخصية و اللغة القومية، فاللغة هي تعريف و عنوان للوطنية و القومية، و كل أمة محتلة إذا لم تفقد لغتها فإنها في يوم من الايام تستطيع النهوض من جديد فيدافع عن لغتها و تاريخها، و بذلك تثبت وجوده، هذه الدراسة عدا المقدمة و النتائج تتألف من قسمين،

القسم الأول : يتحدث عن الارهاب على اللغة الكوردية و أسباب الارهاب و أنواعه.

القسم الثاني: خصص لرد الفعل الشاعر دلدار تجاه إرهاب اللغة و فيه نتحدث عن البعد الشعري و اللغة الشعرية و نحلل اشعار دلدار بهذا الصدد .و في نهاية البحث سجلنا نتائج البحث و قائمة مصادره و مراجعه

## Abstract

Terror is an international dilemma, and it is not a modern problem. In contrast, it has long history, but in various ways. This phenomenology is because of lacking in education, misunderstanding religion, personal freedom, politics and language. Language is national identity. Every depressed nation, if their language alive, they would get back their freedom and prove their self.

This research consists of introduction, conclusion and two other phases; first, we discuss the Kurdish language assimilation, the causes and the types of terror. Second part is about Dildar, whose a Kurdish poet, and we are going to analyze his poems in terms of physiology and its poet language. In conclusion, the results and the bibliography are available.

# شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)،
# بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان


م.ی. چیا عەلی مستەفا - م. برِوا ڕەسول ئەحمەد
زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / بەشی کوردی


**پێشەکی**

ئەی ڕەقیب، وەک دەقێک، تەنها لە چوارچێوەی چەند دێرە شیعرێکدا نەماوەتەوە، کە هەڵگری کۆمەڵێک واتای ڕاستەقینە و بارکراوبێت، بەڵکو ئەم دەقە بوە بە پەیام و گوتاری نەتەوەیەک و ئاراستەی سەرجەمی دوژمن و نەیارانی نەتەوەی کورد کراوە، بەجۆرێک سەرەڕای ناکۆکی و بەش بەشی نەتەوەکە، بەڵام زۆرینەی تاکی کورد ئەم پەیامە، بە پەیام و سرودی نەتەوەیی خۆی دەزانێت. لەبەر گرنگی و شوێنگرتنی سرودی ئەی ڕەقیب و خاوەنداریکردنی لەلایەن زۆرینەی کوردەوە، کەرەستەیەکی گونجاوە، بۆ لێکۆڵینەوە.

"شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان"، ناونیشانی توێژینەوەیەکی پراگماتیکییە و هەوڵێکە، بۆ شیکارکردنی دەقی شیعری سرودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)، بەپێی تیۆەی "کردە قسەییەکان". ئەم توێژینەوەیە لەسەر هەردو بنەمای کردەی قسەکردن و کردەی ئاراستەکردنی پەیام دەوەستێت و هەوڵدەدات کاریگەری و وروژاندنەکان لەلای کەسی نێرەر و وەرگر بخاتەڕو.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی (شیکردنەوەی گوتار- Discourse Analysis) کراوەتە بنەما بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە، هاوکات بەپێی پێویستی توێژینەوەکە، سود لە ڕێبازی (شیکاری پەسنەکەرانە – Descriptive analytical)ش وەرگیراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

شیکردنەوەی پراگماتیکییانەی دەقە شیعرییەکان هەوڵێکە، بۆ پەیوەستکردنی زمان و ئەدەب و ڕەنگدانەوەیان لەسەر یەکدی و چۆنییەتی ناردنی پەیام لە بۆتەی شیعردا، لە ژێر تیشکی ئەو تێگەیشتنەی، کە شیعر، یان دەقی سەروادار، هەڵگری پەیامی نەمریی زیاترە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە، لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتوە، بەم شێوەیە:

- لە بەشی یەکەمدا، زانستی پراگماتیک و گرنگی لە لێکدانەوەی دەقدا خراوەتە ڕو. لە تەوەرێکی دیکەدا چەمک و گرنگی گوتار خراوەتە بەرباس و توخمەکانی گوتار دیاریکراون، لەگەڵ بەرابەرکردنێکی دەق و گوتار.

- بەشی دوەم، تەرخانکراوە، بۆ باسکردنی تیۆری کردە قسەییەکان و رۆڵیان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو پەیامانەی دەکەونە چوارچیوەی گوتارەوە. هەر لەم بەشەدا جۆری کردە قسەییەکان بەپێی هەردو پۆلێنی ئوستن و سیریل خراونەتەڕو.
- بەشی سێیەم، کارکردنە لەسەر ئەو کردە قسەییانەی کە لە نێو دێرەکانی دەقە شیعری "ئەی ڕەقیب"دا هاتوە. وەک گوتارێکی نەتەوەیی دەخرێتە بەر تیشکی شیکردنەوەیەکی وردی ڕەخنەگرانە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە تەواوی کردە قسەییەکانی نێو دێرەکانی دەقە شیعرییەکە دیاریبکرێت و ئاراستەی کردەکان و کاریگەری گوتارەکە رونبکرێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و پوختەی توێژینەوەکە، بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## بەشی یەکەم/ گوتار وەک کردەیەکی پراگماتیکی

### پراگماتیک

لە زمانەوانی نوێدا بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیک، سەرەتا لەلای (چارلس مۆریس)ەوە بەکارهات. کاتێک بەشێوەیەکی گشتی لە زانستی هێماکاریدا سێ جۆر پەیوەندی لە نێوان هێماکاندا دیاریکرد، هەر جۆرەشی بە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ناوبرد، بەم شێوەیە:

**١/ ڕستەسازی** Syntax

بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێمایەک لەگەڵ هێماکانی دیکە، لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا.

**٢/ سیمانتیکس** Semantics

لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو (شت).

**٣/ پراگماتیکس** Pragmatics

پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنانەکەیەتی. (بڕوانە Levinson:1997:3)

ئەم ناساندنەی پراگماتیکس لەلایەن مۆریسەوە، ناساندنێکی سادە و سەرەتایی زانستەکە بو. لەدوای ئەوەوە و بەپێی ئەرکی پراگماتیک پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بۆ نمونە ناساندنێکی دیکەی پراگماتیک ئەوەیە، کە بریتییە لەو زانستەی، کە لێکۆڵینەوە لە واتای ناو دەوروبەر دەکات، واتە لێکدانەوەی ئەو مەبەستەیە، کە هاوبەشانی قسەکەران بەهۆی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە لێیتێدەگەن.

پراگماتیک لەوەش زیاتر وردکراوەتەوە، وا پێناسەکراوە، کە (ئەو زانستەیە، کە لە کردەی قسەیی و گریمانەی پێشینە و دەرکەوتە ئاخاوتنەکان و دەوروبەر "کات و شوێن و دەوروبەری قسەکردن و پلەی کۆمەلایەتی قسەکەر و گوێگر و زانیاری هاوبەش و زانیاری دنیاییان لێکدەداتەوە)(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٩١). ئەم پێناسەیە بە وردی بوارەکانی پراگماتیک دیاریدەکات. ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەسەر بواری کردە قسەییەکان دەوەستێ وەک تیۆرێک بۆ شیکردنەوەی واتای زمانی سەرو ڕستە، کە لە بەشی دوەمدا بە درێژی باسکراوە.

**گوتار:**

چەمکی گوتار بەهۆی ئەوەی لە زۆر بواری وەکو زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی و زانستی رامیاری و ...تاد بەکاردیت، گەلێک پێناسەی بۆکراوە و واتای زیادەی لێبارکراوە.

هاریس بۆ یەکەم جار باس و پێناسەی گوتاری کردوە و دەڵێت: گوتار یەکەیەکی زامنی گەورەیە، یان کۆمەڵە رستەیەکی زنجیرەییە. (محمود عوکاشە: ٢٠٠٥ : ٣٦)

شیفرۆن دەڵێت: گوتار روانگەیەکی زمانەوانییە، بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەیەک، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێک.

لوتفولا دەڵێت: گوتار قالبێکە، بۆ گەیاندنی پەیام لە نێوان قسەکەر و گوێگر، یان نوسەر و خوێنەر. (شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٩: ٣٢).

لە فەرهەنگی زمانەوانیدا گوتار وا پێناسەکراوە، کە بریتییە لە یەکەیەکی هاوتای رستە یان سەروتری رستە، کە بەیەکەوە بەستراوە و پێکهێنەری پەیامێکە لە سەرەتاوە تاکۆتایی. (محمود عوکاشە: ٢٠٠٥: ٣٨) ئەم پێناسەیە نزیکە لە پێناسەکەی هاریسەوە.

بە وەرگرتنی تێگەیشتنێکی گشتگیر، لە سەرجەمی ئەم پێناسانەی سەرەوە، گوتار دەبێتە ئەو دانە زمانییەی، کە دەکەوێتە سەروی رستەوە و کاری دروستکردنی پەیوەندییەکی واتادارە لە نێوان رستەکاندا، بە ئامانجی گەیاندنی پەیام، لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، یان لە نوسەرەوە بۆ خوێنەر. کەواتە ئەرکی سەرەکی گوتار گەیاندنی پەیامە. لەم کردەی گەیاندنەشدا تەنها هۆکارە زمانییەکان بەس نین، بەڵکو گەلێک هۆکاری تری نازمانی کاردەکەنە سەر چۆنییەتی گەیاندنی پەیامەکان، وەک "دەوروبەر و ئاماژەکان".

**توخمەکانی گوتار:**

بەر لە باسکردنی توخمەکانی گوتار، پێویستە لە گرنگی کردەی گەیاندن بدوێین، بەتایبەتی لە گەیاندنی پەیامدا. (رۆبرت باراک پێیوایە گەیاندن کردەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتییە، کە لە چوارچێوەیدا تاک توانای درکپێکردنی بۆچون و ئاراستەکانی بەرامبەری هەیە، تا ئاستێکی دیاریکراو) (هەمان سەرچاوە: ٢١). واتە مرۆڤ (نێرەر) لە کردەی گەیاندندا مەبەستییەتی، لە بۆچون و بیرکردنەوە و ئاراستەکانی وەرگر تێبگات. بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن لە ئاستێکی بەرزدابێت، پێویستە لانی کەم دو کەناڵ (نێرەر و وەرگر) هەبێت. جگە لەم دوانەش هۆکاری دیکە کاردەکەنە سەر مەبەستی پەیامی ئاراستەکراو، بەتایبەتی ئەگەر پەیامەکان لە شێوەی گوتاردابن. لێرەوە پێویستە توخمەکانی دیکەی گوتاریش بخرێنەرو:

**یەکەم/ نێرەر**- Sender:

بریتیە لە (ئاخێوەر – نوسەر) خاڵی دەستپێکردنی پەیوەندیە، کۆدی زمانی دەنێرێت، کە هەڵگری واتان. نێرەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیا و مەبەست و روئیا و بیروبۆچونی خۆی باردەکات لە کۆدە زمانییەکان و دەگات بە وەرگر. لەکردەی پەیوەندیکردندا نێرەر هەوڵدەدات کاریگەری بخاتە سەر عەقڵی وەرگر. بەمەبەستی گفوگۆکردن و رازیکردن.

**دووەم/ پەیام** - Message- text:

پەیام یان تێکست چەقی گوتارە، چونکە پەیام دەسکەوتێکی زمانییە، بەڵام زمان خاوەن توانایە (حسین خمري: ٢٠٠٧: ٦٢) لێرە پەیوەندی نێوان زمان و تێکستمان بۆ دەردەکەوێت کە تێکست

بەرهەمێکی زمانییە یاساو دەستوری تایبەتی خۆی هەیە لە کۆمەڵێک کۆد پێکدێت پرۆژەیەکی گەورەتر دروستدەکەن، کە دەق دەگرێتەوە. نێرەر ئایدۆلۆجیاو مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... تاد خۆی لەرێگەی تێکستەوە دەگەیەنێت بە وەرگر. ئەرکی زمان لەکردەی پەیوەندیکردندا بریتییە لە گەیاندنی پەیام بەوەرگر بەڵام لەهەندێک بۆنەدا بێجگە لە ئەرکی گەیاندن ئەرکی ئەدەبی و شیعریش دەبینێت.

**سێیەم/ وەرگر** - Receiver:

ڕەگەزێکی ترە لە کردەی پەیوەندیکردن. گوتار بۆ ئەو نوسراوە و ئاراستەی ئەو دەکرێت، لێکدانەوە و شیکردنەوەی کۆدە زمانییەکان لای ئەوە بۆ ئەوەی بگات بە واتا. هەندێک جار بۆ لێکدانەوەی وشەکان پەیوەندی نێوان (دال و مەدلول)، لەئاستی سیمانیکەوە بڕوات بۆ ئاستی پراگماتیک کردەی گەیاندن ئەنجامی نابێت ئەگەر وەرگر نەگات بە واتا و مەبەستی نێرەر. هەندێک جار نێرەر رەچاوی لایەنی (پەیوەندی و پایەی کۆمەڵایەتی، رەگەز، جیاوازی رۆشنبیری، تەمەن، ... تاد)ی وەرگر دەکات . لێرەدا ئەرکی کردەی گەیاندن بریتیە لەرازیکردنی وەرگر. لە هەندێک جۆری گوتاری وەک گوتاری سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتی وەرگر کۆیە، لێرەدا ئەرکی کردەی رازیکردن قورس و ئاڵوز دەبێت بەتایبەت ئەگەر وەرگرەکان خاوەنی ئایدۆلۆجیای جیاوازبن.

**چوارەم/ کەناڵ** - Channel:

لەرۆژگاری ئەمرۆدا کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و گە یاندن زۆرن ، بەڵام جیاوازن لەگەڵ یەکتر بۆنمونە پەیوەندیکردن لە رێگای شانۆی (پانتۆم)* جیاوازە لە پەیوەندیکرنی راستەوخۆ. ئەرکی (کەناڵ) لەکردەی پەیوەندیکردن تەنیا گواستنەوەی پەیامی نێرەرە بۆ وەرگر، واتە ناوەندێکە بۆ گواستنەوەی پەیام. لەم رۆدا (تەلەفیزیۆن، ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکان) دو ناوەندی چالاکی گواستنەوەی پەیامن.

**پێنجەم/ کۆد** – Code

لە زانستی زماندا کۆد بریتییە لە (ژمارەیەک کەرستە دەتوانرێت لێکبدرێن بۆ بەرهەمهێنانی کەرستەی نوێ و ئاڵۆزتر، لەپاڵ یەکتر ریزدەکرێن بۆ ئەوەی فرەیز و رستە و دانەی تریان لێبێتە بەرهەم ) ( محمد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٦٣) کۆد هەڵگری بیرو مەبەست و ئایدۆلۆجیای (نێرەر – وەرگر)ە. هەردو رەگەزەکە بۆچونی خۆیان لە کۆدە زمانییەکان باردەکەن، بۆ ئەوەی بەیەکتری بگەیەنن. بۆیە پێویستە کۆدە زمانییەکان واتاداربن و راستەوخۆ گوزارشت لە بیرەکە بکەن. پێویستە بیرەکانیش یەک بەدوای یەک بێن و تەواوکەری یەکتربن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی رون لەلای (نێرەر – وەرگر) دروست بێت. لەکردەی پەیوەندیکردندا کۆد هەڵگری بیرو بۆچونی هەردوو رەگەزەکەیە ( نێرەر – وەرگر ).

**شەشەم/ دەوروبەر** – Context:

شیکردنەوەی گوتار پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دەوروبەرەوە هەیە، نێرەر لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەوروبەر گوتار دادەرێژێت. نێرەر بۆ رازیکردنی بەرامبەر هەوڵدەدات دەوروبەرێک

* شانۆگەری بێدەنگ، تەنها بە جوڵە.

دروســـــتبکات، کە بگونجێ لەگەڵ مەبەســـــتەکەی و وا لە وەرگر بکات کە پێیرازیبێت یان بگونجێ لەگەڵی، "لە هەندێک باردا کردەی هەڵخەڵەتاندنیش دیتە ئاراوە". لەڕوی زمانییەوە دەوروبەر هەمو ئەو کردە زمانی و نازمانییە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا رۆڵیان دەبێت. شیکردنەوەی دەقی گوتار پەیوەندی بە واتای دەروبەرەوە هەیە.

**دەق و دەقی ئەدەبی**

دەق یان تێکست بەو گوتنە دەوترێت کە کۆکراوەی چەند مەبەستیکە، بۆ وەسف و باسکردنی دیاردەیەکی تایبەت، کە زۆرجار درێژبڕی یان کورتبڕی تێدەکەوێت.

دەق درێژەی تۆماری زمانییە، بە مەبەستی شیکردنەوە یان وەسفکردنی دیاردەیەک، کەسێک یان شـــتێک (Crystal: 2003: 461). بە بۆچونی "کوێرک"، دەق بریتییە لە بەدوایەکداهاتنێکی رستەیی، کە پەیوەندییەکی گرنگ کۆیانبکاتەوە. (بێگومان ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییە تێکستییەکانە، کە لەســەروی یاســاکانی ڕێزمانەوەن، چونکە ڕێزمان لە رســتەدا دەوەســتێ). (دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٩: ٦) ئەم پێناســەیە یەکانگیرکردنی چەند رستەیەک، کە وابەستە و پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بۆ گەیاندنی پەیامێک، بە دەق دادەنێت.

ئەگەرچی بۆچونێک هەیە جیاوازی دەکات، لە نێوان دەق و گوتاردا و بە کۆمەڵێک پاســـاو و تایبەتێتی گوتار و دەق لێکدی جیادەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە پێویســـتی نازانێت ئەم بۆچونە یەکلایی بکاتەوە و پێشـــی وایە لەســـەر بنەمای بونی پەیام لە هەردوکیان (گوتار- دەق)دا هەردو زاراوەکە دەبن بە هاوواتای یەکدی. واتە کاری هەردوکیان گەیاندنی پەیامە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر. کەواتە (دەق و گوتار لەم تێگەیشتنەوە، هەمان ئاماژەکردنە بە هاریکاریکردن، بۆ کردەی گەیاندن لە نێوان مرۆڤەکاندا). (حسين خمرى: ٢٠٠٧: ٣٥)

**بەشی دوەم/ تیۆری کردە قسەییەکان**

**سەرەتا**

بۆچونی دێرینەکان لەبارەی قســەکردنەوە، بەجۆرێک بو، کە قســەکردنیان وەک کار ئەنجامدان نەدەبینی، (بەڵکو قســـەکردن و کار ئەنجامدان وەک دو دیاردەی لێک جیاواز دادەنران. تەنانەت ئەم دو دیاردەیە بە دو شــتی دژ بەیەک لەقەڵەم دەدران، وەک لە رســتەی "بە قســـەم بکە، بە کردەوەم مەکە"دا مەبەستەکە روندەبێتەوە). (قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٣٨) دێرینەکان هەر بەوەشەوە نەوەستاون، بەڵکو پێیانوابوە ئەرکی زمان بریتییە لە وەســفکردنی "بارودۆخێک، کەســێک، روداوێک، ... تاد"، کە ئەمە لە ئێســـتادا (بە هەڵەی وەســـفی واتایی "Semantic Fallacy" ناودەبرێت. باوەڕێک نییە کە تەواو هەڵە بێت، چونکە هەمو گوتنێک وەسفی بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لە خۆیدا هەمو شتێک نییە).(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ٢٠٧)

لەگەڵ ســـەرهەڵدانی زانســـتی پراگماتیک و تیۆری کردە قســـەییەکان، ئەم بۆچونەی دێرینەکان ئاوەژوکرایەوە. لە شـــەســـتەکانی ســـەدەی بیســـت و یەکدا فەیلەسـوفی بەریتانی "ج. ل. ئۆســـتن – J L Austin" قســـەکردنی بە ئەنجامدانی کارێک دانا. ئەگەرچی لەســـەرەتاوە ئوستن دەیویســـت تیۆرەکەی لەســـەر هەندێک جۆری رســـتە تاقیبکاتەوە، کە لە گەڵیدا کار ئەنجامدانیشـــی تێدایە، بۆ نمونە:





**ئەوا من ڕۆیشتم.**

لەم ڕستەیەدا لەگەڵ درکاندنیدا کاری "ڕۆیشتن"یش ئەنجامدەدرێت. بەڵام دواتر بۆ تەواوی قسەکردن هەمان تیۆری جێبەجێکرا. لە ژێر کاریگەری تیۆری کردە قسەییەکان واتای ڕستە بریتی نابێت لە واتای وشەیی و سیمانتیکی، بەڵکو کردەیەکە لە ڕێگەیەوە کارێک ئەنجامدەدرێت، یان مەبەستێک دیاریدەکرێت، کە لە هەمو بارەکاندا پەیوەستە بە (دەوروبەر – Context)ەوە. (واتای سینتاکسی ڕستە گرنگی نادات بە مەبەستی قسەکەر، بەڵکو مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەر(سیاق)دا دەردەکەوێت). (جرهارد هلبش: ٢٠٠٧: ٢٠٧) بۆ نمونە:

**بایەکی بەهێزی دێت**

واتای سینتاکسی ڕستەکە، بریتییە لە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندن، بەڵام کاتێک ڕستەکە بە دەوروبەر دەبەسترێتەوە، لەوانەیە مەبەستی قسەکەر (ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن، دڵنیاکردنەوە، ... تاد) بێت.

**پوختەی تیۆرەکە**

لەکاتێکدا لێکدانەوە بۆ هەر گوتنێک بکرێت پێویستە لە دو ڕووەوە لێکدانەوەی واتایی بۆ بکرێت. ڕویەکی ئاشکرا و ڕونی گوتنەکە، کە خۆی لە واتای سینتاکسی و سیمانتیکی ڕستەکەدا دەبینێتەوە و ڕوی دوەم بریتییە لە واتای شاراوەی مەبەستی قسەکەر، کە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە. کردەی قسەیی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر، جا لەبەر ئەوە هێزی گوتن بۆ گەیاندنی پەیامی سەرکەوتو پێویستە. ئەم هێزەش بە زمان دەردەبڕدرێت و پێویستی بە ئامرازەکانی کردەی قسەیی هەیە.هێزی گوتن، بە دو ڕێگا دەگەیەنرێت بە گوێگر:

**١/ هێزی ئاوازە و بۆتەی ڕێزمانی:**

**هێرشەکە ڕابگرن.** ← ئاوازەی ڕستە

ئەم ڕستەیە بەهۆی ئاوازەوە، کاریگەری ئەنجامدانی کارەکە دیاریدەکات.

**پێم باشە هێرشەکە ڕابگرن.** ← بۆتەی ڕێزمانی

هێزی ئەم گوتنەش لە بۆتە ڕێزمانییەکەیدا دەردەکەوێت.

لە هەردو باری سەرەوەدا لێلییەک لە گوتنەکەدا دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە مەرج نییە مەبەستی قسەکەر لە ئەنجامدانی کارەکە، هەمان مەبەست بێت لەلای گوێگر، واتە ئەم کارە مەرج نییە جێبەجێبکرێت.

**٢/ هێزی کاری ڕاپەڕاندن:**

**من فەرمانتان پێدەدەم کە هێرشەکە ڕابگرن.**

هێزی گوتنەکە، لە کاری ڕاپەڕاندنەکە (فەرمانتان پێدەدەم)دایە، کە هیچ لێلییەک لە ئەنجامدانی کاری ڕستەکادا ناهێڵێتەوە.

ئوستن بۆ پەیامی سەرکەوتو، کاری ڕاپەڕاندن، بە پێویست دەزانێ، چونکە هیچ جۆرە لێلییەک لە گوتنەکەدا ناهێڵێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، کارەکان بۆ دو جۆری (ڕاپەڕاندن و ناڕاپەڕاندن) دابەشدەکات، کاری ڕاپەڕاندنیش دەکات بە دو جۆر (ئاشکرا و شاراوە).

کا

Performative ڕاپەڕاندن — Constative ڕانەپەڕاندن

ڕاستەوخۆ "ئاشکرا" — ناڕاستەوخۆ "شاراوە"

بۆ زانیاری زیاتر، لە بارەی ئەم دابەشبونەوە، بڕوانە (قەیس کاکل: ١٩٩٥: ٤٨)

## جۆرەکانی کردە قسەییەکان The Types of The Speech Acts

یەکێک لە گرفتەکانی تیۆری کردە قسەییەکان، بریتییە لە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی جۆری کردەکان. هەر کردەیەکی قسەیی بە مەبەستێک بەکاردێت. کردەکان پەیوەست نین بە توانستی ڕستەیی، بەڵکو پەیوەستن بە توانای گەیاندنەوە. ئەمە وایکردوە، کە پۆلێنی جیاواز بۆ کردەکان بکرێت. بەگشتی کردە قسەییەکان بۆ دو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دابەشدەبن، وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**یەکەم/ کردە قسەییە ڕاستەوخۆکان:**

دو جۆر پۆلێنی باو هەیە، کە بە پۆلێنی (ئوستن و سێریل) ناسراوە. بە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ دادەنرێن، چونکە ڕاستەوخۆ کاری ڕاپەڕاندنی ئاشکرایان تێدایە.

**پۆلێنی ئوستن، بۆ کردە قسەیەکان:**

یەکەم سەرهەڵدانی تیۆری کردە قسەییەکان، بۆ وانە (محازەرە)کانی ئوستن دەگەڕێتەوە، ڕونیکردۆتەوە (چۆن کردەکان لە ڕێگای گوتنەکانەوە ئەنجامدەدرێن) (جرهارد هلبش: ٢٠٠٧: ٢٧١). ئوستن کردەکانی قسەکردنی لەسەر بنەمای ڕۆڵە بەدەستهاتوەکان دابەشی سەر پێنج جۆر کرد.

**١. کردەی بڕیارەکان** Verdictives

ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە، کە گوزارشت لەو بڕیارانە دەکەن، کە لەلایەن (سوێندخۆر، دادوەر، ناوبژیوان، ...تاد)ەو دەدرێن. بەڵام مەرج نییە بڕیاری کۆتایی بن، بەڵکو ڕێژەیی و گریمانەییە، وەکو کردەکانی (هەڵسەنگاندن، نرخاندن، بیرکردنەوە، ... تاد).

**٢. کردەی بڕیاردان** Executives

ئەو کردانەن، کە گوزارشت لە بڕیاردان لە بەرژەوەندی کەسێک، یان شتێک دەکەن، یان بە پێچەوانەوە، بۆ نمونە کردەکانی وەک (دەنگدان، قەدەغەکردن، داواکردن، ... تاد).

**٣. کردەی پەیماندان** Commisives

ئەو کردانەن کە قسەکەر پەیوەست بە ئەنجامدانی کارێک دەکات، وەک کردەکانی (پەیماندان، دانپیانان، ڕێککەوتن، ...تاد)

هەولێرنامەی کتێب





**٤. کردەی ڕەوشت** Behabitive

هەمو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامدەدرێن، وەکو (سەردانیکردن، سوپاسکردن، سەرەخۆشیکردن، ...تاد)

**٥. کردەکانی ڕونکردنەوە** Expositives

هەمو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە بەکاردێن بۆ ڕونکردنەوەی بۆچونێک، یان دەرخستنی بۆچونێک، بۆ نمونە کردەکانی (سوربون، بیرهێنانەوە، ئاگادارکردنەوە، ... تاد) (بڕوانە جرهارد هلپش: ٢٠٠٧: ٢٧٨).

**پۆلێنی سیریل بۆ کردە قسەییەکان:**

سیریل بۆچونەکانی ئوستنی فراوانکرد، کە لە کتێبەی بەناوی (The Speech Acts)دا خستییە ڕو. بەهەمان شێوە کردەکانی بۆ پێنج جۆر دابەشکردوە، بەم شێوەیە:

**١. کردەی نواندن** Representative

قسەکەر لەم جۆرە کردەیەدا، بارێک دەنوێنێت و وایپیشاندەدات، کە کەشێکی ئارام یان نائارام لە ئارادایە. جا ئەم نواندنە ڕاست بێت یان ناڕاست. وەکو کردەکانی (پێشبینیکردن، خستنەڕو، ڕودان، ...تاد).

**٢. کردەی ئاراستەکردن** Directives

ئەم کردانە وا لە گوێگر دەکات، کە بە ئەنجامدانی کارێک هەڵبستێت، وەکو (فەرمانپێکردن، ئامۆژگاریکردن، ڕێنماییپێدان، ... تاد).

**٣. کردەی پەیوەست بون** Commissive

لەم کردانەدا قسەکەر خۆی پەیوەست دەکات بە ئەنجامدانی کارێک لە داهاتودا، بۆ نمونە کردەکانی وەکو (بەڵێندان، هەڕەشەکردن، سوێندخواردن، ... تاد).

**٤. کردەی هەستدەربڕین** Expressive

قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە (ڕوداوێک، کەسێک یان شتێک) بۆ گوێگر، وەکو کردەکانی (پیرۆزبایی، سەرەخۆشیکردن، سوپاسکردن، ... تاد).

**٥. کردەی ڕاگەیاندن** Declaration

ئەم جۆرە کردانە بەوە جیادەکرێنەوە لەوانی دی، کە وابەستەی دەوروبەرن، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کردانە، پێویستە هۆکارەکانی وەک مزگەوت، ڕێکخراو، پارتی سیاسی، ... تاد هەبێت. وەکو کردەکانی (بانگەشەکردن، خۆپیشاندان، جاڕدان، ... تاد). (جرهارد هلپش: ٢٠٠٧: ٢٨٠).

**دوەم/ کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان**

لەو جۆرە ڕستانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە کاری ڕاپەڕاندنیان تێدانییە، بەڵکو هێزی ڕەوانبێژی گوتنەکە، یان بۆتەی ڕێزمانی ڕستەکە و بەستنەوەی بە واتای دەوروبەرەوە، جۆری کردەکە دیاریدەکات.

زۆر جار قسەکەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی پەنا دەباتە بەر کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ. لە کردەی قسەیی ڕاستەوخۆدا قسەکەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنا دەباتە بەر هۆکاری تری وەک (ڕێزمانی، ناڕێزمانی)، بۆ دەربڕینی هێزی ڕەوانبێژی گوتنەکە. قسەکەر بەهۆی ڕستەکەوە مەبەستێک دەردەبڕێت، کە واتای ڕێزمانی ڕستەکە نییە.

لەم جۆرە رستانەدا واتای رێزمانی رستەکە مەبەست نییە، بەڵکو قسەکەر مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی دیکەیە، کە لە واتای رێزمانی رستەکەدا نییە، بۆ نمونە:

**سێو بەسودە بۆ لەش.**

ئەگەر واتای رێزمانی رستەکە لێکبدرێتەوە، خۆی لە رستەیەکی (هەواڵگەیاندن یان پرسیاری)دا دەبینێتەوە، بەڵام بە بەستنەوەی واتای رستەکە بە دەوروبەرەوە، بۆ نمونە لە میواندارییەکدا، واتای رستەکە بریتی دەبێت لە:

**حەزم لە سێوە.**

**سێوەکەم پێبدە.**

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە توانایدایە تیمانبگەیەنێ، کە چۆن ئەو رستانەی هێزێکی رەوانبێژییان تێدایە، وەک بەشێک لە واتاکانیان دەتوانرێت، بۆ جێبەجێکردنی کردەیەک بەکاربێن، وەکو رستەی راگەیاندن، بۆ کردەی (ئاگادارکردنەوە، پێشنیار، فەرماندان، ... تاد).

**بەشی سێیەم**

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی دێرە شیعرەکانی ئەی رەقیب، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان**

**سەرەتا:**

ئەم دەقە شیعرییە، ئەگەرچی هەست و سۆزی شاعیرێکە، بەرامبەر نەیارانی نەتەوەکەی، بەڵام بە تێپەڕبونی کات، بوە بە گوتارێکی سیاسی و مایەی گۆشکردنی نەوە لەدوای نەوەی گەلی کورد. بۆ هەر گوتارێک جا سیاسی بێت یان ناسیاسی، پێویستە چەند رەگەزێک لە ناو گوتارەکەدا دەستنیشانبکرێ، کە هەر یەک لەم رەگەزانە لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، کە بریتین لە رەگەزی (شوێن- کات- ڕوداو- قسەکەر- گوێگر).

- **شوێن:** کەرکوک، شوێنی نوسینی دەقە شیعریی "ئەی رەقیب"ە

ئەم شارە بە درێژایی مێژوی سیاسی کوردەکان، خاڵی ململانێی نیوان کورد و گەلە سەردەستەکانی ناوچەکە بوە.

**کات: ساڵی ١٩٤٠**

دڵدار ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٤٠ نوسیوە، ئەو کاتەی لە قۆناغی ناوەندی بوە. کاتێک، سەرەتا بۆ چەند هاوڕێیەکی خوێندۆتەوە، یەکێک لەوانە، هەر بە ئاواز وتویەتییەوە، کە (شێخ حوسێن بەرزنجی) بوە. ئەم شیعرە تەنها لە نیوان ئەم هاوڕێیانەی دڵداردا دەمێنێتەوە، تا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و خوێندنی سرودەکە، وەک سرودی کۆمار. کاتێک ئەم هەواڵە بە دڵدار دەگەیەنن، کە شیعرەکەت بوە بە سرودی کۆماری کوردستان، دڵدار جگە لە گریان هیچی دیکەی بۆ ناوترێت (کازم عەبدولا توفیق: ٢٠١٢: ١٢).

**ڕوداو:** هەمو ئەو ڕوداوانەی بەسەر گەلەکەی دڵداردا هاتوە (واتە ڕوداوێکی دیاریکراو نەبوەتە هۆی نوسینی ئەم دەقە شیعرییە).

- **قسەکەر:** دڵدار (لەبری نەتەوەی کورد قسە دەکات).
- **گوێگر:** هەمو ئەوانەی دڵدار بە دوژمن و داگیرکەری کورد و کوردستانیان دەزانێت.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەی رەقیب

- کەرکوک -

ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان
نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سیەیریکە خوێناویە ڕابوردومان

ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە[١]
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕرەشێر
بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران

لاوی ئێستاش حازرو ئامادەنە ...
جانفیرانە جانفیدانە جانفیدان

لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەك دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان .

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی دێرە شیعرەکان:**

**دێری یەکەم**

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**

**نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

**ڕۆنانی دەرەوە:**

واتای ڕۆنانی دەرەوەی ئەم دێرەی سەرەوە، بریتییە لە ڕستەیەکی هەواڵگەیاندن.

**ڕۆنانی ناوەوە:**

ڕۆنانی ژێرەوەی چەند کردەیەکی قسەیی لەخۆ دەگرێت.

دەســتپێکی دێرەکە، مۆرفیمی (ئەی)یە، کە بۆ بانگکردن بەکاردێت، لە ڕوی واتاشــەوە کردەی (هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوە) دەگەیەنێت.

مۆرفیمی دوەمی دێرە شیعرەکە (رەقیب)ە، لە زمانی کوردیدا بە واتای دوژمن، یان نەیار دێت، (بەپێی بارودۆخی وتنەکە)، بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی، کە دەڵێت وشەکە عەرەبییە و واتای چاودێر دەگەیەنێت. بڕوانە (جەمال نەبەز: ٢٠١٣)

ئەم دو مۆرفیمە (ئەی رەقیب)، لە روی رستەسازییەوە فرەیزێکی ناوی پێکدێنن، لە روی واتاوە گەیاندنی پەیامێکە بە دوژمن، لە هەر کاتێکدا، کە پەیام بدریت بە دوژمن، پەیامێکی توند و هەڕەشە ئامێزە.

مۆرفیمی سییەم، بریتییە لە (هەر)، مۆرفیمێکە لە روی واتای پراگماتیکی گوزارشت لە کردەی جەختکردنەوە دەکات.

دوا مۆرفیمی نیوە دێری یەکەم، مۆرفیمی (زوبان)ە، بەستنەوەی واتای ئەم مۆرفیمە بە دەوروبەرەوە، ئەوە رون دەبێتەوە، کە زمان لە خەباتی سیاسی نەتەوەی کورددا، هۆکاری هەرە بە هێزی مانەوەیەتی*.

بەگشتی نیوەدێری یەکەم کردەی (ئاگادارکردنەوەی) تێدایە.

ئاگاداربە
ئاگاداردەکەمەوە
← دوژمن + کە قەومی کورد هەر دەمێنێت.

* لە هەندێک باردا زمانی کوردی لە "خاک" زیاتر کوردی وەک دیاردەیەکی جیاوازی کولتوری و نەتەوەیی ناساندوە و پاراستوە، ئەگەر کورد زمانەکەی لە دەست بدابایە، و تەنانەت وەک ئێستاش لەسەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە، بێ شک لەمێژبو لە نێوان نەتەوە سەردەستەکانی وەک "عەرەب و فارس و تورک" توابۆوە. چونکە گەلی کورد جگە لە زمانەکەی هیچ فاکتەرێکی بەهێزی تری نییە، تا لە نەتەوەکانی تری جیابکاتەوە. نەتەوەی کورد لە ئایندا هاوبەشە لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک، بەوەی زۆرینەی کورد موسڵمانە، لە ڕەنگی پێست و شێوەی دەم و چاودا هیچ جیاوازییەکی بەرچا و لە نێوانیاندا نییە، لە شێوەی جل و بەرگیشدا، بە کاریگەری جیهانگیری هەمو نەتەوەکان یەک جۆر جل و بەرگ دەپۆشن، ئێستا لە جیهاندا، جل و بەرگی نەتەوایەتی زۆرتر لە بۆنە نەتەوەییەکاندا دەپۆشرێت. بەشی هەرە زۆ ری کولتور و فەرهەنگی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش تێکەڵ و هاوبەشە، وەک ڕونیشە تا ئێستاش کورد خاوەنی سەروەری خاکی خۆی نییە، کەواتە زمان پارێزەر و ناسنامەی نەتەوی کوردە و لە خاک زیاتر کۆمەکی پێکردوە تا وەک نەتەوەیەک ناسنامەکەی لە دەست نەدات. (بێهزادی خۆشحاڵی: ٢٠٠٨ : ٢٤٢).

لە نیوە دێری دوەمدا فرەیزەکانی (دانەیی تۆپی زەمان) هەیە، کە ئاماژەیە، بە باشـــترین چەکی جیهان، لەو سـەردەمەدا. بەم لێکدانەوەیە، ڕوندەبێتەوە، کە دڵدار ڕو لە دوژمنانی دەکات و دڵنیاییان دەداتێ، کە بە باشترین چەکی سەردەمیش نەتەوەی کورد لەناوناچێت و هەر دەمێنێت.

دڵدار لەم دێرە شـــیعرییەدا، لە نیوەی یەکەمیدا ئاگاداری دوژمنانی نەتەوەکەی دەکاتەوە، کە نەتەوەی کورد، یان کورد زمانان ماون، کە ئەمە کردەی قســـەیی (ئاگادارکردنەوە)یە و هاوکات کردەی (شـــانازیکردن)یشـــە، لە نیوەی دوەمیشـــدا کردەی قســـەیی (دڵنیایی) تێدایە، کە بۆ داهاتوش دڵنیایی دەدات، لە مانی کورد.

**دێری دوەم**

### ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سور و شۆڕشین
### سەیریکە خوێناوییە ڕابردومان

لەم دێرەدا کردەی بیرهێنانەوە ئاراســـتەی دوژمن دەکات. کاتی ڕێزمانی رســـتەکەش لە نیوەدێری یەکەم کاتی ئێستا و نیوەدێری دوەم کاتی ڕابردودایە. جگە لە کردەی سەرەکی رستەکە (بیرهێنانەوە)، کردەیەکی تریش وەک ئاماژەی شانازیکردن بە نەتەوەکەیەوە دەبینرێت.

**دێری سێیەم**

### ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی خوسرەوین
### دینمانە ئاینمانە نیشتمان

لە نیوە دێری یەکەمدا کردەکانی (بیرهێنانەوە – ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. بە جۆرێک بیری دوژمنی دەهێنێتەوە، کە لە ڕابردوشـــدا هەوڵی لەم شـــێوەیەتداوە، بەڵام دەبێ ئاگاداربێ و لەبیرتبێ، کە هەردەمێین. لە نیوەدێری دوەمدا مۆرفیمەکانی (دین – ئایین) و یەکســـانکردنیان بە نیشـــتمان هەیە، لە کاتی بەستنەوەی واتای ئەم نیوە دێرە بە دەوروبەرەوە، ئەم کردە قسەییانەی تێدایە:

١. کردەی هەستدەربڕین.
٢. کردەی دوپاتکردنەوە.
٣. کردەی بەستنەوە.

دڵدار لە هەر ســێ کردەکاندا، هەســتی نەتەوەی کورد بۆ دوژمنانی دوپاتدەکاتەوە، کە نەتەوەی کورد وابەســـتەی نیشـــتمانەکەیەتی لە پێشـــی هەر شـــتێکی دیکەدا، هاوکات بەســـتنەوەی دیاردەی نیشتمانی بونی ئیمپراتۆریەتی میدییەکانە، کە چۆن نیشتمانی بون لەلایان پێش ئایندارنونیان بوە، با ئاینی زەردەشتییەوە (کە ئەو کات ئاینی زۆرینەی خەڵکی بوە).

لە ڕوی واتاییشەوە، مۆرفیمی (ە)، کە بە وشەی (ئاینمان)ەوە لکاوە، گوزارشت لە جەختکردنەوە دەکات. ئەگەر بێت و مۆرفیمی (هەر)ی لەگەڵدابێت، وەک لە هەندێک سەرچاوەدا ئاماژەیان پێکردوە، ئەوا جەختکردنەوەکە زیاتر دەبێت.

**دێری چوارەم**

### کەس نەڵی کورد مردوە کورد زیندوە
### زیندوە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان

لەم دێرەشدا کردەی قسەیی (ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. لە نیوە دیری یەکەمدا ئاگادارکردنەوەکە، بۆ ئێستایە، و لە نیوەدێری دوەمدا بۆ داهاتوە.

**دێری پێنجەم**

**چەند هەزار لاوانی کوردی نەپڕەشێر**

**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**

ئەم دێرە شیعرە بە هەردو نیوە دێرەکەی، ڕستەیەکە، کە تەنها کردەی قسەیی (بیرهێنانەوە)ی تێدایە، کاتی ڕودانی کاری ڕستەکەس ڕابردوە.

**دێری شەشەم**

**لاوی ئێستاش حازر و ئامادەیە**

**جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان**

کردەی قسەیی لەم دێرەدا، بریتین لە کردەکانی (ئاگادارکردنەوە و جەختکردنەوە).

نیوەدێری یەکەم کردەی ئـاگـادارکردنەوەی تێـدایە. نیوەدێری دوەم کردەی جەختکردنەوەی تێدایە، بەشـــێوەیەکی بەرفراوان، وەک لەدوپاتبونەوەی وشـــەی (جانفیدا) دەبینرێت. بەهۆی بونی مۆرفیمی (ە) لە دوای مۆرفیمەکانی (جانفیدا)، کاتی ڕودانی کارەکەمان پیشـــاندەدات لە ئێســـتا و داهاتوشدا.

**دێری حەوتەم**

**لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر**

**سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان**

لەم دێرەدا، کردەی قســەیی (هەرەشـــەکردن)ی تێدایە، کە لە مۆرفیمەکانی (هەڵســانە ســەرپێ، دلێر، خوێن) دەبینرێن. ئەم هەرەشەکردنە، لە ئێستاوە دەستپێدەکات و بۆ ئایندەش بەردەوامدەبێت.

**دێری هەشتەم**

**کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە**

**زیندوە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

لەم دێرەشدا کردەی قسەیی (ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە. لە نیوە دیری یەکەمدا ئاگادارکردنەوەکە، بۆ ئێستایە، و لە نیوەدێری دوەمدا بۆ داهاتوە.

دوبارەکردنەوەی ئەم دێرە لە کۆتاییدا، دڵنیایی ئەوە دەدات، کە هەڵگرانی ئاڵای کوردبون و کوردزمانان هەر دەمێنن.

**ئەو کردانەی کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعری (ئەی ڕەقیب)دا هاتوە، بریتین لە:**

**١. کردەی ئاگادارکردنەوە:**

پەیوەستە بە زانیاری قسەکەر. گوێگر ئاگاداردەکاتەوە و زانیاری پێدەبەخشێت و داوا لە گوێگر دەکات، بەپێی پێویستی کردەکە هەڵسوکەوت بکات.

**٢. کردەی دڵنیایی:**

لەم جۆرە کردەیەدا قســـەکەر گوێگر دڵنیادەکاتەوە، کە ســـورە لەســـەر پەیمانەکەی خۆی، و نایەوێت سازشی لەسەر بکات.

**٣. کردەی بیرهێنانەوە:**

قســـەکەر هەوڵدەدات کۆمەڵێک زانیاری بە بیر گوێگر بهێنێتەوە، بە مەبەســـتی گلەییکردن یان شەرمەزارکردن.

**٤. کردەی هەڕەشەکردن:**

لەم جۆرە کردانەدا قسەکەر باڵادەستی خۆی بەسەر گوێگردا دەسەپێنێ و هەوڵدەدات گوێگر ملکەچی داوا و مەبەستەکەی خۆی بکات. مەرجی سەرکەوتنی ئەم کردەیە، بریتییە لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکە.

**٥. کردەی هەستدەربڕین:**

قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر بە گوێگر.

**٦. کردەی جەختکردنەوە:**

قسەکەر جەخت لەسەر ئەو بەڵێنەی خۆی دەکاتەوە، کە بە گوێگری داوە.

**٧. کردەی پەیماندان:**

قسەکەر پەیمان بە گوێگر دەدات، کە لە ئێستا و داهاتودا، پەیوەستی پەیمانەکەی خۆی دەبێت.

**٨. کردەی بەستنەوە:**

قسەکەر هەوڵدەدات، دو روداو یان دو دیاردە بەیەکەوە ببەستێت، کە یەکێکیان نمونەی باڵایە بۆ ئەوەی دیکەیان.

ئەمانەی کە لەسەرەوە باسکران، تەواوی ئەو کردە قسەییانەن، کە لە دەقە شیعری ئەی ڕەقیبدا هاتون.

**ئەنجام**

کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێکەوتەوە:

١. ئەم گوتارە لە شێوەی دەقێکی شیعریدایە و وەک پەیام ئاراستەی دوژمنی نەتەوەیەک کراوە، سروشتی ئاراستەکردنی پەیامی بۆ دوژمنیش سروشتێکی هەرەشە ئامێزە، بۆیە پەیامەکان پەیامی توندن.

٢. لە شیکردنەوەی دەقەکەدا دەرکەوت ژمارەی کردەکانی بەم جۆرە بەکارهێناوە:

| جۆری کردەکان | چەند جارەی دوبارەبونەوەیان |
|---|---|
| کردەی ئاگادارکردنەوە | ٦ |
| کردەی جەختکردنەوە | ٣ |
| کردەی بیرهێنانەوە | ٣ |
| کردەی هەرەشەکردن | ٢ |
| کردەی شانازیکردن | ٢ |
| کردەی دڵنیاییکردنەوە | ١ |
| کردەی هەستدەربڕین | ١ |
| کردەی بەستنەوە | ١ |

بە سەرنجدان لە ژمارەی کردەکان، دەردەکەویت، کە زۆرترین مەبەستی نێرەر، بۆ ئاگادارکردنەوەی وەرگرە، لەوەی کە بەپێی پێویست هەڵسوکەوت بکات.

٣. کردە قسەییەکانی دەقە شیعری "ئەی رەقیب"، لە کات و شوێن و دەقی تردا دوبارە بونەتەوە، بەڵام کاریگەری ئەویان نەبوە، بەهۆی ئەوەی هیچ دەقێکی تر ئەوەندەی "ئەی رەقیب"، نەبوە بە پەیامی نەتەوەیی کورد.

٤. ئەم دەقە شیعرییە هیچ جۆرە بێ باوەڕی و بە کەم سەیرکردنێکی ئاینی تێدانییە، بە بەڵگەی ئەوەی لەم دێرەدا کە باسی ئاین دەکات، کردەی قسەیی (بەستنەوە) هەیە، کە ئاماژەیە بە بەستنەوەی دۆخی ئێستای نەتەوەی کورد بە سەردەمێکی مێژوییەوە (ئیمپراتۆرییەتی میدییەکان)، و ئاینەکەیان، کە لەنێویدا نیشتمان و خاک پیرۆزترە لە هەر شتێکی دیکە.

هەواڵنامەی کتێب

**لیستی سەرچاوەکان**


١. بێهزادی خۆشحاڵی، فیلۆلۆجیای زوانی کوردی و مێژوی کوردستان، ٢٠٠٨ ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢. جرهارد هلبش،(٢٠٠٧)، تطور علم اللغه منذ عام ١٩٧٠، ترجمه ا. د. سـعید حسـن بحیری، الطبعه الاولی، مکتبه زهراء الشرق، قاهره.

٣. حسـین خمری، (٢٠٠٧)، نظریه النص من البنیه المعنی الی سـیمیائیه الدال، الطبعه الاولی، مطبعه الدار العربیه للعلوم ناشرون، الجزائر.

٤. دیار عەلی کەمال، (٢٠٠٩)، گوتاری سـیاسـی کوردی لە روانگەی پێشـگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥. شێرکۆ حەمەئەمین قادر، (٢٠٠٩)، شیکارێکی گوتاریی چیرۆکەهەواڵ، کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٦. عەبدولخالق عەلائەدین، (١٩٨٥)، دڵدار شعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی (دار آفاق عربیه للصحافه و النشر)، بەغداد.

٧. قەیس کاکل تۆفیق، (١٩٩٥)، جۆرەکانی رسـتە و تیۆری کردە قسـەییەکان،نامەی ماسـتەر، زامکۆی سەلاحەدین، هەولیر.

٨. کازم عەبدولا تۆفیق، (٢٠١٢)، ئازاری فام و ژانی بێ ژوان، چاپی دوەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٩. محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، ئەکادیمایی کوردی، هەولیر.

١٠. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، ٢٠١٠ ، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر

١١. محمود عوکاشه، (٢٠٠٥)، لغه الخطاب السیاسی، دراسه لغویه تطبیقیه فی ضوء نظریه الاتصال، الطبعه الاولی، مطبعه الدار النشر للجامعات، قاهره.

12. David Crystal, (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Blackwell,

13. Stephen C. Levinson, (1997) Pragmatics, Cambridge.

١٤. جەمال نەبەز، (٢٠١٣)، شیکردنەوەی زاراوەی (رەقیب).

## ملخص البحث

هذا البحث الموسـوم ب(التحليل التطبيقي لقصـيدة (ئەی ڕەقیب) في ضـوء نظرية الفعل الكلامي ) ، دراسة تطبيقية ، ومحاولة لتحليل النص الشعري والنشيد الوطني (ئەی ڕەقیب) ، وذلك بحسب الفعل الكلامي ، وقد قام البحث على أسـاس البنية الفعلية للكلام وفعل توجيه الرسـالة ، وحاول بيان تأثير المثير لدى المرسِل والمرسَل إليه .

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة فصول وعلى النحو الآتي :

– في الفصـل الأول تطرق البحث إلى علم التطبيق وأهميته في تحليل النصـوص ،وفي فقرة من فقرات الفصل تناول بيان المصطلح وأهمية الخطاب وعناصر الخطاب ، مع مقارنة بين النص والخطاب.

– وخصـص الفصـل الثاني لدراسـة نظرية الفعل الكلامي ، ودورها في تفسـير الرسـائل المؤطرة بالخطاب وتحليلها ،، وكذلك بيان نوعية الفعل الكلامي بحسب تصنيفي أوستن وسيريل .

– وفي الفصل الثالث حاولنا تسليط الضوء على الأفعال الكلامية في النصوص والأبيات الشعرية (ئەی ڕەقیب) كخطاب قومي بالنقد والتحليل ، وفي هذا القسم حاولنا تحديد معظم الافعال الكلامية في أبيات النص الشـعري ، واتجاه الأفعال وتأثير الخطاب وتوضـيحه. و في الآخير تم اسـتعراض آهم النتائج التي تمخض عنها الدراسة.



## Abstract

"A Pragmatics Analysis of the poetic text (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب) according to the Speech Act theory" is the title of a pragmatics research, and an attempt to analyze the poetic text and script of the national anthem (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب) in the light of the Speech Act theory. The study relies on the two bases of the act of speaking and the act of directing the message, and it attempts to show the effect and the interacting influence of the message on the sender and receiver.

The research comprises an introduction and three sections as follows:

• In the first section, the principle of pragmatics and its significance in text analysis is demonstrated. Regarding other aspects, discourse terminology and discourse significance are also addressed and discourse categories are identified as well as the comparison between text and discourse.

• The second section is devoted to discuss the Speech Act theories and their roles in interpreting and analyzing the messages which fall under the framework of discourse analysis. The type of Speech Acts, based on Austin and Searle classification, is also presented in the section.

• The third section is devoted to work on analyzing those speech acts which are found between the lines of the poetic text (Ay Reqib - ئەی ڕەقیب). As a nationalistic discourse, it is put under the light of a critical, precise analysis. In this section, it is also attempted to identify all the speech acts found in between the lines of the poem and to explain the speech direction and the influence of the message.

Finally the conclusions are put forth.

# ناسیونالیزم و ئەدەب

# ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەیی لە شیعری دڵدار و فەڕڕوخی یەزدی دا

**فەرهاد عەزیز حەسەن**
**مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە-مەخموور**
**بەشی زمانی کوردی**

**پێشەکی**

بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی چارێگی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەسپێکی گۆڕانکارییە فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هۆکارەکەشی بۆ ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامدا هێڵە جوگرافییەکان سەرلەنوێ داڕێژرانەوە و دواجار کۆمەڵێک دەوڵەتی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر بنەمای نەتەوە دامەزران. ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕێگەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوسا وەکو بەریتانیا و فەڕەنسا بەپێی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی جێبەجێ کران. بەداخەوە کورد وەکو نەتەوە و کوردستان وەکو جوگرافیای نەتەوەیی لەم گۆڕانکارییە مێژووییەدا بەر ستەمی زێدەخوازی و پیلانی دەوڵەتانی داگیرکەر کەوت و مافی نەتەوەیی کورد پێشێل کرا.

هەر لە سەرەتای گۆڕانکارییەکان چینی بژاردەی کۆمەڵگەی کوردی هەستی بەم ستەمە کرد و بەرەنگاری بوونەوە و هەوڵی زۆریاندا تاکو کوردیش بە مافە ڕەواکانی بگا، بەڵام هەوڵەکان بێ سوود بوون و نەتەوەی کورد و جوگرافیاکەی بەسەر دەوڵەتە تازە دامەزراوەکاندا دابەشکرا. لێرەوە بوو کە بڵێسەی ئاگری شۆڕش و سەرهەڵدانەکان دژی داگیرکەران گەڵپەی کرد و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونی تاکی کورد چەکەرەی کرد. ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کورد دەورێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبوو لە وشیارکردنەوەی خەڵک و بەرزکردنەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ئەم بڵێسە بەتینە لە بواری ئەدەبدا هاوشێوەی بوارەکانی دیکە تەشەنەی کرد و کۆمەڵە شاعیرێکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر، بە خامەی ئاگرین و پڕ لە تووڕەیی و هیوا، هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەییان خستە سەر ڕووپەڕی لاپەڕە وشک و بێگیانەکان و گیانێکی تازەیان بەبەر جەستەی ماندووی غەدر لێکراوی کوردستاندا هێنایەوە.

هەستی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی سەرەکی ترین مەبەستە شیعرییەکانی ئەم قۆناغەن و دەفتەری شاعیرانی نەتەوەخواز و ڕزگاریخواز گەواهیدەری ئەم بابەتەن و هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی مافی گەل لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی مێژوو و زمان و جوگرافیا و کولتوور و ...هتاد، شایەنی ڕێزگرتنن کە دواجار ڕۆشنکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی لای تاکی کۆمەڵگەی لێکەوتەوە.

ئەدەبی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بنچینەیی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵدا. لە باشووری کوردستاندا کە بە دەوڵەتی عێراق لکێنرابوو هەر لە سەرەتاوە شاعیران و ئەدیبان ڕێچکەی خۆیان دۆزییەوە. لە وڵاتی

ئێرانیشدا لە دوای سەرهەڵدانی مەشرووتییەت و دواجار ڕووخانی دەوڵەتی قاجار و داگیرکردنی ئەم وڵاتە لە لایەن بەریتانیا و ڕوسیاوە، هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری ڕێچکەیەکی نوێی وەرگرت.

دڵداری شاعیر و ڕۆشنبیر و یاسازانی کورد و فەڕڕوخی یەزدی شاعیر و چالاکوانی سیاسی و ڕۆژنامەوانی ئێرانی دوو نموونەی دیار و بەرزی ئەم سەردەمەی کوردستان (باشووری کوردستان) و ئێران بوون. ئەم دوو شاعیرە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە هەوڵی وشیارکردنەوەی تاک و دواجار کۆمەڵگەیان دەدا، تاکو گیانی شۆڕشگێڕی و ڕزگاریخوازی و سەرفیرازی نیشتمان لە دەروونی خەڵکی چەوساوەی وڵاتەکەیان پەروەردە بکەن. بە بەراوردکردنی دیوانی ئەم دوو شاعیرە، کۆمەڵە پرسێکی هاوبەش سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بەدی دەکرێن کە بەگشتی بریتیین لە: گەڕانەوە بۆ ڕابووردووی پڕ سەروەری، هاندانی خەڵکی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، گرنگی دان بە ژیانی چینی چەوساوە و پیشاندانی نەهامەتی و ئازارەکانیان، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتداران و بەکرێگیراوان و لۆمەکردنی کۆمەڵگە، بانگەشەکردن بۆ یەکڕیزی و ڕاپەڕین و دەستەبەرکردنی سەربەستی. ئەم برگانەی سەرەوە لە چوارچێوەی دیوانی شیعریی ئەم دوو شاعیرەدا لە ژێر چەند ناونیشانێکدا تاوتوێ و بەراورد دەکرێن.

**یەکەم: مێژوو و ڕابووردووی پڕ سەروەری**

ئەم دوو شاعیرە زۆر هەوڵیان داوە لە ڕێگەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی گەل و بەبیرهێنانەوەی ڕابووردووی پڕ سەروەری و شکۆداری نەتەوەیی، هەستی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری لە دڵ و دەروونی هاونیشتمانیان پەروەردە بکەن. دڵدار لە شیعری (ئەی ڕەقیب)دا ئاماژە بە ڕابووردووی شکۆداری گەلی کورد دەکا و بە ڕاشکاوی دەڵێ: (ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین) ئەو میدیایەی کە لە ڕابووردوودا ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن و بەهێز بووە و خاوەنی پاشا و دەسەڵاتداری مەزنی وەکو کەیخوسرەو بووە. ئێمە کە مێژوویەکی پڕ سەروەریمان هەبووە و ڕۆڵە و پاشماوەی ئەم دەسەڵاتدارە مەزنە بووینە، چۆن دەبێ ئێستا بێکیان و دەوڵەت و بێ سەروەر و سەرکردە بین؟! ئەم پارچە شیعرە دەروونی وشیاری تاکی کورد هەڵدەتەکێنێ و کاریگەرییەکی وەها بەهێزی بەسەر هەستی نەتەوایەتی گەلی کورددا هەبووە کە لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباددا بە سروودی نیشتمانی دەسنیشان دەکرێ و تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەگووترێتەوە و دڵ و دەروونی ناسیۆنالیزمی گەلی کوردی پێ پەروەردە بووە و دەروازەکانی شووناسی نەتەوەیی بەڕووی تاکی کورددا واڵا کردووە. هەر لەم شیعرەدا دڵدار نیشتمان و خاکی کوردستان وەها بە پیرۆز و شکۆمەند دەزانێ کە پێیوایە شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد خۆی لە نیشتماندا پیشان دەدا نەک لە دین و ئایینەکەیدا بۆیە بە ڕاشکاوی و بێ دوودڵی هاوار دەکا و دەڵێ:

ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین
دینمان ئایینمانە نیشتمان (دیوانی دڵدار، ل )

لە شیعرێکی دیکەدا جارێکی دیکە دڵدار جەخت لەسەر ڕابووردوو و مێژووی نەتەوەکەی دەکاتەوە و لۆمەی لاوی کورد دەکا کە ئێوە میراتگری خاکی کوردستان و مێژووی پڕ خوێن و سەروەریین، کەچی ئێستا دەست لە ئەژنۆ دانیشتوون و بەچاوی خۆتان زەبوونی خاک و نیشتمان

و لەناو چوونی ئەو هەموو شکۆ و مێژووە دەبینن و تەنیا لە کاتی بەدمەستیدا نیشتمانتان بەبیرە.
لەم پارچە شیعرەدا بە زمانێکی نەرم و ناسک و رەخنەئامێز لاوەکان شەرمەزار دەکا و دەڵێ:

عەیبە ئەی لاو خاوەنی ئەم شاخ و داخی کوردی تۆ
خاوەنی تەئریخی خوێنین و دلێری و گوردی تۆ
عەیبە بێکاری هەتاکەی سەیری ناکەی مردی تۆ
عەیبە چیتر بەس لە دەوری مەی بکەن غیرەت کەشی

(دیوانی دڵدار، ل )

لە بەرامبەردا فەڕوخی یەزدیش بە هەمان شێوە، ڕابووردووی پڕ سەروەری شکۆداری ئێرانی لە چوارچێوەی هەڵبەستێکی نیشتمانپەروەرانە داوە و پێیوایە ئەو ئێرانەی کە خاکی (کەیکاووس و داریووش) بووە، چۆن دەبێ بە پۆستاڵی دوژمنی داگیرکەری وەکو بەریتانیا و ڕووسیا بشێلدرێ و وەکو دڵدار هەوڵی پتەوکردنی هەستی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و نیشتمانپەروەری لە ناو کۆمەلانی خەڵکی ئێراندا بڵاودەکاتەوە:

این همان ایران کە منزلگاه کیکاوس بود
خوابگاه داریوش و مامن سیروس بود
جای زال و روستم و گودرز و گیو و توس
نی چنین پامال جور انگلیس و روس بود

(دیوان فرخی، ل ١٨٦)

واتا: (ئێرە هەمان ئەو ئێرانەیە کە کەیکاووس و داریوش و سیروس تێیدا پاشا بوونە، خاکی زاڵ و ڕۆستەم و پاڵەوانە نەبەردەکان بووە، چۆن دەبێ ئێستا لەلایەن بەریتانیا و ڕووسیا داگیر بکرێ.)

ای چە خوش آن روزی کە ایران بود چون خلد برین
وسعت این خاک از روم بودی تا بە چین

(دیوانی فەڕوخی، ل ١٨٧)

واتا: (یادی بەخێر ئەم ئێرانە کە ڕۆژگارێک وەکو بەهەشتی سەر زەوی بوو. فراوانی خاکەکەی لە وڵاتی ڕۆم تاکو چین بوو.)

**دووەم: گرنگی دان بە ژیانی چینی چەوساوە و پیشاندانی ئازار و کێشەکانیان**

دڵدار و فەڕوخی، لە بەرامبەر بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشتمانەکەیان و کاریگەریان بەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی زۆر هەستیار بوونە. لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئازار و مەینەتی و شێوازی ژیانی خەڵکیان داوە و ئامانجیان وشیارکردنەوە و بەرچاوڕوونی کۆمەلانی خەڵکی وڵاتەکەیان بووە. بۆیە گرنگییەکی تەواویان بە ژیانی پڕ مەینەتی جووتیار و کرێکار و ڕەنجبەران داوە.

گرنگی دان بە ژیانی چینی چەوساوە و پیشاندانی ئازار و کێشەکانیان، لە دیوانی دڵداردا پشکی شێری بەر دەکەوێ، چونکە باوەڕی وابووە تاکو جووتیار و کرێکاران و ڕەنجبەران بەرچاویان ڕوون نەبێ و ماف و ئەرکەکانیان بۆ ڕوون نەکرێتەوە، کۆمەڵگەی کوردی پێش ناکەوێ. بۆیە لە شیعرەکانیدا بەرگری لە جووتیار و کرێکار کردووە. ڕەخنەی لە دەستدرێژی دەرەبەگەکان بۆ ژیانی





ئەم توێژە گرتووە. پشتیوانی لێکردوون و هانی داون دژی دەرەبەگ و ستەمکاران بوەستنەوە. لە شیعری (ئەی خودا)دا شاعیر ڕوو لە قاپی یەزدان دەکا و گلەیی ڕەنجەڕۆیی ئەم توێژە ماندووە لە خوا دەکا و دەڵێ:

ڕۆژێ فەرمووت (لیس للانسان الا ما سعی)
هیچ کەسێکیش هێندی فەللاح ئیش و کێڵانی نییە
ئیش ئەکات و ڕەنج ئەدات و ڕووت و قووت و زگ بەتاڵ
ئاخری بێسوود ئەمینێ ساڵ کە بارانی نییە
ڕا ئەمینێ ڕەنجەڕۆ و دەست لە ئەژنۆ و قوڕبەسەر
ڕاستە شاهی بێ شەریک باکی گەدایانی نییە

(دیوانی دڵدار، ل )

شاعیر بەمەندە ناوەستێ و لە شیعری (توتنەوان)دا بە شێوازێکی ڕیالیستی وێنای سیمای ژیانی جووتیارێکی ڕەنجەڕۆمان بۆ دەکا کە هێما و نموونەی ژیانی گشت جووتیارانی کوردستانە. ئامانجی دڵدار ئەوەیە تاکو توێژە چەوساوەکان بە چاوی سەر، ڕەنجەڕۆیی خۆیان ببینن و لە ژیانی پڕ ناسۆریان بڕوانن.

ڕۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما
ئاودێرێکی ڕووت توتنی ئاو ئەدا
زەرد و بێ هێز و لاواز و نەخۆش
ماڵ وێران، پەڕپووت، بەدەم لەرزەتا (دیوانی دڵدار، ل )

لە شیعری (کەپری ئاودێر) لە گۆشەنیگای توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەوە وێنای ژیانی سادە و ساکار و هەژارانەی جووتیارمان بۆ دەکا و ئازاری ژیانی پڕ مەینەتی ماڵ و منداڵی جووتیار و نەخۆشی و بێ دەرەتانیان دەخاتە چوارچێوەی وشە و دەڵێ:

کەپرێکی دارگەز، نارێک دامەزراو
بە پووش و گەڵای چڕوو سەرگیراو
بۆ پارێزگاری خۆرە تاو و تۆز
بە چیخێکی شڕ سێ دەوری دراو

...

ئافرەتێک لەولا، لاڵ و پەت کەوتو
بێ هۆش لەبەر تا، لە برسا ژاکاو
منداڵێکی لەڕ عومری شەش ساڵان
لەپەو ڕووکەوتوو، بێ مل، پەشۆکاو (دیوانی دڵدار، ل )

دڵدار پەنجە دەخاتە سەر هۆکارەکان و لە شیعری (ماڵ وێرانی)دا هۆکاری ئەم ژیانە ناهەموار و پڕ ئازارەی جووتیار پیشان دەدا و ئاماژە بە دەسەڵاتی ستەمکارانەی چینی دەرەبەگ دەکا کە چۆن دەست بەسەر بەری ڕەنجی ڕەنجبەراندا دەگرن و بە بەڵێنی درۆ لە خشتەیان دەبەن و خوێنی هەژاران هەڵدەمژن. لەم شیعرەدا دڵدار لە سەر زمانی جووتیاری ماف خوراو دەدوێ و بە کوێخوای دەرەبەگی ستەمکار دەڵێ بەڵێنەکانت درۆ بوون و مافەکانی منت نەداوە و داوای بەرهەمیشم

لێدەکەی؟ کەچی کێخوا بە توندی لێی دێتە دەنگ و پێی دەڵێ: نە تەنیا مافەکانی خۆت بە زیادەوە وەرگرتووە، بەڵکو قەرزداریشی. لەم گفتوگۆیەدا جگە لەوەی دڵدار ستەمی دەرەبەگ و بێ دەسەڵاتی چینی ڕەنجبەر دەخاتەڕوو، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی پشتەوەی ئەم بارودۆخەش ئاشکرا دەکا کە بریتییە لەوەی هیچ یاسایەک لە وڵاتی پاشاگەردانیدا پشتیوانی لەم توێژە ناکا و ئەو سیستەمەی کە وڵاتی پێوە بەڕێوە دەبرێ دەخاتە ژێر پرسیار.

ئینسافت هەبێ، سەیری حاڵم کە     ڕەوشتت چۆنە، چۆنت من هێنا
هەتا ئیقناعت کردم بە ئاودێر     خۆت کردە نۆکەر منت کرد ئاغا
کە هاتم زگم کەوتە سەر زەوی     توتنم چاند و ڕەنجی شانم دا
ئەڵێم دار بکرە، ئەڵێم داو بێنە     ئەڵێم برسیمە، ئەڵێی پارە کوا؟
من بەبێ پارە و منداڵم برسی     لە کوێ قوڕ بێنم بیکەم بە سەرما
کوێخواکە ووتی عەولا گوێ بگرە     پیاو ئەمەتا، شت لە یاد نەکا
ئێمە قەوڵمان نۆهەت دینار بوو     سەدوبیستت خوارد هەتاکو ئێستا
ئێستاش بەرۆکم ئەگری بۆ پارە     پارەی چی کورە؟ خوارداشتت نەما!

(دیوانی دڵدار، )

دڵدار لە شیعری (حساو)دا یەکگرتنی مەلا وەکو نوێنەری هێزی یاسا لەگەڵ دەسەڵاتی دەرەبەگ دەخاتە بەر نەشتەری ڕەخنە و ئاماژە بەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەکا کە لەوسای کوردستاندا باوبووە و مەلا و دەرەبەگ دەست لەناو دەست پلانی داگیرکردنی بەری ڕەنجی چینی هەژاران دەدەن و هۆکارەکەشی بۆ نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی ئەوسای کوردستان دەگەڕێتەوە. مەلا لە دەستی ڕاستی کوێخوای دەرەبەگ وەستاوە و دەست بۆ دەفتەر دەبا و بە فێڵ و فیشاڵ حیساباتی جووتیاری ڕەنجەڕۆ دەکا:

مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەرکرد     دەفتەر چ دەفتەر پەڕپووت و گەچڵاو
ئەرقامی زل زل خەتی خوار و خێچ     ئیملا فارسی بە کوردی نووسراو
نەمدی پەڕێکی بێفێڵ نووسراوبێ     نەمدی ووشەیەک ساغ و نەڕنراو
مەلا دەفتەری سەرەو ژێر دەکرد     عەولا مونتەزیر ملکەچ و داماو
کێخوا سمێڵی مشت و ماڵ دەکرد     منیش بیر لە سەد (عەولای) ماڵ ڕماو

(دیوانی دڵدار، ل )

فەڕوخی یەزدی لە شیعرەکانیدا وێنای ژیانی ناهەمواری جووتیار و کرێکاران دەکا و هەڵوەستە لەسەر پێشێلکردنی مافەکانیان لەلایەن دەسەڵاتداران دەکا و خاڵ لەسەر گیروگرفت و کێشەکانیان دادەنێ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیانی ئەم توێژە دەکاتە ئامرازێک بۆ پیشاندانی گەندەڵی و ستەمی حوکمڕانانی وڵاتەکەی و لە بری ئەوان دێتە گۆ و لە دڵەوە هاوار دەکا و دەڵێ:

گر خدا خواهد بجوشد بحر بی پایان خون
می شوند این ناخدایان غرق در توفان خون
کارگر را بهر دفع کارفرمایان چو تیپ



هەواڵنامەی کتێب

با سر شمشیر خونین می دهم فرمان خون
کلبهء بی سقف دهقان را چو آرم در نظر
کاخ های سر به کیوان را کنم ایوان خون

(دیوان فرخی، ل )

(ئەگەر خوا خواستی لەسەر بێ دەریای خوێن هەڵدەستێ و ئەم کاربەدەستانە لەناو ئەم دەریا پڕ خوێنەدا نقووم دەبن. داوا لە کرێکاران دەکەم ڕێککەون و بە شمشێری خوێنینەوە ڕووبەڕوویان ببنەوە. کاتێک کۆخی پەڕپووت و وێرانی جووتیاران دێنمە بەرچاوم، پێمخۆشە کۆشکی شکۆداری زۆرداران خوێنی لە بچۆڕێتەوە.)

لەم شیعرەدا شاعیری ئێرانیش وەکو شاعیری کورد دیمەنی ژیانی توێژی چەوساوە بە وێنا دەکێشێ. ئەو ژیانەی کە لەناو کۆخێکی سادە و ساکار و پەرپووتدا خورد کراوەتەوە و لە بەرامبەردا زۆردار و دەرەبەگ بە زەوتکردنی بەری ڕەنجی ئەوانەوە کۆشکی شکۆداریان بۆ خۆیان بنیات ناوە. لە ڕوانگەی فەڕڕوخییەوە ژیانی ناهەمواری ئەم توێژە بەرهەمی دەستی ستەمکارانەی دەسەڵاتدارانە. لە شیعری خوارەوەدا پتر جەخت لەوە دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدا کە ئەو حوکمڕانانەی بەردەوام خەریکی بادەنۆشی و ڕابواردنن لە دەرەوەی وڵات، هەرگیز بیر لە ژیانی ئەوان ناکەنەوە.

سرپرست ما که می نوشد سبک رطل گران را
میکند پامال شهوت دست رنج دیگران را
پیکر عریان دهقان را در ایران یاد نارد
آن که در پاریس می بوسد روی سیمین پیکران را

(دیوان فرخی، ل٨٤)

واتا: (بەرپرسەکانی ئێمە کە خەریکی مەی خواردنەوەن و بۆ هەوەسبازی خۆیان دەست بەسەر بەری ڕەنجی جووتیاران دادەگرن، ژیانی ناهەموار و هەژارانەی جووتیارانی ئێرانیان پشتگوێ خستووە، ئەوانەی لە پاریس لەگەڵ ئافرەتی سوزانی ڕادەبووێرن.)

لە شیعری خوارەوەدا فەڕڕوخی ئاماژە بە بێ دەرەتانی و هەژاری توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی دەکا و هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ بێکاری دەگەڕێنێتەوە. لەم وڵاتەدا کۆمەڵە کەسێک دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی وڵاتدا گرتووە و خەڵکی ڕەش و ڕووتیش تەنیا خەریکی گریانن و لە ژیانێکی پەست و زەبوونیدا بەسەر دەبەن.

تا رسم غنی غیر دل آزاری نیست
از بهر فقیر چاره جز گریه و زاری نیست
این خاری و این ذلت و این فقر عموم
بی شبهه بجز علت بیکاری نیست (دیوان فرخی، ل٢١٧)

واتا: (تا ئەو دەمەی پیشەی ساماندارانی جگە لە ئازاردان نەبێ، بەرهەمی هەژاران لەم ژیانەدا جگە لە گریان و زاری نابێ. بێگومان ئەم پەستی و زەبوونییەی خەڵکی ڕەش و ڕووت، جگە لە ئافەتی بێکاری هیچی دیکە نییە.)

هەروەها لە دێرە شیعرێکی دیکەشدا هەمان ئەم پرسەی دووپاتکردووەتەوە و پێیوایە هەرگیز جارێکی دیکە خۆشی و بەختەوەری بۆ خەڵکی وڵاتەکەی ناگەڕێتەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی بە سکی برسی ڕۆژ دەکەنەوە.

روز شادی نیست در شهری که از هر گوشه‌اش
بینه‌وایان بهر نان هر شب نواخوانی کنند

(دیوان فرخی، ل١١٨)

واتا: (هەرگیز ئەم وڵاتە ڕۆژێکی خۆش بە خۆیەوە نابینێ، تا ئەو کاتەی هەژاران بۆ نانی شەو شیوەن و ناڵەیان بێ.)

فەڕۆخی وەکو دڵدار خاڵ لەسەر گرفت و هۆکارەکانی هەژاری و بێ دەرەتانی دادەنێ و هەڵوەستە لەسەر بارودۆخی ناهەموار و نادادپەروەرانەی کۆمەڵگەکەی دەکا و پەردە لەسەر ستەمی دەسەڵاتداران هەڵدەماڵێ و لە شیعری خوارەوەدا بارودۆخی ژیانی چینی جوتیار و کرێکار لەگەڵ دەسەڵاتداران و بەتاڵانبەرانی بەری ڕەنجی ڕەنجبەران دەخاتە تای تەرازووی ڕەخنەگرانە و لەم نێوەندەدا مەبەستییەتی ڕەنجبەرانی وڵاتەکەی وشیار بکاتەوە و پێیان ڕابگەیەنێ کێشە و گرفتەکان لە کوێوە سەریان هەڵداوە.

در خز خزیده خواجه، کجا آیدش یاد
پای برهنه و پیکر عریان کارگر
با آنکه گنجها برد از دسترنج وی
پامال می کند سر و سامان کارگر (دیوان فرخی، ل١٤٩)

واتا: (ستەمکارانی نیشتمان لە ناو پەڕی تاووس و ئەوریشمدا خۆیان لوول داوە، کەی بیر لە پێی پەتی و سکی برسی کرێکار و ڕەنجبەران دەکەنەوە! لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ڕێگەی بەری ڕەنجی ئەوانەوە سامان کۆ دەکەنەوە، بەردەوام دەست بەسەر ماف و بەری ڕەنجی ئەواندا دەگرن.)

لە شیعری خوارەوەدا شاعیری ئێرانی باسی گرنگی توێژی ڕەنجبەر لە کۆمەڵگەدا دەکا و بە هەناسەی گەرمی داکۆکیکارانە وەسفی گرنگی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم توێژە دەکا و هاوکات لەگەڵ ئەم وەسفەدا دیسان پەنجە دەخاتە سەر ژیانی ناهەمواری جووتیاران و وێنای باری سەختی ژیانیان دەکا.

تا حیات من به دست نان دهقان است و بس
جان من سر تا به پا قربان دهقان است و بس
رازق روزی ده شاه و گدا بعد از خدای
دست خون آلود بذر افشان دهقان است و بس
در اسد چون حوت سوزد ز آفتاب و عاقبت
بی نصیب از سنبله میزان دهقان است و بس
آنکه لرزد همچو مرغ نیم بسمل صبح و شام
در زمستان پیکر عریان دهقان است و بس

(دیوان فرخی، ل١٥٢)

واتا: (تاکو ئەو دەمەی ژیانی من بەرهەمی دەسترەنجی جووتیاران بێ، گیان و دڵم دەکەم بە قوربانی جووتیارانی وڵاتم. لە پاش خودای گەورە ڕۆژی بەخشی شا و گەدایان، دەستی خوێناوی جووتیارانی وڵاتەکەمە. لە هاویندا لە چرقەی گەرما دەسووتێ و لە ئەنجامدا جووتیارانی وڵاتەکەم لە خەرمانەی مانگی خەرمانان بێ بەهرە و هەناسە سارد دەبن. ئەو کەسانەی وەکو مریشکی نیو بیسمیل لە زستاناندا لە بەیانی تاکو شەو لە سەرمانا دەلەرزن، پەیکەری ڕووت و پەرپووتی جووتیارانی وڵاتەکەمن.)

فەڕوخی وەکو شاعیری کورد دیاردەی دەسەڵاتی مەلا و دەرەبەگی ستەمکار لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکا و ئاماژە بە یەکگرتنی بەرژەوەندیخوازانەی پاشا و مەلا و دەرەبەگەکان لەسەر بەتاڵانبردنی بەری ڕەنجی ڕەنجبەران دەکا و پێیوایە ئەمانە پەروەردەی یەک قوتابخانەن و تێیدا فێری فێڵ و ساختەکاری بوونە.

شاه و شیخ و شحنه درس یک مدرس خوانده‌اند

قیل و قال و جنگشان هم از ره نیرنگ بود

(دیوان فرخی، ل١٤٨)

واتا: (پاشا و مەلا و دەستوپەیوەندیان پەروەردەی یەک قوتابخانەن، هەوڵ و تەقەڵاشیان بە مەبەستی فێڵ و ساختەکارییە.)

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بە مەلاکان دەڵێ: بە مێزەر و دانیشتن لەسەر حەسیر لە خشتەمان مەبەن، چونکە بۆنی فێڵ و ساختەکاریتان هەموو وڵاتی گرتووەتەوە. بەهۆی بێ ویژدانی خوانەناسی ئێوەیە کە کەسانێک بوونەتە خاوەنی زەوی جووتیاران و لە ناز و خۆشیدا دەژین، کەچی جووتیاران لە ژیانێکی سەخت و پڕ ئازاردا بەسەر دەبەن.

ای شیخ از حصیر فریبم مده به زرق

که آید از حصیر تو بوی ریا هنوز

مالک غریق نعمت و جاه و جلال و قدر

زارع اسیر زحمت و رنج و بلا هنوز (دیوان فرخی، ل١٥٠)

واتا: (ئەی مەلا بەو حەسیرەی لەسەری پاڵ کەوتووی بە سادەبوونی ژیانت فریوم مەدە، کە بۆنی فێڵ و ساختەکاری لەم حەسیرەتەوە دەردەچێ. خاوەن زەوی لەناو ناز و خۆشیدا نقووم بووە، کەچی جووتیار دەستەمۆی ژیانی سەخت و پڕ ئازار بووە.)

بە بەراوردکردنی شیعرەکانی دڵدار و فەڕوخی لەم برگەیەدا دەردەکەوێ کە هەر دوو شاعیر بە بەرجەستەکردنی ژیانی ناهەمواری جووتیار و کرێکاران و دەسنیشانکردنی هۆکارەکان و ورياکردنەوە و بەرچاوڕوونی ئەم توێژانە و داکۆکیکردن لە مافەکانیان، هەوڵیان داوە گۆڕانکاریی بنچینەیی لە دەروون و هزری خەڵکی وڵاتەکەیان بەدی بێنن بەو هیوایەی کە دواجار پاڵەپەستۆ بخەنە سەر سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکەیان و دەسەڵاتداران لە ستەمکاری سڵ بکەنەوە و توێژەکانی کۆمەڵگەش ئاگاداربکەنەوە کە تاکو لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەست نەبن و خۆیان لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی ڕزگار نەکەن، هەر لە ژێردەستەییدا دەمێننەوە و لە ئەنجامدا هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ مافەکانی ئازادی دەستەبەر بکا، ئەگەر ڕووبەڕووی ستەمکاران نەبنەوە. بۆیە پێیانوایە لە ڕێگەی وروژاندنی هەستی زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەیان کە جووتیار و کرێکارن، دەبێ

ناسیۆنالیستی نەتەوەیی زیندوو بکرێتەوە و بۆیان ڕوون بکرێتەوە کە بەهۆی ئەوانەوەیە ڕەوڕەوەی ژیان لە نیشتماندا بەردەوامە و بوونی ئەوان وەکو هێزی دەست و بازووی کار و پیشە چەندە گرنگە. لێرەوەیە کە ئیتر وردەوردە بناغەکانی شوناسی نەتەوەیی لە سەر دەستی ئەم دوو شاعیرە لە وڵاتەکەیان و لەناو هاونیشتمانیان دادەمەزرێ و ئینجا پاش دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە داوای سەرهەڵدان و شۆڕش لە دژی ستەمکاران دەکەن.

**سێیەم: بانگەشەکردن بۆ ڕاپەڕین**

دڵدار لە زۆربەی شیعرەکانیدا وەکو داکۆکیکاری چینی چەوساوە دەردەکەوێ و هانیان دەدا بەرەنگاری دەسەڵاتی دەرەبەگ و بەکرێگیراوان ببنەوە و ئەوەش بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی زانست و مەعریفە و لادانی پەردەی نەزانی لە سەر ڕووی کۆمەڵگەی کۆنەپەرست بەدیدێ. شاعیر لە زۆر شوێندا لۆمەی کۆمەڵگە دەکا و گازەندە دەکا کە تاکەی مات و داماو مل بە ژیانی ژێردەستەیی دەدەن؟ و ئامۆژگاریان دەکا کە دەبێ وریا ببنەوە و بیر لە خۆیان و کۆمەڵگە پاشکەوتووەکەیان بکەنەوە کە لە ژێر دەستی دەسەڵاتدارە ستەمکار و نادادپەروەرەکاندا داپڵۆسراوە و لە جیهانی پێشکەوتوو و سەربەست دابڕێنراون. لە شیعری (ئەی کورد)دا ئەم بابەتەی خستۆتەڕوو و کۆمەڵگەکەی ڕووبەڕووی پرسیار دەکاتەوە و ڕەخنە لە داگیرکەر و دەسەڵاتە ستەمکارەکان دەگرێ:

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلدا هەتاکەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە
بڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی
(دیوانی دڵدار، ل )

لە شیعرێکی دیکەدا دیسان دڵدار پەنجە بۆ ئەم بابەتە درێژ دەکا و لۆمەی کۆمەڵگە خەوتووەکەی دەکا و گلەیی دەکا کە تاکەی دەبێ چاوان بنووقێنن و دەستەوەستان بوەستن و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەکو خەڵکی کۆمەڵگەکانی دیکە ڕاپەڕن و خۆیان لەم بەند و کۆتە ڕزگار بکەن و بەرەو سەربەستی هەنگاو بنێن. لەم شیعرەدا دیسان شاعیر هانی لاوان دەدا و کۆمەڵگە بۆ سەرهەڵدان و شۆڕش ئاراستە دەکا و داوایان لێدەکا بێنە مەیدان و گیانفیدا بکەن بۆ ئەوەی وڵات لە ژێر دەستی دەربێنن و بەهۆی خۆری سەربەستی نیشتمان ڕووناک ببێتەوە.

لە ساتێکی وەها تەنگ و لە کاتێکی وەها پەستی
کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لە خەو هەستی
بە چاوی ڕاستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کە وا مەحروومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەستی
لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی
بە گوڕ تۆ بێیە مەیدان و حقووقی گشتی داواکەی
بە یادی نەوجەوانانی شەهیدان گیانی بەرپاکەی
بە تیشکی هەق خوراوی کورد دڵی تاریکی ڕووناک کەی
بزانێ سا بەسەرچوو وەختی بەدمەستی و بەدمەستی

لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

(دیوانی دڵدار، ل )

دڵدار پێیوایە کاتێک نیشتمان لە ژێردەستەیی ڕزگاری دەبێ و سەربەستی دەستەبەر دەبێ کە کۆمەڵگە و لاوانی نیشتمان بە چەکی زانست و زانین خۆیان پڕچەک بکەن و سەرەتا دژی نەزانی و دواکەوتوویی بێنە مەیدان و دواجار ڕووبەڕووی ستەمکاران و داگیرکەران ببنەوە، مەبەستی شاعیر لێرەدا گەیشتنە بە شوناسی نەتەوەیی کە سەرەتا لە ڕێگەی زانست و زانین خۆی پێناسە دەکا و دواجار بەرگی سەربەخۆیی و سەربەستی دەپۆشێ.

لە مەیدانی تەقەددوومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت (فکر) و (علم) ئاوزینگ و زینت بێ
بەڵێ داییم هونەرمەند بە لە مەیدانی نەبەردیدا
بەهۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بێ
لە نێو گەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگی کەی لەگەڵ جەهلا
عیلم چەک بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بێ

(دیوانی دڵدار، ل )

ئینجا دڵدار بابەتی گیانفیدایی و لە خۆبووردەیی دەکاتە پێوەرێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی شوناسی نەتەوەیی و ئەمەش بنچینەی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەرییە، بۆیە تا ئەو دەمەی دڵ و گیانی تاکی کورد بە فیدابوون بۆ نیشتمان گۆش نەدرێ، ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی هیچ مانایەکی نابێ. لە شیعری (ڕۆڵەی تازە)دا دڵدار جەخت لەسەر پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ دەکاتەوە و پێیوایە دەبێ بۆ بەدیهاتنی ئامانجی نەتەوەیی نەوەیەکی نوێ پەروەردە بکرێ کە گیانی ناسیۆنالیزمی بەبەردا بکرێ و گیانی خۆی لە ڕێگەی سەربەستی و سەربەرزی نیشتمان بەخت بکا. شاعیر سەرەتا لە خودی خۆی دەستپێدەکا و بەر لە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگە، ئامادەیی خۆی بۆ گیانفیدایی لە پێناو نیشتماندا ئاشکرا دەکا:

من ڕۆڵەی کوردستانم     تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وڵات سەرکەوێ     فیدایە ڕۆح و گیانم     (دیوانی دڵدار، ل )

لە سروودی (ئەی ڕەقیب)دا دڵدار لوتکەی شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دەخاتەڕوو و ئاماژە بە ئامادەیی کۆمەڵگە و لاوی کورد بۆ گیانفیدایی و خۆبەختکردن دەکا و ئەو گەلەی بە خوێن، ژیانی داهاتووی نەوەکان دەسنیشان دەکا هەرگیز ژێردەستەبوون قبووڵ ناکەن و هەرگیز نامرن. بۆیە بۆ ئەوەی زۆردار و داگیرکەر و دوژمنان ببیستن و بزانن گەلی کورد شوناسی نەتەوەیی دەستەبەر کردووە، پڕ بە دەنگ هاوار دەکا:

لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە و هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان     (دیوانی دڵدار، ل )

فەرروخی یەزدی لە ئێراندا بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و یاخی ناسراوە. لە شیعرەکانیدا بەردەوام هانی خەڵکی داوە دژی دەسەڵات و داگیرکەر بوەستنەوە و بۆ لەناوبردنی کۆت و بەند و ژێردەستەیی، داوای یەکریزی و یەکگرتنی کۆمەڵانی خەڵکی دەکا. دەسەڵاتداران بە بەکرێگیراوی بێگانە، دز و جەردە و ئەهریمەن دەزانێ و لە لاوانی وڵاتەکەی دەخوازێ شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ئەم دز و ئەهریمەنانە بەرپا بکەن.

ئەم شاعیرە یاخییەی ئێرانیش پێیوایە سەرەتای شۆڕش و ڕاپەڕین دەبێ بە لەناوبردنی نەزانی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە دەست پێ بکا. واتا دەبێ خەڵکی ئێران سەرەتا خۆیان لە دەست ئەهریمەنی نەزانی ڕزگار بکەن ئینجا دژی ستەمکاران بێنە مەیدان.

گر ز باد کبر و نار جهل برتابیم روی
شاید آب رفته این خاک باز آید به جوی (دیوان فرخی، ل )

واتا: (ئەگەر لە نەزانی و خۆبەزل زانین ڕزگارمان بێ، ڕەنگە شەرەف و کەرامەتی لە کیس چوومان بۆ بگەڕێتەوە.)

لە شیعری خوارەوەدا ئەمجارەیان ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر دەدوێ و دووپاتی دەکاتەوە کە هۆکاری ژێردەستەبوون و داگیرکراوی و داماڵینی میللەت لە مافەکانی تەنیا نەزانی و دواکەوتووییە. بۆیە ڕەخنە لە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بە ڕەنجبەر و ڕۆشنبیر و پێشەوایانی دین و ...هتاد دەگرێ و سوورە لە سەر ئەوەی کە دەبێ نەزانین و دواکەوتوویی بۆ زانست و ڕۆشنبیری بگۆڕدرێ.

تا نشود جهل ما مبدل به علم
پیش ملل بندگی ماست مسجل
تودهء ما فاقد حقوق سیاسی است
تا نشود جهل ما به علم مبدل
ما همگی جاهل و ز دانش محروم
پیر و جوان، شیخ و شاب کامل و اکمل (دیوان فرخی، ل۲۰۱)

واتا: (تاکو نەزانینمان نەگۆڕین بۆ زانست، بە دڵنیاییەوە بۆ هەتاهەتایە ژێدەستی نەتەوەکانی دیکە دەبین. خەڵکی ڕەش و ڕووتی وڵات بێ بەهرە لە مافی سیاسین، تاکو نەزانین بۆ زانست نەگۆڕێ. ئێمە هەمووومان نەزانین و دوورین لە زانست، پیر و لاو، مەلا و گەورە و بچووکمان.)

لەلایەکی دیکە برگەیەکی دیکەی هۆکاری ژێردەستەبوون دەخاتە بەر باس کە ئەویش دوورکەوتنەوەی توێژەکانی کۆمەڵگە لەیەکترییە، بۆیە لە شیعرەکانیدا داوای یەکریزی و یەکگرتنی کۆمەڵانی گەلی ئێران دەکا و نموونەی وڵاتانی بیانی بۆ سەرکەوتنی یەکریزی نیشتمانی دێنێتەوە و ئاماژە بە شەڕی نێوان ژاپۆن و ڕووسیا دەکا و دەڵێ تاکو گەلی ژاپۆن یەکریز و یەکگرتوو نەبوون نەیانتوانی بەسەر ڕووسیای داگیرکەردا سەرکەون.

ور ز من خواهی تو حسن اتفاق و اتحاد
جنگ ژاپونی و روسی را سراسر آر یاد
اهل ژاپون تا به همدیگر نپیوستند دست
کی توانستند روسان را دهند این سان شکست

(دیوان فرخی، ل )

(ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەرهەمی یەکریزی و یەکگرتن بزانن چۆنە؟ شەڕی ژاپۆن و ڕووسیا بێننە بەر چاوتان، خەڵکی ژاپۆن تاکو یەکیان نەگرت، نەیانتوانی شکست بە ڕووسیا بێنن و لە ژێر دەستی ڕزگاریان نەبوو.)

ئێرانی سەردەمی فەڕروخی نە تەنیا بەهۆی ژێردەستەبوون و داگیرکردنی لەلایەن زلهێزەکانی ئەوسا بەتاڵان دەبرا، بەڵکو دەسەڵاتدارانی سیستەمی پاشایەتیش دەستیان لە بنە قاقای خەڵکی وڵاتەکەیان گیر کردبوو و سەروەت و سامانی نەتەوەییان دیزە بەدەرخۆرە دەکرد. بە مانایەکی وردتر هەم ئازادی و هەم نانیان لێ زەوت کرابوو. فەڕروخی ئازادی لە پێش نان دادەنێ و لۆمەی ژێردەستەبوون دەکا، بەڵام کاتێک هەستی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی لەناو خەڵکی وڵاتەکەی لاواز دەبینێ، سەرەتا هەوڵدەدا پلە و پایەی ئازادی و شکۆی سەربەستی بۆ نەتەوەکەی ڕوون بکاتەوە. هەر نەتەوەیەک ئازاد و سەربەست نەبێ هەرگیز ناگاتە شوناسی نەتەوەیی، چونکە لە ڕوانگەی داگیرکەران پێناسەی خۆی دەکا و بەردەوام خۆی بە بچووک دەزانێ. لێرەوەیە کە فەڕروخی لە شیعرەکانیدا ناسیونالیزمی نەتەوەیی ڕەپێش دەخا و خاک و نیشتمان بە شوناسی نەتەوە دەبەستێتەوە. ئیتر لاوان و خەڵکی وڵات لە ڕێگەی سەربەرزی و سەربەستی نیشتمان، دەبێ گیانفیدایی بکەن و گیانیان بۆ بەدیهاتنی ئازادی و شکۆمەندی نیشتمان فیدا بکەن. شاعیر لە خۆیەوە دەستپێدەکا و لە شیعری خوارەوەدا ئامادەیی خۆی بۆ گیانفیدایی دەردەبڕێ.

آن زمان که سر بنهادم به پای آزادی
دست خود ز جان شستم از برای آزادی
تا مگر به دست آرم دامن وصالش را
می دوم به پای سر در قفای آزادی
فرخی ز جان و دل می کند در این محفل
دل نثار استقلال، جان فدای آزادی (دیوان فرخی، ل١٧٧)

(ئەو دەمەی سەرم لە ڕێگەی ئازادی نیشتمان دادەنێم، دەست بەرداری گیانم بووم لە ڕێگەی ئازادی. تاکو بەڵکو دەستم پێی بگا، بە هەموو بوونمەوە هەوڵ دەدەم بۆ گەیشتن بە ئازادی. فەڕروخی لەم گۆڕەپانەدا دڵی دەکاتە قوربانی بۆ سەربەخۆیی و گیانی دادەنێ بۆ دەستەبەری ئازادی.)

شاعیری ئێرانی لە شیعرەکانیدا بە تامەزرۆییەوە وەسفی ئازادی و شکۆی سەربەخۆیی و پارێزراوی کەرامەت و مافی تاک دەکا، زمان و خامەی شۆڕشگێرانەی تاوێک لەم مەیدانەدا ناوەستێ و بەردەوام لە بەرهەمەکانی هەوڵدەدا بەسەر ئازادی و سەربەخۆییدا هەڵبدا و ستایشی ئەو نەتەوە و وڵاتانە دەکا کە سەربەخۆن و کەرامەت و مرۆڤایەتیان پارێزراوە. بۆیە بە مەبەستی ئەوەی شکۆ و سەروەری بۆ خاک و نیشتمان بگەڕێتەوە، لە ڕێگەی پیاهەڵدانی ئازادی و سەربەخۆیی، هەستی نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی لای میللەتەکەی زیندوو دەکاتەوە و دواجار داوای سەرهەڵدان و بانگەشەی شۆڕش لە میللەتەکەی دەکا.

قسم به عزت و قدر و مقام آزادی
که روح بخش جهان است نام آزادی
به پیش اهل جهان محترم بود آنکس
که داشت از دل و جان احترام آزادی (دیوانی فەڕروخی، ل١٨١)

واتا: (سوێند بە شکۆ و پلەوپایەی ئازادی، ئەو ئازادییەی گیانێکی تازە بە بەر جەستەی جیهاندا دێنێتەوە. لای خەڵکی جیهان بەڕێز و سەربەرزە ئەو کەسەی، کە بە دڵ و گیان ڕێز لە ئازادی بگرێ.)

هر مملکتی در این جهان آزاد است
آزادیش از پرتو عدل و داد است
کمتر شود از حادثه ویران و خراب
هر مملکتی که بیشتر آزاد است (دیوانی فەڕوخی، ل٢١٣)

واتا: (هەر وڵاتێک کە لەم جیهانەدا سەربەست بێ، هۆکارەکەی بۆ دادپەروەری دەگەڕێتەوە. بەهۆی ڕووداوەکان کەمتر ویران و کاول دەبێ، هەر وڵاتێکی کە پتر سەربەست بێ.)

لە ڕێگەی سەربەستییەوەیە کە شکۆ بۆ نیشتمان و شوناسی نەتەوەیی بۆ گەل و شکۆمەندی بۆ زمان و کولتوور و مێژوو دەگەڕێتەوە. گەیشتن بە ئامانجیش کە هەمان سەربەستی و سەربەخۆبوونە، بێگومان پێویستی بە قوربانی دەبێ. کاتێک میللەتێک ئامادەبێ گیانی خۆی بەخت بکا، بەڵام ژێردەستەیی قبووڵ نەکا، ئەوە میللەتێکی بێدارە و بەرەو شوناسی نەتەوەیی هەنگاوی هەڵبڕیوە. فەڕوخی بۆ گەیشتن بە ئامانج هەر وەکو لە شیعرێکی پێشووتردا دەردەکەوێ، لەم پێناوەدا ئامادەی گیانفیدایی و خۆبەخت کردنە، بۆیە وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ دەردەکەوێ و لەبەردەم خەڵکی سەر سەکۆ دەکەوێ و بانگەشەی ڕاپەڕین دژی ستەمکاری ناوخۆ و داگیرکەری بێگانە دەکا.

ما را ز انقلاب سر انتخاب نیست
چون انتخاب ما بجز انقلاب نیست (دیوانی فەڕوخی، ل١٠٦)

واتا: (ئێمە ناتوانین خۆمان لە سەرهەڵدان ببوێرین، چونکە ئێمە جگە لە سەرهەڵدان هیچ بژاردەیەکی دیکەمان نییە.)

وڵاتانی داگیرکەر بە پشتیوانی کردن لە بەکرێگیراوانی ئێرانی کە دەسەڵاتی وڵاتیان لە دەست دایە، هەوڵدەدەن ئێران بەتاڵان ببەن و بە سەرکوتکردن و لەناوبردنی میللەت درێژە بە سیاسەتی داگیرکارانەیان بدەن، بەڵام لەم ناوەندەدا فەڕوخی وەکو ئەدیبێکی شۆڕشگێڕ مەرامە گڵاوەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکا و داوا لە خەڵکی دەکا فریوی ئەم دز و ئەهریمەنانە نەخۆن و لە دژیان بوەستنەوە و شۆڕش بکەن و هەرگیز لێنەگەڕێن بڵێسەی ئاگری توورەیی و یاخیبوون بێ تین بێ، تاکو سەرکەوتنی یەکجارەکی و لەناوبردنی داگیرکەر و ستەمکاران بە ئامانج دەگا.

بدبختی ما تنها از خارجه چون نبود
هر شکوه که ما داریم از داخله باید کرد
با جامهء مستحفظ در قافله دزدان
این راهزنان را طرد، از قافله باید کرد
اهریمن استبداد، آزادی ما را کشت
نه صبر و سکون جایز، نه حوصله باید کرد

(دیوانی فەڕوخی، ل١١٩)

واتا: (ناخۆشی و ئازارەکانمان تەنیا بەهۆی هێزە داگیرکەرە بیانییەکانەوە نییە، بەڵکو ئێمە دەبێ گلەیی و گازەندە و سکاڵاکانمان ئاراستەی بەکرێگیراوانی ناوخۆ بکەین. ئەم دزانە بە نهێنی دەستیان لەناو دەستی دوژمن داناوە و سامانی وڵات بەتاڵان دەبەن. دەبێ ئەم دزانە لە وڵات دەربەدەر بکرێن. ئەهریمەنی دیکتاتۆر، سەربەستی ئێمەی لەناوبرد، ئیتر چیدیکە ئارامگرتن و دەستەوەستان و دان بەخۆدانان ڕەوا نییە.)

بەپێی ئەم شیعرانەی خوارەوە، فەڕروخی پێیوایە ڕاپەڕین تەنیا ڕێگە چارەیە بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆر و دەستەبەرکردنی سەربەستی و مافە ڕەواکانی میللەت، بۆیە دەبێ ڕاپەڕینی میللەتانی جیهان ببێتە هێما و ڕەمزی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەییمان و وەکو ئەوان دژی دەسەڵاتی ستەمکار بۆ گەیشتن بە مافەکانمان شۆڕش بکەین.

خیزید ز بیدادگران داد بگیرید
وز دادستانان جهان یاد بگیرید (دیوانی فەڕروخی، ل١٢١)

واتا: (ڕاپەڕن و مافی خۆتان لە ستەمکاران وەربگرنەوە و چاو لەو میللەتانە بکەنەوە کە ڕاپەڕیون و مافی خۆیان وەرگرتووەتەوە.)

ز انقلابی سخت جاری سیل خون باید نمود
وین بنای سست پی را سرنگون باید نمود
از برای نشر آزادی زبان باید گشاد
ارتجاعیون عالم را زبون باید نمود

(دیوانی فەڕروخی، ل١٢١-١٢٢)

واتا: (دەبێ شۆڕشێکی سەخت سەرهەڵبدا و لە ئەنجامدا لافاوی خوێن هەڵبستێ و دەبێ ئەم دەوڵەتە لاوازە لە بن و بۆتکەوە هەڵتەکێنرێ و بروخێ. بۆ گەیشتن بە سەربەستی دەبێ زمان بێتە گۆ، توندڕەوان و کۆنەپەرستانی جیهان دەبێ پەست و زەبوون بکرێن.)

زۆرجار ڕاپەڕینی مەدەنی ئامانجی نەتەوەیی ناپێکی و دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانج دەست بۆ چەک ببردرێ و بە ئاگر ڕووبەڕووی ستەمکار و دیکتاتۆران ببینەوە، ئەمە بۆچوونی شاعیری شۆڕشگێڕی ئێرانییە کە لەم شیعرانەی خوارەوەدا ئاراستەی جەماوەری ڕاپەڕیوی وڵاتەکەی دەکا و داوایان لێدەکا، بیانکوژن و بە خوێنی سووری دوژمنان ڕووی زەردی نیشتمان سوور و ئاڵ بکەنەوە. ئیتر ڕاپەڕینی مەدەنی و گریان و شیوەن لەسەر تەرمی لە خوێن خەڵتاوی لاوان هیچ سوودێکی بۆ ئێمە نابێ.

در کهن ایران ویران، انقلابی تازه باید
سخت از این سست مردم، قتل بی اندازه باید
تا مگر از زرد روئی رخ بتابیم ای رفیقان
چهرهء ما را زخون سرخ دشمن غازه باید

(دیوانی فەڕروخی، ل١٢٤)

واتا: (لە ڕابووردوودا ئێران وێران کراوە و دەبێ سەرلەنوێ شۆڕشێک بەرپا بکەین. دەبێ بە توندی ڕووبەڕووی ئەم دەسەڵاتدارە ترسنۆکانە ببینەوە و هەموویان بکوژین. تاکو بەڵکو ئەم سیما زەرتکەمان بڕەوێتەوە، ڕووی خۆمان بە خوێنی دوژمن سوور و ئاڵ بکەین.)

ای توده دست قدرت از آستین برون کن
وین کاخ جور کین را تا پایه سرنگون کن
از اشک و آه ای دل کی می‌بری تو حاصل
از انقلاب کامل خود را غریق خون کن

(دیوانی فەڕروخی، ل ١٧٤)

واتا: (ئەی خەڵکینە بەهێزەوە دەستتان لێ هەڵماڵن و ئەم کۆشکی ستەمکاری و نادادپەروەرییە بڕوخێنن. دەستەوەستان و هەناسەساردی و گریان و زاری چ سوودێکی بۆتان دەبێ، دەست بۆ ئاگری شۆڕش و سەرهەڵدان ببەن و ڕووباری خوێن هەڵسێنن.)

**ئەنجامەکان؛**

١. هەر دوو شاعیر لە ڕێگەی بەبیرهێنانەوەی ڕابووردووی پڕ سەروەری و مێژووی شکۆداری گەلەکەیان، هەوڵدەدەن هەستی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی لای گەلەکەیان دابمەزرێنن.
٢. هەر دوو شاعیر بە گرنگیدان بە ژیانی توێژی چەوساوەی نیشتمانەکەیان ڕێگە بۆ تێگەیشتنی تاکی کۆمەڵگەکەیان خۆش دەکەن تاکو بزانن دەسترەنج و سەروەت و سامانی نەتەوەییان لەلایەن چەند کەسێکەوە داگیر و زەوت کراوە و هەر بەم هۆیەوە ئێستاکە ژێردەستەن و سەربەستیان لێ سەنراوەتەوە.
٣. گرنگترین هۆکاری ژێردەستەبوون لای شاعیری کورد و ئێرانی بۆ نەزانی و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە زانست دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرەتا دەبێ دژی نەزانی و دواکەوتوویی ڕاپەڕن و خۆیان بە زانست و زانین پڕ چەک بکەن.
٤. سەرهەڵدان و شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، ئامانجی سەرەکی بەرهەمەکانی دڵدار و فەڕروخین و ئەمەش کاتێک بە ئامانج دەگا کە هەستی نیشتمانپەروەری لای تاکی نیشتمان جێگیر بێ. بۆیە هەر دووکیان لە بەدیهێنانی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و پەروەردەکردنی لە دەروون و هزری تاک لە ڕێگەی گەیشتن بە شوناسی نەتەوەیی هەوڵی زۆر و بەرچاویان داوە.
٥. هەر دوو شاعیر لە شیعرەکانیاندا لۆمەی پێشەوایانی دین دەکەن کە پێچەوانەی ئەرکی دینی و مرۆڤایەتیان، دەستیان خستۆتە ناو دەستی ستەمکار و دەرەبەگەکان بە مەبەستی داپڵۆسینی کرێکار و جووتیاران.
٦. تەنیا جیاوازی لە نێوان دڵدار و فەڕروخیدا بۆ شێوازی ڕاپەڕین و شۆڕش دەگەڕێتەوە. دڵدار ئەگەرچی باوەڕی بە گیانفیدایی و خۆبەختکردن لە پێناو ئازادی هەیە، بەڵام پتر جەخت لەسەر ڕاپەڕینی مەدەنیانە دەکاتەوە. لە بەرامبەردا فەڕروخی سەرڕای گرنگیدان بە ڕاپەڕینی مەدەنیانە، پێداگری لەسەر شۆڕشی خوێناوی دەکاتەوە. کە ئەمەش بۆ بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەیان دەگەڕێتەوە.

# بەستێنی بوونی "ئەی ڕەقیب" بە مارشی نەتەوەیی، لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

قادر فەتاح ئەحمەد
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی کوردی

## پێشەکی

**ناونیشان و سنووری توێژینەوەکە:**

**"بەستێنی بوونی "ئەی ڕەقیب" بە مارشی نەتەوەیی، لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا"**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە و سنوورەی کارەکەش، لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی دەقە شیعرییەکە، وەک سروودێکی نەتەوەیی لە هەموو کوردستان و بەتایبەتیش لەو شوێنانەی لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا بەکارهاتوە.

دەقە شێعری"ئەی ڕەقیب" کە لە نووسینی دڵدار (یونس رئوف)ی شاعیرە، لە سەردەمی کۆماری کوردستان(١٩٤٦)دا، بۆ مارشی نەتەوەیی ئەو کۆمارە هەڵبژێردرا. "ئەی ڕەقیب" لەو کاتەوە کە لە کۆماری کوردستاندا وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژێردرا، بوو بە بەشێکی هەمیشەیی لە ئەدەبیاتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەییمان. سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە٧ دەیە بە سەر لە دایکبوونی ئەم سرووده نەتەوەییەدا، هەتا ئێستاش لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی "٤ پارچە"، هەر وا وەک سروودی نەتەوەیی ماوەتەوە. ئەم سرووده لە ئەگەری نوێبوونەوە دا دەتوانێ بۆ سەردەمی ئێستا و داهاتووشمان سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە، کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی دڵدار، دانەری سروودی "ئەی ڕەقیب" ئامادە کراوە، لە مێژووی "ئەم دەقە وەک سروودی نەتەوەیی و کۆمەڵێک لایەنی دیکەی دەکوڵێتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە وێڕای سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی مێژوویی پێوەندیدار بە باسەکە، پشتی بە ڕێبازی وەسفی و شیکاری بەستوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لەم پێشەکییە و ٣ بەش پێک هاتوە.

بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ سروودی نەتەوەیی و پێویستیی نەتەوەکان بەم جۆرە سرووده کە دوو تەوەری گرتووەتە خۆی: ئەلف- سروودی نەتەوەیی چیە؟ ب- بۆ چی نەتەوەکان پێویستیان بە سروودی نەتەوەیی هەیە؟





بەشی دووهەم لە ژێر سەردێڕی ئەی ڕەقیب ، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟ لە دوو تەوەر پێک هاتوە: ئەلف- ڕێگاکانی جێگیربوونی مارشی ئەی رەقیب لە کۆماری کوردستاندا، ب- "شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر ئەی ڕەقیب "

بەشی سێهەم لە ژینگە و پانتایی جۆگرافیایی سروودی ئەی ڕەقیب دواوە. تەوەرەکانی ئەم بەشی بریتین لە: ئەلف هۆکارەکانی بەرفراوانیی ژینگەو پانتایی سروودی ئەی رەقیب، ب: بۆ چی" ئەی رەقیب" هەر وا وەک سروود و مارشی نەتەوەیی ماوەتەوە؟ ئەنجامی توێژینەوەکەش لە گەڵ پاشکۆیەکی پێکهاتوو لە دەقی "ئەی ڕەقیب" بە دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی،و لیستی سەرچاوەکان، لە کۆتاییدا هاتوون.

**بەشی یەکەم : سروودی نەتەوەیی و پێویستیی نەتەوەکان بە سروودی نەتەوەیی**

**ئەلف: سروود یا مارشی نەتەوەیی چیە؟**

لە نێو کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، هەر لە کۆنەوە گۆرانیی جۆراوجۆر هەبووە.گۆرانیی تایبەت بە کار لە نێو مووچە و مەزرا،گۆرانیی پێوەندیدار بە کۆچ و کۆچبار و گەرمیان و کوێستان کردن، گۆرانیی کاتی خۆشیی وەک زەماوەند و سەرکەوتن لە شەڕدا، گۆرانیی دایکان بۆلاواندنەوەی منداڵانیان، گۆرانیی تایبەت بە ماتەم و شیوەنی لە دەستدانی ئازیزان و زۆر جۆری دیکەی گۆرانی.

ئایا سروودیش جۆرێکە لەگۆرانی و هەر لە کۆنەوە کورد خاوەنی سروود بووە؟ بەو جۆرەی لە هێندێک سەرچاوەکان دا هاتوە کوردەکان خاوەنی کۆنترین مێلۆدی و ئاوازی حەماسی بوون، بەڵام بە هۆی بێبەشی لە دەسەلات و کیانی تایبەت بە خۆیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەردەوام لە گەڵ هێرش و پەلاماری داگیرکەران، ئەم سامانەی خۆیان بە داخەوە بۆ نەپارێزراوە. ئەحمەد قازی لە کتێبی "خلاصە تاریخ کردستان، از ۲۰۰۰ سالٓ قبل از میلاد تا ۲۰۰۰ سالٓ بعد از میلاد" ئاماژەی بەو قسەیەی "گزنفۆن"مێژوونووسی یونانی کردوە کە "لە ساڵی ٤٠١ پێش زایین، دوای هێرش کردنی یونانییەکان بۆسەر ئێران لە کاتی گەڕانەوەدا کە گەیشتینە کوردستان، کوردەکان بە خوێندنی ئاوازو سروودی تایبەت بە خۆیان هێرشیان کردە سەر لەشکەری یونان. " ئەم قسەیەی گزنفۆن هەرلەو کاتە دا کە پێشینەی دوور و درێژی ژیانی کورد لەم ناوچەیە دەسەلمێنێ، دەریشی دەخا کە خاوەنانی ئەم سەرزەوییە هەر لە کۆنەوە خاوەن سروود و ئاوازی تایبەت بە خۆیان بوون.(عەلی لەیلاخ،٢٠١٤)

بەر لەوەی باسی جیاوازیی سروود لە گەڵ گۆرانی بکرێت، هەڵوێستەیەک لە سەر ڕەچەڵەکی وشەی "سروود" پێویستە. "سروود وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە کە لە گاتاکانی زەردەشتدا هاتووە و ڕیشەی وشەی سترانی کوردییە و لە کۆنترین ناوچەکانی کوردستان کە زاراوە کرمانجن، ئەم وشەیە بە کار دەبرێ، بەڵام دواتر بە هاتنی ئیسلام، چونکە ئەم سروودانە یارسانەکان و ئێزەدییەکان خوێندوویانن، پێیان گوتوون:( گۆرانیی) واتە ئاوازی گاورەکان، یانێ هەر ئاوازێک کە یارسانەکان یا ئێزەدییەکان گوتبێتیان، ناویان ناون (گاورانیی) واتە سترانی ناموسوڵمانانە، یان ئەو ئاوازانەی کە ناموسوڵمانەکان، یا کافرەکان یا گاورەکان خوێندوویانن! ناوی هۆزی (گۆران)یش کە ڕەدووی ئایینی یارسان(ئەلحەق)ەکانە، لەم وشەیە کەوتۆتەوە و یەکێ لە ئایینە کۆنەکانی

کوردەوارییە، کە زمان و گۆرانیی کوردیان هەتا ئێستا پاراستووە و لە ناو دڵی خاکی کوردستاندا دەژین و کۆنترین تیرەی کوردن و کورد دەبێ شانازییان پێوە بکا. دیتنێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ گات یانێ سروود، سرووودیش دیارە بە هەڵبەستی بڕگەیی دەگوترێ نەک پەخشان."(ناسر ڕەزازی، ٢٠٠٦)

ئەوەی سروود لە جۆرەکانی دیکەی گۆرانی جیا دەکاتەوە، هەم نێوەرۆکە و هەم کێشی شێعرەکەی. لە ڕووی ناوەرۆکەوە سروود بە زۆری نێوەرۆکی نیشتمانی و حەماسی و کۆمەڵایەتیی هەیە.سرووودەکان بە ڕیتمی خێرا و"دوو زەرب" و بەشێوەیەکی هاندەر دەگوترێن و بە گشتی لە گەڵ گۆرانی لە ڕووی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هەست بزواندنەوە، جیاوازن. "سرووودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە ژێر کاریگەریی ڕیتمی مارش و موزیکی شەڕ دان کە هاندەری شەڕڤانان بۆ ئازایەتی نواندن و شەڕانی بوون، هەر بۆیەش بە ئامێری مۆسیقایی هەژێنەر وەک سەنج و کەڕەنا پێشکەش دەکرێن. بەڵام گۆرانی زیاتر پێوەندیی بە ڕازونیازی دڵدارانەوە هەیە، لە هەستێکی پاکی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێ و بە شوێن دنیایەکی بە دوور لە شەڕ و دوژمنایەتی و ڕقدا دەگەڕێ."(ترنم نسیم،٢٠١٣)

وەک لە ناوەکەشی ڕا دەردەکەوێ سرووودی نەتەوەیی بە بەستەیەک یا هۆنراوەیەک دەگوترێ کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە باس لە نەتەوە و نیشتمان بکا. ئاوڕدانەوە لە مێژووی نەتەوە و ستایشی شانازییەکانی تێدایە. بانگەوازی ڕۆڵەکانی نەتەوە دەکا بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان و بەرز کردنەوە و بەرزڕاگرتنی ناوی نەتەوەکەیان. گیانی نەتەوەپەرستی و خۆبەختکردن لە پێناوی مانەوەی نەتەوە و پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەستیی نەتەوە و وڵات، پەرەپێدەدا. لە ژمارەیەکی زۆر لە سرووودە نەتەوەییەکانی جیهاندا، ناوی نەتەوە و وڵاتی خاوەن سرووودەکە هاتوە، کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سرووودی نەتەوەیی ڕووسیا، ئەڵمان، ئۆکراین، ئێران، تاجیکستان بکەین.

توێژینەوەیەکی گوتارناسانە لە بارەی سرووودی نەتەوەیی ٧٠ وڵات کە بە ڕێکەوت بۆ توێژینەوەکە دەستنیشان کراون، دەریدەخا کە لە هەموویاندا کۆمەڵێک چەمک و مەبەستی وەک یەک دووپات بوونەوە. ئەو چەمک و مەبەستانە بریتین لە:

١- هێرش (شەڕ و پێکدادان)٢- دەرد (ئازار چێشتن، تێداچوون، شەهید بوون) ٣- ئازادی، سەربەخۆیی و ڕزگار بوون لە دیلی.

٤-سرووشت، چیا و چەم و شوێنگەلێکی تایبەت لە سرووشتی وڵاتێک. ٥- شادی (وەک گۆرانییەکان، خۆشی و خۆشەویستی)

٦- ئایین، ئیمان خوا وپێغەمبەر. ٧-چەمکگەلێکی نۆستالژی وەک مێژوو،بیرەوەریی و باب و باپیران.

٨- ئامانجە بەرزە مرۆییەکانی وەک ڕاستوێژی، شکۆ و شانازی، یەکیەتی، وەفاداری،دادپەروەری و ئاشتی.(سعید مهرپور، حبیب احمدیو مرجان نادری،١٣٩٣، ٧٥)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سرووودە نەتەوەییەکان ئەوەیە کە وەکوو دەق کورتن و بە کەمترین وشە زۆرترین پەیام دەگەیەنن. بە دەربڕینێکی دیکە لە ڕووی واتاییەوە چڕ و پڕن و بە هۆی نێوەرۆکی حەماسی و هەست بزوێنیان زۆرترین کاریگەرییان لە سەر بەردەنگ هەیە. پیاهەڵدانی

مێژوو، نەریتەکان، ئامانجەکان و خەباتی نەتەوەیەک و ڕێزلێگرتنیان، هەوێن و نێوەرۆکی سروودە نەتەوەییەکان پێکدێنن.

**ب- بۆ چی نەتەوەکان پێویستیان بە سروودی نەتەوەیی هەیە؟**

نەتەوەکان چ ئەوانەی دەوڵەت – نەتەوەی خۆیان هەیە و بە سەربەخۆیی گەیشتوون، چ ئەوانەی هێشتا سەربەخۆ نەبوون و لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدان، پێویستیان بە هونەر و ئەدەبیاتێکی ئەوتۆ هەیە کە گیانی شانازیکردن بە نەتەوە و وڵات لە یەکە یەکەی تاکەکانیاندا بەهێز بکەن. سروودی نەتەوەیی یەک لەو سامانە مەعنەوییانەیە، کە لەلایەک تۆوی خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان و هەستی شانازیکردن بە مێژوو و جوانییەکانی و، باوەر و بڕوای بەرگری لەو نەتەوە و نیشتمانە لە بیر و هزری ڕۆڵەکانیدا دەچێنێ، لە لایەکی دیکە هەڵگری پەیامە بۆ نەتەوەکانی دەوروبەر و ئەو هێز و لایەنانەی تەماحی داگیرکردنی خاکی ئەو نەتەوەیەیان هەیە یا بە کردەوە بوونە هۆکاری بندەستیی ئەو نەتەوەیە و داگیرکردنی خاکەکەی. پەیامەکەش ئەوەیە کە وڵات و نەتەوەی خۆمان خۆشدەوێ، بەرگریی لێدەکەین و ڕێگاتان پێنادەین نیشتمانەکەمان داگیر و سەربەستیمان پێخوست کەن.

سروودی نەتەوەیی وەک یەک لە ڕەمزەکانی سەربەخۆیی وڵاتێک و نەتەوەیەک، مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە. کۆنترین سروودی نەتەوەیی هی وڵاتی ژاپۆنە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٠٥ی زایین. سروودی"هت ویلهلموس" ی هولەندیش لە نێوان ساڵەکانی١٥٦٨ – ١٥٧٢دا هۆنراوەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری سروودە نەتەوەییەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ی زایینیدا لە دایکبوون. ژمارەیەکی کەمیش بۆ نموونە سروودی نەتەوەیی یۆنان هی سەدەی ١٨ی زایینن. (باشگاه خبرنگاران، ١٣٩٣)

سروودی نەتەوەیی لە بۆنەی جۆراوجۆرداو بە گوێرەی ڕێوشوێنێکی تایبەت پێشکەش دەکرێ. ڕێوشوێنێک کە لەکاتی پێشکەشکردنی سروودەکە دا بەڕێوە دەچێ، ڕێزی بینەران و گوێگران بۆ سروودەکە و پەیامەکانی سروودەکە دەگەیەنێ. لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشبڕکێی وەرزشی لە گەڵ وڵات و نەتەوەی جیاواز، کاتێک وەفدی وڵاتێک سەردانی وڵاتێکی دیکە دەکا، لە دەسپێک یا کۆتایی فستیڤاڵ و کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەی گرنگدا، هەروەها لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی قارەمانان و ناودارانی نەتەوە و بیرەوەری و ڕێزلێگرتنیان، کاتی سەرکەوتنە نەتەوەییەکان، هەروەها ئەو کاتانەش کە وڵات و نیشتمان بەرەورووی هەڕەشە و دۆخێکی نائاسایی دەبێتەوە، سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرێ. لە زۆر وڵات، فێرکردنی سروود دەکەن بە بابەتێکی خوێندن و کتێب و مامۆستای تایبەت بۆ فێرکردنی سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان بە قوتابیان دابین دەکەن. کتێبی فارسیی پۆلی پێنجی سەرەتایی پەروەردە و فێرکردنی ئێران کە لە ٦ فەسڵ پێکهاتوە، فەسڵی سێهەمی خۆی بۆ سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە تەرخان کردوە.(کتێبی فارسی پنجم دبستان، چاپ دوم ١٣٩٥)

" لە زۆر وڵات قوتابیان هەموو بەیانان لە گەڵ ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵا، بە تێکڕا سروودی نەتەوەیی وڵاتی خۆیان دەڵێنەوە بۆ ئەوەی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە وشە و پەیامەکانی سروودی نەتەوەیی خۆیان و ڕێزلێگرتن و شانازی پێوەکردنی ڕابێن. لە بنکە و فێرگە و بارەگاکانی سوپای نەتەوەیی وڵاتان، لە کاتی ڕێژە ڕۆیشتن، یا وەرزشی بەیانانی سەربازان و

کاربەدەستانی سوپایی و لەشکری یا  لە بۆنەی دیکەی تایبەت بە سوپا دا، سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرێ." (سەرچاوەی پێشوو)

هەر وا کە ئاڵای نیشتمانی بووە بە ڕەمزی هەبوونی نیشتمانێک، و ئەو وڵاتە بەو ئاڵایە دەناسرێتەوە، سروودی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکیش بوونی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێ. لە ڕاستیدا ئاڵا و سروود تەواوکەری یەکترن و لە زۆربەی بۆنەکاندا بە یەکەوە سوودیان لێ وەردەگیرێ. " یەکێک لە خاڵە جیاکارەکانی هەر نەتەوەو دەوڵەتێکی سەردەم لە نەتەوەو دەوڵەتێکی دی، بوونی (سروودی نیشتمانی)یە. (سروودی نیشتمانیی)یش ئەگەر ڕۆڵی وەک ئاڵای وڵات نەبێت، ئەوا هیچی وای لەو کەمتر نییە، چونکە مەسەلەی سروودی نیشتمانی زۆر گرنگە لە ناساندنی گەلان و وڵاتان".(عەبدولڕەحمان سەدیق،٢٠١٤)

 بەم جۆرە هەم ڕێوشوێنی فەرمی و دیپلۆماسیی ئەمڕۆی جیهانی سیاسەت دەخوازن وڵاتێک سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ، هەم  پێویستیی بە هێز کردنی گیانی نەتەوەخوازی و نەتەوەپەروەریی لە نێو تاکەکانی نەتەوەیەکدا.

**بەشی دووهەم: ئەی ڕەقیب ، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟**

**ئەلف- چۆنیەتیی جێگیربوونی مارشی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا.**

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهاتنی ئاواتێکی لە مێژینەی نەتەوەی کورد بوو."ڕاگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لە لایەن سەرانی "ح.د.ک."ەوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران هاتبووە پێش."(یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٢،١٦٠)

لە سەردەمی نوێی دوای سەرکەوتنی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کە زۆر نەتەوە و وڵات لە چنگ فاشیزم ڕزگاریان ببوو، هەروەها بە دوای چەند دەیە لە بەد عەهدیی براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕێگربوونیان لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بووە مایەی هیوا و خۆشیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەپەروەر کۆماری کوردستان و پێتەختەکەی، شاری مەهابادی بە ڕووگەی خۆی دەزانی.کۆماری کوردستان هەوڵی دەدا نوێنگەی هیوا و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەکەی بێ و زۆر شت کە ئەو نەتەوەیە، دەیان و سەدان ساڵ بوو لێیان بێ بەش کرابوو، بێنێتە دی، وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان،بە فەرمی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی، پێکهێنانی سوپای میللی و هەڵگرتنی چەندین هەنگاوی گەورەی دیکەی نەتەوەیی.  هەڵبژاردنی سروودی نەتەوەییش یەک لەو هەنگاوانە بوو."پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزب(حیزبی دیموکراتی کوردستان) و کۆمار دانرا. ئەو سرووده هەمان سروودی بەناوبانگی "ئەی ڕەقیب"ەکەئێستاش سروودی ڕەسمیی حیزبە. هەڵبژاردنی ئەم سروودە بە ڕێکەوت نەبوو. دەکرێ بڵێین پاش چەند ساڵ گەلی کورد توانی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ و دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بۆیە پێویست بوو هەر وەک ئەو سروودە دەڵێ بگوترێ کە:"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان ، کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە" (قاسملو، ٢٠٠٢، ٣٤)

"...سروودی ( ئـەی ڕەقـیب ) کە لە ساڵی ( ١٩٤٠) دا، شاعیری نیشتمانپەروەرمان ( یونس دڵدار : ١٩١٨-١٩٤٨) داینا  بۆ یەکەمین جاریش لە بەرواری (١٩٤٥ /١٢/١٧) دا، لە کاتی بۆ یەکەمین

جارهەڵکردنی ( ئاڵای کوردستان ) لە شاری مەهاباد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەماندا، سروودی( ئەی رەقیب ) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا. (رەزا شوان،٢٠١٦)

هەر وەها "ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بە ئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی حیزبی دیموکرات و جەماوەرێکی زۆری شـــار و نوێنەری ناوچەکان و عەشـیرە کوردەکان هەر لە ماکۆوە هەتا سـەقز و سـەردەشـت کە پێشتر بانگ کرابوون، ئاهەنگی مەراسـیمی ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردسـتان دەسـتـپێکرد. دوای چڕینی سـروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد ... لە ناو جۆش و خرۆش و چەپڵە و بەختەوەریی جەماوەردا گەورەپیاوانی کورد و سەرانی ح.د.ک دەستیان بە وتار خوێندنەوە کرد."( غەنی بلووریان، ١٩٩٧، ٦٢)

دوای پێکهاتنی کۆماری کوردســـتان و وەگەڕکەوتنی وەزارەت و دامەزراوەکانی، پێویســـتیی هەڵبژاردن و بە کارهێنانی سـروودی نەتەوەیی، زیاتر لە پێشـوو خۆی نواند. هەڵکردنی بە فەرمیی ئاڵا لە شـــارەکانی دیکە، دەسـتپێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ڕێورەسـمی سـەرلەبەیانیی قوتابخانەکان، ڕێژە و مانۆڕی هێزی پێشـــمەرگە لە بۆنەکاندا، هاتنی کەســـایەتی و پیاوماقووڵانی کورد بۆ مەهاباد بە مەبەسـتی چاوپێکەوتنی سـەرکۆمار پێشـەواقازی محەممەد و زۆر جووڵە و چالاکیی سـیاسـی و کولتووری و سـوپایی دیکەلە کۆماری کوردسـتانیان دەخواسـت سـروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ. دیارە پێشتر "لە سـەردەمی کۆمەڵەی( ژ-ک)دا، سـروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زیاتر باو بوو و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا دەخوێندرایەوە. جگە لەو سـروودە، "شـاخی ڕەنگاورەنگی کوردان" و سـروودی "نیشـتمانم ڕەنگینە، بەهەشـتی سـەرزەمینە"زۆر لە ئارا دابوون."(جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەی چاپەمەنیی سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم وشەی سروودی نەتەوەیی دەبینین هەم مـارشـــی نەتەوەیی. لە چەنـدین ڕیپۆرتـاژی تـایبەت بە هەڵکرانی ئـاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان، یا لە بارەی چالاکیی سیاسی و کولتووریی ئەو کاتدا، باسی ئەوە کراوە کە سـروود یا مارشـی نەتەوەیی پێشکەش کراوە، بەڵام تەنیا لە یەکێکیان دا، ناوی سـروودە نەتەوەییەکە(ئەی ڕەقیب) هاتوە. وا دەردەکەوێ کە بێجگە لە "ئەی ڕەقیب" سـروودی دیکەشـیان وەک سـروودی نەتەوەیی ناوبردوە. چونکە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی "کوردســتان" داکە ڕۆژی چوارشەمە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بڵاو بۆتەوە، شێعری "نیشتمانم رەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە"ی هەژار چاپ کراوە و لە سـەریشـی نووسـراوە:" سـروودی ملی کوردسـتان.".(رەفیق سـاڵح و سدیق ساڵح، ٢٠٠٧، ٥٤)

ئەوە کەبۆ چی لە کۆماری کوردســتاندا، لە نێو کۆمەڵێک ســروودا کە نێوەرۆکی نیشـتمانی و نەتەوەییشـیان هەیە و بە گوێی خەڵکیش ئاشـنا بوون، شـێعری"ئەی ڕەقیب "یان بۆ سـروودی نەتەوەیی هەڵبژاردوە یا هێناویانەتە پێشـەوەی سـروودە نەتەوەییەکان، جێگای تێرامانە. کۆمەڵێک هۆکـار هەن کە هەر کـامێکیـان دەتوانن کەم یـا زۆر ڕۆڵیـان بووبێ لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ سروودی نەتەوەیی.

یەکەم، شـێعری "ئەی ڕەقیب"لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سـنعەتی شـێعری و ڕەوانبێژی و جوانکاریی ئەدەبییەوە، شـتێکی نێوەنجی و سـادەیە بەڵام وەک نێوەرۆک،خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بووە کە بۆ سروودی نەتەوەیی لێی چاوەڕوان دەکرێ.
دووەم لە نێو چەندین تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان کە بە نیازی خزمەتکردن لەو حکوومەتە کوردییە خۆیان گەیاندبووە مەهاباد، چەند کەسـێکی کۆیی هەبوون، کە دەشـێ ئاگاداری ناوبانگی دڵدار و بە تایبەتی ئەم شـێعرەی بووبن و تەنانەت زانیبێتیان کە "ئەی ڕەقیب" هەر لە ئەساسدا بۆ نیازێکی لەو چەشنە نووسراوە.
ڕاسـتییەکەشـی ئەوەیە کە ئەو دەقە شـێعرییە بە بەراورد لە گەڵ سـروودە باوەکانی ئەو کات و دەقە شـێعرییەکانی دیکە کە نێوەرۆکی نەتەوەیی و نیشـتمانیان هەبوو، بۆ سـروودی نەتەوەیی گونجاوتر بوو."ئەو شـێعرە بە فەرمانی کەسـێک یان حزبێک نەبووەتە مارش و ڕەمزی نەتەوەیی، بەڵکوو بە گەورەیی خۆیی و هەسـتی بەرزی و ئەو ڕووحیەتە مەزنەیە کە لەنێوان وشـەکاندا، لەنێوان تۆن و مانا و ئاوازەکەیدایە بووەتە مارش و ڕەمزی بوونی کورد."(جەبار جەماڵ غەریب، ٢٠١٧)
"ئەی ڕەقیب" گیانێکی بەهێزی بەربەرەکانی و بەرخۆدان و هەسـتانەوەی تێدایە و نێوەرۆکێکی حەماسـیی هەیە. شـاعیر لەم دەقەدا وەک تاکێک نادوێ و جێناوی کەسـی سـێهەمی کۆ (ئێمە)بەکار دێنێ و بەردەنگەکەشـی (ئەی ڕەقیب) یا هەر ئەو لایەنەیە کە خوازیاری بندەسـتی و شـکان و توانەوەی نەتەوەی کوردە. دڵدار بە گوڕ و تین و لێبڕاوییەوە لە ئیرادەی نەتەوەکەی بۆ مانەوە و بەردەوامی دەدوێ و بە گوێیاندا دەدا کە کورد نامرێ و بەڵگەشی بۆ مانەوە و نەمریی نەتەوەکەی، مێژووە خوێناوییەکەیەتی کە دەریدەخا کورد ئامادەیە تاجی ژیان بە خوێنی خۆی بنەخشـێنێ و ئازاد بژی.
لە چاپەمەنی و بەڵگەنامەکانی سـەردەمی کۆماری کوردسـتاندا، بڕیارێکی نووسـراوی ئەوتۆ لە بارەی هەڵبژاردن و دەسـتنیشـانکردنی "ئەی ڕەقیب" وەک سـروودی نەتەوەیی نابیندرێ. تەنانەت دەقی شـێعرەکەش لە هیچ کام لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردسـتان" و گۆڤارەکانی ئەو سـەردامدا نابینین! سـەرەرای ئەمەش هەم بیرەوەریی ئەو کەسـانەی لە سـەردەمی کۆماری کوردسـتاندا لە مەهاباد و ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی کۆماری کوردسـتان دا ژیاون،"ئەی ڕەقیب"یان وەک مارش یا سـروودی نەتەوەیی ئەو کۆمارە ناوبردوە(بۆ وێنە عەقید بەکر حەوێزی، سـەعید ناکام، محەممەد شاپەسەندی، جەلیل گادانی و هتد)، هەم لەو ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییانەی ئەو سەردەم لە بارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردسـتان لە شـارەکان و بەڕێوەچوونی ژمارەیەک ڕێوڕەسـمی دیکەلە گۆڤار و ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بوونەوە، ئاماژە بە خوێندنەوە و پێشکەشکرانی سروودی نەتەوەیی کراوە. چەند وێنەیەکی ئەو سـەردەمە کە لە کاتی سـەردانی سـەرکۆماری کوردسـتان بۆ هێندێک شـوێن بۆ وێنە خانەقای شـەمزینان گیراون، دەیسـەلمێنن کە لەم جۆرە بۆنانە دا مارشـی نەتەوەیی پێشکەشکراوە.( بڕوانە محەممەد ڕەزا سیفی قازی،٤٨،٢٠٠٨ )
"سـروودی ئەی ڕەقیب لە بۆنە ڕەسـمییەکانی سـەردەمی کۆماری کوردسـتاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و بە تایبەتی لە ڕێورەسمە گەورەکاندا لەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە. لە مەدرەسـەکان پێش چوونە نێو کلاس بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشـان بەرەو

کلاسەکان دەچوون. هەموو کات کە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێدەکرا، خەڵک هەڵ دەستانە سەر پێ."(جەلیل گادانی، ٢٠١٨)
بەم جۆرە وەک هەر داوا و ڕاسپاردەیەکی دیکەی کۆماری کوردستان، هەڵبژاردنی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەییش لە لایەن ئەو خەڵکەی لە ژێر سێبەری کۆماری کوردستان دەژیان، بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. ئەم سروودە بە زۆری لە ڕێوڕەسمەکان دا و بە شێوەی زیندوو و لە بەرچاوی خەڵک لە لایەن تیپی مۆسیقا و کەسانی دیاریکراو پێشکەشکراوە. دیارە لە ڕادیۆی تەورێزیش (ڕادیۆی فیرقەی دیموکرات) کە بۆ ماوەی چەن مانگ ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەکی نیو سەعاتەی ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەدرا، ئەو سروودە بڵاو بۆتەوە. دواتر کە کۆماری کوردستان بۆ خۆشی بووە بە خاوەنی ڕادیۆ و دەنگەکەی لە نێو ئەو شارە دەبیسترا، هەموو ڕۆژێ ئەم سروودە لە ڕادیۆ بڵاو بۆتەوە.(حامید گەوهەری، ٢٠١١، ٣١٧)
گومانی تێدا نیە کە ئەو سەردەم ژمارەی ئەو بنەماڵانەی ڕادیۆیان هەبوو، لە کوردستان یەکجار کەم بوون. ئەو سەردەم ڕادیۆ، گرامافۆن و زەبتی سەوت(تەسجیل) و شریت(کاسێت) ئەوەندە پەرەیان نەگرتبوو و کەم بنەماڵە هەبوون دەستیان بەوانە ڕابگا.

**ب- "شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر ئەی ڕەقیب "**

سروودی "ئەی ڕەقیب" لە گەڵ ئەوەشدا گرنگترین سروودی کوردە، چونکە سروودی نەتەوەییە، زۆر بە کەمی بووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل. کەسێک بیهەوێ لە بارەی مێژووی ئەو سروودە لە هەموو ڕوویەکەوە بکۆڵێتەوە، ناچارە زانیاریی پێویست و پچڕ پچڕ لە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەدەست بێنێ. بەو حاڵەش ئەستەمە هەموو زانیارییەکی پێوەندیدار بەو سروودەی دەست بکەوێ."ئەم هەڵبەستە یەک پارچە ئاوات بەرزی و بڕوا پتەوی و نەبەزی و مەیدانخوازیی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی دەستنیشان دەکات. هەڵبەستەکە لە کەرکووک چاوی هەڵێناوە و هەر لەوێش ئاوازی بۆ داندراوە و لەوێشەوە بە کوردستانی عێراق و ئێراندا بڵاو بووەوە و لە ڕادیۆی مەهاباد و ئازەربایجان و ڕادیۆکانی لەمەودوای شۆڕشی کورد دەنگی دایەوە. ئێستاش بووە بە سروودی نیشتمانیی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان."( عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، ١٧٢)
ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی مۆسیقایی ئەم سروودە، ڕوونە کە یەکەم جار شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئاوازی بۆ ئەم سروودە داناوە. کاتێک دڵداری شاعیر لە١٩٣٩، لە کەرکووک لە کۆڕێکی دۆستانە دا بۆ یەکەم جار ئەم شێعرە بۆ کۆمەڵێک لە دۆستانیلە ماڵی کاک حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا دەخوێنێتەوە، ئارەزوو دەکا کە یەکێک هەبێ ئاوازێک بۆ ئەم سروودە دابنێ. هەر لەوێ و لە نێو ئامادەبواندا شێخ حوسێن بەرزەنجی کە دەنگێکی خۆشی هەبووە و شێعر و گۆرانیی زۆری کوردیی لە بەر بووە، و مەقامە ڕەسەنەکانی کوردیی دەزانی،ڕادەسپێردرێ. دوای چەند ڕۆژێک، شێخ حوسێن کە لە دانانی ئاوازەکە دەبێتەوە، بە دەنگە خۆشەکەی خۆی و لە سەر هەمان ئاواز سروودەکەی بۆ دەڵێتەوە.( فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧)
نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، هەر ئەو ساڵەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا و ئەو کۆمارە سروودی ئەی ڕەقیبی وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد، لە هەولێر ئاهەنگێکی گەورە بە بۆنەی نەورۆزەوە ساز دەکرێ و لەو ئاهەنگەدا سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"ی پێشکەشدەکرێ. هەر لەو ساڵە دا، دڵدار بۆ زانینی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان بە بەردەوامی گوێ لە ڕادیۆ دەگرێ.

لە ڕێگای ڕادیۆوە، گوێی لە ئەی ڕەقیب وەک مارشـــی نەتەوەیی کۆماری کوردســـــتان دەبێ و لە خۆشیان دەگری.(سەریاس ئەحمەد، ٢٠١٥)
ئەم دوو ڕووداوە لە لایەک ئەوە دەســــەلمێنن کەهاوکات لە گەڵ دیاریکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک ســرووودی نەتەوەیی یا تەنانەت پێشــتریش، "ئەی ڕەقیب" لە باشــووری کوردســتان لانیکەم لە نێو لاوانی خوێندەوار و نەتەوەپەروەردا، وەک سرووود چاوی لێکراوە و لە ئاهەنگ وبۆنە نەتەوەییەکاندا خوێندراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕادیۆش ڕۆڵی هەبووە لە ناســـاندنی ســـروودەکە بە ڕۆڵەکانی نەتەوەیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.
ڕوون نیە لە کۆماری کوردســـتاندا، هەر لە ســـەر هەمان ئاوازی شـــێخ حوســـێن بەرزەنجی، ئەم ســـروودە وتراوەتەوە یاگۆڕانێک لە ئاوازەکەی دا پێک هاتوە. ئەگەر گۆڕان پێکهاتوە، کێ بووە ئەو کەســـەی ئەو گۆڕانەی کردوە؟ "وێدەچێ کاری ژەنینی مۆســیقای ئەو ســروودە هەر ئەو کەســانە کردبێتیان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا ، مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگە بوون، کە بریتی بوون لە عەلی تابانی(ڤیۆلۆنژەن) کە بەشـــی مۆســـیقای لە تەوریز تەواو کردبوو، مەحموودی وەلیزادە کە بەشـــی کشـتوکاڵی خوێندبوو بەڵام ڤیۆلۆنژەنیش بوو، میرزا مینەی ڕەحیمی، مســـتەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسێکی دیکە.(جەلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوو)
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ســــروودە نەتەوەییەکان و یەک لەوان "ئەی ڕەقیب" ئەوەیە لە کاتی پێشـکەشـکردن بە شـێوەیەکی زیندوو، بە کۆرس دەوترێنەوە. بەڵام ئەی رەقیب ئەو کاتەی لە سـەر قەوان یا کاسـێت تۆمارکراوە، زۆرتر بە دەنگی تاکەکەسـێک، کە هونەرمەندێکی دەنگبێژ بووە، گوتراوە.لە ماوەی٧ دەیەی ڕابردوودا، زۆر لە هونەرمەندانی کورد بە تایبەتی ئەوانەی دەنگیان بۆ وتنەوەی ســـروود گونجاوە، ســـروودی ئەی ڕەقیبیان وتوەتەوە.لەوانە ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، شـــوانپەروەر،ناســـر ڕەزازی،محەممەدی ماملێ، فەرهاد بابان، خالید ڕەشـــید، دەشـــنێ موراد،قادر ئەلیاسـی وهتد. مۆسـیقای سـروودەکەش لە گەڵ پێشـکەوتنی سـەردەم و داهاتنی ئامێر و ئیمکاناتی پێشــکەوتووتری مۆســیقایی، هەروەها بە ســوود وەرگرتن لە ئەزموون و شــارەزایی مۆســیقارە کوردەکان، نوێبوونەوەی بە خۆیەوە دیتوە.ئەم توێژینەوەیە بە کاری خۆی نازانێت قسەلەسەر ئاواز و لایەنی مۆسیقای سرودەکە بکات، بەلامئەگەر وەک گوێگرێکیش  قسەی لە بارەوە بکرێت حاشای لێ ناکرێ کە هەم لە جۆری پێشـــــکەشـــکردندا و هەم لە بەکارهێنانی جۆری نوێی ئامێرەکانی مۆسیقیدا، "ئەی ڕەقیب" لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و ئەمە ڕاستییەکە هەستی پێ دەکرێ.نوێترین هەوڵەکان لە بارەی نوێکردنەوەی  ئەم ســـروودە لە ڕووی مۆســـیقاییەوە، ئەوزانیارییانەن کە لە زمانی"ئەدیب چەلکی"بڵاو بوونەوە:
"مامۆستا دلشاد سەعید ئاوازی سروودی نیشتمانیی (ئەی رەقیب)ی بۆ ئۆرکێسترا ئامادە کردووە، لەگەڵ گرووپی نیشـــتمانیی ســـەمفۆنیای چیک لە پراگ بە شـــێوەیەکی ســـەرنجڕاکێش جێبەجێی کردووە...پێش چـەنـد مـانگێـک ئەم کـارە بە پشـــتیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردســــتـان ئەنجامدراوە...ئاماژەشی بەوە داوە کە بەم زووانە سروودی نیشتمانی لەسەر سیدی بە دیزاینێکی سەرنجڕاکێش بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ دەفتەرێکدا کە نۆتەکانی ئاوازەکەشی بە شێوەی ئۆرکێسترایی تێدا نووسراوەتەوە.ئەم سروودە نیشتمانییەی هونەرمەند دلشاد سـەعید ئامادەی کردووەتەوە، لە جۆری ئەم سـڵاوە نیشـتمانییانەیە کە پێویستی بە ئامێرگەلی زۆری هەوایی هەیە...ئەم سروودە بە

دوو شـــێوەی تریش تۆمار دەکرێتەوە، یەکێکیان تایبەت بە ســـروودی نیشـــتمانیە بۆ یاریگە وەرزشیەکانی جیهان. شێوەی سێیەمیش لەگەڵ دەنگی بژاردەیەکی هونەرمەندانی کوردستان تۆمار دەکرێت، بۆ خوێندنەوەی وشـــەکانی ســـروودی نیشـــتمانی (ئەی ڕەقیب)ە کە لەلایەن دڵداری شـــاعیرەوە داندراوە.ئەم ســـرووده بە هەردوو شـــێوەزاری ســـۆرانی و کرمانجی پێشـــکەش دەکرێ."(خۆرنیوز،٦ی جولای ٢٠١٧)

هەوڵێکی دیکەی جێگای ئاماژە نوێکردنەوەی ســـروودی ئەی ڕەقیب بە هاوکاریی ئۆرکێســـترای هەنگاریا لە ٢٠١٦یە کە مامۆســـتا ئەنوەر قەرەداغی بەم جۆرە باســـی کردوە: "دوای ئەوەی لەڕێگەی"د.شـۆڕش حسـێن"بەرپرسی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەبۆداپێست بەرلەچەند مانگێک ئۆرکسـترای(زوگلۆیی ســەنت ئیشـتڤان فیلهارمیک)ی هەنگاری بۆنوێکردنەوەی هەردوو ســـروودی ئەی ڕەقیب و مەشـــخەڵان پەیوەندیم پێوەکرا، بڕیارماندا لەگەڵ ئۆرکێســـترای هەنگاری بەڕابەری(زامبۆرسکی کاڵمان)کە یەکێکە لەڕابەرە دیارەکانی مۆزیکی هەنگاریایە ئەو کارە ئەنجام بدەین. دوای ئامادەکارییەکی زۆرو دوای ئەوەی کە ســـکۆرو پارتەکانی کارەکەم بۆ ناردن ڕۆژی ٣/١٨ی ٢٠١٦خۆشـــبەختانە توانیامان ســـەرکەوتوانە کارەکە ئەنجام بدەین."(ئەنوەر قەرەداغی،٢٠١٦)

**بەشی سێهەم : ژینگە و پانتایی جۆگرافیایی سروودی ئەی ڕەقیب**

**ئەلف: هۆکارەکانی بەرفراوانیی ژینگەو پانتایی سروودی ئەی ڕەقیب،**

ڕابردووو پێشـــینەیەک کە ســـروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" هەیەتی، پارمەتییەکی زۆری بە خۆشـەویستی و وەرگیرانی لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشـەکانی کوردستان بە تایبەتی باشـــوور و ڕۆژهەڵات کردوە. "ئەی ڕەقیب" مارشـــی نەتەوەیی فەرمیی یەکەم دەوڵەتی مودێرنی کوردی بوو." پاش ئەوەی کۆماری کوردستان ئەم سروودە نەتەوەییەی کرد بە سروودی کۆمار، زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەی کورد، ئەم سروودە بە سروودی نەتەوەیی خۆی دەزانێ و بۆ ڕێزگرتنی لە کۆبوونەوەکاندا، پێش دەسـتپێکردنی دەگوترێ و، بەشـدارانی کۆبوونەوەکە، ئەوانە نەبێ کە پێیان شـــکاوە، لەبەری هەڵدەســـتن و بەبێ دەنگیی دەمێننەوە تا تەواودەبێ، کە تەواوبوو چەپڵە لێدەدەن بۆی."(جەماڵ نەبەز،٢٠١٦)

بەو هۆیەوە کە کۆماری کوردســـتان ڕووگە و قیبلەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەش بوو،هەر ڕەمزێک و نیشـانەیەکی نەتەوەیی پەسـند کردبا، تاکی کورد لە بەشـەکانی دیکە بە ڕەمز و نیشـانەی خۆشـیان دەزانی. هەر وا کە ئاڵای هەڵدراولە کۆماری کوردسـتان، لە بەشـەکانی دیکە بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکرا و بە پیرۆز دەزانرا، "ئەی ڕەقیب"یش بە هەمان شێوە، ئەوەی دەیبیست و دەیزانی کە ئەم سروودە مارشی کۆماری کوردستان بووە، بە هی خۆی دەزانی. ئەگەر چی دوای ڕووخانی کۆماری کوردســـتان و زاڵبوونەوەی دەســـەڵاتی ڕەشـــی دیکتاتۆریی حەمە ڕەزاشـا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان هەتا سـاڵانێکی زۆر دەرفەت بۆ خوێندن وپێشـکەشـکردنی ئەو سروودە نەما، بەڵام لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی کورد(لە بەندیخانە بووبێ یا لە دوورە وڵاتی) "ئەی ڕەقیب" کە ئێستا ئیدی نوستالژیای سەردەمی کۆماری کوردستانیشی تێکەڵ ببوو، بە هەمان ڕێز و خۆشەویستی مایەوە.

له ســـاڵانی دوای نەمانی کۆماری کوردســـتان تەنیا رادیۆیەک کە ســـروودی ئەی ڕەقیبی بڵاو دەکردەوە، ڕادیۆی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو." پاش ئەوەی پارلەمانی ئێران مافی گەڕانی بە دوای نەوتدا لە باکووری ئێران بە سـۆڤێت نەدا، ئەوجا سـتالین هەسـتی بە هەڵخەڵەتاویی خۆی کرد. بۆ تۆڵەســـەندنەوە لە رژێمی ئێران، پرۆگرامێکی رادیۆیی نهێنیی بۆ ئازەربیە راکردووەکان دامەزراند. ئەم رادیۆیە بە نێوی "وێســـتگەی رادیۆی فیرقەی دیمۆکراتی ئازربایجان"ەوە؛ رۆژانە بە ســێ زمان گۆتارەکانی خۆی بڵاودەکردەوە. لە پێشـــەوە بە فارســـیی، ئەوجا بە ترکیی ئازەریی، پاشـــان بەکوردیی، ماوەی هەر یەکێک لەم زمانانە نیو دەمژێربوو. کورت و کرمانجیی، باســـەکانی هەموو پروپاگەندە بوون بۆ رژێمی سۆڤێت و ستالین و دژ بە حکوومەتی ئێران. بەشە کوردییەکەی بە سروودی "ئەی رەقیب" دەستییێدەکرد."(جەماڵ نەبەز، ٢٠١٦)

ســـەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی وشـــۆڕشـــگێرانەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردســـتان بووبێ، ژیانەوە وهەســـتانەوەی ئەی رەقیب وەک مارشـــی نەتەوەییشـــی لە گەڵدابووە."دوو ســـاڵ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، "ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق" لە ١٩٦٣/٩/٢٨ دەست بە کار بوو."(سالار عوسمان،٢٠١٣)

هەر لە جێدا بوونی هەر ڕادیۆیەکی کوردیی ســـەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، دەرفەت بووە بۆ بڵاوبوونەوە و ژیانەوەی سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی.چونکە سروشتی بزووتنەوەکە و ئەرکی ڕادیۆیەکە وای خواستوە سـروودی نەتەوەیی و شـۆڕشـگێری بڵاو بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە هێزی پێشـمەرگە و تێکۆشـەرانی کورد لە سـەنگەرە جۆراوجۆرەکاندا بۆ خۆڕاگری و بەربەرەکانی هان بدا.دوای شـکسـتی ١٩٧٥ی شـۆڕشـی کورد و دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕشـی نوێ لە باشـووری کوردســـتان، هەم یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان و هەم پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ئێزگەی ڕادیۆییان دامەزراند. دەنگی گەلی کوردســـتان کە ڕادیۆی یەکێتیی نیشـــتمانی بوو لە ١٩٧٩/٣/٢١ کەوتە کار(جووتیار قادر کەریم،٢٠١٧). ئەگەر چی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سروودی تایبەت بە خۆی هەبوو کە "مەشـــخەڵان" بوو، هەر وەها لە گەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردســـتانیش ســـروودی حیزبیی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام " ئەی ڕەقیب" یەک لەو ســـروودانە بووە لەم ڕادیۆیانە بڵاو بوونەوە.

ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیمی شایەتی لە ئێران هێنا. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە هەناسەیەک بە ئازادی هەڵ بکێشێ. حیزبی دیموکراتی کوردســـتان و ڕێکخراوە ســـیاســـییەکانی دیکە لەو بەشـــەی کوردســـتان چالاک بوونەوە و بنکە و بارەگایان لە شـــارەکان کردەوە. حیزبی دیموکراتی کوردســـتان وەک هەڵگر و درێژەدەری ئامانجەکانی کۆماری کوردســـتان، ســـروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"ی هێنایەوە نێو ژیان و تێکۆشـــانی ڕۆژانەی خۆی. جگە لەوەی کۆبوونەوەو کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزب بە ســـروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب "دەکرانەوە، لەو متینگانەش کە بە بەشـــداریی خەڵک پێک دەهاتن، هەر وەها لە جێژن و بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکاندا، خوێندنەوەی ســـروودی "ئەی ڕەقیب" بوو بە نەریت. چالاک بوونەوەی ڕێکخراوە سینفییەکانی وەک یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دیموکرات و کۆبوونەوەی توێژەکانی لاوان و ژنان لە دەوریان و،دەستپێکردنی کۆبوونەوە و بەرنامەکانیان بە

سروودی "ئەی ڕەقیب"ڕێزی ئەم سروودەی لە نێو توێژەکانی خەڵکدا بەرەوژوور برد و پەیامی نەتەوەیی وبەرگریخوازانەکەی زیاترلە پێشوو بردە نێو خەڵک.

لەم قۆناغە لە ژیانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند هۆکار وایان کرد نەک هەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو کورد بە گشتی لە ئێران زیاتر لە گەڵ ئەم سروودە نەتەوەییە و مێژوو و هێما و دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئاشنا بن.بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەک هەر هەزاران گوند بەڵکوو چەندین شار و شاروچکەش لە٣ پارێزگەی ورمێ، سنە و کرماشان لە کۆنترۆڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەدابوون و ببوون بە ناوەندی چالاکیی جۆراوجۆری ئەوان. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، چەقی بزووتنەوەکە و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات بە زۆری ناوچەی موکوریان بوو، ئەمجارە تێکۆشانی ئەم حیزبە نەتەوەییە بۆ پارێزگەکانی سنە، کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشت ولە پارێزگەی ورمیش بۆلای سەڵماس و خۆی و ماکۆ هەڵکشا.

لە ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٨٢قوتابخانەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان لە لایەن حکوومەتی نوێی ئێرانەوە داخرابوون.حیزبی دیموکراتی کوردستان، "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان"ی پێک هێنا، خولی تایبەتی بۆ مامۆستایان کردەوە، کتێبی خوێندنی بە زمانی کوردی چاپ کرد ولە قوتابخانانەکانی ناوچە ئازادەکان خوێندنی بە زمانی کوردی وەڕێ خست. هەموو بەیانانیش قوتابیان بەر لەوەی بچنە نێو پۆلەکان، بە تێکرایی سروودی ئەی ڕەقیبیان دەخوێندەوە.(قادر فەتاح ئەحمەد، ٢٠١٠، ٦٢)

هاوکات لە جۆزەردانی ١٣٥٩ەوە(ژوئەنی ١٩٨٠ەوە)، "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" کە ڕادیۆی حیزبی دیموکرات بوو، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی. ئەم ڕادیۆیە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی تورکیی ئازەرییش بەرنامەی ئامادە دەکرد، دوو جار لە شەوڕۆژدا بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە، هەموو جاریش بەرنامەکانی بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەست پێدەکرد.(عەبدوڵا حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ٢٠٣)هەم لە ڕێگای ڕادیۆوە، هەم بە هۆی خوێندن و قوتابخانەوە، هەروەها بە هۆی متینگی سیاسی و ئەو بەرنامە هونەرییانەی بۆ خەڵک و بە بەشداریی خەڵک پێکدەهاتن، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب بە گوێی خەڵک وبیری خەڵک ئاشنا بوو.

ڕووداوەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی و بە تایبەتی ڕاپەڕین و پێکهاتنی پارلمان و حکوومەتی کوردستان، دروستبوونی ستاتوویەکی سیاسیی دانپێدانراو بۆ کورد لە باشووری کوردستانیان لێ کەوتەوە. بە فەرمی ناسرانی "ئاڵای کوردستان" و سروودی "ئەی ڕەقیب " وەک مارشی نیشتمانی لە لایەن پارلمان و حکوومەتی هەرێمەوە، و کارپێکردنیان لە چالاکیی ڕۆژانە و بایەخ پێدانیان لە ڕاگەیەنەکان بە تایبەتی کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان، سنووری ڕێز و خۆشەویستی و بە ڕەسمی ناسینی ئەم ئاڵا و سروودەیان گەورە کردەوە. بە جۆرێک کە هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، کورد لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ئەم دوانەیان کردە هێمای





نەتەوەییو هاوبەشـــی خۆیان. ئەم دوو هێمایە بە شـــێوەی جۆراوجۆرلە ژیانی رۆژانەی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکان دا بە تۆخی دەبینرێن. ئەوەش کە ئاخێوەرەکانی دیالێکتە جیاوازەکانی کورد ســـروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"یان بۆ ســـەر دیالێکتی خۆیان گۆڕیوە، جۆرێکە لە هۆگری بەم سروودە و وتنەوەی بە دیالێکتێک کە باشتر لە نێوەرۆکەکەی بگەن.

**ب: بۆ چی" ئەی رەقیب" بێ بەدیل ماوەتەوە؟**

ســـروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" هەتا هاتوە ژمارەی هۆگرانی زیاتربووە و جێگە و پێگەیەکی باشـــتری لە نێو نەتەوەکەی دا بۆ خۆی وەدەســـت هێناوە. قبووڵکران و وەرگیرانی وەک مارشـــی نەتەوەیی لە لایەن دوو حکوومەتی کوردیلە دوو ســـەردەمی جیاوازدا، ئیعتیبار و پرســـتێژێکی تایبەتی پێداوە. ئەگەر بمانەوێ وردتر بچینەســـەر هۆیەکانی مانەوە و وەرگیرانی وەک ســـروودی نەتەوەیی و نیشـتمانی، دەبێ هەم هەڵوێسـتە لە سـەر لایەنە مێژووییەکەی بکەین، هەم وەک خۆی( وەک سروودێک) بابەتیانە، تایبەتمەندییەکانی هەڵبسەنگێنین.

بەرلە هەر شتێک دەبێ ئەم ڕاستییەمان لە بیر بێ کە ئەو دۆخەی ئەم دەقەی تێدا لە دایک بووە،کە بندەسـتیی نەتەوەی کورد و داگیرکراویی کوردسـتان و بێبەشـی نەتەوەی کورد لە سـەربەسـتی و دەوڵەت و کیانی خۆی بووە، بە داخەوە هەتا ئیسـتاش باشـووری کوردسـتانی لێدەرچێ(ئەویش تا ڕادەیەک) لە هەمووی هەر وەک پێشـووە. ئێسـتاش داگیرکەرانی کوردسـتان و نەیارانی گەیشـتنی کورد بە سەربەخۆیی و مافە نەتەوەیەکانی لەپیلانگێڕی و لەشکرکێشی دان و بە هەموو توانایانەوە خەریکن کورد لەم دۆخەی ئێستا و لە رۆژرەشی و بندەستیدا بێڵنەوە. لە ڕاستیدا هەتا ئێستاش لە ڕووی پەیام و نێوەرۆکەوە ئەم ســروودە" زمانی قســەکردنی کوردە لە شــەڕی مان و نەماندا و بوونی بەقەد بوونی هەوا پێویســـتە بۆ هەر میللەتێک کە دووچاری چەوســـاندنەوە بێت."( نەوا مکورجی،٢٠١٥)

مەبەسـت لە هەڵوێسـتە کردن لە ڕووی مێژووییەوە لە سـەر ئەم سـروودە ئەوەیە کە زیاتر لە ٧٠ سـاڵە، "ئەی ڕەقیب" بووە بە زمانحاڵی شـۆڕشـگێڕان وتێکۆشـەران و پێشـمەرگەکانی کوردسـتان لە مەیدانە جیاوازەکانی بەرگری و بەرخۆدان دا.دوایین نامە و دوایین نەعرەتەی ڕۆڵە بەندکراوەکانی ئەم نەتەوەیە لەو کـاتەی دا کەبردوویـانن بۆ بن پەتی ســـێدارە، یـا دروشـــمیـان لە کـاتی بەرپەرچدانەوەی پەلاماری داگیرکەران و هێرشـــبردن بۆ ســـەریان، دێرەکانی ئەم ســـروودە بووە."ســـرودی ئەی رەقیب کۆکراوەی دواخوازی وئیرادەی مێژووی و ئێســـتای گەلەکەمانە سەبارەت بە جەختکردنەوەی لە سەر مافی بریاردانی چارەنوس ودامەزراندنی دەولەتی نیشتمانی کوردستان...سەدان تێکۆشـەر لە وتنی ئەم سرودە لە قوربانیدان سڵیان نەکردۆتەوە و روبەروی رژێمە دیکتاتۆرییەکان بونەتەوە، و پێشوازییان لە مەرگ کردووە." (کاوە مەحموود، ٢٠١٧)

ئەوەندەش کە دەگەڕێیتەوە سەر خودی دەقەکە، لە گەڵ ئەوەی وەک دەقێک بۆ سروود یا مارشی نەتەوەیی و نیشـتمانی بێ کەم وکووڕی نیە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندییشـی تێدایە کە هەر دەقێکی

دەستنیشانکراو بۆ مارش پێویستە تێیدابێ.ئاماژە بۆ فیداکاری و قوربانیدانی نەتەوە لە ڕابردوو لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، دەربڕینی ئامادەیی لاوانی کورد بۆ بەرگری لە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان، نیشاندانی ورە و ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوە بۆ شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵاکەیان، لەو بابەت و چەمکانەن کە لە دەقی ئەم سروودەدا هەن. ئەم چەمک و مەبەستانە بۆ نەتەوەیەک کە لە قۆناغی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ڕزگاری دایە، پێویستن، تەنانەت ئەو کاتەش کە کورد لە بندەستی و خاک داگیرکراوی ڕزگاری دەبێ، نیشاندانی ئیرادەیەکی بەهێز بە دوژمنان و نەیاران کە چاوی دیتنی سەربەستی و بەختیاریی کوردیان نیە، هەر پێویستە. وەک بە کردەوە دەبینین بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە ئەم سرووده لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی وەرگیراوە. "سروودی ئەی ڕەقیب تەنها موڵکی کوردستانی باشوور نی یە، بەڵکو موڵکی هەموو کوردێکەو بە پیرۆزی دەزانێت،زۆرینەی براکانمان لە باکور هاوڕانین لەگەڵ ئەو ئاڵایەی ئێستا لە باشوور ئەشەکێتەوە بەڵام ئەی ڕەقیب پیرۆزە لایان."(ئامانج عەلی،٢٠١٢)

ئەی ڕەقیب وەک دەق وەک سروودی نەتەوەیی یا نیشتمانی بەرەورووی کۆمەڵە ڕەخنەیەکیش بووەتەوە. دیارە ئەگەر سەرجەمی دەقە کرابا بە سروود و هێندێک بەیتی لێ لانەدرابا، ئەو کات وتنی سروودەکە ماوەیەکی زیاتری دەخایاند.دیارە مارش یا سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی نابێ درێژ بێت ودەبێ لە ماوەیەکەی دیاریکراو تێ نەپەڕێت. ڕەخنەیەکی دیکە ئەم دێڕەلە دەقەکەیە کە دەڵێ : "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین." د.کەماڵ مەزهەر مێژوونووسی دیاری کورد پێی وایە مێدیەکان دەوری دووهەمیان هەبووە لە دروستبوونی نەتەوەی کورد. گەلانی وەک لولو و گۆتی و سوباری گەلانی ناوچەکە بوون و لەهیچ شوێنێکی دیکەوە بۆی نەهاتبوون،ئەمانە ڕۆڵی سەرەکیان لە دروستبوونی نەتەوەی کورد دا بینیوە."(کەماڵ مەزهەر،٢٠١٦)

هەروەها ئەم ڕەخنەیەش هەیە کەمیدیا و کەیخوسرەو دەکەونە ئەو قۆناغە لە مێژوو کە قۆناغی ئوستوورەیی پێ دەگوترێ و ناکرێ بۆ نیوەرۆکی مارشی نەتەوەیی پشتی پێ ببەستین."اسطورە(ئوستوورە) مێژویەکی زۆر کۆنە و بە خەیاڵ دەچێیە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی بەڵامباستان (دێرین) خەیاڵی نییە و مێژووی گەل و وڵاتێکە کە زانایان و شارەزایان بە لێکۆڵینەوە ساغیان کردۆتەوە."(هەورامان سالار ڕۆژهەڵاتی،٢٠١٢)

هەرلە ڕووی نێوەرۆکەوە ئەم ڕەخنەیە لە دەقی سروودی ئەی ڕەقیب هەیە کە باس لە کورد دەکا نەک سەرجەم دانیشتوانی کوردستان کە چەندین کەمایەتیی نەتەوەیی دیکەشی لە سەر دەژین. هەر لەم ڕوویەشەوە،هەڵبژاردنی سیفەتی" نیشتمانی" بۆ ئەم سرووده بە نادروست دەزانن و پێیان وایە ئەمە سروودی میللییە نەک نیشتمانی. ئەمەش بە جێی خۆی کە لە سروودی نەتەوەییدا، کورد وەک "قەوم" ناوی دەبرێ کە دیارە کورد نەتەوەیە نەک قەوم و زۆر قورسە کە نەتەوەیەک لە سرووده نەتەوەییەکەیدا، خۆی بە قەوم پێناسە بکا.

لەم ســـاڵانەی دوایی دا، ئەی ڕەقیب بەرەوڕووی جۆرێک دژایەتی و ڕەتکردنەوەش بووەتەوە. بوونی دوو دەستەواژەی "نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان" و "دینمانە ئایینمان، نیشتمان" بە گوێرەی ڕاڤەی هێندێک لایەن، ئەمانە لە گەڵ پیرۆزییەکانی دین لە ناتەبایی دان. دیارە دەســـتەواژەی یەکەم "دانە"یە نەک "دانەر" و ئەگەر تۆپی زەمان وەک چەرخی زەمان (چەرخی گەردوون) لێک بدەینەوە، ئاشـکرایە چەرخ دانە(دندانە)ی هەیە. خۆ ئەگەر تۆپی زەمان، وەک تۆپ(تۆپی شـەڕ) تێ بگەین، ئەو کات دانە، مەبەســـت ئەو گوللانەیە کە پێی دەهاوێژرێن. بۆیە گومانی دژایەتیی دین بە هاســـانی دەکرێ لەم دەستە واژەیە بڕەوێنرێتەوە. هەر چی دەســتەواژەی دووهەمیشـە، هیچ گومانی تێدا نیە بۆ بێڕیزی بە دین و ئایین نەهاتوە.بە پێچەوانەوە شاعیر مەبەستی ئەوە بووە کەنیشتمانپەرستی و بەرگری لە نیشـــتمانبە ڕادەی ئایین بە لای لاوی کوردەوە پیرۆزە. ئەمەش بە جێگای خۆی کە "ئایین"هەم لە زمانی فارسی و هەم لە زمانی کوردی بە واتای ڕێوشوێن و مراسمیش دێت.(جەماڵ نەبەز، ٢٠١٦)

بێگومان لە ڕووی مۆزیکەکەشـــیەوە، "ئەی ڕەقیب" لە ڕەخنەی شـــارەزایان بە دوور نەبووە. ئەمە نموونەیەکە لەو ڕەخنانە:

"ئەم سرووده لەڕووی فۆرمەوە فۆرمی (A–B) هەیە. واتە کۆپلەی یەکەم کە بە (A) ناوزەدیدەکەین:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان

نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

پاشان کۆپلەی دوەم کە بە (B) ناوزەدیدەکەین:

کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە

زیندوە و قەر نانەوێ ئاڵاکەمان

ئەم فۆرمە چەند جارێک لەگەڵ هەموو کۆپلەکانی تردا دووبارەدەبێتەوە. وەک

"قەومی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر...تد"

کە هەر دووبارەبۆوەی (A)یە. پاشان دووبارەکردنەوەی

"کەس نەڵێ کورد مردوە...تد"

دووبارەکردنەوەی (B)یە. خودی ئەم فۆرمە فۆرمێکی کۆنی گۆرانیی یان ســـروودە لە مێژووی مۆزیکدا، هاوکات فۆرمێکی لاوازیشـــە. ئەگەر مۆزیکدانەرێکی ڕاســـتەقینە مۆزیکێک یان گۆرانییەک یان سـروودێک لەم فۆرمەدا بنووسـێت؛ هیچ نەبێت بە زیادکردنی هارمۆنیی و کەمێک درێژەدان و ئاڵۆزکردن یان بونیاتنان (دیڤیلۆپمێنت) لە کۆپلە جیاوازەکانی فۆرمەکەیدا بێت یان بە مۆدولەیشـــنی کـاتیی یـان مۆدولەیشـــنی تەواو قەرەبووی لاوازیی فۆرمەکەی دەکـاتەوە و بەرگێکی هونەریی پۆشتەتری بۆلەبەردەکات.

ئەوەمان لەیاد نەچێت، کۆپلەکانی شیعرەکە کورتن، ئەمە ڕێخۆشکەرە بۆ چەندین دووبارەکردنەوەی فۆرمەکە زیاد لە چەند جارێک (کە تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی وەڕسبوون لەوەی کە هەمیشە چاوەڕێی

گۆڕانکارییەک دەبێت بەڵام هەر هەمان فۆرم دووبارەدەکرێتەوە). بەڵام ئەم دووبارەکردنەوە وەرسکەرە وایکردوە کە سروودی ئەی ڕەقیب سروودێکی ئاسان بێت بۆ دۆزینەوەی میلۆدییەکەی.(نەوا مکورجی،٢٠١٥)

لە گەڵ ئەم جۆرە ڕەخنانەش دا سروودی "ئەی ڕەقیب" هەتا هاتوە زیاتر لە دڵ و هەست و بیری تاکەکانی کوردستان دا جێی خۆی کردوەتەوە."ئەی ڕەقیب" ئەو چەترەیە کە توانیوێتی هەموان لە ژێر سێبەری خۆی دا کۆ بکاتەوە.ئەم ڕاستییەش نابێ ئێمەی کورد بە تایبەتی شارەزایان و دامەزراوە پێوەندیدارەکان لەوە غافڵ بکا کە پێویستە بە گوێرەی نیازی سەردەم و بۆ ئەوەی هەر چی زیاتر ئەم سروودە ببێتە زمانحاڵی هەموو تاکەکان، پێویستە نوێ بکرێتەوە. بەم پێیە ئەم قسەیە لە جێی خۆی دایە کە "دەستهەڵگرتن لە (ئەی ڕەقیب)دەستهەڵگرتنە لە نیشتمانێکی ڕووحیی فراوان و مەزن، کە هیچی لە نیشتمانی سەرکاغەز و جوگرافیا کەمتر نییە. ئەگەر دەستهەڵگرتن لە شارێک یان دێیەکی کوردستان هەتیوبوونی ئەو شار و دێیە، یان هەتیوبوونی پارچەیەک بێ لە خاکی وڵات، دەستهەڵگرتن لە سروودی ئەی ڕەقیب دەستهەڵگرتنە لە نیشتمانێکی ڕووحی کە لە دەروونی هەموو کوردێکدایە، کە لە خانەکانی مێژوودا جێگای خۆی هەیە و بۆشاییەکی گەورە جێدەهێڵێ."(جەبار جەماڵ غەریب، دلدار، ٢٠١٧)

## ئەنجام

**ئەم توێژینەوەیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:**

١. نەتەوەی کورد، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان، لەگەڵ ئەوەدابووە، کە تایبەتێتی نەتەوەیی و ئەدەبی و سیاسی، ...تاد خۆی هەبێت و ئەم ئارەزووەشی لە چەند هەوڵێکی بەرەوە سەربەخۆبوونیدا دەردەکەوێت.

٢. سروودی "ئەی ڕەقیب"، تا ئەندازەیەکی باش ئەرکی خۆی وەک سرودیکی نەتەوەیی ڕاپەڕاندوە، بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری تاکی کورد لە دەوری خۆیدا.

٣. ئەی ڕەقیب وەک دەقێکی شیعری، بۆ سروودی نەتەوەیەک نەنووسراوە، بەڵام باسکردن لە قوربانیدان و خەبات و شانازییەکانی نەتەوەی کورد، ئەوی وەک دەقێکی ناوازە و بێ بەدیل هێشتۆتەوە. ئەگەر هەوڵێک هەبێت بۆ نویکردنەوە و گونجاندنی سروودەکە لەگەڵ سەردەم_نوێکردنەوە لە ڕووی میوزیک و پێشکەشکردنی هونەرییانە، هەروەها گۆڕینی چەن برگە و دەستەواژەیەک،کە نەبێتە هۆی شێوانی، ئەم سروودە جێگە و پێگەی خۆی لە داهاتووشدا دەپارێزێ.

٤- لە ڕێگای قوتابخانەکان(سیستەمی پەروەردە و فێرکردن)ڕاگەیەنەکان،و ڕێگا و شێوازی ئەمرۆیی جۆراوجۆر، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ ڕاکێشانی سەرنج و خۆشەویستیی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ لای سروودە نەتەوەییەکەیان.

## لیستی سەرچاوەکان


١. جەبار جەماڵ غەریب، ٢٠١٧، دڵدار، خۆرێک بە ئاسمانی ئەدەبەوە.

٢. حامید گەوهەری، ٢٠١١، کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢-١٩٤٦/١٢/١٧، هەولێر .

٣. رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ٢٠٠٧، رۆژنامەی کوردستان، مەهاباد١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی ,١٩٤٦

٤. سعید مهرپور، حبیب احمدی و مرجان نادری، ١٣٩٣، تحلیل گفتمان شناسی گزیدەای از سرودهای ملی کشورهای جهان، فصلنامه "توسعه اجتماعی، دەوره هشتم، شماره ٣، تهران.

٥. عبدالخالق علاء الدین،١٩٨٥، دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد،بغداد.

٦. عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، لە سیبەری ڕەخنە ولێکۆڵینەوە دا.

٧. عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ٢٠٠٢، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نیو سەدە تێکۆشان.

٨. غەنی بلووریان، ١٩٩٧، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستۆکهۆڵم.

٩. فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧، بە بۆنەی ٧٥ ساڵەی سروودی ئەی ڕەقیبەوە، حەوتوونامەی "بەدرخان"، ژمارە,٧٨

١٠. قادر فەتاح ئەحمەد، ٢٠١٠، خویندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نامەی ماستەر)

١١. قاسملوو،٢٠٠٢، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١٢. محەممەد ڕەزا سیفی قازی، ٢٠٠٨، نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد و هاوڕێیانی، وەرگێڕانی: عەلی ئەکبەر مەجیدی، سلێمانی.

١٣. وزارت اموزش و پرورش، ١٣٩٥، کتاب فارسی پنجم دبستان، چاپ دوم، تهران.

١٤. یاسین سەردەشتی، ٢٠٠٢، کۆماری میللی دیموکرتی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٥. جەلیل گادانی، ٢٠١٨، وتوێژی تایبەت لە گەڵ توێژەر لە بارەی سروودی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستاندا.

١٦. سالار عوسمان، ٢٠١٣، دەنگی کوردستان، دەنگێک دوای پەنجا ساڵ لە بوێری نەوەستاوە.

a=57280&http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13

١٧. عەلی لەیلاخ، ٢٠١٤، سەرنجێک بۆ شێعر و سروودی نەتەوەیی.
http://kurdch.tv/Direjewitar.aspx?Jimare=682

١٨. ناسر ڕەزازی، ٢٠٠٦، پێناسەی سروود.
https://www.kurdipedia.org/files/relatedfiles/2013/87111/0001.PDF?ver=130322645345203378

١٩. ترنم نسیم،١٣٩٢(٢٠١٣)تفاوت سرود و ترانه.
http://farhangiqom.blogfa.com/post-38.aspx

٢٠. بێ ناو، ١٣٩٣(٢٠١٤)،تاریخ، حماسه، شکوه و آزادی درسرودهای ملی جهان،
http://www.yjc.ir/fa/news/4942816

٢١. عەبدولڕەحمان سەدیق، ٢٠١٤، دیسان لە بارەی سروودی (ئەی ڕەقیب)ەوە.
id=1442&http://www.gulan-media.com/sorani/articles.php?eid=33
٢٢. ڕەزا شوان،٢٠١٦،پێگەی سروود لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا.
http://www.pukmedia.com/KS_Direje.aspx?Jimare=86058
٢٣. بێناو ، ٢٠١٧، سروودی نیشتمانیی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بە شێوەی ئۆرکێسترایی ئامادەکراوە.
/http://xor.news/so/reader/f9031d48-d143-4f09-817f-74fb484a63a3
٢٤ .ئەنوەر قەرەداغی،٢٠١٦، کارەکانی دابەشکردن ونوێکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب ومارشی مەشخەڵان لەئۆرکسترای هەنگاریا کۆتایی هات.
http://pukonline.net/?p=2175
٢٥. جەماڵ نەبەز،٢٠١٦ لە بارەی دڵدار و سروودی (ئەی ڕەقیب)ەوە
i&https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=1977634762276736
d=606150179425208
٢٦. جووتیار قادر کەریم، ٢٠١٧، دەنگی گەلی کوردستان،یەکێک لە شێوازەکانی کۆمۆنیکەیشن
http://halbijardin.org/Details.aspx?id=566
٢٧. جەماڵ نەبەز، ٢٠١٦، لە بارەی دڵدار و سروودی ئەی ڕەقیبەوە.
i&https://www.facebook.com/permalink.php?story_fbid=1977634762276736
d=606150179425208
٢٨. نەوا مکورجی، سروودی ئەی ڕەقیب و هەموو باسو خواسێکی گۆڕین و لابردن یان مانەوەی.
/ https://nawakr.wordpress.com
٢٩. کاوە مەحموود، ٢٠١٧،دووهەمین فستیڤاڵی ئەی ڕەقیب لە کەرکوک.
http://regaykurdistan.com/index.php/news/news-kurdistan/9399-2017-03-15-20-20-58
٣٠ .ئامانج عەلی،٢٠١٢، پێشنیار دەکەم لە گەڵ گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب دا ناوی کوردستانیش بگۆڕن.!!
authorid=13529&id=70769&http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news
٣١. کەماڵ مەزهەر،٢٠١٦، ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی مێژوویی کورد.
relat=&babet=important&http://www.xelk.org/detailnews.aspx?jimare=22865
5157
٣٢. هەورامان سالار ڕۆژهەڵاتی، ٢٠١٢،نامەیەک بۆ جەنابی عەولای حەسەن زادە.
id=42593&http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news
٣٣. جەبار جەماڵ غەریب،٢٠١٧، دڵدار، خۆرێک بە ئاسمانی ئەدەبەوە .
http://www.basnews.com/index.php/so/opinion/385657
٣٤. سەریاس ئەحمەد، ٢٠١٥، کورتەیەک لە مێژووی سروودی ئەی ڕەقیب.
q=20150924160854127122&http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1
پاشکۆ /دەقە شیعری "ئەی ڕەقیب"، بە زارە کوردییەکان و بە زمانی فارسی

# دڵدار و پێگەیشتنی هزری سیاسی و نەتەوەیی

# دڵدار(یونس رەئووف) لە نێوان بیری نەتەوەیی و چەپگەریدا
## توێژینەوەیەکی مێژوویی

د.هیوا حەمید شەریف
زانکۆی کۆیە. کۆلیژی پەروەردە - بەشی مێژوو

**پێشەکی**

**بایەخی توێژینەوەکە:**

دڵداریەکێکە لەو کەسایەتیە سیاسیانەی باشوری کوردستان که لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە تەمەنێکی کورت ناوبانگێکی گەورەی بە دەستهێنا، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو رۆڵ و چالاکییە سیاسیانەی لە ماوەی دیاریکراو ئەنجامیدا. شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم قۆناغە مێژووییەی دڵدار تێدا ژیاوە دوو بیری سیاسی زیاتر لە ئایدیۆلۆژییەکانی دیکە لە سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان هەبووە، ئەوانیش بیری نەتەوەیی و چەپگەری بوون کە ناوبراو لە چوارچێوەی هەردوو بیردا کار و چالاکی ئەنجامداوە، لەم گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەی رۆڵی دڵدار لە کارکردنی لەم دوو کایە سیاسیە جیاوازە دەخاتەڕوو.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لە راستیدا هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئامادەکردنی توێژینەوەکە پەیوەست بوو بە راگەیاندنی زانکۆی کۆیە دەربارەی ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە سەر بوارە جیاوازەکانی ژیانی دڵدار.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

خستنەڕووی قۆناغە جیاوازەکانی پێگەیشتنی هەردوو بیری نەتەوەیی و چەپگەرییە لای (دڵدار)، کە بەردەوام بیرکردنەوەیەکی قووڵ و بیروباوەڕێکی تایبەت بەخۆی لە پشت کار و چالاکییەکانی بووە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سوود وەرگرتن بووە لە رێباز و توێژینەوەی مێژوویی کە بریتیە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی رەسەن و بەڵگەی دروست پەیوەست بە رووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە ونبوونی بەشێک لە یادداشتەکانی (دڵدار) بوو کە قۆناغە زۆر گرنگەکەی ژیان و کار و چالاکیەکانیەتی ، بە بوونی ئەو بەشە ونبووە کێشەیەکی زۆری بەردەم ئەم توێژینەوەیە چارەسەر دەبوو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە پێشــەکی و ئەنجام لە ســێ تەوەرەی ســەرەکی پێکدێت، تەوەرەی یەکەم کە ناونیشــانەکەی بریتیە لە (پەرەســەندن و کاریگەرییەکانی بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە باشــوری کوردســتان لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی)ە بە دوو باس دەخرێتەڕوو، لە یەکەمیاندا: باس لە بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان( فاکتەرەکانی ســەرهەڵدان و لێکەوتەکانی) دەکرێت، کە تێدا هۆکارەکانی ســەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و چۆنیەی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە ســیاســیە نهێنیەکانی ئەو قۆناغە مێژوویە دەخرێتەڕوو. لە باســی دووەمیشــدا: ئاماژە بۆ فاکتەرە ســـەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی بیری چەپگەری لە باشـــوری کوردستان و دامەزراندنی چەند پارت و کۆمەڵەیەک دەکرێت کە هەڵگری بیری مارکسین.

تەوەرەی دووەمیش کە ناونیشانەکەی(قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پێگەیشتنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار)ە، بە هەمان شــێوە بە ســەر دوو باس دابەشــدەکرێت، لە یەکەمیاندا: ئاماژە بە ســەرەتای چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار دەدرێت . لە باســی دووەمدا کار کراوە بۆ خســتنەڕووی هەموو ئەو چالاکییە ســیاســیانەی دڵدار لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و پارتایەتی ئەنجامی داوە.

تەوەرەی ســێیەم کە ناونیشــانەکەی بریتیە لە(دڵدار و بیری چەپگەری)، هەوڵدراوە کاریگەری بیری چەپگەری لە ســەر کار و ڕەفتارەکانی دڵدار بخرێتەڕوو، پاشــان چالاکییە ســیاســیەکانی لە چوارچێوەی ئەم ئیدیولۆژیایە ئاماژەی بۆ بکرێت.

**گرنگترین سەرچاوەکان:**

نوســینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە ســوود وەرگرتن بووە لە چەندان ســەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەشــێکیان بە زمانی کوردی و بەشــەکەی دیکەش بە زمانی عەرەبین، هەندێک لە ســەرچاوەکان زانیارییەکـانیـان دەگمەن بوون و ســـوودی زۆریـان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیرا، بە تـایبەتی یادداشـــتەکانی(دڵدار) خۆی هەرچەندە بەشــێکی ونبووە، بەڵام ســـوودی زۆری بۆ توێژینەوەکە هەبوو.هەروەها کتێبەکەی(عبدالخالق علاءالدین) بە ناونیشــانی (شــاعیری شــۆڕشــگێری کورد) بایەخێکی گەورەی هەبوو بۆ توێژینەوەکە. یادداشـــتەکانی(موکەرەم تاڵەبانی) و(نوری شــاوێس) کەڵکی باشیان لێوەرگیرا.

**تەوەرەی یەکەم: پەرەســەندن و کاریگەرییەکانی بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە باشــوری کوردســتان لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیی.**

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم بابەتە سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە سەرهەڵدانی تیۆر و ئایدیولۆژیە ســیاســییەکان بە گشــتی و بیری نەتەوەیی و چەپگەری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بە کوردستانیشەوە زادەی گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی ناوخۆ نەبوون ، بەڵکو بەرهەمی پێشــهات و گۆڕانکاری و پێشــکەوتنەکانی وڵاتانی ئەوروپیین و دواتر وەک هەرمۆدیلێکی دیکە گەیشتوونەتە کوردستان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ئەم شێوازە لە بڵاوبوونەوەی بیر و ئایدیولۆژیای سیاسی لەگەڵ ئەوەی وەک گۆڕانکارییەکی پێویستی قۆناغەکە هاتە بوون، کێشەی گەورە و ئاڵۆزی

لەگەڵ خۆیدا هێنا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، بایەخدارتر دەبێت ئەگەر – وەک نمونە – بە کورتی ئاماژە بۆ تیۆری ئەو بیرمەندانە بکرێت کە بیری نەتەوەیی یاخود ناسیونالیزم بابەتی سەرەکی تێزەکانیانە ئینجا لەگەڵ ئەو بنەمایانە بەراورد بکرێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە سەر بنیاد نراوە. بیرمەند و نوسەرانی ئەم بوارە بە شێوەیەکی گشتی هاوڕا و کۆکن لە سەر ئەوەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی یاخود ناسیونالیزم لە ناو هەر کۆمەڵگایەک جگە لە پەیوەست بوون بە گۆڕانکارییە ئابوری و کلتورییەکان، بریتییە لە تێکشاندنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵآیەتییانەی بەر لە دروستبوونی بیری نەتەوەیی و نەتەوە بوونیان هەیە، کە ئەویش خۆی لە پەیوەندییە خێڵەکی و ناوچەییەکان دەبینێتەوە ،ئەمەش بە سڕینەوەی بیروباوەڕی ناوچەگەریی و خێڵەکی لە خەیاڵدانی تاکەکان دەست پێدەکات(قانع،٢٠٠٥: ٤٤-٤٥) .

لە ڕاستیدا هیچ پارچە و بەشێکی کوردستان بەم پرۆسە و گۆڕانکارییانە تێپەرنەبووە کە پێشوتر ئاماژەیان بۆ کرا، ناسیونالیزم و بیری نەتەوەیی لە کوردستان و تەنانەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵآتی ناوەڕاست بەگشتی وەک پەرچەکردار بەرامبەر ئەوانی دیکە سەریهەڵداوە، گوزارشتەکەی[٤٥] (محەمەد ئەمین زەکی)[٤٦] باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستیە . چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە کوردستان نەوەک هەر پەیوەندییە خێڵەکی و ناوچەیەکان تێکنەشکان، بەڵکو بەشێکی زۆری جوڵآنەوە نەتەوەییەکانیان لەلایەن سەرۆک خێڵ و هۆزەکان سەرکردایەتی کراوە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیری چەپگەری لە باشوری کوردستان بە هەمان شێوە ئەوەندەی زادەی کاریگەری بڵاوکراوە و سەرکەوتنەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو لە جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوەندە بەرهەمی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و ململانێی چینایەتی و دروستبوونی هەردوو چینی پرۆلیتار و سەرمایەداران نەبووە، بۆیە ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە فۆرمە گشتیەکەی لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ هەلومەرج و ئاستی خەباتکردن و قۆناغە مێژووییەکەی کوردستان نەگونجاوە (کاکەوەیس، ٢٠١٠: ٣٦).

---

٤٥ - کاتێک زاراوەی عوسمانی لە تورکیا سڕایەوە و هەردوو زاراوەی تورک و تۆرانی شوێنیان گرتەوە، منیش وەکو هەر تاکێکی نەتەوە ناتورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەستێکی بەهێزی جیاوازی نەتەوەکەم لە نەتەوەی تورک بۆ دروستبوو،ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دروستبوونی هەستی نەتەوەیی لەلام(زکی،١٩٣٩:ص فی المقدمە).

٤٦ - محەمەدئەمین زەکی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی مەحمودە، ساڵی ١٨٨٠ لە سلێمانی لە دایک بووە،کۆلیژی جەنگی لە ئەستانبول تەواو کردووە، ساڵی ١٩٢٤ گەڕاوەتەوە عێراق، چەندان جار وەک نوێنەری ی سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە ،چەند جارێکیش بۆتە وەزیر لە حکومەتەکانی عێراقی،لە چلەکانی سەدەی ڕابردووش کراوەتە ئەندام لە ئەنجومەنی پیران، ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە(غفور،٢٠٠٤: ٦-٢١).

**١- بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان( فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و لێکەوتەکانی).**

بیری نەتەوەیی لە ناوچەکانی باشـــوری کوردســـتان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بە شـێوەیەکی فراوان پەرەیسـەند، هۆکارەکەشـی جگە لەم بارودۆخە تازەیەی دوای جەنگ بە گشـتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە و گۆڕانکاری سـیاسـی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە دیارترینیان بۆ کورد هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتی عوسـمانی و دروسـتبوونی بۆشـایی سـیاسـی و کارگێری لە ناوچە کوردنشینەکان و ڕا گەیاندنی پەیمانی سیڤەر بوو بە تایبەت ئەو سێ بەندەی(٦٢- ٦٣- ٦٤) بۆ مافەکانی کورد تەرخانکرابوو(صابر،٢٠٠١ :١٤٣- ١٤٤). لە قۆناغی دواتریش سیاسەتی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراقیش بەرامبەر بە چارەنوسـی کورد کە خۆی لە پشـتگوێ خسـتنی مافە نەتەوەییەکان دەبینیەوە هۆکارێکی دیکەی گرنگ بوو بۆ ئەم پەرەسـەندنە(جندی، ١٩٩٤: ٤٨) . ئەمە سەرباری ئەو تەوژمە سیاسی و ئایدیولۆژیایەی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کرد و کوردســـتانی باشـــوریش بەدەر نەبوو لە لێکەوتەکانی، ئەمەش گوڕوتینی زیاتری بە ڕەوتی نەتەوەیی بەخشی(المزوری،٢٠٠٨: ٣٩).

هەر چۆنێک بێت ئەو هۆکـارانەی ئـامـاژەیـان بۆ کرا چەنـد بزووتنەوەیەکی چەکـداری و دامەزراندنی چەند پارت و ڕێکخراوی سـیاسـی لێکەوتەوە کە داواکاری بەشـێکیان دامەزراندنی قەوارەیەکی ســەربەخۆ بوو بە تایبەتی ڕاپەرینەکانی شــێخ مەحمود(البوتاني،٢٠٠٦ :٢٩١-٣٠٨) . شــایانی ئاماژە پێدانە لەگەڵ ئەوەی ڕاپەرینەکانی شــێخ مەحمود بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی شکستی هێنا،بەڵام کاریگەری بۆ قۆناغەکانی دواتر جێهێشت(محوی،٢٠٠٨ :٨٥)، ئەوەتا لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو ژمارەیەک لە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد لە باشوری کوردســتان بە مەبەســتی بەدواداچوون و داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەســتەیەک بە ناوی(هەیئەی وەتەنی)[٤٧] پێکدەهێنن، جموجۆڵەکانی ئەم دەســتەیە بە شــێوەیەکی فراوان دەســتی پێکردووە، کە جگە لە هەوڵەکانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بە هاوکاری ئاشــورییەکان و ژمارەیەک ســیاســەتمەداری بەریتانی، چەندان یادداشــتی گرینگیان ئاڕاســتەی کۆمەڵەی گەلان و دەستەڵاتدارانی بەریتانی و حکومەتی عێراقی کردووە(شریف،٢٠٠٦ :٧٩-٨٥)

هاوکات لەگەڵ چالاکییەکانی(هەیئەی وەتەنی)، ژمارەیەک لەم کەسایەتیە کوردانەی نوێنەر بوون لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەردەوام بـابەتی مـافە نەتەوەییەکـانی کوردیـان لە بـاشـــوری کوردســـتان وروژاندووە(قادر،٢٠٠٧: ٩٦-١١٤) . بەمشـــێوەیە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باشـــوری کوردستان بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، بۆ ئەمەش لە ململانێیەکی دژواردا بوو لەگەڵ دەســـتەڵاتداران و حکومەتی عێراقی، شـــایانی ئاماژە بۆ کردنە ســـیاســـەتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دوای بوونی بە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ لە ســـاڵی ١٩٣٢ ڕوونتر و ئاشـکراتر دەرکەوت(المزوری،٢٠٠٨: ٣٨) ،کە هیچ بایەخێکیان بە کێشـەکانی کورد نەدەدا و ڕێگر بوون لە بەردەم ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی سـیاسـی بە شـێوەی ئاشـکرا، ئەمەش چ لە

[٤٧] - کۆمەڵەی زانستی کوردان ساڵی ١٩٢٦ لە سـەر پێشـنیاری ئەحمەد بەگی کوڕی تۆفیق بەگ موتەسـەریفی ئەوسـای سـلێمانی بە ئامانجی نەهێشـتنی نەخێندەواری دامەزراوە، بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم کۆمەڵیە بنواڕە:(کەریم ، ١٩٨٥) .

بواری دامەزراندنی پارت و ڕێکخراو یاخود کردنەوەی یانە بووایە، بۆ نمونە لە ماوەی نێوان سالآنی هەردوو جەنگەکە هیچ پارتێک یان ڕێکخراوێکی سیاسی نابینرێت کە بە ئاشکرا کاری کردبێت، جگە لە بوونی هەندێک کۆمەڵەی ڕۆشنبیری، وەک (کۆمەڵەی زانستی) ، تەنانەت هەندێ جار ئەم کۆمەڵە ڕۆشنبیریانەش کار و چالاکییان قەدەغە کراوە (کەریم، ١٩٨٥: ١٨-٢٠) .

ئەم ڕێکارانەی دەستەڵاتدارانی عێراق بۆ ڕێگاگرتن لە هەر چالاکیەکی سیاسی کورد گرتبوویانەبەر، ڕۆشنبیران و کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستانی باشوری بەرەو ئەو ئاڕاستەیە برد کە چالاکییە سیاسیەکانیان بە شێوازی پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوی نهێنی ئەنجام بدەن، لەم چوارچێوەیەشدا و لە سالآنی پێش جەنگی دووەمی جیهانی ژمارەیەک پارت و ڕێکخراوی سیاسی کە هەڵگری مۆرک و بەرنامەی نەتەوەیی بوون دامەزرا، یەکێک لەوانە (کۆمەڵەی برایەتی)[٤٨] بوو کە لە سالّی ١٩٣٧ لە شاری سلیمانی بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا، ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی قەبارەوە بچوک بوو کەچی ئامانجی گەورەی هەبوو، وەک: ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان(کۆچێرا،١٩٨٨: ٢١٨) . هەر لە هەمان سالّ لە هەولێر و کەرکوک کۆمەڵەی(دارکەر) دادەمەزرێت کە دواتر پەرەدەسێنێت ودەگۆڕدرێت بۆ پارتێکی نەتەوەیی گەورە بە ناوی(هیوا). لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیش باشوری کوردستان وەک مەڵبەندێکی چالاکی سیاسی و جەماوەری دەرکەوت و چەند کۆمەڵەیەکی سیاسی لەو کاتەدا دامەزران کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، لەوانە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ- ک) – لقی کوردستانی عێراق (قادر،٢٠٠٥: ٤٩-٥١).

**٢- سەرهەڵدانی بیری چەپگەری لە باشوری کوردستان:**

هاوشان لەگەڵ پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە باشوری کوردستان لە ماوەی نێوان کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، بیری چەپگەری سەرهەڵدانێکی فراوانی بەخۆوە بینی، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیری چەپگەری بە شێوەیەکی فراوان لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سالآنی سی و سەرەتای سالآنی چل لە سەدەی ڕابردوو،ئەمەش دوای هاتنی لێشاوێکی گەورەی ئەم ئایدیولۆژیایە بۆ ناوچەکە کە کاریگەرییەکانی باشوری کوردستانیشی گرتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی زۆرلە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کەوتنە ژێرهەژموونی ئەو ڕەوتە فیکری و سیاسیە(المزوری،٢٠٠٨:٣٩).

بەمشێوەیە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانی ڕەوتی چەپگەری بە شێوەیەکی فراوان لە باشوری کوردستان پەرەیسەند، بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی بیری مارکسی ، لە ڕاستیدا ئەوانەی بانگەشەیان بۆ بیری مارکسی دەکرد لە سەرەتادا ڕووبەڕووی کێشەی و گرفتی زۆر بوونەوە، چونکە هەڵویستی دانیشتوانی باشوری کوردستان لە بەرامبەر بڵاوبونەوەی ئەم بیرە هەڵویستێکی نەرێنی بوو(نەبەز، ١٩٨٤: ١٦٦)، خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کورد لە سەرەتا لە

---

٤٨ - ئەم کۆمەڵەیە لە ١١ی ئازاری ١٩٣٧ لە شاری سلێمانی لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی دامەزراوە، لەوانە: شێخ لەتیفی حەفید، سدیق شاوێس، ئیسماعیل شاوێس، ئەحمەد فەخری وشێخ قادر، کۆمەڵە لقی لە شارەکانی بەغداد و کەرکوک کردۆتەوە، چالاکییەکانی تا سالّی ١٩٤٣ بەردەواو بووە(البارزانی، ٢٠٠٢: ٧٤-٧٥).

گۆشەنیگای ئایینیەوە سەیری ئەم بیروباوەڕەیان دەکرد، کە پێیان وابوو ئایدولۆژیایەکە دوورە لە ڕەوشت و ئایین، لەلایەکی دیکە بوونی پارتی(هیوا) وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی کورد لەو کاتەدا کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسیەت، هەروەها ئەو ڕێکارانەی حکومەتی عێراقی بۆ دژایەتی شوعیەت گرتبوویە بەر ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە تەگەرەخستنە بەر فراوانبوونی ئەم بیروباوەڕە، بەڵام زۆری نەبرد ئەم ڕێگریانە بەرەو لاوازی چوون و کاریگەریان نەما ، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو بارودۆخە تازەیەی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ لە ئەنجامی هێرشکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت سەریهەڵدا، جگە لەمە گۆڤاری(گەلاوێژ)[٤٩] بەشدارییەکی چالاکی لە بڵاوکردنەوەی بیری سوشالیزمی و نێونەتەوەیی لە کوردستان هەبووە، کە چەندان وتاری لە سەر ئەم بیروباوەڕە بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بڵاوبونەوەی کتێب و گۆڤاری پێشکەوتنخواز یارمەتیدەر بوو لە پەرەسەندنی بیری مارکسی وهۆشیاری چینایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردی(الحیدری، ٢٠٠٤: ٥).

هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی بیری چەپگەری لە باشوری کوردستان پەیوەست بوو بە ڕووداو و پێشهاتەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، وەک: هاتنی سوپای سووری سۆڤیەتی بۆ ئازربێجان و ڕۆژئاوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها سەرکەوتنەکانی بەرەی هاوپەیمانان بە سەر بەرەی نازیەت و فاشیەت ، لە ڕاستیدا ئەم هۆکارە ڕۆڵی کاریگەری بینی بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە خوێندکار و ڕۆشنبیر پارتە نەتەوەیەکان جێبهێڵن و پەیوەندی بە پارتە مارکسیەکان بکەن(رسول،٢٠٠٨: ٣٥٥).

لە سۆنگەی ئەم پەرەسەندنەی بیری چەپگەری لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی باشوری کوردستان بە خۆیەوە بینی، چەندان پارت و ڕێکخراو لە سەر بنەمای ئەو ئایدیولۆژیایە دامەزران یاخود وەکو لق لە کوردستان کرانەوە، ئەمەش نیشانەی زۆربوونی هەوادارانی بیری چەپگەری بوو، ئەو ڕێکخراوە چەپانەی لەم قۆناغە لە باشوری کوردستان دامەزران بریتی بوون لە (کۆمەڵەی میللەت)[٥٠] کە دوای چەند مانگێک هەڵوەشایەوە و (یەکێتی تێکۆشین)[٥١] دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە

---

٤٩ - گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری مانگانە بوو لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ تا ئابی ١٩٤٩ لە شاری بەغداد دەرچووە، خاوەن و بەڕێوبەرەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، بەڕێوبەری کارگێریش (عەلائەددین سوجادی ) بوو( خەزنەدار، ١٩٧٣: ٤٠) .

٥٠ - ئەم ڕێکخراوە کە هەڵگری بیری مارکسی بوو لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری هەولێر بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی سالح حەیدەری دامەزراوە، بڵاوکراوەیەکی دەستنوسیان بە ناوی (دەنگی کورد) بڵاوکردۆتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ ڕێکخراوێک بە ناوی (وحدة النضال) کە لە حزبی شیوعی جیابووەوە یەکیان گرت و کۆمەڵەی میللەت هەڵوەشایەوە (صالح، ٢٠٠٥: ١٧-١٨).

٥١ - ئەو کوردە مارکسیانەی (کۆمەڵەی میللەت)یان هەڵوەشاندەوە و ڕازی نەبوون بچنەوە ناو حزبی شیوعی عێراقی، لە ساڵی ١٩٤٥لقێکی کوردیان بە ناوی (یەکێتی تێکۆشین) دامەزراند، گۆڤارێکیان بە ناوی ڕێکخراوەکە دەرکرد، ئەم گۆڤارە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە و ناوبانگی دەرکرد، تەنانەت لە بەڵگەنامەی بەریتانی ناوی هاتووە، دیارترین





سیاسیانە بە گشتی بانگەشەی دژایەتی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیان دەکرد(قادر، ٢٠٠٥: ٥٠). هەر لەم سەروبەندەدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٥ حیزبی شیوعی عێراقی ڕێکخراوێکی بە ناوی (پارتی ڕزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطنی)[٥٢] دامەزراند کە کاریگەریەکی گەورەی لە سەر لاوانی کورد هەبوو و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد پەیوەندیان پێوە کرد(رسول،٢٠٠٥: ٢٣٣) .

**- تەوەرەی دووەم : قۆناغەکانی سەرهەڵدان وپێگەیشتنی بیری نەتەوەیی لای (دڵدار)[٥٣] .**

---

ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە، بریتی بوون لە : سالح حەیدەری ، نافع یونس، حەمید عوسمان و رشید عەبدولقادر (البارزانی، ٢٠٠٢: ٩٠– ٩١) .

٥٢ - بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم پارتە لەلایەن حزبی شیوعی عێراقی بۆ دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئامانجی لە دامەزراندنی ئەو پارتە دروستکردنی هاوپەیمانێکی جێگا متمانە بوو، دەستەی دامەزرێنەر پێکهاتبوون لە کەسانی نیشتمانی و چەند ئەندامێکی حزبی شیوعی، دەستەی دامەزرێنەر لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤٥ داوای مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی کرد، بەڵام داواکارییەکە ڕەتکرایەوە ، لەگەڵ ئەوەش ئەندامانی پارتی ڕزگاری نیشتمانی دەستی بە چالاکییەکانی کرد و ڕۆڵێکی گەورەی لە پارێزگاکانی باشووری عێراق و کوردستان هەبووە، ئەم پارتە باوەڕی تەواوی بە مافی چارەنوسی هەموو میللەتانی عێراق هەبوو بە کوردیشەوە( البوتانی، ٢٠٠٧: ٣٧– ٣٨) .

٥٣ - ناوی تەواوی یونس کوڕی مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیمولسوجادەیە، دایکی(زەهوە)ی کچی خورشید ئەفەندییە کە لە بنەچەدا لە مەلازادەکانی ناوچەی زەهاون، پێنج برای هەبووە بە ناوەکانی (سەعدی- جەواد – ئاسف – مەجید –حەمید)، کە تەنیا حەمید لە خۆی بچوکتر بووە و خوشکی نەبووە. مەلا ڕەئووفی باوکی لەو کەسانە بووە کە هاوسۆزییەکی لە ڕادەبەدەری لەگەڵ عوسمانیەکان هەبووە، تەنانەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی هیچ وەزیفەیەکی لە بەریتانیەکان وەرنەگرتووە، هەر چاوەڕوان بووە دەستەلآتی عوسمانیەکان بگەڕێتەوە کوردستان. دڵدار لە ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، لە سەرەتای منداڵیەوە بە هۆی نەخۆشیەوە زمانگیری هەبووە لە کاتی قسەکردندا، لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا دەخرێتە بەر خوێندن و لە شاری ڕانیە پۆلەکانی یەکەم و دووەمی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ کۆیە و پۆلەکانی دیکەی سەرەتایی تێدا تەواو دەکات، ساڵی ١٩٣٧ بۆ تەواو کردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی ڕووی لە هەولێر کردووە و هەردوو پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی تێدا خوێندووە، ئینجا چووە بۆ شاری کەرکوک کە ماڵی (ئاسف)ی برای لێبووە،خوێندنی دواناوەندی لەم شارە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٠ بۆ تەواو کردنی خوێندن لە کۆلیژی(ماف) بەرەو شاری بەغداد چووە، ساڵی ١٩٤٥ خوێندنی تەواو کردووە و بۆتە پارێزەر و بۆ ماوەیەک کاری پارێزەری کردووە، بەڵام بە هۆی کاریگەری هەردوو نەخۆشی (باداری و ئاوسانی دڵ) لە بەرواری ١٢-١١-١٩٤٨ لە شاری

ڕۆڵ و هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی هەر بیروباوەڕێکی سیاسی بێت لە دوو ئاستی جیاوازدا دەردەکەوێت، ئەوانیش(هەست – هۆشیاری)یە، ئەوەی یەکەمیان– واتە هەست– زیاتر پەیوەستە بە هاوسۆزی بوونێک کە لە ڕێگای جۆش و خرۆش و هەڵچوونەوە گوزارشتی لێدەکرێت. بەڵام ئەوەی دواییان بەرهەمی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، بۆیە هەموو ئەوانەی بە هۆشیارییەوە ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی دەبینن و ئەنجام دەدەن کارەکانیان بەرهەمدارتر و دەرکەوتوتر دەبێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە سەرجەم ئەو کەسانەی دەخزێنە ناو بۆتەی هەر بیرێکی سیاسی سەرەتا بە هاوسۆزیەکی زۆرەوە هەنگاو دەنێن، دواتر بەشێک لەوانە و لە قۆناغەکانی دیکە ئەم ئاستە دەبڕن و بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و کێشەکانی دەکەن، بەشێکی فراوانیش لەوان تا کۆتایی وێستگەی ژیانیان هەر لە ئاستی یەکەمدا دەمێننەوە و تەنیا بە هەست و سۆز کاری سیاسی دەکەن.

لەم گۆشەنیگایەوە سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی لای(دڵدار) بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت.

**١- قۆناغی یەکەم: چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی لای دڵدار.**

قۆناغی یەکەم کە بە قۆناغی چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی دەناسرێتەوە بە دوو وێستگەدا تێپەڕیوە. یەکەمیان: کە سەرەتای ئاشنا بوونی (دڵدار)ە بە بیری کوردایەتی و نەتەوایەتی بۆ سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە ئەو کاتە لە تەمەنێکی بچوکدا بووە، لەم وێستگەیەدا هەر وەکو خۆی لە یادداشتەکانی ئاماژەی بۆ کردووە هەژموونی (ئاسف)ی برای و گفتوگۆی هاوڕێیەکانی (ئاسف) کاریگەری گەورەی لە سەر هەبووە، بۆ ئەمەش چەندان نمونەی هێناوەتەوە کە هەندێکیان لە ڕێگای پرسیارکردن یاخود بەرزکردنەوەی دروشمی کوردایەتی بووە، هەندێکی دیکەش ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخراو بووە کە ڕۆڵی مەترسیداری پێسپێردراوە[٥٤] (علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٣-٣٥) . لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی (دڵدار) لەم قۆناغەدا بۆ چەمکەکانی کوردایەتی و نەتەوایەتی پێنەگەیشتووە، ئەو کار و چالاکیانەی ئەنجامیشیداوە تەنیا لە سۆنگەی هەست و سۆزێکی بێ بیرکردنەوە بووە، ئەم ڕاستیەش لە

هەولێر کۆچی دوایی کردووە(علاءالدین،١٩٨٥: ٥٠-٦٠؛خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٥؛ رسول،٢٠٠٨: ٣٥١؛ مەمەند،٢٠١٢: ١٧-١٩؛ حلمی، ١٩٨٨: ٨؛ باجەلان، ٢٠٠٩: ٤١).

٥٤ - دڵدار لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە لە شەوێکی باراناوی زستاندا (ئاسف)ی برای و چەند هاوڕێیەکی نامەیەکی نهێنیان پێ ڕەوانە کردووە بۆ ماڵی ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر نیشتەجێبووە، بە مەبەستی گەیشتنی نامەکە بە دەستی نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق، دڵداریش کارەکەی بە سەرکەوتویی ئەنجامداوە و نامەکەی داوەتە دەست پاسەوانە هندیەکەی بەر دەرگا(علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٥).

ناوەڕۆکی یادداشتەکانی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت و بەمشێوەیە گوزارشتی لێکردووە ((بەبێ ئەوەی بزانم ئەم کارانە چیینە، ئەنجامم دەدا)) (علاءالدین، ١٩٨٥: ٣٥ ) .

ویستگەی دووەمی ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی خوێندنی ناوەندی کە تێدا گۆڕانکاری گەورە بە سەر بیر و ئەندێشەیدا هاتووە، ئەمەش زیاترلە ژێر کاریگەری دوو فاکتەر پەرەیسەندووە، فاکتەری سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە خۆتەرخانکردنیەتی بە خوێندنەوەی بەردەوام کە لە ناوەڕاستی سییەکانەوە دەستی پێکردووە، بەم ڕێگایە خۆی پێگەیاندووە و بیری فراوانکردووە و بیروباوەڕی نەتەوەیی بە هۆشیارییەوە لە ناخیدا پەنگیداوەتەوە(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦) . لە ڕاستیدا ئەم کتێبانەی خوێندوویەتیەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کاریگەر و بە سوود بوونە، کە زیاترینیان بابەتی مێژووییان لە خۆگرتبوو، وەک: مێژووی شۆڕشی فەرنسی، مێژووی یۆنان، مێژووی کورد و کوردستانی(محەمەدئەمین زەکی)، مێژووی بابان و سۆران و موکریانی(حوسێن حوزنی) (دلزار، ٢٠١١: ١٢٧) . فاکتەرەکەی دیکە کە ڕۆڵی لەم بوارەدا هەبووە، فراوانبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و ناسینی ژمارەیەک کەسایەتیە بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانەی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی پێیان ئاشنابوو کە ڕەنگدانەوەیان لە سەر تێروانین و بیروباوەڕیدا هەبووە(جامباز،٢٠٠٥: ٦٤-٦٥) .

وەک دەردەکەوێت بە تێپەڕبوونی کات و هەنگاو بە هەنگاو بیری نەتەوەیی لای(دڵدار) پەرەیسەندووە، بەڵام ئەمەش بەم مانایە نایەت کە جگە لەم بیرە هیچ هەستێکی دیکە کاریگەری بە سەر ناوبراو نەماوە، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت بە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەش(دڵدار) هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە تەواوی ئاوێتەی بیری نەتەوەیی بوو بێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بیروڕایەش دوو نمونە لە نوسینەکانی خۆی وەکو بەڵگە وەردەگرین کە لەم ڕووەوە شایانی هەڵوەستە لە سەر کردنن:

یەکەمیان: ئەم هۆنراوەیە کە بە ناوی(روناکی) لە ساڵی ١٩٣٥ لە گۆڤاری(ڕوناکی) بڵاوکراوەتەوە و بە یەکەم هۆنراوەی بڵاوکراوەی(دڵدار) دادەنرێت(ڕووناکی، ٢٠٠١: ١٢) . ئەوەی شایانی هەڵوەستە لە سەرکردنە لەم هۆنراوەیەدا دوو دێری کۆتاییە[٥٥]، کە تێدا دوو جار زاراوەی عێراق و خاکی عێراقی وەک ئەو پانتاییە دیاریکراوە بە کارهێناوە کە ناوی(نیشتمان)ە، ئەمەش لەگەڵ ئەم بنەمایانە یەکناگرێتەوە کە بیری نەتەوەیی لە سەر بنیاد دەنرێت، بە تایبەتی کە لە چوارچێوەی هۆنراوەیەکدا گوزارشتی لێکردووە کە تێدا ئازاد بووە.

دووەمیان: نوسینەوەی یادداشتەکانیەتی، کە جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٣٨ دەستی بە نوسینەوەی کردووە ، بەڵام بە هۆی ونکردنی جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٤٤ دووبارە دەستیپێکردۆتەوە، ئەوەی جێگای سەرنج و هەڵوەستە لە سەر کردنە لەم نوسینەیدا، شانازیکردنی دڵدارە بە ڕەچەڵەکی خۆی

---

[٥٥] - دوو دێرەکەی کۆتایی بەمشێوەیە: ئەوجا سەیر کەن هونەری قلم
تاکو بەرز کەن عراق و علم
خودا ! رووناکی دورکەی لە شقاق
شعلە بەخشی کەی لە خاکی عراق .

که بەپێی ئەو تۆمارە مێژووییە دوور و درێژەی یەکێک لە ناســیاوە نزیکەکانی بە ناوی (عەلی ڕەفیق ئەفەندی خادیمولسجادە) نوسیویەتی دەچێتەوە سەر خەلیفەی سێیەمی ڕاشیدین (عوسمانی کوڕی عەفان)(دەباغ، ٢٠٠١: ٦٧)، لە شـێوازی نوسـینی یادداشـتەکانی دەردەکەوێت (دڵدار) باوەڕی تەواوی بەم مێژووە هێناوە ، لە ڕاســتیدا ئەم تێروانین و هەڵوێســـتەی(دڵدار) بە تێڕوانین و هەڵوێســتێکی کوردانە و نەتەوەییانە دانانرێت، بەڵکو بە خاڵێکی نەرێنی لاواز لە ســەر هەڵوێســتی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە کەسایەتی نەتەوەیی هێز لە مێژوو و ڕابردووی نەتەوەی خۆی وەردەگرێت چەندە نادیاریش بێت، نەوەک لە مێژووی نەتەوەیەکی دیکە چەندە بەناوبانگیش بێت.

**٢- قۆناغی دووەم: بەکاربردنی بیری نەتەوەیی لە کاری سیاسی:**

قۆناغی دووەم لە پەرەســـەندنی بیری نەتەوەیی لای (دڵدار) واتە بەرجەســـتەکردنی بیری نەتەوەیی لە کاری سیاسی، لەم کاتەوە دەست پێدەکات کە ناوبراو بڕیاری کارکردن لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراوی سیاسـی دەدات، یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی بوو لە ســاڵی ١٩٣٧ بە ناوی (دارکەر) (صــابر،٢٠٠٧: ١٠٥) . هەرچەندە لە ســەر شــوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەکە بیروڕای جیاواز هەیە، لە نێوان ئەوەی لە هەولێر یاخود کەرکوک دامەزراوە، بەڵام سەبارەت بە دامەزرێنەری کۆمەڵەکە هەموو سەرچاوەکان کۆکن لە سەر ئەوەی کە (دارکەر) بە دەســتپێشــخەری و پێشــنیازی(دڵدار) دامەزراوە (الطالبانی،٢٠٠٢: ٤٣؛ المزوری، ٢٠٠٨: ٥٢؛ رسول،٢٠٠٥: ١٣٥) .

بۆ تێگەیشتن لە پاڵنەری سـەرەکی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر و ئاستی فیکری و سـیاسی دامەزرێنەرانی، هەڵسـەنگاندنێکی زانسـتیانەی سـەرجەم ئەو بوارانە کارێکی پێویسـتە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بە وردی لە ســەر کۆی ئەم بوارانە هەڵوەســتە بکەین و شــیکردنەوەیان بۆ ئەنجام بدەین. ســەبارەت بە پاڵنەری ســەرەکی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر لەلایەن (دڵدار) بە پلەی یەک ئینجا هاوڕێیەکانی کە ســەرجەمیان هەڵگری بیری نەتەوەیی بوونە بۆ چەند فاکتەرێک گەڕاوەتەوە، لەوانە: بە هۆکاری ئەوەی ئەم کارەکتەرانە لە ســەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر تەمەنیان بچوک بووە و لە خوار(٢٠) ســاڵی بوونە، بۆیە زیاتر لە ژێر کاریگەری هەســتەکانیانەوە مامەڵەیان لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان کردووە ، ئەمەش بەرەو ئەو بابەتانە ئاڕاستەی کردوون کە لە ژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. ئەوەتا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە ئەم تێڕوانینە بە گێڕانەوەی ڕووداوێکی خۆیان پشــتڕاســت دەکاتەوە و بەمشــێوەیە ئاماژەی پێداوە: (( کتێبە تەرخانکراوەکانی خوێندن لە بابەتی مێژوو بە تایبەتی مێژووی نوێی ئەوروپا کە لەلایەن مامۆســـتایەکی بە ڕەگەز لوبنانی بە ناوی(محەمەد شـقیر) دەوتراوە، زۆر بە لێهاتوویی تیشـکی دەخسـتە ســەر بابەتەکانی یەکگرتنی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و بزووتنەوە فیکری و سیاسیەکان، بەمەش کاریگەری گەورەی لە سەر بیروباوەڕمان بەرامبەر خەباتی نەتەوەیی دروسـت کرد)) (الطالبانی،٢٠٠٢:٤٠- ٤١) . لەم سـۆنگەوە و لە ئەنجامی هەستکردنیان بە لێپرسراوەتی مێژوویی بەرامبەر نەتەوەکەیان و کێشە و گرفتەکانی، بە پێویسـت و ئەرکی سـەرشـانی خۆیان زانیوە لەم پێناوەدا کاری سیاسـی و ڕێکخراوەیی ئەنجام بدەن (صابر،٢٠٠٧: ١٠٦)، بۆ ئەمەش بە دوای چوارچێوەیەک گەڕاون تا ئامانجە نەتەوەییەکانیان بە





شێوەیەکی پراکتیک تێدا بەرجەستە بکەن، تا دوا جار بە دەستپێشخەری(دڵدار) و بە چاولێکەری کۆمەڵەی (کاربۆناری– Carbonari) [٥٦] ئیتالی کۆمەڵەی دارکەر کرا بەم چوارچێوەیە .

وەک دەردەکەوێت پاڵنەرە سەرەکییەکانی پشت دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر، ئەوەندەی خۆی لە هەستکردن بە لێپرسراوەتی و هاوسۆزی نەتەوەیی و جۆش و خرۆش و سەرسام بوون بە کەسایەتیە ناودارەکان بینیوەتەوە، کەمتر پشتبەستوو بووە بە شارەزایی کاری سیاسی و دیسپلینی ڕێکخراوەیی، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ کەم ئەزموونیان لە کاری سیاسی گەڕاوەتەوە، کە پێشوتر هیچ یەکێکیان بە(دڵدار)یشەوە بەشداری ڕێکخراوەیی و سیاسیان نەبووە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە مێژووی ئەم کۆمەڵەیە ڕەنگیداوەتەوە، کە خاوەنی ئایدیولۆژیایەک یان پەیڕەو پرۆگرامێک نەبووە، تاکە بیروباوەڕێک کە ئەوانی کۆکردۆتەوە بریتی بووە لە: کوردستان دابەشکراوە و نەتەوەی کوردیش چەوساوەیە ، پێویستە خەبات بکەین لە پێناو ڕزگارکردنی (صابر،٢٠٠٧: ١٠٦).

لایەنێکی دیکە لەم بابەتە کە پێویستە هەڵوەستەی لە سەر بکرێت، ئەو وتارەیە کە(دڵدار) لە یەکەم کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی(دارکەر) لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوک پێشکەشکردووە، لە ڕاستیدا بە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک و دەقی ئەم وتارە ئاستی هۆشیاری و ئاگاداربوونی(دڵدار) لە ڕووی فیکری و سیاسیەوە لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکان دەردەخات، کە زیاتر مۆرکێکی نەتەوەییانەی بە بابەتەکە داوە، لە ڕووی سیاسیەوە جگە لە ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان و ئەو کۆسپانەی لە ئەنجامی دابەشبوونی کوردستان و پارچە پارچە بوونی سەریهەڵداوە، زانیاری گرنگی لە بارەی سیاسەتی نیودەوڵەتی خستۆتەڕوو، کە تێدا ئاماژەی بۆ بەڵێنە ناڕاستەکانی ئەو دەوڵەتە ئەورووپیانە بەرامبەربە مافەکانی کورد کردووە کە ئەندامن لە کۆمەڵەی گەلان. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە (دڵدار) لە وتارەکەیدا وروژاندوویەتی، بە وردی دەستنیشانکردنی گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم سەرکەوتنی ڕاپەرینە کوردییەکانە، کە هۆکاری شکستەکانی بۆ زاڵبوونی عەقڵیەت و بیروباوەڕی عەشائیری بە سەر ڕاپەرینەکان گەڕاندۆتەوە ، هەروەها نەبوونی پارتێکی سیاسی یەکگرتوو بە هۆکارێکی دیکەی شکستەکان زانیوە (الطالباني،٢٠٠٢:٤٣– ٤٤).

هەرچۆنێک بێت دامەزراندنی کۆمەڵەی(دارکەر) لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کورتیانەی ئاماژەی بۆ کرا، بە هەنگاوێکی گرنگ لە ڕووی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە سەرکەوتو بوو لە شکاندنی بەربەستی سنورێکی دیاریکراو بۆ کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی شارێک یاخود ناوچەیەک، کە سەرجەم ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکان لە قۆناغەکانی پێوە گیرۆدە بوون.

---

[٥٦] - ئەمە کۆمەڵەیەکی نهێنی بووە لە چاریەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە ئیتالیا دامەزراوە، هەوڵیداوە هێز لە دژی دەستەڵاتدارانی نەمسا لە ئیتالیا و پادشا و فەرمانڕەوا دکتاتۆرەکانی ئیتالیا بەکاربهێنێت و حوکمرانی دەستوری بگەڕێنێتەوە، ئەم کۆمەڵیە بە خێرایی گەشەیکرد و تا لە ڕیزەکانی سوپا و ڕۆشنبیران بڵاوبووە وە (مراد، ١٩٨٨: ١٧٩).

لە ڕاستیدا کۆمەڵەی(دارکەر) لە نزیکەی یەک ساڵی سەرەتای تەمەنیدا ڕۆڵ و چالاکی سیاسی دیاریکراوی نەبووە کە شایانی باسکردن بێت، سەرچاوەکانیش لەم ڕووەوە جگە لە بەرفراوانبوونی ڕێکخستنەکانیان کە خەڵک لە هەموو شارەکانەوە پەیوەندییان پێوە کردوون بە تایبەتی خوێندکاران هیچ زانیاری دیکەیان نەخستۆتەڕوو، هەرچۆنێک بێت بارودۆخی دارکەر تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لەم چوارچێوەیە دەمێنێتەوە، لەم بەروارەدا یەکەم کۆنگرەی خۆی لە باخچەی(أم الربیعین) لە شاری کەرکوک بە بەشداری نزیکەی(٦٠) ئەندام ئەنجامدا، کۆنگرە بە وتاریکی(دڵدار) کە لێپرسراوی یەکەمی کۆمەڵەکە بوو دەستپێیکردووە، کە تێدا ئاماژەی بۆ چالاکییەکانی کۆمەڵە و فراوانبوونی ڕێکخستنەکان کردووە (صابر،٢٠٠٦: ٣٦٩). شایانی ئاماژە بۆ کردنە هەر لەم کۆنگرەیە گفتوگۆ لە سەر گۆڕینی ناوی(دارکەر) کرا و پێشنیاریان کرد سەرۆکایەتی پارتەکە بە یەکێک لە کەسایەتیە دیار و نەتەوەییەکانی کورد بسپێردرێت، بەمشێوەیە لە نیسانی ١٩٣٩ چەند گۆڕانکارییەک لە پەیکەری کۆمەڵەی(دارکەر) کرا و (ڕەفیق حیلمی) بە سەرۆک دیارکرا و لە سەر پێشنیاری ئەویش ناوی کۆمەڵە بۆ پارتی(هیوا) گۆڕا (الطالبانی،٢٠٠٢:٥١– ٥٢).

دوای ئەم گۆڕانکاریانە(دڵدار) کە لێپرسراوی یەکەمی کۆمەڵەی(دارکەر) بوو، کرا بە سکرتێری پارتی(هیوا) بەمەش لە ڕووی لێپرسراوەتیەوە دەبێتە کەسی دووەمی پارتەکە (المزوری ، ٢٠٠٨: ٥٨) . لە ڕاستیدا نابێت ئەم هەڵوێستە سیاسیەی(دڵدار) بە هەند وەرنەگیرێت، چونکە دەستبەردار بوون لە پۆستی باڵای کۆمەڵەیەکی سیاسی بۆ کەسێکی دیکە لە دونیای سیاسەت کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ کارەکتەری ناو ئەو کۆمەڵگایانەی بنەماکانی دیموکراسی نەبۆتە کلتور، هەرچەندە(دڵدار) لە سەروبەندی ئەم پێشهاتە تەمەنی زۆر گەنج بووە، بەڵام ئەم ئاکارە زۆر پەیوەست نییە بە تەمەنەوە، بۆیە دەکرێت ئەم هەڵوێستەی وەکو خاڵێکی ئەرێنی و دەروەشاوە و دڵسۆزی و گیانی لێبوردەیی (دڵدار) لێکبدرێتەوە، بە تایبەتی وەک سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردووە (دڵدار) بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە خۆی چووە بۆ شاری بەغداد و چاوی بە(ڕەفیق حیلمی) کەوتوە و داوای وەرگرتنی ئەم پۆستەی لێکردووە (صابر،٢٠٠٧ : ١٠٦).

شایانی ئاماژە پێدانە لەگەڵ دەست بەکاربوونی(هیوا) وەک پارتێکی سیاسی، چالاکییەکانی زۆر فراوانتر بووە، بەمەش ژمارەی ئەندامانی بە شێوەیەکی خێرا زیادیکردووە، لەم بوارەشدا (دڵدار) یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی پارتەکە بووە لەم قۆناغەدا و ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوار و ڕۆشنبیران بۆ ناو ڕێکخستنەکانی(هیوا) بینیوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە دەتوانرێت سوود لە یادداشتی ئەو کەسایەتیانە وەربگیرێت کە لە ڕێگای(دڵدار)ەوە پەیوەندییان بە پارتی(هیوا) کردووە (باجەلان، ٢٠٠٩: ٢٧ ؛دڵزار، ٢٠١٠: ٢٥٢ ؛ تەیب، ٢٠٠٨: ١٢١).

یەکێکی دیکە لە کارە نەتەوەییە گرنگەکانی(دڵدار) لەم قۆناغەدا، نوسینی هۆنراوەی( ئەی ڕەقیب)ە، سەبارەت بە شوێن و ڕێککەوتی نوسینی ئەم هۆنراوەیە جیاوازی لە بۆچوونی توێژەران هەیە، بەشێکیان پێیانوایە(دڵدار) ئەم هۆنراوەیەی لە ساڵی ١٩٣٨ لە یەکێک لە گرتوخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوسیوە(مەمەند،٢٠١٢: ٦١ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٥: ٢) . کەچی ئەوانی دیکە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە هۆنراوەکە لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری کەرکوک نوسراوە(دڵزار، ٢٠١١: ١٢٨ ؛ علاءالدین، ١٩٨٥: ٦٠) ، بە لێکدانەوەی ئێمە بۆچوونی دووەم لە ڕاستیەوە نزیکترە، چونکە هیچ

سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە(دڵدار) سەردانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد بێت و بۆ چ مەبەستێک چوو بێت؟ تەنانەت ئەو سەرچاوانەش کە پێیان وایە هۆنراوەکە لەوێدا نوسراوە، سەربارى ئەوەش ئەو نوسەرانەی پێیان وایە لە کەرکوک دانراوە کەسانی نزیک بوونە لە خۆی و خانەوادەکەی. لە ڕاستیدا (ئەی ڕەقیب) سروودێکی نەتەوەیی شۆڕشگێرییە، بووە بە هێمایەکی نەتەوایەتی، ناوەڕۆکەکەی لە چوارچێوەی بیری ناسیونالیزمی دەخولێتەوە، لەلایەن هەموو کوردێکەوە بووە بە سرووودی نەتەوە، هەر بۆیە کرا بە سرووودی فەرمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٧٣) ، هەروەها ناوەڕۆک و پەیامی سروودەکە ڕەنگدانەوەی چەوسانەوە و قوربانیدانی درێژخایەنی نەتەوەی کورد دووپات دەکاتەوە(حەیدەری، ٢٠١٧: ١١).

بەبۆچوونی زۆرینەی ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵ(دڵدار) ژیاون، پێیان وایە ناوبراو جگە لەوەی کوردێکی دڵسۆز بووە، هەردەم وەکو مرۆڤێک ڕەفتاری کردووە و هەرگیز بە تێروانینێکی حیزبایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا نەکردووە(محەمەد،١٩٨٥: ٦٢؛شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦). بۆ نمونە کاتێک لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٠– ١٩٤١ لە شاری بەغداد بە هۆی ئەو بارودۆخە ئابورییە سەختەی عێراقی گرتبووەوە نزیکەی(٦٠) خوێندکار ناچار بوون یان واز لە خوێندن بهێنن یاخود جگە لە خوێندن کارێکی دیکە بکەن، (دڵدار) وەک سکرتێری پارتی هیوا لێژنەیەک لە خۆی و ساڵح یوسفی و جەمال بابان پێکدەهێنێت و هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی کۆمەک لەو کەسایەتیە کوردانەی کە باری داراییان گونجاوە، بۆ ئەمەش(عەلی کەمال) [٥٧] ڕازی دەبێت لە سەر پێدانی پارەیەکی دیاریکراوی مانگانە بەم خوێندکارانە، بەمشێوەیە سەرجەم خوێندکارەکان دەتوانن خوێندنی ئەو ساڵەیان تەواو بکەن(المزوری، ٢٠٠٨: ٩٧) .

چالاکییەکی دیکەی نەتەوەیانەی (دڵدار) لە چوارچێوەی پارتی هیوا ئاهەنگێران و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شاری بەغداد، ئەمەش دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارتی هیوا لە ساڵی ١٩٤٤ داواکارییەکیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق کرد تا مۆڵەتیان پێبدا ئاهەنگی نەورۆز لە شاری بەغداد ساز بکەن، دوای ڕەزامەندی وەزارەت، (دڵدار) کە سەرۆکی لێژنەی(چاودێری و سەرپەرشتی) پێسپێردرا بوو چالاکانە کارەکانی بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگەکە ئەنجامداوە، هۆنراوەیەکیشی لە بۆنەکە پێشکەشکردووە(وشیار، ٢٠٠٤: ١٣؛ المزوری، ٢٠٠٨:١١٥) .

**٣- کێشەکانی پارتی (هیوا) و هەڵوێستی دڵدار.**

ژێرخانە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکەی ناو پارتی هیوا کە لە چەند توێژەکی جیاواز پێکدەهات، فاکتەرێکی سەرەکی ئەو کێشانە بوو کە دواتر سەریانهەڵدا، ئەمەش لێکەوتەی پەیوەندیکردنی ئەو

---

[٥٧] - عەلی کەمال کوڕی عەبدولرەحمانە، ساڵی ١٩٠٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ساڵی ١٩١٨ کۆلێژی جەنگی لە ئەستانبول تەواو کردووە و بە پلەی مولازمی دووەم دەرچووە، ساڵی ١٩٢٣ گەڕاوەتەوە کوردستان و چەند جرێک وەکو نوێنەری شاری سلێمانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە، لە ژیانیدا کاری خێرخوازی زۆری ئەنجامداوە، ساڵی ١٩٩٨ لە شاری لەندەن پایتەختی ئینگلتەرا کۆچی دوایی کردووە، بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ژیان و ڕۆڵی سیاسی بنوارە: (عبدالرحمن، ٢٠٠١) .

ژماره زۆره ی ڕۆشـــنبیر و دەرەبەگ و جوتیار و بازرگان و ئەفســـەران بوو بە ڕێكخســـتنەكانی پارتەكە، كە هەر توێژێک لەمانە لە ژێر كاریگەری بیروباوەڕ و ســیاســەتێكی دیاریكراو بوون، لەم ســۆنگەوە چەندان بەرەی جیاواز دروســتبوو، كە دیارترینیان هەردوو بەرەی ڕاســترەو و چەپڕەو بوون، یەكەمیان: لەلایەن(ڕەفیق حیلمی) و ژمارەیەک لە ڕۆشـــنبیران و دەرەبەگ و ئاغاكان و بازرگان و گەورە فەرمانبەران نوێنەرایەتی دەكرا، ئەمانە دژی بەرەی چەپڕەو لە ســـەنگەردا بوون كە بەشـی زۆریان لەم خوێندەوار و ڕۆشـنبیرانە پێكدەهات كە لە ژێر كاریگەری بیری ماركسـیدا بوون(تالەبانی، ١٩٩٤: ٩) .

هۆكارێكی دیكە كە كێشـــەكانی ناو پارتی هیوای لە نێوان هەردوو بەرەی ڕاســترەو و چەپڕەو زیاتر ئاڵۆز كرد، ڕەفتارە تاكڕەوییەكانی(ڕەفیق حیلمی) بوو، كاتێک بەردەوام لە هەوڵی ســـەپاندنی هەژموونی خۆیدا بووە بە ســـەر پارتەكە، ئەمەش لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی هیوا بە تایبەتی ئەفســـەران و ڕۆشـــنبیران ڕەتكراوەتەوە و هەوڵیانداوە ســنورێک بۆ ڕەفتارەكانی (حیلمی) دابنێن (صابر، ٢٠٠٧: ١٢٩) .

ســـەبارەت بە هەڵوێســـتی(دڵدار) بەرامبەر بە ناكۆكی و كێشـــەكانی ناو پارتی هیوا، هەرچەندە ناوبراو لە ڕووی بیروباوەڕەوە هاوســـۆز و نزیكتر بووە لەگەڵ بەرەی چەپڕەو، بەڵام ئەمە لە ڕەفتار و هەڵسوكەوتی ڕەنگینەداوەتەوە، چونكە ئەو لە سەرەتا هەوڵی نەداوە بخزێتە ناو كێشەكان و خۆی لە ســەر بەرەیەک یەكلا بكاتەوە، ئەم ڕاســتیەش لە ســەروبەندی قوڵبوونەوەی كێشــەكانی نێوان هەردوو بەرە لە ســاڵی ١٩٤٤ بە دیاركەوت ، كاتێک نامەیەک لەلایەن (موكەرەم تاڵەبانی) كە لە ســـەر بەرەی چەپڕەو ئەژمار دەكرا دراوەتە لێژنەی ناوەندی پارتی هیوا، گوایە نامەكە (ڕەفیق حیلمی) نوســیویەتی و داوای هەڵوەشـاندنەوەی پارتی هیوای كردووە، بۆ لێكۆڵینەوە لە ناوەڕۆكی نامەكە لێژنەی ناوەندی بە ســـەرۆكایەتی(دڵدار) كۆبووەوە و بڕیاری كۆتایش لە بەرژەوەندی سەرۆكی پارتی هیوا تەواو بوو، كە جەخت لەوە كرابووە وە ئیمزای سەر نامەكە بۆ(ڕەفیق حیلمی) ناگەڕێتەوە(خورشید، ١٩٩٦: ٧) .

لەگەڵ هەموو دووره پەرێزیەكـانی، وەک دەردەكەوێـت دواجـار (دڵـدار)یش لە ڕەفتـارە تاكڕەوییەكانی سەرۆكی پارتی هیوا نیگەران بووە و بە تایبەتی كە بەشی زۆری دەسەڵاتەكانی بۆ خۆی پـاوانكرد بوو، هەروەهـا بەبێ گەڕانەوە بۆ لێژنەی نـاوەنـدی بڕیـاری تـاكلایەنەی دەدا، لەم ســۆنگەوە بە تێپەڕبوونی كات كێشـــەكانی نێوان ئەندامانی لێژنەی ناوەندی و ســـەرۆكی پارتەكە قووڵتر بووەوە، ئەمەش هۆكارێک بوو بۆ دووركەوتنەوەی بەشێک لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی كە (دڵدار) یەكێک بوو لەوانە، ناوبراو ســاڵی ١٩٤٥ پێش ئەوەی پارتی هیوا بە تەواوەتی هەڵوەشـێتەوە بەیەكجاری دوور دەكەوێتەوە(تالەبانی،١٩٩٤: ٩؛ صابر،٢٠٠٧: ١٢٩) .

**- تەوەرەی سێیەم : دڵدار و بیری چەپگەری .**

ســەرەتا پێویســتە ئەوە بخرێتەڕوو ڕۆڵ و چالاكییەكانی (دڵدار) لە چوارچێوەی بیری چەپگەری بە ســەر دوو ئاســتدا پۆلین دەكرێت، یەكەمیان: چەپگەری وەک بیروباوەڕ كە ڕۆڵ و چالاكییەكانی لەم بوارە زیاتر خۆی لە نوســین و هەڵوێســت و ڕەفتارەكانی دەبینێتەوە. دووەمیان: كاركردنە لە چوارچێوەی ڕێكخراوە سیاسیە چەپڕەوەكان.

هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە بەشـــداربوون و کار و چالاکییەکانی (دڵدار) لە چوارچێوەی بیری چەپگەری بە بەراورد لەگەڵ کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی بە ڕادەیەکی کەمتر بووە، فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەمەش گەڕاوەتەوە بۆ: لە سەر ئاستی فیکری چەکەرەبوونی بیری چەپگەری لای(دڵدار) دوای بیری نەتەوەیی ســـەریهەڵداوە و تایبەت لە دوا ساڵەکانی ژیانی، لە ڕووی کاری پراکتیکیش لە ڕێکخراوە سیاسیە چەپڕەوەکان بۆ یەکەم جار لە ســـاڵی ١٩٤٦ پەیوەندی بە پارتێکی چەپگەر کردووە، کەچی دوای نزیکەی ســـاڵێک کارکردن لەگەڵیاندا دەستبەرداریان بووە(علاءالدین، ١٩٨٥: ٨٩) ، دواتریش بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ لە تەمەنێکی کورتدا کۆچی دوایی کردووە دەرفەتی کارکردنی زیاتری لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکان نەبووە.

ســـەبارەت بە کاریگەری و هەژموونی بیری چەپگەری بە ســـەر تێڕوانین و کەســـایەتی و ڕەفتاری (دڵدار)، دیارە هاوســـۆزی ناوبراو لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە و باوەڕبوونی بە ڕێبازی مارکســـی هەرگیز بە شـــێوەیەک نەبووە هەموو ڕێباز و ئاراسـتە ئایدیۆلۆژیایەکانی دیکە بایەخیان نەمینێت، بە تـایبەتی بیروبـاوەڕی نەتەوەیی، بۆیە بیری نەتەوەیی بەردەوام هـاوشـــانی بیری چەپگەری وەک دوانەیەک لە هەنگاوە سیاسـی و چالاکییەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بە ڕادەیەک هەر لە بنچینەدا پەیوەندیکردنی (دڵدار) بە گرووپە مارکســـیەکان بە مەبەسـتی هێنانەدی مافە نەتەوەییەکانی کورد بووە.

بەڵگەیەکی زیندوو بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە هەردوو بیری چەپگەری و نەتەوەیی وەک دوو ڕووی دراوێک بوونە لای (دڵدار) و بە ئاراستەی یەک ئامانج جوڵەیان پێکراوە و هاوســـۆزبوونی (دڵدار) بە بیری مارکســـی هەرگیز بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی بیر نەبردۆتەوە، ئەو وتارە ســـیاســـیە کە ناوبراو لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بە لاتینی نوســـیویەتی[٥٨]، لە ناوەڕۆکەکەیدا ئاستی ڕۆشـنبیری و بیرفراوانی (دڵدار) دەردەخات کە چەند بە وردی هەڵسـاوە بە بەراوردکردن و هەڵســـەنگاندنی بارودۆخی ســـیاســـی ئەو کاتەی کورد و ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بە لێکدانەوەیەکی زانستیانە ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئەو جەنگە هەر بەرەیەکی تێدا ســـەربکەوێت ئامانجەکانی کورد نایەتەدی، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بیروڕای گەلێک نوســـەر و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە بوو، ژمارەیان زۆر کەم بووە ئەوانەی بەم تێڕوانینە سەیری جەنگەکەیان کردووە، بەشـێک لە خوێندەواران و سیاسـەتمەداران پێیان وابووە سـەرکەوتنی ئەڵمانیای نازی لە بەرژەوەندی کورد دەبێت، بەشـــێکی دیکەیان بە تایبەتی ئەوانەی هەڵگری بیری مارکســـی بوونە باوەڕیان وابووە سەرکەوتنی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی بە سودی کورد تەواو دەبێت (علاءالدین، ١٩٨٥: ٨٩) . لە ڕاسـتیدا هۆشـیاری (دڵدار) لەوێدا دەردەکەوێت کە هاوسـۆز بوونی لەگەڵ بیری مارکســـی هیچ لە هاوکێشـــە و لێکدانەوە ســـیاســـیەکانی نەگۆڕیوە و نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدیولۆژیایەکە و بۆ داکۆکی کردن لە یەکێتی سۆڤیەت.

---

٥٨ - لە ڕاستیدا نەزانراوە ئەم وتارەی لە چ گۆڤار یان ڕۆژنامەیەک بڵاوکردۆتەوە، عبدالخالق علاءالدین لەو کتێبەی لە سـەر دڵدار نوسـیویەتی ئەم وتارەی خستۆتەڕوو، بەڵام ئاماژەی بۆ شوێنی بڵاوکردنەوەی نەکردووە.

هەرچۆنێک بێت ســـەرەتای چەکەرەکردنی بیری چەپگەری لای (دڵدار) بۆ پێش ئەو ڕێککەوتە دەگەڕێتەوە کە بە شـێوەیەکی پراکتیکی کەوتە کارکردن لە چوارچێوەی ئەم بیروباوەڕە کاتێک لە ســاڵی ١٩٤٦پەیوەندی بە (پارتی ڕزگاری نیشـتمانی - حزب التحرر الوطنی) کردووە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە ڕەفتار و نوسینەکانی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی گوزارشتە لە ژیانی جوتیار و کارگەران کە چۆن لەلایەن ئاغاکان و ســەرمایەدارانەوە چەوســێنراونەتەوە بە تایبەتی ئەو هۆنراوانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی نوســیویەتی کە زۆر بە ڕوونی دەربڕینی چینایەتی پێوە دیارە، ناکۆکی نێوان جوتیاران و ئاغاکان لە گۆڕەپانی ململانێی چینایەتیەوە وەک تابلۆیەک دەگوازێتەوە ناو هۆنراوەکانی، باشترین نمونەش بۆ ئەم بابەتە هۆنراوەکانی (لالە باس) و (توتنەوان)ە (شارەزا، ٢٠١٣: ١٠٦).

جگە لەمە لە یادداشــتەکانیشــیدا هاوســۆزیبوونی لەگەڵ چینی کرێکاران و جوتیاران بە ئاشــکرا هەستی پێدەکرێت، کاتێک لە سەرەتای ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندەکانی دەورووبەری هەولێر تێکەڵی جوتیـاران بووە و هەوڵـداوە هۆشــیـاریـان بکـاتەوە، دوای تەواوکردنی کۆلێژی (ماف)یش لە بەغداد، دەگەڕێتەوە کۆیە و لەگەڵ(ئاسف)ی برای کاری پارێزەری کردووە و بە هۆی ئەوەی پشــتیوانی لە کەســانی هەژار کردووە ، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە (علاءالدین، ١٩٨٥: ٧١- ٧٤) .

لە ســەر ئاســتی پراکتیکی (دڵدار) تەنیا لە یەک ڕێکخراوی ســیاســی چەپڕەو کاریکردووە ئەویش وەک ئـامـاژەی بۆ کرا (پـارتی ڕزگـاری نیشــــتـمـانی – حزب التحرر الوطنی) بوو، ئەمەش دوای دوورکەوتنەوەی لە پارتی هیوا و بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی پێشــکەوتوخواز بە شــێوەیەکی فراوان و لە ناوچوونی بەرەی نازیەت و فاشــیزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەمانە ڕێگاخۆشــکەر بوون بۆ زیاتر پەرەسەندنی بیری چەپگەری، لەم قۆناغەدا و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٤٦ (دڵدار) پەیوەنـدی بە (پـارتی ڕزگـاری نیشــــتـمـانی – حزب التحرر الوطنی) کردووە، ئەم پـارتە کە بە دەســتپێشــخەری حیزبی شــیوعی عێراقی دامەزراوە لە ســاڵی ١٩٤٥وە دەســتی بە چالاکییەکانی کردووە(رسول، ٢٠٠٨: ٣٥٩) .

لە ڕاستیدا پەیوەندیکردنی (دڵدار) بە (پارتی ڕزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطنی) تەنیا لە هاوســۆزبوونی بۆ بیری مارکســی نەبووە، بەڵکو پەیوەندییەکە لە ســەر چەند بنەمایەک بنیادنراوە، گرنگترینی: ئەو ڕێبازە سیاسیە بوو کە پارتەکە پەیڕەوی دەکرد، کە بریتی بوو لە جەختکردنەوە لە سەر برایەتی کورد و عەرەب و یەکسانی و دادپەروەری نێوانیان، ئەمە سەرباری ئەوەی پەیرەو و پرۆگرامی پارتەکە لە کوردســتان بە زمانی کوردی بووە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ بووە بۆ باوەڕ بوون بە مافە نەتەوەییەکانی کورد(رسول، ٢٠٠٨: ٣٥٩-٣٦٠).

(دڵدار) یەکێک لە ئەندامە کارا و چالاکەکانی(پارتی ڕزگاری نیشــــتمانی – حزب التحرر الوطنی) بووە لە کوردستان، کەسێکی ناسراو بووە لەلایەن دانیشتوانەوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە مامەڵەکردنی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا لە سەر بنچینەی بیری سیاسی و حیزبایەتی نەبووە، بە هۆی ئەم تێکەڵ بوونەی لەگەڵ خەڵک، لەلایەن پارتەکەیەوە بەردەوام کار و چالاکییەکانی کوردســــتانی

پێسـپێردراوە، بۆ نمونە گەلێک جار کراوەتە سـەرۆکی لیژنەی سـەرپەرشـتی ئاهەنگەکانی نەورۆز (علاءالدين، ١٩٨٥: ٨٨) .

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و ئەرێنیەکانی (دڵدار)، ئەو گۆڕانکاریانە بووە کە بەردەوام و قۆناغ دوای قۆناغ لە بیروباوەڕ و لە تێروانینی دروسـتبووە، ئەو کارەکتەرێکی سـیاسـی چەقبەسـتوو نەبووە، هەر ئەمەش فاکتەری سـەرەکی بووە کە دوای نزیکەی سـاڵێک لە پەیوەندیکردن بە (پارتی ڕزگاری نیشـتمانی – حزب التحرر الوطني) لێیان دوور بکەوێتەوە و لە ڕیزەکانی بێتە دەرەوە، چونکە (دڵدار) لەم قۆناغەدا گەیشـتبووە ئەو باوەڕەی پێویسـت دەکات کورد خاوەن پارت و ڕێکخراو و سەرکردایەتی تایبەتی خۆی بێت، لەگەڵ ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی نەتەوەکانی دیکە تەنیا هاریکاری و ئاشـنایەتی هەبێت، لە سـۆنگەی ئەم بیروباوەڕە و چەند تێڕوانینێکی دیکە لە( پارتی ڕزگاری نیشتمانی – حزب التحرر الوطني) وازیهێناوە (علاءالدين، ١٩٨٥: ٨٨) .

لێرەوە دەردەکەوێت(دڵدار) کەسێکی واقیعی بووە و هەر بابەتێک لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بوایە هەوڵی بۆ داوە، لە سیاسـەتدا کەسـێکی دووربین بووە، بیرکردنەوەی پەیوەسـت نەبووە بە ڕووداو و پێشـهاتەکانی ڕۆژ، بەڵکو بیری لە چارەنوسـی نەتەوەکەی کردۆتەوە و هەمیشـە خاوەنی بیرورا و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بووە.

## ئەنجام

١- ڕۆڵی گەورەی لە پێگەیاندن و دروستکردنی کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی بینیوە، لەم بوارەدا هەوڵی زۆری داوە.

٢-زۆربەی کاتەکان هەڵوێستەکانی هەڵقوڵاوی ویست و بیروباوەڕی خۆی بووە.

٣- لە ڕووی بیروباوەڕەوە کەسـێکی چەقبەسـتوو نەبووە، بەڵکو هەمیشـە گۆڕانکاری بە سـەر بیرکردنەوەی داهاتووە، بەپێی قۆناغ و پێشهاتە تازەکان مامەڵەی کردووە.

٤- بە درێژایی ژیانی سـیاسـی هەوڵی بۆ دەسـکەوتە کەسـیەکان نەداوە، بەردەوام بەرژەوەندی نەتەوەکەی لە سەرووی بەرژەوەندی خۆی بینیوە.

٥-کارەکتەرێکی توندڕەو نەبووە ، خاوەنی هەر بیروباوەڕێک بوو بێت میانڕەوانە ڕەفتاری سیاسی نواندووە.

٦- هەنگاوی گەورەی لە بواری کاری ڕێکخراوەیی لە باشـوری کوردسـتان ئەنجامداوە و شوێنەواری کارەکانی تا ماوەیەکی درێژ کاریگەریان ماوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


- **-بە زمانی عەرەبی:**

١-أحمد محمدأمين قادر: موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكوردية في العراق ١٩٢٥- ١٩٤٥، بنکەی ژین ، السليمانية، ٢٠٠٧.

٢-اسماعيل شكر رسول: أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري السياسي ١٩٣٩-١٩٥٨،بنکەی ڕۆشنبیری شەهید ڕێباز، السليملنية، ٢٠٠٥.

٣-خليل جندى: حركة التحرر الوطنى الكوردستانى فى كوردستان جنوبى ١٩٣٩- ١٩٥٨، ستوكلهم ، ١٩٩٤,
٤- خليل على مراد و أخرون: دراسات فى تاريخ الاوروبى الحديث و المعاصر،الموصل, ١٩٨٨
٥-شاخەوان عبدالله صابر: رفيق حيلمى: دراسة تاريخية فى نشاطه السياسى و الثقافى، بنكەی ژین، السليمانية،٢٠٠٧.
٦-شاكرو خدو محوى: المسألة الكردية فى العراق المعاصر، ت: عبدى حاجى، دار سپيريز, ٢٠٠٨
٧-عبدالفتاح على البوتانى: أراء موضوعية عن شيخ محمود الحفيد(البرزنجى) و مطالبه القومية، فى: یادنامەی شضخ محمودی حەفید، بنكەی ژین، سلێمانی, ٢٠٠٦
٨- عبدالفتاح على البوتانى: موقف الاحزاب السياسية العراقية فى القضية الكوردية١٩٤٦-١٩٧٠، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، دهوك, ٢٠٠٧
٩-. عزيز حسن البارزانى:الحركة القومية الكوردية التحررية فى كوردستان العراق١٩٣٩- ١٩٤٥، دار سپيريز، دهوك, ٢٠٠٢
١٠-على كمال عبدالرحمن(مذكرات)، تقديم و تعليق: جمال بابان، بغداد, ٢٠٠١
١١-فاتح رسول: الجزور التاريخية لفكرة اليسار فى كوردستان، ت: كمال غمبار، دار الترجمة، أربيل، ٢٠٠٨,
١٢- محسن محمد المتولى: كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية ١٩٥٨،ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت, ٢٠٠١
١٣-مختارات من مذكرات صالح الحيدرى،ط٢، مطبعة رنج، سليمانية, ٢٠٠٤
١٤-محمدامين زكى: خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الان، ت: محمد على عونى، القاهرة, ١٩٣٩
١٥-مكرم الطالبانى: حزب هيوا، مطبعة خاك، السليمانية, ٢٠٠٢
١٦-هيلين محمدامين المزورى: حزب هيوا ١٩٣٩- ١٩٤٦، دار سپيريز، دهوك، ٢٠٠٨.
١٧-هيوا حميد شريف: توفيق وهبى: حياته و دوره السياسى و الثقافى ١٨٩١- ١٩٨٤، بنكەی ژین، السليمانية، ٢٠٠٦.

- **بە زمانی کوردی:**

١- تاریق حسین مەمەد: بەراوردی ژیانی ئەدەبی..هەردوو شاعیر(دڵدار) و (شابی)، چاپخانەی یاد، سلێمانی, ٢٠١٢
٢-جەمال خەزنەدار: ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی، بەغداد، ١٩٧٣,
٣- جەمال فەتحوللا تەیب:کۆیە ١٩١٨- ١٩٥٨،چ٢،چاپخانەی شهاب، هەولێر, ٢٠٠٨
٤-جەمال نەبەز:بیری نەتەوەیی کورد نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵات و نە بیری ناسیەنالیزمی ڕۆژئاوایە، سوید, ١٩٩٤
٥-ڕەشید باجەلان ١٩٢٠-٢٠٠١ تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی، ئامادەکردنی: بەهار ڕەشید باجەلان، بنکەی ژین، سلێمانی, ٢٠٠٩
٦-ڕەفیق حیلمی: شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، بەغداد, ١٩٨٨

٧- طارق جامباز: حزبی هیوا له لیوای هەولێر، له چاپکراوەکانی گۆڤاری یاساپارێزی، هەولێر، ٢٠٠٥,
٨- عبدالخالق علاءالدین: شاعیری شۆڕشگێری کورد، دار أفاق العربية، بغداد، ١٩٨٥,
٩- غەفور میرزا کەریم: کۆمەڵەی زانستی له سلێمانی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٥,
١٠- کەریم شارەزا: کۆیه و شاعیرانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.
١١- کریس کۆچیرا: مێژووی کورد له سەدەی (١٩-٢٠)، و: محمد ریانی، چ٢، تهران، ١٩٨٨,
١٢- مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠,
١٣- مەریوان وریا قانع: ناسیونالیزم و سەفەر: کورد له دیاسپۆرا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥,
١٤- مەهدی محەمەد قادر:پێشهاته سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥- ١٩٥٨، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

**- نامەی زانکۆیی:**

١- دارا جمال غفور: محمدامین زکی و دوره السیاسی و الاداری فی العراق ١٩٢٤- ١٩٤٨، رسالة ماجستیر مقدمة الی معهد التاریخ العربی و التراث العلمی للدراسات العلیا، بغداد، ٢٠٠٤.

- گۆڤار :

١- حەکیم کاکەوەیس: فایلی تایبەت به مەسعود محەمەد، گۆڤار(کورد دیکۆمێنت)، ژ(٣)، هەولێر، ٢٠١٠,
٢- دڵزار: با خەتێکی چەپ و ڕاست به سەر سرووده سەرکەوتوەکه و داهێنەرەکەیدا نەهێنین، گۆڤار(K21)، ژ(١٢) ، هەولێر، ٢٠١١,
٣- فەیسەڵ دەباغ: یاداشتەکانی یونی ڕەئووف(دڵدار) به پێنوسی خۆی، بەشی یەکەم، گۆڤار(هەولێر) ، ژ(١٠) ، هەولێر، ٢٠٠١,
٤- فەیسەڵ دەباغ: یاداشتەکانی یونی ڕەئووف(دڵدار) به پێنوسی خۆی، بەشی دووەم، گۆڤار(هەولێر) ، ژ(١١) ، هەولێر، ٢٠٠١,
٥- له نەوەد ساڵەی بەرێکەوتنی کاروانی ژیانی دڵزاری مرۆڤ و شاعیر و سیاسەتمەدار، گۆڤار(K21) ، ژ(٧) ، هەولێر، ٢٠١٠,
٦- موکەرەم تاڵەبانی: چەند لاپەرەیەک له تێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤار(ڕۆشنبیری نوێ)، بەشی دووەم، ژ(١٢٢)، بەغداد، ١٩٩٤,
٧- هەندێ تێبینی دەربارەی پارتی هیوا و چونه ناو باسەکه و پرسیار له ئەندامەکانی، دیدەن و وتووێژ: د. فوئاد حەمە خورشید، گۆڤار(ڕەنگین)، ژ(٨٨)، بغداد، ١٩٩٦.

هەولێر نامەی کتێب

## ملخص البحث

تتشكل هذه الدراسة محاولة متواضعة لتسليط الضوء علي شخصية كردية بارزة وهو يونس رؤوف (دلدار)، وهو أحدى الشخصيات السياسية فى جنوب كردستان خلال النصف الأول من القرن العشرين الذى نال شهرة كبيرة فى عمر صغير و ذلك بسبب أنشطته السياسية ، مما يجدر الاشارة اليه ان الحقبة التاريخية التى عاش فيها(دلدار). هناك الفكرين من الافكار السياسية موجودة بقوة فى الساحة السياسية الكردستانية، وهما الفكر القومى و الفكر اليسارى، وقد خدم دلدار في كلتا مجالين .

تتكون البحث من مقدمة و ثلاثة محاور، وقد خصص المحور الاول ظهور و تاثير الفكر القومى و الفكر اليسارى فى جنوب كردستان بعد الحرب العالمية الاولى و حتى نهاية الحرب العالمية الثانية أما المحور الثاني فقد خصص لدور و موقف دلدار فى الاطار الفكر القومى . و المحور الثالث تباحث فيها عن الفكر اليسارى عند دلدار.

وقد اعتمدت في دراستي هذة علي مصادر مختلفة من كتب و دوريات، منها المذكرات الشخصية و الكتب العربية و الكردية.



## Abstract

The political role of DILDAR between Nationalism and Socialism . DILDAR is one of the political personalities of southern KURDISTAN during the first half of twentieth century ، as a young human he has got a great fame ، due to his political activities . This historical era was the era of Nationalism and Socialism as two different political ideologies. DILDAR has served in both ideologies . This research illustrates his political struggle at both Socialism and Nationalism . The research contains two official sections ، Despite of a forward and an academic result paper . The first section illustrates the role of Socialism and Nationalism at the era of his living time ، while the second section illustrates his political history in spite of his political role .

# خويندنەوەيەكى شيكارى بۆ هزرى نەتەوەيى لە ژيان و بەرهەمەكانى دڵدار دا

نووسينى: د. سالار عەزيز مەحمود

**پێشەكى**

دڵدار (١٩١٨-١٩٤٨) وەک شاعيرێكى كورد لەناو گەلەكەيدا ژياوە و بە هۆى سرودى (ئەى رەقيب) لەسەر ئاستى كوردستانى گەورە ناسراوە و سرودەكەى وەک سرودێكى نەتەوەيى تەماشا دەكرێت. ئەو هەرچەند بە تەمەن كەم ژيا، بەڵام لە پاش خۆى يادداشتەكانى و چەندين بەرهەمى شيعرى و پەخشانى بەجێ هێشتووە. ئەگەر لێكۆڵينەوەى وردى بۆ بكرێت بەشێكى بيروڕا و بۆچوونەكانيمان بۆ ئاشكرا دەبێت. دڵدار نەک لە بوارى شيعرى نەتەوەييەوە پێشەنگ بووە، بەڵكو لە بوارى نووسينى وتار لە بوارە جۆراوجۆرەكان و هۆنينەوەى شيعرى فەلسەفى و رەخنەييش دەستێكى باڵاى هەبووە.

لێكۆڵينەوەكە لە دوو بەش پێک دێت. بەشى يەكەميان بريتييە لە دوو تەوەر: تەوەرى يەكەم بە كورتى باس لە چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و جۆرەكانى هزرى ناسيوناليستى (نەتەوەيى) دەكات لە ديد و بۆچوونى چەند نوسەرێكى ئەوروپييەوە. ئينجا لە تەوەرى دووەم باس لە سيما و تايبەتمەندى و ئامانجەكانى ئەو هزر و ئايديايە دەكات لە لاى كورد، بە تايبەتى مێژوو و سەرهەڵدانەكەى. هەروەها رەنگدانەوەى ئەو هزرە لە شيعردا چۆن خۆى نواندووە، بەتايبەتى لاى ئەحمەدى خانى.

لە بەشى دووەمدا كە بەشى سەرەكى لێكۆڵينەوەكەيە، چەند تەوەرێک دەگرێتە خۆى. هزرى نەتەوەيى دڵدار لە قۆناغى منداڵى و نەوجەوانيدا يەكێكە لەو تەوەرانە و هەوڵ دەدرێت هۆكارەكان و لێكەوتەكانى باس بكرێت لە بوارى رەفتارى و پەروەردەييدا و چۆن هاوشانبووە لەگەڵ هزرە رەخنە ئاينييەكەى و فەلسەفييەكەى. هەروەها بە پێى دەرفەت روماڵێكى هەندێک لە وتار و نووسينەكانى هەندێک لە نووسەر و مێژوونووسانى ئەدەبى كوردى دەكات دەربارەى هزرى نەتەوەيى دڵدار. ئينجا هەوڵى ئەوە دەدات وەڵامى ئەو پرسيارە بداتەوە: بە چ هۆكارێک دڵدار بۆتە هەڵگرى ئەو ئايديايە؟ ئايا ئەگەر تەمەن درێژتر بووبا هەمان ئايدياى دەبوو، يا گۆڕانى بەسەردادەهات؟ بە شێوەيەكى گشتى لێكۆڵينەوەكە گەشتێكى كورت دەكات بەناو بەرهەمە شيعرى و پەخشانييەكانى دڵدار و بە پێى توانا و دەرفەت شيكردنەوە و لێكدانەوەى بۆ كراوە.

دوا تەوەرى لێكۆلينەوەكە بريتييە لەوەى لەپاڵ هزرە نەتەوەييەكەى دڵدار كە زۆر باس كراوە، شيكارييەک بۆ هزرى فەلسەفى و رەخنە ئايينييەكەى كراوە و لە كۆتاييشدا ئەنجامى لێكۆڵينەوەكە لە چەند خاڵێک خراوەتە روو.

**بەشی یەکەم**

**هزری نەتەوەیی, چەمک و پێناسە:**

هزری نەتەوەیی (Nationalism) یا میللی گەرایی جۆرە بیرکردنەوە و هەستێکی تایبەتە کە کەسێک یا کۆمەڵەیەک شانازی پێوە دەکات و دەیکاتە ڕێباز و بەرنامەیەک بۆ ئازادی گەلەکەی تا دەگاتە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی. هزری نەتەوەیی لە کاتێکدا لە سیاسەت و خەباتی پارت و ڕێکخراوەکاندا بەرنامەی بۆ دارێژراوە و کاری بۆ کراوە، لە هەمان کاتدا لە ئەدەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ((لەراستیدا تەنیا لە ماوەی سەدەی رابردوودا تێرمی نەتەوەخوازی ئەو کۆمەڵە مانایانەی وەرگرت کە ئێمە ئیمرۆ دەیانزانین. گرنگترین ئەو مانایانە ئەمانەن:

١- پرۆسەی پێکهاتن یان گەشەکردنی نەتەوە.

٢- بەها، هۆشیاری سەر بە نەتەوەبوون.

٣- زمان و سیمبۆلیزمی نەتەوە.

٤- بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی لە بری نەتەوە.

٥- باوەڕ(doctrine) وە یان ئایدیۆلۆجی لەهەردوو باری گشتی و تایبەتیدا)) (ئەنتۆنی دی سمیس،٢٠٠٤، ل١٤).

هەر دەربارەی هزری نەتەوەیی, دەکرێت بگوترێت کە پەیوەندییەکی توند و بەهێز و نەپچڕاوی هەیە لەگەڵ زمان وناسنامە و دەوڵەتی نەتەوەییەوە .

((ئایدیۆلۆجی نەتەوەخوازی نقووم بوون لە کەلتوری نەتەوەدا دەخوازێ. پەیبردن (rediscovery) بە مێژووەکەی و بوژانەوەی زمانە میللیەکەی لە ڕێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لیکسیکۆگرافی و برەودان بە کەلتور، بە تایبەتی دراما و هۆنراوە و وەگەڕخستنەوەی هونەر و پیشە دەستییەکان و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و گۆرانی فۆلکلۆری))( ئەنتۆنی دی سمیس:١٦)، بە کارە هەرە پێشینەکانی خۆی دەزانێ.

لە (لغت نامەی دهخدا) ناسیونالیسم بەوە پێناسە کراوە کە: (( خۆشەویستییەکی ڕادەبەدەری کەسێک یا کۆمەڵێکە بۆ نەژاد و فەرهەنگ و زمان و هەموو تایبەتمەندییەکانی میللەت و قەومیەتییەکەی خۆی))(www.vajehyab.com / ٢٣-١٢-٢٠١٧). وەک زاراوەیەکی سیاسیش بریتییە ((لەو بیرکردنەوەی کە پێی وایە میللەتێک بە بەراورد لەگەڵ میللەتانی تردا باشترە و پێویست دەکات تاکەکانی ئەو میللەتە وەفادارییەکی ڕەهایان بۆ هەبێ)) (www.vajehyab.com / ٢٣-١٢-٢٠١٧). هزری نەتەوەیی دوو ئاڕاستەی جیاوازی هەیە. یەکێکیان بیرکردنەوەیەکی تەسک و دەمارگیریەکی بێ سنورە بەرەو یەک زمانی و یەک میللەتی تا دەگاتە ئاستی نەژاد پەرستی(racism). ئەمەش زۆر ترسناکە چ بۆ نەتەوەکە خۆی و چ بۆ نەتەوەکانی دەوروبەری. ئەوی دیکەشیان بە ئاڕاستەی بەشداری کردنە لە بۆتە جیهانییەکەیدا بە سوود وەرگرتن لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی نەتەوەکەی خۆی و ڕێزگرتنە لە فرە کولتوریی و فرە زمانی. هەروەها بڕوابوونە بەوەی کە ئیمرۆ لە جیهاندا هیچ نەژادێکی پاکی سەد دەر سەدی نەتەوەیەک بوونی نییە.

هەڵگری ئەم ئایدیایە ئەگەر شاعیر بێت، بێگومان بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ. ئەمەش بۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆجیا دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت لە ڕێگای ئەدەبەوە

خزمەت بە بەرژەوەندی ئایدیایەکەی بکات بۆ گەیشـــتن بە ئامانج و بەدیهێنانی ئاواتەکان و کارتێکردن لە خوێنەران و هەوادارانی. ڕێباز و هزری نەتەوەیی ڕێک پێچەوانەی ڕێباز و هزرێکی دیکەیە کە بە ناونەتەوەیی (ئینتەر ناســیونالیســم) ناســراوە و لایەنگیرانی لەگەڵ لابردنی تەواوی سنورەکانی نێوان ولاتانی جیهانن.

سەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی:

ڕێباز و هزری نەتەوەیی وەک تیۆر و قوتابخانەیەکی سیاسی بە هەمان شێوەی زۆربەی تیۆر و قوتابخانەکانی دیکەی سـیاسـی و ئەدەبی و هونەری لە ڕۆژاوای ئەورووپاوە سـەری هەڵداوە. دوو بیروبۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی دیاریکردنی مێژووی ســەرهەڵدانی هزری ناســیونالیســتی. یەکەمیان پێی وایە کە ناسیۆنالیزم لە دەستپێکی سەدەی حەڤدەی زایینی لە ئەورووپا سەری هەڵدا و تـا ســـەدەی هەژدەی زایینی درێژەی هەبووە و لەو مـاوەیەدا دامەزرانـدنی ئەو دەوڵەتـانەی لێکەوتۆتەوە کە ئیمڕۆ ئێمە دەیانبینین و دەیانناسین(ckb.wikipedia.org, ٢٣-١٢-٢٠١٧). ئەوەی دیکەیان پێی وایە لەگەڵ ڕینیسانس و ڕۆشنگەری و شۆڕشی فڕەنسی سەری هەڵداوە.

**جۆرەکانی هزری نەتەوەیی:**

دابەش کردنی هزری نەتەوەیی بەسـەر جۆرەکاندا لە نوسـەرێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە. بۆ نمونە نووسـەر هەیە لەسـەر بنچینەی ناوچەکان دابەشـی کردووە و جۆرەکانی دیارکردووە. وەک: ناسـیونالیسـمی دابەشـکراوی ئەوروپی و ناسـیۆنالیسـمی ڕەشـی ئەفریقی و ناسـیۆنالیسـمی دژە ئیمپریالیزمی ئاسـیایی و ناسـیۆنالیسـمی کۆمەڵانی خەڵکی ئەمریکای لاتینی و ناسـیۆنالیسـمی بەڵێن پێدراوی یەکیەتی سـۆڤیەت. جۆرەکەی تر ناسـیۆنالیسـم دابەش دەکات بۆ ڕۆژاوایی کە ئیلهام لە ڕۆحی ڕۆشـــنگەری وەردەگرێ، وە ڕۆژهەلاتی کە خەریکی ڕەتکردنەوەیەتی. هەنـدێکی دیش ناسـیۆنالیسـم دابەش دەکەنە سـەر ناسـیۆنالیسـمی یەکیەتی بەخش و ناسـیۆنالیسـمی ئاژاوەگێر و ناسیۆنالیسمی هێرشبەر و ناسیۆنالیسمی هاوچەرخ (اوموت اوزکرینلی،١٣٨٤، ل ١٥٥).

**هزری نەتەوەیی کوردی (ناسیونالیستی): مێژووی سەرهەڵدانی، ئامانجەکانی، ڕەنگدانەوەی لە شیعری کۆندا .**

ئەم هزرە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە (کوردایەتی)یش ناسراوە. ((ناسیۆنالیستی کوردی وەک ناسیۆنالیستی نەتەوەکانی تر ... پەرۆشی بنیاتنانی مێژوو، پێناس، کولتوور و زمانێکی کوردی هاوبەشن))( ئۆفرا بینگیۆ،٢٠١٣، ل ١٧).

ســەرهەڵدانی هزری نەتەوەیی کوردی بە چەمکە نوێکەی وەک ڕێبازێکی فکری و سـیاسـی و کۆمەلایەتی مێژوویەکی کۆنی نییە. ئەمەش بۆ چەند هۆکـارێـک دەگەڕێتەوە. وەک : داخراوی ســنوری نیشــتمانەکەی و فرە دیالێکتی و فرە ئایینی و ئایینزایی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و دابەشـــبوونی بەســـەر پانتاییەکی گەورەی جوگرافی چەند ولاتێکی ناوچەکە و هەروەها بەهۆی زاڵبوونی هەسـتی ئایینی و هەسـتی خێڵگەرایی بەسـەر هەسـتی نەتەوەییدا. دواتر بە تێپەڕبوونی ڕۆژگـار و بەهۆی ڕووداوە گەورەکانی نـاوچە و جیهـان و بڵاوبونەوەی خوێندەواری و ((لەگەڵ گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەلایەتی و ســـەرهەڵدانی بنیادی کۆمەلایەتی نوێ و هاتنە پێشـــەوەی مەعریفەی زانسـتی لە کوردسـتان، هۆشـیاری نەتەوەیی کوردیش وردە وردە دروسـت دەبوو و





گەلاڵەی دەکرد. لە راستی لانادەین گەر بڵێین زانایانی گەورەی سەرەتای سەدەی بیستەم: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، رەفیق حیلمی، پیرەمێرد، بێکەس... هتد بە بەرهەمە زانستی و ئەدەبییە نایابەکانیانەوە دەورێکی باڵایان لە دروستبوون و پەرەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی کورد بینیوە- کە دەرئەنجامەکەی پێکهاتەی حیزبی سیاسی نەتەوەیی، وەکو رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی سەردەمانەی لێکەوتەوە و ئەمەش وایکرد کورد وەکو نەتەوەیەک خۆی بنوێنێ)) ( د. رەشاد میران،٢٠١٠، ل٤١).

هەندێک ئەکادیمیستی تری کورد هزری ناسیونالیستی کورد بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکەن:

١- ناسیۆنالیستی دەرەبەگی کە لە ئەنجامی شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا لە سەدەی حەڤدەدا سەری هەڵدا.

٢- ناسیۆنالیستی بورژوازی یا چینی ناوەند کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەری هەڵدا (ئۆفرا بینگیۆ: ١٧).

لە ئامانجە هەرە دیارەکانی هەست و هزری نەتەوەیی کورد (( هۆشیاری نەتەوەیی ئەندامەکانیانە کە ناسنامەی نەتەوەییان دیار دەکات. هۆشیاری نەتەوەییش، بە هەمان جۆری هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە باری فیکری و مەعریفی ئەندامانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەوە هەیە))( د. رەشاد میران: ٣٩).

لە شیعری کۆنی کوردیدا سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆرە هزرێکی سادەی نەتەوایەتی لە دیباچەکەی داستانی عیشقی مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا دەردەکەوێ؛ کاتێ کە گلەیی دەکات و رەخنە لە گەلی کورد دەگرێت بەوەی کە لەناوخۆیاندا رێکەوتنێک نییە بۆ خۆ ئاراستەکردن. ئەگەر رێککەوتن هەبێت ئەوا ستونەکانی ئایین و دەوڵەتیان بنیات دەنا و زانست و حیکمەتیان بەدەست دەهێنا و لەئەنجامدا گەلانی دراوسێ هەموویان لە ژێر فەرمانی کورد دەبوون:

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک          ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
تەکمیل دکر مە دین ودەولەت          تەحصیل دکر مە علم و حکمەت
رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی          هەمیان ژمەڕا دکر غولامی

(جان دوست،٢٠٠٨، ل١٤٣)

دیارە ناوەڕۆک و پەیامی ئەم جۆرە شیعرانە کە هەست و دەربڕینێکی نەتەوەییانەی تێدایە کاریگەری لە سەر شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و ئەسیری و بێکەس ودڵدار و شاعیرانی دیکەش داناوە.

**بەشی دووەم**

**هزری نەتەوەیی لە قۆناغی منداڵی و نەوجەوانی دڵدار: هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی و لێکەوتەکانی**

خۆشبەختانە دڵدار یەکێکە لەو چەند شاعیرە کوردە بە ژمارە کەمانەی کە ژیاننامەی خۆیان نووسیوەتەوە. ئەو بە زمانێکی سادە و رەوان بەسەرهات و رووداوەکانی ژیانی منداڵی و نەوجەوانی خۆی نووسیوەتەوە. بە داخەوە بە هەر هۆکارێک بووبێ نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە نووسینەوەی قۆناغی خوێندکاری لە زانکۆ و قۆناغە پیشەییەکەدا. بۆیە بۆ زانینی قۆناغی ژیانی زانکۆیی ناچارین پشت ببەستین بە سەرچاوەی دی، وەک: قسە و نووسینی برادەر و هاوپۆلەکانی.

دڵدار لە بنەماڵەیەکی ئایینی پەروەردە بووە و باوکی لایەنگیرێکی دەوڵەتی عوسمانییەکان بوو و بۆ ماوەیەک رەتی کردۆتەوە وەزیفەی حکومی لە ئینگلیزەکان وەربگرێ. لە کاتی هاتنی ئینگلیزەکان و تێکشکانی عوسمانییەکان بە توندی دژی ئینگلیزەکان بوونە و لە ئەنجامدا خێزانەکەی پەراگەندە بووە. ئەگەر شیکردنەوەیەکی دەروونی بۆ قۆناغی منداڵی دڵدار بکەین، دەردەکەوێت کە ( هەر لە منداڵییەوە بە خۆکۆنترۆڵ کردن پەروەردەکراوە و لە ژینگەیەکی پڕ لە غەم و ئەندوهدا ژیاوە و خەیاڵاتی بووە و زۆر جاران لەگەڵ خۆیدا دواوە) (عەبدالخالق علاء الدین،١٩٨٥،ل١٧-١٨).

دڵدار هەروەکو لە ژیاننامەکەیدا باسی دەکات زۆری حەز لە خوێندنگە بووە و لە تەمەنی منداڵیدا گفتوگۆیەکی دەربارەی کوردایەتی کە ئەو ناوی لێناوە نیشتمانپەروەری لەگەڵ براکەی ئەنجام داوە و بۆ یەکەمجار زانیویەتی ئەگەر لێی بپرسن تۆ چیت، لە وەڵامدا بڵێت من کوردم. ئەگەر چی دڵدار زۆر لە ژێر کاریگەری ئەم گفتوگۆیەدا بووە و بڕیاری داوە رقی لە گەلانی دی بێتەوە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاندووە، چونکە کچە خاڵەکەی بیروڕاکەی بە تەواوی پێگۆڕیوە بۆ باوەڕێکی ئایینی بەوەی کە مەلیک فەیسەڵ کوڕی حەزرەتی حوسێنە و زۆر پیرۆزە و نابێ وێنەکەی فڕێ بدرێتە سەر زەوی، بەڵکو دەبێ ماچی بکات. ئەگینا کوێربوون چارەنووسی دەبێت (عبدالخالق علاء الدین: ٢٥-٢٦).

لێرەدا دڵدار لە تەمەنی (٧-٨) ساڵییەوە دەکەوێتە نێوان دوو هەڵوێستی زۆر جیاواز و پارادۆکسێکی سەیر لە نێوان کوردایەتی و بیروباوەڕی ئایینییەوە. لە کۆتاییدا بڕیار دەدات کە بیروباوەڕی یەکەم هەڵبژێرێت و حەزی کردووە پڕ بە دڵ هاوار بکات و بڵێ: من کوردم ... من کوردم. دڵدار رووداوێکی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێ کە لە لایەن برادەرێکی برایەوە فەرمانی پێدەدرێت لەگەڵ برادەرەکانی لە قوتابخانەدا گروپێک پێکبهێنن بە ناوی (بەچکەشێرانی کورد) و داوا لە قوتابیان بکەن بێنە ناو گروپەکەیان، هەر کەسێکیش گوتی من کورد نیم بە مشتە کوڵە لێیبدرێت و هەڕەشەی لێبکرێت. دڵدار بە دڵ و گیان فەرمانەکەی جێ بە جێ کردووە، بەڵام لە قوتابخانەدا ئاژاوە دروست دەبێ و بە هۆی زۆری سکاڵاوە بەڕێوەبەر ناچار دەبێت فەرمان بدات ئەم گاڵتەجارییە کۆتایی پێبێنێت، ئەگینا ئەو قوتابییانەی ئەم کارە لە قوتابخانەدا ئەنجام دەدەن دەردەکرێن. بەم شێوەیە ئارامی بۆ ناو قوتابخانە دەگەڕێتەوە (عەبدالخالق علاء الدین: ٣٣).

ئەگەر شیکارییەک بۆ ئەم رووداوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەو ئەرکەی بە دڵدار سپێردراوە چەند کارێکی نارەواو ناشارستانی بووە و دوور بووە لە هەموو پێوەرێکی پەروەردەیی. هەروەها لێزانی و ئاستی هۆشیاری بەڕێوەبەرەکەشمان بۆ روون دەبێتەوە کە چۆن زیرەکانە توانیویەتی کۆتایی بەو کۆمیدیایە بهێنێت.

هەڵوێستێکی دیکە لە ژیاننامەکەی دڵداردا بەدی دەکرێت کە زۆر سەرنج راکێشە کاتێ کە ناسنامەی کوردبوونی پێدەدرێت لە رێگای وەرگرتنی وێنەیەکی (شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان)؛ بێ ئەوەی زانیارییەکی دروستی هەبێ دەربارەی سنوری نیشمانی کوردستان و کەسایەتییەکەی شێخ مەحموود (عەبدالخالق علاء الدین:٣٥). بەڵام ئەمە رێگر نەبووە، بەڵکو شێخی خۆشویستووە و زۆر هۆگری بووە بە رادەیەک کە وێنەکەی نیشانی منداڵان داوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بیناسن.

هزری نەتەوەیی دڵدار لە( ١٧) ساڵیدا زیاتر گەشەی کرد ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەی کۆمەڵێک کتێبی مێژوویی دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا و یۆنانییەکان و کتێبی تەئریخی کورد و

کوردســتانی ئەمین زەکی بەگ و مێژووی میرنشــینە کوردییەکان (عەبدالخالق علاء الدین: ٥٠)؛ کە دواتر بە قوڵی کاریگەری لەسـەر شـیعرەکانی دانا. دڵدار زۆر تینووی بیروباوەڕی شـۆرشـگێڕانەی کوردەواری بووە و دەرفەتی لەدەســت نەداوە بۆ ئاشــنابوون لەگەڵ هاوبیرەکانی، بۆیە خۆی لێ نزیک کردینەوە و سـوودی لێ وەرگرتوونە . هەروەک خۆی لە یادداشـتەکانی باسـی دەکا بە هۆی ئاشـنابوونی لەگەڵ خوێندکارێکی کورد کە لە بەغدا دەیخوێند دوو کتێبی دی خوێندۆتەوە. یەکێکیان دەربارەی مێژووی خەباتی گەلی پۆلۆنیایە و ئەوەی دیکەش کتێبی (القضـــیە الکردیە) ی بلەچ شــێرکۆیە، کە بە هۆیەوە توانیویەتی زانیارییەکی زۆر دەربارەی ئەو ریســـواگەرییانەی تورکیا بەدەست بهێنێ کە دژ بە کورد ئەنجامی داوە(عەبدالخالق علاء الدین: ٥٥).

**هزری نەتەوەیی دڵدار لە دیدو بۆچوونی هەندێک لە نووسەران و رەخنەگرانی ئەدەبەوە**

دڵدار وەک شـــاعیرێکی پێشــکەوتووخواز و نەتەوەخواز لە لایەن رەخنەگران و مێژوونوســـانی ئەدەبی کوردییەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە و هەڵسـەنگاندن و نرخاندن بۆ شـیعرەکانی کراوە و بە شاعیرێکی نەتەوەیی هەژمارکراوە. ئەمەش بۆ بەهێزی و رەوانی بنیاتی زمانی شیعری و ناوەڕۆک و بابەتی شــــیعرەکانی دەگەڕێتەوە کە پەیوەســـت بووە بە کێشــــە و ژیان و رابردوو و ئایندەی نەتەوەکەی.

رەفیق حلمی دەربارەی دڵدارپێی وایە کە ئەو خاوەنی بیرێکی قوڵ و ژیرانە و گیانێکی خاوێن و هەســتێکی بەرز و بیرکردنەوەیەکی هاوچەرخانەیە. بە جۆرێک کە لەبەر داب و نەریتەوە ناتوانرێت شیعرەکانی بڵاوبکرێتەوە(٢٠١٠، ل١٢٢-٢٣). ئەو دواڕۆژێکی پرشنگداری بۆ دڵدار پێشبینی کردووە و دواتریش پێشــبینییەکەی راســت دەرچووە، کاتێ دەنووسـێ و دەڵێ: (( هەرچەند بەهۆی مناڵی و خەریکبوون لەگەڵ خوێندن، زۆری شیعر دانەناوە و ئیمڕۆ لە شاعیرە ناودارەکان ناژمێررێت، بەڵام بەو شـــیعرانەیا کە هەیە و بەرچاوی ئێمە کەوتووە و بە نوور و گەوهەری ئەو زەکایەدا کە لەم چەند شـیعرەدا ئەبینرێ، جێگەی شـک نییە کە دڵدار، شـاعیری تەجەدودپەروەر و ناوداری دوارۆژ ئەبێ))( رەفیق حلمی:١٢٤).

هەرچی دەربارەی هزرە نەتەوەییەکەی دڵدارە، نووســـەر بە ئاشـــکرا و راســـتەوخۆ ئاماژەی بۆ نەکردووە، بەڵکو لە رێگای چەند نمونەیەکی شـیعرییەوە هەوڵ دەدات نیشـانی خوێنەر بدات دڵدار خاوەنی ئەو هزرە بووە. هەروەها بە ناسـاندنی دڵدار بەوەی کە هاوشـار و( هاونیشـتمانی حاجی قادری کۆییە و لەســەر هەمان رێباز رۆیشـتووە)(رەفیق حلمی:١٢٤)، بە شـێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ پێمان دەڵێ کە هەستێکی بەرزی نەتەوایەتی هەبووە.

کوردستان موکریانی لە پێشـەکی دیوانەکەیدا لە ژێر ناونیشـانی دڵدار و هەسـتی نەتەوایەتی باسـی دڵدار و هزرە نەتەوایەتییەکەی دەکاو دەنووســـێ: (( (ئەی رەقیب) کە بە نرخترین و نـایـابترین هۆنراوەی نیشـتمانی دڵدارە .. بەسـەرهاتی میللەتی کوردی خوێناوی دەخاتە روو .. بە دڵێکی پڕ لە

ویســـت و هیوا و ئاواتەوە چاوی بڕیوەتە ئاســـۆی روونی کورد .. چونکە لاوی خوێن گەرمی ئەمڕۆی کورد وەکو لاوی مادی دوێنێ بۆ بەرزکردنەوەی ئالاَی کوردســـتان وا لە کۆڕی خەبات دایە))(دیوانی دلَدار،١٩٧١،ل ١١).

نوسەرێکی دی لە باسکردنی دلَدار و بەرهەمەکانیدا بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکان بکات چەند نمونەیەکی شـــیعری نەتەوەیی و دلَداری و کۆمەلاَیەتی و چەند زانیارییەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی دەنووســێ و لە کۆتاییدا دەلَێ: ((دانانی کۆمەلَێک شـــیعری بە ســـۆزی نەتەوایەتی و زانست پەروەری و کۆمەلاَیەتی و دلَداری و فەلســەفی و بابەتی ریالیزمی نیشـانەیەکی دیکەی ئەو بەهرە و توانایەی شاعیرن))( مەلا سامان هەلەبجە ،٢٠١٤،ل ٦٧).

مســـعود محمد دەربارەی هزری نەتەوەیی دلَدار دەلَێ: (( فکری خەســـتی قەومایەتی دلَدار کە لە ســـرودی(ئەی رەقیب)دا دەردەکەوێت و وێنەکێشـــی ویژدانی کۆمەلاَیەتی ئەوســـایەتی، لە وتووێژدا خەستتر و پالاَوتەتر رابەرپەرست خۆی دەنواند))( عەبدالخالق علاء الدین:٦٧).

ســـەفی زادە کە نووســـەر و مێژونوســـێکی ئەدەبی کوردی ئێرانییە و لە کتێبەکەیدا کاتێ کە باسی دلَدار دەکات دوور و نزیک باسی هەستە نەتەوەییەکەی ناکات و بەکورتی باسی ژیانەکەی دەکات و چوار نمونەی شیعری لە بابەتەکانی ئامۆژگاری بۆ مندالاَن و لاوان ودلَداری و وەسفی نیشتمانی هێناوەتەوە. بە بۆچوونی ئێمە نووســـەر مافی تەواوی نەداوەتێ و دەکرا زیاتر باســـی شـــاعیر و هزرەکەی بکات(سدیق بۆرەکەیی،٢٠٠٨،ل ٧٨١-٨٢).

لێکۆلَینەوەیەک کە بە شـــێوەیەکی تێروتەســـەل دەربارەی دلَدار و بەرهەمەکانی دلَدار کرابێت لە لایەن د. مارف خەزنەدارەوە ئەنجام دراوە. ئەو لە (٢٧) لاپەرەدا زانســـتیانە باســـی شـــیعرەکانی کردووە و مەبەســت و ناوەڕۆک و روخســاری شیعرەکانی دیاری کردووە. هەروەها باسی وتارە پەخشـانییەکانی کردووە و بەشـێک لەو قەسـیدەیەی بلاَوکردۆتەوە کە دەربارەی روانینی دلَدارە بۆ ئایین و سـەرچاوەکەی. ئەو قەسـیدەیەی کە کاتی خۆی رەفیق حلمی لەبەر هەسـتی ئایینپەروەران و داب و نەریت بلاَوی نەکردبووە. ئەو بەشـــێکی لێ بلاَوکردۆتەوە. خۆزگە بەرێزیان بۆ ســـودی گشتی تەواوی قەسیدەکەی بلاَو دەکردەوە. دەربارەی هزری ناسیۆنالیستی دلَدار، خەزنەدار دەلَێ: (( ســـەرانســـەری دیوانی دلَدار لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆجییەتی پێشـکەوتوو دایە بۆ جاککردنی باری ژیانی کورد وەکو نەتەوەییکی دەسەلاَتی لە دەس خۆی نییە))(٢٠١٠،ل ٥٦٨).

هەروەها دەربارەی سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەلَێ: (( سرودێکی نیشتمانی شۆڕشگێرییە، لە لایەن هەموو کوردێکەوە بووە بە ســـرودی نەتەوە، لەبەرئەوە کۆماری کوردســـتان لە مەهابادی موکریان کردبووی بە ســـرودی رەســـمی، ئەی رەقیب بۆ کورد لە پلەی ســـرودی مارســـێلیزە بۆ فرەنســی))(د.مارف خەزنەدار: ٥٧٣). ئەو ســرودە دواتر دەبێتە ســرودی حکومەتی هەرێم و زۆر لە حیزب و رێکخراوەکانی تریش لەسەر ئاستی کورستانی گەورەدا.

**شیکارییەک بۆ هزری نەتەوەیی دڵدار لە بەرهەمەکانیدا**

سـەردەمی دڵدار سـەردەمی سـەرهەڵدانی بەهێز و ژیاندنەوەی بیری نەتەوایەتی بووە. هەر ئەوەش وای لە دڵدار کردووە سرودی حەماسی نەتەوەیی پڕ لە جۆش و خرۆش بهۆنێتەوە. بە جۆرێک کە (شیعرەکانی وێنەیەکی روون و رەوانی بیرکردنەوەی هاوچەرخانەیە) (رەفیق حلمی: ١٠).

سـەردەمی دڵدار لە لایەک سـەردەمی هۆشیاری و ژیاندنەوەی هەستی نەتەوەیی بووە لە ناوچەکە و جیهاندا, لە لایەکی دی بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی گەلانی سـەردەستەوە زوڵم و ستەم لە کورد کراوە و هەوڵی توانەوە و لاوازکردنی دراوە. ئەم بارودۆخە وای لە دڵدار کرد کە خۆی لەناو رێکخستنێکی حیزبیدا ببینێتەوە. باشترین حیزبیش ئەو کات حیزبی هیوا بوو. دڵدار ((یەکێک بوو لە چالاکترین ئەندامانی پارتی هیوا و گەرمترین دەمەتەقەی بە دەوری کردەوە و رەفتاری ئەو حیزبە و ئەندامەکانی بەرپادەکرد))( مەسعود محەمەد، عەبدالخالق علاء الدين، ٦٤). بۆیە دڵدار چەند شیعرێکی سیاسی بۆ بەرگری لە گەلەکەی دەهۆنێتەوە کە پڕ لە هەست و سۆز و ئەندێشەی نەتەوایەتییە. ئەگەر چی شیعرە نەتەوەییەکانی بە ژمارە زۆر نییە، بەڵام بە بیر و پەیام و ناوەڕۆک کاریگەرییەکی بێ هاوتای هەبووە لەسـەر تاکی ناسیۆنالیستی کورد. هەر بۆ نموونە یەکێک لە شـیعرەکانی (ئەی رەقیب) بۆتە سـرودی نەتەوایەتی کورد بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان. هەروەها ئەو سـرودانەی کە بۆ منداڵان و نەوجەوانانی کوردی نووسیوە، لێوانلێوە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری. بۆ نمونە لە یەکێکیاندا دەڵێ:

من رۆڵەی کوردستانم     تازە رۆڵەی کوردانم
تاکو وڵات سەرکەوێ     فیدایە رۆح و گیانم

(عەبدالخالق علاء الدين: ١٩٩)

لە تێکستە شیعری (ئەی لاو)دا داوا لە لاوانی کورد دەکات کە وەک لاوانی گەلانی دیکەی جیهان بێدار وهۆشیار بن و بیر لە چارە نووسی گەلەکەیان بکەنەوە کە لە ژێردەستیدا دەژی و هەوڵ و کۆشش بکەن و پلان دانێن بۆ ئازادی و هیوایان پێ دەبەخشێ و دەڵێ:

لە ساتێکی وها تەنگ و لە کاتێکی وها پەستی ....
کە عالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لە خەو هەستی
بە چاوی راستەقینە سەیری خۆت کەیت و بکەی هەستی
کەوا مەحرومی سەربەستی لە ژێر دەستانا ژێر دەستی
لەگەڵ لاوی نهێنێ کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی

(عەبدالخالق علاء الدين: ١٩٤)

دڵدار زانیارییەکی باشی هەبووە دەربارەی مێژووی دێرینی کورد و خەبات و شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلان و گەیشتنیان بە سەربەخۆیی. ئەو ئاواتە خوازە کورد بەو ئامانجە

بگات بۆیە بانگیان دەکات کە کۆتایی بە زەلیلی و داماوی خۆیان بێنن. لە تێکستە شیعری(ئەی کورد) دا دەڵێ:

ئەرێ ئەی کورد لە نێوگەلدا هەتاکەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی

(عەبدالخالق علاء الدین : ١٩١)

دڵدار لە سرودێکی تردا لەناو سروشتی جوانی شاخ و باغ و دەنگی شمشاڵ و قاسپەی کەو و خوڕەی ئاوی تاقگەکانی کوردستاندا تواوەتەوە و کوردستانی بە خالق و قیبلەگای خۆی داناوە و دەڵێ:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلە گاهی منی بێ گومان (عەبدالخالق علاء الدین : ١٨٢)

ئەگەر لە هزری ناسیۆنالیستی دڵدار بگەڕێین لە بەرهەمە پەخشانییەکانی، جگە لە یادداشتەکانی کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، شتێکی تری ئەوتۆمان دەست ناکەوێت. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وتارەکان وتاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، زمانەوانی، فەلسەفی، شیکردنەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی بوونە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو سات و رۆژگارەی ئەودا زۆر ئاساییە بگوترێت پاڵنەری بنچینەیی بۆ نووسینی وتارەکانی (زوبانی کوردی و ئەدەبیات) و (نووسینی کوردی) هزرە نەتەوایەتییەکەی بووبێ.

**دڵدار لە نێوان هزری نەتەوەیی و هزری رەخنەی ئاینی و فەلسەفیدا**

دڵدار وەک شاعیرە کوردە ناسیونالیستەکانی تر توانیویەتی ((خۆی بە هۆش و بیرێک چەکدار بکات کە توانای راڤەکردنی دیاردە کۆمەلایەتیە جۆراوجۆرەکان و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی هەبێت))(د.شکری عزیز الماضی،٢٠١٠، ل١٣٥). ئەم هزرە نەتەوایەتییە لە ناو بیر و بابەت و ناوەڕۆکی شیعری شاعیراندا پەیوەستە بە تیۆری رەنگدانەوە. ئەو تیۆرەی داوا لە نوسەر و شاعیران دەکات (( بڕوا بە بیری سۆسیالیستی زانستی بێنن و لە ئەدەبەکەیاندا گوزارش لەو بەها مرۆڤاتیانە بکەن کە وایان لێهاتووە نوینەرایەتی ئایدیۆلۆجیا بکەن، وەک یەکسانی کۆمەلایەتی و ئازادی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئابوری و مافی گەلان لە بڕیاردانی مافی چارەنووسیان..... هتد))(د. الماضی: ١٣٨). دڵدار کە خاوەن هزرێکی نەتەوەیی بووە و بە هۆی دڵسۆزی و چالاکییەکانییەوە لە ناو پارتی (هیوا)دا گەیشتە پلەی سکرتێر. هەروەها (( زۆر جار داندراوە بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز. بە زۆری وتاری پێشەکیش هی ئەو بووە))( عبد الخالق علاء الدین: ٨٨).

هەواڵنامەی کتێب

دڵدار لە بواری کۆمەڵناســی نەتەوەییەوە لێزانانە شــیکردنەوەی بۆ کۆمەڵی کوردەواری کردووە. لەوساوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەبینین گۆڕانێکی پێشکەوتووی ئەوتۆ لە بنیات و بیرکردنەوە و هەســتی دەســتە جەمعی ئەو کۆمەڵە رووی نەداوە. ئەو دەڵێ: ((میللەتی کورد خـاک و زوبـانی هەیە، بەڵام بە نەبوو دانراوە. میللەتی کورد مەوجوودە، بەڵام نەخۆشــە. گیانی تێدایە، بەڵام ناتوانێ راســت ببێتەوە. زوبانی هەیە، بەڵام ناتوانێ بدوێ. چاوی هەیە، بەڵام نابیسێ. ئەتوانم کە میللەتی کورد وا دانێم کە تازە گرانەتای بەردابێ، بەڵام لە تەوژمی ئەم نەخۆشــییە مێشــکی تێک چوو و چاوی گران و گوێ کەڕ و زوبانی لەنگ بووبێ))(عبد الخالق علاء الدين:١٥٠-٥١).

دڵدار هەروەک لە پێشـــوودا ئاماژەمان بۆ کرد، لە منداڵییەوە خۆی خەریک کردووە بە هزری نەتەوایەتی و ئـایینی و زۆر بیری لێکردۆتەوە. ئەمەش زۆر جار کێشـــەی بۆ دروســت کردووە. دڵدار لە یادداشــتەکەیدا  باســی بنەماڵەکەی دەکات کە چۆن بەرماڵی پێغەمبەر کەوتۆتە دەســـت بنەماڵەکەی و بە درێژی باســـی ئەمە دەکات. هەروەها لە حوجرەدا وانەی قورئانی خوێندووە و باســی کەش و هەوای ناو ســوختەخانە دەکات کە چۆن لەســـەر کەمترین شــت فەلاقە کراون و کاتێکیش لە خوێندنگا وەردەگیرێ و چۆتە ماڵەوە بە دەنگێکی بەرز گوتوویەتی: (( چیتر ناچمە ســوختەخانە. ئێســتا چوومە مەکتەب خۆم قەید کرد))( عبد الخالق علاء الدين:٢٨).

دڵــدار هەروەک خۆی دەگێڕێتەوە جـاروبـار هــاتوچۆی مزگەوتی کردووە و لەگەڵ فەقێیەکان گفتوگۆی توندی کردووە و بەوە تاوانباریان کردووە کە نوێژ ناکا و کافر و مولحیدە و لە ئاگری دۆزەخدا دەســـووتێت. دڵداریش فەقێیەکانی بە نەزان و درۆزن تاوانبارکردووە و بەڵام ئەو بە باوەڕ بە خۆبوونەوە پرســیارگەلێکی وەک: ئێوە عیبادەتی ئەوهـام دەکەن؟ وەرن تێم بگەیێنن دین چییە؟ ئەنجـام ئەو جۆرە گفتوگۆیـانە گومـان و دوودڵی بۆ دروســت کردووە و پرســیاری لە خۆی کردووە کە خودا چییە؟( عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

ئەم گفتوگۆ توندانە و بیرکردنەوە قوڵانە و پرسیارە جیدیانەی دڵدار لە پازدە ساڵیدا هەر لە مزگەوتدا نەبووە، بەڵکو ئەو پرســـیارانەی لە دایکیشـــی کردووە: تۆ بۆ نوێژ دەکەی؟ خوا لە کوێـندەرە؟  دڵـدار بە وەڵامەکـانی دایکی رازی نـابێت و بە گریـانەوە داوای نیشـــاندانی خوای لێ دەکات. دایکیشـــی  وزەی نامێنێ و بەرگەی ئەو کفرییەی کوڕی ناگرێ و زللەیەکی لێدەدات. لەوکاتەوە دڵدار خوای بەشتێکی  ترسناک  هاتۆتە پێش چاو (عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

دڵدار نەک هەر لە مزگەوت و ماڵەوە  بە دوای وەڵامی ئەم پرســـیارانە بووە، بەڵکو لە قوتابخانەشدا پرسیاری لە مامۆستاکەی کردووە: خوا چۆنە؟ ئەویش  وەڵامی دەداتەوە؛

بەڵام دڵدار گفتوگۆی توندی لەگەڵ دەکا و مامۆستاکەش چوار داری لە دەست دەدات(عبد الخالق علاء الدين:٤٤).

بە داخەوە تا ئێستا بە تەواوی ئەرشیفی شاعیر نەکەوتۆتە بەر دیدی خوێنەر و لێکۆڵەران تا رامان و بیرکردنەوە دژە ئایینییەکەی بە وردی و بە شێوەیەکی بەربڵاوتر شیکردنەوەی بۆ بکرێت. لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوانە و لە کۆتاییدا دڵدار بەرەو فەلسەفەی وجود و لێکۆڵینەوە بەرەو ئایینی بەهاییەکان دەبا و دوو وتار بە زمانی عەرەبی دەنوسی، هەرچەندە وەک کەشکۆڵ ماونەتەوە. هەروەها وتارێک دەربارەی فەلسەفەی ئەدەب دەنووسی و بڕوای بەو تیۆرە هەبووە کە بنچینەو سەرچاوەی ئەدەبیات ماددەیە و ئامانجیش لێی پەی بردنە بە زانین و هەستی (عبد الخالق علاء الدين:١١٢).

دڵدار یەکەمین شاعیری کوردە بوێرانە و ئازایانە و بێباکانە لەشیعرەکانیدا تێگەیشتن و جیهانبینی تایبەتی خۆی دەربارەی ئایین و خودا ئاشکرا کردووە. خوێندنەوەی ئەو بۆ خودا و ئایین زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا ژیاوە. ئەو باکی نەبووە کە نیشتمان بە قیبلەگا و ئایین و خوای خۆی بزانێت :

چونکە کوردستان، کوردستانی جوان

قیبلەمی، دینمی، خوامی، بێگومان! (عبد الخالق علاء الدين: ١٨٢)

دڵدار بێ سڵەمینەوە کەرەسە پیرۆزەکانی ئایینی لە خزمەت دەربڕینە شیعرییەکانی بەکارهێناوە:

خودای شیعر و پەری هیوای بلێسەی هەستی بەرزی تۆ

هەواڵی هاوڕەگ و خوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی (عبد الخالق علاء الدين: ١٩٨)

دڵدار ئامۆژگاری لاوانی کورد دەکا بە ژیانپەروەری و ژیان دۆستی. هەروەها یەکێ لە سێ بنەما سەرەکییەکەی ئایینی زەردەشتی کە (رەفتاری باش)ە بە بنچینە وەردەگرێت و دەڵێ:

لە دنیادا هەقی ژینت هەیە تاکو نەفەس دانێی

بەڵام چاکە و رەوشتی چاک دەبێ ئایین و دینت بێ (عبد الخالق علاء الدين:١٧٥)

دڵدار وەک شاعیرێکی رۆشنبیر بیروڕا فەلسەفییەکانی دەربارەی بوون و ژیان و خودا لە چوارینەکانی (عومەر خەیام)دا دەدۆزێتەوە کە بە زمانەکانی فارسی و کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە. ئەمەش لەو وتارەیدا دەردەکەوێت کە لەمەڕ خەیام و چوارینەکانی نووسیوە و دەردەکەوێت تێگەیشتنێکی باشی بۆ پەیام و ناوەڕۆکی چوارینەکان هەبووە. بیروڕای خەیامییانە لە شیعرەکەی (ئەی خودایە) دا بە روونی رەنگی داوەتەوە، کاتێ دەڵێ:

ڕێگەیی بەش کردنی ڕزقت لە دونیا شاهدن..
هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندێ کەس نانی نیە (عبد الخالق علاء الدين: ١٨٤)
لە کۆتایی شیعرەکەیدا هەست بە مەترسی دەکا و چاوەڕوانی دەرکردنی فتوای کوشتنی خۆی دەکات لە لایەن پیاوانی ئایینیەوە و دەڵێ:
ڕەنگە کەم دیدە و مەلایان هانی خەڵقی وا بدەن
کوشتنی دڵدار حەلاڵە چونکە ئیمانی نییە (عبد الخالق علاء الدين:١٨٥)
قەسیدەیەکی تری دڵدار کە دەربارەی بیروباوەڕیەتی لەسەر ئایین (٢٩) دێرە شیعرە و تەنها (١٣) دێری لێ بلاوکراوەتەوە، (ئادەمیزادی و ئەدیان)ە(خەزنەدار:٥٨٥). ئەو لەو قەسیدەیەدا بڕوای تەواوی بە (تیۆری پەرەسەندن Evolution Theory)ی داروین بووە. هەروەها خودا و ئایین و ئایینزاکان بە دروستکراوی بیری خودی چینێکی دەسەڵاتدار دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان و چەوساندنەوەی مرۆڤ:
لە بۆ تەحقیقی ئەم غایە بە وردی کەوتە تێ فکرین
لە بیر و فەلسەفەی خۆیا (خودا و مەزهەبی) هانی (د. مارف خەزنەدار:٥٨٦)
دڵدار دواتر باسی شەڕ و ناکۆکی و کێشمەکێشی بێکۆتای نێوان ئایین و ئایینزاکان دەکات بە درێژایی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤدا؛ کە کوشتنی ملیۆنەها کەس و وێران کردن و سوتاندن و تالانکردنی هەزاران شاری ئاوەدانی لێکەوتۆتەوە و دەڵێ:
هەزاران شاری مەعموور وقوسوور و شانەنشینیان گرت
وەکو شێت کەوتنە تێکدان و ڕمان و یاخو سووتانی
(د. مارف خەزنەدار:٥٨٧)
لێکچوون و نزیکی بیروڕا فەلسەفییەکانی دڵدار لە دوو قەسیدەی(تەلیسمەکان) و (زەریا)ی (ایلیا ابو ماضی)یش دەردەکەوێ کە زۆر سەرکەوتووانە هەر بە شیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بە جۆرێک خوێنەر هەست ناکات شیعرێکی وەرگێردراو دەخوێنێتەوە (عبدالخالق علاءالدين:١٤٢-٤٤).
دەربارەی جەژنی نەورۆز دڵدار لە وتارێکی دا زانستیتیانە شیکردنەوەی بۆ کردووە و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستییەوە تەماشای ئەو جەژنەی کردووە و ڕەتی کردۆتەوە جەژنەکە تەنها هی گەلی کوردبێ، بەڵکو پێی وابووە کە ئەم جەژنە زۆر دێرینە و جەژنی نوێبوونەوەی سروشت و جەژنی گەلانی ڕۆژهەلاتە.

## ئەنجام

١- دڵدار یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنە کوردانەی ژیان نامەی خۆی نووسیوەتەوە و تێیدا وردەکاری ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە بەســـەر خۆی و بنەماڵەکەیدا هـاتووە. هەروەهـا بیروبۆچوون وجیهانبینی خۆی سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرەکان بە ئاشکرا دەربڕیوە.

٢- دڵدار ڕاستە وەک شـاعیرێکی نەتەوەپەروەر بەهۆی سـروودە حەماسـییەکانی ناسـراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سـیاسـەتزان و وەرگێڕ و کۆمەڵناس و نووسـەرێکی بە تواناش دەژمێردرێت، کە ماندوونەناسانە بە شێوەی جۆراوجۆربەشداری چالاکانەی کردووە لە پێناوی گەلەکەی.

٣- دڵدار بە یەکەم شـــاعیری کورد دادەنرێت کە بوێرانە و ئازایانە جۆرە شـــیعریکی داناوە کە دەکرێت پێی بگوترێت شـیعری ڕەخنەی ئایینی لە ئەدەبی کوردیدا کە پێشـتر ئەو جۆرە شـیعرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا باو نەبووە.

٤- تا ئێسـتاش کۆمەڵی کوردی بە بیانوی جۆراوجۆرەوە بە دەسـت داخراوی بیری تاکەکانی و نەریتی کۆنەخوازی دەناڵێنێ و ئەمەش بۆتە ڕێگر لە ئـازادکردن و بڵاوکردنەوەی تەواوی ئەرشیفەکەی دڵدار.

٥- دڵدار نەک هەر لە داهێنانی شـیعری نەتەوەیی خاوەن هزرێکی ناسـیونالیسـتی بووە، بەڵکو لە بواری فەلسەفەی ژیان و مرۆڤدۆستی و ڕەخنەی ئایینیش پێشەنگ و سەرامەد بووە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان

**بە کوردی:**

١- ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی تیۆری و ئایدیۆلۆجی و مێژوو،٢٠٠٤ ، چ١، و: هۆشیار عەبدورەحمان سیوەیلی، هەولێر.

٢- ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق بنیتنانی دەوڵەتێک لەناو دەولەتدا، ٢٠١٣، چ١، و: سۆران مستەفا کوردی، چاپخانەی هەولێر، هەولێر .

٣- احمد خانی: مەم و زین، شرح و ترجمە جان دوست ،٢٠٠٨، ط١، دار الزمان، دمشق.

٤- د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی،٢٠١٠، چ٢، ب ٥، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥- د. رەشاد میران: چەند بابەتێکی ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی، ٢٠١٠، چ١، ب١ ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٦- رەفیق حلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،٢٠١٠، چ ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧- مەلا سامان هەلەبجە: گوڵستان ژیانی ناوداران و شاعیرانی کورد، ٢٠١٤، چ١، چاپخانەی هیڤی، هەلەبجە.

٨- سدیق بۆرەکەیی(سەفی زادە): مێژووی ویژەی کوردی، ٢٠٠٨، چ٢، ب٢، چاپخانەی دەزگای ئارس، هەولێر.

٩- د. شکری عزیز الماضی: تیۆری ئەدەب، ٢٠١٠، و: د. سەردار عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٠-عەبدالخالق علاء الدین: دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ١٩٨٥، مطابع دار آفاق عربیە للصحافە و النشر، بغداد.

**بە فارسی:**

١--اوموت اوزکرینلی: نظریەهای ناسیونالیسم،١٣٨٤، فصلنامە مطالعات ملی، سال ششم، شمارە ٤، تهران.

**سایتەکانی ئینتەرنێت:**

١- (www.vajehyab.com / ٢٠١٧-١٢-٢٣)

٢- (ckb.wikipedia.org, ٢٠١٧-١٢-٢٣)

## ملخص البحث

يعد دلدار احد الشعراء والكتاب القوميين والذي ذاع صيته بأشعاره الحماسية بين ابناء جلدته. وقد اتخذ الكرد احد اشعاره كنشيد وطني فى كل العالم. وهو يعتبر من احد الشعراء الكرد القلائل والذي كتب سيرته الذاتية ومن خلالها نتبين بأنه عاش صراعا مريرا و مفارقات عجيبة بين الفكر القومى المتطرف و فكر النقد الدينى والفكر الفلسفي و سواء كان في البيت او المسجد او المدرسه؛ كان دائما يجادل ويطرح اسئلة محرجة حول الدين، وبالنتيجة واجه مشاكل كثيرة و اتهم بالكفر والالحاد.

يتكون البحث من قسمين: يتناول المحور الاول من القسم الاول الفكر القومى، المفهوم والتعريف، حيث بحث فى هذا المحور مكان و زمان ظهور هذا الفكر وأنواعه. و يتناول المحور الثاني الفكر القومي الكردي من حيث تاريخ نشوئه و أهدافه و إنعكاساته على الشعر الكردي القديم. يتكون القسم الثاني فى البحث من عدة محاور: الاول بعنوان الفكر القومي فى مرحله طفولة و مراهقة( دلدار) و فيه يذكر من خلال سرد مذكراته كيف عرف بأنه يحمل الهوية الكردية و بدأ بقرآة الكتب التاريخية لنضال الشعوب من أجل الاستقلال. وفي المحور الثاني من البحث نتناول الفكر القومي ل(دلدار) من خلال تغطية عدة كتب يتناول مؤلفوها الفكر القومي للشاعر نقدا و تحليلا. وهناك محور ثالث حول تحليل فكر القومي للشاعر فىَ كلتا نتاجاته الشعرية والنثرية. فى المحور الاخير للبحث نوضح القكر القومي و فكر النقد الديني و الفلسفي للشاعر حيث نذكر فيه بأن كثيرا من أرشيفه مخفيه لحد الان ولا يسمح بنشره لاسباب عديدة وهذا يعود بضرر فادح بحيث لا يتمكن القراء و الباحثون من اطلاع عليها. وفى الختام؛ توصل الباحث الى عدة نتائج عن هذه الدراسة.

## Abstract

Analytical reading of the National Thought in the life and writings of “Dildar”

This research studies ideological level of the poet (Dildar, 1918-1948)) and consists of two parts.

Part one deals with two topics. First is an introduction about definition and concept of National Thought. The researcher tried to improve the strong relationship between literature and ideology. It's seen that the brief history about evolving of the National Thought in the world and its kinds.

The second topic explains the Kurdish National Thought like its history, goals and reflection in the classic poetries.

Part two includes three topics. First shows the National Thought of poets childhood according to his biography. Second topic discusses the opinions of some Kurdish critical writers; who wrote about Dildar such as Dr. Marif Xeznedar and Refiq Hilmi. The last and the main topic is the analysis of poet’s National Thought in his poetry and prose. The reader will discover that Dildar was the first poet in Kurdish literature who dares to declare dangerous and critical ideas about religion. Finally a number of conclusions are drawn which have been pointed out by the researcher.

# شیعریەتی دڵدار

# بنەماكانی شیعریەت لە زمانی شیعری (دڵدار) دا

پ.ی.د.صافیە محەمەد ئەحمەد
كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت،زانكۆی ڕاپەرین
م.ی. هێرۆ عەبدولرەحمان مستەفا
زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر

**پێشەكی:**

هەموو دەقێكی ئەدەبی بە گشتی و – شیعر – بە تایبەتی شیعرییەتیان تێدایە، بەڵام ڕێژە و شێوازی مەزراندنی بنەماكانی شیعرییەت بە هۆكار گەلێك كارتێكراون و دەگۆڕێن؛ بۆیە جیاوازی پلەی شیعرییەت و چۆنیتی و چەندایەتییەكەی لە دەقێكەوە بۆ دەقێكی تر دەگۆڕێت و جیاوازە.

شیعرییەت یەكێكە لەو بابەتانەی، كە چەندین تیۆری جیاواز و لێك دووری لە بارەوە هەن، بابەتێكی تاڕادەیەك ئاڵۆزە و زۆر بە فراوانی و بە چڕی باس لە لایەن و ڕەهەندەكانی كراوە؛ بۆیە تێگەیشتن و گەیشتن بە كرۆكی ڕاستەقینەی بابەتەكە، ماندووهێنەرە و پێویستی بە تێڕامان و لێوردبوونەوەی زۆرە؛ بۆئەوەی خوێنەر بتوانێت گشت ئەو گۆشە نیگا و تێڕوانینە جیاوازانەی لە بارەی شیعرییەتەوە هەن كۆیان بكاتەوە و لە هزری خۆیدا تەتەڵەیان بكات و بگاتە ئەنجامێك، ئەمەش كاتێكی زۆری دەوێت؛ بۆیە ئێمە بێ لایەنانە پوختەی زۆرینەی ئەو تیۆر و بۆچوونانەمان لەم بارەیەوە خستوونەتەڕوو.

(دڵدار)ی شاعیر، دەقە شیعرییەكانی لەسەر چەند بنەمایەكی داڕیكراوی شعریەت هەڵچنیوون؛ بۆیە چێژ و ئەدگاری ئەدەبی و شێوازێكی شیعری تایبەت بە خۆیان وەرگرتووە؛ لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ شرۆڤەكردنی ئەم لایەنەی شیعرەكانی شاعیر تەرخان كردووە و بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا دەقە شیعرییەكانی(گوڵی سوور، خەندەكەی بایی، نائومێدی)مان وەرگرتووە، لەبەر سنوربەندی مەودا و لە پێناو بە زانستی بوونی زیاتری كارەكەمان.

توێژینەوەكەمان دابەش كردووتە سەر دووبەش: لە بەشی یەكەمدا، كە دابەشكراوەتە سەر دوو تەوەر، لە تەوەری یەكەمدا: چەمكی شیعرییەت خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا: پەیوەندی شیعرییەت بە زمانی شیعری ڕوون كراوەتەوە.

توێژینەوەكە لە چوارچێوەی ئەو دەقانەی بنەماكانی شیعرییەتی تێدا دەست نیشان كردوون، گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك، دواتریش ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە خراونەتەڕوو لەگەڵ پوختەی توێژینەوەكە بە دوو زمانی ناكوردی.

**بەشی یەكەم : شیعریەت و زمانی شیعری**

**تەوەری یەكەم: چەمكی شیعرییەت**

چەمكی شیعرییەت، یەكێكە لەو چەمكە ڕەخنەیی و ئەدەبیانەی، كە فراوان و فرە ڕەهەندە و تا ئێستا نەتوانراوە بە تاكە واتایەكی گشتگیر و دیاریكراو لێكدانەوەی بۆ بكرێت ؛ بۆیە دەست نیشان كردنی واتاو چوارچێوە بەندكردنی كارێكی تا ڕادەیەك ئاڵۆز و دژوارە هۆكاری ئەمەش لەوەوە



هەواڵنامەی كتێب

سەرچاوەی گرتووە، کە شیعرییەت چەمکێکی کۆن و نوێیە؛ بۆیە لەگەڵ گۆڕانی قۆناغی ئەدەبی و هاتنتەکایەوەی ڕێبازە ئەدەبی و ڕەخنەییە جۆراو جۆرەکان خودی زاراوەکە کەوتوتە بەر نووکی نەشتەری هزرڤان و تیور ناسان؛ هەربۆیە چەندین واتای هەمەچەشنی ئاخێنراوەتە نێو، لەلایەکی تریش شیعریەت پەیوەستە بە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی بونیادی دەق؛ بۆیە هەم لەگەڵ گۆڕانی بونیادی دەق ، هەمدیس بەستنەوە و تیشک خستنە سەری لەسەر بنەمای هەربونیادێک واتاو دەلالەتی جیاواز هەڵدەگرێت؛ بۆیە ڕەخنەگر و هزرڤان و زمانەوانەکان و هاودید و هاوهزر نەبوون لەسەر تاکە زاراوەیەک و واتایەکی یەکگرتوو بۆ ئەم چەمکە .

شیعرییەت وەک زاراوە لە زمانی ئینگلیزیدا (poetics) بۆ بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەکانی ((الشیعریه ، الانشائیه ، فن النظم ، فن الشیعر ، نظریه الشیعر ، بوتیقا ، بوتیک)) [حسن ناظم ، مفاهیم الشعریه، ص ١٨ ] بۆ بەکارهاتووە ، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیشدا زاراوەی (شیعرییەت ) بۆتە زاراوەیەکی جێگیر و پانتاییەکی تەواوی لە نێو توێژینەوەکانی ئەم بوارە بەبەر خۆیدا بڕیوە، سەرەڕای بوونی زاراوەی (شیعرایەتی) [د. محمد بەکر، پەخشانە شیعر، ل ٣٩ ، لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆک...ئیبراهیم قادر محمد، ل ٢١٣] لای هەندێ توێژەر.

فەرهەنگە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکان خودی زاراوەی شیعرییەتیان بەم جۆرە تەتەڵە کردووە.

ڕەگ و ڕیشەی شیعرییەت لە زمانی عەرەبیدا بۆ وشەی( الشعر ) دەگەڕێتەوەو لەوەوە وەرگیراوە، واتای ئەم وشەیە لە فەرهەنگە کۆنەکان لێک دراوەتەوە و دیاریکراوە بەڵام کاتێک وەک چەمکێکی نوێ شیعرییەت دەخوێنینەوە دەبینین مەودایەکی دوور لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا هەیە، چونکە شیعرییەت واتە ((یاساکانی گوتاری ئەدەبی )) بە جۆرێک شیعریش بەشێکە لە گوتاری ئەدەبی ، کە خاوەن یاسا و ڕێسای دیاریکراوە وئەم چەمکە لە پێکهاتەی خۆیدا گۆڕاوە، لەوانەیە هەندێک جار جۆرێک لە جێگیری تێدا بێتە کایەوە بەڵام ئەم جێگیریە تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەشێ و دواتر دەگۆڕێت.

شیعرییەت وەک زاراوەیەک لە فەرهەنگەکان بەو واتایانە دێت:

– زاراوەی شاعیرانە وا لێکدەدرێتەوە، کە پرسیارێکە لەو یاسا و ڕێسایانەی، کە لە کارێکی هونەری یان زارەکیدا خۆی مەڵاس دەدات و زۆرجار واتای زیادەی پێوانەیی و وەسفی لە خۆدەگرێت.
[mediatheory/ poetics/keywords]

- _ گوزارشت لە زانست و هۆشیاری و پەی پێبردن .
- _ هەموو شیعرییەتێک جیهان و یاسای دیاریکراوی هەیە، کە لەسەری بونیاد دەنرێت.
- _ زاراوەی شیعرییەت جۆرێک لە جێگیری کاتی هەڵدەگرێت. [أوبیره هدی، مصطلح الشعریه،ص ١٥]

فەرهەنگە ئەدەبی و ڕەخنەییە نوێیەکانی زمانی عەرەبی شیعرییەتیان بەم شێوە لێکداوەتەوە.

((سیفەتێکە بۆ هەموو ئەو بارە گشتییانەی ، کە پێی جیا دەکرێتەوە بۆ شیعر...لەخەیاڵ و سۆزو دەربڕینی ڕەوان...))[مجدی وهبه و کامل المهندس، معجم المصطلحات، ص ٢٠٨]

چەمکی شیعرییەت لای (د. سعید علوش) لە ژێر ناوی (الشاعریه) بەم شێوە واتاکەی لێکدراوەتەوە:

١-الشاعریه: زاراوەیەکە (تودوروف) بەکاریهێناوە وەک لێکچوو – هاوواتە بۆ ((زانست / تیۆری ئەدەب ))

٢-الشـــاعريه: بابەت، دۆزینەوەی خاوەنداری تاکیەتی دەگرێتە ئەســـتۆ ، کە تاکیەتی بە کردەوەی ئەدەبی دەبەخشێ یان ئەدەبیەت لای (مشیونیک) .

٣-بەلام (ج ، کۆهین) بە دیاریکردنی واتە کۆنەکە براندوییەتیەوە، کە (الشـــاعریه) وەک زانســـتێک بابەتێکی شیعرە

٤-الشاعريه : وەک تیۆریکی گشتیش، بۆ کارە ئەدەبییەکان پێناسەدەکرێت . [د. سعيد علوش، معجم مصطلحات الأدبيه، ص ١٢٧]

**(جبور عبدالنور)** لە ســنووری وشـــەی شـــیعر باس لە شـــیعرییەت کردووە بەوەی، کە بەهرەی شیعرییەت مولکێکی خودییە ، ڕەگ و ڕیشەی لەناو کەسایەتی گەشەدەکات، ئەقلیەن و سۆزدارییەن جیایدەکاتەوە، ئەمەش بە تێگەیشتن لە جیهانی بینراو و نەبینراو لێکدانەوەی نهێنییەکان پێک دێت ، گوزارشـتە لە واقیع بوون ، ئەمەش هەر بە کاریگەری و گەیاندنی ئاماژە هزری و هەلچوونەکان بە ناوەوەو دەرەوە بەس نابێت، بەلکو بۆ کەسـانی تر دەگوازرێتەوە بە گوزارشـتی بریقەدار بە هزرو خانەکان هەموو ئەوانەی پێیان دەگات. [جبور عبدالنور ، ص١٤٩]

واتا: شیعرییەت پەیوەستە بە خودی ئەو کەسەی بەرهەمی دێنێت.

هەموو ئەو ڕەخنەگر و زمانەوان و توێژەرانەی باسـیان لە شـیعرییەت کردووە ، لە سـۆنگەی ئەو باکگراوندە ڕۆشـــنبیری و هزرییەی هەیانە چەمکەکەیان ڕوون کردۆتەوە جۆرێک لەو بەهـا و واتایانەیان پێداوە.

(ئەرستۆ) یەکەم کەسـە لە ڕەخنەی کۆندا، کە باسـی چەمکی شیعرییەتی کردووە و لە (داهێنان) دا چڕی کردۆتەوە ،ئەو پێیوایە : ئەو زمانەی شـاعیر و نوسـەران بۆ چنینی دەقەکانیان بەکاریدەهێنن دەبێت خاوەن کۆمەلێک سـیما و ئەدگاری تایبەتی بێت و جیا بێت لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، هەر لە ئەنجامی ئەمەشدا شیعرییەت بەرهەم دێت و زمانەکە زمانێکە ناوازە و داهێنراو دەبێت. [ئەرستۆ ، ل ١٥].

ئەم چەمکە دواتر لە ڕەخنەی نوێی ئەوروپی گۆڕانکاری ڕیشـــەیی بەســـەر داهاتووە و زۆربەی تیۆرســـتان لە چوارچێوەی تیۆرێکی تایبەت و دیاریکراودا واتا و نرخ و ئەرک و ســـنورێکی بەبەر شیعرییەتدا بڕیوە.

**(جان کۆهین)** شیعرییەتی وابەستەی زانستی شێوازی شیعری دەکات ، چونکە پێیوایە، شاعیر بەو شـــێوەیە نادوێت، کە خەلکی پێی دەدوێن، بەلکو زمانەکەی ناوازەیە، ئەو ناوازەییە شـــێوازێک بەدەســت دێنێت؛ بۆیە شـیعرییەت زانسـتی شـێوازی شـیعرییە [جان کۆهین، ص ١٥]، ئەو بنەما و لایەنانەی لە شێوازی شیعریشدا جەختیان لەسەر دەکاتەوە بریتین لە لادان بە پلەی یەک و وێنە و خواستن.

ئەگەر( ئەرســـتۆ)ئاماژەی بە وە کردبێت، کە زمانی نووســـینی ئەدەب دەبێت جیاوازبێت لە زمانی ڕۆژانە و لەم ســـۆنگەیەوە (تیۆری داهێنان)ەکەی خســـتبێتەڕوو، ئەوا (جان کۆهین)شـــعرییەتی لە چوارچێوەی زمانی شـــعری چڕکردۆتەوە و لە چەند بنەماییەکیش داکورتی کردوونەتەوە، هەر ئەو تیهزرینەش بۆ مەسەلەی شعرییەت وای لێکردووە بڕیاری ئەوە بدات و بلێ :((شعرییەت زانستە و بابەتەکەی شیعرە)). [جان کۆهین، ص ٩].

**(رۆمان یاکۆبســــن)** وەک زمانەوانێک شــعرییەت زیاتر بەرەو بازنەی زمانەوانی دەخزێنێت دەڵێت ؛دەتوانیت شــعرییەت بە بە شــێک دابنێت، کە لە زمانەوانی جیانابێتەوە پێی وایە، کە ((بواری شــعرییەت بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە بە جۆرێک ووشــەکان لە واتای فەرهەنگی خۆیان دەردە هێندرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵ بینین و بە ئەرکی بەها هونەری و ئیســـتاتیکیەکی خۆیان هە ســـتن لە کرداری شعرییەت دا))[رۆمان یاکۆبسن.ص٢٤].

واتا: هەر کاتێک وشــە و دەربڕین بوونە خاوەن ئیستاتیکا و جوانی شــیعرییەت دەخولقێنن، چونکە (یاکۆبسن) دەڵێت: ((شیعرییەت پێش هەموو شتێک وەڵامی ئەو پرسیارەیە: ئەو شتە چییە، کەوا لە پەیامێکی گوتراو دەکات کاریگەری هونەری هەبێت؟)).[رۆمان یاکۆبســـن، ص٢٤]. شــیعریەتیش وابەســـتەی هیچ ژانرێکی ئەدەبی ناکات، چونکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەموو گوتارێکی ئەدەبی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە و ئەو مەزراندنەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت.

**(تزڤیتـان تۆدۆرۆف)** لە ڕوونکردنەوە و تیهێزرینی لە چەمکی شـــیعرییەت لەگەڵ (یـاکۆبســـن )تاڕادەیەک هاوبیر و نزیک دیدە، چونکە شـــیعرییەت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەژمار دەکات، کە بەرهەمی ئەدەبی دەکەنە بەرهەمێکی ئەدەبی ئیســتاتیکی ئامێز، نایابی و تاکیەتی پێی دەبەخشـێت و ((ئەو تایبەتمەندیانە جۆری ئەدەبی دێننە کایەوە )). [تزفيطان طودوروف، في الشعريه، ص٢٧].

(تۆدۆرۆف)شــیعریەت بە شــیعر و پەخشــان دەبەســتێتەوە، چونکە بە بۆ چوونی ئەو شــیعرییەت کەڵکی هەیە و هەموو ئەو زانستانەی پەیوەستن بە ئەدەب بەرهەم دێنێت. مادام زمان بە شـێکە لە ئەدەب، چونکە بواری شـــعرییەت زمـانی هونەری ئەدەبییە کەوا لە دەقی ئەدەبی دەکـات ببێتە ئەدەبێکی ئیستاتیکی ئامێز و لە گوتنی ئاسایی جیایدەکاتەوە[تزفيطان طودوروف: ص٢٨].

کەواتا: (تۆدۆرۆف) زمـان بە کەرەســـتەی بنچینەیی و بناغە دارێژەری شـــعرییەت دادەنێت و شــعرییەتیش بە ســـەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان دەبەســتێتەوە نەک تەنیا شــیعر، بەڵام خاوەنی دەق ڕۆلی ســـەرەکی و ئەکتیڤ دەبینێت لە ئەفراندن لە نێو زمانی دەق و ئەمەش بەندە بە چۆنایەتی توانستی مەزراندنی ئەدگارە ئەدەبییەکان لە ناو گوتارەکەیدا.

ئەگەر چی لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبیدا ڕەگ و ڕیشـــەی بنەما و هەندێک لایەنی شـــعرییەت باس کراوە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ بەڵام لە ڕەخنە ی هاوچەرخی عەرەبیدا، پانتایەکی فراوانتری بەبەر خۆییدا بریوە، بە تایبەتی لە ســاڵانی شــتەکانی ســەدەی ڕابردوو زمانەوان ورەخنەگر و تیۆرســتان چ بە وەرگێڕان و چ لە ژێر کاریگەری تیۆرە ئەوروپییەکان خاوەن دیدگا و هزر و ســـۆنگەی ڕەخنەیی تایبەت بە خۆیانن دیارترینیشیان:

**(د.عزالدین اســماعیل)** لە کتێبە ڕەخنەییەکاندا چەمکی شــعرییەت پەیوەســت دەکات بە(( هەموو ئەو گۆڕان و نوێگەری و داهێنانەی نووســەر و شــاعیران لە ناوەوە و دەرەوەی دەق ئەنجامی دەدەن. بەبێ ژانری جیاواز، چونکە پێی وایە، کە بونیادی دەقی ئەدەبی بونیادێکی تەواو یان بەشـــی بەیەکەوە لـکـێـنـراون، کە لە شـــێـوە و نـاوەرۆک کـۆکـراونەتەوە و نـاتـوانـرێـت لـێـک جیابکرێتەوە))[د.بشیرتاوریریت، الحقیقه الشعریه، ص٣٣٦].

تێڕوانینی ئەم ڕەخنەگرە کاریگەری بۆچوونەکانی پێشـــووتری پێوە دیارە، کە شـــعرییەت بەبێ جیاوازی لە هەموو ژانرێکدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی گرینگە و ئـامـاژەی پێدراوە ئەوەیە، کە شعرییەت شتێکی چەسپاو و جێگیر نیە بەڵکو دەگۆڕێت و نوێ دەبێتەوە.

**(د.کمال ابو دیب)** باوەڕی وایە ((شـــعرییەت تایبەتمەندیەکی دەقییە، نەک میتافیزیکی)) [د.کمال ابو دیب، في الشعریە، ص١٨]. واتا: لە دەقدا بەرجەستە دەبێت چەمکەکەشی لە بوونی ((سەرسامی، لەناکاوی (فجوه التوتر)لە دقدا قۆرخ کردووە و دەڵێت:((شـــعرییەت تایبەتمەندییەکی بە یەکەوە بەستراوە، بەجۆرێک تۆرێک لە پەیوەندییەکان بە بەردەقدا دەکات، کە گەشـە دەکات لە نێو پێکهاتە سەرەتاییەکان، هەموو ئەدگارە بنەڕەتییەکان دەکرێت لە سیاقێکی تردا بێن بێ ئەوەی شعیر بێت، لە هەر ســـیاقێکدا، کە ئەو پەیوەندییانەی تێدا بنیاد بنرێت هەروەها لەو جووڵە بەیەکداچووەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا، کە خودی شەقڵە بنەڕەتیەکەیە و دەیگۆڕێت بۆ کردەی داهێنان، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی شیعرییەت))[ د.کمال ابو دیب، س.پ.ص٣٥].واتا: شعرییەت لە ئەنجامی چنین و تۆری بەیەکداچوونی ســـەرجەم پێکهاتەکانی دەق بەرهەم دێت، ڕەخنەگر لەم تێڕوانینەشـــیدا بەدەرنەبوو لە گاریکەربوونی بە (یاکۆبســـن و جان کۆهین)، چونکە پێی وایە، کە زمان و لادان بنەمای (ســـەرســـامی)دێنێتەوە کایەوە و دەڵێت:((بەکارهێنانی وشـــەکان بە هەمان بارودۆخە چەقبەســـتووەکەی ناو فەرهەنگ شـــعرییەت بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو شـــیعرییەت بەدەرچوونی وشەکان لە سروشتە باوەکەیان بەرەوسروشتێکی نوێ، شیعرییەت بەرهەم دێت)).[د.کمال أبو دیب، س.پ.ص١١]. ئەوەی گرنگ و شـــایانی ئاماژەپێکردنە ئەم ڕەخنەگرە بە شـــێوەیەکی ڕەها بڕیاری ئەوەی نەداوە، کە شـــیعرییەت تەنیا لە چوارچێوەی زماندا کورتکاتەوە بەڵکو ســـنوری تێپەڕاندووە بەرەو(( هەڵوێستی هزری و بنەمای هەستی و وێنەیی پەیوەست بە زمان و ئەزموون و بونیادە ئایدۆلۆژییەکان و تێڕوانینی جیهان))[ د.کمال ابو دیب، س.پ.ص٢٥]. بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەگرێتەوە، واتا: چەمکی شـــعرییەتی لەو چوارچێوە بەر تەســـکە دەر هێنا، کە تەنیا بە زمانیان پەیوەست دەکرد نەک فۆرم بەڵکو ناوەڕۆک و دیوی ناوەوەی دەقیش دەگرێتەوە.

ئێمە بە تیهزرین ولێ ووردبوونەوە لە کۆی ئەم بیروبۆچوون و تێڕوانینانەی خســـتماننەڕوو دەتوانین بڵێین چەمکی شیعرییەت:

١-شعرییەت چەمکێکی نوێیە .

٢-تایبەت و پە یوەست نییە بە ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو.

٣-پلە و ڕێژەکەی دەکەوێتە سەر توانای داهێنانی خودی نووسەر.

٤-ئەگەر چی زمان کەرەستەی نووسین و بەرهەم هێنانی دەقە ، بەڵام ناتوانرێت شیعرییەت تەنیا بئاخنرێتە نێو چوارچێوەی زمانی دەق و دابڕێنرێت لە بونیادەکانی تری وەک ناوەڕۆک و هزر و....هتد.

(أوبیرە هدی) لە نامەی ماستەرەکەی دا زۆر ژیرانە ئەوەی سەلماندووە، کە ((شـیعریەت مێژووی شیعر و شاعیران نییە ...

هونەری شـیعر نییە..............شـیعر نییە و تیۆری شـیعری نییە، بەڵکو شـیعرییەت لە خودی خۆیدا بریتییە لەوەی، کە شـیعر دەکاتە شـیعر ، شـوێنی لەناو شـیعر دەکاتەوە، سـیفەتی شـیعر، تەنانەت کرۆکی ڕەهای شیعرە)). [أوبیرە هدی، مصطلح الشعریە ص ١٦].

**تەوەری دووەم : پەیوەندی شیعرییەت بە زمانی شیعرییەوە:-**

خودی بنەچەی زاراوەی شـیعرییەت لە (شـیعرە) وە وەرگیراوە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەو جیاوازی و خەســـڵەت و تایبەتمەندییانە دەگەڕێتەوە، کە زمانی شـــیعری خاوەنییەتی، چونکە هەروەک لە

تەوەری پێشووتریش ئاماژەمان پێکرد، شیعرییەت هەر لە نێو دەقی ئەدەبیدا بوونی نییە ((دەشێ لە قسەیەکی ئاسایی ڕۆژانەشدا شیعرییەت بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەرێک ڕستەکانی ، ئیحا و خوازە و دەربڕینی جوانن ، وەرگر هەســـت بە تام و چێژێکی تایبەتی دەکات)).[هێمن عمر خۆشناو : ل ٤٣].

واتا: خاوەن گوتار شـــیعرییەت بەرهەم دێنێت لە ڕێگەی ئەو شـــێواز و داهێنانەی لە کەرەســـتە زمانییەکاندا ئەنجامی دەدات، چونکە ((شـوێنی بەکارهێنانی وشـەکە و چۆنیەتی دامەزراندنی نرخی وشـەکە دیار ئەکات و ئەیکا بە وشـەیەکی شیعری، نەک شیعریەتەکە خاسە ویژەیەکی سـەربەخۆ بێت و لە خودی وشـــەکەوە بێت )).[عەزیز گەردی، ئەدەب و رەخنە، ل ٦٢]؛ بۆیە توانســـتی و لێهاتوویی خاوەن دەق لە دارشـــتن و چنینی دەقەکەیدا زۆر گرنگە، چونکە ئەم ڕاســـتیە حاشـــا هەڵنەگرە، کە هەموو شـــاعیر و نوســـەرێک جۆرە دەربڕین و شـێواز و گوزارشـت کردنی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش بۆ هەموو دەق و ژانرێکی ئەدەبی ڕاســـتە بە بێ جیاوازی بەڵام مەرج نیە نوسـەر و شـاعیریش لەسـەریەک جۆرە نوسـین بەردەوام بیت چونکە((هیچ نوسـەرێک لە جیهاندا ناتوانێت بە یەک زەین و بەیەک شـــێوەی دەربڕین و بە یەک سـیســـتەمی واتا و بیرکردنەوە لە دەقەکانیدا مامەڵەبکات)).[نەجات حەمید ئەحمەد، تیۆری بنیاتی شاراوە، ل١٢].

ئەوەی شـیعر لە دەربڕینی ئاســایی و ژانرەکانی تر جیادەکاتەوە ئەو داهێنان و ڕێکەوتنەیە، کە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی دەنگ و وشـــە و واتادا دروســـت دەبێت بەمەش بنەما شـــیعرییەتەکان بەرهەم دێن؛ بۆیە ((زمانی شـیعری دوو ئەرکی سـەرەکی دەبینێت : سـیمۆلۆژی و ئیسـتاتیکی ، یەکەمیان بەوەی، کە یەکە زمانییەکان واتای فەرهەنگی خۆیان ناگەیەنن بەڵکو ، ئاماژە بە واتایەکی تردەکەن، دووەمیشیان ئەو جوانییەی لە شێوەی گوزارشتکردنەکەدا، لە هەموو ئاستەکاندا ، مۆسیقا ، وێنەی شـــیعری ، ڕەوانبێژی .................... بەرهەمی دێنێت)).[جەبار ئەحمەد، ئیســـتاتیکای دەقی شیعری کوردی، ل ٥٨].

پلەی شیعرییەت و بنەماکانی بە پێی بۆچوونی زۆربەی تیۆرستانی ئەم بوارە ڕێژەکەی لە شیعردا ئاســـتی بەرزتری تۆمارکردووە ،(جان کۆهین)یش هەر لەســـەر ئەو بنەمایە جیاوازی لە پلەی شیعرییەت لە نێوان شیعر و پەخشان و پەخشانە شیعردا کردووە، چونکە ئەو پێی وایە، کە پلەی شیعرییەت لە شیعردا لە ئاستێکی باڵاتردایە بە بەراورد بە پەخشان و پەخشانە شیعر.

هەر ئەمەش وای لە (نازک الملائکە) کردووە، بڕیاری ئەوە بدات و بڵێت:(( زمانی شـیعری بەرگی ئیحائی و نوێیەتی ناپۆشـێ تەنها لە سـەر دەسـتی شـاعیر نەبێت، لەناو ئەو فەرهەنگە فراوانانە وشـــەکان دەهێنێت و لەبەرگێکی دەربڕینی نوێ لێوان لێو لە ئیحا و هێماکان دەیان دووریێت، بەم جۆرە شاعیر گەشە بە زمان دەدات زیاتر لە زمانەوان و ڕێزمان سازێک، چونکە گۆڕانێکی کرۆکی لە فەرهەنگە وشـە بەکارهاتووەکانی ئەدەبی سـەردەمەکەیدا دەکات)).[د. بەشـیر تاوریریت: الحقیقە الشـعریە،ص:٣٥٧] لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پیتۆلی شـاعیر لەو توانسـتە دەنوێنرێت، کە بەردەوام بە زمانێکی پڕ لە داهێنان و پەیوەندی نوێ لە نێوان وشـەکان دروسـت بکات، کە ئەمەش ســـەرچاوەی لە دایک بوونی شـــیعرییەتە لەناو ئەو دەق و خاوەنی دەقیش ((لە ڕێگای زمانە شـــیعریەکەیەوە دەنگی تایبەتی خۆی پەیدادەکات و جیهانە شـــیعرە تایبەتیەکەی دروســـت دەکات)).[پەرێز سابیر،رەخنەی ئەدەبی کوردی ومەسەلە کانی نوێکردنەوەی شیعر، ل ٢٨٦].

باســـكردنی پەیوەندی شـــیعرییەت و زمانی شـــیعر بابەتێكی فراوان و بەربڵاوە، بەڵام ئێمە لەبەر سنووربەندی توێژینەوەكەمان بە كورتی و پوختی لێیدواوین.

**بەشی دووەم: بنەماكانی شیعرییەت لە شیعرەكانی دڵداردا**

ئەو دەقە شـــیعرییانەی (دڵدار)ی شـــاعیر ئێمە لە ســـنووری ئەم توێژینەوەماندا هەڵمانبژاردوون، بنەماكانی شیعرییەتیان تێدا بەرجەستەكراوە و سەرجەم پێكهاتە و بونیادەكانی دەقە شیعرییەكانیش بەشدارییان لە هاتنەكایەوەی شیعرییەتەكەدا كردووە. وەنەبێ ئێمە یەكەم كەس بین، چونكە توێژەر و ڕەخنگرانی كورد بە شـــێوەیەک ســـەرپێی و بە كورتی ئاماژەیان بە هەندێک لەو بنەمایانە كردووە؛ بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە بە شـــێوەیەكی وردتر و لەســـەر ئاســـت و لایەنی هەمەچەشـــن ئەمە ڕوون بكەینەوە، ئەوانیش:

**یەكەم: شیعرییەتی دەنگ و ئاواز(مۆسیقا)**

دەنگ كەرەستەی بنچینەیی پێكهاتی زمانە، لە شیعریشدا ڕۆڵی هەرە سەرەكی دەبینێت لە بونیادنانی ترپە و ئاوازی شـــیعر، ئاوازیش((وەک ڕەگەزێكی دیار و ئاشـــكرای دیوی دەرەوەی هەڵبەســـت ڕەنگدانەوەی ئەو سۆزە هەڵچووەیە، كە تاقی كردنەوەكانی شاعیر بەرپای دەكەن و لە هەڵبەستی ڕەســـەندا لە گەڵ ســـەرجەمی ڕەگەزەكانی تردا ئاوێتە دەبێت وەک چۆن ئەوان كار لە چۆنیەتی و ڕادەی بەرپابوونەكەی دەكەن، هەر بەو جۆرە ئەمەش كـار لەوان دەكـات و دەبێتە بنەمـایەكی كاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەكە)).[دكتۆردلشـــادعەلی، بنیاتی هەڵبەســـت لە هۆنراوەی كوردی دا، ل٨٦]. ڕەگەزە بنەڕەتی و ســەرەكییەكانی پێكهاتەی ئاواز لەم سێ دەقە شیعرەی(دڵدار) بریتین لە:

**١ــ كێش:** ڕەگەزێكی سەرەكی ئاوازی دەرەوەی شیعرە و ((بریتییە لەسەرجەمی ئەو پێیانەی دێرە هەڵبەســتێک دروســت دەكەن، كە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێدەڵێن)).[عبدالرزاق بیمار، كێش و مۆسـیقای...، ل١٠]. (دڵدار)ی شـاعیر پەیوەست نەبووە، بە شـێواز و جۆرە كێشـێک ((سـەرەتا لەسـەر پێ ودانی شـیعری كلاسـیكی و كێشـی عەرووز شـیعری چنیووە)).[كاكەی فەلاح، كاروانی شیعری نوێی.....، ل ١٠٢]؛ بۆیە لە بەشێک لە شیعرەكانی ئەم جۆرە كێشـەی پەیڕەوكردووە((دواتریش وردە وردە كەوتە گۆڕینی كێشـی عەرووز و كەرەسـتەی شـیعری كلاسـیكی، بەرەوە مەڵبەندی ڕۆمـانســـی و خۆ تـاقیكردنەوەی چەنـد كێشـــێكی خۆمـاڵی ملی ڕێگـای شـــیعر و داهێنـانی گرتەبەر)).[س.پ.ل١٠٨] ؛ بۆیە دەكرێت هەندێک لە شـــیعرەكانیش بە پێی یاســـا و دەســـتوری هەردووک جۆرە كێش دیاری بكرێن. شـــاعیر لە شـــیعری(نائومێدی) دا، كە لە(٧) دێرە شـــیعر پێكهاتووە كێشی عەرووزی عەرەبی پەیڕەو كردووە، هەروەک دەڵێت:

**زەدەی تیری نیگاهی فیتنە پەردازی نیگارێكم**

زە/دەی/ تی/ری/ نی/گا/ هی/ فیت/ نە/ پەر/ دا/ زی/ نی/ گا/ ڕێ/ كم

U - - - / U - - - / U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن

**گیرۆدەی داوی زولفی مشكباری گوڵ عوزارێكم[دڵدار: ل٢١٠]**

گی/رۆ/دەی/دا/وی/زول/فی/ مو/شک/ با/ری/ گوڵ/عو/زا/ڕێ/كم

U - - - / U - - - / U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن/ مفاعیلن

کێشەکەی کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواوە.

شیعری(خەندەکە بایی) [دڵدار: ل١٩٦-١٩٧ ]، کە بە حەوتینە نوسراوە، دەتوانرێت بڵێین کێشەکەی عەرووزی عەرەبییە بەمەش کێشەکەی دەبێتە هەزەجی هەشتی تەواو لەگەڵ هەزەجی چواری تەواو.

**لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی**

لە/ئا/فا/قی/ ژ/یا/ نی/ نا/هو/مێ/دیم/ خەن/دە/کەی/ با/یی

U – – – / U – – – / U – – – / U – – –

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن/ مفاعیلن

**فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام واکە بیدوێنم**

ف/رش/ تەی/ پا/کی/ هی/وا/می/نی/شان/دام/وا/ کە/ بید/ وێ/نم

U – – – / U – – – / U – – – / U – – –

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن/ مفاعیلن

**دەسا دەی مەسدەری هەستی**

دە/سا/ دەی/ مەس/دە/ری/ هەس/تی

U – – – / U – – –

**مفاعیلن / مفاعیلن**

**دەخێرا لادەری پەستی**

دە/خێ/را/لا/دە/ری/ پەس/تی

U – – – / U – – –

مفاعیلن / مفاعیلن

دەکرێت کێشەکەشی کێشی پەنجەی خۆماڵی تێکەڵ بێت لە کێشی (١٦) برگەیی و کێشی (٨) برگەیی.

**لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی (١٦) برگە**

**فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام واکە بیدوێنم (١٦) برگە**

**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی (١٦) برگە**

**بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم (١٦) برگە**

**دەسا دەی مەسدەری هەستی (٨)برگە**

**دەخێرا لادەری پەستی (٨) برگە**

**وەرە تامن بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بروێنم (١٦) برگە**

شیعری (گوڵی سوور) [دڵدار: ل١٩٥] بە قاڵبی پێنجین دانراوە؛ بۆیە ئەویش وەک شیعری (خەندەکەی بایی) کێشەکەی دەکرێت کێشی عەرووزی عەرەبی بێت، دێرە درێژەکان لەسەر کێشی هەزەجی هەشت هەنگاوی تەواون، دێرە کورتەکانیش لەسەر کێشی هەزەجی چوار هەنگاوین، دەکرێت کێشی پەنجەی خۆماڵی تێکەڵیش بێت، دێرە درێژەکان(١٦) برگەو دێرە کورتەکانیش(٨) برگەن.

**گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین (١٦)برگە**

گو/ڵی/سوور/ئەی/ک/چی/ نەو/رۆز/ ئە/رێ/کام/دەس/لە/با/غی/ ژین

U - - - / U - - - / U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن

**لە بۆ یەک دەفعە بۆن کردن، بە ناکامی ئەتۆی هێنا**

لە/بۆ/یەک/دەف/عە/بۆن/کر/دن/بە/نا/کا/می/ئە/تۆی/هێ/نا

U - - - / U - - - / U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن

**ئەوێستاکەش بە ژاکاوی**

ئە/وێس/تا/کەش/ بە/ژا/کا/وی

U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن

**وهـا بێ قەدر و تۆزاوی**

و/ها/بێ/ قەد/رو/تۆ/زا/وی

U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن

**لەسەر رێگـا فرێی داوی**

لە/سەر/ رێ/گا/ ف/رێی/دا/وی

U - - - / U - - -

مفاعیلن / مفاعیلن

٢ـ**سـەروا:** ڕەگەزی دووەم و سەرەکی پێکهێنانی ئاوازی دەرەوەیە((بریتیە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێ جار بە برگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتای وشە سەروا دارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یا دێرە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێن)).[عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٧]. شیعرەکانی(دڵدار) سەرواداران و لەم لایەنەوە((کەم و کورتی نییە و بەڵکو ئەتوانم بڵێم، کە قافیەکانی زۆر جوان و شاعیرانەیە)) [رەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی....ل١٣].

لە شیعری(نائومێدی)دا[دڵدار،ل٢١٠]. شاعیر یەکێتی سەروای پەیرەوکردووە، وشەی کۆتایی هەر حەوت دێرە شیعرەکە لە(٥) دەنگدا هاوبەشن و وشەکانی سەروا بریتیین لە:(نیگارێکم، عوزارێکم،فگارێکم،کنارێکم، رۆژگارێکم، یارێکم، بارێکم،بارێکم).

شیعری(خەندەکەی بایی) خاوەن شێوازێکی سەروای جیاوازترە.

**ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی** A

**فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام واکە بیدوێنم** B

**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی**A

**بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم** B

**دەسا دەی مەسدەری هەستی** C

**دەخێرا لادەری پەستی          C**
**وەرە تامن بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم B**[دڵدار،ل١٩٦].
وشـــەکـانی ســـەروا بریتیین لە(بـایی، ئەســـپـایی)(٠بیـدوێنم، پرخوێنم، بڕوێنم)،( هەســـتی، پەستی).بەندەکانی تریش هەمان شێوە سەروایان هەیە، بە جۆرێک لەتە درێژەکان خاوەن سەروای بەنۆرەن و لەتە کورتەکانیش سەروایان وەک یەکە، بەڵام هاوسەروا نین لە هەموو بەندەکان بەڵکو، هەر بەندە و سەروای تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازە لەگەڵ بەندەکانی دوای خۆی.
شیعری(گوڵی سوور)یش سەرواکەی بەم شێوەیە:

**گووڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژینA**
**لە بۆ یەک دەفعە بۆن کردن، بە ناکامی ئەتۆی هێنا B**
**ئەویستاکەش بە ژاکاویC**
**وها بێ قەدر و تۆزاویC**
**لەسەر ڕێگا فرێی داویC**
**لە جەوری زوڵمی ئەو دەستە پەری زادەی بەیان لەرزینA**
**لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەرد و سوور گریاB**
**منیش ئەی گوڵ دڵێکم بووD**
**دڵێکی پر لە ئارەزوو          D**
**بە سۆزی ئاوی حەز تینووD**          [دڵدار،ل١٩٥].

بەندی کۆتاییش لەسەر هەمان سیستەمی سەروایی ڕۆیشتووە، وشە سەرواکان وەک دیارە(ژین و لەرزین) لە دوو دەنگدا هـاوبەشـــن، وشـــەکـانی (هێنـا، گریـا) لە یەک دەنگدا هـاوبەشـــن و وشـــەکانی(ژاکاوی، تۆزاوی، داوی) لە ســێ دەنگدا هاوبەشـــن و وشـــەکانی(بوو، ئارەزوو، تینوو) هاوسەروان و لە یەک دەنگدا هاوبەشن.
**٣ــپاش سـەروا:** بە هاوبەشـی لەگەڵ کێش و سـەروادا ئاوازی دەرەوە پێکدەهێنێت و ((بریتییە لە وشـەیەک، یاخود ڕسـتەیەک لە دوای هەموو دێرە شـیعرێکدا وەکو خۆی دووبارە ئەکرێتەوە، بە مەرجێک پێش ئەو قافیەی دووەمە دیســانەوە دێرە شـیعرەکان قافیەی تایبەتیان بێ)). [د.معروف خەزنەدار:کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل٥٩]. واتا: دەکەوێتە دوای سەروا.

**لە شوێنی پر لە هەستی بێ**
**کەرستەی خۆشەویستی بێ** [دڵدار، ل١٩٧].

(بێ) پاش سەروایە و بە هەمان واتا دووبارەبۆتەوە، (هەستی و خۆشەویستی) وشەی سەروان و لە دەنگەکانی(ستی)دا هاوبەشن.
**٤ــدووبارەکردنەوە:** شـــیعرییەتی دووبارەکردنەوە واتا: زیاتر لە جارێک هاتنی وشـــە و گرێ و دەســـتەواژە و....هتد((هێز و توانا بە شـــیعر دەدات و بۆ دامەزراندنی ووزەیەکی دەنگی هێمادار ئاراستەی دەکات، بە جۆرێک، کە لە خزمەتی شیعرەکەی‌دا بێت)) [محمد ولد عابدین، شعر المعاصر، ص:٥٧]، چونکە دووبارەکردنەوە ئەرکی هەیە((لە شـــیعردا دوو مەبەســـت دەپێکێت : یەکەم : چێژ بەخشین ، کە مەبەستێکی ئیستاتیکای ڕووتە، دووەمیش سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو وشە (یا

گوزارشت یان رسته ...) دووباره دەکرێتەوە، کە گرنگیەکی تایبەتی لەناو دەقە شیعریەکەدا هەیە))[جەبار ئەحمەد حوسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری، ل ١٣٨]
شاعیر لە چەند دێرە شیعرێکدا دووبارەکردنەوەی ئەنجام داوە،
واتا: وشەکان وەک خۆیان بە هەمان فۆرم دووبارە دەبنەوە، وەک:

**بە ڕۆژ ترسا و تاساوی زرەی کاسەی شەوی پێشوم**
**بە شەو سەرخۆش و مەستی جامی قەهری ڕۆژگارێکم**[دلدار،ل٢١٠].

وشەکانی( شەو و ڕۆژ) زیاتر لە جارێک دووبارە بوونەتەوە.

**لەبەرکە و زولفی زێرینت بەسەریا بێنە خوار چین چین**
**پەری تیم تیم، بە ڕاز و ناز، لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر**[دلدار،ل١٩٧].

وشەکانی( تیم تیم، چین چین)دووبارە بوونەتەوە.

٥_ـڕەگەزدۆزی: بەشداری لە دروستبوونی شیعرییەتی ئاوازی ناوەوەدا دەکات، ((کە دوو وشە یان پتر لە ڕواڵەتدا وەکە یەک بن یا بەیەک بچن، بەڵام لەهەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت، کە جودابێت لەواتای وشەکانی دیکە)).[عەزیز گەردی، جوانکاری، ل ٧٥]. ڕەگەزدۆزیچەند جۆرێکی هەیە. بۆ نموونە:

**ئەریٚ ئەی دەستی دڵسۆزم بە بیٚ سۆز من مەرەنجێنە**
**(سەبر) دەرمانی دڵ ناکا کە من پەیوەندی یارێکم**[دلدار،ل٢١٠].

وشەکانی(دڵسۆز و سۆز) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیادیان پێکهێناوە؛ چونکە وشەی یەکەم دوو دەنگی لە وشەی دووەم زیاترە.

**نیگاریٚ بوو، بە ناکامی بە گریاوی، بە ئێش و نێش**
**لە ژین ڕۆیی ئەوێستاکە هەوێنی داستانێکە**[دلدار،ل١٩٨].

وشەکانی(ئێش و نێش) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودایان پێکهێناوە و لە یەک دەنگدا جیاوازن.

٦_ـدژیەک: هونەرێکی ڕەوانبێژییە ئاوازی ناوەوەی شیعر چڕ و پاراوتر دەکات، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندییە واتاییە دژیەکەی لە نێوان وشەکاندا هەیە بریتییە((لە بەکارهێنانی دوو وشە یان زیاتر، کە لە ڕووی واتاوە پێچەوانە(دژ) ی یەکترن، نەک لە ڕووی دارشتنی زمانەوانی یەوە)).[د.محمد الهادى الطرابلسي، خصائص الأسلوب، ص ١٠٢].

**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی**
**بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم**[دلدار،ل١٩٦].

وشەکانی( تیشک و تاریک) دەبنە دژیەک.

**بە یادی ئەو دڵەی تینو**
**کە چۆن هات و وهاش دەرچوو**[دلدار،ل١٩٨].

وشەکانی(هاتن و چوون) دژیەکن.

**دووەم: شیعرییەتی لادان**

لادان بنەمایەکی هەرە سەرەکی هاتنەیایەی شیعرییەتە و لە زمانی دەقی ئەدەبی بە گشتی و - شیعر- بە تایبەتی ئەم لادانە ڕێگە پێدراوە، چونکە لادان لە ناو دەقدا (( ڕۆڵی بە نەمرکردنی دەق و چڕکردنەوەی دەربڕین و بەخشینی ئیحایەکی کاریگەر هەیە و بەجۆرێک بەرزبوونەوە ڕێژەکەی

بەرزبوونەوەی شیعرییەت و پێکهاتەکەی دەسەلمێنێ)) [شێرزاد عەبدوڵڵا قادر، لادان لە شیعری رەفیق سابیر دا، ل١٤]. ڕاستییەکی زانراویشە، کە ئاست و لایەن و ڕێژەی لادان لە زمانی شیعرییدا بە بەراورد بە ژانرە ئەدەبییەکانی تر بەرز و چڕترە، چونکە((بە بێ ئەم لادانە شیعر پەیدانابێت؛ لەبەر ئەوە لە قەڵەم دانی ئەم لادانە بە (هەڵە) واتە ڕەتکردنەوەی بوونی شیعر ))[جەبار ئەحمەد حوسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری، ل٥٦].

هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری جیاکردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و قسە پێکردنی گشتی.

ئەو لادانە زمانییانەی لە زمانی شیعری ئەم سێ دەقە شیعرییەدا ئەفرێندراون بریتیین لە:

**١-لادانی دەنگی:** ئەم جۆرە لادانەدا لە ئاستی دەنگ ئەنجام دەدرێت و ((شاعیر تێدەکۆشێ لە ڕێگای خۆڕزگارکردن لە کۆتوبەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانەوە، جۆرە دەنگێک لە واژەی شیعرەکەیدا بنوێنێ، کە لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەک نەگرێتەوە)). [ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا،ل١٢٠]؛ بۆیە دەستکاری هەندێک یاسای دەنگی لە پێکهاتەی وشەکاندا دەکات، بۆ نموونە:

**گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین**
**لە بۆ یەک دەفعە بۆن کردن، بەناکامی ئەتۆی هێنا**[دڵدار،ل١٩٥]

شاعیر لە وشەی(دەس) لادانێکی دەنگی کردووە و دەنگی(ت) ی کرتاندووە و لە بنەڕەتدا(دەست)ە.

**گەراوە سینەکەی تارم، ئەوێستاکەش ئەی گوڵی غەمگین**
**لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانی ئەم دڵە توخوا! [دڵدار،ل١٩٥]**

وشەی(تاریک) دەنگیکۆتایی کرتێنراوە و کراوەتە(تار)، (ئەوا ئێستاکە)ش کراوەتە(ئەوێستاکە) دوو دەنگ لە ناوەراستەکەی کرتێنراون.

**ئەبێ چۆن پشت بە دڵداریم ببەستم تاکو ئێستێکە**
**گەلێ دوورین لەیەکتر ئەو لە بارێ من لە بارێکم**[دڵدار،ل٢١٠]

وشەی(ئێستا) گۆراوە بۆ(ئێستە) و دەنگێکی دەستکاری کراوە.

**٢-لادانی وشەیی:** وشە کەرەستەیەکی گرنگی دەربڕینە بە تایبەتیش لە ئەدەب دا ((بەکارهێنانی وشەش بە پێی بەکارهێنەکانی، هەروەها بە پێی ئەو بوارەی، کە ئەو کەسە تێیدا بەکاردەهێنێت دەگۆڕێت، ئەو وشانەی لای شاعیر وەکو زەخیرەیەکی ئەدەبی هەیە لای کەسێکی ئاسایی نیە))[شەرمین ئیبراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ل ١١٧]، زۆربەی شاعیران هەندێک لادان لە ئاستی وشە ئەنجام دەدەن؛ بۆئەوەی زمانێکی شیعرییەت ئامێز بە دەقەکەیان ببەخشن،(دڵدار) ی شاعیریش ئەم جۆرە لادانە وشەییانەی ئەنجامداون:

**أ-وشەی بێگانە:** بەکارهێنانی وشەی زمانێکی جیاوازە لەو زمانەی دەقەکەی پێنوسراوە، شاعیر لە چەند دێرە شیعرێکدا وشەی بێگانەی عەرەبی و فارسی بەکارهێناوە و بوونەتە بنەمایەکی شیعرییەتی دەقەکان، بۆ نموونە:

**جوانی غونچەیێ بوو واکە پەنجەی رازی راکێشای**
**دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شاد و مەسرورە**[دڵدار،ل١٩٦]

وشەکانی(وەسڵ و مەسرور) وشەی عەرەبین.

**هەمووی نووری ژیانە فەیز و نووری ئاسمانی شین**

**هەموو چەپڵەی گوشادی لیێ ئەدەن هەرچی کە ئەی دینی**[دڵدار،ل ١٩٧٠]

وشـــەکانی(نوور، فەیز) عەرەبین و( گوشـــاد) فارســـیە، هەروەها لەم ســـێ دەقە شـــیعرییەدا وشـــەکانی(حاڵ، مەعبەد، قودرەت، باری، دین، کردگار،تەبجیل، ئیکلیل، نەوجەوان، ئابیدە، دەفعە، قەدر، رەحم، فیتنە،فگار،قەدەر،سەبر، جەوان) بەکارهێناون.

**ب–لادانی شێوەزاری:** لادانێکی وشەییە بەکارهێنانی((وشەی سەر بە زارێکی تری جیان، یاخود ئەو وشانەن، کە شاعیر لە ناوچەکەی خۆیدا بەکاردێن، بەڵام وشەی ناو زمانی فەرمی نین و شاعیر بۆ ســـازاندنی جوانکاری و بەخشـــینی شـــیعرییەتێکی چێژبەخش بە کاریان دەهێنێت)). [شـــێرزاد عەبدوڵڵا،س.پ،ل٦٩]. (دڵدار) لە زمانی شیعرەکەیدا((زۆرانبازی و چوونە مەیدانێک لە نێوان دیالێکتە بچووکەکانی شـــێوەی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا هەبوو، لە نوسـینەکانیا دەردەکەوێ، کە خەڵکی سلێمانی نییە ئەگەرچی زمانە ئەدەبییەکەی لەوێ وەرگرتووە، جەوهەری شێوە بچووکەکانی کوردی کۆیە و هەولێر و کەرکوک ئاشکران)) [د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی،ل٥٣٩].بۆ نموونە:

**لە پەلکی تازە پشکوتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین**

**کراسێکی شیی بێگەرد دروستکە شەنگ و دامەن شۆر**[دڵدار،ل١٩٧]

شاعیر وشەی(پەلک)ی بەکارهێناوە، کە لە شێوەزاری کۆیە و هەولێر بەکاردەهێنرێت.

**گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژن**

**لە بۆ یەک دەفعە بۆن کردن، بە ناکامی ئەتۆی هێنا**[دڵدار،ل١٩٥]

شاعیر(ئەتو)ی بەکارهێناوە، لە جیاتی وشەی تۆ، کە لە هەندێ شێوەزاری هەولێر بەکاردێت.

**ت–- لادانی رســـتەیی:** شـــیعرییەت دروســـت دەکات، چونکە((شـــاعیر بە لەبەرچاونەگرتنی یاســـا سینتاکسیەکانی زمانی ئۆتۆماتیک، هەوڵی بەرجەستەکردن و خۆدزینەوە لە یاسا سواوەکانی زمانی ئۆتۆماتیک دەدات، واتە هەوڵ دەدات، کە ڕیزکردنی کەرەســـتەکانی ڕســـتە وەکو بکەر، بەرکار، کار....هتد تێک بدات یاخود هەندێ بەشی ڕستە بکرتێنێت)).[عەبدولسەلام نەجمەددین شیکردنەوەی دەقی شـیعری، ل١٠٩]، ئەمەش جۆرێک لە ناکاوی و سـەرسـامی لای خوێنەر دروسـت دەکات، بۆ نموونە:

**وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەر پێت دابدەم ئەژنۆ...**

**لەبەرەوەی نا دلارامی لەبەرەوەی چونکە بالایی...** [دڵدار،ل١٩٨]

ڕستەی یەکەم(پاش و پێشکردن)ی کەرەستەی تێدایە، لە بنچینەدا ڕستەکە بەم شێوەیە.

وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەر پێت ئەژنۆدابدەم.

شـاعیر لەسـەرتاپای بەندێکدا لادانی ڕسـتەیی ئەنجامداوە و ئەم لادانانەش کێش و سـەروا و چنینی واتایی دەقەکەیان چڕ و سەرنجراکێش کردووە، پلەی شیعرییەتەکە بەرزبۆتەوە.

**لە پەلکی تازە پشکوتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین**

**کراسێکی سپی بێ گەرد دروستکە شەنگ و دامەن شۆر**

**لەبەرکە و زوڵفی زێرینت بەسەریا بێنە خوار چین چین**

**پەری تیم تیم، بە راز و ناز، لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر**

**بە ئاواز و نەواو تەبجیل**
**بهۆنن پێچەکەی ئیکـــلیل**
**ببەن کرنۆش بڵێن: ئەی شۆخ، پەری زادەی گزنگی خۆر**[دڵدار،ل١٩٧]
رستەکان لە بنچینەدا بەم شێوەیەن
– گوڵی نەسرین لە پەلکی تازە پشکوتووی نەژاکاوی کراسێکی سپی و بێ گەرد شەنگ و دامەن شۆر دروستکە و لەبەرکە.
گوڵی نەسرین/ بکەرە دەبێت لە سەرەتای ڕستە بێت بە پێی یاسای ڕستەسازی کوردی(بکەر+بەرکار+کار) بەڵام شاعیر بردبوویە کۆتایی، هەروەها(دروستکە)/کاری رستەکەیە و دەبێت لە کۆتایی رستە بێت.
– زوڵفی زێرینت چین چین بەسەریا بێنە خوار.
چین چین دەبێت لە پێش کاری رستەکەوە بێت.
– پەری تیم تیم بە راز و ناز، بنەوشەی مۆرت لە بۆ بێنن.
لەم رستەیەدا (بنەوشەی مۆر) لە کۆتایی ڕستە دانرابوو دەبێت بێتە پێش کارەکە، هەروەها شاعیر شوێنی جێناوی لکاوی( م) دەستکاری کردووە و بردوویەتیە دوای( لە بۆت).
– بە ئاواز و نەوا و تەبجیل پێچەکەی ئیکلیل بهۆنن.
کاری ڕستەکە لە سەرەتا هاتووە و دەبێت لە کۆتایی ڕستەدا بێت.
– کرنۆش ببەن بڵێن: ئەی شۆخ، پەری زادەی گزنگی خۆر.
شاعیر وشەکانی(کرنۆش) و (ببەن) ی پاش و پێش کردووە.
**ج_– لادانی واتـایی**: هەموو ئەو جۆرە لادانـانە دەگرێتەوە، کە لە دیوی نـاوەوەی زمـان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لە کـاتی چنینی دەق لە چۆنیەتی بەدوایەکداهاتن و گونجانی کەرەستە زمانییەکان(وشە و ڕستەکان) بەرهەم دێت، ئو لادانە واتاییانەی لەم دەقانە دەبینرێن بریتیین لە:
**أ_–هەڵئاوسانی واتایی(دووبارەکردنەوەی واتایی):** لێرەداوشەکان لە فۆرمدا جیاوازن بەڵام لە واتادا وەکو یەکن یان واتایان لەیەکەوە نزیکە، و لە چەند سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن، ((ئەمە دەبێە هۆی دروستکردنی جوانکاری واتایی، بە ڕێگەی سەرەکی دادەنرێت بۆ دووبارەکردنەوەی واتا)). [پ.د.فازیل مەجید و د.شێروان حوسێن، دووبارەکردنەوەی واتایی.....ل٧١]. ئەم جۆرە شیعرییەتە لە چەند دێرە شیعرێکی شاعیردا بوونی هەیە بۆ نموونە:
**بە ئاواز و نەواو تەبجیل**
**بهۆنن پێچەکەی ئیکلیـل [دڵدار،ل١٩٧].**
وشەکانی(ئاواز و نەوا و تەبجیل) دووبارەکردنەوەی واتایین، وشەکانی(شۆخ و پەریزادە)ش بەهەمان شێوە، چونکە پەری شۆخە.
**ئەوی نەیدیبێ نێشی دڵ و یا ئازاری دڵداری**
**چوزانێ من لە ئێشانی چە سووتان و فگارێکم[دڵدار،ل٢١٠].**
وشەکانی(نێش و ئازار وو ئێش) دووبارەکردنەوە واتایین،(سووتان و فگاریش) جۆرێک لە ئێش و ئازار.
**جوانی غونچەیێ بوو وا کە پەنجەی رازی راکێشای**

**دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شاد و مەسرورە**[دڵدار،ل١٩٦].

وشەکانی(شاد و مەسرور) بە هەمان واتا دێن.

ئەم شیعرییەتە هەندێک جار بە(زێدەگوتن) یش ناودەرێت، چونکە کاتێک شتێک خاوەن سیفەتێکە ئەگەر نەشگووترێت، هەمان واتا دەگەیێنێت، بۆ نموونە:

**هەمووی نووری ژیانە فەیز و نووری ئاسمانی شین**

**هەموو چەپڵەی گوشادی لێ ئەدەن هەرچی کە ئەی دینی**[دڵدار،ل١٩٧].

ئاسمان خاوەنی شینیە، ئەگەر ئەو سیفەتەی نەشدرێتەپاڵ دەبێت.

**ببەن کرنوش بڵێن:ئەی شۆخ، پەری‌زادەی گزنگی خۆر**[دڵدار،ل١٩٧].

شۆخی و پەری هەڵگری هەمان سیفەتن؛ بۆیە ئەگەر هەرکامیان بە تەنیا بێن واتایەکە ناگۆڕێت.

ب_– **دانەپاڵ:** ((لادانێکی واتاییە، بەخشینی سیفەتێکە بۆ شتێک، دیاردەیەک، ناوێک، بە جۆرێک ئەو شتە هەڵگری ئەو سیفەتە نەبێت و لەگەڵی نەگونجێت، ئەمەش لە ئەنجامی دەستکاری کردنی تەوەری جێنشینی و هاونشینی زمان دێیتەکایەوە)) [صافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری نوێخوازن،ل٩٢].

بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**ئەوا ئێکلیلی دڵسۆزی و دلارامیت ئەکەین پێشکێش**

**هەر چەپکەی خەم و مل کەچ سروشتی نەوجەوانێکە**[دڵدار،ل١٩٨].

خەم چەمکێکی مەعنەویە، بەڵام شاعیر سیفەتی چەپکی داوەتەپاڵ و ناگونجێت لەگەڵیدا، چونکە بۆ شتی بینراو و بەرجەستە بەکاردێت.

**جوانی غونچەیێ بوو واکە پەنجەی رازی راکێشای**

**دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شاد و مەسرورە**[دڵدار،ل١٩٦م].

راز چەمکێکی واتاییە و نادیارە، شاعیر سیفەتی پەنجەی داوەتەپاڵ ، کە سیفەتێکی زیندەوەرانە.

**سێ یەم: شیعرییەتی وێنەی هونەری**

وێنەی هونەری داهێنان و جوانی تێدایە؛ بۆیە((دروستکرنا وێنێن هونەری ئێک ژ ئەرکێن گرنگێن شیعرییەتێ دهێتە هژمارتن و ....هوزانڤان برێیا پەیڤێن زمانی وێنەیەکێ نوی ژێ دروست دکەت و شیعرییەتێ بەرجەستەدکەت)) [بفرین رشید حسین، شیعرییەتا زمانێ هوزانێ، ل٣٨]؛ بۆیە لێرەدا توانا و لێهاتوویی خاوەن دەق گرنگە لە چۆنیەتی مەزراندنەکە، چونکە وێنە کۆمەڵێک ڕەگەزی تایبەت بە خۆی هەیە و((داهێنانی وێنەش لە هەر شتێکەوە بێت لە لای هەر شاعیرێک دەوەستێتە سەر توانای خەیاڵی ئەو شاعیرە و ڕادەی کاریگەری و وەرگرتنی ئەو دیمەنە، چونکە لە تێکەڵاوبوونی عەقڵ و سۆزدا جارێکی تر بەهۆی خەیاڵی بەرزەوە ئەم وێنەیە دەخولقێنێت، شتێکی تازەیە لە وانەیە پەیوەندی بە دیمەنی هەستپێکراوەوە هەبێت)).[د.سەردار ئەحمەد، بنیاتی وێنەی هونەری، ل٤٥]. وێنەی هونەری بەپێی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و شێوازی مەزراندن و چەند بنەمایەکی تر(کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنمانیان نیە و سەرچاوەی تایبەت بە باسکردنی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زۆرن) چەندین جۆری هەیە، ئەو وێنە هونەرییانەی لە دەقە شیعرییەکانی (دڵدار) دا ئامادەیان هەیە ئەوانەن:

١_**وێنەی تاک:** لەم جۆرە وێنەیە بە گەلێک شـێواز دەکێشـرێت، وەک: بەرجەسـتەکردن و بەکەس کردن و بەتەنکردن و وەسفی ڕاستەوخۆ و لێکچواندن و خواستن،((شاعیر رووده‌کاتە بەکارهێنانی وێنە بۆ ئەوەیە، کە گوزارشـــت لە هەندێ دۆخی لێڵ و ئاڵۆز بکات، کە بە ڕاســـتەوخۆیی ناتوانێ بیانگاتێ)).[د.سەردار ئەحمەد، س.پ، ل١٢٨-١٤٥]
بۆ نموونە شاعیر دەڵێت:

**پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی**
**بە سۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم.**[دڵدار، ل١٩٦]

شاعیر وەسفێکی ڕاستەوخۆی کردووە و وێنەکە وێنەیەکی تاکە.

**لە دەشتی نائومێدی دا بەدەم بایی قەدەر هەروەک**
**پەڵاشێ وام کە هەر ساتە لە گۆشە یا کەنارێکم.**[دڵدار، ل ٢١٠]

وێنەیەکی لێکچواندنە، شاعیر خۆی بە پڵاش چواندووە، چونکە لە دەشتی نائومێدیدا وشک و سیس بووە؛ بۆیە بەو قەدەرەی بەســـەریدا هاتووە با هەرجارە و بۆ گۆشـــەیەک و کەنارێکی دەبات و شوێنی جێگیر ونا دیارە.

ب_- **وێنەی لێکدراو:**لەو جۆرە وێنەیەدا((دوو وێنەی تاک یان کۆمەڵە وێنەیەک بەسەریەکەوە تێکەڵ دەبن و یەکەیەکی گەورەتر پیشان دەدەن، وێنەکان بە شێوەیەکی وا تێکەڵ بە یەکدی دەبن و سایە و ســـێبەریان بەســـەریەکدا دێتەوە و چەند دیمەنێکمان نیشـــان دەدەن.)) [هاوژین ســـلێوە، بنیاتی وێنەی... ل٩٩].

**جوانی غونچەیێ بوو واکە پەنجەی ڕازی ڕاکێشای**
**دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شاد و مەسروورە**
**لە ڕووی ڕاستی ئەتۆش وەک ئەو گوڵێکی چیمەنی دنیای**
**کەچی تاجی دڵی هێشتا دڵت لەم حاڵە ڕەنجوورە... .**[دڵدار، ل١٩٦]

وێنەکە وێنەیەکی لێکدراوە، چونکە لە چەند وێنەیەکی تاک پێکهاتووە، شـــاعیر بە گشـــت وێنەکان تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشەری ڕازاوەی کێشاوە، سەرەتا وێنەیەکی ڕوونبێژی لە ڕێگەی خواستنەوە کێشـــاوە، پەنجەڕاکێشـــان ســـیفەتێکی زیندەوەرانە و داویەتەپاڵ غونچە بەمەش بە زیندەوەرکردنی ئەنجامداوە، دواتر وەســـفێکی ڕاســـتەوخۆی ئەو غونچەیە دەکات، کە چەندە بە بینینی زوڵفی خاوی یار شـاد و مەسـرورە، ئنجا وێنەیەکی لێکچواندنی هێناوە و لە ڕێگەی وەسـفی ڕاسـتەوخۆ دووبارە وێنەیەکی تری کێشاوە.

ت_-**وێنەی کۆپلەیی:** ئەم جۆرە وێنەیە تایبەتە بەو شیعرانەی بە شێوەی کۆپلە نووسراون، هەردوو شیعری(خەندەکەی بایی و گوڵی سوور) خاوەن بونیادی کۆپلەیین؛ بۆیە ((هەریەک لەم کۆپلانە بە جیا مـانـایەکی جوان دەدەن بە دەســـتەوە و بە هەموو کۆپلەکانیش ڕەنگاوڕەنگییەک بە وێنەی هەمەجۆر دەبەخشن و وێنەیەکی گشتی دروست دەکەن)).[هاوژین سلێوە،س.پ،. ل١١٠]، لە هەموو کۆپلەکاندا بەسـەریەکەوە چەند وێنەیەکی گشـتی و واتا قووڵ دروسـت دەبن بەمەش شـیعرییەتێکی کاریگەر و جیاواز بەرهەم دێت. بۆ نموونە: لە دوو کۆپلەدا دەڵێت:

**منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو**
**دڵێکی پڕ لە ئارەزوو**

**بە سۆزی ئاوی حەز تینوو**
**لە ناکاو لام فڕی بۆ لای کچێکی دولبەر و شیرین**
**ئەویش ریشەی لە دەست گرت و بە بێ رەحمی لە ژێر پێ ی نا**
**بە گریاوی و برینداری**
**بە روو زەردی و غەمخواری**
**بە بێ ئومێد لە دڵداری**
**گەراوە سینەکەی تارم، ئەوێستاکەش ئەی گوڵی غەمگین**
**لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانێ ئەم دڵە، توخووا!!** .[دڵدار، ل١٩٥]

سەرەتا وەسفی دڵەکەی دەکات، بەڵام دواتر لە ڕێگەی خواستنەوە، کە سیفەتی فڕینی داوەتەپاڵ و دەڵێ: ئەو دڵەم بۆ لای کچێکی جوان و شیرین فڕی، دواتر وێنەی ئەوە دەکێشێت چۆن ئەو کچە ریشەی دڵەکە دەرهێناوە و زۆر بێ ڕەحمانە خستوویەتیە ژێر پێیەکانی؛ بۆیە شاعیر دڵەکەی شکاوە و بە برینداری و نائومێدی و غەمباری گەڕاوەتەوە ناو سینگی تاریکی شاعیر، کە هیچ ڕووناکیەکی هیوای تێدا نەماوە، بەڵام شاعیر دووبارە ئەو دڵەی خۆی پێشکەش دەکاتەوە و بۆ ئەوەی ببێتە سەرینی، وێنەکان یەکتریان تەواو کردووە و بەسەریەکەوە واتایەکی قووڵیان گەیاندووە.

**ج_–وێنەی دەروونی:** شاعیر و نوسەران وەک هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵگا خاوەن هەست و نەستن، ئەو بارودۆخە دەروونیەی تێیدا دەژیین ڕاستەوخۆ لە دەقەکانیاندا بەرجەستەی دەکەن و خوێنەر لەو هەست و نەستەیان دەگات، کە لە ناخیاندا هەیە((وێنەش لە دایک بووی ئەو بارە دەروونیەیە و ... ئەو کێشە دەروونیانە هێزێکی پاڵنەرن بۆ تەقینی کانیاوی شیعر و تەعبیرکردن لەو بارە دەروونیە)). [د.سەردار ئەحمەد، س.پ.، ل٣٥٢-٣٥٣]، شاعیر لە چەند وێنەیەکدا بارودۆخە دەروونیەکانی خۆی کێشاوە و دەڵێت:

**بە ڕۆژ ترسا و تاساوی زرەی کاسەی شەوی پێشوم**
**بە شەو سەرخۆش و مەستی جامی قەهری ڕۆژگارێکم**.[دڵدار، ل٢١٠]

شاعیر لەم وێنەیەدا زۆر بە وردی توانیویەتی وەسفی ئەو بارودۆخە دەروونیەی خۆی بکات، کە ڕۆژ تووشی ترس و تاساوی و دەبێت و شەویش سەرخۆش و مەستی خەم و خەفەتی ڕۆژگارە.

**سەر و مایەی جەوانی خۆم لە ڕێگەی رازی ئەو دانا**
**لە دەرگانەی وەفای هێشتا هەژار و لێو بە بارێکم**.[دڵدار، ل٢١٠]

شاعیر ئەوە دەردەخات، کە چۆن هەموو تەمەن و گەنجیەتی خۆی لە ڕێگەی نهێنی و خۆشەویستی ئەو داناوە بەڵام ئەو هێشتا هەر بێ وەفایە بەرامبەری و لە بارودۆخێکی خەمۆکی و لێوبەباری دایە.

**گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەرێ کام دەس لە باغی ژین**
**لە بۆ یەک دەفعە بۆن کردن، بە ناکامی ئەتۆی هێنا**
**ئەوێستاکەش بە ژاکاوی**
**وها بێ قەدر و تۆزاوی**
**لەسەر ڕێگا فڕێی داوی.**





**لە جەور و زوڵمی ئەو دەستە پەری زادەی بەیان لەرزین**
**لە دەوری ئەم چڵەی لێ ی بووی پەپوولەی زەرد و سوور گریا.** [دڵدار، ل١٩٥]

شاعیر لە ڕێگەی چەند وێنەیەکی لێکدراو زۆر جوان و سەرکەوتووانە وێنەیەکی دەروونی ئەو گوڵەی کێشاوە، کە چۆن بە ژاکاوی و بێ نرخ و بەها فڕێیان داوە و لە تاو ئەو تاوانەی بەرامبەری کراوە پەریزادەکانی بەیان هاتوونە لەرزین و پەپوولەکان بە ڕەنگی جیاوازە وە بۆی هاتوونەتە گریان، کۆپلەکە چەند وێنەیەکی دەروونی سەرنجڕاکێشی تێدا کێشراوە.

ئەو وێنانەی خستمانەڕوو دەچنە خانەی چەند شێوازێکی تری وێنەش وەک: وێنەی بازنەیی و وێنەی وەستاو و جووڵاو...هتد بەڵام لەبەر سنوربەندی توێژینەوەکە و دووبارە نەبوونەوەی وێنەکان دیارترین جۆرمان دەست نیشان کردوون، بۆ نموونە: ئەو کۆتا وێنە دەبێتە وێنەیەکی وەستاو.

زمانی شیعری (دڵدار) چەندین بنەمای شیعرییەت لەخۆدەگرن، بەڵام لەبەر سنوربەندی توێژینەوەکەمان تەنیا لەو سێ دەقەی هەڵمانبژاردوون، بنەماکانمان بە کورتی و پوختی دەست نیشانکردوون، چونکە هەریەک لەو بابەتانەی باسمانکردوون زۆر قووڵ و فراوانن و بە چەندین لاپەڕە نووسینی تریش تەواو نابن.

### ئەنجام

بەرهەمی ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەن:

١-زمانی شیعری دڵدار خاوەن ئاواز و ئاهەنگە و ئاوازی دەرەوە کێش(عەرووز و خۆماڵی) و سەروا و پاش سەروا بەشدارییان لە دروستبوونیدا کردووە.

٢-هونەرەکانی دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی و دژیەک، ریتمی ناوەوەیان دروستکردووە.

٣-شیعرییەتی لادان لە ئاستە جیاوازەکانی زمان بوونی هەیە:

أ- لە ئاستی دەنگ(کرتاندن، گۆڕین).

ب-لە ئاستی وشە(وشەی بێگانە، لادانی شێوەزاری).

ت-لە ئاستی ڕستە(پاش و پێش کردنی وشە، کرتاندن).

ت- لە ئاستی واتادا (هەڵئاوسانی واتایی و دانەپاڵ).

٤- وێنەی شیعری بە شێوازی(وێنەی تاک، وێنەی لێکدراو)کێشراون

٥- وێنەی کۆپلەیی لەو شیعرانەی بە کۆپلە نوسراون بوونی هەیە.

٦-شاعیر بە گوزارشتکردن لە بارودۆخی هەست و خەم و پەژارەکانی وێنەی دەروونی کێشاون..

## سەرچاوەکان


### یەکەم: بە زمانی کوردی

### أ- کتێب

عەزیز گەردی، ئەدەب و رەخنە، چ١، چ.الحوادث، بەغدا، ١٩٧٤.

١. دکتۆر دلشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، ، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ١٩٩٨،

٢. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠-١٩٩١)، سەردارئەحمد حەسەن گەردی،، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣. پەخشانە شیعری کوردی(تەکنۆ سیمانتیکی گوتاری شیعر) د. محەمەد بەکر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤. پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، شەرمین ئیبراهیم عەزیز، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٦.

٥. تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦. د. مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چ.الوفاء، ؟، ١٩٦٢.

٧. دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، عەبدولخالق عەلائەددین، دار أفاق، بەغدا، ١٩٨٥.

٨. ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، د. پەرێز سابیر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٩. ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا(جوانکاری)، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٥.

١٠.زمانەوانی، محمد معروف فتاح، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

١١.سەروا، د.عەزیز گەردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،١٩٩٩.

١٢. شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی،مطبعە التعلیم العالي، أربیل، ١٩٨٨.

١٣. شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە)، هێمن عومەر خۆشناو، چ. رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.

١٤. عەبدولرەزاق بیمار، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالحریە، بغداد.

١٥.کاروانی شیعری نوێی کوردی، حەمە ئەمین قادر(کاکەی فەللاح)، ب.١، چ.٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ، ١٩٨٧.

١٦.مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، ب.پێنجەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٧. ناز ئەحمەد سەعید، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا، چ. بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٨.هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٩.

١٩.هونەری شیعر(شیعرناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێرانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێز نووسینی، عەزیز گەردی، چ.رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

### ب-نامەی زانکۆیی

١) لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور(١٩٧٠ – ١٩٨٠)، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٧.

٢) بفرين رشيد حسين، شيعرييەتا زمانێ هوزانێ د هۆزانێن(محسن قوچانی)دا، نامەی ماستەر، كوليژا پەرەردا بنيات، زانكويا دهوكێ ، ٢٠١٦.
٣) جەبار ئەحمەد حوسێن ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی –کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە و-زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥.
٤) شێرزاد عەبدوڵڵا قادر، لادان لە شیعری رەفیق سابیردا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.
٥) صافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعر نوێخوازی کوردیدا(١٩٨٠ – ١٩٩١)، کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە،٢٠١٣.
٦) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، ، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، ٢٠٠٧.

**ت-گۆڤار**

١. دووبارەکردنەوەی واتایی لە مەم وزینی خانی دا، پ.د.فازیل مەجید و د.شێروان حوسێن حەمەد، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژ(١٣) کانوونی یەکەم(٢٠١٧).

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**أ- کتێب**

١. بنيه اللغه الشعريه، جان كوهين، ترجمه:د. محمد الولي و محمدالمعمري، دار توبقال، ط.١، المغرب، ١٩٨٦.
٢. الحقيقه الشعريه(دراسه في الأصول والمفاهيم)،د.بشير تاوريريت، عالم الكتب الحديث، اربد – الاردن، ٢٠١٠.
٣. خصائص الأسلوب في الشوقيات، د. محمد الهادي الطرابلسي، جامعه تونس، ١٩٨١.
٤. الشعريه، تزفيطان طودوروف، ترجمه: شكري المبخوت و رجاء السلامه، ط.٢، دار توبقال، ١٩٩٠.
٥. في الشعريه، كمال أبوديب، ط.١،مؤسسه الأبحاث العربيه، بيروت، ١٩٨٧.
٦. قضايا الشعريه، رومان ياكوبسن، ترجمه:د. محمد الولي و مبارك حنون، ط.١، دار توبقال، ١٩٨٨.
٧. مفاهيم الشعريه، حسن ناظم، مركز الثقافي العربي، ط.١، بيروت، ١٩٩٤.

**ب- نامەی زانکۆیی**

١. الشعر المعاصر في موريتانيا(دراسه أسلوبيه)، د.محمد ولد العابدين السيد الأمين، رساله ماجستير، كليه الأداب، جامعه الموصل، ٢٠٠٠.
٢. مصطلح الشعريه عند محمد بنيس، رساله الماجستير، كليه الأداب و اللغات، جامعهقاصدي مرباح و رقله، ٢٠١٤.

**ت- فەرهەنگ:**

١. المعجم الأدبي، جبور عبدالنور، دار العلو للملايين، بيروت – لبنان، بدون تأريخ.
٢. معجم المصطلحات الأدبيه المعاصره، عرض و تقديم و ترجمه، د.سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، بيروت – لبنان، ط.١، ١٩٨٥.

٣. معجم المصــطلحات العربيه في اللغه والأدب، مجدي وهبه و كامل المهندس، مكتبه لبنان، بيروت، ط.٢، ١٩٨٤.

**سێیەم:بە زمانی ئینگلیزی:**

https://lucian.uchicago.edu/blogs/mediatheory/keywords/poetics/

## پوختەی توێژینەوە

شیعرییەت بە چەمکە کۆن و نوێیەکەیەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەما و ئەستوندەکی جۆراو جۆر بنـاغەی خۆی دادەرێژێت، کە هەموو ئەوانەش بەیەکەوە ئیســـتاتیکا و پەیکەری گشـــتی دەق پێکدەهێنن، بەڵام چەندییەتی و چۆنێتی بەکارهێنان و سـوود وەرگرتنی نووسـەر و شـاعیرانیش لەو بنەمایانە پەیوەســتە بە شـێواز و ســەردەم و قۆناغی ئەدەبی و ئەو ڕێبازە ئەدەبییانەی پەیڕەوی دەکەن؛ بۆیە هەر لەو گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ئەو بنەمایانە چەسپیو و جێگیر نین، بەڵکو ئەوە شـاعیر و نوسـەرانن بڕیار لەســەر ئەوە دەدەن، کە ســوود لە کامە بنەما وەرگرن و دەقەکانیان لەسەر هەڵچنن.

ئەم توێژینەوەیە لە و ڕوانگەیەوە سـەرچاوەی گرتووە ، کە (دڵدار) ی شـاعیر دەقەکانی بەدەرنین لە شــیعریەت و خاوەن شــێوازێکی زمانی شـــیعری تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی؛ بۆیە بەپێی پلانێکی زانستی گونجاو لەگەڵ ناونیشانەکە توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر دووبەش:

**بەشـی یەکەم:** تیۆرییە و تەوەرەی یەکەم: تایبەتکراوە بە چەمکی شـیعرییەت ( زاراوە و پێناسـە و بنەما) لەتەوەرەی دووەمیشدا: پەیوەندی شیعرییەت بە زمانی شیعرییەوە ڕوونکراوەتەوە.

**بەشـی دووەم:** بەشـێکی پراکتیکییە و تێیدا بە وردی بنەما و ئەدگارەکانی شـیعرییەت لەناو زمانی شیعری (دڵدار)دا خراونەتەڕوو.

توێژینەوەکە گەیشـتوتە چەند ئەنجامێک و لە کۆتایشـدا ئەو ســەرچاوە زانسـتییانەی سـوودیان لێوەرگیراوە لەگەڵ کورتەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

### (ملخص البحث)

### أسس الشعرية في لغة الشعر لدى (دلدار)

إن الشـعرية – وفق المفاهيم القديمة والحديثة – تقوم على مجموعة من الأســس والأعمدة المختلفة، وتكون هذه الأســس مجتمعة جمالية النص والهيكل العام له, لكن اســتخدام الشـعراء لهذه الأســس واستثمارهم لها من حيث الكمية والنوعية مرتبطة بالأسلوب والعصر والمرحلة الأدبية والمنهج الأدبي الذي يسلكونه. ومن هذا المنطلق يمكننا القول بأن هذه الأسس والمبادئ غير مستقرة، بل الأمر يعود إلى قرار الشعراء والكتاب من حيط اختيارهم الأصل والمبدأ الذي يعتمدونه ويبنون عليه نصوصهم الأدبية.

تنطلق هذه الدراســة من أن نصــوص الشــاعر (دلدار) لا تخلو من الشــعرية وأنها ذات لغة شــعرية خاصة ومحددة بها، لذا - ووفق خطة علمية متلائمة مع العنوان- تم تقسيم الدراسة على مبحثين:
المبحث الأول: نظري، وتم تخصيص المطلب الأول: لمفهوم الشعرية ( المصطلح والتعريف والأصل)، وفي المطلب الثاني تم بيان علاقة الشعرية بلغة الشعر.
المبحث الثاني: مبحث تطبيقي، عرض فيه بدقة أصول وخصال الشعرية في لغة الشعر لدى (دلدار).
توصــلت الدراســة إلى مجموعة من النتائج، وفي النهاية تم عرض المصــادر العلمية المعتمدة في الدراسة مع ملخصها باللغتين العربية والإنجليزية.

## The basics of Poetics in the Language of Dildar’s Poetry

Poetics through its old and new concepts upon a bunch of basic and various vertical establish its basis, and all together makes up ecstatic and the general structure of text, but the quantity and the quality of usage and taking benefit of the writer and poets from those bases relate to the style, the reign, literary stage as well as those literary ways that are adopted; so from this respect we can say that these bases are not fixed, the writers and the poets decide on this, they take benefit from which basic and create their texts.
This research comes from this source, the texts of Dildar, the poet, are not away from poetics and he has his own unique style about language of poetry; therefore according to a suitable scientific plan with its title the research classifies into two chapters:
The first chapter: practical and the first part: specialized to the concept of poetics (term, definition and basic) in the second part: the relationship of poetics through the language of poetry is explicated.
The second chapter: a part is practical and the basic of poetics and its appearance are carefully exhibited in the language of Dildar’s poetry.
The research comes to some conclusions and finally the scientific sources that are taken benefit with the summary of the research in both languages Arabic and English are shown.

# بەهای جوانیناسی لە شیعرەکانی دڵدار دا

**پ.ی.د. پەخشان سابیر حەمەد**
**زانکۆی سۆران/ فاکەلتی ئاداب**

**پێشەکی**

جوانیناســـــی بە ڕێڕەوی هەموو ڕۆشـــــنبیرییەکاندا تێپەڕیوە و یەکێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی نێو ئەدەب کە سیمای ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی دەناسێنێ، بەشێکی بنەڕەتی لە نێو شیعردا جوانییە کە هاوتەریب لەگەڵیدا هەنگاودەنێت.لە کاتێکدا جوانیناسـی زانسـتێکە زوو پێشکەوت وگەلێ ئاڵۆزی وتەمومژیشی تێدا بەدیدەکرێت و تێڕوانینی هەمەجۆر هەڵدەگرێت.

فەیلەســـوف و بیریـارەکـان هەر یەکەیـان لە ڕوانگەی خۆیـانەوە گوزارشـــتی لەم زانســـتە کردووە،هیگل(١٧٧٠_١٨٣١) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی زۆر بە قووڵی لە زانستی جوانی دواوە، هەر لە سـاتەوەختی دەرکەوتنی هەسـتپێکراوی بیرۆکە جوانیش سـەرهەڵدەدات، شـیعر و مۆسـیقاش نزیکترین سـەرچاوەن لە خاوەنەکەی چونکە هەردووکیان پەیوەسـتن بە خودەوە، بۆیە ئەم دووانە بە هونەری خودیی ناو دەبردرێن.

جوانناسی دوای ئەوەی لە سێبەری فەلسەفەدا سەریهەڵداوە بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و شاعیریش بە یەکێ لە ماناکان پشـکێکی فەلسـەفەی بەردەکەوێت، سـەرباری پشـکێکیش لە سـۆفیگەری و ئەو دڵسـۆزییەی سـۆفی بۆ بیروباوەڕەکەی هەیەتی لای شـاعیریش بەدیدەکرێت وبە هۆی زمانەوە داهێنان دەکات.

دڵدار (١٩١٨_١٩٤٨) یەکێکە لەو شـــاعیرانەی کە هەرچەندە تەمەنێکی کەمی بوو، بەڵام توانی پێگەیەک لە نێو ئەدەبیاتی کوردی بگرێت، دەنگدانەوەی فراوانی بەرهەمەکانی دەلالەتی گرنگیپێدانی ژیانە ڕۆشنبیرییەکەیەتی، لەپاڵ ئاستی هۆشیاری و کەسایەتی خودی دڵدار.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

سـروشـتی بابەتەکانی دڵدار وهەمەجۆریی سـەرچاوەکانی شـیعری دڵدار لە لایەک و هەڵبژاردنی جوانیناسـی وبەهاکانی لە نێو بەرهەمە شـیعرییەکانیدا بوونە هۆی دیاریکردنی ڕێبازی ( شـیکاریی _ڕەخنەیی) کە بە پێی ئەم ڕێبازە خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی کراوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

_ دۆزینەوەی بەهای جوانیناسی لە دووتوێی شیعرەکانی (دڵدار) دا .
_دیاریکردنی تایبەتمەندی شاعیر وتێڕوانینەکانی بۆ خودی جوانی.
_دۆزینەوەی پێوەر وئەو بنەمایانەی لای شاعیر بەهای جوانیناسییان گەڵاڵە کردووە.
_کاریگەری بەها ڕەوشتی و جوانیناسەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە.

ـ دۆزینەوە و دیاریکردنی تێڕوانینەکانی شـــاعیر بەرامبەر ژیـان و دەوروبەر و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی جوانیی و ڕێکخستنیان لە سیاقی شیعریدا.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**

هەرچەندە دڵدار یەکێکە لەو شـــاعیرانەی زۆری لەبارەوە نووســـراوە وتارادەیەک بایەخی پێدراوە، بەڵام هێشـــتا دیوانێکی شـــیاوی دوور لە هەڵە و کەم وکورتی نییە،بۆیە بۆ دیاریکردنی ســـنووری لێکۆڵینەوەکەمان پشتمان بە (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) کە لە لایەن (عبدالخالق علاء الدین) ئامادەکراوە، بەســـتووە وتەنیا شـــیعرەکانمان وەرگرتووە،بە هۆی پەیوەســـتبوونی ناونیشـــانی لێکۆڵینەوەکە بە کرۆکی شیعرەکانی.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

چی وایکردووە دڵدار بەم تەمەن کورتیەوە ئەم ئامادەبوونە فراوانەی هەبێت، ئەمە ئەم پرســـیارە جەوهەرییە ســـەرەکیەیە کە دەمانەوێ لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی بدەینەوە، لە پاڵ چۆنیەتی بەرهەمهێنانی جوانی ودیاریکردنی سەرچاوەکانی جوانی لای دڵدار و بەها ئیستاتیکیەکانی نێو شیعرەکانی دڵدار و پێگەی لە نێو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشـــانی (بەهای جوانیناســـی لە شـــیعرەکانی دڵدار دا ) یە و لە دوو تەوەری ســـەرەکیدا تاوتوێی جوانیناســـی وبەها گرنگەکانی نێو بیرۆکە داڕێژراوەکانی دڵدار دەکات و تێڕوانینەکانی بەرامبەر بوون ومەعریفە وپێکهاتەی مرۆڤ دەخاتە ڕوو.

تەوەری یەکەم گوزارشت لە (هۆشیاریی شیعریی و جوانیناسی ڕیتمی شیعریی لای دڵدار) دەکات وتەوەری دووەم بۆ (جوانیناســـی زمانی شـــیعریی وســـێکوچکەی بوون،مەعریفە،پێکهاتەی مرۆڤ) تەرخانکراوە. دواتر سەرەکیترین ئەنجامی بەرهەمی گەڕانی نێو شیعرەکانی دڵدار دەستنیشانکراون و لیســـتی ســـەرچاوەکـان وپوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمـانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراون.

**تەوەری یەکەم**

**هۆشیاری شیعریی وجوانیناسی ڕیتمی شیعریی لای دڵدار**

بوونی دڵدار وەک کورد و خاوەن خاک و نیشـــتمان وئاڵا بەڵام بە بێ بوونی چوارچێوەی دەوڵەت لە پاڵ هۆشـــیاری کەســـیی، هۆشـــیاری شـــیعریشـــی فراوانتر کردووە، بە تایبەتی کە هەر لەو کاتەی فامی کردووە و بینیویەتی ســـەربەســـتی و ئازادی کە یەکێکن لەو خەســـڵەتانەی پەیوەســـتە بە جوانی،ئەو وەک نەتەوە لێی بێ بەش بووە، لە نێو مێژوودا پانتاییەکی پێ نەبەخشـــراوە، ئەمە وایکردووە جوانییەکانی ناخی بەســـەر یەکەوە کەڵەکەبن وتۆزی زەمەن دایانپۆشـــێت، قوربانیدان بە گیان (گیانفیدایینە گیانفیدایینە هەر گیانفیدان) بەردەوامی ئەم ڕێڕەوی قوربانیدانە خۆی لە خۆیدا بە هۆی هۆشیاری شیعرییەوە گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی جوانیناسی. (دڵدار)لە (ئەی ڕەقیب) دا لە ترۆپکی شـــانـازی نەتەوییدا دەژی (ڕەقیـب)هەموو ئەو هێزە مێژووییە کوێرە بکوژانەیە، کە بە هێزو توندوتیژی ئامانج و مەبەست و دەوری ئێستا وڕابردوو ئایندەیان ئەوەیە نەتەوەیەک لە ڕەگەوە لە

سەر خاکەکەی هەڵکێشن جگە لە داسەپاندنی دەوری کوژراوی بۆ ئەو نەتەوەیە هیچ مافێکی دیکەی لە بەردەمدا بە ڕەوا نابینن)( ئەحمەد : ٢٠٠٥ : ٤٢ – ٤٣ )
گیانی یاخی (دڵدار) ئەو ڕووبەڕووبونەوەی لە نێوانیاندا دروســـــت کردووە، چونکە (دڵدار)هەر لە تەمەنێکی کەمیدا لە ناخەوە کەســـێکی یاخی بووە، بۆیە ویســـتوویەتی (لە کۆی ئەو شـــەرعییەتە مێژوویانە یاخی بی، کە تەنیا بە لۆژیکی هێز بوونی ناشەرعی خۆیان دەسەپێنن) ( ئەحمەد :٢٠٠٥ : ٤٤) .
ئاراستەی گوتاری شیعری دڵدار لە خود (ناوەوە)بەرەو نەستی کۆمەڵگەیە، بۆیە هەمیشە لە نێو نەستی کۆ ئامادەیی هەیە، ئامادەبوونێکی چالاکی زیندوو، ئەمەش وایکردووە تەمەنی کەمی (دڵدار) زۆر باڵا بێت وچەندین هێندەی تەمەنی بێتەوە، ( لە کاتێکدا هۆشیاری بریتییە لە بنەمای مەعریفەو دیاردەیەکی جوانییە، واتە :هۆشیاری:مەعریفە:جوانی ( الجهاد: ٢٠٠٧: ١٢-١٣) مەعریفە هۆشیاری و جوانی بەیەک دەگەیێنێت و(شیعریش لە سروشتی خۆیدا زۆر پەیوەست و بەستراوە بە لایەنی کەسیی و وێنەیەکی شیعریش خودی هەستەکانی تاکە کەسە کە دەتوانین بڵێین :شیعر کوڕی خودە) (عید :١٩٩٤: ٢٠ ).
هەرچەندە ( جوانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو جیهان لە هەمان کاتدا : جیهانی هەستەکان و جیهانی هزر، لەوانەیە هەستەکان پشکی زیاتریان بەرکەوێت، کەواتە هەستکردن بە جوانی دەگەڕێتەوە بۆ چەقی ناوەڕاست کە تێیدا هەردوو جیهانی هەستی و عەقڵی پێکەوە بەشدار دەبن)( أبو ريان : ؟:٢٧- ٢٨).
بەڵام ڕێژەی هەریەک لە جیهانی هەستی وعەقڵی جیاوازن وبە پێی سروشتی بابەتەکە دەگۆڕێن، شیعرێکی نیشتمانی جیاوازە لە شیعرێکی سیاسی، ئەگەر چی سنووری جیاوازییەکانی نێوانیان کەمیش بێت، کە ئەفلاتون هەر زوو و (لە ســـەرەتادا خەســـڵەتە جوانەکانی لە بوونە هەستی و کەسییەکان دۆزییەوە، ووردە ووردە لەو جوانییە کەسییە هەستپێکراوە سەرکەوت، تا هۆکارەکەی لە گشت کەسەکان بدۆزێتەوە، تا گەیشتە سەرچاوەی جوانییە هەستپێکراوەکە لە نمونەی جوانی لە خود دا ) ( أبو ريان : ٢٧- ٢٨).
لە کاتێکدا جوانی لە ناوەو دەرەوەی خودی مرۆڤ لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە و ئەم خاڵە دەبێتە ناســـنامەی ئەو دەقانەی ئەم خودەی بەرهەمهێناوە، بۆیە هەر دەقەو خاوەن جوانی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ڕەگەزێکیدا یا زیاتر لە ڕەگەزێک دەبێتە چەقی دەرکەوتنی جوانییەکان هەرچەندە بەشـی زۆری جوانی بە هۆی هەســـتەکانەوە پێوانە دەکرێت و(مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە لە جوانی تێدەگات) (شیللر :١٩٩٥: ٣٩). و بەشداری لە بازنەی هۆشیاری شاعیر دەکات هەر خۆی دیاردەی جوانیناسی دەبێتە کەشێک بۆ هۆشیاری و(دیاردەی شیعریی بریتی دەبێت لە شێوازی بوونی هۆشیاری شیعریی، ئەگەر بە کەشـــێکی بەرجەســـتەکراوی وێنەڕێژ بکەین، ئەوا ســـێ ڕەهەندەکەی دەبێتە زمان و زەمەن و هۆشـــیاری کە هەریەکەیان بە تەنها نین، بەڵکو لەگەڵ یەک بەناو یەکدا دەچن، لەبەر ئەوەی لە نێو ئەو کەشەدا لە هەر خاڵێکدا یەکدی دەبڕن )( الجهاد: ٨٤).
لەو ڕوانگەیەوە پێشکەوتنی زمان هاوتەریبی پێشـــکەوتنی بیرە، ســـەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەرکی زمان دەبێتە دەربڕی ووردی ئەزموون، کاتێ شـــاعیر زمان دەکاتە ئامرازی هونەرەکەی، دەبێ بەسەر ووشەکانیدا زاڵ بێت، چونکە زمان شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە ئەزموونەکە دەبەخشێت، کاتێ لە بەرگێکی نوێوە خۆی دەدۆزێتەوە ( سانتيانا: ١٩٠).

زمان وكەرەستەكانی زمان قالبی ئامادەكراو نین، بەڵكو كەرەسـەیەكی خاون، لە ڕێگەی شـاعیرەوە بنیاد دەنرێن و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشـــرێت، تەنانەت شــــیعر ناتوانێت ڕكابەری لەگەل مۆسیقاشدا بكات، چونكە (بواری شیعرو مۆسیقا جیاوازن و تەنیا گونجان لە نێوانیاندا هەیە .شیعر پەیوەستە بە زمان وئامانجی چێژە)( عید : ٣٤٩).

هەروەها (بابەتی مۆسـیقا ئاوازەو بابەتی شـیعر ووشــەیە، مۆسـیقا حاڵەتێكی ڕەهاو كراوەیە و لە نێوان خۆیاندا ڕێك دەكەون بەبێ دیاریكردن، لەكاتێكدا شـیعر بە پێی ئاوازی دانراو لە چوارچێوەی وشەدا كار دەكات وبەو ووشانەوە دیاریكراوە ) (برتلیمی : ١٩٧٠ : ٢٧٥ ).

جوانی خاوەن بەهایەكی خودییەو بەهاكەی لە ئەندێشەدایە كە سەنتەری داهێنانە، كۆی شیعرەكانی دڵدار، وەكو كۆی تەمەنە كورتەكەیەتی، وەك لە خشــــتەی ژمـارە (١)ی تـایبەت بە دیـاریكردنی ناونیشانی شیعر و ساڵ وشوێنی نووسینی شیعرەكانە دەبینرێت .

**خشتەی ژمارە (١)**

**نەخشەی شیعرەكانی دڵدار**

| ناونیشانی شیعر | ساڵ | شوێن | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ئومێد | ١٩٣٥ | هەولێر | |
| ڕوناكی | ١٩٣٦ | هەولێر | |
| ئەی كورد | ١٩٣٦ | هەولێر | |
| ئەی خودایە | ١٩٣٧ | كەركوك | |
| لاوی كوردان | ١٩٣٨ | كەركوك | |
| مەی | ١٩٣٨ | كەركوك | |
| ئێش | ١٩٣٩ | كەركوك | |
| ڕۆڵەی تازە | ١٩٤٠ | دیارینەكراوە | |
| كوردستان | ١٩٤٠ | بەغدا | |
| ئەی نازەنین | ١٩٤٢ | بەغدا | |
| كۆترە باریكە | ١٩٤٢ | بەغدا | |
| لە مەیانی مجادەلەیەكدا | ١٩٤٣ | ڕانیە | هاوبەش لەگەڵ جاهید |
| بلێ سەربەستی ئەی لاو | ١٩٤٤ | بەغدا | |
| خەندەكەی بایی | ١٩٤٤ | بەغدا | |
| سزاواری | ١٩٤٤ | ڕانیە | |
| كانی | ١٩٤٤ | ڕانیە | هاوبەش لەگەڵ جاهید |
| نائومێدی | ١٩٤٥ | بەغدا | |
| لالەباس | ١٩٤٥ | بەغدا | |
| گوڵی سوور | ١٩٤٦ | هەولێر | |
| توتنەوان | ١٩٤٧-١٩٤٨ | كۆیە | لە (٧)بەش پێكدێت |
| تەخمیس | ١٩٤٨ | كۆیە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| نامەی دڵدار | ١٩٤٨ | شوێن دیار نیە | |
| ئەی ڕەقیب | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| ئەی لاو | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| بۆ ئەو کەسەی | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| دڵ | مێژووی نیە | کۆیە | هاوبەش لەگەڵ عەونی شاعیر |
| قەل وڕێوی | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | وەرگێران |
| موفرەدات | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| ئەی بادی شەماڵ | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| منداڵی هیوا | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| زولف وئەگریجەی یار | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | |
| الگلاسم | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماچی - وەرگێڕان |
| زەریا (البحر) | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماچی - وەرگێڕان |
| کڵێسە (الدير) | مێژووی نیە | شوێن دیار نیە | إيليا أبو ماچی - وەرگێڕان |

کۆی شیعرەکانی دڵدار بەم شێوەیە دابەش دەبن :

١. ئەو شیعرانەی لە دانانی خۆیەتی ← لاسایی کردنەوە / داهێنانی خۆی

٢. ئەو شیعرانەی هاوبەشن ← لەگەڵ عەونی / لەگەڵ جاهید

٣. ئەو شیعرانەی وەریگێڕاون (لە ئاکامی سەرسامبوونی بە دەقەکانەوە) .

هەریەکە لەم سێ بەشە خاوەن جوانی و ناساندنی لایەنی جوانی (دڵدار) ی شاعیرن .بەهای جوانیناسی خۆی لە سیاقی ڕستە شیعرییەکان دەدۆزێتەوە، بە پێی ئەم هێلکارییە ئاماژەیان پێدراوە ( بودوخە : ٢٠١١ : ٢٨) .

دیاردەی دەنگیی     دیاردەی دەلالیی

ئیجا

دیاردە هاوبەشەکان (دەنگیی و دەلالی ) ڕەگەزدۆزی دروست دەکەن و دیاردە دەنگییەکان بە تەنیا قافیە یا بە شێوەیەکی گشتی دووبارەکردنەوەی دەنگێکی دیاریکراو، دیاردە دەلالیەکان خواستن و گشت خوازەکان دەنوێنن (بودوخە : ٢٠١١ : ٢٨ ) .

هەواڵنامەی کتێب

هۆبکنز جوانی قافیە لەوەدا بەدی دەکات کە جۆرێکە لە ڕەگەزدۆزی و دەنگەکان یا لێکچوو یا هاوتان و واتایان جیاوازە ( کوهین: ٢٠٠٠ : ٣٦١ )

شەهبازی یا شەهێنی، شاهی یا شەهلاری تۆ
بێ دڵی بێ مروەتی عاشق کوژی خوێنخواری تۆ
زاڵمی غارەتگەری تاڵان بەری تۆ بۆ گیان و دڵ
لەشکری تاتاریە دوو زولفەکەی تاتاری تۆ ( علاء الدین : ١٧٧ )

هێنانەوەی چوار ووشە کە بە پیتی (ش) دەستپێدەکەن مۆسیقای شیعرەکەی دوو هێندە کردووە، بە تایبەتی لە ئاکامی دروستکردنی ئەم حاڵەتی سەرسوڕمانە پانتایی جوانییەکانی فراوانتر کردووە، سەرباری (غارەتگەری، تاڵان بەری)کە هاوکێش وهاوسەروان ولەناواخنی ڕیزی شیعریدا بڕی مۆسیقاکەیان زێتر کردووە،ئەمەو جگە لە هێنانەوەی(لەشکری تاتاری) و(زولفی تاتاری) بە هۆی بوونی دیاردەی دەلالیی لە (تاتاری) ڕەگەزدۆزی تەواو درووست بووە و (تۆ) بۆتە پاش قافیەی شیعرەکە و سێ پیتی (اری) هاوبەش سەروایەکی بە هێز و مۆسیقی تریان دروست کردووە، چونکە چەند پیتەکانی سەروا هاوبەشیان زیاتر بێت، باڵاتر دەبێت .

(دڵدار) خۆیشی هێندە لەگەل مۆسیقای شیعری کلاسیکی ژیاوە وەک خۆی دەڵێ :(هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم کە دیوانی حاجی قادری کۆییم زۆرتری لەبەر بوو، هەمیشە بە ووردی سەرنجم لە هەڵبەستەکانی عەونی وڕاجی وعاصی وحسێنی وهیرانی دەداو لەبەریشم دەکردن بە وانەش دابین نەبووم،هەڵبەستی هەر کەسێکم دەستکەوتبایە دەمنووسیەوە ولەبەریشم دەکردن،بە تایبەتی هەڵبەستی وەفایی کوردی،بێکەس،پیرەمێردم زۆر لەبەر کردن وهەر لەو ساڵەدا هەستم بەوە دەکرد، کە چێژ لە هەڵبەست وەرگرم و زۆر گیرۆدەی بووم )(کاکەی فەللاح :١٩٨٤: ١٠٠)

ئینجا (دڵدار) یک لە نێو دەریای جوانی ئەم شاعیرانەدا مەلەی کرد بێت، دەبێت خاوەن چ جۆرە هزرو کەسایەتیەک بێت، کاکەی فەللاح ئاماژەی بەو شیعرانە داوە کە گوایا زۆرتر پەیڕەوی حاجی قادری کۆیی کردووە، کە تەنیا مەبەستی دەربڕین وکارتێکردنی بیروباوەڕەکەی بووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە شێوەو زمانی شیعرەکان .... مەگەر بۆ وەزنی شیعر ئاوڕێک لە باری هونەری وپاراوی زمان درابێتەوە .(کاکەی فەللاح : ١٠٢).

کاکەی فەللاح بەم بیروڕایەی وبەم خوێندنەوەیەی بۆ شیعرەکانی دڵدار، زوڵمێکی گەورەی لێکردووە، چونکە حاجی قادری کۆیی(١٨١٥ – ١٨٩٧)، هەروەها(دڵدار)یش لە ڕوانگەی دڵسۆزی و پابەندبوونیان بەئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە جەختی زیاترییان لەسەر ناوەڕۆک وگەیاندنی پەیامەکان کردۆتەوە،بەڵام بە هیچ شێوەیەک زمانی شیعرییان فەرامۆش نەکردووە،تەنانەت حاجی قادر (توانیویەتی زمانی میللیش بکات بە زمانی شیعریی بەرز، هەرچەندە واژەکانی سادەو ساکاریش بیت، بەڵام پڕجوڵەو حەرەکەن ) ( عەلی قادر :٢٠١٢ : ٥٤٠)

هەردوو شاعیرەکە شارەزاییەکی تەواویان لە نەریتەکانی زمان و تەوزیفکردنیاندا هەبووەو (شوێنەواری جوانی کێش و سەروا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕازاندنەوە دەنگییەی توانای لە دروستبوونی کاریگەری جوانییەکی تەواو هەیە ( کوهین : ٢٠٠٠ : ٥١ )

و(لە کاتێکدا کێش ڕەگەزێکی سەربەخۆی شیعر نییە لە دەرەوە بخرێتە سەر ناوەڕۆکەکەی، بەڵکو بەشێکە لە سیاقی واتا ولێی جیا نابێتەوە) ( کوهین :٢٠٠٠: ٥٥)

گونجان وشیاوبوون لە شیعردا کرۆکی جوانیەکانی نێو دەق دیاریدەکات، بە واتایەکی تر ناشێت سادەیی بکرێتە پێوەرێک بۆ کەمکردنەوە لە بەهای جوانیناسی دەقێکی دیاریکراو، چونکە شاعیر لە هیچ کاتێکدا (وێنەی شتەکە وەک خۆی ناگرێ، بەڵکو چۆنی دەبینێ، یان چۆنی بۆ دەردەکەوێت، واتە پەیکەرە ئەبستراکتەکەی ناکێشێ، بەڵکو دوای ئەوەی هەستەکانی دەبزوێنێ، بە خشڵەکانی خەیاڵی دەیڕازێنێتەوە )( نیار : ١٩٨٦ : ٥٩ )

هەر حەقیقەتە زمانییەکانە دەگۆڕێن بۆ بەهای جوانیناسی، مرۆڤ کاتێک بیەوێ لە واقیعی ڕۆژانە دووربکەوێتەوە، هەروەک هویسمان ئاماژەی پێداوە پێویستە لە نێوان دوو ڕێگادا یەکێکیان هەڵبژێرێت، یا شیعر واتە هەڵاتن بەرەو جیهانی باڵا یان فەلسەفە واتە لە ناوبردنی جیهانی واقیعی ( هویسمان :١٩٨٣ : ٦٩ ) .

بە تایبەتی کە (هەندێ جار هەست دەکەین تینو و برسی هەستە ئاگرینەکانین، ئەم هەستە نزیکە لە بیرۆکەی پاکبوونەوەی دەروون (catharsis) بەڵام بە تێڕوانینێکی ڕامانیی تایبەت )( سوریو: ١٩٨٢ :٧٠ ).

پاکبوونەوە بەهۆی تەنیاییش دەبێت، چونکە لە کاتە پڕ تەنیاییەکاندا خودی کەسەکە وتاوتوێکردنی بابەتەکان لەگەڵیدا دەبێتە هەموو شتێک، (دڵدار) دان بەمە دادەنێ کە چەند پەرۆشی تەنیاییە و دەڵێ: (من زۆر حەز بە تەنهایی دەکەم و زۆریش بە خەیاڵات پەیدا دەکەم، ئەمە خاسیەتێکی منداڵیمە)(علاءالدین :٢٢) بەهۆی تەنیاییەکەیەوە تێڕامان و ووردبونەوەی لە سروشت و دەوروبەر کردووە و چێژی لە جوانییەکان وەرگرتووە.

(دڵدار) لە شیعری(دڵ)(*) کە لەگەڵ (عەونی) بە هاوبەشی لە کۆیە دایانناوە، سەلیقەو جوانی و دارشتنی شیعرەکە، دەقئاوێزانێکە لەگەڵ شیعرێکی بڵاوی نالی (١٧٩٧-١٨٥٦) (**) .

دڵدار وعەونی :

(دڵ) لە بەینی تەلعەتی ڕوو زولفەکەی دە یجوورتە
گاهی مەیلی شەو ئەکات وگاهی مەیلی نوورتە

نالی :

عاشقی بی دڵ دەناڵی مەیلی گریانی هەیە
بی شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە

دڵدار وعەونی :

بەحری عوممانی سروشکم وا بە دەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە

نالی :

(*) ئەم شیعرە لە (دلدار شاعیري شۆڕشگێڕی کورد) حەوت بەیتە و لە کتێبی (دڵدار شیعرو هەڵوێست) ی شێرزاد عبدالرحمن ل:٨٧ – ٨٨ ، پێنج بەیتی تری لەگەڵدایە کە لەگەڵ حەوتەکەی پێشتر جیاوازەو دەشێ شیعرێکی سەربەخۆ بێت.

(**) بڕوانە دیوانی نالی ، چ:٨ ، لاپەڕەکانی ٥٧٨ – ٥٨٨ .

چاوی من دەمدەم دەڕێژی ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریای عوممانە دوڕ و مەرجانی هەیە
دڵدار وعەونی :
سا ئەزانی چەند پەشێوە ئەو دڵەی بیماری من
پەیکراوی تیری غەمزەی چاوەکەی مەخموورتە
نالی :
دڵ موشەبەک بوو لەبەر ئێشانی نیشانی موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە
دڵدار وعەونی :
ئاسمانی حوسنی ڕوخسارت لە ئەبرۆ وچەرخی ڕوو
تاقی ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەت خوورتە
نالی :
ئاسمانی حوسنی مەحبوبم لە ئەبرۆ و زولف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەوو دوو ماهی تابانی هەیە

هەرچەندە شیعرەکەی دڵدار وعەونی وجوانییەکانی نێوی لەسەر جوانیەکانی شیعرەکەی نالی بنیادنراوە،بەڵام جوانییەکان تایبەتن و وێنەو حاڵەت وسەروا و کەرەستەکانی هەڵبژاردنێکی زیرەکانەی هەردوو شاعیرەکەیە لە لایەک و لەلایەکی ترەوە (جوانیناسی کە ئەو زانستەیە لە چییەتی جوانی و ئەرک و ئامرازەکانی دەکۆڵێتەوە، واتە زانستێکی ڕامانی نییە،بەڵکو زانستێکی پێوانەیی حدسی یە لە هەمانکاتدا، چونکە بە پێی پێوانەییەکان حوکم لەسەر بوونی جوانی دەدات، دواتر چییەتی جوانییەکە دەردەخات) ( الجیار: ٢٠٠٥ :١٨٣).
گواستنەوەی جوانی لە دەقێکەوە بۆ نێو دەقێکی تر دەبێتە دوو هێندە، بەو مانایەی جوانیی بینین و تێڕوانینەکانی نالی وەک دەقی یەکەم لەگەڵ جوانییەکانی دڵدار وعەونی وەک دەقی دووەم،کە لە دەقی کۆتاییدا سێ جوانی بەشداری کردووە ودەقەکەی پتەو جوانییەکانی چڕتر کردۆتەوە. لە زانستی جوانی هاوچەرخدا دوو ڕووگەی سەرەکی بەدی دەکرێن:بریتین لە ( محمد: ١٩٩٣: ١٨ – ١٩ )

- ڕووگەی یەکەم : بەرەو دیراسەکردنی جوانییە هونەرییەکانی ڕوخسار دەڕوات، بەو پێیەی ڕەگەزی سەرەکییە لە کاری هونەریدا وپێی دەوترێت جوانیناسی زانستی، چونکە هەوڵ دەدات لە تەکنیکەکانی ڕوخسارو شێوازو ئامرازە نێوەندگیرەکان لە هونەر وەکو زمان بکۆڵێتەوە، تەنانەت (سیمیۆتیکا) یا سیمیۆلۆژی لەم ڕووگەیەدایە بەوەی سیما هونەرییەکان وەک سستمێک لە نیشانە شیدەکاتەو (بێرس ) و (دی سۆسێر)دایانهێناوە .
- ڕووگەی دووەم:ئارەزوویەتی بەرەو خودێتی لە ڕاڤەکردنی کێشەکانی کاری هونەری هەنگاو بنێت، ئەمە لە کارەکانی (کانت وشیلینگ وشۆبنهاوەر) بەدی دەکرێت کە لە ڕاڤەی کاری هونەریدا ڕەنگی داوەتەوە .هەرچەندە کارێکی ئاسان نییە لەچوارچێوەی ئەدەبیاتی کوردیدا سنووری تەواوی ڕێبازە ئەدەبییەکانی کلاسیک وڕۆمانسیزم وڕیالیزم جیا بکرێتەوە لەگەڵ

ئەوەشـــــدا دەکرێ مـاوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهـانی بکرێت بە ســـەردەمی داهێنـان ونوێخوازی،چونکە لەو کاتەدا کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بوارەکـانی ژیـانیدا لە قەیراندا بوو، ئەمەش پێویســـتی بە ئەدەبی تایبەت بەخۆی بوو،وکاریگەری لە ســـەوزبوون وگەشـــەســـەندنی ئەدەبێکی نوێ بوو کەلە دووتوێی بەرهەمەکانی پیرەمێرد وشـــێخ نوری و گۆران ودڵدار وهەردی وهەندێ شاعیرانی تری ڕۆمانسیزمی ونوێخوازیدا خۆی دەنوێنێ (فەتاح:٢٠١٣: ٣٨ ).

د.مارف خەزنەدار دڵدار بە یەکێ لە ڕابەرەکانی شـێوازی ڕۆمانسـیزم وڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا دادەنێ، چونکە هەر زۆر خۆی لە کۆت وبەندی یاساو دەستورەکانی کلاسیکییەت ڕزگار کردووە و ڕووی کردۆتە ڕۆمانسیزم ( خەزنەدار : ٢٠٠٥: ٤٩ ).

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دڵدار لە لایەک خەونی زۆری هەبوو و لە لایەکی ترەوە بەردەوامیی خەونە بەدی نەهاتووەکانی حاجی قادری کۆیی بووە، دڵدار پەروەردەی دوو جەمســەری شـیعریی بالآیە (نالی وحاجی قادری کۆیی ) و لەم بارەیەوە دەڵێ : شـــیعرە جوانەکانی نالی لەگەل شـــیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادری کۆیی لە مێشـکمدا لەســەر زەعامەتی ئەدەبی شــەڕیان بوو، لەم شــەڕە شـــتێکیان بەمن بەخشـــی، ئەویش بۆ شـــیعرو ئەدەبییات ڕواندمیان، بەڵام نالی کە بۆ دڵداری ڕای ئەکێشـام و حاجی قادر کە بۆ نیشتمان پەروەری ڕای ئەکێشام،ئەم شـاعیرانە هەردووکیان جیاجیا تەئســیری خۆیان لە دلّم کردبوو، بەلآم موتالەعاتی تەئریخم و موحیتە ئاگرینەکەم ونەفســیەتی بۆ خزمەت تێنوم هەرسێکیان منیان بەلای (حاجی)دا دا ( علاءالدین :٥٠).

ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە دڵدار بە هۆی خۆشـەویسـتی خاک ونیشـتمان و ئامانجی خزمەتکردنی بە دڵســـۆزیەوە (دڵـدار) ی وەکو نـازنـاو بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، هەروەهـا هەر ئەمەش وایکردووە خۆشەویستی خۆی بۆ ڕەگەزی مێ ئاشکرا نەکات ودڵی لەسەر جوانییەکانی خۆشەویستی تەنیا لە نێو شـیعردا بکاتەوە، نەک لە واقیعدا، خاڵێکی تری گرنگی پەیوەسـت بە جوانیناسـی لە شـیعردا بۆ هەمەجۆری لە کێش و ســـەروا و بەکـار هێنـانی تەفعیلەی جیـاواز دەگەڕێتەوە،کە مۆســـیقـای هەمەجۆریش دەبەخشێت .

سەرباری چۆنیەتی گێڕانەوەو خستنە ڕووی بابەتی بیرۆکەکەو ڕێڕەوی گشتی و کۆتاییپێهێنانی، بە تایبەتی (گونجانی نێوان کێش وســـەروا و مۆســـیقای دەرەوە، ئەم گونجانە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی جوانی) ( الربضـــي : ٢٠٠٧: ٩٥) لە پاڵ ڕەگەز و تەکنیکەکانی تری شـــیعر، لە تێڕوانینی(باشـــلار) خەون بەهێزترە لە ئەزموون ( باشـــلار: ٣٦) بە واتای ژیانی عەقڵی و ژیانی خەونی، ئەم دوو ژیانەیە هاوسەنگی بوونییان ڕاگرتووە و یارمەتی شاعیرێکی وەکو (دڵدار) یشیان داوە، جوانییەکانی ئەم هاوکێشەیە دەستەبەر بکات .

کە لە دووتوێی دوو جیهانی دژیەک و جیاواز وســـەربەخۆ لە هەموو شـــتێکدا لە هەمانکاتیشـــدا هاوکێشەی جوانییە دووانییەکانی چەشنی ڕوناکی و تاریکی، خۆشی و ناخۆشی، خۆشەویستی و ڕق ...هتد، (جان بیر روی) لەم بارەیەوە دەڵێ : ئەو ژیانە بۆ مرۆڤ شـــەوی یە(ژیانی خەون)، وژیانی ڕۆژی (ژیانی عەقڵە)( باشلار :؟:٣٧ )

ژیـانی عەقڵ ئـاوەز دەگرێتەوەو ژیـانی خەونیش خەیـاڵ، کە جەمســـەرەکـانی (ئـاوەز وخەیـال) جەمســـەرەکانی هۆشـیاری مرۆڤن و ڕۆڵێکی بایەخداریان لە بنیادی هۆشـییاری شـیعریی هەیە، باشلار بەم دوو جەمسەرە دەڵێ :(جەمسەرەکانی هۆشیارییەکی باش) (باشلار : ؟:٣٠ )

دڵدار پێکهاتەیەکی جوانی لەم دوو جەمسەرە وەرگرتووە، بە تایبەتی لە دەربڕینەکانی نێو شیعری (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) کۆکراوەی جوانییەکانی هەردوو جەمسەرەکە بەدی دەکرێت وجەوهەری ڕەوشتن، کە لە گونجانی ویژدانی تاکەکەس و داواکراوەکانی کۆمەڵگە بەدیدەکرێت، دڵدار ئەو خاوەن ویژدانە بوو کە پانتاییەکی بۆ داواکاری خۆی نەهێشتبۆوە، بەڵکو گشتی بۆ پاراستنی جوانییەکانی وڵات وجوانترکردنی تەرخانکردووە .

دڵدار لەو کاتەوەی(کەوتە خوێندنەوەی ئەدەبی تازەی عەرەبی،لەم ئەدەبەشدا شەپۆلی تازەکردنەوە لەسەر دەستی ئەدیبە لوبنانیە ئەمریکا نشینەکان وەکو جبران وئیلیا ابو ماضـي،میخائیل نعیمە، وئەدیبە میسرییەکانی وەک خلیل مطران،وعلی محمود طە،و نوسەرو شاعیرانی گۆڤاری(الهلال) و(الرسالة) سەرنجیانی ڕاکێشا) (ڕۆڤار : ژمارە ١٠ : ٢٩ )

بە تایبەتی سەرسامبوونی بە ئیلیا أبو ماضي (١٨٨٩ –١٩٥٧)، کە (پێشەنگی شاعیرانی تاراوگەیە و شیعرەکانی هەڵگری سیما هزرییەکانە کە بە سەر زۆربەی ئەزموونی شاعیردا زاڵە، لە دیاردەکانی سروشت و بونەوەرە زیندووەکان هاوکێشەی بابەتی دروستکردوە، تێیدا تێڕوانینە هزری و هەڵوێستە دەروونیەکانی بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤ بەرجەستەکردووە )( حسين : ٢٠٠٧: ١١٠ ) کە هەڵگری بیری ووردی فەلسەفی ڕامانیی قووڵن و کاریگەرییەکی زۆری نەک تەنیا بەسەر شیعری عەرەبییەوە هەیە بەڵکو ڕەنگدانەوەی هزرو دەربڕینە جوانیناسیەکانی لە نێو شیعری کوردیشدا مایەی سەرنجە، ئەمە پاڵی بە (دڵدار ) ناوە شیعری (الطلاسم)( أبو ماضي :٢٠٠٤: ١٥٦ )،و(البحر) ( أبو ماضي: ٢٠٠٤ : ١٥٧)،(زەریا) کە ٢١ کۆپلەیە و لە نێوان کۆپلەکاندا هەمان دەستەواژەی (لست أدری) هەیە بە هەمان شێوەی شیعری (الطلاسم) و (الطلاسم) یشی وەک خۆی داناوەتەوە، بەبێ وەرگێڕان و تەنیا یەک کۆپلەی (الدیر)( أبو ماضي : ٢٠٠٤ : ١٦١ – ١٦٤ ).بە (کڵێسا)ی وەرگێڕاوە، لە کۆی (٩) کۆپلە وەرگێڕاوە، ئینجا (دڵدار) لەبەرچی تەنیا ئەم کۆپلەیەی وەرگێڕاوە، یا هەمووی وەرگێڕاوە و وون بووە و نازانرێت .

لەگەل ئەوەشدا وەرگێڕانی شیعر قورسترین جۆری وەرگێڕانە کە بەدی دەکرێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، کەسی وەرگێڕ خۆیشی شاعیر بێت، بۆیە (دڵدار)یش بوێری ئەوەی تێدا بووە ئەم کارە بکات، هەرچەندە ئەگەر شیعریش وەربگێڕدرێت، ئەوا شیعرییەت و ئەو بڕە شیعرییەتەی لە زمانی ڕەسەندا تێدایە، لە کاتی وەرگێڕاندا بڕێکی زۆر شیعرییەت وون دەکات، لەپاڵ زیانبەخشین بە جوانیەکانی ڕیتمی ناوەو کێش وسەروا و بەشێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە تایبەتی وەک ڕەگەزدۆزی، لە کاتێکدا شیعری (الطلاسم ) دەربڕینە لە ئەزموونی دەروونێکی پڕ لە دڵەڕاوکی و ترس، کە گومان لە هەموو شتێک دەکات و ناگاتە هیچ. قۆناغی گومان تێپەڕ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە قۆناغێکی تر بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆتاییەکەیدا دەست بە قۆناغێکی تری گومان بکاتەوە تا بە هۆی (لست أدري) گوزارشت لە حاڵەتی نەزانینە بەردەوامەکەی دەکات، ولێوانلێون لە پرسیار ( محمود : ٢٠٠٥ : ٣٥٢ ).

کە لە دواوەی پرسەکاندا ڕەهەندێکی فەلسەفی بەدی دەکرێت، تەنیا هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمانەی (إيليا أبو ماضي) دەلالەتی ڕۆشنبیری و جوانیناسی (دڵدار) دەناسێنن .

**تەوەری دووەم**

جوانیناسی زمانی شیعریی و سیکۆچکەی بوون، مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ

تیۆروانینەکان وەک چۆن بەرامبەر بە جوانیناسی وبەرامبەر شیعر هەمەچەشنن، بەرامبەر زمانی شیعریش بە هەمان شێوە، توانای شیعر لە سەر داماڵینی نهێنی یەکان و دۆزینەوەی شتە شاراوەکانی نێو دەق، کە لە ئاکامی فەرهەنگی شاعیر وزەمینە ڕۆشنبیرییەکەی سەر هەڵدەدات، دیاریدەکرێت، زمانی شیعری گرنگیەکی زۆری لە لایەن شاعیر و ڕەخنەگران پێدراوە، بە تایبەتی کە گوێی مرۆڤ هەمیشە ڕقی لە دووبارەیی و ووشەی سواو هەیە و ئارەزووی بیستنی ووشە لە سیاقی نوێدا دەکات.

پێشکەوتنی زمانیش جگە لەوەی لە دەرەوەی شاعیرەوەیە– واتە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی کە شاعیر تێیدا پەروەردە دەبێت، وەردەگرێت، بەڵام دواتر شاعیر خۆی نەک تەنیا دەبێتە خاوەنی زمانەکە، بەڵکو ئەو هەلەشی هەیە نوێکاری لە نێو زماندا بکات، ئەزموونی شاعیر و چۆنیەتی دارشتنی بیرۆکەکانی پەیوەستە بە لایەنی ڕۆشنبیری خودی شاعیرەکە، شاعیر دەتوانێ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە ووشەکان پڕ دەلالەتر بکات، و لەسیاقی نوێتردا دایانڕێژێت.

شیعرییەتی زمان لە کاتی دروستبوونی پەیوەندی نوێ لە نێوان ئەم سێ بابەتە (مرۆڤ، شت، ووشە ) دیاریدەکرێت، بەم شێوەیە (أدونیس : ١٩٩٦ : ١٥٤)

١. پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ
٢. پەیوەندی نێوان شت لەگەڵ شتەکانی تر.
٣. پەیوەندی نێوان ووشەو ووشە، واتە کاتی وێنەیەکی نوێی ژیان ومرۆڤ پێشکەش دەکات.

ئەمە وایکردووە (ڕەقیب)ەکەی دلدار کۆی هەموو ئەو (ڕەقیب) انەی نێو شیعری کلاسیکی تێپەڕ بکات و بەرگێکی نوێ بهێنێتە نێو دونیای شیعری نوێ و لە کۆتەکانی غەزەلی ڕزگار بکات و چالاکیەکی هەمیشەیی پێ ببەخشێت، وناسنامەی نەتەوەیی بچەسپێنێت.

(ڕەقیب) لە نێو شیعری کلاسیکیدا مەبەست لێی دوو کەس کە یەک دلبەریان هەبێت، و هەریەکە ئەوی تریان بە بەدکار و دوژمنی خۆی دادەنێت و هەمیشە دەیانەوێت ئاگایان لە هەڵس وکەوتی یەکتری بێ ( عارف: ٢٠٠٧: ٤٢٤)

نالی دەڵێ :

هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و ڕەقیبیش
دێتە سەروچاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم (مودەریس :١٣٩١ : ٢٩٤ )

**یا سالم دەڵێ:**

یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا
غەمناک و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا (دیوانی سالم : ١٩٧٢ :٣٥)

موستەفا بەگی کوردی کە دەڵێ:

ئەی ڕەقیب سەد جار دورم کەی یا جنێوم پێ بدەی
نا عیلاجم هەر دەبێ بێم بۆ سەلاحی کارەکەم (دیوانی کوردی : ٢٥٧٣ک)

هەواڵنامەی کتێب

لە گشت نموونەکاندا ڕەقیب بەدکارەو یەک کەسە، بەڵام لای (دڵدار) ڕەقیب دوژمنە و کوردیش لە گشت لاوە، بە دوژمن دەورە دراوە، کەواتە ڕەقیب لای دڵدار کۆیە و زیانیشی زۆرترو فراوانترە.

سروودی (ئەی ڕەقیب)(*) کرۆکی ناسیۆنالیستی دڵدار دەخاتە ڕوو، کە گشت دوژمنەکانی نەتەوەکەی بە بێ دیاریکردنی ناسنامەیان دەگرێتەوە، بەو مانایەی دوژمن و داگیرکەر، دوژمنە ئیتر هەر کەسێک وخاوەن ناسنامەیەک بێت بەمەش ((دڵدار ڕۆڵی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە و لە دوای ئەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە،هۆنراوەی باڵاکەڵەگەتی جێهێشتوە،وەلێ(ئەی ڕەقیب) کە وەک نمونەی شیعری پێشکەشکراوە (وەرگێردراوەتە سەر زمانی سویدی) یەکێک نییە لە شیعرە جوانەکانی وی، با وەک سرودی نیشتمانی پێیشی قایل ببین )) (حەسەن : ٢٠٠٧ : ٨٢ – ٨٣) بەڵام سرودی نەتەوەیي هەڵگری کۆی هەستەکانی نەتەوەیەک دەردەخات لە لایەک و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر ناوەڕۆک دەکاتەوە نەک لایەنی هونەری دەقەکە، بۆ ئەم مەبەستە دڵدار توانیویەتی نیشانەکە بە ووردی بپێکێ، هەر ئەوەشە وای کردوە تاکو ئێستا هیچ سرودێکی جێگرەوەی نەبێت و یەکێکیشە لەو شیعرانەی ناسنامەو جەوهەری کورد دەردەخەن، بۆیە وەرگێڕانی واتای ناساندنی کورد دەگەیەنێت .

(دڵدار) ویستویەتی هاوشێوەی حاجی قادر(١٨١٥ – ١٨٩٧)سیستەمێک بۆ وڵاتەکەی ڕێک بخات و کۆمەڵگەکەی وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تر خاوەن پلان و هزرو چوارچێوەیەکی جوگرافی دانپێنراو بن، جگە لە حەماسەتی نەتەوەیي و شانازیکردن و ڕۆمانسیزمێتی نەتەوەیی، ڕەخنەیی نەتەوەیی لە نێو ئەم سرودەدا بەدی ناکرێت، وەک لای حاجی قادر پەیڕەو کراوە، هەرچەندە دڵدار لە شیعری تریدا لە ڕێگەی ڕەخنە گرتن لە تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بە تایبەتی چینی لاوان (ئەی لاو،لاوی کوردان) ( علاءالدین : ١٩٨٥ : ٢٠٢)

ئەم شیعرانە سەرتاپایان ڕاستەوخۆ ئاراستەی لاوان کراوە، لە گەڵێ شیعری تریشدا ناڕاستەوخۆ ئەم پەیامەی هەیە و ئەم شیعرەی دووەمیان (لاوی کوردان) لە ساڵی ١٩٣٨ داناوە، ئینجا شاعیرێک لەو کاتەدا ئەم بیرڕێژییەی هەبێت، دەبێت هۆشیارییەکەی لە چ ئاستێکدا بوو بێت،وەک لەکۆتایی شیعری (ئیش – کەرکوک – ١٩٣٩) دا دەڵێ:

مردنە ژینت بە بێ کاری لە سستی لابدە
هەر بە ڕەنجی لاوی وەک تۆ، نیشتمان ئاوا ئەبێ

( علاءالدین : ١٩٨٥ :١٧٦)

---

(*) هێرۆ عەبدولەتیف یونس لە نامەی ماستەرەکەی کە ناونیشانی (دڵدارونوێکردنەوەی شیعری کوردی)یە ولە ساڵی ٢٠٠٨ پێشکەشی کۆلێژی زمان) زانکۆی سلێمانی کردووە لە بارەی ئەم سرووده دەڵێ :(ئەگەر سەیری ناونیشانی دەقەکە بکەین (ئەی ڕەقیب) کە بە کلیلی کردنەوەی دەق دادەنرێت شاعیر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەقەکە ئاراستەی دوژمن دەکا ، هەر چەندە ڕاستەوخۆ ڕواڵەتی دوژمن دەرناخا ، بەڵام وێنەکەی لە یۆتۆپیای شاعیردا جێگیرەو لە هەموو ساتە وەختێکدا ، ولەو بارودۆخە سیاسیەی کە دڵدار تێیدا ژیاوە ئامادەبوونی هەبووە وڕێگر بووە لەبەردەم هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوە ) بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە سەرچاوەی سەرەوو، ل٦٧ ، بەڵام شاعیر ڕاستەوخۆ گوتارەکەی ئاراستەی دوژمن دەکات ، چونکە (ئەی)ئامرازی بانگکردنە و هاوواتای (یا) ی بانگکردنە لە زمانی عەرەبیدا کە (أي)، (أيها)(أيتها)خۆیان دەنوێنن وڕاستەوخۆن و بۆ ئاگادارکردنەوەی ، (دڵدار)یش بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی دوژمن و وەستاندنی بەکارهێناوە .

ئەمانە تەنیا ووشـــەی ڕووکەش یا واتای ســـادەنین، بەڵکو واتای دوور و نوێی لە هەمان کاتدا گرتوتەخۆ و لێرەدا چالاکی ووشـەکانی بەدی دەکرێت، هەستی باوەڕ بەخۆ بوون و باوەڕ بە هزر و تێڕوانینەکان لای دڵدار تا ئەوپەڕیەتی.

دڵدار ویســـتویەتی بەهای ڕەوشـــتی لای لاوان بچەســـپێنێ، بۆیە ڕاســـتەوخۆیی و گوتاری ڕاســتەوخۆیی لە بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی دڵدار بەدی دەکرێت، کە هەر لە ناونیشـانەکانیانەوە دیارن.

وەک (ئەی ڕەقیب، ئەی خودایە، ئەی نازەنین، ئەی کورد، ئەی لاو، بڵێ ســـەربەســـتی ئەی لاو ) هەموو ئەو ناونیشـــانانە بە (ئەی) واتای ڕاســـتەوخۆیی بە دەســـتەوە دەدەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت(دڵدار) ی شـاعیر سـەرنجەکانی سـەر بنیادی مرۆڤێکی ڕاسـتگۆ بنیاد ناوە، ئەم هێڵی ڕاسـتگۆییە لە واتاکانی دواوەی شـیعرەکانیدا بەدی دەکرێن و تەنانەت وایکردووە ڕاسـتگۆییەکەی کەم وکورتیەکان بشـــاریتەوە و لە زمانێکی نوێدا خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و ئاراســـتەکەی بەرەو داهاتووە و گەشبینە ئەگەر هزرەکانی خرانە بواری پەیرەوکردن.

ئەگەرچی بەهای جوانیناســـی جیاوازە لە بەهای ڕەوشـــتی کە دڵدار جەختی زیاتر لە ســـەر بەها ڕەوشـتیەکان کردۆتەوە وبەهای ڕەوشـتیش پەیوەسـتە بە ناوەڕۆکەوە، بەڵام بەهای جوانیناسـی بایەخ بە ڕوخســـار و پەیوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکدا دەدات، نەک تەنیا ڕوخســـار بە شـــێوەیەکی ئەبسـتراکت دوور لە ناوەڕۆک، ئەگەرچی ئەفلاتون (٤٢٧ پ.ز – ٣٤٧ پ.ز) سـەرنجەکانی لەسـەر جوانی میسـالی هەسـتپێکراو کۆکردەوە، کە لە ئاکامی هەردوو ڕەگەزی جوانی ورەوشـت تا چاکە لەسـەر زەوی ڕەنگ بداتەوە، واتە پەیوەسـتبونی چاکەی ڕەوشـتی وجوانی، ئەم میسـالیە کەمینەیە، کە (دڵدار) یش دەچێتە ناو ئەو کەمینەیە و(ئەفلاتون) یانە بیر دەکاتەوە وسەرنجەکانی دەخاتە سەر کۆمەڵگە و دەیەوێ خەڵکان خەمخۆری ووڵات وســـەرچاوەی ئاوەدانکردنەوەی نیشـــتمان بن ولە خزمەتیدا بن و هانیان دەدات بۆ جوانی وجێهێشتنی شوێنەواری جوانی بە ڕوخساری ژیاندا .

بە تایبەتی کە ووشـــە لە شـــیعردا ئاماژەیە بۆ دواوەی واتاکان، ڕەهەندی نوێی پێ دەبەخشـــێت، بەمەش نوێ دەبێتەوە و دەژیێت، گەر وانەبێت ووشـک دەبێت و دەمرێت،ووشـــە بۆ شـــیعر ئاوی ژیانی زمانە، زمان لە واتای شیعردا نەک لە ڕووکەشدا ( الخال : ١٩٧٨: ٢٣)

جوانی زمان لە واتاو دواوەوەی واتاکاندایە وبەو کۆمەڵە بارگەکراوەی بەرەو وەرگر هەنگاو دەنێت، بە واتایەکی نوێی وا کە لە پێشـــتردا ناســراو نەبووە بۆیە (پێویســـتە تێڕوانینمان بۆ شـــیعر بگۆڕین بەوەی کە شـــیعر تەنیا قســـەی کێش وســـەروادار نییە، بەڵکو تێڕوانینی نوێیە بۆ هەموو شـــتێک، تێڕوانینی نوێیە بۆ چەمکی شـیعر، هەروەها بۆ زمان و مۆسـیقا، واتە دەبێتە تێپەڕی شـتی ئامادە بوو و بنیادنانی ئەو شتانەی کە دەشێ ئەنجام بدرێن )(ردۆنیس : ١٩٧٨: ٢٦١)

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ژینگەی واقیعی شاعیر و زمانی شیعریی هەیە، چونکە شاعیر دەتوانی زمانی نوێ لە نێو زماندا دابڕێژێت و ئیحای نوێ بە ووشە ببەخشێت، کە خۆی لە خۆیدا (نیگەیشـــتنی جوانیی لە ســـیمایدا پرۆســـەیەکی مەعریفی یە، وئەزموونی جوانی بەوە وەسف دەکرێت کە هەستە یا هەستەکانن، بەڵام حوکمدان نییە، چونکە لە حوکمەکانی عەقڵدایە و بە پێی بنەماکان سەر هەڵدەدات( ت.سیس: ٢٠٠٠ :٥١– ٥٢)

بۆیە (ئەوەی کە دەگوترێت جوانی درک پێکردنی هەســـتی و وێنە ڕێژی عەقل کۆدەکاتەوە، ئەوە ناگەیەنی لە تەنیشت یەکیان دابنێین، چونکە وێنە ڕێژی عەقڵی هەر دەبێ لە نێو درکپێکردنی هەستی بە ڕێگەیەکی تـایبەت بتوێتەوە و تێیدا وون ببێت، بۆ ئەوەی جوانی دەرکەوێت، دەبێ پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بێت)( ت.سیس: ٢٠٠٠ : ٦٥ – ٦٦ )
دڵدار دەیویســـت بە هەر ڕێگایەک بێت چەمکی جوانیناســـی وەک چەمکێکی تیۆری بگۆڕێت بۆ پراکتیک و و شـیعرەکانی بەو ئاراسـتەیە بردووە، کە پاڵنەرەکانی جوانی هەروەک جۆرج سـانتیانا (١٨٦٣ – ١٩٥٢) لە سێ ڕەگەزدا چڕی کردۆتەوە و بریتین لە : بابەت و وێنەو دەربڕین، ئەزموونی جوانییش لە گونجانی نێوان ڕێڕەوی بیرو ڕێڕەوی سروشت دروست دەبێت ( سانتیانا :٢٠١٠ : ن )ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەب بە گشـتی و شـیعر بە تایبەتی ئامرازێکن بۆ چێژوەرگرتن لە بوون و دەبنە ناوەندێک لە نێوان مرۆڤ وبووندا.
(دڵدار) خۆیشی سەرچاوەی جوانییەکانی سروشتی کردۆتە ئیلهام بەخش و پاڵنەرێک بۆ ئاشنابوون لەگەل جوانی، لە شـیعری (کوردسـتان)کە لە سـاڵی ١٩٤٠ لە بەغدا نوسـیویەتی، هەسـت دەکرێت هەمان ئەو دوورییەی بینینی (بێکەس...) بۆ نیشـتمان و لەودیو ئاسـنەکانی زیندان حاڵەتێکی نۆسـتالیژیی دەبێتە مایەی نووسـین (ئەی وەتەن مەفتونی تۆم و شـێوەتم بیرکەوتەوە)(بێکەس : ١٩٨٠: ١٠)
ئەویش لە دووری خاک ونیشتمان هەستەکانی ڕاپێچی دەکەن بۆ ئەوەی بڵێ:

چاوم پشکوتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
______________
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەمووی گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتەوە
من درەختێکم لەو خاکە ڕوام
بە خۆشەویستی تۆوە ئاودرام ( علاء الدین : ١٨٢ )

(بینین )(گوێ کردنەوە)هێلێکی چەسـپاوی لای شـاعیر دروسـت کردووە، لادان لێیان هەروەکو مەحاڵێکە، ئەمانە جوانی و مۆسـیقای ژیانی (دڵدار)ن، لە کاتێکدا مرۆڤ خۆی لە جەوهەریدا بونەوەرێکی ڕیتمییە، ڕیتمییەکەی لە ئـاکامی ململانێی لەگەل هێلی زەمەنی بـابەتی و هەوڵی زاڵبوونیەتی بە سـەریدا لە ڕێگەی دووبارە دارشـتنەوەی ئەم بابەتێیە وگێڕانەوەی بۆ خود ( الجهاد :٢٠٠٧: ٨٢ )
ڕیتم یا ئیقاع (Rhythm) بە دوای یەکدا هاتنی نێوان حاڵەتی دەنگ و بێدەنگی (هێمنی) یان ڕوناکی و تاریکی، یان جولەو وەسـتان، یان هێزو لاوازی یا پاڵەپەسـتۆ و نەرمی، یان کورتی و درێژی، یان خێرایی و هێواشی یە ( وهبە : ١٩٧٤ :٤٧)

ڕیتمی شیعرەکەی دڵدار کە لەسەر بنچینەی (بینین وبیستن)بنیادنراوە، زانایانی جوانناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە مێشک بۆ پێوانەی جوانی تەنها هانا بۆ بینین و بیستن دەبات،کاتێک مرۆڤ شتێکی جوان دەبینێت یان گوێی لە دەنگێکی خۆش دەبێت،کاریگەری لەسەر مێشکی دروست دەکات، بەڵام هەستەکانی تری وەک بۆنکردن ودەستلێدان و تامکردن لە ڕێگەی جەستەوە دەبێت و کاریگەرییەکەیشی لەسەر جەستە دەبێت و ناچنە نێو ئاسۆکانی جوانی باڵا، هەر بۆیەشە ناووتری ئەم خواردنە جوانە، یان ئەم گوڵاوە جوانە ( العجلانی : ٢٠٠٢ : ١٠٨)

دەشێ بڵێین کاریگەریی ئەم دوو هەستە (بینین وبیستن) جوانی بەرهەم دەهێنی، لە ئاکامی کاریگەرییان لەسەر مێشک و ڕەنگدانەوەیان لەسەر گیانی مرۆڤ و تێرکردنی لایەنە مەعنەوییەکانی ژیانی مرۆڤ، بۆیە دڵدار زیرەکانە پشتی بەم سەرچاوەی جوانییانە بەستووە، بە مەبەستی بەراوردکردنی نیشتمان بە شوێنێکی نامۆ (بەغدا)، بە هۆی خوێندنی تێیدا ژیاوە و ئەو هەموو جوانییەی ناخی کە هەڵگری جوانییەکانی نیشتمانە و ئاراستەکەیشی هەر بۆ نیشتمانە چونکە تەواو بۆتە (قبیلەگاە)، بەهۆی بەخشینی دەلالەتی (قبیلە) بە نیشتمان سەرباری پیرۆزی نیشتمان، پیرۆزییەکی ئاینیشی پێ بەخشیوە، ئەم تێکەڵبوونی ڕیتمی ژیانی شاعیر وەک کەس و ڕیتمی ژیانی نیشتمان وەک شوێن بوونەتە یەک

خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە

ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە ( علاء الدین :١٨٢)

هیدگەر دەڵێ : لە هەر کوێ زمان هەبێت، جیهان هەیە، و لەوێدا کە جیهان هەیە مێژوو هەیە، زمان گرێتییە بۆ جیهان و مێژوو، زمانە کە گرێتی ئەوە دەدات مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت، وەک بونەوەرێکی مێژوویی وەسف بکرێت )( هیدغر : ١٩٧٤ : ١٤٩)

هەروەها بوونی مرۆڤ پەیوەستە بە بوونی زمان و شیعریش یەکێکە لەو ئامرازانەی ئەم بوونە بە هۆی نەک زمانێکی ئاسایی بەڵکو زمانێکی باڵا دەپارێزێت، جوانی سروشتی دەبێتە مایەی گوزارشتکردن بە هۆی زمانەوە لە جوانی هونەری، هەر چەندە (ماددە هەموو شتێک نییە لە جوانییدا، بەڵام بنەمایەکە یا سەرەتای جوانییە، هەروەک چۆن هەستەکان بنەما یا سەرەتای مەعریفین، واتە هەستەکان پەیامبەری دەروونن بۆ جوانی ( إبراهیم : ؟ :٦٧ – ٦٨)

دڵدار لە دەستپێکی شیعری (خەندەکەی بایی) کە لە ١٥ ی مارتی ١٩٤٤ لە بەغدا و لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواو نوسیویەتی و دەڵێ:

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی

فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم

پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی

بەسۆزی هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم

دە سا دەی مەسدەری هەستی

دەخێرا لادەری پەستی

وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بروێنم ( علاء الدین : ١٩٦)

گوایە (هەوێنی ئەم پارچە شیعرە بەرزە تەقینەوەی بورکانی دەروونی پڕ خۆشەویستی و ئەڤینداری دڵدار بۆ (بهیە فرج الله) ( علاء الدین : ١٩٦)

و(بـایی)بەهیە بێـت (یونس ٢٠٠٨ :٧٧) ئەگەر دڵـدار نەیتوانیبێ ئیتر بەهەر هۆکـارێکەوە بێـت، خۆشـەویسـتی خۆی بۆ ئەم بەهیە ناوە ئاشـکرا بکات، چۆن بە ئاشـکرا ناوی دەهێنێت و دەیکاتە ناونیشـانی شـیعرەکەی، دڵدار کەسـێکی ووردبینی دووربین بووە، بۆیە (بەهیە فەرەج الله) لەو بارەیەوە گوتوویەتی :(دڵدار زۆر بە تین و دڵپڕی تەماشـای دەکردم، هەسـتم دەکرد کە دڵی بۆم پڕ بووە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیدرکاند و باسی نەکرد، دەنا شووم پێ دەکرد )( باڵەک : ؟: ٣٠٦) نەدرکاندنی خۆشـەویسـتی لە لایەن (دڵدار) وەوە ڕوویەکی تری جوانی (دڵدار)مان پێ دەناسـێنێت، چونکە (دڵدار) لە ڕووی هزریەوە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبووە، مەسعود محەممەد کە لەسەر داوای (عەبدولخالیق علاء الدین) نوسـراوێک دەنوسـێت و ئاماژەی بەم مەسـەلەیە کردووە و دەڵێ (ئەوانەی بە شـیعر و بەسـەرهاتی (دڵدار) وەوە خەریکن لەوەدا کە فریشـتەی ناو (خەندەکەی بایی) بەهیە فەرەج الله یە و دڵدار بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە بە دەسـت ئەو هەڵبەسـتەوە وەک نیوە سـەرخۆش وە یا نیوە مەدهۆش بە تەواوی نەیدەزانی چۆن و چی دەکات، هەمیشـە چاوەکانی دەبریە دیمەنێکی خەیاڵی تەنانەت لە ڕۆیشتندا کەمتر ئاگاداری بەر هەنگاوەکانی بوو ( علاء الدین : ٦٦ – ٦٧)

هەروەها مەسـعود محەمەد پێی وابوو : دڵدار لە هیچ هەڵبەسـتێکدا هێندەی (خەندەکەی بایی) زۆرە ملیی لەگەڵ عاتیفەو شـاعیریەتی خۆی نەکردووە، هیچ پەری و فریشـتە ئادەمیەکیش بایی ئەو هەڵبەستە ئارایشتی لە (دڵدار) بۆ نەچووە ( علاء الدین : ٦٧)

خەمی سـەرەکی دڵدار ووڵات بووە، کە هێڵێکی درێژکراوەی نێو ژیانی شـیعرەکانییەتی، ئەم ووشـانەی شـاعیر دەریاندەبڕێت هەروەک باشـلار ئاماژەی پێداوە (کلیلەکانی جیهانن بە واتا دووانییەکەی :گەردوون وقوڵایی گیانی مرۆڤایەتی ( باشلار: ٢٠٠٣ : ٣١٥)

ووشـەکانی دڵدار دەربڕی حاڵەتە هەسـتیی و مرۆڤایەتییەکانی بووە، لەهەمان کاتدا زەمینەی ڕۆشنبـیری شاعیر وکۆکردنەوەی حاڵەتەکانی تری پێش خۆی، بۆ نموونە حاڵەتی گشتی شیعری (خەندەکەی بایی)کە هەموو کۆکن لەسـەر ئەوەی ئەم دەقە بڕێکی زۆر شـیعرییەتی تێدایە، تا ڕادەیەک تارماییەکی شیعرەکەی ئەحمەد هەردی (١٩٢٢ – ٢٠٠٦)تیدا بەدیدەکرێت کاتێ دەڵێت:

بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم
شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم
شریتی چی سەراپا سەر گوزەشتەی نا ئومێدیمە
فیلمی پڕ لە ناسۆر و هەرەسهێنانی لاویمە
تروسکەی تیا بەدی ناکەم سەرنجم چەندە لێ داوە
لەتاپۆی نامرادیم وتەمی ناسۆری بەولاوە ( هەردی : ١٩٨٤: ٥٨ – ٥٩)

ئەو (سـەرسامی)یەی لای (هەردی) بەدی دەکرێت و بە ڕوونی بەکاری هێناوە لە کۆپلەی یەکەمی شـیعرەکەی (دڵدار) بە ناڕاسـتەوخۆ وبەبێ ئاماژە پێکردنی (لە ئافاقی ژیانی ناهومێدی ...) هەمان تێڕوانین بۆ خودی ژیان نیشـان دەدات، دەشـێ دەقەکەی (هەردی) لە نائاگایی (دڵدار) ئامادەیی هەبوو بێت و بەشداری لە دەربڕینی هەستە هاوشێوەکەی (هەردی) کردبێت، هەرچەندە شیعرەکەی (دڵدار)زۆر فراوانترە، بەڵام هەمان جوانی دەبەخشـن، زۆر جار دەق هەمووی مولکی هەسـتەکانی شـاعیر بێت، یان خوازراو بێت، گرنگ تا چەند دەبێتە سـەرچاوەی جوانی بەخشـی و تا چەند بە

زیندوویی دەمینێتەوە و چالاکە، هەندێک[*] لەو باوەڕەدان کە دڵدار لە ژێر کاریگەری چیرۆکی (بولبول وگوڵ)ی ئۆسکار وایلد (١٨٥٤ – ١٩٠٠)(Oskar wilde)(، شیعری گوڵی سوور لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر نوسیوە، ڕەمزێکە بۆ قوربانیدانی گوڵ وبێ دەسەڵاتی چونکە بە دەست کەسانێکەوە ئازار دەدرێت و ڕۆڵی مە عشوقەی شەهیدی عیشق دەنوێنێت، دووانەی خۆشەویستی و قوربانیدان هەردوو بەرهەمەکە دەگەیێنێتە یەک، هەر چەندە بەرهەمەکەی ئۆسکار لە (گوڵی خوێناوی) ی (گۆران (١٩٠٤ – ١٩٦٢) نزیکترە، ئەگەرچی هەندەێک لایان وایە گۆران بیرۆکەکەی لە ئۆسکار وەرنەگرتووە[**]

(گۆران و دڵدار) هەردووکیان داهێنانیان لە دەقەکانیاندا کردووە وجیاوازیشیان لەوەدایە کە لە دەقەکەی ئۆسکار بولبول نێوەندگیری هەردوو عاشقەکە دەکات وقوربانی بە خۆی دەدات، بەڵام لە شیعرە کوردییەکان هەر کەسەکە (ئینجا شاعیر خۆی بێت یان نا) ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەعشوقەکەی دەکات.

شیعری (گوڵی سوور)ی دڵدار دوو وێنەی گرتۆتە خۆی یەکەم :گوڵێکی هەڵپچڕکاوی بۆ جارێک بۆنکردنی سیس و ژاکاوی فڕێ دراوی سەرە ڕێگایەکی بێ ناز کەوتوو، دووەم :دڵێکی گەرم وپڕ لە ئارەزووی شاعیرێکی بە سۆزی ئاوی حەزو خۆشەویستی تینوی ویڵی کچێکی شۆخ و نازداری دڵڕەق کە بێ بەزەییانە ژێر پێی ناو پلیشاندیەوە (کاکەی فەللاح : ١١٣)

بەڵام گوڵ لە گێڕانەوەی (ئۆسکار وایلد)جیاوازە، دڵدار بەهۆی ئەندێشە و بیری فراوانی دەشێ سەرسامی بەم گێڕانەوەیە هانی دابێت بۆ ئەوەی ئەم شیعرە لەم قالبەدا دابڕێژێت .

شیعری (کۆترە باریکە) کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی و لە (٦) کۆپلەی پێنجی پێکهاتووە، کە کۆپلەی (٦) مم دووبارەی کۆپلەی (١)مە و خۆیشی ژمارەی بۆ داناون، ڕیزی یەکەم ( ککو کوکو – ککو – کوو) لە سەرەتای بەشی یەکەم و کۆتاییەکەی کە دەکاتە پێنجەم ڕیز دووبارەکراوەتەوە بە ناونیشانی شیعرەکەی (کۆترە باریکە)یە، ئەم ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی ئەو کاتە گونجاوە کە ڕەمز بێت، بەهۆی ئەوەی کە :

١. ئەم دەنگە دەنگی کەڵەبابە، کە ڕەمزێکە بۆ هەڵسان لە خەو و کاتی بەیانی و ڕۆشنبوونەوە ودەستپێکردنی چالاکیەکانی ڕۆژەکە.

٢. بیرۆکەی ئەم شیعرە، شیعرێکی شاعیری میسری (بدیع خیری)ە، کە (سەید درویش)(١٨٩٢- ١٩٢٣) ئاوازی بۆ داناوە هەر خۆیشی ووتویەتیەوە و چەندین هونەرمەندی تری وەک (فەیرۆز، دانیا، ...هتد ) گوتوویانەتەوە، تەنانەت هێندە بڵاوە وەک بابەتێکی میللی لێهاتووە

٣. ئاراستەی شیعرەکە بۆ مرۆڤی کوردە کاتێ لە کۆپلەی یەکەمدا دەڵێ :

ککو – کوکو – ککو – کوو
بەسیە نوستن خەواڵوو

---

[*] بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە :
- کەریم شارەزا ، دڵدار وشیعری ڕیالیزم ، گۆڤاری نوسەری کورد ، ژ:١٢٣ .
- عومەر مەعروف بەرزنجی ، کاروانی شیعری نوێی کوردی وچەپکێک سەرنج ، گۆڤاری بەیان ، ژ:٦٠ ، ١٩٨٠ ، ل:٣٩ .

[**] بڕوانە : د.كمال غمبار ، عبدالله گوران ، منشورات وزارة الثقافة ، ط٢، أربيل ، ٢٠١٠ .

چاو هەڵێنە هەستە زوو
هەلی ژینت لە دەست چوو
ککو - کوو - ککو - کوو

هەمان ئەو حەماسەتەی هەڵسان و کارکردن لە شیعرە عەرەبیەکەدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی لە عەرەبیەکەدا ئاماژە بە ناوی (کەلەشێر) کراوە بەڵام (دڵدار)تەنیا لە ڕێگەی دەنگەکەوە بە بێ ناوهێنانیەتی،هەرچەندە ئەگەر (کۆترە باریکە ) خواستنێک بێت بۆ(کچۆڵەیەکی ناسک) گونجاوە، چونکە ناونیشانی شیعرە عەرەبیەکەش (الحلوە دي) ئاراستەی مرۆڤە بە گشتی، بەڵام لە ڕێگەی دواندنی ئەو کچە جوانەی بەیانیان هەویر دەشێلێت وچالاکە بۆ ئەوەی ببێتە پەیامێک لە تایبەتییەوە بۆ گشتی ئەم شیعرە لە لایەن دکتۆر مارف خەزنەدار بە سروودی منداڵان دانراوە بەڵام نە پەیوەندی بە سروود و نە پەیوەندی بە منداڵ هەیە .

٤. هەرچەندە دڵدار بیرۆکەکەی وەرگرتووە، بەڵام بەرگێکی کوردی ڕەسەنی بە بەردا کردووە و تەنانەت شیعرە عەرەبییەکەشی تێپەڕاندووە، ئەگەر بێتوو ئاوازێکی بۆ دابنرێت، نموونەیەکی جوان و لە پانتاییەکی فراواندا بڵاو دەبێتەوە، واتە چۆن (ئەی ڕەقیب) لە بواری نەتەوایەتی بڵاوە، ئەم شیعرەش هێندەی ئەو لە بوارهی کۆمەڵایەتیدا بڵاو دەبێتەوە .

پۆلین بەندی کاتیگۆری لە ژیانی مرۆڤدا بەم شێوەیەیە ( الجادرجي:٢٠١٣ : ٢٩)




کاتیگۆری سوودوەرگرتن :ئەو پۆلێنبەندەیە کە شوێنی نیشتەجێ و خواردن و پارێزگاریکردن و زۆربوون دەگرێتەوە و پۆلێن بەندی ڕەمزیی پێداویستیەکانی ناسنامەی خود و ئاسودەیی کە پەیوەیستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی سایکۆلۆژیەتی مانەوە، ئەم دووانە واتە پۆلێنبەندی سوودوەرگرتن و ڕەمزیی بنەڕەتیین بۆ بەردەوامیدان بە بوون، بۆیە پێویستییان بە تێربوون هەیە، بۆ ئەوەی دووبارەیی وبێزار بوون دروست نەبێت، پێویستییان بە داهێنان وەک خاڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لەو سواوی و دووبارەییە هەیە ( الجادرجي: ٢٠١٣ : ١٣ - ١٤) واتە : سوود وەرگرتن و ڕەمزیی لە جیهانی پێداویستییەکانی بوون دەستەبەر دەبێت و ئیستاتیکی لە جیهانی داهێنراودا دەستەبەر دەبێت و پەیوەستە بە ئەندێشەو خەیاڵ.

ئەگەرچی شاعیر لە کاتیگۆری سوود وەرگرتن وڕەمزیی بە پێی پێویست نەبووە، بەڵام دەروونی بەرزی وکەسێتی وئاستی ڕۆشنبیری وایکردبوو هەردەم بەرەو جوانییەکان هەنگاو بنێت و نەوەستێت .

فریدریتش نیتشە (1844 – 1900) (Friednich Nietzehe) پێکهاتنەوەیەکی تەواوی لە نێوان هونەرو هەقیقەتدا کرد، بەمەش پەیوەندییەکانی نێوان هونەر و ژیان و جیهان و مرۆڤ دووبارە بنیاد نایەوە و فەلسەفەکەی بەوە جیاکرایەوە کە ئامادەییەکی فراوانی تێڕوانینی جوانی لە خۆگرتووە تا گەیشتە ئەوەی جەختی لەسەر ئەوە کردووە ژیان و جیهان و بوون هیچ بەهایەکیان نییە، تەنیا لە ڕووی توانایان لەسەر پاساو هێنانەوەی جوانی نەبێت ( ولدیب:٢٠٠٦ :١٣٦)

تەنانەت (هونەر لە جوانیناسی (هیگل)دا دەگاتە ئاستی ناوەڕۆکی ئایین و فەلسەفە بە دیاریکردنی مەبەستی کۆتایی لە دەرخستنی حەقیقەتدا) ( ولد یب: ٢٠٠٦: ٢٣٧)

لەو ڕوانگەیەوە (دلدار) وەک چۆن بیرکردنەوەیەکی میسالیانەی هەبوو، هەڵسوکەوتی نێو شیعرەکانی بە هەمان شێوە، زۆر بە مەزنی دەیڕوانییە بوون و مرۆڤ لە لایەک و مرۆڤ و مەعریفەش لە لایەکی ترەوە، پێی وابوو پێکهاتەی مەعنەوی مرۆڤ زۆر باڵایە و دەتوانێ لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بوون و بەدواچوونی مەعریفی باڵاتریشی بکات، جوانی لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژەیی یە، بەڵام سیمای ووردی وقووڵی و گشتگیری تێدا بەدی دەکرێت،درکپێکردنی کەم و کورتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سەردەمی (دلدار) دا، لە لایەن (دلدار) وهەڵوێست وەرگرتنی، لە بەرامبەریاندا تێڕوانینی ووردی (دلدار) دەنوێنن، بۆیە (توانی بە چەند سالێکی کەم شوێن پەنجەی خۆی بە سەر مێژووی نەتەوایەتی میللەتێک بۆ ماوەی سەد ساڵ جێهێلێ، شیعری نەتەوایەتی بگەیەنێتە ئاستێک کە جورئەتێکی دەوێت ڕێچکەی ئەو هەڵگریت )(غریب : ٢٠١٨ : زنجیرە ١٧ ) .

## ئەنجامەکان

• ســـەرچاوەی داهێنان جوانی و بەرهەمهێنانی جوانییە، هەر دەقێک داهێنان لە ڕێگەی جوانییەوە ئەنجام نەدات، ئامادەیی کەم دەبێتەوە، ئەوەی لە هێڵی گشـــتی شـــیعرەکانی دڵدار دا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە دڵدار کەســـێکی میســـالی بووە هەم لە هزر و هەمیش لە کۆی ژیانیدا بۆیە ژیانی بۆ دەرەوەی خۆی تەرخانکردووە،بەمەش تەنیا لە چەند شیعرێکی وەک :خەندەکەی بایی و گوڵی سور و شـیعرە هاوبەشـەکانی لەگەڵ (عەونی و جاهید) مافی بە هەسـتەکانی داوە جوانییە تایبەتییەکەی هەناسە بدەن.

• جوانی و تێگەیشـــتنی جوانی لای دڵدار ناوەڕۆک بووە نەک ڕِوخســـار،جەوهەری جوانی لە هەڵوێست نواندن و کردار و خزمەتکردندا بەدیکردووە و خەمی گەورەی نشتیمان و هەر نشتیمان بووە کە بۆتە ئیلهامبەخشی گوتارەکانی نێو دەقە نەتەوەییەکانی.

• هەردوو جەمســـەری هۆشـــیاری و مەعریفە جوانییان لای دڵدار بەرهەمهێناوە ولە هەریەک لەبیرۆکەکانی خۆی و بیرۆکە وەرگیراو و بابەتە هاوبەشەکاندا جوانی هەمەجۆری جیهانی هەستی و هزری دڵدار دەناسێنن.

• دڵدار لە نێوان دووانەی عیشـــق و وولاتدا دوەمییان هەڵدەبژێرێت،وەک چۆن لە نێوان حاجی و نالی ئاوەز و هەستەکانی دەکەونە ململانێ و لە نێوان جوانییە قووڵە غەزەلییەکانی نالی و هەستی پاکی نشتیمانپەروەری حاجی ئارەزووی بە لای حاجی سەردەکەوێت .

• دڵدار لە داڕشتنی شیعرەکانیدا وەک ناوەڕۆک و تەوزیفکردنی کەرەستەکانی شیعر سەرکەوتوتر بووە، بە بەراورد بە ناونیشـــانی شـــیعرەکانی، چونکە ناونیشـــانەکان نەیانتوانیوە کۆی هەســـت و نەســـتەکانی نـاوەوە بگەیەنن و ببنە نـاســـنامەی دەقەکان و هەڵگری جوانییەکان،بەهۆی ئەو ڕاستەوخۆیی و سادەییە ڕوکەشەی لە بەشێکیاندا بەدیدەکرێت١

• دڵدار ڕەخنەگرێکی هۆشیاری نەک تەنیا سەردەمی خۆی بەڵکو بۆ دواتریش بووە و (من) ەکانی دڵدار سنوری (من) ی خودیان تێپەڕاندووەو لە نێو (من)ی نەتەوەیي تواونەتەوە .

## سەرچاوەکان


١. باڵەک،شێخ محەمەد(٢٠١٠) سەردانی خانی،حاجی،دڵدار،پەشێو، ٢١k گۆڤار،ژمارە ١٥،هەولێر.

٢. بەرزنجی،عومەر مەعروف(١٩٨٠)کاروانی شـــیعری نوێی کوردی وچەپکێک ســـەرنج،گۆڤاری بەیان،ژ ٦٠.

٣. بێکەس(١٩٨٠)دیوان،محەمەدی مەلا کەریم، چ٢، چاپخانەی الادیب: بەغدا.

٤. حەســـەن،حەمەســـەعید (٢٠٠٧)، شـــیعری کوردی بە زمانی ســـوێدی، ڕامان، ژمارە (١١٨) (٢٠١٧/٣/٥)

٥. سالم (١٩٧٢)دیوان،چ٢، چاپخانەی کوردستان: هەولێر.

٦. شارەزا،کەریم(١٩٨١)دڵدار و شیعری ڕیالیزم،گۆڤاری نوسەری کورد،ژ١٢٣:هەولێر.

٧. گۆران(١٣٨٣)دیوان،محەمەدی مەلاکەریم،چ١،چاپخانەی دالاهۆ:تاران.

٨. عارف،د.محمد نوری(٢٠٠٧) فەرهەنگی دیوانی شاعیران _نالی،سالم،کوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس: هەولێر.

٩. عبدالرحمن،شێرزاد(١٩٨٦)دڵدار شیعر و هەڵوێست، مطبعة دار الرسالة : بەغدا.

١٠. عەبدولەتیف یونس،هێرۆ(٢٠٠٨)نامەی ماستەر،سلێمانی.

١١. علاءالدین، عبدالخالق (١٩٨٥)دڵدار شـاعیری شـۆڕشـگێڕی کورد، دار افاق عربیە للصـحافە و النشر: بەغدا.

١٢. غەریب، جەبار جەمال (٢٠١٨)، دڵدار خۆرێک بە ئاســـمانی ئەدەبەوە، زنجیرە (١٧)، باســـنیوز، http://www.basnews.com/index.php/opinion/41965 .

١٣. فەتاح،ڕزگار عومەر(٢٠١٣)ڕۆمانســـیزم لە شـــیعری هێمن ومحەمەد نووری دا،چ١، چاپخانەی موکریانی: هەولێر.

١٤. قادر،د.خانزاد عەلی(٢٠١٢)زمانی شـــیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شـــێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم :هەولێر.

١٥. کاکەی فەللاح،حەمە حەمەئەمین قادر (١٩٧٨) کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغدا.

١٦. کوردی(٢٧٥٣ک )دیوان،چ٢، چاپخانەی کوردستان: هەولێر.

١٧. نالی(١٣٩١)دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم،چ٨، انتشـارات کردسـتان: سنە.

١٨. هەردی(١٩٨٤)ڕازی تەنیایی،چ٢،هەولێر:چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

+ کتێب/بە زمانی عەرەبی

١٩. الخال،یوسف(١٩٧٨)الحداثة في الشعر،ط١، دار الطليعة للنشر و التوزيع: بيروت.

٢٠. أدونيس(١٩٧٨)زمن الشعر،ط٢، ؟ :بيروت.

٢١. ت.ســـيس،ولتر(٢٠٠٠)معنى الجمال_نظرية في الاســـتطيقا،ترجمة/ امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلى للثقافة :القاهرة .

٢٢. سانتيانا،جورج(٢٠١٠)الاحساس بالجمال،ترجمة/محمد مصطفى بدوي، مكتبة الانجلو: القاهرة.

٢٣. وهبة،مجدي /المهندس،كامل(١٩٧٤)معجم المصـــطلحات العربية في اللغة و الأدب، مكتبة لبنان: بيروت.
٢٤. العجلاني،منير(١٩٩٩)مدارس الجمال عند الغربيين،مكتبة لبنان: بيروت.
٢٥. هيدغر،مارتن(١٩٧٤)ما الفلســـفة،ما الميتافيزيقا؟ هيلدرلن و ماهية الشـــعر،ترجمة/فؤاد كامل و محمود رجب، دار الثقافة للطباعة و النشر والتوزيع: القاهرة.
٢٦. ابراهيم،زكريا(دون تاريخ الطبع)فلسفة الفن في الفكر المعاصر، دار مصر للطباعة: القاهرة.
٢٧. باشلار،جاستون(٢٠٠٣)التحليل النفسي للنار،ترجمة/د.زينب محمود الخضيري،ط١، دار شرقيات للنشر و التوزيع:؟.
٢٨. غمبار،د.كمال(٢٠١٠)عبداللة كوران،ط٢،أربيل:منشورات وزارة الثقافة.
٢٩. الجادرجي،رفعة(٢٠١٣)صـفة الجمال في الوعي الانسـان(سـوسـيولوجية الاسـتطيقية)،ط١، مركز دراسات الوحدة العربية: بيروت.
٣٠. ولديب،د.ســـيدي محمد(٢٠٠٦)الجماليات الرومانســـية_راهنيتها و حدودها،ط١، دار الافاق العربية:القاهرة.
٣١. أدونيس(١٩٩٦)سياسة الشعر،ط٢، دار الاداب: بيروت.
٣٢. كوهين،جون(٢٠٠٠)النظرية الشعرية،ترجمة/أحمد درويش، دار غريب: القاهرة.
٣٣. نيار،د.مدحت(١٩٨٦)الشعر_غاياته و وسائطه،؟.
٣٤. هويسمان،دنيس(١٩٨٣)علم الجمال،ترجمة/ظافر الحسن،ط٤، منشورات عويدات: بيروت_باريس.
٣٥. ســوريو،اتيان(١٩٨٢)الجمالية عبر العصــور،ترجمة/د.ميشــال عاصــي،ط٢، منشــورات عويدات: بيروت_باريس.
٣٦. الجيار،د.مدحت(٢٠٠٥)علم النص_دراسة جمالية نقدية،ط٢، ؟ :القاهرة .
٣٧. محمد،د.رمضـان سـطويسـي(١٩٩٣)علم الجمال لدى مدرسـة فرانكفورت_ادورنو نموذجا،ط١، ؟: القاهرة .
٣٨. بودوخة،د.مسعود(٢٠١١)الاسلوبية و خصائص اللغة الشعرية، عالم الكتب الحديث: الاردن.
٣٩. الربضي،انصاف(٢٠٠٧)علم الجمال بين الفن و الابداع، دار الفكر: عمان.
٤٠. باشلار،جاستون(؟)جماليات الصورة،ترجمة/د.غادة الامام،ط١، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع :بيروت.
٤١. حسين،د.مسلم حسب(٢٠٠٧)جماليات النص الأدبي_دراسات في البنية و الدلالة،ط١، دار السياب :لندن.
٤٢. أبو ماضي،ايليا(٢٠٠٤) الأعمال الشعرية الكاملة،بيروت:دار العودة.
٤٣. محمود،د.عبد الباسـط(٢٠٠٥)دراسـة في لغة الشـعر عند ايليا أبو ماضـي، دار طيبة للنشـر و التوزيع و التجهيزات العلمية:القاهرة.

## ملخص البحث

لقد كان الجمال بجانب الخير و الحق من أهم ما يشـــغل فلاســـفة و مفكري اليونان، اذ تبدأ نظرية الجمال مع أفلاطون كنقطة البداية.مع انه يفترض وجود مثال خارجي للجمال، و صـــورة الجمال المحســـوســـة ما هي الا شـــبيهة بالجمال، في هذا المنطلق فان أشـــعار دلدار (١٩١٨_١٩٤٨) لها خصوصيتها المتمثلة بتفجير طاقات التشكيل البصري و السمعي و الافادة من العناصر الجمالية.

لذلك خصصنا هذا البحث الموسوم ب( القيمة الجمالية في أشعار دلدار ) لان للشاعر مع قصر عمره و نتاجاته مكانة مرموقة في الأدب الكوردي،وهو صـــاحب انشـــودة (أي رقيب) المنتشـــرة في أنحاء كوردستان الكبيرة كنشيد وطني، بسبب الروح الحماسية و التحدى المكنونتين فيها .

ويعتبر دلدار شاعرا واعيا بقضايا امته و ناقدا لمجتمعه، على هذا الأساس قسمنا البحث الى محورين : يتحدث المحور الأول (الوعي الشـــعري و جمالية الايقاع الشـــعري لدى دلدار) عن الامكانيات الفنية للشـــاعر و توظيفها في أشـــعاره و تحديد الجماليات و مدى قيمتها الجمالية.و المحور الثاني يدور حول : جمالية اللغة الشعرية و مثلث الوجود و المعرفة وتركيبة الانسان،و أخيرا عرضنا أهم النتائج و قائمة المصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الانجليزية.

## Summary

Beauty was the main concern of the Greek philosophers beside honesty and goodness. Plato's theory of Aesthetics is the beginning. Though, it is supposed that there should be an external example for beauty. The portrayal of beauty only looks like beauty. Depending on this, the poems of Dldar (1918-1948) is characterized by their explosive ability of getting benefit from beauty acoustically when it looked at.

This research which is entitled as The *Aesthetic value in Dldar's poems* and is concerned with his important place in Kurdish Literature though he did not live for a long time. He is the owner of the poem (Ay Raqib) which is a famous national anthem in the Great Kurdistan due to the zeal and challenging spirit in it.

Dildar can be considered as a conscious poet of his nationality and the case of his Kurdish society. Accordingly, the research is divided into two sections. The first one is about the poetic consciousness and aesthetic rhythm in his poems. It reveals the poet's artistic ability and its use in his poems and specifying the aesthetic aspect of the poems.

The second section is about the beauty of the poetic language and the triangle of the existence, knowledge and the structure of the human being. The last part of the research is concerned with the main conclusions and results followed by list of references in Arabic and English.

# لێکۆڵینەوەی فارسی
# لە بارەی دڵدارەوە

# مؤلفه‌های نوستالژی در اشعار دلدار

**پ.ی.د. جیهاد شوکری رشید**
Jihad.rashid@su.edu.krd
**دانشیار زبان و ادبیات فارسی-دانشگاه صلاح‌الدین-اربیل**

**چکیده**

نوستالژی را می توان به بیانی ساده‌تر؛ یک احساس درونی تلخ و شیرین به اشیاء، اشخاص و موقعیت‌های گذشته تعریف کرد. از آنجایی که آثار ادبی تا اندازه‌ای بسترگاه مناسبی برای ابراز بیان غمِ غربت و حسرت و دردمندی بوده‌اند، از اینرو، دیوان شعری دلدار نیز بسترگاه پربسامد و درعین حال جلوه‌گاه مناسبی برای تجلی چنین بازگشتی در رویکرد نوستالژیک این شاعر بوده است. پژوهشگر در این مقاله سعی بر آن دارد تا با روش توصیفی-تحلیلی مؤلفه‌های نوستالژی را در اشعار دلدار ردیابی و برای آنها شواهدی ذکر نماید. دلدار از یک جهت؛ به دلیل آگاهی ژرف از فرهنگ و زبان کردی و از سوی دیگر، سوای توانمندی و ذوق هنری، ناکامی او در رسیدن به معشوقهٔ خویش، قادر بوده است که اندیشه‌ها و ادراکات عمیق خود را، در بیانی دلپذیر و کارساز به گونه‌ای تأثیرپذیر عرضه نماید که اشکال و ابعادی از درمندی، حسرت و دلتنگی را در شعر یا نوشته خود به نمایش بگذارد. مهم ترین دستاورد این پژوهش شناسایی عوامل گوناگون تأثیرگذار بر اندیشه و ذهن دلدار در رویکرد نوستالژیک وی با ذکر نمونه ها و مصادیق شعری او می‌باشد. نتیجه‌ی حاصل آمده از این پژوهش نشان می‌دهد که دلدار به دلیل عوامی سیاسی و اجتماعی و برخورداری از زندگی توأم با غم و رنج ، نشانه‌های فراوانی از احساس دلتنگی و غربت در اندیشهٔ وی راه یافته که پناه بردن به ناکامی در عشق، بازگشت به فضای اسطوره و آینده آرمانی از مهم ترین دلایل مطرح شده می باشد.

**واژه‌های کلیدی:** نوستالژی، دلدار، دیوان دلدار، نوستالژی خاطرهٔ فردی، نوستالژی خاطرهٔ جمعی

### ۱. مقدمه

نوستالژی به عنوان یکی از جنبه‌های روانی انسان، در سرشت آدمی نهفته است که به صورت ناخودآگاه در وجود آدمی بروز کرده و متجلی می‌شود که در واقع یک احساس طبیعی و غریزی در میان انسانها ست. ( شریفیان، ۱۳۸۶: ۵۲) نو ستالژی به عنوان یک رفتار ناخودآگاه و رفتار روانی از حوزۀ روانشناسی وارد حیطۀ ادبیات شده است و سپس تبدیل به یک مضمون شعری گشته است که این مضمون(نوستالژی) به تدریج و به وفور شعر معاصرِ شاعران کرد را به خوبی پوشش داده است. از این جهت، مصادیق نوستالژی را در ادبیات کردی به صورت گسترده می‌توان مشاهده کرد که البته این حسرت و دلتنگی می‌تواند برخاسته از زمینه‌های فردی، سیاسی و اجتماعی ... باشد. از آنجایی که نوستالژی را می توان؛ یک احساس درونی تلخ و شیرین به اشیاء، اشخاص و موقعیت‌های گذشته تعریف کرد، از اینرو، آثار ادبی جلوگاه بیان و ابراز اضطراب و حسرت بوده اند که در این میان دیوان شعری دلدار بستری برای تجلی چنین بازگشتی در رویکرد نوستالژیک بوده است. نوستالژی در شعر دلدار در سطوح مختلقی نمود یافته که شامل نوستالژی فردی و اجتماعی است. پژوهشگر در این مقاله سعی بر آن دارد تا مؤلفه‌های مختص به نوستالژی است، در اشعار دلدار ردیابی کند و برای آنها شواهدی ذکر نماید. البته باید دانست که عوامل فراوانی زمینه ساز ایجاد این حس در دلدار شده است که به آن اشاره خواهد شد. نتیجه‌ی حاصل آمده از این پژوهش نشان می‌دهد که دلدار به دلیل مسایل سیاسی و اجتماعی و برخورداری از زندگی توأم با غم و رنج ، نشانه‌های فراوانی از احساس دلتنگی و غربت در اندیشۀ وی راه یافته که پناه بردن به ناکامی در عشق، بازگشت به فضای اسطوره و آینده آرمانی از مهم ترین دلایل مطرح شده می باشد. البته اگرچه حسرت سروده‌های دلدار چه در قالب نگاه به گذشته‌ی فردی و چه به صورت حسرت بر گذشتۀ جمعی، نمود پیدا کرده باشد و نیز چه به صورت آگاهانه یا به صورت ناآگاهانه، در این صورت نشان دهندۀ شخصیت روانشناختی و ترسیم کنندۀ شخصیت فیزیولوژیکی سراینده بوده است و همچنین نمودار فضا، جو و وضعیت حاکم بر جامعه اوست که باعث شده است نوستالژی‌های اجتماعی او از قدرت و زیبایی دو چندان برخوردار باشد که در این پژوهش با ذکر نمونه‌ها و مصادیق شعرهای دیوان دلدار بدان پرداخته می‌شود و در معرض دید خواننده قرار خواهد گرفت.

- **هدف پژوهش**

یکی از راه‌های کارا و سودمند برای آشنایی و آگاهی بیشتر با آثار شاعران، بررسی و تحلیل سـروده‌های آنها با رویکرد نوسـتالژیکی اسـت. هدف نگانرنده از این پژوهش شـناسـایی عوامل تأثیرگذار بر اندیشه و ذهنیت دلدار در گرایش و رویکرد او به مباحث نوستالژیک است تا با ذکر نمونه ها و مصـادیق شـعری این شـاعر بتوان در پایان پژوهش به یافته‌های جدید و نکاتی بدیع دست یافت.

- **طرح بیان مسأله**

این پژوهش درصدد پاسخگویی به دو پرسش است:

الف) چه نوع بینش نوستالژیکی در اشعار دلدار بیشتر یافت می شود؟

ب) کدام یک از گونه‌های نوستالژی فردی و جمعی در اشعار دلدار وجود دارد؟

- **روش تحقیق**

پژوهش حا ضر با رهیافتی تو صیفی-تحلیلی و از روش کتابخانه‌ای و ا سنادی بهره می‌برد؛ بدین ترتیب که ابتدا منابع پیرامون نوسـتالژی مورد بررسـی قرار می‌گیرد و در ادامه، با این رویکرد به تحلیل و واکاوی نوستالژی در شعر دلدار پرداخته می‌شود.

- **پیشینهٔ پژوهش**

در مورد پیشـینهٔ این پژوهش باید گفت که تا کنون پژوهشـی که به بررسـی فرایند نوسـتالژی در آیینه‌ی اشـعار دلدار بپردازد، هنوز به رشـتهٔ پژوهش درنیامده، اهمیت چنین موضوعی محقق را به نوشتن چنین تحقیقی، تحریض و ترغیب نموده است.

### ۲. مباحث نظری

### - نوستالژی

نوستالژی در لغت « برگرفته از دو سازه یونانی به معنای زادبوم یا بازگشت به خانه و یا به معنی رنج، آرزو و حـسرت ا ست.[۱] بر این ا ساس آرزوی طاقت فر سای بازگـشت به خانه و دیار می‌تواند معنای اولیه کلی نو ستالژی با شد» (نفیسی،۱۳۷۱: ۵۶۷). اما نو ستالژی در ا صطلاح « ا شتیاق مفرط برای بازگـشت به و ضعیت و دوره‌ای از د ست رفته، غم غربت، حـسرت گذ شته و دلتنگی برای خانواده متداول‌ترین معانی این اصـطلاح در مأخذ مختلف می‌باشـد.» (پورافکاری، ۱۳۷۶: ۱۰۱۲). با این وجود نو ستالژی از مو ضوعات روانـشنا سی می‌با شد که وارد ادبیات شده ا ست. زیرا « تراوش ذهنی ادیب حا صل از الهام از تجربه‌های عقلی و روانی او ست بدین ترتیب

ادب آیینهٔ عقل و روان ادیب اســت و ناقد ادبی با اســتفاده از حقایق روانشــناختی که دارای اصطلاحات خاصی در تفسیر آثار ادبی هست کمک می‌گیرد» (عتیق، ۱۹۷۲: ۱۳). البته واژهٔ نوستالژی « در بررسی‌های ادبی به شیوه‌هایی از نگارش اطلاق می شود که بر پایهٔ آن شاعر یا نویسنده در سروده یا نوشتهٔ خویش، گذشته‌ای را که در نظر دارد، یا سرزمینی که یادش را در دل دارد، حسرت آمیزانه و دردآور ترسیم می‌کند و به قلم می‌کشد» (شریفیان، ۱۳۸۶: ۶۵). از اینرو می‌توان گفت که غم غربت و دوری از وطن و دوری از یار، بخش مهمی از این حســرت و دلتنگی را در برمی‌گیرد. به طور کلی شــاخص‌ها و مؤلفه‌های اصــلی نوســتالژی عبارتند از: « دلتنگی برای گذشــته، گرایش برای بازگشــت به وطن و زادگاه، پناه بردن به دوران کودکی و یادکرد حسرت آمیز آن، آرکائیسم (باستان‌گرایی)، اسطوره‌پردازی، پناه بردن به آرمانشهر، بیان خاطرات همراه با افســوس و حســرت یادآور می‌شــود.» (عالی‌عباس آباد، ۱۳۸۷: ۱۵۷) در بررســی‌های ادبی، نوســتالژی را به دو نوع شــخصــی و اجتماعی تقســیم می‌کنند که « بر پایهٔ نوســتالژی شــخصــی، شــاعر یا نویســنده به دوره‌ای از زندگی فردی خویش نظر دارد اما در نوستالژی اجتماعی، موقعیت اجتماعی ویژهٔ فرد برایش حائز اهمیت است (شاملو، ۱۳۷۵: ۱۱) و همچنین در نوستالژی جمعی، شاعر یا نویسنده به موقعیت اجتماعی خاص و ویژه‌ای توجه دارد و در نوســتالژی فردی، لحظه یا لحظاتی از گذشــته خویش را ترسـیم می‌کند و بر آن حسـرت می‌خورد (همان: ۱۳).

- **معرفی دلدار**

یونس فرزند رئوف فرزند محمود ملاســعد از طایفهٔ «خادم الســجاده» به ســال ۱۹۱۸ در روسـتای«بەفری قەندی» در منطقهٔ «کویه» از توابع اربیل چشــم به جهان گشـود. (عبدالخالق، ۱۹۸۵:۱۳) از همان هنگامهٔ شــعر ســرودنش تخلص«دلدار» را برای خود برگزید. تحصــیلات ابتدایی‌اش را در زادگاهش به پایان رساند و جهت ادامهٔ تحصیل وارد دانشگاه بغداد گردید. سال ۱۹۴۵ تحصیلات خود را در رشته حقوق به پایان رسانید و پس از کسب مدرک لیسانس به شهر زادگاهش برمی‌گردد و پس از آن به مدت سه سال به کار وکالت مشغول می‌گردد. تا اینکه دلدار به سبب مسمومیت، شب (۱۱-۱۹۴۸/۱۱/۱۲) در شهر اربیل جان به جان تسلیم آفرین نمود و همانجا به خاک سپرده شد اما سپس در سال ۲۰۰۵ جسد وی را به قبرستان کویه منتقل می‌کنند. دلدار از همان کودکی طبع شــعری وی کاملا نمایان بود. وی در ســن هفده سالگی اولین شعرش را به نام «بو روناکی» می‌سراید و ذوق و قریحه و استعداد شگرف وی در

شعر و  شاعری به چ شم می‌خورد از اینرو، از همان آغاز کار، خود را به عنوان  شاعری نوگرا به جامعه ادبی کرد معرفی می‌نماید. به  سال ۱۹۳۸ وارد فعالیت‌های  سیا سی  شد و به حزب هیوا پیو ست.  شعر دلدار  ساده و روان و به دور از تکلف و بازی با لغات و در همان حال ا ستوار و نغز است. شعر دلدار به لحاظ اهمیت و جایگاهی که در جنبش‌های کردی و ملی گرایی و روشنگری جامعه کردی دا شته، اهمیتش دو چندان  شده ا ست. (نک: عبدالخالق، ۱۹۸۵ و مارف خزنه‌دار، ۲۰۰۵) و دلدار از شاعرانی است که به توصیف صحنه‌های نبرد و مظلومیت ملت خویش و دفاع قهرمانانهٔ آنان از خاک وطن پرداخته است

### ۳. مؤلفه‌های نوستالژی در اشعار دلدار

شاخص‌های نوستالژی در اشعار دلدار برگرفته از نوستالژی فردی و جمعی می‌باشد، که در نوستالژی فردی شاعر به بیان احساسات عاشقانه، هجران و دوری از یار، ناکامی در عشق، مرگ اندیشی، حسرت دوران گذشته و غم غربت خویش می‌پردازد و شاخص‌هایی که در ا شعار دلدار مربوط به حوزهٔ نوســتالژی جمعی می شــود از جملهٔ آنها؛ نوســتالژی خاطرهٔ قومی (بازگشــت به ا سطوره و افسانه)، رنجش از نفی ارزش‌ها، هویت ملی و میهن دو ستی عدم ر سیدن به آرمان‌ها (نوستالژی قومی) است که به صورت نمودار زیر نشان داده می‌شود:



حال در این مقاله به بررسی این عوامل و بازتاب و تأثیر آن در ایجاد احساس نوستالژی در شعر دلدار پرداخته می‌شود و جلوه‌های نوستالژی بر اساس دیوان شعری او در معرض دید خواننده قرار خواهد گرفت.

### ۳.۱ نوستالژی خاطرهٔ فردی

از جمله مؤلفه‌های خاطرهٔ فردی اشعار دلدار عبارتند از؛ در حسرت وصال یار، مرگ اندیشی، حسرت دوران گذشته، غم غربت و و دلتنگی برای گذشته‌ای که سپری شده و شاعر در آرزوی بازگشت به آن است، اشاره نمود.

- **درحسرت وصال یار**

دوری از محبوب و آرزوی وصال و غم ندیدن معشوقه در اشعار دلدار کاملا مشهود است و با غم و اندوه از محبوب و روزگاری که با او دا شته ا ست، یادآور می شود و فراق از معشوق را به خوبی با زبان  شعری‌اش ت صویر آفرینی می‌کند. البته بجا ست که خاطر ن شان کرد که «ع شق ورزیدن ویژگی خاص دنیای انسان‌هاست که از آغاز آفرینش تاکنون با جلوه‌های رنگارنگ، نامکرر و دلنشین خود، رنج حیات را برای انسان تحمل پذیر کرده است.» (مختاری، ۱۳۷۷: ۶۸) عشق و زندگی عاشقانه همه در حیطهٔ خاطرات فردی است که منجر به حس دلتنگی می شود. (عبا سی و فولادی، ۱۳۹۲: ۴۸) دلدار با روحیاتی که دا شت، همواره به ع شق اهمیت می‌داد و این نکته در اشعارش نیز به خوبی بازتاب دارد به گونه‌ای که یکی از ابعاد نوستالژیک شعر های دلدار که منجر به حس دلتنگی می شود، عدم وصال به عشق او می باشد. عدم وصال و حسرت از دوری یار و حسرت از خاطرات عاشقانه یکی از موضوعاتی است که سبب شده دلدار با حسرت و اندوه از آن یاد کند:

له حەسرەت دەردی بێدەرمانی دوریت وا پەشۆکاوم
له شێوانی جەفا ئامێزی مەئـوای دڵ پەشێـواوم

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰۷)

ترجمه: از حسرت درد بی‌درمان هجران تو چنان آشفته‌ام/ از آشفتگی جفا آمیز مأوای دل پریشان حالم.

ع شق «دلدار» با غم، ح سرت، دل تنگی و آرزو پیوندی عمیق دارد و یادآور عا شقانه‌های شاعران رمانتیک، مانند «گوته» است. لحن مأیوسانه دلدار در سخن او نشان از دردی است که

از هجران و دوری یار بیان می کند زیرا اراده و نیروی عشق و درد است که در تلاش و حرکت آرام ناپذیر و سلامت گریز خود، پیمودن مسیر خطرناک و ناهموار عشق را میسر می‌سازد که در واقع این طرز تفکر شاعر را باید متأثر از شکست و ناکامی او در «عشق» دانست که منجر به ایجاد حس دلتنگی می‌گردد:

ئیتر هەر جارەو ئەو ماڵ وێرانە
ئەم کەژ مەسکەنە و هەرەی شارانە
هەروا تێئەگا جەژنی ویساڵە
نازانی "تۆ" نیت وێنەی خەیاڵە

(دلدار، ١٩٨٥: ٢٠١)

ترجمه: حال هربار این خانه ویرانه است/ کوه نشین و آواره شهر است// به خیالش که جشن وصال است/ نمی‌داند که تو نیستی بلکه تصویری از خیالست.

جلوهٔ عشق در آیینهٔ شعر دلدار در معنای زمینی‌اش برجسته است. عشقی که در شعر دلدار متبلور شده است، از عشق مجازی سرچشمه گرفته است. اندوهی که در سروده‌های عاشقانهٔ دلداد به چشم می‌خورد، رنگ و بویش زمینی است نه آسمانی. دلدار در ابیاتی زیبا، خاطرات خوش با معشوق بودن را می‌سراید و چون عشق را با غم و درد و رنج عجین می‌یابد، از عشق دردناک و رنج آور، از آشفتگی خاطرخویش سخن‌ها دارد، لذا سعی می‌کند که آن خاطره‌های خوش همدم و همراهش شود:

لە بن سایەی چەمەنزاری بەهاری
با پێکەوە بین یەك دڵ و ڕووخۆش
دڵ ڕوون و خرۆش با ڕاوێ بکەین سا
هەڵبەستە من و تۆ دڵی پڕجۆش

(دلدار، ١٩٨٥: ١٧٩)

ترجمه: در زیر سایهٔ چمنزار بهاری/ با هم باشیم یکدل و شاداب// با دلی روشن و پرخروش شکاری کنیم/ که (این حالت) دل من و تو را پرجوش و خروش می‌کند.

- **مرگ اندیشی**

مرگ اندیشی از مولفه‌های نو ستالژی فردی است. مرگ و یاد کرد آن یکی از پارادیم‌های فکری دلدار است که در اشعار خود از آن سخن به میان آورده است و از مؤلفه‌های نوستالژیک در شکل به خصوصی در سخن وی نمود یافته است. در شعر وی مرگ پدیده‌ای ناخوشایند و

هەواڵنامەی کتێب

پایانی فلاکت بار به شمار می‌آید و سایهٔ سهمگین آن بر سر انسان، ویرانگر و آزار دهنده می‌نماید:

رۆژێ هات و ڕوحی دەرچوو لاشەکەی کەوتە «ثری»
لێ ی ئەدەن بەم گورزە گەورە وا کە ئیمانی نیە

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۸۴-۱۸۵)

ترجمه: روزی آمد و جان باخت و جسم او به خاک سپرده شد/ او را با گرز گران چنان زنند چرا که ایمان ندارد.

با توجه به ابیات زیر می‌توان چنین برداشت کرد تنها چیزی که در مرگ اندیشی برای دلدار یقینی ا ست، زمان حال و اکنون ا ست. غیر از زندگی زمان حال، همه چیز برای او امکانی می‌شود.

... بەسیە نوستن خەواڵوو
چاو هەڵێنە هەستە زوو
هەلی ژینت لە دەست چوو....

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۸۸)

**ترجمه:** خواب بس است خواب آلود/ چشم بگشا و زود برخیز// فرصت زندگی‌ات از دست رفت

- **حسرت دوران گذشته**

یکی از مواضع دلتنگی و نوستالژی فردی در شعر دلدار به چشم می‌خورد، مربوط به دلتنگی و حسرت او برای گذشته و روزگار سپری شده است، روزهایی که پی در پی می‌گذرند و زمینهٔ دلتنگی او را فراهم می سازند. حس دردمندی وی در پس مضامینی چون گذر روزها، سپری شدن لحظات، غم و اندوه منتج از گذر زمان، تلخی های حیات، اندوه زیستن، تیرهای سهمگین زندگی و بار سنگین رؤیاها و آه‌ها و دردها حضور دارد که پیوند ابعاد عاطفی و احساسی کلام او را به همراه دارد، که این حالت باعث حس نوستالژیک در احساسات دلدار توأم با دلتنگی شده است، وی با اشاره به این موضوع که سرمایه و خاطرات روزهای ایام جوانی خویش را که نوعاً با عشق همراه بوده است چنین ابراز بیان می‌نماید:

سەرومایەی جەوانی خۆم لە ڕێگەی ڕازی ئەو دانا
لە دەرگانەی وەفای هێشتا هەژار و لێو بە باریکم
ئەبێ چۆن پشت بە دڵداریم ببەستم تا کۆ ئێستێکە

گـەڵێ دووریـن لە یەکـتر ئەو لەبـارێ من لە بارێـکم

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۱۰)

**ترجمه:** ســرمایۀ جوانی خویش را صــرف راز(عشــق) او کردم/ در درگای وفای او هنوز بینوا و اف سرده و چ شم به راهم/ چگونه باید به او امیدوار با شم که تا کنون/خیلی از هم دوریم و او در سویی و من سوی دیگر.

البته یکی« از مهمترین عوامل نأثیرگذار در ایجاد حالت نو ستالژی در شاعر و یا نوی‌سنده مسائل سیاسی، اجتماعی و مشکلات فردی می‌با شد» (عالی عباس آباد، ۱۳۸۷: ۵۵). نار ضایتی دلدار از واقعیت موجود و پناه بردن به گذشته از مظاهر بارز نوستالژی در شعر اوست. این حالت برای دلدار رخ می‌دهد که پیروی از انگیزش‌های فردی و اوضـــاع اجتماعی-ســـیاســـی، دچار احساس دلزدگی از زمان حاضر خویش شود تا اینکه شعر یا نوشته خود را آمیخته با فضایی غم انگیز نماید:

دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: اینک، فکری به حال خویش کن و احســـاس به خواری و ذلت خود کن/ آری، دیروز تو صیاد بودی اما امروز طعمه

البته نباید از یاد بردکه اندوه از کشــتارهای جمعی و ویرانی شــهرها از مصــادیق بارز نوســتالژی سیاسی است که دلدار آن را نادیده نگرفته است و بدان خاطر نشان کرده است:

چەند هەزار لاوانی کـوردی نەڕەشـێر
بوون بە قـوربانی و هـەموویان نێـژران

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۷٤)

ترجمه: چند هزار جوان کورد و شیر مرد/ قربانی شدند و به خاک سپرده شدند.

و دلدار با کمال افتخار اظهار بیان می نماید که:

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خـــوێناویە ڕابـــوردومان

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۷٤)

ترجمه: ما فرزندان رنگ سرخ و انقلابیم/ بنگر که گذشتۀمان خون آلود است.





در واقع دلدار از شاعرانی است که به توصیف صحنه‌های نبرد و مظلومیت ملت خویش و دفاع قهرمانانهٔ آنان از خاک وطن پرداخته است؛ چنان که بی تردید میتوان گفت شعر«ای رقیب» به عنوان شعر میهنی با نام وی گره خورده است.

**۲. ۳ نوستالژی جمعی**

در دیوان شعری دلدار، اندیشه‌ها و عواطف نوستالژیک جمعی بسامدی چشمگیری دارد. حاکمیت حاکمان ظالم و سلطه آنها در اقشار مهم اجتماع از جمله مسائلی است که موجبات تأثر و اندوه عمیق دلدار را به دنبال داشته است. که در این قسمت از پژوهش برای هر کدام از مؤلفه‌های نوستالژی جمعی شواهد و مصادیقی از سروده‌های این شاعر ذکر می شود و مورد تحلیل قرار می‌گیرد:

- **نوستالژی خاطرهٔ قومی (بازگشت به اسطوره و افسانه)**

اساطیر ته‌مانده‌های تغییر شکل یافتهٔ تخیلات و امیال اقوام و رؤیاهای متمادی دوران بشریت در دوران جوانی هستند. (باستید، ۱۳۷۰: ۳۳) و اسطوره‌ها در واقع، نمایش قدرت مردم یک سرزمین هستند که در بستر زمان شکل می‌گیرند، انسان‌ها برای تقویت روحی و روانی خود، پیروزی‌های خود را در اسطوره‌ها جاودان می‌سازند. (لک: ۱۳۸۴ :۸۰) و «همه اساطیر به ما نشان می‌دهند که انسان خاستگاهی از سعادت، خودانیختگی و آزادی لذت می‌برده است اما این حالت را متاسفانه در نتیجه هبوط از دست میدهد» (الیاده، ۱۳۷۴: ۵۸) از اینرو، یکی از نمودهای نوستالژی، اسطوره پردازی است. زیرا که اسطوره‌ها، بازسازی جهان آغازین و یا بهشت از دست رفته است؛ با این دیدگاه اسطوره پردازی نیز از بار نوستالژیکی برخوردار می‌شود. دلدار در اشعار خود بر اساس ناکامی در عشق خود، با پناه به بردن به اسطوره، توانسته با ذکر نام شخصیت‌ها ی اساطیری تصور خواننده را به روزگار گذشته سوق دهد.

ئه‌مه‌نده یارێکی غه‌ددار و له ته‌عزیبدانا فه‌ننانه
له بێ باکی و ئه‌تواری زوحاك سه‌رسام حه‌یرانه

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۱۵)

ترجمه: چنان یار غداری است و درتهذیب نمودن ماهر است/ که از جسوری و ادای آن ضحاک سرسام و حیرت آور است

در واقع دلدار با یادآوری اساطیر باستان و حماسه‌های ملی ملت کرد، روزگارانی از پیش را در ذهن مخاطب جاندار می‌سازد. بازگشت نوستالژیک دلدار به اسطوره های ملت کرد و

داستان‌ها با ذکر نام هایی همچون (کەیخوسرەوین، مجنون ، قیس و لیلا) روزگار گذشته را برای مخاطب امروزش در لابه‌لای اشعارش مجسم می کند:

ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئاینمانە نیشتمان

(دلدار، ١٩٨٥: ١٧٤)

ترجمە: ما فرزاندان میدیا و کیخسرو هستیم/ وطن ما مانند دین برای ما عزیز است

قور بە سەر مجنون چ هەتکێکت بە لەیلا کردووە
قور بەسەر لەیلا کە قەیست سووك و ڕیسوا کردووە

(دلدار، ١٩٨٥: ٢٠٩١٩١)

ترجمە: خاک بر سرت مجنون کە چگونە لیلا را شرمندە کردەای / خاک بر سرت لیلا کە چگونە قیس را رسوا کردەای.

بنابراین ملاحظە می‌شود کە توجە دلدار بە افسانەهای ملی و اساطیر و فرهنگ عامیانە در اشعار او ناشی از محقق نشدن آرمانهای او در دنیای واقعی است کە در واقع با خیال پردازی‌ها و تصرفاتش در افسانەهای گذشتە بە نوعی ابراز بیان حال خویش را می‌نماید.

- **غم غربت**

دردناک‌ترین تجربە کە زندگی را ناگوار می سازد و در فرا سوی درد ناکامی جای می گیرد، غم غربت است. «در حوزۀ ادبیات هرگاه شاعر و یا نویسندە، شعر یا نوشتۀ خویش را، آمیختە با احساسی از دلتنگی همراە با حسرت و اضطراب برای سرزمین خود نماید، فردی غربت زدە و دلتنگ برای سرزمین نامیدە می شود.» این در مورد دلدار صدق می کند. دلدار بارها در شعرش بر غربتش صحە می گذارد و ملت خود را ظلم دیدە و غریب و دورافتادە می‌خواند و دلتنگی و احساس غربت را جان مایۀ کلام خود قرار دادە و آن را مایۀ تسکین خاطر می‌داند و با این شیوە و نسق، اعتراض خود را بە شرایط موجود عصر بیان می‌کند:

سەیری ئەحواڵی وەتەن کەن چۆن زەبوون و مردووە
سەیری کاری دۆژمنان کەن چی بە حاڵی کردووە

(دلدار، ١٩٨٥: ٢٠٤)

ترجمە: بە احوال وطن نظارە کن کە چطور خوار و زبون شدە است/ بە احوال دشمنان بنگر کە او را بە چە حال و روزی گرفتار کردە است.

هەواڵنامەی کتێب

غم غربت دلدار، غم اقلیمی اســـت که در حقیقت« غم وطن در عمیق‌ترین لایه‌های روان ریشــه دارد و به صــورت یک آرزوی همیشــگی برای بازگشــت، بازگشــت بدان بیان می‌شــود. »(نفیسی، ۱۳۸۳: ۶۰) چنانچه غم غربت این شاعر، غمی جانکاه از اوضاع آشفتهٔ میهن است:

تۆ ئەزانی ئەی وەتـەن ئیمـرۆکە بۆچـی بێ بەشی؟

بۆچی دەستی شەو نیشانی تۆ ئەدا نامەی ڕەشی؟

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰۲)

ترجمه: تو می‌دانی ای وطن که چرا امروز بی‌بهره‌ای؟/ چرا د ست شب را ن شان تو می‌دهند نامهٔ سیاه (بخت) او؟

درد غربت؛ تعبیر و اصــطلاحی اســت معروف که بر عشــق و علاقه و کشــش نســبت به میهن و زادگاه دلالت دارد. (عاقل، ۱۳۶۸: ذیل واژهٔ nostalgia) دلدار با شــیفتگی به موطن و پیشــینهٔ آن و با رهایی از قید و بندها چنین اظهار بیان می نماید:

وا شیعاری عەسری بیستەم هیمەتە هیمەت بکەن

میـوەیی دارێـکی هیـمەت خـزمەتە خـزمەت بکەن

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰٤)

ترجمه: شــعار قرن بیســتم همت اســت، همت کنید/ ثمرهٔ درخت همت، خدمت کردن اســت، خدمت کنید.

سـەیری باغـاتی وەتـەن کەن وشـکە کەوتــوونەخــەزان

سـەیری غونچەی نەوشکۆفەی چەند بە بێ ناز هەڵوەران

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰۵)

ترجمه: به باغات وطن نگاه کنید که خشکیده شده و برگهایش ریخته/به غنچه‌های نوشکفته نگاه کنید چقدر بی‌مراقبتانه افتاده‌اند.

دلدار همچون فردی دلشیفته و عاشق سرزمین اجدادی ظاهر می شود. او زمان حال را به گذشــته مرتبط می‌کند و این دو زمان را به ســوی آیندهٔ مطلوب می‌گشــاید. آشــنا با تاریخ سرزمین و فرهنگ خود، صحنه‌هایی از وقایع و حضور افراد را در ذهن خود بیدار ساخته و در حســرت و دلتنگی خود آنها را می‌گنجاند و وقایع و روی داده در گذشــته در خاطر وی زنده و متجلی می‌گردد.

- **هویت ملی و میهن دوستی**

هر فردی نسبت به وطن خویش دلبستگی ویژه‌ای دارد و مسئله علاقه شاعر به وطن، تأثیر آن در عمق وجدان، احساس عاطفی و همراهی عاطفه و عمل در عشق به وطن و دفاع از آن، جزء طبیعی و جدایی ناپذیر زندگی انسانی است که برخی نوستالژی را انحصار از«دلتنگی از دوری از میهن و درد دوری از وطن معنی نموده اند». (زمردیان، ۱۳۸۴: ۲۵۴؛ باطنی، ۱۳۷۲: ۱۱۳؛ فورست، ۱۳۸۰: ۵۳) آن گونه که دوری از وطن، رکن اصلی و اساسی نوستالژی را تشکیل می‌دهد. دلدار در زمینهٔ مسائل ملی و میهنی اشعاری سروده است تا آنجا که بسیاری از سروده‌های دلدار دارای احساسات میهنی بوده است. حسرت نداشتن دولت در احساسات نوستالژیکی دلدار نقش محوری را ایفا می‌کند که با خاطرهٔ جمعی می‌توان پیوند داد. درد وطن، درد مشترک همهٔ آزادی‌خواهان شاعران کردی است که آزادانه می‌اندیشند چنانچه دلدار توانست در آن برههٔ زمانی، چنین ادای بیان نماید:

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی؟

کە عالم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی؟

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: آخه ای کرد چرا در میان ملت های جهان حیرت و در مانده‌ای؟/ که عالم همگی مستقلند و تو هم همچنان گرفتار دام هستی؟

ستایش سرزمین یک نمود آرمانی است که برای دلدار ارزش ذاتی داشته است و یکی از دلتنگی‌های دلدار که بعدی از نوستالژی شعری او واقع می شود، اندوه از بین رفتن سرزمین اجدادی اوست، سرزمینی که جولانگاه لشکرهای پی در پی دشمنان می شود و باعث متلاشی شدن آن می شود:

جیهان گیرانی هاوتیرەت کە دۆێنێ هەروەکو تۆ بوون

ئەوا وان پێ گەیشتوون و ئەتۆش هەر کاڵ و هەر خاوی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: فاتحان جهان که همه نژاد تو هستند و دیروز بسان تو بودند/ همانا آنها به هدف رسیدند و تو هم همچنان خام و فام هستی.

دلدار همواره سعی می‌کند ملت را به اتحاد در برابرظالمان دعوت نماید و در کلام خویش، مردم را دعوت به همبستگی نموده است تا با اتحاد و یکپارچگی اهداف شوم دشمنان را نقش بر آب کنند:

کەمەر بەستن لە نێو گەلدا بناغە و پێشڕەوی ژینە
بە تیری کینەیە ئیمرۆ لە ژیــنا فەوت و کــوژراوی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: اراده و همت کردن در میان همهٔ مردم ا ساس پیشرفت زندگی ا ست/ با تیر کینه امروز زندگی کردی از بین رفته و مرده‌اند.

- **عدم رسیدن به آرمان‌ها(نوستالژی قومی)**

یکی از مواضع دلتنگی و نوستالژی در شعر دلدار، عدم رسیدن به آرمان‌های ملت خویش است تا آنجا که می‌توان گفت اندیشه-های اشعار دلدار تا اندازه‌ای آینده‌ای آرمانی است. گاه گاه تأکیدی بر عدم رســیدن به آرمان‌های یک ملت اســت که نگاه تاریخی وی را برای ما روشــن می سازد. این نگاه بر دو ا صل حسرت و حیرت ا ست؛ حسرت بر گذ شته‌ای درخشان که هبا و هدر شده:

دەسا بیری لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: اینک، فکری به حال خویش کن و احســاس به خواری و ذلت خود کن/ آری، دیروز تو شکارچی بودی اما امروز شکار هستی.

البته شایان عناین است که «نوستالژی فقط مربوط به گدشته نیست، شاعر گاهی بر طایر خیال سوار و آرزوی فضایی بس زیبا، مجلل و مطلوب را در آینده می‌کند، که به این حالت نوستالژی آرمانشــهر می‌گویند»(ســیر ولووی میشــل، ۱۳۸۳: ۱۳۳) چنانچه دلدار علاوه بر اینکه از دلتنگی‌هایش برای گذ شته می سراید و دچار حسرتی جانکاه می‌گردد، آرزوی آینده‌ای خوش و درخشان برای خود و مردم میهنش را خواهان است:

مژدە بێ وەتــن خاکــت ڕووناــك بــوو
بەسایەی شــەوقی لاوت چــالاك بوو
نەحسی و شوم ڕۆیی لەسەر کێوانت
ڕووناکی جێی گرت لە ڕووی جووانت
ئومــید پەیدا بوو بڵاوبێــتن فــەن
بنوێنیــن خــزمەت گوزاری وەتەن

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۲)

ترجمه: مژده باد ای وطن خاکت منور گردید/ در سایۀ این روشنی جوانهای تو فعال شدند/ نحسی و شومی از روی کوههایت رخت بربست/ امید پیدا شد و صنعت و هنر توسعه پیدا کرد/ حالا به سرزمین خویش خدمت کن.

دلدار معتقد است که جوانان کرد باید با تکیه بر خود، به سوی آینده‌ای درخشان قدم بردارند؛ تا زمانی که وابستگی به دیگران وجود دارد و ملت در زیر سلطۀ بیگانگان است، نمی‌توان به فردایی بهتر اندیشید. افتخار به جوانان ملت و شجاعت و قهرمانی آنها از نگاه دلدار پشتوانۀ محکمی برای ملت کرد ا ست که گرایش و تأثیر بسزایی به دا شتن میهن پیدا می کند از اینرو، با حیرت از عدم داشتن اتحاد و یکپارچگی بین ملت کرد یاد می کند:

لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەك دڵێر
سا بە خوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە هیچ نانەوێ ئالاکەمان

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۹۱)

ترجمه: جوان کرد مانند انسانهای دلیر به پا خواسته‌اند/تاج زندگی را با خون خود رنگین می‌کنند/ کسی نگوید که کرد مرده ا ست بلکه زنده ا ست/ پابرجا ست و هرگز به پایین نخواهد آمد.

البته شایان عنایت است که سرخوردگی‌های اجتماعی و شکست‌های سیاسی نیز یکی از عوامل پدیدآورندۀ این حس فردی-جمعی در اشعار دلدار است.

- **رنجش از نفی ارزش‌ها**

از بین رفتن ارزش‌های انسانی یکی از مبانی ایجاد حس نوستالژیکی است. دلدار تا اندازه‌ای شاعری آرمان‌جوست و در بخش‌های مختلفی از داستانش به این امور می‌پردازد . وی در جست وجوی گم شده‌هایی همچون عشق یار و میهن است. در سروده‌های دردمندانه و آرزوجویانۀ وی، دلتنگی و حسرت‌هایی انعکاس می‌یابد که می‌تواند ریشه در ذهن و فکر انسان هر درمندی با شد. شاعر از نبود ارز شها در رنج ا ست و از عدم دا شتن اتحاد و یکپارچگی بین ملت کرد در رنج و اندوه است و توصیه می کند:

نەکەی بۆ بەرزی ئامانجت برای خوێنیت لە بەندی کەی
بە بەرزی شاد و مەسروور بە نزمی ژینی شینت بێ

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۷۵)

ترجمه:نکند به سبب پیشبرد اهداف خویش، برادر خونی‌ات را در بند کنی/ در بلند مرتبگی او شاداب باشی و در افتادگی وی ناله و زاری کنی

او در باورهای اعتقادی خود دلتنگ رسیدن به ارزش‌هایی است که اکنون از بین رفته‌اند و دچار دنیایی پرنیرنگ شده است

کەسێ کەس بێ لە دونیادا کەساسی دەستی دەورانە
لە ژیـــنا ناکەسی بـــەدکار لەجاهی عـــزەت و شانە

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۸۳)

ترجمه:  شخص بامرام در دنیا ا ساس د ست روزگار ا ست در زندگی بی مرامی بدکار در عزت و پادشاهی است.

از اینرو، خواستار آن است که:

ڕاست گـــۆ بـــە دایم قـــەت درۆ نەکەی
وەختت بەبێ سوود تۆ لە دەس نەدەی

(دلدار، ۱۹۸۵:۲۱٦)

ترجمه: همیشه راستگو باش و دروغ مگو / و زمانت را بیهوده از دست نده

جست وجوی گمشده‌ها و آرزوی دلدار با وجوهی از نوستالژی آمیخته شده است که می‌توان برای هر کدام مصادیقی را دریافت. آرمان و آرزوهای دلدار با تصویر سازی ژرفی که ساختۀ ذهن اوست در اعتراض به وضعیت موجود جامعۀ پیرامون  شاعر و ترسیم دنیایی آرمانی ظهور می‌یابد، او خواهان رهایی از ضد ارزش‌هاست:

ئەوە ژین نی‌یە کە وەك ژن بـژیت
ئەبێ هەم ئازا و هەم مەزن بژیت

(دلدار، ۱۹۸۵:۲۱۷)

ترجمه: این زندگی نیست که مانند زن زندگی کنی/ باید با شهامت و سرفرازی زندگی کنی

دلدار ا از نبود ارزش‌های انسانی و گسترش ظلم در رنج ا ست. به طورکلی فضای حاکم بر این شعر، نومیدی و درهم ریختگی ارزش‌هاست که شاعر آن را به صورت واقعی به تصویر می‌کشد. دلدار سیاست حاکمان بر ملت را سیاست نیرنگ و فریب می‌داند که به ظاهر دوستانه، اما در درون خصمانه با مردم رفتار می‌کنند و تلاش در نابودی آنها دارند. این حسرت و دلتنگی اجتماعی در حقیقت، برای نابودی ارزش‌های انسانی و تلاش برای از بین بردن ستم و ظلم در شعر دلدار دیده می‌شود.

سەیری ئەحوالی وەتەن کەن چۆن زەبوون و مردووە
سەیری کاری دوژمـــنان کەن چی بە حـــاڵی کردووە
سەیـری ڕەشمـــاڵی زەلالـــەت ئاسمـــانی گـرتەوە
ئێوە تاکەی هەرلە دەورەی‌مەی ئەکەن غیرەت‌کەشی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰٤)

ترجمه: به احوال وطن نظاره کن که چطور خوار و زبون شده ا ست/ به احوال د شمنان بنگر که او را به چه حال و روزی گرفتار کرده اســت./ نگاه کن به چادر پســت و ذلت که آســمان را دربرگرفته/ چرا شما فقط در حین باده‌نوشی دم از حیرت و غیرت می‌زنید.

## نتایج و یافته‌های تحقیق

نتایج حاصل آمده از این پژوهش نشان می‌دهد:

۱) دلدار با بیانی ساده و گاه نمادین، سروده‌های خود را با مضمون نوستالژی در آمیخته است و نوستالژی جمعی و نوستالژی فردی در اشعار دلدار بازتاب داشته است به گونه ای که نوستالژی فردی بیشتر به شکل نوستالژی آنی و نوستالژی جمعی هم بیشتر به شکل مستمر جلوه‌گری می کند.

۲) میهن‌پرستی و ملی‌گرایی به عنوان یکی از ارزش‌های والا، مرکزی برای هویت فردی و جمعی دلدار شــده اســت و از این جهت شــعرش را گاه با عناصـر ملی می‌آراید که غم نداشتن دولت در احساسات نوستالژیکی دلدار نقش محوری را ایفا می‌کند که در واقع با خاطرۀ جمعی می توان پیوند داد.

۳) اشــعار دلدار گاه تأکیدی بر عدم رســیدن به آرمان‌های یک ملت اســت که ســتایش سرزمین یک نمود آرمانی برای وی می با شد که ارزش ذاتی یافته ا ست که حسرت و آه و ناله خویش را با یک عاطفه را ستین و صادقانه در عدم ر سیدن به آرمان‌های ملت کرد بیان می‌کند.

۴) گاه مرگ به عنوان یکی از مؤلفه‌های نو ستالژیک در ذهنیت او نمود یافته ا ست که در کلامش آن را به تصویر کشیده است.

۵) عشــق به عنوان مهم‌ترین عامل تحریک عواطف دلدار، عامل دلتنگی و حســرت او گردیده اســت با ذکر این نکته که عشــق از چشــم انداز او جنبه ای فراروایی و عرفانی ندارد. دوری از محبوب و آرزوی وصــال و غم ندیدن معشــوقه در اشــعار دلدار کاملا

هەواڵنامەی کتێب



مشهود است و با غم و اندوه از محبوب و روزگاری که با او داشته یاد می‌کند و فراق از معشوق را به خوبی تصویر آفرینی می‌کند.

۶) توجه به افسانه‌های ملی و اساطیر و فرهنگ عامیانه در اثر دلدار ناشی از محقق نشدن آرمانهای آنها در دنیای واقعی ا ست. ا سطوره پردازی به عنوان یکی از عوامل تأثیرگذار در احیای تمدن اسطوره‌ای ملت کرد، بخش محدودی از شعر دلدار را به خود اختصاص داده اســت. دلدار به مدد اســطوره تخیل خلاق خویش را به نمایش گداشــته و آن را منبع الهام و مبنایی برای خلق یک واقعیت آرمانی قرار داده است.

۷) اشــعار دلدار نمونه‌های برجســتهٔ پیوند نوســتالژی و خاطره و غم دوری از یار و میهن دوستی است. غم یار و دوری از یار حالت روانی است که جنبهٔ عاطفی و احساسی شعر دلدار را تقویت کرده اســت. بروز عاطفهٔ نوســتالژیک، که از ناخودآگاه دلدار نشــأت می‌گیرد، تا اندازه‌ای باعث ابرازها و شگردهای تصویرسازی شاعر هم گردیده است.

## پی‌نوشتها

۱) در اصــل این واژه از زبان یونانی مشــتق شــده اســت. با دو ریشــهٔ «nostos» به معنی«بازگشت به خانه و یا به سرزمین مادری» و «algos» که به «درد، رنج، یا غم و اندوه» اشــاره دارد. (Hornbey,2003: 840) و در ســانســکریت nosate و در یونانی nostos به معنای بازگشت به خانه بوده که در لاتین به صورت nost-nosto به کار رفته اســت (The Merriam wester: 2006: 98) و معادل این کلمه در عربی، الاغتراب، الغربه و الحنین است (فیروز آبادی، ۱۴۰۶: ۱۶۳۰).

## کتابنامه


- باطنی، محمدرضا و دیگران(۱۳۷۲). فرهنگ واژه‌های دخیل اروپایی در فارسی. تهران: فرهنگ معاصر
- پورافکاری، نصــرت‌اله (۱۳۷۶)، فرهنگ جامع روانشــناســی و روان پزشــکی، تهران: فرهنگ معاصر
- خەزنەدار، مارف(۲۰۰۵). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پینجەم، هەولیر: چاپخانەی ئاراس
- زمردیان، رضــا (۱۳۸۴) فرهنگ ریش‌ه شــناختی واژه‌ها و کوتاه نوشــته‌های دخیل اروپایی و امریکایی در فارسی

- شاملو، سعید (۱۳۷۵)، آسیب شناسی روانی، چاپ ششم، تهران: انتشارات رشد
- شریفیان، مهدی(۱۳۸۶)، بررسی فرآیند نوستالژی غم غربت در اشعار فریدون مشیری، فصلنامه علوم انسانی دانشگاه الزهرا، زمستان ۱۳۸۶ و بهار ۸۷، شماره ۶۸ و ۶۹
- عاقل، فاخر(۱۳۶۸). فرهنگ لغات و اصطلاحات روان شناسی به انضمام فلسفه، جامعه شناسی، آمار، زیست شناسی و فیزیولوژی، ترجمهٔ عبدالمهدی یادگاری، تهران: انتشارات اسلامی
- عالی عباس آباد، یوسف(۱۳۸۷)، غم غربت در شعر معاصر، نشریه گوهر گویا، تابستان ۸۷، شماره ششم
- عباسی. محمود و فولادی یعقوب(۱۳۹۲)، "بررسی نوستالژی در شعر منوچهر آتشی"، ادبیات پارسی معاصر، شماره۲، صص۷۳-۴۳.
- عتیق، عبدالعزیز (۱۳۸۲) الادب العربی فی الاندلس. بیروت: دارالنهضه للطباعه
- علاءالدین، عبدالخالق(۱۹۸۵)، دلدار شاعیری شورشگیری کورد، بەغداد: مطبعەدار الرساله
- فتوحی، محمود(۱۳۸۵). تصویر بلاغت، تهران: سخن
- فورست، لیلیان (۱۳۸۰)، رمانتیسم، ترجمه مسعود جعفری جزی، تهران: مرکز.
- فیروز آبادی، مجدالدین (۱۴۰۶)، القاموس المحیط، بیروت: موسسه الرساله
- لک، منوچهر(۱۳۸۴). ایران زمین در شعر فارسی، تهران: موسسه مطالعات ملی
- مختاری، محمد(۱۳۷۷). هفتاد سال عاشقانه‌ها، تهران: تیراژه
- نفیسی، حمید(۱۳۸۳)، نوستالژی مهاجر، فصلنامه گفتگو، شماره ۸
- نفیسی، سعید (۱۳۷۱)، فرهنگ فرانسه فارسی، ۲ج، تهران: انتشارات صفی علیشاه
- سەیر، رابرت و لووی، میشل(۱۳۸۳) ، رمانتیسم و تفکر اجتماعی، «ارغنون»، شمارهٔ ۲، تهران: انتشارات سازمان چاپ
- Hornby,A.S.(2003) Oxford Advanced Learners Dictionary, oxford University press, 2003.
- The Merriam webstre (2006). Tehran: Farhang nama

# تۆخمەکانی نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی دڵداردا

## پۆختە

بەدەربڕنێکی سادەوە دەتوانین بڵێین کە نۆستالژیا هەستێکی دەروونی تاڵ و شیرینە بۆ کەرەستە و مرۆڤەکان لە هەڵومەرجەکانی ڕابردوودا. بەو هۆیەی کە بەرهەمە ئەدەبییەکان تا ڕادەیەک بوونەتە پێگەیەکی گونجاو یان بۆ دەربڕینی خەمی دووری وڵات خۆزگە وڵات و خۆزگە وئازار، لەم ڕووەوە دیوان شیعری دیوانی دڵداریش پێگەیەکی دیار و لەهەمان کاتدا، نواندنێکی باشە بۆ ڕەنگدانەوەیەکی لەم چەشنەدا لەهەمبەر ڕوانگە نۆستالۆژیایەکەی ئەم شاعیرەدا لێکوڵەر لەم توێژینەویدا، هەوڵ دەدات تا بە میتۆدی وەسفی-شیکاری توخمەکانی نۆستالژیا لە شێعرەکانی دڵداردا بدۆزێتەوە و بو نمونەی شیعری ڕونیان بکاتەوە . دڵداری شاعیر لە لایەک، بە هۆی ئەو هۆشیارییەی قوڵەی لەسەر کلتور و زمانی کوردی، لە لایەکی تر سەرەڕای توانایی و بەهرەی هونەری و نەگەیشتن بە خۆشتەویستیەکەی، توانیویتی بیر و هەستە قوڵەکانی بە دەربڕینێکی دڵگیر و چارەنووس ساز بە جورێکی کاریگەر پێشکەش بکات لە ڕوانگە و ڕەهەندەکانی ئازار، خۆزگە و دڵتەنگی لە شیعر یا و نووسنیەکانی دا بخاتەڕوو، گرنگترین دەستکەوتی ئەم توێژینەوەیە ناسینی هۆکارە جۆراجورە کاریگەرەکانە لەسەر ئەندیشە و زەینی دڵدار لە ڕوانگە نۆستالژیاکەییە دا بەچەندین نمونە لەسەر شیعرەکانی شیعردا. ئەنجامی بەردەستی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە بە هۆکار ی سیاسی و کۆمەلایەتی و تێکەڵ بوونی ژیانی بە خەم و ئازارەوە، شوێن پێیەکی زۆری هەستی دڵتەنگی و خەمی ووڵات لە ئەندیشەکانیدا دزەی کردووە کە پەتابردنە بەرخۆشەویستیەکی لەدەست چوو، کە کەشێکی ئەفسانەیی داهاتوویەکی ڕووناکدا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن کە باسیان لێوەکرا.

وشە سەرکییەکان: نۆستالژیا، دیوانی دڵدار، نۆستالژیای بیرەوەری تاکەکەسی، نۆستالۆژیای گشتی

# Abstract

Nostalgia is simply defined as an inner bitter-sweet feeling towards things, persons, and situations in the past. Since Literature and the Literary works have been a proper mean for the expression of nostalgia, regret, desolation and grief, therefore the poems of Deldar are also a manifestation of such a nostalgic reflection in his approach towards poetry. In this article, the article, the researcher aims at tracing and verifying nostalgia in Deldar s poetry through analytical-descriptive method with providing and presenting examples and evidence from his poems.

On one hand, because of his deep knowledge in Kurdish language and culture, and on the other hand due to his artistic nature and ability, despite of his failure to reach his beloved, Deldar had been able to state his deep thought and perception in a pleasant and effective way that shows forms and dimensions of desolation, and regret in his writing and poems. The most important achievement of the research is identifying various effective factors that had affected the poet"s mind and though in his approach to nostalgia, also with referring to examples from his works.

The conclusion shows that due to the general political and social factors in addition to Deldar s own difficult personal life full of pain and suffering, there are signs that show nostalgic feelings had entered in his thought and mind. Felling of regret, desolation, return to mythical atmosphere and idealistic future are the most prominent mentioned signs and reasons.

**Keywords**: nostalgia, Deldar, the collected poems of Deldar, nostalgia of personal memories, nostalgia of collective memories

# بازتاب مفهوم ناتوراليسم (طبيعتگرايى) در اشعار دلدار

**د. فهری اومر سليمان**[59]
**م. مسعود خورشيد صابر**[60]

**چكيده:**

يونس رئوف (۱۹۱۷ ـ ۱۹۴۸) با نام مستعار «دلدار» از شاعران بنام كرد زبان است كه شعر (اى رقيب) او امروزه به عنوان سرود ملى كردها به رسميت شناخته شده است. اگرچه دلدار در ادبيات كردى شاعرى است كه بيشتر به وطن دوستى و حب سرزمين آباء و اجدادى خويش، معروف گرديده و مسألەى استقلال و آزادى وطن از مضامين اصلى و بنيادى اين شاعر محسوب مى‌گردد اما، در لابەلاى ديوان اشعار او مى توان رد پاى بازتاب محتوا و مضامين ديگرى از قبيل ناتوراليسم را احساس نمود. ناتوراليسم (**naturalism**) جنبشى ادبى است كه در قرن نوزدهم توسط (اميل زولا) نويسنده فرانسوى و تحت تأثير تئورى‌هاى (داروين) شكل گرفت كه بيشتر به جزئيات روزمره زندگى و همچنين رفتار آدمى در چارچوب جبر و وراثت تأكيد مى‌كند. و تقليد مو به مو از طبيعت از مفاهيم بينادى اين جنبش است. از اين نظرگاه در برخى از اشعار دلدار مى توان رويكرد طبيعت گرايانه وى را نسبت به زندگى و سرنوشت انسان واكاوى نمود. در اين پژوهش سعى شده كه اين رويكرد ناتوراليستى در اشعار دلدار يافت شود و نمونه هاى شعرى او را كه در اين زمينه سروده است پيدا نموده و بسامد اين جريان در اشعار او را آشكار نمايد.

**واژه هاى كليدى:** دلدار ، وطن، ناتوراليسم (طبيعت‌گرايى)

**مقدمه**

«اميل زولا» بنيان گذار مكتب ناتوراليسم فرانسوى جزو معدود نويسندگان قرن نوزدهم است، كه به عنوان شخصيتى ادبى و تأثير گذار تا به امروز تئورى‌هاى او در حوزه فلسفه و ادبيات مورد استقبال نويسندگان و پژوهشگران مى‌باشد. زولا در سال (۱۸۴۰) در پاريس از

[59]- دكتۆرا له زمان و ئەدەبیاتی فارسی، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی زمان،هەولیر، بەشی زمانی فارسی : f.soleyman@gmail.coom

[60]- ماستەر لە ئەدەبی فارسی، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی زمان، هەولیر، بەشی زمانی فارسی :masoud.sabir@su.edu.krd

مادری فرانسوی و پدری ایتالیایی زاده شد. از وی به عنوان برجسته‌ترین شخصیت تاریخ ادبیات جهان یاد شده است.«زولادرادبیات یک انقلابی است، اوباتمام توان به هجوم علیه رمانتیست‌ها برخاست و خود را بنیان‌گذار مکتب ناتورالیسم نامید.تنوع آثارزولا ناشی از توجه او به مسائل زمانه است که شخصا تجربه نموده و در آثارش به آن‌ها اشاره کرده است. زولا، در تحولات زندگی‌اش به تدریج تصویر جامعه‌ای در حال انحطاط را نقاشی می‌کند وهم زمان به ظهور نیروهایی اشاره دارد که مایه امید وخوشبختی به آینده جامعه است». (فارسیان و رضایی، ۱۳۸۹:٦۱). عصر زندگی زولا و همچنین زندگی شخصی وی شباهت‌های بسیاری با دلدار شاعر دارد. برای مثال زولا اکثر شخصیت‌های رمان های خویش رااز طبقه کارگر و فقرا بر می‌گزید. چنین شخصیت‌هایی را در اشعار دلدار تحت نام (لاله باس) و (توتنه‌وان) می‌توان یافت.

سبک و نوشتار زولا در زمانه‌ی خود به عنوان طغیانی بر علیه حاکم و فرمانروایان زمانه خویش محسوب می‌شود. طغیانی که دلدار علیه ارباب برپامی‌کند. دلدار ظلم و ستمی را که در حق کشاورزان زمانه خویش از سوی سرمایه‌داران و زور گویانی چون ارباب انجام می‌گیرد را به تصویر کشیده است، با این تفاوت که اینگونه اشعار در زمانه شاعر هیچ گرد و غباری برپا نکرد و روحیه‌ی انقلابی دلدار کمتر کسی را تحت تاثیر گذاشت. بدون شک عمر کوتاه دلدار و امکانات اطلاع رسانی در این قضیه نقش بسزایی داشته است. نقش جوانان در اجتماع، آزادی، وطن، ظلم و فقر و بی عدالتی، گرایش به علم و رهایی از سنت‌ها، از مجموعه شباهت‌های موضوعی دلدار و زولا می‌باشد.

هدف این پژوهش، بررسی مفاهیم ناتورالیستی در اشعار دلدار است. مفاهیمی که به صورت عمدی یا کاملا غیر عمدی و به صورت اتفاقی در این اشعار بازتاب یافته است. لذا در این پژوش به سه پرسش بنیادی پاسخ داده خواهد شد:

۱. مفاهیم ناتورالیستی تا چه اندازه در اشعار دلدار بازتاب یافته است؟

۲. پر بسامدترین این مفاهیم کدام است؟

۳. آیا دلدار را می‌توان شاعری ناتورالیست به شمار آورد؟

**زندگی دلدار**

یونس رئوف محمود ملا سعد، از خاندان (خادم السجاده) شهر (کویه)،وی متولد 1918م می باشد. به دلیل مصادف شدن تولد شاعر «دلدار» با دو جریان؛یکیفقر و نداری که تمام منطقه را دربر گرفته بود ؛دوم ازهم پاشیده شدن دولت عثمانی،زندگی خانواده شاعر هم در تنگ دستی شدید و هم در بی ثباتی از این شهر به آن شهر در نوسان بوده است.چون پدرش (محمود افندی) در دستگاه حکومت عثمانی کار می‌کرد، لذا بعداز ازبین رفتن سلطه عثمانی، همیشه در حال نقل مکان محل زندگی‌اش بوده است. شاعر از زمانیکه به شهر «اربیل» آمده،

خود را شناخته و حوادث و بازی‌های روزگار را به خاطر سپرده و بعدها خودش آن را بازگو کرده است. خانواده‌اش اگر چه در وضعیت مادی بسیار بدی بسر برده است،اما به گفته خود شاعر با فرهنگ قناعت،حفظ آبرو و عزت نفس پرورش یافته‌اند و همین صفات باعث شده که همه اوضاع و احوال نا بسامان را تحمل بکنند.و خود شاعرهم با همین خلق و خوی و فرهنگ بزرگ می‌شود.

خاندان او تا سال 1926ساکن شهر اربیل می‌شوند. از سال 1926 به کویه انتقال می‌یابند. سال 1927 در سن 9 سالگی شهر (کویه) به مدرسه می‌رود . بعدها به علت شغل پدرش مدتی در رانیه زندگی می‌کند.سال1932 بار دیگر خانواده‌اش از رانیه به کویه می‌آیند. آن زمان سال 4 ابتدایی و 12 ساله بوده است.در سال 1935دوره ابتدایی را تمام کرده و وارد دوره متوسطه شده است. در اثنای دوره متوسطه با کسانی آشنا شد که اهل شعر و شاعری بودند و او نیز تشویق شد که شروع به سرودن اشعار نماید و اولین شعری که سرود، درباره مادری بود که در عزای پسرش اشک می ریزد.

دوره متوسطه را با موفقیت به اتمام می‌رساند.دوره دبیرستان را در (کرکوک) در سال 1940 به پایان می‌برد. در همان سال وارد دانشکده حقوق در بغداد می‌شود.اودر سال 1945 از این دانشکده فارغ التحصیل می‌شود به کویه برمی‌گرددو به کار وکالت مشغول می‌شود.بالاخره در 1948/11/12 در شهر اربیل در اوج جوانی 30 سالگی براثر حمله قلبی دار فانی را وداع می‌گوید. (علاءالدین، 1985: 30ـ13 )

**مضامین شعر دلدار:**

از نظر مضامین شعری از دو شاعر بزرگ کورد زبان متأثر بوده است. مضامین میهن پرستی از «حاجی قادر کویی» و مضامین غنایی و عاشقانه را از «نالی» متأثر بوده است. دلدار جوانی اجتماعی و در عین حال بسیار متواضع و خوش برخورد بوده است و در احساسات و درد دل‌های اکثر مردم«کویه» شریک بوده است. اکثر مضامین شعری شاعر به مسئله خاک و آزادی کردستان مربوط است.

**افکار سیاسی دلدار:**

دلدار تنها سرگرم کار عشق و عاطفه و احساس شاعرانه نبوده است، بلکه در کنار آن کارها و فعالیت‌های حزبی و سیاسی نیز داشته است،برای نمونه در سال 1938 وارد حزب «هیوا» شده است و بعدها (1946) وارد حزب«تحرر» شده است.

**درجه علمی دلدار:**

دلدار اهل مطالعه بوده و با توجه به کتاب‌هایی که در کتابخانه شخصی وی موجود هستند،او در زمینه های مختلف مطالعه داشته است و معلومات خوبی در رشته هایی چون نتاریخ، فلسفه، ادب، علوم، روشنفکری، حتی اقتصادی داشته است. علاوه براین‌ها در تخصص

خود کار (وکالت) بالا دست بوده و شهرتی بهم رسانده بود. همانطور که در شعر سرودن توانا و طبعی روان و ذوق و بهره شاعری فراوان داشته در نثر هم آثاری از خود به جای گذاشته است که نشانه تیز هوشی و درک عالی از مسائل جامعه زمان خود بوده است. آثار او عبارتند از: مجموعه اشعار، چند رساله و ترجمه و مطالب گوناگون دیگر.

**دلدار و الهام شعری:**

دلدار شاعری توانا و صاحب ذوق بوده، که با آن سن و سال کم خود توانسته است آثار و اشعار خوبی را بر جای گذارد.محققین بر این باورند که سه چیز در زندگی شاعری دلدار خیلی مؤثر بوده است و او را به سوی احساسات عمیق و لطیفه های دقیق شعر سرودن برده است:

1.طبیعت زیبای کردستان به خصوص هنگامی در رانیه زندگی می‌کرد و به ویژه زیبایی چشمگیر چشمه«قوله»و آب صاف و زلال آن که اورا سرمست و مسحور می‌نمود.

2.دو شاعر معروف کورد؛ حاجی قادر کويي و نالی.

3.دوبار گرفتار شدن در دام عشق و دلبستگی شدید به دو دختریکی در شهر کرکوک و دیگری در بغداد که باعث شکوفایی عواطف و احساسات شاعر شده است.

همچنین یکی از اسباب شهرت «دلدار» شعر «ای رقیب» است که در نزد کردها از جایگاه والایی بر خوردار است و به صورت سرود ملی در آمده است. (علاءالدین، 1985: 82 ـ 106 )

**مکتب ادبی ناتورالیسم**

یکی از مکتب‌های ادبی که در قرن نوزدهم بوجودآمد، مکتب ادبی ناتورالیسم بود، که در دهه‌های آخر قرن نوزدهم در فرانسه ظهور پیدا کرد، البته این ظهور زیاد طول نکشید و در اواخر قرن نوزدهم خورشید آن رو به افول رفت. اما در کشورهای دیگری چون آلمان و بعدها یعنی در اوائل قرن بیستم در امریکا رواج پیدا کرد.این مکتب از فلسفه وارد ادبیات شده است، به عبارت دیگر این مکتب در اوائل ظهورش یک مکتب فلسفی بوده، سپس وارد ادبیات گردید.در تعریف فلسفی آن گفته‌اند که «تمام پدیده‌های هستی، در طبیعت و در محدودۀ دانش عملی و تجربی جای دارند و هیچ چیز در وراء ماده، وجود ندارد»(ثروت، ۱۳۸۵: ۱۲۱)

به عبارتی ساده تر قدرت مطلق از آن طبیعت است وهیچ نیروی فراتر از طبیعت و ماده وجود ندارد، نه برای آفریدن و نه برای نظم بخشیدن به پدیده‌ها و موجودات هستی. «دنیس دیدرو» فیلسوف فرانسوی، ناتورالسیت ها را کسانی می دانست که حرفه شان مشاهده دقیق طبیعت و یگانه آیین شان، آیین طبیعت استالبته در این رویکرد طبیعت به گونه‌ای مکانیکی و ماشینی و ماتریالیستی تعرف می شد.(زرشناس، ۱۳۸۹: ۹۳ )

بهر حال طبیعت گرایی در فلسفه قدیم به معنایی به کار می‌رفت که ماده گیرایی و لذت جویی و هر گونه دین گریزی را در بر می‌گرفت. معنی اصلی آن تا قرن ها همین بود. طبیعت گرایی قرن هجدهم، که پرداخته اولباک (هولباخ) اندیشمند فرانسوی بود، دستگاهی فلسفی بود که انسان را صرفا ساکن جهانی از پدیده‌های قابل درک می‌دید؛ نوعی ماشین کیهانی که سرنوشت انسان و نیز طبیعت را در دست داشت؛ وخلاصه، عالمی تهی از نیروهای متعالی، ماورای طبیعی، یا الاهی. (فورست و واسکرین، ۱۱:۱۳۸۵)

اما ناتورالیسم در ادبیات، به دو معنی تفسیر شده است معنی نخست آن عبارت است از مفهوم ساده و عامیانه‌ی آن و به عبارت بهتر در معنی واژگانی خود کار برد یافته، یعنی دوست داشتن طبیعت و مهروزی نسبت بدان و احساس همدردی و علاقه و وابستگی و اظهار عشق به انواع مظاهر آن از قبیل گل و گیاه، کوه و دشت و دمن، رود و دریا و جنگل، ابر و ماه، پرندگان خوش آواز و غیره بوده است و این قبیل طبیعت گرایی به ویژه در کار شاعران در هر دوره ای امکان بروز و ظهور یافته است(ثروت،۱۲۱:۱۳۸۵). معنی دومی که برای ناتورالیسم ادبی ذکر کرده اند، آن را در معنی ومفهوم یک دبستان فکری و مکتب ادبی مطرح شده است که بیشتر در بحث از مکتب ناتورالیسم باید این منظور در نظر داشت. بنابر این می توان ناتورالیسم ادبی را این طوری تعریف کنیم «عقیده‌ای که معتقد است هر آنچه حیات و وجود دارد جزئی از طبیعت است و می تواند نه بواسطه علل ما وراء طبیعی، روحانی یا معنوی بلکه به علل اسباب طبیعی و مادی توضیح داده شود». (همان: ۱۲۲)در شرح و توضیح مکتب ناتورالیسم ادبی این نکته را اضافه کرده‌اند که این مکتب « یکی از جریان هایی است که در امتداد تفکر مدرن و بسط تعریف اومانیستی از بشر پدید آمده است».(زرشناس، ۹۵:۱۳۸۹ )

همچنین پژوهشگران بر این واقعیت تأکید کرده‌اند که نویسنده یک مشاهده‌گر طبیعت است که تمام جزئیات را در نظر می‌گیرد. در ناتورالیسم ادبی تأکید ویژه ای بر تشریح دقیق، جزئی و به تعبیر خود «عینی» واقعیت دارد، ناتورالیسم های ادبی، نویسنده را مشاهده‌گر طبیعت می دانند که باید به طور دقیق به ثبت مشاهدات خود به «روش علمی» بپردازد. (همان: ۸۵)

در کنار کابردهای فلسفی و علمی، و پیوسته با آن‌ها، واژه «طبیعت گرا» کاربرد دیگری هم داشت؛ در هنرهای زیبا از قرن هفدهم به بعد، نقاش طبیعت گرا نقاشی بود که موضوع‌های تاریخی، اساطیری یا تمثیلی را دستمایه کارش قرار نمی‌داد، بلکه می‌کوشید تقلیدی حتی الامکان دقیق از شکلها (فرم‌های) موجود در طبیعت را بر بوم بنشاند. (فورست و اسکرین،۱۲:۱۳۸۵) از هنرهای زیبا (نقاشی) بود که این اصطلاح سرانجام وارد نقد ادبی شد و وارد کننده آن بدون شک «امیل زولا» بود که این کار را در پیشگفتار، چاپ دوم رمان «ترز راکن» (۱۸٦۷) انجام داد.(همان: ۱۳) بدین سان ناتورالیسم با باری از معانی مشتق از فلسفه و علوم و هنرهای زیبا وارد ادبیات شد.

**عوامل تشکیل دهنده ناتورالیسم (طبیعت گرایی)**

هر یک از مکاتب ادبی در هر زمانی تحت شرایط و زمینه های خاصی بوجود آمده است؛ زمینه های علمی، سیاسی، اقتصادی و هنری و فلسفی. مکتب ناتورالیسم نیز بر اثر بروز اوضاع و حالات ویژه‌ای ظهور پیدا می‌کند که در اینجا به اختصار به بعضی از این عوامل و زمینه ها اشاره می‌شود:

**الف -–تأثیر علوم و فلسفه:**

اگر بخواهیم تأثیر علوم بر ظهور طبیعت گرایی را بررسی کنیم زمان زیادی را می‌طلبد، لذا به طور اختصار می‌توان گفت که: «علم تجربی یا همان علم مدرن» را در حد یک اسطوره مورد ستایش (جامعه جدید غرب) قرار گرفته بود، و این گونه ادعا می‌شد که «علم» و «جهان بینی علمی» جای هر نوع مذهب و آیین را گرفته است و بشر با بهره بردن از «جهان بینی علمی» به دین و معنویت و اخلاق هیچ نیازی ندارد. در این رویکرد، علم محصور به مرزهای تنگ و محدود (پوزیتیویسم) و روش شناسی حسی- تجربی و درچار چوب درکی ناسوتی از عالم و تفسیری اومانیسی- ماتریالسی از انسان خود نمایی می کرد. و این گونه پنداشته می شد که علم مدرن پوزیتیویسمی، راه نجات زندگی آدمی است(زرشناس،۱۳۸۵:۱۰۱).

**ب - آثار انقلاب صنعتی:**

یکی دیگر از زمینه‌هایی که بر ظهور ناتورالیسم تأثیر گذار بود، انقلاب صنعتی و پیشرفت سریع آن در قرن نوزدهم بود. در این قرن که قرن تکامل علم نامیده‌اند، باعث توسعه خردگرایی و توسعه صنعت و اختراعات و اکتشافات جدید گردید.باچنین پیشرفت خیره کننده‌ای عجیب نبود که خوشبختی و توانگری در دسترس انسان، یا دستکم در دسترس برخی انسان‌ها قرار گیرد، روی دیگر این سکه بینوایی توده‌های مردم بود، مردمی که (خوراک و علوفه) انسانی ماشین صنعت بودند(فورست و اسکرین،۱۳۸۵:۲۰).

این هر دو جنبه انقلاب صنعتی در آثار ناتورالیست نقش مهمی دارد. تقلا برای کسب ثروت و قدرت، از طریق توسعه کار، و بدبختی کارگرانی که دست به اعتصاب و شورش می‌زنند گاهی رفاه روز افزون قشر برخوردار در کنار مبارزه تهی دستان به تصویر در می آید(همان: ۲۱).

**پ - زمینه وراثت:**

در مورد نقش وراثت در زندگی شخصی افراد، اغلب ناتورالسیت‌ها همرای هستند. به عبارت دیگر «مسأله مهم دیگری که ناتورالست ها وارد رمان های (آثار) خود کردند و با اصرار زیاد بر آن تکیه زدند، تأثیر وراثت در وضع روحی اشخاص بود، زیرا معتقد بودند که شرایط جسمی و روحی هر کس از پدر و مادرش به او رسیده است»(سید حسینی،۱۳۸۷:٤۰۷).در داستان این سلسله کتاب‌ها (رمان‌های ناتورالسیت) این معنی نشان داده





شده است که مثلا هر گاه فرزندی از یک مادر بدکاره به دنیا بیاید، در سرنوشت آن فرزند چیزی جز جنایت کاری و مشروب خوری و...رقم نمی‌خورد.

**بازتاب مفهوم ناتوراليسم (طبیعت‌گرایی) در اشعار دلدار:**

پس از بررسی مختصر زندگی شاعر (دلدار) و شرح موجزی از مفهوم ناتوراليسم و بنیان گذار آن یعنی امیل زولا، اکنون سعی بر آن است که در این قسمت مفاهیم ناتوراليستی در سروده‌های دلدار مورد تحقیق و پژوهش قرار گیرد.

**١. بازتاب رنج و فقر و ناعدالتی موجود در اجتماع**

در برخی آثار ناتوراليستی، مظالم و رنجها و بی‌عدالتی‌های ناشی از نظام سرمایه‌داری و انقلاب صنعتی به دقت توصیف شده است. اما آرمان یا الگویی برای رهایی از آن ارائه نشده است. در واقع می‌توان گفت بیشتر شخصیت‌های آثار ناتوراليستی به گونه‌ای در سیکل بسته‌ی مرارت‌های ناشی از زمینه‌های بیولوژیک و فشارهای محیط ظالم و نا مساعد اسیر هستند (زرشناس، ١٣٨٩: ١٠٤). محتوای بسیاری از اشعار دلدار بازتاب رنج و فقر و ناعدالتی اجتماع شاعر هستند. کشاورزانی که شب و روز در گرما و سرما با اوضاع نابسامان جسمانی مشغول کار هستند و با این وجود شکم آن‌ها خالی است. شعر «لاله باس» اوضاع نابسامان یک کشاورز کورد را توصیف می‌کند:

ڕۆژێــکی پایـیز لـه پێش نیـوەڕۆ      لالـه باسـم دیـت زەوی ئـەدا تـۆ

ڕووت و زگ والا پیرو تیک شکاو      پشتی چەماوە لووت لەسەر ئەژنۆ

(دلدار، ١٩٨٥: ٢١١)

کسانی که یک عمر در سرما و گرما، با پیشه سخت کشاورزی معیشت می‌کنند، اما هنوز صاحب یک تکه زمین نیستند و با نان جو، شب سر به بالین می‌نهند:

ئــەوا چڵ ســـاڵە زەوی ئەکـــێڵم      فـەللاحی ئەکم هەتاکو ئیمرۆ

نــرخی عارەقەی ڕوونی ماندوویم      تیـکە نانێکە، چە نان؟ نانە جۆ

ئەویــش بە بـــێ دۆ.....

ئەویــش بە بـــێ دۆ.....

(همان: ٢١٣)

ناتوراليست‌ها و به ویژه «زولا»از طریق چاپ آثارشان «خوانندگان بورژوازی خویش را ناگریز می‌ساختند تا با زندگی آشفته و نکبت بار طبقه‌ی کارگر آشنا شوند. کارگران هوشمندی را نیز که به خواندن آثارشان پرداخته بودند با وضع رقت بار طبقه خویش آشنا می کردند. همین امر عواقب اصلاح طلبانه به دنبال داشت که به هر حال نه ادبی، بلکه سیاسی و اقتصادی بود» (ثروت، ١٣٨٥: ١٤٨).شعر «توتنەوان» نمونه فلاکت و بدبختی طبقه کارگران و به ویژه کشاورزان است:

ڕۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما  ئاودێـرێکی ڕووت توتـنی ئاو ئـەدا
زەرد و بێ هێز و لاواز و نەخۆش  ماڵ وێران، پەر پووت، بەدەم لەرزە تا
لە چوار سەرخێزان خۆی منداڵی  هــەر ئەویـان هەبوو هەڵسا بوو گۆیا

(همان: ۲۱۹)

در ابیات فوق، سخن از درد و رنج و سختی‌های انسان جامعه آن روزگار شاعر است، و صحنه‌های رقت انگیز آن را به تصویر کشیده است.

**۲. توجه به علم و دانش**

توجه به علم و دانش از مضمون‌های چشمیگر اشعار دلدار می‌باشد. او جوانان وطن را همواره به سوی علم و دانش فرا می‌خواند. شیفتگی به علم از ویژگی‌های بارز نویسندگان ناتورالیسم می‌باشد و حتی گاهی ضرورت ظهور چنین مکتبی را ناشی از عقاید علم گرایانه و وارد نمودن آن در ادبیات خوانده‌اند. زولا جامعه را به بدن زنده یا ماشینی تعبیر می‌کند و می گوید «ما بیمار پیشرفت و صنعت و علم هستیم و غرق در تب، زندگی می‌کنیم»(ثروت، 1385: 134). دلدار نیز به مانند زولا جوانان وطن را از عقب ماندگی عصر خویش آگاه می‌سازد:

ئەی برادەر لادە لە فکری کـۆن و زوو سـا راپەڕە
کارەکەت چارێک بخە، ڕەنجت هەبێ خۆی چا ئەبێ
مـردنە ژیـنـت بـە بـێ کـاری، لە سـستی لابـدە
هـەر بە ڕەنـجی لاوی وەک تۆ، نیشـتمان ئاوا ئەبێ

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۷٦)

هر کجا دلدار شعری برای جوانان وطن سروده باشد، ضرورت فراگیری علم و دانش دوران را یکی از مضامین شعری خود قرار داده است. در شعر «رۆڵەی تازە» علم و دانش را یکی از پایه‌های مهم زندگی دانسته و انسان بی علم را بی روح و جان خوانده است:

مــن ڕۆڵـــەی کوردستانم  تــازە ڕۆڵــەی کوردانم
تــاکو وڵات ســەرکـەوێ  فیــدایــە ڕۆح و گیـانم
....پێ ویـستی مـە زانـینە  زانیــن بــناغەی ژیــنــە
گــەر گەلێ بێ زانین بێ  گەر زیندوش بن مردینە

(همان: ۱۹۹)

از شعارهای دیگر نویسندگان ناتورالیستی و به ویژه زولا این است که «قرن ما قرن تحول است. از گذشته‌ی منفوری بیرون آمده‌ایم و بسوی آینده‌ی ناشناخته‌ای روانیم». (سید حسینی، ۱۳۸٤: ٤۰۰). دلدار نیز خواستار تحول علمی در زندگی جوانان است و علم و دانش را به عنوان بهترین صلاح اجتماعی در درست آن‌ها قرار می‌دهد. در شعر «ئەی لاو» جوانان را به جنگ علم و دانش در مقابل جهل و نادانی دعوت می‌کند:

له مه‌یــدانی ته‌قدومـدا تــه‌لاش ئه‌ســپی نه‌جاتت بێ
لغاوی ئه‌سپه‌که‌ت (فکر) و (علم) و ئاوزینگ و زینت بێ
له نـێو گه‌لدا ئه‌بێ ئیعلانی جه‌نـگی که‌ی له‌گه‌ڵ جه‌هـلا
عیلم چه‌ک بێ له ئه‌م جه‌نگه وه‌ته‌ن جێگای که‌مینت بێ

(همان: ۱۷۵)

در شعر (مندالّی هیوا) فرزندان را امید آینده می‌داند و از آن‌ها طلب می‌کند که در راه فراگیری علم و دانش قدم بردارند:

تۆ ئه‌بێ چرای زانست هه‌ڵکه‌ی		ده‌ستم داوێنت رێگا ون نه‌که‌ی

(همان: ۲۱۷

### ۳. نقش جوانان در پیشرفت‌های اجتماعی

امیل زولا در روزنامه‌ی «فرانسه‌ی جوان» در باب پیشرفت‌های اجتماعی و نقش جوانان در این زمینه می‌نویسد: «زمان بیداری و مبارزه فرا رسیده است. به پیش جوان‌ها! ما نسل جوان آینده هستیم. زندگی با ما است. ما فرزندان این زمانیم، آن را صادقانه می‌پذیریم، اما می خواهیم که پیشرفت کند، و در آرزوی آینده‌ی بهتریم. حزب ما میهن است. ما فقط پیروزی آن را می‌خواهیم این است که تکانش می‌دهیم تا بیدار شود..»(سید حسینی، ۱۳۸٤: ۳۹۹). این تفکر نیز یکی از دغدغه‌های دلدار شاعر بوده است امید بسیاری به نوجوانان وطن دارد:

هیــوام به تــۆیه ئــه‌ی تــازه منــاڵ		به‌یانی ببــیه نـمونه‌ی میسـال
....ئومێدی دوا رۆژ رۆڵه‌ی هیوا تـۆی		خاوه‌نی فیکری بیکرو باڵا تۆی
....له‌رێی سه‌رکه‌وتن ئه‌بێ پێش که‌وی		هه‌تـا بـکه‌وی زیاتر سه‌رکه‌وی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۱٦)

در باب نقش جوانان در جامعه می‌گوید:

ئێــمه به‌یــانی گه‌نـجین		لـه‌م خاکــه‌دا له ره‌نجیـن
ره‌نجدان نیشانه‌ی گه‌نجه		ئێمه‌ش خوڵقاوی ره‌نجـین
...وه‌تـه‌ن مـحــتاجی تۆیـه		رێگاکه‌ت جوست و جۆیه
مـیلله‌تێ سست بـژیتـن		له مه‌یــدان وه‌کــو گۆیـه

(همان: ۱۹۹)

### ٤. ارائه تصویر کاستی‌های اجتماع

«پیروان مکتب ناتورالیسم برای توجیه پایبندی خود به وظایف واقعی، زشت نگاری را عین واقعیت گرایی می‌دانستند»(قاسم زاده، ۱۳۸۹: ٥٤). ناتورالیست‌ها حقایق زندگی را به شیوه‌ی رئالیستی به تصویر می‌کشند و بر این باورند که حقیقت چه زیبا باشد و چه زشت باید به تصویر کشیده شود. دلدار نیز برخی از کاستی های اجتماع خود را به عنوان نقاط

ضعف موجود در اجتماع بیان نموده است. در شعر «لاوی کوردان» جوانان وطن را به خاطر میخوارگی و بی توجهی به مسئله ناسیونالیزم سرزنش کرده است:

تـۆ ئەزانی ئـەوی وەتەن ئیـــمرۆکە بۆ چـــی بێ بەشی؟
بـۆچی دەســـــتی شەو نیـــشانی نـــۆ ئەدا نامە ڕەشی؟
پێـــت بڵێم ئەسبـــــابی گەورەی زیللەت و چارە ڕەشـــی؟
گەنـجی کوردان هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۰۲)

دلدار رفتار و عادت‌های زشت جاریجوانان وطنش را به تصویر می‌کشد و می‌گوید دست از میخوارگی بردارید و از خواب بیدار شوید، وطن در نبود شما دچار بحران شده است:

سـەیری باغاتی وەتەن کەن وشکـــە کـــەوتوونە خـــەزان
سەیری غونچەی نەوشکۆفەی چەند بەبێ نـــاز هەڵوەران
شاهـــــیدی بـــێ کاری ئێـــوەن وا کــــەوا ئـــاو بێ بـــران
عەیبە تاکەی هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی

(همان: ۲۰۵)

**۵. جبر و سرنوشت**

به اعتقاد ناتورالیست‌ها انسان‌ها همواره قهر جبرهای بیولوژیکی، اجتماع یا محیط هستند و انسان‌ها تحت تأثیر این جبرها قرار می‌گیرند. از دیدگاه آن‌ها «اشخاص نمی‌توانند نقصان های منشی خود را به میل خودشان یا با تلاش فردی برطرف کنند. آنان قربان وضعیتی هستند که خود هیچ نقشی در به وجود آوردنش ندارند»(پاینده، ۱۳۹۱: ۳۰۰).در اشعار دلدار قسمت و سرنوشت برخی از انسان‌ها از پیش تعیین شده است و سعی و تلاش برای رسیدن به زندگی بهتر بی فایده است زیرا آنها قربانی جبر محیط زندگانی خویش شده‌اند. کشاورزی که بی وقفه مشغول شخم و کاشت محصول است دچار خشکسالی و جبر اقتصادی می‌شود. او از این سرنوشت شوم ناراضی است و شکوه گلایات خود را با خدا در میان می‌گذارد:

ئـــــەی خودایە حـــاڵی عالەم حـەقی شــــایانی نـــیە
میـــحـەنت و ئیـــــدباری زۆر و شــــەهدی بێ ژانی نیە
....ڕیـــگەیی بەشـــــکردنی ڕزقت لە دونیـــــا شاهیــــدن
هێندێ کەس ئەفرادی لۆرت و هێندی کەس نانی نـــــیە
ڕۆژێ فـــــەرمـــــووت (لیـــس للانســـــان الا ما ســـعی)
هیـــچ کەسیش هێـــــندی فەللاح ئیـــش و کێلانی نـــیە
ئیش ئەکات و ڕەنج ئەدات و ڕووتوقووت و زگ بە تاڵ
ئـاخری بێ ســـوود ئەمێنێ ســــــاڵ کە بارانـــی نیـــە





(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۸٤- ۱۸٥)

جبرگرایی در ناتوارالیسم بدین معنی است که «در مجموعه‌ی ریخت ظاهری انسان، خلقیات، رفتارها و معتقدات وی در همهجا جای پای وراثت حضور دارد. کسیکه کور یا فلج مادر زاد است طبیعتا بخشی از ناتوانی‌ها را از طریق ژن‌ها از والدین خود دریافت می‌کند بی آنکه خود در آن سهمی داشته باشد. یا در باب اخلاقیات ارزش‌ها، افراد محصول اجباری محیط های خود هستند و اختیاری از خود ندارند»(ثروت، 1385: 134). در واقع می‌توان گفت از نظر ناتورالیست‌ها «بشر، حیوانی است که سرنوشت او را وراثت محیط و فشار لحظه تعیین می کند»(زرشناس، ۱۳۸۹: ۹٥). در برخی موارد دلدار به طور مستقیم به تقدیر و سرنوشت از پیش تعیین شده اشاره می‌کند و سعی و تلاش انسان‌ها را بیهوده می‌داند، هر آنچه خدا در سرنوشت انسان‌ها نوشته همان خواهد شد:

ئەڵێـــن پێم غونـچەی عومرت بە بێ هودە مەژاکێـنە
ئەوی یەزدان بڵێ تەقدیـر ئەبێ سەفحەی مەگەچلێـنە

(همان: ۲۱٥)

زندگی در حال گذر است، انسان چه ناراحت و چه غمگین، چه شاد چه خوشحال باشد، برای زندگی هیچ توفیری نمی‌کند:

دڵ بە دوو ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وائەبێ
ئیـشی دنیـا ڕەنـجی پێ ناوێ بە خۆی ئاوا ئەبێ

(همان: ۱۷٦)

**٦. مخالفت با باورهای دینی**

به اعتقاد ناتورالیست‌ها هیچ چیز در ماوراء ماده وجود ندارد. به عبارتی دیگر «ناتورالیست‌های ادبی مخالفت زیادی با پرداختن به امور غیر محسوس و یا حتی مابعد الطبیعی دارند»(زرشناس، ۱۳۸۹: ۱۰۳). در اشعار دلدار اگرچه به نفی خدا و باور به ماده مواجه نمی شویم، اما گاهی با ایده‌های از این قبیل که خدا هیچ دخل و تصرفی در زندگی انسان‌ها ندارد روبرو خواهیم شد. کشاورزی که شب و روز خودرا صرف کاشتن گندم نموده است و چشم به آسمان دوخته و منتظر باران است، گویی خدا صداهای او را نمی‌شنود. دلدار تحت تأثیر زندگی چنین کشاورزی ضمن گله و شکایات خود، در انتهای شعر به گونه‌ای با خدا صحبت می‌کند که در جامعه شاعر نوعی ترک ادب شرعی محسوب می‌شود:

گەر لە ئەفـلاکا هەبـایە حاکمێـکی تر بەرقـەرار
سا ئەچووم ئەم ووت ((خودای من سودی ئینسانی نیە
ڕەنـگە کەم دیـدە و مـەلایان هانـی خەڵقی وابـدەن
کوشتـــنی دڵـدار حـەڵاڵە چونـکە ئیـمانی نـیە

(دلدار، ۱۹۸۵: ۱۸۵)

در برخی مواقع دلداربا نگاهی خیامی به زندگی مینگرد و انجام واجبات شرعی را بیهوده می‌شمارد. کاری که ناتورالیست‌ها در زمان خود با کلیسا انجام داده و واجبات شرعی را زیر سوال بردند:

ژیان خەونێکە ئەی بینین بە تیژی دێت و ئەڕواتن
لە پەنـــهانی نیـــهانیدا ئـــەوی دانـــا بێ نادانە
لە هیچدا بەدی هاتیِ، بەرەو هیچیش ئەڕۆی غافل
لە بەینی هەردوو هیچدا خەراباتی بژی گیـــــانە
عیبـــادەت چی بوو نەتزانی بە غیرەز نێر بیـدۆشە
ســـەری خـــۆت بۆ دێشێنی سەفا نیسانە نیسانە

(همان: ۱۸۳)

### ۷. شرح جزئیات

توصیف دقیق و شرح جزئیات زندگی و حوادث روزمره از ویژگی‌های بارز مکتب ناتورالیسم می‌باشد. از نگاه ناتورالیست‌ها «تنها آنچه دیده می‌شود، مهم است نه شنیده‌ها. بنابراین بسیاری از منتقدان معتقدند که زیباشناسی ناتورالیستی به خاطر حذف تخیل از کار آفرینش، سطح هنر و ادبیات را تنزل داده است»(میرصادقی،۱۳۷۳: ۲۶۳). این ویژگی در بسیاری از اشعار دلدار قابل مشاهده است. شاعر آنچه را که می‌بیند بدون استفاده از عنصر خیال بازگو می‌کند. شرح دقیق و توصیف جزئیات در شعر دلدار باعث شده تصویرهای شعری او ضعیف و دارای هیچ گونه مبنای زیبایی شناسی شعری نباشند. شعر «لاله باس» از این دسته اشعار می‌باشد. شاعر زندگی و و سختی‌های یک کشاورز را که برای لقمه‌ای نان می‌بایست عذاب و رنج بیشماری را تحمل نماید، به زبانی ساده چنین بیان کرده است:

کەپرێـکی دار گەز نارێک دامـــەزراو    بە پووش و گەڵای چرووسەر گیـراو
... ئـــافرەتـــێک لولا، لاڵ و پاڵ کەتوو بێ هـۆش لە بەر تا، لە برســا ژاکاو
منداڵێکی لەڕ عومری شەش ســـاڵان  لەپەو ڕوو کەوتـوو، بێ مل، پەشـۆکاو
منـــداڵێـکی تر ســـاواو بێ پەروا   بـە دوو پـــارچە جل لەملا داپۆشـراو

(دلدار، ۱۹۸۵: ۲۲۰)

بیان و شرح دقیق شاعر از زندگی «توتنەوان» ذهن مخاطب را به سوی افراد طبقه پایین اجتماع سوق می‌دهد. افرادی که بیشترین زحمت را می‌کشند و کمترین درآمد را دارند. در واقع «ناتوارالیسم ادبی تأکید ویژه‌ای بر تشریح دقیق، جزئی و به تعبیر خود (عینی) واقعیت دارد» (زرشناس، ۱۳۸۹: ۹۵). تمام شعر«توتنەوان»دلدار با همین ویژگی ناتورالیستی سروده شده است:

ئـــاوم کـرد وەدەم منـــداڵی ســاوا — ماندوویی و ئیشی خۆم لە یاد نەما
حاڵی ئەم ماڵەی هەژار و نە خۆش — ئەرکی ســـەر شانی ئــاودێری تەنیا
منیان هاویشـــتی گێژی ســـرنجدان — لـــە کـــارو باری نارێکی دونـــیا

(همان: ٢٢١)

**٨. زبان محاوره**

ناتورالیست‌ها برای بیشتر نزدیک شدن به واقعیت، از زبان محاوره و روزمره‌ی مردم استفاده می‌نمودند. آن‌ها ادعا می‌کردند که «محتوای رمان باید عبارت از حوادث روزمره‌ی عادی و حوادث پیش پا افتاده زندگی باشد، باید از همین چیزهای باشد که نه آغاز دارند و نه پایان»(رضا سید حسینی، ١٣٨٤: ٤٢١). بدون شک نزدیک شدن به زبان محاوره، به ویژه در شعر شاعر را از تخیل و خیال شاعرانه بیشتر دور می‌سازد. کابرد زبان محاوره در شعر دلدار باعث شده اشعار شاعر دارای کمترین تصویر شعری باشند. اشعاری که به زبانی بسیار ساده سروده شده‌اند و تمام قشرهای اجتماع از باسواد گرفته تا بی‌سواد با خوانش اول، آن را درک می‌کنند:

ککو......کوکو......ککو.......کوکو
بەســـــــیە نووستن خەواڵو
چـــــاو هەڵێــنە هەستە زوو
هـــەلی ژینت لە دەس چـــوو
ککو... کوکو........ککو.......کوکو

(دلدار، ١٩٨٥: ١٨٨)

دلدار در سرودن اشعار ملی بیش از دیگر اشعار خود به زبان محاوره و مردمی نزدیک شده است. توصیف ساده کوردستان به زبان محاوره از نمونه این گونه اشعار شاعر است:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جـوان
تۆ قیبـــلە گاهی مـــنی بێ گومـــان
چـــاوم پشـــکووتووی شاخەکانتە
فێـــــری ســـەیرانی باغـــەکانتە

(همان: ١٨٢)

**نتیجه‌گیری:**

خصوصیات و ویژگی‌های مکتبی ادبی و غربی چون ناتورالیسم را نمی‌توان به طور قطعی و مو به مو، در اشعار شاعران کرد باز یافت. زیرا محیط و اوضاع و احوالات اقتصادی و سیاسی موجود در سرزمین شاعر تأثیری بسزا در شعر آن خطه خواهد گذاشت و از طرفی مکتب

ناتورالیسم  بیشتر در دنیای رمان و داستان نویسی مورد استقبال قرار گرفته است تا شعر. با این وجود باز می‌توان رگ و ریشه یا ردپای برخی از مؤلفه‌های ناتورالیسم را در اشعار شاعران مشاهده نمود. بررسی مفاهیم ناتورالیسمی در اشعار دلدار خود دو علت دارد. یکی عصر زندگی ایمل زولا و دلدار بسیار بهم نزدیک است و دیگری روحیه انقلابی و وطن دوستی و طغیان علیه ارباب و زورگویان در شخصیت هر دو آن‌ها دیده می‌شود. زولا از طریق داستان نویسی و رمان به این کار پرداخته است و دلدار از طریق شعر.

مؤلفه‌های ناتورالیستی در شعر دلدار عبارتند از، بازتاب فقر و تنگدستی موجود در اجتماع، توجه به علم، نقش جوانان در پیشرفت های اجتماعی، کاستی های اجتماع، مخالفت با باورهای دینی، شرح جزئیات، زبان محاوره است. پر بسامدترین این مؤلفه‌ها بازتاب فقر و تنگدستی موجود در اجتماع و غنی شمردن نقش جوانان در اجتماع می‌باشد. در اشعار دلدار ظلم و ستمی که ارباب درحق کشاورزان انجام می‌دهد به وضوح دیده می‌شود.

به طور کلی می‌توان گفت که اکثر مؤلفه‌های ناتورالیستی در اشعار دلدار، تحت تأثیر جامعه و شرایط زندگی هم میهن‌نان خویش، بازتاب شده است، اما نه به همان حجم و مقداری که در آثار برخی از نویسندگان غرب دیده می‌شود. اگرچه در ادبیات کردی دلدار به شاعری رئالیستی خوانده شده است، اما بازتاب مؤلفه‌های ناتورالیستی را در شعر او نمی‌توان نادیده گرفت و از وی می‌توان به عنوان شاعری ناتورالیستی نیز یاد کرد.

## فهرست منابع

**کتاب:**


ـ پاینده، حسین (۱۳۸۹)، ***داستان کوتاه در ایران***، تهران، نیلوفر.

ـ زرشناس، شهریار، (۱۳۸۹)، ***پیش درآمدی بر رویکردها و مکتی های ادبی***، چاپ اول، سازمان انتشارات پژوهشگاه فرهنگ و اندیشه اسلامی: تهران.

ـ سید حسینی، رضا، (۱۳۸۷)، ***مکتب‌های ادبی***، چاپ اول، مؤسسه‌ی انتشارات نگاه: تهران.

ـ ثروت، منصور، (۱۳۸۵)، **آشنایی با مکتب‌های ادبی**، چاپ اول، انتشارات سخن.

ـ فورست، لیلیان و اسکرین، پیتر، (۱۳۸۵)، ***ناتورالیسم (طبیعت گرایی)***، چاپ چهارم، نشر مرکز: تهران.


**مقاله:**


ـ قاسم زاده، سید علی (۱۳۸۹)، ***«طلوع و افول ناتورالیسم»***، رشد اموزش زبان و ادبیات فارسی، شماره ۹۶.

ــــ فارسیان، محمدرضا، رضائی، ناهید،(1389) *«زولا در ایران»* فصلنامه مطالعات زبان و ترجمه (دانشکده ادبیات و علوم انسانی)، علمی ـ پژوهشی، شماره سوم.

ـ میرصادقی، میمنت، (1368) ***« ناتورالیسم»*** نشریەی چیستا، شمارە 64.

**کردی:**

ـ علاءالدین، عبد الخالق، (١٩٨٥)، ***دڵدار شاعیری شۆرشگێری کورد***، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە.

**پوختەی توێژینەوە:**

**ڕەنگدانەوەی ناتۆرالیزم (سروشتگەرایی) لە شیعرەکانی دڵداردا**

یوسف رەئوف (١٩١٧-1948) ناسراو بە دڵدار بە یەکێک لە شاعیرە مەزنەکانی زمانی کوردی هەژمار دەکرێت کە شیعری (ئەی رەقیب)ی وەک سرودی نیشتمانی کورد بە فەرمی دانی پێدانراوە. ئەگەرچی دڵدار لە ئەدەبیاتی کوردیدا شاعیرێکە زیاتر بە خۆشەویستی وڵات و ئەڤینداری بۆ خاکی باب و باپیرانی، ناسراوە بەڵام لە شوێن شوێنی دیوانی شاعیر دەتوانین هەست بە ڕەنگدانەوەی واتا و ناوەرۆکی هەندێک بابەتی تر وەک ناتۆرالیزم (**naturalism**) بکەین. ناتۆرالیزم وەک ڕەوتێکی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەیمدا لەسەر دەستی (ئیمێل زۆلا) و لە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی (داروین)دا سەری هەڵدا کە زیاتر بایەخ بە وردەکاری ژیانی ئاسایی رۆژانە و هەروەها پێداگری لە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە چوارچێوەی جەبر و بۆماوەییدا دەکات. لاسایکردنەوەی وردی سروشت وەک خۆی، یەکێکە لە بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم جوڵانەوەیە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەندێک لە شیعرەکانی دڵدار بە پێی ئەو ڕوانگە سروشتگەرایانەی کە بۆ مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ هەیبووە تاوتوێ بکەین. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ناتۆرالیزمی دڵدار شرۆڤە بکرێت و کاریگەرییەکانی لە شیعری دڵداردا بخرێتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** دڵدار، نیشتمان، ناتۆرالیزم (سروشتگەرایی).

# بررسی وام گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار

م.ی پخشان محمد محمود

م.ی روژگار محمد صابر

**چکیده**

این تحقیق با نام(بررسی پدیده وام گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار)که کوششی است با دیدگاهی جدید در بازخوانی اشعار دلدار بر اساس تاثیر کلمات فارسی بر شاعر نامدار اهل کویه, چگونه و برای چه منظوری از کلمات فارسی استفاده کرده است؟ آیا بازتاب واقعیات زمان او بوده؟ با توجه به این که زندگی و تاثیر آن براندیشه دلدار در نظر گرفته شود, و همبستگی شاعر . به این معنی ؛ نویسنده- متن- خواننده باشد؛ براین مبنا که؛ متن از خالق خویش جدایی ناپذیر می باشد وهماننده پلی است مابین نویسنده- و خواننده باشد. تاثیرات گذشته , به خواننده, باعث تغییر و تحول جامعه نیز از لحاظی می شود. سعی شده که از زاویه جدیدی به شاعر توجه شود و هم به سوالاتی ازاین قبیل جواب بدهیم که؛ شاعر تا چه حدی تحت تاثیر زبان فارسی بوده است؟ و کلمات قرض گرفته شده را به چه منظوری و ازکدام انواع شیوه های قرض گرفتن کلمات , استفاده کرده است؟ این تحقیق از سه بخش تشکیل شده که در بخش اول: تعریف زبان و ویژگیهای آن و خانواده زبانهای هند و اروپایی و زبانهای هندو ایرانی و رابطه بین زبان کردی و فارسی را در بر دارد. و در بخش دوم تعریف کلمه و شیوه های قرض گیری کلمات و عوامل موثر در این عملیه پرداخته شده است. و در بخش سوم هم؛ اشاره ای به زندگی دلدار و آثار او و سپس انتخاب نمونه های از اشعار وی و بررسی پدیده قرض گیری کلمات است. و در آخر نتیجه تحقیق و فهرست منابع و چکیده تحقیق به زبانهای انگلیسی و عربی را در بر دارد.

کلید واژه ها: زبان,کلمه , قرض گرفتن واژه ها , دلدار و اشعار دلدار.

**مقدمه**

زبان,یا واژه ها وامثال و تعبیرات و اصطلاحات رایج در بین مردم هر قوم و ملتی است و یکی از ارکان مهم زبان , ادب است که بیانگر و شناس قوم و نموداری از ذوق و قریحه و صفات روحی و اخلاقی و افکار و تصورات و رسوم و عادات آن ملت است. که گاهی زبان در لباس شعر و اصطلاح ویا در قالب کلامی موزون و دلنشین بیان می شوند ,و حاوی اندیشه ای عمیق و سودمند و یا انتقادی شدید و طنزآمیز از رفتار و گفتار آدمیان است . و یا نابسامانیهای اخلاقی و وضعیت نابهنجار جامعه را نیز بیان می کند. شاید باعث تغییر و تحول و پیشرفت انسان و جامعه هم بشود. و از طرفی , زبان صورت واحد و ثابتی

ندارد. زیرا زبان امری اجتماعی است و در جوامع بشری برطرف کردن نیاز جامعه و برای برقراری ارتباط با یکدیگر و تفهیم و تفاهم به کار می رود, برای مثال مراجعه به تاریخ کردستان نشان می دهد که به جهت نفوذ اعراب و ایرانیان در بین کردها و همواره در طول تاریخ واژه های فراوانی از آنها اقتباس گردیده و با توجه به علاقه مردم کردستان به دین, به زبان عربی ,وآثار کلاسیک فارسی , برما روشن خواهد شد که به غیر از جنگ و سلطه , علاقه مردم به موضوعی و یا کتابی , یکی از راههای دیگر قرض گرفتن کلمات و واژه گان نیز می تواند باشد. هرچند باید یادآوری کنیم که این فقط مربوط به مردم کرد زبان, نیست و تاثیر گذاری فرهنگ های مختلف جوامع انسانی بر همدیگر باعث ورود واژه های بیگانه به زبان ها را موجب گردیده است. هرچند این بهانه ای برای هرچه بیشتر قرض گرفتن از کلمات بیگانه هم نخواهد بود. قرض گیری واژه گان در زبان گفتگو و نوشتاری؛ که بسیاری از مردم تعدادی واژه های خارجی بکار می برند در حالی که هیچ نیازی به استفاده از آنها نداشته , و برای اینکه خودی نشان داده باشیم– ما زبان دیگری را هم می دانیم– خودخواهانه نیست؟! و یا می توان گفت که گناهی نابخشودنی هم نیست.

**علت انتخاب این موضوع**

با طرح چند سوال و احتیاج به پاسخ آنها باعث شد که این موضوع را انتخاب کنیم. آیا زبان کردی محتاج قرض گیری از زبان بیگانه است – منظور در اینجا زبان فارسی است– تا جواب گوی احتیاجات شاعر کرد زبان **دلدار** را بر آورده کند یا نه؟ و اگر نیازمند قرض گیری کلمات هستیم از چه نوع از انواع قرض گیری استفاده کرده است؟ و آیا در همه اشعار دلدار فرایند قرض گیری اتفاق افتاده است؟

روش تحقیق

روش تحقیق کتابخانه‌ای و توصیفی می باشد.

برنامه تحقیق

این تحقیق عبارت است از مقدمه و سه بخش که در بخش اول: تعریف زبان و گروه های زبانی. در بخش دوم: در مورد کلمه و علل قرض گیری کلمات و یا واژه ها از زبان دیگر و انواع فرایند قرض گیری خواهد بود. و در بخش سوم: زندگی نامه و آثار دلدار و سپس ,کار عملی است بر روی چند نمونه شعر انتخاب شده از دیوان دلدار, که دلیل و علت وام گیری ویا قرض گیری و یا استفاده از کلمات فارسی را بررسی خواهد کرد. چرا و به چه منظوری و در چه شعری و موضوعی و برای چه قشری و طبقه ای از جامعه, کلمات فارسی را قرض کرده است؟ و درآخر نتیجه بحث و خلاصه ی آن به زبان انگلیسی و عربی و منابع مورد استفاده برای این تحقیق ارائه خواهد شد.

مشکلات تحقیق

در هم آمیختگی کلمات فارسی و کردی ما را با تردید و مشکل روبرو می کرد.

## بخش اول

### 1-1تعريف زبان

زبان:«...زبان الفاظيست كه براى ايجاد ارتباط و انتقال افكار و عواطف و معانى از ذهنى بذهن ديگر بكار ميرود.»(فرشيد ورد(1383):4) واز ديدگاهى « زبانشناسى مطالعه قانومند زبان است.مى توان ياد آورى كرد كه؛ زبانشناسى علم نيست اما به شيوه علمى عمل مى كند زيرا رويكردى بى طرفانه دارد و ثانيا شيوه آن تجربى است...»(همان منبع بالا).و براساس گفته نوام چامسكى :«...مطالعه زبانشناسى بر سه اصل مشاهده (observation) و توصيف(description) و تشريح (explantion) استواراست.و زبانشناسان بر آنند تا قوانيين مستتر و مورد استفاده تكلم كنندگان به آن زبان را استخراج كنند و بدين معنى كه زبان در ساخت و كاربرد جملات از مجموعه دستورالعمل هايى كه درونى شده استفاده مى كند.».(سيماداد(1385),:262). ويكى ديگر از بنياد گذران زبانشناسى نوين فرديناند دى سوسور است كه به پدر زبانشناسى نوين معروف گشته و«... زبان را با بازى شطرنج مقايسه مى كند. زيرا هر

مهره به واسطه دو عامل جايگاه آن بر صفحه شطرنج و ارتباط آن با ساير مهره ها تعريف مى شود...»(سيماداد(1385):263).و از لحاظ «روانشناسى زبان به معنى چگونگى درك, توليد و فراگيرى زبان در افراد است.»(خواجه ئى(1385),:9). و البته بايد يادآورى كنم منظور از زبان در اين تحقيق زبان نوشتارى است , و همانطور كه مى دانيد زبانهاى(بدنى,گفتارى,نشانه,رايانه, حيوان,پرندگان, سينما, موسيقى, زبان عشق) را هم در بين انسانها مورد استفاده قرار ميگيرد. كه روش و شيوه هر كدام از آنها و چگونگى كار كرد آنان متفاوت است.(كريستال(1393):18). در زير به چند نمونه از عقايدى كه براى زبان بيان شده را يادآورى مى كينيم:

1- برخى معتقدند كه زبان فطرى است و مخصوص به انسان است كه براى بيان فكر وانديشه و احساس و آرزو مى باشد. كه به وسيله پيروى از دستورات و خلق نمادهاى و آواها و يا صداهاى ممكن مى باشد.(خواجه ئى(1385),:63-65).
2- زبان به وسيله پيروى از دستوراتى ممكن مى شود براى گروهى خاص در اجتماع بشر و با همكارى هم بخواهند استفاده كنند.(كسپه(2011),:3)
3- در باره منشاء زبان « زبان نظامى است بهم بافته و نهاديست اجتماعى و استعداديست فطرى و زاينده كه سبب توليد يا فهم علائم و كلمه ها و جمله هاى تازه بيشمار, بوسيله انسان ميشود و از اين راه بين اجتماعات افراد بشر ارتباط برقرار ميكند.»(فرشيد ورد(1383):5)
4- زبان عبارت است از گروهى از قوانين, كه معنا را مى رساند.( www.kurdishacademy.org)
5- «...زبان علاوه بر اينكه استعداديست فردى و فطرى, حاصل زندگى جمعى انسانها نيز هست و مانند مذهب و اقتصاد و خانواده در اصطلاح جامعه شناسان از نهاد

ها وبنیادها و موسسات اجتماعیست و مانند هر نهادی دیگری هم محصول غرایز آدمیست و هم نتیجه حیات جمعی اوست.»(فرشید ورد(1383),:4)بنابراین, زبان یک عادت اجتماعی می باشد, و یادگیری آن در زمان کودکی انسان اتفاق می افتد. فراگیری زبان در محیط اجتماعی صورت می گیرد و بعضی از خصایص آن هم به کودکان آن جامعه به ارث می رسند؛ یعنی بعضی از بنیادهای اساسی زبان با کودک زاده می شود, و برخی هم براین عقیده هستند که کودک زبان را از والدین-پرورش دهنده گان کودک- می آموزد. که به نمونه های فراوان از هر جامعه ای می توان اشاره کرد و از جمله لهجه های زیاد یک زبان در اقلیم کردستان/ عراق.

2-1 ویژگیهای زبان:

1- زبان دارای«...آواها و اصوات,واحدهای صوتی زبانست؛یعنی اجزائی که بر اثر ترکیب با هم واحدهای بزرگتر زبان را تشکیل میدهند.واحدهائی مانند:هجا,سازه,کلمه, گروه, جمله واره و جمله.»(فرشید ورد(1383):29)و (کسپه(2011):3)

2- زبان دستورمند است: به این معنی که«... دستور این فایده ها را دارد:

الف)بزبان آموزی یاری می دهد.

ب)در تثبیت زبان و جلوگیری از تحول هرج مرج آفرین سهم داشته باشد.

پ)بیادگیری عروض و نقد ادبی مدد میرساند.

ت)در آموزش علوم دیگر زبان موثر است.

س)بتدوین قواعداملاءیاری میرساند...». (فرشیدورد( !383):12) (روژان (2006):104)

3- نمادها یا سیمبلهای هستند که توسط خود انسانهای در جوامع بشری که به معنی علامت, نشانه و اثر می باشدکه به شیء بی جان یا موجود جانداری که مظهر مفاهیمی که مردم در جامعه ای مشخص با توافق کلی بکار می برند و گاهی مثل علائم رانندگی برای همه شناخته شده است و یا پرچم درکشورهای مربوطه است .(سیماداد(1385),:499)

4- زبان مخصوص به انسان است: بدین منظور که زبان انسان ویژه و مخصوص به خود اوست و با زبان حیوانات دیگر که بکلی از زبان انسانها متفاوت است و حتی قابل مقایسه نمی باشند. (فرشید ورد(1383),:4)و (کپسه(2011):3)

5- زبان وسیله ای است برای ارتباط با دیگران و بیان احساسات و آرزوها در بین مردمان یک اجتماع. به وسیله زبان ارتباطات اجتماعی ممکن می شود و وسیله ای است برای تغییر و تحول انسانها. در دنیای امروز این گفتگو است که می تواند از خوشی ها و ناخوشیها,فرهنگ ملی و دین, آشنا شود و یا تاثیرگذار باشد.(شوانی(2009),:19-21)

6- زبان زنده است؛ بدین معنی که همیشه در حال تغییر و تحول می باشد,به طوری که در طی چند هزار سال به اندازه ای تغییر می کند که برای فهم متون

گذشته محتاج فرهنگ زبان مخصوص به آن دوران خواهیم شد. شاید بتوان گفت که به دو زبان جدا تبدیل شده اند. و اکثر روانشناسان زبان بر این تصورند که کا بجای ذخیره جمله ها , قواعد تولید جمله های یک زبان را در مغز خود ذخیره می کینم به همین دلیل است که «...حدی برای تعداد جمله در یک زبان وجود ندارد. با اینکه بخش اعظم جملاتی که ادا می کنیم جدید هستند ولی از نظر گرامری و آرایش کلمات در آنها قابل قبول است ...».(خواجه ئی(1385):44)و (شوانی(2009),:19–21).و (باقری(1381):17–19).

3–1زبان هند و اروپایی

زبان‌های هند و اروپایی یک خانواده زبانی متشکل از, چند صد زبان وگویش مرتبط است. بیشتر زبان‌های مردمان ساکن قاره اروپا، فلات ایران، آسیای میانه و شبه قاره هند از جمله زبان‌های هند و اروپایی هستند. شمار هند و اروپایی زبان‌ها در سراسر دنیا به حدود ۳/٤ میلیارد نفر می‌رسد. نزدیک به ٤٤٦ زبان زنده هند و اروپایی وجود دارد که ۳۱۳ تای آنها متعلق به زیرشاخه زبان‌های هند و ایرانی هستند. به این ترتیب، گویشوران زبان‌های هندواروپایی سخنوران بزرگ‌ترین خانواده زبانی شناخته‌شده در دنیای امروزند. نظریه زبان‌های هندواروپایی در قرن هجدهم توسط ویلیام جونز زبان‌شناس و خاورشناس انگلیسی مطرح شد. وی با اشاره به شباهت‌های زبان‌های سانسکریت، یونانی، و لاتین به یکدیگر نتیجه گرفت که آن‌ها بایستی از یک زبان مشترک منشأ گرفته باشند که احتمالا زبان‌های ایرانی، آلمانی و زبان روسی هم از همان زبان ریشه منشعب شده‌اند.(عیلزاده,سخنوران)



گستره جغرافیایی هندواروپایی زبان‌ها در آسیا و اروپا.(ویکیمیدیا)

خانواده زبان‌های هندواروپایی یکی از خانواده‌های زبانیِ جهان و البته از بزرگ‌ترین‌های آن‌هاست. بیشتر مردم جهانِ امروز، به‌عنوان زبان مادری یا زبان دوم، می‌توانند به یکی از زبان‌های این خانواده سخن بگویند. ( http://science.sciencemag.org)





4-1 خانواده زبانهای هند و ایرانی
زبانهای ایرانی شاخه ای ازخانواده زبانی هند و اروپایی است. که اقوامی بودند در گذشته در نواحی جنوب روسیه کنونی و در دشتها و استپهای میان جنوب سیبری, دریاچه آرال, شمال بحر خزر و شمال قفقاز زندگی می کرده اند. و از هزاره سوم پیش از میلاد به ناچار مهاجرت کرده و به سزمین های جنوب آسیا تا شمال اروپا رفته اند. و به دلیل اینکه در هندوستان هم سکنی گزیده اند به نام هند و اروپایی شهرت یافته اند.(باقری(۱۳۸۱):۲۸–۲۹) و ادوار تحول زبانهای ایرانی به سه دوره مهم تقسیم می شود:۱– دوره باستان. ۲– دوره میانه. و۳ – دوره جدید. وگروه زبان های هند و ایرانی به دو زیرگروه ایرانی و هندی تقسیم می شود: ۱– زبان های ایرانی: عبارتند از اوستایی ، پارسی باستان، سکایی – امروزه وجود ندارد–، استی (Ossetic) در قفقاز ، پهلوی ، فارسی ، پشتو در افغانستان ، دُری در افغانستان، فارسی,تاجیکی,کردی و بلوچی.۲– زبان های هندی: عبارتند از سانسکریت، هندی ، اردو ، بنگالی ، گجراتی ، سیلانی ، و نپالی.( محمد حق شناس، ۱۳۷۰: ۱۵۶) و ویکی پیدیا.(باقری(۱۳۸۲):۲۰).

با توجه به اینکه زبان کردی یکی از زبانهای شرقی میانه از خانواده ایرانی وهندو اروپایی می باشد و با در نظر داشتن اینکه کلمه ایرانی با توجه به سالهای قبل است و نه حال حاضر.شرق شناسان ریشه زبان کردی را به مادها بر می گردانند و شرق شناسان معروفی چون:سون و سایس و... بر این عقیده بودند که کردها از بازماندگان مادها می باشند. مشیرالدوله در کتاب( ایران باستان)ش می گوید: زبان کردی , ریشه مادی دارد(علاءالدین سجادی(۱۹۵۷):٤٦–٤٨) و کتاب اوستای زرتشتیها هم به زبان مادی نوشته شده است. با توجه به کلمات کردی که در حال حاضر کردها استفاده می کنند, تفاوتهای زیادی دیده نمی شود. هرمیپوس در قرن سوم میلادی نوشته که ایرانیها کتابی دارند که اسم آن (اوستا) ست و به زبان مادی نوشته شده است.(صدیق بوره که یی:۸–١٤). بنابراین به این نتیجه می رسیم که مادها هم خط داشتند و هم کتاب مخصوص به خودشان.گفته می شود که زمانی که زنها و مردها در دور وبر هگمتانه کار می کردند فرزندان آنان در حال یادگیری و نوشتن خط مادی بوده اند.(ذبیح الله منصوری(۱۳۷۰):۱۷۳). و از سنگ نوشته های که کورش پادشاه هخامنشی باقی مانده نوشته که: مادها چیزهای خوبی داشتند و من پس از اینکه پادشاه مادها و پارسها شدم از آنها تقلید کردم.یکی از چیزهای که از آنها یاد گرفتم این بود که الف و بای آنان بود که ۳٦ حرف داشت که در حال حاضر در

کشورمن این الف و با رواج دارد. من قبلا خواندن و نوشتن را با الف وبای, ٤٨ حرفی یاد گرفته بودم, ولی فهمیدم که الف وبای مادها بهتراست و آسانتر هم یاد گرفته می شود. و همینطور باید از نوشتن روی خشتهای گلی پرهیز کنیم و همانند مادها روی پاره سنگها بنویسیم و من به همه فرمان دادم که روی چرم هم بنویسند, چون مدت بیشتری باقی خواهند ماند....با توجه به اسناد بالا فهمیده می شودکه هزاران سال قبل از کوچ پارسها به سرزمین مادها, آنان در سرزمینهای خود بوده و پیشرفتهای زیادی را هم داشته اند. از روی سنگ

نوشته های پیدا شده در میزوپوتامیا تاریخ نویسان مادها را اجداد کردها می دانند. ....(سوران حمه ره ش(۲۰۱۳):۲۷۰–۳۱۰).

۵–۱رابطه زبان کردی با زبان فارسی:

زبان کردی و زبان فارسی در یک گروه به نام زبانهای هند و ایرانی قرار دارند و دو همسایه از لحاظ جغرافیایی هم هستند, و با توجه اینکه کار قرض گیری در طی سالیان گذشته باعث به هم ریختگی و آشوب در زبان کردی نشده به همین دلیل عزدین مصطفی پیشنهاد می کند که تا حد امکان کار قرض گرفتن را عاقلانه تر است که ,تا هرچه می توانند کمتر استفاده کنند؛ و اگر هم نیازی بود بهتر است از زبان فارسی قرض بگیرند.(عزدین مصطفی(۲۰۰۵):۱۸۱ و (فتاحی کاویان(ژ۱۹):٤۰). در مورد دستور و کلماتی که در بین هردو زبان مشترک است و نزدیکی فرهنگی به دلیل همسایه بودنشان هم دلیلی است بر تاثیر و تاثر از یکدیگر. محمد معین در مقدمه ای در( فرهنگ کلمات) می گوید: بنیاد زبان فارسی را زبانهای کهن از قبیل پارتی و پهلوی و هندی و عربی و کردی و...می شمارد.(معین(۱۳۷۰):۳٦٦۱) و ( حسین محمد(۲۰۰۵):٤٥۱). بنابراین, نوعی بی مهری به زبان مادریمان است احساس می شود و باید بدانیم که وظیفه داریم که حافظ و نگهبان زبان مادریمان باشیم و دیگر بی مهری نسبت بدان را نشانه بی دانشی افراد دانسته است. این را به یاد داشته باشیم که همه زبانهای دنیا دارای ارزش یکسانی هستند ,چراکه؛ هر زبانی در حد برطرف ساختن نیاز اهل خود و سخنگویان آن زبان تواناست و همه زبانهای بشری کامل و ارزشمند هستند. و وجود چند واژه خارجی هم در یک زبان دلیلی برای ضعف آن زبان نمی شود. بنابه تعریف و خصوصیاتی که برای زبان و کلمه آوردیم؛ زبان نظامی است زایا و تمام زبانهای بشری از جمله زبان کردی و فارسی هم این توانایی را دارند که با خلق کلمات نو سخنگویان خود را یاری نمایند. (http://science.sciencemag.org)

هەولێرامەی دڵدار

## بخش دوم

۱–۲تعریف کلمه یا واژه

مجموعه حروفی که یک واحد را تشکیل می دهند را واژه و یا کلمه گفته میشود. و در دستور زبان فارسی معمولا به شش قسم تقسیم می کنند(۱– اسم, ۲– صفت, ۳– فعل, ٤– قید, ٥– حرف, ٦– صوت). بنابراین واژه کوچکترین شکل معناداری از حروف است در یک زبان , به شرط آنکه بتواند به تنهایی به کار برود هرچند تکواژهای را هم در زبان فارسی داریم که در بسیاری از موارد کلمه مستقلی هستند و معنی دارند و بعضی ها هم کلمه و یا واژه به حساب نمی آیند چون معنی ندارند و به تنهای به کار نمی روند.(فرشید ورد(۱۳۸۳):٤۹) و(فاروق عمر(۲۰۱۱):١٤ و (روژان نوری(۲۰۰۷):۹). و برای هر کدام ازاین شش قسم از کلمه هم تعریفهای مخصوص برای آنها ذکر شده که ما در اینجا بطور خیلی مختصر به آنها اشاره خواهیم کرد.۱– اسم: «... کلمه ایست که برای تعیین کردن و نامیدن امور بکار میرود؛مانند سگ, انسان...» (فرشید ورد(۱۳۸۳):٤۹)و برای۲– صفت:«...کلمه ایست غیر از اسم که همراه اسم یا گروه اسمی میآید و معنی آن را مقید میکند و توضیحی در باره آن میدهد.مانند:

این کتاب,کار بسیار...»که صفت اقسامی دارد و از نظر معنی بر چهار قسم می باشد:۱- بیانی,۲- عددی, ۳- اشاره,٤- مبهم.( فرشید ورد(۱۳۸۳):٥٦). و در مورد قید این است که«قید کلمه ایست که مضمون جمله یا فعل یا صفت یا قید یا گروه وصفی یا قیدی یا فعلی و یا هر کلمه دیگری بجز اسم و جانشین اسم را مقید کند و چیزی بمعنی آن بیفزاید؛ مانند:خوشبختانه استاد ما مهربانست...»(فرشید ورد(۱۳۸۳):٦٥) که قید هم انواعی دارد و چون موضوع بحث ما نیست به آنها اشاره نخواهیم کرد. و در مورد صوت و گروه صوتی:« صوت کلمه ای است که نقش فعل یا جمله را بازی کند بی آنکه شکل آنها را داشته باشد و برای بیان عواطف و احساسات بکار رود؛مانند:آه از این مردم....».و اقسام صوتی را میتوان« ندا, شادی,تحسین,دعا, نفرین, افسوس, تعجب, هشدار, ترحم و یا تنبیه » نام برد. (فرشید ورد(۱۳۸۳):٦٨-٦٩). و در مورد حروف و واجها: « گاهی در سازه یا گروه یا کلمه ای دگرگونی آوائی پدید می آید, باین معنی که واج یا واجهائی از آن حذف میشود و یا تغییر میابد.... که دگرگونی و حذف واجهای کلمه و سازه و گروه اقسامی دارد...».(فرشیدورد(۱۳۸۳):٦۹). بنابراین واژه ها اهمیت فراوانی دارند برای زبانها و هرکدام از اقسام واژه ها برای محافظت از زبانی که به آن تعلق دارند نقش مهمی را ایفا می کنند, هرکدام از آنها هم معنی دارند و در جای جای که کاربرد دارند نقش های متمایز و مهمی را انجام می دهند, و به حدی ایفای نقش آنان با ارزش است – در نوشتن و گفتگو...-انگار از قبل آماده شده اند و نو نیستند , در حالی که در خیلی از موارد توسط ما آدمیان خلق می شوند و شاید هم از قبل کسی آن کلمه را بکار نبرده باشد. و اگر برگردیم به گذشته های دور, از ارسطو و صحت نظر او در مورد کلمه و یا واژه ها یاآوری کنیم : «...کلمه از چند صدا و یا آوا و یا حرف تشکیل شده اند و هیچ کدام به تنهای معنی نمی دهند...».(روژان نوری(۲۰۰۷):۹)

۲-۲ وام گیری در سطح واژه گان و عوامل موثر در آن

الف) نیاز و ضرورت برای قرض واژه گان از زبان دیگری: انسانها در آستانه حرکتی سازنده به سوی رشد و توسعه قرار می گیرند و در تمام زمینه ها پیش خواهند رفت و در این میان بر خورد و تماس با مجموعه های از واژه گان امری است حتمی و یکی از دلایل منطقی و قابل قبول برای بکارگیری کلمات از دیگر زبانها نیازی است که در زمینه های مختلف دیده می شود و به همین دلیل است که اگر به این دلیل باشد قرض کردن واژه گان توجیه پذیر می باشد.( روژان نوری(۲۰۰۷):۱۳٤-۱۳٥)

ب)تداخل و روابط مختلف- اجتماعی و فرهنگی انسانها: « هنگامی که دو قوم یا دو جامعه با زبان متفاوت و به دلایل مختلف تاریخی, سیاسی, فرهنگی و حتی نظامی در تماس با یکدیگر قرار می گیرند انتقال عناصر زبانی از یک جامعه به جامعه دیگر وبلعکس امری اجتناب ناپذیرخواهد بود...»(www.rasekhoon , پدیده ی قرض گیری در زبان,دکتر علی علیزاده).

۳-۲روشهای که زبانها می توانند از آن بهره مند شوند و واژه های جدید را بوجود آورند:

۱-«...واژه قرضی(loan word): در این روش واژه بدونه هیچ تغییری و حتی با همان تلفظ اصلی خود گرفته شده و در زبان مورد استفاده قرار میگیرد.
۲-ترجمه قرضی ویا وام گیری(loan translation): در این روش عناوین و کلمات را ترجمه کرده و همان ترجمه تحت اللفظی و به عنوان واژه ای جدید در زبان قرض گیرنده مورد استفاده خواهد شد.
۳-تغییر قرضی ویا وام گیری(loan shift): در این روش تلاش می شود که به گذشته زبان مراجعه شده و بعضی از کلمات مناسب را که امروز در زبان کاربرد ندارد دوباره وارد زبان گردانند.
٤-تعبیر قرضی(loan interpretation): در این روش واژه خلق شده نوعی تفسیر از شکل و یا عملکرد کالا می باشد, تا بتوان از آن به عنوان نامی برای آن استفاده شود.
٥-ترجمه و تعبیر قرضی( loan translation and interpretation): در این روش بخشی از واژه خارجی را ترجمه و بخش دیگرآن راتعبیر وتفسیر می کنند.» .( www.rasekhoon , پدیده قرض گیری در زبان, دکتر علی علیزاده).

## بخش سوم

### ۱-۳زندگی نامه دلدار

دلدار نام مستعار و یا تخلص شاعر کرد, رئوف یونس(۲۰/۲/۱۹۱۸-۱۲/۱۱/۱۹٤۸.م) است وی در شهر کویه نزدیک هولیر(اربیل در کردستان عراق) به دنیا آمد. بعد از پایان دوره های ابتدایی و راهنمایی و دبیرستان در شهر های کویه و رانیه, هه ولیر وکرکوک, تحصیلات خود را در دانشکده حقوق بغداد به پایان می رساند. علاقه خاصی به شعر و ادبیات داشت و در بغداد در مجله گلاویژ شعرهایش رامنتشر می ساخته و گاهی هم خاطرات او را نیز چاپ می کرده اند. بیشتر اشعاری که از او باقی مانده میهن پرستانه و حماسی می باشد . برای کودکان نیز از زبان فرانسه, شعری ترجمه کرده است. دلدار زبانهای ترکی و عربی و فارسی را نیز می دانسته ولی اشعار باقیمانده از او به زبان مادری او؛ کردی می باشد . شعر معروف دلدار که سرود ملی اقلیم کردستان/عراق شده به نام(ای رقیب) می باشد. سالهای دانشکده تاثیرات فراوانی براو گذاشته و با جمعی از هواخواهان و روشنفکران از قومیتهای عرب و ترک آشنا می شود. در طی چهار سال وسعت بینش شاعر کرد زبان ,بیشتر شده و با امیدها و آرزوهای بزرگ به هولیر بر می گردد, ولی از بخت بد در اثر مسمویت غذای در رستورانت وفای دست اجل فرصت بیشتری نمی دهد و در سال(۱۲/۱۱/ ۱۹٤۸ )وفات می کند و در هولیر به خاک سپرده می شود.(خزندار(۲۰۱۰): ٥٦٥)

### ۲-۳آثار دلدار

۱-دیوان شعر
۲-(یک نامه):نامه ای برای نسرین
۳-(عمر خیام): عمر خیام که مقاله ای است در باره خیام و در جواب شیخ سلام نامی است که ترجمه چهار پاره ای خیام را به کردی نوشته.

٤-(احتیاجات قومی و یا ملی):مقاله ای است در باره سبک نوشتاری و انشاء زبان کردی.
٥-(علاقه درست به وطن): از عشق علاقه اش به وطن می گوید.
٦-(خاطرات دلدار):دفتر خاطرات دلدار است و در٤٢ صفحه می باشد.
٧-(الطلاسم ئیلیا ابو مازی): ترجمه ای است از شعر ابو مازی به نثر موزون .
٨-(فی طریقی الی معرفه الحقائق, انتقادات الی قلب البهائیین): نامه ای است که در باره گروه بهایی نوشته شده است.
٩-(اقتصادنا الوطنی): مقاله ای است درباره اقتصاد توتن.(مارف خزندار(٢٠١٠):٥٩٢-٥٩٤).
٣-٣پدیده قرض گیری کلمات از زبان فارسی در اشعار دلدار:
١-در شعر( ای جوان) پنج واژه قرض گرفته که با املاء فارسی و بدونه هیچ تغییری در اصل آن و به همان معنای کلمات فارسی است و از نوع اول قرض گرفتن می باشد:

« ئه رێ ئـــه ی لاو نـــه که ی مـــه ئیـــوســـی ژینت بـــێ
له مه یدانی ته قه دوم دا ته لاش ئـــه سپی نه جاتـــت بـــێ
له ناوی ئه سپه که ت(فکر) و (علم) ئاوزینگ و زینـــت بـــێ
به لێ دایم هونه رمه ند به له مـــه یـــدانی نه بـــــه رد دا
به هۆی عه قڵ و هونه رمه ندیت ده بێ تیشکی زه مینت بـێ
له نێو گه لدا ئه بێ ئیعلانی جه نگ که ی له گه ڵ جه هلا
علم چه ک بێ له ئه م جه نگه وه ته ن جێگای که مینت بێ
له رێگای شان و به رزی دا دور ئـه ندێشێـکی وریـــا بـــه
منافع پـــه روه ری میلله ت ئه بێ ئامانـــجی ژینـــت بـێ»( یه‌عقوبی(١٩٨٥): ١٧٩)

به معنی: ای جوان هیچ وقت مایوس مشو, که باید در بین مردم اعلام جنگی بکنی علیه نادانی و دراین جنگ اسلحه تو ,دانش تو باشد,و باید با همه توان در راه منفعت ملت کوشا باش.
کلماتی همچون (مایوس,تقدم و تلاش و منافع , عادت, مصدر, معبد, دفعه, افراد,سرقت, قهر, مروت ,... ) ریشه ای از زبان عربی دارند که از جمله ی کلمات وارد شده به زبان فار سی می باشند که بعد از وارد شدن در زبان فارسی دست خوش یک سرس تغییرات املائی و آوائی و معنائی گشته اند اما مطمئنا این کلمات را نمی توانیم از جمله کلمات فارسی اصیل بنامیم ولی بهرحال بر اساس معانی این کلمات که در اشعار فارسی معانی جدیدی و متفاوت از اصل کلمه عربی به خود گرفته اند , می شود استدلال کرد که شاید دلدار این کلمات را از زبان فارسی وام گرفته است و یا شاید از زبان عربی چون دلدار زبان عربی را هم می دانسته است. و البته کلمه های( جهل و کمین )در هر دو زبان کردی و فارسی کاربرد دارد و هردو هم به یک معنی بکار می برند.
2-در شعردیگر به نام( ای کرد) از مشکلاتی که مالکان زمیندار برای مردم بوجود آورده بودند می گوید .و به مردم نصیحت می کند که تکانی بخورند و خودشان را از آن وضع اسفبار نجات بدهند, همانند ملتهای دیگرحق بهرمندی از نعمات خدواند را دارند. در این شعر سه واژه فارسی را آورده که به همان معنای فارسی می باشد ولی با املاء کردی که

از همان قانون اول قرض گیری (واژه قرضی) استفاده کرده است. و البته همه شعر را ننوشته و فقط ابیاتی را که کلمات را از آنها استخراج کرده ایم خواهیم آورد.
«...که مه ربه ستن له نێو گه لدا بناغه و پێشره وی ژینه...
... ده سا هه ڵسه به هۆشیاری نه فه وتاوی به یه کجاری...
... ده سا غیره ت که مه و هومی به به هره ی ژینا مه حرومی...» یەعقوبی(١٩٨٥ ): ١٩١)
معنی شعر: سعی و کوشش مردم باعث پیشرفت و زندگی بهتر است و به پاخیزید وهوشیار باشید تا فرصت هست, بدان که لیاقت بیشترین ها را داری و از نعمتهای دنیا محروم و بی بهره هستی.
کلمات(کمربستن,بهره) در حال حاضر هم در زبان فارسی رواج دارند ولی کلمات( هوشیاری و موهمی) در متنهای گذشته فارسی نوشته شده ولی در زبان کردی کلمه به هوشیار به منظور دانش و آگاهی بکار می رود و کلمه موهم ؛ به معنی توهم شده, خیال شده؛ یعنی هر چیزی که انسان تصور کند و وجود خارجی نداشته باشد. منظور شاعر از به کار گیری کلمه ی موهوم این است که ای مخاطب شعر تو اکنون در حالت توهم به سر می بری و از بهره های زندگی محروم هستی و لازم است که واقع نگر و حقیقت بین باشی.
3– شعر (می ) یا شراب نوشیدن که اشاره می کند به میخوارگی افراطی جوانان در خفا , و درنتیجه مشکلات فراوان روحی و روانی آنان, عقب ماندگی و بی سوادی بیشتر مردم کرد,و سرانجام به یاس و ناامیدی در نتیجه فقر اقتصادی و اجتماعی و فرهنگی گریبان مردم شهر و روستا را گرفته بوده است. دلدار شعری دراین شعرآنها را نصیحت می کند و از آنها می خواهد که از این کار عبث دوری کنند (خزندار(٢٠١٠ ):٥٦٧).
«...مه ی له به رده م بێ که ئیمرۆ عاد ه تێکی جاریه...
... عیلله ت ئه با، غاره ت گه رێکه، نیگبه ته...
...ئاخیری هه ر ره نجه رۆیه هه م له عیزه ت عاریه...
...ئێسته مه نکوبی شه رابن پیشه یان غه م خواریه...»( یەعقوبی(١٩٨٥): ١٨١).
معنی شعر: میخوارگی که در این روزگار مرسوم است, غارتگر و یغماگر است, در آخر افسوس و پشیمانی را مسبب است و مایه افول عزت و بزرگی, آنهای که اسیر شرابند کارشان غم و افسوس خوردن است.
کلمات(عادت وجاری , غارتگر و عاری و غم خواری) کلماتی هستند که در حال حاضر هم فراوان استفاده می شوند ولی در زبان کردی کاربردی ندارند.
4– در شعرکلاغ و روباه که از زبان فرانسه به کردی ترجمه کرده و برای کودکان می باشد. از اهمیت کودکان در نظر دلدار سخن می گوید بخصوص که به سبکی ترجمه کرده است خواننده کرد زبان و بخصوص کودکان , با زبانی آشنا روبرو می شوند و در این کار خوب و بی نقص هیچ واژه بیگانه ای را قرض نکرده و آهنگ و موسیقی نرم دلنشین کودکانه, مایه خوشی و شادی آنان می شود. و از قالب کردی و دوبیتی استفاده کرده است.(خزندار(٢٠١٠ ):٥٧١). نام شعر ( قه ل و ریوی) یعنی کلاغ و روباه است.
« رۆژێ له رۆژاندا قه لێ

راوه ستایوو له سه ر چڵێ
سه ڵکێ په نیری له ده نووک...». ( یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۱۹۰)
معنی شعر: روزی از روزها کلاغی روی یکی از شاخه های درختی ایستاده بود و تکه پنیری به منقار گرفته بود...
و یا در شعر کوکوختی و یا (کوتره باریکه) , دلدار هیچ کلمه ای به غیر از کلمات زبان کردی استفاده نکرده است.
« ککو کوکو ککو کوو به سیه تی خه واڵوو
چاو هه ڵێنه هه سته زوو...».( یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۱۸۸)
معنی شعر:ککو کو کو کوو بیدار بیدارباش, چشمها تو باز کن و زود زود...
5–شعر( ای رقیب) دلدارکه سرود ملی اقلیم کردستان نیز می باشد در این سرود یک واژه فارسی به همان شیوه اول قرض گرفتن بکار برده ,یعنی با همان معنا وتلفظ فارسی ولی در املاء به کردی نوشته شده است.
« ئه ی ره قیب هه ر ماوه قه ومی کورد زوبان     نای رمێنێ دانه ری تۆپی زه مان
ئێمه رۆڵه ی ره نگی سوور و شۆرشین     سه یریکه خوێناویه رابردومان....
.... چه ند هه زار لاوانی کوردی نه ره شێر     بوون به قوربانی و هه موویان نێژران
...»(یه‌عقوبی (۱۹۸۵): ۱۷٤)
معنی شعر: ای دشمن بدان که ملت کرد زند و پاینده است, ما نوادگان انقلاب و جان باختگان در راه وطنیم و ببین تاریخ گذشته مارا, که هزاران سال است جوانان شیردل ما در راه وطن شهید می شوند.
کلمه(نر) که در اینجا شیر نر را می رساند و در حال حاضر هم در فارسی بکار می رود ولی در زبان کردی زمان ما بی معنی می باشد و برای این مفهوم در زبان کردی کلمه( نێر) به کار می برند.
ودر یکی دیگر از سروده های که در سال ۱۹٤۰ میلادی در بغداد, به نام(کردستان) نوشته شده است, دو کلمه و یا واژه فارسی قرض گرفته شده و با همان روش اول قرض گیری واژه گان.
«کوردستانی خوش نیشتمانی جوان     تۆ قیبله گاهی منی بێ گومان
... من درختێکم له و خاکه رووام
به خوشه ویستی تووه ئاودرام...»(یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۱۸۲)
معنی شعر:ای کردستان زیبا و ای وطن محبوب , تو قبله منی بی گمان, من به مثابه درختی هستم که در این خاک روئیده و با مهر و محبت تو بزرگ شده ام.
کلمه( قبله گاه) در فارسی استفاده های زیادی دارد و در زبان کردی از کلمه(قیبله) استفاده می شود و پسوند گاه را ندارد و کلمه(بی گمان) در زبان کردی هم فراوان استفاده شده و شاید کلمه ای باشد که زبان فارسی از زبان کردی قرض کرده است. و در مورد کلمه (درخت) هم از همان کلمات مشترک است در بین دو زبان هرچند در حال حاضر در زبان کردی بیشتر از کلمه(دار) استفاده می شود.

6–در شعر (برای آن کس که) دلدار شاعر سعی برآن داشته که در میدان شعر آزاد هم دست و پنجه نرم کرده باشد. با یاد آوری این مطلب ؛ در آن زمان شیخ نوری شیخ صالح و عبدالله گوران پا به این میدان گذاشته بودند و این نوع و سبک شعرجدید را به ادبیات کردی آورده بودند. شاید دلدار هم میخواسته یکی از ره روان این سبک جدید باشد. در این شعر هم کلماتی را به قرض گرفته از زبان فارسی و با همان روش اول که خود کلمه و یا واژه را با همان بار معنای ولی با املاء دستور زبان کردی آورده است.

«...جا له رێيه وه ئاوازی زه مين سويی سروور

...خدمه تچی نيازمانه شتومه ک له ژيان...

من به سته ی به رجوسته و تو نێرگزی شه هلا...».(يه‌عقوبی(١٩٨٥): ١٧٩)

معنی شعر: حالا از راه و نوای زمینی و به سوی سر ور, نیازمند خدمتکار و چیزهای دیگر زندگی, من مثل بلندای و تو مثل چشم شهلا.

کلمات(زمین سوی سرور, برجسته) در زبان فارسی استفاده می شوند و در زبان کردی حال حاضر بی معنی می باشند . و کلمه خدمتچی که در قدیم بکار می رفته در حال حاضر در زبان فارسی به خدمتکار تبدیل شده و در زبان کردی هم کلمه( فه راش و یا خزمه تکار) استفاده می شود و به معنی خدمتکار است. البته کلمه( فه راش) در زبان فارسی منظور( آبدارچی) ادارات است ودر زبان کردی , برای کسانی به کار می رود که در ادارات حکومتی خدمت می کنند و کلمه (خزمه تکار) برای کسانی به کار می رود که در منزلها ی مردم کار می کنند.

7–در شعرهای(لاله باس و توتن کار ) و ( کپر آبیاری و دو اسب سوار) که دربین سالهای1945 تا 1948 میلادی نوشته شده اند. می توان گفت که تابلوی زیبا و دقیقی هستند از شیوه کار و زندگی کشاورزان و مشکلاتی که آنان دست به گریبانش بوده اند. در این شعرها هیچ کلمه و یا واژه ای به غیر از کلمات کردی به کار گرفته نشده است و سعی و کوشش شاعر براین بوده که گوشه چشمی هم به فرهنگ ملی کردستان داشته باشد و هم تصویری از کشاورزان کردستان را با کلمات در شعر جاودانه نماید. از اول تا به آخر شعر از دید عمیق و شناخت دقیق این طبقه از مردم کردستان توسط شاعر شگفت زده خواهی شد.

شعر توتن کار که در بین سالهای 1947 تا 1948 میلادی در شهر کوی سنجاق/کردستان نوشته شده.

« رۆژێکی هاوین به قرچه ی گه رما ئاودێرێکی رووت توتنی ئاوئه دا

زه رد و بێ هێز و لاواز و نه خۆش ماڵ وێران په ڕپووت، به ده م له رزوتا...

»( یه‌عقوبی(١٩٨٥): ٢١٩)

معنی شعر: در یک ظهر تابستان گرم کشاورز مشغول آبیاری توتن بود, رنگ زرد و ضعیف و مریض حال, با تب و لرز دست و پنجه نرم می کرد.

و شعر لاله باس که در سال ١٩٤٥ میلادی در بغداد نوشته است.

« رۆژێکی پایز له پێش نیوه ڕۆ لاله باسم دیت زه وی ئه دا تۆ

رووت و زگ والا پیرو تێک شکاو   پشتی چه ماوه لووت له سه ر ئه ژنۆ...»(یه‌عقوبی,۱۹۸۵: ۲۱۱).

معنی شعر:در یک بعد ازظهر لاله باس را دیدم مشغول کاشت زمین بود , تقریبا لخت و عریان و شکسته و پشت خمیده و زارو نالان.

8–در شعر های(خنده بایی و گل سرخ) که به سبک رمانتیزم است. و موسیقی شعر و موضوع آنها بسیار استادانه بوده و حال و هوای عاشقانه ای که در این دو شعرموجود است, از عشق پاکی خبر می دهد.  دلدار شاعر در اینجا عاشق است  و از کوتاهی عمر شاپرک و کافی نبودن عمر گل سرخ گلایه مند است. شعر خنده بایی در سال 1944 میلادی در بغداد نوشته شده. در این شعر شاعر تا حد زیادی خست بکار گرفته و واژه فارسی کمی قرض گرفته است.

«...ده سا ده ی مه سده ری هه ستی          ده خێرا لاده ری په ستی

ده هه لسه با بناکه ین مه عبه دی پیرۆزی دڵداری...

... نیشانه ی کردگارێکه و بناغه ی په یره وی دینه...

... به ئاواز و نه واو و ته بجیل...»(یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۱۹۷)

معنی شعر:ای سرچشمه زندگی و هستی و ای پناه بی پناهان, به پا خیز تا بنیاد کنیم معبد مقدس عشق را, که آن نشانه ای از خالق هستی است و نشانه دینداری, همراه با آواز و نوا...

کلمات(مصدر هستی و پستی,بنا کردن, معبد)کلماتی هستند بجز معبد  در هردو زبان استفاده فعلی دارند و کلمات نوا و آواز هم درحال حاضر در زبان کردی استفاده های زیادی می شود و در زبان فارسی هم کاربرد فراوانی دارد و با توجه به اینکه در هردو زبان به یک معنی استفاده می شود. می توان گفت که کلمات مشترکی در هردو زبان کردی و فارسی می باشند. ومعلوم نیست در اصل به کدام از این دو زبان تعلق دارند. و در شعر (گل سرخ) که در سال( 1946 میلادی) در اربیل نوشته شده ,حدودا چهار کلمه قرض گرفته شده دارد.

«...له بۆ یه ک ده فعه بۆن کردن، به ناکامی ئه تۆی هێنا...

...ئه ویش ڕیشه ی له ده ست گرت و بێ ڕه حمێ له ژێرپێ ی نا...

...گه ڕاوه سینه که ی تارم، ئه وێستاش ئه ی گوڵی غه مگین...»(یه‌عقوبی,۱۹۸۵: ۱۹۵).

معنی شعر: برای یک بار بو کردنت تو را چید و از ریشه ات جدایت ساخت و با بی رحمی تورا در آخر پایمال بی وفای کرد. برگشت به سینه تاریکم و حالا ای گل غمگین...

در این شعر کلمات(یک دفعه,به ناکامی و غمگین) واژه های هستند که در زبان فارسی کابرد فراوانی دارند ولی در زبان کردی کلمه( به ناکامی) استفاده می شود, و دو کلمه دیگر در زبان حال حاضر کاربردی ندارند. و کلمه (ریشه و سینه) از نوع کلماتی هستند که در هردو زبان کردی و فارسی ,استفاده می شوند و این هم از کلماتی هستند که معلوم نیست در اصل به کدام زبان تعلق دارند.

9–در شعر های به نام(ای خدا و آدم و دین) که هردو شعر را می توان از لحاظ موضوع و محتوا  شعر های دینی و اخلاقی نامید. در باره جامعه و باور دینی شاعر است و می خواهد

به سوآلاتی که با خودش طرح کرده پاسخ دهد از قبیل؛ اگر خدا توانا و برحق است و هرچه بخواهد همان می شود پس این خداست که دوست دارد مردم در این حال و روز اسفبارشان باشند و یکی به کام و هزاران در حسرت نانی باشند. شعر ای خدا را در کرکوک و در سال (1937 ) میلادی نوشته است. در اینجا هم کلمات قرض گرفته شده کم هستند. و با همان روش اول شیوه قرض گرفتن کلمه ؛ کلمه را با املاء زبان کردی و در معنی فارسی استفاده کرده است.

«...هێندێ که س ئه فرادی لۆرت و هێندێ که س نانی نیه...
راسته شاهی بێ شه ریک باکی گه دایانی نیه...
... سا به سایه ی قودره تت بوو ماله ی بێ هه هره ما
خۆ قه زا بوو سرقه تی کرد راسته گومانی نیه...»(یه‌عقوبی,۱۹۸۵: ۱۸۵)

معنی شعر: بعضی ها ملیونر و بعضی هم نانی ندارند , این درسته که میگویند ؛سیر چه خبر از گرسنه دارد. انگار در سایه رحمتت بود که از زندگی بهره ای نبرد و باز این قضا و قدر او بوده بی شک و گمان...

کلمات(افراد , بی بهره , سرقت) در زبان فارسی کاربرد فراوانی دارند و در زبان کردی فقط کلمه( بی بهره) مورد استفاده قرار می گیرد و در هردو زبان هم یک معنی می دهند.

10-غزل به نام(نا امیدی) دلدار سعی شده که با سبک نالی باشد و می توان گفت این غزل را با تقلید از نالی شاعر بزرگ و نامدار کردستان/عراق نوشته است . و در سال( 1945) میلادی در بغداد نوشته شده است.(خزندار ۲۰۱۰: ۵۸۸) در غزلهایش کلماتی را از زبان فارسی قرض گرفته در همان معنای فارسی و با املاء زبان کردی می باشد.

« زه ده ی تیری نیگاهی فیتنه په ردازی نیگارێکم
گیرۆده ی داوی زوڵفی مشکباری گوڵ عوزارێکم
...به رۆژ ترساوو تاساوی زرە ی کاسه ی شه وی پێشووم
به شه و و سه ر خۆش و مه ستی جامی قه هری رۆژگارێکم...»(یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۲۱۰)

معنی شعر: زخمی از نگاه چشمان فتانه یاری هستم و گرفتار دام زولف مشکبار گلی هستم , در روز ترسان و خمار از جام می دیشبم و در شب , شاد و مست جام می قهر و غضب روزگارم.

کلمات(تیر نگاه ,فتنه پرداز,قهر) کلماتی هستند که در زبان فارسی کاربرد فراوانی داشته اند و دارند ولی در زبان کردی کلمه( تیر نگاه و فتنه) استفاده می شوند ولی کلمه( قهر ) درحال حاضر در زبان کردی کاربردی ندارد .

11- غزل را با یکی از دوستانش به نام (جاهد )در سال (1943 ) میلادی در شهر رانیه ؛یکی از شهرهای استان سلیمانیه , سروده است. در این شعر هم چند کلمه از کلمات زبان فارسی را قرض گرفته و با املاء زبان کردی نوشته شده و در همان معنای اصلی در زبان فارسی.

« شه هبازی یا شه هێنی، شاهی یا شه هلاری تو
بێ دڵی بێ مروه تی عاشق کوژی خوێنخواری تۆ

زاڵمی غاره ت گه ری تاڵان به ری تۆ بۆ گیان و دڵ
له شکری تاتاریه دوو زوڵفه که ی تاتاری تۆ
که ی ئه بێ جارێ ببم من مه ستی شه ککه رباری تۆ...»( یه‌عقوبی(۱۹۸۵): ۱۷۷).
معنی شعر: شاهی یا حیله گری ,شاهی و یا شهلای , بی رحمی و بی مروتی و قاتل عاشقانی و خونخواری , ظالمی و غارتگری و جان و دل را می بری , لشکر تاتار است ان زولفان تاتار تو , کی می توانم لبان شیرین و شکر بار تو را جاری شوم.
کلمات(خونخوار ,غارتگر ,زولف و شکر بار) در قدیم استفاده های زیادی داشته اند و در بیشتر شعرهای کلاسیکی این کلمات را خواهیم یافت. در حال حاضر هم کلمات(غارتگر و خونخوار) کاربرد فراوانی دارند ولی در زبان کردی زمان ما این کلمات بجز کلمه (خونخوار) به کار برده نمی شود و این کلمه هم در زبان کردی( خوینخوار) گفته می شود. با توجه به اینکه کلمات در طی گذشت زمان تغییراتی را می پذیرند بنابراین شاید این کلمه هم یکی از صدها کلماتی باشد که از زبان کردی به زبان فارسی رفته است و برعکس آن را هم کسی نمی تواند منکر شود.

## نتیجه

1– دلدارشاعر توانایی زیادی در بکار گیری زبان داشته تا هم از رنج مردم کردستان بگوید و هم زبان و کلمات را همانند تنها راهی دانسته که در برابر ظلم ظالمان سکوت نکرده باشد.
2– دلدار شعرهای که برای کودکان و نوجوانان سروده و حتی آنهای را که ترجمه کرده است؛ از هیچ کلمه و یا واژه زبانی دیگری استفاده نکرده و تنها با زبان شیرین کردی نوشته شده است.
3– در شعرهای که دلدار برای طبقه کشاورزان و دامداران سروده , به مانند تابلوی نقاشی هستند که ریز و درشت زندگی آنها را به تصویر کشیده و حتی در اینجا هم یک کلمه وام گرفته نشده است.
4– شاعر هر کجا خواسته و اراده کرده کلمات را از زبان فارسی وام(قرض) گرفته است.
5– شاعر از روش اول وام گیری (قرض گیری) کلمات و واژه ها استفاده کرده است و هرچند بدترین روش وام گیری است ولی سعی کرده که با نوشتن به زبان کردی تا حدی از بدی انتخابش کاسته باشد.
6– ریشه کلماتی که ما در این تحقیق, انتخاب کرده ایم و فارسی دانسته ایم خیلی از آنها در بین زبان کردی و فارسی و عربی مشترک دیده ایم و شاید بخاطر این باشد که این سه زبان سالهای سال است که در کنار همند و ما درحال حاضر از این کلمات استفاده نمی کنیم ولی احتمال می رود که در قدیم زبان فارسی از زبان کردی وام گرفته باشند .یاد آوری می کنیم که کلماتی همچون(مأیوس,تقدم,منافع,عادت, مصدر ,معبد, دفعه,افراد,سرقت,قهر مروت,...) ریشه ای از زبان عربی دارند که از جمله کلمات وارد شده به زبان فارسی می باشند که بعد از وارد شدن در زبان

فارسی دست خوش یک سری تغییرات املائی و آوائی و معنائی گشته اند, اما مطمئنا این کلمات را نمی توانیم فارسی اصیل بنامیم و این حقیقت را هم نمی شود نادیده گرفت که بر اساس معانی این کلمات که در اشعار فارسی معنی جدید و متفاوت از اصل کلمه عربی به خود گرفته اند, در اینجا می شود استدلال کرد که شاید (دلدار) این کلمات را از زبان فارسی وام گرفته است اگر چه نامبرده زبان عربی را هم به خوبی فارسی و شاید بهتر از آنهم می دانسته است .بنابراین می توان گفت که از کلمات عربی اصل در صورت لزوم وام گیری کرده است.

7- پیشنهاد می شود , اگر محتاج به وام گیری از زبانهای دیگر شدیم از روش ( loan word) استفاده نشود چون . این روش از جمله روش هايي است که استفاده مکرر و فراوان آن مي تواند صدمات جبران ناپذيري به زبان وام گيرنده- زبان کردی- وارد آورده و زبان را از درون تهي سازد.

8- با توجه به کلمات مشترک در چند نمونه ای که از اشعار دلدار آورده شده , باوری برای ما در ست شد که خیلی از کلمات در بین ملتهای کرد زبان و فارسی زبان می تواند مشترک بوده و هردو ملیت را می توانند داشته باشند و برای ریشه یابی و تحقیق در مورد اصل و ریشه کلمات مشترک به تحقیقات ادبی و علمی فراوانی نیازمند می باشند.

**منابع کردی**


- حوسێن محمد عزیز(٢٠٠٥م)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم، سلێمانی.
- رۆژان نوری عبدلله(٢٠٠٧م)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ره فیق شوانی(2009),زمانه وانی,کومه له وتاریک,هه ولیر.
- سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کورد، چاپ یەکەم.
- سۆران حەمه رەش (٢٠١٣م)، کورد کێیه، لەندەن.
- علاءالدین سجادی(١٩٥٢م)، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، سردشت.
- عبدالخالق یەعقوبی(١٩٨٥)، دڵدار شاعیری شۆرشگیری کورد،بەغداد.
- عزالدین مصطفی رسول(٢٠٠٥) ، بۆ زمان، چاپخانەی شڤان.
- فوئاد حەمه خورشید(١٩٨٥م)، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیه، بەغداد.
- فاروق عومەر سدیق(٢٠١١م)،لەدایک بوونی ووشه، چاپخانەی شڤان، چاپ یەکەم، سلێمانی.
- مارف خەزنەدار(٢٠١٠م)، مێژوی ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپی دووەم، هەولێر.

- محمد معروف فتاح(١٩٩٠.م)، زمانەوانی ، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین ،.

**منابع فارسی**

- باقری(1381), مهری , تاریخ زبان فارسی,نشر قطره؛چاپ هفتم,تهران.
- خواجه ئی( 1385), حسن, روان شناسی زبان,تهران.
- داد(1385), سیما, فرهنگ اصطلاحات ادبی,چاپ سوم,اننشارات مروارید.
- روبینز(١٣٧٠) ، ی ر. ا چ ,تاریخ معاصر زبانشناسی ، ،ترجمه محمد حق شناس، تهران.
- فرشید ورد( 1383), خسرو , فعل و گروهای فعلی,تهران,سروش.
- کریستال( 1393), دیوید, مترجم علی ربیع,زبان چگونه کار می کند ,تهران,نشر علمی.
- منصوری(١٣٧٠)، ذبیح الله , سرزمین جاوید، زرین، تهران.
- معین، ف ٦ ج(١٣٧٠ )، چاپخانه سپهر ، تهران.

**پژوهشها**

- پە یوە ندیی بیرو زمان لە کوردیدا,کسپە ابوبکر علی,2011.
- فە رهە نگی زمان و زاراوە سازیی کوردی, رۆژان نووری عبدالله,2006
- کورتەی ئەو شتانەی کە پێم وابووە دەکرێ جێگای سەرنج بن، فەتاحی کاویان، نوسەری کورد ، ژ١٩.

**انترنیت**

- http: sciens.sciencemag.org
- www.kurdishacademy.org\a-ku-ar\node\318
- www.rasekhoon). پدیده ی قرض گیری در زبان , دکتر علی علیزاده.

## المقدمه

هذا البحث محاولة القراءة حديثة لنماذج فى شعر دلدار على وفعه برنامج انعكاس الكلمات الفارسية على الاديب الشاعر (دلدار) من حيث استعماله الكلمات الفارسية من خلال تأثير الادب الفارسي فيه، بصورة الواقعية بما يصور الحياة التى تتراءى من خلال الفكر، وفي العالم المادي والمحيط والبيئة، لذا بد النا أن كل ذلك انعكس في أدبه، من خلال تأثيره وتأثره بالمجتمع، بحيث لاتفارق هذا التأثير صورا وأشكالا شتى، كما يظهر أن العلاقة وثيقة بين تفكير الكاتب وما يتراء فى النص الادبى من خلال التجسير و العلاقة بينهما، وهذا مما يجعل للمجتمع أثرا كبيرا فى الأديب و أدبه يؤثر فى تقدم للمجتمع وتطوره وتغيره، كل ذلك حدا بنا أن نقف على مدى أثر الادب الفارسى وانعكاسه على أدب الشاعر فى استعمال الكلمات و الاساليب و استعارتها الاغراض وفنون أدبيه فى الادب الكردي، بما يتوافق مع الادب الفارسي أو يختلف معه، لا بسبب قلة هذه المفردات والاساليب في الغة الكردية.

## Introduction

This research is an attempt to modernize the models of the Deldar poetry and the effect of the program on the reflection of the Persian words on the poet (Deldar) in terms of its use of Persian words through the influence of Persian literature in it, in reality, depicting the life that is seen through thought and in the material world, environment, Therefore, it is necessary that all this is reflected in his literature, through his influence and impact on the society, so that this effect does not differ in many forms and forms. It also shows that the relationship between the writer's thinking and what is in the text is evident through the dissociation and the relationship between them. In literature and literature It affects the progress of the society and its evolution and change. All this led us to stand on the impact of the Persian literature and its reflection on the poet's literature in the use of words and methods and borrowed the purposes and arts of

literature in the Kurdish literature, in line with Persian literature or disagree with it, Vocabulary and methods in the Kurdish region.

# بەرپرسیارێتی دڵدار بەرامبەر شیعر و واقیع

م.ی. بێستون عارف عەزیز
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی
مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی جیهان-سلێمانی

## پێشـــەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکی شیکاریانەیە بۆ تیشک خستنە سەر بەرپرسیارێتی هەندێک لە ئەزمونی ئەدەبی و واقیعیەکانی دڵداری شاعیر، کە تیایدا هەوڵمانداوە لەڕێگەی دواندنی خودی شیعرەکانییەوە بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بەڵگەمەندییە ئەدەبی و واقعییەکان، خوێندنەوە بۆ ململانێی تیاژیانی دڵدار لە نێوان شیعر و واقیع بکەین، هاوکات تیشک بخەینە سەر هەردوو لایەنی بابەت و فۆرم وەک دوو لایەنی سەرەکی دونیای ئەدەبی. بابەت وەک لایەنی واقیعی و خودێتی بەرجەستەکراوی شاعیر، فۆرمیش وەک توانا و نواندنی ئاستی هونەریی شاعیر، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکەمان کردووە بە دوو بەشی سەرەکییەوە.

لە بەشی یەکەمدا وەک خوێندنەوەیەکی هونەریانەی پەیوەست بە لایەنی ئیستێتیکی و بەرهەمهێنانی شیعرەوە، هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر هەندێک لەو لایەنە جوانکارییانەی شیعر کە وەک بەرپرسیارێتی ناوەکی دەقی ئەدەبی خۆدەردەخەن، لەپاڵ ئەمەشدا چەند هونەرێکی شیعرنووسین بخەینە پێشچاو، کە دەربڕی ئاستی وەستایی و لیاقەی ئەدەبی و زمانەوانی شاعیرن و کەمتر قسەیان لەبارەوە کراوە، کە بەگشتی لەم تەوەرانەدا چڕمانکردوونەتەوە:

١- هونەری ناونیشاندانان بۆ شیعر.
٢- زمانی دراماتیکی و هونەری گێڕانەوەگەری لە شیعردا.
٣- تۆپۆگرافیا و هونەری جۆرایەتی نووسینی شیعر.

لە بەشی دووەمدا وەک خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی پەیوەست بە واقیعەوە، هەوڵمانداوە بەرپرسیارێتییە واقیعیەکانی دڵدار لەسەر تێمە جیاوازەکانی شیعر بخەینەڕوو، لەپاڵیدا چەند بابەتێکی هزری و فەلسەفی پەیوەست بە ژیانی ئەدەبی و واقیعی شاعیر بوروژێنین، کە بەگشتی لەم تەوەرانەدا چڕمانکردوونەتەوە:

١- ئەرک بەخشین بە شیعر، بە ئامرازکردنی شیعر.
٢- ڕاستگۆیی لە شیعر و واقعی تیاژیاو، بوونی پیوەستەگییەکی تۆخ لەنێوان شیعر و واقیعدا.
٣- موعاناتی گشتی نەک تاکی.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە لەم توێژینەوەیەدا پەراوێز و سەرچاوەکانمان بەپێی سیستەمی "هارڤارد"ە، کە نوێترین سیستەمی بەکارهێنانی سەرچاوەیە و لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئەنجامی باسەکەمان خستووەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم: بەرپرسیارێتی بەرامبەر شیعر**

**یەکەم: هونەری ناونیشاندانان بۆ شیعر**

ناونیشان وەک ڕەگەز و توخمی هونەری پێکهاتەی دەق، سەرەتا و دەروازەی دەقە، لە ئاستی ڕووکەش و سادەدا بە زۆر شێوە ناسێنراوە، بۆ نموونە لە ڕەخنەی کۆندا ناونیشانیان وەک گەیاندنی ڕاستەوخۆی پەیامەکانی ناوەڕۆکی دەق ناساندووە، وەک سەرەتایەک بۆ ناساندن و سیفەتی جیاکردنەوەیان پێبڕیوە و بە چڕکردنەوەی ناوەڕۆک ناوزەدی دەکەن، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا لە ئاستێکی قووڵتر و وەک بابەتێکی ڕەخنەیی قسەی زیاتر و هەمەلایەنتری لەسەر دەکەن و دەیکەنە یەکێک لە سیماکانی دەقبوون. لە ڕەخنەی کۆندا پێگە و گرنگییەکی کەمتری هەبووە و لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەی سنوورداری گۆشەگیردا بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەناو پێکهاتەی دەقی تەقلیدیشدا گرنگییەکی بەرچاو بەم ڕەگەزە نابینرێت، تەنانەت لە هەندێک لە دەقەکانیشدا هەر بوونی نییە و فەرامۆشکراوە. بۆیە دەکرێت بڵێین تێڕامان و گرنگیدان بە ڕەگەزی ناونیشان بەرهەمی ئەدەبی ڕەخنەی هاوچەرخە، کە لەژێر کاریگەری بواری زمانناسی دەقدا وەکو ڕەگەز و بنەمای جوانیناسی تەماشای دەکەن، واتە سەرەتا و گرنگیپێدانی ئەم ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ.[فازیل مەجید مەحمود- بێستون عارف عەزیز: ٢٠١٦، ل٢٤٦].

شوێنی جوگرافی ناونیشان هەمیشە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی دەق، وەک دەروازەی دەق دەتوانرێت بوترێت خاڵی هاوبەشی سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکانە، توخمی سەرەکییە لە پێکهاتەی هونەری هەر دەقێکدا. ناونیشان ((هێمایەکی زمانییە، دەکەوێتە ڕووکاری دەرەوەی دەق، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەرکێک ئەنجام بدات، کە تایبەتن بە ئەنتۆلۆژیا و پێکهاتەی دەق و ناوبڕێکی نێوان دەق و جیهانە، بۆئەوەی ببێتە خاڵێکی ستراتیژی، کە دەق بۆ جیهان و جیهانیش بۆ دەق دەبری))[هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠، ل١٨٩]. هەر بۆیە هیچ دەقێک بەبێ ناونیشان نابێت، چونکە کلیلی کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەقە و یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو دەقەکە و هەوڵی شۆڕبوونەوە بەنێو ئاستەکانیدا بدەین، تا مانا و ڕەمز و دەلالەتەکانی دەقەکە بدۆزینەوە، ئەمە جگە لەوەی دەشبێتە دەرخستنی ئاستێک لە ئاستەکانی زمان بە گشتی و زمانی دەق بەتایبەتی، کە سیمانتیکە، واتە یارمەتیمان دەدات زیاتر لە ئاستی سیمانتیکی داقی داهێنراو تێبگەین.

ناونیشان بەگشتی بونیادێکی سەربەخۆ و بونیادێکی بچووککراوەیە، یان ئەویش دەقێکی بچووک *Microtexte* و چڕکراوی زمانییە، بەڵام مەرجیش نییە بچووککراوی بونیادی دەق بێت، کە لەمەیاندا ناونیشان ناوەڕۆکەکە دیاری دەکات، بە دیوێکی تردا

ناونیشان دەقێکی بچکۆلەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحایە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنێتی خوێندنەوەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی بابەتدا هەیە، هەوڵ دەدا کۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و بینینی نووسەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆشنبکاتەوە[نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠٠٦، ل٧٤].

بە بڕوای جاک دیریدا و گۆڵدمان ناونیشان چراخانی دەقە ((ناونیشان سورەییای دەقە و دەتوانێت ڕێگە و کەلەبەرە تاریکەکانی خوێندنەوەی دەق ڕووناکبکاتەوە و لەسەرەوە تیشک بهاوێژێتە سەر بەشێکی زۆری ڕووبەری مەتن))[نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠٠٦، ل٧٥].

بە بڕوای جیرار جنیت ئەرکی ناونیشان خۆی لە چوار ئەرکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، ئەوانیش:

((١- سەرنجڕاکێشان: ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و ئاڕاستەکردنی.

٢- سروشبەخشین: نیشاندان و ئاماژە بەخشین، کە خۆی لە بەهای ئیحائیدا دەبینێتەوە.

٣- دیاریکردن: ناساندنی دەق و کارنامەکەی.

٤-وەسف: ناساندنی دەق لە ڕێگەی وەسفی ناونیشان و وەسفکردنی بەشێک یان زیاتری بابەتی دەقی دیاریکراو))[ناصر یعقوب: ٢٠٠٤، ص١٠٢].

هەڵبژاردنی ناونیشان لەلایەن نووسەرەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە بەئاگاییەکی زۆرەوە بیری لێبکاتەوە و حەقی خۆی پێبدات، دەبێت ئەوەش بڵێین کە ناونیشان لە زۆر باردا جڵەو لە نووسەر وەردەگرێتەوە و دەیداتە دەقەکەی، واتە ئەوە ناونیشانە بەشێک لە ئازادی نووسەر وەردەگرێت و دەیگێڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی دەق، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نووسەر بە تەواوەتی خۆی ببەستێتەوە بە کرۆکی دەقەکەیەوە هەر لەوێشەوە ناونیشانەکەی بەرهەمبهێنێت و ڕاستەوخۆ ناوەڕۆکی بابەتەکەیمان پێبدات و ناونیشانێکی مەبەست حازربەدەستمان پێشکەش بکات، چونکە ئەمەش ڕاستەوخۆ کەمکردنەوە و لێدانە لە نرخ و بەهای دەقە داهێنراوەکەی و بێپێزکردنی ناونیشانەکەیەتی و سەرئەنجام ناونیشانی دەقەکەش نە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و نە پرۆسەی خوێندنەوەش کامڵتر دەبێت.

ناونیشان بەشێوەیەکی گشتی پاشکۆی ناواخنی دەقە، کە زۆربەی نووسەران دوای لەدایکبوونی دەق دایدەنێن، هەروەک ئیبراهیم یونسی لە دانانی ناونیشان بۆ ڕۆمان دەڵێت: ((باشتر وایە دانانی ناونیشانی ڕۆمان کاتێک بێ کە ڕۆمانەکە بە کۆتا گەیشتبێت، ئینجا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ورد ناونیشانێک بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژێرێت))[ابراهیم یونسی: ١٣٨٢، ص١١٣].

زۆرجار ناونیشانی دەق دەلالەت لە یەکێک لە ڕەگەزەکانی دەق دەکات، یان هەندێکجاریش پەیوەندی بە دیاردەیەک یان بیرۆکەیەکی دەقەکەوە هەیە، چونکە پەیوەندی ناونیشان بە دەقەوە پەیوەندییەکی بەهێزە، لەسەر بنەمای پەیوەستەگی و لۆژیکێکی ڕێکوپێک دروست

دەبێت، کە دەلالەت لە بەشێک یان زیاتری بابەتی دەقەکە دەکات.[سهام حسن جواد السامرائي: ٢٠١٣، ص٦١].

ئەگەر سەرنجی مێژووی ناونیشانی دەقی ئەدەبی کوردی بدەین، دەبینین لە سەرەتاکانی دەقی شیعریمان بەتایبەت شیعری کلاسیک ڕەگەزی ناونیشان فەرامۆش کراوە و شیعرە بەرهەمهاتووەکان بێ ناونیشانن، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمە لە سەرەتای نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا، ڕەگەزی ناونیشان وەک پێکهاتەیەکی هونەریی و پێویست خۆی دەنوێنێت، چونکە یەکێک لە نیشانەکانی نوێبوونەوەی شیعری کوردی بریتی بوو لە دانانی ناونیشان بۆ شیعرەکان، دواتر لەگەڵ پرۆسەی نوێبوونەوەکە هانگاو بە هەنگاو دانانی ناونیشان بۆ دەق دەبێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ پڕکردنەوەی لایەنی هونەریی دەقەکان و سەرەتایەک بۆ چوونە ناوەوەی دەقەکە.

ئەگەر چاوێک بە دیوانی دڵداری شاعیردا بخشێنین، دەبینین سەرجەم شیعرەکان هەڵگری ناونیشانی تایبەت بە خۆیانن، ئەگەرچی لە زۆرێک لەو شیعرەکاندا هەست بە سادەیی و ساکاریی ناونیشانەکان دەکەین، چونکە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی پیشاندانی کرۆکی شیعرەکان و خۆیان لە وشەیەک یان فریزێک یان ڕستەیەکی نێو پێکهاتەی شیعرەکاندا دەبیننەوە، بەڵام پێویستە لەپاڵ ئەمەدا ئەوەش بڵێین کە بۆ کات و سەردەمی تیاژیانی دڵداری شاعیر هەر بە تەنیا دانانی ناونیشان بە هەر شێوەیەک بێ خۆی بۆخۆی هاوچەرخی و تازەگەریی بووە، بۆیە بە ڕوانینمان لە ناونیشانەکان دەبینین بەشێک لە سادە و ساکاری ناونیشانەکانی شاعیر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قۆناغەکە خۆی بۆخۆی سەرەتای دانانی ناونیشانە لە شیعری کوردیدا، وەک دەشزانرێت هەموو بابەتێکی تازەداهێنراو بە سادەیی دەست پێ دەکات.

لایەنێکی تری سادەیی ناونیشانی شیعرەکانی دڵدار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودی پێکهاتەی هەندێک لە دەقەکان خۆیان هەڵگری بونیادێکی سادەن و زۆر زوو خۆیان دەدەن بە دەستەوە، بۆیە کاتێک دەقێک هەڵگری بونیادێکی سادە بێت لەڕاستیدا ناونیشانەکەشی وەک ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ئەو بونیادە هەر سادە دەبێت، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە شیعرە گێڕانەوەگەرییەکانی شاعیردا دەبینرێت.

زۆرێک لە ناونیشانەکانی شیعرەکانی دڵدار لەشێوەی گفتوگۆ و دواندنێکی بەرامبەرکێیدا بونیاد نراون، کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پەیام و بابەتە شیعرییەکانن، بۆیە دەبینین شاعیر بە پشتبەستن بە ئامرازەکانی بانگکردن و بە ڕووکردنە کارەکتەر و بابەتی سەرەکی شیعرەکەی ناونیشانەکەش بونیاد دەنێت، وەک لە ناونیشانەکانی: ئەرێ ئەی لاو- ئەی کورد- ئەی خودایە- ئەی بادی شەماڵ- ئەی نازەنین- بڵێ سەربەستی ئەی لاو- لاوی کوردان...هتد دا دەردەکەوێت.

هەندێک لە ناونیشانەکانی تر زۆر سادە و ساکار و شێوە ڕاڤەیین، ڕاستەوخۆ خۆدەردەخەن و هەڵگری هیچ فەنتازیا و نادیارییەک و ڕاکێشەرێکی خوێنەر نین، بەجۆرێک کە خوێنەر

تەنیا بە بینینی ناونیشانی شیعرەکان ڕاستەوخۆ لە پەیام و گوتار و بابەتی شیعرەکە تێدەگات، کە ئەمەش دەلالەت لە لاوازی ناونیشان و کەمکردنەوەی بەها و ڕەگەزی هونەری شیعرەکان دەکەن، وەک لە ناونیشانەکانی: نامەیەک بۆ دڵزار- نیشتمان ئیشی دەوێ- زوڵف و ئەگریچەی یار- بۆ گۆڤاری ڕووناکی- لە مەیدانی موجادەلەیەک... هتد دا دەردەکەوێت.
هەندێکی تر لە ناونیشانەکان هەڵگری جازیبەتێکی سیحراوین، یان دەتوانین بڵێین هەڵگری ئیحا و جوانناسییەکی تایبەت بە خۆیانن، کە لە ناویاندا جۆرە فەنتازیا و نادیارییەک لەخۆدەگرن و خوێنەر ناتوانێت بە یەکجار خوێندنەوە کرۆک و تێمەی شیعرەکەی بۆ دەربکەوێت، لەلایەکی ترەوە پێکهاتە و داڕشتەی ناونیشانەکان بەشێوەیەکن هەڵگری زیاد لە ڕاڤە و تەئویلێکن، جۆرە نادیارییەکیان لەخۆیاندا حەشار داوە کە خوێنەر بە تەواوی و بە وردی ئاشنا نەبێت بە دونیای شیعرەکە، ناتوانێت لە مەبەست و بەکارهێنانی ئەو ناونیشانە تێبگات، واتە نائاگاییانە خوێنەر پەلکێشی خوێندنەوەی شیعرەکە دەکات و ڕاستەوخۆ بیر و هزری خوێنەر ڕادەکێشن، کە ئەمەش لە ڕەخنەی نوێدا جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانن، چونکە دەبێتە هۆی دەرخستنی توانای هونەریی و ئەدەبی شاعیر لەسەر دانانی هونەری ناونیشان و کامڵبوونی ئاستی دەقبوونی دەقەکە، وەک لە ناونیشانەکانی: سزاواری- خەندەکەی بایی- بۆ ئەو کەسەی کە...هتد دا دەردەکەوێت.
هەر بۆ نموونە لە شیعری "خەندەکەی بایی"دا شاعیر کارنامەیەکی زیاتری بە ناونیشان بەخشیوە و جگە لە شوناسی دەقەکە کردویەتییە ئامڕازێک بۆ بەرهەمهێنانی مۆسیقای شیعر، چونکە قافییەی نیوەدێڕی یەکەمی لێ پێکدەهێنێت. لایەنێکی تری جوانی و هونەرنواندن لە دانانی ناونیشانی ئەم شیعرەدا بریتییە لەوەی کە وەک چۆن بە ناونیشان دەست پێ دەکات، ئاواش بە ناونیشان کۆتایی پێدێت.

**خەندەکەی بایی**

*لە ئافاتی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی*
*فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم*

......

*لەڕووی چاکە و وەفاداری*
*بە یادی جامی دڵداری*
*لە مەستی خۆشی بم هێڵی دروشمی خەندەکەی بایی* [دڵدار: ١٩٧١، ل٥٢-٥٤]

هەندێکی تر لە ناونیشانەکان تەنیا یەک وشەن و وەک دالێک دەلالەت لە چەند مەدلوولێک یان کارنامەیەک یان زیاتری نێودەقی دەکەن، وەک ناونیشانەکانی: دڵ- مەی- کوردستان- نائومێدی- ئومێد- فەلەک...هتد.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە شیعری "توتنەوان"ی شاعیر بکەین، کە جگە لە ناونیشانی سەرەکی، لە ناوەوەش شیعرەکە کراوە بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشێکیش ناونیشانی خۆی بۆ دانراوە، بەمەش دڵدار دەیەوێت لۆژیکمەندانە ڕووداو و باس و خواسی

شیعرەکە لە گشتەوە بۆ بەش بەرێت، کە بۆ کات و ساتی خۆی بابەتێکی هونەری نوێ بووە و یارمەتیدەرێکی باشی تێگەیەنەرانەی خوێنەر بووە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا.

**دووەم: زمـانی دراماتیکی و هونــەری گێڕانــەوەگەری**

یەکێک لە سیما دیارەکانی شیعری دڵدار بریتییە لە هەبوونی ئەو زمانە دراماتیکییەی کە لە هەندێک لە شیعرەکانیدا دەبینرێت و بووەتە شێوازی میکرۆستایلی ئەزموونی ئەدەبی دڵدار و دەرخستنی توانای هونەریی و ئەدەبی شاعیر لەم بوارەدا، چونکە یەکێک لە خەسڵەتەکانی بە دراماکردنی شیعر بریتییە لە بەکاربردنی زمان بەشێوەی گێڕانەوەگەری هونەریی و توانای بەدیمەنکردن و بە نمایشکردنی بابەت و شتەکان، ئەمە جگە لەوەی ((شاعیر لە خودییەت بەرەو بابەتییەت هەنگاو دەنێت، لە کۆمەڵ و کۆمەڵگا نزیک دەبێتەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆییەکان دەبنە بابەتی شیعری و دەمەتەقێ و گفتوگۆ دروست دەبێ لەگەڵ دیمەنەکەدا))[پەروین عەبدوڵلا: ٢٠٠٨، ل١٢٣]. هەر بۆیە یەکێک لە شێوازە گێڕانەوەگەرییەکانی هەندێک لەو شیعرانەی دڵدار کە بە بۆی درامی نووسراون، وەک شێوازێکی جێگیری زۆربەی زۆری ئەو شیعرانە بریتییە لە بابەتیبوون و باسکردنی لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان، کە شاعیر دەبێتە باسکەری هەندێک لەو بابەتانە و کەمتر خۆی تیادەبینێتەوە، خۆ ئەگەر بەشداریش بێت وەک خودێک و تاکێکی بەشێک لەو بابەتە باسدەکرێت، کە کەشێکی گشتییانەی کۆمەڵگاییانەی لەخۆگرتووە، نەک بابەت و موعاناتی تاک.

*ڕۆژێکی هاوین لە قرچەی گەرما*
*ئاودێرێکی ڕووت توتنی ئاو ئەدا*

*زەرد و بێ هێز و لاواز و نەخۆش*
*ماڵوێران، پەرپووت، بەدەم لەرز و تا*

*لە چوار سەر خێزان خۆی و منداڵی*
*هەر ئەویان هەبوو هەڵسا بوو گۆیا*

*سەپکەیێ بکا، گۆزە ئاو بێنێ*
*توتن ئاو بدا منداڵ بەخێو کا*

*بەلەرزە لەرز و هانکەی ماندوویی*
*هەوڵێکی ئەولا هەوڵێکی ئەم لا*

*منیش لەتاوی گەرما و ماندووی ڕێ*
*بە تەمای چۆڕێک ئاوی سارد لام دا*

[دڵدار: ١٩٧١، ل٦٤]

یەکێکی تر لە شێوازە گێڕانەوەگەرییەکانی شیعرە درامییەکانی دڵدار بریتییە لە شیعری درێژ، چونکە بەدراماکردنی شیعر لە کورتترین ماناشدا پێویستی بە کات و مەودا و گفتوگۆ و باس و خواسی فرە کارەکتەرە، کە ئەمەش هەرچی بکرێت و بگوترێت ناتوانرێ

هەواڵنامەی کتێب

لە ماوەیەکی کەم "چەند بەیتێک" بەئەنجام بگەیەنرێت، بۆیە گەر لە شیعرە درامییەکانی شاعیر وردببینەوە، دەبینین هەموویان درێژن و فرە مەودا و فرە کارەکتەر و گۆشەنیگان، کە باسی کێشەیەک لە کێشەکانی کۆمەڵگا دەکات و دەبێتە نوێنەری ناسۆری قۆناغێک لە قۆناغە تیاژیانەکانی کۆمەڵگای کوردی، چونکە گەیاندنی ئەو ناسۆری و خەمی گشتییە بە پرۆسەیەکی گێڕانەوەگەری دوور و درێژ دەکرێت، بە پشت بەستن بە هونەر و ڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوە و تۆکمەکردنی زیاتری سیمای دراماتیکی و دیمەنسازی لە شیعرەکەدا دەکرێت.

*سەلام علیک هۆ کاکەی ئاودێر*
*علیک السلام پیادەیی تەنیا*

*وتم: تینومە، ئاوی سارد ئەبێ*
*وتی: نازانم ماومانە یان نا*

*برۆ ژێر کەپر گەر لەنێو گۆزە*
*ئاوی تێدا بوو بیخۆوە ئەمما*

*نەخۆشی لێیە، گەر تونویان بێ*
*بەخێری باوکت ئاویان پێ بدە*

[دڵدار: ١٩٧١، ل٦٥]

ئەم جۆرە شیعرانە ((لە کۆمەڵێکی دەرەبەگی دواکەوتوودا لەسەر زمانی خوێندەوارە پێشکەوتووەکان خۆی دەنوێنێت، کە بریتییە لە پیشاندانی ناگزووری و دواکەوتوویی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ساکاری سەرپێیانە، ئەم جۆرە شیعرە لێکدانەوە و شیکردنەوەی سایکۆلۆجی تێدا نییە، بیری تیژ و خوێندەواری و ڕۆشنبیری بەرز و قووڵی ناوێت، چونکە بە زمانێک دەبێژرێ زمانی خەڵکە، بەڵام خوێندەوار و نەخوێندەوار دەجوڵێنێت و دەوری خۆی لە گۆڕانی کۆمەڵدا دەبینێت))[مارف خەزنەدار: ٢٠٠٥، ل٥٤٧].

لە شیعری "لالەباس"دا شاعیر زۆر هونەرمەندانە و لێزانانە پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی سەرجەم ئەو ڕەگەز و بنەما دراماتیکییانەی کە پێویستی بناغەیین بۆ بەرهەمهێنانی زمان و شیعری درامی، چونکە ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین دەبینین ڕەگەزەکانی وەک:

١/ کارەکتەر ٢/ گفتوگۆ ٣/ شوێن ٤/ کات

ئەمە جگە لەو ڕووداو و ململانێیانەی کە لە جیهانبینی شیعرەکەدا خۆدەردەخەن و ئامادەییان هەیە. بەرجەستەکردنی ڕێڕەوی گێڕانەوەگەرییەکانی ئەم شیعرە بەشێوەی کرۆنۆلۆژی بەرجەستەکراون و بە بەکارهێنانی سەرجەم پێداویستییەکانی پرۆسەی گێڕانەوە، وای کردووە زیاتر هونەرییبوون و چێژدارتر دەربکەوێت، ئەمە لەپاڵ پەنابردنە بەر گێڕەرەوەی هەمووشتزان کە ((لەم شێوە گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە بەشێکە لە ڕووداوەکان و بەشدارە تێیدا، کە لە شێوەی گێڕەرەوەی کارەکتەری خۆی دەنوێنێت، جا

کارەکتەری سەرەکی بێ یان لاوەکی، ئەوا بەپێی دید و تێڕوانین و بیری خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، واتە بەگوێرەی گۆشەنیگا و ئاگابوونی خۆی لە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە))[عبدالله ابراهیم: ١٩٨٨، ص١٨٥]. ئەمە جگە لەوەی خودی شاعیر وەک کارەکتەر دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو هەموو شت زانینە و هەڵڕشتنی هەست و سۆزی و لایەنگیری بۆ ئەو بابەتەی باسی دەکات، کە بۆ کات و سەردەمی خۆی باو بووە و بەرجەستەکەری چێژی ئەدەبی سەردەمی خۆی بووە، دواجار بەجێهێنانی بەرپرسیارێتی ئەدەبی و ئیستێتیکی شاعیر ئاشکرا دەکات بەرامبەر بە شیعر و خوێنەری چاوەڕوانکراو لە پەیامە بابەتی و هونەرییەکانی شاعیر.

یەکێکی تر لە سیماکانی زمانی دراماتیکی و هونەرسازی لە گێڕانەوەدا، بریتییە لە نواندنی هونەری نواندن و ئەو گفتوگۆسازییەی کە لەنێوان دوو کارەکتەر یان زیاتردا ڕوودەدات، دیارە ئەمەش بە مەبەستی بەستنی پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان و دەرخستنی دونیای ناوەوە و دەرەوەیان بە خوێنەر و کەمەندکێشکردن و بەردەوامبوونی خوێنەر لە خوێندنەوە، هەروەها دەبێتە هۆی هاتنەئارای پرسیار و وەڵام و درێژەدان بە گێڕانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان و باسکردنی بابەتەکان. ((شیعری لالەباس لەبەر ئەو دەمەتەقێ و وتووێژەی شاعیر لەگەڵیدا کردوویەتی و جووڵاندویەتی، ئەو گیانی شانۆگەری و جم و جۆڵەی ئاوێتەی ئەو شیعرە بووە))[کاکەی فەلاح: ١٩٧٨، ل١١٦]، وای کردووە سەرکەوتوو بەهرەوەر بێت:

*پێم وت: لالە باس پارەت بدایە*
*ڕەسوڵ معیل بوو بەبێ گفتوگۆ*

*وتی: پارە و من! هەی خاکم وەسەر!*
*بریا ئەمزانی ئەی خودایە بۆ؟!!*

*ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم*
*فەللاحی ئەکەم هەتاکو ئیمڕۆ*

*نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووییم*
*تیکە نانێکە چ نانە جۆ*

*ئەویش بەبێ دۆ* [دڵدار: ١٩٧١، ل٥٨]

لایەنێکی تری زمانی دراماتیکی و هونەری گێڕانەوەگەری بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنیکی بەش بەشکردن و دانانی ناونیشان بۆ هەر بەشێک لەو بەشانە، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر جۆرایەتی گەیاندن و گێڕانەوەکە دەبێت و زمانی دراماتیکی لە شیعردا زیاتر بەرجەستە دەکات، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەم بەش بەشکردنە بریتییە لەوەی کە ((دەبێت هەموویان پەیوەست بن بە یەکەوە و وەک زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراو سەرباری جیاوازی فەزا و پاش و پێشکردن لە بونیادی گێڕانەوەکان لەیەک دانەبڕێن))[جمال میر صادقی: ١٣٨٨ ، ص٢٣٤].

هەواڵنامەی کتێب

دڵداری شاعیر زۆر لێزانانه و وەستایانە ئەم هونەرەی لە شیعری "توتنەوان"دا بەکارهێناوە، سەرجەم شیعرەکەی کردووەتە ٧ بەش و هەر بەشێکیش لە ١٠ دێڕ شیعر پێکهاتووە، ئەمە جگە لەوەی هەر بەشێک لەو بەشانە ناونیشان و سەرباسی خۆی بۆ داناون{توتنەوان- کەپری ئاودێر- دوو سوار- چەندوچوون- ماڵوێرانی- حساو- حساوکردن}، بەبێ ئەوەی فەزای هیچ بەشێک لە بەشێکی تر داببڕێت و خوێنەر هەست بە پچڕانی ئایدیا و بابەت بکات.

**-٢- کەپری ئاودێر**

*کەپرێکی دارگەز، نارێک دامەزراو*
*بە پووش و گەڵای چڕ و سەرگیراو*
*بۆ پارێزگاری خۆرەتاو و تۆز*
*بە چیخێکی شڕ سێ دەوری دراو*

**-٣- دوو سوار**

*من لەو خەیاڵە و دوو بارگیر سوار*
*هاتن لە ژوور را بزووت و خێرا*
*بڕنەو لەبەردەم، دەمانچە لە قەد*
*سمێڵ قیت و قنج، چاو کشت و وریا* [دڵدار: ١٩٧١، ل٦٥-٦٧]

بە کورتی ئەو چەند لایەنەی باسکران بەشێکن لە بەرپرسیاریتی شاعیر بەرامبەر بەهونەرییکردنی دەق و بەخشینی زمانێکی دراماتیکی بە شیعرەکە، ئەمە سەرەڕای نواندنی لیاقەی ئەدەبی و گەیاندنی پەیامە بابەتی و جوانناسییەکانی شیعر لەڕێگەی هونەری گێڕانەوەگەرییەوە بە خوێنەر.

**سێیەم: هونەری تۆپۆگرافیا و جۆرایەتی نووسینی شیعر**

تۆپۆگرافیا بریتییە لە هونەری دابەشکردنی ڕەشایی بەسەر پانتایی و ڕووبەری سپێتیدا، یان دەتوانین بڵێین بریتییە لە ((پرژاندنی پیت و وشە و گرێ و ڕستەکان بەسەر ڕوخساری سپێتیدا بەشێوەیەکی ئازادانە، لە هەندێ باردا ڕەشاییەکان و لە هەندێ باری تردا سپێتیەکان بەسەر یەکتردا زاڵ دەبن))[عەبدوڵڵا طاهر بەرزنجی: ١٩٩٤، ل٣٢].

یەکێک لەو لایەنانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی ئیستێتیکی و بە وێنەکردنی شیعر دەگێڕێت، بریتییە لە بەخشینی کارنامە بە لایەنی چۆنێتی نووسینی شیعر و هونەرسازی لە تۆپۆگرافیاکەیدا، چونکە لەدوای نوێبوونەوەی شیعر لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ئیدی شیعر هەر بریتی نەبوو لە ڕەشکردنی سپێتی لاپەڕەکە، بەڵکو گۆڕانکاری گەورە لە جوگرافیای دەق کرا و پیت و فریز و ڕستە و دێڕ و کۆپلە شیعرییەکان مەرج نەبوو وەک شیعری کلاسیک بە هەماهەنگی و بە ستوونی و زاڵبوونی ڕەشێتی بەسەر سپێتیدا بەدوای یەکدا بێن، بەڵکو شاعیران دەیانویست لەپاڵ نووسینی پەیامە شیعرییەکانیان جۆرە پەیوەندی و چێژێکی تری شیعری بهێننە بەرهەم، دیارە ئەو پەیوەندی و چێژەش بە

((یەکانگیری نێوان شیعر و وێنە "نیگار" دروست دەبێت، کە بریتییە لە تێکەڵکردنی هەردوو ئاستی دەربڕین و بینین، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ لێکتربەستنی تێکستی شیعری و هونەرە دیتەنییەکان، واتە لێکترگرێدانی تێکستێکی زمانی سەر بە سیستەمی خوێندنەوە و جیلوە شێوەییەکانی ئەو تێکستە و توانای نیگاری و دیتەنییەکانی))[فەرهاد پیربال: ٢٠٠٥، ل١٠٥]. بەمەش شاعیر جۆرێک لە لادانی نووسینی شیعر و ئیستاتیکایەکی تری دەق بە بەراورد بە پێش خۆی دێنێتە بەرهەم، کە ((تەنیا بە نووسین "بینین"ەوە پەیوەست دەبێ و کار ناکاتە سەر دەنگ "بیستن". لە شیعری کۆندا زیاتر بەشێوەی ڕەگەزدۆزی ئۆرسۆگرافی و دەرکەوتنی جۆراوجۆری "موشع و مدرج" ئاشکرا دەبن و چێژ لای خوێنەر دەخولقێنێت، لە شیعری نوێشدا کورتی و درێژی نیوەدێڕەکان، فۆرمی پەیژەیی نووسینی نیوەدێڕەکان و تەنانەت پیتەکانی وشەیەک دەبنە هۆی داهێنانی لادانی ئۆرسۆگرافی))[دلێر سادق کانەبی: ٢٠٠٩، ل٥٠].

سەردەمی پێش دڵداری شاعیر سەردەمی یەک شێوازی و یەک وێنەیی نووسینی شیعر بوو، کە سەرجەم شیعرە کلاسیکییەکانمان و تەنانەت ئەو شیعرانەی شاعیریش کە بە پێڕەوی یاسا و ڕێساکانی کلاسیک نووسراون، تەنیا یەک شێوە تۆپۆگرافی لەخۆدەگرن، کە خوێنەرانی ئەوکاتیش وەک هونەری خوێندنەوەیی نەک نووسین ئاسایی وەریاندەگرت، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانی قۆناغی دوای کلاسیک و دەرکەوتنی بە چاپکردن و بە نووسینبوونی شیعر، لەڕاستیدا ئەم جۆرایەتی نووسینی شیعرەش گۆڕانی بەسەردا هات و لەگەڵ خۆشیدا چەند هونەرێکی جیاوازی تۆپۆگرافیای بەدوادا هات. دەرکەوتنی هونەرە جیاوازەکانی تۆپۆگرافیاش بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە، یەکێک لەوانە: دەرکەوتنی سەرەتاکانی نووسینی شیعری سەربەست و قاڵبە جیاوازەکانی نووسینی شیعر و نواندنی ئەو هونەرە جیاوازانەی کە پەیوەندیان بە دەسەبەرکردنی لایەنی ئاوازەیی شیعر و کێشە جیاوازەکان و لادانی شیعرەوە هەیە، ئەمە جگە لە گۆڕینی چێژ و سەلیقەی خوێنەر و بەخشینی وێنەیەکی جیاوازتری شیعرنووسین، گۆڕینی گۆشەنیگای بینینی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی شیعر و چێژبینینێکی تر کە جیاواز بوو لە چێژبینینی پێشووتر.

دڵداری شاعیر لەم هونەرەشدا دەستێکی باڵای هەبووە و بە ئاگایانە گۆڕانکاری لە تۆپۆگرافیای شیعرەکانیدا کردووە، هەر بۆ نموونە ئەو شیعرانەی کە لەسەر شێوەی کلاسیک نووسیونی یان کاریگەری ئەدەبیاتی کلاسیکیان لەسەرە، تۆپۆگرافیای شیعرەکانیش دەچنە ناو خانەی تۆپۆگرافی شیعری کلاسیک کە بە گشتی ڕەشایی زاڵن بەسەر پانتایی سپیایی و بەشێوەی شیعری ستوونی یەکسان و وەک یەک بەرهەم هاتوون.

**تەخمیس**

*ئـەمان مـردم لە داخی دڵ لـەبەر گریان و هاواری*
*درێغ سـووتام لە قرچـەی ئـاگری ئێشـان و ئازاری*
*طبیبی چی! حکیمی چی! بە من چی علم و گوفتاری*

*ئـــەوی نـــەیدیبێ ئێشـــی دڵ وەیـا ئـالـەمی "دڵداری"*
*چـــوزانێ مـــن لــە ئێشـــان و چ ئـــازار و فگـارێکم*

[دڵدار: ١٩٧١، ل٦٠]

گومانی تێدا نییە بەشێکی زۆری هەڵکەوتەی تۆپۆگرافیای ئەم شیعرانە پەیوەستە بەو قاڵبە شیعرییانەی کە شاعیر بەکاری دەهێنێت، دیارە لەناو ئەو قاڵبە شیعرییانەش سیستێمێک لە ئاواز و سەدای شیعری بوونی هەیە، کە زۆرجار ئەم ئاواز و ڕیتمە شیعرییانە شاعیر ناچاری بەکارهێنانی ئەم شێوە تۆپۆگرافیایە دەکات، وەک لە قاڵبە شیعرییەکانی چوارخشتەکی و پێنچخشتەکی و تەرجیعبەند و تەرکیببەند و موستەزاد و ...هتد دا دەردەکەوێت.

دڵداری شاعیر یەکێکە لە کارەکتەرە دیارەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لەگەڵ نوێکاری بابەت و مۆسیقا و لایەنەکانی تری نوێبوونەوە، تۆپۆگرافیای شیعرەکانیشی گۆڕیوە و فۆرمێکی هاوچەرخیانە {بۆ کاتی خۆی} پێداون، ئەمەش بەجێهێنانێکی تری بەرپرسیارێتی شیعری و ئیستێتیکییە، کە دەبێتە دەرخەری ئاستی شاعیری و هونەرمەندێتی شاعیر، هەر بۆ نموونە لە شیعری "زوڵف و ئەگریجەی یار بەتەواوی هەست بەو گۆڕانکارییە تۆپۆگرافیایە دەکەین، کە بە پێچەوانەی شیعری کلاسیک و پێش خۆی، هەوڵی داوە هونەر لە جۆرایەتی نووسینی شیعرەکەش بسازێنێ و سپێتی بەسەر ڕەشاییدا زاڵ بکات، تا گۆڕان لە ڕوانین و چێژ و گۆشەنیگای خوێنەر بکات، چونکە ((لەگەڵ نووسینی شیعرەکەدا جۆرە جوانییەک لە مێشکی خوێنەردا دەچەسپێنێت و بێزاریی لە شیعری کۆن دەڕەوێنێتەوە، ئەمەش زیاتر کاریگەری ڕێبازی "هونەر بۆ هونەر"ە لەسەر شاعیر دەبینرێت))[حوسێن غازی کاک ئەمین: ٢٠٠٨، ل١٩١]، وەک لە شیعری (زوڵف و ئەگریجەی یار)دا دەردەکەوێت و دەنووسێت:

**زوڵف و ئەگریجەی یار**

*زوڵف و ئەگریجەی یار، چەندە تەبایە*
*وێنـەی جـەمالی یار، لە دڵی من دایە*
*شـا بۆی گـەدایە*
*گـەداش فـیدایـە*
*ڕۆح بۆی نەمایە*
*هــەر بێ وەفایە*
*چـونکە مەشرەبی یـار جەوری جەفایە*

***

*سـەد ماشـەڵڵا یـارم چەندە بەنـازە*
*دڵم دەسـوتێنێ بـەم چـاوە بـازە*
*گـەردنی قـــازە*





شــەهین و بــازە
بۆ ڕۆح دڵخوازە
بەو عیيشوە و نازە
لێوی پشکووتووە وەک غونچەی تازە
[دڵدار: ١٩٧١، ل٦٢]

بە کورتی هەموو ئەوانەی باسکران بەشێکن لە بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتی شاعیر لە بەرامبەر بەهونەرییکردنی دەق و دەرخستنی لیاقەی ئەدەبی و گەیاندنی پەیامە بابەتی و جوانناسییەکانی شیعری شاعیر بە خوێنەر. هەموو ئەمانە لە دۆخی ناوەکی بونیادنانی دەقدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی جوانناسیی دەق و پڕکردنەوەی لایەنی هونەری کەمالی و بەئاریشگایی دەق، ئەمە جگە لە کاملبوون و دەستەبەرکردنی زۆرترین چێژی خوێنەر و بەردەوامبوون لە خوێندنەوەیدا.

**بەشــی دووەم: بەرپرســیارێتی واقیع**

**یەکـەم: ئەرکبەخشـین بە شیعر**

هەمیشە لە ئەزمونی ئەدەبی گەلاندا ئەوەی باوە ئەوەیە کە ئەو میللەتانەی خۆش دەژین، حاڵ و گوزەرانیان جێگیرە و پێویستییە ماددیی و مەعنەوییەکانیان فەراهەمکراوە، لە دۆخی ئارامی ناوەکی و دەرەکیدان، وایکردووە شاعیرەکانیان بەرهەمانێکی ئەدەبی ئەوتۆ بهێننە ئاراوە، کە تەنیا و تەنیا دەربڕی دۆخێکی جوانیی بن، ئەزموون و خەیاڵ و حاڵەتێکی ئیستێتیکییان لەپشتەوە بێت، لەم جۆرە بەرهەمانەدا ئەدەب جگە لە خۆی، کارنامە و پەیامێکی تری لە پشتەوە نییە، بە کورتی ئەدەب بۆ جوانی دونیای ئەدەبی کاردەکات و خودی ئەدەب دەبێتە ئامانج، بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی کە لە کەش و هەوایەکی قەیراناویی و پڕ کێشە و ململانێیدان، پڕ لە بەریەککەوتنی تەوژمی سیاسی جیاوازن و لە دۆخێکی ناسەقامگیری سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیدان، ئەمە جگە لە ناجێگیری دەروونی تاک و فەراهەمنەبوونی هیچ جۆرە پێویستییەکی ژیانکردن، شاعیرانیش بەو هەموو هەستیارییەی لە کەسێتییاندا دەبینرێت، وای کردووە شاعیران و ئەدیبانیان بە جۆرێکی ئیلزامی و پەیوەستەگی، ئەزموونی ئەدەبی خۆیان بەرجەستە بکەن، کە بەرهەمەکانیان لێوانلێو بێت لە ئەرکبینین و کارنامەیی، ڕەنگدانەوەی کەموکورتییەکان و خەونبینین بە فەراهەمکردنی پێویستییەکانیان. واتە پەیامداری سیمای دیاری ئەم جۆرە بەرهەمانەن، ئێتر پەیامیش بە هەموو جۆرەکانییەوە، بۆیە لەم دۆخەدا ئەدەب ناوەڕۆک دەکاتە سەنتەر نەک ڕووخسار، بابەت دەکاتە ئامانج نەک ڕازاندنەوە و جوانکاری دەق، هەر بۆیە لێرەدا ئەدەب بۆ جوانی ئەدەب کارناکات، بەڵکو بۆ دەرەوەی ئەدەبیبوونی خۆی کاردەکات، کە هەلومەرجێکی واقیعی و دەرەکی جیاواز بەسەریدا سەپاندوویەتی و هاوکات جۆرە جوانییەکی تری هێناوەتە بەرهەم. بە کورتی لەم بار و دۆخەدا ئەدەب ئامرازە نەک ئامانج.

((مەسەلەی پەیامداری مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەری و جوانی پەرستی ئیستاتیکایە "علم الجمال و الاستطاتیقیا" بەرامبەر بابەت و مەسەلە گشتییەکانی لایەنی ڕاستی و دروستی و کردەوەی چاک و گوفتاری چاک و دادپەروەری، کە هەموو شتێک لە ژیان و بووندان بە واتای جوانیگەری "فن الجمال او علم الجمال" فەلسەفەکەی کە تا چ ڕادەیەک ئەو بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەم و هونەرە لە خزمەتی ڕاستی و خزمەتی مرۆڤ و کردەوەی چاک و دیاردە چاکەکانی ژیانە))[ڕەفیق شوانی: ٢٠٠٨، ل٣٠]. هەر لێرەشەوە ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی هەمیشە شاعیران و ئەدیبانی ئێمە نەیانتوانییوە وەک پێویست بۆخۆیان بژین، ئەزموون و شیعری خۆیان بۆ مەبەستی خودێتی خۆیان بەکاربهێنن، حاڵ و گوزەران و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری نەتەوەکەمان، وایکردووە کە جڵەوی ئەم ئەزموونە لەدەست شاعیران خۆیاندا نەبێت و بدرێتە دەست هۆکاری دەرەوەی خۆیان، واتە هەمیشە شاعیری ئێمە لە کەش و هەوایەکی ئیلزامی نەتەوەییدا ئەزموونی ئەدەبی خۆی بەڕێکردووە، کە نەیتوانییوە خۆی خۆی بێت، بەو واتایەی کە خودی شاعیر لە بیر و خەیاڵ و فەنتازیا و داهێنانی هونەری و ئەدەبی ئیستێتیکی، چی دەوێت بەرجەستەی بکات. لێرەشەوە هەم دۆخە ناهەموارییەکەی نەتەوەییشمان وای کردووە کە بەرهەمانێک بێتە بەرهەم، کە شێوە ئەرکبینین و کارنامەیی، دروشمیی و پەیامداری لەخۆبگرێت، تا لەپاڵ هۆکارەکانی تردا ئەدەبیش بکرێتە ئامرازێک بۆ باشبوونی حاڵی خراپی نەتەوە و بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکان.

**گۆڕانی سەردەم و کەش و هەوای ناجێگیری سیاسی تیاژیانی دڵداری شاعیر لەپاڵ هەستیاری شاعیر و گۆشکردن و پەروەردەکردنی بە بابەتە نەتەوەییەکان، هاوکات بەئەزموونکردنی زۆرێک لە موعانات و ناخۆشییەکانی نەتەوەکەی، کە وەک تاکێکی ئەندامی ئەو نەتەوەیە بە بینین و ئەزموونکردنی، ئەمە جگە لە ڕەوڕەوەی شیعرنوسین لەسەر شێوازی ڕیالی، کە نزیکترین فۆرمی ئەدەبییە لە خەم و مەراقی کۆمەڵانی خەڵک ئاگادار بێت. ((ڕیالییەکان لەوانە بوون کە سەرکەوتنی جوانییناسیانەیان بە کۆمەڵەوە گرێ دەدا، کە تا چەند نووسەر دەتوانێ لە کۆمەڵدا بتوێتەوە و کێشە و گرفتە قوڵەکانی تاک بکاتە بابەتی ئەدەبەکەی و گرنگی و بەهایان پێببەخشێت))[عبدالرزاق الاصفر: ١٩٩٩، ص٨٩]. هەر ئەمەش وادەکات زۆرێک لە شیعرەکانی شاعیر بۆ مەبەستی جیاوازی خزمەتکردن بە لایەنی نەتەوەیی تەرخانبکرێت و بەرجەستەکەری ئێش و ئازار و موعاناتی ئەوان بێت، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی شیعرەکانی جۆرێک لە پەیامداری چاکەخوازی و ئومێد و هیواخواستن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، ڕەنگدانەوەیەکی تۆخی لەنێو شیعرەکانیدا هەیە، هەروەک لە شیعری (ئەرێ ئەی لاو)دا دەڵێت:**

**ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیوسی ژینت بی**
**دەبێ هەردەم عەزم دار و دەوای دەرد و برینت بی**
**لە مەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بی**

لغاوی ئەسپەکەت (فکر) و (علم) ئاوزینگ و زینت بی
بـەڵێ دایـم هـونـەرمەند بـە لـە مـەیدانی نـەبـەردیدا
بەهۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بی
لـەنێو گـەلدا دەبێ اعـلانی جـەنگێ کەی لەگەڵ جـەهلا
علم چەک بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بی
لەڕێگای شان و بەرزیدا دوور ئەندێشێکی وریا بە
منافع پـەروەری میللـەت ئـەبێ ئامـانجی ژینت بی
نەکەی بۆ بەرزی ئەنجامت برای خوێنیت لە بەندێ کەی
بە بەرزی شـاد و مەسـرور و بە نزمی ژینی شینت بی
لەوەختی گەنجی گەنجیدا دەبێ ڕەنجێکی گەنجی دەی
نـەوەک وەختت بڕەنجێنی لـەنێو جێگا و نوێنت بێ
لـە دنیـادا حـەقی ژینت هەیە تـاکوو نـەفـەس دانێ
بەڵام چاکە و ڕەوشتی چاک دەبێ ئایین و دینت بی
[دڵدار: ١٩٧١، ل١٨]

لای هەندێک لە توێژەران ئەم شیعرە و چەندین شیعری تری دڵدار کە بۆن و بەرامی ئەرکبەخشین بە شیعریان لێ دێت، ڕاستەوخۆ دەیخەنە ناو خانەی شیعری فێرکاری[ئەحمەد قەرەنی: ٢٠٠٧، ل١٦٤]، هەروەک دکتۆر مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت: ((شیعری "ئەرێ ئەی لاو" نموونەی ئامۆژگاری و پەندە بۆ لاوان، ئەوانەی بەلای دڵدارەوە دەبێ ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر بن و چاکەی کۆمەڵ لەسەرووی چاکەی خۆیانەوە بگرن))[مارف خەزنەدار:٢٠٠٥، ل٥٤١]. واتە شاعیر لەم جۆرە شیعرانەدا مەبەستی زیاتری گەیاندنی ئەو پەیامە قووڵ و گەوهەریانەیە کە چارەنووسی نیشتمان و نەتەوە و خەڵکیان لەسەر بەندە، بۆیە بەرپرسیارێتی ئەم کاتانەی دڵدار بەرپرسیارێتییەکی واقیعیانەی تیاژیانی قۆناغێک لە قۆناغەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەیەتی. هەر لەم کۆنتێکسەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کاتێک شاعیر لە دۆخی بەرپرسیارێتی واقیعیدایە، شیعرەکانی پەیام و بابەتی شیعریی، گەیاندنی مەبەست، بژاردەیەکی گەوهەرین و دەچنە ناو خانەی هونەر بۆ کۆمەڵەوە کە ((ئەمەش مانای وایە ئەبێ لە پەروەردەکردنی سیاسی و ئەخلاقی و ئیستاتیکای ئادەمیزاددا بەشدار بێت، ئەمەش ئەرکی مەردانەی هونەرە))[عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ: ٢٠٠٨، ل٤٠]، بۆیە جوانکاری فۆرم و ڕازاندنەوە و تەکنیکە جیاوازەکان، کە دۆخی ئیستێتیکی جیاوازی ناو دەق پیشاندەدەن بە پلەی دووەم و بەشێوەیەکی کاڵتر دەبینرێت. واتە شاعیر بە مەبەست و بە ئاگایانە واتا پێش ڕوخسار دەخات و شیعر دەکاتە ئامرازێک لەپاڵ ئامرازەکانی تر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەیی و سەرفرازی. ((دڵدار خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پڕ سۆز و شەیدای کورد و کوردستان بووە، بە چاوێکی ڕۆشنبیر و دووربین سەیری کەم و کۆری ناتەواوییەکانی گەلی کوردی کردووە، لەبەر ئەوە شیعری

**کردووه بە چەکی دەستی بۆ مەبەستی بیروڕای سیاسی و کۆمەڵایەتی، جا ئەگەر لە هەندێ شوێنا شیعری سادە و سووک و ڕەوانمان بەرچاو بکەوێت کە بەرگی هونەریی نەپۆشیوە، ئەوە جێگای گلەیی نەبووە و لە پایە و توانای شاعیریێتی کەم ناکاتەوە، چونکە حاجی قادر ئاسایی تەنیا مەبەستی وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بووە))[عبدالخالق علاءالدين: ١٩٨٥، ل١٦٧]. بەڵام ئەم دەربڕینە بەواتای ئەوەش نییە کە شیعرەکانی دڵدار بەدەرن لە جوانکاری هونەریی، یان خاڵی بن لە هونەرەکانی ناسکبێژی، نەخێر بگرە زۆر دیاردەی ئیستێتیکی ئەووتۆی تێدابەدی دەکەین، کە بەڵگەی بەهێزن بۆ وەستایی و هونەرمەندێتی شاعیر کە وەک بەرپرسیارێتی شیعری خۆدەردەخەن {هەرووەک لە بەشی یەکەمدا هەندێکیمان لێ باس کرد}، بەڵام بەلای ئێمەوە لەم دۆخ و بارانەدا ناوەڕۆک و گەیاندنی مەبەست گرنگتر و پلەی یەکەمی پێبڕاوە، تا جوانکاری ڕوخسار و بونیادی هونەریی، هەر لێرەشەوە شاعیر بە ئاشکرا پێمان دەڵێ کە چی گوتن گرنگە نەک چۆنێتی گوتن. ئەمە سەرەڕای گونجاندنی دەق لەگەڵ جۆری واقیع و ژینگە و کەش و هەوای بەرهەمهێنانی دەق.**

**دووەم: ڕاستگۆیی لە شیعر و واقیعی تیاژیاو، بوونی پەیوەستەگییەکی تۆخ لەنێوان دەق و واقیعدا**

دڵداری شاعیر خۆی بە بەرپرسێکی گەورە دەزانێ بەرامبەر واقیعییەتی نەتەوەکەی، هەستکردن بە ئێش و ئازاری نەتەوە و هەموو ئەو نادادی و نایەکسانییەی لە کۆمەڵی کوردیدا هەبووە، لەپاڵ بینینەوەی چینایەتی و دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر دوو بەرەی جیاواز و دوور لەیەک، بەرەیەک کە هەرچی فۆرمە جیاوازەکانی ئێش و ئازار و نەهامەتییە بینیوێتی و بەسەریدا تاقیکراوەتەوە، بەرەیەکیش بە واتای خۆشی ژیان ئاسوودە و خۆشبەخت دەژین. لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونێکی دیستۆیۆفسکی گەورە ڕۆماننووسی ڕووس دێنمە پێش کە دەڵێت: ((هەموو خێزانە خۆشبەختەکان وەک یەکتر وان، هەر خێزانێکی بەدبەختیش بەشێوەی تایبەتی خۆی بەدبەختە))[هاشم ئەحمەد زادە: ٢٠١٥، ل٢٢]. بەدیوێکی تردا دەتوانین بڵێین سەربوردەی چەوساندنەوە و خەمی هەزاران هەزاران موعانات و وێنە و دیمەنی جیاوازی ناخۆشی لەخۆدەگرێت، بەڵام ئاسوودەیی دەوڵەمەندان و خواپێداوان، تەنیا و تەنیا یەک وێنە و دیمەنی هاوبەشی خۆشی لەخۆدەگرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: هەمیشە خەم و مەراق و ناخۆشی و شکستی مرۆڤایەتی، بەرهەمی قووڵ و نەمری پێشکەش کردووە، چونکە ئەم بەرهەمانە ڕاستەوخۆ پیشاندانی ئەزموونی ڕاستەقینەی دونیای ناوەوەی خاوەنەکانیانن، جۆرە هەست و سۆز و موعاناتێکی ڕاستەقینەیان لەپشتە، بۆیە هەست بە بەهێزی دەربڕینە شیعرییەکان و جوانی فۆرم و واتا و وێنە بەرهەمهاتووەکانیش دەکەین، ئەمە جگە لەوەی پرسیاری جەوهەری و قووڵ لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵن، کە بۆچی شکست؟! بۆ؟! بۆ دەبێت وا بێت؟! دواجار خوێنەریش حەز بە خوێندنەوە و خۆتیابینینەوەی دەکات، چونکە خوێنەر بە هەموو جۆرەکانییەوە هەماهەنگە

لەگەڵ چێژ و سەلیقەی بەرهەم و دۆزینەوەی دۆخە ئیستێتیکییە جیاوازەکانی دەق، بۆیە حەز بە خوێندنەوەی دەکات و ڕادەمێنێت، کوردوتەنی کەسێک بە زمانی دڵ بپەیڤێت، حەز بە گوێگرتنی دەکەیت.

دڵدار وەک شاعیرێکی بەئاگا، وەک زۆربەی شاعیرانی تری نێو ئەدەبی کوردی لە زۆر ڕوانگە و سەرچاوەی جیاوازەوە ڕوانیویێتییە مەسەلە نەتەوەییەکەی و هەوڵی داوە پەنا بۆ زۆرێک لە کانگای ناوخۆیی و دەرەکی ببات، بەمەبەستی دەستەبەرکردن و بەدیهێنانی بەشێک یان زیاتری مافەکانی نەتەوەکەی. لەم ڕوانگەیەشەوە وەک زۆرێک لە شاعیرانی ترمان پەیڕەوی ئەو ڕێبازەیان کردووە کە دەڵێت: گوێنەدان بە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانج. وەک چۆن دڵداری شاعیر لەپێناو ئامانجی نەتەوەیی و نەمانی چینایەتیی و چەوساندنەوە، پەنا دەباتە بەر بە ئەندامبوونی چەند حیزبێکی جیاواز تا هەوڵبدات لەڕێگەیەوە بەشێک لەو ئامانجە نەتەوەییە بەدەستبهێنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین دڵدار یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕاستگۆیی و لێکنزیکییەکی سەیر لەنێوان شیعر و ژیان، خەیاڵ و واقیع، گوفتار و کرداردا بەرجەستە کردووە، چونکە بیرمان نەچێت ئەم سیفەتە لە زۆر شاعیردا نییە و تەنیا لەو شاعیرانەدا دەبینرێت کە سەرباشقەن و پەیوەستەگی واقیعی و هەڵکەوتەی ئاکاری خۆیان دەگوێزنەوە نێو دونیا ئەدەبییەکەیان، یان بە پێچەوانەوە پەیام و تێمە ئەدەبییەکانیان دەبنە دۆخێکی ئیلتیزام هێنان بۆیان و لە واقیعی ژیانکردندا پێوەی پەیوەست دەبن، هەر بۆ نموونە ((هەندێ شاعیر و نوسەری فووتێکراو هەیە، پارچە هەڵبەستی وا ڕێک و داتاشراوی نیشتمانیت ئەخاتە بەر دەست کە بەخۆت نییە پڕ بە دڵ ئافەرینی ئەکەیت و چەپڵەی بۆ لێ ئەدەی، کەچی بێت و پەردە لەسەر ڕاز و دەروونیان لاببرێ فڕیان بەسەر نیشتمانپەروەرییەوە نییە و هەمان شاعیرەکەی چەند ساڵ لەمەوپێشترن کە بۆ دەستێ جل و مستێ پارە، قەسیدەیەکی سێ چوار گوریسیان بەسەر سەر و گوێلاکی فلانە خەلیفەدا هەڵداوە))[ئاکام: ١٩٥٩، ل١٤].

لەلایەکی ترەوە زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی کورد سەرباشقە و ڕێنیشاندەری خەڵک و نەتەوەکەیان بوون، بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەو زوڵم و ستەمەی کە لێیان دەکرێ و مافی ئەوان ئەوە نییە بەم شێوەیە بژین. یان بۆ بەئاگاهێنانەوەیان لە هەموو دیاردە دزێو و دواکەوتووەکان، گومانخستنە سەر ئەو دیاردانەی کە چەند وەختە بەجێگیری لێیان ڕوانراوە. وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە جۆری ئەو سیستێمە سیاسییانەی کە سەرچاوەی نەهامەتییانن و بەردەوام پاڵپشتی چینی دەرەبەگ و ئاغا تێرنەخۆر و چاوبرسییەکان دەکەن، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دوو چین ئەوانیش: چینی جوتیار و زەحمەتکێش، چینی ئاغا و دەرەبەگ، هەروەک عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەبارەی پەیوەندی ئەم دوو چینەوە دەڵێت: ((ئاغا بەناوی سەرپەرشتی باوکایەتی و بەرژەوەندی هۆزەوە خەڵکی دەچەوساندەوە))[ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید: ٢٠١٠، ل٣٥].

دڵداری شاعیریش وەک درێژکراوەی ڕێرەوی کارکردنی ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕانە و لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە دوو ڕۆڵی بینیوە، ڕۆڵی یەکەمیان بۆ:

١- خزمەتکردنی کیانە نەتەوەییەکەی، سەرباری ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی چەوتی بەرپرسانی داگیرکەر و ڕژێمە جیاوازەکان بەرامبەر بە کورد.

٢- کێشەی جوتیار و ئاغا و ئەو سیستێمەی کە نەیدەتوانی دەستەبەری مافی جوتیاران بکات و بە یەک چاو لە گشت بڕوانێت.

٣- ڕەخنەگرتن لە هەندێک لە تێڕوانینی پیاوانی ئایینی، کە ئایینیان تەنیا لە لە گۆشەیەکی بەرتەسک و داخراودا دەبینییەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە هەست بە جۆرێک لە بۆچوونی دوالیتی دڵدار دەکەین، سەبارەت بە چەمکی ئایینی و خودا و سوڕی فەلەکی.

٤- ڕەخنەگرتن لە هەندێک لەو خوو و نەریتە داڕزیوانەی ناو کۆمەڵی کوردەواری، کە شێوەیەک لە جێگیرییان بەخۆیان وەرگرتبوو، جۆرێک لە ناچالاکی و ناجوڵەیان بە خەڵک بەخشیبوو، بۆیە لە شیعرێک و دوان و سیان و زیاتر، دڵدار بانگەشەی ئەکتیفبوونی لاو و چینە جیاوازەکەنی کۆمەڵ دەکات.

٥- هەندێک بۆنە و بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانە و پێشکەشکردنی ئەزموونی ژیان و پەند و دەربڕاوی حیکمەتبەخش.

٦- ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و چینی جوتیاران، بەئاگاکردنیان لە ماف و ئازادییەکان و باشکردنی ژیانیان.

ڕۆڵێکی تریان بۆ بینیەوە و بەرجەستەکردنی هەموو ئەم لایەنانە و چەندین لایەنی تریش لەناو شیعر و ئەزموونی شیعرنووسیندا، کە بێگومان ئەمەش خۆی لە بەجێگەیاندنی ئەرک و کارنامەی ئەدەبیدا دەبینێتەوە. ڕۆڵی یەکەمیان ڕۆڵێکی ئەرکی و ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانیانەیە، کە خۆی لە تیاژیانی و بەرجەستەکردنی ئەو واقیعەدا دەبینێتەوە، کە شیعرەکانی لەم بارەیەوە پەیامداریی و ئەرکبینین لەخۆدەگرێت.

**ئەی کورد**

*ئەرێ ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی*
*کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی*
*دەسا بیری لە حاڵی خۆت بکە و هەستێ بە زیللەت کە*
*بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بەخۆت ڕاوی*

........

*زەمان ئێمە بە شیشی غەم لەسەر ئاورِ ئەبرژێنێ*
*سەرم سوڕما لە جەهلی تۆ هەتا کەی تۆ نەبرژاوی*
*دەمی(بیور) عەدوی (دار)ە، بەڵام کلکی ئەویش دارە*
*بەهۆی کوردە ئەتۆ غافڵ کەوا ئەمڕۆ شکانراوی*
*دەسا غیرەت کە مەوهومی لە بەهرەی ژین مەحرومی*

*درێخ و حەیفە مظلومی کە زیندوی پەشمە فەوتاوی*
*جیهان گیرانی هاوتیرەت کە دوێنێ هەر وەکو تۆ بون*
*ئەوان وا پێگەیشتون و ئەتۆش هەر کاڵ و هەر خاوی* [دڵدار: ١٩٧١،ل٢٠]

یان لە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

*میللەت گەر گەنجی سست بێ مردوە عیللەت نیە*
*تاکو مابێ نێو دەرونی بێ جەفا و عیللەت نیە*
*شادمانی تەختی ژین و تاجەکەی عزەت نیە*
*لاوی کوردان هەر دەوری مەی ئەکەن غیرەت کەشی*

........

*میللەتێ گەر لاوی چوست بێ زیندووە و هیچ نامرێ*
*هیچ بە زیللەت دەست و پایان وا لە بەندی ناخرێ*
*سەد هەزار تیغی زەمانە بێتو ئەستوی نابرێ*
*لاوی ئێمەش هەر دەوری مەی ئەکەن غیرەت کەشی* [دڵدار: ١٩٧١، ل٢٧]

ڕۆڵی دووەمیان وەک درێژەدان بە خەباتی ئەدەبی شاعیرانی پێش خۆی، کە بە پاڵپشتی ئەو موعاناتە خۆی لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی و خەملاندنی دونیایەکی جوان و ئستێتیکیدا دەبینێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین لە کورترین مانادا دڵداری شاعیر هەم شاعیرێکی شۆڕشگێڕە، هەم شۆڕشگێڕێکی شاعیرە.

هەر بۆیە بە خوێندنەوەی کۆی دیوانی دڵدار بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی زۆری هەوێنی بەرهەمهێنانی هۆنراوەکانی دڵدار و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی، هەڵقوولاوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو کۆمەڵی کوردەوارین، پەیوەستەگییەکی تۆخی بە مەسەلەی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە هەیە، هەڵهێنجراوی دانەبڕان و هەستکردنییەتی بە خەم و ناسۆری گەلەکەی، بەرجەستە کردنی ڕووداو و حاڵ و زروف و چۆنێتی ژیانی گەلەکەمانە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی تیاژیانی دڵداردا.

**سێیەم: موعاناتی گشتی نەک تاکی، تیشکێک بۆ بابەتە جیاوازەکانی شیعر**

لە دیوانی دڵداری شاعیردا تاقیکردنەوە و دیوی ئەودیوی ئەو هۆکار و دیاردانەی وەک تۆوی ئاڵتوونی "یەکەم بیرۆکە" دەبنە دنەدانی شاعیر بۆ ئەفراندنی شیعر [دڵشاد عەلی محەمەد: ٢٠٠٧، ل٣٣]، هێندەی وەک مەبەست و دنەدانێکی کۆمەڵی و گشتی خۆدەردەخەن، نیو هێندە نابنە گەیاندنی مەبەستێکی تاکایەتی. مەبەست لە کۆمەڵی واتە نووسینی شیعر بۆ مەبەستە جیاوازەکانی دەرەوەی خودی شاعیر، کە بە ناچاری، یان هەستکردن بە بۆنە و دیاردەیەک وەک کەسێکی بەئاگا، یان وەک پەیوەستەگییەکی تۆخ بە مەسەلە نەتەوەیی و نیستمانی و سیاسی و کۆمەلایەتییەکان...هتد. بەڵام هەرچی مەبەستە تاکایەتییەکانە هەموو ئەو تیمە و خواستە ناوەکی و خولیایانەی شاعیر دەگرێتەوە، کە خۆی مەبەستییەتی

هەواڵنامەی کتێب

لە شەپۆل و تەوژمێکی خودیانەی دەروونیانەی نەبینراوەوە، بیکاتە بەرهەمێکی دەرەکییانەی بینراوی ئامادە لەسەر ویستی خۆی، دواجار دەقێکی پێبسازێنێ کە بناغەی ناوەکی شاعیرن، نەک بەرئەنجامی ئیلتیزام و سەپاندنی دۆخێکی واقعی و دەرەکی.

زۆرینەی ئەزموونی شیعر لە دیوانی دڵداردا ئەزموونێکی گشتییانەی کۆمەڵیانەیە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە لە کۆی ٣٢ پارچە شیعری نێو دیوانەکەیدا{دیوانی چاپی دووەمی ساڵی ١٩٧١}تەنیا ١٣ بۆ ١٤ شیعریان ئەزموونێکی تاکایەتی و نووسینەوەی خودێتی شاعیریان پێوە دیارە، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە ١٨ بۆ ١٩ شیعرە، کە هەموویان شێوە جیاوازەکانی موعاناتی کۆمەڵین و لەرێگەی سۆز و خەیاڵ و توانای دەرککردنی شاعیرەوە دەربڕاون، کە ئەمەش زیاتر لەگەڵ ڕێچکە ڕیالییە شۆڕشگێڕییەکەی نووسینی شیعری شاعیردا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەزموونی شیعرنووسین لای زۆربەی شاعیرانی ئەم ڕەوتە لەم چەشنەن. لەلایەی ترەوە خودی دڵدار ((شاعیرێکی زاتی نەبووە، تا شیعر بۆ ئارەزوو خەم و پەژارە و سکاڵا تایبەتییەکانی خۆی تەرخان بکات، بەڵکو لای دڵدار شیعر و خەباتی سیاسی و بڵاوکردنەوەی بیروڕای نەتەوایەتی و هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد، ئامانج و مەبەستی بنچینەیی بووە))[عبدالخالق علاءالدین: ١٩٨٥، ل١٦٧].

ئەگەر بڕوانینە کۆی بابەتە شیعرییەکانی شاعیر، ئەوا هەست بە فرە بابەتی و تاقیکردنەوەی جیاوازی ئەدەبی دەکەین، کە خۆی لە چەندین بابەت و تیمەی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە. دیوانی دڵدار بەگوێرەی واقیعی تیاژیاوی خاوەنەکەی و ئەو موعاناتە ناوەکی و دەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، بابەتی شیعری جۆراوجۆریش لە لا خولقاندووە، بۆ نموونە لە کۆی ئەو ٣٢ پارچە شیعرەی نێو دیوانەکەی:

- ٦ شیعر بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانین.
- ٤ شیعر بابەتی کۆمەڵایەتی.
- ١٢ شیعر بابەتی دڵداری و ئەڤینی.
- ١٠ شعریش تایبەتە بە بابەتەکانی: فەلسەفە و خەمی بەرێکردنی ژیان، ئامۆژگاری، هەژاری و دەرد و دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵ، موعاناتی جوتیار و بۆنە و بەسەرهاتی ڕۆژگار، پەند و قسەی نەستەقی عیبرەتبەخش...هتد.

هەموو ئەمانەی باسکران بەڵگەی دانەبڕان و بەرپرسیارێتی شاعیرن بەرامبەر ئەو واقیع و کۆمەڵەی تیایدا ژیاوە، هاوکات پەیوەستکردنی ئەدەب و واقیعە بە یەکترەوە و لەسەر یەک سکە ڕۆشتنی ئەزمونی ئەدەبی و واقیعی شاعیرمان بۆ دەردەخەن، کە ڕاستگۆیانە ژیانی ئەدەبی و واقیعی سەردەمی خۆی پێکەوە گرێ دەدات، هەر لێرەشەوە دەتوانین بڵێین کە کەم شاعیر هەیە وەک دڵدار لێکچوونێکی سەیری هەبێ لەنێوان واقیع و ئەدەبەکەی و بۆ ئەوی دی ژیان (نەتەوە- کۆمەڵ- نیشتمان) نەک بۆ خود ژیان (دڵدار).

## ئەنجـام

١-	دڵدار یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی نێو ئەدەبی کوردی، کە لێکچونێکی سەیر لەنێوان واقیعی تیاژیاو و دونیا ئەدەبییە بێگەردەکەی دەبینرێت، بەشێوەیەک کە کەم شاعیر هەیە وەک ئەم هێندە شیعر و واقیعییەکەی، دەق و ژیانەکەی لەیەکەوە نزیک بێت، کە ئەمەش لە ڕەخنەی ئاکاریدا تا ئەوپەڕی سنوور خاوەنەکەی بەرەو بەرزی هەڵدەبڕێ.

٢-	هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر شیعر و واقیع لای دڵداری شاعیر، هەستکردنێکی دوالیتی پڕ لە شانکێ و ململانێیە، چونکە لە زۆرێک لەو شیعرانەی کە شاعیر دەیەوێت وەک بەرپرسیارێتی شیعری خودێتی خۆی بنووسێتەوە و ئیستاتیکای دونیای شیعر بونیاد بنێت، جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر بەرپرسیارێتی واقیعەکە و وەک کەسێکی مولزەم بە واقیع و ڕووداوەکان ئەرک و بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت.

٣-	کاتێک دڵدار لە دۆخی بەرپرسیارێتی شیعردایە ڕاستەوانە لەگەڵ ڕێبازی هونەر بۆ هونەردا دێتەوە، دەبێتە بەرهەمهێنی سیما و دیاردە ئیستێتیکییەکانی دەق، ئەمەش بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەتی بەرامبەر چێژی خوێنەر. کاتێکیش لە دۆخی بەرپرسیارێتی واقیعدایە ئەم ڕێکەوتن و هەماهەنگییە لەگەڵ ڕێبازی هونەر بۆ هونەر ئاواژوو دەبێتەوە و دەچێتە ناو خانەی هونەر بۆ کۆمەڵ و دەبێتە بەرهەمهێنی دیاردە و هزر و ئایدیاکانی دەرەوەی دەق، کە ئەمەش بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەتی بەرامبەر واقیع و کۆمەڵ.

٤-	شیعر لای دڵدار ئامرازە ئامانج نییە، بۆیە ئاسایی زۆرجار گرنگی زیاد لە پێویست دەدات بەوەی کە چی دەڵێت نەک چۆنی دەڵێت.

٥-	شیعری دڵدار وەک بەرجەستەکەری شیعری ڕیالی، هەڵهێنجراوی خەم و مەراقی ژیانی نەتەوەی کوردە، بەجۆرێک کە لەگەڵ واقیعیەتی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کورددا یەکانگیرە تا ئاستی یەکبوون وتوانەوە لەو واقیعەدا.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان:


**دیوان:**

- دیوانی دڵدار، ١٩٧١,چاپخانەی کوردستان (چاپی دووەمین)، هەولێر.
- دیوانی دڵدار، ١٩٨٥, شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسینی عبدالخالق علاءالدین، چاپخانەی دار أفاق عربیة للصحافة والنشر، بەغدا.

**کتێب:**

- **بە زمانی کوردی:**

- ئەحمەد قەرەنی، ٢٠٠٧,شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا- نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،٢٠١٠, چاپخانەی خانی، دهۆک.
- پەروین عەبدوڵلا خدر، ٢٠٠٨,ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردییدا (کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حوسێن غازی کاک ئەمین، ٢٠٠٨, نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- دلێر سادق کانەبی، ٢٠٠٩, هەندێ لادانی زمانی لای شاعیری نوێخوازی کورد، ئەنوەر مەسیفی- نەوزاد ڕەفعەت- فەرهاد پیرباڵ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- دڵشاد عەلی"د"، ٢٠٠٧, دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨, ئەدەب "کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی"، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ"د"، ٢٠٠٨, ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی، لەسەر ئەرکی فاروقی مەلا مستەفا چاپکراوە، سلێمانی.
- فەرهاد پیرباڵ، ٢٠٠٥,شیعری نوێی کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر.
- کاکەی فەلاح، ١٩٧٨, کاروانی شیعری نوێی کوردی، بێ ناوی چاپخانە و شوێن.
- مارف خەزنەدار"د"، ٢٠٠٥, مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- سەعید ناکام، ١٩٥٩,هۆنراوەی نوێ، لێکۆڵینەوەیێکی وێژەیی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،٢٠٠٦, ئەزموونی خوێندەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- هاشم ئەحمەد زادە، ٢٠١٥, جیهانی ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
- هێمن عومەر خۆشناو،٢٠١٠, شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری پراکتیکییە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- **بە زمانی عەرەبی:**

- سهام حسن السامرائي"د"، ٢٠١٣, العتبات النصية في "رواية الاجيال" العربية، طبع في مطبعة الديار، الموصل- العراق.
- عبدالله ابراهيم، ١٩٨٨, البنائ الفني لروايه الحرب، فى العراق، دراسه لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة، الطبعة الاولي، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.
- عبدالرزاق الاصفر، ١٩٩٩,المذاهب الادبية لدى الغرب، منشورات اتحاد الكتاب العرب.
- ناصر يعقوب"د"، ٢٠٠٤,اللغة الشعرية، وتجلياتها في الرواية العربية"١٩٧٠- ٢٠٠٠"، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت- لبنان.

- **بە زمانی فارسی:**

- ابراهيم يونسى، ١٣٨٢,هنر داستان نويسى، مؤسسة انتشارات نگاهـ ، چاپ هفتم، تهران.
- جمال مير صادقى، ١٣٨٨,ميمنت مير صادقى (ذوالقدر)، واژەنامه هنر داستان نويسى، فەرهنگ تفصيلى اصطلاح هاى ادبيات داستانى، چاپ دوم، نشر كتاب مهناز، تهران.

- **بڵاوکراوە:**

- عبدالله طاهر بەرزنجی، ١٩٩٤,جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوون ڕەش و سپێتی، گۆڤاری کاروان، ژمارە: ١٢ ی خولی ڕاپەڕین.
- فازیل مەجید مەحمود"د"، ئابی ٢٠١٦,بێستون عارف عەزیز، تەکنیک و ڕەگەزی هونەریی خواستراو "ناونیشانی ڕۆمان" وەک نموونە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە: ٥١.


## خلاصة البحث

## مسؤولية دلدار أمام الشعر و الواقع


هذه الدراسة محاولة تحليلية لقراة بعض الجوانب و الخبرات الأدبية و الواقعية للشاعر دلدار. حاولنا في هذه الدراسة قراءة صراع تعايش دلدار بين الشعر و الواقع محاولة عن طريق محاورة أشعاره اعتمادا على المصادر و الوثائق الأدبية و الواقعية. وفي الوقت نفسه تسليط الضوء على كلا الجانبين الموضوعي و الشكلي كصورتين رئيستين لعالم الأدب. الموضوع أو المضمون كجانب واقعي و ذاتي متجسد للشاعر. و الشكل كمقدرة و مستوى الأداء الفني له. ولهذا الغرض قسمنا الدراسة على قسمين أساسين.

في القسم الأول حاولنا إلقاء الضوء على مجموعة من النواصي الجمالية للشعر كقرءة فنية مرتبطة بالجانب الاستاتيكي والإنتاجي للشعر. وإلى جانب ذلك نعرض عددا من فنون الكتابة الشعرية التي تعبر عن المستوى المهاري و اللياقة الأدبية و اللغوية للشاعر و قلما تم التحدث عنها، وبدورنا جمعنا هذه النواصي و الجوانب الجمالية في المحاور الآتية:

١- فن عنوانة الشعر.
٢- اللغة الدرامية و فن السرد في الشعر.
٣- الطوبوغرافيا و فن تنويع الكتابة الشعرية.

وفي القسم الثاني حاولنا توضيح المضامين المختلفة للشعر مع إثارة مجموعة من الموضوعات الفكرية و الفلسفية المتعلقة بالحياة الأدبية و الواقعية للشاعر و ذلك كقراءة موضوعية مرتبطة بالواقع، وبصورة عامة حصرنا هذه الأمور في هذه المحاور:

١- إعطاء مهمة و واجب للشعر، جعل الشعر آلة و وسيلة.

٢- الصدق في الشعر وفي الواقع المعاش، وجود ارتباط وثيق بين الشعر والواقع.

٣- المعاناة العامة غير الخاصة و الفردية.

ويجب أن نقول إن الهوامش و المصادر التي اعتمدنا عليها هي على وفق نظام (هارفارد) الذي يعد أحدث نظام لاستعمال المصادر. وفي الختام عرضنا النتائج التي توصلنا إليها بمجموعة نقاط، مع قائمة بالمصادر و ملخص الدراسة باللغتين العربية و الانجليزية.

## *Abstract*
## *Dldar's Responsibility to Poetry and Reality*

This study is an analytical attempt to shed light on some responsibility of literary experience and the realities of the poet, Dldar, in which we have attempted through confabulation of the poems, themselves by depending on references and literary and real proofs, to do a reading on Dldar's life between poetry and reality, and simultaneously focus on both the theme and the content as two key figures of the literary world. Content is like the real aspect and the embodying self of the poet and the form is like the ability and the representation of the artistic level of the poet, for this purpose, the study is divided into two main sections.

In the first section, like an artistic reading relating to the aesthetic aspect and poetry production, we have endeavored to focus on some of the aesthetic aspects of poetry which will appear like the internal responsibility of the literary texts, along with this, to pin point some skills of poetry writing, which are the expression of skillfulness level, literary and linguistic capacities and little has been said about, which are all concentrated on, in the following topics:

1. Art of writing title for poetry.
2. Dramatic language and the art of narratology (narration) in poetry.
3. Topography and the art of quantity of writing poetry.

In the second section, like a subjective reading relating to reality, we attempted to demonstrate Dladar's real responsibilities on different themes of poetry, along with concentration on some subjects relating to intellectuality and philosophy relating to the poet's literary and real life, which is focused on, in the following topics:

1. Offering duty to poetry, implementing poetry.
2. Truth in poetry and the reality of inhabitancy, the existence of a deep relationship between poetry and reality.

3. General concerns not individual ones.

This paper uses Harvard referencing style for its references and footnote, which is the most recent referencing style and finally in some points the conclusion of the study has been presented with the list of the works cited and the abstract of the study in both Arabic and English languages.

کتێب هەواڵنامەی

# ڕەنگدانەوەی بیری ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی
# پێشکەوتنخواز لەسرووەدەکانی دڵداردا

عەبدولواحید ئیدریس شەریف

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی بیری نەتەوەیی:**

سەرەتا پێناسەیەکی نەتەوە دەکەین کە لەئینسایکۆلۆپیدیای گشتی هاتووە ((کۆمەڵە خەڵکێکی چەسپاون لەمێژوودا، زەوی و زمان و ژیانی ئابووری و باری دەروونی و کلتوری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، نەتەوە لەگەڵ ڕەگەز و قەبیلەدا جیاوازە، چونکە ڕەگەز بەهۆی چەند سیفەتێکی بایۆلۆجی وەک (ڕەنگی پێست و قژ ...) جیادەکرێتەوە لەیەک، بەڵام نەتەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ قەبیلەشدا بەوە جیا دەکرێتەوە، کەنەتەوە دیاردەیەکی مێژووییە، بەڵام قەبیلە بە دیاردەیەکی ئەتنۆگرافی دادەنرێت)) (یاسین سابیر، ٢٠٠٥، ١٠٧٨) بەپێی ئەو پێناسەیە، زمان، خاک، نەژاد و فەرهەنگ، کەلتوور بنەما سەرەکییەکانی بوونی نەتەوەن، هەر سەبارەت بەنەتەوە (بوید شیفر) پێی وایە ((وشەی نەتەوایەتی بەلاتینی بریتییە لە(Nascor) لەساکارترین لێکدانەوەیدا واتای (من لەدایک بووم) دەبەخشێت کە وشەی (نەتەوە) (نەتەوایەتی) (بیری نەتەوەیی) لێکەوتۆتەوە)) (د.جعفر خصیاک، ١٩٦٦،ص٨١)، (پیر ڤیلار) دەڵێت ((ئەوەی نەتەوە (گەل) جیادەکاتەوە و ماناکەی بەرجەستە دەکات ئەوەیە کەنوێنەری بەرژەوەندی گشتییە لەبەرامبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا)) (اریک هوبز باوم، ، ) بەپێی ئەم پێناسەیە ئامانج و خواستی نەتەوە پیرۆزتر و گەورەترە لە ئامانجی هۆز و خێڵ و تاک، (جۆزێف ستالین)یش وا پێناسەی نەتەوە دەکات ((نەتەوە بریتییە لەکۆمەڵگایەکی مرۆیی جێگیر، کە لەپرۆسەی مێژوودا و لەسەر بناغەی زمان و خاک و ژیانی ئابووری هاوبەش و پێکهاتەی سایکۆلۆژی کە کەلتورێکی هاوبەشی پێک هێناوە)) (هۆشیار عهبدالرحمن، ٢٠٠٤،٢٠)، بۆیە دەتوانین بڵێین نەتەوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن مێژوو و زمان و کەلتوری هاوبەشە، پەیوەندی بەدەوڵەتبوونەوە نییە، بەشێک لەنەتەوەکان خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆن، بەشێکیشیان بێ دەوڵەتن وەکو نەتەوەی کورد، گەرچی هەموو بنەماکانی نەتەوەش هەیە لەنەتەوەی کورد.

ناسیۆنالیزم (نەتەوەیی) لەسەدەی هەژدەم لەئەوروپا وەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری سەریهەڵداوە و بووە، بەهۆی ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەک توێژەر و بیریار بەلای خۆیدا، بۆتە بابەتی شیکردنەوە و بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەلایەن نەتەوە دەسەڵاتدار و زۆرەکان.

زاراوەی (نەتەوەیی) یان (ناسیۆنالیستی) یەک پێناسەی دیاریکراوی نییە، بەڵکو دەیان پێناسەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت (هەر زانا و بیردۆز و ڕۆشـــنبیرێکی سـیاســـی و کەس و لایەن وکۆمەڵێک بەپێی کات و شـوێن و قۆناغ و بارودۆخی ڕۆژگار و ســەردەمەکەی ... پێناســەی بیری نەتەوەیی کردووە) (عەبدوللا ئاگرین، ١٩٩٠، ٣٦) واتە هەرکەســە بەپێی هەســتی خۆی بۆ باوەڕی نەتەوەیی، چەند لای پەســندە، چەند ڕقی لێیەتی پێناســەی کردووە، بۆیە چەمکی ناسیۆنالیزم لەنێوان تیرۆیزمی ناسیۆنالیزم و مێژوو نووس و شارەزایان واتاو مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی هاتووە کە ((ناسیۆنالیزم ویست و ئارەزووی گروپێکی مرۆییە کە هاوبەشـــن لە (ڕەگەز، کەلتور، زمان، ... هتد) بۆ پێکهێنانی دەوڵـەتی ســـەربەخۆ)) (جەعفەر عەلی، ٢٠٠٤، ٢٩)، واتە بەو مانایەی ناســـیۆنالیزم ویســـتی تاکە بۆ نەتەوەکەی، (د. جەمال نەبەز)یش بەم شێوەیە وشەی (نەتەوەیی) شیکردۆتەوە (( (نەتەوەیی)ی کوردی لەجیاتی وشـــەی (قومی)ی عەرەبی و وشـــەی (ناســیۆنالیســت Nationalest )ی فەرەنسی کە بەزمانی ئینگلیزی (نیشنالیست Nationalest ) بەزمانی ئەڵمانی (ناسیۆنالیست)) (جەمال نەبەز، ١٩٨٤، ٦) بەکار دەهێنرێت بۆ زیاتر چوونە قوڵایی پێناســـەی ناســیۆنالیزم، ڕستەیەک لە ڕاگەیاندنی مافەگشتییەکانی فەرەنسای ساڵی ١٧٩٥ وەردەگرین: ((هەموو گەلێکی ســەربەخۆ و خاوەن دەســەڵات، ژمارەی دانیشـــتوان و پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، ئەم دەســەڵاتە و چوارچێوەیە پیرۆز و ســروشـتی و بەرهەقە)) (لوسیان جوم، ١٩٨٩، ٤٠٧) وەک لەســـەرەتا ئاماژەمان پێدا، پێناســـەکانی (نەتەوەیی) هەڵگری واتای لێک جیاوازن، وەک لەپێناســـەیەکی تر وا ناســـاندراوە ((نەتەوەیی بریتییە لەبزوتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی هەوڵ بۆ بەدەست هێنان و هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی دانیشتوانێک دەدات کە هەندێک لەئەندامانی نەتەوەیی ڕاستەقینە پێک دەهێنن لەڕێگەی نەتەوە بوون دان)) (هۆشیار عبدالرحمن، ٢٠٠٤، ١٨)، لەبەر زۆری تێڕوانینی لێک جیا بۆ ناسیۆنالیزم، جەخت کردن لەسەر یەک پێناسە، کارێکی زانســتی پەســند نییە، بەبۆچوونی (شـــیفد) ((ناســـیۆنالیزمی هەرنەتەوەیەک دەبێتە سیمبوڵی فیکری بۆ گوزارشت کردن لەخودی نەتەوەکە، بەجۆرێک کە بەرگێکی جیاواز لەوانیتر دەپۆشـــێت و بەرەنگێکی جیاوازتریش لەڕەنگی ناســیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر خۆی دەنوێنێ، ناســیۆنالیزم لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر و لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، ناسیۆنالیزمی کەلتورێکی ئازادو پەرەسەند و جیاوازە لەناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەستەو کەلتور داگیر کراو)) (جەعفەر عەلی، ٢٤،٢٠٠٤)، لەکۆی ئەو پێناسانەی خرانە ڕوو، ئەو ڕاستییە ســەرنجمان ڕادەکێشـــێت کە ناســیۆنالیزم هەوێنی خۆشـــەویســتی نەتەوەییە، مرۆڤ ئەگەر بەووردی نەچێتە نێو ناسیۆنالیزم (نەتەوەیی) ناتوانێ ببێتە تاکێکی نەتەوە خوازی پێشکەوتوو، لەیەکێک لەبوارەکانی خزمەت بەنەتەوە، ڕۆڵی دڵسۆزانەی ببینێ.

**تەوەرەی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانی بیر نەتەوەیی:**

ســەبارەت بەمێژووی ســـەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەجیهاندا، وەک چۆن چەمک و پێناســـەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەمێژووی ســـەرهەڵدانیشـــی بیر و بۆچوونی جیاواز خراوەتە ڕوو، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لەئەورووپا، بەتێڕمان لەو مێژووە جیاوازانەی باس کراون، دەتوانین نزیکببینەوە لەڕاســـتی ئەو مێژووەی

جێی باوەڕە، بیری وا هەیە ئەم مێژووە (مێژووی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم) دەگێڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان و شکسپیر، ژمارەیەکی تر لەنوسەران بڕوایان وایە کە هەستی نەتەوەیی دیاردەیەکی سروشتییە، پەیوەستە بەبوونی مرۆڤەوە و لێی جیاناکرێتەوە، بەو مانایەی لەو کاتەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان بونیان هەیە، هەست و هۆشی نەتەوەیش بوونی هەیە، بۆچونێکی تر هەیە نزیک لەم بۆچونە کە (هانز کۆهن)ە دەڵێت: مێژوو بەدرێژایی چاخەکانی تووی هەستی نەتەوایەتی تێدا بەدی دەکرێت لە دەستگرتنی بەهێزی خەڵک بەزەوی و داب و نەریت و ئەو دەسەڵاتەی لە هەرێمێکی دیاریکراودا هەیانبووە خۆی دەنوێنێ، هەروەها دەڵێن: ناسیۆنالیزم یەکەم جار بە (جاندارک) لەشەڕی سەد ساڵەی دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی جەنگە ئاینییەکانی فەرەنسا دووچاری لەناو چوون هات، جارێکی تر لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا (شۆڕشی ١٧٨٩) سەرلەنوێ دەرکەوتەوە، مێژونووسانی تر دەڵێن: بەر لەو مێژووە دەرکەوتووە، بۆ نموونە (ئۆگست تیدی) دەڵێ: گیانی نەتەوەیی فەرەنسی لە سەدەی (٩ز) بەئاگا هاتووە، (لۆنگتون) سەرەتای ئەم ڕابوونە دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی (١٢ز) ، (ڕانکە)ش بۆ سەدەی (١٣ز) (جەعفەر عەلی، ٢٠٠٤،٤٧)، بەڵام گەشەکردن و زیاتر گرنگی دان بە ناسیۆنالیزم (نەتەوەیی) لەو کاتەوەیە کە چەوسانەوەی نەتەوایەتی هانی نەتەوە ژێردەستەکانی داوە بەرگری لەبوونی خۆیان بکەن، (عەبدوللا ئاگرین)یش جەخت لەو بۆچوونە دەکات کە لەوەتی مرۆڤ هەیە، بیری نەتەوەیش هەیە دەڵێت: ((مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لەگەڵ سەرەتای دێرینترین مێژووی مرۆڤدا هەبووە و تا مرۆڤیش بمێنێت، هەست و سۆز و بیرو باوەڕ و بەها بەرزو پیرۆزەکانی نەتەوایەتی دەمێنێت)) (عەبدوللا ئاگرین، ١٩٩١، ٤٠)، بۆیە دەتوانین بڵێین هەستی نەتەوایەتی لەکۆنەوە هەر هەبووە، لەگەڵ چاو هەڵێنانی مرۆڤ، ئەو هەستە لەدەروونی مرۆڤدا چەکەرەی کردووە بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا ئەو هەستەش قۆناغەکانی سەرەتایی بڕیوە، کەبنەمای سەرەکی زمان بووە، شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٧٨٩ی فەرەنسا ڕۆڵێکی بەرچاوی دیتوە لە گرنگی دان بە (نەتەوەیی) و بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەڵمانیاش دوای هێرش و پەلامارەکانی (ناپلۆن بۆناپارت)و شەڕی (بینا)ی ساڵی (١٩٠٨) ئەو کوشتار و وێرانکاریەی لەشکری فەرەنسا کردی، هۆکارێکی سەرەکی بوو کەنووسەر و بیرمەندە ئەڵمانییەکان، بەرەو یەکگرتنی بیری نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری برۆن و چەمکی بیری نەتەوەیی ڕوونبکەنەوە، کە ((فیختە)) یەکێکە لەو بیرمەندانە کە گرنگی زۆر بەزمانی نەتەوایەتی داوە، ئەم هەستە نەتەوایەتییە ئەمریکاشی گرتەوە، نوسەرێکی وەک (نووە. وێبتەر، ١٧٥٨ – ١٨٤٣) هەوڵی بوژاندنەوەی زمانی نەتەوایەتی دەدا، (شموئیل نوکس)یش پەروەردەی نەتەوایەتی دەکرد (فواد تایەر، ٢٠٠١، ١١٨)، ئەنجامی ڕینیسانس یارمەتی دەرێکی گەورە بوو بۆ دروست بوونی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو لەئەوروپا، کە ئەمەش هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ دروست بوونی هەستی نەتەوەیی یەکگرتوو و نیشتیمانی یەکگرتوو، تا ئەمڕۆکە ئەو هەستە پەرەی پێ دەدرێت.

**تەوەرەی سێیەم: بیری نەتەوەیی لای کورد:**

وەکو هەموو نەتەوەکانیتر لەو ڕۆژەوەی هەستی بەچەوسانەوە کردووە، بەچاوی نەتەوەی پلە دوو سەیر کراوە و داگیرکەران لەژێر دەمامکی ئاییندا هەوڵی تواندنەوە و لەناو بردنیان داوە،

هەر لەو کاتەوە کوردە رۆشـــنبیر و بەئاگاکان چرای هۆشـــیارکردنەوەی نەتەوەییان داگیرساندووە، ((ڕاستی لەوەدایە: ئایدۆلۆژیای نەتەوایەتی کورد پێش لە (٣٠٠) سێ سەد ساڵ لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە داڕێژراوە، ئەمەش لەپێشـــەکی (مەم و زین)دا ئەم نەتەوە خوازییە بێ هاوتایە بوو لەجیهانی ئیسلامدا)) (ئەمیر حەسەن پوور، ١٩٩٧، ١٠١)، بەڵام بەر لەئەحمەدی خانی، مەلای جزیری داوا لەهاو زمانانی دەکات، شـــیعرەکانی ئەو بخوێننەوە چیان لەشـــیعری سەعدی و حافزی شیرازییە کە دوو شاعیری ناسراوی فارسن، ئەو کاتە غەزەلەکانی ئەو دوو شاعیرە لەناو خوێندەوارانی کورد بڵاو بوون:

گەر لوئلوئی مەنثور ژ نەضمێ تو دخوازی

وەر شیعرێ مەلێ بین تە ب شیرازێ چ حاجەت (صادق بەهائەدین، ١٩٧٧، ١٤٦)

مەلای جزیری لەســـەدەکانی (١٦و ١٧) ئەم داخوازی و هیوایەی خۆی بەشـــیعر دەربڕیووە تا کورد بەرەو یەکیەتی نەتەوەیی و دوور کەوتنەوە لەفارس و تورک بڕۆن، لەدێرە شـــیعرێکدا خۆشـــەویستی و دڵسـۆزی خۆی بۆ کوردســـتان دەردەبڕێ و خۆی دەکات بەگوڵێک لەباخی ئیرەمی بۆتان و شەوچرای ڕووناکی شەوی تاریکی کوردستان:

گولێ باغێ (ارم)ی بوهتانم

شەب چراغێ شەبێ کوردستانم (د. عزالدین مصطفی رسول، ١٩٧٩، ٨٩)

جەنگی (چاڵدێران) لەساڵی (١٥١٤) لەنێوان سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و شا ئیسماعیل ســـەفەوی، زیانێکی زۆری بەنەتەوەی کورد گەیاند، چونکە مەیدانی جەنگ خاکی کوردســـتان بوو، کە بووە هۆی وێران کردن و ســـوتان و خاپوور کردنی ماڵی کورد، زۆربەی نووســـەر و مێژوو نووســـانی کورد جەخت لەســـاڵی (١٦٩٥) دەکەنەوە بۆ ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لای کورد، ئەویش نوسینی (مەم و زین)ەکەی خانی بەسەرچاوەی ئەم بیرە دەزانن، کە پشتیان بەچەند دێرێک لەهۆنراوەکانی ئەحمەدی خانی بەستووە کە بەئازایەتی و جوامێری کوردانە هەڵدەلێ و ڕەخنە لەمیر و حاکمەکانی کورد دەگرێت کە چۆن بوون بەپاشکۆی ڕۆم و عەجەم.

ژمارەیەکیتر لەنووســەران بۆ ســەرەتای ســەرهەڵدانی (ناسیۆنالیزمی کوردی) جەخت لەســەر ڕاپەڕینەکەی میر بەدرخان لەســـاڵی (١٨٤٣ – ١٨٤٧)ی میری بۆتان دەکەنەوە، بەدرخان کە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئامانجی ڕزگار کردنی سەرتاسەری کوردستان بوو لەستەم و زۆرداری تورک، هەروەها بۆ دامەزراندنی یەکێتیەکی گشـــتی نێوان میرەکانی کورد تێدەکۆشـا (جەعفەر عەلی، ٢٠٠٤، ١٤٧)، جەمال نەبەز دەڵێت: (هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای کورد بەکردەوە لەســـەدەی هەژدەوە دەســـتی پێکردووە و لەنیوەی یەکەمی نۆزدەدا گەیشـتۆتە پلەی خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو، کاتێک میرەکانی کوردسـتان کەوتنە ڕاپەڕین و بەیەکدادان لەگەڵ دەوڵەتەکانی عوســـمانی و ئێرانی (جەمال نەبەز،١٩٨٤،٢٢)، زۆربەی نووســـەران جەخت لەنیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدە دەکەنەوە کە بناغەی (بیری نەتەوەیی)ی کوردی تێدا دانراوە، ئەم مێژووە بەسەرەتاکەی دادەنێن، (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت: ناسیۆنالیزمی کوردی (بەشێوە سەرەتاکەی) و بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی کورد (وەک سەرەتای دروست بوون و دەرکەوتن) لەنیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدەدا ســـەری هەڵداوە، دواتر وردە وردە

هەواڵنامەی کتێب

ڕواڵەتەکانی وەک دیاردەیەک بەڕوونی دەرکەوتن، کە ڕەنگدانەوەی هۆشـــیاری نەتەوەیی پێوە دیار بوو بەجۆرێک کە خەباتی کورد دژی عوسمانیەکان سروشتێکی ناسیۆنالیستانەی بەخۆوە گرت بـەو ســـیفەتـەی ئـەم خـەبـاتـە دژی چاوتێبڕینی بێگـانـە و بـەرگریکردنـە لـە جۆرێک لەســـەربەخۆیی نەتەوەیی، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئەم تێکۆشـــانە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەبووە، هەموو ئەو بۆچوونانەی لەســـەر بیری نەتەوەیی کورد نووســـراون باس لەوە دەکەن کە کورد لەوەتی هەیە تەنیا پارێزگاری لەبوونی نەتەوایەتی خۆی دەکات، بێ ئەوەی نیازی پەلاماردان و فراوانکردنی نیشـــتیمانەکەی خۆی هەبێت و چاوی لەخاکی نەتەوەکانی تر بێت، لەکۆتاییدا هەموو ئەو بۆچوون و بیرو ڕایانەی دەربارەی ســـەرهەڵدانی (بیری نەتەوەیی) لای کورد خســـتمانە ڕوو، جەخت لەوە دەکەن کە (نەتەوەیی) دیاردەیەکە چ وەک ئایدۆلۆژیا و چ وەک جوڵانـەوەیـەکی ســـیـاســـی و کـۆمـەڵایـەتی ســـەرەتـاکانی لـەنێو مێژووی نوێدایـەو پراکتیزەکردنیشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە.

**بەشی دووەم:**

**تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی بیر نەتەوەیی لای شاعیرانی کورد:**

بۆ ئاماژەدان بە شـــیعری نەتەوەی لای شـــاعیرانی کورد، دەبێ بگەڕێینەوە لای مەلای جزیری وەک ســـەرەتایەک کە لەبەشـــی یەکەم نموونەی دوو دێرە شـــیعرمان خســـتوتە ڕوو، کە خۆشـەویستی خۆی بۆ کوردستان دەردەبڕێ، کە لەکۆتایی سـەدەی شـازدە و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە ژیاوە، بەڵام ئەحمەدی خانی قوڵتر چۆتە ناو بیری نەتەوەیی، ((وەک بیرکەرەوە و شـاعیر و فەیلەسـوفێک سـەیری مەسـەلەی نەتەوەیی کوردی کردووە و بەپێش شـاعیر و زاناکانی ســـەردەمی خۆی کەوتۆتەوە و بەباشـــی جەوهەر و حەقیقەتی مەســـەلەی کوردی لەسـەردەمی خۆیدا دەسـتنیشـان کردووە، ئەوەی خسـتوتە ڕوو کە هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەی عوسمانی و فارسەکان دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا گرتووە، هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەســـەڵاتی میرنشـــینە کوردییەکان نەهێڵن)) (عزالدین مصـــطفى، ١٩٧٩، ٩٥)، ئەحمەدی خانی هۆکاری ئەو داگیرکردن و چەوســـانەوەی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵکەوتەی نەخشـــەی کوردستان لەنێوان دەوڵەتی تورک و فارس:

ئەڤ ڕوم و عەجەم بوان حەصارن
کرمانج هەمی لەچار کنارن
هەردوو تەرەفا قەبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرینە ئارمانج (صادق بەهائەدین، ١٩٧٩، ل١٤٩)

ئەحمەدی خانی دوای ئەوەی پەنجە دەخاتە سەر برینەکان، تەنیا سارێژیش لای خانی یەکگرتن و ڕێککەوتنی نەتەوەی کوردە لەناوخۆ، ئەویش بەســـتنی پەیمانە بۆ تێکۆشـــان و بەئامانج گەیشتن وەک دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک
تەکمیل دکر مە عیلم و حیکمەت
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەرا دکر غولامی (صادق بەهائەدین، ١٩٧٩، ل ١٧٠)
خانی ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو گەر کورد یەکیەتی و تەبایی لەناودا هەبێت، ئەوا ڕۆم و عەرەب و فارس خزمەتی کورد دەکەن نەک وەک ئەوەی ڕوودەدات، دوای نەمانی خانی و لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەم، گیانی نەتەوەیی و ئەدەبی نەتەوەیش ماوەیەک لەقۆناغی سڕبوون دابوو، دوای ڕووخان و لەناو چوونی میرنشینی (بابان) چامەکەی نالی کە ئەو کات لەسەفەری حەج بووە، هەواڵی شاری سلێمانی لەسالمی شاعیر دەپرسێ ((نالی داخ و کەسەرێکی زۆر نیشان دەدات بەرامبەر بەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر کورد هاتووە، هەستی کوردانەی ئەو هەستی شاعیرێکی نیشتیمان پەروەری گەل و نەتەوەیە)) (جەوهەر کرمانج، ١٩٩٠، ٥٤)، نالی هەستی کوردانەی بۆ نەتەوە چەوساوە و خاکە داگیرکراوەکەی دەربڕیووە:
قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور
چامەکەی نالی دوور و درێژە، زۆر بەداخ و دەرونێکی پڕ لەکەسەر بیری لەشارەکەی دەکاتەوە و دەزانێ داگیرکەران چەندە دڕندە و نامرۆڤن لەئاست جوانییەکانی سلێمانیدا:
ئێستەش مەکانی ئاسکەیە کانی ئاسکان
یاخۆ بووە بەمەلعەبی گورگ و لوورە لوور؟
نالی دەپرسێ (کانی ئاسکان) کەسەردەمی (بابانەکان) شوێنێکی ئارام و جێی ئاسوودەبوون بوو، وەک خۆی ماوە، یان بووە بەمەیدانی جلیتانێی تورکان کەوەک گورگ دەلورێنن بۆ سڕینەوەی سیمای نەتەوەی کورد، سالمیش لەوەڵامی نالیدا بەچامەیەکی پڕ لەگیانی بەرەنگاری نەتەوەیی ڕوو لە نالیدا دەکات:
لەوساوە کە حاکمی بابان دەرکران
نەیدیوە کەس لەچیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
(محەمەد نوری عارف، ٢٠٠٩، ل١٥٨)
سالم لەکۆتایی چامەکەی ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کەشاری سلێمانی هەرگیز وەک جارانی لێنایێتەوە، تانەکەوێتەوە دەست کوردان:
ئەم مولکە نەزمی نابێ بەبێ زەیتی واریسی
بێ ئەو بەقەسدی ئەم تەرەفە بانەکا سەفەر (محەمەد نوری عارف، ٢٠٠٩، ل١٥٩)، نزیکەی سەدەیەک دوای (ئەحمەدی خانی) حاجی قادری کۆیی درێژە بەو ڕێبازەی خانی دەدات، بێگومان ڕەنگدانەوەی خانی بەسەرەوەیە، بەڵام کۆی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کە لە ئەستەمبول ڕوودەدەن و (حاجی قادر)یش لەوێ دەگیرسێتەوە، کاریگەری زۆریان دەبێ لەوەی حاجی قادر ڕوو لە شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بکات، بەڵکو کورد بەئاگابێت و هەتوانی دەردەکانی دواکەوتن و ژێردەستەیی بکات:

| | |
|---|---|
| تا ڕێ نەکەون قەبیلی ئەکراد | هەروا دەبنە خەرابە ئاباد |
| ئەنواعی میلەل گەورە تا بچوک | خەملیوە مەمالیکی وەکو بووک |

یەک بەرگێ و یەک زمان و یەک ڕەنگ　　　بێ غەیبەت و عەیب و عارو بێ دەنگ
(میران و شارەزا، ١٩٨٦، ل٢٩)
حاجی ئەوەندە پەرۆشی سەرکەوتن و یەکگرتنی نەتەوەکەیتی، ڕێنماییان دەکات ڕاپەڕن، وەکو هەنگ کاربکەن و پێداویستیەکانی شەڕ پەیدابکەن:
جۆشێک بدەن وەکو هەنگ　　تەدبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیداکەن　　　تۆپ و تفەنگ و هاوەن　(میران و شارەزا، ١٩٨٦، ل٣١)
کەم و زۆر شاعیرانی کورد شیعری نەتەوەیی و نیشتیمانیان نوسیووە، بەڵام شاعیرانی وەک خانی و حاجی شیعرەکانیان پەیام بووە بۆ هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هەوێنی تەبایی و برایەتی نێوان کوردانیان ئامانج بووە.
شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) کە بەشێکی خاکی کورد بەهۆی شەڕ تووشی وێران و ڕووخان و کارەسات بوو، کاریگەری زۆری لەسەر هەست و سۆزی شاعیران هەبوو، مەلا حەمدون تەنیا باس لە کارەساتی جەنگ دەکات:
ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دنیا شلەژاوە
هەرکەس بەجەغارێ جگەری قیمە کراوە
ژاندرمە ئەسورێتەوە وەک واشەی برسی
بۆلاشەی میللەت بەفرو فێڵی غەزاوە　　　(عەلی کەمال باپیر ئاغا، ١٩٣٩، ٢٤)
مەلا حەمدون باس لەجەندرمەی تورک دەکات، کەبەربوونەتە لاشەی میللەت بەناوی غەزاو ئایینەوە، کەفرۆفێڵ لەمیللەتی دەکەن.
مستەفا شەوقی دوای شەڕ لەساڵی ١٩١٩ لەڕۆژنامەی (ژین)ی ئەستەمبول شیعرێک بڵاو دەکاتەوە و لەدەردی نەتەوەکەی دەدوێ و وەکو شاعیرانی پێش خۆی سەرکەوتنی کورد لەیەکێتی و برایەتی نێوان کوردان دەبینێ:
تەئەسیری فسوونی ڕۆژی تابان عالەمی شۆری
مەگەر تۆ چاوەکەم میری کوردان هێشتا مەخموری
***
بەڵێ زنجیری دەستت جەهل و غەفلەت بوو ڕەقیبی تۆ
بەئەفسوون بەستی قۆڵت چونکە زانی مەست و مەسعووری
ئەو ئەوێستا تا لەپەنجەی ڕۆژهەڵاتی تاو هەڵات ڕابە
بائازایی نەجات دە، دەستی بەسرووات کە مەغدووری
سەلاحی کاری تۆ سەعیە و ئەمەل بابی نیگەهبانێ
بەڕووناکی چرای عەزمەت برۆ بۆ شاری شاپووری　(مستەفا شەوقی، ١٩١٩، ١٢)
شاعیر تێکۆشان دژ بە نەزانی و دواکەوتن بەچەکی کورد دەزانێ و داوا لەنەتەوەکەی دەکات بەڕۆشنایی چرای باوەڕ برۆنە پێش و زنجیری چەوسانەوە ڕابپسێنن.
لەساڵی ١٩٥٢ کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لەشارەکانی کوردستان دەگەڕا بۆ ئەوەی بیر و ڕای خەڵک لەبارەی چارەنووسی ناوچەکە وەرگرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە سەربەخۆ نەبوون و ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵ خەڵک و نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان،

(ئەحمەد موختار)یش وەک شـــاعیری نەتەوەیەکی چەوســـاوە و خاک بەشـــکراو بەهۆنراوەی (هیوای پاشەڕۆژ) هەستی کوردانەی بەرامبەر درۆی کۆمەڵەی گەلان و بێ کەسی نەتەوەکەی دەردەبڕێن:

دێتە گوێم دەنگی بەسۆز و شیوەن و گریانەوە
ناڵەی دڵمە لەحەسرەت خاکی کوردستانەوە
لانەواز و بێ کەس و مەزلوومن، ئێستا قەومی کورد
گا بەدەستی تورکەکانە، گا بەدەم ئێرانەوە
***
حالی کورد ئێستا لەبەینی تورک و ئێران و عەرەب
بێچووە تەیرێکە کەوتۆتە داوی منداڵانەوە
ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی ڕووتە، قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە (ئەحمەد موختار جاف ١٩٦٠، ٣٠-٣١)

ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠، کە خەڵکی شاری سلێمانی لەبەر دەرگای سەرا خۆپیشاندان ســـاز دەکەن دژ بە ڕژێمی عێراق کە لەپەیمانی (بەریتانیا-عیراق) مافەکانی نەتەوەی کوردیان فەرامۆش کردبوو، لەم خۆپیشاندانە شاعیری نەتەوەیی بێکەس نەک هەر بە شیعر بەکردەوەش یەکێ لەپێشـــەنگەکانی خۆپیشـــاندان دەبێت، بەدروشـــم و وتار و شـــیعری پڕ جۆش، ڕاپەڕینی بەردەرکی ســەرا جۆش دەدات، کە دەبێتە هۆی گیرانی و لەبەندیخانەدا سروودی (ئەی وەتەن) دادەنێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە
من لەزیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم واتێ نەگەی
حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
***
بەسیە تەعنەم لێ مەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەست و پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێرپێتەوە (بێکەس، ١٩٨٠، ٥-٦)

ئەم ڕاپەڕینە لای شـــاعیرانی تریش ڕەنگدانەوەی هەیە وەک (ئەحمەد حەمدی بەگ، ئەخۆڵ، گۆران، پیرەمێرد...) کە هەریەکەیان بەجۆرێک لەڕاپەڕین و دەرئەنجامەکانی دواون، شـــیعری نیشـــتیمانی و نەتەوەیی لای شـــاعیرانی کورد بەردەوام بووە، بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، کوردی باکور بەقۆناغێکی ســـەختی چەوســـانەوە و خوێناویدا تێپەڕبوو، کەدەیان کارەســـات و ڕووداو یەخەی نەتەوەی کوردی گرت، چەندان شـــۆڕش و ڕاپەڕین هەڵگیرســـاون و دامرکانەوە بەزەبری هێز و دڕندایەتی ڕژێمی تورکیا، کەلای کوردانی باکور

لەئەدەبی فۆلکلۆر ڕەنگیداوەتەوە، شاعیرانی باشوریش بەشیعری نەتەوەیی، هەستی هاوخەمی خۆیان بۆ براکانیان دەر بڕیوە، وەک زێوەر دەڵێت:

ئەی شەماڵ! ئەی شەماڵی شاخی شیمال
ئەی فیدای جلیوە و شنەت سەر و ماڵ
حورمەت و حەسرەت منی بەد حاڵ
بگەیەنە، بەشاخی باخی میسال

***

تورک ئەڵێ قەبری کوردە ئەو شاخە
بام بڵێ چونکە باتینەن باخە
باخی مەردانی چوست و گوستانە
جێی وەتەن پەروەری جیگەر داخە (زێوەر،٢٠٠٨، ٣٥)

پیرەمێرد لەشیعری (شیوەنی شەهیدانی سەروو)دا، کە بۆ کارەساتی لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و هاوخەباتەکانی لە ٢٤ی مایسی ١٩٢٥ نوسیوویە، هەستی کوردانەی نەتەوەیی خۆی لەئاست ئەم تاوانە دەردەبڕێت:

ئەم ئاسمانە شینە کەوا بەرگی ماتەمە
تەحلیلی واکراوە، قولەی غەم و تەمە
چەرخێکی کۆنە، ماکینەی ژەنگی گرتووە
چەوری نەکا بە خوێن پەکی سوورانی کەوتووە

***

هەرچی ڕەئیسی کورد بوو بەسێدارە کرا
باقی بەماڵی خواشەوە سووتان لەئاگرا (پیرەمێرد، ١٩٩٠، ٧٨)

شیعری نەتەوەیی و نیشتیمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر پەرەی سەندو کەم شاعیری کورد هەیە چەندان شیعری بۆ نەتەوە و خاکە بەش بەشکراوەکەی نەنوسیبێ، جگە لەو نموونانەی خستمانە ڕوو زۆرێتر ماون وەک (حەمەصالح دیلان، گۆران، ئیبراهیم ئەحمەد، بەختیار زێوەر، هێمن موکریانی، هەژار، جگەر خوێن، عبدالواحید نوری، ... هتد) بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە بیری نەتەوەیی لەسروودەکانی (دڵدار)ە بۆیە نموونەی شیعری زیاتر نەتەوەیی لای شاعیرانی تر وەرناگرین، بێگومان ئەو شیعرانەی لەم تەوەرەیەدا خراونەتەڕوو، لەکاتی خۆیدا کاریگەری زۆریان هەبووە بۆ جۆشدانی گیانی بەرەنگاری لەنەتەوە و چاندنی تووی خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان لەدڵ و دەروونی گەلی کورد، کە بە درێژایی ڕۆژگار نەتەوەیەکی چەوساوە و بن دەستی نەتەوە دراوسێکانی بووە.

**تەوەری دووەم: کورتەیەک لەژیانی دڵدار:**

دڵدار ناوی (یونس ڕەئوف محمود مەلا سەعد)ە لەبنەماڵەی (خادم سوجادە) بە لە ١٩١٨/٢/٢٠ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، دایکی ناوی (زەهوە)یە کچی خورشیدە فەندییە، بنەماڵەی دایکی (عەلەم زادەن) لەناوچەی (زەهاو)ەوە هاتوونەتە نزیک زێی بچوک و نیشتەجێ بوون، لەتەمەنی

(٩) ساڵیدا چۆتە بەرخوێندن، سەرەتایی لەکۆیە و هەندێک لەڕانیەی خوێندووە، ناوەندی لەهەولێر و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە، لەقۆناغی ئامادەیی ئەندامێکی کارای ڕێکخراوی (دارکەر) بووە دواتر لەحزبی (هیوا) وەک سکرتێر درێژەی بەخەباتی سیاسی داوە، لەساڵی ١٩٤١ لەکۆلێژی یاسا لەزانکۆی بەغدا وەردەگیرێ و ساڵی یەکەم بەهۆی نەخۆشی لەخوێندن دوادەکەوێ، دواتر بەردەوام دەبێت، تا لەساڵی ١٩٤٥ کۆلێژ تەواو دەکات، دێتەوە کۆیە کاری پارێزەری دەکات، لەکۆیە و ڕانیە و قەڵادزە و هەولێر و رواندز دەعوا دەبینێ، لەساڵی ١٩٤٨ برا گەورەکەی (ئاسەف) دەمرێ کەلەجێی باوک و کەسی نزیکی بووە، مردنی ئەو برایەی کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر دڵدار، بەداخەوە لەهەمان ساڵدا واتە لە ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٢ دڵدار خۆشی جوانەمەرگ دەبێ، لەتەمەنی (٣٠) ساڵیدا بەهۆی خواردنی ناتەندروست لەهەولێر، هەر لەوێ دەنێژرێ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەمەراسیمێکدا دەیگوازنەوە شاری کۆیە و لەگۆڕستانی (کەکۆن) بەخاک دەسپێردرێتەوە.

**تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی لەسروودەکانی دڵداردا:**

دڵدار وەک شاعیرێکی نەتەوەپەروەر و بەئاگا لەمێژووی نەتەوەکەی چەندین شیعری نەتەوەیی داناوە، کە کراون بەسروود ((سەرانسەری دیوانی دڵدار لەچوارچێوەی ئایدۆلۆجییەتی پێشکەوتوو دایە بۆ چاککردنی باری ژیانی کورد وەکو نەتەوەیەکی دەسەڵاتی لەدەست خۆی نییە)) (مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، ٤٥٠)، دڵداریش وەک شاعیر و تێکۆشەرێک بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیووە کە ئەو هەست و سۆزەی بەرامبەر نەتەوەکەی هەیەتی لەچوارچێوەی شیعر دەریببڕێت، وەکو پەیامێک بگاتە گەلەکەی، بۆیە بەشێوازێک شیعرەکانی نوسیووە کە شیاوی ئاواز دانان بن و بۆ سروود بگونجێن، چونکە سروود زووتر و ئاسانتر دەگاتە خەڵک، موحسین ئەحمەد لەفەرهەنگی ئەدەبیدا دەڵێت: ((سروود وەک جۆرە شیعرێکی تەعلیمی ( Didactiqve ) کە مێژوویەکی درێژی لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە بۆ سەردەمی گریکی کۆن و پێشتریش دەگەڕێتەوە، بنچینەیەکی ئایینی هەیە، بەرامبەرەکەی لەزمانی عەرەبی (نشید)ە، لەئەدەبیاتی کوردیدا مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵکو لەگەڵ نوێبوونەوە سەرهەڵدەدا، هەردەم پەیامێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، ئایینی هەبووە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی سروود هەیەتی لەئەدەبیاتی کوردیدا، زیاتر پەیامێکی سیاسییە، ... ، چونکە کورد لەناو حاڵەتی چەوسانەوە دا ژیاوە، سروودەکان جوان تەعبیر لەو چەوساندنەوەیە دەکەن)) (موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٧٢)، دڵدار تێدەکۆشا لەڕێی شیعرە سروود ئامێزەکانی نەتەوەکەی هۆشیار بکاتەوە تا لەتەوقی دیلی ڕزگاری بێ و بگاتە ڕیزی گەلان(( دڵدار خەباتی دەکرد لەپێناوی ئەوەی گێتی کۆن تازە بکاتەوە، لەیەکەم هەنگاویدا بوو، بەڵام مەرگ مەودای نەدا)) (مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، ٥٦٥)، دڵدار لەسەردەمێکدا ژیاوە کە قۆناغی گواستنەوە بووە لەئەدەبی کوردیدا بۆیە بەیەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکان دادەنرێت، گەرچی وەک د. مارف خەزنەدار ئاماژەی پێداوە مەرگ مۆڵەتی نەداوە، زیاتر خزمەتی ئەدەبی نەتەوەکەی بکات، بەڵام بەو تەمەنە کەمەش چەندان شیعری جوانی پێشکەش کردووین کە شیاوی هەڵوێستە کردن و تێرامانن، بەڵام ئەوەی

هەواڵنامەی کتێب

ئامانجی ئێمەیە لەم توێژینەوەیەدا بیخەینە ڕوو، ئەو ســـــرووودانەن کە بیری نەتەوەیی ڕەنگدانەوەیان هەیە لەناو ناوەڕۆکی شیعرەکان.

**أ- سرووودی منداڵان:** دڵدار وەک شاعیرێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا و بەئاگا، دەزانێ چۆن پەیامەکانی بگەیێنێتە گوێچکەی خەڵک، بۆیە چەند شـــــیعرێک کە ئاواز لەخۆ دەگرن بۆ منداڵان دادەنێ، تاوەک ســـــرووودی پەروەردەیی و فێرکردن لەخوێندنگاکان بخوێندرێ، لەوێوە ئەو هەســـــتە نەتەوەییە بخاتە ناخی منداڵان کەنەوەی دوارۆژ و هیوای پاشـــــە ڕۆژن ئەم جۆرە سرووودە بریتییە لەوشـــەی سادە و ئاوازی ســـووک و کورت و دووبارە کردنەوەی ســـەروا تا بەئاســـانی لەبەر بکرێت، دڵدار چەند ســـرووودێکی بۆ منداڵان داناوە، وەک : ســـرووودی (ڕۆڵەی تازە) کە لەسەر ئاوازی (سویت هوم) دایناوە:

من ڕۆڵەی کوردستانم          تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وڵات سەرکەوێ          فیدایە ڕوح و گیانم

***

پێ ویستیمە زانیینە          زانین بناغەی ژینە
گەر گەلێ بێ زانین بێ          گەر زیندوش بن مردینە          (عبدالخالق علاءالدين، ١٩٨٥، ١٩٩)،

دڵدار، منداڵان کە نەوەی دوارۆژ و چرای هیوا و بەدیهێنەری خەونە بەدینەهاتووەکانن، ڕێی زانست و زانیاریی و خوێندنیان نیشـان دەدات، چونکە شـاعیر ئەو ڕاستییەی درک پێکردووە، میللەتێک گەر زیندوو و گەورەش بێت، بەڵام ئەگەر لەزانســـــت و هونەر بەدوور بێت، وەکو مردوو وایە، بیری نەتەوەیی لەم ســـــرووودەدا هاندانی لاوانی کوردە بۆ خوێندن و زانســـــت پەروەری، کە لەوێوە بەردی بناغەی پاراستنی نەتەوە لە لەناو چوون دادەڕێژرێت.

سرووودی (کۆترە باریکە) یەکێکیترە لەو سرووودانەی بۆ منداڵانی داناوە:

ککوو...ککوو...ککوو کوو
بەسیە نوستن خەواڵوو
چاو هەڵێنە هەڵسە زوو
هەلی ژینت لەدەست چوو
ککوو...ککوو...ککوو کوو

بیری نەتەوەیی لەم ســـــرووودە ســـــاکارەدا ئەوەیە، کە بەزمانێکی ڕەوان و بەزمانی کۆترەوە لەزیانی نوســـتن بەمانا مەدلوولەکەی دەدوێت، کە هەلی کار و ژیانمان لەدەســـت دەدا و ئەگەر نەجوڵێینەوە، بژێوی ژیان مەیسەر نابێت، دڵدار مەبەستی نەتەوەکەیەتی، کە نابێ لێیبخەوێ،

لەلای عالەم نیوەڕۆ
هێشتا شەوە لەلای تۆ
بێ ڕەنج کێ ژیوە ئاخۆ
نووستن و تەمبەڵی بۆ
ککوو...ککوو...ککوو کوو   (عبدالخالق علاء الدين، ١٩٨٥، ١٨٩)

دلدار لەم سروودەدا، کە رووی دەمی لەکۆترە، مەبەستی کوردە، کە بێ رەنج و ماندووبوون ناگەن بەئامانج و ڕیزی گەلان، بۆیە دەڵێ تاکەی نووستن و بێ ئاگایی لەجیهان و لەپێشکەوتنی گەلان دوابکەوین.

دلدار لەسروودێکی تر بۆ منداڵان بەناوی (منداڵی هیوا)، دوای چەندان ئامۆژگاری کە دەبێ منداڵ ڕاستگۆ و دڵسۆز بێ لەژیان، چونکە هیوای دوارۆژی بەو بەندە، شەو بخاتە سەر ڕۆژ لەتێکۆشان و ئارەق ڕشتن کۆڵ نەدات و چاوی لەدەستی کەس نەبێ و سەربەرز بژی، لەکۆتاییدا پێی دەڵێ تا دوژمنان بزانن کورد نافەوتی و نامرێ، هەرچییەک بکەن، ڕەنج بەخەسارن، مادام کورد رۆڵەی هۆشیار و زیرەکی وەک ئێوەی هەبێ کەرێ پیشاندەری ڕێگای ڕاست و تێکۆشانی گەلەکەتان بن، کورد هەر زیندووە:

نیشانی تیرەی خۆت بدەی ڕێگا
کە ڕیز ببەستن، بڕۆن بەشوێنیا
تۆ ئەبێ چرای زانست هەڵکەی
دەستم دامێنت ڕێگە ون نەکەی
بیر و هۆشی خۆت بەکاربێنە
ئەم دانەو داوە، یەک یەک بپسێنە
تاکودەرکەوێ لە هەموو دنیا
چەندیان کرد بمرێ، کەچی کورد هەرما (عبدالخالق علاءالدین، ١٩٨٥، ٢١٧)

**ب- سروودی نەتەوەیی و نیشتیمانی:**

**١- سروودی (ئەی ڕەقیب):** کەبۆتە مارشی نەتەوەیی گەلی کورد، تەنیا سروودە کەسنووره دەستکردەکانی کوردستانی بڕیوە و ئاوێتەی خوێنی هەموو کوردێک بووە، بۆتە وێردی سەرزاری گەورە و بچووک ((ئەی ڕەقیب سروودێکی نیشتمانی شۆڕشگێرییە، بووە بەرەمزی بوونی نەتەوایەتی، مانای لەچوارچێوەی بیری ناسیۆنالی دەسورێتەوە، لەلایەن هەموو کوردێکەوە بووە بەسروودی نەتەوە، لەبەر ئەوە کۆماری کوردستان لەمهابادی موکریان کردبووی بە سروودی ڕەسمی، ئەی ڕەقیب بۆ کوردستان لەپلەی سروودی مارسێلێزە بۆ فرەنسی)) (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٦، ٥٤٤)، دلدار سروودی (ئەی ڕەقیب)ی لەکەرکوک داناوە، مێژووی دانانی نەنوسراوە، بەڵام لەساڵانی (١٩٣٧، ١٩٣٨، ١٩٣٩) دلدار لەکەرکوک ژیاوە، لەو ساڵانەدا دلدار لەناو ڕووداوە سیاسیەکان ژیاوە و ئەندامی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی دارکەر)بووە، کە ئاواز دانەری (ئەی ڕەقیب) شێخ حوسێن بەرزنجی، ئەویش ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە بووە و هاوڕێی دلدار بووە، عوسمان شارباژێری دەڵێت: شیعرو ئاوازی (ئەی ڕەقیب) لەکەرکوک لەدایک بوون، شێخ ئیبراهیم محەمەد بەرزنجی دەڵێت: لەسەرەتای بواری کاری حزبیدا، لە (کۆمەڵەی دارکەر) لەکۆڕی خەباتدا بووین، کە لەساڵی (١٩٣٧) لەلایەن کۆمەڵە لاوێکی قوتابیانی کورد بەنهێنی لە (قوتابخانەی ثانوی مەرکەزی کەرکوک) دامەزرا، (یونس ڕەئوف) ڕابەر و دامەزرێنەری (کۆمەڵەی دارکەر)بوو، شەوێکیان لەو کۆبوونەوەیەدا دلدار بۆ یەکەمجار (ئەی ڕەقیب)ی بۆ خوێندینەوە بەدەنگێکی بەرز، بەدەنگی نزم نەیتوانی، چونکە کەمێک زمانی

دەگیرا، دوایی کە شـــیعرەکەی تەواو کرد، زۆر لامان بەرز و بەنرخ بوو، پیرۆزبایم لێکرد، ئەویش گوتی: ((خۆزگە یەکێک ئەبوو کە بتوانێ ئاوازێک بۆ ئەم ســـروودە دابنێت، مامی ڕەحمەتیم (حوســـێن بەرزنجی کە دەنگێکی زۆر خۆشـــی هەبوو، ئاوازی گۆرانی و شـــیعری کوردی زۆر لەبەر بوو.... داوایان لەو کرد کە ئاوازی بۆ دابنێت، دڵدار بەدەنگی بەرز ئەو شەوە شـــیعرەکەی بۆ خوێندەوە، دوایش کە لەماڵێ (کاکە حەمەی خانەقا) هاتینە دەرەوە بەڕووباری (خاسـەـ)دا گەڕاینەوە بۆ (تەکیەی خۆمان) هێواش هێواش دەڕۆیشـتین، ئەو کاتە دڵدار بەدەنگی بەرز شـیعرەکەی بۆ دەخوێندینەوە، مامم (شـێخ حوسـێن) چەند دێڕێکی لەبەر کرد، لەدوایدا دەقی شیعرەکەی لێ وەرگرت و لەگەڵ خۆیدا بردیەوە بۆ ماڵ، دوای چەند ڕۆژێک ئەو ئاوازەی بۆ دانا، کاتێک کە بە گۆرانی و بەدەنگە خۆشـەکەی (شـیعری ئەی ڕەقیب) بۆ دڵدار دەڵێت، بەو دەنگ و ئاوازە سـەرسـام دەبێت و لەخۆشـیدا هەڵئەپەڕێتذ دەسـت دەکاتە ملی مامم و ماچی دەکات و لەگەڵ ئۆخەی ئێستا زمانم بەربوو، ئەوە، ئەم ئاوازە بوو کە من ئاواتم بۆ دەخواست، ئیتر سروودەکە کەوتە سەرزاری هەموو کوردێک هێواش هێواش بوو بە ((سروودی نیشتمانی گەلی کورد)) (عوسمان شارباژێڕی، ٢٠٠٧، ١٥)، دەقی سروودەکە دەخەینە ڕوو:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان<br>
نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان<br>
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین<br>
سەیریکە خوێناویە ڕابوردومان<br>
ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین<br>
دینمان، ئاینمانە نیشتمان<br>
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە<br>
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان<br>
چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر<br>
بوون بەقوربانی و هەموویان نێژران<br>
لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە<br>
جیانفیدانە جیانفیدانە جیانفیدان<br>
لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەک دلێر<br>
سا بەخوێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان<br>
کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە<br>
زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان (عبدالخالق علاءالدين، ١٩٨٥، ١٧٤)

عەبدولڕەزاق بیمار دەربارەی ئەم ســـروودە دەڵێت: ((نیوە ســـەدە زیاتر بووەتە ســـروودی نەتەوەیی کورد، ئەو ســـرووده ســـوارچاکانی نەتەوە لە گۆڕەپانی مان و ململانێی ژیان دا مەیدانخوازی دەکەن ڕمبی دەنگی (کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە) لەپشـتی ناحەزانی کورد و دوژمنانی ســـەربەســـتی گەلان دەچەقێنن)) (عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، ١٦٨)، (ئەی ڕەقیب) ســرووودێکە لای خوێنەر و گوێگری کورد ئاوێتەی هەســت و ســۆزی بووە، لە ڕووی نەتەوایەتییەوە چێژێکی زۆری لێ دەبینێ و هەرکات دەیبیستێ لەحاڵەتی ئاسایی دەردەچێت و

هەست و سۆزی ڕکێفی بڕیاردانی دەگرنە دەست، بۆیە (ئەی ڕەقیب) بەر لەوەی داهێنانێکی شیعری بێت، پەیامێکی نەتەوییە بۆ تاکی کورد، (ئەی ڕەقیب) بەجۆرێکی وا پەیوەستە بەکورد بوون و نەتەوە، کەوای کردووە کاردانەوەی لای نەتەوەکانی تر دروست کردووە، جگە لەو لایەنانەی پابەندی ئاینن و دژایەتی ئەم سروودە دەکەن لەڕوانگەی ئەم نیوە دێڕە (دینمانە، ئاینمانە نیشتیمان) دوور لەڕەوانبێژی شیعر و قوڵبوونەوە لەواتا و دال و مەدلولی ناوەڕۆکی شیعرەکە، دژایەتی خۆیان بۆ ئەم سروودە دەردەبڕن، سەبارەت بەوەی (ئەی ڕەقیب) چەند (شیعریەت)ی تێدایە، چەند پەیامێکی نەتەوەییە، عەبدولمتەلیب عەبدوڵلا دەڵێت: (( (ئەی ڕەقیب ئەوەندەی خەمی (گەیاندن)ی تیا بەرجەستەیە، ئەوەندە بەرەو (شیعریەت) هەنگاو نانێت، هەر لەو هەستەشەوە بۆ ئەویدیکەی جیاواز و (ناکوردی) هەستی گرژبوونەوە دەدات، پەرچەکردار دەبێتەوە)) (ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، ٢٠١٢، ٣١٠)

دڵدار لەقۆناغی ئامادەیی خوێندن دا، لەتەمەنی نزیکەی (٢٠) ساڵی تەمەنیدائەم شیعرەی نووسیوە، چونکە مێژووی دانانی (ئەی ڕەقیب) نەنووسراوە بەڵام بە دڵنیایی لەو ساڵانە (١٩٣٧، ١٩٣٨، ١٩٣٩) نوسراوە، کە لەکەرکوک خوێندویەتی و دوای ئەوەی کۆمەڵەی (دارکەر) هەڵوەشاوەتەوە و چۆتە ناو حیزبی (هیوا) و بۆتە سکرتێری حیزبەکە لەو (٢٠، ٢١) ساڵیەدا، بێگومان هەستی نەتەوەیی لەو پەڕی خەستی دابووە، زۆر شانازی بەڕابردوو و مێژووی قوربانییەکان دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەکانی دەوڵەتی ماد و میدیەکان وەک (کەیخوسرەو)، وەڵامێکی توندی نەتەوە کۆنە پەرست و داگیرکەرانی کوردستان دەداتەوە، کە هەرگیز ئاڵاکەمان نانەوێ، پڕ گیانی بەرەنگاری و ورە بەرزییە لەئاست دوژمنانی نەتەوەی کورد، جا لەهەر بەرگ و دیو جامەیەک خۆیان حەشار دابێت، سەبارەت بە ئاوازی (ئەی ڕەقیب) بۆچونیتر هەیە کە ئاوازەکەی فۆلکلۆری ئازەرییە و ناسر ڕەزازی دەڵێت: (( لەهەشتاکان لە دیدارێکی مامۆستا کامەران موکری، باسی لەسەردانێکی خۆی بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لەڕۆژێکی ئەو سەفەرەدا داوەتی ماڵی ئازەرییەک دەبێت، کە دوای نان خواردن، گۆرانی دەچڕن و لەنێو ئەو گۆرانیانەدا کامەران گوێبیستی ئاوازی (ئەی ڕەقیب) دەبێت و لێیان دەپرسێت ئەم ئاواز هی کێیە؟ ئەوان دەڵێن: ((ئاوازێکی فۆلکلۆری خۆمانە)) ( ناسری ڕەزازی، ٢٠٠٧، دیدار)، دەبێ لەڕێگای ڕادیۆی یەریڤان، شێخ حوسێن گوێبیستی ئەم ئاوازە بوبێت، لەکاتی ئاواز دانان بە (ئەی ڕەقیب) بەبێ خواستی خۆی ئەم ئاوازە ئاوێتەی هەست و سۆزی شێخ حوسێن بووبێ و ئەم ئاوازەی ئێستای لێ بەرهەم هاتبێ، سەبارەت بەڕێکخراوی (دارکەر)یش دوو بۆچوون هەیە، یەکیان ئاماژەمان پێداوە کە دەڵێ لەکەرکوک دامەزراوە، ئەوی تر دەڵێت لەهەولێر دامەزراوە، گۆران فەیزی دەڵێت: ((لەساڵی ١٩٣٧ ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی (نهێنی) بەناوی (دارکەر) دروست بوو، زۆربەی لاوە ڕۆشنبیرە خوێن گەرمەکانی ناو شاری هەولێر بەکەل ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە کەوتن، سەرەتای دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە لەشاری هەولێر دەستی پێکرد، دامەزرێنەری بەرابیەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەمانە بوون (یونس ڕەئوف، مستەفا عوزێری، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان حاجی ئەحمەد باخچەیی، ... هتد)) (گۆران سۆران فەیزی، ٢٠٠٣، ١٧)، ئەم دوو بۆچوونە دەربارەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (دارکەر) پێویستی بە بەدواداچوون و ساغ کردنەوە هەیە، بەڵام لەم

توێژینەوەیە ئەو بابەتە ئامانجی ئێمە نییە، (ئەی ڕەقیب) ســـروودێکە نە پەرلەمان و نە بەبڕیار بۆتە ئەو ســـروودەی کە هەمـوو کوردێکی کوردپەروەر دەبزوێنێ و جۆش دەدا بۆ خەبات و پیرۆز ســـەیرکردنی نەتەوەکەی، چونکە ((ناســـیۆنالیزم خۆی وەک بزاوتێکی تیۆری ســـەیر ناکات، فیکرێک نییە لەکایەیەکی دیاریکراوی زانســتیدا لە دایک بێت، بەڵکو ڕوحێکە بەناو کۆی وێنەکان و گوتارەکان و شـــێوازەکانی بەکارهێنانی زماندا دەڕوات، واتە بەر لەوەی فیکر بێت مۆراڵ و شـــێوازێکی تایبەتی کارکردن و زمانێکی تایبەتی بیرکردنەوەیە لە پاشـــە ڕۆژ، ناســـیۆنالیزم لەبڕێکی زۆریدا گوتارێکە بۆ بەگەڕخســـتنی ئیرادەی کردار، بەڵام بەڕوحێک خزمەتی گووتاری دەســـتە جەمعی نەتەوە بکات، ســـتایشـــکردنی بەردەوامی ڕۆحی کارکردن، ســـتایشـــی ماندوو بوون، بەشـــێکی گرنگی هەموو ناســـیۆنالیزمە گەورەکانە)) (بەختیار عەلی، ٢٠٠٦، ١٨)، (ئەی ڕەقیب) تژی یە لە ناسـیۆنالیزمی نەتەوەیەکی بن دەسـت، کە تەنیا شـانازی بەمێژوو و داســـتانەکانی بەرەنگاری ڕۆڵەکانی هەوێنیبەردەوامی ژیان و دنەدانی نەتەوەیە بۆ کۆڵنەدان و دڵنیابوون لەئاسۆی ڕوون، کە خۆری گەشی نەتەوە دەدرەوشێتەوە.

**٢- ســروودی (کوردســتان):** لەم ســرووده بەپێچەوانەی (ئەی ڕەقیب) زۆر بەنەرمی و ناسـکی هەسـتی نەتەوەیی و نیشـتیمانی خۆی دەردەبڕێت، بەوەسـفیکی جوانی سـروشـتی کوردسـتان، لەگفتوگۆیەکی ناخی خۆی و کوردستان، دڵسۆزی و پەرۆشی خۆی بۆ نیشتیمان دەردەبڕێت:

کوردستان
کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە
فێری سەیرانی باغەکانتە
دەنگی شمشاڵی شووانەکانت
زریق و باقی جووانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت

***

بەڵێ کوردستان تۆ منت خولڵقان...
تۆ منت خولڵقان، پێت بەخشیم ژیان
خۆشی ژیانم خۆشی ژینتە
ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە
چونکە کوردستان، کوردستانی جوان
قیبلەمی دینمی خوامی بێگومان! (عبدالخالق علاء الدین، ١٩٨٥، ١٨٢)

ئەم سـرووده کە لەسـاڵی ١٩٤٠ لەبەغدا نوسـراوە کاریگەری غەریبی و دووری لەکوردسـتانی پێوە دیارە، کە چەند بەتاسـەوە باس لە جوانی کوردسـتان، سـروشـتی ڕەنگینی، قاسـپەی کەو، سـۆزی شـمشـاڵی شـوان، خوڕەیی ئاوی کانی دەکات، د. مارف خەزنەدار دەڵێت: ((چەندە ئەی ڕەقیب مارشـێکی لاوچاکی و حەماسـییە و بە گەورەترین چوونە مەیدان و هێرش بردن قانگ

دراوە و گیانی شۆڕشی و زەبر و زەنگی لێ دەتکێت، ئەوەندە سروودی (کوردستان) نەرم و نیان و لەسەرخۆیە، موناجاتێکی پڕ لە سۆزی کوردایەتییە دڵدار لەگەڵ خاکی نیشتیمان دەیکات)) (د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٥٤٥)، بەسۆزێکی نیشتیمان پەروەری، بێ ئەوەی هیچ بیانویەک بداتە دەست دوژمنانی کورد و کوردستان، خۆشەویستی ناخی خۆی بۆ خاک و نەتەوەکەی دەردەبڕێت.

سەبارەت بەم سرووده، د. کەمال غەمبار دەڵێت: (( لەم شیعرەدا گیانی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری وەک وزەیەکی داکراو دەتەقێتەوە و شیعرێک وەک کۆرپەیەکی جوان لەدایک دەبێ)) (د. کەمال غەمبار، ٢٠١٦، ٥٦)، پیرۆزی کوردستان و پەرستنی لای دڵدار لەهەموو شتێ پیرۆزترە، لەدوا نیوە دێڕی سروودەکە (قیبلەمی، دینمی، خوامی بێگومان)، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لەو عەشق و خۆشەویستییەی دڵدار بۆ نیشتیمانەکەی هەیەتی، گەرچی ئەم نیوە دێڕە وەکو نیوە دێڕەکەی (ئەی ڕەقیب) جێی نیگەرانی توندڕەوانی ئایینە، بەڵام دڵدار هەستی کوردانەی خۆی دەربڕیووە بۆ کوردستان، دوور لەبەزاندنی هێڵی سووری ئاین و پیرۆزییەکان، وەک مەدلول (ئایین، خوا)ی بەکار هێناوە، بۆ دەربڕینی ئەو هەستە پاکەی کە ئەو بەرامبەر کوردستان هەیەتی.

دڵدار لەسەرجەمی دیوانەکەی کە (٣٧) شیعر لەخۆ دەگرێت، کە لەقۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ دایناون، بەشێکیان شیعری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانین وەک: (ئەی ڕەقیب، ئەی لاو، ئیش، کوردستان، کۆترە باریکە، ئەی کورد، ڕووناکی، بڵێ سەربەستی، ڕۆڵەی تازە، لاوی کوردان، لالە باس، منداڵی هیوا، توتنەوان)، ئەو شیعر و سروودانەی خستمانە ڕوو نموونەیەکن لەشیعرەکانی دڵدار کە کراون بەسروود، ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبووە چ لەقوتابخانەکان، چ لەبۆنە و یادە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بەتایبەت سروودی (ئەی ڕەقیب) کە بۆتە مارشی نەتەوەیی کورد، سەرجەمی شیعر و سروودەکانی هاواری دڵسۆزانەی دڵدارن بۆ بەرەو پێشچوون و دانەبڕان لەکاروانی پێشکەوتن، یەکەم شیعری لە ساڵی ١٩٣٥ بڵاو کردۆتەوە بەناوی (ڕووناکی) ڕووناکی بەسەرچاوەی ژیان دەزانێ بۆ دەربازبوون لەژیانی کولەمەرگی و ژێردەستەیی چینایەتی و نەتەوایەتی، دوا شیعریشی هەر ئەو داوایە لەنەتەوەکەی دەکات و باوەڕی بە هەڵکردنی چرای زانست و تێکۆشانی بەردەوام هەیە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی نەتەوە کە ڕزگاری و سەربەخۆیی و دەرچوونە لەتەوقی دیلی نەتەوە سەردەستەکان.

## ئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوەکەماندا بەوە گەیشتین، دڵدار یەکێکە لەشاعیرە نوێخواز و نەتەوەپەروەرەکان، کە هەموو هیواو ئامانجی پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەکەی بووە، سەرکەوتن بەسەر نەزانین و نەخوێندەواری، سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی کورد، کە بەدرێژایی مێژوو خوێنمان دەمژن، تالآنمان دەکەن، مارشی (ئەی ڕەقیب) تاکە سروودی نەتەوەییە تا ئێستاکە هەموو کورد لەسەری کۆکن و هەموو کورد کۆدەکاتەوە، ئەو سروودانەش کە بۆ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی خوێندن دایناون، ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە پەروەردەکردنی منداڵانی کورد بەڕەوشت و خووی چاک و دڵسۆزی گەل و خاک، دڵدار هونەری شیعرو بنەماکانی شیعری لەشیعر و سرووده نەتەوەییەکان کردۆتە قوربانی گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزی و پاکی بووە بۆ نیشتیمان و گەلەکەی.

## سەرچاوەکان


١. ئەمیر حەسەن پوور، ٢٠٠٦، نەتەوایەتی، گۆڤاری وەرگێران، ژ:٩،
٢. بەختیار عەلی، ٢٠٠٦، ڤیستیڤاڵی یادی قانیع، سلێمانی.
٣. جەعفەر عەلی، ٢٠٠٤، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی
٤. جەلال تاڵەبانی، ٢٠٠٨، جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕووناکبیری، سلێمانی.
٥. جەوهەر کرمانج، ١٩٩٠، ئەدەبی بەرەنگاری، گ: نووسەری کوردستان، ژ: ١٧,
٦. سەردار میران و کەریم شارەزا. ١٩٨٦، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپکراوەکانی ئەمینداریەتی ڕۆشنبیر و لاوانی کوردستان.
٧. عەبدوڵڵا ئاگرین، د، ١٩٩٩، کاریگەری بیری نەتەوەیی لەگەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی عیراق، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٨. عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧، لەسێبەری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ناوەندی ڕێنوێن، هەولێر.
٩. دیوانی دڵدار، ١٩٨٥، چاپخانەی (دار افاق عربية للصحافة والنشر)، بەغدا.
١٠. عەلی کەمال باپیر ئاغا، ١٩٣٩، گلدەستەی شعرای هاوعەسرەم، سلێمانی.
١١. عزالدين مصطفى رسول، د، ١٩٧٩، أحمدى خانى، بغداد.
١٢. عوسمان شارباژێری، ٢٠٠٧، سروودی (ئەی ڕەقیب)، گ: هەرێمی کوردستان، ژ: ٣٩٥,
١٣. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ٢٠١٦، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی تاران، پەنجەرە.
١٤. فائیق هۆشیار، ١٩٩٠، دیوانی پیرەمێرد، چاپخانەی (زهان)، بەغدا.
١٥. فواد تایەر صادق، ٢٠٠١، هۆشیاریمان، سلێمانی.
١٦. ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، ٢٠١٢، چەند بابەت و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروودی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدون، سلێمانی.
١٧. کەمال غەمبار، ٢٠١٦، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٨. گۆران سۆران فەیزی، ٢٠٠٦، باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٥٨)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٩. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، ١٩٧٦، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٢٠. مارف خەزنەدار. د، ٢٠٠٥، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی پێنجەم، دەزگای ئارای، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.
٢١. موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی نوێ، چاپخانەی (حەمدی)، سلێمانی.
٢٢. محەمەد مەلا کەریم، ١٩٨٠، دیوانی بێکەس، چاپخانەی (الادیب) بەغدا.
٢٣. محەمەد نوری عارف، ٢٠٠٩، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی). چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٤. مەحمود زێوەر، ٢٠٠٨، دیوانی زێوەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر.
٢٥. صادق بەهائەدین، ١٩٧٧، دیوانا مەلایێ جزیزی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.
٢٦. هۆشیار عبدالرحمن سیوەیلی، ٢٠٠٤، نەتەوە خوازی، هەولێر.
٢٧. ناسری ڕەزازی، ٢٠٠٧، دیدەنی، دوکان، سلێمانی.
٢٨. یاسین صابر صالح، ٢٠٠٥، ئینساکۆلۆپیدیای گشتی، دەزگای چاپەمەنی و پەخشی سەردەم، سلێمانی.